**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٦

**٢٠٠١ ـ بەرگی بیست و شەش**

---

چاپی یەکەم ٢٠٠١

له بڵاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب : پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠٠١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق.

بەرگی: ٢٦

چاپی یەكەم: ٢٠٠١

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:( ٢٠٧ )

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەستپێک ٢٠٠١/٣/١٥ ـــــــ ل ٧
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ٢٠٠١/٣/١٨ ـــــــ ل ١٦
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ٢٠٠١/٣/٢٨ ـــــــ ل ١٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ٢٠٠١/٣/٣١ ـــــــ ل ٥٦
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ٢٠٠١/٤/٢ ـــــــ ل ٧٢
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ٢٠٠١/٤/٩ ـــــــ ل ١٠٨
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ٢٠٠١/٤/١١ ـــــــ ل١٥٤
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ٢٠٠١/٤/١٨ ـــــــ ل١٨٠
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ٢٠٠١/٥/٢ ـــــــ ل٢٢٥
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ٢٠٠١/٥/١٦ ـــــــ ل٢٥٦
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ٢٠٠١/٥/١٧ ـــــــ ل٢٩٤
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ٢٠٠١/٦/٤ ـــــــ ل٣٣٠
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ٢٠٠١/٦/٥ ـــــــ ل٣٤٢
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ٢٠٠١/٦/٢٠ ـــــــ ل٣٩٧
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ٢٠٠١/٦/٢٦ ـــــــ ل٤٤٠
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ٢٠٠١/٦/٢٧ ـــــــ ل٤٥١
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ٢٠٠١/٦/٢٨ ـــــــ ل ٤٥٨
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەڤدە ٢٠٠١/٦/٣٠ ـــــــ ل ٥٥٠
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نارەسمی ٢٠٠١/٣/٣٠ ـــــــ ل ٥٦٩
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی ٢٠٠١/٧/٢ ـــــــ ل ٥٩٠
پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دووی نائاسایی ٢٠٠١/٨/١٥ ـــــــ ل ٦٣٤



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٥

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٥

کاتژمێر(١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (دەسپێک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ وتاری کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەن لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.

٢ـ بەیانی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ناوی گەلی کوردستانەوە خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەینەوە.

ڕێزدار سەرۆکی هێژا کاکە مەسعود بارزانی

بەڕێزان سەرۆک و جێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان،

بەڕێزان لێپرسراوو نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکان،

میوانە بەڕێزەکان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان:

ئەم خولە لە کاتێکدا دەکەینەوە کە هەڤاڵێکی دیارو ناسراومان ئەندامێکی دڵسۆزو بەکاری پەرلەمانی کوردستان، ڕۆڵەیەکی بە ئەمەک و بە وەفای ڕێبازی بارزانی و شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵانی پێشکەوتنخواز ئاشوریەکی بارزانی پارتیەکی ئاشوری و، ئاشوریەکی کوردستانی بەدەستی چەپەڵی دوژمنان تیرۆر کراو بە جەستە ئیمڕۆ لەم دانیشتنە بەشدار نییە هەرچەندە دڵنیام کە گیانی بەرزە فڕی هەمیشە لەم هۆڵەدا ئامادەیە، بۆیە شایستەی خۆیەتی کە ئەم خولە بە دەقیقەیەک ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرۆکی کوتلەی زەرد شەهید (کاکە فرەنسۆ هەریری) و گشت شەهیدانی کوردو کوردستان لەسەرووی هەموویانەوە بارزانی نەمر و کاکە

ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەگەڵ فاتیحەدا بخوێنینەوە.
ڕێزدار سەرۆکی هێژا کاکە مەسعود بارزانی
بەڕێزان سەرۆک و جێگرو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان،
بەڕێزان لێپرسراوو نوێنەرانی حزبە کوردستانییەکان،
میوانە بەڕێزەکان و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان:
خۆم زۆر بە بەختیار دەزانم بە ناوی دەستەی سەرۆکایەتی و گشت ئەندامانی پەرلەمانەوە بەگەرمی بەخێر هاتنتان بکەم، چونکە بە دڵنیاییەوە ئامادەبوون و بەشداریکردنی ئێوەی بەڕێز لەم دانیشتنەی دەستپێکی خولی یەکەمیساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا مایەی ئەوپەڕی شانازی و پێزانینمانە.
بەڕێزان، لە کەس شاراوە نییە پەرلەمانی کوردستان بە پێشنیازی سەرۆک بارزانی و بە بڕیاری بەرەی کوردستانی و لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی گشتی و ئازاددا بە شێوازێکی دیموکراتیانە هەڵبژێردراوەو لە ماوەی نۆ ساڵی پڕ بەخششی تەمەنی دا بە ئەوپەڕی تواناو لێهاتووییەوە ڕۆڵی مێژوویی خۆی بینیوەو ئەرکەکانی خۆی ئەنجامداوە، ئەگەرچی لەم پێناوەداو لەو ماوەیەدا زۆرەها کۆسپ و تەگەرەی هاتووەتە ڕێگاو چەندان هەوڵی نەزۆک بۆ لە باربردنی یان هیچ نەبێ بۆ لە کارخستنی دراوەو ناحەزان و نەیارانی ئەزموونەکەمان ئاڵاو دروشمی دوژمنایەتی کردن و هەڵوەشاندنەوەیان لەدژ هەڵگرتووە.
وێڕای هەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانەیش، پەرلەمانی کوردستان کە بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهیدو ڕەنج و خەباتی ساڵەهای تێکڕای خەڵکی تێکۆشەرو دڵسۆزانی گەلەکەمان و ئامانجی هەموو حزب و لایەنە نیشتمانپەروەرەکانە، وەک قەڵایەکی سەختی پۆڵایین، وەکو تاکە نموونەی شەرعییەت بە سەربەرزی خۆی ڕاگرت و بوو بە بڵێسەو بوو بە چراو بوو بە هیوای لەبن نەهاتووی گەلەکەمان.
بەڕێزان، پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان، لەم ماوەیەدا کاری زۆری ئەنجامداوەو، خزمەتی زۆرتری بە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ کردووەو، سەدان بڕیارو یاسای پێویست و بەسوودی دەرچواندوون بە مەبەستی ڕێکخستنی ژیانی جەماوەرو پێوەندیی یاسایی و سروشتی نێوان هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەلایەک و، هەروەها دامەزراندن و پەرەپێدانی پێوەندیی بەسوودو بایەخدار لەگەڵ حکومەتان و گەلانی دۆست لە دەرەوەدا لە لایەکی ترەوە، هیواشمان زۆرە لەم خولەی ئێستەیشدا بتوانین پەرە بە کارەکانمان بدەین و پرۆژەی یاساو بڕیارگەلی پێویست دەربچوێنین و، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان چۆن لە ڕۆژگارە ئاڵۆزەکان و لە کاتی شەڕی ناوخۆیی ڕۆڵی ئیجگار گرنگی بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بینی و تەنانەت ماوەی ١٠١ ڕۆژیش بۆ ئەو مەبەستە زیاتر لە نیوەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لەم تەلارە پیرۆزەدا پەناگیر بوون، بە هەمان ڕۆحییەتەوە ئیمڕۆش پشتگیری لە هەوڵەکانی ئاشتەوایی و

ئاشتبوونەوەی گشتی بەپێی برگەکانی رێکەوتننامەی واشنتۆن دەکات.

بەڕێزان... لەم ماوەیەدا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بە داخەوە چەند ئەندامێکی دڵسۆزی لە دەست داوە، چ ئەوانەی بە ئەجەلی خۆیان کۆچی دواییان کردووە، وەک خوالێخۆشبوان نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا وخەیری بەگ و مەلا محەمەد شەریف، ئازاد قەرەداغی و کانەبی ئاغای دزەیی، یان ئەو بەڕێزانەی بە دەستی رەش و چەپەڵی تاوانباران شەهیدکراون وەک خوالێخۆشبوان فرانسیس یوسف شابۆ، سیروان نەورۆڵی، عوسمان دزەیی (سەرسۆر) و، شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری کە هەر لە یەکەم رۆژی دروستبوونی پەرلەمانەوە تاوەکو دوا هەناسەی لە بەرەبەیانی ١٨/شوباتی ئەمساڵدا، بە ئەوپەڕی چالاکی و دڵسۆزی و لێهاتووییەوە وەکو جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی زەردو، پاش دروست بوونی کابینەی یەکەم وەک سەرۆکی کتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستبەکار بووەو هەموو ئەرک و فرمانەکانی بەجێ گەیاندووە... لەم بۆنەیەدا درودو سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرین و سەری رێزو نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین، داواکارین بکوژانیان دەستگیربکرێن و بەسزای عادیلانەی گەل بگەیەنرێن و لە یەزدانی مەزن دەپاڕێینەوە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادیان بکات.

لە کۆتاییدا، دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەین و هیوامان زۆرە بە یارمەتی ئێوەی بەڕێزو، بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانین زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتمانمان بگەیەنین و لە سایەی ئاشتی و ئازادی و گەشەکردندا ئەزموونە دیموکراتیەکەمان بپارێزین کە ئەرکی تێکرای حزب و لایەنەکان و نیشتمانپەروەرانی گەلی کوردستانەو، دیموکراتی و تەبایی و بەیەکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایینەکان زیاتر بچەسپێنین و، هەر بژین. والسلام علیکم ورحمەالله وبرکاتە.

بەڕێزان لە دەستپێکی هەر خولێکی پەرلەماندا سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی رایهێناوین کە وتەی بەنرخی پێشکەش بکات تکای لێ دەکەین بفەرموێ وتارێکمان پێشکەش بکات.

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**خوشک وبرایانی بەڕێز:**

خۆشحاڵین کە جارێکی تریش دەرفەتمان بۆرەخسا کە بە ئێوە بگەین، دەمەوێ پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و لە ئێوەی بەڕێز بکەم بەبۆنەی راپەڕینە مێژووییەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هەروەها چەند رۆژێکی ماوە بۆ نەورۆز پیرۆزبایی نەورۆزیش لەگەلی کوردستانیش بکەم لەسەرتاسەری جیهان، مانگی ئادار بەراستی پڕە لە رووداوی جۆراو جۆر، رووداوی دڵخۆشکەرو ودڵتەزێن دەکرێ بڵێین مانگی ئادار مانگی کوردە سبەینێ یادی کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیە ئەویش

کیمیا بارانی هەڵەبجەیە بێگومان جەماوەری هەڵەبجە قوربانیەکی یەکجار گەورەیان دا بەچەند دەقیقەیەک پێنج هەزار کەس شەهید کران بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەو قوربانییەی خۆیان دەرگایەکیان لەکورد کردەوە کە ساڵەها ساڵ بوو داخرابوو. مافی خۆیانە کە شانازی بەو قوربانیەی خۆیان بکەن و مافیشیانە لەسەر هەمووومان کە خزمەتی ئەو جەماوەرەو ئەو دەڤەرە بکەین بۆیە من جارێکی تریش ئەو پێشنیارەی پێشووم تەئکید دەکەمەوە کە حکومەتی هەرێم وپەرلەمان و حزبەکان دەبێ پلانێکی تایبەتی دابنێن بە هاوکاری لەگەڵ برادەران شتی تایبەتی بۆ هەڵەبجە بکەین، ئێمە کەیادی هەڵەبجە دەکەینەوە یان ئەنفالەکان یان ئەنفال کردنی فەیلیەکان یان بارزانییەکان حەقیقەت بۆ ئەوەیە کە ئەبێ لەمەودوا هەموو هەنگاوەکانمان لەپێناوی ئەوەدا بن کە ئەم کارەساتانە دووبارە نەبنەوە، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بە نەبوونی شەهید فرەنسۆ بکەم کە بەراستی نەبوونی ئەم زۆر بەم هۆڵەوە دیارە. رەنگە من شتێکی تازەم نەبێ بیخەمە سەر قسەکانی خۆم لەرۆژی کە تەشییعی جەنازەی ئەو شەهیدە کرا بێگومان ئەوانەی ئەو تاوانەیان کرد مەبەستیان کوشتنی ئاشتی بوو، کوشتنی هەوڵی ئاشتی بوو، پارتی بە شەهید کردنی فرەنسۆ لەناوناچێ و ئێمە راهاتووین کە قافلەی شەهید لەدووی شەهید بدەین لەمەودواش شەهید دەدەین دەبێ ئەو دوژمنانە بزانن کە پارتی بە بیروباوەڕ هەمیشە بە پێوە بمێنێ تا ئێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە نییە کە ئێمە بتوانین عرضتانی بکەین کە فلان جیهەت یان فلان کەس لە پشتی ئەم تاوانە بووە، بەڵام زۆر سەرەداو کەوتۆتە دەست، دڵنیا بن کە ئەم تاوانە بزر نابێ هەروەکو لەرۆژی تەشییعی جەنازەکەش وتم تاوانێکی وا گەورە لەپارتی بزر نابێ، تەبیعی ئێستاش لێکۆڵینەوە بەردەوامە و بێگومان لەسەر هەرکەسێک یان هەر جیهەتێک ئیسپات بوو بە دەلیل زۆر زۆر گران لەسەری تەواو دەبێ. پەلە کردن لەوەی کە بڵێین جیهەتێکە یان لایەنێکە زۆر دروست نییە بەتایبەتی تاوانێکی وا گەورە چونکە مضاعەفاتی گەورەشی لەدوایە، بەڵام حەقیقەت هەر دەردەکەوێ و با هەموو شتێکیش تەئجیل بکەین بۆ ئەو رۆژەی کە حەقیقەت دەردەکەوێ ئەو کاتە مەعلوم دەبێ چ دەکرێ و چۆن دەبێ.

راپەڕین هەموو میللەتی کورد پێی هەڵسا حزبەکان وجەماوەرو چ ئەوانەی لە تەنظیماتی ناوەوە بوون هەموو میللەتی کورد توانییان ئەنجامی بدەن بەچەند ساڵ بەخوێن و بە فرمێسک و بەماندوو بوون وبە قوربانی دان نەیان توانی بەڵام بە حەوت رۆژ سەرتاسەری کوردستان تقریبا رزگار کرا چونکە بوون بەیەک دەنگ وبەیەک دەست، ئێستا ناکرێت بۆ هیچ حزبێک بێت ئەو راپەرینە پاوان بکات تەبیعی تقدیرەن بۆ دەوری هەموو کەسێک و هەموو حزبێک بەڵام ئەگەر جهدێکی پێکەوە نەبا و هەموو لایەک نەبا نەپارتی نەیەکێتی نە هیچ حزبێک بەتەنیا نەیان دەتوانی ئەم راپەرینە ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوە دەستی خۆش بێت هەر کەسێ کە لەم راپەرینە کارێکی باشی ئەنجام دابێت و رۆڵێکی باشی دیتبێت پیرۆزباییان لێ دەکەین ئومێدەوارین هەر بەردەوام بن لەسەر ئەم رۆڵە وبەڵام پاوانکاری قەبووڵ نییە چونکە راپەرین هی هەموو میللەتی

کورده و پێشم جوان نییه بەراستی نه مەسئولینی پارتی نه یەکێتی نه خەڵکی تر هەموو رۆژێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەون وئەو بڵێ من وام کردووە وئەو بڵێ من وام کردووە وهەموو من کردم و هەموو من بووم بە حەقیقەت راست نییە میللەتی کورد پێکەوە کردی.

ئیمڕۆ لە ئەولەویاتی هەموو لایەکمان بەتایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپاڵپشتی حزبەکانیش دەبێ ئەمن وئاسایشی هاوولاتیان بەرقەرار بێت وچاککردنی باری ئابووری هاولاتیان لە ئەولەویاتی کاری حکومەتی هەرێمدا بێت و بۆ ئەم مەبەستەش هاوکاری هەموو حزبەکان پێویستە و دڵنیام و ئینشاءالله هاوکاریش دەبن، خاڵی تری زۆر زۆر گرنگ ئەویش ئەوەیە کە بەشەهید بوونی کاک فرەنسۆ حەقیقەتێک دەرکەوت کە دەزگا ئەمنییەکانی ئێمە پێویستیان بە چاکسازی و پاکسازی هەیە و هەروەکو ئەو رۆژەش ووتم ئێمە خەریکین بەلام بەراستی ئێمە شت بەبێ دراسە ناکەین بە عاتیفەش ناکەین و بەرەد فعلیش ناکەین، ئەو حەقیقەتە دەرکەوت کە خەلەل هەیە بەلام دەبێ بە دراسەت ئەو خەلەلە بدۆزرێتەوە و ئەسبابی بدۆزرێتەوە وموقەصرین بدۆزرێنەوە بۆ ئەوەی بڕیاری راستیش بدرێ، بڕیاری بە رەدفعل هەمیشە بڕیارێکی چەوتە.

خاڵی تر هجرەی گەنجەکان بۆ ئەوروپا، پێم وایە ئەم دیاردەیە دەبێ دراسەت بکرێت وهەموو حزبەکانیش دەبێ تێیدا بەشدار بن بەتایبەتی ئەوانەی کە تەئسیریان هەیە لەناو کۆمەڵگای کوردەواری دەبێ بەشدار بن چونکە ئەمە شتێکی بەراستی زۆر زۆر ناخۆشە وهەموو رۆژێ پاپۆڕێک لەشوێنێک وەرگەڕێ وغەرق ببێ و چەندین گەنجی ئێمە بێ سەروشوێن ببن ببنە خۆراکی ماسی ناو دەریاکان، ئەمە کارەساتێکە بەراستی ئینجاش لەوێ لجوئیش نییە لجوئی سیاسیش نییە یانی ئەو پەڕی ئیشێکی باشی بەدەست کەوێ قاپ شوشتنە تەبیعی ئەمە مەئساتێکە بەراستی دەبێ ئەمە دراسەت بکرێ، لەم زروفەدا کە ئاشتی هەیە و ئازادی هەیە وهەر چۆنێک بێت ئەو ژیانەی کە لێرە هەیە باشترە لەوەی کە لە ئەوروپا دەستی دەکەوێت، بۆ ئەم هجرەتە ببێ؟ تەبیعی دیارە سەبەبێک هەیە یان ئەوروپا بۆ ئەو گەنجانە دەکرێتە بەهەشتێک کە ئەچن تووشی واقیعێکی تاڵ دەبن وتوش دەبن یان بێ ئیشی یە یان وەزعی باری ئابوریە یان وەزعی باری ئەمنییە هەر شتێک بێ هەوڵ بدرێ لەگەڵ ئەم گەنجانە، خۆزگە وابوایە باعیسێک بوایە ئەم گەنجانە رۆیشتبان بۆ خوێندن وبەچەکی زانستی بهاتبانەوە وخزمەتی ولاتی خۆیان کردبا زۆرمان پێخۆشە ئەگەر ئەو دەرفەتە هەبوایە بەلام بەحەقیقەت ئەو دەرفەتە نییە و هەموو رۆژێکیش کۆمەڵێ گەنجی ئێمە ببێتە خۆراکی ماسی دەریاکان ئەمە شتێکی زۆر زۆر دڵتەزێنە وزۆریش ناخۆشە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو دیاردەیە دراسەت بکرێت وتەبیعی ئەوەی کە رازی نەبێت کە لەولاتی خۆی بژی خوا حافیزی بێت من لەگەڵ ئەوە نیمە قوەت دابنێین یانی ئەوەی نەیەوێ لەکوردستاندا بژی بیەوێ بژی لە شوێنێکی تر بژی ئەوە کەیفی خۆیەتی بەلام ئەسباب هەیە کە پاڵی پێوە بنێت بۆ ئەوەی ولاتی خۆی بەجێ بهێڵێ، من پێم وایە ئەو ئەسبابانە نەهێڵین. بابەتی تر پرۆسەی ئاشتییە بێگومان شەهید بوونی فرەنسۆ تۆزێک تەئسیری تێ کردووە بۆیە ئێمە

ئومێدەوارین وتەمەنناش دەکەین کە هیچ تەئسیرێک لەپرۆسەی ئاشتی نەکات، بەلام لە عەینی کاتیشدا تەبیعی تاوانێکی گەورەیە یانی زۆر زۆریش گەورەیە ئێستا هاوکاری هەیە لە لایەن یەکێتیشەوە بۆ ئەوەی بگەینە حەقیقەتێک من تەمەننا دەکەم کە ئەوان بێ عەلاقە بن لەم رووداوەدا بەتەئکید هەرکەسێک ئەمەی کردبێت لە ناو هەر حزبێک دابێت و لەهەر کوێیەک دابێت تەنیا ئەوە بووە ئەم زەمینە خۆشەی کە هاتۆتە پێش بۆ ئاشتی لە ناو ببات، ئێمە ئەو حەقیقەتە زۆر چاک دەزانین مەبەستی ئەوانەی کردوویانە زۆر چاک دەزانین چییە لەبەر ئەوە قەد ناکەوینە داوی ئەو ناحەزو دوژمنانە.
لەبارەی پەیوەندییەکان بەراستی ئێستا پەیوەندییەکانی نیشتمانی، من پێم وایە زۆر زۆر باشە بەرەو پێش چووە و دەبێ بەرەو پێشتریش بچێ ومن داواکارم و چەندین جار وتوومە ودووبارەشی دەکەمەوە حزبە هاوپەیمانەکان زیاتر بەشدار بن لە ئیدارات. پەیوەندی ئیقلیمی ئێستا زۆر زۆر باشە و هیچ گیروگرفتێک نییە و پەیوەندی دەولیشمان زۆر زۆر باشە و لە ئاستێکی بەرزدایە وئێمە زۆریش مرتاحین لەو علاقەتە.
خالی تر کە من دەمەوێ پێتان رابگەیەنم هەموو تەرتیباتێک خەریکە تەواو دەبێت و پێش ئەوەی بەهاری ئەمسال تەواو بێت هەلبژاردنی شارەوانی لە کوردستان ئەنجام بدرێ و داواکارم ئەو پەڕی سەربەستی و ئازادی دابین بکرێت بۆ ئەوەی جەماوەری کوردستان بە ئازادی بە دلی خۆی بە رەغبەتی خۆی نوێنەری خۆی هەلبژێرێ، تەبیعی ئەمە پێویستی بە هاوکاری حکومەت وحزبەکان پێکەوە هەیە و ئومێدەوارم کە پێشی بەهار تەواو ببێت ئەوە ئەنجام درابێت و حەتمەن دەبێ ئەوە ئەنجام بدرێ.
خالی تر مەسەلەی باری ژیانی زیندانییەکانە ئەمە یەک، دووەم شێوەی گرتنی خەلک ئێمە وەختێک کە شتێک دەلێین بۆ ئەوە نییە کە استهلاکی محلییە یان بۆ کەسبی عەتفی جیهەتێکی دەرەوە بێت، ئەو شتانەی کە دەگوترێ دەبێ قەناعەتمان پێی هەبێت ئەگینا نابێ بیلێین. مەسەلەی گرتنی خەلک بێگومان لە کاتێک کە یەکێک تاوانێک دەکات دەبێ بگیرێ تەبیعی یەکێک بەتەقە یەکێک بکوژێ یان دزی بکات ئیشی پۆلیسە ئیشی ئاسایشە دەبێ ئەو کەسە بگیرێت بەلام کە گیرا دەبێ زوو چارەسەر بکرێت و بدرێتە دادگا ئەو ماوەیەی کە لەزیندانە دەبێ خواردنی و معامەلەی معامەلەیەکی انسانی بێت و خواردنی خواردنی وا بێت کە بەشەر بیخوات یانی ئیتر لێرەدا کە گیرا ئیتر وەکو بەشەرێک دەبێ معامەلە بکرێت، رەنگە لەوانەیە ئێستا مەشاکیلی جێگاو ئەو شتانە هەبێت وەکو من بیستومە لەو پرۆژانە بەتەمانە هەندێ زیندان کە لەگەل شروطی زیندانێکی عەصری بگونجێت دروست بکرێت لە هەولێرو لەدهۆک بەلام ئەوە رەنگە وەختی پێ بچێت لەبەر ئەوە ئەوە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە و دەزگاکانی تر دەبێ مەسەلەی زیندانییەکان معامەلەیان معامەلەیەکی مرۆڤانە بێت چونکە دوێنێ نوێنەری صەلیبی ئەحمەر لای من بوو گلەییان کردبوو، هەروەها گرتنی خەلکی تر الحمدالله من پێم وایە ماوەیەکی زۆرە لەسەر

ئەسبابی سیاسی کەس نەگیراوە بەڵام هەتا ئەگەر پێویست بوو بەمە دیسان دەبێ معامەلەیەکی باش بکرێت و ئەصلەن لەسەر مەسەلەی سیاسی نابێ کەس بگیرێ بەڵام لەبەر ئەسبابی تر هەر سەبەبێک بێ ئەبێ مافی قانونی بە تاوانباریش بدرێ، ئەو تاوانبارانە زۆر نەمێننەوە وبدرێنە دادگا ومافی بەرگریش پێیان بدرێ محامییە چییە من پێم وایە دیسان دەبێ حاکمەکانیش تەشجیع بکرێن وبوێرن بڕیار بدەن من لەوەش هەندێک معلوماتی لابەلام بۆ دێت کە هەندێ جار حاکمەکانیش موتەرەددیدن لە دانی حوکم چونکە مومکینە لە انتقام بترسن، تەبیعی نابێ ئەم جیاوازییە بمێنێ بە حەقیقەت من هەر ئەو خاڵانە بوو کە بەخەیاڵم داهات کە عەرضتانی بکەم و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و زۆریش سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی دەکەین بۆ ووتە بەنرخەکانی ئەتوانم بەناوی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەڵێنە بدەم کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق درێغی ناکەن لە کارکردن و لە دەرکردنی هەر یاسایەکی پێویست و هەموو هاوکارییەک لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێشخستنی کاروباری رۆژانە و ئاسان کردنی کاروباری هاولاتیانمان و دابین کردنی ئازادی ودیموکراتیەت بۆ هەموو گەلی کوردستان، بەڕێزان بەپێی بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە ئێستا بەیانی رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمان لەلایەن رێزدار سامی عبدالرحمن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکرێت.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ج.سەرۆکی وەزیران:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەڕێز سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

وەزیرە بەڕێزەکان، میوانە بەڕێزەکان، خوشک وبرایانی بەڕێز

بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە خۆشحاڵین کە لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دا ئامادە دەبین کە هاوکاتە لەگەڵ تێپەڕ بوونی دەساڵ بەسەر راپەڕینی شکۆمەندی خەڵکی کوردستاندا ئەو راپەڕینە مێژووییەی کە سەرەنجام پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی لێ هاتە بەرهەم جا ئەگەر راپەڕین دۆزی کوردی بە هەموو دنیا ناساندبێ ئەوە بێگومان دەساڵی ئازادی ئەو راستییەی سەلماند کە گەلی کورد ئەگەر دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێت دەتوانێ زۆر بەچاکی ئیدارەی خۆی بکات و لە ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدانی وڵاتەکەیدا جێی پەنجەی خۆی بنەخشێنێ.

خۆشک و برایانی بەڕێز، ئەمە یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانە کە بێ کاک فەرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئەنجام دەدرێت، هەرچەندە شەهید بوونی زیانێکی گەورەیە و جێگاکەی هەر دیار و بەرچاو دەبێت، بەڵام دڵنیاین کە هەڤاڵانی فەرەنسۆ سەرکەوتووانە درێژە بەو کاروانە دەدەن کە شەهید گیانی خۆی لە پێناویدا بەخت کرد، ئەبێت ئەوەش بوترێت کە بەشدار بوونی کەم وێنەی جەماوەری کوردستان لە ناشتن و پرسە و سەرەخۆشی شەهید بوونی فەرەنسۆدا ریفراندۆمێک بوو بۆ تازە کردنەوەی بڕوا و متمانە بە ئەزموونی گەلەکەمان و، بەپارتی و ڕێبازی بارزانی و، سوور بوون بوو لەسەر پاراستنی ئەو دەسکەوتە مەزنانەی کە بەخوێنی سەدان هەزار شەهید بەدی هاتووە، لەهەمان کاتدا پەیامێک بوو دژی ئەو دەستە ڕەشانەی خەیاڵ دەکەن دەتوانن ڕێرەوی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕنەوە و، کاروانی پێشکەوتن و شارستانی لە وڵاتەکەماندا بوەستێنن، بەڕێزان ئەمڕۆ بە ڕێنوێنی و پشتیوانی سەرۆک بارزانی لە کوردستاندا هەڵمەتێکی گەورەی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و بووژاندنەوەی ئابووری و ڕۆشەنبیری بەڕێوە دەچێ، پێمان خۆشە ئاماژە بەوە بکەین کە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمان کە دوو باڵی حوکمڕانن لە ئاستێکی بەرزدایە و، بۆتە مایەی بەرەوپێشچوونی کارو چالاکییەکان، لە ئەمڕۆوە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەرەپێدانی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە هەموو جۆرە راسپاردەیەکی پێویستی پێشکەش کردووە، بێگومان بۆ بەخشینی گوڕ و تینی زیاتر بە کارو چالاکییەکانی حکومەت پێویستیمان بە دەرکردنی چەندین یاسای تازە و هەموار کردنی هەندێک لەو یاسایانەی کە هەیە پەیڕەوی دەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوا خولی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا چەند راپۆرتێکی پێشکەش بە پەرلەمان و گەلی کوردستان کرد سەبارەت بە چالاکی و پرۆژەکانی حکومەت لە ساڵی ٢٠٠٠دا و، بودجەی ساڵی تازە و پلانی ئابووری ساڵی ٢٠٠١، راپۆرتەکان پاش تاوتوێ کردنیان بڕیاریان لەسەر درا و بوون بە یاسا، حکومەتی هەرێم بەپشت بەستن بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی پێشوو، لەوکاتەوە خەریکی جێبەجێ کردنی چالاکی و پرۆژەکانی بەرنامەکەیە، ڕەنگە لێرەدا ماوە نەبێت و پێویست بەوە نەکات کەوا بچینە ناو وردەکاری و چالاکییەکانەوە، بەڵام هەر لەم مانگەدا بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆزەوە گەلێک لەو پرۆژانەی کە تەواو بوونە و هەندێکیان زۆر گرنگن لە پایتەختی هەرێم و شاری دهۆک و شار و شارۆچکە و گوند و لادێکانی کوردستان دەکرێنەوە و گەلێک پرۆژەی تازە کە هەندێکیان ئیستراتیجین بەردی بناغەیان بۆ دادەنرێت، لەماوەی «١٠»ساڵی رابردوودا سەرەڕای نەخشەو پلانی تێکدەرانە پرۆسەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان درێژەی هەبوو و بەرەو پێش چووە سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکان زۆر دەسکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گرنگ بەدی هاتوون، هەر لەم ڕوانگەوە هاوسۆزی دونیا لەگەڵ کێشەکەمان زیاتر بووە و بەچاوی ڕێزەوە سەیری ئەزموونەکەمان دەکرێت، ئێمە بەگەشبینییەوە دەڕوانینە دوارۆژ و لەو بڕوایەداین کە ئاسۆیەکی ڕووناکتر و گەشتر چاوەڕێی

گەلەکەمان دەکات، لە کۆتاییدا دەڵێم زۆر خۆشحاڵ بووین بە بیستنی تەوجیهاتی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی لەم دانیشتنەدا و، پێگومان حکومەتی هەرێم زۆر بەجدی خەریک دەبێت وەکو حکومەت و بەهاوکاری لەگەڵ پەرلەمان و حزبە تێکۆشەرەکان کە ئەو تەوجیهاتانە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن، لەکۆتاییدا جارێکی دیکە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز کاک سامی دەکەین، بۆ پێشکەش کردنی بەیانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ، لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنەمان دێنین و سوپاسی بێ پایانمان ئاراستەی بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین، هەروەها سوپاسی جێگری سەرۆک وەزیران و برا وەزیرەکان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی و نوێنەری لایەنە سیاسییەکان دەکەین، جارێکی تر زۆر سوپاستان دەکەین. دانیشتنی ئایندەمان لە ڕێکەوتی ۲۰۰۱/۳/۱۸ دەبێت، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)**

یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٨

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٨

کاتژمێر (١١)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١١)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/١٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ تازە کردنەوەی یادی قوربانییە شەهیدەکانی کیمیابارانەکەی هەڵەبجەی شەهید کە لە ڕۆژی «١٩٨٨/٣/١٦»دا ڕووی دا.

٢ـ پێشچاوخستنی ئەنجامەکانی سەردانەکەی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەن بۆ دەوڵەتە ئەسکندنافییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە، بەڕێزان لەبەر ئەوەی تەنها «٢٥» ئەندام ئامادەیە و نیساب تەواو نییە، دانیشتنەکەمان دوادەخەین بۆ دانیشتنێکی تر و لەکاتەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دوو**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٨

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە دوو

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٨

کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٨ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دووی)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارەی دوو)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٨ دا بەم شێوەیە بێت:

١- تازە کردنەوەی یادی قوربانییەکانی شەهیدەکانی تاوانی کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە ڕۆژی ٣/١٦دا ڕوویدا.

٢- پێش چاو خستنی ئەنجامەکانی سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنە بۆ وولاتە ئەسکەندەنافییەکان.

سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ودانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێک هاتووە لە دوو خاڵ خاڵی یەکەم تازە کردنەوەی یادی قوربانییەکانی شەهیدەکانی تاوانی کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە ڕۆژی ٣/١٦دا ڕوویدا، خاڵی دووەم پێش چاو خستنی ئەنجامەکانی سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنە بۆ وولاتە ئەسکەندەنافییەکان. ئێستا دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین، یادداشتێکی دانیشتوانی بەڕێزی شاری هەڵەبجەی قارەمان هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان تکا لە بەڕێز کاک شێخ جعفر دەکەین کە بفەرموێ پێشکەشی بکات.

**بەڕێز شێخ جەعفەر شێخ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە یاداشتی لقی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لەجیاتی جەماوەری بەشەرەفی شاری

هەڵەبجەی شەهیدو دەوروبەری پێشکەشیان کردبوو پارتی دیموکراتی کوردستان لقی دوازدە:
بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان
سڵاو وڕێز:
ئەمڕۆ شازدە ساڵ بەسەر مەرگەساتی شاری هەڵەبجەدا تێدەپەڕێ، لەچرکە ساتێکی وەکو ئەمڕۆدا دوژمنانی داخ لەدڵی گەلەکەمان هەرچی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوی سەربازیان هەبوو بەچەکی کۆکوژیشەوە لە هەڵەبجە بەکاریان هێنا بە هەزاران کەسیان لەو شارەدا شەهید کردو خاکەکەشی بوو بە خاکێکی سوتماک، لە دەساڵەی ئازادیدا لە کوردستانی پێشکەوتوو ئەو یادە پڕ شکۆیە دەکەینەوە، بەناوی خۆمان و جەماوەری تێکۆشەرو سەربڵندی هەڵەبجەوە سوپاسی بەڕێزتان دەکەین داوا دەکەین لەڕێگەی بەڕێزتانەوە سوپاس وڕێزمان بگەیەنرێتە ئەو پەرلەمانتارو سیاسەتمەدارو دۆستانەی کورد کە لە کاتی مەرگەساتی هەڵەبجەدا هاوغەمییان بۆ گەلە ستەمدیدەکەمان نیشان داو توانیان لە ڕێگای میدیاکانی جیهانەوە ئیدانەی ئەو تاوانە بکەن و هاوسۆزی گەلانی دونیایان بۆ دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ڕاکێشا وئێستاش بەردەوامن لە بەدوا داچوونی ئەم ڕووداوەو بە مەبەستی بەجیهان کردنی کارەساتەکەو ریسوا کردنی ئەنجامدەرانی لەم یادەدا لە دووتۆی ئەم یادداشتنامەدا بەناوی کەس وکاری شەهیدان نوێنەرایەتی جەماوەری دەڤەری هەڵەبجەی شەهیدەوە چەند پێشنیارێک دەخەینە پێش چاوی بەڕێزتان:
١- داوا دەکەین کە ئاوڕێک لە کەس وکاری شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە بدرێتەوە و بە پێی ڕێنماییەکانی دەزگای شەهید شەهیدانەیان بدرێتێ.
٢- کردنەوەی موزەخانەیەکی شارستانی لەسەر پارچە زەوییەکی گونجاو لە شەقامی هەڵەبجە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستە مێژوویەکانی ئەم شارە لە رووی کەلتوری وداب ونەریتی کۆمەڵایەتییەوە کە پێش کیمیا بارانی شارەکە مەڵبەندێکی دەوڵەمەند و رەسەنایەتی بوو پاش کارەساتەکەش کۆمەڵێک پاشماوەی جەنگ لەم شارە جێماون هەندێک شتی پێویست کە دەبێ بۆ مێژوو بمێنێتەوە تێیدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی تەواوی گەلەکەمان وئەو میوانانەی سەردانی کوردستان دەکەن ئاشنای مەرگەساتی گەلەکەمان بن بۆ ئەم مەبەستە پێمان باشە بینایەک بریتی بێ لە:
أ- ئیدارە کە بریتی بێ لە حەوت ژوور
ب- گەلەرێک بۆ پێشانگای شەهیدان.
ج- هۆڵێکی مام ناوەندی بۆ سیمنارو کۆبوونەوە.
د- ستۆدیۆیەکی بەرهەمهێنانی هونەری.
هـ- کتێبخانەیەک وهۆڵی خوێندنەوە.
و- هۆبەی کۆمپیوتەر بەگشت پێداویستیەکانەوە.
ز- کافتریا.

ح- تەواوی پێداویستیەکانی ناو بیناکە.
٣- داوا دەکەین لەرێگەی نوێنەرایەتی پەرلەمان وحکومەتەوە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کۆمپانیاکانیان بەشدار بوون لەدروست کردنی چەکی کۆکوژیدا کە دژی جەماوەری شاری هەڵەبجەو کوردستان بەکارهاتووە گوشاریان بخرێتە سەر تا بچنە ژێر باری قەرەبوو کردنەوەی زیانی ماددی وروحی شەهیدانی هەڵەبجە و کوردستان.
٤- داوا دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی خۆیەوە تەئکید بکاتەوە لە (un) کە لەسەر بڕیاری ٩٨٦ بودجەیەک دیاری بکرێت بۆ قەرەبووی زیان لێکەوتووانی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە و هەموو ئەو شارو شارۆچکانە و گوندانەی بەر چەکی کۆکوژانە کەوتوون لە کوردستاندا.
٥- لەم یادوەرییەدا داوا دەکەین لە (un) وهەموو مرۆڤ دۆستانی دونیا ودەوڵەت و پەرلەمانتارو دۆستانی کورد پشتیوانی لە حکومەت وپەرلەمانی کوردستان بکەن چونکە باڵپشتی لە پەرلەمان وحکومەت نیشانەی دووبارە روونەدانەوەی ئەو مەینەتییانەیە کەبەسەر گەلەکەماندا هاتووە.
٦- داوا دەکەین رۆژی ٣/١٦ بکرێتە پشوویەکی رەسمی لە کوردستاندا بۆ رێزلێنان لە قوربانیدانی ئەو شارە خۆڕاگرە، بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی لە یادی ئەو رۆژە مێژووییەدا لە ١٩٩٨/٣/١٦دا دەزگای شەهیدی کردەوە
ئیتر بۆ پێشەوە لقی دوازدەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک شێخ جعفر دەکەین، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە لەو بارەیەوە دەیانەوێ بدوێن دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، باوەڕ ناکەم کاتەکەمان رێگەی ئەوە بدات هەموو کەسێک مەجالی قسەکردنی پێ بدەین چونکە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوورودرێژە و ئیلتیزاماتی تر هەیە لەبەر ئەوە تکا دەکەم تۆزێک قسەکان موڕەکەز بێت لەوانەیە هەندێکیان مەجال نەبێت قسە بکەن، یا بۆ دەرفەتێکی تر بێت دەبێ لێمان ببورن فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی هەموو ساڵێک ئێمە یادی هەڵەبجەی شەهید لەم هۆڵە پیرۆزەدا بکەینەوە چونکە بەراستی هەڵەبجە کارەساتێکی ئەوەندە گەورەیە، زامێکی ئەوەندە قووڵە وا بە ئاسانی لە بیرو هەستی کورد دەرناچێت، ئەگەر ئاورێک لەرابردووی یان لەکاتی کارەساتەکە بدەینەوە ئەبینین بەداخەوە ئەو دەمە هەرچەندە هەڵەبجە کارەساتێکی یەکجار گەورە بوو بەڵام جێی داخە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەو شێوەیە بەرەو پیری یان بایەخی بەو کێشەیە نەدا کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی رۆژنامەنووسان ئەو بەڕێزانەی کە لەبواری راگەیاندندا کاریان دەکرد دەورێکی

پیرۆزیان بینی لە گەیاندنی کارەساتی هەڵەبجە ودەنگی گەلی کورد بە دانیشتوانی جیهان و بەتایبەتی بە وولاتانی ئەوروپا وئەمریکا، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو گەیاندنە و لە ئەنجامی ئەو چالاکی نواندنەی رۆژنامەوانان ئەو برایانەی کە لە بواری راگەیاندندا کار دەکەن جەماوەری ئەو وولاتانەش دەنگیان بەرزکردەوە بەتایبەتی پەرلەمانتارەکان لە زۆر کۆڕو کۆبوونەوەی پەرلەمانتارەکاندا باس لەو کێشەیە دەکات چ لە کۆنگریسی ئەمریکی یان لە وولاتانی ئەوروپادا، بەلام بەداخەوە هەڵوێستی سەرانی ئەوروپا سەرکردەکانی ئەوروپا باش نەبوو، چونکە ئەو دەمە بەرژەوەندی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندی عێرقدا یەکی گرتووە بۆیە هیچ کەسێک هیچ کاتێک بەرەو پیری ئەو داخوازییانەوە نەهاتوون، بۆ نموونە کاتێ کۆنگرێسی ئەمریکی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە لیژنەیەک بێت بۆ ئەوەی لە کارەساتەکە بکۆڵنەوە ئەو لیژنەیە کە ئەنجامی کارەساتەکەیان گەیاندە کۆنگرێس بۆ ئەوەی ئیدانەی رژێم بکەن، بەلام سەرۆکی ئەو دەمەی ئەمەریکا رۆناڵد ریگن رەفزی کرد و نەیهێشت ئەو مەسەلەیە باس بکرێت هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی تر هەبوو بۆ نموونە لەپاریسدا کۆنفراسێک لە ساڵی ١٩٨٩دا بەسترا، مەدام میتران دەوری دیاری کراوی تێیدا بینی و کۆمەڵێک زاناو پسپۆرو شارەزا لە بوارە جیاجیاکاندا دەنگی نارەزاییان بەرامبەر بەو هەڵوێستە دەربڕی تەنانەت رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی سەر بە (un) پێش چەندین جار باسی ئەو کێشەیان کرد وهەروەها خودی نەتەوە یەکگرتووەکان دووبڕیاری لەو سەردەمەدا دژی قەدەغە کردنی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی وەرگرت بڕیاری ٦١٢ لە مانگی پێنج وبڕیاری ٦٢٠ لە مانگی ئابدا، بەلام بەداخەوە تەنها بڕیار وەرگرتن بوو لە ڕووی رەسمییەوە هیچ هەنگاوێکی رەسمی نەنرا یان بەپێی پەیماننامەی جنێفی ساڵی ١٩٢٥ ئەوانەی کە چەکی کیمیاوی قەدەغە کراو بە کار ئەهێنن پێویستە ئەوانە سزا بدرێن بەلام بەداخەوە سزا نەدران، بەپێچەوانەوە پشتگیریان لێکرا تا راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١و وەرگرتنی بڕیاری ٦٨٨ خۆشبەختانە ئێستا لە دوای وەرگرتنی ئەو بڕیارەدا بارودۆخ گۆڕاوە بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری ئەو یادداشتنامەیەی جەماوەری کۆڵنەدەری شاری هەڵەبجەی شەهید دەکەم پشتیوانی لە پێشنیارو داخوازییەکانی دەکەم و هیوادارم بتوانین ئێمە لەم پەرلەمانەدا ئەو دەورە پیرۆزە ببینین بۆ گەیاندنی دەنگی زوڵاڵی جەماوەری هەڵەبجە بۆ چارەسەر کردنی ئەو زامەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری تەواوم بۆ داخوازییەکانی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید و جگە لەوە من هەندێک

پێشنیارم هەیە بۆ ناوەوە بۆ خۆمان وهەندێک پێشنیاریش بۆ دەرەوە ئەو پێشنیارەی کە بۆ ناوەوە هەمە بە کورتی دەبێ پانۆرامایەک بکرێ لە پارکی هەولێر تەعبیر لە کارەساتی هەڵەبجە بکات و نەصبێک بکرێت بە ناوی شەهیدەکان و ئەو پێشنیارانەش کە بۆ دەرەوە هەمە خۆشبەختانە ئەمساڵ لەپەرلەماناتی ئەوروپا وەکو پەرلەمانی ئەڵمانیا رۆژی ٣/١٦ مشتومڕێکی زۆر کراوە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وهەموو حزبەکانی ناو پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە نکولی لەوە ناکرێت کە چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە بەکار هاتووە و هەندێک لە حزبەکان داوا دەکەن کە حکومەتی ئەڵمانیا قەرەبووی زیانی کارەساتی هەڵەبجە بکاتەوە هەندێک لە حزبەکانی تریش مشتومڕیان لەسەر ئەوەیە کە بەڵگە نییە لەلایەنی خۆمانەوە، یانی لەلایەنی کوردەوە بەڵگە نییە و تا ئێستا دەعوا تەسجیل نەکراوە دژی ئەو کارەساتە، ئینجا بۆ ئەمەش ئەبێ ئێمە ئیشی بۆ بکەین بە هەر شێوەیەک بێ ئەبێ پەرلەمانی کوردستان یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی ئەڵمانیا دەعوەت بکات بۆ کوردستان وبیبەینە هەڵەبجە و چەند نموونەیەک لەو کەسانەی کە کیمیاویان بەر کەوتووە پیشانیان بدەین و ئەبێ ئەو چەک و کەرەسەیەی کە بەکار هاتووە و دەستمان دەکەوێ نموونەی ئەوانەش بدۆزینەوە و پێشکەشیان بکەین وەکو بەڵگە چونکە لەو بڕوایەم گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە شەریکاتەکان مەعلومن و ئێمە جگە لەوەش دەتوانین لەرێگەی دەرو دراوسێکمانەوە بەڵگەی مثبتمان دەست کەوێ کە ئەو شەریکانە بێگومان کەرەسەی موادی کیمیاویان فرۆشتۆتە رژێم و بەکار هاتووە لە کوشتنی کورد، ئینجا ئێمە ئەبێ ئیش بۆ ئەوە بکەین بەهەر شێوەیەک بێت و خۆشبەختانە ئەمساڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و پەناهەندە کوردەکان لە ئەوروپا ئیشێکی زۆر چاکیان کردووە و گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی لە پەرلەماناتی دونیا باسی کارەساتی هەڵەبجە بکەین، بەڵام ئێمەش ئەبێ ئیشی بۆ بکەین ئەبێ ئەو بەڵگانەی کە دەستمان دەکەوێ بیگەیەنینە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لەناو پەرلەماناتی خۆیاندا دفاع لە کێشەی هەڵەبجە دەکەن بۆ ئەوەی موستەمسەک بە دەستیانەوە بێ، وابزانم ئیشەکە گەیشتۆتە تەئویلی قەزیەی کوردی و قەزیەی هەڵەبجە ئەبێتە قەزییەکی سەرەکی و ئێمە لەو دەرگایەوە دەبێ بۆی دەربچین وئەگەر پەرلەمانی کوردستان ئیش بۆ ئەوە بکات ئەبێ زەغت بخەینە سەر ئەو کەسانەی کە دفاعمان لێدەکەن بانگیان بکەینە ئێرەو بیانبەین بۆ هەڵەبجەو نموذجی ئەو کەسانەیان پێ پیشان بدەین بۆ ئەوەی بەڵگە هەبێت و بەڵگە بەدەستیانەوە هەبێت چونکە ئێستا ئەوان پەرلەمانەکان لەناو پەرلەمانی خۆیان ئەڵێن کورد بەڵگەی نییە بەڵگە یانی موستەمسەکیان ئەوێ کە چەکی کیمیاوی هی چ شوێنێکە چۆن بەکار هاتووە وموادەکان چییە؟، ئێمە دەتوانین بە تەنسیق لەگەڵ دەرو دراوسێکانمان ئەو زانیاریانەمان دەست بکەوێت و بیگەیەنینە جێی مەبەست بۆ ئەوەی کارێک بکرێت بۆ هەڵەبجە وبۆ ئەوەی ئەو شریکاتانە قەرەبووی زەرەرو زیانی هەڵەبجە بکەنەوە و دووبارە پشتگیری تەواوم بۆ داخوازییەکانی خەڵکی هەڵەبجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆو سوپاس فەوزیە خان، بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەک چۆن برادەران قسەیان کرد ئێمە هەموو ساڵێ لەیادی ئەو ڕۆژەی کارەساتەکە جەلسەیەکی تایبەت دەکەین بۆ تضامن لەگەڵ ضحایای ئەو جەریمە گەورەیە کرا دەرحەق بە میللەتەکەمان و ئەوە چەند ساڵێکە ئێمە ئەم شتە تکرار دەکەینەوە و پێم خۆشە نەختێ خطواطی عملی بکرێت بۆ ئەوەی کە اهتمام زیاتر بدرێت بە شاری هەڵەبجە و بە ضحایای عوائلی کیمیاوی و لە ئیطاری موقترەحات وتوصیات دەربچێت و پێم خۆشە لیژنەیەکی عولیا تەشکیل بکرێت لە کوردستان بۆ ئەم قضیەیە چونکە ئەمە جریمەی عصرە و ئەبێت بە گشتمانەوە حەولی بۆ بدەین رای گشتی ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ڕۆژی ١٦ی مانگ ببێتە ڕۆژی قەدەغەی استخدام و دروستکردنی چەکی کیمیاوی و هەروەها هەوڵ بدەین ئەو شریکاتانەی یارمەتی حکومەتی عێراقیان دا بە دروستکردنی ئەو چەکانە ئینجا بە موختەبەرات بێت و ئەوەش وابزانم گشت دنیا دەزانێ شەریکاتی ئەڵمانی و شەریکاتی سویدی و شریکاتی تر هەتا سویسریش دەوریان هەبووە لەو ئیشانە حەقی خۆمانە داوا بکەین کە تەعویضی ئەو میللەتە بکرێت هەروەها دەبێ هەوڵێکی جدی بدەین بۆ ئەوانەی کە ئەم جەریمەیان کرد ئیحالەی محاکم بکرێن و سزای خۆیان وەربگرن ولەو موناسەبەیە بەناوی لیژنەی مافی مرۆڤ ئێمە سوپاسی ئەو لایەنانە دەکەین کە لە دەرەوە فعالیات ونشاطاتیان کرد دەربارەی ئەم ڕۆژە ئینجا ئەحزاب بێت یان ڕێکخراوەکان بێت یان جالیەی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان و جالیەی کوردی کوردستانی عێراق هەروەها داوا دەکەم بە جدی هەوڵ بدەین لە قەراری ٩٨٦ ئەبێ پارەیەک تەرخان بکرێت بۆ دووبارە ئاوەدان کردنەوەی ئەو شارە و ضحایای ئەو جریمەیە داوا دەکەم بەناوی خۆمەوە کە موذەکەرەیەک بەناوی پەرلەمان توجیهی نەتەوە یەکگرتووەکان و منظماتی دولی و ئینسانی و حقوقی انسان بکرێت دەربارەی ئەو تاوانە وداوا کارییەکانی کە جەماوەری هەڵەبجە داوایان کردبوو وهەروەها پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاک مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پشتگیری تەواو لە بۆچوونی برادەران وپشتگیری تەواو لە یادداشتی لقی دوازدەی تێکۆشەر دەکەم، ئەگەر مجالم بدرێتێ و ئەگەر کەمێک لەمان درێژتر بێت داوای لێبوردن دەکەم.

گەلی کوردستان وەکو هەر گەلێکی زیندووی ئەم جیهانە دەبێ مێژووی بەسەرهاتەکانی خۆی بەتاڵ و شیرینییەوە بەزیندوویی رابگرێت و بیهێڵێتەوە، چونکە ئەمڕۆ لە دوێنێ یە و بەیانیش لە ئەمڕۆ، بەرابردووو وئێستا و ئایندەوە مێژووی گەلان تەریب دەدرێت و تۆمار دەکرێت، بۆیە ئەم پەرلەمانە لەم هۆڵەدا رۆژی ۲۱/۱۱/۹۲ بڕیاری ژمارەی ۳۷ی دەرکرد، بەمەبەستی وەفاداری بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان ۱٦ی ئاداری هەموو ساڵێکی کردە رۆژی شەهید و ماتەمینی رەسمی لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا، رۆژی (جمعە) (۱۲ رۆژ بەر لە ئەمڕۆ)لەم پایتەختی هەرێمەدا تەعبیرو پەیڕەو بوو لەو یادەو بیرەوەرییە و لەو بڕیارە بەجێ یە، لە هەمووشی بەجێتر ئەمەیە کە پەرلەمانی کوردستان لە بەرنامەی کاری خۆیدا ئەمڕۆ دووپاتی ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە دەکاتەوە بەکردار هەر لەمانگی ئاداردا.

وەرزی بەهار مانگی ۳و٤ وەرزو مانگی کوردن ۱٦ ی ئادار یادەوەری کارەساتە دڵتەزێنەکەی ساڵی ۸۸ی شاری هەڵەبجەیە کە (یندی لە الجبین جبین التاریخ)، لەداستانە ستەمکارییەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا کە قورئانی پیرۆز بۆمان ئەگێڕێتەوە بۆ پەندو دەرس و عیبرەت داستانی فرعونی ستەمکارو قەومەکەی حەزرەتی موسایە (یذبح ابنائهم ویستحیی نسائهم انه کان من المفسدین) نێرینەکانیانی ئەکوشت و مێ یینەکانیانی ئەهێشتەوە بەڵام فرعەونی یەکانی هاوچەرخ و سەدەی بیست لە تەڕو وشک هیچیان نەهێشەوە، ۱٦ی ئاداری ساڵی ۸۸ شاری هەڵەبجە بەخاک و ئاو ودارو درەخت و بەردو دیوارو گژوگیا و باڵندەو خشۆک و گیاندارو بێگیان و بەنێرو مێو ئافرەت و پیاوو بەگەنج و پیرو کیژو لاوو ساواوە زۆر بێ بەزەییانە بەچەکی کیمیایی ئەو شارەیان قەڵاچۆ کرد، بەهەزاران مرۆڤی بێ تاوانی خاوەن بڕواو ئیمانی کورد یان لە خانەو لانەو ئاشیانەی خۆیاندا خنکاند، وە بەهەزارانی تر بەو چەکە کۆکوژە بەناو قەدەغەی نێو دەوڵەتی یە پێکرا شەلوشیت وکەڕو کوێرو کەساس بوون و تائێستەیش ئاسەواروکاریگەری نەبراوەتەوە، ئەو رۆژە رووی ستەمکارانی مێژووی وەکو فرعونی سپی کردەوە بەڵام (الظفر بالضعیف هزیمە).

۱٦ی ئەم مانگە رۆژی ماتەمینی و غەمبارییە بۆ مرۆڤایەتی و بەتایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان بەڵام قوربانییەکانی کیمیا بارانی هەڵەبجە تاجی سەری هەڵەبجەن، هەڵەبجەش تاجی سەری کوردستانە.

هەڵەبجە دەم قەباخی لەسەر رووداوە دڵتەزێنەکانی پشت پەردە نهێنییەکانی کورد خۆران لادایەوە و دەرگای لە کوردو کێشە ڕەواکەی کردەوە وە بەجیهانی گەیاند، سۆزی زۆربەی ویژدان زیندوانی بەلای کوردو کوردستانەوە بزواند کوردایەتی فدیت (بجمع العظیم).

هەڵەبجە شارێکە و ۱٦ی ئادار رووداوێکە هەرگیز لەیاد ناچێتەوە بۆیە هەر دەزگایەک لەکەناڵ و بواری بۆ رەخساوی خۆیدا لەپێش هەموانەوە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم چیان پێ کرا بێت و پێ دەکرێت و دەبێ باشتر روونی بکەنەوە و بیدەن بەگوێی جیهاندا کە لەم خاک و وڵاتەی کوردا ساڵەهای ساڵە چی قەوماوەو چی روویداوە، کیمیا باران وئەنفال دوو کارەساتی لەبەرچاون دەبێ

سالْ لەدواى سالْ چروپڕ تر ياد بكرێتەوە وزيندوو رابگيرين، وەهەموو هەولْو تەقەلايەک بخرێتە گەڕ تا قەرەبووى زيان لێكەوتووان دەكرێتەوە بەسەر ژمێرييەكى تێرو تەواو بۆ هەردوو كارەساتەكە و بەهيوايين ئەوەى كە سەرۆكى هێژا جەنابى كاک مەسعود بارزانى لەبەرچاوى گرتووە بۆ هەلْەبجە وە بۆ خانەوادەى قوربانييەكانى كيميا بارانى هەلْەبجە (بەدۆلْى باليسان و سى سێ نان و قەرەداغ وگوپ تەپە و بادينان و شوێنەكانى تريشەوە) كە دەستە خوشكى هەلْەبجەن خواى گەورە فرسەت بدات بۆيان جێ بەجێ بكرێت كەوا دەزانين بەپارێزگا كردنى هەلْەبجە نۆبەرەيەكەو لە بەرچاويانە و، بەهيوايين ئەم يادە ماتەمينيە ببێتە هۆى بەخۆدا چوونەوە و بەهۆى پشتيوانى زياتر لەيەكتر كردن و گەيشتن بە ئاشتى سەرتاسەرى تا ئەم گەلە (بەكوێرايى چاوى ناحەزانى) دەگاتە ئەو مەبەستەى كە ئەو هەموو قوربانييەى لەپێناويدا داوە.

پێويستە سوپاسى بێ پايانى خوا بكەين كە گەلى كوردستان ئەمڕۆ بە ئازادى دەتوانێت ئەم يادە بكاتەوە و بە زيندو راى بگرين هەزاران سلاو لەگيانى شەهيدانى رێگاى حەق وراستى و رێگاى كوردايەتى پاک و خاوێن كە بۆ دفاع لە كەرامەت و شەرەفى كوردو كوردستان خۆيانيان بەخت كرد تا گەلەكەيان گەيشتە ئەم قۆناغە (پەرلەمان وحكومەتى هەيە) وە بۆ گيانى هەموو ئيمانداران و شەهيدانى كيميا بارانەكانى كوردستان بەتايبەتى سلاو لەگيانى پاكى سەرۆكى قارەمانى كورد مرحوم مەلا مصطفى بارزانى وەكاک ئيدريسى بارزانى سەركردەى هەميشە لەياد و هەر شكۆدار بێت يادەوەرييە مێژووييەكانى گەلى كوردو كوردستان وهەر سەركەوتوو بن لەگەلْ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ كاک مەلا تاهير بۆ ئەو وتە بەنرخەى، من لەو باوەڕەم تەعبيرى لەهەموو بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان كرد بۆ ئەم وتارە پوختەو بەنرخەى كاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەراستى تراجيدياى شارى هەلْەبجەى كورد پەروەر و وەفادار شارى دیندار تراجيدياىەكى بێ وێنەيە ئەگەر مێژووى هەمى جيهان بزڤرنەوە دەبينن كارەساتى تاوانەكە بۆ هۆ ڤێ رەنگى هاتێ تۆمار كردن گەلەک كەم وێنەيە ئەگەر بێژن ئەصلەن نينە هيچ لەمێژووى جيهاندا نەبووە سستەمەک هاولاتيانى خۆ بداتە بەرچەكى كيمياوى و بەكۆمەلْ بكوژێت و ١٠ تا ١٥ هەزار ئينسانا بكوژێت و بريندار بكات لە ماوەى چەند دەقيقەيەكدا، بەراستى چونكە تاوانێكى زۆر گەورەيە فعلەن يا بۆيە وەكو تايتلێكى يا عنوانێكى ژ بۆ گەلەكى ماف لێ خوراو يان وەكو سەرۆک بارزانى لەسەر ئەم مينبەرە ووتى كارەساتا هەلْەبجە هەرچەندە ئەنجامێ وێ خوێن ورِوون دەبينە بەلْێ گەلێ دەرگە بەرامبەر قەزيەى كوردى ڤە كرينە و هەر ئەڤەيە شايستەى خەلْكى

هەڵەبجەیە ئەو کورد پەروەرین ئەو کورد دڵسۆزین وەفاداری ڕێگەی بارزانی کوردایەتی و دینداری لڤێرێ برادەرێ زۆر پێشنیار پێشکەش کرن نەخاسمە یاداشتی خەڵکی هەڵەبجە کە فعلەن تەعبیرێ هەمی ئاخافتنێ مە هاتنێ کرنێ من لڤێرێ پێشنیار دەکەم بزاڤێت مە زێدەتر بێت و بزاڤێت خۆ گەرم وگوڕ بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوێت انسانی بۆ زێدەتر گرنگی بدەن بە کارەساتا هەڵەبجە و رامالینا پاشماوەی پێشو وکو ناساغی ئەمڕۆکە لەسەر خەڵکی هەڵەبجە دیارن، چەند کۆنفراسێ زانستی هاتنە گرێدان کە تەئکید دەکەن کە خەڵکی هەڵەبجە هێشتا تەئسیراتێت چەکی کیمیاوی لەسەر خەڵکی وێ دێتە کرنێ، لڤێ هەڵکەفتێ سەری ڕێزو نوازشێ بۆ وان هەمی شەهیدن کارەساتا هەڵەبجە و وان کورد پەروەرا و وان قارەمانا وبۆ هەمی شەهیدن کوردستانێ چەمێن و سەر کاروانێ شەهیدان بارزانی نەمرو کاک ئیدریسی جوانە مەرگ وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، فەرموو خوشکە زەهرا.

**بەڕێز زەهرا حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سێزدە ساڵە رادەبورن بەسەر کارەساتا باژێرێ هەڵەبجەیە شەهید وهێشتا چیرۆکی باژێری بریندار تنێ لەسەر دەڤا یا پێدەڤی بۆ نەهاتیا کرن گوناها هەڵەبجە ئێک ژ هەوڵ و خەباتا دوژمنی بویا بۆ قر کرن و ژناڤ بەرنا میللەتی کوردو گوناهەکا مەزن تۆمار کرد دەرحەقی مافی پێنج هەزار خەڵکی سەفیر ژ زارۆک و ئافرەت وپەککەفتیا و هێندی دەربەدەر بوون و نوکە رۆژانە توشی ئێش و ئازارا دەبن جهێی دڵخۆشیە ئەڤرۆ ئەم دبینین کارەسات بەباشی هاتە ساغ ڤەکرن لەناڤ کوردستانێ ونەخاسمە رەڤەندە کوردە لە دەرەوە بە رێپڤان و سیمنارو خۆپیشاندان لەگەڵ دروشمێن قەدەغە کردنا چەکی کۆکوژ هەوڵدانا پارتیا سۆسیال دیموکراتا ئەڵمانیا و سوید پشتگیری و پشتەڤانیەکا موکمە بۆ ژ حوکمەتا ئەڵمانی ژ بۆ قەرەبۆ کرنا پاشماوەیێن کارەساتێ و پتر هاریکاریا بۆ باژێرێ هەڵەبجە دیسان داخوازیا ژ حکومەتا هەرێمی کوردستانی دەکەین ئەوا تشیان دا هەیە بۆ بهێتە هاریکاری کرن دەربەدەریت پاشماوێت بێت نوکە لە ناڤ هەرێمیدا پاشماوەێت هەڵەبجە، دیسانێ بەناڤێ خۆ ئەم پشتەڤانێ و داخوازێ وپێشنیارێ خەلکێ هەڵەبجە دکەین جهێی خۆدانێن هەمی و لەدیماهیێ هەزار سلاڤ بۆ شەهیدێن کارەساتا هەڵەبجەیا شەهید و سەر کاروانێ هەمیا بابی مەزن مصطفی بارزانی و ئیدریسی هەردەم ساغ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس زەهرا خان، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســەعـــیـــد مــحـــەمـــەد:**

**بـەڕێـز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

جـینوسـاید و کـارەسـات و وێران کـاریا حـالەتێکی زەبرو توندو تیـژی دەسـتی دوژمنانی میللەتەکەمانە بۆ وەلام دان لەسەر هەر هاوارێک و نارەزاییەک لە پێناوی بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان و بەدیار خستنی چارەنووسی کورد وەک هەر میللەتێکی تری سەر ئەم زەوییە لێرە گرنگی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە کە بووە هۆی هەژاندنی هەموو ویژدانێکی مرۆڤایەتی و بووە هۆی تۆمار کردنی لاپەرەیەکی خوێناوی و پر معاناتی گەلی کورد، هەڵەبجە فاکتۆرێکی سەرەکی بوو بۆ هەوڵدان لە قەدەغە کردنی و بەکار نەهێنانی چەکی کیمیاوی لە دنیا و هاندەرێکی هەرە گەورە بوو بۆ زیاتر بەرەو پێش بردنی کێشەی کورد و ناساندنی بە هەموو دنیا، ئەم تراجیدیایە پارچە هەورێکی رەش بوو تەنیا بەسەر منداڵان و ئافرەتان و پیرو پەککەوتەکانی ئەو شارە خۆشەویستەدا تەقییەوە ئەو بارانە ژەهراوییە بۆ چەند سەعاتێک باری و پێنج هەزار گیانی پاکی بەرەو ئاسمانی بەرین هەڵفڕاند.

سەرلەبەیانی رۆژی ٣/١٦ هێمنی و ئارامی ئاسمانی ئەو شارەی گرتەوە و خەڵکی ئەم شارە وەک جاران روویان لە بازارو کارو کاسبی خۆیان کردەوە و ژیانی رۆژانەی ئاسایی دەستی پێ کرد، هەر لەم رۆژەدا لە ١٩٨٨/٣/١٦ باڵەفڕەکانی ئاسمانی جەنگی عێراق هەڵەبجەیان بە چەکی کیمیایی بۆمبا باران کرد و هەوای شاریان رەش و تاریک کرد. ئەم گازە کیمیاییە دیاری حکومەتی عێراق بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٨٨ بۆ منالانی هەڵەبجە ئەم دیارییە بۆ چەند سەعاتێک و چەند رۆژێک نەبوو ئەم خەلاتە بۆ نەوەکانی ئاییندەشە کە بە چاوی خۆیان ئەم کارەساتەیان نەدیوە لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەمجار لە ئاستێکی بەرزەدا هەوڵ درا بەدوای نهێنییەکانی جینۆسایدی کیمیا بارانی هەڵەبجە بگەڕێن ئەمیش پرۆفیسۆر (کریستین گۆڵسن) کە زانای زانستی بۆماوەییە لە زانکۆی لێڤەرپول سەردانی هەڵبجەی کرد بەمەبەستی گەڕان بەدوای پاشماوە و کاردێژییەکانی ئەم چەکە کۆمەڵ کوژە و کارتێکردنی لە نەوەکانی داهاتوو، لە ئەنجامی دیراسەکردن دەرکەوت کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەڵەبجە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووینە تەنیا لە یەک کۆڵانی ئەم شارەدا ١٠ کەس تووشی ئەم نەخۆشییە بووینە، هەروەها لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا شێرپەنجەی قۆڵۆن بە دەگمەن بەدیار دەکەوێت، بەلام لە هەڵەبجەی شەهیددا زۆر بلاوەو ژمارەیەکی زۆر تووشی دەبن لە هەمان کاتدا ئەو خەڵکانەی کە بەر کیمیا کەوتوون و رزگاریان بووە ئێستا تووشی گرفتی دووجار بینین بوونە و لە رۆیشتندا کێشە دەبینن و هەندێکیان تووشی وەرمی مێشک هاتوون، شتێکی سەیرو ترسناک لە نێوان منالانی تازە لە دایک بوودا روودەدات کە لەهەر ١٢ منداڵی تازە لە دایک بوو یەکێکیان توانای رۆیشتن و دانیشتنی نابێت لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە رۆژی کیمیا باران زیاتر ئەو کارەساتە لە دانیشتوانی ئەم شارە دیار دەکەوێت و جۆری نەخۆشییەکان قوڵترو زیاتر دەبن و مەترسی مەرگ بلاو دەبێتەوە

داوا لە UN دەکەین کە تاوانباران پێشکەشی دادگای جەنگ بکرێن تاکو بە سزای خۆیان بگەن هەروەها داوا دەکەین کە قوربانیانی ئەم کارەساتە قەرەبوو بکرێن بە بڕیاری ٩٨٦، سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید. من لەو بڕوایەدام کە ئەندامانی پەرلەمان هەموو پێیان خۆشە لەم دانیشتنەدا باسی هەڵەبجەو کارەساتی هەڵەبجە بکەن و، لەو باوەڕەشدام کە بیروبۆچوونیان هەموو نزیکی یەکە بۆئەوەی بتوانین ئەمڕۆ بەرنامەی کارمان ئەنجام بدەین لێرەدا کۆتایی دێنین بە قسە کردن لەم بارەیەوە دەچینە سەر هەنگاوی عەمەلی کە چیبکەین باشە بۆئەوەی پێش هەموو شتێک بە پیر ئەم یادداشتەوە بچین کە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە پێشکەش بە پەرلەمانیان کردووە، بۆیە پێش هەموو شتێک بە چاکی دەزانم ئەو لایەنانەی کە پەیوەندییان بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە لایەنە تەنفیذییەکان بە نووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن وەک پێشنیارێک لە کاتی پێویست بەپێی توانا ئەنجام بدرێن ئەمە یەک.

ئەوەی لەسەر ئێمەیە وەک پەرلەمانی کوردستان بەپێی ئەو قسانە دەرکەوت ئێمە پێمان باشە ناوی هەڵبجە هەر بە زیندوویی بهێڵینەوە پەرلەمان لەم کارەدا درێغی نەکردووە بە بڕیاری پەرلەمان رۆژی ٣/١٦ رۆژێکی ماتەمینییە لە کوردستان کە هەموو ساڵێک بیرەوەری ئەم کارەساتە دەکرێتەوە بەڵام من ئەوەشی دەخەمە سەر هەر یادداشتێک یان هەر نووسراوێک هەر چالاکییەکی دەرەوەش هەبێت پێویستە باسی هەڵبجەی تێدا بکرێت و لە مەسەلەی هەڵەبجەدا تەئکید بکرێتە سەر دوو شتی سەرەکی:

یەکەم: سزادانی تاوانباران.

دووەم: قەرەبوو کردنی ئەو خەڵکەی کە زیانیان پێ کەوتووە.

خاڵی سێیەمیش کە حەزم کرد ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە لە کوردستاندا لیژنەیەکی باڵا هەیە بۆ مەسەلەی هەڵەبجەو بەدواچوونەوەی ئاسەواری کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەم لیژنەیە لە راستیدا زۆر بە کارەو کارەکەی کاریگەرە لە دەرەوە چالاکییەکی زۆری هەیەو لەناوەوەش بەردەوامە لەسەر ئاستی وەزارەتی تەندروستی هەرێمدا لەگەڵ راگری کۆلیژەکانی تەندروستی کە لە کوردستاندا هەیە زانکۆی هەولێرو زانکۆی دهۆک و زانکۆی سلێمانی لەگەڵ نوێنەرانی شاری هەڵبجە خۆی لەم رۆژانەدا کۆنگرەیەکی زانستی لە لەندەن دەگیرێ لەمبارەیەوە ئەم لیژنەیەش بەهەمان شێوە کار دەکات بەو دوو ئیتیجاهە یەکەمیان وەکو باسم کرد سزادانی تاوانباران کە نە گەلی کوردستان نە خەڵکی هەڵەبجە نە مێژوو نە مرۆڤایەتی نابێ لێیان خۆش بێت. دووەمیشان قەرەبووکردنی ئەوانەی کە زیانیان پێکەوتووە.

ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالقیش کە لەم دانیشتنەوە دەکرێ لەم پەرلەمانەوە بنێردرێتە پەرلەمانەکانی جیهان ئەمەش بە پەسند دەزانین و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی ئەم

یادداشته ئاماده دەكات لە دواییدا لە دانیشتنێكی داهاتوودا بۆتانی دەخوێنێتەوە بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت. تەسەور دەكەم لێرەدا دەتوانین كۆتایی بەم بڕگەیە بهێنین لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆماندا.

بەرنامەكەش وایە كە من بە خاڵی دووەم دەست پێ بكەم دەربارەی سەفەری سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ وڵاتانی ئەسكەندەناڤی.

لەوانەیە زۆر بەدورو درێژی باسی نەكەم هەرچەندە سەفەرەكە چالاكییەكی زۆری تێدا هەبووە بەڵام لە هەمان كاتدا ئەگەر هەلمان هەبوو پاش ئەوەی من باسێكی بابەتەكەتان بۆ دەكەم پشووەك وەردەگرین دوای پشووەكە جارێكی تر دادەنیشینەوە بۆئەوەی جارێكی تر بۆئەوەی هەندێ بڕیاری پێویست هەیە لەو بارەیەوە بۆئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین.

لە راستیدا راپۆرتێكی چاپككراو ئامادە كراوە لەسەر ئەو سەفەرە و من بۆئەوەی كات كورت بكەمەوە بە شێوەی بروسكە دەیخوێنمەوە. چالاكییەكان و ئەو شتانەی كە باسكراون و ئەو ئەنجامانەی كە پێی گەیشتووین و ئەو پێشنیارانەی كە هەمانە لە ئەنجامی ئەو سەفەرە بۆمان روون بۆتەوە ئەو شتانەی كە پێویستە بیكەین چین. وەكو ئەوەی ئەزانن سەفەرەكەمان لە ١٩/١ ساڵی ٢٠٠١ دەستی پێكرد بۆ وڵاتانی ئەسكەندیناڤی كە بۆ دووەم جارە شاندێكی پەرلەمانی كوردستان سەردانی ئەو وڵاتانە بكات و سەفەرەكە لە بنەڕەتدا زەروری بوو چونكە ماوەیەكی زۆری بەسەردا چووبوو پەیوەندییەكی راستەوخۆ لەگەڵ ئەو پەرلەمانانە نەبوو كە پەرلەمانێكی كاریگەرن لە هەمان كاتیشدا لە زرورفی ئەمڕۆدا رۆڵێكی تایبەتی دەبینن لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی دوەلی بەتایبەتی لە ئەوروپاو لە محافلی نەتەوەیەكگرتووەكان تەنیا ئاماژەیەكی ساكار بەوە بدەم كە سوید لە دەورەی ئێستای یەكێتی ئەوروپا سەرۆكایەتی وەرگرتووە ئەو سەرۆكایەتی ئەو دەورەیە دەكات نەرویج سەرۆكایەتی لیژنەی ئابلووقە لەسەر عێراق دەكات ئەویش ئەمساڵ لە ئەنجومەنی ئاسایش دەستی پێ دەكات، هەروەها فلندە وڵاتێكە كە دەورێكی باڵای هەیە لەسەر ئاستی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەشێوەیەكی گشتی رۆڵی هەبووە لە زەمانی شەڕی ساردەوە تاكو ئێستا و كەسایەتییە فلندییەكان دەورێكی دیاریان هەیە لەسەر گۆڕەپانی مافی مرۆڤ و مافە دیموكراتییەكان و خەبات لە پێناوی ئاشتی و پێشكەوتنی كۆمەڵایەتییدا.

سەفەرەكەمان یەكەم وڵات كە بۆی چووین

سوید بوو لە ٢٠/ تا ٢٤/١/٢٠٠١ لەوێ ئەم چالاكییانە كراوە:

٢٠٠١/١/٢١

* (١)ی دوای نیوەڕۆ

سیمینار بۆ هەڵبژاردەیەك لە جالیەی كوردی لە شاری ستوكهۆڵم

* ٦ی ئێوارە* سیمینار بۆ ئەندامانی پارتی لە سوید لەشاری ستۆكهۆڵم.

٢٠٠١/١/٢٢

* ١٢٫٣٠ نیوەڕۆ
دانیشتنێک لەگەڵ پارتی چەپی سویدی ئەوانەی ئامادە بوون:
خاتوو پیرنیلا زاتریوس ـ لێپسراوی پەیوەندییەکان.ـ
ئان ماری ئوگالد ـ لە پەیوەندییەکانی حزب.
ـ ئوریان سڤید بیرگ ـ لە پەیوەندییەکانی حزب.
* ٢٫٣٠ دوای نیوەڕۆ
دانیشتن لەگەڵ سەنتەری اولف پالمەی نێو نەتەوەیی ئەوانەي ئامادەبوون:
ـ کارل تام ـ سکرتێری سەنتەر (وەزیری پەروەردەی پێشوو)
ـ نالین پیرگول ـ ئەندامی پەرلەمان «سوسیال دیموکرات».
٢٠٠١/١/٢٣
* ١٠ی بەیانی
دیدار لەگەڵ هەڵسوڕێنەری پێشنیاری هەفت پەرلەمانتارەکەی سویدی دەربارەی کوردستانی عێراق:
ـ ماریان ئەندرسون ـ ئەندامی پارتی سەنتەرو ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان لە پەرلەمان
ـ یان ئیریک ئوگرین ـ لە پارتی دیموکراتی مەسیحی
ـ موراد‌ئارتین ـ لە پارتی چەپ.
ئەمانە هەمووی ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەن.
سەعات (٢)ی دوای نیوەڕۆ:
* دیدار لەگەڵ پارتی سۆسیال دیموکراتی حاکم.
* کونی فرێدریکسون ـ سەرۆکی گروپی کوردی لە اشتراکیەی دەولی.
ـ مورگان یوهانسون ـ ئەندامی پەرلەمان.
ـ بێرت ئێکهوڵم ـ لێپرسراوی مەلەفی کورد لە پارتی سوسیال دیموکراتی حاکم لە سوید.
ـ کارینا هێگ ـ ئەندام پەرلەمان.
سەعات (٣)ی دوای نیوەڕۆ:
* پارتی پارێزگارانی سویدی:
ـ گوستاف ڤون ئیسین ـ لێپرسراوی پرۆژەی قەندیل لە کوردستان کە ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانە لە پەرلەمان.
ـ نیکول کلاس ـ یاریدەری ناوبراوە.
سەعات (٣٫٤٥)ی دوای نیوەڕۆ:
* لە وەزارەتی دەرەوە دانیشتنێکی دوورودرێژ بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری چەندین بەش لەوانە:
ـ ئولریکا کرونین بیری موسبیری ـ بەڕێوەبەری بەشی عێراق

ـ نیلس روسنبیری ـ سەفیر لە وەحدەی ـ هجرەو سیاسەتی لجوء.
ـ سیدەرستام ـ بەڕێوەبەر لە بەشی قانونی.
ـ ماریکا ـ کاروباری عێراق.
ـ ـ بلومبیری ـ وەحدەی مساعداتی انسانی.
ـ غوفران ـ بەشی ڕاگەیاندن.
ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٤
سەعات (٩)ی بەیانی
* سەردانی کتلەی پەرلەمانی پارتی چەپ (پارتی سێیەم لە پەرلەمان)
ـ ئیڤا زیتاربیری ـ جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی سویدی یە.
ـ لاش ئولی ـ (مقرر) ناطقی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سویدە.
ـ موراد ئارتین ـ ئەندامی لیژنەی علاقات.
ـ هانس ئارڤید سون ـ لە علاقاتی دەولی حزبی ناوبراو.
سەعات (١)ی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ
* پارتی ژینگە (سەوزەکان):
ـ لوتا هێد سترویم ـ سەرۆکی پارتی سەوز.
ئەمانە چاوپێکەوتنەکان بوون کە لە سوید کران.
لە فلندە لە ٢٥/ تا ٢٠٠١/١/٢٦
لە ٢٠٠١/١/٢٥
سەعات ٣٠ر١٠
* سەردانی پارتی سەنتەر:
ـ ساتومیکی ـ لە پەیوەنییەکانی دەولی حزب.
ـ ریاتا تیرڤونین ـ لە پەیوەندییەکانی دەولی حزب.
سەعات (١١)
* دیدار لەگەڵ یۆکا میکۆلا ـ جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی سوسیال دیموکرات (پێشـووتر بۆ ماوەیەکی کورت سەرۆک پەرلەمان بووە).
سەعات (١٢)
* چاوپێکەوتن لەگەڵ گەورەترین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی فنلندی «هێلسنکی سانومات».
سەعات (٢)ی دوای نیوەڕۆ
* پارتی گەلی سویدییەکانی فنلندە:
ـ پوریک ئالبیری ـ منسقی گروپی پەرلەمانیان.
ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٦

سەعات (١٠)ی بەیانی
* دیدار لەگەڵ لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی پارتی لە فنلندە.
سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ
* لە وەزارەتی دەرەوە:
- تاریا کانتولا - جێگری وەزیر.
- میکا کانیرڤاڤوری - سەفیر لە وەزارەتی دەرەوە.
ئەمەش دیدارەکانی فلندە بوو.

لە نەرویچ لە ٢٧ تا ٢٠٠١/١/٣١
ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٧
سەعات (٥)ی ئێوارە
* کردنەوەی پێشانگایەکی فوتۆگرافی لە سەنتەری کولتوری کوردی لە أوسلوی پایتەخت.

سەعات (٦)ی ئێوارە
* دیدار لەگەڵ کوردەکانی نەرویج هەروەها دیدار لەگەڵ ڕێکخراوی جەنگاوەرە کۆنەکانی کورد لە نەرویج.

٢٠٠١/١/٢٩
سەعات ١٢٫٣٠ی نیوەڕۆ
* پارتی گەلی مەسیحی:
- بیارتێ تویرو - لە علاقاتی دەولی.

سەعات (٢)ی نیوەڕۆ
* ڕێکخراوی هاوکاری گەلی نرویجی لە جیهان بە ئامادەبوونی:
- نیلس ئاموند روهنێ - لە علاقاتی دەولی
- هاڵی یۆرن هانسون - سکرتێری گشتی.
- شتیل ڤولدێن - منسق برامج.
- سێگنێ فلویدال بلیکفێلد - «بەڕێوەبەری بەشی اسیا».

سەعات (٦)ی ئێوارە

* کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانی حزبە کوردییەکان لە نەرویج.
رۆژی ۲۰۰۱/۱/۳۰
سەعات (۱۰)ی بەیانی
* دیدار لەگەڵ اتحادی نقاباتی نرویجی:
ـ هانس ـ عیلاقاتی دەولی
ـ موسی ئەلغیری ـ عیلاقاتی دەولی.
سەعات (۱)ی دوای نیوەڕۆ
* دیدار لەگەڵ گروپی پارتی چەپی سۆسیالیستی لە پەرلەمان:
ـ لیزبێت رودڤێد ـ ئەندامی لیژنەی علاقاتی دەرەوە و قسەکەری گروپی کوردی لە نێو پەرلەمان.
ـ بورد ڤێگار سولهێل ـ ئەندامی حزبی ناوبراو لە پەرلەمان.
رۆژی ۲۰۰۱/۱/۳۱
سەعات (۱۲)ی نیوەڕۆ
* دیدار لە وەزارەتی دەرەوە:
ـ سیسلیا دیلۆش ـ لێپسراوی بەشی عێراق و رۆژهەلاتی ناوەڕاست.
(۱)ی نیوەڕۆ
* دیدار لە وەزارەتی دەرەوە:
ـ رایمۆند یۆهانسون ـ جێگری وەزیر لە وەزارەتی دەرەوە.
ـ کاترینا رادیۆم ـ علاقاتی دەولی لە پارتی سۆسیال دیموکراتی حاکم.
سەعات (۲) دوای نیوەڕۆ
* دیدار لەگەڵ لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمان بە ئامادەبوونی:
ـ ئاینار ستێنێس ـ سەرۆکی لیژنە سەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمان.

دانمارک
۱تا ۲۰۰۱/۲/۳
۲۰۰۱/۲/۱
(۱۱)ی بەیانی
* لە وەزارەتی دەرەوە:
ـ میکائیل یۆرتسۆی ـ لێپسراوی بەشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.
سەعات (۱٫۳۰)ی دوای نیوەڕۆ
* لیژنەی عیلاقاتی دەرەوە لە پەرلەمان:
ـ ئەنگێر ماری برۆن ـ ڤیارۆی لێپسراوی لیژنە.

- شارلۆت ئاگارد - یاریدەدەر.

رۆژی ٢/٢/٢٠٠١

سەعات (٩)ی بەیانی

* دیدار لەگەڵ پارتی سۆسیال دیموکراتی دەسەڵاتدار لە دانمارک.

- ئیریک بۆڵ - سکرتێری عیلاقاتی دەولی.

سەعات (١٥ر١٠) بەیانی

* دیدار لەگەڵ گروپی پارتی گەلی سۆسیالیستی دانمارکی.

- هۆلیگێر نیلسێن - سەرۆکی حزب و ئەندامی لیژنەی عیلاقاتی پەرلەمان.

- لێپسراوی عیلاقاتی دەولی .

- لێپسراوی سیاسەتی دەرەوە .

سەعات (١١)ی بەیانی لە هەمان رۆژ

* دیدار لەگەڵ پارتی لیستی موحد (تحالفی سوورو سەوز):

- سورین سوندیرگوردەر- سەرۆکی تحالف و ئەندامی لیژنەی علاقاتی پەرلەمان.

سەعات (٣٠ر٣)ی دوای نیوەرۆ

* دیدار لەگەڵ گروپی پارتی لیبرالی اجتماعی کە هاوپەیمانە لەگەڵ حزبی (سۆسیال دیموکراتی دەسەڵاتدار).

- ئولا ئولسین - ئەندامی پەرلەمان

- نادیا سپێزبار- ئەندام پەرلەمان.

رۆژی ٣/٢/٢٠٠١

سەعات (١)ی دوای نیوەرۆ

* کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخستنەکانی کورد سیمنارێکمان بەست لە دانمارک کە زیاتر لە (١٥٠) کەسی تیایدا ئامادەبوو.

ئەمە بە کورتی و بە پەلە دیدارەکان بوون بۆم خوێندنەوە بۆئەوەی لە پرۆتۆکۆلەکاندا تەسبیت بکرێت بێینە سەر ئەو بابەتانەی کە لەسەفەرەکەدا باس کراون لە راستیدا ئێمە ئەو سەفەرەمان بەکارهێنا کە ئێمە ئەو راو بۆچوونی خۆمان و ئەو داواکارییانەی کە هەمانە کە لەو سەفەرەدا بینیمان لەو وڵاتانە هەمووی بۆ ئەو بەرێزانەی بیخەنەروو، لە هەمان کاتیشدا بۆئەوەی بزانین راو بۆچوونی ئەو لایەنانە چییە و چی نییە، ئەمە دوو شتی هەرە گرنگ و بنەرەتی سەفەرەکەمان بوو لەو دانیشتنانە بە پلەی یەک باسی ئامانجی سەفەرەکەمان بۆ دەکردن باسی وەزع و بارودۆخی کوردستانی عێراق هەروەها باسی پەرلەمانی کوردستان و پێکهاتەی پەرلەمان تەئکیدمان دەکردە سەر بڕیاری فیدرالیزم شێوەی چارەسەری دۆزی کورد لە کوردستانی عێراقدا هەروەها تەئکیدمان

دەکردە سەر پارێزگاری نێودەوڵەتی لەسەر ئەساسی بڕیاری ٦٨٨ پێویستی بەردەوام بوونی پارێزگاری بۆ کوردستان.

باسی بڕیاری ٩٨٦ و بەشی کوردستان لەو بڕیارە و تەئکید کردن لەسەر ئەو ١٣٪)ی فرۆشتنی نەوتی عێراقی دەبێ پارێزراو بێت بۆ کوردستان لە کاتێکدا ئەگەر ئابلووقەش لابرا، چونکە راستە حیمایەی دەولی لەرووی سەربازییەوە شتێکی پێویستە، بەڵام حیمایەی ئابووری لەو گرنگترە، بەبێ حیمایەی ئابووری ژیان یان ئیدارەی کوردستان ناکرێت.

هەروەها باسی پرۆسەی ئاشتی زۆر لایەن بایەخێکی زۆریان دەدا بەو پرۆسەیە پرسیاریان دەکردو ئێمە باسی ئەو مەوزوعەمان دەکرد، پرسیاری پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەکرد وەڵامی ئەوەمان دەدایەوە باسمان دەکرد، باسی پارچەکانی تری کوردستانمان دەکرد هەروەها باسی پەیوەندیی لەگەڵ پەکەکە بەمەرجێک ئەگەر ئەوان پرسیاریان بکردبایە پەیوەندییمان لەگەڵ پەکەکە چۆنەو هەروەها هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ پەکەکە چییە؟. لەوە باسمان دەکرد کە بڕیاری یەکگرتووی پەرلەمان لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە بەرامبەر بە پەکەکە هەیە و پەرلەمان لەسەر هەمان بڕیار کە بە گشتی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بە گشتی دەنگی هەموو پارتەکانی کە لە پەرلەماندا ئامادەبوون ئەو بڕیارە وەرگیراوە.

هەروەها پەیوەندییمان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ پەیوەندییمان لەگەڵ ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی، هەروەها باسی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لە کودستانداو، باسی کێشەی پەنابەران. لەراستیدا زۆر پرسیاریان دەربارەی ئەم دوو بابەتە دەکرد لە هەموو شوێنێک پرسیاری ئەو بابەتەیان دەکرد لە ئەوروپا، بۆیە پێم باشە باسێکی ئەو مەوزوعە لە دواییدا بەتێروتەسەلی بکەین چارەسەریەکیان بۆ بدۆزینەوە رێ و شوێنێک دابنێین بۆ چارەسەرییەک یان ئیش کردن لەو دوو مەوزوعە، یەکەمیان بە کشتی وەزعی ئافرەت لە کوردستاندا کە لە وەزعێکی دواکەوتوودا دەژی پێویستی بە پاڵ پێوەنان و پشتگیری هەیە و کارکردن بۆی بۆئەوەی باری ئافرەت پێش بکەوێت لەناو کۆمەڵگای کوردستانیدا، بەتایبەتی باسی کوشتنی ئافرەت دەکرا بەبیانووی شەرەفەوە ئەمە زیاتر لە سوید تەئکیدیان لەسەر دەکرد. ئەمە دەنگێکی زۆری داوەتەوە لە دەرەوە.

خاڵێکی تری گرنگ کە باسیان لێوە دەکرد کە ئەوان داوایان دەکرد چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە مەسەلەی کێشەی پەنابەرانە ئەم خەڵکە بۆچی دەچێتە دەرەوە هۆیەکانی چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟.

وەکو باسم کرد مەسەلەی ئافرەت لە دواییدا باسی دەکەین و، هەروەها کێشەی پەنابەران ئەو پێویستە لەدواییدا بە درێژی باسی بکەین بەڵام بەکورتی رای خۆمان دەربارەی ئەم مەوزوعە ئەوە بوو ئێمە دەمانگوت ئەمڕۆ راستە لە کوردستاندا پەرلەمانی کوردستان هەیە ئیدارەیەکی کوردی هەیە حیمایە هەیە ئیستقرارێکی نسبی هەیە لە کوردستاندا بەڵام هیچ ئاسۆیەکی دوارۆژیی نییە، بڕیارێکی سیاسی نێودەوڵەتی نییە ئەم وەزعە چۆنی لێ دێت؟ پەیمانێکی نێودەوڵەتی ١٠٠٪)ی

نییە کە کێشەی کورد بگاتە چ کەنارێک، لەبەرئەوە ئاسۆیەکی سەقامگیر نییە لە کوردستاندا و ئەم خەڵکە هەست بە ترس دەکەن بەپێی مێژووی رابردوومان بەپێی وەزعی رابردوومان لە کوردستانی عێراقدا بەپێی ئەو تاوانانەی بەرامبەرمان کراوە میللەتەکەمان لە ترسێکی هەمیشەییدا دەژی لە ترسێکی بەردەوامدا دەژی و تاکو چارەسەرێکی سیاسی روونی بۆ نەکرێت تاکو پەیمانێکی روونی نەدرێتێ کە ئەپارێزرێ تا ئەگاتە ئەو چارەسەرییە سیاسییە ئەم بارودۆخە بەردەوام دەبێت و خەڵک وا هەست دەکەن کە ژیانیان دڵنیا نییە وەزعی (مطمئن) نییەو ئارامی نییە و دەچێتە دەرەوە لەبەرئەوە تکامان وایە هاوکاری ئەو خەڵکە بکەن کە دەگەنە دەرەوە و گرفتی زیادیان بۆ دروست مەکەن، ئەگەر دەتانەوێ چارەسەری مەسەلەی پەنابەران بکەن پشتگیری کورد بکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانەو سیاسی قەزیەکەی و بەرگرییەکی بەردەوامی لێ بکەن لە هەموو مەحافیلی دولیدا ئەو کاتە کەس هەنجەتی نامێنێ بچێتە دەرەوە ئەو کاتە ئیمەش دەتوانین هاوکاری بکەین بۆ چارەسەری ئەو مەسەلەیە لەناوەوەی وڵاتەکەمان تا ئەوە نەبێت ئێمە ناتوانین هیچ گرێنتییەک بدەین. تەبیعی ئەو بابەتە دوایی دێینەوە سەری باسی لێ دەکەینەوە.

ئەو شتانەی ئێمە بە تەئکید داوامان کرد کە زۆر سوور بووین لەسەری و بەشتی گرنگی و ژیانیمان دادەنا سەبارەت بە مەسەلەی کوردەوە ئەو بابەتانە بوون وەکو باسم کرد ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باسم کردن هەمووی وەڵامی پرسیاری ئەوان بوو.

ئەو شتانەی لای ئێمە داواکاری و باسمان کردن ئەمانەیە:

ئیمە داوامان دەکرد بەگشتی پشتگیری چارەسەرێکی سیاسی بکەن بۆ قەزیەی کورد مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسییە میللەتێکی زوڵم لێکراوە هیچ نەبێ لەم سەدەیەدا غوبنێکی سیاسی گەورەی لێ کراوە پاش شەڕی جیهانی یەکەم و ئەم کێشەیە ئەگەر چارەسەرێکی سیاسی بۆ نەدۆزرێتەوە چارەسەرێکی عادیلی بۆ نەدۆزرێتەوە ئەم گرفتە بەردەوام دەبێت دەبێتە هۆکارێکی ناسەقامگیری لە ناوچەکەو لە وڵاتەکەی ئێمەدا و خەڵکێکی زۆر بە ئازارییەوە دەتلێنەوە و خەڵکێکی زۆر تووشی عەزاب و مەینەتییەکی زۆر دەبن و ئەوەشمان ئەخستەوە بیر کە میللەتی کورد گەورەترین میللەتە لەسەر زەمیندا نزیکەی (٤٠) ملیۆن کەسە کە هیچ مافێکی نییە بەشێوەیەکی رەسمی هیچ حوکمێکی ئەوتۆی نییە.

سەبارەت بە کوردستانی عیراقەوە کە ئیشی ئێمەیە تەئکیدمان دەکردە سەر بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە لە مانگی (١٠)ی ١٩٩٢ەوە وەرگیراوە ئەویش بڕیاری فیدرالیزمە ئەمانگوت چارەسەری قەزیەی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەوەیە لە عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا کورد دەزگای شەرعی خۆی هەبێت و بەشێک لەو فیدرالییە بە ئارەزووی خۆی یەک دەگرێت لەگەڵ برای خۆیدا دەتوانێ لەو وڵاتەدا بژی ئەگەر وا نەبێ وەزعەکەی هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە لەبەرئەوە دەبێت پێش هەموو شتێک پشتگیریان بکەن بۆ ئەو چارەسەرە سیاسییە، ئەو چارەسەرە

سیاسییەش هەندێ مەرجی هەیە، چارەسەری سیاسی لە کوردستانی عێراقدا مەرجی هەیە:
یەکەم: دەبێت فیدرالی بێت.
دووەم: ئەو چارەسەرییە دەبێت بەپێی رێککەوتنامەیەکی رێکوپێکی مۆرکراوو و موفەسەڵ ئیمزا کرا بێت و گرێنتییەکی نێودەوڵەتی هەبێت تەجروبەی میللەتی کورد تەجروبەیەکی زۆر تاڵ و ناخۆشە تا ئێستا چەندین رێککەوتن کراوە لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا و هەر کاتێک عێراق هەستی کردبێ کە وەزعی باشترە پاشگەزبۆتەوە ئەو رێککەوتنامەی تێکداوە لەبەرئەوە هەر رێککەوتنامەیەک بکرێت یان هەر چارەسەرییەک بدۆزرێتەوە ئەگەر گرێنتییەکی نێودەوڵەتی لەگەڵدا نەبێت دەزگایەکی نێودەوڵەتی وەکو نەتەوەیەکگرتووەکان یان دەزگایەکی گەورەی نێو دەوڵەتی نەبێت کە زەمانی ئەوە بکات میللەتی کورد هەستی ئەوە ناکات کە چارەسەری کێشەکەی کراوە.
گرێیەکی تری ئەساسی هەیە کە پێویستە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە ئەویش مەسەلەی شارە گەورەکانی کوردستانە کە لەژێر لێشاوی تەعریب و تەهجیرو تەبعیس کردن دایە (کەرکوک، خانەقین، سنجارو شارەکانی تر)، ئەمانە ئەگەر نەگەرێندرێنەوە بۆ ناوچەی کوردستان لە زمنی ئەو چارەسەرە فیدرالییە نەبێت ئەمە کێشەیەکە و گرێیەکە هەر ئەمێنێت دەبێتە هۆی تێکچوونەوەی وەزعەکە جارێکی تر لەبەرئەوە هەر چارەسەرییەک هەبێت دەبێت ئەوە رەچاو بکات لە هەمان کاتیشدا دەبێت مەزمون بێت و ئەو حەلە پرلەمانی کوردستان پێی رازی بێت، پەرلەمانی کوردستان بریاری فیدرالیزمی بە گشتی دەنگی هەموو حزبەکانی کوردستان وەرگرتووە (١٠٥) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کە تەمسیلی هەموو کوردستانی عێراق دەکەن بە گشتی دەنگ ئەو بریارەیان وەرگرتووە و ئەو بریارە تەمسیلی رای میللەتی کورد بە گشتی دەکات. ئەم چارەسەرییە مەدای دوورە ئەم چارەسەرییە ئەمە حەلێک نییە ئەمرۆ و سبەینێ جێبەجێ ببێت لەوانەیە سبەینێ جێبەجێ ببێ، بەڵام لەوانەشە پاش (٢٠) ساڵی تر جێبەجێ ببێت تا ئەو کاتەی ئەم چارەسەرییە جێبەجێ دەبێت ئێستا پێویستمان بەدوو شتی ئەساسی هەیە یەکەمیان بەردەوام بوونی حیمایەیە لەسەر کوردستان، دەبێت کوردستان بپارێزرێت.
دووەم حیمایەی ئابووری، دەربارەی حیمایەی ئابووری ئێستا بریاری ٩٨٦ هەیە کە بەشێوەیەکی باش هاوکاری پێشکەوتنی وڵاتەکەمان و بووژاندنەوەی وڵاتەکەمان و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەمان دەکات پێویستە ئەو بریارە بەردەوام بێت یان هیچ نەبێت (١٣٪)ەکە بەردەوام بێت بەهەرشێوەیەک بێت بەهەر شێوازێک بێت هەتا پاش ئەوەی کە ئەو بریارە نەماو راوەستا دەبێ نەتەوە یەکگرتووەکان هەتاوەکو پاش ئەوەی ئەو بریارەش نەما و راوەستا، ئەبێت نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگا نێودەوڵەتییەکان ئەو ١٣٪ نەوتی عێراقە مسۆگەر کەن بۆ کوردستانی عێراق، ئەگینا هەموو ئیشەکە تێک دەچێ، زۆر پرسیار کرا سەبارەت بە لابردنی ئابلۆقەی ئابووری، ئێمە وتمان ئابلۆقە هەموو عێراق دەگرێتەوە، بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی

تری عیّراقیش بەگشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێ شت هەیە کە کاتێ بیر لە لابردنی ئابلّوقە دەکرێتەوە، یا کەمکردنی دەکرێت دەبێت رەچاو بکرێت، مەسەلەی دیموکراتی لە عێراقدا ئەوە مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە عێراقدا، نەهێشتنی چەکی کۆکوژە، پاراستنی ئاسایشی دراوسێکانە، مافی مرۆڤ و بەعەرەب کردن و ئاوارەکردنی کوردەکان چارەسەر بکرێت، هەروەها جەختمان کردە سەر ئەوەی کەوا ئەو شتانە هەموو پەیوەست بکرێت بە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە هەمان کاتدا داوامان دەکرد بەتایبەتی لە حیزبەکان کە دادەنیشتین لەگەڵیاندا کە کۆنفرانسێکی جیهانی لەسەر مەسەلەی کورد بکرێت و، زۆربەی ئەوانیش پشتگیری ئەوەیان دەکرد کە کۆنفرانسێک بکرێت و هەوڵی بۆ بدەن، هەروەها داوامان دەکرد کە پشتگیری لە پرۆسیسی دیموکراتی بکرێت لە کوردستاندا، پشتگیری لە پەرلەمانی کوردستان بکرێت، پشتگیری لە هەڵبژاردنی داهاتوو بکرێت، پشتگیری لەوە بکرێت چارەسەری کێشەکان لە کوردستان خۆیدا لە رێگای گفتوگۆدا بکرێت، فشاری خۆیان بخەنە سەر هەموو لایەنە سیاسییەکان بەگشتی بە رێگای ئاشتی و دیموکراتییەوە و پەنابردنە بەر رێگای دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، هەروەها داوای هاوکاری و کۆمەکی مرۆڤایەتییمان دەکرد بۆ کوردستانی عێراق، داوای پشتگیریمان دەکرد لە زانکۆکان، داوای هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانمان دەکرد، بانگهێشتی هەموو ئەو پەرلەمانتار و حزبانەمانە کردووە بۆ کوردستان و، جەختمان کردووەتە سەر ئەوەی کە هاوکارییەکی تەواومان بکەن لە مەسەلەی وشکەساڵی و بێ کارەبایی و کرینەوەی بەروبوومی جوتیاران و باری تەندروستی لە کوردستاندا، ئەمە بەگشتی ئەو شتانە بوو کە لەوێ باس کرا و بە کورتی باسی ئەو چالاکی وکارانە کرا کە لەو سەفەرە ئەنجام دراوە، سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان و ئێستا بۆ ماوەی «٢٠»دەقیقە پشوویەک دەدەین بۆ حەسانەوە، پاش حەسانەوەکە هەر پرسیارێکتان هەبێت ئەوە بە تەفسیل وڵامتان دەدەینەوە، سوپاس.

پاش پشوودانەکە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنی ئەمرۆمان داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پرسیار، یاخود موداخەلەیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین و، ئەوانەی لە خاڵی یەکەم سەرەیان نەهات قسە بکەن ئەوە پێشیان دەخەین، ئەگەر پرسیاریان هەبێت، ناوەکان ئەخوێنمەوە ئەو بەڕێزەی ناوی نەخوێنرایەوە با ئاگادارمان بکاتەوە، شەفیقە خان، کاک رەجەب شەعبان، کاک حاکم سەفەر، کاک سیروان، د.رزگار، ماموستا مەلا مەحمود، کاک سەعید یەعقوبی، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە سەفەرەکەی جەنابتان کە کردتان بۆ دەرەوەی وڵات، دەسخۆشیتان لێ دەکەین و هیواداریـن لەو وڵاتانەی کە گوێیان لە دەنگ و لە زایەڵەی ئێمە و پێشنیارەکانی جەنابتان بووە بە یاری خوا لە گفتارەوە بیبێت بە کردار بەرەو چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، پرسیارەکەی من ئەوەیە لە باسی کێشەی کورد جەنابتان باسی ئەوەتان کرد کە باسی ئافرەتانی کورد و کێشەی ئافرەتی کورد کراوە و، هەوڵ ئەدرێت بۆ پێشکەوتنی، ئەو هەوڵە کە ئەدرێت بۆ پێشکەوتنی کێشەی ئافرەتی کورد لە کوردستاندا، پرسیارەکەی من لەو بارەوەیە کە بۆمان روون بکرێتەوە کەوا چۆنە، چونکە بەراستی ئافرەتی کورد گیرۆدەی گەلێک دەردە، یەکێک لەوانە وەکو ئافرەتانی هەڵەبجە ئەمویست باسی بکەم کە زۆربەیان مردوون و بەشی زیندوو ئەخۆن کە کەم ئەندام چییان بۆ کراوە؟، زۆر لە خاوەنی شەهیدەکان کە تاوەکو ئێستا لە خاوەنەکانیان پرسیار دەکەین کە مووچەخۆر بوون لە کاروباری میریدا تاوەکو ئێستا خانەنشینییەکەیان پێ نادرێ، هەروەها ئەو مەترسییەی کە هەیە سەبارەت بە ئایندەی کورد ئەوە بووەتە هۆی سەرەکی هاندانی گەنجەکانمان بۆ بەجێ هێشتنی کوردستان وروو لە دەرەوە کردن، ئەوانەش بوونەتە خۆراکی ماسی و مارومێر و، هەروەها بوونەتە کارتی یاری بە دەستی قاچاخچییەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەفەر و ماندوو بوونی جەنابتان جێگای رێزو سوپاسە و تەقدیری ئێمە هەمووانە، من لێرەدا دوو پرسیارم هەیە، گومانی تێدا نییە کەوا جەنابتان هەندێ بانگهێشتان پێشکەش کردووە بە پەرلەمانتاران کە بەڕێزتان چاوتان پێیان کەوتووە، ئایا چەند پەرلەمان ئەو بانگهێشتەیان وەرگرتووە و رازی بوونە بێنە کوردستان، پرسیاری دووەمیش ئەوەیە کە بەڕێزتان چ گفتوگۆیەکتان کردووە لەگەڵ ئەوان سەبارەت بەوەی کەوا ئێمە نوێنەرێکمان هەبێت لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاپۆرتەکەی جەنابتانەوە دیارە کەوا سەردانەکەتان زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڕاستی تەمەنی پەرلەمان کەوا نزیکەی «٩» ساڵ دەبێت سەردانەکانی پەرلەمان زۆر کەمن جا چ ئێستا و چ لە ڕابردووشدا، هەروەها ژمارەی ئەندامانی شاندەکانی پەرلەمانیش کە دەروات بۆ دەرەوە کەمن، جا هیوادارین کەوا ئەو جۆرە چالاکی و هاتووچۆیانە زیاتر بێت لە ئایندەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەفەرەکەتان پیرۆز بێت و، ببێتە هاندەری گەلێک سەفەری تری پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرەوەی هەرێم، داوای میللەتی کورد بە ڕاستی و دروستی بخەنە پێش چاوی هەموو جیهان، تەنها من لێرەدا یەک پرسیارم هەیە ئەویش، ئایا ئیستجابەی ئەوان بەرامبەر بە مەسەلەی کوردی چۆن بوو؟، چونکە وەکو پەندێکی کوردی دەڵێت: (سەد گوتن گوری کریارەکی بیت) ،ئایا پەیوەندی ئەوان لەگەڵ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بەو هێزەیە کە هاوکاری مەسەلە و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەممەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارەکەم دوو بەشە، بەشێکی پەیوەندی بە هەڵەبجەوە هەیە و، بەشەکەی تریش پەیوەندی بە گەشتەکەی بەڕێزتانە بۆ دەرەوەی کوردستان، بە بۆچوونی من بڕیاری «٦٨٨»ساڵی ١٩٩١ تەنها بڕیارێکە بۆ کورد، ئایا سەرۆکی پەرلەمان و شاندە یاوەرەکەی لەو دیدارو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ پەرلەمانتار و حزبەکان باسی ئەو بڕیارەیان کردووە، یاخود نە؟، چونکە ئەو بڕیارە تەنها بڕیارە کەوا باسی بەرژەوەندی میللەتی کورد دەکات، جا بۆیە دەتوانرێت سوودی لێ وەرگیرێت بۆ مەسەلەی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەروەها سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ناردنی لیژنە و ڕێکخراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو کردارانەی کە حکومەتی بەغدا کردوویەتی دژ بە میللەتی کورد، ئەگەر ڕێگام بدەن چەند خاڵێک لەو بڕیارە بۆ بەڕێزان بخەمە پێش چاوو، بڕیاری «٦٨٨»ی ئەنجومەنی ئاسایش لە دانیشتنی ژمارە «٣٩٨٣» لە ئەپریلی ساڵی ١٩٩١، بڕیارەکە زۆر دوور

و درێژه، بەڵام ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی کوردەوە ئەوەیە: (إذ يضع في إعتباره تقرير الامين العام المؤرخ في ٣٠ اذار ١٩٩١، ١ـ يدين القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في اجزاء كثيرة من العراق والذي شمل مؤخراً المناطق السكانية الكوردية وتهدد نتائجه السلم والامن الدوليين.

٢ـ يطالب بان يقوم العراق على الفور وباسهام منه في إزالة الخطر الذي يهدد السلم والامن الدوليين في المنطقة بوقف هذا القمع.

٣ـ يصر على ان يسمح العراق بوصول المنظمات الانسانية الدولية على الفور الى جميع من يحتاجون الى المساعدة في جميع انحاء العراق ويوفر جميع التسهيلات اللازمة لعملياتها.

٤ـ يطلب من الامين العام ان يواصل بذل جهود إنسانية في العراق وان يقدم على الفور وإذا اقتضى الامر على اساس إيفاد بعثة أخرى الى المنطقة تقريراً عن محنة السكان المدنيين العراقيين و خاصة السكان الاكراد الذين يعانون من جميع اشكال القمع الذي تمارسه السلطات العراقية.

٥ـ يطلب كذلك الى الامين العام ان يستخدم جميع الموارد الموجودة تحت تصرفه بما فيها موارد وكالات الامم المتحدة ذات الصلة للقيام على النحو العاجل بتلبية الاحتياجات الملحة.

٦ـ يناشد جميع دول الاعضاء وجميع المنظمات الانسانية ان تساهم في جهود الاغاثة الانسانية.)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم بڕیارە شتی گرنگ تریشی تیادایە کە پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، سوپاس، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆشحاڵییە کەوا جەنابتان بەو شێوە فراوانە لە دەرەوەی وڵاتدا پێشوازی کراون و ئەو باسانەتان لەوێدا کردووە، من دوو خاڵم هەیە، یەکێکیان کاک سەعید یەعقوبی باسی کرد کە ئەویش سەبارەت بە بڕیاری «٦٨٨» بوو، حەزم دەکرد بزانم کەوا جەنابتان تاوەکو چ رادەیەک باستان لەوێ لێ کردووە، چونکە بەراستی خاڵێکی زۆر موبهەم هەیە لە مەسەلەکاندا، زۆر جاریش لێرە لە کەناڵەکانی راگەیاندن و جێگاکانی تریش تەفسیری جۆراوجۆر لەو بڕیارە دەکرێت، کە گوایە بڕیارێکی لاوازە و بڕیارێکە باوی نەماوە، ئەم مەسەلە هەقە بۆ خۆشمان لە ئایندەدا پیایدا بچینەوە و، حەزیشم دەکرد بزانم ئایا تاوەکو چ رادەیەک ئەم بڕیارە لەوێدا باسی لێوە کراوە، رەنگە تەفسیرێکی هەڵەش هەبێت لە پابەندبوونی بڕیارەکە، چونکە هەموو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندی خۆی هەیە، بەڵام شێوازی چارەسەرکردنەکە بەشێوەی

گفتوگۆیە، نەک بەشێوەی بەکار هێنانی هێز، هەروەها لە بڕیارەکەدا هاتووە کەوا ئەمینی گشتی ڕاپۆرتێک پێشکەش بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمینی گشتی ڕاپۆرتێکی پێشکەش نەکردووە، کاتی خۆی (ڤاندورشتور)یش دانرا بۆ ئەوەی بەدوای ئەم مەسەلەیەدا بچێت ئەویش لە ١٩٩٩ئیستیقالەی کرد، خاڵی دووەم، سەبارەت بە کێشەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتە، بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و ڕۆژبە ڕۆژ فراوانتر ئەبێتەوە، حەزم دەکرد کەوا بزانم لە دەرەوە چ بۆچوونێک هەیە سەبارەت بەم کێشەیە و،بە چ شێوازێک ئەوان بیر لەم مەسەلەیە دەکەنەوە لە میانەی بڕیاری «٦٨٨»، ئایا ئەم مەسەلەیە لە سایەی ئەو بڕیارەدا چۆن دەوروژێنرێت و چۆن چارەسەر دەکرێت؟، تاوەکو ئەم مەسەلەیەش بمێنێتەوە ئەم کێشانەش بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە و، ئەبێت لە میانی ئەم بڕیارەدا کە وەکو جەنابتان ئاماژەتان بۆی کرد کە پەرلەمانی کوردستان وەری گرتووە لە مەسەلەی فیدرالییەتدا و، تاوەکو ئەو بابەتەش بەو شێوەیە بمێنێتەوە دەستی حکومەتی کوردستان کراوەیە ـ حکومەتی عێراق تا ئێستا بەردەوامە لەسەر سیاسەتی بەعارەب کردن و تەسحیحی نەتەوەیی و ڕاگوێزان و دروست کردنی حیزامی ئەمنی تازە و دەیان شتی تریش کەوا هەن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، ڕاستە بڕیاری «٦٨٨» تاوەکو ئێستا بەو شێوەیە ئیشی پێ ناکرێ، لە هەمان کاتدا بڕیارێکی مولزەمە، بەڵام شێوازی کار پێکردنەکەی پێویستی بە کار پێکردن هەیە، پێویستە سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان هان بدرێت بۆ ئەوەی لەم مەسەلەیەدا تەدەخول بکات و، ڕاپۆرت بنێرن و خەڵک بنێرن بۆ ئەوەی بە دوای ئەم مەسەلەیەدا بچنەوە و، پێویستە ئێمە ئەم مەسەلەیە بەگر بخەینەوە و، ئەگەر جەنابیشتان بە باشی بزانن ئەم دوو بابەتە بابەتی بڕیاری «٦٨٨» ومەسەلەی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم لە فرسەتێکی نزیکدا بەشێوەیەکی فراوانتر باسی بکرێت لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا، بەتایبەتیش لەم بارودۆخەی ئێستادا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوای ئێمە ئەوەیە کەوا سەردانی بەسوود تر و زیاتر بکرێت، چونکە ئەم جۆرە سەردانانە سوودێکی یەکجار زۆری بۆ میللەتی کوردستان هەیە، ئەو سەردانەی جەنابتان کە کردتان بۆ خزمەتی دۆزی میللەتی کوردە، من پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە مەسەلەی ئاسایش، وەکو هەموو دەزانین کەوا مەسەلەی ئاسایش مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ و، مەسەلەیەکی زۆر پێویستیشە، پاش پێداویستی فسیۆلۆجی پێداویستی ئاسایش دێت، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە ئێمە پارێزراوین، کە نەتەوەیەکگرتووەکان بەم کارە هەڵدەستن، بەڵام هەر

«٦»مانگ جارێک تازەکردنەوەی ئەم پاراستنە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بووەتە کۆسپێک لە پێش سەرمایەدارە بیانییەکان بۆ ئەوەی بێن بۆ کوردستان و ئیستثماراتی خۆیان بکەن و، لێرەشدا ئیش پەیدا بێت و خەڵک بکەوێتە کار و، ئاستی ئابوریشمان بەرز بێتەوە، ئەمەش لەوانەیە ئەگەرێکی سەرەکی بێت بۆ پاڵ پێوەنانیان بۆ بەرەو هەندەران چوون، جا ئەگەر کوردستان بەتەواوی بپارێزرێت و ئەمن و ئاسایشی تەواوی بەرقەرار بێت لە کوردستاندا دەتوانین بڵێین کەوا چوونە هەندەران کەمتر دەبێت لەوانەشە هەر نەمێنێت و کەس بیر لەوە نەکاتەوە کەوا بڕوات بۆ دەرەوەی کوردستان، جەنابتان باستان کرد کەوا لە چاوپێکەوتنەکانتاندا باسی ئەو خاڵەتانە کردووە، بەڵام ئایا جەنابتان باسی ئەوەتان کرد کەوا ماوەکە لە «٦»مانگ جارێکەوە بکرێت بە هەر هیچ نەبێت دوو ساڵ جارێک تاوەکو ڕێگا بۆ سەرمایەدارەکان خۆش بێت بۆ ئەوەی بێن لە کوردستاندا کار بکەن، تاوەکو باری ئابووری کوردستان بژێتەوە و خەڵکی بەرەو هەندەران نەچن، دووەم، بەڕێزتان ئاماژەتان بۆ ڕێژەی ١٣٪ نەوت بەرامبەر بە خۆراک کرد، کە ئەمە یەکەم جارە لە مێژوودا گەلی کوردستان بەرهەمی خۆی نەکرێتە گوللە و ژەهر و بەسەریدا ببارێت و، ببێتە خۆراک و دەرمان پێی بژێین، ئەمە پێشکەوتنێکی زۆر گرنگە بۆ میللەتی کورد، هەرچەندە ئێمە وەکو میللەتی کورد وا هەست دەکەین کەوا شایستەی ١٣٪ زیاترین ،ئەمڕۆ پێشکەوتنێکی سیاسی زۆر هەیە لە ناوچەکەدا کە لەوانەیە لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا پێشکەوتنێکی زیاتر سەرهەڵدات، هەرچەندە وەکو بەڕێز سەرۆک بارزانی لێرەدا فەرمووی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کەوا میللەتی عێراق ئازار بچێژێ، بەڵام ئەوەی دەستی لە ناو ئاودا بێت وەکو ئەوە نییە کە دەستی لەناو ئاگردا بێت، جا ئەوان هیچ گرنتییەکیان نەداوە بۆ ئەوەی کەوا ئەو ڕێژەی ١٣٪دا بچەسپێت ئەگەر ئابلۆقە لەسەر عێراق هەڵگیرا؟، جا ئەگەر بەڕێزتان زیاتر بۆمانی ڕوون بکەنەوە کەوا ئەوان تاوەکو چ ڕادەیەک ئەم ڕێژەیەمانە بۆ دەچەسپێنن لەکاتێکدا ئەگەر ئابلۆقە لەسەر عێراق هەڵگیرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوادارین گەشتەکەت گەشتێکی سەرکەوتوو بێت و، لەمەو دواش شێوەیەکی تر بەخۆیەوە بگرێت کە سەرۆکی پەرلەمان بەتەنها سەفەر نەکات بەڵکو شاندێکی لەگەڵدا بێت، پرسیارەکەشم ئەوەیە کە ئایا چ لارییەک هەیە لەوەی کە کاتێک سەرۆکی پەرلەمان بانگهێشتی بۆ دێت چەند ئەندامێکی پەرلەمانیش لەگەڵ خۆیدا ببات، ئەگەر بانگهێشتەکە تەنها بۆ سەرۆکیش بێت، ئەویش بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تاوەکو زیاتر سەردانی پەرلەمانەکانی جیهان بکەن زیاتر

خیبرە وەردەگرن، چونکە ئەمە یەکەم پەرلەمانە لە کوردستاندا هەڵبژێردراوە، بەڵام پەرلەمانەکانی جیهان چەندها ساڵە کار دەکەن و لە ئێمە زیاتر خیبرەیان پەیدا کردووە، جا داوا دەکەم کەوا ئەم خاڵەمانە بۆ زیاتر روون بکەیتەوە، پرسیاری دووەمیشم ئەویە کە ئەو بیروراyانەی کە ئەتان خستە روو ئیستیجابەی ئەوان چۆن بوو بەرامبەر بەو بیرورایانەی ئێوە؟، بەتایبەتیش لە بارەی پاراستنی ئاسایشی کوردستانەوە؟، پرسیاری سێیەم ئەوەیە ئایا ئەوانەی کە بەڕێزتان بانگهێشتیانیان کردوون بۆ کوردستان ئیستیجابەیان کردووە و بانگهێشتەکانیان وەرگرتوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی دەست خۆشیتان لێ دەکەم بۆ ئەو ماندوو بونەتان، ئێمە هەموو رۆژێک ئاگاداری ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە بووین کە جەنابتان ئەنجامتان دەدا لە دەرەوە ئەویش لە رێگای راگەیاندنەکانی خۆمانەوە و، من وا هەست دەکەم کە بەرهەمی ئەو گەشتەش رەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە، چونکە لە رۆژی ٣/٢١ پەرلەمانی دانیمارکی دانیشتنێکیان دەربارەی سزا ئابووریەکانی سەر عێراق و چۆنیەتی هەڵگرتنی ئەم سزایانە، باسی گەلی کوردیشیان کردووە و گرنتی ئەوەشیان داوە کە هەتا سزا ئابووریەکانی سەر عێراقیش هەڵگیرێت پاراستنی گەلی کورد هەر بەردەوام بێت و، ئەوە بەرهەمی ئەو گەشتەی بەڕێزتانە و،هیوادارم کەوا گەشتی لەم جۆرە زیاتر بکرێت و، پێشنیارێکیشم هەیە کە ئەگەر بکرێت گەشتێکی لەو بابەتە بۆ وڵاتە عەرەبییەکانیش بکرێت، وڵاتە عەرەبییەکان ئێستا کە قیمەی عەرەبی دەبەسترێت بەهیچ شێوەیەک بەلای کورد و مەینەتی میللەتی کوردا ناچن و، هەرگیز باسی ئەوە ناکەن کەوا رژێمی عێراق چەکی کیمیاوی، یا ئەنفال و زوڵم و زۆرداری دەرهەق بە میللەتی کورد ئەنجام داوە، ئەگەر سەفەرێکی لەو بابەتە بکرێت لەوانەیە بتوانین سۆزی عەرەبەکان بۆ خۆمان رابکێشین و، سەبارەت بە ئافرەتیش حەز دەکەم ئەگەر بۆ ئافرەتانیش سەفەرێک ساز بدەن بۆ ئەوەی ئێمە لە نزیکەوە باسی کێشەکانی ئافرەتانی کوردستان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من پێش هەموو شتێک حەز دەکەم باسی دوو شت بکەم یەکەمیان ئافرەتان و دووەمیشیان باسی کۆچبەرانی هەندەران، ئەمڕۆ لە جیهاندا جووڵانەوەیەکی جیهانی هەیە بۆ پشتگیری لە مافەکانی ئافرەت ئەویش لەسەر ئاستی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەموو رێکخراوەکانی جیهانی، لەکوێ ئافرەت مافی خوراوە، یاخود باری باش نییە، یا بەزەبر و زەنگ

مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ ئەوەی پشتگری لێ بکرێت و باری چاک بکرێت و رۆڵی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا ببینێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی یەکسانی دیموکراتی سەرانسەری جیهان بگرێتەوە، ئەمڕۆ ڕێز و تەقدیری هەر میللەتێک بە شێوەی مامەڵە کردنیانە لەگەڵ ئافرەتدا و، بەو چاوە رەچاو دەکرێت، جا بۆیە مەرج نییە کورد بچێت بۆ ئەوروپا و باسی ئەو بابەتەی لێ بپرسن، ئەگەر عەرەبیش بچێت بۆ ئەوروپا هەمان پرسیاری لێ دەکەن و وەفدی هەر میللەتێک بچێت هەمان پرسیاری لێ دەکەن، لەوەی کە رادەی بەشداری ئافرەت لە ناو کار و بەرهەم و ژیانی کۆمەڵدا، ئەگەر رادەی لە ئاستێکی پێشکەوتوودا نەبێت ئەم پرسیارانەی لێ دەکرێت و، داوای لێ دەکرێت جا چ شاندی حکومەت بێت، یا شاندی حزبەکان داوای لێ دەکرێت کەوا ئەویش رۆڵی خۆی ببینێت لەو بارەیەوە، لە هەمان کاتیشدا پرسیاری وەزعی ئافرەتی لێ دەکرێت، چونکە ئەوە وەکو مقیاسێک سەیری وەزعی ئەو کۆمەڵگایەی پێ بکرێت، بەرای من لەوانەیە وەزعی ئافرەتی کورد لە وەزعی ئافرەتانی دراوسێکانمان باشتر بێت، مەرکەزی کۆمەڵایەتی و رێز و تەقدیری و کە تەماشا دەکرێت بە چاوێکی بەرزەوە تەماشا دەکرێت و، لەهەمان کاتیشدا هەندێ کەموکورتیمان هەیە کە لە شوێنی تردا بە شێوەیەکی خراپ دەژمێردرێت و، زۆر شوێنی دژ بە ئێمە بە خراپە بەکار دێت، لەبەر ئەوە من نایشارمەوە ئەو شوێنانەی کە بۆی چووین کەسایەتی و بەرپرس و ئەندامی پەرلەمان نەبوو کە نەیبینین و باسی ئەو مەسەلەیەمان لەگەڵدا نەکات، یەکێک بوو لە بابەتە هەرە گرنگەکان کە باسی لێوە دەکرا، شانبە شانی مەسەلەی ئاشتی ناوخۆی کوردستان باسی لێوە دەکرا، شانبەشانی مەسەلەی ئاسایش و پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتەکانی دراوسێدا مەسەلەی ئافرەتی کورد باسی لێوە دەکرا، هۆکەشی بۆ ئەو چەند رووداوە ناخۆشە دەگەڕێتەوە کە لەم دووایەدا رووی داوە، بەتایبەتی مەسەلەی کوشتن، ئافرەت لێرە بە جورەها ناوەوە بە ناهەق دەکوژرا، کوشتن هەر تاوانە جا بە هەر شێوەیەک بێت، لە دەرەوە چەند کەسانێک هەبوونە کە خێزان،یا کچیان ئەهێنایەوە بۆ ئێرە و دەیان کوشتن، ئەمە دوژمنانی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان وتاریان لەسەر نووسیوە و بڵاویان کردووەتەوە و، وایان پیشان داوە کەوا مافی ئافرەت لێرە هەر نییە، لەبەر ئەوە ئەو مەسەلەیە بەشێکی گەورەی ئیشەکەمانی وەرگرت کە وەڵامیان بەینەوە کەوا وەزعی ئافرەت چۆنە وچۆن نییە و، بۆچوونمان چییە بەرامبەر بە ئافرەت، ئێمە لێرە دەزگای یاسادانانین لە کوردستاندا بە پێی یاسا ئافرەت شان بەشانی پیاوە و یاسا دەیپارێزێت، تاوان بەرامبەر بە ئافرەت بکرێت، یا بەرامبەر بە پیاو بکرێت، بەرامبەر بە موسڵمان بکرێت، یا ئاشووری هەر بە تاوان دەژمێردرێت و، ئەبێت بە پێی یاسا سزا بدرێت، بەڵام ئەو کەموکورتیانەی کە ئێمە هەمانە ئێمە خۆشمان دەیزانین، راستە ئێمە لە پێش ئەواندا ئەم کەموکورییانەی خۆمان ئاشکرا نەکەین، بەڵام لەناو خۆماندا پێویستە باسیان بکەین و، پێویستە لە ناو خۆماندا راشکاو بین، ئێمە ئەگەر ئەمانەوێت بەشێوەیەکی حەزاری میللەتەکەمان پیشان بدەین، ئەگەر بمانەوێت خەڵکی بەبێ تەگەرە و بەبێ ئەوەی گرێ لەدڵیاندا

بێت بێن پشتگیریمان لێ بکەن، ئەبێت ئێمە خۆمان لەناو خۆماندا وەزعێکی دیموکراتی و یەکسان و دادپەروەرانە بەرپا بکەین، ئەگەر نەتوانین ئەوە بۆ خەڵکی بسەلمێنین و کاری بۆ نەکەین، رۆژ بە رۆژ دۆستانمان کەم دەبنەوە و دوژمنانمان زیاد دەکەن، جا ئەمە لەو رووەوە، بێجگە لەوەش کە ئەمە شتێکی پێشکەوتووخوازانەیە و شتێکی دیموکراتی و مرۆڤانەیە و هەقێکی ئاسمانییشە لەهەمان کاتدا، کەوا رێزلێنانی ئافرەت و جێگاو شوێنی لەناو کۆمەڵدا لە هەمان کاتیشدا ئەرکێکی نەتەوەییشە کە ئێمە نەتەوەکەمان و مەسەلەکەمانی پێوە پێش دەخەین و دۆستی خۆشمانی پێ زیاد دەکەین و، روکەشێکی پێشکەوتوو و حەزاری و یاسایی خۆشمانی پێ پیشان ئەدەین.
لێتانی ناشارمەوە لەو بابەتە ئێمە درێغیمان نەکردووە، هاندەرو هاوکاری پلە یەکمان لەو بابەتە جەنابی سەرۆک بارزانی بووە، جەنابی کاک مەسعود بریارێکی عادلانەو رێک و پێکی وەرگرت، ئەو کەسەی لە دەرەوە دێت لێرە کوری یان کچی دەکوژێ ئێمە بەرگری لێ ناکەین و دەیدەینەوە دەست ئەو ولاتەی کە لجوئی لێی هەیە، ئێمە دەیدەینەوە ئەو شوێنە تاکو بچێتە بەر دەم دادگاو بەپێی یاسا حوکم بدرێ و مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، ئێمە نابینە پارێزەر یان بەرگر بۆ تاوانێکی نارەوا، لە هەمان کاتدا رەوشی میللەتەکەمان هەموو پێ رەش کەین چیە ئێمە بەرگری لە تاوان بارێک دەکەین، بەرامبەر بە یاسای ولاتێک لەوولاتان، تاکو لە راستیدا بتوانین داوای مافی خۆمان بکەین ، ئەوە پشتگیریەکی تەواومان بوو لەو بابەتە، کە ئێمە ئەو بریارەمان پێ ئەگوتن دڵیاین پێی دەگەشانەوە، تەنها ئەو بریارەش نەبوو،کە لە سوید بووین یەکێ لەو تاوانبارانە تەسلیم کرا، ئەوەی رۆڵێکی دیاری هەبوو دیاری کرد کە ئەو قسانەی ئێمە دەی کەین راستە، ئەو بۆچونەی ئێمە هەمانە راستە، ئەوە لە هەموو ولاتاندا هەیە بە تایبەت لە ولاتێکی وەکو ولاتی ئێمە، لە رۆژهەلات تۆ باشترین یاسا دادەنێی ، باشترین نزام و سستەم دادەنێی بەلام باری کۆمەڵەکەت باری کۆمەڵگاکەت هێشتان لەو بارەدا نییە کە ئەو یاسایە بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێ کە داندراوە، ئەو کەم و کوریانە هەر دەبێت، ئەو شتە بەو شێوەیە بخرێتە روو لایەنی تر لە رەوشی تۆ دەگەن ،ئەو بەراوردەت لە گەڵدا دەکەن ، ئەوە واتای ئەوە ناگەێنێ،ئێمە لەوێ بە روونی رای پەرلەمان و گەلی کوردستان و هەموو لایەنەکانی کوردستانمان پیشانداوە کە تاوان تاوانە، کەس پشتگیری لە تاوان ناکات، تاوانبار دەبێ سزای خۆی وەربگرێ، و بە پێی باری ولاتمان هەندێ کەم و کوری هەیە ئێمە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ واقعی کۆمەڵگاکەماندا لەگەڵ داب و نەریتی میللەتەکەماندا لەگەڵ باری کۆمەلایەتی کۆمەڵەکەماندا وردە وردە چاکی بکەین و بەرەو پێشەوەی بەرین، ئەوانە هەمووی قسەیە، لەسەفەرەکەمان بۆمان دەرکەوت کە دەبێ زیاتر هەوڵ بدەین، ئێمە وەکو پەرلەمان بەتایبەتی بۆ بابەتی ئافرەت دەبێ هەوڵی بۆ بدەین ، هەولەکە ئەوەیە، دەبێ هەوڵ بدەین لە پەرلەمانی کوردستان دەسپێشخەری بکرێ بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت، بۆ زیاتر رێز گرتنی، بۆ بەکارنەهێنانی زەبر و ستەم لە سەری ،بۆ ئەوەی وەکو گوتم خزمەتی خۆشمان بکەین و رووێکی رێک و پێکی خۆشمان

پیشاندەین، بۆیە ئەوە دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە ئێمە لیژنەیەکی تایبەتی لە پەرلەماندا پێک بێنین بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان یان بە هەر ناوێک بێ کارەکەی داکۆکی کردن بێت لە مافی ئافرەتان، ئەو لیژنەیە لەوانەیە بارێکی زۆری بکەوێتە سەر شانی بەلام هەر سەرەتایەک زەحمەتە،پێویستە بە شێوەیەکی فراوان و گشتی جارێ پشگیریەکی چاک بکرێ لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە لیژنەکە دەبێ بەخۆشی هەوڵ بدات لەگەڵ سەرجەم رێکخراوەکانی ئافرەتان لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانی تردا رۆڵێکی واببینێ بۆ ئەوەی ئەو بابەتە بەرەو پێشەوە ببەین، بە بۆچونی من ئەگەر ئەوە بکەین بە تایبەتی ئێستا پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ هەموو پەرلەماناتی دونیا بە رێگای ئەنترنێتەوە ئەوان بەدواداچونێکی جیدی ئەو لیژنەیە دەکەن، ئەوەش کاریگەرێکی زۆر ایجابی دەبێ لەسەر سروشت و بۆچون و بزاڤی کورد وباری هەرێمی کوردستان، لەوانەیە لەو دانیشتنە بریاری ئەو بابەتە بدەین ،و ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەندا باسی ئەوەمان کردووە لەوانەیە پێویست بکات دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دابنێین بۆ دیاری کردنی ئەو لیژنەیە وبۆ جێگیر کردن و دانانی رێوشوێنی کارەکانیان چی بکەن و چی نەکەن، ئەگەر بە پەسەندی بزانن دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دەکەین و ئەوە پێشنیاری ئێمەیە.

ئەوە بابەتێکیان ، بابەتی دووەم کە حەزم کرد باسی بکەم و گرنگی پێبدەین ، بابەتی ئاوارەکانە،راستە سەفەرەکەمان بۆ ولاتانی ئەوروپین یەکێ لە گرفتەکانیان ئەوەیە کە کورد دەچێتە ئەوێ دەبێتە ئەرک بەسەریانەوە، گرفتی کۆمەلایەتیان بۆ دروست دەکات گرفتی یاساییان بۆ دروست دەکات دەبێ پارەیان لێ سەرف بکات ، جۆرەها گرفت بۆ ئەو ولاتانە دروست دەکات ، ئەو ولاتانەش خۆیان گرفتیان هەیە، حەز ناکەن کوردێکی زۆر بچێتە دەرێ و لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ ، ئەگەر ئەو کوردانەش نەچنە ئەو ولاتانە لەو ولاتانە ئەوەندە گرنگیمان پێنەدەدرا، دەبێ ئەوەشمان لە یاد نەچێ ، دەبێ ئێمە ئەو دوو لایەنە هەڵسەنگێنین لەبەر ئەوە، نەک هەر تەنها لەبەر ئەوە، دەیخەمەوە بیرتان سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود هەر لێرەوە یەکێ لە لایەنە ئەساسیەکانی جەختی لەسەر کرد کە دەبێ دراسەیەکی قوڵ و تێر و تەسەلی بابەتی ئاوارە بکەین، ئەوانەی کە دەچنە هەندەران گرفتیان چیە؟ چ گرفتێ بۆ ئەوان دەبێ؟ چ گرفتێ بۆ ئێمە دەبێ؟ چ گرفتێ بۆ ئەو دەولەتانە دەبێ؟ بابەتەکە زۆر زۆر گەورەترە کە ئێمە بە قسەیەک یان بە دانیشتنێک کۆتایی پێ بێنین، و بلێین ئەوە چارەسەری ئەمەیە، تاکو ئێستا چەند باسمان کردبێ بەرگریمان لێ کردبێ یان لە دژی وەستابین لە رۆژنامەکان لەسەرمان نووسیبێت یان لە تەلەفزیون باسمان کردبێ وەکو دەزگای حزبی رەسمی جەماوەری باسی ئەو بابەتەمان کردبێ ئیمە حەقمان بەو بابەتە داوە، بابەتێکە ئەمرۆ زۆر حەساسە و بابەتێکی هاوبەشە لە نێوان ئێمەو هەموو ئەو ولاتانەی کە ئێستا ئاوارەی کوردی تێدایە.لەبەر ئەوە دەبێ حەقی تەواوی خۆی بدەینێ دەبێ دراسەیەکی تەواوی بکەین و ئەو سیاسەتەی کە دای دەنێین ئەو بریارەی کەوەری دەگرین چۆن ئیش لەو بابەتە بکەین دەبێ پێش هەموو شتێ خێری کێشەی

کوردی تێدا بێت دەبێ خێر و مەسلەحەتی ئەو خەڵکەشی تێدا بێت کە ئاوارەن و لە هەندەرانن ئینجا دەبێ لایەنی یاسایی و مرۆیی و اعلامی لێک بدەینەوە جارێکی تر، چارەسەری چۆن دەبێت؟ بە چ شێوەیەک دەبێ حکومەتی هەرێم دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات،رێکخراوەکان چۆن دەبێ کار بکەن؟ ئەمە لە راستیدا دراسەیەکی زۆری دەوێ، ئەو بابەتە من بە چاکی دەزانم هەم دیسان لە ئێستاوە پەرلەمان بەوە هەستێ ندوات لەسەر ئەو بابەتە بکات داوەت نامە پێشکەش بە زانکۆ و حکومەت و لایەنی رەسمی بکات لە خولەکانی پەرلەماندا دانیشن باسی ئاوارەکانی هەندەران بکەن دراساتی زانستی پێشکەش بکەن ئەنجامی ئەو نەدواتانە لە رۆژنامەکان لەسەری بنووسرێ بلاویان بکاتەوە دەرئەنجامی ئەوانە هەموو بێتە هۆڵی پەرلەمان ، لە پەرلەمان بریارێکی لەسەر بدرێ کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدا بێت، بۆ ئەوەی رێنوێنیەکەی جەنابی کاک مەسعودیش جێبەجێ بکەین، ئەوەی ئێمە لەوێ جەختمان لەسەر کرد هەموو بابەتەکە بە تاکید ناگرێتەوە ، بەلام ئێمە لە دوو روانگەوە سەیری بابەتەکەمان کرد بابەتی کێشەی کورد و بابەتی باری ئەو ئاوارانە کە کوردن ئەرکی ئێمەیە کە بەرگریان لێ بکەین، ئێمە پەرلەمانی کوردستانین پێویستە بەرگری لە هەر کوردێک بکەین لە هەر شوێنێک بژی کە بزانین گرفتی هەیە و بارێکی خراپی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئێمە باری ئاوارەکان دەزانین ئەوەی لێرە دەروا لێرە رازی نییە لە باری ئێرە مرتاح نییە یان دەترسێ یان باری ئابووری خراپە یان باری دەرونی خراپە یان باری ئەمنی خراپە یان هەست دەکات کە لەم ولاتە ئەمن و ئەمان نییە یان ئومێد و دوارۆژێکی نییە، بۆیە دەرواتە دەرەوە، چۆن دەگاتە درەوە؟ ئەوەش دەزانین چۆن دەگاتە دەرەوە، هەرچی هەیەتی و نییەتی دەی فرۆشێ خۆی توشی هەزار و یەک ترسناکی دەکات بە جۆرەها ناخۆشی تێدەپەرێ تاکو دەگاتە دەرەوە ئەگەر بە سەلامەتی بگاتە دەرەوە،ئینجا یان لجوئی دەدەنێ یان نای دەنێ هەتا ئەگەر لجوئیشیان دایێ دەکەوێتە بەر چارەنوسێکی نادیار کە نازانێ بەیانی چی دەکات ، سەدا پێنج لەوانە دێنەوە خزمەتی کێشەی میللەتەکەیان دەکەن،چ لەو ولاتانە یان لێرە جارێکی تر بۆیە ئێمە ئەو بابەتەمان دەخستە روو کە ئەو بابەتە بەو شێوەیە،چارەسەریشی بە چارەسەری کێشەی کوردە تاکو ئەو خەڵکە وا شعور بکات کە دوارۆژی هەیە لە ولاتەکەی خۆیدا، شعور بکات کە بەیانی کەس نایەت تەعەدای لێ بکات، کەس کیمیا بارانی ناکات، کەس نای کوژێ، کەس ئەنفالی ناکات، کەس زوڵم و ستەمی لێ ناکات، بە ئازادی دەتوانێ ئیش بکات، بارێکی ئابووری واش لە ولاتەکە هەیە کە بتوانێ بە شێوەیەک بژی لە ئاستی ژیانی مرۆڤدا بێت،وەکو باسم کرد ئەوانەمان باس کردوە، بەلام لە هەمان کاتدا تەواوی مافی خۆیانمان نەداوەتێ، بۆیە پێویست دەکات ئێمە دراسەیەکی ئەم بابەتە بکەین، من پێشنیار دەکەم لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی رۆشنبیری زیاتر خەریکی ئەو بابەتە بن، ندوات لەسەر ئەو بابەتە بکەن، زانکۆ بانگ بکەن شارەزا بانگ بکەن فەرمانبەرانی حکومەت بانگ بکەن هەر کەسێکیان بوێ بانگی بکەن رێکخراوەکان بانگ بکەن، بەرپرسانی حزبی بانگ بکەن، لەپەرلەمان دانیشتنێ

دوان بكەن هانی نووسین بدەن ، تاكو رایەكمان بۆ گەلآلە بكەن تاكو ئێمە بتوانین لە پەرلەمانی كوردستان بریاری لەسەر وەر بگرین، هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەی ئەو شەرحانە وەلامی پرسیارەكانیشتان بدەمەوە، ئەگەر لێم قبوڵ بكەن، ئەو ولامانە هەموو ولامی پرسیارەكانی بەرێز شەفیقە خان بوو.

كاك رەجەب شەعبان دەپرسێ دەڵێ چەند پەرلەمانتان داوەت كردووە، هەر چەندێكمان داوەت كردووە قبوڵیان كردوە، هەر چیەكمان داوەت كردوە پێیان خۆشە بێنە كوردستان،بەلام لە ئێوە شاراوە نییە هاتن بۆ كوردستان زەحمەتە،كوردستان وەكو شوێنێكی تر نییە لە ولاتی خۆی سواری تەیارە بێت تەیارەكە لێرە دای بەزێنێ ،ئەو بیانیەی بیەوێ بێتە كوردستان دەبێ رەزامەندی چەند ولاتێ وەرگرێ، رێگا بۆ كوردستان وا ئاسان نییە، رێكخراوێكی خێرخواز تاكو دەتوانێ كە بەپێی بریاری ٦٨٨ ئەو رێكخراوانە ئازادن بۆ هاتن بۆ كوردستان، تاكو ئەو رێكخراوە دەتوانێ فەرمانبەرێكی خۆی بێنێتە كوردستان معامەلاتی سێ چوار مانگیان دەوێ تاكو دەتوانن، ئینجا جاری وا هەیە ناتوانین،جاری وا هەیە كە هاتە ئێرە و چۆوە دەرەوە ناتوانێ جارێكی تر بێتەوە ئێرە، دەبێ توركیا یان دەبێ سوریا یان ئێران رەزامەنی بۆ بكەن،لەبەر ئەوە وەكو باسم كرد ئەوانە هەموویان پێیان خۆشە من موتاكدم و لایەن نییە كە دیبێتمان حەزی لێ نەبێ كە بێتە كوردستان، حەز نەكات بێت كوردستان ببینێ ، ئەوانە زۆربەشیان دۆستی كێشەی كوردن یان مهتمن بە كێشەی كوردی بەواستەی كێشەی پەنابەران وەكو باسم كرد،یان لەسەر بابەتی ئابووری و بریاری ٩٨٦ ، هەر یەكە هۆكارێكی هەیەو دەیەوێ بێت، و من وای بۆ دەچم ئەو كەسەی بتوانێ بێت، دێت،هەوڵ دەدەین لە رێگای نوێنەرانی حكومەتی هەرێم لەو ولاتانە رەزامەندیان بۆ وەربگیرێ،لەراستیشدا هەموو ناویشیان پێشكەش كردووە و هیوا دارم ئەم ساڵ وفودیان دەست بە هاتن بكەن ، وردە وردە دەستیان پێكردوە و دێن لە ساڵی لەمەو پێش باشترە، و من وای بۆ دەچم لە داهاتووش باشتر دەبێ.

سەبارەت بە نوێنەری هەرێم لە نەتەوە یەكگرتووەكان بە شێوەیەكی گشتی ئەو بابەتە خراوەتە روو، بۆ نوێنەر ئێمە تاكو دەوڵەت نەبین ناتوانین نوێنەرمان هەبێ لە نەتەوەیەكگرتوەكان، بەلام خەڵكان هەیە پەیوەندی راستەو خۆی لە گەڵ نەتەوەیەكگرتوەكاندا هەیە، دانیان پێدەنێن نوێنەری رەسمی حكومەت و خەڵكی كوردستانن دەچنە نەتەوە یەكگرتوەكان، لەوێ را و بۆ چونی حكومەتیان پێشكەش دەكەن، لەهەمان كاتدا بەڵێن وەرگیراوە لە زۆر لە ولاتان ئەگەر كورد لە نێوان خۆیاندا یەك بن یەك رابن متەفقبن لەسەر یەك نوێنەر لەوانەیە بە شێوەیەكی باشتر مامەڵەی لەگەڵ بكرێ و پشگیری بكەن و بەشێوەیەكی تر لە نەتەوە یەكگرتوەكان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێ، نەك وەكو ئێستا گرفتێ دەخاتە روو، بەڵكو ببێ بە مراقبێكی بەردەوام ببێ بە شتێكی وا كە تۆزێ وەزنی زیاتر بێت لەوەی كە تەنها نوێنەری ئێمەیەو ئەچێ داواكاری ئێمە دەخاتە روو، وەمن هیوا دارم ئەگەر پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێشەوە بروا ئەو بابەتە چارەسەری

ئاسانتر دەبێ بەرەو پێشەوە دەچێت و بنکەی نوێنەرمان لە نیویورک لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە هێز تر و یاسایی تر دەبێت.

کاک حاکم سەفەر دەڵێ سەفەر زۆر کەمە و حەقیشە ژمارەی ئەوانەی سەفەر دەکەن زۆر بکرێ.

من شتێکتان بۆ باس دەکەم، ئەوە نییە کە حەز نەکەین ئەندامانی پەرلەمان بچنە دەرەوە یان خەڵک ببینن،جارێ زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان چونە دەرەوەیان زۆر زەحمەتە بەتایبەتی سەبارەت بە فیزا، بابەتی فیزا یەکێکە لە گرفتی سەرەکی و گەورە.دوو لەوانەیە وا لێک بدرێتەوە کە دەچیت بەرپرسێک دەبینیت بە جارێ بیست کەس دەبینیت و تۆش بیست کەسی یان تۆ پێنج کەسی و ئەوانیش پێنج نوسینگەکانی ئەوان لە ئەوروپا زۆر بچوکە ئەوپەری هەر جێگای یەک دوو کەسی لێ ببێتەوە ، جێگری وەزیرێک یان وەزیرێک یان جێگری پەرلەمان ناچێ لە خۆیەوە خەڵک ببینێ وەکو ئێمە نییە، لایان باویش نییە چاوپێکەوتنی رەسمی ژمارە زۆر بێت، پێویستە دوو، سێ کەس بێت، ئێمە ئەو سەفەرانەی دەی کەین هیچی لە چاوپێکەوتنەکانمان لە سێ یان چوار کەس کەمتر نەبووین هەندێ جار زیاتر دەبووین شەرمەزار دەبووین کە بە پێنجەمین بڵێین لەدەرەوە بوەستە چاوەروانمان بە لەبەر ئەوەی جێگامان نییە، دەبێ ئەو لایەنە لەبەر چاو بگیرێ، لە دوایی دەمێنێتەوە سەر بابەتی ئەو مەسەلەی کە دەخرێتە روو،ئەوەش رۆڵی خۆی دەبینێ، ئەگەر ئێمە بۆ بابەتێکی تایبەتی بچین، بۆ نمونە بە تایبەتی بچین بۆ باس کردنی پەیوەندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی سوید ئەو کاتە حەقە دوو سێ ئەندامی پەرلمان بچێ چەند چاوپێکەوتنێک بکات ، بەلام لە راستیدا ئەو سەفەرەی ئێمە بۆ بابەتی زۆر لەوە زیاتر بو، راستە جەختمان لەسەر پەیوەندی پەرلەمان و سەردانی ئەوان بۆ کوردستان بو بەلام بابەتی سەرەکیمان داواکاری کۆنکرێتی حەیەویمان هەبوو کە داوامان لێ کردون ئەوەمان بە لاوە گرنگ بووە من وای بۆ دەچم لە داهاتووشا وفود کە بچێتە دەرەوە بەناوی وەفد سێ کەس و چوار کەس زۆر زەحمەتە لە زۆر لایەن زەحمەتەو ناکرێت، سەفەری پەرلەمان بووە وەنەبێ نەبوو بێ و سەرکەوتووش بووە لە دامەزراندنی پەرلەمانەوە تاکو ئێستا چەند سەفەرێکیش بووە و ئەو سەفەرانە هەمووی جێگای خۆیانیان گرتووە و پێویستیشە سەفەر بەردەوام بێت پێویستە یەک دووێکی حکومەت لە دەرەوە بن، یەک دوانێکی پەرلەمان لەدەرەوە بن ،پێویستە نوێنەرانی حکومەت و پەرلەمان کاتێ کە لە دەرەوە دەبن سەرقاڵی ئەو پەیوەندیانە بن، لەبەر ئەوەی ئەگەر خۆتیان پێ نیشان نەدەی لە دەرگایان نەدەی تۆیان لە یاد دەچێتەوە، بەس ئێمە ئومێدێکمان بەو پەیوەندیانە هەیە کە دروستمان کردوە ئەو ئەدرێسانەی کە هەمانە ئەو پەیوەندیانەی کە ئێستا لەسەر ئەنتەر نێت هەمانە و هەموو شتێکی ئاسان کردوە کە بتوانین ئەو پەیوەندیانەمان زۆر بەهێزتر و چاکتری بکەین.

مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی دەپرسێ دەڵێ بە دەنگەوەهاتنی ئەوان چۆن بووە؟

کورد دەڵێ قسە هەزارە یەکی بە کارە، لە راستیدا ئەوانەی کە دیتومانن بەقسە پشگیری

تەواویان لەداواکانی ئیمە نیشانداوە، یەکەم کورد وەکو هەموو میللەتێ مافی هەیە چارەسەرێکی سیاسی خۆی هەبێ ، بە مافەکانی خۆی بگات ، دووەم تاکو وەزعی وابێت پاراستنی پێویستە، تاکو وەزعی وابێت ئەو رێژەیەی ١٣ ٪ی نەوتی پێویستە وابێت و پشگیری لێ بکرێ و بەرگری لێ بکرێ، لە هەمان کاتیشدا تەفەهومی هەموو گرفتەکانیان کردوە، لێتانی ناشارمەوە لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەشێک هەولّی ئێمە بێت لەو سەفەرە هەولی هەرەگەورەی هەولّی هەڤالانی ئێرەیە هەولّی هەموو ئەو دەزگایانەی ئێرەیە کە کار بەو اتجاهە دەکەن،لەو ماوەیەی دوایی ئەنجامی زۆر لەو داواکاریانەی میللەتی کورد دەر کەوتووە، لەسەر ئاستی بەرز لەسەری دەنووسن، لەسەر پاراستنی کورد دەنووسن لەسەر پێویستی پاراستنی کورد دەنووسن ،لەسەر ئەو بۆ چونانە دەنووسن کە لەوێ دەخرێتە روو، وە ئەوە هەموو دەرئەنجامی ئەو سەفەرەو سەفەری تر و خەلّکی ترە کە لەو اتجاهە کاریان کردوە.

بریاری ٦٨٨، تاکە بریارە کە بتوانین پشتی پێ ببەستین تاکو پاراستنی کورد بەردەوام بێت،پاراستنی هەردوو لایەنی پاراستن و لایەنی ئابووری پارێزراو بێت، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی کێشەی کورد، بریاری ٦٨٨ تەنها ئەو بریارەیە کە داوا دەکات عێراق بارێکی وای لێ بخولقێ کەمافی مرۆڤ بپارێزرێ، مافی نەتەوەکان بپارێزرێ کە رێگای (ئەکسز) بۆ هاتن بۆ کوردستان هەبێ ئەوە لە بریاری ٦٨٨ دایە، لە هەمان کاتیشدا ، ئابلوقە لەسەر عێراق داندراوە، ئەو شتانەی جەنابت باست کرد هەمووی بابەتی مرۆیی بوون، ئەوە زیاتر تەرکیزی کردە سەر ئەو ماوەیەی کە کۆرەوەکە بوو، لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی خەلّکەکە بگێرنەوە، ئەو اجرائاتانەیان وەرگرت تاکو رێگای یارمەتی مرۆیی بدەن، نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی بدات، ئەگەر بێتەوە بیرتان سالّی یەکەم هەمووی رێکخراوی مرۆیی بوون کە یارمەتیان دەدان، یارمەتی ئیستا لە حسابی بریاری (٩٨٦)، واتا لایەنی یارمەتی مرۆیی ئەو بریارە پری کردۆتەوە،لە هەمان کاتیشدا دەبینین نەتەوە یەکگرتوەکان ، ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان گرفتی هەیە لەگەلّ عێراقدا، ئیستاش رێگا نادەن کە لێژنەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان داخلی عێراق بن،و ئێمە هەموو دەمێ کە جەختمان کردۆتەوە لەسەر پاراستن و ١٣ ٪ کەی بریاری ٩٨٦ و چارەسەری سیاسی کێشەی کورد پشتمان بە بریاری ٦٨٨ بەستووە، وتوومانە ئەو کاتەش کە ئەو بریارە وەرگیراوە، و ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی وەرگرتنی ئەو بریارە هێشتا هەر ماون،لەمەشدا بەلّگەمان زۆرە و ئەو بەلّگانەشمان بۆ هێناونەتەوە، باری کەرکوکە و خانەقینە سنجارە باسمان بۆ کردون، جموجۆلی عێراق بۆ سەر باعەدرا، باسی هەرەشەکانی عێراقمان کردووە، باسی ئەوەمان کردووە لەو دە سالّە هیچ وەزع نەگۆراوە و ئێمە مەترسی ئەوەمان هەیە ئەگەر زەمانێک (ضمان)بۆ ئێمە نەبێت چارەسەری کێشەکەمان نەکات لە پێشدا چیمان بەسەر هاتووە هەمان شتمان بەسەر دێت، لەبەر ئەوە مانەوەی ئەو بریارەو بە هێز کردنی شتێکی پێویستە، من نای شارمەوە هەموو بە گشتی تفهومی ئەو شتە دەکەن، ئەوەی لەو سەفەرمدا

تێبینیم کرد گۆڕانکارییەکی بەرچاو رووی داوە لەو بابەتە ،واتا تای تەرازووەکە بەو لایەدا شکا بووە کە گرنگی بە کێشەی کورد و بابەتی دیمکراتی بدەن ، بابەتی کورد لەبەر چاو بێت، و هەر اجرائێک کە دەکرێ بابەتی کورد بەشێکی سەرەکی دەبێت لەو هاوکێشەیە.

سەبارەت بە پرسیارەکانی د. رزگار ئێمە تاکیدمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پاراستن بەردەوام بێت تاکو دەگەینە چارەسەرێکی سیاسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوە نەبێت هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، ئەو خەڵکە هەموو رادەکاتەوە و دەچێتە دەرێ ، هۆکارەکانی بریاری ٦٨٨ لەجێگای خۆیەتی و دەبێ بەردەوام بێت.

سەبارەت بەوەی فەوزیەخان کە باسی سەفەر دەکات بۆ ولاتە عەرەبییەکان. سەفەر بۆ ولاتە عەرەبییەکان زەرورییە، و هەوڵی ئەوە دراوە کە چاوپێکەوتن رێک بخرێ ، کاتێ کە مواعید دیاری کراو بوار هەبوو ،لەوانەیە ئەگەر تەنها داوەتی پەرلەمان کرا بۆ ولاتە عەرەبییەکان ئاسان تریش دەبێت کە وەفدێکی پەرلەمانی بچێت ، ئەوە هیچ گرفتێکی تێدا نییە.

سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال وەکو باسمان کرد خاڵێکی هەرە گرنگمانە کە ئێمە هەموو دەم جەختی لەسەر دەکەینەوە، کە زەرورەتی پاراستنی ١٣٪ کەمان ئەوەیە، بەدرێژایی مێژووی میللەتی کورد بە درێژایی خەباتی میللەتی کورد پارەی نەوتی کوردستان دراوە بە چەک و تۆپ و لەئەنجامیشدا کراوە بە کیمیاوی و بە سەری ئەو میللەتە دادراوە، بۆ یەکەم جارە لە مێژووی میللەتی ئێمە پارەی نەوتی عێراقی کە بە دەستی ئەو حکومەتە نییە، بە دەستی لایەنێکی محایدە، لەجیاتی ئەنفال و کیمیاوی و دێهات وێران کردن و کوشتن و برین، دەکرێ بە خواردن و داو دەرمان و دابەش دەکرێتە سەر ئەو میللەتە،لەبەر ئەوە میللەتەکەمان هیوایەکی پتەوی بەو بریارە هەیە و پێویستیەکی ژیاری بەو ١٣٪یە هەیە، و ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە بەشی کوردستان لەو پارەیە هەر بەو شێوەیە مسۆگەر بێت و پێشمان خۆشە هەر لە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، تا چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکەمان دەدۆزرێتەوە.

دەبێ ببورن ئەگەر سەرم هێشاندبن،زۆر سوپاستان دەکەم بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە. بەس هیوام وایە لە چلەی خوالێخۆشبوو کاک فرەنسۆ هەمووتان ئامادە بن کە رۆژی هەینی یە، هەتا ئەو بەرێزانەی لە دهۆکن پێمان خۆشە هەمووتان ئامادەبن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە سێ**

شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣١

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە سێ

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣١

کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارەی دووی)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری چوارەم هەمووارکردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەمووارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنەوە پێشکەش کراوە.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە پێشکەش کراوە.

٣- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێک هاتووە لەسێ خاڵ:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری چوارەم هەمووارکردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەمووارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنەوە پێشکەش کراوە.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە پێشکەش کراوە.

٣- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ.

ئەگەر هیچ تێبینی یەک نییە دەست پێدەکەین تکا لەبەڕێزان لیژنەی یاسا دەکەم کە ئەندامێکیان

بفەرموێتە ئێرە یان دوو ئەندامیان وفەرموو پێشنیاری هەموار کردنی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی بخوێننەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەی پێشنیاری چوارەم هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢تان بۆ دەخوێنمەوە. بەڵام پێش ئەوەی پرۆژەکە بخوێنمەوە دەقی نوسراوی ئەنجومەنی نیشتمانی:

بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

بە سلاوو ریزەوە

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی برگە هەشتی مادده پەنجاو شەشی یاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ پێمان دراوە لەبەر زەرووەتی بەرژەوەندی گشتیش ئەم پێشنیارەم بۆ هەموار کردنی مادده (٣٨ )و برگە سێی مادده (٣٩)ی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەن پێش کەش دەکەم کە هەواڵەی لیژنەی تایبەتکاران بکرێت و پاشان لەلایەن ئەنجومەنی بەڕێزەوە لێی بکۆڵدرێتەوە و ئیقرار بکرێت لەگەڵ ئەو پەڕی ریزماندا.

د.رۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً لاحكام الفقرة (٨)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ماعرضه رئيس المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار التعديل الآتي :ـ

التعديل الرابع للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل

المادة الاولى:

تعدل المادة(٣٨)الثامنة والثلاثون من النظام الداخلي للمجلس وتقرأ كالآتي:

تكون اللجان الدائمة للمجلس كما يلي:
١- لجنة الشؤون القانونية والتشريعية.
٢- لجنة الشؤون الداخلية.
٣- لجنة الشؤون المالية والاقتصاد.
٤- لجنة الزراعة والري.
٥- لجنة شؤون التربية والتعليم العالي.
٦- لجنة الشؤون الصحية والاجتماعية.
٧- لجنة الاوقاف والشؤون الاسلامية.
٨- لجنة العلاقات والشؤون الثقافية.
٩- لجنة البلديات والنقل والمواصلات.
١٠- لجنة الصناعة والطاقة والمعادن.
١١- لجنة شؤون البيشمركة.
١٢- لجنة حقوق الانسان والشكاوي.
١٣- لجنة الاشغال والاعمار.
١٤- لجنة شؤون المرأة.

المادة الثانية:

تعدل الفقرة(٣)من المادة(٣٩)التاسعة والثلاثون وتقرأ كالآتي:

«تشكل اللجان الدائمة من عدد لايقل عن خمسة اعضاء وتنتخب كل لجنة من بين اعضائها رئيساً ونائباً ومقرراً لها».

المادة الثالثة:

يعمل بهذا التعديل اعتباراً من تاريخ اقراره وينشر في وقائع كوردستان.

د .روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەم پرۆژەیە ئاراستەی هەموو لیژنەكان بكرێت، بۆ ڕا دەربڕین لەسەری، تصور دەكەم گۆڕانكاری كەوتبێتە هەموو لیژنەكانەوە تا حەدێك بۆیە ئاراستەی هەموو لیژنەكان دەكرێت. خاڵی دووەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری سەندیكای مامۆستایانی كوردستانە كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراقەوە پێشكەش كراوە فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بەڕێزان هەروەكو ئاگادارن ئەم پرۆژەیە لەلایەن سێزدە ئەندامەوە پێشكەش كراوە ئێستا دەقی

پێشنیارەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:

بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان

رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

بابەت/ پرۆژە

ئێمەی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی مادده (٧١)لە پەیرەوی ژمارە یەک سالّی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق پرۆژەی یاسای سەندیکای مامۆستایانی کوردستان پێشکەش دەکەین تکایە بفەرموون بە عەرز کردنی بۆ سەر ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بۆ گفتوگۆ وبڕیار دان لەسەری لەگەڵ رێزماندا:

١- د.ناسح غەفور
٢- عفان نەقشبەندی
٣- وریا دزەیی
٤- جعفر شێخ علی بەرزنجی
٥- یحیی محمد عبدالکریم بەرزنجی
٦- سیروان کاکەیی
٧- حسن صالح
٨- حسین علی کمال
٩- جلال خۆشناو
١٠- مەلا هادی خضر
١١- حمید سلیم
١٢- احمد سالار
١٣- زاهیر محمد

مشروع قانون اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق

الفصل الاول

«الاهداف»

المادة الاولى:

المصطلحات ادناه تعبر عن المعاني الواردة ازاء كل منها اينما ورد في هذا القانون:

١- اتحاد المعلمين: اتحاد معلمي كوردستان العراق.
٢- المجلس: مجلس اتحاد معلمي كوردستان.
٣- السكرتارية: مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان.
٤- الرئيس: رئيس اتحاد معلمي كوردستان.
٥- الفرع: فرع اتحاد معلمي كوردستان.
٦- القطاع: قطاع اتحاد معلمي كوردستان.
٧- مندوب المدرسة.
٨- المعلم: جميع معلمي اقليم كوردستان ـ العراق العاملين ضمن وزارة التربية والتعليم العالي اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان.

المادة الثانية:

بموجب هذا القانون، يكون مقر مكتب السكرتارية لاتحاد معلمي كوردستان ـ العراق في اربيل العاصمة، وتؤسس الفروع في مراكز محافظات الاقليم وللفرع وحسب الحاجة تأسيس قطاعات الاتحاد في مراكز الاقضية بعد اشعار مكتب السكرتارية بذلك.

المادة الثالثة:
اتحاد معلمي كوردستان صاحب شخصية معنوية، له حق تملك الاموال المنقولة وغير المنقولة وله حق التعامل بها لتحقيق الاغراض والاهداف الواردة في هذا القانون.

«الاهداف»

المادة الرابعة:
يعمل اتحاد المعلمين لتحقيق الاهداف الواردة ادناه:
١- مساندة مكتسبات البرلمان وحكومة اقليم كوردستان والمحافظة عليها وتثبيت الفدرالية لكوردستان.
٢- الدفاع عن سيادة القانون.
٣- الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادئ حقوق الانسان.
٤-مساندة النضال التحرري للشعب الكوردي في سبيل تحقيق المطامح القومية والتربوية للاجيال الكوردية.
٥- الاسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية لمعلمي كوردستان واعدادهم بالشكل الذي يحقق الايمان التام بالقضية القومية واهداف حركة التحرر الكوردية (الكوردايه تي).
٦- المساهمة والمشاركة في وضع وصياغة ستراتيجية نظام التربية والتعليم في اقليم كوردستان لاعداد برامج تتلاءم مع الاهداف والطموحات المشروعة للشعب الكوردي.
٧- احترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المدارس والمعاهد والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق اهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لاداء مهامهم.
٨- النضال في سبيل رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاقتصادية والاجتماعية والصحية وفي جميع المجالات التي تحقق الحياة الكريمة للمعلم الكوردستاني.
٩- صيانة الوضع الثقافي الكوردي والحفاظ على التراث القومي وابراز دور المعلم الكوردستاني في البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردي الى مجتمع مدني.
١٠- النضال في سبيل اشاعة التعليم وتعليم الكبار وحملة مكافحة الامية في الاقليم وازالة مظاهر الجهل من منطلق: (التعليم حق طبيعي لكل انسان).
١١- التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات المهنية والجماهيرية في اقليم كوردستان.
١٢- العمل على تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في العراق لمصلحة معلمي كوردستان.
١٣- محاولة مدْ قنوات اتصال مع الاتحادات والنقابات العالمية.
١٤- محاولة اشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية في العالم.

١٥- ضمان وحماية الحقوق الثقافية للاقليات القومية والدينية في اقليم كوردستان ـ العراق كالتركمان والكلدانيون والآشوريون.

## الفصل الثاني
## المكونات والعضوية

المادة الخامسة:

أ- جميع معلمي مدارس الاقليم ضمن وزارة التربية والتعليم العالي المعينين رسمياً اعضاء في هذا الاتحاد ويشمل كذلك كافة الذين يتقاضون المخصصات المهنية للتعليم.

ب- المعلمين من شهداء حركة التحرر لشعب كوردستان والذين تعرضوا لعمليات الانفال اعضاء فخريون في اتحاد معلمي كوردستان.

ج- معلمي ثورة ايلول التحررية اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان.

د- المتقاعدون من المعلمين اعضاء في اتحاد معلمي كوردستان ولمدة سنة واحدة اعتباراً من احالتهم على التقاعد وبعد صدور هذا القانون.

المادة السادسة:

١- لاتحاد معلمي كوردستان تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في اقليم كوردستان.

٢- لاتحاد معلمي كوردستان حق الاشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله ان ينتدب عضواً من الهيئة الادارية في هذه الجمعيات لتمثيله.

٣- لايحق لاية جهة او مؤسسة في الاقليم العمل باسم المعلمين او تأسيس الجمعيات والاتحادات.

٤- لاتحاد المعلمين حق الغاء الفقرتين ١ ,٢ من هذه المادة إذا تبين له بانهما تلحقان الاضرار بمصالح المعلمين.

## الفصل الثالث
## الهيئات والمؤسسات

المادة السابعة:

يتكون اتحاد معلمي كوردستان من الهيئات الاتية:

١- المؤتمر العام.

٢- المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان.

٣- رئيس اتحاد معلمي كوردستان.

٤- مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان.

٥- مؤتمر الفرع.

٦- الهيئة الادارية للفرع.

٧- الهيئة الادارية للقطاع.
٨- ممثل المدرسة.
المادة الثامنة:
اولاً: يعتبر المؤتمر العام اعلى سلطة في اتحاد معلمي كوردستان حيث يتولى رسم سياسته، واعضاء المؤتمر هم الاعضاء المنتخبون من فروع الاتحاد في اقليم كوردستان اضافة الى اعضاء مكتب السكرتارية حيث يتم انتخابهم مرة كل سنتين عن طريق الاقتراع المباشر.
ثانياً: مدة العضوية في المؤتمر العام ومؤتمرات الفروع سنتين، ويتمتع كافة الاعضاء بحقوق العضوية الكاملة الى حين انتهاء مدة الدورة الانتخابية.
ثالثاً: يعقد المؤتمر العام اجتماعاً دورياً مرة كل سنة خلال العطلة الربيعية بناءاً على طلب المجلس التنفيذي لاتحاد المعلمين او طلب ٣/٢من اعضاء المجلس التنفيذي او بناءاً على طلب تحريري من ٣/١ من اعضاء المؤتمر العام.
رابعاً: للمؤتمر العام في اجتماعات الدورة الاعتيادية ان يقوم باجراء التغييرات في مكتب السكرتارية كلاً او اي عضو فيه وذلك باكثرية اصوات الاعضاء او ان ينتخب اعضاءاً لمكتب السكرتارية بدلاً منهم.
خامساً: يمثل المؤتمر العام جميع معلمي اقليم كوردستان العراق ويتكون من:
أ- اعضاء مكتب السكرتارية واعضاء الهيئات الادارية للفرع.
ب- ممثل عن كل ١٥٠ مائة وخمسين عضواً من مجموع اعضاء فروع الاقليم

## واجبات المؤتمر العام

المادة التاسعة:
١- دراسة ومناقشة قانون اتحاد المعلمين وقانون الضمان وصندوق المساعدات وصندوق الامراض المستعصية والخطرة واقرارها باكثرية الاصوات.
٢- دراسة ومناقشة المنهاج والنظام الداخلي لاتحاد معلمي كوردستان واقرارها باكثرية الاصوات بشكل لا يتنافى وبنود هذا القانون.
٣- انتخاب الرئيس ونائبه واعضاء مكتب السكرتارية.
٤- دراسة وتنظيم واجبات ومهام اللجان واقرار التقرير الاداري والمالي باكثرية الاصوات.
٥- دراسة ومناقشة الموازنة السنوية العامة لاتحاد المعلمين، واقرار بنودها وفصولها.
المادة العاشرة:
اولاً: يعتبر المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان اعلى سلطة في الفترة ما بين عقد المؤتمرين ويتكون من:

ب- رؤساء الهيئات الادارية للفروع.

ثانياً: يقرر المجلس التنفيذي لاتحاد المعلمين وبأصوات ٢/٣ من اعضائه عقد المؤتمر العام او اجراء الانتخابات العامة، وله ان يقرر تأجيل الانتخابات او عقد المؤتمر لمدة سنة واحدة بعد انتهاء مدة الدورة.

ثالثاً: متابعة وتنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.

المادة الحادية عشرة:

اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية اعلى سلطة بعد المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان ويتألف من الرئيس ونائبه و(١٣) ثلاثة عشر عضواً اصلياً و (٥) خمسة اعضاء احتياط وفي اول اجتماع له ان ينتخب السكرتير ومسؤولي اللجان المالية والادارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين اعضائه.

ثانياً: واجبات وصلاحيات مكتب السكرتارية:

١- تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.

٢- اصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة لتمتين العلاقة مع الهيئات الادارية للفروع بما يحقق المصلحة العامة لاتحاد المعلمين.

٣- مناقشة واقرار الموازنة السنوية العامة واعدادها للمؤتمر العام.

٤- اقرار صرف الاموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية في حدود الصلاحيات المقررة ضمن المبالغ المرصودة للمكتب في حدود الميزانية العامة للاتحاد، وله ان يجري المناقلات المالية او اية تغيرات اخرى ضمن الموازنة المقررة.

٥- العمل من اجل تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في اقليم كوردستان.

٦- تقوية العلاقة مع المؤسسات الحكومية لتحقيق اهداف ومصالح معلمي الاقليم.

المادة الثانية عشرة:

اولاً: يتكون مؤتمر الفرع من ممثلي المعلمين بنسبة ١ ـ ١٥ من عدد اعضاء الفرع في حدود أية محافظة، ويتم انتخاب اعضاء الهيئة الادارية للفرع مرة كل سنتين.

ثانياً: يعقد الفرع مؤتمره مرة كل سنة خلال العطلة الربيعية في الفترة القانونية المحددة وقبل عقد المؤتمر العام المقبل للاتحاد.

ثالثاً: يعقد الفرع مؤتمره الاعتيادي سنوياً ويمثل الاتحاد في حدود المحافظة ويقوم بتنفيذ المهام والواجبات ادناه:

١- تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام لتحقيق اهداف الاتحاد في محافظات الاقليم.

٢- انتخاب رئيس الفرع ونائبه واعضاء الهيئة الادارية باكثرية اصوات اعضاء المؤتمر.

٣- مناقشة الموازنة السنوية العامة الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد

وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات الخاصة بالمعلمين وصندوق الامراض الخطرة.

٤- ادارة وتحديد مهام قواطع الاتحاد.

٥- الاشراف والعمل على تطوير المهام المهنية والثقافية والاجتماعية والفنية ..الخ لاتحاد معلمي كوردستان ضمن المحافظة وتقديم التقارير في هذا المجال الى مكتب السكرتارية والمجلس التنفيذي للاتحاد.

المادة الثالثة عشرة:

اولاً: تتكون الهيئة الادارية للفرع من(٧)اعضاء اصليين و(٢)عضوين احتياط وفي أول اجتماع له ينتخب بطريقة الاقتراع السري اللجان المختصة ويحدد مهامها.

ثانياً: عضوية الهيئة الادارية سنتان وفي حالة أستقالة اي عضو من اعضائه او وفاته يحل محله العضو الاحتياط الأول وهذا لايشمل رئيس الفرع.

ثالثاً: إذا شغر منصب الرئيس يحل محله نائب الرئيس وذلك إذا كانت المدة المقررة لعقد مؤتمر الفرع اقل من ستة أشهر وبعكسه فإن مؤتمر الفرع يعقد اجتماعاً لانتخاب الرئيس بدلاً من الرئيس السابق.

المادة الرابعة عشرة:

يتم اتخاذ القرارات في المؤتمر العام ومؤتمرات الفروع بأكثرية الأصوات.

المادة الخامسة عشرة:

اولاً: تتكون الهيئة الإدارية للقاطع من(٣-٥)أعضاء، ويتم انتخاب الاعضاء خلال الاجتماع الموسع للقاطع بطريقة الاقتراع السري.

ثانياً: يتم تشكيل القاطع في مراكز الاقضية شريطة أن لايقل عدد المعلمين فيه عن ٥٠٠ معلم.

ثالثا: يشارك رئيس الهيئة الادارية للقاطع في الاجتماع الموسع للفرع.

المادة السادسة عشرة:

ممثل المدرسة: يتم انتخاب ممثل المدرسة في كل مدرسة او كلية ومعهد من قبل الهيئة التعليمية مباشرة، وفي حالة وجود عضو مؤتمر في المدرسة يكون ممثلاً لمدرسته.

المادة السابعة عشرة:

اولاً: رئيس اتحاد معلمي كوردستان هو رئيس المجلس التنفيذي ويمثل اتحاد معلمي كوردستان لدى الجهات المختصة ويوقع على كافة الاوامر والقرارات وإصدار التعليمات وأوامر الصرف وله ان يمنح جزءاً من صلاحياته لنائبه أو أحد اعضاء مكتب السكرتارية.

ثانياً: الشروط الواجب توفرها في رئيس اتحاد معلمي كوردستان ورئيس فرع الاتحاد في المحافظة:

١- ان يكون من سكنة إقليم كوردستان ـ العراق.

٢- ان لايقل عمره عن(٣٥)سنة.
٣- لاتقل خدماته في سلك التعليم عن(١٥)سنة.
٤- أن يكون صاحب سجل مشرف في النضال الوطني وخدمة المعلمين.
المادة الثامنة عشرة:
عضوية مكتب السكرتارية والفرع والقاطع سنتان.

## الفصل الرابع
## المالية

المادة التاسعة عشرة:
اولاً: تتكون مالية اتحاد معلمي كوردستان من المصادر التالية:
١- يدفع كل عضو في اتحاد معلمي كوردستان مبلغ(٥)دنانير شهرياً كبدل العضوية وعلى الشكل التالي:
أ- مقابل الاشتراك في صندوق الضمان يستقطع مبلغ(٢)دينارين من راتب كل عضو في الاتحاد.
ب- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو في الاتحاد كبدل الاشتراك في صندوق(مساعدة المعلمين المتوفين).
ج- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو في الاتحاد كبدل الاشتراك في صندوق(الامراض المستعصية والخطرة).
د- يستقطع مبلغ دينار واحد من كل عضو كبدل اشتراك شهري بدل العضوية.
٢- المساعدات الممنوحة من حكومة الاقليم.
٣- ريع المشاريع المقامة من قبل الاتحاد.
٤- ريع المطبوعات ونشريات الاتحاد.
٥- ريع فوائد الحفلات والتبرعات.
٦- بدلات ايجار المباني المملوكة للاتحاد.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ، ب، ج، د)من المادة الاولى، وعلى الهيئات الادارية للفروع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة باسم(لجنة الضمان ولجنة مساعدة الاعضاء)لتنفيذها.
ثالثاً: يتم فتح حساب في مصارف الاقليم لتنفيذ الفقرات(أ، ب، ج، د)من المادة اولاً ويلتزم رئيس واعضاء الفرع به.
رابعاً: يتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في اجتماعات الفرع.

خامساً: تخضع كافة الحسابات العامة لاتحاد المعلمين الى الرقابة القانونية والمالية العامة.
سادساً: لايحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرات(أ، ب، ج، د)إذا فقد عضويته في الاتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٥٪)من الموارد المالية في الفقرة(د)من المادة الاولى الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

المادة العشرون:

اولاً: السنة المالية لاتحاد معلمي كوردستان تبدأ من اليوم الاول من كانون الثاني وتنتهي في اليوم الاخير من كانون الأول من نفس السنة.
ثانياً: تبدأ السنة المالية الجديدة بصورة طبيعية ويعمل بالميزانية الجديدة بعد استحصال الموافقات الأصولية في المؤتمر العام والمجلس التنفيذي وبموجب الصلاحيات الواردة في البند الرابع من المادة الحادية والعشرين من هذا القانون.
ثالثاً: تودع كافة المستندات والوثائق المالية في مكتب السكرتارية ولها خصوصية مركزية وتودع مثيلاتها في الفروع لدى الفرع ويتم الحفاظ عليها.

المادة الحادية والعشرون:

اولاً: تتكون الميزانية العامة لاتحاد معلمي كوردستان من الميزانية الخاصة لمكتب السكرتارية والفروع والمشاريع والاعتمادات الخاصة بمكتب السكرتارية او الفرع.
ثانياً: لايجوز العمل بالميزانية الجديدة بموجب اسس هذا القانون والمنهاج والنظام الداخلي والتعليمات الخاصة إلا بعد استحصال الموافقة الاصولية مع مراعاة الفقرة(٤)من هذه المادة.
ثالثاً: تنظم ميزانية خاصة بالاتحاد والتي يتم إقرارها بموجب بنود هذا القانون والنظام الداخلي للاتحاد وتقدم مشروع ويقدم للجهات المختصة لاستحصال الموافقات الاصولية، لكي توضع ضمن الميزانية العامة السنوية للاتحاد ومن ثم تقدم معاً كمشروع متكامل الى الجهات ذات العلاقة لاستحصال الموافقات النهائية والعمل بموجبها.
رابعاً: إذا بدأت السنة المالية ولم تكتمل الموافقات على الميزانية العامة فسيكون العمل بالميزانية العامة للعام المنصرم أو خلاصة الحسابات التي تقررت الميزانية العامة الجديدة بموجبها، وأيهما كانت أقل شهرياً بنسبة(١، ١٢)من الاعتمادات.

المادة الثانية و العشرون:

اولاً: لمكتب السكرتارية أن يستثمر جزءاً من موارده المالية في مشاريع انتاجية تدر فوائداً على الاتحاد، وكذلك يحق للهيئة الادارية للفروع أن يستثمر جزءاً من موارده المالية تدر ربحاً يستثمر لصالح الاتحاد على ان يتم استحصال موافقة مكتب السكرتارية.
ثانياً: موارد مكتب السكرتارية والفروع خاضعة للمتابعة والتدقيق القانونيين من قبل المحاسبين والمدققين المجازين ويتم إعلان نتائجها في المؤتمر العام والمجلس التنفيذي لاتحاد

معلمي كوردستان.

## الفصل الخامس
## الواجبات والإجراءات الإدارية

المادة الثالثة والعشرون:

اتحاد معلمي كوردستان المنظمة الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في إقليم كوردستان وخارجه، ويمثل المعلمين في الندوات والمؤتمرات والمراسلات المتعلقة بالاتحاد، وكذلك له حق تمثيل المعلمين في الوفود الرسمية والتي تتعلق بالمعلمين واعدادهم وتنظيمهم، ولايحق لأية مجموعة او تنظيم العمل باسم المعلمين أو منح هذا الحق لنفسه.

المادة الرابعة والعشرون:

اولاً: يدافع اتحاد المعلمين عن اعضائه، وله ان ينتدب من يمثله في اللجان التحقيقية ولجان الانضباط الوزارية أو في دوائر التربية بموجب بنود هذا القانون.

ثانياً: يساهم اتحاد المعلمين في جميع المجالس المتعلقة بمجال المعلمين او التربية والتعليم.

المادة الخامسة والعشرون:

بقرار من المجلس التنفيذي للاتحاد وصولاً لتحقيق اهداف المعلمين يشارك الاتحاد ضمن المنظمات لتمثيل المعلمين سواءاً داخل الإقليم أو المنظمات العالمية للمعلمين شريطة ألا تتعارض مع اتحاد معلمي كوردستان.

المادة السادسة والعشرون:

اولاً:

أ- يتم تفرغ رئيس اتحاد معلمي كوردستان أو رؤساء الفروع لإنجاز أعمال ومهام الاتحاد.

ب- بقرار(٢/٣)من أعضاء مكتب السكرتارية، يتم تفرغ اي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئات الإدارية للفروع لإنجاز مهام وواجبات الاتحاد.

ج-لوزير التربية وباقتراح من مكتب السكرتارية انتداب أي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية عند الحاجة وبموجب هذا القانون لأية مهمة داخل او خارج الاقليم.

د- يجب ان لايتجاوز عدد الذين يتم تفرغهم لمهام الاتحاد من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئات الادارية للفروع الـ (١/٣)من عدد الاعضاء.

ثانياً: في الفترة التي يقضيها العضو المنتدب او الموفد بموجب الفقرة(ج)من المادة الاولى تدفع رواتب ومخصصات العضو من قبل الوزارة المختصة.

ثالثاً: يتم منح مخصصات محددة للعضو المتفرغ لمهام وواجبات الاتحاد وبقرار من مكتب السكرتارية اضافة الى رواتبه ومخصصاته المهنية او الجامعية والمقررة بموجب القانون والتعليمات الخاصة.

رابعاً: تعبتر المدة التي يقضيها عضو الاتحاد كمنتدب او متفرغ لمهام الاتحاد خدمة فعلية لاغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد والترقية العلمية.
خامساً: لاتحاد معلمي كوردستان ايفاد اي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية او الهيئة الادارية للفرع داخل او خارج الاقليم بعد استحصال موافقة الوزير المختص.

## الفصل االسادس
## الاحكام الختامية

المادة السابعة والعشرون:
اولاً: لايجوز وضع اليد على اموال او ممتلكات الاتحاد او بيعه لسداد القروض المقروضة عليه، الا في حدود المالغ التي يتم الحجز عليها بموجبه.
ثانياً: بموجب بنود هذا القانون، اذا تم حل الاتحاد فان ممتلكاته وبقرار من مجلس الوزراء تؤول الى الجهة المماثلة والتي تتطابق اهدافها مع اهداف الاتحاد.
ثالثاً: اذا تم حل اية مؤسسة او جمعية تابعة للاتحاد او الفرع او القواطع فان ممتلكاتها تؤول الى اتحاد معلمي كوردستان.
المادة الثامنة والعشرون:
يتم التصديق على النظام الداخلي ومنهاج الاتحاد في المؤتمر العام بموجب بنود هذا القانون.
المادة التاسعة والعشرون:
لايجوز مراقبة وتفتيش مقر مكتب السكرتارية او مقرات الفروع الا بحضور رئيس اتحاد معلمي كوردستان او رؤوساء الفروع او من يمثل الاتحاد.
المادة الثلاثون:
على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الحادية و الثلاثون:
يتم منح هويات الاعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للمحافظة ويجب ان تكون الهويات موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.
المادة الثانية و الثلاثون:
لا يعمل بموجب قانون نقابة المعلمين رقم (٧) لسنة ١٩٨٩ او اي قانون اخر.
المادة الثالثة و الثلاثون:
يتم العمل باحكام هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ بەڕێز كاك شێروان حەیدەری، بەڕێزان ئەو پرۆژەیە ئاراستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەكانی پەروەردەو یاسایی و ئابووری دەكەین، خاڵی سێیەمی بەرنامەی

کاری ئەمرۆمان گفتوگۆکردنە لەسەر یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ، بەڕێز وەزیری دارایی قسەی هەیە فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ وەزیر بە وەکالەت دانەندراوە، پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگری سەرۆک وەزیران لە دانیشتنەکە ئامادە بێت بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو بابەتە دوا بخرێ بۆ کاتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر پێشنیاری وەزیری دارایی و ئابووری خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان دوا دەخەین بۆ دانیشتنی داهاتومان،لێرەدا کۆتایی دێت بە کاروباری ئەو دانیشتنەمان، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی دووشەممەی دادێ سەعات «١٠» دەبێت، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە چوار**

دوو شـەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠١

خولی یەکەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە چوار

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠١

کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە چوار)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارەی چواری)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢/٤/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١- خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین.

بەڕێزان پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز وەزیری دارایی و بەڕێز وەزیری هەرێم دەکەین بۆ ئەم دانیشتنەمان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان تەنها یەک خاڵە ئەویش خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤە.

تکا لە دوو بەڕێزی لیژنەی یاسا دەکەم بێنە سەر مینەسەکە، هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی مافی مرۆڤ. لیژنەی داراییش ئەگەر حەز بکات دەتوانێت بێت بۆ ئێرە ئەگەر دەتوانێ لە شوێنی خۆی وەڵام بداتەوە هیچ لاریمان نییە. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسا لەبابەت پرۆژەی تەشکیلاتی وەزارەتی مافی مرۆڤ دەخوێنمەوە.

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ب/ رای لیژنە

نوسراوتان ژمارە (٦٤) لە ١٠/١/٢٠٠١

پاش دراسەتکردنی پرۆژەی یاسای مافی مرۆڤ رای لیژنەکەمان تەنها تێبینیکە لەسەر برگەی(مواثیق حقوق الانسان)کە برگەی(٥) لە مادەی(١)دا هاتووە بەپێویستی نازانین کە هەبێ چونکە لە اصلی یاساکە هیچ ئامازەی پێ نەکراوە.

لەگەڵ رێزمان

شێروان حەیدەری

ج. سەرۆکی لیژنەی یاسا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رایەکە روون نەبوو؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٥) لە مادده (١) هاتووە مواثیق حقوق الانسان ئەوە پێناسەیە لەزمنی تەعاریف پێویستە لەپێشەوە لەجێگایەک ناوی بێت ئینجا پێناسە بکرێت لە هیچ شوێنێک ناوی نەهاتووە بۆچی لێرە تەعریف کراوە لەبەرئەوە بەپێویستی نازانین هەبێت چونکە تەعریف نەکراوە.

لە تەشکیلاتیش دەستمان لێی نەدا چونکە ئێمە وەک لیژنەی یاسا مەوزوعی تەشکیلاتی دائیرەکان زۆر دەست لێ نادەین چونکە بەرای ئێمە ئەوان خۆیان باشتر تەقدیری تەشکیلاتی وەزارەتەکەی خۆیان دەکەن بۆیە دەستمان لە تەشکیلاتەکە نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسایی.

تکایە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ بخوێننەوە.

**بەڕێز حەمەید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ب/رای لیژنە

لیژنەکەمان لەرۆژی ٢٠٠١/٣/٢٩ کۆبوونەوەی خۆی سازدا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری مافی مرۆڤ وئەمانەش تێبینیەکانی لیژنەکەیە:

١- وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ وسکالاکان پشتگیری تەواوی خۆمان لە پرۆژەی یاسای وەزارەتی کاروباری مافی مرۆڤ کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە دەکەین.

٢- لیژنەکەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو برگەیە(التی تتلائم مع قیم ومبادئ المجتمع الکوردستانی) لە ماددەی(١)لابدرێ، چونکە لە برگەی(٣)ی ماددەی(٢)دا هاتووە وە جێگای خۆیەتی.

٣- زیاد کردنی وشەی(المهام) بۆ مادده(٢)بەم شێوەیە(تتولى الوزارة تحقيق الاهداف والمهام التالية).

٤- پێشنیار دەکەین وشەی(في الاقليم) بۆ برگە(٤)لە ماددەی(٢)زیاد بکرێت.

٥- پێشنیار دەکەین برگەیەک زیاد بکرێت بۆ ماددەی(٢)بەم شێوەیە:

(بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر دەسەلاتی ڕژێمی ناوەندی عێراق دان، هەروەها گەیاندنی کارەساتەکانی میللەتەکەمان وەک(ڕاگواستن و ئەنفال وکیمیاباران)بۆ ڕێکخراوەکانی جیهانی پسپۆڕ، وەڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا.

٦- پێشنیار دەکەین بەڕێوەبەرایەتیەک بۆ پێکهاتەی(تشکیلات)وەزارەتەکە زیاد بکرێت لە ماددەی(٤) بەم شێوەیە(المديرية العامة لشؤون المرحلين والمفقودين وضحايا الانفال والاسلحة الكيمياوية).

٧ـ بەداخەوە ئەمە لە ڕاپۆرتەکەمان نەهاتووە دوای ئەوە ئێمە ئاگاداربووین ئەم وەزارەتە وەکیل وەزیری نییە، ئەم مەوزوعەش پێویستە بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان لەبەرئەوەی هەموو وەزارەتەکان وەکیل وەزیریان هەیە.

لەگەڵ ڕێزماندا

لیژنەی مافی مرۆڤ وسکالاکان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرج نییە وەزارەت وەکیلی هەبێ، بۆ نموونە وەزارەتی داد وەکیلی نییە، تەنیا لە حاڵەتی پێویست کە ئیشوکاری وەزارەتەکە زۆر زۆر بێت پێویست بکات بە وەکیل ئەو کاتە وەکیل دادەنرێ هەر وەکو تێبینی راش بۆ حکومەت خۆی دەگەڕێتەوە لەو کاتە، بەڵام ئەو کاتە خاڵ بەخاڵ باسی دەکەین.لیژنەی دارایی تکایە راتان بفەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا راپۆرتی لیژنەی دارایی دەخوێنمەوە.

اللجنة المالية والاقتصادية

ژمارە ج/ ٤

ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٢٨

السيد رئيس البرلمان المحترم

مشروع قانون وزارة شوون حقوق الانسان

تحية واحتراماً

كتابكم المرقم ك/٦٤ في ٢٠٠١/١/١٠ اجتمعت لجنتنا صباح هذا اليوم ٢٠٠١/٣/٢٨ لدراسة ومناقشة مشروع قانون وزارة شؤون حقوق الانسان وتؤيد لجنتنا مشروع القانون بالاغلبية.

مع فائق التقدير والاحترام

دەربارەی مواثیق حقوق الانسان كە لیژنەی یاسا دەڵێت لابرێت، ئیمە رامان وایە زۆر پێویستە بمێنێت، چونكە لە برگە (٣)ی ماددەی دووەم هاتووە (المواثيق الخاصة بحقوق الانسان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە لە كاتی خۆیدا باسی دەكەین. تكایە خاڵ بەخاڵ یاساكە بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكەین.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

رئاسة مجلس الوزراء

مشروع قانون وزارة شؤون حقوق الانسان

في إقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها:

الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.

مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقليم كوردستان

الوزارة: وزارة شؤون حقوق الانسان

الوزير: وزير شؤون حقوق الانسان

مواثيق حقوق الانسان: الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهدان الدوليان والبروتوكولات الملحقة بها وغيرها من المواثيق والاتفاقيات التي تتلاءم مع قيم ومبادئ المجتمع الكوردستاني.

ئەمە دەقی ماددەی یەكەمە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە تەنیا لەسەر ماددە (٢)ـە كە نووسراوە (المواثيق الخاصة بحقوق الانسان)، لێرە پێویست نییە پێناسە بكرێت، پێناسە بۆ ئەوە دەكرێت كە ماددەكە چەند جارێك دووبارە ببێتەوە

تەنیا لێرە ئاماژەی پێدراوە و شەرحیش کراوە لەبەرئەوە پێویست نییە لە پێناسەکاندا هەبێت دوای ئەوە لە پێناسەکان هاتووە (مع قیم ومبادیء المجتمع الکوردستانی) وەکو ئامانج و مەبادییء لێ دێت نابێت لە پێناسەکاندا هەبێت و لەخوارەوەش ئامانجەکان شەرح کراوە، تەنیا ئەو تێبینییەمان هەیە هیچی تر نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ماددە یەک؟

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان وایە ئەو برگەیەی کە لە کۆتاییدا هاتووە (التي تتلائم مع قیم ومبادیء المجتمع الکوردستاني) جێگای خۆی نییە لەبەرئەوەی لە شوێنێکی تر لە برگە (٣)ی ماددە (٢)دا هاتووە، دوایی لێرە نووسیومانە (مواثیق حقوق الانسان)، ئەوەش تەئکید کراوە لە برگە (٢) ئێمە زۆر لەگەڵ رای لیژنەی یاسا نین ئەوە بمێنێت باشە، بەڵام ئێمە رامان وایە ئەو رستەیەی لێرەدا هەڵبگیرێت، چونکە لە برگە (٣)ی ماددە (٢)دا هاتووە، باش نییە دوبارە بیێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەرەتاوە لیژنەی یاسا دەبوایە دیباجەی یاساکەی بگۆڕیبا راستە پرۆژەکە هی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە بەڵام دەبوایە دیباجەکە بکرابایە المجلس الوطني لکوردستان العراق.
دووەم: خۆی لە بنەڕەتدا وەزارەت وەزارەتی (حقوق انسان)ە چۆن شەرحی مواثیقی حقوق انسانی تێدا نەبێت؟ پێویستە هەبێت، بەڵام ئەو برگەی کۆتایی التی تتلائم راستە لەوێ شەرحە و زیادە(مواثیق حقوق الانسان: الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهدان الدولیان والبروتوکولات الملحقة بها وغیرها من المواثیق والاتفاقیات) تەنیا ئەوەندە بەسە، لە ماددە (٢)دا هاتووە (التي تتلائم مع حقوق الانسان)، بەڵام دەبێت موستەلەحەکە هەر هەبێت لێرە و دیباجەکەش بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حکومەتی هەرێم هیچ تێبینیتان هەیە بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان برا وەزیرەکان ئەگەر دەکرێت لە کۆتایی پاش تێبینی دەربڕین هەموو

تێبینییەکانی خۆمان بڵێین رەنگە ئاسانتر بێت بۆ ئێمەو بۆ برادەرانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە راستیدا شێوازی گفتوگۆی یاساکان مادده بە مادده دەکەین، یەکەمجار مادده بە مادده گفتوگۆ دەکرێت دەنگی لەسەر دەدرێت پاشان هەمووی بەجارێک دەنگدانی لەسەر دەکرێت بەڵام راتان لە شوێنی خۆیەتی لەوانەیە هەندێک لە ئەندامان رایان هەبێت لەسەر ئەو مەوزوعە بەتایبەتی لەسەر ئەو برگەیە (مواثیق حقوق الانسان) جا گوێ لەرای ئەوانیش بگرن بەجارێک وەڵامیان بدەنەوە باشە ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ قسەی تێدا بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تکایە شتەکانیش دووبارە نەکەنەوە چونکە روونەو یەک شتە، ئایا پێویستە (مواثیق حقوق الانسان)ی تێدا بمێنێت؟ ئەگەر بمێنێت چۆن بمێنێت؟. هەرچەندە من تەسەور دەکەم مانی شتێکی زەرورییە بەتایبەتی ئامازە بۆ (الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهدان الدوليان والپروتوكولات الملحقة بها) ئەمە زۆر زەرورییە تێیدا بەڵام شتی تر حسابێکی ترە.
جا تکام وایە هەر رایەکەی پێشان وترا با ئەو ئەندامە بڵێت قسەکەی من وترا من قسەم نییە، زۆر مەمنون دەبین کاتەکەش کورت دەکەینەوە چونکە لە راستیدا هیچ کاتێکی وامان نییە.
کاک سامی فەرمو.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن، لە راستیدا مواثیق حقوق الانسان ئەو سێ وثیقە جیهانییە، بەڵام ئەمرۆ بنەمای مافی مرۆڤ و دەزگاکانی مافی مرۆڤ و مواثیقی فەرعی مافی مرۆڤ لە دونیادایە جاری گەردونی مافی مرۆڤ لە هەموو دونیا هەموو ساڵێک ئاهەنگی بۆ دەکرێت ئەو دوو عەهدەش (العهدان الدوليان) ئەمانە دە ساڵی کێشا تا ئیقرار کرا لە شەستەکان ئەمە دەست پێ کرا هەندێک دەوڵەت قەبولیان کرد هەندێک دەوڵەت دوای دە ساڵ لە ساڵی ١٩٧٦ قەبووڵیان کرد واتا بنەمای مافی مرۆڤ لە دونیادا بەراستی ئەم سێیەیە، لەبەرئەوە زۆر جێی خۆیەتی زۆریش وارده کە لە سینگی یاسای ئێمەدا هەبێ چونکە ئێمەش پشت بەم سێ عەهدە دەبەستین (میثاق العالمي، اعلان العالمي، والعهدان الدوليان) زۆر زەرورییە بمێنێت و ئەوەی موتناقض نییە لە برگە (٣) مادده (٢)دا هاتووە، پاشان ئامازەی پێ کراوە بە مواثیق و رێککەوتنامەکانی تریش، لەبەرئەوە زۆر وارده کە باسی ئەوە بکرێت (تتلائم مع قيم ومبادیء المجتمع الكوردستاني) دەزانین مواثیقێکی زۆر هەیە تەفاسیل هەیە ناتوانین بڵێین فلان فلان بەڵام ئێمە بەگشتی باسیان دەکەین لەوانەیە لە (١٠٠) میثاق برگەیەک هەبێت لە (٥٠) خاڵ برگەیەک هەبێت گونجاو نەبێت بۆ کۆمەڵگای ئێمە لەبەرئەوە زۆریش وارده مەوزوعی (تتلائم مع قيم ومبادیء المجتمع الكوردستاني) نەوەک رۆژێک لە رۆژان ناحەزێک دوژمنێک بێت بڵێت ئێوەش

پابەندن بەوەش کە ئێمە ئەو مەرجەمان داناوە بەڵام ئێمە ئەو سێ وثیقە جیهانییە بە تەواوی قبوول دەکەین بەڵام مواثیق زۆر ئاماژەی پێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە ئێستا دەست بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین تێبینییەکانیان دەربڕن. بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ پشتگیری لە ئەسڵی یاساکە چەند تێبینییەکم هەیە، یەکەم دەربارەی ناونیشانەکە وشەی (شؤونی) لەگەڵدا نەبێت هەروەها لە پێناسەی وەزارەت و وەزیردا وشەی (شؤون) لاببرێت چونکە لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٠)دا دەڵێت: (المادة الاولى ـ تستحدث وزارة باسم وزارة حقوق الانسان) لێرە ئەم (شؤونە) لە کوێدا هاتووە؟، ئەمە یەک، لەبەرنامەی کاری ئەمرۆشدا هەر وەزارەتی مافی مرۆڤ هاتووە بەبێ وشەی (شؤون) هاتووە.
بۆ خاڵی پێنجەم من پێشنیار دەکەم پێناسەی ئەم خاڵە بەو شێوەیە بکرێت (حقوق الانسان ما ورد في الاعلان العالمي لحقوق الانسان والبروتوكولات الملحقة به والعهدان الدوليان وغيرها من المواثيق والمعاهدات والاتفاقات و القرارات الدولية الخاصة بحقوق الانسان) ئەگەر ڕستەی (التي تتلائم مع مبادىء المجتمع الكوردستاني) لەگەڵدا بێت شتێکی باشە، ئەگەر لەگەڵیشدا نەبێت شتێکی ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، پێم خۆشە لیژنەکانی کە لێرە دانیشتوون ئەو تێبینییانەش ڕەچاو بکەن چ بۆ وەڵامدانەوەیان چ بۆ گۆڕانکارییان ئەگەر پێویستی کرد. بەڕێز د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مواثیقی حقوق الانسان کە لە ماددە (١)دا هاتووە لە ڕاستیدا لە ناوەڕۆکی پڕۆژەی یاساکەدا تەنها یەک جاری تر هاتۆتەوە ئەویش لە بڕگە (٣)ی ماددە (٢)ـە دوو حاڵەت هەیە یان ئەوەیە کە لێرەدا پێناسە دەکرێت دەبێت بەو شێوەیە بێت کە لە ماددە (٣)دا هاتووە یانیش بە پێچەوانەوە لە ماددە (١) لابدرێت لە ماددە (٣)دا باشتر پێناسە بکرێت زیاتر ڕوون دەبێت حەزدەکەم تێبینییەک پیشان بدەم العهدان الدوليان مانای (ميثاق عصبة الامم)ـە لەگەڵ (ميثاق منظمة الامم المتحدة) العهد الدولي (امم المتحده)یە یان (عصبه الامم)، بۆیە من پێم باشە لێرە لابدرێت بەڵام لە بڕگە (٣)دا لە ماددە (٢) بڵێین (اعداد دراسات وبحوث دورية حول سبل

تحسين وضع حقوق الانسان في الاقليم وسبل تعزيز احترامها في ظل مواثيق العهدان الدوليان والاعلان العالمي لحقوق الانسان وغيرها من المواثيق والاتفاقيات الدولية التي تتلائم مع قيم المجتمع الكوردستاني)، یانی له ماددەی (١)ی دەربچێت چونکه یەک جار هاتووه، لەبەرئەوه دەبێت له ماددە یەک نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونکردنەوەیەکمان دەوێت کێ شارەزایە لەو مەوزوعە عهدان واتای چییە مەبەست لەمەدا چییە؟. کاک عەبدولخالق فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ڕوونکردنەوەی د. ناسح دەقیق نییە (عهدان دولیان) دوو وثیقەی تایبەتە لە سالانی حەفتاکان دانراوە پەیوەندیی نییە بە امم المتحده و عصبه الامم کاتێ لە ساڵی ١٩٧٦ تەوقیع کرا دوو عەهدیشە لەگەڵ پرۆتۆکۆڵەکان پەیوەندیی نییە بەو ڕوونکردنەوەی کە د. ناسح کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو شێوەیەی کە هاتووە لە جێگای خۆیەتی ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە جارێ بێین دارشتنەکان بگۆڕین و پاش و پێشی بکەین ئەوە ئیشی لیژنەی یاساو دارشتنە تکام وایە تەرکیز بکرێتە سەر محتوای شتەکە بەڵام پێش ئەوەی گفتوگۆ تەواو بێت حەزدەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە قسەکانی مامۆستا تاهیر عادەتەن دەقیقە چ لە دارشتن چ لە دەستنیشانی خەلەلەکاندا ڕەچاو بکرێت لەو خاڵەدا. کاک ئەمین مەولود فەرمو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ لە قسەکانی من کرا، بەڵام تەنها یەکیان ماوە لە پێناسەکاندا ئێمە لە پێشەوە پێناسەی هەرێممان کردووە (اقلیم کوردستان العراق) دوایی دەڵێین (مجلس الوزراء: مجلس وزراء اقلیم کوردستان العراق)، پێشنیار دەکەم لە پێناسەکەدا تەنیا بڵێین (مجلس وزراء الاقلیم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین من لەگەڵ ئەوەدا ڕێک نیم چەند ناوی کوردستان بێت دەبێت ئێمە پێمان خۆش بێت ئینجا دووبارەش بێت.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە یاساکانی تردا وامان کردووە و چاکیشمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ رایەکەت خرایەروو. کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شریعەی دەولی یان منظومەی مافی مرۆڤ لەم سێ شتانە پێک هاتووە و هەردوو عەهدی دولی یەکێکیان (عهدي مدني و سياسي) پێ دەڵێن ئەوەی تریان عەهدی ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەساڵی ١٩٦٦ دەرچوو لە ساڵی ١٩٧٦ تەوقیعی لەسەر کرا و بڵاو کرایەوە و رێککەوتنی لەسەر کرا من تەنیا تێبینیم لەسەر (تتلائم) هەیە کە بۆچی حەز دەکەم لابرێ، نمۆذجی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان پێچەوانەی ئەو هەموو چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافی مرۆڤی کوردە لەو هەموو ساڵەی رابوورد لە کوردستان دەبێت ئێمە لێرە شەفافیەمان زیاتر هەبێت لەگەڵ بابەتی مافی مرۆڤ و وقفەی ذاتمان لە مافی مرۆڤ زیاتر هەبێت، لەبەرئەوە من دەبینم کە (لا تتلائم) لابرێ، چونکە زۆربەی زۆری دەوڵەتان هەتا دەوڵەتانی ئیسلامیش لەسەر ئەو مەسەلانە ئیمزایان کردووە، بۆچی ئێمە وەکو کورد کە لە رێگای مافی مرۆڤ چووینە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بێین هەندێ شت بۆخۆمان هەڵبژێرین و هەندێ شت لابەین بەلای من وایە هەموو شتێکی تێدا بمێنێت باشترەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شێخ یەحیا فەرمو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانم بڵێم قسەکانم زۆربەی کران بەڵام تەنیا تێبینیم لەسەر (التی تتلائم) هەیە، بەراستی شتەکە گشتییە لێرە شەرحی مواثیقەکە دەکات واتا (التی تتلائم) پێویست ناکات، چونکە لە خوارەوە هاتووەو تایبەتە بە هەرێمی کوردستانی عێراق بەڵام لەوێ پێویست بەو عیبارەتە ناکات (التي تتلائم مع قيم ومبادىء المجتمع الكوردستاني)، چونکە ئەم خاڵە شەرحێکی گشتی مواثیقەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من حەزدەکەم ئاماژە بەو تێبینییەی مامۆستا مەلا تاهیر بکەم. جارێ ئەمان ئەیانەوێ شەرحی

مواثيق حقوق الانسان بكەن بنەڕەتییەکە ئەو سێ شتەیە (الاعلان العالمي) و (العهدان الدوليان و والبروتوكولات الملحقة بها وغيرها من المواثيق والاتفاقيات) ئەمانە هەیە ئەو ئاماژەی بەوە کرد (المتعلقة بحقوق الانسان) بخرێتە سەری بۆ ئەوەی روون بێت واتا وا بێت (وغيرها من المواثيق والاتفاقيات المتعلقة بحقوق الانسان والتي تتلائم مع قيم ومبادئ المجتمع الكوردستاني)، من تەسەور دەکەم ئەوە شەرحێکی وافی دەبێت و لە جێگای خۆیەتی و یان هەردوو ئامانجەکە ئەپێکێ یەکەمیان ئەو سیانە بەتەواوی وەردەگرێت (مواثيق و اتفاقيات)ی تر کە هەیە لە نێوان ولاّتاندا پەیوەندیی بە مافی مرۆڤەوە هەیە ئەوەی کە بگونجێ لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمە ئەوەشمان قەبووڵە ئەوە راستی شتەکەیە. بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرەدا دوو تێبینیم هەیە یەکێکیان مەلا تاهیر باسی کرد لەسەر وشەی (شؤون) پێویست ناکات دووبارەی بکەمەوە.

دووەم لەسەر وشەی تەعابیر دوای ئەوەی من سەیری فەرهەنگی (اکسفۆرد)م کرد وشەی (زاراوە) زیاتر گونجاوە بۆ ئیرە، چونکە اقليم زاراوەیەکی جوگرافییە، ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان و وەزیر زاراوەی سیاسین ئینجا لەبەرئەوە گونجاوتر دەبێت ئەگەر وشەی زاراوە (مصطلح) دابنێین لە شوێنی وشەی (التعابير).

دووەم: دەربارەی (التي تتلائم مع قيم مبادئ المجتمع الكوردستاني). زۆر برادەران پرسیاریان کرد کە ئەمە چۆن دەبێت؟! د. عبدالحسین شەعبان کە زۆر پسپۆڕە لەم بوارەدا تەئکیدی کرد کە ئەم برگەیە بمێنێت زۆر باشە لەوانەش نییە ببێتە کۆسپێک لەپێش وەدیهێنانی مافی مرۆڤداو لەوانەیە گەلێک شتیش لە پێش ئێمە رزگار بکات من زۆر بە گەرمی پشتگیری دەکەم کە ئەم رستەیە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو (التي تتلائم مع قيم ومبادئ المجتمع الكوردستاني) بمێنێت و د. رزگار لایەنێکی هۆیەکەی باس کرد و کاک سامیش هەندێ تری روونکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز رەجەب شەعبان فەرمو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (التي تتلائم) بمێنێت چاکترە چونکە ئێمە لەسەر (وزارة شؤون حقوق الانسان) دەئاخڤین لە دوای ئەوەش دوو خاڵ هاتووە لە خاڵی سێ هاتووە (في ضوء المواثيق الخاصة بحقوق الانسان) و لە خاڵی پێنجیش هاتووە (بأحكام المواثيق الخاصة بحقوق الانسان) ئەوە دووجار هاتووە پێویستە شەرح بکرێت، ئەمە یەک. دوو من لەگەڵ بەڕێز مەلا تاهیردام کە (وغيرها من المواثيق والاتفاقيات) لابرێت و تەعریفەکە تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. حاکم سەفەر فەرمو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆر پێویستە و زەرووریبیە کە (مواثيق حقوق الانسان) لە جێگای خۆیدا بمێنێت، بەڵام باشتر دەبێت کە بڵێین (مواثيق حقوق الانسان، الاعلان العالمي لحقوق الانسان، والعهدان الدوليان) هەر تەواوی بکەین (العهدان الدوليان الخاصة بالحقوق المدنية والسياسية) ئەمە یەکەم، دووەم (بالحقوق الاقتصادية والاجتماعية والثقافية) هەر لێرە ڕوونی بکەینەوەو تەسبیتی بکەین باشترە لەوەی کە لە مادده (٢) برگە (٣) هاتووە، چونکە هەردوو عەهدی دەولی کە ساڵی ١٩٦٦ جمعیەی عامە دەری کردووە تەفسیلی نەبوو وەکو (اعلان العالمي لحقوق الانسان) کە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە زۆر بە تەرکیزی و مرکزی هاتووە ئەو عەهدانەی تر (العهدان الدوليان: الحقوق المدنية والسياسية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية) دەتوانم بڵێم بە تەفسیلی هاتووە جا لێرە بڵێین (العهدان الدوليان للحقوق المدنية والسياسية) ئەوەی دووەم (الحقوق الاقتصادية والاجتماعية والسياسية) باشترە کە لێرە تەسبیت بن ئەوەی تریش هەر تەواوە ئەوەی (المتعلقة بحقوق الانسان)، هەروەها (التي تتلائم) حذف ببێت چونکە لە مادده (٣)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر وەڵامتان هەیە تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە چونکە ئەسڵەن لە ماددەکەدا هاتووە (المواثيق الخاصة بحقوق الانسان) خۆی ئەوانە شتی دیارن پێویست ناکات پێناسەی بکەین فلان شتە (المواثيق الخاصة بحقوق الانسان) و هەر شتێک متعلق بێت بە حقوق الانسان بەرای ئێمە کورد سوودی لێ وەردەگرێ زەرەری لێ ناکات

چونکه شت نییه پەیوەندیی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت و کورد زەرەری تێدا بکات مادام ئیقراری مافێک دەکات بۆ مرۆڤ لەبەرئەوە پێویست ناکات بلێین (الاحکام الخاصة بحقوق الانسان) لەبەرئەوەی پێویست ناکات لە پێناسەکان بێت (حقوق الانسان) (مواثیق)ەکان هەموو دەولیەن پێناسە کراون لەبەرئەوە پێویست ناکات ئێمە پێناسەی بکەین و زیادو کەمی بخەینە سەری لەوانەیە لە ئایندەشدا پرۆتۆکۆلی تازەش بێتە پێش میللەتی کورد هەر سوودی لێ وەردەگرێ لەبەرئەوە پێویست ناکات دیاری بکەین بلێین فلان شت و فلان شت بەرای ئێمە (المواثیق الخاصة بحقوق الانسان) بەسە و، لە مەتنی ماددەی دووەمیش هاتووە لەبەرئەوە پێویست ناکات بە پێناسەکان. هەروەها سەبارەت بە وشەی (شؤون) ئێمە لەگەڵ رایەکەی مامۆستا مەلا تاهیر داین کە پێویست ناکات هەبێت لەبەرئەوەی لە ئەسڵدا وەزارەتەکە ناوی (وزارة حقوق الانسان)ە، دەبێت لێرە بگوترێت (وزیر حقوق الانسان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وشەی (شؤون) بەرای ئێمە یاساکە چۆنە وابێت، باشترە (وزارة حقوق الانسان) بێت بەبێ (شؤون).

دەربارەی (وغیرها من المواثیق والاتفاقات الدولیة المتعلقة بحقوق الانسان) ئێمە لەگەڵ ئەوەداین زیاد بکرێت پێشنیاری سەرۆکی پەرلەمان باشە بۆئەوەی روون بێت، چونکە (مواثیق والاتفاقات) زۆر هەیە لەوانەیە هەندێکیان دژی قەزیەی کوردی بن لەبەرئەوە باشترە بکرێت بە (وغیرها من المواثیق والاتفاقات الدولیة المتعلقة بحقوق الانسان).

دەربارەی (التي تتلائم مع قیم ومبادیء المجتمع الکوردستاني) بەرای ئێمە لێرەدا شوێنی نییە، لەبەرئەوەی لە بڕگە (٣)دا هاتووە لەوانەیە ئێمە خۆمان لەشەرحدا بلێین (لا تتلائم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک نەمر فەرمو.

**بەڕێز نەمر کەچۆ هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مواثیق حقوق الانسان وەکو جەنابتان دەزانن ئەوانە (مواثیق)ی جیهانینە و، هەموو جیهان ئێستا قوانین و تەشریعاتی خۆی (بموجب قوانین حقوق الانسان) دەگۆڕێت ئێمە ئێستا ئەو وەزارەتەمان دەست نیشانی کردووە کە رێزی مافی مرۆڤ دەگرێت ئێمە لەو مەرحەلەیەدا لە پرۆژەی یاسای، ئەگەر من خۆم بڕوام پێ هەیە، بۆ نموونە ئاین لە کوردستاندا ئیسلامە، ئێستا

یەکێکی ئیسلام ناتوانێ ببێت بە مەسیحی، یا بە یەزیدی، ئەوە دژە لەگەڵ مافی مرۆڤ، ئەگەر تەماشای کەین لەگەڵ قیەم و مەبادیئی کۆمەڵگای کوردەواریماندا، هەرچەندە بنەما سەرەکییەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ کە مرۆڤ سەربەستە لە گۆڕینی ئاین و مەزهەب و بیروبڕوای، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەوە بمێنێتەوە کە دەڵێت: «تتلائم مع مبادئ وقيم المجتمع الكوردستاني»، هەندێ هەن سوودی لێ دەکەن چونکە ناتوانن لەگەڵ واقعدا بگونجێن و، بەرای من ئەم دەستەواژەیە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، ئەوی تر بخرێتە سەر بڕگەی «٣»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێناسەیە و ماددە نییە، ئەوەی خوارەوە ماددەیەکی یاساییە جا ئەم دەستەواژەیە لە خوارەوە بێت چاکترە، سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی بەڕێزتان لەسەر روون کردنەوەی ماددەی یەکەم، بۆچوونەکەی جەنابتان لە جێگای خۆیەتی و ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان وادەزانن کەوا یەک جار «مواثيق حقوق الانسان» هاتووە، ئەوە دوو جار لە یەک پەڕەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا دوو را هەیە، رای لیژنەی یاسایی کە دەڵێن پێویست ناکات باسی «مواثيق حقوق الانسان» باس کرێت و، لە پرۆژەی یاساکەدا وشەی «شؤون»ەکە لابرێت و تەنها بوترێت وەزارەتی مافی مرۆڤ، کە وەزارەتەکەش بوو بە وەزارەتی حقوقی ئینسان، وەزیریش دەبێت بە وەزیری حقوقی ئینسان و، رای لیژنەی یاساش ئەوەیە کە «مواثيق حقوق الانسان» پێناسە نەکرێت، رای بەرامبەریش ئەوەیە کە وشەی «شؤون» هەڵگیرێت، بەڵام زۆر پێویستە کە «مواثيق حقوق الانسان»ی تیادا بێت وەکو بنەمایەکی ئەو وەزارەتە، واتا ئەم وەزارەتە ئیستناد ئەکاتە سەر جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و پرۆتۆکۆلەکانی، جا ئەگەر حکومەت هەر پێشنیارێکی هەبێت ئەوا ئێمە پێشنیارەکەی حکومەت ئەخەینە دەنگدانەوە و، خۆتان دارشتنێکتان هەبێت لەسەر ئەو دوو رایە ئێمەش ئەو دارشتنەی ئێوە ئەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز سامی عەبدولڕەحمان/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەسەر هەڵگرتنی وشەی «شؤون» رازین، بەڵام سەبارەت بە «مواثيق حقوق الانسان» ئەوە نەژادی مەسەلەکەیە و، وەکو زۆربەی ئەندامانیش دووپاتی گرنگی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ و ئەو بابەتانەی کە لە جیهاندا کۆتایی هاتووە و، ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە و مواثیق و رێککەوتننامانەش کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆی زیاد کرد، بە رای ئێمە شتێکی زۆر

باشـه و، پێمـان باشـه کـه بۆی زیاد بکرێت، «التي تتـلائم مع مبـادئ و قـيم المجتـمع الکوردسـتـاني» ، بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە و مەسەلەیەکی شێوەیی نییە و، بەڕێز وەزیری هەرێم ئاماژەی پێ دا، ئێمە ناتوانین هەموو شتێک لە جیهاندا بکرێت بە مافی مرۆڤ ئێمەش لێرە لە کوردستاندا پەیڕەوی کەین، هەندێ شت هەیە لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێ، لەوانەیە ئەوان ئەمڕۆ وەریگرن، بەڵام ئێمە پاش «٥» ساڵی تر وەریگرین، لەبەر ئەوە ئەوە مەسەلەیەکە سوودی هەیە و لەوانەشە ببێتە جێگای کێشە بۆ ئێمە، جا لەبەر ئەوە ئەو دارشتنە بەو شێوەیە بمێنێت تەنها ئەوەی بخرێتە سەر «المتعلقة بحقوق الانسان» پاش وشەی «الاتفاقیە» ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری هەرێم وتیان کەوا زۆر شت هەیە کەوا لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا ناگونجێ، ئەو مەسەلانە پەیوەندییان هەیە بە یاسای وەزعییەوە، جا ئەوە ناگرێتەوە کەوا لە هەر شوێنێک رێککەوتنێک راگەیەندرا، ئەگەر یاسای ناوخۆیی رێگای نەدا ئەوە بەکار دێت، چونکە ئەو کاتە دەبێت یاساکان هەموار بکرێن لەسەر رۆشنایی ئەو رێککەوتنامانە و، ئەگەر یاساکان هەموار کران و کۆمەڵگاکە وەریگرت واتا هەموو شتێک دەتوانرێت وەرگیرێت، هەر وەکو بەڕێز وەزیری هەرێم باسی کرد کەوا یەکێک بیەوێت ببێت بە یەزیدی، یاخود مەسیحی ئەوە یاسای باری کەسایەتی رێگای پێ نادات، نەوەک رێککەوتننامە نێونەتەوەییەکان، لەبەر ئەوە بەرای ئێمە ئەوەی لە مافی مرۆڤدا بگونجێت لەگەڵ یاسای وەزعی ئێمە ئەوە وەری دەگرین، ئەوەشی گونجاو نەبێت ئەوە وەرناگیرێت و، ئەگەر هەنگاوێکی پێشتر هەبێت بۆ پێشخستنی یاساکان ئەوە وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەسەر کرا، سەبارەت بە «التی تتلائم مع مبادئ وقیم المجتمع الکوردستانی» زۆر وڵات هەیە بەتایبەتی وڵاتە ئیسلامییەکان کاتێ کە رێککەوتنامەیەک مۆر دەکەن تەحەفوزاتیان هەیە بەرامبەر بە هەندێ خاڵ، مۆریشی دەکەن و تەحەفوزاتەکانیشان ئاماژە پێ دەکەن لە هەمان کاتدا، ئەوێش سەبارەت بە رەچاو کردنی هەندێ بنەمای کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگاکانی خۆیانە، ئێمە ئێستا لاریمان لەوە نییە کەوا ئەو دەستەواژەیە لە یاساکەدا هەبێت، بەڵکو دەڵێین ئایا پێویست دەکات دووجار بنووسرێتەوە و، لە کوێ دا بێت؟، جا ئێستا ئێمە دیخەینە دەنگدانەوە، سەبارەت بە ناوی وەزارەت کە وشەی

«شؤون»ی لیّ هەڵدەگیرێت، چونکە یاساکە کە دەرچووە دەڵێت «قانون حقوق الانسان» ، ئەوە لە کاتی دەرچوونی یاساکەدا هەموار دەکرێت و ، سەبارەت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران راستە یاساکە هی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام دیباجەکەی لە ئەنجومەنی نیشتمانییەوە دەکرێت، سەبارەت بە «مواثیق حقوق الانسان»رایەک هەیە دەڵێت ئەوەی تێدا نەبێت و، رای حکومەتیش ئەوەیە کە تێدا هەبێت،«الاعلان العالمي لحقوق الانسان و الاعلام الدولي والبروتوكولات الملحقة بها وغيرها من المواثيق والاتفاقيات المتعلقة بحقوق الانسان والتي تتلائم مع قيم ومبادئ المجتمع الكوردستاني» ئەمە رای حکومەتە و دەنگدان لەسەر گۆڕینەکە دەکەین، رای لیژنەی یاسا ئەوەیە کەوا پێویست بە هەمووی ناکات، بەڵام رای حکومەتیش ئەوەیە کەوا «مواثيق حقوق الانسان»ی تێدا هەبێت بەو شێوەی کە خوێندمانەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدایە بەو شێوەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا بە هەموارکردنەوە، ئێستا بۆ ئەوەی روون بێتەوە دیباجەکە دەگۆڕدرێت و وشەی«شؤون» هەڵئەگیرێت و ئەو زیادەیەش ئەخرێتە سەر «مواثيق حقوق الانسان» ، ماددەی دووەم تکایە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية :

١- تقديم المشورة والرأي لمجلس الوزراء ولكافة الجهات الرسمية وغير الرسمية في الاقليم فيما يتعلق بشؤون حقوق الانسان.

٢- نشر ثقافة حقوق الانسان وتوعية اوساط المجتمع الكوردستاني بها والعمل على ترسيخ مفاهيم التسامح والتضامن الاجتماعي وقيم ومثل المجتمع المدني.

٣- اعداد دراسات وبحوث دورية حول سبل تحسين وضع حقوق الانسان في الاقليم وسبل تعزيز احترامها في ضوء المواثيق الخاصة بحقوق الانسان المدنية والسياسية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية وغيرها من المواثيق والاتفاقيات التي تتلاءم مع قيم المجتمع الكوردستاني.

٤- مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية لمبادئ حقوق الانسان وحرياته الاساسية.

٥- تقويم مدى التزام الاجهزة الرسمية وغير الرسمية في الاقليم باحكام المواثيق الخاصة بحقوق الانسان ورفع تقرير بشأن ذلك الى رئاسة مجلس الوزراء.

٦- تفتيش السجون ومراكز الحجز والاعتقال بصورة دورية واعداد تقارير عن احوال السجناء والمحجوزين والمعتقلين.

٧- التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الانسان في داخل الاقليم والاحزاب السياسة والجمعيات الاقتصادية والاجتماعية والفكرية والمواطنين بما يضمن سلامة تطبيق الاتفاقيات الدولية والتشريعات حول حقوق الانسان في الاقليم.

٨- التعاون والتنسيق في مضمار حقوق الانسان مع المنظمات الدولية المختصة والجهات الاخرى ذات العلاقة.

٩- اعداد تقرير سنوي يتضمن الصورة الحقيقية لحالة حقوق الانسان وعمل الوزارة في هذا المضمار ورفعه الى رئاسة مجلس وزراء الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموون.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو سێ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، لەسەرەتای ماددەی دووەمدا کە دەڵێت: «تتولى الوزارة تحقيق الاهداف التالية» پێشنیارمان کردووە ببێت بە «تتولى الوزارة تحقيق الاهداف والمهام التالية»، چونکە بەشێک لەو شتانەیە کە لە ماددەکەدا هاتووە تەنها «اهداف» نییە، بەڵکو «مهام»ە، دووەم پێشنیارمان لەسەر بڕگەی «٤» کەوا بکرێت بە « مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية في الاقليم لمبادئ حقوق الانسان وحرياته الاساسية.»، سێیەم، یەکێک لە «مهام والاهداف»ی بڕگەیەکی بخرێتە سەر کەوا بەرگری بکات لە مافە رەواکانی گەلەکەمان بەتایبەتی ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتدان وەکو کەرکوک و خانەقین و سنجار و مخمور و ئەو شوێنانە، چونکە ئەمەش پەیوەندی هەیە و دەبەسترێتەوە بە مەسەلەی راگواستن و کیمیاباران و ئەنفالەوە، ئەوەش یەکێکە لە ئامانجەکانی وەزارەت بۆ ئەوەی بتوانێت راپۆرت پێشکەش بکات لەو بۆنانەی کە دەشێت تێیدا بەشداری بکات، هەروەکو چۆن پەرلەمان و حکومەت دەیکەن، ئێمە ئەم سێ پێشنیارەمان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، بەڵام ئەگەر لە بڕگەی «٩»دا لە تقاریرەکاندا ئەم دەستەواژەیەی

بخرێته سەر «ورفع الى رئاسة مجلس الوزراء والمجلس الوطني»، ئەگەر نوسخەیەک لە راپۆرتەکان بدرێتە پەرلەمان بە رای ئێمە چاکترە و، رێز لێنانیشە لە مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵامی حکومەت جێ دەهێڵین تاوەکو هەموو پێشنیار و پرسیارەکان تەواو دەبن، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەم ماددەیە بدوێن با ناونووسی خۆیان بکەن، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگە «٣»ی ماددەکە هەیە، پێموایە دارشتنێکی تری پێویستە کە ئەویش بکرێت بە « اعداد دراسات وبحوث دورية حول سبل تحسين وضع حقوق الانسان في الاقليم وسبل تعزيز احترامها في ضوء المواثيق والاتفاقيات الدولية المتعلقة بحقوق الانسان: المدنية والسياسية والاقتصادية والاجتماعية والثقافية والتي تتلاءم مع قيم المجتمع الكوردستاني.»، چونکە بەم شێوەیە گشتی تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئەوە هیچ لەمەسەلەکە دەگۆڕێت؟، فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پێناسەکەدا هاتووە جارێکی تر دووبارە نابێتەوە و، ئەم دارشتنەش گشتی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم لەسەر برگەی «٤»هەیە کە وەکو پرسیارێک لە لیژنەی یاسای دەکەم، ئەم برگەیە«مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية لمبادئ حقوق الانسان وحرياته الاساسية.»تێکەڵ بوون نییە لەگەڵ ماددەی «٥٦»ی یاسای ژمارە «١»ی خاڵی «٦»ی پەرلەمان کە دەڵێت:«الرقابة على اعمال السلطة التنفيذية»؟، بەپێی ئەم برگەیە واتا برگەی «٤» وا دەردەخات کەوا دەسەڵاتێک هەیە لە پەرلەمان بەرزترە، دووەم، «تفتيش السجون و أماكن الحجز» بە رای من ئەمە کاری دادگاکانە، ئەگەر گۆڕانی لەسەر بکرێت و ببێت بە «تنظيم الزيارات الرسمية للسجون ومراكز الاعتقال» لەوانەیە باشتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من چەند تێبینییەکم هەیە، لە برگەی «٤»دا هاتووە«مراقبه ملائمه التشريعات الوطنيه»، ئەگەر بگۆڕدرێت بە «النظر في مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية»، نەکو بکەوینە گومانەوە لەوەی کەوا ڕەقیبێک هەیە لەسەر پەرلەمان، یاخود لایەنە یاسادانەرەکان، دووەم «تقويم» بکرێت بە «تقييم»، چونکە ئەوان هەڵسەنگێنن ودیاری دەکەن کەوا باشە، یاخود خراپە، لە ڕووی زمانەوانیشەوە «تقييم» بە هێزترە لە «تقويم»، خاڵی شەشەم دەڵێت:«تفتيش السجون و مراكز الحجز»کە بکرێت بە «تحسين اوضاع السجون ومراكز الحجز»، چونکە ئەمە لە ئامانجەکانی ئەوە و، ئامانجی ئەویش ئەوەیە نەوەک تەنها تەفتیش بکات بەڵکو بەرەو پێشەوەشی بەرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕای من برگەی «٧» و برگەی «٨» بکرێن بە یەک برگە بەم شێوەی خوارەوە:

« التعاون مع المنظمات والجهات المعنية بحقوق الانسان في داخل الاقليم وخارجها بما يضمن سلامة تطبيق الاتفاقيات الدولية والتشريعات حول حقوق الانسان.»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم لەسەر برگەی «٦» هەیە، کە دەڵێت:« تفتيش السجون ومراكز الحجز والاعتقال بصورة دورية واعداد تقارير عن احوال السجناء والمحجوزين والمعتقلين.»، وەکو سیغەی کارپێکراو لە هەموو جیهاندا وایە کە وەزارەتی ناوخۆ و دادوەری لێکۆڵینەوە و ئیدیعائی عام ئەوان بەرپرسن لەسەر ئەم جۆرە شتانە، جا وابزانم ئەگەر ئەو دەسەڵاتە بدەین بە وەزارەتی مافی مرۆڤ ئەوە تعاروزێک دروست دەکات، ئەگەر لە کۆتایی برگەکەدا شتێکی وا دابنرێت وەکو «تنسيق و تعاون» باوەڕکەم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من هەمووی کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لای هەمووان ئاشکرایە ئەو بارودۆخەی کە بەسەر کوردستاندا تێپەری لە کوشتن و برین و ڕاگواستن و ئەو جۆرە تاوانانە و، هەروەها ئێستاش بەردەوامە هەر وەکو کاک عەبدولخالقیش ئاماژەی بۆ کرد و، بۆ ئەم بابەتە من پێشنیارێکم هەیە، ئەویش برگەیەکی تری بخرێتە سەر بەم شێوەیە: «ابراز ماتعرض له الشعب الكوردستاني من قمع وارهاب و ابادة جماعية لدى كافة المنظمات والهيئات الدولية ومتابعة ذلك بصورة دورية وحيث ما هنالك الاستمرارية لهذا النهج»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا هیچ وەڵامتان هەیە؟، فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەوەی پەیوەندی پێمانەوە هەبێت ئەوە وەڵامی دەدەینەوە و، ئەوەشی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەبێت ئەوا بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران وەڵامی دەداتەوە، سەبارەت بە ئەوەی بەڕێز د.رزگار فەرمووی «مراقبة التشريعات» ئەوە وەکو چاودێرییەک دەبێت بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانەوە و تەنها ئارائو و ڕێنمایی پیشانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەدات، پاشان کە یاسایەک، یا بڕیارێک دەردەچێت مەرج نییە، ئەوە دەبینین ئەنجومەنی وەزیران رایەکی لەسەر بدات ئەوە ناگرێتەوە کەوا دەسکاری ئەو کارە دەکەن، سەبارەت بە ڕایەکەی کاک سەفەر، پێویست بوو هەر لە لیژنەی یاسایی کە ئەندامە لێی لەوێ پێشنیارەکەی پێشکەش بکردایە، ئێستا سەبارت بە پشکنین شتێکی زۆر ئاساییە کەوا وەزارەتی مافی مرۆڤ بچێت و پشکنینی بەندیخانەکان بکات و، بزانێت ئایا مافی مرۆڤ ڕەچاو کراوە، یا نە، پشکنینەکە دژی وەزارەتی ناوخۆیە، تاوەکو لایەنێک هەبێت چاودێری وەزارەتی ناوخۆ بکات و بزانێت ئایا کارەکانی

بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام دەدات و خاڵەکانی مافی مرۆڤیش پیادە دەکات، سەبارەت بە کاک ڕەجەب کە دەڵێت: «تحسین» بکرێت، «تحسین» ئیشی وەزارەتی مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو وەزارەتی مافی مرۆڤ داوا دەکات کەوا «تحسین» بکرێت، بەڵکو خۆی ئەو کارەی پێ ناکرێ، چونکە لایەنێکی «ممول» نییە، ئەگەر وەکو پێویست نەبوو، ئەوا داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکات کە ئەو کارە بکەن، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک سیروانیش ئەوە ئەگەر ئەو بڕگەیەشی بخرێتە سەر ئەوە خراپ نییە و، حەز دەکەین ڕای حکومەتیش بزانین چییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تێبینی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێمان باشە لە ماددەی «٢» «تتولى الوزارة تحقيق الاهداف والمهام»ی بخرێتە سەر، لە بڕگەی «٤» نووسراوە « مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية لمبادئ حقوق الانسان وحرياته الاساسية.» «التشريعات الوطنية»، «إقليم» دەگرێتەوە ئەوە شتێکی ئاشکرایە و، پێموایە «الوطنيه» عێراقیش دەگرێتەوە، جا ئەگەر وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە، سەبارەت بە «مراقبة ملائمة التشريعات الوطنية» ئەوە ناگرێتەوە کەوا وەکو دەسەڵاتێکە، هەموو کەسێک مافی چاودێری کردنی هەیە، هەتاکو ڕۆژنامەش ئەو مافەی هەیە، پێموایە ئەوە بڕگەیەکە زۆر لە جێگای خۆیەتی، سەبارەت بە بڕگەی «٣» ئەوە پێناسەیە و ئیلتزام دروست ناکات، «مواثيق حقوق الانسان» تەنها پێناسەیە، تۆ ئەگەر نەتخستە دەقێکەوە هیچ سوودی نابێت، لەبەر ئەوە کردووتە بە ئامانجێک، چونکە ئەگەر تەنها لە پێناسەیەک وترا ئەوە هیچ ئیلزامێکی پێوە نابێت، بەڵام ئەگەر کردت بە دەقێک ئەوە ئەو کاتە ئەبێت بە ئیلزام، لەوێش پێم باشە کەوا «المتعلقة بحقوق الانسان»ی بخرێتە سەر، بۆ ئەوەی ڕوون بێت ئێمە لە چ سیاقێکدا قسە دەکەین، پشکنینی بەندیخانە و گرتووخانەکان بۆ ئەوەی لەوانەیە هەندێ خەڵک گلەیی لە حکومەت و وەزارەتەکان دەکەن، ئێستا ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی ئێمە ڕێگامان پێیان داوە کەوا بچن و بە هەوەسی خۆیان پشکنینی ئەو بەندیخانانە بکەن و، زۆریش سوود بەخش بووە، چونکە زۆر شت هەبووە کە ئێمە نەمانزانیبێ و ئەوان پێش چاومانیان خستووە، ئێمە کە ڕێگا بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بدەین کە بەندیخانەکانمان بپشکنن، ئایا ڕێگا بە ڕێکخراوێکی خۆمان نەدەین کەوا پشکنین بکات و، حکومەت لە کەموکورتییەکانی ئەو شوێنانە ئاگادار بکاتەوە؟، پێش ئەوەی خەڵکی تر ئاگادارمان بکاتەوە؟، سەبارەت بە بڕگەی «٧»و بڕگەی «٨»، دوو بڕگەی سەربەخۆن بە پێویستی نازانم کەوا تێکەڵ بکرێن، چونکە یەکێکیان بۆ ئیشی ناوخۆیە و ئەوی تریشیان بۆ ئیشی دەرەوەیە، سەبارەت بە پێشنیاری «إبراز ما تعرض له الشعب الكوردستاني لدى

المنظمات الدولية» ، بەرای من ئەگەر لە برگەی «٨»دا شتێکی رێکوپێکی بخرێتە سەر،چونکە لە هوکـارە پێـویسـتـەکـاندا ئامـاژەی پێ کـراوە، هەرچەندە لە برگـەی «٨»یشـدا «تعـاون» ئەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بە پێویستی دەزانن ئەوە با بە دارشتنێکی رێکوپێک تێکەڵی برگە «٨» بکرێت، سەبارت بە مەسەلەی ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتدان، حەز دەکەم کەوا گوێمان لە دقێکی تایبەتی بێت، چونکە پێویستە ئەم وەزارەتە بەرگری لە هەموو کوردێک بکات لە هەر جێگایەک بێت، بۆ نمونە ئەو کوردانەی کە لە ماوەی رابردوودا لە پاکستان دەسگیر کران، لێرە گفتوگۆیەکیان لەسەر کرا، جا لەوانەیە کوردێک لە ئەوروپا تووشی کێشەیەک بێت جا پێویست دەکات ئەم وەزارەتە بەرگری لێ بکات، ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزین بەبەردەوامی زوڵمیان لێ دەکرێت، جا حەز دەکەین ئەو دەقەی کە دایدەنێین لە جێگایەکی دانرێت، بەڵام پێمان باشە کەوا دارشتنەکەی بزانین چۆنە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، خاڵێکتان وەڵام نەدایەو کە ئەویش خاڵی «٩» بوو،«٩- اعداد تقرير سنوي يتضمن الصورة الحقيقية لحالة حقوق الانسان وعمل الوزارة في هذا المضمار ورفعه الى رئاسة مجلس وزراء الاقليم ونسخة منه الى المجلس الوطني.» ، سەبارەت بە برگەی «٨» ، یا ئەو بابەتەی کە بەرگری کردنە لەسەر ئەو کوردانەی کە دانیشتووی دەرەوەی هەرێمن ، لە هۆکارە سەرەکییەکاندا بە روونی هاتووەتەوە، هەتاوەکو لە یاسای «تشكيل الوزارە»ەشدا لە ئەرکەکانیدا روون کراوەتەوە، کەوا وەزارەت لە ناوەوە ئەرکی هەیە و، لە دەرەوەش ئەرکی هەیە، جا با دارشتنەکەی دارشتنێکی سیاسی نەبێت، بەڵکو یاسایی بێت و، ئامانجەکەی بەشێوەیەکی باشتر بپێکێ و، ئەمە مانای ئەوە ناگریتەوە کەوا ئەو لایەنە پشت گوێ خراوە، فەرموو.

**بەرێز کاک کەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە برگەی «٨» بەم شێوەیە بێت:«التعاون والتنسيق في مضمار حقوق الانسان مع المنظمات الدولية المختصة والجهات ذات العلاقة لإبراز ماتعرض له الشعب الكوردستان من انتهاكات لحقوق الانسان» ، ئەوە گشتی ترە و هەموو شتێک دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو هەموار کردنانەی کە بە رای نوێنەرانی حکومەتی کوردستانیش کراوەتە سەر ماددەی دووەم بەو شێوەیە:«تتولى الوزارة تحقيق الاهداف و المهام»یشی ئەخرێتە سەر.
وللوزارە تحقيق اهداف و(مهام)یش دەچێتە سەری، ئەمە یەک،خاڵی سێیەم (من مواثيق والاتفاقيات المتعلقة بحقوق الانسان والتي تتلائم مع قيم المجتمع الكوردستاني) ئەوەش دەچێتە سەری، خاڵی هەشتەم( ٨- التعاون والتنسيق في مضمار حقوق الانسان مع المنظمات الدولية

المختصة والجهات الاخرى ذات العلاقة وابراز ما تعرض له شعب كوردستان من انتهاكات لحقوق الانسان). ئەوەش دەچێتە سەری خاڵی نۆیەم (٩- اعداد تقرير سنوي يتضمن الصورة الحقيقية لحالة حقوق الانسان وعمل الوزارة في هذا المضمار ورفعه الى رئاسة مجلس وزراء الاقليم. والمجلس الوطني لاقليم كوردستان)، ئەمە پرۆژەکە ئێستا بە تەعدیلاتەوە دەخەینە دەنگدانەوە، خۆی لە ئەصلدا بڕگە پێنج تقویم نییە لەوانەیە هەڵەی چاپ بێت خۆی (تەقییم)ە دوو مانای جیاواز دەدات وانییە کاک سامی!؟.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردووکی مستعملە زیاتر عەرەب دەڵێن تەقویم لە دوا مؤتەمەری قیمەی عەرەبی دەڵێن تەقویم، هیچ مشکلە نییە هەردووکی بەکار دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی هیچ اشکال نییە بکرێت بە (تقیم)، ماددەی دوو بە تەعدیلاتەوە دەخەینە دەنگدانەوە هیچ تێبینی هەیە فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق رەشید محمد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم جێگری سەرۆکی حکومەت تەئکیدی کرد فەقەرەیەک اضافە بکرێت (الاهتمام باوضاع المواطنين الكوردستانيين فی مناطق) بۆ نموونە هەتاکو ئەگەر جالیەی کوردی بێت لە دەرەوە بەتایبەتی مناطقی کەرکوک و خانەقین ئەوەی کە لە اهتماماتی ئێمەیە لەبەر ئەوە کوردستان تەنها ئەوە نییە ئەو خەتی (٣٦)ە بێت ئێمە کەرکوک و خانەقینیشین، ئینجا لەبەر ئەوە من پێم خۆشە و موافقم لەگەڵ صیغەکەی کاک سامی کە بەراستی بە صیغەیەکی زۆر مرن بنوسرێ کە یەکێک لە ئەهدافی ئێمەش بێت چونکە بە رۆژانە دەیکات وپەرلەمان و حکومەتە دفاع لە تەرحیل ولە دەرکردن ولە تەصحیحی قەومیەت و استیلاء لەسەر زەوییەکانیان و ئینجا هاووڵاتیانمان ئەوانەی کە ئێستا بۆ نموونە لە هۆڵەندە هەوڵ دەدەن دەریان بکەن لە پاکستان اضراب دەکەن یان لە شوێنێک هجوم دەکرێتە سەریان ئینجا ئەگەر ئەوەش اضافە بکرێت کە وەکو فەقەرەیەک شتێکی باشە و من موافقم لەسەر گشت ئەو تێبینییانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینیم هەیە هەرچەندە لەراستیدا چ پەرلەمان وچ حکومەت لەگەڵ ئەوە بێت کە ناوی کرکوک وخانەقین و سنجار بێت یەکەم ئەوە قانونە بەیانێکی سیاسی نییە، موراعاتی ئەوە بکرێت کە صیاغەکە قانونی بێت دووەم بەنیسبەت حدودی ئیقلیمەوە رۆژێک لەرۆژان نە پەرلەمانی کوردستان نە حکومەتی هەرێم نەیگوتوە اقلیم کەرکوکی تێدا نییە یان اقلیم سنجارو

خانەقینی تێدا نییە ئێمە هەموو کوردستان اعتبار دەکەین بە اقلیمی کوردستان و داواشی دەکەین وئینجا ئێستا ئەگەر ئەوە جیا بکەینەوە کە بڵێین ئەوە خارجی اقلیمە مومکینە بڵێی خارجی ادارەی کوردی تەعبیرەکە دەقیقترە خارجی سوڵتەی ئێستا ئەگینا اقلیم هەموو کوردستانی عێراقە و ئەوە شتێکە لە مەسائیلی ئەساسی چ پەرلەمان چ حکومەت چ هەموو ئەحزابی کوردستانی ئینجا ئەگەر صیغەیەک بدۆزرێتەوە ئێمەش مەناعەتمان نییە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ قسەکانی جەنابتم ئەوە شکم نییە کە نە پەرلەمان ونە حکومەت اقلیم کوردستان منطقەی حدودی خۆمان کەرکوک وخانەقین وگشتی تێدایە، بەڵام کوردمان هەیە بۆ نموونە لە بەغدا ٦٥٠ هەزار کورد هەیە لە بەغدا ئەوانە زۆر جار اضطهاد دەکرێن و تعرض دەکرێن بۆ گشت شتێک لەبەر ئەوە ئێمە اقلیم کوردستانیش دفاع دەکەین لە گشت کوردێک لە عێراقدا چونکە ئێمە ئێستا ئەگەر حسابی بکەین نزیکی ملیۆنێک کورد لە خارجی اقلیم لە مناطقی حکومەتەکە بەشێک نییە لە کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا کاک عبدالخالق (وابراز ما یتعرض لە شعب کوردستان من انتهاکات لحقوق الانسان) هەمووی ناگرێتەوە؟ ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، بۆ معلومات جارێکی تر پرۆژەی حکومەت بە تەعدیلاتەوە پیشان دەدەم و دەیخەینە دەنگدانەوە ئێوە ئازادن دەتانەوێ شتێک زیاد بکەن لەسەری ئەو پرۆژەیە بڵێن نوقصانە وشتی بۆ زیاد بکەن ئەوە صرفی کارەکانمانە و بەوشێوەیە، لە مادده دوودا مهام اضافە دەکرێتە سەری لە خاڵی سێیەمدا وەکو (المتعلقه بحقوق الانسان والتی تتلائم ئەوە دەخرێتە سەری پێنج (تقویم دەکرێت بە تەقییم) هەشت اضافەی (وابراز ما یتعرض لە شعب کوردستان من انتهاکات لحقوق الانسان) ئینجا انتهاکاتی حقوقی انسان دەتوانی بڵێ تعریب وتهجیر و ترحیل حملاتی ابادە هەمووی دەگرێتەوە نۆیەمیش (اعداد تقییم سنوي یتضمن صورة حقیقیة لحالة حقوق الانسان وعمل الوزارة في هذا المضمار ورفعه الی رئاسة مجلس وزراء الاقلیم والمجلس الوطني لاقلیم کوردستان العراق) دەبێ ناوە کاملەکەی تێدا بێت بۆ ئەوەی مەجبور نەبین لە بابی تعاریفی اضافەی بکەینەوە جارێکی تر ناوە تەواوەکەی تێدا بێ تعاریفی ناوێت جارێکی تر جا ئەو مەشروعە بە تەعدیلاتەوە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەماددەی دووەم بە تەعدیلاتەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە ... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ مادده دوو بە تەعدیلاتەوە وەرگیرا. مادده سێ.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاصـح حـــیـــدری:**

المادة الثالثة:

الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن تنفيذ سياساتها وممارسة الاشراف والرقابة على تنفيذ الاتفاقيات الدولية والتشريعات الداخلية وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها واختصاصاتها وسائر شؤونها.

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد زەنگـەنـە:**

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جـــمـــیـل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەین و خۆی اتفاقیەیە، یانی وەکو خۆی بێ چۆن هاتووە وابێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن:**

ڕاستە اتفاقیات نوسراوە ئەوان وا بەهەڵە خوێندیانەوە، ئەوەی نوسراوە (على تنفيذ اتفاقيات)، تێبینی هەیە لەم بارەیەوە فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـحـەمـەد:**

**بەڕێز ســـەرۆکـی ئـەنجـــومـــەن.**

ئیشی وەزیر تضامنیە لە ئەنجومەنی وەزیران لە هەموو وەزارەتەکان هاتووە لە تەعریفەکانا، کە خوێندم ئینجا لە کۆتایی دەڵێت (ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه) ئەوە لە قوانینی هەموو وەزارەتەکانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامێکی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەبی هەر اشکال دروست ناکات و ئەگەریش نەبێ هەر اشکال دروست ناکات چونکە ئەوە عضوە لە ئەنجومەنی وەزیران دوایی ئەنجامەکەی هەر یەکە هەندە جار زۆر شت هەیە هەتا لە زۆر امور هەیە زیادی دەکەین ئەوە جەنابی سەرۆک فەرمووی تحصیل حاصلە عضو بێت تحصیل حاصلە مەسئولیەی تضامنیە لە ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانیش داهاتووە، دەیخەینە دەنگدانەوە.. ماددەی سێ تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... سوپاس ... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... ماددەی سێ بەگشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی چوارەم:

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

تشكيلات الوزارة

المادة الرابعة:

تتألف تشكيلات الوزارة من:

١- مكتب الوزير.

٢- المديرية العامة للديوان.

٣- المديرية العامة لشؤون حقوق الانسان.

٤- المستشارون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان نییە لەسەر تەشکیلاتەکەی تەنیا (الشؤون) لادەچێت دەبێتە (المديرية العامة لحقوق الانسان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەینە وەکو جەنابیشت فەرموت (المديرية العامة لشؤون حقوق الانسان ) هاتووە چونکە لێرە نە وەزارەیە مدیریە عامەیە نەصی ماددە چۆن هاتووە لیژنەی ئابووری لەگەڵیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە بەنیسبەت ماددە چوار تەشکیلاتی وەزارەت یەک، ئێمە وا بە مەصلحەت دەزانین ئەم وەزارەیە وەکیل وەزیرێکی هەبێ چونکە ئەگەر وەزیر سەفەری کرد ئەوە یەکێکە لە متخصصین ئیشی باشە ئەگەر وەکیلی هەبێ وە مەصلحەتیش وابزانم وا پێویست دەکات، دووەم بەرای ئێمە مدیریەتێکی تر زیاد بکرێت ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران موافق بێت ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە خۆیان تەقدیری ئەو مەسەلەیە بکەن بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، یانی مدیریەتێک ببێ بۆ شؤون ضحايا انتهاكات حقوق الانسان، ئینجا بێ ئەوەی بڵێین کیمیا باران و ئەنفال بەڵام ضحایامان زۆر هەیە ئەنفالە کیمیا بارانە ئەگەر مدیریەتێک ببێ ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامتان هەیە لەسەر ئەم مەوزوعە فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر حکومەت رازی بێت ژمارەی موستەشارەکان دیاری بکرێن خراپ نییە چەند کەسێک دابنرێ دووەم ئەوەی بەڕێز کاک عبدالخالق فەرمووی امکان هەیە مدیریەتێک لە مدیریەی عامە لحقوق الانسان لەوێ مدیریەتێک دابندرێ بەو عینوانەی کە تەقسیمی مهام بکرێت بۆ نموونە مدیریەتێک بۆ تەفتیشی سجون مدیریەتێک بۆ فەزایای ئەنفال وتا دوایی ئەو واجباتانەی کە وەزارەت هەیەتی لەچەند مدیریەتێک تەوزیعی بکات هەمووشیان ربط بن بە (المديرية العامة لحقوق الانسان) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەوانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە با ناونوسیان بکەین، بەڕێز کاک سەعید

یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەقەناعەتی من ئەو ئیشانەی کە دەکرێت لە ضمنی مهامی ئەو وەزارەتە هەموو مەبەستەکەی ئەوەیە کە بگاتە محافلی دولی ئەگەر بێتو ئێمە لەنزیک مەقەری (un) لە واشنتۆن نوێنەرێکمان لەوێ نەبێت یانی هەوڵ بدەین یەک لە ئەهدافەکانمان ئەوە بێت کە هەوڵ بدەین نوێنەرێکمان هەبێ بە سیفەتی موراقیب کە ئەو شتانە کۆدەکرێتەوە دەگاتە وێ بمانگاتێ نەک ئێمە چاوەڕێ بکەین هەر جار وەکو ئەو ڕۆژەی ئەو لۆردە هاتە ئێرە یاخود ڕێکخراوێک هاتە ئێرە شتی ئێمە بگەیەنێتە دەرەوە کێ دەڵێ بەراستی دەیگەیەنێ کێ دەڵێ بەراستی ناگەیەنێ کێ دەڵێ ئەوەی مەبەستمانە و دەمانەوێت و حەقیقەتە بیگەیەنێ کێ دەڵێ ئەو بۆ غەرەزێکی خۆی شتەکە ناگۆڕێ لەبەر ئەوە بە قەناعەتی من ئەگەر هەوڵ بدەین موراقیبێک کە نوێنەرایەتی ئێمە دەکات بەتایبەتی زۆر بریار دەرچووە لە بەرژەوەندی میللەتی کوردە ودفاع لە مصلحەتی کورد دەکات بەتایبەتی بریاری (٦٨٨) کە هەموو دنیا اسباتی ئەوەی کرد کە میللەتی کورد ئامادەیە و پێویستە دفاعی لێ بکرێت و حقوقی بپارێزرێت بۆیە پێویستە استغلالی ئەو چەند قرارە دەولیانە بکرێن و بەڵکو نوێنەرێکمان دەبێت لە (un) بە سیفەتی موراقیب و ئەگەر ئەویش نا ، مەکتەبێک الحاق بکرێت بەو وەزارەتەی لەوێش الحاق بکرێت بە نوێنەرمان لە واشنتۆن کە هەردەم ئەو شتانەی کە گەلاڵە دەکرێت بگاتە وێ و ئەویش بیگەیەنێتە (un)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە ئیشەکەی تەنیا اتصالە بە نیویورک و بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو موراقبی رەسمی وەرنەگیراون تەبیعی وەکو کورد، بەڵام ئەو نوێنەرە بەشێوەیەکی غیر رەسمی اعتبار دەکرێ کە نوێنەری حکومەتی هەرێمە وهەموو شتێکی لێ وەردەگیرێ موزەکەراتە راو بۆچوونە یانی ئەو قەناتە هەیە بۆ معلوماتی جەنابت تەبیعی مەوزوعی کورد وەکو موراقیب لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە مەوزوعێکی ترە ئەوە خەباتێکی عامی دەوێ تصور ناکەم تەنیا داخلی صلبی مەوزوعی ئەو وەزارەتەیە بەڵام ئیشی ئەم وەزارەتەش ئاسان دەکات ئیشی هەموو شتەکانی تر ئاسان دەکات هەر بۆ ڕوونکردنەوە ویستم ئەوە بڵێم، بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو قانونی وەزارەتەکان هاتووە (مكتب وزير يرأسه موظف بدرجة مدير عام وله شهادة جامعية) يان (يعاونه عدد من الموظفين)، لێرە نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مکتب وەزیر مدیر عام نیيە.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یان معاون یان مدیر عام هاتووە لەقانونی هەموو وەزارەتەکان هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئیشارەتی کردووە و ئەڵێ لە ماددەی تردا (تحدد تفاصیل تشکیلات الوزارة بنظام) یانی داخلی ئەو تەفصیلاتانە نەبووە.

**بەڕێز بورهان علی جاف:**

بەڵام لە وەزارەتەکانی تر مکتب وزیر دیاری کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام وەزارەتەکانی تر مدیریاتیشی تێدا نوسراوە ئەمەی تێدا نەنوسراوە چونکە بدایەتە جاریّ خۆیان بە نیزام چیبیان پێویست بوو دایدەنێن خۆشی لەوانەیە بەو شێوەیە وەڵامتان بداتەوە. دیارە تێبینی تر نەماوە، کاک سامی فەرموو.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/جێگری سەرۆکی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە لەراستیدا تابعێکی خاصی هەیە، جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکانی تر کاری ئیداری کەمە، کاری دراسی و بەحسی وعلاقاتی زۆرە بۆیە دەبینێن دوو مدیریەی عامەی هەیە یەک دیوانە ئەوەی تریش مافی مرۆڤە، و لەسەر ئەو ئەساسە پێشنیارمان نەکرد کە وەکیلی وەزارەی هەبێت و بەشێوەیەکی گشتی موستەشارین لە وەزارەتەکانی تر زیاتری هەبێت چونکە ئەو مەسائیلی علاقات و دراسات و بحوث زیاتر لەوانەیە موستەشارینی تایبەت هەڵبژێرن بۆ ئەو جۆرە شتانە بۆ ناحیەی ژمارەش پێشنیار دەکەین لەنێوان (٣ تا ٥) موستەشار بێت و هەموو وەزارەتێک وابزانم دووانیان هەیە ئەم وەزارەتە وەکیلی نابێ و وەکو ووتم مەسائیلی ابحاث وپەیوەندی و اسفارو ئەوانە موستەشار لە ئاستێکی موناسبن ودەبێ لە اختصاصاتی باش هەڵبژێردرێن وئەنجامی بدەن، مەسەلەی موراقب، موراقب لە (un) بەردەوام هەوڵ دەدەین کە کورد موراقبێکی لەوێ هەبێت یا حکومەتی هەرێم موراقبێکی هەبێت بەڵام تائێستا بە شێوەیەکی رەسمی تەحقیق نەبووە لە اتفاقی واشنتۆن ئیشارەتێک کراوە کە دەربارەی مەسائیلی (٩٨٦) و ئەوانە کە نوێنەرێکمان هەبێ لە (un) ئەوەی بە عەمەلی بووە تائێستا نوێنەرانی حکومەتی هەرێم شخصیاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان و کەسایەتی قیادی لەلایەن هەیئەی

ئیداری بەرنامەی ٩٨٦ استقبال دەکرێن وبیروبۆچونیان گفتوگۆ دەکرێت و پرسیارەکانیان وەلام دەدرێتەوە و ئەوە تەنها بە اقتراحێکە کە کردوومانە تا ئێستا بەراستی لەوەدایە و وەکو ئیشارەتیش پێکرا نوێنەری حکومەتی هەرێمیش لەوێ هەیە بە بەردەوامی موراجەعەی ئەو ئۆفیسە دەکەن، مەسەلەی مەکتەبی وەزیر وتەفصیلاتی تر بەراستی بەجێهێلدراوە بۆ نیزام نیزامەکە دیاری دەکات وئێمە لەگەڵ ئەوە نین بەتایبەتی بۆ ئەم وەزارەتە شتی قەبەو گەورەو مەسرەفێکی زیاد دابنێین بەپێچەوانەوە پێمان باشە بە اصطلاح وەزارەتێکی رەشیق بێت وبتوانێ ئیش وکاری خۆی دەست پێبکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوار تەشکیلاتی وەزارەت کەواتە تەعدیلێکی دەچێتە سەر ئەویش لە خاڵی چوارەمە (المستشارون) وای لێ دێت (المستشارون على ان لا يتجاوز عددهم الخمسة) ئەوە تاپێنج مەفتوح دەبێت ئەگەر موافق بن. ماددەی چوار دەخەینە دەنگدان بەو گۆڕانکاریەی کە کرا گۆڕانکاریەکە بەو شێوەیە (المستشارون على ان لايتجاوز عددهم الخمسة) خۆی لە راستیدا چونکە وەزارەتێکی تازەیە لەوانەیە هەندێ شتی بوێ کە گۆڕانکاری تێدا بکرێت ئەوەش لە موستەقبەلدا لەضمنی ئیشدا دەکرێت لە نیزامەکە یەکەم جار نیزام دادەنێین ضمنی ئیش پێویستی کرد ئەو وەختە دەنوسن بۆ ئەنجومەن چی پێویست دەکات لە ئیضافات وهەیکەل و لە تەشکیلات دا دەتوانن گۆڕانکاری تێدا بکەن ماددە چوار بە تەعدیلەکەوە دەخەینە دەنگدان.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە چوار بە تەعدیلەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددە چوار وەرگیرا، ماددە پێنجەم..

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

تحدد تفاصيل تشكيلات الوزارة بنظام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، فەرموو مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە (تحدد مهام واختصاصات وتفاصيل تشكيلات الوزارة بنظام) چونکە مهام و اختصاصەکەشی دەبێت بە نیزام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لێرە رایەک هەیە دەڵێ مهام دیاری کراوە لە قانوندا، ئەم ماددەیە تەشکیلاتی وەزارەیە

تصور دەکەین کفایەت بێت وانییە لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بۆ خۆی اعتیادی دەڕوا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده پێنج دەخەینە دەنگدانەوە ... تکا لەو بەڕێزانە دەکەین مادده پێنج چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده پێنج وەرگیرا. مادده شەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەش بە تەئکید تێبینی لەسەر نییە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی مادده حەوت پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده حەوت وەرگیرا مادده هەشت.

بەڕێز شێروان ناسح:

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده هەشت پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ مادده هەشت وەرگیرا. تکایە ئەسبابی موجەبەش بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

الاسباب الموجبة

بالنظر لمعاناة شعب كوردستان من الاضطهاد السياسي والاقتصادي والثقافي ولحرمانه من التمتع بالحقوق الاساسية التي تقرها المواثيق الدولية ولتعرضه لحملات القمع والابادة، وتمشياً مع الانفتاح على المبادئ الانسانية والقيم الحضارية في ظل تجربة كوردستان الفدرالية لبناء مفاهيم حرية الانسان وحقوقه وجعله متحرراً من الخوف والتردد في المطالبة بها، ومن اجل توفير الارضية الملائمة لممارسة الديمقراطية، وجد من الضروري توفر آلية لتنظيم وتحقيق ذلك مما اقتضى استحداث وزارة حقوق الانسان، لذا شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش (ئەسبابی موجبە)ەیە بەپێی یاسا پێویستی بە دەنگدان ناكات بۆیە هەموو یاساكە دەخەینە دەنگدان...تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە پرۆژەی یاساكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... یاساكە بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا. یەک موعارز هەبوو. بەڕێزان بەمە كۆتایی كاروباری ئەم دانیشتنەمان هات وەكو یاسایەكی تازە یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤتان دەرچواندو بڕیارتان لەسەر دا پیرۆز بایی لە ئێوەو لە ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایەوە هیوادارین بە زووترین كات دەست نیشانی وەزیر بكرێت و وەزارەتەكە بكەوێتە كاروباری خۆی بۆ جێبەجێ كردنی یاساكە و بۆ خزمەتی گەلی كوردستان جارێكی تر سوپاسی هەموو لایەک دەكەم بەتایبەتی سوپاسی بەڕێز جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و برا وەزیرەكان بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

# یاسای وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٢**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٤/٣**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٤)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/٢)یدا کردوویەتی و، ئەو دەسەڵاتەش کە بەپێی برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠١
## یاسای
## وەزارەتی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی ـ عێراق.

ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

وەزارەت: وەزارەتی مافی مرۆڤ.

بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ: جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیمانە نێو دەوڵەتییەکان و وپرۆتۆکۆڵە پاشبەندەکانی و بەڵگەنامەو رێکەوتننامەکانی دیکەش کە پێوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە و لەگەڵ دابودەستوور و مەبادیئی کۆمەڵگەی کوردستاندا دەلوێ و دەگونجێ.

**ماددەی دووەم:**

ئەم وەزارەتە وەدی هێنانی ئەم ئامانج و ئەرک و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ.

١- راوێژ و رای خۆی دەربارەی مافی مرۆڤ دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و هەموو لایەنە رەسمی و غەیرە رەسمییەکانی هەرێم.

٢- بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی تایبەت بە مافی مرۆڤ و وەئاگاهێنان و چاوکردنەوەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەم رووەوە، هەروەها، کۆشش کردن لەپێناو چەسپاندن و ریشاژۆکردنی ماناکانی لێ بووردەیی و هاوکاریی کۆمەڵایەتی و دابودەستوورو دروشمی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

٣- لەبەر رۆشنایی بەڵگەنامەکانی مافی مەدەنی وسیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی مرۆڤ و بەڵگەنامە و رێکەوتننامەی دیکەش کە پێوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە ولەگەڵ دروشم و دابودەستووری کۆمەڵگەی کوردستاندا لەبارەو دەگونجێ، دراسەتنامەو لێکۆڵینەوەی دەوری لەمەڕ چۆنێتی چاکترکردنی هەلومەرجی مافی مرۆڤ و چۆنێتیی بەهێز کردن و رێزدار کردنی یەوە ئامادە دەکات.

٤- موراقەبەی هەموو یاساکارییەکی نیشتمانی دەکا تا دڵنیا بێ لەوەی کە لەگەڵ سەرەتاکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنیچەکانیدا لەبارن.

٥- هەڵسەنگاندنی رەفتاری دام و دەزگا رەسمی وغەیرە رەسمییەکانی هەرێم بۆ ئەوەی بزانێ تا چەند ئیلتیزامیان بە حوکمەکانی بەڵگەنامەگەلی تایبەت بە مافی مرۆڤەوە گرتووە، لەو رووەوە راپۆرت بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکات.

٦- سەردان و پشکنینی بەندیخانە و جێگاکانی دەستبەسەرو گیراوەکان بەشێوەیەکی دەوری و ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەی باردۆخی بەندی و گیراوو دەستبەسەرەکانەوە.

٧- هاوکۆمەکی لەگەڵ رێکخراوەکانی خەمخۆری مافی مرۆڤ و حزبگەلی سیاسی و کۆمەڵەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزری و هەموو هاوولاتیانیش لەهەرێمدا، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بەسەلامەتی رێکەوتننامە نێو دەوڵەتییەکان و یاساکارییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە هەرێمدا مسۆگەر بکرێ.

٨- بەهاوکۆمەکی و بە تەگبیر لەگەڵ رێکخراوە نێو دەوڵەتییە پێوەندیدارەکان و لایەنە پێوەندیدارەکاندا لەبواری مافی مرۆڤدا دەکەوێتە چالاکی و، ئەو پێشێلکاری ورەفتارە نامرۆڤییانەش دەخاتەڕوو کە دەرهەق بە گەلی کوردستان بەرپادەکرێ.

٩- لەمەڕ حەقیقەتی بارودۆخی مافی مرۆڤ و بزاڤی وەزارەتەکەش، لەم رووەوە، ساڵانە راپۆرتێ ئامادە دەکا و پێشکەش بەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراقی دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەو، بەرپرسی وەبەرکارخستنی سیاسەتەکەیەتی و، بەرپرسی سەرپەرشتی و ریقابەکردنی لایەنی وەبەرکارخستنی رێکەوتننامە نێو دەوڵەتی و یاساکارییە ناوخۆییەکانیشەو، هەر بریارو فەرمان و رێنماییەکیش پێوەندیی بە ئەرکوفرمان وپێکهاتە و پسپۆڕایەتی و کاروباری دیکەی وەزارەتەکەوە

هەیە، هەمووی، لەلایەن خۆیەوە دەردەچێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێکهێنەرەکانی وەزارەتەکە:

پێکهێنەرەکانی ئەمانەن:

١- مەکتەبی وەزیر.

٢- بەڕێوەبەریی گشتیی دیوان.

٢- بەڕێوەبەریی گشتیی کاروباری مافی مرۆڤ.

٤- راوێژکاران: دەبێ لە پێنج کەس زیاتر نەبن.

**ماددەی پێنجەم:**

پێکهێنەرەکانی ئەم وەزارەتە بە ئاودامانی بەپێڕۆ دیاردەکرێن.

**ماددەی شەشەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت کاری پێ ناکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە، لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە پێنج**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/٩

خولی یەکەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە پێنج

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠١

***کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە پێنج)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە چواری)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ زیندوو کردنەوەی یادی دەرچوونی بڕیاری ژمارە «٦٨٨»ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گفتوگۆکردن لەسەر بوارەکانی وەگەڕخستنی ئەو بڕیارە.***

***٢ـ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن دەربارەی هەلومەرج و ئەندێشەی پەنابەرانی کورد لە دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «٥» خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە:

١ـ زیندوو کردنەوەی یادی دەرچوونی بڕیاری ژمارە «٦٨٨»ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گفتوگۆکردن لەسەر بوارەکانی وەگەڕخستنی ئەو بڕیارە.

٢ـ لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکردن دەربارەی هەلومەرج و ئەندێشەی پەنابەرانی کورد لە دەوڵەتە ئەورووپییەکاندا.

ئێستا بە خاڵی یەکەم دەست پێدەکەین، بەڕێز د.ناسح سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی با بفەرمووێت.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆیەتی کەوا ئەمڕۆ ئێمە بۆ یادکردنەوەی دەساڵەی دەرچوونی بڕیاری «٦٨٨» ئەم دانیشتنە تایبەتییە دەکەین، ئەگەر جەنابتان پێتان باشە سەرەتا بڕیارەکە دەخوێنینەوە، پاشان ئەو

بەڕێزانەی دەیانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەن ئەوە ناوی خۆیان بنوسن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان ئەگەر بفەرموێت و بڕیارەکەمان بە عەرەبی بۆ بخوێنێتەوە، پاشان ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت قسە بکەن ئەوە ناونوسی خۆیان بکەن، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

القرار ٦٨٨ « ١٩٩١ » ٥نيسان/ابريل ١٩٩١.

إن مجلس الامن، إذ يضع في إعتباره واجباته ومسؤولياته، بموجب ميثاق الامم المتحدة، بالنسبة لصون السلم والامن الدوليين. وإذ يشير الى أحكام الفقرة ٧ من المادة ٢ من الميثاق، وإذ يساوره شديد القلق إزاء القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في أجزاء كثيرة من العراق والذي شمل مؤخراً المناطق السكانية الكوردية وأدى الى تدفق اللاجئين على نطاق واسع عبر الحدود الدولية والى حدوث غارات عبر الحدود بما يهدد السلم والامن الدوليين في المنطقة.

وإذ يشعر بانزعاج بالغ لما ينطوي عليه ذلك من آلام مبرحة يعاني منها البشر هناك. وإذ يحيط علما بالرسالتين الموجهتين الى رئيس مجلس الامن من الممثلين الدائمين لتركيا و فرنسا لدى الامم المتحدة والمؤرختين ٣ و ٤ نيسان/أبريل ١٩٩١، على التوالي « ١ ».

وإذ يحيط علما أيضاً بالرسالتين الموجهتين الى الامين العام من الممثل الدائم لجمهورية إيران الاسلامية لدى الامم المتحدة والمؤرختين ٣ و ٤ نيسان/إبريل ١٩٩١« ٢ ».

وإذ يعيد تأكيد التزام جميع الدول الأعضاء تجاه سيادة العراق وجميع دول المنطقة وسلامتها الاقليمية واستقلالها السياسي.

وإذ يضع في اعتباره التقرير الذي أحاله الامين العام والمؤرخ ٢٠آذار/مارس ١٩٩١« ٣ »:

١ـ يدين القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في أجزاء كثيرة من العراق والذي شمل مؤخراً المناطق السكانية الكوردية، وتهدد نتائجه السلم والامن الدوليين في المنطقة.

٢ـ يطالب بأن يقوم العراق على الفور، كإسهام منه في إزالة الخطر الذي يتهدد السلم و الامن الدوليين في المنطقة، بوقف هذا القمع، ويعرب عن الامل، في السياق نفسه، في إقامة حوار مفتوح لاحترام كافة حقوق الانسان والحقوق السياسية لجميع المواطنين العراقيين.

٣ـ يصر على ان يسمح العراق بوصول المنظمات الانسانية الدولية على الفور الى جميع من يحتاجون الى المساعدة في جميع أنحاء العراق، ويوفر جميع التسهيلات اللازمة لعملياتها.

٤ـ يطلب الى الامين العام أن يواصل بذل جهوده الانسانية في العراق، وان يقدم على الفور، وإذا اقتضى الامر على إيفاد بعثة أخرى الى المنطقة لتقدم تقريراً عن محنة السكان المدنيين العراقيين، وخاصة السكان الاكراد، الذين يعانون من جميع أشكال القمع الذي تمارسه

السلطات العراقية.
٥ـ يطلب أيضاً الى الامين العام ان يستخدم جميع الموارد الموجودة تحت تصرفه، بما فيها موارد وكالات الامم المتحدة ذات الصلة، للقيام على نحو عاجل بتلبية الاحتياجات الملحة للاجئين وللسكان العراقيين المشردين.
٦ـ يناشد جميع الدول الاعضاء وجميع المنظمات الانسانية ان تسهم في جهود الاغاثة الانسانية هذه.
٧ـ يطالب العراق بأن يتعاون مع الامين العام من أجل تحقيق هذه الغايات.
٨ـ يقرر إبقاء هذه المسألة قيد النظر.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لێرەدا شایستەی ئەوەیە كەوا بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز د.شەفیق قەزاز وەزیری هاوكاری وكاروباری مرۆڤایەتی بكەم، هەروەها بەخێرهاتنی بەڕێز كاك سەركیس ئاغاجان وەزیری دارایی بكەم كە لەم دانیشتنەدا بەشداریمان دەكەن، هیوادارم بەشدارییان ببێتە مایەی قوڵكردنی گفتوگۆكەمان و زیاد كردنی هاوكاری هەردوو ئەنجومەن، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كەوا ئەیانەوێت قسە بكەن ناو نووسی خۆیان بكەن، ئێستا ناوەكان دەخوێنمەوە ئەو بەڕێزەی ناوی نەنووسراوە ئاگادارمان كاتەوە، بەڕێزان د.ناسح غەفور، بەڕێز سەعید یەعقوبی، بەڕێز د.رزگار، بەڕێز شێروان حەیدەری، بەڕێز حسێن عەلی كەمال، بەڕێز سیروان كاكەیی، بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن، بەڕێز ئیبراهیم سەعید، بەڕێز ئەمین مەولود، بەڕێز رەجەب شەعبان، كەسی تر نییە ناوی بنوسێ؟ كەواتە دەست پێ دەكەین، بەڕێز د.ناسح غەفور فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كۆچڕەوە ملیۆنییەكەی گەلی كورد لە كوردستانی عێراق لەسەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەرەو سنورە نێودەوڵەتییەكان، شێوەیەكی نوێ بوو لە خەباتی سەدان ساڵەی پڕ لە قوربانی نەتەوەیەكی كوڵ نەدەری خاوەن ئەزمونێكی دەوڵەمەند، ئەوە بوو سەرەڕای لەبار بردنی راپەڕین لەلایەن هێزەكانی رژێمەوە، گەلەكەمان كۆڵی نەدا و لە پێناو درێژەپێدان بە ژیان و خەبات شێوازێكی تری تێكۆشانی داهێنا و، رێی كۆچ كردنی بەكۆمەڵ بەرەو هەندەران و دەربەدەری گرتە بەر، لە راستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا بڕیارێكی مێژوویی بێ وێنە بوو، وەڵام دانەوەیەكی بوێرانە بوو بەرامبەر بەو بێ دەنگییەی كومەڵگای نێودەوڵەتی بەرامبەر بەو لەشكر كێشی و هێرش بردنە بۆ سەر جەماوەری راپەڕیوی كوردستان و دامركاندنەوەی، هەروەها فشار هێنان بوو بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ كە بەرامبەر بەو كارەساتە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبن و بەهانایەوە بێن، هاواری كورد بگەیەننە رێكخراوەی نەتەوە یەكگرتووەكان، ئەوە بوو بەپێی ئەو راپۆرتەی ئەمینداری

گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە رۆژی ۱۹۹۱/۳/۲۰ ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد کە ئەو دەمە راپەڕینی کورد لە لوتکە بوو، چونکە کەرکوکی دڵی کوردستان لە کاتی ئازادکردن و رزگار کردندا بوو، هەروەها لەسەر داوای نوێنەرانی ئێران و تورکیا لە رێکخراوی ناوبراودا و بەتایبەتی لەسەر داوای فەرەنسا بەپێشنیاری راستەوخۆی ئەو لە ئەنجومەنی ئاسایش و بەپشتگیری نوێنەرە هەمیشەییەکانی بەریتانیا و ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو ئەنجومەنەدا، لە رۆژی ٤/٥ بڕیاری «٦٨٨» وەرگیرا کە تایبەتە بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، جێی وەبیر هێنانەوەیە کەوا ئەم بڕیارە کۆتایی بەحەفتا ساڵی بێ دەنگی وچاو پۆشی کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هێنا بەرامبەر بە سیاسەتی جینۆساید و لەناوبردنی گەلەکەمان کە دژی پیادە ئەکرا، هەروەها ئاوڕدانەوە بوو لە کێشە رەواکەمان کە چی تر وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی تەماشا نەکرێت، بەڵکو وەکو کێشەیەکی نێودەوڵەتی کە پێویستی بە چارەسەرکردنێکی رەوا هەیە، چونکە مانەوەی کێشەی کورد بەم شێوەیەی بەبێ چارەسەرکردن ئەبێتە هۆی خۆشکردنی زەمینە بۆ ئەوەی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە هەردەم لە مەترسیدا بێت وهەڕەشەی لێ بکرێت، لەلایەکی ترەوە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی گشتی دا و لە مێژووی پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتیدا بڕیاری «٦٨٨» وەرچەرخانێکی نوێی گرنگە بۆ رێکخستنەوەی ئەو جۆرە چاککردن و پەیوەندییەی کێشە نێودەوڵەتییەکان، ئەگەر پێشووتر بەبیانووی رێزگرتن لە سەروەری و یەکپارچەیی ولاتان و دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیان، مەبەست لەو پرس و کێشانە بوون کە لە چوارچێوەی دەسەلاتی بنەڕەتی خودی ولاتان دائەنران کە بەپێی برگەی «٧»ی ماددە«٢»لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە قەدەغەکراو ئەژمێردرا، رێگای بە نەتەوەیەکگرتووەکان نەئەدرا کە دەست لەو جۆرە کاروبارانە وەربدات، کەچی هەمان خاڵی «٧» ماددە «٢» لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش لە بڕیاری «٦٨٨»یدا کە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێ ئەکات و، بەپێی خاڵەکە رێگا بە خۆی ئەدات کە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بەم بڕیارە جێبەجێ بکات، ئەم ئاماژە پێکردنە خۆی لە خۆیدا ورد و زیرەگانەیە، چونکە لە رێی ئەو ئاماژە پێ کردنە بۆ وەرگرتنی بڕیارەکە پەنا ئەباتە بەر بەشی «٧»ی گەلالەنامەکەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ماددە «٣٩ تا ٥١» هاتووە، هەروەها پەیوەندە بەو کارانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەکات، جا لەبەر ئەوە بڕیاری «٦٨٨» بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشە و بەپێی ماددە«٢٤»ی بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش، ئەنجومەنی ناوبراو کە بەرپرسیارەتی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئەستۆدایە هەر بۆ ئاسانکردنی ئەو ئەرکەیە و کاریگەریەتی فەرمانەکەشیەتی، لە جیاتی گشت ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیار وەرئەگرێ، بۆیە بەپێی ماددە «٢٥»ی هەمان بەڵگەنامە لەسەر گشت ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە بڕیارەکانی ئەنجومەنیان قەبوڵ بێت و، پیادەی بکەن، واتا بڕیاری «٦٨٨» کە چارەسەری پرسی بابەتێک ئەکات، لەلایەن ئەنجومەنی

ئاسایشەوە دەرچووە بڕیارێکی ئیلزامییە، بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بڕیاری «٦٨٨» کۆمەڵێک سەرەتای گرنگی گرتووەتە خۆی وەکو پاراستنی مافی مرۆڤ، پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوچەکە لە مەترسی هەڕەشەکردن، ئیدانەکردنی داپلۆسین و بەگرخستنەوە و چەسپاندنی دەستێوەردانی مرۆیی لەیاسای نێودەوڵەتی گشتیدا، بەپێی ئەم بڕیارە، پیرۆزی سنوری دەوڵەتەکان جارێکی تر نابێتە رێگر لە بەردەم دەستێوەردانی مرۆیی بۆ رزگارکردنی گەلێک لە قڕکردن کە بە دەست رژێم و دەسەلاتی ولاتەکەی خۆیانەوە بچەوسێنەوە ولەناو ببرێن، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری «٦٨٨» بڕیارێکی زۆر مێژوویی و گرنگە سەبارەت بە ئێمەی کورد، پێش هەموو شتێک بوو بە هۆی ئەوەی کۆچ کردنەکە راوەستێ و خەڵکەکەش بەرەو دواوە بگەڕێتەوە بۆ شار و شارۆچکە و گوندەکانی خۆیان، دووەم هێڵی «٣٦» لەسەر ناوچەی ئارام راگەیەندرا بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کوردستان بە دڵنیاییەوە لە شوێنەکانی خۆیان ژیان بەرنە سەر، سێیەم، بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لە هەڕەشەو دەست درێژی هێزەکانی رژێم، هێزی «چەکوش» دروست بوو،چوارەم، لە سەرووی هێڵی «٣٦»و لە خواروی هێڵی «٣٢»ی باشوری عێراق ناوچەی دژە فڕینی فڕۆکەی دەسەلاتی ناوەندی دیاری کرا، پێنجەم، نوێنەرانی رێکخراوەکانی خودی نەتەوەیەکگرتووەکان و نوێنەرانی رێکخراوە مرۆییەکان بۆ هاوکاری کردن و یارمەتیدانی جەماوەری گەلەکەمان روویان لە کوردستانی ئازاد و ئارام کرد، هەر لەم بارەیەشەوە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوام بوو لەسەر پێشکەش کردنی یارمەتی و خزمەتە مرۆییەکانی خۆی تاوەکو وەرگرتنی بڕیاری «٩٨٦» لە ١٤/٥/١٩٩٥ بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەش یاداشتنامەی «پێکگەیشتن» لە نێوان نەتەوەیەکگرتووەکان و عێراق لە ٢٠/٣/١٩٩٦مۆر کرا کە لە بڕگەی «٧»ی بەشی «٢»یدا لە ژێر سەردێڕی نەخشەی دابەشکردن ئاماژە بە پلانی دابەش کردنی پێویستییەکانی مرۆیی دەکات بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی، واتا بۆ کوردستانی ئازاد، تاوەکو ئێستاش چەند فێسێکی لێ جێبەجێ کراوە، بواری بۆ هەڵبژاردنی گشتی و پێکهێنانی یەکەم پەرلەمانی ئازاد و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان رەخسان ئەویش دوای ئەوەی دەسەلاتی ناوەندی بەغدا هێز و دامودەزگاکانی خۆی کێشایەوە، هەروەها هەموو ئەو دەسکەوتە مەزنانەی گەلەکەمان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەم و ئەو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و ئەو پێشکەوتنەی کە کوردستانی عێراق بەخۆیەوە ئەیبینێ، هەر خودی درێژەپێدان و پاراستنی ئەم ئەزمونە و، پاراستنی کوردستانی دیۆفاکتۆی ئازاد و دیموکراتی کە جێی ئومێدی هەموو نەتەوەی کوردە و بووەتە ئەمری واقع و دەرو دراوسێ لە دوور و نزیکەوە حیسابی بۆ ئەکەن و، پەیوەندی پێوەئەبەستن و هاوکاری ئەکەن، ئەمە هەمووی لە ئەنجامی ئەو بڕیارە گرنگە مێژووییەی ٥ نیسانی ١٩٩١کە بڕیاری «٦٨٨»ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانە ناسراوە. هەر چەندە ئەمە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و خەباتی هاوبەشی پێشمەرگەی قارەمان و جەماوەری کوڵنەدەری گەلەکەمانە و، هەوڵ و کۆشش وفیداکاری

ودڵسۆزیی پارت و لایەنەکانی کوردستانە بەگشتی و، پەیڕەوانی ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمرە بە تایبەتی، بۆیە زۆر پێویستە ئێمە پێ دابگرین و جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە ئەم بڕیارە گرنگە سەر لەنوێ تەفعیل بکرێت، چونکە هەموو بڕگە و خاڵەکانی وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون، بەتایبەتی بڕگە«٢» تاوەکو ئێستا وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە، چونکە ئەو داپڵۆسین و ئەو جینۆسایدەی کە ڕژێمی عێراق دژ بە گەلی کوردستان و گەلی عێراق پیادەی دەکا هێشتا هەر بەردەوامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکام وایە ئەو بەڕێزانەی کەوا لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە دەکەن تەرکیز بکەنە سەر بابەتە ناوەڕۆکییەکان و، پێشنیاری موحەددەدیش پێشکەش بکەن، ئەوەی ئاشکرایە ئەمە زۆر گرنگە، چونکە یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتییە کە لە بەرژەوەندی میللەتی کورد بێت و، بە هۆی ئەم بڕیارەوە ئەتوانرێ کەڵکێکی زۆر وەربگیرێت و، شاراوەش نییە بڕیارەکە بە شێوەیەک، یا بە شێوەیەکی تر لەوەتی دەرچووە راوەستاوە، جا تکام وایە زۆر جەخت لەسەر بابەتە ناوەڕۆکییەکان بکەن تاوەکو هەوڵەکانمان بە فیڕۆ نەچێت، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میللەتی کورد هەر چەند لە پارتی سیاسی و بیروبۆچوونی جیاجیا پێک هاتبێ هەر هەموویان دان بە گرنگی بڕیاری «٦٨٨»ی ساڵی ١٩٩١ی نەتەوەیەکگرتووەکان دادەنێن و، ئامادەن بەرگری لێ بکەن، چونکە بۆیان ئاشکرایە کەوا لە پاش پەیماننامەی «سیڤەر»ی ساڵی ١٩٢٠ یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە کە تێیدا ناوی میللەتی کورد و کێشەکەی هاتووە. گەر سەیری بڕگە«١»ی بڕیارەکە بکەین کە تێیدا هاتووە و دەڵێت: (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان «ئیدانە»ی ئەو داپڵۆسینە دەکات کە لە کەسانی مەدەنی دەکرێت بەتایبەتی ناوچە کورد نشینەکان کە ئەنجامەکەشی هەڕەشە کردنە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوچەکە)، هەروەها لە بڕگە «٤»ی بڕیارەکەدا هاتووە و دەڵێت: (ئەنجومەنی ئاسایش دان بەوەدا دەنێت کەوا دانیشتوانی کورد هەموو جۆرە داپڵۆسین و نارەحەتییەک دەچێژن.....هتد)، ئەو لێک بەستنەوەی نێوان کێشەی مافی مرۆڤ و مافی سیاسی گرنگییەکی تایبەتی هەیە و، بەپێشکەوتنێکی بەرچاو و گرنگ و گەورە لە ئاستی کێشەی گەلەکەمان لە جیهاندا دەژمێردرێت، هەروەها لە بڕگە«٨»ی هەمان بڕیاردا هاتووە و دەڵێت: (بڕیارە ئەم کێشەیە هەر لە بەر چاو بمێنێت)، ئەمەش بەردەوام بوونێکی بەرچاوی زامن کردووە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە و گرنگی پێ دانە و، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم بڕیارە تەنها بۆ حاڵەتێکی تایبەتی و کاتی و کوت و پڕ نەهاتووە، بەڵکو سیفەتی بەردەوامیی پێ دراوە و، دەبێت لەلایەن ئێمەوە هەڵبقۆزرێتەوەو و ئەو پەڕی سوودی لێ

وەرگیرێت، بۆیە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەرو هەڵبژێردراوی میللەتی کوردین لە تەلاری پەرلەمانەوە دەبێ ئەو پەڕی بایەخ بدەین بە ناوەرۆکی بریارەکە و، بەیەک دەست هەوڵ بدەین و بە ئاگا بین و بەرگری لێ بکەین، چونکە تاکە بەڵگەنامەی یاسایی نێودەوڵەتییە لە بەردەستدا، کە باڵی شەرعییەتی نێودەوڵەتی کێشاوەتە سەر رەوایی کێشەکەمان و میللەتەکەمان، ئەم بریارە بە تاکە دەرگا دەژمێردرێت بۆ ئەوەی کێشە رەواکەی گەلەکەمان بکەوێتە سەر مێزی شانۆی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژێر تیشکی خۆری جیهانی، شاراوە نییە دوژمنانی میللەتەکەمان شەو و رۆژ و بە دزی و ئاشکرا و بە هەموو توانایەکی مادی و سیاسی دوژمنداری و کۆسپ و تەگەرە دەخەنە پێش رەورەوەی کێشەکەمان، بەلاّم ئەمە نابێ ببێتە کۆسپ لە ریگای ئەو کار و هەولانەی کە دەبێ خودی هەر کەسێکی کوردستان هەوڵی پێشختسنی کێشە رەواکەی بدات، شاراوە نییە ریگایەکی خوێناوی و دوور و سەختە، بەلاّم میللەتەکەمان زۆر لە وێستگەکانی بریوە وەکو «جینۆساید و راگوێزان و ئەنفال و زەوی سووتان و کیمیا باران و سەرکوت کردن و داپلۆسین» و، سوپاس بۆ خوداوەندی گەورە و خوێنی شەهیدان و رێ رەوی و رابەرایەتی بارزانیی نەمر و سەرکردایەتی پارتیمان و بازوو و تەحەمولی پێشمەرگە و، تەحەمول و وەفای میللەتەکەمان بۆ کێشەی رەوای خۆی و، بە هەوڵی جوامێرانەی مرۆڤ دۆستانی جیهان تواندرا میللەتەکەمان بگەیەنینە ئەو ئاستەی کە تێداین کە جارێکی تر میللەتەکەمان لەمەترسی قڕ کردن دەرباز بکات، دەبێ هەموو لایەکمان بەیەک دەست خەباتی نەپساوە بکەین و، توانامان چڕ و پرتر بکەین چ لە ناوەوەی هەرێم و چ لە دەرەوە بۆ بەگەڕخستن و زیندوو کردنەوە و، بەردەوام بوونی جێبەجێ کردنی ئەو ناوەرۆکەی کە لە بریارەکەدا هاتووە، لە مێژووی میللەتەکەماندا یەکەم جارە «١٨٨» دەوڵەت بە تێکرای دەنگ لە دەرچوونی ئەم بریارە پشتیوانی لە کێشەی کورد بکەن، کەواتە شایەتی ئاشکرا دەدەن لەسەر رەوایی کێشەی میللەتەکەمان و دان بەوە دادەنێن کەوا میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتانی تری جیهان مافی سیاسی و مافی مرۆڤیی هەیە، لێرەدا حەز دەکەم ئەبعادی بریارەکە و پاشە رۆژی بخەینە بەرچاو:

١ـ کۆچە ملیۆنییەکەی میللەتەکەمان بارێکی قورسی خستە سەر ولاّتانی دراوسێ، هەروەها بارێکی قورسیشی خستە سەر مرۆڤ دۆستانی جیهان وەکو فەرەنسا پاشان ولاّتانی تر، لێرەدا نابێت ئینکاری بکەین کە ئەو کۆچەش کە هەموو کوردستان تێیدا بەشدار بوو کۆمەلانی مرۆڤ دوستی جیهانی ناچار کرد بۆ دەرهێنانی ئەم بریارە.

٢ـ پاش ئەم بریارە بوو کە بارودۆخی جیهانی وای لە حکومەتی ناوەندی کرد هێزەکانی و خودی خۆشی لە هەرێمی کوردستان بکێشێتەوە.

٣ـ ئەم کشانەوەی حکومەتی ناوەندی وای لە بەرەی نیشتمانیی کوردی کرد کە بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە و، ئەوەی دوژمن مەرامییەتی پووچەڵی بکات.

٤ـ ئەم بریارە بووە هۆی ئەوەی یەکەم جار میللەتی کورد هەڵبژاردنێکی گشتی بە ئازادی ئەنجام

بدات و، پاشان حکومەتی هەرێم دابمەزرێنێ.
٥ـ ئێدارە سەرکەوتووەکەی حکومەتی کوردستان لەو دەساڵەی دابردوودا کاریگەرییەکی زۆر گرنگ و رێکی هەبوو لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و سەلماندی کەوا حکومەتی کوردستان لە توانایدا هەیە ئاسایشی ناوخۆی هەرێم و جیهان بپارێزێ و چاودێری بەرژەوەندی باڵای دراوسێیەکانی بکات.
٦ـ هەلی رەخساند بۆ ئەوەی حوکمی کوردی لە مەرکەزەوە بخرێتە بەردەست رۆڵەکانی خۆی و فیدراڵی بسەپێنێ و ممارسەی بکات.
٧ـ ناوچەی ئارامی بۆ کورد دابین کرد ئەمەش شێوە دانپێنانێکە لەلایەن وڵاتانەوە کەوا کورد تایبەتمەندی خۆی هەیە و میللەتێکی جیاوازە لە عێراق و دەبێ مافی دابین بکرێت.
٨ـ بریاری «٦٨٨» رێگاخۆشکەر بوو بۆ بریاری «٩٨٦»ی ساڵی ١٩٩٥ کە تێیدا ١٣٪ی پارەی نەوت تەرخان کرا بۆ کورد لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێنانێکە بە واقعی دەسەڵاتی حکومەتی کوردی و شەرعییەتی.
چی بکەین بۆ گرنگی دان و زیندوو کردنەوە و بەردەوامی ئەنجامدانی ناوەرۆکی ئەم بریارە و چۆن کاری بۆ بکەین؟ بە بۆچوونی من:ــ
١ـ دەبێ هەموو هێزەکانی میللەتی کورد بە یەک دەست لە ئاستی مەسئولیەتی مێژوویی خۆیاندا بن لە هەندەران و لە ناو دەوڵەتان و لە ناو حزب و رێکخراوەکاندا.
٢ـ هەوڵ بدەین لەسەر هەموو ئاستێک لەناوەوە و لە دەرەوە ئەوە پێش چاو بخەین کەوا مافی میللەتی کورد لە مافی مرۆڤییەوە بگوازرێتەوە بۆ مافێکی سیاسی و، رەوایی کێشەکەی کە تاکە میللەتە لە جیهاندا ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە «٤٠»ملیۆن کورد و لەگەڵ ئەوەشدا بێ بەش کراوە لە مافە سیاسییەکانی و، دانانی چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەکەی.
٣ـ نوێنەرانمان چ حکومی و چ حزبی لە میانەی ئەو پەیوەندییانەی کە هەیانە لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە لەگەڵیاندا دەژین چ لەسەر ئاستی حزبەکان، یاخود لەسەر ئاستی رێکخراوەکان و کۆمەڵگاکان کار بکەن و، پڕ و پاگەندە بۆ راگەیاندنی رەوایی کێشەی میللەتەکەمان بکەن و پاڵپشتی بۆ پەیدا بکەن و، رای گشتی ئەوان بۆمان زامن بکەن و، ئەوەیان پێ بگەیەنن کەوا کاربەدەستانی حکومی خۆیان لە نەتەوە یەکگرتووکاندا پشتگیری میللەتی کوردیان کردووە لە دەست هەڵبرین بۆ سەرکەوتنی دەرچونی ئەم بریارە، بۆیە هاندان لەو بارەیەوە سوودی زۆرە و، پەیوەندی بکرێت لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان و حزبەکانی ئەو وڵاتانە کەوا کێشەی کورد بخەنە پێش چاو لە کۆنفرانس و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا.
٤ـ لە بیرەوەری رۆژی دەرچوونی ئەم بریارە پێویستە نوێنەرانمان لە هەندەران بە بەردەوامی لەناو جالیەی کوردی خەریکی هاندانیان بن وبیریان بێنن کەوا وڵاتەکەیان پێویستی بە ئەوان هەیە، بۆ ئەوەی هەر نەبێ لەوێ بەشداری بکەن لە پشتیوانی کردنی کێشە رەواکەیان، ئەویش بە بەستنی

کۆڕ و کۆبوونەوە و میهرەجانات و نەدوە و ڕێپێوان و دەرکردن و چاپ کردنی بەیاننامە بۆ روون کردنەوەی رەوایی کێشەکەمان و ئەنجامدانی ناوەرۆکی بڕیارەکە.

٥ـ لەبەر ئەوەی مەینەتی میللەتەکەمان لە ناوچەکانی ژێر دەست رژێم بەردەوامە لە راگواستن و گۆڕینی نەتەوە و دەرکردنیان بۆیە پێویستە بەبەردەوامی و رۆژانە ئاگادرایی نوێنەران و چاودێرانی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین و، رشت بین لەگەڵیان کەوا ئەم بڕیارە جاریّ هەر پێویستە کاری پێ بکرێت.

٦ـ هەوڵ بدەین هێڵی «٣٦» بکرێت بە «٣٤» بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی ژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی بخرێنە ژێر سنووری ناوچە پارێزراوەکان.

٧ـ ئەو ئابلوقەی کە حکومەتی ناوەندی لەسەر کوردستانی سەپاندووە بە شکاندنی خاڵەکانی بڕیاری «٦٨٨» بژمێردرێت.

٨ـ داوا بکرێت و کاری بۆ بکرێت کەوا چاودێری مافی مرۆڤ هەر وەکو لە بڕیارەکەدا هاتووە بگەنە ئەو ناوچانەی کەوا بەشێکن لە خاکی کوردستان و لە ژێر دەستی حکومەتی ناوەندی ماون.

٩ـ کەناڵی سەتەلایتی کوردستان و رادیۆ و رۆژنامەکانی کوردستان بەردەوام بن لە تێگەیاندنی خەڵکی کوردستان و ئەوانەی کە لە هەندەران و دەرەوەن، تێیان بگەیەنن لە موعاناتی میللەتەکەمان ئاگاداریان بکەن و ئەبعادی ئەم بڕیارانەیان بۆ روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەعید. د.رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی بڕیاری بڕیاری ٦٨٨ ئەگەر بڕوانینە مێژووی UN ئەمە یەکەمین بڕیارە UN لەدوای شەڕی جیهانی دووەم دەربدەکات و گرێ دراوە بە چارەنووسی میللەتێکی هەژار کە تووشی کارەسات و تراژیدیا ببێت بەڵکو چارەنووس و مانەوەی لە مەترسیدا بووە. گرنگی بڕیاری ٦٨٨ دایکی دوو بڕیاری ترە بڕیاری ٩٨٦ و بڕیاری ئاوەدانکردنەوەی دەڤەرە ئەمنییەکان کە هەر سێ بڕیار بوونەتە ئەگەر کە گەلی ئێمە لە هەر تراژیدیایەک یان نەمانێک یان تەهدیدێک بپارێزرێت.

گرنگی ئەم بڕیارە لەوەدایە کە بە شێوەیەکی رەها یان بێ ئەحکام و زەوابتی زەمەنی هاتووە هیچی دیاری نەکردووە ئایا ئەو بڕیارە گرێ دراوە بەمان یان نەمانی رژێمی عێراقی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم بڕیارە دوای نەمانی رژێمی عێراقی ئیستاو هاتنی رژێمێکی تر لە عێراق تەئسیری ئەم بڕیارە هەر بمێنێت.

دوو: بە شێوەیەکی روون و زۆر ئاشکرا ناوی کورد لە دوو برگەی (١ و ٤)دا هاتووە.

سێ: بە ئاشكرا نەتەوە یەكگرتووەكان دانی بەوە دانا كە گەلی كورد تووشی سەركوت كردن هاتووە لە برگـە (١و ٤)دا هەردووك ئاماژەی بۆ كراوە كە گەلی كورد تووشی سەركوت كردن هاتووە و ئەمرۆش ئێمە دەبینین كە سەركوت كردنی گەلی كورد لەلایەن رژێمەوە بەردەوامەو دەیان و هەزاران هاوولاتی ئێمە، كەسوكاری ئێمە، برای ئێمە، لە دڵی كوردستان لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەكرێن و ماڵیان موصادەرە دەكرێت و خاكی كوردستان موسادەرە دەكرێت بە رەنگێكی ناحەق لەسەر خەڵكی تر دابەش دەكرێت ئەمەش رەنگێكی قەمعی و سەركوت كردنە دژ بە گەلی كورد كە لە مێژووی دەركردنی بریارەكەوە تا ئەمرۆش بەردەوامە. لێرەدا زۆر پێویستە هەرچەندە ئەركێكی مرۆڤایەتییە ئەو لایەن و دەوڵەتانە و ئەوانەی پشتیوانی و هاریكارییان كردووە لە دەركردنی ئەم بریارە ئەمرۆ ئەركێكی مرۆڤایەتییە بەرامبەر گەلی كوردی هەژار (UN) جارێكی تر دەستی خۆی درێژ بكات كە پاراستنی ئەو گەلە بكات ئەو گەلەی كە تووشی سەركوت كردن هاتووە لەسەر دەستی رژێمێكی تۆلیتارو یەك لایەن.

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، وەكو لە دیباجەی بریارەكەدا هاتووە جوهری بریار ئەوە بووە كە بۆ پاراستنی ئاشتی و ئەمنییەتی نێونەتەوەیی كە ئەم برگانە شتێكی گرنگن ئەمرۆ كە رژێم هاوولاتییان دەردەكات و سەركوتیان دەكات و هەرەشە لە ئەزموونی ئێمە دەكات، ئەمە بەشێكە لەوەی جارێكی تر هەرەشەو گەفە لەسەر هێمنی و ئاشتی نێو نەتەوەیی بكات، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر UN سنوورێك بۆ ئەو دەستدرێژیانەی لەسەر گەلی كورد كراون دابنرێت.

بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، لەوانەیە زۆر قسەی لەسەر كراوە كە گرنگی ئەو بریارە و مێژوویی ئەو بریارە كە ئەمرۆ دە ساڵی بەسەردا چووە ئێمە ئاهەنگی بۆ بگێرین و دانیشتنی تایبەتی بۆ بكەین هیوادارین كە UN هێشتا خاڵەكانی وەكو جوهر باش جێبەجێ نەبووەو، هەموو خاڵەكانی تر بە باشی جێبەجێ بكرێن.

لێرەدا من پێشنیارێكم هەیە كە لەبەردەم ئێوە دەیخەمەروو ئەویش ئەوەیە كە موناشەدەیەك بەناوی پەرلەمان بەرز بكەینەوە بۆ سكرتێری UN كە گەلی كورد ئەمرۆ هەرچەندە دە ساڵ تێپەریوە بەسەر دەركردنی ئەو بریارە، سەركوتكردنی هەر ماوە، هەروەكو لە هەردوو برگەی بریارەكە (١و٤)دا هاتووە ئامانجی ئەوە بووە ئەم سەركوت كردنە نەمێنێ و، هەروەها لە دیباجەی بریارەكەشدا هاتووە (صون السلم والامن الدولیین) كە ئامانجی بریارەكەیە هیوادارین كە ئەمرۆ رادەیەك بۆ ئەو سەركوتكردنە دابنرێت، ئەو دەركردنەی كەسوكاری ئێمە لە دڵی كوردستان كەركوكی رەنگین لە پارچەی تری كوردستانیش كە تووشی سەركوت كردن دەبن سنورێكیان بۆ دابنرێت، چونكە ئەگەر سنوور بۆ ئەمانە دابنرێت وەكو پاراستنی گەلی هەژارو، پاراستنی ئاشتی و ئەمنیەتی نێودەوڵەتییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار، بەرێز شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاسـح حـــــەیدەری:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

هەروەکـو برادەران باسی گـرنگی ئەو بڕیارەیان کـرد لەرووی یاسـاییـەوە، لەرووی مـێـژوییـەوە و لەرووی سیاسییەوە و لەرووی ئینسانییەوە من ناچمە سەر ئەو خاڵانە، بەڵام ئەو لایەنانەی کە لە بڕیارەکەدا پشتگوێ خراوە باسیان دەکەم بۆ وەگەڕخستنی ئەم بڕیارە:

١ـ پێویست بوو ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان موتابەعەی ئەو بڕگانە بکات کە لەناو بڕیارەکەدا هاتووە بە تەنسیق لەگەڵ عێراق بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕیارە، بەڵام ئەم لایەنە لە بڕیارەکە پشتگوێ خراوە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە تا ئێستا.

٢ـ ئەو دەوڵەتانەی کە هەوڵی دەرکردنی ئەم بڕیارەیان داوە وەکو تورکیاو ئێران و فەرەنسا بەهەمان شێوە موتابەعەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان نەکرد بەتایبەتیش من مەبەستم فەرەنسایە کە دۆستی دێرینی کوردە.

٣ـ ئەوەی لە بڕگە (٢)ی بڕیارەکە هاتووە کە دەڵێت: پێویستە لەسەر عێراق کە حیوارێکی کراوە ئەنجام بدات بۆ پاراستنی مافی سیاسی گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی کوردیش بەتایبەتی، ئەم مەسەلەیە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە موتابەعە نەکراوە و پشتگوێ خراوە کە ئایا لەگەڵ کێ وکەی و چۆن ئەم بڕگەیە جێبەجێ بکرێت. بەتەسەوری من ئەو خاڵە لەو بڕیارە پشتگوێ خراوە و پێویستی بە وەگەڕخستنە. منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی د.رزگار کە موناشەدەی سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت بۆئەوەی هەوڵێک بدرێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕگانەی کە پشتگوێ خراون، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

بەڕێز حسێن عەلی کەمال فەرموو.

**بەڕێز حـــــوســــێـن عـــــەلی کـــــەمـــــال:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

هەروەکو روون و ئاشکرایە بڕیاری ٦٨٨ لە نیسـانی ١٩٩١ دەرچووە، ئێسـتا ئێمە لە نیسـانی ٢٠٠١ داین، ئەم بڕیارە ١٠ســاڵی بەسـەردا چووە، بۆئەوەی ئەو بڕیارە تەهمـیش نەکـرێت و بۆئەوەی بەبەردەوامی لەیادی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت چەند پێشنیارێکی دیاریکراوم هەیە:

١ـ پەرلەمـانی کـوردسـتـان یادداشـتنامـەیەک رێک بخـات و بنووسرێ بۆ ئەمـینداری گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەروەها بۆ دەوڵەتە هەمیشە ئەندامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و تەئکید بکرێت لەسەر بەردەوام بوونی حیمایەو پاراستنی کوردستان هەروەکو ئێستا بەردەوامە و جێبەجێ کـردنی بڕیارێک کـە لە ٩٨٦ هاتووە سـەبارەت بەو تەخـسـیـسـە مـالیـیـەی کە هەیە (١٣٪ ـ ١٥٪)، ئەگەر بکرێت بەردەوام بەشێوەیەکی رێکوپێک بۆ ئەوەی ئەو ژێرخانی (البنية التحتية)

کوردستان کە ویران بووە جارێکی تر بینا بکرێتەوە.

٢ـ ئەگەر لەو یادداشتە تەسبیت بکرێت ئیدانە عەمەلیاتی تەهجیرو تەعریب کردن و دەرکردنی قەسری ئەو خەڵکە دەکرێت ئێستا بەردەوامە کە بەپێی بڕیاری ٦٨٨ مەفروز بوو ئەو شتە نەمێنێ و دەوڵەتەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی ئاگادارەو ڕێکخراوە مرۆییەکان ئاگادارن ئەو عەمەلیاتە بەردەوامە بەڵام تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرایان نەبووەو هەڵوێستێکی حەددییان نەبووە کە ڕژێمی عێراق لە حەدی خۆیدا ڕاگرن.

برگەیەکی تریش کە بە زەروری دەزانم وەسائیلی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم و وەسائیلی ڕاگەیاندنی حزب و دەنگ و ڕەنگی ئاسمانی یان ڕۆژنامەوانی پێویستە چاوپێکەوتنی بەردەوام بکات لەگەڵ بەرپرسان و پەیوەندیداران، ندوەو حیوار بکات بەتایبەتی لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بەردەوام بێت و هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە و لەیادی خەڵک نەچێت و کاری خۆی لە ڕای گشتی جیهان بکات، هەروەها داوا بکرێت لە نووسینگەی پەیوەندییەکانمان کە لە دەوڵەتەکانی جۆراو جۆر هەن لە ئەوروپاو لە ئەمەریکا بەبەردەوامی ئیسارەی ئەو بڕیارە بکەن و داوا بکرێت لەو دەوڵەتانە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی ئەنجامێکی باشی هەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک حسین عەلی، بەڕێز سیروان کاکەیی فەرمو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز زۆر باسی بایەخی بڕیارەکەیان کرد، دیارە هەموومان کۆکین لەسەرئەوەی کە بڕیارێکی گرنگە بۆ مەسەلەی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بۆ ئەو وەزعەی کە بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە.

من دێمە سەر مەسەلەی چۆنیەتی تەفعیل کردنی بڕیارەکەو هەندێک تەعقیبیش لەسەر ئەو خاڵانەی کە ماون، سەرکوت کردنەکە بەردەوامە و چۆنیەتی تەفعیل کردنی بەراستی. خۆی ڕاستە بڕیارەکە کە لە دیباجەکەی هاتووە باسی برگە (٧)ی ماددەی (٢) دەکات کە مەفهومی سیادەیە، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە ئەو بڕیارە دەرچووە تاوەکو ئێستا زۆر گۆڕان هاتۆتە کایەوە، زۆر بۆچوون وَ بنەمای تازەش هاتۆتە کایەوە لە تەفسیری فیقهی بۆ پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی بەراستی گرنگترینیان من ئاماژەی بۆ دەکەم ئەوەیە کە لە کۆبوونەوەی (٥٤)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کۆفی ئەنان باسێکی زۆر تازەی کرد لەم مەسەلەیە و ئەو مەسەلەیەش لە بنەڕەتدا من دەڵێم بڕیاری ٦٨٨ ئەم دەرگایەی کردەوە کە ئەو کاتە درا بۆ گەلی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بەشێوەیەکی تایبەتی کە باسەکەی تێدا هاتووە ئەمە سەرچاوەی لەوێوە وەرگرتووە

بۆیە بڕیارەکەی ٦٨٨ بڕیارێکی زۆر زۆر گرنگە کە وەرچەرخانێکی تازەی دروست کردووە لە تەفسیری بنەماکانی نێودەوڵەتییەکان، بۆیە بۆ ئێمە پێویستە زۆر پابەندی بین و ئێستا چەند خاڵێک دەخەمەڕوو لەو بارەیەوە:
کۆفی ئەنان لەو باسەیدا کە کردی لە (٢)ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٩ لە قسەکانی دا دەڵێت: ژمارەیەکی زۆر لە گەلان هەن پێویستیان لەوە زیاترە کە تەنها وشەی نەوازش و سۆزداریان بۆ دەربخرێت لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییەوە پێویستیان بە ئیلتزامێکی راستەقینەی پابەندە بۆ یارمەتیدانیان بۆئەوەی بازنەی توندو تیژیان لەسەر لابدرێت و بکەونە سەر رێگای ئاسایش بەرەو رەفاهیەت ئەمە لە ساڵی ١٩٩٩دا، ئەمە شتێکی زۆر زۆر گرنگە ئەگەر سەیری ئەم قسەیە بکەین لە کەسایەتییەکی سادەوە نەهاتووە، کەسایەتییەکی دبلۆماتکاری نێودەوڵەتی پلە یەکەم کە باسی ئەم مەوزوعە دەکات ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و گۆڕانێکی گەورەیە لە مەفهومی سیادە، مانای وایە ئێستا بەم تەفسیرە تازەیە، ئەوەی کە لە دیباجەی بڕیارەکەدا هاتووە کە مەسەلەی سیادەی نێودەوڵەتی رەچاو دەکرێت ئێستا ئەم مەسەلەیە تەقریبەن تەجاوز دەکرێت کە ئەوەشی زیاتر روونکردۆتەوە لە مەقالێکدا نووسیویەتی لە گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بریتانی لە ژمارەی (١٨)ی ئەیلولی ١٩٩٩لەوێ هاتووە دەڵێت: وا دیارە مەفهومە تەقلیدییەکان دەربارەی سەروەریی سیادەی دەوڵەت تەنها کۆسپێک نییە بۆئەوەی تەدەخول بکرێت بۆ چارەسەرکردنی تەنگژە مرۆڤایەتییەکان واتە سیادە کۆسپە بۆ تەدەخول کردن لێرە بەم قسەوە دەرئەکەوێت، بەڵکو چۆنیەتی دیاریکردنی دەوڵەتەکان بۆ بەرژەوەندییەکانیان لەوە کەمتر نییە واتە لێکدانەوەی دەوڵەتەکان بۆ مەفهومی سیادەی خۆیان ئەوە گەورەترە لە مەفهومی سیادەکە بۆیە لەوەتەی بڕیارەکە دەرچووە تاوەکو ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە بەسەر مەفهومی تەدەخولی مرۆڤایەتی و بەسەر مەفهومی سیادەدا هاتووە ئەمە مەسەلەیەکی یەکجار زۆر گرنگە من وا دەبینم سەرچاوەکەی هەر لە بڕیاری (٦٨٨)ەوە هاتووە، چونکە هەر لەدوای بڕیاری ٦٨٨ لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٢دامەزرا بەگوێرەی زانیارییەک کە من کۆمکردۆتەوەو ئێستا لامە بە بڕیارێکی (پوترس غالی) و بەدەست پێشخەری راوێژکاری ئەڵمانی (ولی بران) ئەو پرۆژەیە پێشکەش کرا بۆ پێشکەش کردنی راپۆرتێکی تازە دەربارەی ئەو هەموو وەزعە خراپەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی دونیادا هاتووە، ئەو راپۆرتە ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن زانکۆی ئۆکسفۆردەوە بڵاوکراوەتەوە و کوێتییەکانیش کردوویانە بە کتێبێک بڵاویان کردۆتەوە، من ئەو کتێبەم دەست نەکەوتووە هیوادارین بتوانین ئەو کتێبە بکەوێتە دەستمان لەوێ، هەندێ خاڵ هاتووە کە زۆر زۆر گرینگن بۆ ئەو مەزووعەی ئێمە و بۆ ئەو تەفسیرە تازەیەی کە لە پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی هاتووە کە ئەڵێت دەسەڵات دەبێت رەزامەندیی بەردەوامی لەسەر هەبێت واتا دەسەڵاتی حوکمڕانی کە ئێستا لەسەر عێراقدا هەیە دەبێ رەزامەندی بەردەوامی لەسەر هەبێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەبێت گەل تێیدا بەشداری بکات و دەبێت هەڵبژاردن بکرێت کەواتە تانە (طعن) لەوەش دەدات

کە مەشروعیـیەتی دەسەڵات نەماوە بەو شێوەیە ئەوە لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە لە ١٩٩٥دا بڵاوکراوەتەوە و دیسان هاتوە کە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی لە پێشی هەموو مەسەلەکانەوەیە و هەتا لە پێشی سەروەریی مافی سیادەی تاکە دەوڵەتیشەوەیە کە ئەمە مەفهومێکی زۆر گرینگە زۆر گرنگیشە بەنیسبەت ئێمەوە بۆ تەفعیل کردنی بڕیارەکەی خۆمان کە پێشتر ئەساس بووە بۆ ئەو هەموو بۆچوونە تازانەی کە هاتوونە.

دیسان لەناو ئەو راپۆرتەدا هاتووە کەسایەتی نێودەوڵەتی بەشدارییان کردووە ئەو راپۆرتە دەڵێت دەستێوەردانی مرۆیی لە حاڵەتێکی دیاریکراودا پێویستە بکرێت تەوسیەی دەکات بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویست دەکات کە ئەو دەستێوەردانی مرۆڤایەتییە بکرێت و پێویستە موازەنەیەک دروست بکرێت لەنێوان سەروەریی یاساو دەسەڵاتی دەوڵەتێکدا و لەگەڵ ئەوەی کە نەتەوەکەو میللەتەکە بە ئەمن و ئاسایش بژین و نابێت تەنها سیادە ببێتە مەوزوعێک ئەو خەڵکە قڕ بکرێت و ئەو کارەش دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بیکات، ئەمە کورتەی ئەو شتانەیە کەلەوێدا هاتووە. ئەگەر مۆڵەتم بدەن تەنها لەسەر بڕیارەکەی کە هەیە ٩٨٦ و ئەو پێشەکییەی کە باسم کرد ئەم شتانەی کە ئێستا لە بڕیارەکەدا هاتووە، بۆ نموونە لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت: باسی سەرکوت کردن دەکات کە هەڕەشە دەکات لە ئاسایشی نێودەوڵەتی ئایا ئەم سەرکوت کردنە بەردەوام نییە؟ لە خاڵی دووەمیش دەڵێت پێویستە ئەو سەرکوت کردنە رابگیرێت، بەڵام رانەگیراوە دەیان بەڵگەش هەیە کە ئێستا ئەو سەرکوت کردن و دەرکردنە هەر هەیە تەهجیر هەر هەیە کاول کردنی ماڵی کورد هەر هەیە داگیرکردنی زەوییەکانیان هەر هەیە تصحیحی قومیە هەیە ئەمانە هەمووی عیبارەتن لە سەرکوت کردن ئەوە لە خاڵی یەکەم هاتووە.

لە خاڵی سێیەم هاتووە دەڵێت: رێگا بدرێت بە رێکخراوە مرۆییەکان دەست بەجێ فریای ئەو خەڵکە بکەون من ناڵێم فریا نەکەوتوون و تا حەدێکی باشیش فریا کەوتوون، بەڵام هەر لەو ماوەیەی رابردوو دەوڵەتی عێراق ڤیزە نادات بەو خەڵکانەی کەوا کار دەکەن لە رێکخراوەکانی مین هەڵگرتنەوە لە عێراقدا کە ئەوە گەورەترین هەڕەشەیە لە کۆمەڵگای مەدەنی، ئێستا بە تەخمینی کار شوناسان (٢٠) ملیۆن مین لە کوردستاندا هەیە فەرموو ئێستا دەوڵەتی عێراق هیچ هاوکارییەک ناکات ڤیزەشی نەداوە بەو خەڵکە بێن ئەو مینانە هەڵگرنەوە، ئەمە هەڕەشە نییە لە ئاسایش و مرۆڤایەتی؟.

خاڵی چوار دەڵێت سکرتێری گشتی بەردەوام بێت و هەوڵی خۆی بدات، ئێمە نازانین سکرتێری گشتی تا چ رادەیەک هەوڵ و کۆششی خۆی کردووە، ئەوەی کە هەبووە ماکس ماردشتۆین بەردەوام بوو هەندێ راپۆرتی پێشکەش کرد کە ئەویش لە ساڵی ١٩٩٩ لەبەرئەوەی ئیشەکانی نەچووە پێشەوە وازی هێناو ئیستقالەی کرد ئیتر ئێمە نازانین سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان چ موتابەعەیەکی کردووە، پاشان دەڵێت داوا لە عێراق بکات هاوکاری سکرتێری گشتی بکات. عێراق تاکو ئێستا چ هاوکارییەکی کردووە؟ بۆ سکرتێری گشتی هەڵناداتە سەر ئەم بڕیارە بڵێت

ئەمە تۆ هیچ هاوکارییەک ناکەیت؟ یەکێک لەوانە نایەڵێت ئەو خەڵکانە بچن لە کوردستان مین هەڵگرنەوە کە ئەو خەڵکەی هەموو قڕ کردو کوشت. پاشان ئەم مەسەلەیە لەژێر لێکۆڵینەوەدایە پێویستە ئێمە بیورژێنین ئێمە معنین بە بڕیارەکە کە ئەم بڕیارە بوروژێنین.

دوا خاڵ کە ئەم بڕیارە بەگوێرەی ئەو کەسانەی کە کارشوناسن لەلایەنی یاساییەوە دەڵێن لەژێر فەسڵی (٦)دا هاتووە واتا روحیەتەکەی لە فەسڵی (٦)ی میثاقەوە وەرگیراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە مادده (٣٦)ی فەسڵی (٦) هاتووە دەڵێت: (لمجلس الامن أن یوصي بما یراه ملائماً من الاجراءات وطرق التسویة) دیسان ئەوەشی داوەتە ئەنجومەنی ئاسایش کە هەر ئیجرائاتێکی تر بکات گونجاو بێت بۆئەوەی ئەو مەسەلەیە تەواو بکرێت، کەواتە خاڵی ماددەی (٣٦)یش بورژێنرێت چونکە ئەمە لەژێر ئەو فەسڵەدا دەرچووە کە کێشەکە بەشێوەیەکی ئاشتی چارەسەر بکرێت، داوای لێبووردن دەکەم کە درێژەم بە قسەکانم دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر باش باسی بڕیارەکەیان کردو ئاماژەیان پێ کرد کە بڕیارێکی زۆر گرنگە بەنیسبەت گەلی عێراق و بەتایبەتی گەلی کوردستان بەڕاستی ئەو بڕیارەش دەرچوو پاش چەند ئەگەرێک پێشی بڕیارەکە کە پەیوەندییەکی زۆری هەبوو بەو بڕیارانە کە شەڕی کوێت (حرب الخلیج الثانیة) و بەزینی رژێم لە شەڕی کوێت.

دوو، تێکچوونی نیزامی ئیشتراکی و ئیتحادی سۆڤیەتی بەسەر سربیا.

سێ: بەنیسبەت میللەتی کورد ئەوە پەیوەندیی زۆر هەیە بە خەباتی میللەتی کورد بەدەیان ساڵە ئەو ناخۆشی و ئەو شەهیدانە بەتایبەتی عەملیاتی ئەنفال و کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئاخر شت کۆچرەوەی ملیۆنی هی میللەتی کورد بوو بۆ سەر سنوورەکان و پاش سەرهەڵدانی پیرۆز هەروەها لە خوارووی عێراق. ناوەرۆکی بڕیار زۆر ئاشکرایە بە کورتی ئیدانەی قەمع و ئیرهابی رژێم دەکات دوو، دەڵێت تەهدیدی ئاشتی و ئەمنی دەولی دەکات و ئەنجومەنی ئاسایش داوا لە عێراق دەکات کە ئەو بڕیارە راوەستێنێت پێشکەشی مساعداتی مرۆڤایەتی بۆ گەلی کوردستان و هەروەها خەرقی مافی مرۆڤ و مافی بنەڕەتی گەلی عێراق و گەلی کوردستان.

گرینگی بڕیارەکە لەوەدایە کە یەکەم بڕیارە باسی کورد دەکات لە ئاستی دەوڵەتی، پاش پەیمانی (سیڤەر) لە پاش جەنگی یەک هەتا ئێستاش وابزانم ئەوە دە ساڵە کە بەسەر ئەو بڕیارەدار رابردووە ئێمە ئەو رۆژانە لەیادی دە ساڵەی لەلایەنی سیاسیش تا ئیستا بڕیارەکە تەجمید بووە پێویستە ئێمە رۆڵ ببینین بۆ وەگەڕخستنی ئەو لایەنە داوا بکەین لە نەتەوەیکگرتووەکان و

ئەمەریکاو یەکێتی ئەورووپی و دەوڵەتە مەزنەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ئەو بڕیارانەی تریش کە بۆ نموونە ٦٨٧ بوو ٨٣٣ بوو ئەوەی پەیوەندیدارە بە نەهێشتنی چەکی شامل و (ترسیم الحدود) ئەوانە جێبەجێ بوون، ئەو بڕیارە ماوە کە هەتا ئێستا زۆر ڕۆڵی نەبینیوەو جێبەجێ نەکراوە بەتایبەتی لایەنی سیاسی، ئێمە کە سەیری بکەین لە سەرچاوەکان هاتووە دەڵێت ١٩٥٦ هەتا ١٩٩٠ نەتەوەیەکگرتووەکان سەرپەرشتی کردووە لەسەر (٣٠) پرۆسیسی عەمەلیاتی هەڵبژاردن و ئیستیفتاء لە وڵاتانی (غیر مستقل) لەپاش شەرە ئەهلییەکان وەکو میللەتی ئێمە بۆئەوەی بەو هەڵبژاردنانە تاوەکو چارەنووسی خۆیان وەرگرن (من اجل حق تقریر مصیرها) نموونەی بۆ هێناوە وەکو (ئەنگۆلاو کەمبۆدیاو ئەفریقیا و تەیموری ڕۆژهەلات و کۆسۆڤۆ) کە ئەزموونی زۆر نزیکە لەوانەیە ئێمە سوودی لێ وەرگرین یان ئاماژە بە ئەوان بدەین بۆ مەسەلەی میللەتی ئێمە. بەراستی بەو بۆنەیەوە پێویستە ئێمە چەند داواکارییەک بکەین لە نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکا و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپی بۆ وەگەڕخستنی بڕیارەکە:

یەک: بۆ تەئمین و مسۆگەر کرنی پاراستنی میللەتی کورد بەردەوام بێت و هەتا لە ئاییندەدا ببێتە حیمایەیەکی UN لەوانەیە باشتر ببێت.

دوو: تەئمین و مسۆگەر کردنی ڕێژەی (١٣٪ هەتا ١٥٪) لە بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک و دەرمان.

سێ: تەئمین و مسۆگەرکردنی فیدرالیەت بۆ میللەتی کورد دوای ئەوەی ڕژێم و ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟، تەئمینی فیدرالی بۆ میللەتی کورد بکرێت.

هەتا لە بڕیارەکەش هاتووە (تهیئة الاجواء والظروف) لە عێراق کە هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێن بکرێت ئەوەش لەسەر ڕۆڵی ئۆپۆزۆسیۆنی عێراقی و ڕۆڵی ئێمەو ڕۆڵی هاوپەیمانەکان رادەوەستێت ئەمەش پێویستی بە تەنسیق هەیە، لە بڕیارەکەش هاتووە (ابقاء المسألة قید النظر) مادام بڕیارەکەش بەردەوامەو لەوانەیە باسی بکەن و لێکۆڵینەوە بکەن زۆر پێویستە ئێمە موناشەدەی ئەو لایەنانە بکەین و ئەو شتانە پێشنیار بکەین و بەگەڕی بخەین و پەنا بەخوا وەزعمان باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەفەر. کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە مەوزوعەکەمان یەکە لەبەرئەوە بۆچوونەکانمان هەمووی نزیکی یەک دەبن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا قسەکانی جەنابتانی هەمووی کرد.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەئکید لەیەکەم کەسەوە هەموو قسەکە کرا، بەڵام بەشداری کردن باشە هەر یەکێک تەعبیر لەرای خۆی بکات بۆ ئەو بۆنەیە باشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجێی خۆیەتی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس. بڕیاری سیاسی و بڕیاری مرۆیی ٦٨٨ کە لە زۆر ناوەندەکانی سیاسیدا و راگەیاندنی نێو دەوڵەتی بە بڕیاری کورد ناسراوە پەیوەندییەکی توندی هەیە لەگەڵ بابەتێکی گەرمی جیهانی ئەویش بابەتی مافی مرۆڤە، مافی مرۆڤ بەتەنها ئەوە نییە کە تەرەفێکی فیکری بێت یان بەتەنها هێڤییەک بێت، بەڵام ئێستا لە زانستی یاسا پێی دەڵێن (فرض عين وليس فرض كفايه). بزووتنەوەی مافی مرۆڤ پێشکەوتنێکی مەزن یان گەشەبوونێکی مەزنی لەم ساڵانەی دوایی کردووە. بناغەی مافی مرۆڤ لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتێک مەحسور نەماوە، بەڵام کێشەی مافی مرۆڤ بۆتە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی و بۆتە بناغەیەکی بنەڕەتی لە بناغەکانی مرۆڤایەتی و لە یاسای نێو دەوڵەتی مرۆڤایەتی دا سیادە و یەکسانی و مافی چارەنووس و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مونازەعاتی نێو دەوڵەتی و ئەمانە هەموویان بنکەی ئەساسینە، مەسەلەی ڕێزلێنانی مافی مرۆڤ گەیشتۆتە هەمان ئاستی بەرز و بۆتە بناغەیەکی ئەساسی لە بناغەکانی یاسای نێودەوڵەتی و لەهەمان کاتدا پابەندە و ئەنجامدانی واجبە، ئەگەر هاتوو مافی مرۆڤ تووشی پێشێل کردن بوو، تووشی ئینتهاکاتی گەورە بوو، لە کوێ بێت ئەوسا کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بۆی هەیە (انسانیاً) تەدخول بکات و ئەو مافانە بگەڕێنێتەوە و ئەو ئینتهاکاتانە کە لەم مەیدانە روویداوە بووەستێنێت. کوردستانی عێراق تایبەتمەندییەکی هەیە لەم روانگەیەدا، چونکە یەکەم ئیختبار لەم مەیدانەدا لە کوردستانی عێراق بوو لە دوای هەرەس هێنانی سیستەمی دوو جەمسەری و رووخانی کوتلەی ئیشتراکی نەمەتێکی تر لە نەمەتەکانی پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتی بەدەرکەوت وەک داوەتی مافی مرۆڤ و فرە حزبی و ئیعتماد لەسەر مەبادیئی سیستمی دیموکراسی هەر لەم بارودۆخەدا UN و ئەنجومەنی ئاسایش لە رۆژی ١٩٩١/٤/٥ بڕیاری ٦٨٨ ی دەرکرد د. عبدالحسین شەعبان دەڵێت: دەبێت هەر کوردێک ئەم بڕیارە لەبەر بکات (علی اي كوردي ان يحفظه عن ظهر قلب)چونکە ئەم بڕیارە کێشەی کوردی گەڕاندەوە (اروقه الدوليه) دوای بزر بوونی ئەم کێشەیە لە دوای ساڵی ١٩٢٠ تاکو ساڵی ١٩٩١ ئەم کێشەیە گەڕایەوە (اروقەی دوەلی) بەشێوەیەکی باشتر و بەهێزێکی گەورەتر ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو

تێکۆشـان و خەباتانەی مـیللەتی کـورد و دەگەڕێتەوە بۆ کۆچڕەوی یەک ملیـۆنی میللەتی کورد.
بڕیاری ٦٨٨ گرنگییـەکی تایبەتمەندی هەیەو ئەو بڕیارە دوو سەری هەیە یەکەمیـان پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە هەیەو دووەمیـان پەیوەندیی بە تطبیـقیاتی مەبدەئی تەدخولی مرۆڤایەتی هەیە، گرنگی بڕیارەکە ئەمانەن:

١ـ یەکەم جارە لە مێژوو هاتووە کە ئەو قەمعەی میللەتی کورد تووشی دەبێت هەڕەشە لە ئەمن و ئاسایشی هەرێمەکە دەکات

٢ـ داوا لە عێراق دەکات کە دایەلۆگێکی کراوە دەست پـێ بکات بۆ کەفالەت یان مسۆگەر کردنی حقوقی سیاسی هەمـوو هاوولاتیـان، لێرە بەتەنهـا داوای لەعـێراق کردووە چونکە کۆمەڵگای نێـو دەوڵەتی دەزانێت کە میللەتی کورد میللەتێکی ئاشتی خوازەو هەردەم ئامادەیە کە کێشەکەی بە حیـوار چارەسـەر بکرێت، ئەوە بوو کە سـەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی وەفدی بەرەی کـوردستـانی بەرەو بەغدا کەوتەڕێ و دەستی بە مفاوەزات کرد بەڵام تا ئیستا حکومەتی مەرکەزی عێراق دانی بە مافە رەواکانی میللەتی ئێمە دانەناوە.

بڕیارەکە داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کە ئەم قەزیەیە کراوە بێت و لەژێر دیراسەتدا بێت و راپۆرتێکی ساڵانە پێشکەش بە UN بکات لەسـەر ئەم بابەتە، لەژێر رۆشنایی ئەم بڕیارە زۆر کـاری باش ئەنجـام درا وەک ناوچەی (سـێکیـوریتی هێـڤن) کـە بە (پرۆڤـاید کۆمفۆردت ئۆپەرێشن) حیمایە کرا هێلی (٣٦) (پەرەلەل) یان (فلایزۆنە) هەروەها هەڵبژاردن و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دامەزران.

بڕیاری ٦٨٨ تاقە بڕیارە کە سەرکەوتنی بۆ میللەتی کورد دابین کرد لە کاتێک کە داوای کەفالەت و رێزگرتن لە مـافی مرۆڤ دەکات دەبینین کە UN و ئەنجومەنی ئاسایش سوورن لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٧٨ کە مەسەلەی قەرەبوو و چاودێری و گەلێک شتی تری تێدایە هەروەها سوورن لەسەر جێبەجێ کردنی بڕیاری ٧١٥ کە تایبەتە بە چەکی گران کەچی نە UN و نە ئەنجـومـەنی ئاسـایش و نە ئەمـەریکا باسی بڕیاری ٦٨٨ ناکـەن هەروەها حکومـەتی عـێـراقیش رەزامـەندی لەسەر هەمـوو بڕیارەکان کردووە تەنهـا ئەم بڕیارە نەبێت کە بەتەواوی رەتی دەکـاتـەوە و بەهەمـوو توانایەوە دژی ئەم بڕیارە رادەوەستێت.

دەبێت هەمـوو کەسـێک بزانێت کە هەرچی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشـە حوجـجەی یـاسـایی هەیە ئیلزامـییـە، ئیـکراهیـە هەتا ئەگـەر هاتوو زمنی فـەسلـی (٧) یان (٦) یش نەبن کـە تایبـەتن بە مونازەعـاتی نێـو دەوڵەتی، تاکو کۆمەڵگای نێـو دەوڵەتی خۆی نزیکی لایەنی مرۆڤایەتی بکات دەبێت ئەم بڕیارە جێـبەجێ بکات بۆ وەدیهێنانی مرۆڤایەتی هەروەها پێـمـان باشـە کە جالیـەی کـوردی لە ئەمـەریکا لە رۆژی (٥/ی ئەپریلی) هەمـوو سـاڵێک رێپـێـوانێک بـبـاتە سـەر دەرگـای رێکخـراوی UN لە نیویۆرک، هەروەها جالیەی کوردی لە ئەوروپا رێپێوان بکەن و بچنە بەردەم نووسـینگەکـانی UN لەناوەوەش دەبێت زیاتر مـاڵی کـورد رێک بخـەین دەبێت هەنگاوی باش

بهاوێژین بۆ چەسپاندنی یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ و پتر ئازادی و دیموکراتی دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرمو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ بڕیارەکەی (٦٨٨) و سوودە مەزنەکەی بۆ گەلی کورد بەتایبەتی وبۆ گەلی عێراق بەگشتی بەڕاستی برا ئەندامەکان بەشی زۆری ئەو خاڵانەی کە من ئەمویست باسی بکەم لێی دووان لەبەر ئەوە نابێ دووبارەی بکەمەوە، بەڵام تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگەی یەک کە لە بڕیارەکەدا هاتووە (يدين القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في اجزاء كثيرة من العراق والذي شمل مؤخرا المناطق السكانية الكوردية وتهدد نتائجه السلم والامن الدوليين في المنطقة) بەلای منەوە ئەوە لەو بڕیارەدا هاتووە وائەگەیەنن کە دانیشتوانی کوردستان لەم دواییە تووشی قمع وسیاسەتی جینۆساید هاتوون، لەڕاستیدا واقیع پێچەوانەی ئەمەیە کە لەم بڕیارەدا هاتووە چونکە ناوچەکانی کوردستان پێش ناوچەکانی تری عێراق توشی سیاسەتی جینۆساید وقمع بووە بۆیە ئەبوو وابگوترابایە (يدين القمع الذي يتعرض له السكان المدنيون العراقيون في اجزاء كثيرة من العراق وخاصة المناطق السكنية الكوردية) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی پێشنیار دەکەی بیگۆڕین؟.. سوپاس کاک امین، بەڕێز کاک رجب شعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران گەلێک ئاخافتن لەسەر ئەڤێ بڕیارێ، وەک موشارەکە حەز دەکەم منیش هەندەک پێشنیارا پێشکەش بکەم ڤێ هەڵکەفتێ، بەلێ مە بێژین میللەتی مە کورد توشی گەلێک ناخۆشی وتالی وکارەساتا و مەرگەساتا بوو، بۆ ڤێ دیاهێش کۆچا ملیۆنیێ ئەڤ هەمیا بونا ئەگەر ئەوێ هەندێ کە ضمیرێ میللەتێت عالەمێ بهەژێنیت وتەئسیرەک هەبێت لەسەر (UN) کە بڕیارەک بێتە دان لە صالحێ میللەتێ کورد بڕیارا (٦٨٨) ئەوەش ببێتە بڕیارەکا مێژوویی چونکە میللەتێ مەی کورد یێ پاراستی گەلێک تشتێ لە گەلەک تەعدا و لە قمعێ و لە ئیرهاب و لە کوشتنێ و گەلەک تەعدایێ دیتیە، بەلام ئەگەر بەری خۆ بدەینە ئەو بڕیارە پتر یا مرۆڤایەتی و انسانییە، ئەم حەول بدەین کە ئەم بڕیارە ببێتە بڕیارەکی سیاسی کە میللەتی کورد پتر مافی وی پاراستبێتن لەبەر هەندێ پێشنیار دەکەم موزەکەرەیەک بێتە بلند کرن بۆ (UN) کە کێشا میللەتی کورد حەول بێتە دان بێتە کێشایەکا سیاسی پتر کە کێشەیەکا انسانی بێتن وپاراستنا

میللەتی کورد هەبێتن نەخاسمە وان دەڤەرێت وان نەهاتنە رزگار کرن و هەتانوێی بن دەستێ رژێما عێراقێ دایە ئەگەر حصاریش سەر عێراقی رابوو مە ترسیەک احتمالە هەبێت، مافی میللەتی مەی کورد بهێتە بزر کرن لوی دەرامەتێ نەفتێ لەگەڵ عێراقێ دێتە فرۆتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک رجب شعبان، هیچ تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەم مەوزوعانە؟، فەرموو کاک د.شەفیق.

**بەڕێز د.شەفیق قەزاز/وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر لە روخسارەکانی بڕیاری (٦٨٨) باس کرا و بەراستی موداخەلاتی زۆر بە نرخ و بەهەند هاتنە پێشکەش کردن، ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم دەمەوێ شتێکی وا پیاچونەوەیەک بێت لە بڕیاری (٦٨٨) پرسیارێکی زۆر هەیە کە ئایا ئەوە سیاسی یە؟، مرۆڤییە ئیلزامیە؟، زیندووە مردووە؟، وهەرچیەکە، بەبۆچوونی من بڕیاری (٦٨٨) یەکەم سیاسی یە چونکە لە خاڵێکی دیاریدا لە پاراستنی خەڵکی کوردستاندا قسە دەکات، ئەمە بێگومان پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە کە ئەگەر بیهێنین بیبەستین بە بەڵگەنامەی (UN)ـەوە لەگەڵ مەسەلەی پاراستنی ئەمن وئاسایشی نێو دەوڵەتی، بڕیارێکی مرۆییە بە حوکمی ئەوەی داوا لە عێراق دەکات راستەوخۆ کە ئەبێت ملکەچ بێت بۆ رێگە دان بە رێکخراوە مرۆییەکان بۆ ئەوەی یارمەتی مرۆیی بهێتە عێراقەوەو ئازاد بن لەم ئیشە ئیلزامییە چونکە بەراستی ئەمە بڕیاری دەزگایەکی نێو دەوڵەتییە و هی ئەنجومەنی ئاسایشی (UN)ـە واتە هەر بڕیارێک لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە یاخود لەهەر دەزگـــایەکی (UN)ـەوە دەردەچێ، ئەگەر دووچاری ڤیتۆ نەبێت ئەو بڕیارە ئەگەر هەموو ئەندامانیش لەسەری موافق نەبوون تەنها بەوەی کە دژی نەبن ئەویش ڤیتۆ بەکار نەهێنن ئەو بڕیارە پەسەند کراوە وسیفەتێکی ئیلزامی هەیە بۆ هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بڕیارێکی زیندووە چونکە پابەندی ئەم بڕیارە بەراستی نەبەستراوە بە ماوەیەکی موعەیەنەوەو شتێکی کراوەیە لە ٥/نیسانی/١٩٩١ کراوە هەتاکو ئەمڕۆ ئەم بڕیارە ئەگەر ئێمە خۆمان بمانەوێ یاخود کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بیەوێت ئەم بڕیارە دەتوانرێت کاری تێدا بکرێت زیندو بکرێتەوە، تەنانەت ئێمە بۆ ئەوە دەتوانین وێنەیەکیش بێنینەوە، بڕیاری (١٢٨٤) لە ٩٨ەوە ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری لەسەر داوە تا ئەمڕۆ حکومەتی عێراق رەفزی کردووە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم بڕیارە ئیتر شێوەیەکی پابەندی نییە ویاخود کاری لەسەر ناکرێ، تەنانەت ئەمڕۆکە باس لەوە دەکرێت حکومەتی عێراق لەگەڵ (UN) لەگەڵ کوفی عەنان لەگەڵ یەکێکی تر دابنیشن باس لەکێشەکانی نێوانیان بکەن، بڕیاری (١٢٨٨) بنەماو بناغەی ئەو گفتوگۆیانەیە چونکە شتێکە لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچووە و ئەبێ کاری لەسەر بکرێت هەتا تەنانەت ئەگەر

بێینە سەر باری یاسایی ئەم بڕیارە من ئەتوانم بڵێم خۆی لە یاسای نێو دەوڵەتیدا مەسەلەی عورفی یاسایی وسابقە دەورێکی کاریگەری هەیە و هیچ گومان لەوەدا نییە تەنانەت زۆر کەس بۆ ئەوە چوون کە دەڵێن دەست تێوەردانی مرۆیی لەمەسەلەی کوردستانەوە دەستی پێکرد و ئەمڕۆ باس لەوەش دەکرێ دەڵێن تەنیا ئاسەوارێک کە مابێت لە سیستەمی جیهانی نوێی جۆرج بۆش مەسەلەی ئەوەیە کە لەکوردستان ئەو موداخەلەیە کرا بەناوی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتییەوە و ئاکامی ئەوەش ئەوە بوو کە بڕیاری ٦٨٨ دەرچوو، کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی یانیمچە یاسایی یا یاسایی دووبارە ئەم بڕیارە کاریگەرە ودەتوانرێ ئیشی لەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە ئەگەر بێین سەیری ئەوە بکەین کە بۆچی؟ بۆ نموونە زۆر کەس بۆ نمونە (عبدالحسین شعبان) بوو ووتی ئەم بڕیارە بە هەتیوی لەدایک بوو رەنگە تا رادەیەک ئەمە راست بێت بڕیارەکە دایک وباوکی لەدەست داوە بەڵام هێشتا ماوەو زیندووە و دەتوانین کاری لەسەر بکەین ئەمە خۆی چەند فاکتەرێک هەیە یەکێکیان ئەوەیە بەداخەوە لەوەختێکدا کە ئەم بڕیارە هات ئێمەی خەڵکی کوردستان و کورد لە بارودۆخێکی لێقەوماو بووین تەنانەت من بیری زروفی کۆنی هەشتا ساڵ لەمەوپێشم بە بیر دەخاتەوە لە زەمانی موعاهەدەی لۆزان و سیڤەر لە لۆزان کە بڕیار درا سیڤەر بنێژرێت کورد ئامادە نەبوو ئەم جارەیان ئێمە لێقەوماو بووین سەرکوت کراو بووین لەبەر ئەوە دەنگێکمان نەبوو تەرەفێک نەبووین لە بڕیارەکە هەتاکو شوێنی بکەوین وچالاکی بکەین وکاریگەری بکەین، تەنانەت ئەوەی من وادەزانم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هەژاندن، ویژدانی خەڵکی هەژاند ناحیە مرۆییەکەی بوو ناحیەی ئەو شێوە چەوساندنەوەیە بوو کە خەڵکی کوردستانی پێگەیی، ئێمە ئەو کاتە لەدەرەوە بووین یانی بەراستی شاشەی تەلەفزیۆن رای کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی هێنایە کوردستانەوە ئەوەی کە بەسەر کورددا هاتووە هەمووی ئاشکرا کراوە، جا لەبەر ئەوە زیاتر باری مرۆییەکەی هاتە پێشەوە و کاری لەسەر کرا چونکە ئیشێکی پەلە بوو دەست بەجێ ئەبوایە بکرایە بەڵام لەشێوەیەکی نیمچە سیاسیدا هەتا دەتوانم بڵێم شێوەیەکی سەربازیشدا بەوەی کەوا بیست هەزار سەربازێکی نێو دەوڵەتی یاخود بڵێین حولەفاء هاتنە ئێرە لە پاش ئەوە چەند پاسەوانێکی (UN) کە ئێستا هەندێکیان ماون و بەداخەوە زۆر کەم بوونەتەوە ومانەوە بۆ ئەوەش شێوەیەک لە روخسارێکی نێو دەوڵەتی بدرێ بەو پرۆسەیەی کە ئەنجام درا لەدواییدا زۆر پێشنیار کرا وبەتایبەتی من پێشنیارەکانی بەڕێز کاک شێروان حیدری و سیروان کاکەیی بەراستی شتی زۆر بەنرخی تێدا بوو زۆر شت هەیە بۆ تەفعیل کردنەوەی بڕیاری (٦٨٨) کە دەتوانرێ بکرێ چ لە مستوای ئێمە خۆمان وچ لە مستوای دەرەوە تەنانەت خەڵکانێکی زۆر هەیە باسی ئەوە دەکەن کە پاراستنی کورد بخرێتە سەر بنەمایەکی بەردەوام وزامن کراو، وەکو ئەزانن ئێستا ئەمڕۆ هەندێک لەو پاراستنەی ئێمە هەمانە یانی دەمەتەقێیەک هەیە لە ئارادان کە دەڵێن بەشێک لەمانە ناکەوێتە حدودی یاسایی نێو دەوڵەتییەوە چونکە لە ئەنجومەنی ئاسایش و لە (UN)ەوە بڕیاری لێ نەدراوە، ئەمە تارادەیەک راستە باس لەوە

دەكرێ دامەزراندنی سیستەمێكی چاودێری بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ئەمە شتێكی زۆر زۆر بەجێیە و باسی زۆر لێوە دەكرێ وئەمڕۆ مافی مرۆڤ بەراستی بووە بە بەشێكی زۆر كاریگەر بەدەست میللەتانی بێ دەست وچەوساوەوە، وەكو باس كرا هەنگاوی زۆر گەورە نراوە لەو بوارەدا تەنانەت مەسەلەی مافی مرۆڤ بە مەسەلەی ئەو دەست تێوەردانی مرۆییەوە دەست پێشخەری تێدا كرا لە پاش ١٩٩١دا و هەتا تەنانەت دەشبەسترێ بە مەسەلەی جینۆسایدەوە، شتێكە بووە كە لەمەولا ناتوانرێ سكوتی لێبكرێ یاخود بەجێبهێڵدرێ بۆ ئەو دووره پەرێز گرتنەی كە بەڵگە نامەی (UN) خۆی باسی دەكات، لە برگەی حەوتی ماددەی دووی بەڵگە نامەكەدا فاكتەری بەهێز هەیە كە بۆ پێك هێنانی قەوارەی (UN) و بۆ پاراستنی كورد بۆ نموونە هەتاكو هەندێ كەس باسی ئەوە دەكات كە محمییەیەك بۆ كورد دابنرێ ئەمە لە زەمانی عوصبەت الئومەمەوە مەبدەئێكە لە یاسای دوەلی لە بەڵگە نامەی عوصبەت الئومەم و دەتوانم بڵێم لە(UN)دا بەشێوەیەكی تر هاتووە بەڵام شتێكە مەوجودە كە ئەمە لە روانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دەتوانرێ قسەی لەسەر بكرێت، دووبارە یەكێك لە فەقەرەكانی بەرنامەی (٦٨٨) داوا لە حكومەتی عێراق دەكات كە رێگە بدات بە رێكخراوە مرۆییەكان، تەبیعی ئێمە ئێستا دەزانین وئەمە بەستراوە بە بریاری (٩٨٦)ەوە ئێمە دەزانین كە ئەمڕۆ بەراستی چالاكیەكی بەرچاو هەیە لەلایەن حكومەتەوە بۆ تەگەرە خستنە ناو بەرنامەی (٩٨٦) و شتێكی ئاشكرایە و لێرە ئەو بوارە هەیە كە لە رێگەی بریاری (٦٨٨)ەوە ئەمە بە شێوەیەك چارەسەر بكرێت، هەتا باسی مەسەلەی ئەوە دەكرێت، خۆتان دەزانن باس زۆر گەرمە لەسەر مەسەلەی سزاكان، سزا ئابوورییەكان كە لەسەر هەموو عێراق هەیە، هەندێك كەس لەزووەوە باسی كردووە كە ئەبوو ئەم سزایانە ناوچەی كوردستان نەگرێتەوە بەڵام گرتوویەتییەوە ئێمە دوانیشمان لەسەر بووە لەو دواییە ئێمە لە دەرەوە بووین باس لەوە دەكرا كە پێویستە هەر باسێك لەسزاكان دەكرێت وجهەی نەزەری كورد یاخود كاریگەری هەر دەست تێوەردانێك لەم سزایانە هەڵگرتنی هەڵپەساردنی، كەم كردنەوەی، زیاد كردنەوەی، سزای زیرەك هەر شتێكی ناو لێبنێی بیر لەوە بكرێتەوە كە ئایا كاریگەری ئەو دەست تێوەردانە ئەو دەست كاریكردنە چییە؟ وچەند جیاوازی هەیە لەسەر كوردستان وەك لە بەشەكانی تری عێراق؟، پێم وایە شتێكی زۆر بەجێیە كە ئەمڕۆ ئێمە خۆشمان هەوڵ بدەین، خۆتان دەزانن بریاری نەتەوە یەكگرتووەكان یاخود هەموو بریارێك كە پەیوەندییەكی بە یاسای نێو دەوڵەتییەوە هەبێت بواری لێك دانەوەو خوێندنەوەی تێدا هەیە، بۆ ئەمە من وادەزانم ئەگەر ئێمە بتوانین پسپۆرو شارەزایانی بەڵگەنامەی (UN) خۆی و هەروەها یاسای نێو دەوڵەتی كۆبكەینەوە و دایان بنێین یانی بەشێوەیەكی سیستماتیكی كە ئەمانە دراسەی ئەم بریارە لە رۆشنایی بەڵگەنامەی (UN)دا و هەروەها لەسەر یاسای نێو دەوڵەتی لێكی بدەنەوە بزانن بۆ ئەمڕۆ ئەو كەم وكوڕیەی كە تێیدا هەیە ئەو روخسارانەی كە تا ئەمڕۆ جەختیان لەسەر نەكراوە چییە وچەند دەتوانین بیبەینە پێشەوە؟، وەكو ووتم قوەی ئیلزامی چەندە؟، برادەرێك داوای كرد كەوا باسی

بکەین پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەو یاسای دەست تێوەردانی مرۆییەوە واتا یانی لە روانگەیەکی دەتوانین بڵێین مەبدەئییەو لە روانگەیەکی مرۆییەوە ئیلزامێک هەیە کە بۆ ئەم بریارە لە جێی خۆیدایەو دووەم بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە یانی بە کوردی ئەکەوێتە سەر ئەوەی ئێمە خۆمان چەند کاراین و یاخود چەند دەتوانین کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و ئەوانەی کە دەسەڵاتدارن لە بریارداندا وچالاکیان بکەینەوە و وردیان بکەینەوە بۆ ئەوەی زیاتر کار لەسەر ئەو بریارە بکرێت بارودۆخی خۆمان لە کاتی بریارەکە بەراستی وا نەبوو، تەنانەت ئێمە حەقە ئەوەش بڵێین هەرچەندە بێگومان وەختی خۆی بەڵگەو تەبریرێک هەبوو بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی عێراق بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کە بەراستی لەو وەختە ئەو گفتوگۆ کردنە تەنانەت دەتوانم بڵێم زەرەرێکی هەیە لەو تەوژم وگورو تینەی کە لە ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لە ناو جیهاندا هەبوو بەرامبەر بە سۆز بۆ کورد و کێشەی کوردو چەوساندنەوەکەی. من کە لەدەرەوە بووم وەکو نمونەیەک دەیهێنمەوە کۆنسێرتێک رێکخرا لە لەندەن لە ماوەی هەفتەیەکدا هەفتا ملیۆن پاوەنی کۆکردەوە بە ناوی کوردەوە یانی ئەو خەڵکە پەرۆشێکی سەیری هەبوو لەسەر جادە دەهاتن تەبەروعیان دەکرد بەڵام بەداخەوە نوشوستی هێنا پاش ئەو حەرەکەت کردنە، کاک سیروان باسی برگەی حەوت لە بەندی دووی کرد وەکو ووتم بەراستی لێرە ئێمە پێویستە شارەزایان بێنینە پێشەوە چونکە خاڵێکی زۆر زۆر دەقیق لێرە هەیە، دەست تێوەردانی مرۆیی یەکەم جارە کە تەحەددای ئەم برگەیە دەکات، ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە یانی لەوەو پێش ئەم بەندە برگەی حەوت لەبەندی دوو لە بەڵگەنامەی (UN) یانی قودسیەتێکی خۆی هەبووە کە پەیوەندە بە سەروەری دەوڵەتەوە، ئەمە بەهیچ نەوعێک نابێ دەستکاری لێ بکرێت لە ژێر پەردەی ئەمە دەوڵەتان وەکو ئێمە خۆمان بۆمان دەرکەوت توانیویانە قەڵاچۆی میللەتی خۆیان بکەن، کۆمەڵگەی دەوڵەتی و دەسەڵاتی نێو دەوڵەتی سیاسی نەیتوانیوە هیچ شتێک بکات بەڵام ئەمە ئەوەی شکاند وەکو ووتم مەسەلەی جینۆساید ئێستا لەیاسای نێو دەوڵەتی بەراستی ئاستێکی تایبەتی هەیە کە ئەبێ مەسەلە گەیشتە ئەوەی قەڵاچۆو جینۆسایدی میللەتێک بکرێت هەندێ شت هەیە پەیوەندی هەیە بە سەروەری دەوڵەتێکەوە ئەبێ بخرێتە لاوە چونکە کۆمەڵگای دەوڵەتییەکی شارستانی ناتوانێت دوورە پەرێز بوەستێت لە کارەساتێکی وا کە لەئێمە روویدا خۆی دوور بگرێت. بەنیسبەت خۆمانەوە ئەوەی کە بەراستی پێویستە رەنگە زیاتر ئەوە بێ کە ئێمە بتوانین لەسەر مستوای کوردستانی خۆمان ئەجیندایەکمان هەبێ وابزانم ئەجیندایەکی ناوخۆ بێت پێویستە ئەجیندای ناوخۆش ئەوەش خۆشبەختانە دەستی پێکردوە وابزانم لە پرۆسەی ئاشتییەوە دەست پێدەکات ئەگەر ئەمە بەردەوام بێ ئێمە دەتوانین ئەو کاتە وەکو میللەتێک نەوەک وەکو چەند حزبێک بۆچوونی خۆمان بدەین، بەراستی مەسەلەی (٦٨٨) تۆ کە بەپیریەوە بچیت ئەبێ وەکو خەڵکی کوردستان بە پیریەوە بچیت وەکو میللەتێک بە پیرییەوە بچیت چونکە ئەو تەنیا بۆ جیهەتێکی موعەیینەن یان بۆ کۆمەڵێکی تایبەتی نەکردووە. کاک امین باسی خاڵی یەکی بریاری (٦٨٨)ی

کرد من دەقە ئینگلیزیەکەم لەلایە لەراستیدا مەبەستی ئەوە نییە مەبەست ئەوەیە کە لەوەوپێش پێش راپەرینی کوردستان راپەرینی باشوری عێراق یانی بەردەوام شتێک هەبوو جا لێرە ئەگەر تۆ ئینگلیزیەکەی بخوێنیەوە ئەم دەڵێ و لەضمنی ئەوە کەوا لەو دواییەدا دەستی پێکردووە مەسەلەی کوردەکانە ئەمەش لە خوێندنەوەی بەتایبەتی ئەوەی ئینگلیزیەکە بەراستی هیچ لە کاریگەری ئەو بریارە بۆ سەر ئێمە کەم ناکاتەوە تەنها پێویستیەکی شتێکی زەمەنییە کە دیاری کردووە بەڵام بریارەکە بۆ حادیسەیەک هاتووە بۆرووداوێک هاتووە کە هەموو عێراقی گرتۆتەوە تەنها ئەوەیە پێش ئەوە حادیسەیەکی تر بووە کە لەکوردستاندا بوو بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز کاک د.شەفیق قەزاز بۆ موداخەلەکەی. مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەرێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەت هەردوو قەرارا قەراری (٦٨٨) نایا تەقییم کرن وەکو تەمامی وەکو برادەرا بەحسا کری، مەبەستا من ئەوژی نیبە تەنیا من یەک پێشنیارم هەیە ئەویش ئەوەیە بەناوی پەرلەمانی کوردستانی ئەگەر جەنابێ هەوە بەرقیەک بناڤێ میللەتێ کورد بنێرێ بۆ هەموو دەزگا وسکرتێری ئومەمی موتەحیدە و مەجلیسی ئەمن و هەمی دەزگا ناو دەوڵەتییەکان، لەلایەکی سوپاسیا وان بکەین وەکو ئەڤ هاریکاری وپاراستن لەسەر میللەتێ کورد لەلایەکی تریش داخازێ ژوان بێتە کرن دەستێ حکومەتێ عێراقێ بێتە کورتکرن سەرڤان ئێش وزارو دەردو نەخۆشێ کە دەگهێنن میللەتێ مە خۆ گوتیان کورد نەگۆتنە کوردێ هەولێرو دهۆک وسلیمانێ کورد چ کوردێ کەلارو صمود بێت یا کوردی دەربەندیخان بێت یان کوردێ شەنگارێ، یانی کورد بێنە پاراستن وئومێدا مە ئەوەیە جەنابێ هەروەسا دی شکلەکە ئەگەر ببینن موناسب بەرقیەک وی شکلێ بدوولا هەم سوپاسی و هەم داخاز زۆر دێ مەمنونێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دیارە تێبینی تر نییە، بەرێزان لە راستیدا موداخەلەکان هەمووی بەپێز بوون وبە محتوا بوون وهەمووی پێشنیاری پوخت و رێک وپێکی تێدا بوو بۆ بەگەرخستنەوەی بریاری (٦٨٨) کە هیچ کەسێ لەو بەرێزانەی کە قسەیان تێدا کرد خیلافیان لەسەر ئەوە نەبوو کە ئەوە بریارێکە لەصالحی میللەتی کوردە و دەتوانرێ ئەو پەری استفادەی لێبکرێ ئەگەر کورد خۆی کاری بۆ بکات، خولاصەی پێشنیارەکان ئەخەمەوە روو بۆتان بۆ ئەوەی ئەگەر موافق بن لەسەری بکەوینە قۆناغی جێبەجێ کردنی، ئەوەی کە پەیوەندی بە پەرلەمان و ئێمەوە هەیە یەکەم موزەکەرەیەک بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بۆ سکرتێری (un) بنوسرێ لەم موزەکەرەیە داواکاری ئەو خاڵانەی لێ بکرێت:

١- بەگەڕخستنەوەی بڕیارەکە.
٢- استناد کردنە سەر بڕیارەکە بۆ ڕێگە نەگرتن لە جێبەجێ کردن لە بڕیاری (٩٨٦) وئاسان کردنی جێبەجێ کردنی.
٣- ئیشارەت کردن بەوەی کە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا هەر بەردەوامە وەکو میسال بە ئاشکرا وەکو کەرکوک وسنجارو خانەقینیان بۆ بهێنینەوە وئیشارەتیش بەوە بدەین ئەگەر لە شوێنەکانی تری کوردستان بەهۆی ئیدارەی کوردی بەهۆی ئەو حمایەوە ئێستا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نییە بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە پاشەڕۆژدا ڕوونادراتەوە کاتێک کە لەپاشەڕۆژدا ڕووناداتەوە حەلێکی سیاسی عادلانەی قەزیەی کوردی هەبێت، بۆیە پێویستە وەکو لە بڕیارەکەشدا هاتووە (un) پشتگیری چارەسەری کێشەی کورد بکات ئینجا لەڕێگەی حیوارەوە بێت بە چاودێری ئەنجومەنی ئاسایش یا هەر شێوەیەکی تر لەسەر ئەساسی حەلێکی سیاسی عادلی دۆزی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا.
٤- پاراستنی مافی مرۆڤ وگەلی کوردستان لە عێراقدا بەگشتی تاکو گەیشتن بە حەلی سیاسی یانی بەردەوام بوونی حیمایەت.
پێشنیاری دووەمیشمان بەو شێوەیە دەبێت موزەکەرەکە لەوانەیە ایضافاتیشی بخرێتە سەر و پاشان حازری دەکەین و اضافاتی تر کە خوێندرایەوە ایضافاتی تر چی پێویست بێ دەیخەینە سەری بەڵام جەوهەرەکەی بەو شێوەیە بێت وەکو لە پێشنیارەکانتاندا هاتووە، دووەم داوا کردن بە نوسراو لە نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە دەرەوە بۆ بەبیر خستنەوە و بەگەڕ خستنەوە وجێبەجێ کردنی بڕیاری (٦٨٨) هەر کەسێ لە چالاکیی خۆی و اتصالاتی خۆی کە بەپەرلەمانەکانەوە ئەیکەن، بە وەزاراتی خارجییەوە ئەیکەن، بە امم متحدەوە دەیکەن، هەرکەسە لە شوێنی خۆی و ئەوە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارمان بێت بۆ ئەو کارە، خاڵی سێیەم لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان سەرپەرشتی بزاڤێکی جەماوەری بکات حرکەیەکی جەماهیری بۆ ناردنی تیمێک لێرەوە بەناوی خەڵکەوە بەناوی چین و توێژی خەڵکەوە بۆ ناردنی ئیمێل بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ هەموو پەرلەمانەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا بەگشتی، حەرەکەتێکی ئاسانە تەئسیرێکی زۆر بەقوەتی دەبێت لەوە دەتوانرێ لێرە لە هەموو دەزگاکانی ئەنتەرنێت و ئەو جۆرە ئامێرانە بنێرن ئینجا بەناوی کاسبکاران و هەیە بەناوی دکتۆرەو هەیە بەناوی مهندسەوە بەڵام مەرج ئەوەیە تا عددێکی زۆرێ ئیمێل بێت یانی جەماوەری بێت شتەکە چاکترە، ئەم سێ مقترحە پێشنیار دەکەین کە بەراستی پێشنیاری خۆتانە لە ئەصلدا و ئەگەر بەپەسەندی دەزانن ئەیکەین بە بڕیاری ئەو دانیشتنەمان، جا تکا لەو بەڕێزانە دەکەین کە ئەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە ... سوپاس... ئەم سێ خاڵە بەگشتی دەنگ وەرگیرا وەک بڕیار، بەڕێزان بەمە خاڵی یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات. دێینە سەر خاڵی دووەم وەکو ئەوەی دێتەوە

بیرتان کە دانیشتنی یەکەمی دەست پێکردنەوەی خولی یەکەمی سالّی دەیەمی پەرلەمان بەڕێز جەنابی سەرۆک کاک مەسعود بارزانی لێرە چەند داوایەکی موحەدەدی لێکردین یەکێک لەداواکارییەکان ئەوە بوو کە دراسەتێکی قولّی مەسەلەی پەنابەران بکرێت پەنابەرانی کورد بۆ دەرەوە وئەو خالّە لەسەر ئەساسی ئەو پێشنیارو ئەو وتارەی جەنابی بەڕێز سەرۆک کاک مەسعود بارزانی یە بۆ ئەم بابەتەش دەرگای گفتوگۆ کردن دەکەینەوە و ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسەی تێدا بکەن تکایە با دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین، ئەو ناوانەی کە نوسراون ئەیخوێنمەوە، ئەو ناوەی کە نەنوسراوە تکایە دەستی بەرزبکاتەوە جارێکی تر... بەڕێزان احمد سالار، شەفیقە عەبدوڵلا، د.ناسح غفور، مامۆستا مەلامحمود دێرشەوی، مامۆستا مەلا محمد تاهیر، مامۆستا مەلا محسن مفتی، کاکەرەش نەقشبەندی، ئیبراهیم سەعید، عەبدولخالق زەنگەنە، سیروان کاکەیی د.رزگار، سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا کۆچ و پەنابەری مافێکی رەوای مرۆڤە لە هەر شوێنێک بێت، بەلاّم دیاردەکە زیاتر لایەنی لانە بێزاری یان هەوار و خانە بێزاری دەگرێتەوە، کە ئەمەش لە دوا پلەکانی بێزاری مرۆڤدا روودەدات، لە دوا پلەکانی تێک چوونی هاوتایی ناخ و دەروونی مرۆڤ، واتا هاوتا نەبوونی خواست بەرامبەر بە واقعە ژیانیەکەی کەواتە وەک هەولێکی لاواز بۆ کێشەی هاوتا بوونەوە، وەک ئەوەی لە ناخی تراژیدیا کلاسیزمەکاندا روو دەدات کە روو لە رەش ئاکامی دەکات یان وەک روو لە ئاکامە افشۆر ئاساییەکانی یان بێ هودەییەکانی ، هیچ شتێ یان دیاردەیەک لەخۆرایی نایەتە گۆڕێ،لێرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین، سەرۆکی هێژا کاکە مسعود بارزانی لە فەرموودەکەیدا فەرمووی دەبێ لە هۆکارە بنەرەتیەکانی بگەرێین و ببینینەوە و چارەیان بۆ دابنێین،ئەگەر کۆچ بۆ کۆچ بێت یان کۆ کۆچ بۆ کۆکۆچ بێت شتی وا لە مەنطق و ماقولّدا نییە،کەواتە ئەو بارە لەف و ئالّۆزە و ئەو شێوە کاتییەی کە سبەی و دواتری لێوە دیار نییە و تەماوییە واتا نەبوونی بریارێکی بنبرکەرەی دلّنیا بەخش نەبێ ئەو تارماییە چارە رەشیە نارەوێنێتەوە، دەگوترێ باری ئابووری، چاولێکەری، فشاری سەر بیرو باوەر جا سیاسی بێت یان هەر فشارێکی دی ئەمانە هیچیان پاساو نین، هەر چۆن بوونیان نییە یان بەو ئەندازە زەقە نییەو نەبووە، ئەمە ئەرزەو ئەمە گەز وئەمە ولاّتی خۆمان و ئەوە ولاّتانی دونیا وئەوەش رووی بەراود کاری، راستە ئەم گرفتە سای بنمیچی هەزاران خێزانی گرتۆتەوە ئەمە خالّی مەترسی و هەرەشە لێکەرە،چونکە لە خالّە هەرە زیندوەکانی کۆمەلّگاوە کنەو خۆرەی دروست کردوە،بۆتە مایەی گرفت و سەر ئێشان و سەر

لێ شێوان و ژەما و ژەم ئاشتی و ئارامی ئەو هەزاران خێزانەی ئێرەش ئەشێوێنێ. کەواتە لە چاوگی روون و رۆشنەوە دەست پێ بکەین چۆن بتوانین رۆشنی بکەینەوە، ئەوە گرفتەکە لێرەو ئەوە گرفتەکە لە هەندەران، کۆشش بۆ هێنانە دی ئەو ئاواتەی کرۆکەکەی ئەو پشت ئەستور بوونەیە کەدەست بە کاربوونی راستەقینەی لێوە دەکەوێتەوە واتا هێنانە دی ئەو باری دڵنیاییە کە چەند جارێکیش جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن لە دیدەنیەکانی دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو دیاردەیە لە بنەرەتدا بۆ ئەو خاڵە گەوهەرینە دەگەڕێتەوە،دەبێ هەوڵ و کۆشش بدرێ بۆ هێنانەدی بریارێکی سیاسی کە پشت ئەستوربیت بە ئایندەت و بە سبەینێ و کورد گوتەنی بتوانی پشتێنی کارکردنی بۆ ببەستی و قۆڵی کارکردنی لێ هەڵمالێ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەرێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەرێز شەفیقە فەقێ عبدوالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەی لاوانمان وچونیان بەرەو هەندەران ئەمە هۆیەکی سەرەکی هەبوو کە هەموو کەسێ هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی ژیانی هەبێت و لە مەرگەسات بە دوور بێت. ئەگەر ئێمە پێداچونەوەیەک بە هۆیە سەرەکیەکانی بکەین کەهاندەری سەرەکیە بۆ چوونە دەرەوەی لاوەکانمان و راکردنیان لەو بارە کە بەسەر ژیانیاندا هاتووە لە کوردستانی عێراقدا ئەوانە مافێکی تەواویان دەدەینێ، بەتایبەتی لە کاتی نسکۆی شۆرشی ئەیلولی مەزن ،کە نە ئەندامانی قیادەمان و نە برا پێشمەرگەکانمان لە ترسی فرعەونی و قەتڵ و عامی حکومەتی ناوەندی نەیان توانی بگەڕێنەوە و لەناو کوردستان دابنیشن بەرەو ئێران و دەوروپشت رۆیشتن و سوپاس بۆ ئەوان کە داڵدەیان دان لەو کاتەدا، هەروەها ئەنفال کردنی ۸۰۰ خێزانی بارزانی کە ۸۰۰۰ نەفەر بوون کەنازانین تا ئێستا چارەنووسیان چی یە و بەرەو کوێیان بردون، سەرەڕای ئەوە حکومەتی ناوەندی بەمەش رازی نەبوو ،کیمیا بارانی هەڵەبجە کە بەڵگە نەویستە لەهەموو جیهاندا کە بە چاو تروکانێک ۵۰۰۰ کەس لە منداڵ و پیرو ژن و لاو و گەنج هەموو لەناو چوون بێجگە لەوانەی کە مردوون و بەشی زیندوو دەخۆن ، زۆربەیان کەم ئەندام و توشی هەزاران نەخۆشی و دەردەسەری بوون، لەبوای ئەمەشدا ئەنفالی گەورە کە لە کوردستان کرا بەشێکی زۆری پیاوەکانمانی لەناو برد ۱۸۲هەزار کەس. من هەموو جارێ داوا لە پارێزگەرانی مافی مرۆڤ دەکەم کە چارەنووسی ئەوانە دیاری بکات، ئەو هۆکارانە هەمووی وای لە پەنابەران کردوە بۆ پاراستنی ژیان روو لەوێ بکەن، هۆی سەرەکی دووەم ئەو بارە نالەبارەی کە بەسەر کوردستاندا هات، ئابلوقەی ئابووری لەسەر عێراق، کەچی ئەو دووجار لەسەر ئێمەی داناوە هەموو کەسێ بۆ بژێوی ژیان بەرەو مەرگەساتێ دەچێ کە نازانێ چارەنووسی بەرەو کوێیە بۆ ئەوەی لوقمەی ژیانی بەدەست بکەوێ، کۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی

١٩٩١ شاهیدە کەبە ملیۆن کورد بەرەو دەرەوە ڕۆیی نەیزانی کە ژیانی بەرەو کوێ دەڕوا و چ مەرگەساتێ چاوەڕێی دەکات ئەمەش هەر بۆ دەرباز کردنی ژیان بوو لە ترسی مەرگ، ئەو هەموو هۆیە وای لە گەنجەکانمان کرد کە بەرەو دەرەوە برۆن، بەلام ئەوەی ئێستا گوێ بیستی دەبین لە زۆر ولاتاندا کە دەیانەوێ ئەوانەی لە ترسی مەرگ و بۆ دابین کردنی بژێوی رۆیشتوون هەریەکە لای خۆیەوە دەیەوێ دەریان بکات، کە باری ژیانی زۆریان زۆر نالەبارە، لێرەشەوە داوا دەکەین لەو حکومەتانە بەتایبەتی ولاتانی ئەوروپی و ئەمەریکا کە زۆر لە لاوەکانمان لە وێن هەولێکی زۆر بدرێ بۆ باش کردن و پێشوەبردنی ژیانی ئەوان چونکە لەو ڕۆژانەدا گوێ بیستی بووین کە حکومەتی هۆلندی بەتەمایە ژمارەیەکی زۆر لەو لاوانە دەربکات، داواکارین پێداچونەوەیەک بەو بڕیارەی خۆیدا بکات، بۆ چارەسەر کردنی ،چونکە لاوەکان کە ئەرۆن نازانن کێشەی کورد بەرەو کوێ دەروات و نادیارە، کێشەی کورد تا ئێستا دوا ڕۆژێکی نادیاری هەیە، ئێمە داواکارین لە ناوەندی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان و لە و ولاتانەی کە زلهێزن ئەو بڕیارەی کە داومانە لە پەرلەمانی کوردستان کە بڕیاری فیدرالی یە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتی و فیدرال لە عێراقدا کە هەموو چین و توێژەکان دەگرێتەوە و باری ئاسایش باڵ بەسەر ولاتدا دەکێشێ ، ئەوە بەهێز بکرێت و بڕیاری تەواوی لەسەر بدرێ و حکومەتی ناوەندی بەشێوەیێ اجبار بکرێ کە دانی پێدا بنێ بۆ ئەوەی هەموو لەعێراقێکی دیموکرات و یەکگرتوودا بحەوێینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە جەنابی سەرۆک بارزانی کردی بۆ دراسەت کردنی ئەو کێشە ئالۆزاوەی کە بەرەو رووی لاوانمان بۆتەوە لە جێگای خۆیەتی کە بایەخێکی تایبەتی پێبدەین، ئەم کێشەیە بەراستی دوو لایەن دەگرێتەوە، لایەنێکی ئەوەیە کە ئەو لاوانەی یان ئەو کۆچبەرانەی کە پەنایان بردۆتە بەر ولاتان ئێستا لە ئەوروپان. ئەوە لایەنی کێشەکەیە و چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە تایبەتمەندی هەیە و هەروەها بۆ ئەوەی کە خەلک لەمەو دوا روو لە هەندەران نەکات وکۆچ نەکات، ئەوەش شێوازێکی تری هەیە بۆ ئەوەی رێگەی لێبگیرێ یان چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە ، بۆیە پێم وایە دەبێ لە هۆکارەکانی بکۆلدرێتەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، پێش هەموو شتێ بەگەڕ خستنەوەی بڕیاری ٦٨٨ و ناچار کردنی رژێم بۆ ئەوەی دەست لەو چەوساندنەوەیە هەلبگرێ واتا دلنیا کردنەوەی گەلی کوردستان لەلایەن کۆمەلگای نێو دەولی،ئەوە خۆی لەخۆیدا هاندەرێک دەبێت بۆ ئەوەی بواری گونجاو برەخسێ کە خەلک روو لە دەرەوە نەکات بەو شێوەیەی کەوا ئێستا رووی تێدەکەن،رەخساندنی بواری گونجاوی بنەمای

ئابووری بەرهەم هێنەر لێرە دروست بکرێ بە هاوکاری کۆمەڵگای نێودەولی، نەک تەنها فریاگوزاریەکەی، کە تاکو ئێستا وەکو فریاگوزار هاوکاری ئێمەیان کردوە بەڵکو بنیات نەر بێت بۆ بووژاندنەوەی کوردستان و گەشە سەندنی ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لێرەدا لێژنەیەک پێک بێت لە برایان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەو لێژنەیە لە دوای بانگێشتی شارەزایان و لایەنە پەیوەندی دارەکان، لێرە چەند رۆژێک دراسەتی ئەو کێشەیە بکەن بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی زانستی بۆ دۆزینەوەی رێگا چارە بۆ ئەم کێشەیە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەحمود فەرموو

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا دەردی ئاوارەبوون دەردێکی گرانە لەناو میللەتاندا پەیدا دەبێت، بەتایبەتی لە ناو میللەتی کورد. ئەوە چەند ساڵێکە ئەگەر سەرنج بدەین ئەو ئێشە رۆژ لە رۆژ زێدە ترد دەبێت، تا وای لێهاتووە لە ولاتانی ئەوروپیش ئەوەندە قیمەت و بەها بۆ ئەو پەنابەرانە دانانردێ ،بەڵکو گەف و گور لەسەریان زێدە دەکەن تاکو دەریان بکەن هەر وەکو خوشکە شەفیقە باسی کرد لە هۆڵەندا و شوێنی تر دەیانەوێ پەناهەندەی کورد دەر بکەن ،چونکە وای لێهاتووە هەر کوردێک کە دەچێتە وێندەر گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی کاتێ لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن و لێی دەپرسن بۆچی هاتوی، لێرە پێی دەڵێن بلێ بەرازیلی سۆر ـ من نازانم کە چۆنە ـ واتا ئەو ئاوارە بوونە قیمەتی وانی کەم کردۆتەوە و هێنایەتە خوارەوە، بە بیر و بڕوای ئێمە سەبەبی ئەو ئاوارە بوونە چەند ئەگەر هەنە خۆزگە ئەو ئەگەرە لێرە نەهاتبایە گۆتن، هەر وەکو د. ناصح گوتی لێژنەیەکی تایبەتمەند دابندرابا ،تا بگەیشتبایە ئەو ئەنجامەی کە بزانن ئەگەری ئەو کۆچ کردنە چیە؟ بەلام مادام باس کرا منیش دوو سێ ئەگەرم هەیە هەروەک بە بیری مندا هاتوون دەمەوێ بیان لێم، یەکەم ترسی ژیانی بە ئاشتی ، کە لەسەر جێگەی خۆی پشت راست بێت نەک تەنها نان خواردن ، چونکە ئێمە دەبینین دەوڵەمەندەکان زیاتر لە هەژارەکان دەرۆن بگرە هەژار هەر ناتوانێ دەرچێت، واتا تا رادەیەکیش هۆی برسیەتیە. هەژار ناتوانێ پێنج ، شەش هەزار دۆلار کۆبکاتەوە و بڕوا، دووەم ئەگەری چاولێکردنی گچکە لە گەورەیە، کە سەیرمان دەکرد لە ساڵەکانی سەرەتای راپەڕین، دکتۆری زانکۆ زیاتر هەوڵی دەدا بۆ رۆیشتن تابێینە خوارەوە مامۆستا و مدرس ،دوو جێگای داخ و برینانە کە لێرە باس بکرێ کاتێ ئێمە لە لاوانی خۆمان دەپرسین بابە بۆ کوێ دەچی ولاتی خۆت بە جێ دێڵی؟ جوابەکی گشتی دەداتەوە و دەڵێ برادەر کێ بەرپرسی تۆیە و کێ وەزیری تۆیە کێ گەورەی تۆیە کە پاسەپۆرتی خارجی نەبێت؟ منیش دەچم پاسەپۆرتی خۆم دەردەهێنم و دێمەوە و هەرهاوولاتی کوردستانم. خاڵی سێیەم ئێمە دەبینین ئەو کابرایەی کە

لێرەیە پێنج دیناری پێ پەیدا ناکرێ کاتێ دەچێتە دەرەوە بە هەر حاڵەتێک بێت بە کەناسی بێت بە قاپ شوشتن بێت ئیقامە وەر دەگرێ و کاتێ گەراوە و هاتەوە راگەیاندنەکان و حزب وحکومەت پلەیەکی بەرزی دەدەنێ، هەر وەک ئەوە وابێ کە چوبێت کێشەی کوردی گەیاندبێتە دنیا و بە ئەنجامی گەیاندبێ ودوایی گەراوەتەوە هەندەی ئەهەمیەتی پێدەدەن،چوارەم بێ کاریەکی زۆر لە کوردستاندا هەیە ،ئەگەر ئێمە سەیری بازارەکانی خۆمان بکەین دەبینین مرۆڤ ناتوانێ لە بەر لاوْ وگەنجی بێ کار رەت ببێ هەر هەموو شی بێ کارو کاسبین، رووی بەرەو کوێ هەڵگرێ بڵێ بخوێنە ناخوێنێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە مامۆستا یان ببێتە فەرمانبەرێک کە راتبەکەی ١٥٠ دینارە بە چی دوا رۆژی خۆی دابین بکات، دەبینێت ئەو کەسەی کە چووە ئەوروپا دەمێک مایەوە و گەرایەوە سەیارەیەکی ناردەوە یان هێنایەوە یان پارچە زەویەکی کرِی... هتد، ئەوە دەبێتە چاولێکردن :دەڵێن دیارە گەنجینەیەک لە ئەوردوپادا هەیە بۆچی ئێمە نەچین؟ کە ئەو قسانە دەکات وەکو کورد گۆتەنی ، کاتێ کابرایەک دەچووە داران کەرەکەی نەدەرۆیشت و رێی نەدەگرت هەندێک نۆشاتری دایە و ئەو جارە بە خۆی بە کەرەکەی رانەدەگەیشت هەندەکیشی بۆخۆی دانا و کە گەیشتنەوەماڵەوە ژنەکەی گوتی ئەوە چیە؟ گوتی ئەگەر کەمێکیش بدەمە تە تۆش بە ئێمە راناگەی. بەراستی ئەگەر کار وا بروا کوردستان چۆڵ دەبێت،دوبارە جەخت لەسەر قسەکەی کاک د. ناصح دەکەمەوە کە لێژنەیەک لە پەرلەمان پێک بهێندرێ داواکەی کاکە مەسعود بارزانی رێبەری کورد جێبەجێ بکرێ و چارەیەکی بۆ دابندرێ،سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لە کوردەواریدا ئەوەی مەسەلەی مەلای مەشهوور بگێرێتەوە دەبێت حەفت پشتی بلێت.
مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهر زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لەو پەرلەمان و حکومەتە بێزار بێت وەکو جەنابی سەرۆک گوتی خوای لەگەڵ ،من لەگەڵ ئەوەم کە لێژنەیەک پێک بهێندرێ و دراسەت پێشکەش بکرێ، من حەز دەکەم بەسەر پێیەکەوە و سەریعی چەند خاڵێ بخەمە بەر دەم جەنابتان لە دواییشدا لێژنەکە کە داندرا بە ئومێدی خوا ئەو کارەی کە پێویست بێت دەیکات، یەکەم: بەشێکی ئەوانەی کە لە حەفتاکان و هەشتاکاندا چونەتە دەرەوە، ئەوە لە کاتێک بووە کە نسکۆی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ بەسەر کوردا هات، ئەوانە کە لەو سەردەمەدا سەری خۆیان هەڵ گرت و لە وڵاتی خۆیان دور کەوتنەوە و تاکو ئێستاش نەگەراونەتەوە بە لای منەوە حسابی ئەوانە جیایە لەبەر ئەوە ئەوانە لەکاتی خۆیدا گەرانەوەیان هەڵنەبژاردوە و سەریان شۆر نەکردوە و درێژەیان بە رێبازەکەی خۆیان داوەو و بوونەتە جالیاتی کورد لە دەرەوە،ئەوە یەک. دووەم ، ئەوانەی لە نەوەدەکان چون بۆ هەندەران و

ئەوانەش کە دەیانەوێ بڕۆن دەکرێن بە چەند بەشەوە، هەندێ لە دوارۆژی کوردستان دڵنیا نەبوون، هەر لە کۆڕەوەکە نەخشەیان دانا دەرچوون و لەوانەیە مافی پەناهەندەیی سیاسییان وەرگرتبێ یان پێیان درابێ یان بە لای کەم مافی پەناهەندەیی مرۆڤیان دراوەتێ، بە هەر شێوەیەک بێت پارەیان دەست کەوتووە و ناردویانەتەوە بۆ کوردستان بە کۆمەڵ خانویان کڕیوە وبەرژەوەندی تریان دەست کەوتووە...هتد. دووەم، هەندێ بە چاو لێکەری بە هیـوای ئەوەی بگەنە هەندەران و پارەو پول پەیدا بکەن وەکو پێشوەکانیان سەریان هەڵدەگرن، سێیەم، هەشە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ هۆی چونی بووە تاکو خۆی بگەێنێتە شوێنی ئارام و پارەش پەیدا بکات، چوارەم، هەیە هەژاری و بێ کاری پاڵی پێوە ناوە تاکو بگاتە شوێنێ تاکو شتێکی دەست کەوێ . پێنچەم هەشە بۆ دراسە و جیهان گەری و ئەزموون و زیادە زانیاری خۆی خۆی گەیاندۆتە ئەو ولاتانە. شەشەم، هەشە رابردوییێکی پیسی بۆ خۆی تۆمار کردوە دەیەوێ لە بیری کۆمەڵ و دەوروبەری لە کوردستاندا بیاتەوە، لەکۆتاییدا ئەوەی بە حەقی دەزانم و دەمەوێ بیخەمە بەر دیدی جەنابتان و پەرلەمانی بەرێز، یەکەم ئەوانەی لەبەر هەژاری و بێ کاری دەچن بۆ هەندەران و ئەوانەش کە دەیانەوێ لەمەو دوا بچن، چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە بە پێی توانا، دووەم ئەوانەی خۆیان پەرپوت کردوەو ماڵی خۆیان هەراج کردوە چون و نەگەیشتون و سنور داش کراون کە گەیشتنەوە کوردستان مامەڵەی ئاسانیان لەگەڵدا بکرێ و زۆر زوو بەرەلا بکرێ و بچنەوە ماڵی خۆیان و تووشی ئیهانە و هەندێ کار نەبنەوە کە شایستەی کورد نەبێ لەکوردستاندا. سێیەم ئەوانەی کە لە هەندەرانن، نوێنەرانی حکومەتی هەرێم هەوڵ بدەن بۆ پاراستنی رێز و کەرامەتی کورد وەکو جالیەیەک بێننەوە لەو ولاتانەدا رێزیان بگیرێ. چوارەم ، ئەو قاچاخچیانە کە وەکو جامبازێک مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، تەنها بۆ گیرفان پڕ کردنی خۆیان رۆژانە دەیان کوردی هەژار نوقمی دەریاکان بێ ماسی بیان خوات یان دەیانی تر بکەونە بەر دەستی جەندرمەو پۆلیسی سنورەکان و ایهانە بکرێن بە خەیاڵیاندا نایێت، ئەبێ ئەوانە حسابیان لەگەڵدا بکرێت . پێنجەم ئەوانەی کە بە رسمی لە رێگای حکومەتەوە دەیانەوێ بچنە دەرەوە ئەگەر بەڵگەی بەهێزیان نەبێت رێگایان بۆ خۆش نەکرێ کە بچنە دەرەوە، بەڵکو هەوڵ بدرێ کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، بە هیوایین ئەو لێژنەیەی کە هۆکارەکان نیشان دەکات چارەسەریشیان بۆ دابنێ، پەرلەمانیش ئەوەی پێویستە بە هیوای خوا دەیکات، حکومەتیش دریغی ناکات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،مامۆستا مەلا موحسن فەرموو

**بەرێز مەلا موحسن خالد مفتی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە وەکو برایان باسیان کرد کۆچ کردن و کۆچ رەوەی لەهەموو کاتێکدا لەدوای کۆڕەوەکە بێت

یان کـاتی تر، پالّـنەر ئەگـەر دوژمن بوو بێت ئەوە حەق وایە بە جـوامـێـربی بۆ بژمـێـردرێ، بەلاّم ئەوانی تر حەقە پۆلین بکرێن، حسابێکی تایبەتی بۆ کۆچ بەرەکان بکرێ، و لەو لێژنەیەی کە نیاز وایە دابندرێ مافی هەریەکەیان لە شوێنی خۆیدا دراسەت بکرێ، بۆ نمونە دەبینین، هەندێ هەیە لە پارێزگاکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە رۆیشتووە، دەبێ جیاوازی هەبێ لەگەلّ ئەو کەسەی کە لەو ناوچانەی ژێر دەسەلاّتی رژێم رایان کردووەو ئێستاش کۆچ دەکەن ئەوان دەبێ بەردەوام جێگەی رێز و تەقدیری ئەو خەلّکە بن، لەبەر ئەوەی لە مەعاناتێکی سەختەوە پەنایان بردۆتە بەر بە جێهێشتنی ولاّت و ئاو و خانوو جێگاو وەزیفەی خۆیان بە جێ بێلن، هەندێکی تر هەبوو لە هەرێمی کوردستان کۆچیان دەکرد لە کاتی شەری ناوخۆدا، لە راستیدا ئەو شەرە ناوخۆییە ئێش و ئازارێکی زۆری گەیاندبووە ئەو خەلّکە، بووە هۆکارێک کە گومانێک دروست بکات کە کەسانێک هەست بە ئاسوودەیی و ئەمان نەکات و بچنە دەرەوە، بەلاّم دوایی ئەوە شوکر بۆ خوا ئەوە سێ سالّە شەری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستاندا نییە، حەقە چاوخشانیک بکرێتەوە لە مانای کۆچ کردن،کۆچ کردن ئەگەر دەرکردن بێت ئەگەر کۆچ پێکردن بێت، ئەوە ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەلاتی رژێمەوە دەریان دەکەن، ئەگەر کۆچ کردن هیجرەت بێت و بە مانای شتێکی زۆر پەسەند و شیاو بێت ،زۆر لەوانەی کە کۆچ دەکەن زاراوەی کۆچ کردن نایان گرێتەوە چونکە کەسانێک دەرۆن لەپێناوی ئەوەی دەست کەوتێکی ماددیی دەست کەوێ و لەوێ مافی پەنابەری وەر بگرێ پەنادەبا بۆ زۆر شتی نامشروع و ناپەسەند،یەکێ لەوانە ناوەکەی بە غەیری ناوە ئەصلیەکەی خۆی تۆمار دەکات، یەکێ لەوانە لەو ولاّت بۆ ئەو ولاّت دەروات ناوی کورد بە گشتی دەزرێنێ بەشێوەیەکی خراپ لە ناو خەلّکدا، لەوانە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە دەبینین کوردی ئێمە لێرە رێزی لێ گیراوەو سوپاسی کراوە لەوانەیە پسولّەی رەسمی درابیتێ لەوانەیە یارمەتی و هاوکاری تایبەتی کرابێ وپەیوەندی کرابێ بە پەیوەندیەکانی دەرەوە تاکو یارمەتی بدرێ، کاتێ دەچێ لە دادگاکە ناوی خۆی تۆمار دەکات یەکسەر بە خراپی هێرشێکی سەخت دەکا کە گوایە توشی ئازار بووە توشی مەعانات بووە فلان حزب وای لێکردوە، تیرۆریان کردوە ارهابیان کردوە کۆمەلّێ وەسایق و درۆ و دەلەسە پێکەوە دەنێ لە پێناوی ئەوەی کە کابرایەکی بێگانە لەوێ باوەری پێ بکات کەگوایە لە کوردستاندا جێگای نابێتەوە، ناوی میللەتەکەی ناوی حکومەتی هەرێم ناوی خەلّکەکەی بە خراپە دەر بکات لە پێناوی ئەوەی کە مافی ژیان بۆ خۆی دابین بکات ، کە ئەوە بە راستی شتێکی نارەوایە،ئێمە دەتوانین بیر لەو هەموو بابەتانە بکەینەوە و چارەسەریان بۆ دابنێین، چارەسەرەکەش بەوە دەبێت کە برادەران باسیان کرد کە لێژنەیەکی پسپۆر دیاری بکرێت، ئەو لێژنەیە پۆلێنی هەموو بابەتەکان بکات، مافی خۆی بدات بە هەموو کەسێ کە دەروات، ئەوەی دەروات لە پێناو ئیش کردن و کار کردندا یان دلّی ئازاری پێگەیشتووە یان ئەزیەتێکی پێگەیشتووە، هەولّ بدرێ چەند بکرێ لە کوردستاندا وزەو جهودی بەرهەم هێنی ئەو کەسە کەلّکی لێ وەر بگیرێ لە بواری زانستی بێت

یان لە هەر بوارێکی تری ژیاندا بێت، دڵی خۆش بکرێت و دڵ نەوایی بکرێت و داڵدەی بدرێت ئەگەر جارێکی تر ڕۆیشت راستیەکان بخرێنە بەر چاوی میللەت، بەداخەوە سەرژمێری مەرکەزی لە کوردستانی ئێمەدا نییە، ئەوەی کە دەڕوات ئیتر ناوی بزر دەبێت باوەڕتان بێت لە سەدا هەشتا نەوەتی لە سەرەتای کۆچ کردنەکەی تاکو ئەو ڕۆ لە ماڵ وێرانی و سەرگەردانی دەژی، لە هەزار کەس ئەگەر چوار کەسی بە دەوڵەمەندی بێتەوە کوردستان خەڵکە هەژارەکەی خۆمان دەچێ چاو لەو چوار کەسە دەکات، چاو لەو هەزار کەسە ناکات کە لەوێ لە ژێر چادرەکانیشدا جێگایان نابێتەوە، چاو لەوە دەکات کە بەبێ عززەتی ژیان بەسەر دەبات. کوردی ئێمە فێری ئەوە نەبووە کە بەبێ عززەتی ژیان بەسەر بەرێ، لەلای خۆی بە فەرمانداریەکی رێک و پێکیش رازی نابێت کەچی دەچێ لەوێ کارێکی زۆرو کەم رسواییانە قبوڵ دەکات لەپێناوی ئەوەی کۆمەڵێ دۆلار پێکەوە بنێ ولێرە ناز بەسەر خەڵکەوە بکات یان فیز بەسەر خەڵکدا لێ بدات، ئەوەش هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، راگەیاندنی ئێمە کۆمەڵی ئێمە لێکۆڵینەوەی واقعی لەبوارەکانی ئاینی و کۆمەلایەتی وەکو پێویست نییە، ژیانی ئەو خەڵکە نەخراوەتە بەر چاو وەکو مامۆستا باسی کرد بۆخۆی ڕۆیشتووە کاتێ کە دەگەڕێتەوە بە هەموو شێوەیەک پێشوازی لێ دەکرێ، گەورە دەکرێ، رۆیشتنەکەی وای لێدەکرێ کە ئەنەهوو ئەو کابرایە قازانجێکی زۆری گەیاندوە بە میللەتەکەی، باوەڕتان بێت تاکو لجوئی وەرگرتووە هەر بیریشی نەهاتووە کە کوردە، بە پێچەوانەوە بەڵکو بیری لەوە کردۆتەوە کە اسقاتی ناسنامەی خۆی بکات لە کوردایەتی خۆی بشۆرێتەوە، ئینجا کە لەوێ حسابێکی بۆ بکرێ، بۆیە حەق وایەئەوانەی کە ڕۆیشتون بە درێژی معاناتەکانیان ئێش و ئازارەکانیان بەیان بکرێ و راستی ژیانیان لەوێ بەیان بکرێ تاکو ئەو خەڵکەی ئێمە لێرە بە دوای واقعێکی تاریکدا نەروات،راستیەکانی لێ ون نەبێت. لە کوردستانی خۆماندا هێمنی هەیە ئاسودەیی هەیە خراپی و هەڵەو تاوانیش تا رادەیەک ئەگەر هەبێ نابێتە مەهانە بۆ ئەوەی ولاتی خۆت بەجێ بێڵی ، لەکاتێکدا ئێمە پێویستمان پێی هەبوو، پێویستمان بەوە هەبوو کە چەند کەسێ وزەو تواناکانیان لە نیشتمانەکەیان سەرف بکەن، بچن بە هەر مەهانەیەک بێت و بڵێن دەچین لەوێ خزمەتی گەلەکەمان دەکەین لە هەمان کاتدا نیشتمانەکەی خۆیان لە پاڵ خۆیاندا پێویستی بەو خزمەتەیە، شوکر بۆ خوا ژیانیش هەیە، نەبیستراوە لە کوردستاندا بۆ چەند ساڵێک دەبێ معاناتی بەدەستی نەژیانەوە هەبووبێ، بڵێ لە برسیەتی رام کردووە،تا رادەیەکی زۆر بواری کار کردنیش هەیە و بواری خوێندنیش هەر هەیە ،ئەگەر کەسێ بۆ خوێندن بروا، ئەوە لەوانەیە حکومەتی کوردستان لە هەموو کەس زیاتر پشتگیری بکات و لەوێش بتوانێ بە سەربەستی بگەڕێتەوە، بۆیە کۆچ کردنی ئێستا ئەو ناوەیە زۆر بەی زۆریان ناگرێتەوە دەتوانم بڵێم زۆربەیان وشەی کۆچ کردن گوناهە تاوانە بدرێتە پاڵیان، چونکە لە حەقیقەتی کۆچ کردن نییە، راستی کۆچ کردن ئەوەیە تۆ دەر بکرێی معاناتت هەبێ تیرۆر بکرێی ارهاب کرێی بتۆقێندرێی نانت نەبێ ئاوت نەبێ ئینجا برۆی، ئەوەش سوپاس بۆ

خوا لە کوردستانی ئێمە بەو شێوەیە نییە، ئومێد دەکەین چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس شێخ موحسین، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر لایەنی ئەو کێشەیەیان باس کرد، بەرای من خاڵێکی زۆر سەرەکی هەیە ئەویش هەلی کارکردنە، لەوانەیە ئێمە ئێستا ئامارێک بکەین لە ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ لەوانەیە ڕێژەی دەرچووان زۆر زۆر کەمتر بێت لە پاشان چونکە هیچ بوارێک نییە تیایدا کار بکەن، بە هەزاران خەڵک دەردەچن لە زانکۆکانی ئێمە لەسەر شەقامەکان دەسوڕێنەوە ئەمەش بە تەئکید بیر لەوە دەکەنەوە کە سەر هەڵگرن و بڕۆن ئەوە خاڵێکی زۆر گرینگە زیاتر لەوە برادەران باسی مەسائیلی سیاسییان کرد کە وەزعی کورد تا ئێستا ئارامی سیاسی وەکو پێویستی نییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەرای ئەو بۆچوونەی برادەران کە لیژنەیە پێک بێت زۆر باشە، بەڵام دەبێت هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو داواکارییانەی خوشکان، مەسائیلی سولفەی زەواج و عەقاری کە دیسان بکرێنەوە لە مەسرەفی عەقاری بە برە پارەیەکی دیاری کراو یارمەتی ئەو خەڵکە بدەن تاکو بتوانن خۆیان پێک بێنن، چونکە زۆر زەحمەتە بەراستی ئەگەر ئێمە بەراوردی دەرچووی کۆلیژ بکەین ئێستا بە ١٩٠ دینار دادەمەزرێت پێشان بە (٤٠) دینار دادەمەزرا کە دەکاتە (٢٦٠٠) دیناری ئێستا، بە ١٩٠ دینار ئەم گەنجە ناتوانێت خۆی تەکوین بکات بگرە بەشی خەرجی گیرفانی ناکات، دەبێت بیر لەو بابەتە بکرێتەوە لە ڕێگایەکی تر هەوڵ بدرێت بتوانێت خۆی تەکوین بکات وەکو پارچە زەوییەکی وەرگرتووە بانکی عەقاری هاوکاری بکات لە دروست کردنی خانووەکە یان لە فەرمانگەکەی سولفەی زەواجی بدەنێ تاوەکو خۆی تەکوین بکات لەوانەیە ئەو حاڵەتانە کەمێک کەمتر ببێتەوە جگە لەوەی برایان زۆر لایەنی ئیجابییان پشتگوێ خست کە ئەو خەڵکە لە دەرەوەیە، چونکە ئەو خەڵکەی لە دەرەوەن بەشدارییەکی یەکجار زۆریان کردووە لە ئابووری وڵاتدا ئەگەر هاتووچووی نووسینگەکانی تەحویل بکەن دەبینن ڕۆژانە بە دەیان هەزار دۆلار تەحویل کراوە بۆ کوردستان ئەمەش یارمەتییەکی زۆرە بۆ بژێوی ئەو خەڵکە نەدارەی کە هەیە و خەڵکێکی زۆر هەیە ئەوانەی یەک دوو کەسیان لە دەرەوە هەیە دەتوانن زۆر بەباشی بژین بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کەسیان لە دەرەوە نییە، لەبەرئەمە خەڵکێکی تر هەوڵ دەدەن کە وەکو ئەوان بچن بۆ دەرەوە بۆ نموونە یەکێک دراوسێیەکەی دۆلاری بۆ دێتەوە ئەمیش هەژارەو نییەتی هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەک بێت یەکێک لە منداڵەکانی پاڵ پێوە بنێت شت بفرۆشێت، ماڵی بفرۆشێت شتێکی بۆ تەکوین بکات بۆئەوەی بینێرتە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەویش ژیانی باشتر

بێت.
بەرای من هەردوو لای بابەتەکە دیراسە بکرێت لایەنە ئیجابییەکەی و لایەنە سلبییەکەی. هەروەها هەوڵ بدرێت وەکو ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢ چەند زەمالەیەک وەربگیرێ بۆئەوەی بتوانین دەرچووەکانی خۆمان بەو زەمالانە بنێرینە دەرەوە لەوانەیە خەڵکیش ئەگەر بزانن ئەو زەمالاتانە هەیە چاوەڕوانی ئەمانە دەکەن کە بەرێگایەکی رەسمی دەربچن و سوود بە خۆیان و میللەتەکەیان بگەیەنن.
ئومێدەوارم ئەو لیژنەیەی کە ئێستا جەنابتان پەسندی دەکەن دیراسەتێکی بە دوورو درێژی بکات و لە پسپۆڕەکان داوا بکات بزانین لەرووی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە چارەسەری بکەن و لەناو پەرلەمان بەتێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دۆست و هەڤاڵی گەلی کورد ئەندازیار هاملتون نووسەری کتێبی (طريق في كوردستان) لە کتابەکەی دەڵێت ئەو قەومانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە وتەیەکی ناسراویان هەیە سەبارەت بە کورد، وتەکەش دەڵێت: (هناك علاج واحد فقط للمشكلة الكوردية هو القضاء على الكورد قضاءً مبرماً) بەم سیاسەتە شۆڤینیە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد، سیاسەتی (تعریب و تبعیث و تهجیر و تصحیح القومية) هێشتا لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی رژێم بەردەوامە هێشتا شەبەحی کیمیا بارانی هەڵەبجەو ئەنفال و ئەو هەموو کارەسات و مەرگەساتانە لەبەرچاوی میللەتی کورد ماوە، تاکو چارەسەرێکی بنەڕەتی کێشەی ئێمە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سیاسیەن نەکرێت بەهیچ شێوەیەک نە حکومەتی هەرێم نە چ دەزگایەکی تر دەتوانێت کۆچی خەڵکی ئێمە بۆ ئەوروپا رابوەستێنێت. خەڵکی ئێمە هیجرە دەکات چونکە ئایندەو دوارۆژیان نادیارەو چەند حکومەتی هەرێم قیود بخاتە سەریان سەفەری هاوولاتیان هەر بە قاچاغی سنوورەکان دەبڕن و خۆیان زیاتر تووشی کۆسپ دەکەن. کێشەی ئێمە کێشەی سیاسییە و ئەو کێشەیەش تاکو ئەمڕۆ بەردەوامە و فاکتەرێکی سەرەکییە و هۆیەکی سەرەکەییە بۆ کۆچ کردن لەبەر چارەنووسێکی نادیار خەڵکەکە رادەکەن تاکو ئەمڕۆ هەڕەشەکانی سەرانی نیزام بەردەوامن و گەلێک جار تەحەشوداتی عەسکەری دەکەن وەک چۆن لەم دواییەدا لە باعەدرێیان کرد. راستە کۆچبەرانی ئێمەو کۆچبەرانی رۆژهەلات بەشێوەیەکی گشتی نارەحەتی بۆ خەڵکی ئەوروپا دروست دەکەن، چونکە رۆژانە ژمارەیان زیاتر دەبێت و هەروەها دیانەتیان جیاوازە کۆمەڵگەیەکی بە عادەت و تەقالیدی جیاوازن بە رەگەز جیاوازن بە رۆشنبیری جیاوازن زیاد لەسەر ئەمانە هەمووی دەبنە بارێکی گران بۆ دافعی باجی

ئەورووپی دەبێت بە راشکاوی پێیان بڵێین ئەگەر یارمەتی و دەعمی ئێمە نەکەن بۆ چارەسەرکردنی مونسیف و عادیلانە کێشەی سیاسی ئێمە زۆر زەحمەتە ئێمە کاروانی کۆچبەران رابگرین و ئەو کێشەیە رۆژانە بۆیان زیاد دەبێت بێ ئەوەی حکومەتی هەرێم بتوانێت لە ڕێگایان بوەستێت.

بەڕێزان هەرچەندە من ئەفزەلیەت دەدەمە فاکتەری یەکەم کە کۆچ کردن ئەگەری سیاسییە، بەڵام فاکتەری دووەم هی کۆچ کردن فاکتەری ئابوورییە ئەویش کە سیاسەتی (ارض المحروقة) بوو هەر لە ساڵی ١٩٩١ کوردستان کەوتە ژێر باری دوو ئیمبارگۆ یان سەکشن یەکەمیان کە UN فەرزی لەسەر عێراق کرد و کوردستان پارچەیەکی لێبۆوە و دووەمیان ئابلۆقەی حکومەتی عێراق بەسەر کورد، ئەو ئابلۆقەیە کاریگەرییەکی سلبی خستە باری ئابووری خەڵکی کوردستان بەتایبەتی فەرمانبەران، چونکە بەراستی مووچەیان زۆر کەمەو دەبێت چارەسەری وەزعیان بکەین و ئەگەر بکرێت بە بڕیاری ٩٨٦، بەراستی بڕیاری ٩٨٦ رۆڵێکی ئیجابی باشی هەیە و کاریگەرییەکی یەکجار باشی کردۆتە سەر وەزعی ئابووری کوردستان بەڵام هەندێک گرفت هەن کە ئێمە ئەگەر چارەسەریان بکەین لەوانەیە هەندێک کاریگەری هەبێت لەسەر کۆچکردن. نزیکەی (٥٠ ٪)ی خەڵکی کوردستان جوتیارن و کڕینی ئازووقە لە دەرەوەی هەرێم کاریگەرییەکی بەرچاوی خستۆتە سەر بەرهەمەکانی جووتیاران ئەگەر هاتوو un بەروبوومی ئەو جوتیارانە بکرێت لە جیاتی ئەوەی ئیستیرادی بکات بە تەئکید کاریگەرییەکی یەکجار زۆر دەکاتە سەر وەزعی ئابووری و ئەگەر هاتوو ڕێژەیەک لە پارەی ٩٨٦ تەرخان بکرێت بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدان ئەمەیان لەگەڵ کڕینی دەغڵ و دانی جوتیاران بە تەئکید ڕێژەی بێ کاری کەم دەکات و لە ئەنجامدا کۆچبەری کەم دەبێت.

فاکتەری سێیەم شەڕی ناوخۆ بوو، ئەگەر هاتوو پرۆسەی ئاشتی بەتەواوی بەرقەرار بوو و ئاسایی کردنەوەی سەرانسەری کرا و چارەسەرێکی شامل و کامل کرا و تەرتیبی ماڵی کورد کرا بەتەئکید ئەمەش کۆچ کردن کەم دەکاتەوە، لێرەدا داوا لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەکەین کە پاڵپشت و هاوکاری کێشەی ئێمە بکات داوا لەو دەوڵەتانە دەکەین کە کۆچبەری کوردیان تێدایە بە چاوێکی ڕەحم و سۆز تەماشایان بکەن و ئیعادەی نەزەر لە بڕیاری خۆیان بکەن بۆ گەڕانەوەی ئەو کۆچبەرانە و مافی پەنابەریان بدرێتێ چونکە هەرچی ماڵ و موڵکیان هەیە داویانە بە قاچاغچییەکان تاکو گەیشتونەتە ئەو دەوڵەتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشان سوپاسی ئەو پێشنیارەی کاک مەسعود دەکەم بۆ ئەم بایەخەی بەو کێشەیەی دەدات کە

کێشەی میللەتەکەمانە، هەروەها سوپاسی سەرۆکی پەرلەمانیش دەکەم کە لە جەولەکەیدا ئیتلاعێکی کردووە لەسەر باری لاجئین و هەروەها لە راپۆرتەکەشیدا زۆر بەڕوونی گوتی ئەوە یەکێکە لە کێشەکان کە جیهان لەگەڵماندا گفتوگۆی دەکات. دانیشتنێکی تایبەت بکرێت بۆ ئەو مەوزوعە جێگای شانازیمانە و دەبێت جێگای بایەخیشمان بێت وەک چۆن لە قسەکانی کاک ئەحمەد سالاریش هاتووە هیجرەو لجوء دیاردەیەکی جیهانییە و مافێکیشە بەڵام ئەوەی لە کوردستان دەبێت و لە عێراقیش بەگشتی دیاردەیەکی زۆر فراوانە و ترسناکیشە و خەڵکێکی زۆریشی گرتۆتەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان کە بۆ خەڵکێکی زۆر بۆتە کارەسات، خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی لە دەریاکانی یۆنان و هەندێکیشیان خۆیان کوشت. بەراستی ئەم کێشەیە پێویستی بەوە هەیە بە قوڵی لەلایەن پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی سیاسیمان دیراسەت بکرێت لەبەرئەوەی کێشەیەکی ناوخۆیە لەلایەکەوە و لەلایەکی تریشەوە کێشەیەکی دەرەکییە، ئەم دیاردەیە هۆی هەیە هۆیەکانیشی بەشێکی پەیوەندیی هەیە بە رژێمی عێراقییەوەو بەشێکی پەیوەندیی هەیە بە خۆمانەوە لە کوردستانی رزگار کراودا. لەسەر ئاستی عێراق ئەگەر حکومەت هەر وا بەردەوام بێت لەسەر هەڵمەتەکانی شۆڤینی کە دەرکردنی خێزان و تەعریب و تەسحیحی قومییەت و دەست بەسەر داگرتنی ماڵ و موڵک و زەوی و ئەو شتانە دەریان دەکەن بەبێ مافیش جەردیان دەکەن لە گشت هەموو مافێکیان هەتا (اموال)یشیان هەروەها بەردەوامی لەسەر گواستنەوەی هاوولاتیان لەو شارانەی کە لەژێر دەستییەتی بەڕاستی ئەویش دیاردەیەکی زۆر ترسناکە. گرتن و هەڵمەتی گرتن (اعتقالات) و لە سنووری ئەوەی کە زیاتر لە پێنج هەزار کوردی فەیلی گەنج چارەنووسی نادیارە لەژێر دەستی حکومەت، گشت ئەو شتانە زیاد لە رەتکردنەوەی عێراق لە جێبەجێ کردنی بڕیاری ٦٨٨، لایەکی تریش وەک چۆن ئاماژەی بۆ کرا کە بەڕاستی ئێمە دەبێت سوود وەرگرین لە بڕیاری ٩٨٦ زیاتر بۆ چاککردنی باری خەڵک و بەشێک لەو پارانە خەرج بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی ولاتەکەمان، ئەوانە گشتی هۆکارێکی یارمەتیدەرن بۆ کەمکردنەوەی هیجرە بە تایبەتی سەبارەت بەوانەی کە دەردەکرێن و دێنە ئێرە لە شارەکانی وەک کەرکوک و خانەقینەوە ئێمەش لێرەدا توانامان کەمە ئەوانەی کە لە شوێن و زەوی خۆیان دەرچوون ناچار بیر بکەنەوەو گشتیانیش لە ژیانێکی قەلەق و ناخۆش دەژین، لەسەر ئاستی کوردستان بەرای من دەبێت هەوڵ بدەین بە گشت توانامان بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، قەزاکردن لەسەر دیاردەکە ئاسان نییە یانی وەزعی ئاسایی لە کوردستان هەبێت هەوڵ بدرێت بە زووترین کات رێککەوتننامەی واشنتون جێبەجێ بکرێت کە ئێستا دۆخێکی باشی هەیە هیواداربن بەزووترین کات ئەو حاڵەتە دوو پارچەییەی کە لە کوردستان هەیەو ئەو حاڵەتەی کە بەشێک لە خێزانەکانمان تەهجیر کراوە لەم شارەوە بۆ ئەو شارە کە ئەوانیش موعاناتیان کەم بکرێتەوە هەروەها رێزگرتنی ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و سیادەی یاسا و دادپەروەریش لە کوردستان زۆر زەرووریە بۆئەوەی نەبێتە هەنجەت بەنیسبەت هەندێ کەسەوە بەناوی ئەوەی من (چەوسانەوەی) سیاسیم

لەسەرە یان تەمایز هەیە یان حزبایەتی تەسک هەیەو ئێمە ئیشمان نادرێتێ دەرچووینە و پلەی باشمان وەرگرتووەو ئێمە دانانێن لە دیراساتی عولیا، ئینجا لەبەرئەوە بەرای من دەبێت ئەو دیاردەیەش لەلایەن خۆمانەوە وەکو پەرلەمان و حکومەت و حزبەکانیش دەبێت هەوڵ بدەین بە گشت توانامان ئەو دیاردەیە چارەسەرییەکی بۆ بدۆزینەوە لە زمنیان ئەنجومەنێکی خزمەتگوزاری هەبێت بۆئەوەی دادپەروەرییەک هەبێت لە دامەزراندن لە کوردستان. ئەو ئیجرائاتە ئیستسنائییەی بووە لە کوردستان کە ئێستا زۆر کەمی ماوە هەوڵ بدرێت بە گشت توانامان نەهێڵدرێت و هەروەها دیاردەی کوشتن بەگشتی دیاردەیەکی زۆر ترسناکە و زۆر هۆشی هەیە ئینجا کوشتنی سیاسی بێت یان کوشتنی ئافرەت بێت کە دیاردەیەکی زۆر فراوانە لە کوردستان، لەبەرئەوە من داوا دەکەم کە لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و هاوکاریش بکات لەگەڵ حکومەت و دەزگاکان بۆ دانانی چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی کۆچکردن، بەرای منیش ئەمە ناکرێت ئەگەر ئێمە جهودێک خەرج نەکەین لەدەرەوەو ناوەوە بۆ حیمایەی کورد لە موعاناتیان. کێشەی کورد کێشەیەکە بێ چارسەری سیاسی بۆ کێشەی کورد و بێ دان پێدانان بە مافەکانی فیدرالیەت و بێ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالی هەبێت بەراستی ئەم کێشەیە هەر بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین کە جهودێکی زۆر خەرج بکرێت و فشارێکیش بخرێتە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ بۆئەوەی کە هەڵمەتەکانی گرتن و تەرحیل رابوەستێت و ئەوەش خزمەتێکە بۆ خۆیان لەبەرئەوەی هەتا لە بڕیاری ٦٨٨ هاتووە کە ئەو چەوسانەوەیەی بەرامبەر کورد دەکرێت مەترسی هەیە لەسەر ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە و هەروەها ئەم کێشەیەش لەسەر ئاستی ئەورووپاو دنیاش کەم دەبێتەوە چونکە ئێستا ئەوە بۆتە بارگرانییەک لەسەر شانی ئەوان، لەبەرئەوە من داوا دەکەم لیژنەیەک پێکبهێنرێت و ئەو پێشنیارانەی پێشکەش کرا لەلایەن برادەرانەوە ئەوانەی لەلای منیش هەیە بتوانین بیکەینە دارشتنێکی باش بە بەیانێک یان یادداشتێک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا دەبێت تۆزێک رەچاوی کاتیش بکەین بۆئەوەی ئیشەکەمان زوو ببڕێتەوە، گفتۆگۆکان کاتێکی زۆری بردە سەر ئەو بەڕێزانەی لەمەودوا دەرفەتیان پێ دەدرێت تکایە بەکورتی قسە بکەن، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعەکە زۆر باس کرا وا دیارە کێشەکە کێشەیەکی هەمە لایەنەیە ئابوورییە، سیاسییە، رۆشنبیرییە، دەروونییە، واتا هەمە لایەنەیە وابزانم دیاردەی کۆچ کردنیش دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو دونیاش کۆچکردن هەیە بەڵام هەر کۆمەڵگایەک هۆیەکانی خۆی هەیەو کێشەی خۆی

هەیەو باری خۆی هەیە. بۆیە بەرای من ئەم کێشەیە پێویستە بەشێوەیەکی نەرم و هێمنانە و بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بۆئەوەی بزانین هۆیە راستییەکان چین و بەچ شێوەک چارەسەر دەکرێت؟ دیراسات پێشکەش بکرێت لەم بارەیەوە بەشێوەیەکی زانستیانە ئەو مەوزوعە دیراسەت بکرێت، پێشنیار کردنی ئەو لیژنەیە شتێکی زۆر زۆر باشە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەم مەسەلەیەدا بکرێت هەموو هۆکارەکان بخرێنە بەرچاو پاشان داوا بکرێت لەو خەڵکە پسپۆرە شارەزایە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە و لەرووی ئابوورییەوە لەرووی دەروونییەوە ئەم مەسەلەیە دیراسەت بکەن و بگەنە ئەنجامێک و کۆمەڵێک پێشنیار کە ئەو پێشنیارانە بخرێتە بەردەستی لایەنی پەیوەندیدار بۆئەوەی هەوڵ بدرێت ئەو مەسەلەیە لەچوارچێوەیەکی زانستیانەدا چارەسەرییەکی بۆ بدۆزرێتەوە و رێکوپێک بێت بەو شێوەیەی کە بگونجێت لەگەڵ هەموو بنەماکانی ئازادی و مافی مرۆڤیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان. بەڕێز د. رزگار فەرمو تکایە جەنابیشت بە کورتی قسە بکە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆچکردن یان مشەختبوون دیاردەیەکی کەمتر جیهانی و زیاتر هەرێمییە واتا لە هەموو کیشوەرەکان لە هەرێمەکانی وەک ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای لاتینی کۆچ دەکەن بەرەو ئەوروپاو ئەمەریکاو ئوستورالیا و بەردەوامە. ئەو برادەرانەی کە قسەیان کرد دەربارەی ئەو بابەتە لایەنی سلبیان بەدەرخست، من دەڵێم هەرچەندە سلبیاتی هەیە، بەڵام سوودیشی هەیە کە سوودی ئابووری و سیاسین، وەکو جەنابیشت لە دانیشتنی پێشوو باست کرد کە ئەگەر ئەو شەپۆلی لاجئانە نەبووایە لەوانەیە وڵاتانی ئەوروپاش حەماسی نەبایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان، بێگومان ئەمەش تەحریکێکە بۆ کێشەی کورد سەرەرای ئەوەش (استثمار)ی هەیە واتا ئەوانەی پارە دەنێرنەوە بۆ کەسوکاریان یان دێنەوە لێرە خانوو ئاوەدان دەکەنەوە بێگومان ئەوە سەرچاوەیەکە بۆ دراوی قورس بەقەناعەتی من ئێستا وەزیری مرۆڤایەتی لێرە دانیشتووە ئەگەر وەزارەتەکەیان هەنگاوی بهاوێژتبا و جهودی خەرج کردبا لەوانەیە لایەنی (استثمار)ی زیاتر ببوایە بۆ نموونە بۆ نوێ کردنەوەی ناسنامەی ساڵانە بۆ ئەو برادەرانە باجێکی بخستایە سەری هەروەها ئاسانکاری بۆ هاتنی دراوی قورس و بۆ ئاوەدانکردنەوەی کارگەو شتی تر بێگومان لایەنی استثماری تێدا زیاتر دەبێت.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لەوانەیە ئەو هۆکارانەی کە روویانداوە یان دیاردەی کە گەلێک پسپۆرەکان ئاماژەیان بۆ کرد دەڵێن هۆکارەکانی زیاتر (تصاعد موجة الاستهلاك و الاقتناء و البحث عن الهوية)ـن لەوانەیە ئەمە جۆرێک شمولیەتی تێدایە بۆ گشت، هەرچەندە لە کوردستان

تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانەیە لایەنی ئابووری و لایەنی ئەمنی زیاد بکرێت لەسەر ئەم بابەتە. پێشنیار دەکەم لە جەنابی وەزیری مرۆڤایەتی هەوڵ بدات زیاتر رێکخستنی جالیە بکرێت وەکو لوبیەک بۆ لایەنی سیاسی و هەروەها بۆ لایەنی (استثمار)یش بۆئەوەی میللەتی ئێمە سوودی لێ وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس د. رزگار. بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک سەرۆک بارزانی فەرمووی دەبێت بایەخێکی تایبەتی بدرێت بە مەوزوعی کۆچکردن لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. لەژێر رۆشنایی ئەو فەرموودەیە فراکسیۆنی پارتی لیژنەیەکی پێکهێنا عیبارەت بوو لەچەند برادەرێک و ناوی چەند کەسێکمان دیاری کرد لە زانکۆو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی مرۆڤایەتی و لەچەند لایەنێکی تر کە پەیوەندیدارن بەو بابەتەوە، ئینجا گوتمان بۆئەوەی بابەتەکە بخرێتە ناو پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمانەوە بۆیە پێشنیارەکەمان پێشکەشی پەرلەمان کرد کە تەبەننیی بکات و قسەی لێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک سەعید.

**بەڕێز د. شەفیق قەزاز/ وەزیری مرۆڤایەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم دیاردەی کۆچکردن لەهەموو شتێک زیاتر پەیوەندیی راستەوخۆی هەیە بە کۆمەڵەوە و بەتایبەتی کۆمەڵگای کوردستان یانی تەقریبەن هەموو خێزانێکی کەم یان زۆری گرتۆتەوە لەبەرئەوەی کێشەیەکە هەموو کەس هەست بە سەنگ و قورسایی دەکات و بەباشی یان خراپی دەکات لەم روانگەیەوە لە کۆمەڵگا هەر لەدەست دانێکی توانا لەو کۆمەڵە بڕواتە دەرەوە بێگومان بە زیانی ئەو کۆمەڵەیە تەواو دەبێ، ئێمە لێرەدا دەبێت سەیری ئەوە بکەین وەکو باستان کرد کە کۆچکردن دیاردەیەک نییە تەنیا لە کوردستاندا هەبێت لە هەموو دونیادا هەیە هۆکارەکانی لەوانەیە جیاواز بێت کەم و زۆری هەیە بەڵام کۆچکردن شتێکەو هەیەو هەر هەشبووە بەڵام دەبێت ئێمە ئەوە لێک بدەینەوە کۆچکردن بۆچییە؟ میللەتێک کە کۆچکردنی تێدا روو دەدات و دیاردەیەکی کۆچکردنی هەیە دوو هیوای هەیە یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو کۆچکردنە لە دەرەوە بۆی دەبێت بە فاکتەرێکی ئیجابی و خێری بۆ دەداتەوە و دەبێتە پاڵپشتێک بۆی، من لەوەدا لەگەڵ بۆچوونی هەندێک لە بەڕێزانم کە جیاوازییان کرد لە قۆناغی کۆچکردن و بەراستی ئەمە شتێکی زۆر دیارە. من حەز ناکەم زۆر درێژەی پێ بدەم چونکە شتەکان زۆر باس کران.

لەرووی ئابوورییەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەوانەی دەچنە دەرەوە یارمەتی کەسان و خێزانی خۆیان دەدەن لەناو کوردستاندا ئەمە شتێکی راستەو دروستیشە، بەلاّم ئێمە ئەگەر بێین سەیری ئەوەش بکەین هەموو یەکێک لەمانە کە رۆیشتووە کۆچەکەی چەند کەوتووە لەسەری من وا دەزانم ئەمە چەند ساڵێکی زۆر زۆری دەوێت ئەگەر حسابی بکەین تا بتوانێت بەو پارەیەی کە دێتەوە کوردستان جێی ئەو پارەیە بگرێتەوە کە لە دەستی چووە ئەمە شتێکە پێویستە لەبەرچاو بێت.
مەسەلەی کۆچکردن پەیوەندیی بە زۆر شتەوە هەیە کە ئێمە لە دەسەلاّتی نە حکومەت نەپەرلەمان نە ئاسایش نە پۆلیسدا نییە، دیاردەی یاری کردنی قاچاغچی بە موقەددەراتی کۆچکەران زۆر شتی دلّتەزێن روو دەدات چ لە قاچاغچییەکانی دەوروبەری کوردستان چ لە خەلّکی دەرەوە. ئەگەر لەیادتان بێت ئەو شوفێرە ئیتالییەی کە شەش لاشەی خەلّکەکەی فڕێدا لەسەر شەقام ئەمە شتێکە نەبیستراوە کە مرۆڤ ئەوەندە دڕندە بێت و کاری وا بکات.
ئەوانەی کە دەڕۆن چ جۆرە کەسێکن؟ لەگەلّ رێزم جیاوازییەک هەیە لە نێوان تواناو نیازی هەموو کەسێک کە دەچێت بۆ دەرەوە لەوەی کە بیست ساڵ یان سی ساڵ پێشتر کۆچی کردووە و چۆتە دەرەوە چونکە جێ پەنجەیان دیارە، ئەگەر ئێمە لێکی بدەینەوە لەوانەی کە ئێستا دەڕۆن وەکو باسکرا هەندێکیان هەن هەر دەیانەوێ رزگاریان بێت نازانن بۆ کوێ دەچن. دووەم ئەو بەهەشتەی باسی دەکەن لێرە یان لەوێوە خەلّکی پێ هاندەدرێت کە لێرەوە بڕوات بەراستی کۆچکردن ئەوە نییە، ئێمە کە ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە بووین ئێشیشمان تێدا کردووە دەزانین چ ژیانێکی سەخت و ناخۆش و ناهەموارە.
بۆچوونێکی زۆر هەبوو لەسەر ئەوەی چی بکرێت بۆ مەسەلەی کورد و کۆچ کردن یاخود ئەم دیاردەیە چۆن بەپیرییەوە بچین و چی لێ بکەین، ئێمە دەبێت ئەوە رەچاو بکەین کە مەسەلەی کۆچکردن هەمووی لەدەست ئێمەدا نییە ئەوەی لەناوخۆ لەدەست ئێمەدا نییە من حەزدەکەم تۆزێک بەراشکاوی بۆتانی باس بکەم راستە لەخوا بەزیاد بێت ئێمە دەسەلاّتێکین لێرە بەلاّم من وەکو وەزیری مرۆڤایەتی دەسەلاّتی ئەوەم نییە بەلّگەنامەیەکی رەسەنی سەفەر دروست بکەم ئەوەی کە هەیە هەموومان دەیزانین نارەسەنە «با وا بلّێین» کەموکورییەکی زۆری تێدایە بەقاچاغ کراوە من کە ئیمزای دەکەم چاوم ئەنوقێنم چونکە دەزانم لەجێی خۆیدا نییە و ساختەیە، لەبەرئەوە بەرامبەر بەوە رێگای داوە بە بەرامبەرەکە کە ئەوپەڕی سنوورەکەی ئێمەیە کە بە ئارەزووی خۆی مامەلّە لەگەلّ ئێمەدا بکات، کە خەلّک سنووردراش دەکرێت ئێمە ناتوانین بەرەنگاری ئەوە ببینەوە کە ئەمە بۆچی سنووردراش کراوە، چونکە لە ئەسلّدا بۆچوونەکە لە خۆیدا راست نییەو یاسایی نییە.
شێوەو ژمارەی ئەو ڤیزانەی کە دراوە بە ئێمە، ئێمە دوو جۆر ڤیزەمان هەیە کە ئەمە لە هیچ کوێ نییە بەشێک هەیە بۆئێمە بەشێک هەیە بۆ جەماعەتێکی تر ئەمەش بازرگانی پێوە دەکرێت و دیسان لە دەسەلاّتی ئێمەدا نییە.

مامۆستا دێرشەوی باسی ئەوەی کرد کێن ئەوانەی دەڕۆن؟. زۆر باسی ئەوە کرا نامەوێ بچمەوە سەری بەڵام ئەو جیاوازییە هەیە من زۆر لەگەڵ ئەوەدام کە لیژنەیەک پێک بێت، بەڵام من داوای ئەوە دەکەم کە ئەو لیژنەیە بەڕاستی پێویستی بە هاوکاری و تێگەیشتنێکی تەواو هەیە لەگەڵ زۆر لە دەزگاکان بەتایبەتی لەگەڵ دەزگای جەوازاتی لای ئێمە کە بەڕاستی زانیارییەکانی چوار پێنج ساڵی لەمەو پێش کە ئێستا تۆزێک رێکخراوەو هەیە وابزانم شتێکی زۆر پێویستە بۆئەوەی ئەو لیژنەیە کارەکانی سەرکەوتوو بێت.

باسی ئەوە کرا حکومەتانی ئەوروپی پەنابەران دەردەکەن یاخود نیازیان هەیە، باسی هۆڵەندا کرا تەنانەت ئێستا وەڵامان بۆ هاتووە لە سوید نیازی شتێکی وا هەیە ئێمە لەناو حکومەتدا خەریکین تۆزێک بەرەو پیری ئەو مەسەلەیە بچین دەبێت ئەوەش بزانین کە پەنابەری یاخود کۆچ کردن یاخود ئەوەی دەچێت داوای لجوء دەکات قانونی لجوء هەیە لەدەرەوە هەموو کەسێکیش کە دەچێتە دەرەوە بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات هەتاوەکو لجوئی تەواو بەدەست دێنێت، حکومەتەکانی ئەوروپی بەپێی یاسا بەپێی رێککەوتننامە کە لە نێوان خۆیاندا هەیە بەپێی ئەو هاوکارییەی کە لە نێوان خۆیاندا هەیە بەپێی یاساکانی خۆیان کە لە دەوڵەتەکانی خۆیاندا هەیە لە فەرمانگەی هیجرە هەیە بەپێی ئەو قۆناغانەی کە ئەو کەسە پێدا دەڕوات هەتا ئەگات بە پەنابەری تەواو و دەچەسپێت و وەکو هاووڵاتییەک سەیری دەکرێت رێگایان هەیە کە بتوانن هەندێک لەو قۆناغانە رێگر بن لەوەی کە ئەو کەسە یاخود بەڵگەی تەواوی نییە کە ببێت بە پەنابەر، یاخود بەدەستی نەهێناوە لەو حاڵەتەدا بواری ئەوە هەیە کە ئەوان هەر لە رێگای یاساشەوە داوای لێ بکەن کە ئەو خاکە چۆڵ بکات. لێرەدا لایەنێکی تری هەیە کە ئێمە نزیکەی دوو ساڵە بەرەنگاری بووینەتەوە هەتا ئێستا چەند وەفدێکی دەوڵەتانی دەرەوە هاتوون بۆ کوردستان لە سویسرەوە هاتوون لە سویدەوە هاتوون لە هۆڵەندەوە هاتوون ئێمە لەگەڵیاندا دانیشتووین ئەوان ئەوەی بە ستاندارد وەریدەگرن یانی سەنگی مەحەکی بڕیاری ئەوان بۆ ناردنەوەی خەڵک چییە؟ ئەویش ئەوەیە کە ئایا بارودۆخی کوردستان لەو جۆرەیە کە ئەوان بتوانن بینێرنەوە چونکە ئەمە بەرپرسییەتێکی زۆر گەورەی لەسەرە بەنیسبەت ئەوانەوە لەو جۆرەیە کە ئەوان نەتوانن بینێرنەوە چونکە ئەمە بەرپرسییەتێکی زۆر لەسەر ئەوان هەیە، خەڵک بنێرنەوە لێرە بەهۆیەکی تر تووشی گرفتێک ببێت ئەوان بەرپرس دەبن، ئەو بەرپرسیارییە هەیە، بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە کە تۆ باسی ئاشتی دەکەیت ئەوان ئەوە مەطلبیانە ئایا تەنیا نەبوونی شەڕ ئاشتییە؟ ئەوان هێشتا لەوە موتەئکید نین ئێمە خۆمان دەزانین کە وەڵامی ئەو پرسیارە چییە؟، لێرەدا من مەبەستم ئەوەیە کە دروست کردنی ئەو ئاشتییە سەرانسەرییە و ئەو ئارامییەی کە لە کوردستاندا پێویستە بۆ مانەوەی خەڵک کە نەڕۆن خۆش بکات و یاخود بۆ هاتنەوەی ئەوان بێگومان بە ئارەزووی خۆیان کە بێنەوە وڵاتی خۆیان کە بزانن ئارام و ئاوەدانەو ئاسایشە، ئەمە هەموو فاکتەرەکانی لەدەست ئێمەدا نییە وەکو کاک عەبدولخالق باسی کرد هەندێکی پەیوەندیی بەناوەندەوە هەیە هەتا دەرکردن

لە کەرکووکەوە هەبێت تۆ ناتوانیت بڵێیت بارودۆخی کوردستان ئارامەو ئاسایشە. جا لێرەدا دووبارە من سەرنجی ئەوەش رادەکێشم کە مەسەلەی بە پیرەوە چوونی دیاردەی کۆچکردن زۆر رەوایە کە ئێمە بتوانین بیبەستین بە بڕیاری ٦٨٨ چونکە بەراستی زەمینەیەک هەیە بۆ ئەمە. بۆچوونی ئێمە تەنانەت ئێستا داوا کراوە لەناو حکومەتدا کە ئێمە بتوانین شێوە سیاسەتێکمان هەبێت کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو هەوڵەی پەرلەمان کە ئەمەش شتێکی چاکە یانی کاردانەوەیەکمان هەبێت، ئەو وەفدانەی کە تاکو ئێستا هاتوون بۆ ئێرە ئێمە وەڵامێکی تەواومان پێ نەداون و ئەوانیش داوایان لە ئێمە نەکردووە کە وەڵامێکی تایبەتییان بدەینەوە، بەڵام درەنگ یان زوو ئەمرۆ یان بەیانی ئێمە دەبێت ئەو وەڵامەمان هەبێت و تەنها بەوە جێبەجێ نابێت کە ئێمە بە یادداشتنامە داوای ئەوەیان لێ بکەین کە مامەڵەی کۆچبەران باش بکەن، بەراستی ئەوە زیاتر لایەنێکی موجامەلەیە کە وابزانم هیچی لێ دروست نابێت. جا لەبەرئەوە هەقە بۆچوونی ئەو لیژنەیە بۆچوونی حکومەت و پەرلەمان لەوەدا دروست بێت کە ئێمە دەبێت سبەی بۆچوونێک و سیاسەتێک و وەڵامێکمان هەبێت بۆ مەسەلەی دیاردەی کۆچکردن هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەیەتی، دەتوانم بڵێم ئەو ئازادیەی ئەمرۆ بە لایەنێکی سلبی بۆ ئیمە گەراوەتەوە،بۆ حکومەتی کوردستان گەراوەتەوە ،من گومانم لەوەدا نییە، ئەو لیژنەیەی دادەندرێ شتێکی باشە، بەلام بە مەرجێ بە تێرو تەسەلْ لەگەڵ هەموو دەزگاکانی حکومەت بڕیارێکی لێ بدرێ، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینە سەر کورتەی گفتوگۆی ئەو خاڵەمان،لەراستیدا پێشنیارەکان بەو شێوەیەیە کە لیژنەیەک دروست بکرێ، ئەو لیژنەیە هاوکاری بکات لەگەڵ حکومەتی هەرێم بە تایبەتی ئەو وەزارەتانەی خوارەوە: هاوکاری و مرۆڤایەتی ، تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، پەروەردە ، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ ،هەروەها کەڵک وەربگرن لە زانکۆکان لە پسپۆرەکانی ناو زانکۆکان، رێکخراوەکانی ئافرەتان، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کۆچ کردن کێشەیەکی گەورەی ئافرەتانمانە لە ولاتەکەماندا، قوتابیان ،لاوان ،مامۆستایان، هەروها حزبە کوردستانیەکان، ئەوە بابەتێکە هەموو کوردستان دەگرێتەوە و هەموو لایەنە ساسیەکان دەگرێتەوە، ئەو لیژنەیە چەند مێز گردێک بکات و ئەنجامی ئەو مێزگردە لە کۆنفرانسێکی فراواندا بەناوی پەرلەمانەوە، لە کۆنفرانسەکەدا دراسەیەکی قوڵ و تێر و تەسەلی هەمە لایەنەی ئەو دیاردەیە بکرێ، بەهیوای دۆزینەوەی رێگا چارەیەک وسیاسەیەکی هەمە لایەنەی ئەو دیاردەیە، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەن پێشنیاری ئەو بەرێزانە دەکەین بۆ ئەو لیژنەیە کە ئەم ئامادە کاریە بکات ئەرک و مەسرەفیشی پەرلەمان لە ئەستۆی دەگرێ

١- بەرێز د. ناصح غەفور رەمەزان.
٢- بەرێز عبدالخالق رەشید زەنگەنە.
٣- بەرێز جەلال خۆشناو.

٤- بەڕێز سیروان کاکەیی.
٥- بەڕێز ابراهیم سەعید.
٦- بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی.
٧- بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهر زین العابدین.
٨- بەڕێز مامۆستا مەلا موحسن مفتی.
٩- بەڕێز شەفیقەخان فەقێ.
١٠- بەڕێز فەوزیە خان عزالدین.
١١- بەڕێز زەهراخان طە.

لێژنەکە لەمانە پێک بێت، هێڵی کارەکانیشمان بەو شێوەیە دیاری کردوە لە ئەنجامی کار بکرێ، ئەگەر بە پەسەندی دەزانن ئەمە دەکەین بە بریار،بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە ، کێ ئەو پێشنیارە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ ئەو بریارە پەسەند کرا و لێژنەکە جێگیر کرا.

بەم شێوەیە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کۆتایی پێ هات، دانیشتنی دادێ دوو سبەی واتا ٢٠٠١/٤/١١ سەعات ١٠ی بەیانی دەبێت ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١١

خولی یەکەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١١

کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری سەرلەنوێ تۆمار کردنەوە(التسجيل المجدد).

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای چوارەمین هەموار کردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣،(یاسای بەڕیوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

٣ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ کردنی پێشنیاری تایبەت بە پرۆژەی چوارەم هەموار کردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێدەکەین، دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان پێک هاتووە لە سێ خاڵ :

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری سەرلەنوێ تۆمار کردنەوە(التسجيل المجدد).

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای چوارەمین هەموار کردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣،(یاسای بەڕیوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

٣ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ کردنی پێشنیاری تایبەت بە پرۆژەی چوارەم هەموار کردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە بەڕێز شێروان حەیدەری دەکەین بفەرموێ بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری سەرلەنوێ تۆمار کردنەوە،

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــیـــــدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە واتە التسجیل المجدد دەخوێنمەوە:

قرار

استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة (.) بتاريخ / / ٢٠٠١ اصدار القرار الاتي.

المادة الاولى:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لكونها مشمولة باحكام قانون الاصلاح الزراعي رقم (١١٧) لسنة ١٩٧٠ عدا المعاملات المسجلة باسم الدولة.

المادة الثانية:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لعدم استيفائها الشكل القانوني المنصوص عليه في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة من قبل محكمة تمييز اقليم كوردستان.

المادة الثالثة:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو وتتولى لجان الاراضي والاستيلاء المشكلة بموجب قانون رقم (١١٧) لسنة ١٩٧٠ تثبيت الحقوق فيها حسب احكام قرار رقم (٧٠٢) لسنة ١٩٧٣.

المادة الرابعة:

تشمل تسمية العقار الواردة في متن المواد (٤٣) مكرر ق(٥١/٣) مكرر و ٥٦ من قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل الاملاك الصرفة الواقعة داخل حدود البلديات حصراً.

المادة الخامسة:

تشكل لجنة من ممثلي وزارات العدل، الزراعة والري، البلديات والسياحة، الاوقاف والشؤون الاسلامية، المالية والاقتصاد برئاسة حاكم لتدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها وتكون قراراتها باتة.

المادة السادسة: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

المادة السابعة: على مجلس وزراء اقليم كوردستان تنفيذ هذا القرار.
المادة الثامنة: يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان پرۆژەی بڕیارەكە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی ولیژنەی خدمات و كشتوكاڵ دەكەین، خاڵی دووەمی بەرنامەی كارمان كە خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای چوارەمین هەموار كردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣، (یاسای بەڕیوەبەردنی شارەوانییەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق)ە. فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناسح حیدەری:**

قانون رقم ( )لسنة ( )
التعديل الرابع
لقانون رقم (٦) لسنة ١٩٩٣
قانون ادارة بلديات اقليم كوردستان العراق
تعدل المادة العشرون وتقرأ كالاتي:
المادة العشرون:
١- يكافأ رئيس واعضاء مجلس البلدية من غير الموظفين شهرياً حسب التفصيل المبين ادناه:

| الصنف | الرئيس | العضو |
|---|---|---|
| الخاص | ٤٠٠٠ دينار | ١٠٠٠دينار |
| الممتاز | ٣٠٠٠ دينار | ٨٠٠ دينار |
| الاول | ٢٠٠٠ دينار | ٧٠٠ دينار |
| الثاني | ١٧٥٠ دينار | ٦٠٠ دينار |
| الثالث | ١٥٠٠ دينار | ٥٠٠ دينار |
| الرابع | ١٠٠٠ دينار | ٤٠٠ دينار |

٢- للموظف العضو او المنتخب للرئاسة اختيار الراتب الشهري او المكافأة الواردة في الفقرة (١) اعلاه.
٣- يجوز ان يتفرغ بعض اعضاء المجلس البلدي بناءاً على اقتراح من المجلس ومصادقة الوزير لمهام المجلس ويفضل ان لا تزيد نسبة المتفرغين على ثلث اعضاء المجلس البلدي.
٤- تعتبر خدمة رئيس واعضاء المجلس مجزية لكافة اغراض الخدمة الوظيفية.
تعدل المادة الثانية والثلاثون وتقرأ كالاتي:
المادة الثانية والثلاثون:

أ- للوزارات ان تطلب من البلدية القيام بصورة مؤقتة او دائمة باي عمل يمكن القيام به من قبل البلدية بصورة اجدى وانفع للجمهور.

ب- لمجلس الوزراء وفق القوانين المرعية فك ارتباط الدوائر الخدمية التي لها تماس مباشر بالمواطنين عن الوزارات المختصة وربطها بالبلدية.

تعدل المادة الحادية والاربعون وتقرأ كالاتي:

المادة الحادية والاربعون:

لايجوز القيام باي بناء قبل استحصال اجازة بناء من البلدية، وعلى البلدية استشارة التخطيط العمراني المختص بالنسبة للعمارات السكنية.

تضاف الفقرتان التاليتان الى المادة الثانية والاربعين:

١- تنظم الميزانية وفق تعليمات وزارة المالية والاقتصاد.

٢- للمجلس البلدي مناقشة الميزانية واقرارها ورفعها الى الوزير للمصادقة عليها.

تعدل المادة التاسعة والاربعون وتقرأ كالاتي:

المادة التاسعة والاربعون:

١- لمجلس الوزراء بناءا عى اقتراح الوزير حل المجلس البلدي، اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه وله تشكيل لجنة مؤقتة تناط بها اعمال المجلس البلدي المنحل لحين اجراء انتخاب المجلس البلدي ولايجوز لهذه اللجنة ان تتخذ اي قرار في معالجة اية قضية يقتضي الصرف عليها من صندوق البلدية ولم يسبق للمجلس ان اتخذ قرارا بها عدا المصاريف الدائمة الاعتيادية المرصدة في الميزانية المصدقة الا في حالات الضرورة بناءا على اقتراح الوزير و مجلس الوزراء.

٢- على الوزير ان يعلن الانتخابات في المنطقة التي يتقرر حل المجلس فيها بموجب الفقرة السابقة اعلاه خلال مدة شهر من تاريخ حل المجلس لانتخاب مجلس يحل محل المجلس السابق وتكون مدته مكملة له اذا كانت المدة المتبقية تزيد عن ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەکانی یاساو لیژنەی خدمات ولیژنەی دارایی دەکەین ئەگەر شتێک نەبێت ئەوە دەچینە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار، کاک د.ناسح تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو لایەک دەزانن بەم زووانە هەڵبژاردن بۆ شارەوانییەکان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بۆیە پێم باشە ئەو پرۆژەیەی کە لەبەر دەستدایە ئەوەی هەموار کردنی یاسای شارەوانییەکان پێش بخرێت ئەگەر بتوانرێت لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئەو پرۆژەیە ئامادە بکرێت وبخرێتەوە بەردەستی ئێمە جارێکی تر بۆ بریار دان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە دەکەین بە موقتەرەح بۆ توصیە بۆ لیژنەکانی یاسایی ولیژنەی خدمات و لیژنەی دارایی کە هاوکارمان بن و بەزووترین کات رای لیژنەکانمان بۆ دەربڕن بۆ ئەوەی زوو بیخەینە جدوەلی کاروبارەکانمانەوە، پێشنیارێکی تریش هەیە بەنیسبەت لیژنەی یاساوە لەمەو دوا بۆ خوێندنەوەی یەکەم یا موناقەشاتی یاساکان هەموو ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەشدار بکەن بۆیە ئێمە توصیەی لیژنەی یاسا دەکەین وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەن کە لەنێوان خۆیاندا کە جدولی کاروباریان پێ دەگات هەموو جار لەسەر یەک یا دوو ئەندامی لیژنەکەیان اتفاق بکەن ئەو کاتە ئێمە بە ناو بانگیان ناکەین ئەڵێین لیژنەی یاسا نوێنەری خۆی بنێرێ، ئەو کاتە لە نێوان خۆتاندا لەوێوە اتفاق بکەن، بێینە سەر خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری تایبەت بە پرۆژەی چوارەم هەموار کردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق. لیژنەی یاسایی کاک شێروان و بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی بفەرمونە ئێرە، تەبیعی ئەم پێشنیارە لەوانەیە پەیوەندی بە هەموو پێشنیارەکانەوە هەبێت دەربارەی ئەم یاسایە دەتوانێت لەشوێنی خۆی راو پێشنیاری خۆی ئاراستەی ئەنجومەن بکات بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى أحكام الفقرة (٨)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل والمادة (٩٤) من النظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه رئيس المجلس الوطني، قرر المجلس الوطني بجلسته المرقمة ( ) المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار التعديل الآتي :ـ

التعديل الرابع للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل

المادة الاولى:

تعدل المادة(٣٨)الثامنة والثلاثون من النظام الداخلي للمجلس وتقرأ كالآتي :

تكون اللجان الدائمة للمجلس كما يلي :

١- لجنة الشؤون القانونية والتشريعية.
٢- لجنة الشؤون الداخلية.
٣- لجنة الشؤون المالية والاقتصاد .
٤- لجنة الزراعة والري.
٥- لجنة شؤون التربية والتعليم العالي.
٦- لجنة الشؤون الصحية والاجتماعية.
٧- لجنة الاوقاف والشؤون الاسلامية.
٨- لجنة العلاقات والشؤون الثقافية.
٩- لجنة البلديات والنقل والمواصلات.
١٠- لجنة الصناعة والطاقة والمعادن.
١١- لجنة شؤون اليشمركة.
١٢- لجنة حقوق الانسان والشكاوي.
١٣- لجنة الاشغال والاعمار.
١٤- لجنة شؤون المرأة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ڕای لیژنەی یاسا لەبارەی پرۆژەی هەموار کردنی چوارەمی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی.

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز

بابەت/ڕای لیژنە

نیشانە بەپێشنیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە چوارەم هەموار کردنی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ پاش ئەوەی لیژنەکەمان گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر کرد بەتێکڕای دەنگ پەسەندی پرۆژەکە کرا بۆ ئاسان کردن و ڕێکخستنی ئیش وکاری لیژنە هەمیشەییەکانی ناو ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ ڕێرماندا.

لەجیاتی سەرۆکی لیژنە
شێروان حیدری

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، رای دوو لیژنەی ترمان بە نوسراو بۆ هاتووە ئەگەر لێپرسراوانی لیژنە بیخوێننەوە یەکەم رای لیژنەی ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی فەرموو کاک مەلامحسن.

**بەڕێز مەلا موحسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان
پاڵپشت بەپەراوێزی بەڕێزتان لە نوسراوی ژمارە ک/٦ لە ٢٠٠١/٤/٣ دەربارەی هەموار کردنی ماددەی (٣٨) لە پێڕۆی ناوخۆ ئەمەی خوارەوە رای لیژنەکەمانە:
١- زیاد کردنی لیژنە هەمیشەییەکانمان لا پەسەندە بۆ ئەوەی چالاکتر و کارامەتر کارەکانیان ئەنجام بدەن.
٢- ژمارەی ئەندامەکان لە پێنج کەس کەمتر نەبێت بریارێکی پەسەندە.
٣- لەبەر ئەوەی کاری لیژنەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە وپێویستە ئەندامان شارەزا بن لە سنوری دەسەلاَت ودەست تێوەردان وگفتوگۆ کردن بۆیە بە پەسەندی دەزانین ئەرک و سپاردنی لیژنەکان وەک خۆیان بمێننەوەو ئەرکیش بۆ لیژنەی نوێ دیاری بکرێت.
ئێمە وەک لیژنەی ئەوقاف ئەو ئەرکەی کە لە پێڕەوی ناوخۆدا بەرامبەر کاری لیژنەکانمان هاتووە بە پێویستی دەزانین بمێنێتەوە.
٤- پێمان باشە هەندێ گۆڕانکاری لەناو لیژنەکاندا بەپێی زنجیرەی (٥و٦و١٢) لە قانونەکەدا هاتووە بەم شێوەیەی لێ بێت(لیژنەی کاروباری پەروەردەو خوێندنی بالاَ بکرێت بە لیژنەی پەروەردەو کاروباری خوێندنی بالاَ و لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەلاَیەتی بکرێت بە لیژنەی تەندروستی وکاروباری کۆمەلاَیەتی و لیژنەی مافی مرۆڤ و سکالاَکان پێمان باشە تەنها بەناوی لیژنەی مافی مرۆڤەوە بێت چونکە ئەو ناوە سکالاَش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
اللجنة المالية والاقتصادية
رقم ج/٥
تاريخ : ٢٠٠١/٤/١
السيد رئيس البرلمان المحترم
م/تعديل النظام الداخلي للمجلس

تحية واحتراما
اجتمعت لجنتنا هذا اليوم ٢٠٠١/٤/١ لدراسة ومناقشة التعديل الرابع للنظام الداخلي للمجلس الوطني و بعد المناقشة توصلنا الى التوصيات المدونة ادناه:
١- ان يبقى اسم لجنتنا كالسابق وهي لجنة الشؤون المالية والاقتصادية وان تأخذ تسلسلها السابق الوارد في المادة ٣٨ من النظام الداخلي و تسلسل رقم ٢ بدلا من رقم ٣.
٢- ان تقرأ المادة الثالثة بالشكل الاتي (يعمل بهذا التعديل اعتبارا من تاريخ صدوره وينشر في وقائع كوردستان.
هذا ولكم الامر مع فائق التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، بەنوسراو رای لیژنەی پێشمەرگەشمان بۆ هاتووە با بفەرموێ بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئەمە رای کاروباری پێشمەرگەیە.
لە رۆژی ٢٠٠١/٤/٧ لیژنەکەمان کۆبوونەوەی خۆی سازدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی چوارەم هەموار کردنی پێڕۆی ژمارە یەکی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و کۆی ئەندامانی لیژنەکەمان رایان لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو.
أ- پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین.
ب- هەر حەوت ئەندامی لیژنەکەمان ئەیانەوێ لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگە بمێننەوە تا پێکهاتەی لیژنەکەمان وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ئەگەر لیژنەکانی تر رایان هەیە ئەوا لە مجرای گفتوگۆکردن لەسەر بڕیارەکە دەتوانن رای خۆیان دەربڕن چ وەکو ئەندامی پەرلەمان بە تاکە یا وەکو لیژنە، جا تکایە با خاڵ بە خاڵ بیخوێنینەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

التعديل الرابع للنظام الداخلي للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق
رقم(١)لسنة ١٩٩٢ المعدل

المادة الاولى:
تعدل المادة(٣٨)الثامنة والثلاثون من النظام الداخلي للمجلس وتقرأ كالآتي:
تكون اللجان الدائمة للمجلس كما يلي:

١- لجنة الشؤون القانونية والتشريعية.
٢- لجنة الشؤون الداخلية.
٣- لجنة الشؤون المالية والاقتصاد.
٤- لجنة الزراعة والري.
٥- لجنة شؤون التربية والتعليم العالي.
٦- لجنة الشؤون الصحية والاجتماعية.
٧- لجنة الاوقاف والشؤون الاسلامية.
٨- لجنة العلاقات والشؤون الثقافية.
٩- لجنة البلديات والنقل والمواصلات.
١٠- لجنة الصناعة والطاقة والمعادن.
١١- لجنة شؤون البشمرگة.
١٢- لجنة حقوق الانسان والشكاوي.
١٣- لجنة الاشغال والاعمار.
١٤- لجنة شؤون المرأة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە لەسەر مادده یەک تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنمەوە کە دەستیان بەرزکردۆتەوە ئەوەی ناوی نەنوسراوە با ئیشارەتێکمان بداتێ بۆ ئەوەی ناوی بنووسین (بەڕێزان، د.رزگار، ئیبراهیم سعید، عبدالخالق زەنگەنە، شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا، زەهرا حاجی، د.ناسح، جمیل عبدی، محسن مفتی) بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر خالا هەشتێ یا پرۆژەی تەعدیلێ وەک(لجنە العلاقات والشؤون الثقافیە) لڤێرێ دەبینم زۆر پێویستە تەعدیلێک بێتە کرنێ لە خالا پێنجێ لە نیزاما داخلی کە مادده ٣٨ ژ نیزامێ داخلی لڤێ رەنگی دێتە وجودێ (لجنة العلاقات والثقافة مهمتها النظر في شؤون وزارة الثقافة والاعلام) وەزارەتی ثقافە و الاعلام لە هەرێما نینە تەنیا وەزارەتی ثقافە هەیە، ئەڤە پێویست ناکات کلمەی الاعلام لێرەدا هەبێت محتاجێ تەعدیلێکە کە ئەڤ کلمەیە بێتە حذف کرن، وەزارەتی ثقافە والاعلام مە نینە وەزارەتی ثقافە مە هەیە، ئەڤە یەک، دوو (النظر في شؤون وزارة الثقافة والاعلام والنظر في الامور المتعلقة بعلاقات المجلس الداخلية والخارجية) یانی هەتا دیمایێ فەقەرەکە ئەگەر دبێت هەموو فەقەرەکە بخوینی هیچ ارتباط یانْ هیچ علاقەتێک لەگەلْ وەزارەتا شؤون مرۆڤێ نینە بەینەما لجنە علاقاتا مباشر کو رەفیقێکە بۆ لیژنە

بۆ وەزارەتا مرۆڤايەتى لڤێرێ محتاجەكا وەزارەتا شؤون انسانيە والتضامنيە بێتە اضافە كرن، يانى نيزامى داخلى تەنها ئەمە وەكو لجنە العلاقات والثقافە بەس ملاحظا لجنە وەزارەتا ثقافە كرن بينما مەفروزە ملاحظا ببێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئينجا ئێمە سەيرى ناوى ليژنەكانمان كردووە لە پەرلەمانات دا كە پێشنيارى ئەو شتە كراوە لە نيزامى داخلى پەرلەمانەكان بەزۆرى ناوى ليژنەكان هاتووە بە بێ شەرح واجبەكەى مفهومە كە چييە، پێشنيارەكەى تۆ راستە ئەوە هيچى نامێنێ ئەو شەرحە لە نيزامى داخليدا تەعديل دەكرێ و نامێنێ و تەنها ناوى ليژنەكە دەمێنێ بەڵام واجبەكەى مەعلومە كە وەزارەتى رۆشنبيريە وەزارەتى مرۆڤايەتييە و پەيوەندييەكانى دەرەوە وناوەوەيە ئەمانە پەيوەندى هەيە بەسەريەوە.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە من ئەو ملاحظەيەم كرد لڤێرى تەنيا وەزارەت شؤون الثقافە والاعلام هەيە مە نييە وەزارەتى ثقافەو الاعلام.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمانە هەمووى نامێنێ، شەرح نامێنێ تەنيا ناو دەمێنێ.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە من ملاحظەى ترم هەيە ئەگەر مجال هەبێ، من پێشنيار دەكەم كە ليژنەى علاقات و ثقافە هەريەكى ليژنەيەكى تايبەتى بێت چونكە هەريەكێ ئيش وكارى تايبەتى خۆى هەيە، بۆ نموونە ليژنا علاقاتا يا ليژنا پەيوەنديا كارى وەكو ملاحظەم هاتيە كرنێ ڤێ رەنگيێ، بێژێتن (تعد لجنة العلاقات كاداة الاتصال بين البرلمان وبيئته الخارجية، والعلاقات العامة. لجنة العلاقات وسيلة لبناء العلاقات مع الاخرين وتحقيق التفاهم الانساني وتحسين سمعة البرلمان وتجميل الصورة الذهنية عنه لدى الاخرين) يانى ئەگەر تۆ دڤێت مهامى ليژنە علاقاتێ بخوێنێ هەريەكە جياوازى هەيە من پێشنيار دەكەم ئەڤ ليژنا علاقاتا گرنگى زێتر بدنێ و ليژنەكا تايبەت بێتە تەشكيل كرن هەريەكە ليژنەكا وەكو ليژانى تر پەرلەمانى دايم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو مقترحى خۆى پێشكەش دەكات وليژنەى ياسايى دوايى وەڵامى هەموويان دەداتەوە، كاك ئيبراهيم سەعيد فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر ئەو شەرحەم هەبوو بەراستی مادام هەڵگیراوە و نەمێنێ وتەنیا ناوەکە بمێنێ باشە بەڵام بۆ لیژنەی حقوقی انسان و لیژنەی حقوق المرأە عجبا یانی هەمان مانا نییە لیژنەی حقوقی انسان نیوەی کۆمەڵ (المرأە) نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامیان لابدەین حقوق الانسان یاخود حقوق المرأە بەرای جەنابت.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئینجا بەرای من لە ساڵی ١٩٩٢ لە بدایەتی جلساتدا کە لیژنەکانمان دانا من پێشنیاری لیژنەی شۆونی مەرئەم کرد ئەوسا ئەو موناقەشەم لەسەر ئەوە بوو کە ئافرەت بێ یان ببێتە ژنان دوایی بڕیار درا لە مجلیس باش بوو کە هەر نەمێنێ، نازانم بەتصوری لیژنەی حقوقی مرۆڤ ژنانیش دەگرێتەوە چونکە زۆر پرۆتۆکۆڵ هەیە متعلقن بە ژنانەوە یان بە ئافرەتەوە کە موتەعلیقە بە مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موافەقە دەکەم لەسەر پێشنیارەکەی د.رزگار کە لیژنەی علاقات و لیژنەی ثقافە جیا بکرێتەوە لەبەر ئەوەی دوو شتی جیاوازە وئیمە لەبەر ئەوەی شۆونی ثەقافیمان لە کوردستان زۆر گەشەی کردووە و مهامی هەیە و علاقاتیش شتێکی ترە، باشە ئەگەر ئەو پێشنیارە بخرێتە بەردەم برادەران، دوو: بەنیسبەت منەوە لیژنەی حقوقی انسان و شکاوی و وەزارەتێک پێکهێنراوە و شکاویش لە تەجروبەی خۆمان لەو ساڵەی رابردوو بەراستی ئەوەی کە تحویل کراوە بۆ ئێمە لە شکاوی زۆربەی زۆری لە مهامی ئیمە نییەو پەرلەمان نییە، لەبەر ئەوە شکاویەکە ئەگەر بکرێت لەلای رئاسەتی پەرلەمان باشترە لەوەی کە ئێمە داخل ببین لە هەندێ ئیشی قەزاو حکومەت ومهمەی ئێمە پەیوەندی هەیە بە تەنفیزی قوانین کە ئێمە اصدارمان کردووە لەبەر ئەوە من پشتگیری پێشنیاری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکەم، کە تەنها لێژنەی مافی مرۆڤ بێت، سکالاکانیش بدرێتە سەرۆکایەتی ولای خۆی بێت، پشتگیری تەواوی لێژنەی کاروباری ئافرەت دەکەم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سکاڵا دێتە لای سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتیش هەواڵەی لیژنەی سکاڵاکانی دەکات و مافی سروشتی هەر هاولاتیەکە کە شکاتی خۆی یان نارەزایی خۆی یان ئەگەر غەدرێکی لێ کرا یان گرفتێکی هەبێ ئاراستەی پەرلەمانی بکات، ئەوە لەبنەڕەتدا بەشێکە لە مافی مرۆڤ، بۆیە لە بنەڕەتدا کە لیژنەکە دروست کراوە لیژنەی شەکاوی و مافی مرۆڤ دروست کراوە ،ئێمە بە باشی دەزانین بکرێتەوە بە مافی مرۆڤ و سکاڵاکان ،یان مفهومە گشتیەکەی بمێنێتەوە، لاری ئەوەشمان نییە کە مفهومە گشتیەکەی کە مافی مرۆڤە سکاڵاکان لابەین،بەڵام ئەو کارە دەبێ هەر ئەو لیژنەیە بیکات، لەبەر ئەوەی بەشێکە لە مافی مرۆڤ لە هەرێم،

ئەوە کاک فەرەسەتیش رای وایە کە ئەو داوایە داوای دادگایی نییە، ئێمە داوای دادگا جارێکی تر ئاراستەی دادگای دەکەین و رایەکی لیژنەی یاسایی تێدا وەردەگرین و جارێکی تر بە نووسراوێک دەینێرینەوە بۆ وەزارەتی داد یان بۆ ئەنجومەنی وەزیران ، بەڕێز زەهرا حاجی فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لیژنەی کاروباری ئافرەت ببێتە لیژنەی مافی ئافرەت ،چونکە مافی ئافرەت گشتگر ترە و هەموو لایەنێک دەگرێتەوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقەخان فەرموو

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم بۆ گرنگی دانی بە کاروباری ئافرەت، لە دانانی ئەو لیژنەیە، من پێشنیار دەکەم ئەو لیژنەیە بکرێتەوە لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زەهراخان دەڵێ مافی ئافرەت تۆش دەڵێی بەرگری لە مافی ئافرەت، واتا جیاوازن یەک راتان نییە، بەڕێز مامۆستا موحسن مفتی فەرموو.

**بەڕێزمەلا موحسن مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان کە ئێستا باسمان کرد وشەی مافی مرۆڤ سکاڵاش دەگرێتەوە ئەگەر لابدرێ شتێکی پەسەندە، کە دەگوترێ لیژنەی مافی مرۆڤ مافی ئافرەتیش لە

زمنی مافی مرۆڤە دەیگرێتەوە لەبەر ئەوە وشەی مافەکە نەگوترێ هەر تەنها کاروباری ئافرەت بێت باشترە، سەبارەت بەو دوو لێژنەیە پەروەردەو تەندروستی ،ئێمە رامان وایە کاروبارەکە خراوەتە دواوە وەکو چۆن پێکهاتەی وەزارەتەکە هاتووە لێژنەی کاروباری پەروەردە ولێژنەی کاروباری تەندروستی باشترە، سەبارەت بە ئەرکەکانی لێژنەکان وەکو لێژنەی ئەوقاف ئێمە پێمان پەسەندەو زەروریە کە ئەرکی لێژنەکان لەگەڵ ناوی لێژنەکاندا دیاری بکرێ و وەکو خۆی بمێنێتەوە تەنها کاروباری ئافرەتانمان هەیە کە ئەرکی تایبەتیان بۆ دیاری بکرێ ، ئەوە رای لێژنەی ئەوقافە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین،تەنها ناوی لێژنەکەمان وەکو پێشوو بمێنێتەوە، لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری و تەسەلسولەکەشی وەکو لە ماددەی ٣٨ی پێڕۆی ناوخۆ دا هاتووە وەکو پێش و با هەر دووەم بمێنێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ناوی ئەو لێژنانەی لە ١ تا ١١ هیچ گرفتێکی تێدا نییە وەکو خۆی بمێنێتەوە باشترە هەرچەندە تێبینیان بەرامبەر بە رۆشنبیری نیشاندا، رۆشنبیری گشتگرترە وراگەیاندنیش دەگرێتەوە بۆیە ناوی لێژنەکە لەوێش وەکو خۆی بمێنێتەوە، سەبارەت بە لێژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان لەوانەیە هەر لێژنەی مافی مرۆڤ بمێنێتەوە باشترە وەکو پێشوو لەبەر ئەوەی گشتگر ترە، چونکە مافی سکاڵا کردن مافێکی مرۆڤە، مادام مافی مرۆڤ بێت پێویستە لەناو ئەو لێژنەیە بێت ئەگەر ناوەکەشی تێدا نەمێنێت سروشتییە، سەبارەت بە لێژنەی کاروباری ئافرەت من پێموایە ناوەکەی بگۆڕدرێ وەکو ئەوەی خوشکە زەهرا باسی کرد کە لە جیاتی کاروبارەکە مافی ئافرەت بێت چونکە لە راستیدا رازی کردنی دڵی دایک و ڕێز لێنان لەو مرۆڤە گەورەیە ئەرک و بەرپرسیاریەکی پیرۆزە بۆیە دەگوترێ (بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە ) کەواتە ڕێز لێنان لە دایک لە خوشک لە داپیرە لە خێزان لە کچ لە نەوە و هەر ئافرەتێکی تر ڕێز لێنانە لە خودی کۆمەڵگا ریز لێنانە لە ئاینە پیرۆزەکان ڕێز لێنانە لە داب و نەریتی پیرۆزی کوردەواری، بۆیە من ئەو ناوەم پێ باشە کە خوشکە زەهرا باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر هەیە، ئەو فرسەتە بۆ ئەوانەیە کە جاری پێشوو قسەیان نەکردووە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من لێژنەی کاروباری ئافرەت باشترە لە مافی ئافرەت ، لەبەر ئەوەی رێکخستنی ئافرەت هەموو لایەنێک دەگرێتەوە،ئەگەر مافی داندرا دەبێتە بەشێ لە مافی مرۆڤ،لەبەر ئەوەی نیوەی کۆمەڵگایە دەبێ کاروباری ئافرەت بێت دەقیق تریشە و زانستی تریشە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێگا بفەرموون روون کردنەوەیەکم هەیە لەسەر لێژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری، پەیوەندیەکی توند و تۆڵ لە نێوان ئەو دوانەدا هەیە، روون کردنەوەیەک لەسەر رای ئەودوو بەڕێزەی کە فەرموویان لێک جیا بکرێتەوە، ئەگەر ئێمە سەیری پێناسەی رۆشنبیری بکەین،لەپێناسەکەدا کە لایەنە فەلسەفیەکە رەچاو کراوە واتا لایەنی ئەرکی لە ئەستۆ نراوی رۆشنبیری، بەم شێوەیە پێناسە دەکرێ کە رۆشنبیری جۆرێکە لە هۆشیاری کۆمەلایەتی و هۆیەکی هەرە گرنگە بۆ توند و تۆڵ کردنی پەیوەندیەکان و لەیەک نزیک کردنەوە و ئاشنا بوون و نزیک بوونەوەی گەلان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایە ئەو لێژنانەی کە لە یاسا ئەصلیەکەدا هاتووە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە ناوەکانیان و گۆڕانکاری لە برگەکاندا نەکرێ، کە دەڵێ برگەی چوارەم هەر برگەی چوارەم بمێنێتەوە وبرگەی یاسایی پێویست ناکات بیگۆڕین ، لە یاسا ئەصلیەکە چۆن هاتووە هەر وابێ و ئەو لێژنانەی کە زیاد دەکرێن با لە کۆتاییدا زیاد بکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزییەخان فەرموو.

**بەڕێز فـــەوزیە عـــیـــزەدین ڕەشـــیـــد:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە زۆر بایەخی بە مافی ئافرەت داوە، من ڕام وایە ناوی لیژنەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە (لیژنەی کاروباری ئافرەت) خێزانی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژەی ئافرەتانمان بانگ کرد گوێمان لە گیرو گرفتەکانیان بوو وەکو برایانی لیژنەی یاسا و برایانی لیژنەی ئەوقاف گوێیان بۆ گرتن، بۆمان دەرکەوت لە ڕووی یاسایی و ئاینیەوە مافەکانیان پێشێل نەکراوە تەنها لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە، بۆیە ئەو ناوە پڕ بە پێستیەتی، چونکە لە هەموو وڵاتان وەزارەت هەیە بەناوی وەزارەتی خێزانەوە، ئەوە ڕای منە، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بـەڕێز ڕەجـــــەب شـــــەعـــــبـــــان:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە ڕاستیدا لیژنەی کاروباری ئافرەتان ڕێک و پێکە و مافەکانی و هەرشتێ کە پەیوەست بێت بە ئافرەت دەگرێتەوە، لیژنەی مافی مرۆڤ و سکالاکان، سکالاکان لابدرێ، ئەگەر لەسەر ناوەکەشی سوور بوون ئەوە دەکرێ بکرێتە (لجنە حقوق الانسان و المظالم) لەبەر ئەوەی سکالا بەستراوەتەوە بە دادگاکان،ئەو کەسەی سکالا دەکات غەدرێکی لێ کراوە یان ببینێ کە مەغدورە ،سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

د. ناسح فەرموو.

**بـەڕێز د. نـاسـح غـــــەفـــــوور ڕەمـــــەزان:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر مۆڵەتم بدەی جارێکی تر باسی لیژنەی مافی ئافرەت بکەم، بە ڕای من باشتر و گشتگر ترە ئەگەر بڵێین مافی ئافرەت، لەبەر ئەوەی هەموو کاروباری ئافرەت دەگرێتەوە، لێرە ناوەکە بکرێتەوە لیژنەی مافی ئافرەت باشترە، سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک شمائیل فەرموو.

**بـەڕێز شـــــەمـــــائـیـل نـەنـۆ بـنـیـــــامـین:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە بۆچوونی من لیژنەی کاروباری ئافرەت گشتگر ترە، کە گوتمان مافی ئافرەت واتا تەنها بەرگری لە مافی ئافرەت، کاروباری ئافرەت زۆر شت دەگرێتەوە وەک ڕێکخستنی خێزان و منداڵ و ...

هتد. سەبارەت بە لێژنەی پەیوەندیەکان و رۆشنبیری بە رای من جیا بکرێت باشترە، ئیمە دەبینین لە پەرلەماناتی دوونیا لێژنەی پەیوەندیەکان بە یەکێ لە هەرە لێژنە گرنگەکان دادەندرێ ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیاری خوشکانمان، لێژنەی کاروباری ئافرەت بێت یان لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت بێت، معقول ترە لە لێژنەی مافی ئافرەت، چونکە ئافرەت بەشێکی هەرە گەورەیە لە ئینسان، و لێژنەی مافی مرۆڤ هەیە، بۆ گرنگی دانی زیاتر بێت کاروبارەکە بێت گشتگر ترە یان بەرگریەکە گشتی ترە، مافی ئافرەت لە مافی مرۆڤدا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ لێژنەی یاسایی فەموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەی کاک د. رزگار ،کاک ئەحمەد سالار وەلامەکەی دایەوە و ئێمەش کۆکین لەگەڵی، کەوا رۆشنبیری بەشێکی گرنگە لە پەیوەندییەکان بۆیە لێژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە لێژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری. سەبارەت بە خوشک و برایانی کە باسی لێژنەی کاروباری ئافرەتیان کرد، وەکو برادەرانیش هەندێ گوتیان کاروباری ئافرەت بێت گشتگر ترە، فەوزییە خان پێشنیاری کرد کە خێزانیش بگرێتەوە، کاروباری ئافرەت هەتا خێزانیش دەگرێتەوە وشتێ کە پەیوەندی بە ئافرەت هەبێ دەیگرێتەوە، لەوانەیە کە چارەسەر بکرێ لە رووی یاساییەوە کە ئەرکی پەرلەمانە، بۆیە بەرای ئێمە لێژنەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە ، لێژنەی کاروباری ئافرەت. سەبارەت بە لێژنەی مافی مرۆڤ و سکالاکان، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ئەگەر سکالاکان نەش مێنێ گرنگ نییە ،لەبەر ئەوەی هەر سکالایەک پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمان دەکرێ، سەرۆکی پەرلەمان تقدیر دەکات کە کام لێژنەی پەیوەندیدارە بەو سکالایە و لەوانەیە ئاراستەی ئەو لێژنەیەی دەکات، جاری وا هەیە کە سکالاکە دەچێتە لێژنەی مافی مرۆڤ جاری واش هەیە دەچێتە لێژنەکانی تر، ئەوانیش رای خۆیان بۆ سەرۆکایەتی بەرز دەکەنەوە ولە سەر رۆشنایی ئەو رایە اجرائات وەر دەگیرێ. مامۆستا مەلا موحسن فەرمووی کاروبار خراوەتە دواوە، نەخێر، کاروبار نەخراوەتە دواوە لە پێشەوەیە، چونکە لێژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالا، کاروبار لە پێشەوەیە.کاک جەمیل فەرمووی کە زنجیرەی لێژنەی دارایی بچێتە دووەم ئێمە لاریمان نییە، ئەگەر بچێتە یەکەمیش فەرق ناکات، زنجیرە گرنگ نییە، کاک حەمیدیش فەمووی زنجیرەکە، لێرەدا زنجیرە مەبەستی

گرنگی لیژنەکان نییە لیژنەکان هەموو وەکو یەک گرنگن، هەموو بە یەک چاو سەیر دەکریت، هەر ئەوەندە بوو وەلامەکان، دوا راش رای پەرلەمانە، ئیمە سورین لەسەر پرۆژەکە تەنها هەموارکردنیک ئەگەر بخریتە سەر برگەی یەک، تەنها بکریتە لیژنەی یاسایی، تشریعەکە لا بدری، سکالاکانیش لە لیژنەی مافی مرۆڤ لابدری، هەر ئەو دوو پیشنیارەمان هەیە ئەگەر بخریتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی مرۆڤ بە ناو، یان بە ئەرک؟.

**بەریز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها لیژنەی مافی مرۆڤ، سکالاکان لابدری، ئەوە دەمینیتەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان کە ئاراستەی کیی دەکات.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ناسح فەرموو.

**بەریز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جاریکی تر من دوپاتی پیشنیارەکەی خۆم دەکەمەوە سەبارەت بە مافی ئافرەت، ئیمە گرفتی کاروباری ئافرەتمان نییە، بە پیچەوانەوە ئافرەتی کورد لە ناو بنەماڵەی کورددا زیاتر رۆڵ دەبینی، ئەرک و واجبی هەیە، ئیمە گرفتی مافی ئافرەتمان هەیە بە تایبەتی لەو بارو دۆخەی ئیستادا،سکالایەکی زۆر لەسەر کوردستان هەیە لە بارەی مافی ئافرەت، لەبەر ئەوە تکام وایە ئەوە لەبەر چاو بگیری، سوپاس.

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پیشنیارەکە پیشنیاری منە، فەرموون.

**بەریز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەریز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئیمە زۆر داخلی ئەو وشانە نەبین، ئەگەر بلیین مافی ئافرەت وەکو ئەوەی بلیین مافەکە پیشیل کراوە،ئیمە با بەو شیوەیە داینەنیین کە ئیمە ئیستا بیر لە مافی ئافرەت دەکەینەوە، راستە لەوانەیە مافی ئافرەت پیشیل کراوە، ئیمە لیژنەیەک پیک دینین کە بتوانی ئەرکەکانی خۆی جیبەجی بکات، ئەو پیشیل کاریانەی کە هەیە لای ببات لە رووی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ڕاستیدا پێشنیارەکە پێشنیاری سەرۆکایەتییە بۆیە بە مافی خۆمانی دەزانین کە قسەیەکی لێ بکەین، ئیمە لێژنە لێژنە پێدا دەڕۆین و ویستمان گۆڕانکاری لە لێژنەکان بکەین لەبەر ئەوەی زۆربەی لێژنەکان وا کورت کرابونەوە کە ئەویش لەبەر هەندێ هۆکاری بابەتی و زاتی، کە هەندێکیان هەر فریای هیچ لە کارەکانیان نەدەکەوتن ، هەندێکی تا رادەیەک ناوەکەشی درێژ بووبۆوە کە کەسێ دەیویست ناوەکەی بخوێنبایەوە دەبوایە هەناسەی پێوە هەڵکێشابا ،گۆڕانکاریمان کرد تاکو کاری لێژنەکان ترکیز بێت و هەر لێژنەو بزانێ کاری چیە، هەر لێژنەیەک بەرپرس نەبێ لە ئیش و کاری سێ چوار وەزارەت بە پێی تایبەتمەندی نزیکی یەک بێت، و بواریش بدەینە ئەندامان کە تایبەتمەندی خۆیان ببینن، بۆیە لە پێشنیارەکە دیارە هەوڵمان داوە کە ژمارەی ئەندامانیش لە لێژنەکاندا کەم بێتەوە و بەپێی توانا تا بتوانین ژمارەی لێژنەکان زیاد بکەین، ئەگەر ژمارەی لێژنەکان یەکجار زیاد نەکەین مانای وا نییە کە لە داهاتوودا زیادی ناکەین ، گرنگ ئەوەیە کە ئێستا ئەوەندەمان پێ دەکرێ و ئەو بارەی کە تێیداین هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانین، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارەمان بەو شێوەیە خستە روو، ئەو شتەی کە زیادمان کردوە لێژنەیەکە بۆ ئافرەت، وەکو کاک ئیبراهیم باسی کرد کاتی خۆی ئەو لێژنەیە پێشنیار کراوە و باسی کرا و نەکرا لەبەر ئەوەی گرفتێکی سیاسی هەبوو، ئیشکالە سیاسیەکەش شکلی بوو، ئێستا ئەو گرفتە نییەو مەرجی ناوی لێژنەکەش نییە، مەرجی سەرەکی کاری ئەو لێژنەیەیە، ئەرکی ئەو لێژنەیە چییە؟ لێژنەی ئافرەتان بە پلە یەک ئەرکی ئەوەیە پارێزگاری یاسایی لە مافی ئافرەت بکات ، کاری پەرلەمان بە پلەی یەک یاسایە، کاروباری ئافرەت ،بابەتی کاروباری کۆمەلایەتی ، وەزارەتی کۆمەلایەتی هەیە لێژنەی کۆمەلایەتی هەیە، هەتا ئەگەر ناوی کاروباری ئافرەتانیش بێت ئێمە لەوانەیە کە ئەرکەکەی بەوە دیاری بکەین کەبەرگری لە مافی ئافرەت بکات، مادام ئافرەتان خۆیان پێیان باشە کە لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت بێت با وابێ، با ناوی بنێین بەرگری لە مافی ئافرەت هیچ گرفتێکی تێدا نییە، پێم باشە ئەو مافە بدەین بەو ئافرەتانەی کە ئەندامی پەرلەمانن لە نێوان خۆیاندا رایەک وەرگرن و رایەکە رای وان بێت، با دواین پێشنیار لە نێوان خۆیاندا گەلاڵە بکەن و ناوێکمان بدەنێ وبلێین ئەوە ناوەکەی، سەبارەت بە ئەرکەکەی زۆر روونە، ئەرکی ئەو لێژنەیە چی کەم و کوڕیەک هەیە لە یاسایا لە معامەلە لە ممارسە بەرامبەر بە ئافرەت ئەرکی ئەو لیژنەیە ئەوە دەبێت و دەبێت کار بکات، لێژنەکە تەنها ناو نییە، دەبێ گۆڕانکاریەکی جەوهەری لە کار و ئیشی پەرلەماندا هەبێ بەرامبەر بە ئافرەت، گرفتی ئافرەت گرفتی رۆژانەی ئافرەت نییە و گرفتی کۆمەلایەتیش نییە بۆ ئەمانە وەزارەتی تایبەتی و لێژنەی تایبەتیشی هەیە،مافی مرۆڤ ، کە باس کرا مافی ئافرەت بەشێکە لە مافی مرۆڤ راستە بەڵام روون نەکراوەتەوە واتا جیا نەکراوەتەوە لە مافی مرۆڤ بە گشتی، واتا لە چوارچێوەیەکی گشتیدایە، کە جیای دەکەیەوە و ابرازی دەکەی مەغزاکەی لەوەدایە، بۆیە

پێشنیارمان کردووە، بەڵکو تا دەگەینە ئەو خاڵە لەسەر ناوێک اتفاق بکەن.
یەکەم لێژنەی کاروباری یاسایی و تەشریعی، لاریمان نییە کە بە ناوی لیژنەی کاروباری یاسایی بمێنێتەوە، دەتوانین یەک سەر بیگۆرین.
لێژنەی کاروباری ناوخۆ وەکو خۆی بمێنێتەوە.
لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری، لاریمان نییە بکرێتە لێژنەی کاروباری دارایی و ئابووری.
لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری تێبینی لەسەر نییە.
لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کاروباری لە پێشەوەیە.
لێژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەلایەتی
لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی
لێژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری رۆشنبیری، ئێستاش ئەگەر جیای نەکەینەوە مانای وا نییە کە لە داهاتوودا جیای ناکەینەوە، ئێمە ئەورۆ وەکو ئەو پێشنیارەی کە پێشکەشمان کردوە ئەوە بە باش دەزانین،
لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن
لێژنەی پیشەسازی و وزە وکانزاکان
لێژنەی کاروباری پێشمەرگە
لێژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان، لاریمان نییە ئەگەر بە ناوی لیژنەی مافی مرۆڤ بمێنێتەوە، ئەوەش توانایەکی زیاتر دەدات بە لیژنەکە لەجێگای خۆیەتی.
لێژنەی ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە
دوایین لیژنە، اتفاقتان کرد؟
دوایین لێژنە دەبێتە لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت
لاریمان نییە لە زنجیرەش بچینەوە هەمان زنجیرەی کۆن ،وای بۆ دەچین بەمە هەموو لایەکمان رازی کردووە.بۆیە ئەگەر بە باشی دەزانن بیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەرێزانەی کە ماددەی یەکەم بەو گۆران کاریانەی کە باسمان کرد پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. ماددەی دووەم .

**بەرێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الثانية:
تعدل الفقرة(٣)من المادة(٣٩)التاسعة والثلاثون وتقرأ كالآتي:
«تشكل اللجان الدائمة من عدد لايقل عن خمسة اعضاء وتنتخب كل لجنة من بين اعضائها رئيساً ونائباً ومقرراً لها».

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەکان تێبینیان نەبوو لەسەر ئەو ماددەیە، ئەندامان کێ تێبینی هەیە بادەستی بەرز کاتەوە،

کاک د. رزگار.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

نزم ترینی بۆ دیاری کراوە و من پێشنیار دەکەم بەرز ترینیشی بۆ دیاری بکرێ کە کەمەکەی لە پێنج کەس کەمتر نەبێ و بگوترێ نابێ لەوەندە کەسەش زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

لێژنەی یاسایی وەلام تکایە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــەمـــەد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەوە متروکە بۆ تقدیری پەرلەمان، کە دەڵێی لە پێنج کەمتر نەبێ، ئەگەر زیاتری پێویست کرد ئەوە زیاتری بۆ دادەندرێ لەوانەیە لێژنە هەبێ پێویستی بە نۆ کەس بێت لێژنەیەکی تر پێویستی بە زیاتر یان کەمتر بێت ئەوە متروکە بۆ پەرلەمان لێرە بریاری لەسەر دەدرێ، لەبەر ئەوە بە پێویستی نازانین کە بەرز ترین رادە دیاری بکرێ،سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

هەمان رای لێژنەی یاساییم هەیە کە بەڕێز کاکەرەش فەرمووی.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر بێین لەلانی زانستیەوە پێکهاتەی لێژنەکان بخوێنین، گەلێ خەسلەتی بۆ دیاری دەکرێ، لەو خەصلەتانەی کە دیاری کراوە ئەو رایەی زۆری و کەمیە، برادەران کە دەڵێن زۆربەکەی بەکراوەیی بەجێ بێڵن ، با بێن لایەنە زانیستیەکەی بخوێننەوە، کە چۆن خەصلەت و پێویستی ئەو لێژنانەی کە پێک هێندراون چی بۆ دادەنێن؟ یەک لەو صفاتانەی کە پێویستە بۆی دابندرێ دیاری کردنی ژمارەکەیەتی، بەرای من ئەگەر بەو شێوەیە بە کراوەیی بەجێی بێڵێن لەگەڵ شێوازی زانستی ناگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر نییە؟ ماددەی دووەم دەخەینە دەنگ دانەوە، بەو شێوەیەی کە پێشنیار کراوە تکایە بیخوێننەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة(٣)من المادة(٣٩)التاسعة والثلاثون وتقرأ كالآتي:

«تشكل اللجان الدائمة من عدد لايقل عن خمسة اعضاء وتنتخب كل لجنة من بين اعضائها رئيساً ونائباً ومقرراً لها».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی دووەم پەسەند دەکات بەو شێوەیەی کەخوێندرایەوە؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

يعمل بهذا التعديل اعتباراً من تاريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم لیژنەی دارایی رایان هەبوو لەسەر ئەو لێژنەیە، فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی اصدارمان هەیە کە دەسەڵاتی بەڕێزتانە و بواریش هەبێت،بۆیە بەباشی دەزانم بکرێتەوە (من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية)واتا لە جیاتی (اقراره)بکرێتە (من تاريخ صدوره)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بە هەردوو شێوە لاریمان نییە، گرنگ ماوەکەیە، جا چ بە «صدور» بێت، یا بە «إقرار»، ئێمە هیچ لاریمان نییە هەر کامیان بێت، چونکە لە رووی یاساییەوە هیچ جیاوازییان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام بۆ بڕیار «إقرار» راست ترە، بەڵام بۆ یاسا هەردووکی دەبێت، جا ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٣»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا و، تەنها «٣» دەنگ پەسەندی ناکات، ئێستا بڕیارەکە هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو بڕیارەکەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ هەموو بڕیارەکە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، لێرەدا کۆتایی هات بە دانیشتنی ئەمڕۆمان لە دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**به ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٤/١٢**

**«بڕیار»**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (٨)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و ماددەی (٩٤)ی پێڕۆی ناوخۆ ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق و، لەسەر داواکردنی سەرۆکی ئەنجومەن، ئەنجومەنی نیشتمانی لە دانیشتنی ژمارە(٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/١١)یدا بڕیاری دەرهێنانی ئەم هەموارکردنەی خوارەوەی دا:

## چوارەمین هەموارکردنی پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (٣٨)ی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەن هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

لیژنە هەمیشەیی یەکانی ئەنجومەن ئەمانە دەبن:

١- لیژنەی کاروباری یاسایی.
٢- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری.
٣- لیژنەی کاروباری ناوخۆ.
٤- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.
٥- لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا.
٦- لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٧- لیژنەی پێوەندی یەکان و کاروباری رۆشنبیری.
٨- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی.
٩- لیژنەی شارەوانی یەکان و گواستنەوەوگەیاندن.
١٠- لیژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان.
١١- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە.
١٢- لیژنەی مافی مرۆڤ.
١٣- لیژنەی ئیش وکارو ئاوەدانکردنەوە.
١٤- لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت.

**ماددەی دووەم:**

بڕگە (٣)ی ماددەی (٣٩) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

« لیژنە هەمیشەییەکان لە ژمارەیێ پێک دەهێنرێن لە پێنج ئەندام کەمتر نەبن و، هەر لیژنەیێکیش سەرۆکێک و نوێنەری سەرۆک و مقررێک لەنێوان ئەندامەکانیدا بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.»

**ماددەی سێیەم:**

ئەم هەموارکردنە لەرۆژی دەرچونی یەوە کاری پێ دەکرێ و لە (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە حەوت**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٤/١٨

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠١

کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارەی حەوت)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٨/٤/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنە بەر چاوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای چوارەمین هەموار کردنی یاسای ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٩٣، «یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە «٧»ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەست پێدەکەین، بە پێی حوکمەکانی برگە «١»ی مادده «٢٠» لە پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە «١»ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە «٧»ی ئاسایی خۆی لە کاتی «١٠»ی سەرلە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ١٨/٤/٢٠٠١بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنە بەر چاوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای چوارەمین هەموار کردنی یاسای ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٩٣، «یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق».

پێش ئەوەی دەست بە خاڵی یەکەم بکەین، لە دانیشتنی ڕۆژی ٥/٤/٢٠٠١ بڕیارمان دابوو یاداشتنامەیەک ئاراستەی بەڕێز «کۆفی ئەنان» ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین و بەڕێز کاک فەرسەت بۆتانی دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەدعەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

السيد كوفي عنان ـ الامين العام للامم المتحدة المحترم

السادة مندوبو الدول دائمة العضوية في مجلس الامن المحترمين

يسر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق أن يهديكم تحياته وهو يستذكر في جلسته المنعقدة

بتاريخ ٥/٤ /٢٠٠١ قرار مجلس الامن المرقم ٦٨٨ الصادر بتأريخ ٥/ نيسان/١٩٩١ وهو إذ يذكر سيادتكم ومندوبي الدول الدائمة العضوية به من إجل السعي لتفعيل ذلك القرار الذي يتمتع بمكانة خاصة، لكونه أول قرار يصدر من الامم المتحدة منذ تأسيسها يعكس التفات مجلس الامن الموقر الى معاناه شعبنا وما تعرض له من قمع وحرمان.

سيادة الامين العام

سيادة مندوبي الدول دائمة العضوية

لم يصدر مجلس الامن القرار ٦٨٨ في ٥/ نيسان /١٩٩١ إلا بعد استشعاره بالخطر الذي هدد السلم والامن الدوليين في المنطقة جراء اعمال القمع الذي تعرض له السكان المدنيون سواء في العراق أو في كوردستان، فوضع المجلس الموقر في اعتباره واجباته ومسؤولياته بموجب الميثاق بالنسبة لصيانة السلم والامن الدوليين، ورغم مرور عشر سنوات على صدور القرار المذكور يؤسفنا ان نقول بأن الكورد العراقيين الساكنين داخل المنطقة الامنة لازال يساورهم شديد القلق على مستقبلهم جراء شعورهم بما آل إليه القرار ٦٨٨ من إغفال و أهمال مع استمرار اعمال القمع بحقهم وبحق الساكنين منهم خارج المنطقة الآمنة بشتى الاشكال والاساليب والوسائل المباشرة وغير المباشرة فنورد على سبيل المثال لا الحصر تشجيع الاعمال الارهابية داخل المنطقة الآمنة ونصب القنابل الموقوتة ووضع المتفجرات في اهداف مدنية ذهب ضحيتها العديد من المواطنين الابرياء والامتناع عن مد يد العون لإزالة ملايين الالغام التي غرست في كوردستان كما امتنعت السلطات العراقية اخيراً عن السماح لعمال الامم المتحدة العاملين في مجال رفع الالغام والمجالات الاخرى من الحصول على سمة الدخول الى العراق، اما بالنسبة للمناطق الواقعة خارج المنطقة الآمنة فإن العمل جار على قدم وساق من اجل تغيير الواقع القومي لمنطقة كوردستان وإكراه المواطنين الكورد على ترك محلات إقامتهم أو تغيير هويتهم القومية ومنع السكان الاكراد من شراء الاراضي والاملاك و أجبارهم للتخلي عما يمتلكون من عقارات في كركوك وسنجار وشيخان وزمار ومندلي والموصل والمناطق المجاورة للمدن المذكورة. ومن جهة أخرى فأن الاعتقالات والاعدامات مستمرة دونما توقف.

ومنع مراقبو حقوق الانسان التابعون للامم المتحدة والمنظمات غير الحكومية العاملة في المجال المذكور من مراقبة الاوضاع السائدة عن قرب. ورغم مسؤولية الامم المتحدة القانونية والادبية بموجب الميثاق ومسؤولية السيد الامين العام بموجب البند ٧ من القرار ٦٨٨ تجاه الاوضاع المستعرضة إلا أن مواطنينا لا يشعرون بتحرك جدي لايقاف اعمال القمع التي لازالوا يتعرضون لها.

السيد الامين العام

لقد كان لخطاب سيادتكم امام الجمعية العامة للامم المتحدة بتأريخ ٢٠/ايلول/١٩٩٩ في افتتاح الدورة الرابعة والخمسين صدى واسعاً لدى شعوب العالم المضطهدة ولدى شعب

كوردستان خاصة وخلق آمالاً قوية في ان يكون بداية النهاية فعلاً لمرحلة القمع التي تتعرض لها تحت ستار سيادة الدولة. وأن تتمتع كغيرها من شعوب العالم بالمساواة في الحقوق الانسانية والساسية والمدنية... أن المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ( برلمان كوردستان) إذ يرفع الى سيادتكم رسالته هذه يحدوه الامل والثقة في ان تنال من لدن سيادتكم ما يستحق من اهتمام ملخصين اياها بما يلي:

١ ـ العمل على تفعيل القرار ٦٨٨ بأعتبار مبررات صدوره وأهميته لصيانه السلم والامن الدوليين في المنطقة لازالت قائمة.

٢ـ الاستناد الى القرار ٦٨٨ في إجراءات حمل العراق على تنفيذ القسم الخاص من القرار ٩٨٦ والقرارات اللاحقة له المتعلقة بكوردستان ـ العراق ( المنطقة الآمنة).

٣ـ العمل على إيجاد حل عادل للقضية الكوردية على ضوء ما تضمنه الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهدين الدولين الخاصين بالحقوق السياسية والمدنية والثقافية والاجتماعية والاقتصادية بما ينسجم والبند (٢) من القرار ٦٨٨ .

٤ـ إلزام العراق بقبول فتح مكاتب لمراقبة حقوق الانسان فيه أو القبول بزيارات دورية لمراقبة أوضاع حقوق الانسان بالنسبة للعراقيين عامة والكورد خاصة تنفيذاً للغايات التي صدر القرار ٦٨٨ من أجل تحقيقها.

٥ـ تكريس الجهود وتكثيفها في مجال رفع الالغام والتي باتت عائقاً كبيراً في سبيل استعادة الحياة الطبيعية للمواطنين الكورد في المناطق الريفية واعادة إعمارها وتنميتها.

٦ـ العمل على إيجاد طرق بديلة للدخول الى كوردستان في حالة اصرار العراق على موقفها من دخول موظفي الامم المتحدة والعاملين في المنظمات الانسانية غير الحكومية تنفيذاً لالتزامات الامم المتحدة بموجب القرارين ٦٨٨ و٩٨٦ والقرارات الاحقة، ورداً على تخلي العراق عن تنفيذ التزاماته بموجبهما.

٧ـ حيث أن مجلس الامن قد أخذ بنظر الاعتبار معاناة شعب كوردستان ( المنطقة الآمنة) وما عانى من قمع وغبن وتخصيصه لنسبة ١٣٪ الى ١٥٪ من برنامج النفط مقابل الغذاء لتلبية حاجات المنطقة من قبل الامم المتحدة وبما أن للمنطقة المذكورة وضع خاص محمي من قبل الدول المتحالفة في عملية عاصفة الصحراء ( أمريكا وبريطانيا ) والمخولتين بموجب القرارات ذات العلاقة بحماية السلم والامن الدوليين في المنطقة والتي تعتبر درء القمع عن السكان فيها إحدى وسائلها... لذا فأن إخضاع المشاريع المشمولة بالقرارات ذات العلاقة ببرنامج ( النفط مقابل الغذاء) ،سواء الخاصة بالغذاء أو الدواء أو الإعمارللجهة المتهمة بممارسة سياسة القمع تجاه شعبنا وهي التي هدمت وأحرقت اكثر من ( ٤٥٠٠ ) قرية من قراه واستعملت ضده شتى أنواع أسلحة الابادة الجماعية ولازالت مستمرة في تغيير الواقع القومي للمنطقة أمر يبعث على التساؤل والاندهاش !؟ وأن هذه الناحية جديرة بالاهتمام من لدن السيد الامين

العام ومندوبي الدول دائمة العضوية في مجلس الامن ، فللمنطقة إدارة محلية تتكون من السلطة التشريعية المنتخبة ( المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق) وحكومة محلية و سلطة قضائية، تعمل بموجب القوانين العراقية الصادرة عن السلطات العراقية قبل سحبها لإداراتها من المنطقة في ٢٦/١٠/١٩٩١ إن لم تتعارض مع حقوق الانسان والمبادئ الديمقراطية. وإن قيامها وعملها لايعني من بعيد أو قريب انفصالاً عن العراق أو محاولة لتحقيق هذا الامر لذا يفترض ان يكون البت و الفصل في أختيار المشاريع الخاصة ببرنامج النفط مقابل الغذاء ذات العلاقة بالمنطقة الامنة عائداً للأجهزة الخاصة بالامم المتحدة بالتشاور مع السلطة المختصة بإدارة الاقليم «الحكومة المحلية»باعتبار الاخيرة سلطة الامر الواقع حالياً لا ان تكون معلقة على ارادة ورغبة الجهة التي صدر القرار ٦٨٨ والقرار ٩٨٦ ضدها وتحاول بشتى الوسائل التملص من تنفيذ أحكامهما وأفشالهما.

٨ـ لا يخفى على سيادتكم بان إبقاء قضية شعبنا دون حل عادل يحقق المساواة في الحقوق الانسانية والسياسية والمدنية وفق المعايير الواردة في المواثيق والعهود الدولية لا يساعد على تحقيق السلم والامن الدوليين في المنطقة و بما ان صون السلم و الامن الدوليين هي احدى دوافع إصدار القرار ٦٨٨ الذي رسم طريق الحوار كوسيلة ديمقراطية لإيجاد حل للمشكلة سلمياً لذا فأننا نرى بان الامم المتحدة يمكنها ان تلعب دوراً أساسياً في تحقيق هذه الغاية الان او في المستقبل وان تتخذ خطوات عملية في هذا السبيل وان تكون العملية تحت إشرافها وبضمانها خاصة وان القيادات الكوردية والمؤسسات الشرعية في كوردستان قد أختارت الفيدرالية كأساس لأي حل ضمن عراقٍ ديمقراطي برلماني يلتزم فعلاً بالمواثيق والعهودالدولية الخاصة بحقوق الانسان.

وتقبل فائق التقدير والاحترام

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ڕەشنووسی یاداشتنامەکەیە کە لە دانیشتنی ڕابردوودا پێشنیار کرا و، پاشان ئاراستەی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکەین، هیچ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەوەی کەوا ئامادە کرا لێرە لەسەر داوای هەموومان بوو و، شتێکی زۆر باش ئامادە کراوە، بەڵام یەک تێبینیم هەیە ئەویش ئەگەر بێت و پاشکۆیەکی لەگەڵ بێت و، لە پاشکۆکەدا

ئەو سیاسەتە ناڕەوایانەی کە رژێمی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی ئەدات و بەتایبەتیش ئەو کوردانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمدان روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە راستی ناوەڕۆکی یاداشتەکە زۆر باشە و لەسەر داوای خۆمان بوو، بەڵام وەکو من ئاگام لێی بێت باسی مەخموری تێدا نەبوو، ئەویش وەکو لای هەموومان ئاشکرایە کەوا مەخمور زەوییەکی زۆر بە پیت و بەرەکەتی هەیە بۆ کشتوکاڵ و، هەروەها نەوتیشی هەیە و، کانی گەچیشی تیادایە، جا بۆیە بووەتە جێگای تەماعی حکومەتی ناوەندی و تەعریبیان دەکات بە رای من ناوی مەخموریشی بخرێتە سەر و ئەگەر زانیاریشتان لەسەر مەخمور دەوێت ئەوە پەیدا دەبێت بۆ ئەوەی رەوانەی کەن و، من پێشنیارێکی تریشم هەیە ئەویش با تەنها پشت بەم یاداشتنامەیە نەبەستین، بەڵکو هەر زانیارییەکی ترمان دەسکەوت ئەوە رەوانەی کەین بەتایبەتیش ئێستا کە ئەنتەرنێت هەیە و رێگای تریش هەیە، بەردەوام ئێمە ئەو زانیارییانە بگەیەنینە جێگای مەبەست، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستخۆشی لە دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم یاداشتنامەیە، بەڵام من ئەم تێبینییەم هەیە، هەرچەندە لە ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەشدا باس کراوە، بەڵام من دەمەوێت وەکو خاڵێکی زەق و دیار بێت، ئەویش (ایقاف حملات التعریب الجاریة في المناطق الخاضعة لسیطرة الحكومة و خصیصاً في كركوك) و، دووەمیش وشەی «الاكراد» هاتووە و ئێمە وشەی «كورد» بەکار دێنین لە شوێنی «الاكراد» جا ئەگەر ئەویش بگۆڕدرێت باشترە، هەروەها وشەی «التساؤل والاندهاش» هاتووە، من لەگەڵ وشەی «الاندهاش»دا نیم بەڵکو بە رای من بکرێت بە «التساؤل و التحرك السریع»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم دەقە وەردەگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی، لەوانەیە ئەو دەستەواژە عەرەبیانە هیچی تێدا نەمێنێت، بەڵام ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی، کە وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی سیفەتێکی تر وەردەگرێت، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە جێگایەکدا هاتووە کەوا دەڵێت: (واستعمل ضده شتى انواع أسلحه الاباده الجماعيه) وابزانم لێرەدا ئەم دەستەواژەیە چەکی کیمیاوی دەگرێتەوە، بەڵام بەرامبەر بەکورد زۆر شێوازی کۆمەڵ کوژی بەکار هاتووە نەوەک چەکی کیمیاوی بەتەنها، دووەم، ئەگەر ناوی هەڵەبجەی تیادا بێت باشە لەگەڵ ناوچەکانی تردا کە ناویان هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەمەند ئاغا فەرموو.

**بەڕێز مەمەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یەکێک لە خاڵەکاندا هاتووە «کوردستان العراق المنطقه الآمنه» ئەگەر «المنطقه الامنه»ی لەگەڵدا نەبێت ئەوە هەموو کوردستان دەگرێتەوە چ ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی خۆمانە و چ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەوە باسی ١٣٪ دەکات، جا ئەو بەشە بۆ هەموو کوردستان نییە، بەڵکو تەنها بۆ ئەو شوێنانەیە لە کوردستان کە«المنطقه الامنه»یە، بۆیە جیامان کردووەتەوە، بەڕێز شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم یاداشتنامەیە جێگای ڕێز و تەقدیرە و، تەعبیر لە هەستی هەموو کوردێکی دڵسۆز دەکات، زۆر بە هێز بوو و، جێگای ڕەزامەندی و دڵخۆشی هەر هەموومانە، من یەک تێبینییەکی بچوکم هەیە ئەویش بە تێکرایی باسی مەینەتییەکانی گەلی کورد کراوە، تەنهای ئەوەی کە دەمەوێت باسی بکەم مەسەلەی کارەساتی ئەنفالە کە زۆر بە ڕوونی تیادا ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەگەر بکرێت ئەویش بە خاڵێک دیاری بکرێت کەوا چارەنووسی ئەنفال کراوەکانمان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەویش ئەگەر جەنابتان بە باشی بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەم تێبینیانە دیراسەت دەکەین و ئەوەی گونجاو بێت ئەیخەینە یاداشتنامەکەوە، زۆر سوپاس بۆ ئەم تێبینییانە، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز مەئمون بریفکانی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەکەین، کە تکایە

لیژنەی یاسا دوو ئەندامیان بێنە سەر سەکۆکە، هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی خزمەتگوزاریش و لیژنەی داراییش با بفەرموون بێنە سەر سەکۆکە، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە کراوە ئەوە رای لیژنەی یاساتان بۆ دەخوێنینەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە راپۆرتێکی هاوبەشە لە نێوان لیژنەی یاسا و لیژنەی خزمەتگوزاری.

بۆ /بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

نیشانە بە نوسراوتان ژمارە ک/١١ لە ١٤/٤/٢٠٠١ پاش خوێندنەوە و تاوتۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای شارەوانییەکان رای لیژنەکەمان هاوبەش لەگەڵ لیژنەی خزمەتگوزاری بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ماددەی« ٢٠ »:

بڕگەی « ١ » لیژنەی هاوبەش وا پەسەندی کرد کەوا بڕگەی « ١ » لەو ماددەیە کە پەیوەندە بە کاروباری داراییِ بۆ لیژنەی پسپۆر لە پەرلەمان بە جێ بهێڵن کە لێژنەی داراییە، بە مەرجێ ئەندامانی لیژنەکان ئازادن لە دەربڕینی بیروڕا لە بابەت ناوەرۆکی بڕگەکە.

بڕگە «٢» هیچ لاریمان لەسەری نییە.

بڕگە «٣» رای لیژنەی هاوبەش لەسەر بڕگەی «٣» ئەوەیە کە بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ.

(یجوز ان یتفرغ بعض أعضاء المجلس البلدي بناءاً علی أقتراح من رئیس المجلس ومصادقة المجلس البلدي لمهام المجلس ویفضل ان لا تزید نسبة المتفرغین علی ثلث أعضاء المجلس).

بڕگە «٤» هیچ لاریمان لەسەر نییە.

بڕگە «أ» ئەو بڕگەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(للوزارات ان تطلب من البلدیه القیام بصوره مؤقته أو دائمه بأی عمل یمکن القیام به من قبل البلدیه بصوره أجدیٰ وانفع للجمهور علیٰ ان لا تتحمل البلدیه أیه نفقات) لەبەر ئەوەی ئیمکان هەیە شتێک لە وەزارەتەکان داوا بکەن لە کاتێکدا ئەو ئیمکانییەتە لە میزانیەی شارەوانییەکە نەبێ.

بڕگە «ب» رای لیژنەی هاوبەش ئەو بڕگەیە لە پرۆژەکە لابردرێ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی یاسادانانە و هەموارە لەسەر یاسای هەموو وەزارەتەکان کە ئەمەش لە خودی دەسەڵاتی پەرلەمانە.

مادە «٤١» ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین تەنها وشەی «السکنیە» هەڵگیرێت و هەموو باڵەخانەیەک«عمارە» بگرێتەوە.

مـاددەی «٤٢» لیـژنەی هاوبەش لەگـەڵ دەقی پرۆژەکـەین بە مـەرجێ بڕگـە «٣، ٤»ی مـاددە بنەرەتییەکە لابردرێ، چونکە لەگەڵ یەکتردا گونجاو نین.

ماددەی «٤٩» لیژنەی هاوبەش لەگەڵ پرۆژەکەیە کەوا جێگای ماددە بنەرەتییەکە بگرێت.

شێروان حەیدەری

جێگری لیژنەی یاسا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتا ئەوە رای هاوبەشی هەردوو لیـژنەی یاسـا و خـزمـەتگوزارییـە، دێینە سـەر رای لیـژنەی دارایی، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

اللجنة: المالية والاقتصادية

العدد: ج/٧

التاريخ: ٢٠٠١/٤/١١

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ التعديل الرابع لقانون رقم «٦» لسنة ١٩٩٣

قانون وزارة بلديات إقليم كوردستان العراق

تحية واحتراماً

اجتمعت لجنتنا يوم الاربعاء الموافق ٢٠٠١/٤/١١ لدراسة ومناقشة مشروع التعديل الرابع لقانون رقم «٦» لسنة ١٩٩٣ (قانون إدارة بلديات اقليم كوردستان العراق) وندون ادناه توصياتنا:

١ـ المادة «٢٠» فقرة «٢» تقرأ كالآتي: (للموظف المنتخب للرئاسة أو العضوية أختيار الراتب والمخصصات الشهرية أو المكافئة الواردة في الفقرة «١» من هذه المادة.

٢ـ المادة «٢٠» فقرة «٤»: تضاف كلمة «الموظفين» بعد كلمة «المجلس» وتقرأ كالاتي: (تعتبر خدمة رئيس وأعضاء المجلس الموظفين مجزية لكافة أغراض الخدمة الوظيفية).

٣ـ المادة «٣٢» من المشروع الفقرة «أ» توصي اللجنة بالاكثرية حذف كلمة «أو دائمة» من هذه الفقرة وأضافة عبارة (على ان لا تتحمل البلدية أية نفقات) كما جاءت في نص المادة الثانية والثلاثون من القانون.

٤ـ المادة «٤١» توصي اللجنة بأن تقرأ المادة كالآتي (لا يجوز القيام بأي بناء قبل استحصال إجازة بناء من البلدية).

مع فائق التقدير

جميل عبدي السندي

رئيس اللجنة المالية والاقتصادية

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا مادده بە مادده ئەیخوێنینەوە پاشان گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

المادة الاولى:

تعدل المادة « ٢٠ » كالآتي:

١ــ يكافأرئيس وأعضاء مجلس البلدية من غير الموظفين شهرياً حسب التفصيل المبين أدناه، الصنف الخاص: الرئيس « ٤٠٠٠ » دينار، العضو « ١٠٠٠ ».

ممتاز: الرئيس « ٣٠٠٠ »دينار، العضو « ٨٠٠ »دينار.

الاول: الرئيس « ٢٠٠٠ » دينار، العضو « ٧٠٠ » دينار.

الثاني: الرئيس « ١٧٥٠ » دينار، العضو « ٦٠٠ »دينار.

الثالث: الرئيس « ١٥٠٠ » دينار، العضو « ٥٠٠ »دينار.

الرابع: الرئيس « ١٠٠٠ » دينار، العضو « ٤٠٠ » دينار.

٢ــ للموظف العضو او المنتخب للرئاسة أختيار راتب شهري أو المكافئة الواردة في الفقرة « ١ » أعلاه.

٣ــ يجوز ان يتفرغ بعض أعضاء المجلس البلدي بناءاً على أقتراح المجلس ومصادقة الوزير لمهام المجلس ويفضل ان لا يزيد نسبة المتفرغين عن ثلث أعضاء المجلس.

٤ــ تعتبر خدمة الرئيس وأعضاء المجلس مجزية لكافة أغراض الخدمة الوظيفية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگە«١» رای لیژنەی ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەیە، بەڵام سەبارەت بە برگە«٢» تاوەکو ئیستغلال نەبێت مووچەی مانگانە و دەرماڵە جیاوازە، لەبەر ئەوەی «للموظف العضو او المنتخب للرئاسة أختيار الراتب والمخصصات الشهرية أو المكافأة الواردة»، واتا یا مووچە و دەرماڵە وەرگرێت، یا موکافەئە وەرگرێت، وشەی «الرئيس»یش پێش وشەی «العضو» بێت.

برگەی دووەم (للموظف المنتخب للرئاسة أو العضوية اختيار الراتب او المخصصات الشهرية أو المكأفأة الواردة في الفقرة (١) من هذه المادة).

تێبینی دووەمم دەربارەی برگەی چوارەمە چونکە بە شێوەیەکی گشتی نووسراوە لەوانەیە هەفتەی چوار کۆبوونەوە دەکات چۆن بۆ هەموویان (حسابی خدمە مجزیە للوظیفە) بکات، چونکە ئەوە نە (توقیفات التقاعدیە) دەدات، لەبەرئەوە بە تەنیا (تعتبر خدمە رئیس واعضاء المجلس الموظفین) واتا ئەوەی موظف بێت یان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێت یان بۆ ئەندامانی ئەنجومەن ئەگەر (موظفین) بێت بۆئەوان حساب دەبێت (حساب الخدمە المجزیە لكافە اغراض الخدمە الوظیفیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بریارمان دابوو کە هەر ئەندامێک تەبدیل بکرێت بۆ وەزارەتی داراییمان تەبدیل کرد بەڵام هەر ئەندامێکی لیژنەکان ئازادن کە رای خۆیان بدەن لەسەر کارەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر هەموارکردنی ماددە (٢٠) دەستیان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی ناونووسیان بکەین، فەرموو کاک رەجەب شەعبان.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی چوار دەڵێت: (تعتبر خدمە رئیس واعضاء المجلس) من پێشنیار دەکەم (من (الموظفین) زیاد بکرێت هەتا هیچ گومانی تێدا نەمێنێت بۆ فەرمانبەران. واتا بەو شێوەیە بێت (اعضاء المجلس من الموظفین مجزیە لكافە اغراض الخدمە الوظیفیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو پارانەی کە داندراوە لە نێوان سەرۆک و ئەندام هەرگیز گونجانی نییە هیچ گونجاو نییە بۆ نموونە (٤) هەزار دینار لەگەڵ (هەزار) دینار (٣) هەزار دینار لەگەڵ (٨٠٠) دینار (٢٠٠٠) دینار لەگەڵ (٧٠٠) دینار یان (١٧٥٠) دینار، لێرە دانراوە ئەندام لەوانەیە کارمەندێکی زۆر بەسیت کارگوزارێکی شارەوانی بە (٤٠٠) دینار گونجاو نییە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیش (٤٠٠) دینار وەربگرێت لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم هی ئەندامەکان مووچەیان بەلای کەم (٥٠ ٪)ی رەئیس بێت بەنیسبەت هەر شارەوانییەکی کە تەقدیر کراوە (٥٠ ٪)ی مووچەی ئەندام و سەرۆکی شارەوانی من وا پێشنیار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمەش هەمان رای لیژنەی یاسایە بەڵام بەنیسبەت سنفی سێ و چوار ئەوان متناسقن و لێک نزیکن، باشە هی ئەوانی تر سنفی ممتاز و سنفی تایبەت و یەکەم ئەوانە بگۆڕێ وەکو رای کاکەڕەش گوتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رای بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندیە بەنیسبەت موکافەئەی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی کە (٥٠ ٪)ی هی سەرۆک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز شێخ یەحیا فەرمو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان قسەی کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد لەسەر بابەتی جیاوازی لە نێوان موکافەئەی سەرۆک و ئەندام بەراستی جیاوازییەکەی گەلێک زۆرە ئەگەر لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا پێشنیارێک بکەن رەنگە باش بێت، تەنیا ئەو رایەی کاکەڕەش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس. بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
قسەکانی من کاکەڕەش ئاماژەی بۆ کرد، زیاد کردنی موکافەئە شتێکی باشە بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین سنفی تایبەت سەرۆکی شارەوانی (٤٠٠٠) دیناری بۆ دانراوە بەڵام سنفی چوار (١٠٠٠) دیناری بۆ دانراوە واتە چوار بەرابەری ئەو وەردەگرێت واتا نزیک کردنەوەی موکافەئە لەیەکتری شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
من لەسەر بڕگەی چوار قسەم هەیە لێرە نووسراوە (تعتبر) واتا مەوزوعەکەی رەچاو کردووە کەچی بڕگەکە پەیوەندی بە ژمارەکانەوە هەیە (ترفیعة، علاوئیة، سنوات خدمئیة) ئەمانە هەمووی ژمارەن دەبێ بگوترێت (تحتسب) من تەماشای هەموو یاساکانی ترم کردووە کە ئەو مەوزوعە هەبێت هەموو جار لە جیاتی (تعتبر) نایەت دەگوترێت (تحتسب خدمة رئیس واعضاء المجلس من الموظفین) ئەوە یەکێکیان، ئەوەی تر دەبێت باسی تقاعد بکرێت تاکو دیار ببێت خدمەی وظیفی لەوانەیە هەندێک موظف حساب نەکەن بۆ تقاعد واتا ئەو موزەفەی پەیوەندیی بە مەوزوعەوە هەیە ئینجا بگوترێت (تحتسب مدة خدمة رئیس واعضاء المجلس من الموظفین لکافة اغراض الخدمة) ئەگەر واش نەبێت (لاغراض العلاوة والترفیع والتقاعد) بێت لە یاساکانی تر وا هاتووە کە دیاری کراوە یانی خدمەی وەزیفی کە علاوەیە و ترفیعە و تقاعدە ئەگەر خدمەی وەزیفی بێنێت تقاعد داخل دەبێت.
سەبارەت بڕگە سێ لێرە هاتووە دەگوترێت (یجوز ان یتفرغ بعض الاعضاء ویفضل ان لا تزید) لێرە یفضل بوارێک دەکاتەوە دەبێت ئەو ژمارەیەش دیاری بکەین بڵێین (علی ان لا تزید نسبة المتفرغین «مثلاًعن الثلث»)، بەڵام ئەو (یفضل)ە بوارێک دەکاتەوە لەوانەیە هەر شارەوانییەک بە شێوەیەک بیکات لە خاڵەکانی ترێش لەگەڵ برادەران ئاماژەم دا کە (٥٠٪) بێت و موکافەئە بەیەک رێژە بێت بۆ هەمووان باشترە، سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم: لە برگە یەک سەبارەت بە دارِشتنەکە (غیر الموظفین) زیادە، چونکە لە برگە دوو هاتووە سەرۆک و ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئارەزوومەندن کام لە مووچەو موکافەئە هەڵدەبژێرن بەرای من (الموظفین) لە موعەدەلەکە هەیە وا دەزانم لێرەش بە هەڵە هاتووە. دووەم: حەقل بۆ موکافەئەی (نائب رئیس) دانەنراوە کە هەر ئەنجومەنێک جێگری سەرۆک بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت بەپێی مادده (٢١)ی ئیدارەی بەلەدیات تەناسوبی بەینی موکافەئاتیش کە باسیان کرد من خۆم تەئییدیان دەکەم لە حەقلی (الصنف) وشەی (ممتاز) لەرووی زمانەوانییەوە جوانترە کە ئەلف لامێکی بۆ زیاد بکرێت بۆئەوەی وەکو ئەوانی تر بێت. سەبارەت بە حەقلی چوارەمیش پشتگیری رای لیژنەی دارایی دەکەم (للموظف المنتخب للرئاسة أو عضوية المجلس) وەکو چۆن وتوویەتی وا بێت. وشەی (یفضل)یش بۆ یاسا حاسم نییە بگوترێت (على ان لا تزيد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. ناسح فەرمو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسانەوە سەبارەت بە برگەی یەک من تێبینیم هەیە کە تەنسیق نییە، لە نێوان ئەو پارەیەی بۆ سەرۆکەکان دیار کراوە لەگەڵ ئەندامانیدا جیاوازییەکی زۆری هەیە پێم باشە هی سەرۆکەکان جیاوازییەکەی ئەوەندە زۆر نەبێت هی تایبەت چوار هەزار بێت هی ممتاز ٣٥٠٠ بێت هی یەکەم ٣٠٠٠ بێت هی دووەم ٢٥٠٠بێت هی سێیەم ٢٠٠٠ بێت هی چوارەم ١٥٠٠ بێت واتا هەریەکەو (٥٠٠)ی لێ بێتە خوارەوە ئەو رێژەیەش سەبارەت بە ئەندامانەوە کە کرا شتێکی باشە (٥٠٪)ی سەرۆکەکانیان هەبێت.

منیش لەگەڵ تێبینییەکەی مامۆستا مەلا تاهیردام وەکو جەنابیشت گوتت (بشرط) بێت یان بگوترێت (على ان لا تزيد) لە جیاتی یفضل باشترە، دەربارەی ئەوەی لیژنەی دارایی پێشنیاری کردووە کە وشەی (موظفين) زیاد بکرێت من پێم باش نییە لە پرۆژەکە دروستتر هاتووە، چونکە کە بڵێی (موظفين) باشە یەکێک هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامی سبەی دادەمەزرێت ئەم چوار ساڵەی بۆ حساب ناکرێت ئەگەر وشەی موظفين بۆی دیاری بکەین بۆیە من پێم باشە چۆن لە پرۆژەکە هاتووە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، سوپاس. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاک ڕەش محەممەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەوە ئەوە پێشنیاری لەسەر کرا. بڕگە چوار بەڕێز د. ناسح باش بۆی چوو کە وشەی (موظفین)ی هەر تێدا نەبێت، چونکە خەڵکێک هەیە تعیین دەبێت لەوانەیە ئەندازیارێکە یان پارێزەرێکە کە تعیین دەبێت بۆ ماوەی چوار ساڵ دوای ئەوە دەچێت لە وەزیفەیەکی تر دادەمەزرێت ئەم چوار ساڵەی بۆ بەخۆڕایی بڕوات؟ بە خزمەت بۆی حساب دەکرێت و دەچێتە سەر نسبەکەی، بەڵام ئەوەی کە کاک ئیبراهیم سەعید پرسی خراپ نییە بۆ ڕوونکردنەوە بگوترێت (لکافة اغراض الخدمة والتقاعد) تەنیا ئەو دوو وشەیە بەسە (تعتبر و تحتسب) هیچ جیاوازییان نییە هەردووکیان هەر دەبێت بەڵام باشترە بگوترێت (تعتبر خدمة رئيس واعضاء المجلس مجزية لكافة اغراض الخدمة والتقاعد)، وشەی (تقاعد) لە جیاتی خدمەی وظیفیەکەی بڕوات خراپ نییە. لێرە وشەی وەزیرمان لابردبوو برادەران هیچ کامیان باسیان نەکرد بۆ ئەوەی لیژنەی یاسا لە بڕگە سێ (يجوز ان يتفرغ اعضاء المجلس البلدي بناءاً على اقتراح من المجلس)نووسیومانە (اقتراح من قبل الرئيس ومصادقة المجلس) نەمان نووسیوە «مصادقة الوزير».

وشەی يفضليشمان دانا وتمان لەوانەیە هەندێ جار پێویستترە لە سێ یەک تەفروغ بکەن ئەوە بەجێ دێلین بۆ تەقدیری هەردوو لایان لەلایەنی یاساییش ڕاناوەستێت ئەگەر بگوترێت ويفضل بەوپێیە لەوانەیە (حسم) نەکراوە، چونکە لەوانەیە هەندێ جار ئەگەر لە سێ یەک زیاتریان پێویست بێت لەوانەیە یاساکە هەموار بکەن، بەڵام بەو شێوەیەی هاتووە تۆزێک مرونەی تێدایە لەڕووی یاسایشەوە هیچ گرفتێک دروست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز وەزیری شارەوانی فەرمو.

**بەڕێز مەئموون بریفکانی/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە موکافەئەی سەرۆک و ئەندامان بەنیسبەت ئەو ئەندامانە هەفتەی یەک دانیشتنیان هەیە موتەفەریغ نینەو (٣٠) ڕۆژ دەوام ناکەن و ئەگەر تەماشای یاسای کۆنیش بکەین هەر لە (٣٠٠ تا ١٠٠) دینار وەردەگرن ئێستا دەبێت ڕەچاویشی بکەین سنفی چوارەم و سێیەم و دووەم لە ناوچەی زۆر دوورن (نائی) لەوانەیە تەرخان کردنی پارەش ئەوەندە ئاسان نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەنجومەن بە گشتی ڕازییە لەسەر ڕێژەیەک زیادە خراپ نییە.

سەبارەت بە (للموظف العضو او المنتخب للرئاسة اختيار الراتب الشهري او المكافأة الواردة) لێرە پێشنیاری جەماعەت ئەوەیە دەرماڵەی مانگانەو والمكافأه الوارده یانی خۆی فەرمانبەر یان ئەو موکافەئەیە هەڵدەبژێرێت یان مووچەی خۆی بەهەموو دەرماڵەکانەوە وەردەگرێت ئەوە زۆر

روونه من به پێویستی نازانم که ئەوە بگۆڕدرێت کەواتە یان ئەوە وەردەگرێت، یان ئەوەی تر، بۆ نموونه فەرمانبەرێک ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانییه یان لێرە پارە وەردەگرێت یان له فەرمانگەی خۆی وەریدەگرێ.

دەربارەی تەفەروغ ئێمە حەز دەکەین هەموویان تەفەروغ بکەن، بەڵام قەبوول ناکەن یەکێک ئەندازیارە نایەت نووسینگەی خۆی بۆ من بەجێ بهێلیت یان مانگی به هەزار دینار ئیش بکات یان به هەزارو پێنج سەد دینار ئیش بکات یان دکتۆرێک عیادەی خۆی بەجێ بهێلێت ئێمە حەزدەکەین تەفەروغ بکەن بەڵام ئێمە تەوەقوع دەکەین ئەو رێژەیه بەسه لەوانەیه هەموو ئیختساسەکان نەیەن بەڵام بۆ وشەی (یفضل) ئێمە مەتاتییەتێکمان داوە واتا تۆزێک حەدی نەبێت.

دەربارەی (مصادقة الوزیر) یان (اعضاء المجلس البلدي) ئەو مەوزوعەی تەفەروغ لەوانەیه ئیشکالێکی داخلی دروست بکات یان ئێمە له وەزارەت زۆر رازی نین ئەو ئیختساسانه تەفەروغ بکەن ئیحتماله بلێین موسادەقەی وەزیری تێدا نەبێت ئەوە رۆژانه پەیدا نابێت یەک جار پەیدا دەبێت.

دەربارەی (تعتبر خدمة رئیس واعضاء المجلس مجزیة لکافة اغراض الخدمة الوظیفیة)، ئەوانه شەملی موظف ناکەن، چونکه موظف خۆی یاسای خۆی هەیه چ سەرۆک شارەوانی بێت یان فەرمانبەری ئاسایی بێت ئێمە ئەو برگەیەمان زیاد کرد لەبەر خەڵکێکی مەدەنی ئەوانەی فەرمانبەر نین و دێنه ناو ئەنجومەنی شارەوانی بۆ ئەو ماوەیه بۆ ئەوان بەخۆڕایی بروات ئەوان سوود ببینن لەوە کە دەڵێین (لکافة اغراض الخدمة الوظیفیة) ئەوە شمولی هەموو تەقاعود و هەموو شتێک دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی برادەران کە دەڵێن لە نێوان سەرۆک و ئەندام جیاوازییەکی زۆر هەیه ئەوان وا تەسەور دەکەن. سەرۆک دەوامێکی بەردەوام دەکات رۆژانە (٦) سەعات له بەیانی، ئێوارەش بەلای کەمی سێ سەعات دەوام دەکات واتە هەفتەی (٥٠) سەعات دەوام دەکات، بەڵام ئەندام له هەفتەدا یەک کۆبوونەوە دەکات ئایا ئەو کۆبوونەوەیە سەعاتێک دەخایەنێت یان سەعاتێک و نیو یان زۆر زۆر دوو سەعات هەروەها هەموو بەرپرسییەکانی سەرۆک دەکەوێتە سەر سەرۆک ئەو نوێنەرایەتی شارەوانی دەکات له دادگاکان و هەموو شتێک لەبەر ئەوە (٤٠٠٠) دینار بەرامبەر (١٠٠٠) دینار ئەو هەزار دینارە زۆرە کەم نییه با برادەران حسابی بکەن (١١) ئەندامن ئەوە

( ١١٠٠٠ )دینار ( ٤٠٠٠ )دیناریش بۆ سەرۆک مانگانە ( ١٥٠٠٠ ) دینار لە شارەوانی دەروات واتا سالآنە ( ١٨٠٠٠٠ ) دینار باشە ئەو ئەندامانە هاتوونە خزمەتی ئەو شارە بکەن یانیش ببنە بارگرانییەک لەسەر بوودجەی هەولێر، لەبەرئەوە ئەو مەبلەغانەی کە دانراون زیاد دانراوە نەک کەم رای لیژنەی داراییش ئەمە زۆر بوو بەلاّم زۆربەی برادەران لەوانەیە لە ئەنجومەنی وەزیران لەسەری رێککەوتون، بەلاّم من خۆم لەگەلّ ئەوە بووم کەمی بکەن، بەلاّم ئێمە ئیلتزام بە زۆربەی دەنگدان دەکەین کە گوترا وەکو خۆی بمێنێت کەمی ناکەین، بەلاّم لەگەلّ مەسەلەی زیاد بوون ئەوە شتێکی نارەوایە.

شارەوانییەکی بچوک وەختێ لە هەقی خۆی دەرنەچێت وەزارەتی شارەوانیش پارەی نییە ئەوە هەموو بار گرانییەکە دەکەوێتە سەر خەزینەی دەولّەت و وەزارەتی داریی و ئابووری ئایا ئەو پارەیە بۆ خزمەتی شار چاکترە یان بۆ ئەو برادەرانەی کە نوێنەرایەتی ئەو شارە دەکەن لە گیرفانی خۆیان کامیان چاکترە؟.

بەرێز کاکەرەش فەرمووی بۆ پلەی چوارەم ( ٤٠٠ ) دینار کەمە، ئەوە بۆ ناحیەیە ئەو ئەنجومەنە لەوانەیە مانگی دوو جار کۆبوونەوە بکات شارەوانی ئەو شارۆچکەیەش هەر موحتاجە بیداتێ یان وەزارەتی دارایی بێت یانی پارەی ئەو لە دەرهەقی خەرجییەکانی ئەو دەرناچێ. دەرچووی کۆلیژ بە (١٤٨) دنیار دادەمەزرێت ( ٣٠ ) دیناریش زیادەی پەرلەمانی هەیە کە هەمووی ناکاتە ( ١٨٠ ) دینار دەکاتە (١٧٨) دینار هی تەقاعودی لێ دەروات رۆژانەش شەش سەعات دەوام دەکات هەموو مووچەکەشی ( ١٧٠ ـ ١٨٠ ) دینارە ئەندامێک لە ناحیەیەک ( ٤٠٠ ) دینار وەردەگرێت کە دوو هەفتە جارێکیش لەوانەیە ئامادەنەبێت لەبەرئەوە ئەو مەبلەغەی دانراوە زیادەو کەم نییە و نابێت ئێمە بەراوردی سەرۆک بە ئەندام بکەین، چونکە بەلای کەمی سەرۆک هەفتانە ( ٥٠ ) سەعات دەوام دەکات، بەلاّم ئەندام هەفتەی یەک سەعاتیش دەوام ناکات لەوانەیە کۆبوونەوەکە سەعاتێک بێت یان لە ناحیە نیو سەعات بێت.

دەربارەی برگە (٢) کە مووچەو دەرمالّەیە بۆئەوەی ئیشکال نەمێنێت داوامان کرد کە ببێتە راتب و مخصصات شهریە بۆئەوەی خراپ بەکار نەهێنرێت (سوء استغلال) نەکرێت.

دەربارەی برگەی (٣) ئێمە لەگەلّ دەقە هەموارکراوەکەداین کە دەلّێت (مصادقة الوزیر) پێویستە نە هەر سەرۆک شارەوانییەک بۆخۆی داوا بکات و ئەنجومەنەکە هەمووی موتەفەریغ بێت ئەمە دەبێتە بارگرانییەکی زۆر لەسەر وەزارەتی شارەوانی بە پلەی یەک و حسابی وەزارەتی دارایی دەبێت لەبەرئەوە موسادەقەی وەزیر شتێکی زۆر پێویستە ئەگینا بۆ وەزیری شارەوانیمان هەیە؟، لە هەندێ ولاّت وایە، چونکە خۆی وەزیری شارەوانی نییە، یاخود شارەوانی سەر بە (ئیدارەی محلی) بێت ئەوە شتێکی ترە، بەلاّم لێرە وەزارەتی شارەوانیمان هەیە، لەبەرئەوە موسادەقەی وەزیر شتێکی زۆر پێویستە، چۆن شت لە شارەوانی بکرێت بێ موسادەقەی وەزیر؟!.

دەربارەی خدمە کە ئایا خدمەی مجزی بێت بۆ هەموو اعضاء بۆ اغراض الخدمە الوظیفیە؟،

خدمەی وەظیفی یاساو نیزامی خۆی هەیە ئەوەندە سەعات دەوامە ئەوەندە لە مووچە (استقطاع) دەکرێت بۆ فەرمانگەی خانەنیشینی، باشە چۆن بۆی بە خدمە حساب بکرێت و تەقاعودیش وەربگرێت و پابەندی هیچ دەوامێک نەبێ و بە یاساو نیزامی خدمەش نەکات؟ و نە هیچ نیسبەک لە پارەکەی معاشەو نە راتب و نە تقاعدیشە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەڕەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بۆچوونانەی لیژنەی دارایی لەوانەیە بەڵگەی خۆیان هەبێت تا رادەیەک بەڵام زۆریشی لەجێی خۆی نییە چونکە زۆر ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی موتەفەریغن، کابرایەک بە (٣٠٠) دینار یان (٤٠٠) دینار نایەت تەفەروغ بکات بۆ ئیشوکاری ئەنجومەن دەبێت ئیمە خەڵکێک بێنین مرۆڤی بە کەفائەت بن دەبێت هەوڵ بدەن خۆیان تەرشیح بکەن نەک ئێمە هەر وەک فەرمانبەرێک حسابی بۆ بکەین کە بە (١٥٠) دینار دادەمەزرێت بڵێین ئەوەش نابێت لە (٤٠٠) دینار کەمتر بێت، خەڵکێک بێت خۆی تەرشیح نەکات کە موئەهەلاتێکی تێدا بێت، چونکە کە یەکێک ژیانێکی هەبێت بەڵام لە شارەوانی نەتوانێت خۆی بژێنێت خۆی تەرشیح ناکات چونکە واز لە ئیشوکاری خۆی ناهێنێت ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی و تەفەروغ بکات بۆ ئیشوکاری ئەنجومەن و واز لە کاسبی خۆی بێنێت. ئێمە دەقێکمان داناوە کە ثلثی اعضای مەجلیسی بلدی متفرغ بن بۆ ئیشوکاری ئەنجومەن کە موتەفەریغ بێت واتا کاسبی خۆی کەم دەبێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئێمە بیر لە ژیانی ئەوان بکەینەوە کە بتوانن بژین، چونکە سەرۆک شارەوانی زۆر ئەرکی هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەنجومەنی شارەوانی ئەرکی زۆر زۆرە سەرۆک هیچ بڕیاری پێ نادرێ ئەگەر ئەنجومەن دانەنیشێت و کۆنەبێتەوە وبڕیار دەرنەکات، ئەنجومەنی شارەوانی پاڵپشتی سەرۆکە، سەرۆکەکە زۆر تەهمیشی دەبێت ئەگەر ئەنجومەنی شارەوانی تەعامولی لەگەڵ نەکات و ئیشوکارەکانی تەسدیق نەکات.

دووەم ئێمە ئێستا ئاراستەیەکی دیموکراتیمان گرتووەو بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین، پێویستە هەندێک خۆمان لە مەرکەزیەت دوور بکەینەوە، چی تێدایە ئەگەر سەرۆک شارەوانی پێشنیار بکات (ثلثی) ئەندامانی موتەفەریغ بن هەر دەبێت وەزیر موسادەقەی لەسەر بکات ئەگەر وەزیر موسادەقەی لەسەر نەکرد ئەو تەفەروغە نەبێت بۆچی نەبێت ئەوانە میللەت هەڵیبژاردوون و میللەت دەنگی پێداون بۆ ئەوەی خزمەتی میللەتەکە بکەن، خۆیان بە پەسندی دەزانن کە سێ یەکی ئەوانە موتەفەریغ بن بۆ ئیشوکاری ئەنجومەن بۆ تەنیا حەسر بێت بە وەزیر؟ کە وەزیر موسادەقەی نەکرد ئەو بڕیارە نەڕوات؟ هەڵبژاردن لە ئارادایە ئێمە دەبێت هەندێ مرونە بخەینە

سەر یاساکان و تۆزێک لە مەرکەزیەت دوور بکەوینەوە، خەڵکێک هەڵبژێردرێت بۆ وەزیر رای لەسەر نەدات؟ میللەت دەنگی پێداوە دەڵێت با موتەفەریغ نەبێت، چونکە وەزیر عەقلی نایگرێت ئەمە موتەفەریغ بێت، چونکە ئەنجومەنەکە خۆی بڕیار دەدات چەند کەسی پێ دەوێت و کێشی پێ دەوێت بۆ ئیشوکاری خۆیان، وەزعی خۆی ئەنجومەنی شارەوانی دایدەنێت وەزیر ئیشەکەی زیاتر سەرپەرشتییە، لەبەرئەوە ئێمە لە لیژنەی یاسا سوورین لەسەر رای خۆمان کە دەبێت سەرۆک پێشنیاری بکات، ئەنجومەن پەسەندی بکات وەزیر پەیوەندیی بە تەفەروغی ئەندامانی ئەنجومەن نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ یەحیا فەرمو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ رای لیژنەی دارایی نیم، زۆر بە ساکاری تەماشای سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی شارەوانی کرد، ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆکی شارەوانی هەڵبژێردراون و باشە شیاوی ئەوە نینە کە (١٠٠٠) دینار موکافەئە وەربگرن؟، یانی ١٠٠٠ دینار تەفضیل بکرێت لەسەر ئەو هەڵبژاردنەو دەنگدانی خەڵکەکە، ئەگەر ئەو کۆمەڵە پێویست نەبێت هەر هەڵنابژێردرێن، جا داوام وایە لەسەر هەمان رای پێشووتر بێت بەڵکو زیادیش بکرێت بەڵکو هاندانێکیش هەبێت و تەناسوبێکیش هەبێت لە نێوان هەردوو موکافەئەکانیش هی سەرۆک و جێگری سەرۆکیش بەتایبەتی بۆ ئەوەی خەڵکێک هان بدرێت و خۆیان بپاڵێون.
لیژنەی یاسا باش ئاماژەیان بەوە کرد خەڵکێک ئامادە نین موتەفەریغ بن بە (٥٠٠) دینار هەتا (١٠٠٠) دیناریش رەنگە هەر کاسبیەک بکات لەناو بازار لەو (١٠٠٠) دینارە باشتر بێت، ئەمە ئەنجومەنێکە جێی باوەڕو متمانەیە گەلێک هەڵیدەبژێرێت بۆئەوەی نوێنەری بێت لە هەموو تەسەروفاتەکانی شارەوانی، بۆیە تکا دەکەم ئەو رێژەیە رێک بخرێت.
دەربارەی مەوزوعی تەفەروغ با ئەنجومەن خۆی بڕیار بدات کە ئەنجومەن هەڵبژێردراو بێت بەڵام توانای ئەوەی نەبێت کێ تەفەروغ بکات و کێ تەفەروغ نەکات ئەمە هەر هەقی ئەنجومەنەو هەقی کەسی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا سەرۆکی پەرلەمان من دەڵێم دەبێت ئێمە تەمییزێک بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسە بە (وەڵڵا سەرۆک پەرلەمان) دەست پێ ناکات، چۆن ئسوڵی قسە دەکرێت تکایە وا بیکە لەوانەیە هەڵەت کردووە گرفت نییە فەرمو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە سەهو بووم، بەراستی مادام گفتوگۆ هەر لەسەر داراییە ئێمە دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان ئەندامێکی موتەفەریغ و ئەندامێکی نا موتەفەریغ، دەرماڵەی ئەندامی موتەفەریغ دەبێت جیاوازی هەبێت لەگەڵ دەرماڵەی ئەندامی نا موتەفەریغ، ئێمە ئەمەمان تەجاهول کردووە لە وەختێکدا دەڵێین دەبێت ثلثی ئەندامانی ئەنجومەنەکەش بە رەزامەندی وەزیرەوە موتەفەریغ بێت لەبەرئەوە ئەوەی موتەفەریغ نەبێت لەوانەیە ئەو پارەیەی باش بێت بەڵام ئەوەی موتەفەریغ بێت دەبێت مافی تەواوی خۆی وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک عەبدولخالق.

بەڕێز حاکم سەفەر فەرمو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە (٣) هاتووە (يجوز ان يتفرغ بعض اعضاء المجلس البلدي بناءً على اقتراح من المجلس) لێرە بەدیاری کراوی باسی تەفەروغ بکات دەقەکە کفایەتی نەکردووە بە موسادەقەی وەزیر (ومصادقة الوزير لمهام المجلس)، من مەبەستم بە گشتی هاتووە ئەمە یەک. دوو، دەربارەی ٠دەرماڵەی ئەندام من پێشنیاری کاکەڕەش زۆر بەباشی دەزانم کە هەموارێک بکرێت (على الاقل ان لا يقل عن ٥٠٪ من مخصصات او مكافأت الرئيس) بەڵام رای کاک جەمیل وەکو دەڵێن (فلان ملك اكثر الملك) جەنابی وەزیری شارەوانی لێرەیە و وزەیری دارایی لێرەیە ئەوان بەرهەڵستکار نەبوون وەزیری شارەوانی فەرمووی کە زیاد بکرێت زۆر باشە بۆ ئەندام، بەڵام کاک جەمیل زۆر بەرهەڵستکار بوو گەر رای لایەنی پەیوەندیدار رەچاو بکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لایەنی پەیوەندیدار هێشتا قسەیان تێدا نەکردووە. بەڕێز کاک مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ لیژنە تەنسیقمان کردووە، منیش هەر هەمان رام هەیە تەنیا ئەوە دەڵێم ئەو کەسانەی

تەفەروغ دەکەن مرۆڤ موتەخەسیس دەکەن لەو بابەتە، چونکە وەکو جەنابی وەزیر ئاماژەی بۆ کرد بۆ نموونە ئەندازیارێک نایەت بە (٥٠٠) دینار یان (١٠٠٠) دینار تەفـەروغ بکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە رێژەی مووچەکە زیاد بکرێت بۆئەوەی بتوانیت تەفەروغ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز مەئمون بریفکانی/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی بەڕێز کاکەرەش فەرمووی (مصادقة الوزير) ئێمە ئێستا لەنێوان دوو شت خلط دەکەین بەڕاستی یانی لەیەک جهەت ئێمە تەقلیدی بلدیاتی ئەورووپی دەکەین و لە جیهەتێکیش یانی وەزعی واقیعی خۆمان دەکەین، ئەگەر وەزارەتی بلدیات نەمێنێ کە ئێستا موتتەبەعە لە عالەم وەزارەتی بلدیات نییە، لەوێ محافەزەش نییە، رئیس بلدیە هەموو شتێکە لەبارەی سیاسی و اجتماعی و فنی لەوێ هەموو شت عایدی بلدیەیە و رەنگە بلدیات هەموو لەنێوان خۆیان اتحادێکی مەرکەزییان هەیە تمشیەی اموری ئەو بلدیاتە دەکەن، لەو حالەتە هیچ شتێک ناچێتە مرجعێکی بڵند بۆ نموونە ئێستا جاک شیراک لە باریس خۆی رئیس بلدیە بوو، بەڵام لێرە بۆ هەندێک شت تقلیدی ئەوان دەکەین بۆ هەندێک شتیش تەقلیدی وان ناکەین، ئەگەر وابێت مانای وایە سبەینێ مخططێکی زۆر گرنگیش لە تەغیری تصمیمی اساسی دەبێ نەیەتە وەزارەت ئەبێ لەوێ مجلسێکی مونتەخەبە و دەڵێن میللەت انتخابی کردووە وئەو بۆ بێیتە وەزارەت و ئەوان خۆیان بریار دەدەن بەڵام ئەوە اشکالێکی زۆر گەورە دروست دەکات یان دەبێت ئێمە بێین وەزارەتی لەغو بکەین ومحافظە لەغو بکەین و ریئاسەی بلدیە بکەینەوە دەتوانین هەموو شتێک بکەین، من تەنها ئەوەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو موکافەئاتەی کە دانراوە هەروا ئێمە بەگەمە ژمارەمان دانەناوە و، هەندێک ژمارەمان تەسبیت کردبێت ئێمە حسابمان کردووە کە وەکیل وەزیرو مدیر عام لەسەر ئەو ئەساسە ئەو موکافەئاتانەمان دەست نیشان کردووە بۆ سەرۆکی شارەوانییەکان وبۆ ئەندامانی ئەوان. ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی زۆر راستە ئەوەی کە دامانناوە زۆر زۆرە بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەو لەسەر ئەو ئەساسە ئێمە بەراستی مەبلەغێکی زۆریشمان دانێ هەر لەبەر ئەوە ئەگەر حساب بکەن و مقارنەش بکەن لەگەڵ ئەو مەبالغانەی کە پێشتر هەبووە چەندین لەسەد زیادەی هەبووە و

داواش دەکەم هەروەکو خۆی بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆ لە ڕاستیدا ئەگەر شت کەم بێت یەکەم جار ئەوە باشترە لەوەی کە زۆر بێت کەمی بکەیتەوە، ئەگەر کەم بێت پێویستی بەزیاد کردن هەبێت ئەوە زیادی دەکەی بەڵام ئەگەر زۆر بوو لەدواییدا کەمی بکەیتەوە تۆزێک اشکال دروست دەکات و تا حدێک شتێکی باش نییە و لەراستیدا مەسائیلی مالی پەرلەمان عادەتەن رەچاوی رای حکومەتی کردووە، وەزارەتی مالییە دەتوانێ چەند بدات و لەسەر چ اساسێک حسابی کردووە ئێمە لەوانەیە زۆر زەحمەت بێت لەلامان و لێرەوە بتوانین ئەو تەقدیراتانە بەشێوەیەکی راست دەست نیشان بکەین، هەر ئەو تێبینیەم هەبوو دەمویست بیڵێم ئێستا کورتەی مەوزوعەکە لە ماددەی بیست صنف ممتاز دەبێت بە (الممتاز) باوەڕ ناکەم هیچ لیژنەیەک اعتراضی لەسەر هەبێت، خاڵی چوارەم (تعتبر خدمة رئیس واعضاء المجلس مجزیة لکافة اغراض الخدمة والتقاعد) باوەڕ ناکەم لەسەر ئەوەش اعتراض هەبێت ئەوەش دەگرێتەوە یەک شتە، وابزانم هەردوو وەزیری بەڕێز رازین لەسەر ئەو شتە، بۆ ئەوەی راو بۆچونی ئەندامانیشی تێدا بێت و پێشنیارەکانی ترتان گوێ لێ بوو، بەڕێزان بەنیسبەت زیاد کردنی پارەوە بەنیسبەت لابردنی مصادقەی وەزیر بەڵام ئێمە موقتەرەحی حکومەتی هەرێم بەو شێوەیەی کە طرح کراوە بەو دوو تەغییرە بەسیطەی کە خستمانە سەری (الممتاز) واضافەی (التقاعد) کە حکومەت خۆی پێی رازیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە موافقن لەسەر ئەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا هەشت دەنگ موعارز بوو ، تەعدیلی دووەم ماددەی سی ودوو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

تعدل المادة الثانية والثلاثون وتقرأ كالاتي:

المادة الثانية والثلاثون:

أ- للوزارات ان تطلب من البلدية القيام بصورة مؤقتة او دائمة باي عمل يمكن القيام به من قبل البلدية بصورة اجدى وانفع للجمهور.

ب- لمجلس الوزراء وفق القوانين المرعية فك ارتباط الدوائر الخدمية التي لها تماس مباشر بالمواطنين عن الوزارات المختصة وربطها بالبلدية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم جۆرەیە کە بڕگەی (أ) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:
(للوزارات ان تطلب من البلدية القيام بصورة مؤقتة او دائمية باي عمل يمكن القيام به من قبل البلدية بصورة اجدى وانفع للجمهور على ان لاتتحمل البلدية اي نفقات) لەبەر ئەوەی امکانە شتێک لەوەزارەتەکان داوا بکەن لە کاتێکدا ئەو امکانیەتە لە میزانییەی شارەوانییەکان نەبێت.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نەقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەراستی لە کتلە پاشان دانیشتین موناقەشەمان کرد وا بڕیار درا کە بەو شێوەیە بێت بڵێین (للوزارات ان تطلب عن طريق مجلس الوزراء) لەڕێگەی مجلسی.وزراء لەبەر ئەوەی ئەگەر پارە هەبوو لە میزانییەی بلدیە ئەوە تەنفیز دەکرێ ئەگەر پارە نەبوو شتێکی زۆر تەبیعی یە مجلس وزراء پارەکەی بۆ دەنێرێ، ئینجا ئەگەر بەڕێزتان موافق بن صیاغەکە بەشێوەیەکی تازە طرحی بکەین بۆ ئەوەی ئەگەر برادەران رایان لەسەر بێت موناقەشە بکرێت ئەگەر نا ئەوە تەواوی بکەین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئێوە راتان تەنیا لەسەر خاڵی (أ) هەبوو.

**بـەڕێـز حـــــوســـــێـن عـلـی کـــــمـــــال:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

رای لیـژنەی هاوبەش ئەوەیە کـە ئەو بڕگـەیە لە پڕۆژەکـە لابـبرێ لەبەر ئەوەی ئەو دەسـەڵاتە دەسەڵاتێکی یاسادانانە، دەسەڵاتێکی تەشریعییە وتعدیلە لەسەر یاسای هەموو وەزارەتەکان کە ئەمەش لەخودی دەسەڵاتی پەرلەمانە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێـز جـــــمـــــیـل عـــــەبدی سـندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەگـەر ئەم بەری خـۆ بدەینە ئەصلی مـاددە (٣٢) لە یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی ١٩٣٠ ئەم بڕگەیەی تێدایە (على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) ئێمە لەگەڵ ئەوەداین فەقەرەی (أ) ئەوەی لە بۆ اضـافـە بکرێت (على ان لاتتحـمل البلدية اية نـفـاقـات) بەڵام بصـورە مؤقتە ئەو کلمەی دائیـمـە لابدرێت (للوزرات ان تطلب من البلدية القيام بصورة مؤقتة باي عمل يمكن القيام به من قبل البلدية بصورة اجدى وانفع للجمهور على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) چونکە بلدیە میزانیەی خۆی هەیە مصدقە شکلێکی تری لێ داوا بکرێت کە خارجی میـزانیـەیە ئەوە بێت کە

مەعقول نییە وهیچ مەعقولیش نییە هەر وەزارەتێک بە ڕێگەی مجلیسی وزراء اشغالی ئەوان بکرێت کە ئێستا لیژنەی یاسا رای خۆیان گۆڕیوە، ئێمە لەگەڵ ئەصلی ماددەکەین (على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات)بەلام برگەی (ب) کە اضافە کراوە ئێمە لەگەڵیداین ئەو اضافەیە لەجێی خۆیدایە وەکو مجلیسی وزراء داوای کردووە (لمجلس الوزراء وفق القوانین المرعیە) نەک دژی قوانین بێت نەخێر (وارتباط الدوائر ) تخصیص بکرێت، دوائری خدمی نەک بەشێوەیەکی گشتی هیچ نەاشکالێکی یاسایی هەیە و نە دژی یاساکانە وهەتا لە میزانیەی ساڵانەش ئێمە لە ١/٩ کە لێرە تصدیق کرا صلاحیەت درا کە بەشێک لە صلاحیەتی وزارەتی مالیە یە لە حاڵەتی (فك الارتباط) یانی ئەوەی تێدایە فکی ارتباطی دائیرەیەکی معین لە وەزارەتێک بۆ وەزارەتێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خدمات فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رای لیژنەی یاسامان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەو خاڵە هیچ تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەفزی فەقەرەی (ب) ئەوە دەسەلاتێکی تەشریعییە و دەبێ لابدرێ چونکە دەسەلاتی پەرلەمانە وبەنیسبەت ئەوەی کە جەنابی کاکەرەش باسی کرد لە فراکسیۆن بە اکثریەت بریارمان دا ( ان تطلب عن طريق مجلس الوزراء) داوای لێ بکەن و (على ان لا تتحمل البلدية اية نفقات) ئەوەش اضافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز مەئمون بریفکانی/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەو اضافەیە(على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) ئێمەش رازین ئەوە با اضافە بکرێت، یانی دەبێتە (للوزارات ان تطلب من البلدية القيام بصورة مؤقتة او دائمة باي عمل

يمكن القيام به من قبل البلدية بصورة اجدى وانفع للجمهور على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) ئێمەش لەگەڵ ئەو رايەين، بەنسبەى ئەوەى تر کە مجليس وزراء وا پێشنيار کراوە کە تقديمى مجليسى وزراء بکات بەراستى خۆى سەرۆکايەتى ئەنجومەنى وەزيران ئەو پێشنيارەى کردبوو، ئێمە هەموومان رازى نەبووين لەسەر ئەوە يانى ئەوە اقتراحى رئاسەتى ئەنجومەنى وەزيرانيش بوو کە هەموو شت لەوان داوا بکەن ئێمە قەبووڵمان نەکرد چونکە ئەوە مەسەلەى وەزارەت نييە وەزير داوا دەکات دوائرى خوارێ داوا دەکات، يانى مەسەلەن کە دەڵێين للوزارە ماناى وانييە وەزير کتابێک دەکات ئەوە بەرێوەبەرى طرق هەيە لە محافظەى مەعنى لەگەڵ مدير بلديە ئەو شتە دەکات، تەبعەن خۆى رازيە جا پێويست ناکات ئێمە بۆ بلديەى (باطوفە) بچينە لاى مجليسى وزراء، ئەوەى تر فک الدوائر تەبعەن خۆى هەر وەزارەتێک قانونى خۆى هەيە وئەويش پەرلەمان داينا وە کە لێرە دەڵێين فک الدوائر الخدميە خۆى هەر بە پەرلەمانە يانى ئەوە صلاحيەتى ئەنجومەنى وەزيران نييە کە پەرلەمان لێرە بريارى دا و ئەو دەسەلاتەى دا بە ئەنجومەنى وەزيران يانى هەر پەرلەمان کردوويەتى نابێتە تجاوز لەسەر دەسەلاتى پەرلەمان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکى ئەنجومەن:**

کەواتە راى بەرێز وەزيرى شارەوانى و گەشت وگوزار بەو شێوەيەيە، فەقەرەى (أ) (على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) بخرێتە سەرى و بەنيسبەت (ب) ئەوە صلاحياتى ئەنجومەنى نيشتمانيى کوردستانە چونکە هەر دائيرەيەک بەپێى قانونى دائيرەکە واجباتى بۆ تحديد کراوە. ئەو مەسەلەيەى کە کاک جميل باسى کرد لەراستيدا ئەگەر پەرلەمان بريارى دا فک ارتباطى دائيرەيەک ئەويش لەسەر اقتراحى ئەنجومەنى وەزيرانە ئەگەر پەرلەمان بريارى دا ئەو کاتە وەزارەتى دارايى بۆى هەيە ميزانيەى بۆنەقل بکات لەگەڵ خۆيدا ئۆتۆماتيکى پێويست ناکات جارێکى تر پێيدا بچنەوە، ئەو قەرارەى پەرلەمان ئەوە دەگرێتەوە لەراستيدا ئەوە تەنها روونکردنەوەيەک بوو ئينجا ئەو بەرێزانەى کە قسە لەسەر ئەو مەوزوعە دەکەن دەستيان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەى ناويان بنووسين، خولاصەى ئەو موناقەشەيەى کە ئێستا کرا پێش ئەوەى بەرێزان موداخەلەى بکەن ئەوەيە يانى عمليا راى ليژنەى ياسا و راى وەزارەتى بلديات بەو شێوەيەيە، ماددەى (٣٢) پێويستى بە تەعديل نييە، عمليا پێويستى بە تەعديل نييە يانى فەقەرەى (أ) بەو زيادەيەى کە مايەوە وەکو قانونە اصليەکەى لێ دێتەوە راى ليژنەى دارايى ئەوەيە کە فەقەرەى (ب)ى لەسەر بێت باشتەکە روون بێت، بەرێز کاک شێروان حيدرى فەرموو.

**بەرێز شێروان ناسح حيدرى:**

**بەرێز سەرۆکى ئەنجومەن.**

هەروەکو جەنابت توضيحت کرد بەنيسبەت فک ارتباطەکە بەو شێوەيە وئەو مەبدەئە لەو

پەرلەمانە رۆیشتووە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا لەسەر بنەمای « فصل سلطات» ،جا ئەگەر ئیقرار بکرێت مانای تداخل دەبێت لەنێوان سوڵتەی تەشریعی و تەنفیذی، ئەوە مانای وانییە مەسەلەی تەنسیق وهاوکاری و تعاون نییە بەڵکو لەسەر ئەساسی تەنسیق وهاوکاری دەبێت ئەوە جێبەجێ بکرێت، خاڵی دووەمیش ئەو مەبدەئە لێرە مومارەسە کراوە لە خولی پێشتر ئێمە فک ارتباطی مدیریەی دفاع مدنیمان کرد و ئیلحاقمان کرد بە وەزارەتی بلدیە بە پێی تەعدیلی سێیەمی قانونی ادارەی بلدیات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ یحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکی بچووک لەسەر عیبارەتەکە دەڵێ (للوزارات ان تطلب من البلدیە القیام بصورە مؤقتە او دائمیە بای عمل) یانی ئەو (بصورە مؤقتە او دائمیە ) ئەگەر هەر نەمێنێ تەئسیرێکی هەیە ؟. خۆی دەڵێ (للوزارات ان تطلب من البلدیە) ئەوە خۆی بصورە مؤقتە و دائمیەی تێدایە ئەو (بصورە مؤقتە ودائمە) بە پێویستی نازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک شت هەیە لێرە ئێستا اسلوبی موناقەشە وای نیشان دا کە پێویست بە تەعدیل دەکات یان پێویست ناکات، ماددەکە ئەگەر پێویست بە تەعدیل نەکات ماددە ئەصلیەکە تەعدیل ناکەین هیچ اضافاتی لەسەر ناکەین، وشەیەکی لێ لابەرین یان وشەیەکی لێ بگۆڕین ماددەکە خۆی دەمێنێتەوە پێویست بە هیچ ناکات خۆی چۆن بووە لەپێشدا وا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر پێویستی بە تەعدیل کرد جەوهەری تەعدیلەکە فەقەرە (ب)یە فەقەرەی (أ) نییە، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەناعەتێ من ئەغلەبێت مە دڤێت قسە بکەین لەسەر فەقەرە(ب)یە، ئەگەر موقتەرەحی لیژنەی یاسایی بێتە تصویتی قەناعەتا من موناقەشا نابێت و تەواو دەبێت، چونکە ئەغلبیەی مە موتەفقین لەگەڵ لیژنەی یاسا کو فعلەن ئەڤ ماددەیە موحتاجی تەعدیل دەبینین یا دوویش بەنیسبەتا (ان تتحمل الوزارة المعنية) بێتە اضافە کرن (الوزارة المعنية نفقات العمل) یانی وەزارەتی اشغال واسکان دێتە داخازیەکی بلدیەکی ئامیدیێش زاخۆیش هەر بلدیەکی لە منطقەکی عام بۆ خدماتا عام ژ بۆ بلدیە تحمل بکاتن هەرچەند خدمەتا عاما بەلام استنفازا میزانیا ویە فئەکەر موقتەرحی لیژنەی قانونی بێتە تصویتێ موناقەشە کەم بێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار، کاک محەمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوەی کاکەرەش فەرمووی ئەو اقتراحە لە کوتلە من کردم لە بارەی کە (ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) بۆ نموونە من دوو میسال دێنمەوە ئێمە فەرز بکەین پارچەیەک زەوی افراز کرا ئەمە پێویست دەکات بەوەی کەوا مەجاری بۆ بچێت ئاوی بۆ بچێت و کارەبای بۆ بچێت کێ تەحەمولی ئەو مصرفە دەکات؟ وەزارەتی اسکان ناتوانێ ئەوە بکات یاخود وەزارەتی صحە داوا دەکات کە موستەنقەعێک هەیە لە گەڕەکێدا پڕ بکرێتەوە ئەوە پارەی دەوێ لەبەر ئەوە اقتراحم لە کتلە وابوو کە بڵێین (على الوزارات ان تطلب عن طريق مجلس الوزراء من البلدية القيام بصورة مؤقتة او دائمية باي عمل يمكن القيام به من قبل البلدية على ان تخصص لها المبالغ اللازمة) چونکە بێ پارە بلدیە ناتوانێ هیچ بکات، هەروەها ئەو وەزارەتەش لەمیزانیەش شتی وانییە کە بتوانێ بیکات، بەرای من ئەوە لە صەمیمی واجباتی بلدیاتیشە لەبەر ئەوە ئەگەر لە مجلیسی وزراء پارەکە تخصیص بکرێت چ لەلایەن وەزارەتی مختص چ بۆ بلدیات موشکلەکە حەل دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر نییە؟ بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزتان فەرمووتان ماددەکە پێویست بە تەعدیل ناکات، بەرای ئێمە لیژنەی یاسایی هەروەکو لە پێشتر هاتبوو ئەوەی عەرزم کردن لە کتلە بڕیار درا وئەگینا ئێمە رای خۆمان داوەتە ئەنجومەن بەو شێوەیە بووە کە لەسەر ئەساسی ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە بڕگە (ب)یش لەوانەیە رایەک بڵێ وەکو کاک جەمیل فەرمووی على اساس نوسراوە (وفق القوانين المرعية) کام قوانینی مرعی صلاحیەتی داوەتە مجلیسی وزراء دوائر لە فلان دائیرە بکاتەوە وبە فلان دائیرەوە رەبطی بکات؟، تەعەددایەکی زۆر زۆر صریحە لەسەر قانونی پەرلەمان و لەسەر قانونی وزارەت، بەیانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی تەندروستی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار بدات بیدات بە شارەوانی لەسەر بەنەمای پروپیرێژنەکان موراجەعەی شارەوانی بکەن، باشە تەعدیل نییە بۆ وەزارەتی بلدیات؟ تەعدیل نییە بۆ قانونی وەزارەتی صحە؟ بەڵێ تەعدیلە، چونکە مدیریە عامەیەکی لێ دەکرێتەوە و مدیریە عامەیەکیش اضافە دەکرێت لەبەر ئەوەی ئەو سابقەیە سابقەیەکی راست نییە، قانونەکە لێرە تەشریع کراوە مەفروزە تەعدیل بکرێت

بەرای من ئەنجومەنی وەزیران چ تەکلیفێ ناکات، ئەگەر مەشروعێک تەقدیم بکات بلێ فلان مدیربە عامە بە پێویستی دەزانم ربط بکرێت بە بلدیە لە فلان وەزارەت بکرێتەوە، زۆر زۆر اعتیادییە لێرە دەڕوا خلالی دە ڕۆژ پازدە ڕۆژ شتەکە حل دەبێت و حاجەت نییە هەندێک تجاوز لەسەر قوانین بکەین و مەبدەئی فصلی سلطاتیش موراعات بکەین زۆر ڕێک وپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز مەئمون بریفکانی/وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی یەکەم هەموومان موتەفقین هەر تەنها(لاتتحمل البلدية اي نفقات) کاک رزگار فەرمووی ئەبێ بنووسن (الوزارة المعنية لاتتحمل) ئەگەر ئەوە هات (بلديە لاتتحمل)بە ئەکید وەزارەی خۆی ئەوە دەکات، بەڵام ئەوەی بەڕێز کاک امین مەولود فەرمووی وەزارەی صحە داوا لە بلدیە ناکات بۆ موستەنقع پارە لە مجلیسی وزاراء وەربگرێ چونکە موستەنقەع خۆی ئەصلەن عایدی وەزارەی بلدیەیە، دەبێ ئەو بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقەشەکە خۆی وا پیشان دا ئەو دوو موقتەرەحەی کە کرا حکومەت و نوێنەرانی حکومەت و لیژنەی یاسا موتەفیقن کە فەقەرە (أ) (على ان لاتتحمل البلدية اية نفقات) بخرێتە سەری وفەقەرەی (ب) نەمێنێ بەو شێوەیەی یانی تەعدیلەکە هەمووی پێویست ناکات یانی هەر دەچینەوە سەر قانونە ئەصلیەکە کە مەوجودەو تکرارە لەبەر ئەوە پێویست بەو خاڵە ناکات، ئینجا تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ئەو خاڵە بەو شێوەیە پەسەند کرا پێویست بە تەعدیلی ماددەی (٣٢) ناکات وەکو خۆی ئەمێنێتەوە، تەعدیلی ماددە چل ویەک تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ماددەی دوو لە تەعدیلەکە ڕەفز کرا ئیستا تەسەلسولەکە دەگۆڕێ وماددە سێ دەبێتە ماددە دوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەفز نەکرا بە پێویست نەزانرا چونکە تکرارە بەو شێوەیەی اتفاقی لەسەر کرا تکرارە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تعدل المادة الحادية والاربعون وتقرأ كالاتي:

المادة الحادية والاربعون:

لايجوز القيام باي بناء قبل استحصال اجازة بناء من البلدية، وعلى البلدية استشارة التخطيط العمراني المختص بالنسبة للعمارات السكنية.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا بەو شێوەیەیە کە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەی پرۆژەکەین تەنها ووشەی السکنیە لابدرێ و وابێ کە شمولی هەموو جۆرە عمارەتێک بگرێتە خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی خدمات تکایە رەئیتان چییە؟.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمەش لەگەڵ ئەوەین کە ووشەی (السکنیە) لابدرێ چونکە( استشارة التخطیط العمراني المختص بالنسبة للعمارات) چونکە عمارات سێ قسمی هەیە السکنی و مختلط وتجاری کە گوتت سکنی مانای وایە تخصیصت کردووە ئەوانی تر ناگرێتەوە بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا ووشەی (السکنیە) لابدرێ بۆ ئەوەی شمولی هەموو صنفەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە بلدیە اجازەتی بناء دەرناکات ئەگەر تصمیمی شار مصدق نەبێت لە تخطیطی عمرانی لەلای جەنابی وەزیر، لەبەر ئەوە ئەم برگەیە کافیە(لا یجوز القیام باي بناء قبل استحصال اجازة بناء من البلدیة)خۆی بلدیە اجازە بناء نادات نە بۆ سەکەنی و نە بۆ تجاری ونە بۆ مختلط وچ جۆرێک ئەگەر موافقی تصمیمی اساسی نەبێت، لەبەر ئەوە خۆی بلدیات اجازە بەپێی التزام بە تصمیمی اساسی دەدات وبەرای ئیمە ئەوەی تر هەمووی زیادە(على البلدية استشارة التخطيط العمراني المختص بالنسبة للعمارات السكنية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنووسین؟ بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە خۆی لە بنەڕەتدا کارەکە کاری بلدیەیە و هەر کەسێکیش داوای اجازەی بناء دەکات بلدیە دەینێرێ بۆ ئەو جیهەتانەی کە پێویستە موافەقەی لەسەر بکەن هەر لایەک بێت هەتا ئەگەر لە بلدیەش نەبێت لەلایەکی تر بێت بۆ نموونە دەینێرێ بۆ دائیرەی ضەریبە لە مالیە، دەینێرێ بۆ کارەبا بۆ هەر لایەکی تر کە پێویست بکات هەر صلاحیەتی بلدیەشە کە بینێرێ بۆ تخطیطی عمرانی کە دائیرەی خۆیەتی ئیتر پێویست ناکات ئیمە لێرە زکری بکەین ئیشەکە ئیشی بلدیەیە و وەزارەتەکەش وەزارەتی بلدیەیە و هەمووی لەلای خۆیەتی ئەو شوێنانەی کە پێویستە موافەقەتی لەسەر بکەن موسبەقەن دەبێ موافەقەتی لەسەر بکرێ وئینجا ئیجازەکەی بۆ دەردەکەن، بە بڕوای من هەر ئەوەیەکە هیچ بینایێک نەکرێ بەبێ اجازەی بلدیە ئەوە کافییە بۆ ئەو کارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە بەبۆچوونی خۆم ماددەکە بەو شێوەیە زۆر موەفەقە هیچ بینایێک بە بێ استحصالی اجازە لە بلدیە دروست ناکرێت، بەڵام بلدیە مولزەمە کە استشارەی تخطیطی عمرانی بکات تەنها بۆ عیماراتی سکنی، یانی دەبێ دوو فەقەرە بێت بۆ هەموو بینایەک بۆ هەموو عیمارەیەک مەرج نییە شارەوانی پرس بە پلانی عمرانی بکات کە بڵێن بەڕێوەبەرایەتییەکی موتەبعە، بەڵام بۆ عیماراتی سکنی وەکو الزامە لەسەر بلدیە کە مادام سکنی یە دەبێ استشارە بەو بکات ئینجا بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مسبقا اتفاق هەیە یان تەنسیق هەیە لە نێوان بلدیە وتەخطیطی عمرانی بۆ دروست کردنی تەصمیمی اساسی شار یان تەصمیمی تەفصیلی، لە تەصمیم هەموو شتێک نووسراوە یانی

هەموو جێگای عیماراتی سەکەنی تحدید کراوە جێگای صناعە تحدید کراوە هەموو تەفاصیلی تێدایە بە تەنسیق لەگەڵ تخطیطی عمرانی کراوە، ئینجا نازانم بۆچییە کەوا جارێکی تر بچێت استشارەی پێ بکات بۆ اجازە دان کە خۆی مەوقیعەکە تحدید کراوە بۆ هەموو شتێک و لێرە نازانم ئەوە (لایجوز القیام بای بناء) یانی عامە یان ئەوەی لە حدودی بلدیەیە؟ چونکە هەندێ جێگە هەیە تابعی حدودی بلدیە نییە وبینای لێ دەکرێت وئەوە موافقەی زراعەی دەوێ یان دائیرەیەکی تر؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخافتنێ من تەقریبا هاتنە کرنێ، ئەویش لسەر (وعلی البلدیة استشارة التخطیط العمرانی) پێنج شەش رئیس بلدیە کەڤن وێ دیتن محافەزێ و الاقضیە هەمی تحدید کریە ئەڤ فەقەرە هەر زێدەیە تەنها (لایجوز القیام) چونکە تصمیمی اساسی هەیە و بلدیەش مومکن نییە اجازە بدات بێ تصمیمی اساسی مراعات کرن، ئەڤە کافییە و شاملە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تصور دەکەم ئەو خاڵە زەروری بێت، چونکە بلدیە ئێستا مونتەخەبە، شەخسیەتێکی معنوی خۆی دەبێت تا حەدێک لامەرکەزیەکی هەبێت جیا دەبێت لە وەزارەت لەبەر ئەوە دەبێت بخرێتەوە بیری جارێکی تر کە ئەبێ لە مەسائیلی بیناء استشارەی تخطیطی عمرانی بکەن، من واتصور دەکەم بۆیە وایان کردبێت، جا ئەگەر بەڕێز وەزیری شارەوانی تێبینی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز مەئمون بریفکانی/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئاماژەیان بە شتێ دا کە شارەوانی و تخطیط عمرانی ڕەزامەندییان لەسەر ڕەنگ ڕێژی شاردا کردووە، و هەموو شت ئامادەیە و شارەوانی پێویستی بە تخطیط عمرانی نییە، ئەوە تا رادەیەک راستە، ئەگەر ئێستا لە واقعی حالی خۆمان ئەو ڕەنگ ڕێژیانەی خۆمان هەبێ، ئەوە نییە ،چونکە هەر یەکێ عمارەیەکی دەوێ،ڕەنگ ڕێژی محوەری جادە ئامادە نییە، رەسم نەکراوە تاکو بڵێین بەڵکۆنی تێدایە یان تێیدا نییە ،تاکو یەکسەر شارەوانی هێڵکاری بداتێ، لێرەدا رکابەریەک لە نێوان شەرەوانی و تخطیط عمرانیدا هەیە لەسەرەتای وەرگرتنم بۆ پۆستی ئەو وەزارەتە هەستم بەوە کردووە شارەوانی حەز لە تخطیط عمرانی ناکات لەبەر ئەوەی هەست دەکەن کە پشت گوێیان دەخەن، دەوری تخطیط عمرانی دەورێکی زۆر گرنگە ،بە تایبەتی ناچێتە ناو بەرژەوەندیەکان لەبەر ئەوەی دەورێکی تصمیمییە و دەورێکی چاودێرییە، بەرای من هەر یاسا

کۆنەکە کافی بوو ، لێرە یاسای کۆن دەڵێ (لایجوز القیام باي بناء قبل استحصال اجازة البناء من البلدیة او من مدیریة التخطیط العمراني و حسب صلاحیة کل منهما) ئەوە راستە لەبەر ئەوەی ئێستا لە یاسای رێنماییەکانی تخطیط عمرانی ئەوە هەیە دەڵێ(شارەوانی نابێ هەر عمارەیەک بکات بە بێ استشارەی تخطیط عمرانی، بەلام باسی بنای گچکە ناکات لەبەر ئەوەی لەناو گەرەکی نشتەجێ بوونە رووبەرەکەی سنور دارە،ئەوە مۆڵەتی بناء شارەوانی دەیدا، پێویست بەوە ناکات کە تخطیط عمرانی لێ ئاگادار بکاتەوە،بەلام تخطیط عمرانی کاری هەر ئەوە نییە کە بەس تخطیط دابنێ دەبێ چاودێری ئەو عمارەتەش بکات، تا سبەی بە خاوەنی عمارەکە نەڵێ تۆ بۆ مەترێ تجاوزت کردوە یان بەلکۆنت هێناوەتە دەرێ من موافەقەی ئەوەم نەکردوە. جاران جگە لە شارەوانی رەزامەندی بۆ بنا کردن ، دەچووە تخطیط عمرانی بۆ هەموان بنا دەبوا لەوێش رەزامەندی بکرێ، واتا جۆرە دوو فاقیەک دروست دەبوو،دوای ئەوەی ئێمە دەسەلاتەکانی شارەوانی و تخطیط عمرانیمان لێک کردەوە ئەو شتە نەما، لێرەدا زۆر پێویستە شارەوانی تەنها بەکەیفی خۆی نەکات، دەبێ استشارەی تخطیط عمرانی بکات. ئەوەی نیشتەجێش لابدرێ هیچ لاریم لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی یاسایی لەم بارەیەوە لابردنی سەکەنی تکایە ئێوە داواتان نییە؟ رای لێژنەی دارایی لەم بارەیەوە چییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

مادام جەنابی وەزیری شارەوانی لەگەڵ ئەوەیە ئێمەش لاریمان نییە.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

کەواتە هەموارکردنی ماددەی ٤١ بەم شێوەیە دەبێ:

تعدل المادة الحادیة والاربعون وتقرأ کالاتي:دەبێ لەسەر هەموو ماددەکان زیادە بکرێ،کاتی خۆشی لەهەموارکردنی ماددەکان هەر وامان کردوە، ئەوە تێبینیەکی جەنابی سکرتێری ئەنجومەنە.

المادة الحادیة والاربعون:

لایجوز القیام باي بناء قبل استحصال اجازة بناء من البلدیة، وعلی البلدیة استشارة التخطیط العمراني المختص بالنسبة للعمارات .

ئەو بەڕێزانەی ماددەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ ماددەکە پەسەند کرا.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

الماده الثالثه:

تضاف الفقرتان التاليتان الى المادة الثانية والاربعين:
١- تنظم الميزانية وفق تعليمات وزارة المالية والاقتصاد .
٢- للمجلس البلدي مناقشة الميزانية واقرارها ورفعها الى الوزير للمصادقة عليها .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێژنەی یاسا راتان چییە؟ فەرموون.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لێژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی لێژنەیە بەمەرجێ برگە سێ و چوار لە ماددەی اصلی لا بدرێ لەبەر ئەوەی بە یەکەوە گونجاو نین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بڕگەکانی سێ و چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
برگە سێ و چوار لە ئەصلی ماددەی ٤٢ی یاساکە دەڵێ: برگەی ٣( يناقش المجلس تخمينات المزانية وبعد اقرارها تقدم الى الوزارة لاقرار ما بصددها حسب التعليمات المرعية)
برگەی ٤(تقديم ميزانيات البلديات المقترحة من قبل المدير العام للتخطيط والمتابعة الى الوزير للمصادقة عليها) ئەو ە دەبێ لابدرێ لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانان و بەدواداچوون لە بوجە ئەو رۆڵەی نەماوە، لەبەر ئەوە ئەو دوو بڕگەیە دەبێ لابدرێ وئەو برگەیەی خوێندرایەوە بچێتە شوێنی، دەکرێ بگوترێ ئەو دوو بڕگەیە ببێتە سێ و چوار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێوە حسابی ئەوەش بکەن کە تەنها شارەوانی هەولێر و دهۆک نییە، کۆمەڵێ شارەوانیە دەبێ بازنەیەکی پەیوەندی هەبێ لە نێوان ئەوان و وەزیر. رای لێژنەی دارایی چییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەگەڵ ئەوەین کە ئەو دوو برگەیە زیاد بکرێ ئێمە گرفتی تێدا نابینین، کاتێ هەر بەڕێوەبەری شارەوانییە ک بوجەی خۆی دەخەمڵێنێ و رەوانەی وەزارەت دەکرێ، لە وەزارەت لایەنێک هەبێ هەمووی کۆ بکاتەوە هاوئاهەنگی لە نوانیاندا درووست بکات دەبێ لە دواییدا هەموو

شارەوانیەکان یەک بخرێن و پێشکەشی جەنابی وەزیری شارەوانی بکرێ و دواتریش رەوانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە دوو برگە لادەین و دوو برگە زیاد بکەین ئەوە دەبێت شێوەی هەموارەکە بگۆڕین ، لەبەر ئەوەی دوو برگە زیادی سەر ماددەکە ناکەین تاکو ببێت بە هەشت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەو برگانەی لە ماددە ئەساسیەکەن، ئەو برگانە پەیوەندییان بە هەموو وەزارەتەکە هەیە، ئەو لایەنە وارده کە ئەم دوو برگەیەمان زیاد کرد زنجیرەکەی بگۆڕین، من دەڵێم ئەو ماددەیە پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەیە، لەوانەیە قسە هەیە لە نێوان لێژنەی یاسایی و جەنابی وەزیر، ئێمە ماددەی تر گفتوگۆ بکەین، هەموارکرنی ماددەی ٤٩، ئەگەر بە پەسەندی بزانن ئەو ماددەیە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆ ماددەی ٤٢دانیشتنێ دەکەین لە بەینی لێژنەی یاسایی و وەزیر و سەرۆکایەتی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک. کەواتە هەموارکردنی ماددەی ٤٩ بخوێننەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

تعدل المادة التاسعة والاربعون وتقرأ كالاتي:

المادة التاسعة والاربعون:

١- لمجلس الوزراء بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي، اذا فقد المجلس اكثرية اعضائه وله تشكيل لجنة مؤقتة تناط بها اعمال المجلس البلدي المنحل، لحين اجراء انتخاب المجلس البلدي ولايجوز لهذه اللجنة ان تتخذ اي قرار في معالجة اية قضية يقتضي الصرف عليها من صندوق البلدية ولم يسبق للمجلس ان اتخذ قرارا بها عدا المصاريف الدائمة الاعتيادية المرصدة في الميزانية المصدقة. الا في حالات الضرورة بناءاً على اقتراح الوزير و مجلس الوزراء.

٢- على الوزير ان يعلن الانتخابات في المنطقة التي يتقرر حل المجلس فيها بموجب الفقرة السابقة اعلاه خلال مدة شهر من تاريخ حل المجلس لانتخاب مجلس يحل محل المجلس السابق وتكون مدته مكملة له اذا كانت المدة المتبقية تزيد عن ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسا راتان چییە؟

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی هاوبەش لەگەڵ پڕۆژەکەیە کە جێگای مادده ئەصلیەکە بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی هاوبەش نییە، پێویستە بگوترێ لیژنەی یاسایی و لیژنەی خزمەتگوزاری لەبەر ئەوەی ئەوە داخیلی کۆنوسەکان دەبێ، پێویستە بە ڕاستی بخوێندرێتەوە

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا و لیژنەی خزمەتگوزاری مەبەستمان ئەوەیە کە جێگای مادده ئەصلیەکە بگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ڕاتان تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی هەموارەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموارەکە ڕام وایە بەو شێوەیە بێت (اذا فقد المجلس البلدي اكثرية اعضائه، لمجلس الوزراء بناءاًعلى اقتراح الوزير حل المجلس وله تشكيل) پاش و پێش بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوە ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە وله لانی دیموکراتیەت وتاکو وا نیشان نەدرێ کە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر تدخولی کردووە، ئەگەر پاش و پێش بکرێ زۆر جێگای خۆیەتی و دقیقترە و بۆ هەڵبژاردنیش جوانترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە یەک نادیارییەک هەیە (لمجلس الوزراء بناءا عى اقتراح الوزير حل المجلس البلدي، اذا

فقد المجلس اكثرية اعضائه وله) ئەو (وله)وە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانە یان بۆ وەزیرە؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر دارشتنەکە تەواو بکەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەگەڕێتەوە نەک بۆ وەزیر، کەچی لە برگە دوو هاتووە(على الوزير ان يعلن الانتخابات في المنطقة) جا ئەگەر وەزیر راگەیاندنی هەڵبژاردنی بۆ ببێ واتا مافی ئەوەشی دەبێ کە لیژنە پێک بێنێ، تێبینی ترم ئەوەیە کە دەڵێ(الا في حالات الضرورة بناءا على اقتراح الوزير و مجلس الوزراء .) پێویستە بگوترێ وبموافقه مجلس الوزراء لە جیاتی واو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک سەعید فەموو.

**بەڕێز محەمەدسەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی لە زۆر ماددەی شارەوانی، دەسەلات دراوەتە دەسەلاتی جێبەجێ کردن، زاندراویشە کە هەڵبژاردنی شارەوانی بۆ ٢٠٠١/٥/٢٥ ،مەبەستی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم لەو هەڵبژاردنە بەشداری جەماوەرە لە هەڵسوڕاندنی ئەو کارانەی کە رۆژانە راستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت بۆ گۆڕینی ئەو ماددانە تاکو ئەنجومەنی شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان بتوانن ئەرکەکانیان لە خزمەتکردنی راستەو خۆی جەماوەر بە جێ بگەیەنن، ئەو هەموارانەی کەتاکو ئێستا ژمارەیان گەیشتۆتە چوارەم هەموار پێم وایە چارەسەری کێشەی دەسەلات ناکات لە بەینی دەسەلاتی یاسادانان و کە ئەنجومەنی شارەوانیەکان هەڵدەبژێردرین و ئەو یاسایەی کە ئێستا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی ئاشکرایە کە ئەو هەمواركردنانەی کراون بۆ ئەوەیە تاکو هەنگاوێک بهاوێژین بۆ هەڵبژاردن و دیموکراتیەت، هەر ئەنجومەنێکی هەڵبژاردراو نصابێکی یاسایی هەیە ئەگەر بێت و ئەو نصابە نەمینێت واتا ئەو ئەنجومەنە بەپێی یاسا ناتوانێ کۆبوونەوەی خۆی بکات وشەرعیەتی کۆبونەوەی نامینێت ، بە رای من با بابەتەکە نەبێتە جوازی، ئەنجومەنی وەزیران مافی هەیە ئەو ئەنجومەنە هەڵبوەشێنێتەوە یا نا؟ لێرە جوازیە، باشە ئەگەر هەڵینەواشاندەوە لە هەمان کاتدا نصابیشی نەمابێ ئایا دەتوانێ ئیش و کاری خۆی بکات؟ بێگومان ناتوانێ،رای من ئەوەیە بکرێتە (على مجلس الوزراء و بناءاً على اقتراح الوزير حل المجلس البلدي) دوور نییە برادەرێکیش بڵێ نصابیان نەماوە بۆ ئەنجومەن یان وەزیر ئەوە بکات؟ لێرە رۆڵیان دەبێتە

رۆڵێکی چاودێری، کە فعلا ئەنجومەنەکە زۆربەی ئەندامانی نەماوە یان شێوازێکی ترە، دوور نییە یەکێ لە ماڵی خۆی دانیشتبێ و نەیەتە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن و دەست لەکار کێشانەوەی خۆشی رانەگەیاندوە، ئەو کاتە دەتوانین بە وەسیلەیەکی تر چارەسەری بکەین، پێشنیارم ئەوەیە(علی مجلس الوزراء و بناءاً علی اقتراح الوزیر حل المجلس البلدي) زیاتر دەگونجێ لەگەڵ مەبەستی هەموارکردن و عیلەتی هەموارەکە و بۆ چونی دیموکراتیەت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر تێبینی تر هەیە تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە تاکو ناوتان بنووسین، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەدسەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەو لیژنە کاتیەی پێناوێ، بەڵکو ئەو هەڵبژاردنەی کە دەکرێ ئەو چەند کەسانەی کە لە دەرەوەی ئەنجومەنی شارەوانین و دەنگیان هێناوە بە ئەندامی یەدەگ دابندرێن ، بۆئەوەی لە حاڵاتی ئەوەی کە خەلەل کەوتە ناو ئەندامەکان نصابیان تەواو نەبوو ئەو یەدەگانە بتوانن پربان بکەنەوە، وکارەکە بە یاسایی دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو تێبینیەی کە کاک فەرسەت ئاماژەی بۆ کرد زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەرای من ئەگەر ئەوە بکرێ تێبینیەکەی کاک عبدالخالق زەنگەنەش چارەسەر دەکرێ لەبەر ئەوەی ئەگەر گوتت (علی)ئەوە لەسەری فەرز دەکرێ، بەلام لە دوای ئەوە دەڵێ (ولە تشکیل لجنة) بەرای من لێرەش بیێتە (علیە تشکیل لجنة)باشترە و دەقیقتر دەبێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(لە)مەبەستی ئەوەیە یان ئەوانە بهێڵێتەوە کار بکەن یان لیژنەیەکی کاتی تازەی کاتی دروست بکەن ، کاک عەبدوالخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فەرسەتم بکرێتە (علی مجلس الوزراء )بەس دوای ئەوەی بڕگەکە دەگۆڕێ دەبێتە (اذا فقد المجلس اکثریة اعضائە) ئەوەش بە رای من لە لانی دیموکراتیەوە زۆر گرنگە، بۆ خۆشمان وا جوانە، با وا لێک نەدرێتەوە کە ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ ئەنجومەن

هەڵبژێرێ ، هیچ فەرقیش ناکات، بە پێچەوانەوە ترخێکی زیاتریش دەدا بە یاساکە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێش و پاش دەکرێ، بەلام من پرسیارێکی ترم هەیە، لەوانەیە ئەوەی پێش و پاشەکە لەوانەیە ببێ، لە لانی زمانەوانیش لەجێگای خۆیەتی، هۆیەکە پێش دەکەوێ، اجرائەکە دوای ئەوە دێت، اجرائەکەش یاسایی بێت باشترە،ئەو لیژنە کاتیە لەو ئەندامانە بن کە هەڵبژێردراون باشترە یان لیژنەیەک بێت بە کەیفی خۆیان پێکی بێنن،؟ پێویستە (من اعضائە المتبقین) من وای بۆ دەچم باشتر بێت،(لجنە موقتە من الاعضاء المتبقین) لەبەر ئەوەی ئەوانە لە ئەصلا هەڵبژێردراون ، ئەوانە ئەندامیەتی خۆیان لە دەست نادەن، دەبێ ئاماژەیەک بەوانە بدرێ لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەندامیەتی خۆیان لە دەست نادەن، بەو شێوەیە ئەندامیەتی لەدەست دەدەن، دەبێ چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە، رای جەنابی وەزیر، دەتوانن لەسەر هەموو پرسیارەکان رای خۆتان بدەن، فەموون.

**بەرێز مەئمون بریفکانی/وەزیری شارەوانی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە کە لێرە دەڵێ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن ، ئێمە ناتوانین سود لە هەندێ ئەندامی متبقی بکەین، لێرە (علی المجلس) یان (للمجلس) مانای وا نییە کە دەسەلاتێک بێت کە ئەنجومەنی وەزیران بیکات، تەنها هەم ئاهەنگیەکەیە، ئەگەر ئەنجومەنەکە نەما خۆ بەرێوەبەری شارەوانی ناتوانێ ئەوە بکات، دەبێ بگەرێینەوە بۆ سەرچاوەکانی خۆمان، یان بە دووبارە هەڵبژاردن یان هەڵبژاردنێکی مەحەلی تەنها بۆ شارەوانییەکە دەکەی ،مەبەستەکە تەنها هەم ئاهەنگی ادارییە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حوسێن فەموو

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم (من الاعضاء المشارکین فی الانتخابات)بێت .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەرێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەیاسا ئەصلیەکە دەڵێ ئەنجومەنی شارەوانی هەتا بیست و یەک ئەندام مافی هەیە، ئەگەر ئەو

ژمارەیە نەبوو ،ئەو ئەندامانەی کە دەنگیان دراوەتێ ئەوەندە نەبوون، بۆ نمونە بیست و پێنج ئەندامان هەیە، بیست و یەکی ئەنجومەنەکەیان پێک هێنا، دوایی حەل بوو ئەو چوار ئەندامەی کەماون چارەسەری کێشەکە ناکات، با ئێمە بوارێک بە ئەنجومەنی وەزیران بدەین چارەسەرێک بکات بە هەر شێوەیەک بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ بەپێی یاسا لێژنەکە کاتیە تەمەنی لە شەش مانگ کەمترە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئەنجومەنی شارەوانی حەل بوو، ئەندامانی ئەنجومەنەک صیفەتی ئەندامیەتی لەدەست دەدەن، لە هەمان کاتدا هیچ لاریەک نییە کە بینەوە ئەندام لەو لێژنەیە، هیچ بەر بەستێکی یاسایی نییە ،کە لێژنەکە پێک دەهێندرێ دوو سێ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی دێنین لە زمنی ئەندامانی لێژنە دایان دەنێین، ئەوە یەک، سەبارەت بە خەرجی بەردەوام ئەو لێژنەیە ئەو مافەی هەیە ،بەڵام سەبارەت بە خەرجی زەروری دەڵێ(بناءأعلی اقتراح الوزیر و مجلس الوزراء) ئەوە واتا بە پێشنیاری هەر دووکیان (بناءاً علی اقتراح الوزیر و موافقة مجلس الوزراء)بەو شێوەیە بێت باشترە سەبارەت بە خەرجی زەروری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە دیدی من ئەوە هەڵەی چاپە، لەوانەیە پەڕیبێت، ئەگەر کۆکن لەسەر ئەوە پێشنیارێک پێشکەش دەکەین، حکومەت و لێژنەی یاسایی لەسەری پێک بێن بۆئەوەی کارەکەمان ئاسان کەین، ئەو پاش و پێشە دەکەین ( ١- اذا فقد المجلس اکثریة اعضائه فعلی مجلس الوزراء بناءاً علی اقتراح الوزیر حل المجلس البلدي، وللوزیر تشکیل لجنة مؤقتة تناط بها اعمال المجلس البلدي المنحل، لحین اجراء انتخاب المجلس البلدي ولایجوز لهذه اللجنة ان تتخذ اي قرار في معالجة ایة قضیة یقتضي الصرف علیها من صندوق البلدیة ولم یسبق للمجلس ان اتخذ قرارا بها عدا المصاریف الدائمة الاعتیادیة المرصدة في المیزانیة المصدقة الا في حالات الضرورة بناءا علی اقتراح الوزیر و مجلس الوزراء. ئەو هاتان پێ باشە؟ ئەوەش گرفت نییە، لە جیاتی وەزیر ئەنجومەنی وەزیران،لێژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی کاک عەبدولخالق فەرمووی، جەنابیشتان راتان لەسەرە (١- اذا فقد المجلس اکثریة اعضائه علی مجلس الوزراء بناءاً علی اقتراح الوزیر حل المجلس البلدي، وتشکیل لجنة مؤقتة تناط بها اعمال المجلس البلدي المنحل، لحین اجراء انتخاب المجلس البلدي ولایجوز لهذه

اللجنة ان تتخذ اي قرار في معالجة اية قضية يقتضي الصرف عليها من صندوق البلدية ولم يسبق للمجلس ان اتخذ قرارا بها عدا المصاريف الدائمة الاعتيادية المرصدة في الميزانية المصدقة الا في حالات الضرورة بناءا على اقتراح الوزير و مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاوا لەسەری كۆكن، تەنها پاش و پێش كراوە گۆڕانكاری تێدا نەكراوە، دەیخەینە دەنگ دانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددەكە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكڕای دەنگ ئەو هەموارە پەسەند كرا.

سەبارەت بە ماددەی ٤٢، بەڕێزانی لیژنەی یاسایی ئەوانەی لەسەر سەكۆن و بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری شارەوانی لێرە بمێننەوە، ئەندامە بەڕێزەكانی تر ١٥ دەقیقە پشوویێك بدەن و دوایی بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان تاكو زوو بڕیارێكی لێ بدەین، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، ئێستا دێینە سەر هەموار كردنی ماددەی «٤٢»، تكایە لیژنەی یاسا گەیشتنە چ رادەیەك، فەرموون.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی هەموار كردنەكە دەخوێنینەوە بەو شێوەیەی خوارەوە:

تعدل الفقرتان «٢» و «٣» من المادة «٤٢» وتقرآن كالاتي:

الفقرة «٢»: تنظيم الميزانية وفق تعليمات وزارة المالية والاقتصاد.

الفقرة «٣»: على المجلس البلدي مناقشة الميزانية و إقرارها ورفعها الى الوزير للمصادقة عليها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «٤٢» پاش هەموار كردنی ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددە «٤٢»دایە بەو شێوەیە كە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

المادة «٥» : لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەك لەسەر ماددەی «٥» هەیە؟، نییە، كێ لەگەڵ ماددەی «٥»دایە بەم شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟... سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟، كەواتە بەگشتی دەنگ ماددەی «٥» وەرگیرا، دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

المادة «٦»: على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی «٦» هیچ تێبینییەک هەیە؟، نییە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی «٧».

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

المادة «٧»: ينفذ هذا القانون أعتباراً من تاريخ نشره في جريدة«وقائع كوردستان».

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «٧»؟، نییە، کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا پرۆژەی هەموار کردنە کە هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ پرۆژەی هەموار کردنی یاساکەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە و گفتوگۆی لەسەر کرا؟..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟ بە گشتی دەنگ پرۆژەکە پەسەند کرا، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## چوارەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٤/١٩**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری شارەوانی وگەشت گوزارو ڕەزامەندی لەسەر کردنی ئەنجومەنی وەزیران، وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٧)ی رۆژی (٢٠٠١/٤/١٨)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەم یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای
## ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠١
## چوارەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣
## یاسای ئیدارەی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی بیست هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی بیست:

١- سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی(ئەوانەیان کە فرمانبەر نین)مانگانە بەپێی ئەم تەفاسیلەی خوارەوە پاداشت دەکرێن:

| پلە | سەرۆک | ئەندام |
|---|---|---|
| تایبەت | ٤٠٠٠ دینار | ١٠٠٠دینار |
| نایاب | ٣٠٠٠ دینار | ٨٠٠ دینار |
| یەکەم | ٢٠٠٠ دینار | ٧٠٠ دینار |
| دووەم | ١٧٥٠ دینار | ٦٠٠ دینار |
| سێیەم | ١٥٠٠ دینار | ٥٠٠ دینار |
| چوارەم | ١٠٠٠ دینار | ٤٠٠ دینار |

٢- فەرمانبەرێ ئەندام بێ یان بۆ سەرۆکایەتی هەڵبژێردرابێ، سەرپشکە یا مووچەی مانگانەکەی خۆی یان ئەو پاداشتەی کە لە بڕگە(١)ی سەرەوەدا هاتووە، بۆخۆی بەگەن بکات.

٣- دەشێ هەندێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن و تەسدیق کردنی وەزیر، خۆیان بۆ ئەرک وفرمانی ئەنجومەن تەرخان بکەن و، باشتریش وایە رێژەی تەرخان بووەکان لە سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی زیاتر نەبێ.

٤- ماوەی خزمەتی سەرۆک وئەندامانی ئەنجومەن بۆ هەموو مەبەستێکی خزمەت وخانەنشینی بە خزمەت حساب دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

مادەی چل ویەک هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی چل ویەک:

نابێ، بەبێ ئیجازە وەرگرتن لە شارەوانییەوە هیچ بینایەک دابمەزرێ و، لەسەر شارەوانییش پێویستە کە بۆ دامەزراندنی(عمارة) پرس ورای(پلان دانانی پسپۆری ئاوەدانکردنەوە)وەربگرێ.

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی(٢،٣)لە ماددەی چل ودوو هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

٢- بوجە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی وئابووری رێک دەخرێ.

٣- ئەنجومەنی شارەوانی دەبێ گفتوگۆ لەسەر بوجەکە بکاو ئیقراری بکات وبەرزی بکاتەوە بۆ وەزیر کە تەسدیقی بکا.

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی چل ونۆ هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی چل ونۆ:

١- ئەگەر ئەنجومەنی شارەوانی زۆربەی ئەندامانی لەدەست دا، ئەوە، لەو بارەدا ئەنجومەنی وەزیران پێویستە لەسەر پێشنیازی وەزیر ئەنجومەنی شارەوانییەکە هەڵوەشێنێتەوەو بۆیشی هەیە لیژنەیەکی رەفتەنی پێک بهێنێ و ئەرک وفرمانی ئەنجومەنە شارەوانییە هەڵوەشاوەکە بخرێتە ئەستۆی تا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی ئەنجام دەدرێ.

ئەم لیژنەیەش، لە حاڵەتی زەروورەدا نەبێ کە بەپێشنیاری وەزیرو رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر بێ، دەنا لەو مەسرەفە بەردەوامە ئاساییانە زیاتر کە لە بوجە تەسدیقکراوەکەدا بۆی دانراوە، نابێ هیچ بریارێ بۆ ئەنجام دانی هیچ مەسەلەیەک بدا کە لە سندووقی شارەوانییەوە خەرج و مەسرەفی لێ بکرێ ولەوەو پێش ئەنجومەن بریاری لەسەر نەدابێ.

٢- ئەو ناوچەیەی کە بەپێی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەنجومەنی تێدا هەڵوەشێنراوەتە، وەزیر پێویستە لەماوەی مانگێکدا ـ کە لەرۆژی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەوە دەست پێ دەکاـ هەڵبژاردنی ئەنجومەنێکی تێدا جارِ بدات جێگای ئەنجومەنەکەی پێشتر بگرێتەوە. خۆ ئەگەر هات وباقیمەنی ماوەکە لە شەش مانگ زیاتر بوو، ئەوە، لەو بارەدا ماوەی ئەمیان دەبێتە تەواوکەری ماوەکەی ئەو.

**.ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتەبەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/٢

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢/٥/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢/٥/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمووارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢/٥/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١- خستنە ڕووی پاڵاوتنی ڕێزدار(د. لەتیف مەحمود ئەحمەد) بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن و سوێند خواردنی یاسایی.
٢- بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییە تازەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٣- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای(سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق).
٤- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٣.
٥- بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە بابەتی پارچە زەویی ژمارە٥/٢ کەرتی(٤٥) ماسیکی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
١- خستنە ڕووی پاڵاوتنی ڕێزدار(د. لەتیف مەحمود ئەحمەد) بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن و سوێند خواردنی یاسایی.
٢- بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییە تازەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی

عێراق.

٣ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای (سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق).

٤ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٣.

٥ـ بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بریاری تایبەت بە بابەتی پارچە زەویی ژمارە ٢/٥ کەرتی (٤٥) ماسیکی.

دەست بە خاڵی یەکەم دەکەین کاک فەرسەت نوسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانتان بۆ دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

پارتی دیموکراتی کوردستان

مەکتەبی سیاسی

ژمارە: ٣١٩

رۆژ: ٢٠٠١/٤/٢٥

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

نیشانە بە ماددەی (٤٤) لە یاسای ژمارە «١» ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، بە مەبەستی پڕکردنەوەی شوێنی شەهید (فرەنسۆ هەریری)، بەڕێز د. لەتیف مەحمود ئەحمەد بەرزنجی، پاڵێوراوی ئێمەیە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان. تکایە بۆ ئەوەی پێویستە.

**لەگەڵ رێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان ئەوە دەقی نووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەگەر تێبینی هەیە دەستان بەرز بکەنەوە؟ نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ئەندامیەتی د. لەتیف دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا و د. لەتیف بە ئەندامی ئەنجومەن وەرگیرا. تکایە با بفەرمووێ بۆ سوێند خواردنی یاسایی.

**بەڕێز لەتیف مەحمود ئەحمەد:**

بەناوی خوای گەورەو میهربان

من ــ د.لەتیف مەحمود ئەحمەد ــ

(سوێند بە یەزدانی مەزن پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندیە باڵاکانی دەکەم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی سەرۆکایەتی و بەناوی ئێوەی بەڕێزەوە پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی بەڕێز د. لەتیف مەحمود ئەحمەد دەکەم، بەبۆنەی بوونی بە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، هیوادارم و هیواشم بەتینە کەلە کارەکانی سەرکەوتوو دەبێ و کارەکانی لێژنەکانی ئەنجومەن دەوڵەمەند تر دەکات. خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەییە تازەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە.با کاک فەرسەت بۆتانی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەفت لە لیژنەکان هیچ گۆرانکاریان بەسەردا نەهاتووە بۆیە پێویست بە خوێندنەوەو دەنگدان ناکات کە ئەم لیژنانەن( لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری،لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی کاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵا، لێژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، لێژنەی کاروباری پێشمەرگە)ئەو لیژنانەی کە پێویستیان بەوە هەیە کە دەنگدانیان لەسەر بکرێ ئەمانەن:

١ـ لیژنەی پیشەسازی و وزە:

١ـ محەمەد ئەمین مەولود.

٢ـ جەلال خۆشناو.

٣ـ یوسف میران.

٤ـ وریا ئەحمەد محەمەد ئەمین.

٥ـ د. سەلیم عەلی مەلۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو لیژنەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٢ـ لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە وگەیاندن:

١ـ د. ئدریس هادی.

٢ـ مەلا هادی خضر.

٣ـ مامەند محەمەد ئەمین بابەکر.

٤ـ فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی.

٥ـ محەمەد سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو لیژنەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکرای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٣- لیژنەی ئەشغال و ئاوەدان کردنەوە:

١- ئیبراهیم سەعید.

٢- حەمید سەلیم میران.

٣- رقیب حسێن مەلا.

٤- حسن سالح رۆستەم.

٥- نیهاد نورەدین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو لیژنەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٤- پاراستنی مافی ئافرەت:

١- زەهرا حاجی تەها.

٢- شفیقە فقێ عەبدوڵلا.

٣- فەوزیە عیزەدین رەشید.

٤- عەبدولخالق زەنگەنە.

٥- مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین.

٦- شمائیل نەنۆ.

٧- ئەحمەد سالار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە لیژنەی مافی ئافرەت بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکرای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٥- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری :

١ـ کاکەرەش نەقشبەندی.
٢ـ د. لەتیف مەحمود.
٣ـ ئەحمەد عەلی عومەر.
٤ـ جەعفەر عەلی عەبدولعەزیز.
٥ـ سەعید محەمەد سدیق.
٦ـ مامەند محەمەد ئەمین.
٧ـ ئەکرەم عیزت نەجیب.
٨ـ موحسن ساڵح عەبدولعەزیز.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئێمە ئەندامانی لیژنەی یاسا ئەگەر بکرێ تەنها لە لیژنەی یاسامان دابنێن لەبەر ئەوەی لەوێ زیاتر سەرقاڵ ترین، ئەگەر بکرێ بتوانین لەوێ زیاتر تفرغ بکەین ، ئەگەر بکرێ وامان پێ باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی وامان بە پەسەند زانی کە کەڵک لە شارەزایی جەنابتان وەربگیرێ لەو لێژنەیە.ئەو بەڕێزانەی کە لیژنەکە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لێژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٦ـ لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی:
١ـ شەفیق محەمەد ئەمین.
٢ـ د. قیس دیوالی.
٣ـ عەفان عوسمان نەقشبەندی.
٤ـ زاهیر محەمەد ئیبراهیم.
٥ـ سەلام کەریم خان.
٦ـ جەوهەر شاواز.
٧ـ د. لەتیف مەحمود
٨ـ د. قاسم محەمەد قاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو لێژنەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٧ـ لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری ڕۆشنبیری:

١- ئەحمەد سالار عەبدولواحید.

٢- قاسم محەمەد قاسم(د.رزگار).

٣- زاهیر محەمەد ئیبراهیم.

٤ـ ئیبراهیم سەعید.

٥ـ سەرتیب محەمەد حسێن.

٦ـ شەمائیل نەنۆ بنیامین.

٧ـ فەوزیە عیزەدین رەشید.

٨ـ جلال خۆشناو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی کە ئەو لیژنەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.

وەکو زاندراوە ئەو لیژنانە لە نێوان خۆیاندا سەرۆک و جێگر و بڕیاردەر لە یەکەم دانیشتنیاندا هەڵدەبژێرن .فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ لە دوو لێژنە بم، لیژنەی ئافرەتان و لیژنەی پەیوەندیەکان، مافی خۆشمە کە لە دوو لێژنە بم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەتوانی لە دوای ئەو دانیشتنە دەست لەکارکێشانەوە لەو لێژنەیە بنووسی و ئێمەش قبوڵی دەکەین، هەر لە لیژنەی ئافرەتان و پەیوەندیەکان دەمێنیەوە؟. کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی مرۆڤ ناوەکەی دەنگدانی لەسەر نەکراوە، هەر لەسەر ناوە کۆنەکە ماوەتەوە، خۆشی ناوی گۆڕاوە، با ناوەکان جارێکی تر لەژێر ناوی نوێی بخوێندرێتەوە و دەنگدانی لەسەر بکرێ، پێشان لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان بوو، ئێستا کراوەتە لیژنەی مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوە هەر هەمان ناوەکان بخوێندرێتەوە جێگیر دەبێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەکە دەنگدانی لەسەر کراوە ؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەنگدان لەسەر ئەوناوانە کراوە لە ژێر ناوی لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکان،ئێستا ناوەکان لەسەر لیژنەیەکی تازەیە کە ناوەکەی بڕیاری لەسەر دراوە، بۆیە ناوەکان بخوێندرێتەوە و دەنگدانی لەسەر بکرێ ئەگەر فەوزیە خانیشی تێدا نەبێت دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر باشە، هەر یەکسەر چارەسەری دەکەین، کاک فەرسەرت فەرموو ناوی لیژنەکە و ئەندامەکانی بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

٤ـ پاراستنی مافی مرۆڤ:

١ـ عەبدولخالق زەنگەنە.

٢ـ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم.

٣ـ سەفەر محەمەد حسێن.

٤ـ رجەب شەعبان.

٥ـ ئەکرەم عاشور.

٦ـ ئەکرەم عیزت نەجیب.

ناوی خوشکە فەوزیەمان لاداوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە؟ شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی مافی مرۆڤ ئێمە شەش ئەندامین، ئەگەر بکرێ بکرێتە حەوت باشترە لەبەر ئەوەی ژمارەکە کەمە، ئەگەر بکرێ ئەندامێکی ناو هەولێرمان بۆ زیاد بکەن لەبەر ئەوەی

ئەندامانی دهۆک و هەتا ئاکرێش ناتوانن ئەو ئامادە بوونە ئامادە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەرای من ئەو شتە بە پەلە نەکرێ، ئەو شەش ئەندامەش کفایەتە و سیانیشیان لێرەن، پاش بریاردان لەسەری ئەگەر پێویستی کرد زیادی دەکەین.
ئەو بەڕێزانەی کە لیژنەی مافی مرۆڤ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ لیژنەکە بە تێکڕای دەنگ بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسەند کرا.
وەکو باسم کرد لیژنەکان لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیان سەرۆک و جێگر و بریاردەر بۆخۆیان هەڵبژێرن، بەزووترین کات لێی ئاگادارمان کەنەوە وەک هەمیشەش هیوادارم لیژنەکان سەرکەوتوو بن لە کارەکانیاندا، لە راستیشدا ئەو لیژنانەی کە تاکو ئێستا کاریان کردووە کارەکانیان بە شێوەیەکی جوان بەڕێوە بردوە،هیوا دارین بە هەمان روحیەت و بە هەمان گیان بەردەوام بن لەسەر کارەکانیان.
خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان بریتیە لە یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای(سندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق). داوا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسا دەکەم کە بفەرموێ بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستا دەقی یاسای خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستانی عێراقتان بۆ دەخوێنمەوە:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠١
قانون صندوق تقاعد صحفيي كوردستان العراق

المادة الاولى:
يقصد بالتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:
الاقليم : اقليم كوردستان العراق
الوزارة: وزارة الثقافة
الوزير: وزير الثقافة
الصحفي : كل عضو منتم الى نقابة صحفيي كوردستان و موف بالتزاماته
الصندوق: صندوق تقاعد صحفيي كوردستان
الهيئة : هيئة صندوق تقاعد الصحفيين

## الفصل الاول

المادة الثانية: التاسيس

اولا: يؤسس بموجب هذا القانون صندوق باسم (صندوق تقاعد صحفيي كوردستان) وتديره هيئة تسمى هيئة صندوق تقاعد الصحفيين.

ثانيا: يتمتع الصندوق بالشخصية المعنوية وله حق تملك الاموال المنقولة و غير المنقولة و يمثله رئيس الهيئة او من يخوله امام المحاكم و الدوائر الرسمية وشبه الرسمية والجهات الاخرى.

المادة الثالثة:

تتالف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء اصليين و ثلاثة اعضاء احتياط.

اولا:

أ - عضوان يرشحهما مجلس النقابة احدهما اصلي و الاخر احتياط

ب - عضوان بدرجة مدير يعينهما وزير الثقافة احدهما اصلي و الاخر احتياط.

ج - عضوان بدرجة مدير يعينهما وزير المالية والاقتصاد احدهما اصلي و الاخر احتياط

د- مدة العضوية في الهيئة ثلاث سنوات و قابلة للتجديد

ثانيا:

أ - يرأس الهيئة ممثل وزارة الثقافة.

ب - تصدر الهيئة قراراتها بالاتفاق او بالاكثرية.

المادة الرابعة: صلاحيات الهيئة:

تمارس الهيئة الصلاحيات التالية:

اولا: تامين الموارد المالية للصندوق واستغلالها بما يخدم اغراض الصندوق وفق احكام هذا القانون.

ثانيا: احالة الصحفيين على التقاعد.

ثالثا: تحديد وتثبيت مدة ممارسة الصحفي للمهنة و احتسابها لاغراض التقاعد.

رابعا: تخصيص الحقوق التقاعدية للصحفيين ولعيالهم بعد وفاتهم.

خامسا: اعداد الميزانية السنوية للصندوق وارسالها الى وزارة المالية للمصادقة عليها، وتنظيم جداول شهرية عن مجمل حسابات الصندوق.

سادسا: تعيين الموظفين لتسيير اعمال الصندوق و انهاء خدماتهم وفقا للقوانين المرعية.

سابعا: ايداع اموال الصندوق بحساب خاص في احد مصارف الاقليم ويتم السحب والصرف بقرار الهيئة و بتوقيع رئيسها والمسؤول المالي.

ثامنا: تخويل رئيسها او احد اعضائها البعض من صلاحياتها.

تاسعا: اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل ادارة الصندوق.

## الفصل الثاني
## الاحكام المالية

المادة الخامسة:

تتكون موارد الصندوق مما يلي:

١- بدل اشتراكات الصحفيين.

٢- منح ومساعدات حكومة الاقليم.

٣- نسبة ما تستقطعه وزارة الثقافة من اجور نشر الاعلانات في الصحف والقنوات الاعلامية لحساب الصندوق.

٤- مايقرر مجلس النقابة استقطاعه من صافي موجودات النقابة في نهاية كل عام على ان لا يقل عن (٥٠٪) من صافي الموجودات المالية.

٥- المنح والهبات المالية المختلفة بعد موافقة الجهات ذات العلاقة.

٦- ما يستوفى سنويا من اية صحيفة او وكالة انباء او مؤسسة اعلامية سواء كانت للطبع او النشر او التوزيع على ان لايقل عن الف دينار

٧- عوائد استثمارات الصندوق.

٨- ريع ماتقرره هيئة الصندوق القيام به من نشاطات لمصلحة الصندوق.

٩- اية موارد اخرى تستحق للصندوق.

المادة السادسة:

للهيئة ان تستثمر موارد الصندوق بالطرق التالية:

١- ايداعها لدى مصارف الاقليم حسب النسب والفوائد المقررة.

٢- بيع وشراء الاسهم والسندات المالية الحكومية.

٣- اقراض المؤسسات الرسمية وشبه الرسمية بفائدة و بضمان احد المصارف و باجال لا تتجاوز ثلاث سنوات .

٤- استغلال ممتلكات الصندوق من الاموال المنقولة و غير المنقولة.

المادة السابعة:

شروط اشتراك الصحفي في الصندوق:

أ - ان يكون عضوا في نقابة صحفيي كوردستان.

ب - غير مشمول باحكام قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي اخر.

ج - لم يتجاوز عمره (٥٠) خمسين سنة.

المادة الثامنة:

١- يدفع الصحفي الاشتراك السنوي دفعة واحدة قبل نهاية الشهر الاخير من كل سنة وعند عدم الدفع في موعد الاستحقاق تضاف اليه نسبة (٥٠٪) من بدل الاشتراك السنوي .

٢- بدل الاشتراك السنوي (٦٠) دينارا.

٣- على المؤسسة الصحفية والاعلامية التي يعمل لديها الصحفي دفع ضعف بدل الاشتراك السنوي للصحفي المشمول الى الصندوق.

٤- لايجوز للنقابة تجديد هوية المشمول مالم يسدد البدلات المستحقة عليه للصندوق عن السنة المنتهية او الاقساط المستحقة عليه عن السنوات السابقة.

٥- على الصحفي المشمول باحكام الفقرة (٤)ان يقوم بتسديد الاشتراكات المتراكمة على شكل اقساط وخلال سنة واحدة.

٦- اذا ضمت اية مدة باعتبارها مدة ممارسة الصحفي للمهنة لغرض التقاعد يدفع عنها بدلات الاشتراك وفق احكام هذا القانون.

## الفصل الثالث

## حالات استحقاق الراتب التقاعدي

المادة التاسعة:

يستحق الصحفي راتبا تقاعديا في الحالات الاتية:

١- اذا كان له ممارسة (خدمة)في العمل الصحفي لاتقل عن (٢٥) سنة سواء كانت مستمرة او متقطعة.

٢- اذا اكمل (٦٣) سنة من العمر وله خدمة صحفية لاتقل عن عشرين سنة.

٣- يستحق المشمول في الفقرتين اعلاه من هذه المادة الحقوق التقاعدية كاملة.

المادة العاشرة:

اولا: اذا توفى او استشهد الصحفي اثناء تاديته لعمله الصحفي ومن جرائه فيستحق عياله الحقوق التقاعدية.

ثانيا: اذا اصيب بعجز اثناء تاديته لعمله الصحفي ومن جرائه واقعده ذلك ومنعه من ممارسة مهنته بصورة دائمية و بقرار من لجنة طبية رسمية مختصة.

ثالثا: يتقاضى المشمول باحدى الحالتين المنصوص عليهما في الفقرتين اولا و ثانيا كامل الحقوق التقاعدية استثناء من احكام المواد السابقة في هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

يحال الصحفي على التقاعد اذا اصيب بمرض منعه من ممارسة العمل الصحفي بصورة دائمية وبقرار من لجنة طبية مختصة رسمية، ويمنح الحقوق التقاعدية وفق ما ياتي:

١- يستحق مبلغ (٢,٥٠٠) ديناراً عن كل شهر من خدمته الصحفية و تحتسب اجزاء الشهر شهرا كاملا لاغراض التقاعد على ان لايقل عن مائتين وخمسين دينارا.

٢ـ في حالة وفاة الصحفي المتقاعد تنتقل الحقوق التقاعدية من تاريخ وفاته الى عياله المستحقين و تطبق في هذه الحالة احكام قانون التقاعد لعياله المنصوص عليها في قانون التقاعد المدني النافذ.

المادة الثانية عشرة:

اذا توفى الصحفي سواءا اكمل المدة المقررة لممارسة المهنة او بلغ السن القانونية للتقاعد المقترن بالخدمة المقررة او لم يكملها فتطبق بشانه احكام هذا القانون لغرض تخصيص الراتب التقاعدي لعياله.

## الفصل الرابع

المادة الثالثة عشرة:

الحقوق والخدمة:

١ـ يمنح الصندوق للصحفي راتبا تقاعديا مقداره (٧٢٠) ديناراً شهريا.

٢ـ لايجوز الجمع بين الحقوق التقاعدية الممنوحة بموجب هذا القانون واية حقوق تقاعدية من قانون تقاعدي او صندوق تقاعدي اخر.

المادة الرابعة عشرة:

تحتسب المدد الاتية خدمة لاغراض التقاعد:

١ـ مدة المرض او الاصابة التي اقعدت الصحفي عن العمل فترة لاتتجاوز ثلاث سنوات معززة بقرار من لجنة طبية مختصة.

٢ـ مدة قضاء الصحفي حكما بعقوبة سالبة للحرية او توقيفه او اعتقاله لاسباب سياسية غير مخلة بالمصالح العليا للشعب وفيدرالية اقليم كوردستان.

٣ـ مدة حرمان الصحفي عن العمل بسبب غلق المؤسسة الصحفية أو الاعلامية التي يعمل فيها على ان لا يتعارض الحرمان والغلق مع مصلحة شعب كوردستان.

٤ـ مدة عدم ممارسة الصحفي للمهنة للفترة بين عملين صحفيين على ان لا يكون قد مارس خلالها عملاً مشمولاً بقانون آخر.

٥ـ المدة التي يقضيها في الدراسة بموافقة مجلس نقابة صحفيي كوردستان على ان لا تتجاوز أربع سنوات ويشترط على شهادة علمية معترف بها.

المادة الخامسة عشرة:

يمنح عضو نقابة صحفيي كوردستان المستمر حالياً في العمل الصحفي والذي عمل في القنوات الاعلامية للحركة التحررية الكوردستانية قبل الانتفاضة المجيدة في ١٩٩١/٣/٥ مدة لا تزيد على خمس سنوات كخدمة فعلية لاغراض التقاعد، وكما ياتي:

١ـ تشكل لجنة خاصة لهذا الغرض في نقابة صحفيي كوردستان.

٢ـ تبت هذه اللجنة في الطلبات المقدمة اليها وتصدر قرارها بتأييد الطلب او رفضه كلياً او

جزئياً.
٣ـ للصحفي الاعتراض على قرار اللجنة لدى مجلس نقابة الصحفيين خلال ثلاثين يوماً من تاريخ تبلغه به ويكون قرار المجلس باتاً بهذا الشأن.
٤ـ يودع قرار احتساب هذه الخدمة للصحفي المشمول لدى هيئة الصندوق.

المادة السادسة عشرة:

للصحفي وعياله من بعده طلب ضم الخدمة المقضية في المؤسسة الصحفية او الاعلامية الى خدمته الفعلية لاغراض التقاعد.

المادة السابعة عشرة:

اولاً: للصحفي ولمن تؤول اليهم الحقوق التقاعديةحق الاعتراض على قرارات الصندوق فيما يتعلق بالحقوق التقاعدية او ضم المدد او رفضها لدى مجلس تدقيق قضايا المتقاعدين خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بها ولهم ايضاً ولهيئة الصندوق حق الطعن في قرار مجلس التدقيق لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوماً من تاريخ التبلغ بها.

ثانياً: يستثنى من أحكام الفقرة أولاً اعلاه الاعتراضات الواردة في المادة «١٤» من هذا القانون.

ثالثاً: يستوفى من المعترض لدى مجلس التدقيق تامينات قدرها خمسون ديناراً وتعاد له اذا ظهر محقاً في اعتراضه.

## الفصل الخامس
## أحكام عامة

المادة الثامنة عشرة:

١ـ ينقل اسم الصحفي من سجل نقابة الصحفيين في الاقليم الى سجل الصحفيين المتقاعدين.
٢ـ على الصحفي الامتناع عن ممارسة العمل الصحفي بعد ثلاثة اشهر من تاريخ تبلغه بقرار إحالته على التقاعد وعند مخالفته يقوم مجلس نقابة صحفيي كوردستان بإنذاره بوجوب ترك المخالفة فإذا لم يلتزم يوقف صرف راتبه التقاعدي لمدة يحددها مجلس النقابة.

المادة التاسعة عشرة:

إذا انقطع الصحفي او فرد من عياله بعد وفاته عن تناول راتبه او عن المراجعة بشأن تخصيصه له مدة تزيد عن سنتين يسقط حقه بالمطالبة عن مدة الانقطاع الا اذا كان الانقطاع بعذر مشروع ويعتبر التخلف عن تقديم الوثائق والمعلومات التي تطلبها هيئة الصندوق انقطاعا عن المراجعة لاغراض هذه المادة.

المادة العشرون:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة الحادية والعشرون:
على الوزراء المختصين والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.
المادة الثانية والعشرون:
ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
سوپاسی كاك شێروان دەكەین. پڕۆژەكە ئاراستەی هەر سێ لیژنەی یاسایی و دارایی و ڕۆشنبری دەكەین.
سەبارەت بە خاڵی چوارەمیش داوا لە كاك شێروان دەكەم كەدەقی پڕۆژەی یەكەم هەموار كردنی یاسای وەزارتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلایەتیمان بۆ بخوێنێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
رئاسة مجلس الوزراء

مشروع قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠١ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠١

قانون التعديل ( ) لقانون وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية
رقم ( ) لسنة ١٩٩٢

المادة الاولى:
تعدل المادة الثالثة من قانون وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية رقم (١) لسنة ١٩٩٣ وتقرأ على الوجه الاتي:
اولاً:
١- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها وتصدر عنه التعليمات والقرارات والاوامر في كل ما له علاقة بمهمات الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن احكام القانون والنظام، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامنا فيه، وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل والمدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.
٢- وكيل الوزارة للشؤون الصحية ويقوم بالمهام المتعلقة بالشؤون الصحية والتي يوكلها اليه الوزير.

٣- وكيل الوزارة للشؤون الاجتماعية ويقوم بالمهام المتعلقة بالشؤون الاجتماعية والتي يوكلها اليه الوزير.

ثانياً:

١-مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير ويعاونه عدد من الموظفين.

٢- مكتب وكيل الوزارة لشؤون الصحة: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

٣- مكتب وكيل الوزارة للشؤون الاجتماعية: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

٤- مديرية الاعلام والعلاقات: ترتبط بمكتب الوزير.

٥- الدائرة القانونية: ترتبط بالوزير.

ثالثاً: المجلس: يتكون من المدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاخصائيين او اي موظف يقرر الوزير اضافته.

المادة الثانية: لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من التاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاساو لیژنەی تەندروستی و لیژنەی دارایی دەکەین، بەڕێزان ئێستا دێینە سەر خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بەبابەتی پارچە زەوی ٢/٥ کەرتی ٤٥ی ماسیکی، فەرموو کاک شێروان بیخوێنەوە:

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

مشروع قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة / / مايلي:

المادة الاولى: يلغى قيد السجل العقاري للقطعة المرقمة ٢/٥ مقاطعة ٤٥ ماسيكي والبالغة مساحتها (٥٨٠) دونماً والمسجل بعدد (٢١) نيسان ١٩٩٦ جلد (٢٠٨) دهوك ويعاد تسجيلها باسم وزارة المالية لحكومة اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ڕای لیژنەی یاسا لەسەر پرۆژەکە:

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقر
م/ راي اللجنة القانونية:
اشارة الى كتابكم المرقم ك/٣٩ والمؤرخ في ١٧/١٠/٢٠٠٠ بصدد القطعة المرقمة (٢/٥) من المقاطعة (٤٥) ماسيكي. وبعد الاطلاع على اضبارتي التسجيل العقاري واضبارة المديرية العامة لزراعة دهوك وبعد الدراسة والتدقيق تؤيد اللجنة المشروع المقدم بشأن ابطال قيد القطعة اعلاه وللأسباب ادناه:
١-.ان تسجيل القطعة بأسماء الموزع عليهم في مديرية التسجيل العقاري في محافظة دهوك قد تم بصورة مخالفة لاحكام قانون الاصلاح الزراعي ذي الرقم (١١٧) لسنة ١٩٧٠ ولم يكن مستوفياً للشروط القانونية فيه.
٢- ان قرار التوزيع ملغي بسبب تخصيص القطع الموزعة الى المشاريع الاروائية وذلك بموجب التعليمات المرقمة ١١٩ لعام ١٩٨٧ الصادرة عن وزارة الزراعة والمستند الى قانون رقم ٤٢ لعام ١٩٨٧.

راجين التفضل بالعلم مع التقدير

نائب رئيس اللجنة
شيروان الحيدري

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاتی خۆی ئەو پارچە زەوییە دابەش کراوە بەگوێرەی قانونی اصلاحی زراعی ١١٧ لە ساڵی ١٩٧٠ لەسەر خەڵکانێک کە بەپێی قانون پێیان دەگوترێت الموزع علیهم وئەو پارچانە پاشی پێنج ساڵ لەسەر تێپەڕینی تەسجیل کردنی امکان هەیە تەسجیل بکرێ لە تەسجیلی عەقاری، بەڵام هیچ جۆرە حقوقێکی لەسەر ناکرێ و هیچ انتقال ناکرێ و نافرۆشێ وهیچ معاملاتی لەسەر ناکرێت ولە هەمان کات لیژنەیەک هەیە بەپێی قانون تەشکیل دەکرێت پێی دەگوترێت لجنە مخالفات الموزع علیە یان لجنە شؤون الموزع علیە، ئەو لیژنەیە هەموو کات دەتوانێ ئیلغای قەراری تەملیک بکات وئیلغای قەراری ئەو وحدە تەوزیعیانە بکات بەڵام بەمەرجێک قەراری خاضعە بۆ تەصدیق کردن بۆ مجلسی اعلی لەبەر ئەوەی ئێمە لە تەشکیلاتی وزارەتی ئێمە وەزارەتی زراعە واصلاحی زراعی مجلسی زراعی اعلامان نییە تەنیا هەیئەی تەمیزمان هەیە لە محکمەی تەمییز هەیئەیەکە پێی دەگوترێت هەیئەی تەمیزی اصلاحی زراعی بۆیە پێویست دەکات بە قەرارێکی پەرلەمان ئەو قەیدە لەغو بکرێت چونکە اصلەن تەوزیع لەداخلی حدودی بلدیە ناکرێت چونکە تەوزیع بۆ کاروباری زراعیە بۆ ئەوە نییە کە بکرێتە قطعەی ارضی سکنی. زەوی اصلاحی زراعی نابێتە قطعەی ئەرزی سەکەنی و بەناوی کەس تەسجیل ناکرێت، بەناوی وەزارەتی مالیە تەسجیل دەکرێت وهیچ کەسێک بۆی نییە ئەرزی تەوزیعی زراعی بکاتە سەکەنی و شتی لێ دروست بکات وئەو قطعەیە کەوتۆتە ناو حدودی بلدیە خۆی ئۆتۆماتیکی دەبوایە

تەوزیعەکەی لەغو بکات، وەزارەتی زراعە و اصلاحی زراعی بەگوێرەی قانون کە لیژنەی شۆونی موزع علیە دەتوانێ قەرارەکە ئیلغاء بکات، چونکە هەر دائیرەیەک ئەو حەقەی هەیە داوا بکات لە وەزارەتی زراعە بلێت تەعدیلی قراری تەوزیع بکات قطعەکەی بگۆڕن و قطعەکەی لەغو بکەن ئەو حەقە حەقی وەزارەتە و، ئەو تەسجیلەی ئێستا لە تاپۆ کراوە افراز کراوە ئەو تەسجیلە باطلە و موافقی قانون نییە وپێچەوانەی قانونە، بۆیە ئێمە وەک لیژنەی یاسا رامان وایە تەئییدی مەشروعەکە بکەین و ئیلغای قەیدەکە بکەین وعەردەکە بگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی وبەسەر هاوولاتیان لەناو شار داخلی حدودی بلدیە تەوزیع بکرێت، بەلام وەکو لیژنە پێشنیارێکمان هەیە ئەگەر بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لێمان قەبوولّ بکات ئەو خەڵکانە وەکو مستفیدین لەو قطعە بوونە ئەگەر وەکو خەڵکەکان یەکو قطعەیەکیان بدرێتێ بۆ سەکەن لەوانەیە شتێکی باش بێت وەکو حەقێکی مکتسب بۆیان رەچاو بکرێت کەوا مەحروم نەبن وەکو خەڵکانی تر سەرو پارچەیەک وەربگرن چونکە خەڵکێک بوونە پێوەی ماندوو بوونە لە هەمان کاتیش بە عەردی زراعی تەعویض بکرێنەوە لە خارجی حدودی بلدیە ئەگەر عەردی زراعی هەبوو، چونکە ئەصلەن هدف لە تەوزیع ئەوەیە غەرەزێکی زراعی کشتوکاڵی بێت نە سەکەنی و نەبینا، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش ووتی فعلەن وایە، بەلام من دەمەوێ شتێکی تریش اضافە بکەم ئایا بۆ ابطالی قەیدی قطعە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ابطالی قیدی قطع عادەتەن لە اختصاصی محاکمە و محاکم مختصە بە ابطالی هەر قەیدێک کە بزانێ بە مخالفی قانون تەسجیل کراوە، ئەوە لەبەر ئەوە هاتۆتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ابطال بکرێت چونکە محاکم منع کراوە لەوەی کە قەزایای اصلاحی زراعی لەو بابەتە ببینێت وتەمییز تەوجیهی محاکمی کردووە و اصلاحی زراعی هەستاوە اقامەی دعوای کردووە لەو مەوزوعە، لە محاکمی تەمییزا ئەو دەعوایە نەقض کراوە و تەمییز تەوجیهی محاکمی مەوزوعی کردووە ووتویەتی کە ئەوە امکان نییە ئێوە ببینن چونکە محاکم ممنوعە ئەو نەوعە دەعاویانە ببینێت بۆیە ئیلتجایان کردووە بە پەرلەمانی کوردستان تا ابطالی قەیدی ئەو قطعەیە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو تەوضیحە پێویست بوو بۆ ئەوەی بەڕێزان بچنە ناو صورەتەکەوە و لە وەزعەکە تێبگەن، تکایە جارێکی تر ماددە یەک بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى: یلغى قید السجل العقاري للقطعة المرقمة ٢/٥ مقاطعة ٤٥ ماسیكي والبالغة مساحتها (٥٨٠) دونماً والمسجل بعدد (٢١) نیسان ١٩٩٦ جلد (٢٠٨) دهوك ویعاد

تسجيلها باسم وزارة المالية لحكومة اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ئەگەر تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، فەرموو كاك سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو پێشنیارەی كە كاكەرەش كردی وابزانم بۆ پێشنیاری لیژنەی یاسا باشە و كە ئەو عەوائلانە لەوانەیە نزیكی سەد ساڵە استغلالی ئەو زەوییە دەكەن ئینجا هەر بۆ عەدالەت و هەر بۆ حەقی ئەوانیش كە قطعەیەک زەوی بدەنێ شتێكی زۆر باشە لە ئەركی وەزارەتی دەبینم وئەگەر تەعویزیان بكەن كە ئەرزی زراعییان بدەنێ وابزانم شتێكی زۆر باشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من تصور دەكەم ئێستا لە اختصاصی ئەو دانیشتنە نییە هەرچەندە پێشنیارێكی باشە هەتا ئەگەر تەئیدییشی بكەین ناتوانین قەراری لێ بدەین چونكە مەوزوع مەشروعی قانونێكە كە حكومەت داوای كردووە ورای لیژنەی یاسایی دەبێ تەركیز بكاتە سەر مەشروعی قانونەكە ئایا لەجێی خۆیەتی یان لەجێی خۆی نییە ئەگەر لەجێی خۆیەتی اقراری دەكەین و ئەگەر لەجێی خۆی نییە اقراری ناكەین. مەوازیعی تر لەوانەیە لە مناسەبەتێكی باشدا بتوانین لەگەڵ سەرۆكایەتی ئەنجومەندا قسەی تێدا بكەین كە بەشێوەیەكی وا تەنفیذ بكرێت كە خەڵكی رازی بێنێ ئەوە واردە، بەڕێز كاک محمد سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من حەز دەكەم مناقەشەكەی من دوابخرێ چونكە مەوزوعێك هەیە ئەگەر اثارە كرا من تەعلیقم هەیە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس، بەڕێز كاک محسن فەرموو.

**بەڕێز موحسن ساڵح كەتانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش تەئییدی كاكەرەش دەكەم، لەبەر ئەوەی موراجەعەتیان كردووە لەوانەیە ئەوەی كە لەوەختی خۆیدا لە حدودی بلدیەش لەوێ نەبوو حەز دەكەین مەغدور نەبن لە موستەقبەلدا شتێكیان بۆ

بدۆزنەوە ئەوانیش مەغدور نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک محمد تاهیر زین العابدین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە تەفصیلەکەی کاکەرەش پێم خۆش بوو، بەڵام لەو قسەیەی جەنابی وتی قطعەیەکیان بۆ سەکەن بدرێتێ یا تەعویض بکرێن بە ئەرزی زراعی ئەم بۆچوونە دەمانخاتە گومانەوە ئایا حەق دەگێرینەوە بۆ مەجرای خۆی یا خوانەخواستە شتێک دەکرێت کەوا سوودی هەندێک خەڵک دەفەوتێنێ ئەوە لەگەڵ ڕێزمدا و لایەنی (باسم وزارە المالیە والاقتصاد)یش ئەگەر اقرار کرا (باسم وزارە المالیە والاقتصاد) ئەوەشی دەبێت لەگەڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بەنیسبەت منەوە من واتصور ناکەم ئەو شەخصانە خۆیان تجاوزیان کردووە یانی ئەمانە عەردەکە بۆیان دراوە وتوزیع کراوە و کەمییەکەی زۆرە کە (٥٨٠) دۆنمە ومنیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ماوەیەی کە دابەش کراوە لەسەریان منطقەی بلدیە نەبووە لەبەر ئەوە من واتصور دەکەم ئەوە زۆر غوبنی تێدایە بەنیسبەت ئەو شەخصانەوە ومنیش پشتگیری رای لیژنەی یاسا دەکەم کە ئەگەر احتیاجی وەزارەتی مالیە یان بلدیە بۆ ئەو زەوییەیە ئەبێ بەدیلیان بدرێتێ بۆ حەق وعەدالەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تصور دەکەم زەروری بێت لیژنەی یاسا رای خۆی بە واضحی بڵێت لەسەر پرۆژەکە، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز مەلا تاهیر فەرمووی من مەسەلە مەسەلەیەکی انسانییە کە سەروپارچە زەوییەکیان لە داخلی حدودی بلدیە بدرێتێ بۆ سەکەن چونکە بەهیچ شێوەیەک عەردی اصلاح زراعی نابێت لە داخلی حدودی بلدیە تەوزیع ناکرێ و تەوزیع لە داخلی حدودی بلدیە نییە و هەر زەوییەکی

اصلاحی زراعی کە تەوزیع کرا ئەگەر کەوتە ناو حدودی بلدیە ئەوە ئەبێت قەراری تەوزیعی ئیلغاء بکرێت و قەراری تەوزیعیشی ئیلغاء بکرێت من عەرزم کردن ووتم ئیستا لیژنەی شۆونی موزع علیهم دەیتوانی ئەوە بکات بێ ئەوەی بێتە پەرلەمان، بەڵام لیژنەی شۆونی موزع علیهم قەراراتی ئەوێ خاضعی تصدیقە لە مجلیسی زراعی اعلی، ئێمەش لە وەزارەتی ئێمە تەشکیلاتی مجلیسی زراعی اعلامان نییە ،لەبەر ئەوەی پێویستە وکاک شێروانیش تەوضیحی کرد نە محاکم دەتوانێ دەعواکە ببینێ کە قانونی اصلاحی زراعی منعی کردووە کە ئەو دعوایانە ببینێ ونە مجلیسی زراعی اعلاشمان هەیە ،لەبەرئەوەی ناچارین کە بێتە ئێرە وەکو قەرارێکی پەرلەمان لەغوی بکەین بەڵام عەردی زراعی لە خارجی حدودی بلدیە بیاندرێتێ ئەوە مافی خۆیانە کە تەعویض بکرێنەوە بە ئەرازی خارجی حدودی بلدیەی کە غەرەز بۆ چاندن بێت نەک بۆ سەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی رای لیژنەی یاسا لەگەڵ پرۆژەکەیە یان نا؟ لەگەڵ پرۆژەکەدان، بەڵێ سوپاس، بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جهودێ کابینا چارێ بۆ پاراستنا مصلحەتێ گشتێ جهێی رێزو تەقدیرێیە بەراستی کاکەرەش زۆر بەواضحی دیار کرد کە ئەڤ عەردە یانێ مەشمول بێت بە قانونا اصلاح زراعی و ئەو جوتیارێ هاتینە گرێ دانێ بەعقودێ زراعێ لەگەڵ دایەرێت مختص پشتێ هەندێ مە دیت وەکو ئەڤ مەوزوعی ماسیکی بیە جهێ هەندێک صراعا مەصالیحی شەخصی زۆر کەس هەی تەدەخولی کردی زۆر وەساطە هاتیتە کرن و زۆر پارەی صەرف کردیە، یانی ئەگەر تۆ بێی بەری خۆ بدەیتە معامەلاتێ قانونی هاتین کرنێ هەتا قەرارا محکما تەمییزێ دەرچوویێ ئەگەر تۆ بەری خۆ بدەیتێ هەمی مەسئەلەی ئوصولی دەرچووی تەنها ئەگەر بێی دایرەی زراعی دهۆکی ئەگەر بەری خۆ بدەیت کتاب توجیهی محاکم دەکرێ و تاپۆ دەکرێ کو بەڵێ حەقی وانە پشتی سەرلێ دانێ بەقەناعەتا من ئەڤ بابەتا محتاجێ هەندێک لێک چوونێ بێتە کرنێ کە نوقتا خلافێ لەکێرێ دەست پێکریە چونکە فعلەن تجاوزێ لەسەر حقوقێ مصلحەتا عامێ هاتی کرنێ وەختی کتابێ دێ توجیە کرنێ بەڵێ ئەڤە ممتلەکاتێ وانە پشتی سجل اضبارات بێتە سووتنێ بە قەناعەتا من ئەوە اجحافا دەرحەقێ مصلحەتێ گشتیدا و پێویستە لیژنەیەک بێتە تەشکیل کرنێ فعلەن ئەوێێت دەست درێژی کرن تەشخیص بێتە کرنێ یا دووش ئەو جوتیارێ فەقیر بەلانی کەمەوە وەکو لیژنا قانونی گوتی یانی قطعەکا عەردی پێ بدەن وەکو شتێکی زۆر باش بێت و عەدالەت ژلایێ حکومەتا هەبێت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک محەمەد سدیق فەرموو.

**بەڕێز محەمەد صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی یاسام، بۆچوونی ئەوان کە تەئییدی ئەو مەشروعە دەکەن، بەڵام لێرە یەک خەلەل هەیە چونکە خۆی سێ قەیدە ئەصلی قطعەکە کە ٥/٢ افراز وابووە سێ پارچە بووە ٦/٢ و ٧/٢ و ٧/٢ لەسەر بلدیە تەسجیل کراوە کە ببێتە قطعەی سەکەنی بۆ ذوی شهادات توزیع کراوە ٦/٢ بەناوی فەلاحەکان ماوە ئینجا ئەو مەشروعەی ئێستا هاتییە لەسەر یەک قەید ئەمە ئەوەکەی تر اشارەتی پێ نەداوە جا ئەم مەوزوعەیە چونکە مەصیری ئەو قەیدە چی لێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو واقیعەی کە کاک سەعید دەفەرموێ ئیمە ئەو واقیعە نازانین ئێمە مەشروع لەبەر دەمانە مەشروع چی تێدایە مەشروع قطعەیەکە حکومەت داوای دەکات ئەو قەیدە ئیلغاء بێت و ئیلغاء کردنی قەیدێکی قانونییە، لەغوەکەی احتمالە لە پاشەڕۆژ ٦/٢ی بۆ مەشروعێکی تر حکومەت رەفعی بکات ئەگەر داخلی حدودی بلدیە بێت ئەویش هەر لەغو دەبێت کە هیچ ئەرزێک داخلی حدودی بلدیە مومکن نییە دابەش بکرێت بەسەر فلاحین، دەمەوێ ئەو حەقیقەتە بزانن عەردی اصلاحی زراعی داخلی حدودی بلدیە توزیع ناکرێت عەردی اصلاح زراعی هەمووی دەبێ بکەوێتە خارجی حدودی بلدیە، هەر زەوییەک بکەوێتە داخلی حدودی بلدیە مانای وایە ئەصلەن بەپێی قانونی (٨٠) ئی بلدیەیە قانونی (٨٠) دەڵێ (تئول ملکیە جمیع الاراضی الزراعیە داخل حدود البلدیە) ئەوەی کە مولکیەتی شەخصی نییە مثقل نییە بە تصرف لەبەر ئەوەی ئەصلەن لەسەرەتادا ئەوە ئی ملکی بلدیە بووە لەبەر ئەوەی ئەو کەمتەرخەمی کردووە قطعەکی کردووە یان دوو قطعەی کردووە ئێمە ئەوە نازانین ئەو اجرایەی کە ئێمە دەیکەین سەدلەسەد قانونییە وهیچ غوبارێکی لەسەر نییە وئینجا ئەگەر ٦/٢ی داوای کردووە دووبارە ئەویش ئەو وەختی قسەیەکی لێ دەکەین ودراسەتی دەکەین وەکو چۆن ئەوەمان دراسەت کردو اضبارەکانمان هێنا ئەویش دراسەت دەکەین لەوانەیە زروفی مختلف بێت دوورتر بێت نازانین وەزعیەتەکەی چۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تۆمار کردنی زەوی ناوبراو بەناوی ئەوانەی بەسەریاندا دابەش کراوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی تەسجیل عەقاری دهۆکەوە هەر لە بناغەوە پێچەوانەی یاساکانی اصلاحی زراعی و بریارەکانی و هەروەک قاعیدەیەکی قانونی کە ئەڵێ مایبنی علی باطل باطل لەبەرئەوە بەرای من هەڵوەشاندنەوەی زۆر لەشوێنی خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک محمد سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش خوێندنەوەی اضبارەکە لەلایەن لیژنەی یاساوە بۆمان بەدیار کەوت لەساڵی ١٩٧٢ جارێک دابەش کراوە بەسەر جوتیارەکان ولەساڵی ١٩٧٨یش جاری دووەم دابەش کراوە لەساڵی ١٩٩١ داوای ئیلغای کراوە کە دووبارە بگەڕێتەوە بەناوی زراعی علی اساس خاضعی مەشروعی ری سدی دهۆکە، باشە ئێمە تەماشای صورەی قەیدمان کردووە لەساڵی ١٩٩٦ لایزال بەناوی فلاحەکان ماوە ولەسەر ئەو ٥/٢ی کە بەناوی جوتیارەکان کراوە دووبارە افراز کراوە بووەتە ٦/٢ ،٧/٢ هەروەکو کاک حەمە سەعید دەڵێتن باشە ئەگەر ئەو عەردە ئی فلاح بێت دەبێ ڕێگەی اصولی هەیە بە استملاک وبە اطفاء بە ڕێگەی قانونی خۆی بروات وفیعلەن بەوجۆرە قەراری پەرلەمان دەبێ سەدی هەشتی بدرێتێ و ئەگەر واش نەبێ باشە چۆن بۆتە دوو قطعە؟ قطعەیەک دوو لەسەر شەش دراوەتە فلاحەکان و سەنەد بەناویان دەرچووە و دوو لەسەر حەوتیش بەناوی بەلەدیە وەدابەش وافرازیش هەموو کراوە، لێرەدا ئەگەر ئێمە بێتوو ئەو قەرارەی کە لەپەرلەمان دەردێ بلێین ئیلغای قەیدی دوو لەسەر پێنجی بکرێت مع مفرززاتە شمولی دوو لەسەر شەش دەکات و دوو لەسەر حەفتیش و بەهەزارەها قطعەش کە ئێستا دراوەتە خەڵک ئەویش هەڵدەوەشێتەوە، من پاش اثارە کردنی کاک حەمە صدیق باعتبار کاتی خۆی مدیر تاپۆی دهۆک بووە زانیاری تەواوی کۆکردۆتەوە و خوێندنەوەی ئەو اضبارەی ووتم با تووشی اشکال نەبێت، یانی کە بلێین افرازی دوو لەسەر پێنج ئیلغا بکرێت مانای وایە مفرززاتیش ئیلغا دەکرێت کە بە هەزارەها قطعە دابەشی سەر خەڵک کراوە خانوویان لەسەر کردووە، دوکان وجادەو عیماراتی لەسەر کراوە، ئینجا وەکو تەوضیحێک با تووشی اشکال نەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا چەند قطعەیە؟ لە ئەصلدا یەک قطعە بوو وانییە؟.

**بەڕێز محەمەد سدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ئەصلدا ٢/٥ بوو ئەوە بە ناوی فەلاحەکان تەسجیل بووە لە ساڵی ١٩٩٦ بەگوێرەی ئەو اجرائاتەی کردوویەتی، پاش ئەوە بەلەدیە بە گوێرەی قەراری پەرلەمان ئەم پارچە عەردەی اطفا کرد لەگەڵ مەجموعەیەک عەرد، هەشت لەسەد بۆ فەلاحەکانی بەجێ هێشت کە بەناویان تەسجیل بوو کە ٢/٦ بوو و ٢/٧ بەناوی بەلەدیە مایەوە ئەوە ئێستا بەلەدیە افرازی کردووە بووەتە هەزاران قطعە کە تەوزیع کراوە بەسەر خەڵکدا چۆن دەبێ ئەگەر ٢/٥ ی ئیلغا بکەین مانای هەموو هەر هەڵدەوەشێتەوە، ئینجا لێرە مەبەستم ٢/٦ نەمێنێ ئەو قەیدە ئیلغاء بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک امین اشارەتی پێدا یەکەم تەسجیلەکە مخالفی قانونە، چونکە قانونی اصلاحی زراعی فەرز دەکات دەڵێ عەردی موزع علیهم توزیع دەکرێت پاشی ئەوەی کە لە مدیریەتی اراضی عامە خرائطی هۆلەندی تەصمیم دەکرێت مدیریەتی اراضی عامە داوا دەکات بە ژمارەی قطعەوە ئەوەی لە بۆ خەدەمات دانراوە تاکو دوایی ئەوانە هەمووی تەسجیل دەکرێت و تەبعەن ئەو اجرائاتانە هیچی لە تاپۆ نەکراوە و دووەم اصلەن عملیەی اطفاء عملیەیەکی چەوتە، چونکە ئەوانە مالیک نینە تاکو اطفاء بکرێن ئەو مثقل نییە بحق تصرف مملوکە للدولەیە، زەوی مملوکە للدولە اطفاء ناکرێت کە مثقل نەبێ بحق تصرف، حەق تصرف اطفاء دەکرێت کە ئەوەی ئێمە قەرارمان پێ دەرکردووە سەدا هەشت و سەدا دوازدە بەنیسبەت مملوکە للدولە مثقلەو بەنیسبەت مولک صرف ئەوە اصلەن عملیەتی اطفاء عملیەتێکی چەوتە و کە اطفائکردنی و افرازی کردووە وکە تۆ ئێستا قەیدەکەی لەغو دەکەی مانای وایە هەموو عەردەکە لە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، ئەو افرازاتی لە ٢/٧ی کردووە دەستی لێ نادرێت و قەیدەکەی لەغو دەکەی قەیدی ٢/٥ کە ئەصلی قطعەکەیە ئەوە دەگەڕێتەوە بەناوی حکومەت هەمووی ئینجا ٢/٧ی اعتیادیا بەناوی خۆیەتی افرازاتی کردووە داویتیە خەڵک دابەشی کردووە وهیچ اشکالێک دروست ناکات چونکە قەید دەگەڕێتەوە بۆ ناوی حکومەت ئێستا قەیدێک هەیە چەند قطعەیەک بەناوی اشخاصە ئەو قطعەیەی بەناوی اشخاص دەگەڕێتەوە ناوی خۆی کە ئەو جوتیارانەن، بەڵام ئەوەی کە ئەصلەن حکومەت خۆی دابەشی کردووە موڵکی خۆیەتی اطلاقا ئەوە توزیع ناکرێت چونکە ئەوەی ما یتعلق بەو فلاحانە باعتباری ئەصلەن عملیەتی اطفاء عملیەتێکی مخالفی قانونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش وتی سەدلەسەد راستە، ئەو تۆمارەی کە بە سەرپێچی کراوە ساڵی ١٩٩٦کراوە، ئەوە یەک، دوو ئێمە ئیزبارەی موڵکمان داوا کردووە لە تاپۆ و ئیزبارەی کشتوکاڵیشمان داوا کرد هیچ ئاماژەیەکمان لەو ئیزبارەیە نەدیت بۆ ئەوەی کە ئەو قطعەیەی افراز کرابێت بۆ ئەو مفرەزاتەی کە کاک سەعید باسی دەکات، خاڵی سێیەم ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی تایبەتی دروست کردووە هەروەکو لە دۆسێکە دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی بابەتەکە بکات و، ئەو لیژنەیە هەڵساوە بە دیراسەت کردنی، بەڵام ئێمە پێش ئەوە دەسنیشانی ئەو کەموکورتیانەمانە کردبوو، کە بڕیاری لیژنەکە هات ١٠٠٪ لەگەڵ بۆچوونەکانی ئێمەدا یەک بوون، بۆیە ئەو بابەتە بە وردی دیراسەت کراوە و، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەوا قەیدی ئەو پارچەیە هەڵوەشێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟، کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ زانیاری ئەو زەویە لەوانەیە «١٠» ساڵ پێشی ئێستا «١٠» کیلۆمەتر لە شارەوە دوور بووبێت، تازە کەوتوتە ناو نەخشەی بنەرەتی، پێشان زەوی کشتوکاڵی بووە و گوند بووە و، پاشان کە نەخشە بنەرەتییە تازەکەی دهۆک دانرا ئەو زەویانەی بەرکەوتن، کە بەرکەوتن ئەو بڕیارەی پەرلەمانی بەسەردا جێبەجێ بوو کە «٨٪»یان بدەنێ، پاشان لە لێکۆڵینەوە و ئیجرائاتەکان دەرکەوت کەوا ئەو زەویانە لە بنەڕەتدا هی ئەوان نەبووە، کاتی خۆی دابەش کراوە، بەڵام پاشان هەڵوەشێنراوەتەوە، بەڵام بۆ زانیاری ئەوە کاتی خۆی زەوی کشتوکاڵی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو «٥٨٠»دۆنمە زەویە تەنها «٦٠» پارچەی ماوە، ئەوی تر وەکو پارچە پارچە زەوی نیشتەجێی دابەش بووە و تاپۆش کراون، ئەم هەڵوەشاندنەوەیە، ئەگەر بکرێت تەنها ئەو «٦٠» پارچەیە دەگرێتەوە و، لەسەر ئەو بڕیارەی پەرلەمان کە ٨٪ دەدرێت بەوانەی کە گرێبەستی کشتوکاڵیان هەیە، جا ئەو «٦٠» پارچەیە دیاری ئەم بڕیارە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە بنەڕەت هەڵوەشێتەوە، ئەبێت لقەکانیش هەڵوەشێنەوە، ئەگەر ئێمە ٢/٥ هەڵوەشێنینەوە ٢/٦ و ٢/٧ش هەڵدەوەشێتەوە، دووەم ٢/٧ بەناوی هاوولاتیان تۆمار کراوە، جا ئەگەر بنەڕەتییەکە هەڵوەشێنرایەوە ئەوە لقەکانیش هەڵدەوەشێنەوە، جا لەبەر ئەوەی کە هەندێ تێبینی تازە پەیدا بووە، گفتوگۆی ئەم بابەتە دوا بخرێت بۆ دانیشتنێکی تر، چونکە بابەتەکە زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە بەڕێزان لیژنەی یاسایی بابەتەکەیان بە وردی باس کرد، بەڵام ئەو «٥٨٠» دۆنمە کاتی خۆی هەندێ جوتیار لەو ناوچەیە بەپێی یاسای «١١٧»ی «الاصلاح الزراعي» لەگەڵ کشتوکاڵی دهۆک گرێبەستیان بەستبوو، پاشان حکومەتی ناوەندی ویستوویەتی پرۆژەیەکی ئاودێری لەوێ جێبەجێ بکات، هەر بە بڕیارێکی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش(مجلس قیادە الثورە) گرێبەستەکان هەڵوەشێنراونەتەوە، پاشان ئەو شتانەش کە لەوێ بوونە لەناو چوونە و، ئەم جوتیارانە پاشان هاتوچۆی تاپۆیان کردووە و، هەندێ بەڵگەی لەبەرگیراوە و دەسکاری کراویان دەست کەوتووە، گرنگی لێرەیە ئایا ئەو زەویە بۆ جیاوازی هەیە لەگەڵ پارچەکانی تر، کە پێشکەشیان کردووە تاپۆ بەناوی ئەوانی تۆمار کردووە، شارەوانیش ئیطفای کردووە و بەرامبەر بەوەش پارچە زەوی داوە بەوان و، مەسەلەکەش لە قۆناخی دادگا تێپەڕیوە و گەیشتووەتە قۆناخی دادگای تەمییز، بۆیە ئێمەش ئەم پێشنیارەمانە پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، چونکە مەسەلە لە دەسەڵاتی ئێمە دەرچووە و تەنها پەرلەمان دەتوانێ بیکات، بەڵام سەبارەت بە پارچە زەوییەکانی تر ئەوە لە دەسەڵاتی حکومەتدایە، ئەویش بەپێی ئەو یاسایانەی کە هەیە، ئەم مەسەلەیەش هەموو قۆناخەکانی شارەوانی و تاپۆ و دادگا هەمووی تەواو کردووە، بۆیە تەنها بڕیار دان لە دەسەڵاتی پەرلەمانە و لە دەسەڵاتی حکومەت نەماوە، جا بۆیە ئەم پارچە زەوییە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو زەویانەی کە بەسەر ئەو خەڵکانەدا بە شێوەیەکی ئسولی دابەش کراوە ئەم بڕیارە

نایانگرێتەوە، چونکە حکومەت دەتوانێ تازەی کاتەوە، وا تێنەگەن ئەگەر ئەمە هەڵوەشێتەوە، ئەو زەویانەی کەوا بەسەر شەهیدان یان مامۆستایان یاخود فەرمانبەراندا دابەش کراوە هەڵدەوەشێنرێنەوە، بە پێچەوانەوە حکومەت ئەیچەسپێنێت، چونکە بە شێوەیەکی یاسایی بەسەریاندا دابەش کراوە، هیچ تێبینییەکی ترتان هەیە؟، لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی «إطفاء» کارێکی نایاساییە، پێویستە کارەکە لابرێت، چونکە «إطفاء» ئیفرازی کردووە، جا تۆ ئەگەر لاتبرت کارەکە هەموو هەڵدەگیرێت، کەواتە شتەکان وەکو خۆیانی لێ دێتەوە، جا ئەو کاتە حکومەت دابەشی کردووە و دابەشی دەکات و، ئەوەی ماوە دەکرێت، تەنها ئەو جوتیارانە کە ٨٪یان وەرگرتووە، ئەو (٨٪)ە یاسایی نییە، ئەوە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە ئەنجامی کارێکی «اطفاء»ی نایاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر ماددەی یەکەم بخوێنرێتەوە تاوەکو بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:

یلغی قید السجل العقاري للقطعة المرقمة ٢/٥ مقاطعة ٤٥ ماسیكي والبالغة مساحتها «٥٨٠» دونماً والمسجل بعدد «٢١» نیسان ١٩٩٦ جلد «٢٠٨» دهوك ويعاد تسجيلها باسم وزارة المالية لحكومة اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئێوە دڵنیان کەوا ٢/٥ و ٥/٢ نییە؟، کەواتە ٥/٢، ئەوە تەنها بۆ ئەوەی بیچەسپێنین، ئێستا ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەم دایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، «٣» دەنگ دژە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

الماده الثانیه:

علیٰ مجلس الوزراء تنفیذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک لەسەر ماددەی دووەم هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکە داوای هەڵوەشاندنەوەی قەیدی «٥٨٠» دۆنمی کردووە، کەواتە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کێشە نییە، چونکە ئەوە تەواو بوو و بڕیاریشی لەسەر درا، لەسەر ماددەی دووەم هیچ تێبینییەک هەیە؟، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووەمدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، یەک دەنگ دژە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القرار إعتباراً من تاريخ نشرة في جريدة «وقائع كوردستان».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشترە بوترێت (من تاريخ صدوره)، چونکە لەوانەیە ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان بڵاوی نەکاتەوە، یاخود دوا کەوێت لە بڵاوکردنەوەدا، پێویستە لە «اصداره»وە بڕیارەکە بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مەسەلەیە لە ساڵی ١٩٩٦وە هەیە و، لە مانگی «١٠» لێرە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەکرێت، جا ئەگەر هەفتەیەکیش لە بڵاوکردنەوە دوا کەوێت هیچ گرفتێکی نییە، بەڵام ئەوە شێوەیەکی ئسوڵییە کەوا یاسا و بڕیارەکان لە ڕۆژنامەی «وقائع کوردستان» بڵاو بکرێتەوە، پاشان کاری پێ دەکرێت، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی سێیەمدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ یەک دەنگ دژە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا هەموو بڕیارەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو بڕیارەکەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ «٤» دەنگ دژە کەواتە بە زۆرینەی دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، لیژنەی یاسایی تەنها ڕوون کردنەوەیەکیان هەبوو با بفەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەڵێین (المسجل بعدد «٢١» نيسان) واتا ئەوەی کە لە ٢١ی نیسان بە ناوی ئەو جوتیارانە کراوە ئەو قەیدە هەڵدەوەشێتەوە، واتا هەر قەیدێکی تر هەبێت هەڵناوەشێتەوە، ئێمە قەیدەکەمان

دیاری کردووه، که ئەویش ئەو قەیدەیە کە لە (٢١/نیسان)تۆمار کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، خاڵێکی تر هەبوو کە پێشنیار کرابوو ئەویش ئەوەیە کەوا چاودێری ئەوانە بکرێت کە تاوەکو ئێستا سوودیان لەو ئەرزانە کردووە هەرچەندە بەشێوەیەکی نایاسایی بووە، بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران قسە دەکەین کەوا ئەوانیش بەپێی دەسەڵات و توانای خۆیان هاوکاری ئەو خەڵکە بکەن، زۆر سوپاس، دانیشتنی ئەمڕۆمان بەم شێوەیە کۆتایی پێ هات بۆ دانیشتنی داهاتووشمان ئاگادارتان دەکەینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٦**

**رۆژی بڕیار: ٢/٥/٢٠٠١**

## «بڕیار»

پشت پە حوکمەکانی بڕگە (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی (٢/٥/٢٠٠١)یدا ئەم بڕیارەی دا:

**ماددەی یەکەم:**

قەیدی تۆماری عەقاریی پارچە زەویی ژمارە (٢/٥)ی موقاتەعەی (٤٥) ـ ماسیکی، کە رووبەرەکەی (٥٨٠) دۆنمەو بە ژمارەی (٢١ نیسان/ ١٩٩٦ و بەرگ ٢٠٨ دهۆک) تۆمارکراوە ئیلغا دەکرێ و، بەناوی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)**

چوار شەممە ڕێكەوتی ٢٠٠١/٥/١٦

خولی یەكەم

ساڵی دەیەم

زۆر سوپاس. ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ولیژنەی دارایی دەکەین، بۆ ئەوەی لە خاڵی دووەم دەست بەکار بین تکایە ئەندامێکی تری لیژنەی یاسایی بفەرموێ بێتە ئێرە، بەڕێز کاکەرەش فەرموو، هەروەها ئەندامێکی تری لیژنەی تەندروستی، پرۆژەی یاساکە خوێندراوەتەوە بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر بیخوێنینەوە، تکایە رای لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژەکە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی رای لیژنەی یاسا لەبابەت پرۆژەی هەموار کراوی یاسای وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

بابەت/ رای لیژنە

نیشانە بەنوسراوتان ژمارە (١٦) لە ٢٠٠١/٥/١٧ پاش دراسەت کردن و گۆڕینی بیروڕاو تاوتۆ کردن لەسەر هەموار کردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٣ ئەمەی خوارەوە تێکڕا رای ئەندامانی لیژنەکمانە:

پرۆژەکە بریتی یە لە شێوەی دارشتنێکی تازە بۆ چۆنیەتی راپەڕاندن وئەنجام دانی ئەرکەکانیان وئاسان کردن و لێک جیا کردنەوەی هەردوو باڵی وەزارەتەکە کە دەبوایە لەزوویەکەوە ئەو هەموار کردنە پێشکەش بکرابایە بۆیە لیژنەکەمان هیچ تێبینی یەکیان لەسەر پرۆژەکە نییە، وبەتەواوی پەسەندی دەکات.

لەگەڵ ڕێزمان

شێروان حەیدەری

لە جیاتی سەرۆکی لیژنە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک شەفیق فەرموو رای لیژنەی تەندروستی بخوێنەوە.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

نیشانە بە نووسراوی نووسینگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە(ک/١٠٦)لە رۆژی ٢٠٠١/٥/٧.

لیژنەکەمان لە ٢٠٠١/٥/١٤ کاتژمێر(١٠)ی سەرلەبەیانی کۆبوونەوەیەکی سازدا بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی بۆ لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی بڕیار لەسەر هەموارکردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی..

دوای تاوتۆ کردن وگفتوگۆ ڕای لیژنەکەمان ئەمەی خوارەوەیە..

یەکەم:
١ـ لاریمان نیە بەباشی دەزانین.
٢ـ لامان پەسەندە.
٣ـ لامان پەسەندە.
دووەم:
١ـ لامان پەسەندە.
٢ـ لامان پەسەندە.
٣ـ لامان پەسەندە.
٤ـ لامان پەسەندە.
٥ـ لامان پەسەندە.
سێیەم: پێشنیارمان ئەوەیە کە هەردوو وەکیل وەزیر ناویان زیاد بکرێت بۆ(مجلس)و دارشتنی بەم شێوەیە بێت:
(المجلس: يتكون من وكيلي الوزارة والمدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاختصاصيين و أي موظف يقرره الوزير اضافته ويكون المجلس برئاسة الوزير).
ـ لەسەر مادە(٢)و(٣)لاریمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

السيد رئيس البرلمان المحترم
م/مشروع قانون تعديل قانون وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية رقم (١) لسنة ١٩٩٣

تحية واحتراماً
اجتمعت لجنتنا باكثرية الاعضاء بتاريخ ٢٠٠١/٥/٣ لدراسة ومناقشة مشروع تعديل قانون وزارة الصحة والشؤون والاجتماعية وبعد دراستها ومناقشتها ندرج ادناه توصياتنا.
أ- المادة الاولى (١) تبديل كلمة (الوكيل) الى عبارة (وكيلى الوزارة).
ب- (٣) من نفس المادة تغيير كلمة (الشؤون الاجتماعية) الى عبارة (للشؤون الاجتماعية) كما في الفقرة (٣) من ثانياً ايضاً.
جـ- المادة الاولى الفقرة (٤) من ثانياً نقترح اضافة وكيلى الوزارة الى المجلس ويكون المجلس

برئاسة الوزير حتى يكون للمجلس فعالية اكثر.

مع فائق التقدير والامر لكم

جميل سندي
رئيس اللجنة المالية والاقتصاد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ئێستا مادده بەمادده دەیخوێنینەوە، فەرموو کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**
«مشروع قرار»

استناداً لاحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه وزير الصحة والشؤون الاجتماعية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠١ اصدار القانون الآتي:-

قانون رقم( )لسنة ٢٠٠١
قانون التعديل( )لقانون وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية
رقم(١)لسنة ١٩٩٣

المادة الاولى:
تعدل المادة الثالثة من قانون وزارة الصحة والشؤون الاجتماعية رقم(١)لسنة ١٩٩٣وتقرأ على الوجه الآتي:
اولاً:
١- الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطاتها وتصدر عنه التعليمات والقرارات والاوامر في كل ماله علاقة بمهمات الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية والفنية ضمن احكام القانون والنظام، ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه، وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل والمدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.
٢- وكيل الوزارة لشؤون الصحة ويقوم بالمهام المتعلقة بالشؤون الصحية والتي يوكلها اليه الوزير.
٣- وكيل الوزارة للشؤون الاجتماعية ويقوم بالمهام المتعلقة بالشؤون الاجتماعية والتي يوكلها اليه الوزير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با (اولا) مناقشە بکەین چونکە هەندێ تێبینی هەیە، لە پێشەکیدا یەکەمیان لە دیباجەکەدا لەجیاتی رئاسە المجلس الوزراء دەبێت بنوسرێت رئاسە المجلس الوطنی لکوردستان العراق، لەجیاتی اصداریش ببێت بە تەشریع القانون الاتی ئەوانە اصولینە یانی پێویستی بە ملاحظات ناکات، لیژنەی یاسا راتان چییە بەرامبەر خاڵی یەکەم.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان لەسەری نییە، چۆن هاتووە لامان پەسەندە، سوپاس.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

ئێمەش هیچ لاریمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینی هەبوو لەسەری فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی یەکەم فەقەرەی یەک لەریزی پێش کۆتایی کە دەڵێ (ولە تخویل بعض صلاحیاتە الی الوکیل والمدراء العامین) لەجێگای (الوکیل) بنوسرێ(وکیلي الوزارة)و برگەی سێیەم وکیل وزارە هاتووە لشؤون الاجتماعیە مەفروزە بنوسرێ (للشؤون الاجتماعیە)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی سێیەم یەکسەر چاکی دەکەینەوە پێویست بە موناقەشە ناکات، ئەمێنێتەوە ئەوەی ( تخویل بعض صلاحیاتە الی الوکیل) ئەو(وکیلی) خۆی تحصیل حاصلە چونکە لەدوای ئەوە هاتووە ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوانە زیاد بکرێ لەدیباجەکە لەوانەیە تۆزێک زەعیف بێت بەڵام کە وتت وکیل بۆ وەزیر هەیە هەر وکیلێکی ویست هەندێ صلاحیاتی بداتێ یانی تحصیل حاصلە، ئینجا نازانم لە ناحیەی لوغەویەوە ئەگەر مامۆستا مەلا تاهیر رایەکمان بداتێ لەو بارەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی (الی الوکیل) تەنیا بەسە تەبعەن وەکیلەکە هەردووکی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبکەنەوە...با ناونوسیان بکەین، مامۆستا محەمەد مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئییدی بۆچوونەکەی لیژنەی یاسا دەکەم، بەلام لەهەمان کاتدا دوو تێبینی بچووکم هەیە، لەپێشدا لە فەقەرە چوار لەمادده یەک لابدرێ کە دەڵێ (وکیل وزارە) حەقە نەمێنی فەقەرە چوار لەمادده یەک یان تەعدیل بکرێت، بۆ ئەوەی کە رەسا بێت تەعدیلەکەمان، دووەمیش بەلامەوە ئەمە تەعدیلی فەقەرە دوو و سێیە لە مادده سێ نەک تەعدیلی ماددەکە، ماددەکە وەکو خۆی ماوە تەنها تەعدیلەکە لەسەری دوو فەقەرەی بەسیط هەیە کە هەردووکیان تۆماتیکیە یانی حەق نییە ئەو تەعدیلانەی کەوا دەکرێ بەو شێوەیە گەورە بکرێ کە نۆ مادده تەعدیل دەکرێ، ماددەکە یەکەمەکەی کە بڕبڕەکەیەتی وەکو خۆی ماوەتەوە، ئینجا بڵێی (تعدل فقرتان ٢ و٣ من المادە الثالثە من قانون وزارە الصحە والشؤون الاجتماعیە رقم ( ) وتقرأ عن الوجە الاتی) ئەوەندە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە دەربارەی ئەوە کە فەقەرەی چوارە زیاد بکرێت، چونکە تحدیدی مسؤولیاتی وەکیل نەکراوە بەرامبەر بەکێ بێت، پێشنیارەکەم ئەوەیە (یکون کل وکیل مسؤولا امام الوزیر عن تنفیذ سیاسە الوزارە وخططها فیما یتعلق بالتشکیلات التی یقرر الوزیر ارتباطها بە) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووی راستی فەرموو فەقەرە یەک وەکو خۆی هاتووە بەلام ئەوەی کە دەڵێ (تعدل المادة الثالثة) ئامانج ئەوەیە کە ارباک پەیدا نەبێت بەو شێوەیە صیاغە بکرێتەوە کە چۆن هاتووە پێشتر وەکو خۆی و دوو و سێش زیاد بکرێت، ئەوەی کاک سەعیدیش فەرمووی کەواتە ئێمە دەبێ بۆ هەموو فەرمانبەرێک بڵێین ویکون مسؤولا امام الوزیر، هەموو فەرمانبەرێک مەسئولە تحصیل حاصلە ئەی وەکیل ئیشی چییە تەبعەن مەسئولە بەرامبەر وەزیری لە سیاسەتی وەزارەت وموظفە لەژێر دەستیەتی شتێکی زۆر تەبیعی یە، لەبەر ئەوەی حاجەت بەو فەقەرەیە ناکات ولە هیچ جێگایەکیش ئەو فەقەرەیە نەهاتۆتە خوارێ لە هیچ قانونێک

لەقانونەکانی کە تاکو ئێستا تەشریع کراوە، لەبەر ئەوە بەپێویستی نازانین کە ئەو فەقەرەیەی تێدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ نییە، گوێتان لەرای لیژنەکان بوو وهەروەها لیژنەی یاساییش وەڵامی دایەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر اشارەتی پێدا کە صیغەی (الوکیل ) هاتووە (وکیل) یشمل المثنی والجمع والمفرد لە قانون یانی مەرج نییە تەنیا بە مثنی بێت یان بە جمع بێت بەمفردیش بێت شمولی ئەو حالەتانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیەی کاک شێروان، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی کاکەرەش فەرمووی لە هیچ قانونێک وا نەهاتووە ، بەڵێ لەساڵی ٨٣ تەعدیلی قانونی وەزارەتی صحەی حکومەتی عێراق ئەو نەصە هاتووە کە دەڵێ (یکون الوکیل مسؤولا امام المهمات التي یوکلها به الوزیر) هەروەها لەقانونی مجلسی وزراش هاتووە وەزیر شەخصی مەسئولە بەرامبەر رئیسی مەجلیسی وزراء دەبێ تەحدیدی مەسئولیات بکرێت کە کێ دەیکات، ومەرج نییە شتێک کە تاکو ئێستا باس نەکرا بێت وەک بڵێی نییە لەوانەیە ئێمە انتباهمان بۆ نەکردبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم وەکیل وەزارەت بەخۆی هیچ صلاحیاتێکی نییە هەرچی صلاحیەتی هەیە لە وەزیر وەردەگرێت و هیچ وەختێک صلاحیەت لەقانون نییە کە بڵێی قانون بۆی دیاری کردبێت کە فلان صلاحیەتی هەیە، دەڵێ ئەو (المهمات التي یوکلها الیه الوزیر) شتێکی زۆر زۆر تەبیعییە و زۆر مەنتیقی یە و زۆر قانونیشە کە انسان صلاحیەت بداتە یەکێک شتێکی زۆر تەبیعی یە کە محاسبەی دەکات لەسەر ئەو صلاحیاتانەی بە کاری دێنێ وەکو پێویست یان نا ومەسئولیشە

بەرامبەر تەنفیذی چونکە بۆ دەیداتێ ئەگەر مەسؤول نییە بەرامبەر تەنفیذی خۆ شەخصێکی ئەجنەبی نییە، شەخصێکە موظفێکە لەوێ دانراوە بۆ ئیش وکاری ئەو دائیرەیە، لەبەر ئەوە هیچ پێویست نییە ئەوە بێتە خوارێ وکە قسەکەم گوت گوتم لە قانونەکان نەهاتووە مەقصدم ئەوە نەبوو کە نەهاتووە نەقصێکە کە پێویست نییە نەهاتووە بۆیە نەهاتووە، شتێکی زیادە شتی زیادیش لەقانون زۆر محبذ نییە دارِشتنی، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک سەفەر.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اضافە لەسەر قسەی کاکەرەش لێرە لەقانون وەزیر صلاحیەت بە وەکیل دەدات ئەگەر ئەو صلاحیەتی پێ بدات دەتوانێ سەحبیشی بکات وابزانم کفایەتە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە یەکەم دەیخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە لەسێ خاڵ پێک هاتووە ... تکا لە بەرێزتان دەکەم کە ئەوەی پەسەندی دەکات دەستی بەرزبکاتەوە.. سوپاس... ئەوەی پەسەندی ناکات دەستی بەرزبکاتەوە.. بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا کە یەک دەنگ پەسەندی ناکات. ئەوەی دووەم بخوێنەوە تکایە.

**بەرێز سەفەر محەمەد حسێن:**

ثانیاً: تتكون مديريات وتشكيلات مركز الوزارة من:

١- مكتب الوزير: يرأسه موظف بدرجة مدير ويعاونه عدد من الموظفين.

٢- مكتب وكيل الوزارة لشؤون الصحة: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

٣- مكتب وكيل الوزارة للشؤون الاجتماعية: يديره موظف ويساعده عدد من الموظفين.

٤- مديرية الاعلام والعلاقات: ترتبط بمكتب الوزير.

٥- الدائرة القانونية: ترتبط بالوزير.

ثالثاً: المجلس: يتكون من المدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاختصاصيين وأي موظف يقرر الوزير اضافته.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی تەندروستی .

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

ئێمەش تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا ئەوە لە فەقەرە سێ بکرێتە (للشؤون الاجتماعية)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعدیل دەکرێ بەبێ موشکیلە ئەوە ئوصولیە، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە لەسەر فەقەرەی دووەم تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، دیارە نییە، دووەم دەیخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسین:**

ثالثاً: المجلس: يتكون من المدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاختصاصيين وأي موظف يقرر الوزير اضافته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە وەکو تێبینی نیمانە، ئەو تێبینییەی لیژنەی تەندروستی پیشانی دا وەکو پێویستە دوو وەکیلەکە اضافە بکرێت، ئێمەش مانعمان نییە وەکو لیژنەی یاسا اضافە بکرێت مەجلیسەکە بلێ (يتكون من وكيلي الوزارة والمدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاکەرەش، بەڕێز کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر ڕامان وابوو لەسەرەتاوە کە مجلیسەکە هەردوو وەکیلی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی کە لە اجتماعاتی مەجلیسدا ئەو وەکیلەش شت بزانن لە ئیشەکانی وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا اضافەی (وکیلی الوزارە ویکون المجلس برئاسە الوزیر) هەردوو وەکیلی وەزارە اضافە بکرێت والمجلس یکون برئاسە الوزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم لە هەیکەلەکە مەجلیسەکە چۆن هاتووە؟ وەکیل وەزیری تێدایە یان تێدا نییە بەراستی دەبێ تێبینی ئەوە بکەین ئینجا وەکیلەکەی داخل بکەین یان داخل نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اعادەی صیاغە واضحە ئەڵێ (المجلس یتکون من ) چونکە مطلقە قانونەکەیە، ئایا مانعتان هەیە اضافە بکرێت ئەو وەکیلەی وەزارەتە؟ فەرموو کاک حاکم نەمر.

**بەڕێز نەمر کەچۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەباشی دەبینین هەرچەندە ماددەکە لەضمنی تەعدیلەکە نەهاتووە، بەلاّم ئێمەش بەپێویستی دەزانین کە وەکیل وەزیر اضافە بیێت مادام مدراء عامین مضافن بەلای منەوە باب الاولی وکیل وەزیر مشارک بن لە مجلیسی استشاری دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە ئەو خاڵە بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی تەنیا تەعدیلەکەی بکەوێتە سەر، دیارە هەرسێ لیژنە

رازین و ونوێنەری حکومەتیش رازییە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

ثالثاً: المجلس: يتكون من وكيلي الوزارة ومن المدراء العامين العاملين في ديوان الوزارة والدوائر التابعة لها وعدد من الاطباء الاختصاصيين وأي موظف يقرر الوزير اضافته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەتان باس نەکرد ئەگەر ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی وەزیر بێت، وەڵامی ئەوەتان نەدایەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکایەتی ئەنجومەن کە وەزیر بیکات ئەوە دەرئەنجامە، چونکە وەزیر خۆی دایدەمەزرێنێت، ئەوە شتێکی سروشتییە کە یەکێک شتێک دادەمەزرێنێت بە سەرۆکایەتی خۆی دەبێت، چونکە لە دەسەڵاتی خۆی دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بوترێت و نەوترێت هەر وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە خاڵی سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە لەسەری رێککەوتین، کێ لەگەڵ خاڵی سێیەمدایە بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە؟تێبینیت هەیە جەنابت فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرئەنجام لە یاسادا نییە، دەق هەیە، ئەو دەقە چۆن بوو بەو شێوەیە دەبێت، لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانین کەوا بە سەرۆکایەتی وەزیری تیادا بنووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من هەندێ روونی کەمەوە، حکومەتی هەرێم تاوەکو ئیستا هەر لیژنەیەک، یا هەر ئەنجومەنێک لە هەر وەزارەتێک دروست کرا بێت بە سەرۆکایەتی وەزیر نییە، هەر چەندە وەزیر خۆی سەرۆکی ئەو جێگایەیە، بەڵام هەر لیژنەیەک و ئەنجوومەنێک دامەزرابێت بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزارەت بووە، هەر کاتێکیش وەزیر خۆی بیەوێت دەتوانێت سەرۆکایەتی بکات، بەڵام هەر کاتێکیش نەیەوێت ئەوە بریکاری وەزارەت سەرۆکایەتی دەکات و، لیژنەکان کە لە وەزارەت دادەمەزرێن وەزیر سەرۆکایەتی ناکات، بەڵام یەک سوودێکی هەیە، ئەویش ئەگەر بیچەسپێنین کە وەزیر سەرۆکایەتی لیژنە بکات ناچاری دەکەین کەوا لە هەموو دانیشتنەکانی لیژنەکەدا بەشداری بکات، جا ئەوە پێویستە، یا پێویست نییە، ئەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران خۆی بەجێی دەهێڵین، جا ئەگەر تێبینی تر نییە ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ خاڵی سێیەمە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە گشتی دەنگ خاڵی سێیەم پەسەند کرا،

دێینه سەر ماددەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

المادة الثانية:

لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟، نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی دووەمدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ ماددەی دووەم پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی سێیەمە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ پەسەند کرا،سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون أعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامە رەسمییە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستانە، جا ئەگەر بگۆڕدرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەوە ڕێکن کەوا ئەو ڕۆژنامە رەسمییە بکرێت بە «وقائع کوردستان»، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون أعتبارا من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بەگشتی دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند کرا، ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو پرۆژەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟ .. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بەگشتی دەنگ هەموو پرۆژەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی برگەی چوارەمی ماددەی یەکەمان کرد، باس نەکرا کە چی لێ بکەین لابدرێ یان دەستکاریەک بکرێ، تاکو ماددەکە رێک و پێکتر بێت،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو بوو دەنگدانی لەسەر کرا وەرگیرا.

خاڵی سێیەمی بەرنامەی کارمان، بەرچاوخستن و گفتوگۆکردنە لەسەر ئەو راپۆرتەی کە لێژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان دەربارەی مافی ئافرەت ئامادەی کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش رێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستان وەکو میوان لەو دانیشتنەمان ئامادەن

بەخێرهاتنی گەرمیان دەکەم، شایستەی ئەوەشە کە لێرە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەو رێکخراوانە رۆڵیان هەبووە لە ئامادە کردنی ئەو دراسەتە و بزاوتنی ئەو بابەتەی کە ئەمرۆ لە پەرلەماندا دەست دەکەین بە دراسەت کردن و گفتوگۆ کردنی، بۆیە داوا دەکەم ئەندامانی لێژنەی بەرگری لەمافی ئافرەتان بفەرموونە سەر سەکۆ.

ئەم خاڵەی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان لەسەر داوا کردنی ئەندامە ئافرەتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و نوێنەری لێژنەی یاساو لێژنەی ئەوقاف خراوەتە بەرنامەی کارەوە. داوا دەکەین لە لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت دەست بە خوێندنەوەی دراسەتەکەیان بکەن.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆشحاڵیە کە ئەمە یەکەم جارە لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لەم کۆبونەوەیەدا بەشدار بێت، و گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکەن کە پەیوەندی بە مافی ئافرەتەوە هەیە. پێشەکی دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئافرەتی کورد هەمشە لەخەبات و تێکۆشاندا دوا نەکەوتووە و شان بەشانی براکانیان لەهەموو بار و دۆخێکدا بەشداری بزاڤی رزگاریخوازی کوردیان کردووە و توشی ئێش و ئازاری زۆریش بوون و نمونەشمان بۆ ئەوە ئەنفالە بەدناوەکەیە کە دوژمنانی ئێمە وەکو پیاوان ئافرەتانیشیان بە هەمان شێوە راپێچ داوە و تاکو ئێستا بێ سەر و شوێنن، هەمیشە ئافرەتانی کورد لە خەبات و تێکۆشاندا بووە و بارێکی گران و ئەزیەتێکی زۆری کەوتۆتە سەر

بەوەی کە دایکی پێشمەرگە بووە، خێزانی پێشمەرگە بووە، خوشکی پێشمەرگە بووە. بۆیە لەم هۆڵە پیرۆزەدا پێویست دەکات باس لە مافی ئافرەت و ئەو پێشێلکاریانەی لە بەرامبەر ئافرەت دەکرێت بکەین وسەرۆکی خۆشەویستمان کاک مسعود بارزانی لە کردنەوەی ئەو خولەدا لە ١٥/٣/ی ئەمساڵ ئاماژەی بەوە کرد کە هەوڵ بۆ ئەوە بدرێ کە ئەو پێشێلکاریانەی کە دژ بە ئافرەت دەکرێ پەرلەمانی خۆشەویست رێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە.و ئێمەش هەر لەسەر رێنمایی سەرۆکی خۆشەویستمان ئەم دراسەتەمان ئامادە کردوە، جێگای ئاماژە پێکردنیشە کە بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەمیشە پاڵ پشتمان بووە بۆ ئەو کارە و دەرگای کراوە بووە گوێمان لە را و بۆ چونەکانی گرتووە ، ئێمە لێرەوە بەناوی ئەندامانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان زۆر سوپاسی دەکەین. جێگای خۆشحاڵیە کە ئافرەتانی کوردستان هەندێ رێنمایی و کارنامەیەکیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، ئەویش بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە کە خاوەنی نیو سەدە خەبات و تێکۆشانە و گەلێ ئافرەتی تێکۆشەر هەوڵ و تەقەلایان تێدا داوە، وجێگای ئاماژە بۆ کردنە لەم هۆڵەدا رۆڵی یەکێ لە ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە خەباتێکی زۆری کردوە و ئێستا میوانی ئێمەیە کە (دایە ناهی)یە ــ ناهیدە خان شێخ سەلام ــ بەخێر هاتنی گەرمی دەکەین ، لەبەر ئەوەی ئەو رەنگ رێژی دروست کردنی خەبات و تێکۆشانی ئافرەتانی کوردستان بووە. وهەر لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان جێی خۆشحاڵیە کە هەموو رێکخراوەکانی تر کۆبوونەوەی خۆیان کردووە و گەیشتون بەو خاڵانەی کە پێشکەش بە پەرلەمان کراوە و جێی خۆشحاڵیشە کە رێکخراوەکانی تری ئافرەتان لەسەر ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بە ئافرەتەوە هەیە،پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی ئافرەتەوە هەیە کۆک بوون و یاداشت نامەیەکیان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردووە و ئێمەی پەرلەمانتار یش لێرە ئەو یاداشت نامەیەمان بە هەند وەرگرتووە و دراسەمان کردوە، لە رۆژی ٢٨/٤/٢٠٠١ رێکخراوەکانی ئافرەتان لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گەیشتوون بە گەڵاڵە کردنی ئەو یاداشتنامەیە، لە دەرئەنجامی ئەوە ئێمە ئافرەتانی پەرلەمانتار لەگەڵ لیژنەی یاسایی و نوێنەری لیژنەی ئەوقاف کۆبونەوەیەکی تێر و تەسەلمان کرد و زۆربەی ئەو خوشکانەی کە لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بوون ئێستا بە خۆشحاڵیەوە میوانی ئێمەن وبە خێرهاتنیان دەکەین. لەو کۆبوونەوە ئێمە ئەوەمان رەچاو کردوە کە لە یاسای باری کەسی بتوانین هەندێ برگەی لێ هەموار بکەین یاخود بگۆرین، و هەندێ راسپاردەی تر بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی یە ئەگەر بکرێ ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەین بۆ چارەسەری کێشەکانیان، و جێی خۆشحاڵیە ئەو یاداشتەی کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە هەمئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی تری ئافرەتاندا لەپایتەختی هەرێم لەسەری رێک کەوتوون و کۆکن لە بابەتی کۆمەڵایەتی من زۆر پێخۆشحاڵم کە توانیویانە لەو گیر و گرفتانەی کەپەیوەندی بە مافی ئافرەتەوە هەیە یان هەستیان کردوە لە برگەیەک لە برگەکانی یاسای باری کەسی پێشێلکاری لەسەر مافی ئافرەت کراوە بکۆڵنەوە و

پێشکەش بە پەرلەمانی خۆشەویستی بکەن و هەر لەو هۆڵەدا داوا لە برایانمان ئەندامانی پەرلەمان کە هەمیشە پاڵپشتی ئافرەت بوون ، ئەو خاڵانەی کە ئافرەتان پێشکەشیان کردوە ئێمە دەیخەینە بەر دەستتان ئێوەش هەوڵ بدەن یارمەتیمان بدەن بۆ بەرجەستە کردنی پرۆژیەکی تۆکمە بۆ ئەوەی بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و ئەوەی پێویست بە بریار بکات بریاری لەسەر بدەین ئەوەیش پێویست بە هەموار کردن دەکات هەمواری بکەین ئەوەشی پێویستی بە راسپاردنە ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە رێگای خۆیەوە حکومەت راسپێرێ دووبارە سوپاسی میوانان دەکەم.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. چیترتان ماوە ؟.

**بەرێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا کورتەیەکی ئەو یاداشتنامەیەی کە لەرۆژی ٢٨/٤/٢٠٠١ بە ئامادەبوونی رێکخراوەکانی ئافرەتان لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف کۆبوونەوەمان لەسەر کردوە دەخەینە بەر دەست بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی بەرچاویان روون بێت لەو بابەتانەی کە ئافرەتان داوایان کردوە تاکو یارمەتیمان بدەن بۆ بەرجەستە کردنی پرۆژەی بریارێکی تێرو تەسەل بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ئافرەتان .

**بەرێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە خۆشەویستەکانمان دەکەم و دەست خۆشیان لێ دەکەم بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی ئافرەتان بە یەک دەنگ بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان توانیان بگەنە چەند خاڵێک کە پێویستی بە گۆرانکاری هەیە و لەگەڵ بارودۆخی ئێستامان ناگونجێ لەبەر ئەوەی دونیا بەرەو پێشکەوتنە و بەرەو شارستانیەت دەروا، هەرچەندە ئەو کاتەی کە داندراوە لەوانەیە گونجا بێت بەلام ئێستا شیاو نییە. بۆیە چەند خاڵێک گەلالە کراوە ئێستا بۆ بەرێزتانی دەخوێنینەوە هیوادارم کە برایانمان پشتیوانی تەواوی لێ بکەن بۆ ئەو گۆرانانەی کە لەگەڵ باری ئێستامان بگونجێ، لەبەر ئەوەی شارستانی دونیا کە ئافرەت نیوەیەتی بە پێشکەوتنی ئەوانیش دەبێ بە یەک لایەنە نابێ لەگەڵ رێزمدا.خاڵەکانی کە ئێمە ئەمانەوێ باسی لێوە بکەین یەکەمیان وەستانی کار کردن بە بریاری قیادەی ثورەی عیراقی ژمارە ١٨٩ی ١٩٨٠کە دەقەکەی دەڵێ (ژن هێنانی دووەم بەبێ پرس و رای ژنی یەکەم دەبێت، ئەگەر هاتوو ژنی دووەم بێوەژن بێت و مێردی مردبێ) ئەو بریارەش کاتی خۆی کەدەرچوو گونجاوبوو لەبەر ئەوەی ئەو کاتە لە گەرمەی شەری عیراق ئێران دەرچووە، زۆر لە ئافرەتەکانمان بێوەژن بوون و مێردیان مردبوو تاکو بەرەو کاری خراپ نەرۆن حکومەتی عیراقی ئەم بریارەی دەرکرد، راستە

کاتی خۆی پێویست بوو بەڵام لەو بارودۆخەی ئێستاماندا هیچ پێویست ناکات بەڵکو ئەوە لە دژی ئافرەتانەو یەکێکە لە پێشێلکاریەکانی سەر ئافرەت،بۆیە داوا لە بەڕێزان دەکەین دەنگ بۆ وەستانی ئەو بریارە بەرز بکەنەوە ، لەبەر ئەوەی کە پێشێل کاریە بۆ سەر مافەکانی ئافرەت و دەبێتە سەرلێشێوانی خێزانێک کە ژنی دووەمی بەسەر دێت بە بێ رەزامەندی ژنی یەکەم.

دووەم تێبینی ئەویە، توند کردنی ئەو سزایەیە کە لە برگەی (٥) ی ماددەی ١٠ کە تایبەتە بە مارە برین لە دەرەوەی دادگا ،ئەمە لەکاتی خۆی کە دەرچووە مارەبرینی دەرەکی کراوە، لەبەرامبەر پێشێلکاری ئەم کردەوەیە سزایەک داندراوە غرامەکە بۆ ئەو کات زۆر بووە لەبەر ئەوەی ئەو برەی کە داندراوە (٣٠٠)دینار بۆ ئەو کاتە ساڵی ١٩٥٩زۆر بووە، بەڵام بۆ ئێستا کەمە، ئەو برەش بەپێی باری ژیانی سەر پێچی کار کەم کراوەتەوە، ئەگەر باری ژیانی خراپ با ئەوە لە ١٥٠ تاکو ١٠٠ دینار برەکە کەم کراوەتەوە، بۆیە ئەوە دەبێتە هاندەرێک کە پیاوان زیاتر لەگەڵ رێزم بەرەو ئەوە بچن کەبیکەن بە ژنی دووەم، لەبەر ئەوەی غرامەکەی کەمە، بۆیە داوا دەکەین کە ئەو غرامەیە زیاد بکرێ زیاد بوونیش بە بریاری دادگا دەبێت.

خاڵی سێیەممان وەستانی بریاری قیادەی ثورەی عێراقی کە تایبەت بە تۆمار کرنی ژن هێنانە لە دەرەوەی دادگا، ئەمە لەکاتی خۆیدا ئەم بریارە کە دەرچووە ئەو کەسانەی کە مارەیان بریوە لەدەرەوەی دادگا تاکو ١/٣/١٩٩١لێ بووردن هەبووە لەو کاتە ئەمە شتێکی شایستەو گونجاو بووە لەبەر ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە بەسەر کوردستاندا هاتبوو لەساڵەکانی ١٩٨٠ تاکو ١٩٩٣، کەچی لە ساڵی ١٩٩٣ تاکو ٢٠٠١ وابزانم ماوەیەکی زۆرە پێویست بەو لێبووردنە ناکات، چۆن کە بیانویەکی داوە بە براکانمان کە ژنی دووەم بێنن بە دزی و بێ ئەوەی دادگا ئاگادار بێت ، سەر لە خێزانی یەکەم بشێوێنن، بە ئومێدی خوا دەبێتە مایەی خۆشحاڵیمان، بۆیە پێویست بەو بەخشینە ناکات،

تێبینی چوارەممان بەرز کردنەوەی راسپاردەیەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی داوا لە وەزارەتی تەندروستی بکرێ کە لیژنە پزیشکیەکان زیاتر گرنگی بەو پشکنینە پزیشکیە بدەن کە ئافرەت پێویستی پێیەتی و دادگا پێویستی بە را و راپۆرتی ئەوانەوە هەیە، ئەمەش لەوەوە دەرکەوتووە کە زۆر لە ئافرەتەکانمان کاتێ هەندێ شتی نائاسایی لە نێوان ژن ومێرد روو دەدات وەک منداڵ نەبوون بۆ نمونە ئافرەت هیچ شتێکی لەبەر دەستدا نیە کە بەرگری پێ لە خۆی بکات و پێی بسەلمێت ، بەڵام پیاوەکە زۆر بە ئاسانی دەتوانێ سوێندێک بخوات و خۆی لەو بابەتە دەرباز بکات، بۆیە داوا لە وەزارەتی تەندروستی دەکەین کە گرنگی بدات بەو روانگەیەو داوا لە لیژنە پزیشکیەکانی بکات کە ئیش و کارەکانیان بە رێک و پێکی بکەن ، لەبەر ئەوەی لە دادگا دەرکەوەتووە کە ئەو لیژنانە ئاسانکاری زۆر لەو بارەیەوە دەکەن بۆ ئەوەی کە تەنگژە دروست نەکەن، ئێمە داواکاریمان ئەوەیە کە وەزارەتی تەندروستی جەخت بکاتە سەر ئەو لیژنە پزیشکیانە بۆ ئەوەی تاکید لەو بابەتە بکەن بە بێ ئەوەی هیچ هۆیەکی دەرەکی کاریان لێ بکات تاکو مافی

ئافرەتەکە پێشێل نەکرێ.
بڕگەیەکمان هەیە لە ماددەی ٢٣ و ٥٩ئەویش باسی نەفەقە و بژێوی ژیانی ئافرەت بۆ خۆی و بۆ منداڵەکانی دەکات ، لە شەریعەی ئیسلامدا و لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بژێوی ئافرەت لەسەر پیاوەکەیە کە دەبێ ئەو پیاوە ئافرەتەکە بژێنێ، بەلام لە کاتی جیا بوونەوەیاندا ئافرەت بۆی هەیە کە داوای نەفەقە و بژێوی رابردووەکەی بکات ئەگەر هاتوو سەلماندی کە پیاوەکە بە بێ هیچ هۆیەکی شەرعی و یاسایی بەجێی هێشتووە، بەس بۆی نەبوو داوای مافی منداڵەکانی لەو نەفەقەیەدا بکات، ئێستا ئێمە داوا دەکەین کە ئەو ماوەیە بدرێ بە ئافرەتەکە کە داوای نەفەقە و بژێوی رابردوو منداڵەکانی بکات کە لە باوەشی ئەودان ،لەبەر ئەوەی باری سەختی ژیانیان ئێستا زۆر گران ترە لە پێشان. خاڵێکی ترمان هەیە کە داوای بەگەڕ خستنەوەی یاسای چاودێری خێزان دەکەین،ئەوە کاتی خۆی هەبوو ، بە ئومێدی خوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گەنجینەکەی بایی ئەوە هەیە کە گرنگی بەوە بدات و یاسای چاودێری خێزان بخاتەوە گەڕ، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر ئافرەتمان هەیە کە لە دەرئەنجامی ئەو ئەنفالە بەد ناوە کە دوژمنانی گەلەکەمان بەسەر کوردیان هێنا بێ مێردن، بێ بران، بێ باوکن، کەسێ نییە بیان ژیێنێ، ئەگەر بێت و ئەمە بکەوێتەوە گەڕ و کاری پێ بکرێ یارمەتیەکی زۆری ئەو ئافرەتانەمان دەدات تاکو بەرەو رووی کاری خراپ نەرۆن یان لەسەر قەرز و دەست برینی خەڵک نەژین.
بڕگەیەکی تریشمان هەیە، لەبارەی بڕگەی سێ یە لە ماددەی ٣٩ ئەویش تایبەتە بە نەفەقە ،ئەویش لە حاڵەتی جودابوونەوەی بەزۆر بەسەر ژنەکەدا دەسەپێندرێ،و زەرەر و زیانێکی زۆر بە ئافرەتەکە دەگەیێنێ، دەبێ ئەو ئافرەتە قەرەبوو بکرێ، جا قەرەبووەکە چ مادی بێت یان مەعنەوی بێت، کاتی خۆی وا داندرا کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ، ئێمە داواکەمان ئەوەیە کە یارمەتی ئەو ئافرەتە بدرێ بەوەی کە لە دووساڵ کەمتر نەبێ و ئەوەی تر بە رەزامەندی هەردوو لایان بێت، تەواوکردنی بابەتەکە بۆ خوشکە زەهرا بەجێ دێڵم.سوپاس

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی ترمان هەموار کردنی بڕیاری ژمارە ٢١١ ی ساڵی ١٩٨٤ە کە تیایدا هاتووە کە کاتێ دایک و باوک جودا بوونەوە و منداڵیان هەبێ، ئەو مندالانە لە کوێ دایک و باوکەکە بیان بینن؟ لە بڕیارەکەی قیادەی ثورەی عێراقی دەڵێ لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی عێراق دەبێ، لێرە ئێمە داوا دەکەین کە دیتنەکە لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بێت، رای تریش هەیە دەڵێن لە بارەگای رێکخراوەکان بێت، هەر رێکخراوێک لە بارەگای خۆی ئەو کارە بکات ،یان لە بنکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بێت.
خاڵی ترمان راگرتنی کار بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٤١)تایبەت بە سزاکانی تەمبێ کردنی ژنە، هێژایان لە ئاینی ئیسلام و وتەکانی پێغەمبەر(د.خ) هەموو داوای ئەوە دەکات کە رەفتاری جوان

لەگەڵ ئافرەتدا بکرێ، لەو برگەیەدا وا داوا کراوە کە وەکو منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، کە دەڵێ تەمبێ کردن، تەمبێ کردن شتێکی کەمە بەرامبەر بە ئافرەتان لە کەسایەتی ئافرەت کەم دەکاتەوە،کەس لە ئێمە رازی نابێت کە وشەی تەمبێ کردن بۆ ئافرەت بەێنێت،بۆیە داوا دەکەین کە ئەوە هەموار بکرێ.

خاڵێکی ترمان داوا دەکەین کە هەردوو برگەی (١)(٢)ی ماددەی (٣٧٧)کە تایبەتە بە تاوانی (الخیانە الزوجیە)،لەو بارەیەوە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەوەی کە پیاو لەدەرەوە یان لەناوەوەی ماڵدا خیانەتی لە ژنەکەی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئەگەر ژنەکە خیانەتی لە پیاوەکەی کرد، واتا سزای پیاوان سوک ترە لە ژنان، لەوەشدا نایەکسانیەک هەیە، ئەگەر هەردووکیان هەڵەیان کرد.

خاڵی ترمان هەموار کردنی یاسای دەرماڵەی دایکایەتی یە، کاتێ ئافرەت مۆڵەتی دایکایەتی وەردەگرێ لە(٧٢) رۆژەکە دەرماڵەکەی دەبردرێ، لەوکاتەش هەر پێویستە لە بەر ئەوەی منداڵەکەی لەو ماوەیەدا پێویستی زۆری بە چاودێری و مەسرەف هەیە،دیسان داوادەکەین کە ئەوە هەموار بکرێ و ئەو دەرماڵەیە نەبردرێت.

ئەوەی تر ئێمە سێ راسپاردەمان هەیە کە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە داوا بکرێ ژمارەی دایەنگە(الحضانە) زیاد بکرێ ، ئەو دایەنگایانە هەبێ لەناو فەرمانگەکاندا، زیاتر لە هەموو گەرەکێکدا هەبێت لە کوردستاندا ، لەبەر ئەوەی ژنانی ئێمە ئەگەر کار بکەن پێویستی بەوە هەیە کە لایەنێک هەبێ کە منداڵەکانی لێ بەخێو بکرێ.

راسپاردەی ترمان زیاد کردنی دەرماڵەی خێزانە، دەرماڵەی زوجیە زۆر کەمە،ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەو دەرماڵەیە لەساڵەکانی سی و چلەکاندا داندراوە لەو کاتەدا موچەی مامۆستا یان فەرمانبەری ٢٤ دینار یان ٤٥ دینار بووە، ئێستا ئەو پارەیە گۆڕانکاریەکی زۆری بەسەردا هاتووە، پێویست دەکات کە دەرماڵەی زوجیەش زیاد بکرێ، ئەوەندە بێت کە نرخی ئافرەت بە ٢ دینار دانەندرێ، بەوە نرخ و پایەی ئافرەت زیاد دەبێت .

راسپاردەی ترمان ئەوەیە کە یارمەتی و هاوکاری بۆ ئەو کچانە هەبێ کاتێ شوو دەکەن هەر وەک بۆ کوران سولفەی ژن هێنان هەیە ئەوهاش سولفە بۆ کچان هەبێ کە شوو دەکەن،هەروەها سولفەی عەقاریش هەبێ وەک هاوکاریەک تاکو وەکو دەڵێن هیچ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو توخمە نەبێت.

سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەوزیەخان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیەعیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بوو ئەو خاڵانەی کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی تری

ئافرەتان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانیان کرد بوو، ئێمەش لێرە خاڵەکانمان روون کردوە، بۆ ئەوەی زەینی برایانی پەرلەمانتار و هەموو جەماوەر رابێنین کە ئەمە خاڵەکانە، خاڵەکانیش ئەوەندە شتێکی تعجیزی نییە کە ئێمە نەتوانین بیان گۆڕین ،و شتێکیش نییە کە لە داب و نەریتی کوردەواری بەدەر بێت، شتێکیش نییە کە دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێت، هیوا دارم بتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ بەرجەستە کردنی پرۆژەی تایبەت بەو خاڵانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. داوا لەو بەڕێزانە دەکەین کە تێبینیان لەسەر ئەو خالانە هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین،لێژنەی یاسایی، بەڕێز کاکەرەش فەرموو، پێش ئەوەی قسە بکەی ئەگەر بێیتە سەر سەکۆ باشتر نییە؟ لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەندێ بەدواداچون هەبێ، پێم باشترە ئەگەر جەنابت بفەرموویە سەر سەکۆکە.کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم راپۆرتە بەسەرماندا دابەش نەکراوە، و لێژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەت مناقەشەی نەکردوە،بە رای من ئەو بابەتە پێویستی ئەوە دەکات کە راپۆرتەکە دابەش بکرێ بەسەر ئەندامانی پەرلەمان ،و هەروەها لێژنەکە دابنیشێ و گفتوگۆیەکی لەسەر بکات، پێش ئەوەی بخرێتە گفتوگۆ لەناو هۆڵی پەرلەمان ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا ئەو خاڵانەی کە خوشکان بۆ ئەندامانیان روون کردەوە، زۆربەی خاڵەکان دەتوانم بڵێم هەر هەموو لەجێگای خۆیەتی ، لەتواناادا هەیە چارەسەر بکرێ و لە لایەنی یاساییەوە هیچ گرفتێک دروست ناکات ،هەروەکو خۆشیان خستیانە روو گونجاوە لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواری وناکۆکیەکی نییە لەگەڵ دەستوری ئێمە کە ئیسلامەتیە. لە ولاتی ئێمە،بۆ نمونە داوا کراوە بریاری قیادەی ثورەی عیراقی ژمارە ١٨٩ی ساڵی ١٩٨٠ رابگیرێ، زۆر لە جێگای خۆیەتی،کاتی خۆی کە ئەو بریارە دەرچووە لەوانەیە ئەو کات پێویست هەبووبێ، بەلام ئێستا هیچ پێویست نییە، زۆر زەرووریە کە مۆڵەت لە دادگا وەر بگیرێ کە دەبێ ژن هێنانی دووەم دەبێ لەهەموو لایەنێکەوە دراسەت بکرێ، لە رووی داراییەوە ، لە رووی کۆمەلایەتیەوە ، لە رووی کۆمەلایەتیەوە دەبێ رای هەردوو ئافرەت وەر بگیرێ،ئەوەش زۆر گونجاوە لەگەڵ داب و نەریتی ئێمە چونکە پاراستنی خێزان لەجێگای خۆیەتی، بۆ ئەوەی ناکۆکی دروست نەبێت و جودا بوونەوە

روو نەدات، منداڵ و خەڵکانێک زەرەر مەند نەبن، لەبەر ئەوە ئەگەر بە مۆڵەت و بە دراسەت بکرێ لەوانەیە لە زۆر لەو شتانە دوور بکەوینەوە کە لەوانەیە لەناو کۆمەڵدا روو بدات، ئەوەی تر داوایان کردوە کە سزا لە برگەی (٥) لە ماددەی (١٠)سەبارەت بەو گرێبەستانەی کە لە دەرەوەی دادگادا دەکرێ، ئەوەش زۆر لە جێگای خۆیەتی ، لەبەر ئەوەی گرێبەست لە دەرەوەی دادگا زۆر گرفت دروست دەکات، زۆر جاران ناکۆکی دروست دەکات و دێن سەردانی دادگاکان دەکەن دەبێتە هۆی دیار نەبوونی مارەیی و ئەو جۆرە شتانە گرفتێکی زۆر پەیدا دەکات، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە ئەوە قورس تر بکرێ ، بۆ ئەوەی خەڵکەکە مراجعەتی دادگا بکات تاکو نوسخەی زەواج کە زۆر گرنگە لایەنێکی رەسمی پشتگیری بکات کە دادگایەکانە، هەموومان پشتگیری ئەوەمان کردوە کە ئەو شتە لە دادگاکاندا بکرێ لەبەر ئەوەی نوسخەی زەواج شتێکی زۆر گرنگە ،ئێمەش لەگەڵ ئەو رایەینە کە ئەوە بکرێ. کاتی خۆی بریارێکی ئەنجومەنی قیادەی ثورەی عێراقی دەرچوو بوو کە تاکو ١٩٩١/٣/٣١ ئەو مارەبرینانەی کە لە دەرەوەی دادگا کراوە تجدید بکرێ، خۆی ئەو بریارە بە کردار نەماوە بەڵام ئێستا تحایل لەسەر یاساکە دەکرێ، خەڵکەکە کە دێ زەواجەکە تۆمار دەکات دەڵی لە ١٩٩٣/٣/٣١ زواجم کردوە تاکو فێڵ بکات و لە سزاکە رزگاری بێت بۆیە لادانی یان باشتر بڵێین لەغو کردنی بەڵانی کەم ئەو بەڵگەیە بە دەستەوە ناهێڵی کە تحایلە لەسەر یاسا ،خۆی یاساکە هەر هەتا ٣/٣١ی کار پێکراوە و لادانی زۆر باشترە تاکو فرت و فێڵی تێدا نەکرێ.

سەبارەت بە لیژنە پزشکیەکان، زۆر ئافرەتان کە دەچنە لیژنە پزیشکیەکان وەکو پێویست حاڵەتەکان دیاری ناکرێ، بریاری لیژنەی پزیشکی بریارێکی زۆر گرنگە کە باری ئافرەتەکە دیاری دەکات، مافەکانی دیاری دەکات، هەروەها دیاری مافی پیاوەکەش دەکات ،زۆر جاران لە ئەنجامی واسطە کردن، ئەو مافانە پێشێل دەکرێن،لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو راسپاردەیە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان تاکو ایعازێک بدرێتە لیژنە پزیشکیەکان تاکو گرنگی بە و لایەنە بدەن، پشت بە ئەخصائی ببەستن لەو بوارانەدا، داوای خەڵکانێک بکرێ کە دەتوانن بە راستی ئەو کارە بە دروستی ئەنجام بدەن، تاکو بتوانن بە رێک و پێکی مافەکانیان دیاری بکرێت.

دواتر داوای هەموار کردنی مادەکانی ٢٣ و ٥٩ کە تایبەتە بە نەفەقە، لەراستیدا ئەوە شتێکی زۆر گرنگە و زۆریش گونجاوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام، واتا کاتێ منداڵێک پێویستی بە مافەکەی دەبێت بۆچی داوای نەکات ، تەنها لەکاتی داوا کردن مافی هەبێ ،لەوانەیە ئافرەتێکە ئاگای لە خۆ نییە ماوەیەک بەسەر داواکەی دەروات، ئەو نەفەقەیە لە رۆژی داواکەی دەبێت ، کەچی حەق وایە لەو رۆژەی کە استحقاقیان هەیە ئەو نەفەقەیان بۆ بکرێ، لەبەر ئەوە زۆر لەجێگای خۆیەتی ئەو ماددەیە هەموار بکرێ تاکو مافی ئەو منداڵانە دەستەبەر بکرێ.

یاسای چاودێری خێزان شتێکی زۆر چاکە کە داوایان کردوە دووبارە بکەوێتە گەڕ ئەویش هەر لە

ڕێگای بەڕێزتانەوە دەکرێ.
هەموار کردنی برگە (٣)ی ماددەی ٣٩ ئەوە زۆر پێویستە ، لەبەر ئەوەی جودا بوونەوەی تعسفی، مادام گوترا بە تعسفی ئەوە وەکو جنایەتێکە بەرامبەر بەو ئافرەتە، بۆیە کەسێ جنایەتێک بەرامبەر بە ئافرەتێک بکات حەقە ئاکامەکانیشی قبوڵ بکات، لە یاسا کۆنەکەدا هاتووە دەڵێ لە (٦) مانگ کەمتر نەبێت و لە ٢ ساڵ زیاتر نەبێ،واتا دەسەلاتەکە دراوەتە نێوان ئەو دوو ماوەیە لەوانەیە بە «٧ »مانگ بابەتەکە چارە بکرێ کە ئەوان داوایان کردوە بکرێت بە ٢ ساڵ زۆر لە جێگای خۆیەتی ، لەوانەیە ئەگەر زیاتریش با هەر قەیدی نەبوو، لە٢ ساڵ نابێ کەمتر بێت تاکو سەرەوەی کراوە بێت، تاکو ئەو کەسەی جنایەتەکە دەکات بەرگەی ئاکامەکانی بگرێ ، بەرگەی شتێ بگرێ کە خۆی زۆردارە تێیدا لەوبڕیارەی کە لەجێگای خۆی نییە.
هەمواركردنی بریاری «٢١٣» ئەویش سێ جێگا لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانەوە هات، یەکێتی ئافرەتان و ڕێکخراوی ئافرەتان و چاودێری کۆمەلایەتی دەهێڵینەوە بۆ پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان لە ئەنجامی گفتوگۆ دا بڕیار لەسەر چی بدەن ئەوە دەچەسپێنین و دەبێتە بنەما، بڕگەی «١» لە ماددەی «٤١»دا کە سەبارەت بە «تأدیب»ە، بەراستی کە دەڵێین «تأدیب الزوجە» بیری مرۆڤ بۆ شتێکی خراپ دەچێت، چونکە «تأدیب» ئەوە دەگەیەنێت کەوا ئەو کەسە لە قەوارەی ئەدەب دەرچوەو کارێکی خراپی ئەنجام داوە، جا ئەم وشەیە وشەیەکی ناشیرینە و بەرای ئێمە نەمانی هیچ کێشەیەک دروست ناکات و، پێویستیشە لابدرێت، مەبەست لەم وشەی تەئدیبە چییە ؟! کە لەیەک تێگەیەشتن هەیە، هەمواركردنی برگەی «١»و«٢» لە ماددەی «٣٧٧» کە سەبارەت بە «الخیانە الزوجیە» لە یاسادا دەڵێت:(کل من فاجأ زوجتە او أحدی محارمە) لەوێدا حیسابێک بۆ حاڵەتی دەروونی کراوە، چونکە لەو کاتەدا پیاوەکە کە ئافرەتەکەی خۆی لە شێوەیەکی ناشیاودا ببینێت نەتوانێ خۆی پێڕاگیرێت و بیکوژێت، ئەوە لەو حاڵەتە بە بارێکی سووک کەر دەژمێردرێت بۆ ئەو حاڵەتە، بەلام ئەویان کە حاڵەتی سووککەرە تاوانە بۆ ئافرەت نەژمێردراوە، بەڵکو ئافرەتێک مێردەکەی لەم جۆرە حاڵەتانەدا ببینێت و باری دەرونیشی تێکچێت و تاوانێک ئەنجام دا ئەوە ئەو حاڵەتە سووک کەرەوە نایگرێتەوە، کە خۆی پێویستە باری دەرونی ئافرەتەکەش رەچاوبکرێت و هەمان حاڵەت بیگرێتەوە، من دووپاتی دەکەمەوە کەوا ئەو حاڵەتە جا چ سەبارەت بە پیاو بێت، یاخود ئافرەت لە شەریعەتی ئیسلامیدا نەهاتووە، بەڵکو تەنها بە یاسا دانراوە، جا بەرای ئێمە ئەگەر هەمان زەرف بۆ ئافرەتیش دانرێت هیچ لە بنەمای یاساکە ناگۆڕێت، چونکە لە شەریعەتی ئیسلامیدا نەهاتووە، سەبارەت بە مۆڵەتی دایکایەتی، ئافرەت لە کاتی منداڵ بووندا «٧٢» ڕۆژ مۆڵەتی پێ دەدرێ، «٦» مانگیش مۆڵەتی پێ دەبەخشرێت بە مووچەی تەواو و، «٦» مانگیش بە نیوی مووچەکەی مۆڵەتی پێ دەبەخشرێت، مەبەستی خوشکانیش لێرە پارە نییە، بەلام مەبەستیان ئەوەیە کەوا ئەو ئافرەتانە لە کاتی ئەو مۆڵەتەدا مووچەی تەواوی وەرگرن، چونکە زۆربەیان وایان لێ دێت کەوا مۆڵەتەکەیان

ببڕن و بگەڕێنەوە بۆ دەوام، چونکە ئەو مووچەیەی کە وەری دەگرن تێری بژێوی ژیانیان ناکات و وایان لێ دێت کەوا منداڵەکانیان پشت گوێ بخەن و بگەڕێنەوە بۆ دەوام، هەرچەندە چاودێری منداڵەکانیش زۆر پێویستە، جا بۆیە ئەگەر لەو ماوەی «٦» مانگەشدا مووچەی تەواویان پێ بدرێت لەگەڵ دەرماڵەکانیان، جا ئێمە ئێستا ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین، چونکە مەسەلەیەکی داراییە، داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی دەکەین کەوا داوا لە ئەنجومەنی وەزیران بکات کە پرۆژەیەک ئامادە بکەن بۆ هەموار کردنی ئەم یاسایە، سەبارەت بە خانەی حەوانەوەی منداڵانیش کە لە ئەرکی ئافرەتانی فەرمانبەر کەم دەکاتەوە، لەوانەشە ئەو فەرمانبەرە ئافرەتانە دوور کەونەوە لە مۆڵەت وەرگرتن کە بزانن جێگایەکی پاک و خاوێن و لێزان چاودێری منداڵەکانیان دەکات، سەبارەت بە دەرماڵەی خێزانداری «المخصصات الزوجیە» دەبوایە زۆر لە مێژە باسی لێوە بکرایە، چونکە «٢» دینار زۆر کەمە، واتا جیاوازی نێوان فەرمانبەرێک ژنی هێنابێ و یەکێکی تر کە ژنی نەبێت تەنها «٢»دیناریان جیاوازی هەیە، جا پێویستە دەسکارییەکی ئەوەش بکرێت، ئەوەش دیسان لە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەکرێت، جا دیسانەوە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کەوا ئەو داواکاریەش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکەن بۆ دەسکاری کردنی ئەو دەرماڵەیە بەشێوەیەک کە شیاو بێت لەگەڵ جێگای بەرزی ئافرەت، لەهەمان کاتیشدا ببێتە هاوکاری کردنێکی ئەو فەرمانبەرە کە ئەبێتە خاوەن خێزان و هاوکاری کردنی بێت لە ڕوی بژێوییەوە، سەبارەت بە سەرف کردنی «عقار»و «سلف»ی خێزانداری، ئەوەش کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی حکومەت، حکومەتیش بەپێی توانای خۆی ئایا ئەو توانایەی کە حکومەت هەیەتی دەتوانێت ئەم کارەی پێ ئەنجام دات، ئەویش وەکو پێشان بانکی عەقاری بەکار بخرێتەوە و ئەو کەسانەی کە زەوی وەردەگرن بتوانن داوای «سلف»ە بکەن بۆ دروست کردنی خانوو و، لە هەمان کاتیشدا فەرمانبەرەکان بتوانن سلفەی خێزانداری وەرگرن، جا ئەگەر حکومەت توانای هەبێت و پارەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە تەرخان بکات ئەوە شتێکی زۆر باشە، لەوانەشە لە ئەرکی خەڵکەکە کەم بکاتەوە و بتوانن ماڵی خێزانداری پێک بێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناونوس بکرێن، ناوی ئەو بەڕێزانە ئەخوێنمەوە کە ناونوس کراون، بەڕێزان د.ناسح، شێروان حەیدەری، کاکەڕەش نەقشبەندی ، ڕەجەب شەعبان، مەلاتاهیر، عەبدولخالق زەنگەنە، ئەحمەد سالار، سەعید یەعقوبی، جەمیل عەبدی، عەفان نەقشبەندی، د.ڕزگار،بەڕێز کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو دیراسەتە کەوا ئێستا لەلایەن خوشکان ئەندامانی لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت خوێندرانەوە و هەروەها بەڕێز کاکەرەش تێبینی یاسایی لەسەردا و روونی کردەوە، پێمـوایە دیراسەتێکی زۆر ڕێکوپێکە، ئەو دیراسەتە لەلایەن پسپۆرانەوە و بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە لە کوردستاندا هەن و، هەروەها ئەندامانی لیژنەی یاسایی بەشدارییان تێیدا کردووە و، جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش لە چەند کۆبوونەوەیەکدا بەشداری کردووە و، منیش وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە چەند دانیشتنێکدا ئامادە بووم، ئەم دیراسەتەی کە پێشکەش کراوە پەنجەیان خستووەتە سەر ئەو خاڵانەی کە سەبارەت بە ئافرەتەوە غەدرە بەرامبەر بە ئافرەتی کورد دەکرێت و ئافرەت لە عێراقدا بە گشتی دەکرێت، بۆیە ئەو خاڵ و تێبینی و مافانەی کە لێرە دیاری کراوە ئێمە پشتگیری لێوە دەکەین و هیواداریـن کە دیراسەتێکی ڕێکوپێک لێرەدا لە پەرلەمان لەسەری بکرێت و، ئەوەی پێویستی بە بڕیار بێت بڕیاری لەسەر وەربگیرێت، بەتایبەتی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش پێویستی بە گفتوگۆ کردن دەبێت، چونکە هەندێ بابەت پەیوەندی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، بۆیە پێم باشە تەنها بەم دانیشتنە کۆتایی پێ نەهێنین و گوێ لە را و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانیش بگیرێت کە هەر یەکە تێبینی خۆی هەیە، بەڵام دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەم دیراسەتە تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئافرەتان و خوشکانی بەڕێز داوایەکیان نەکردووە کە لە دەرەوەی قەوارەی شەرع و کۆمەڵگای کوردەواریماندا بێت، ئەو داوایانەی کە کردوویانە هەموویان مەشروعن لە قەوارەی شەرعەوە و، یاسای باری کۆمەڵایەتی لە پێشەکیدا دەبێت بە دوو کەرت، کەرتێکیان لە رووی ڕێکخستنی خێزانە، جا چۆن بەرژەوەندی ئافرەتی تیادا بەدی دەکرێت پێویستە وا بێت، چونکە پەیوەندی بە ئەحکامەوە نییە، ئەوەیشی ئەحکامەی ئیسلامییە هەر هەمووی لە بەرژەوەندی ئافرەتدایە، یەک حوکمی ئیسلامی نییە کەوا بەرژەوەندی ئافرەتی تیادا رەچاو نەکرابێت و، هیچ وڵات و سیستەم و یاسایەک لە جیهاندا نییە وەکو ئیسلام رێزی ئافرەتی گرتبێت و بیشی گرێت، جا ئێمە ئەتوانین ئەوەی بۆ ڕێکخستنە لێرەدا بە پرۆژەیەک چارەسەر بکرێت، باری ڕێکخستنەکەی بەشێوەیەک ڕێکبخرێت کە بەرژەوەندی ئافرەتی تیادا رەچاو بکرێت، ئەوەیش کە باری ئەحکامەکەیە چی لە بەرژەوەندی ئافرەت نەبێت، هەڵقوڵپاوە لە فقهی فەرەنسی و رۆمانی

و رووسییەوە، ئەگەریش پێتان خۆشە ئەوە لەگەڵ یاساناسەکاندا بەراوردی دەکەین، ئەوەی کە بەرژەوەندی ئافرەتی پێشێل کردووە ئەوە هەموو لەو یاسا بیانییانەوە دەرچووە، بۆ نموونە سەبارەت بە «الخیانە الزوجیە» کە هاتووەتە باری کەسایەتییەوە هەر کفرە، چونکە چەسپاندنی «خیانە الزوجیە» زۆر گرانە لە ئیسلامدا، هەروەها سەبارەت بە «نفقە» لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ئافرەت ئەرک نییە لەسەری نەفەقەی منداڵەکانی بدات جا چ لای مێرد بێت، یا لای مێردەکەی نەبێت، بەڵکو ئەرکی سەرشانی مێردەکەیەتی کەوا نەفەقەی منداڵەکانی بدات، جا بەسەر یەکەوە بێت، یا رۆژ بە رۆژ نەفەقەیان بدات، جا ئەوە ئەرکی مێردە نەوەک ئافرەتەکە، ئەوە داوایەکە لە جێی خۆیەتی، ئەوە قورئان وای بۆ داناون، ئەوەی کە پەیوەندی بە یاسای سزادانی عێراقییەوە هەیە، ئێمە بەرگری لە یەکسانی لە نێوان سزادانەکەدا دەکەین، هەقە سزاکە یەکسان بێت بۆ پیاو و بۆ ئافرەتیش، ئەوە هیچ لارییەکی تیادا نییە، لە فقهی ئیسلامیدا دەڵێت: (الاولیٰ الاكتفاء بالتهدید) نەوەک بە (تأدیب) هەوەکو عائیشە دەفرموویت: (ما ضرب رسول الله صلى الله عليه و سلم امرأة له و لا خادماً و ضرب بيده شيئاً قط إلا في سبيل الله)، جا لەبەر ئەوەی کە پەیوەندی بە سزاوە هەیە یەکسانی لە سزا لە نێوان پیاو و ئافرەتدا شتێکی زۆر ئاساییە، ئەگەر پیاوێک خێزانەکەی خۆی لە حاڵەتی خیانەت کردندا بینی ئەو حاڵەتەی بۆ خۆی بە زۆر ناپەسەند دانا دەبێت بۆ ئافرەتەکەش هەمان شت دانێ ئەگەر پیاوەکەی بەو حاڵەتە بینی، هەقە ئافرەت ئەو مافەی زیاتر پێ ببەخشرێت لە پیاو، چونکە ئەو حاڵەتە دەروونییە بۆ پیاو و ئافرەت بە یەک شێوە رەوایە، ئەوەی کە پەیوەندی بە کردنەوەی دایەنگەوە هەیە، یا سلفەی ژنهێنانەوە هەیە، یا مووچەی کاتی ئومومەوە هەیە، یا سلفەی عەقارەوە هەیە، یا کارپێکردنی یاسای چاودێری خێزانەوە هەیە، یا دەرماڵەی خێزانداری، بۆ ئەم مەسەلانە پێویستە حکومەتی هەرێم چ توانایەکی هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم جۆرە کارانە بیخاتە گەڕ، چونکە ئەمە لە پەرژەوەندی گشتیدایە، ئەم جۆرە مافە نەک تەنها ئافرەت پێویستە پیاو داوای بکات، چونکە بۆ نمونە چاودێری خێزان تەنها مافی ئافرەت نییە، بەڵکو مافی پیاویشە، جا من لەگەڵ ئەوەدام کەوا هەموو لەیەک جیا کرێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە یاسای سزادانی عێراقییەوە هەیە جیا کرێتەوە و، ئەوەی پەیوەندی بە باری کەسایەتییەوە هەیە جیا کرێتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە داراییەوە هەیە ئەویش جیا کرێتەوە و، ئەوەشی پێویستی بە بڕیاردانە لەسەری بڕیاری بۆ وەرگیرێت، داواکانیان هەمووی داوایەکی رەوان و هیچیان لە دەرەوەی قەوارەی شەریعەتی ئیسلامەوە نین، بەڵکو ئاینی ئیسلامی لەوە زیاتریان پێ دەبەخشێ، بەڵکو هەندێ شتی تریش هەیە کەوا باسیان لێوە نەکردووە جا من لەگەڵ ئەوەم کەوا ئەوانەش باس بکرێن، شتێکی وا چڕ و پڕ دەربکرێت کە ئافرەتان هەست بکەن لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەر زوڵمێکیان لێ کرابێت لە دەرەوەی قەوارەی ئیسلامەتیدا لێیان کراوە، من تەحەدا دەکەم ئەو کەسانەی کە شارەزاییان لە ئاینی ئیسلامدا هەیە هەر تاوانێک دژی ئافرەت کرابێت لە رێگای ئیسلامەوە لێی کرابێت ئەو کاتە ئێمە ئیسلام

ئەخەینە قەفەسی تاوانبارییەوە، بەڵام هەندێ کەس وا دەزانن هەر ناهەقییەک دژ بە ئافرەت کرابێت ئیسلام پێی دەکات و، من دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەو مافەی لە ئیسلامدا دراوە بە ئافرەت لە هیچ سیستەمێک لە «٤٥٠٠»ساڵەوە تاوەکو ئەمڕۆ بە ئافرەتی نەبەخشییوە، ئێستاش لە هەموو جیهاندا ئەو مافەی کە بەئافرەت بە قەد ئەوە نابێت کە ئیسلام بە ئافرەتی بەخشیوە، ئافرەت عیزەتی مرۆڤە و عیزەتی پیاوە، چونکە ئافرەت و پیاو هەردووکیان خەلیفەی خوان لە سەر زەویدا، کە خوای تەعالا دەفەرمووێت: (کرمنا بنی آدم) هەردووکیان دەگرێتەوە، چونکە ئافرەتیش هەر بەنی ئادەمە لەسەر زەویدا، ئادەم بە تەنها نەیدەتوانی زەوی ئاوەدان بکاتەوە، ئەگەر حوای لەگەڵدا نەبووایە، من ڕێزم هەیە بۆ ئەم دیراستە، بەڵام داوا دەکەم کەوا زیاتر چڕوپڕ بێت بۆ ئەوەی ئەو مافە بە ئافرەت ببەخشرێت و، بکرێت بە یاسا و بڕیارێک و، هەر بەشێک لە بەشی خۆیدا جێبەجێ بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزبایی لە لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت دەکەم، هەروەها سوپاسی ڕێکخراوی ئافرەتان دەکەم بە گشتی و یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش بە تایبەتی کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوو لە ئامادە کردنی ئەم دیراسەتە، هەرچەندە بەڕێز کاکەرەش بە شێوەیەکی ورد بابەتەکەی روون کردەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان شێوەیەکی روونیان لەلا سەبارەت بە مەسەلەکە هەبێت، ئەو خاڵانەی کە دیراسەت کراوە چەند میحوەرێک دەگرێتەوە، میحوەری یەکەم بەستنی هەندێ لە بڕیارەکان ئەنجومەنی باڵای شۆڕش «مجلس قيادە الثورە»، میحوەری دووەم هەموار کردنی هەندێ لە بڕگەکانی یاسای باری کەسایەتی، میحوەری سێیەم هەموار کردنی هەندێ لە بڕگەکانی یاسای سزادان و، بڕگەکەی تریش ڕاسپاردنە کە دەبێت ئاراستەی حکومەت بکرێت، سەبارەت بە بەستنی «تجمید» بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕش کە لە چەند ماوەیەکی بەدەر دەرچووە جێگای خۆیەتی کە ئەمانە ببەسترێن و سەبارەت بە هەموار کردنەکەش ئەو هەموار کردنانە هەمووی لە جێگای خۆیەتی کەوا بکرێت و، هەموویان لە چوارچێوەی دابونەریتی کوردەواریدایە، هەروەها ئەم خاڵانەش کە دیراسەت کراون هەموویان لە چوارچێوەی ئاینی ئیسلامییەوە دیراسەت کراون، بەڵام حەز دەکەم کەوا جەخت لەسەر خاڵێک بکەم کە ئەویش ئەوە بۆ ماوەی «١٠»ساڵ تێ دەپەڕێت بەسەر دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو ئێستا دیراسەتێکی لەم شێوەیە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان نەکراوە سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت، لێرەدا من داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە ئەگەر هاتوو ئەم خاڵانە

پێویستی بە پرۆژەیەک هەبوو پشتگیری لەو خاڵانە بکرێت و، خۆشم پشتگیری لێ دەکەم و داواش لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەن کە ئەو خاڵانەی پێویستی بە پارە هەیە وەکو بەکار خستنی بانکی عەقاری و یاسای چاودێری خێزان و دەرماڵەی خێزان، داوا لە حکومەت بکرێت بۆ دیراسەت کردنی ئەم مەسەلانە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، ئافرەت قوتابخانەیە بۆ پەروەردە کردنی هەموو کەسێک، هەر ئافرەتە کەسایەتی مرۆڤ دروست دەکات چ بە باشی و چ بە خراپی و، ئافرەتی کورد لە کوردستانێکی ئازاددا سەلماندی کەوا کەمتر نییە لە پیاو، بەڵکو ئەگەر بەرزتر نەبێت بەقەد پیاوە، ئەمڕۆ ئەندامی پەرلەمانە و وەزیرە و بەڕێوەبەرە و خۆی خستووەتە ناو هەموو کارێکەوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و، ئافرەتی کورد زۆر ناخۆشی و تاڵی و دەربەدەری چەشتووە، زیندانی دیوە و، هەروەها ئافرەتی کورد پێشمەرگەی قارەمان و دڵسۆزیان پێگەیاندوو و، هەروەها بەشداری لە هەموو شۆڕشەکاندا کردووە جا چ بە هەڵگرتنی چەک بێت، یا خزمەتی پێشمەرگەی برینداری کردووە، جا کەواتە ئەوەندە ئافرەت رۆڵی هەبێت، پێویستە بایەخێکی زۆری پێ بدرێت و، خوای تەعالا دەفەرموێت: (ومن اياته ان خلق لكم من انفسكم أزواجا لتسكنوا اليها وجعل بينكم مودة ورحمة) و شاعیرێکی عەرەبیش سەبارەت بە ئافرەت دەڵێت: (الام مدرسة إذا أعددتها أعددت شعباً طيب الاعراق) ، جا بۆ ئەوەی ئافرەت ئەوەندە جێگای مەزنە دەبێت بایەخێکی زۆریشی پێ بدرێت و، ئەو پێشنیارانەی کە خوشکان کردوویانە بۆ پەرلەمان، منیش پێشنیار دەکەم کەوا لیژنەیەک پێکبهێنرێت، وەکو لیژنەی یاسایی مافی ئافرەت، هەروەها لە لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ئەوقاف کە دیراسەتی ئەم پێشنیارانەی تیادا بکرێت، لەوانەیە هەندێکیان پێویستییان بە یاسا هەبێت و، هەندێکیان لەوانە رەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، نەک تەنها ئەم پێشنیارە بەڵکو پێشنیاری تریشم هەیە، کە هەندێ مافی ئافرەت پێشێل کراوە، لەوانەش پێویستی بە چارەسەر هەبێت، وەکو قەدەغەکردنی مارەکردنی ئافرەتی منداڵ، چونکە ئەمڕۆ دەبینین ژن بەژن دەکرێن بچوک بە گەورە دەکرێن، جا ئەگەر ئەم مەسەلانە چارەسەر بکرێن زۆر باشە، هەروەها دەبینین ئافرەت لە جێگای خوێن دەدرێت، ئەگەر رازیش نەبێت ئەوە مافی هەر پێشێل دەکرێت و، لە هەندێ جێگاش دەکرێتە بگۆڕ لە شوێنی کچ رفاندن، ئەمەش هەمووی پێشێل کردنی مافی ئافرەتە و، لەوانەشە هەندێ مامۆستا ماف بەخۆیان ببەخشن، جا پێشنیار دەکەم کەوا خولێک بۆ بەڕێزان مامۆستایانی ئاینی بکرێتەوە و، هەندێ مامۆستا دەسنیشان

بکرێن لە پارێزگا و قەزا و ناحییەکان بۆ مارە کردن و، هەر یەکێکیان سجلێکیان هەبێت بۆ تۆمار کردنی ناوی ئەو کەسانەی کە مارە دەکرێن تاوەکو مافی ئافرەت پێشێل نەکرێت، هیوای سەرکەوتن بۆ ئافرەتی کورد دەخوازم ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواوی خۆم دەکەم بۆ ئەم دیراسەتە، لەبەر ئەوەی ئەمە توانایەکی خوشکانی رێکخراوەکانی ئافرەتانە و هەروەها خوشکانی ئەندامانی پەرلەمانە، بەتایبەتیش سەرۆکی پەرلەمانیش بایەخێکی تایبەتی داوە بەم مەسەلەیە، تەنانەت لە سەردانێکی بۆ دەرەوەی وڵاتیشدا ئەم خاڵانە هاتبووە پێشی،پاش « ١٠ »ساڵ لە دامەزراندنی پەرلەمان کاتی هاتووە کەوا ئەم بابەتە بە جیدی دیراسەت بکەین، ئافرەت نەک تەنها نیوەی کۆمەڵگامانە بە رای من لەبەر ئەوەی دایکیشە نیوەکەی تریش چارەکی هەر هی خۆیەتی، جا لەبەر ئەوە کاتی خۆیەتی کەوا ئێمە چاوێک بە زۆر شتماندا بگێڕینەوە کە لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نییە و، چارەسەرییەکی باشیشی بۆ دابنرێت و، ببێت بە دەسکەوتێکی مەزنیش بۆ پەرلەمان و حکومەتەکەمان و، بۆ سومعەتی کوردیش لە دەرەوەی کوردستان، جا بۆیە من داوا دەکەم کەوا ئەو راپۆرتە دابەش بکرێت بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دیراسەتێکی باش بکرێت و، زۆر شت هەیە کە پێویستە ئێمە چاوێکی پیادا بگێڕینەوە بەتایبەتی ئەوەی لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نەبێت، چونکە هەندێ دەزگا هەیە لە دەرەوەی کوردستان کە دەیانەوێت سومعەتی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواریمان و ئافرەتی کورد بە شێوەیەکی خراپ پیشان دەدەن، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم بەتایبەتیش ئەوانەی کە راپۆرت پێشکەش دەکەن بە هەزاران ئافرەت لە پاش راپەڕینەوە تاوەکو ئێستا کوژراوە بەناوی «غسلا للعار» ئەوە دەبێت رادەیەکی بۆ دابنرێت،من پشتگیری و داواش دەکەم کەوا ئەم مەسەلەیە زۆر بە جدی وەربگیرێت و، پێشنیاری گەورەتریش پێشکەش بکرێت لە بەرژەوەندی ئافرەتانمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من لەگەڵ رای بەڕێز مامۆستا عەبدولخالقدایە کە ئەو بابەت و باسە پێشتر دابەش کرایە ئەتوانرا زیاتر دەوڵەمەند بکرێت و، ئەو رایانەی کە بەڕێز کاکەرەش فەرموی ئێمە لەگەڵیاندایین،

بەڵام ئەمەوێ ئەم تەوەرانەی کە ئەم بابەت و باسانە لەخۆی گرتووە، کۆمەڵێ لایەنن کە تێکڕا بۆ لایەنێکی سەرەکی دەگەڕێنەوە و، ئەو لایەنە سەرەکییە لایەنێکی تەواو و سەرەکی نییە، ئەمە بریتین لە چاک کردن یا سارێژ کردنەوە و، یا هەڵەچنی لەو یاسایە کە هاتووە، ئێمە دڵنیاین کەوا باری ئافرەت لە هەر کۆمەڵگایەکدا رەنگدانەوەی سیستەمی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەیە، ئەمە ئەگەر ئێمە بکەوینە بەردەم بەراورد کاری لە نێوان دوو کۆمەڵگا کە جیاوازی هەبێت لە ماف خواردن، یا ماف زەوتکردن و، ماف پێ نەدانی ئافرەتدا، سیستەمەکە وەڵامان دەداتەوە، ئەوە وڵاتێکی پێشکەوتوو و وڵاتێکی دوا کەوتوو، ئەوەی کە زیاتر ماف ئەدات بە ئافرەت کە خۆی ئافرەت هەموو کۆمەڵگایە، چونکە نیشتمانە، نیشتمان بە واتا زیندووەکە و بە واتا پیرۆزەکەی، بریتییە لەوە چەندە بەگوڕ بێت ئەوەندە دەسباڵا ترە، لێرەدا ئەوەندە کێشەکە دەسباڵاییە، بەرەو پێدانی کارو رەنگدانەوەی لە رووکاری سەردەم و رۆژگارەکەیە، بۆیە پێویست بەوە دەکات لەو بابەتە و لەو باسە بە گرنگی ئاوڕ لە لایەنە گەوهەرینەکەوە بدرێتەوە، بەتایبەتی سیستەمی ئابووریەوە، ئەوەی دەرفەتەکان دەخولقێنی لە پێش ئافرەتدا، هەروەکو کۆمەڵگای دێرینەی کوردی کە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی نیمچە داخراو لەسەر خۆی، یا بڵێین کشتوکاڵی شێوازێکی سەرەتایی بووە لەو کۆمەڵگایە کە بەرهەم هێنانەکە هەردووک هاوکات و هاودەست بوون، ئەتوانم بڵێم ئافرەت دەسباڵا تر بووە لە زۆر لایەنی بەرهەم هێناندا لەو کۆمەڵگا کشتوکاڵ کارییەدا، ئەوە داستان و بەیت و باڵۆرە کوردییەکان گەواهی ئەو راستییە دەدەن، ئێستا پێویستیمان بەوە هەیە ئەو بابەتە تەنها ئەو چارەسەر کردن و هەڵەچن کردنە نەبێت لە دووتۆی دەقە یاساییەکاندا کە رەنگدانەوەی سەردەمانێکن. سەردەمەکان خۆی ئەو دەقانە گەواهی دواکەوتوویە، دواکەوتوویی مافی مرۆڤ نەوەک مافی ئافرەت بەتەنها، چونکە مافی ئافرەت کە زەوت بکرێت مافی هەموو مرۆڤایەتی زەوت ئەکرێت، مافی ژیان زەوت ئەکرێت، گەزنگی خۆر ئەگرێتەوە، کەواتە با ئەو تەوەرانە بە وردی کاری تیا بکرێت، ئێمە چۆن ئەتوانین بیر لەوە بکەینەوە، ئەوە ئەزموونی هەموو دونیای پێشکەوتوومان لەبەر دەستدایە، چۆن لەوێ ئافرەتەکە لەبەر کۆی بەرهەم هێنانی گشتییە، دەسباڵایە ئەوە سیستەمەکان وەڵامان دەدەنەوە، بۆیە بە رای من ئەوەی لەم بابەتە کە پێویستی هەبێ گرنگییە بە سیستەمی ژیان، چونکە ئەوە رەنگدەداتەوە و لەسەروو ئەوەوە یاساکان سەوز ئەبێت و ژیان بەر کەماڵ ئەبێت، کەواتە گەڕانەوە بۆ رەچەڵەکی ئەوەو بۆ رەسەنایەتییەی لە کۆمەڵگای کوردەواری دێرینا بووە و، لەسەروی ئەوەش سیستەمێکی ژیانێکی پێشکەوتوو، پێویستمان بە کردنەوەی دەروویەکی ترە پڕ بە پێست و خۆزگەو سینەی هەموو ئافرەتێکی کورد، کەواتە جارێکی تر پێویست بەوە دەکات کە ئەو بابەتە گرنگی پێ بدەین، بۆ ئەوەی بتوانێت بەکار بێت و رۆڵی کاریگەرێتی لەم قۆناغەی گواستنەوە بەرەو پێشەوە ببینێت کە بۆ هاوشانبوونی گەلانی پێشکەوتووە، حەزیش ئەکەم ئەوەنە بڵێم ئەوەی دڵخۆشکەرییە ئافرەتی ئێمە زۆر جیاوازن، هەرچۆن هەمیشە سەربەز بوون هەمیشە دەسرەنگین بوون، هەمیشە

نیشانەیەکی باڵا بوون، ئێستا من وەکو سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری ئەتوانم گەواهی بۆ ئەوە بدەم لە گۆڕەپانی ئەمرۆماندا و هەموو پانتاکانی رۆشنبیری کوردیدا شوێن پەنجەی ئافرەتان شوێن پەنجە زێڕینەکانە، ئەوە شیعر و ئەدەبیاتی سەردەممان، ئەوە شانۆ و ئەوە هونەرەکانی ترو، سەیر ئەکەین جیاوازییەکی زۆرمان هەیە، واتا گەلێکین ئەو ژیانە ژیارییە تیامانا دەمێکە چەکەرەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئێمە پاش گوێ ڕاگرتن لە قسەکانی خوشمان لەو سیمینارەی کە لە هۆڵی پەرلەمان پار بەسترا هەروەها گوێڕاگرتن لەو دیراسەتەی کە خوشکانی لیژنەی ئافرەتان لە هۆڵی پەرلەمان کە ئێستاکە باسیان لێ کرد عیبارەتە لەچەند ماددەیەک کە پێویستە ئێمە تەحویلی بکەین ئەویش پەیوەندیی هەیە بە وەزارەتی داد کە یاساکانی (ئەحوالی شەخصی و قانونی عقوبات و قانونی ئوسولی مورافەعاتی جەزائی) دەگرێتەوە. هەروەها بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی کە پەیوەندیدارە بە (الأمومة و الطفولة والحضانة) هەروەها وەزارەتی دارایی کە دەبێت دابینی ئەو پارانە بکات کە ئافرەتان ئێستا داوای دەکەن و وەک زبندووکردنەوەی مەسرەفی عەقارییە وەک ئەو بابەتەی (ضمان)ی کۆمەڵایەتییە بۆ خوشکان و ئافرەتان هەروەها بەردەوام بوونی دەرماڵەی ئافرەتانە ئەوانەش هەمووی پێویستی بە پرۆژە هەیە، پرۆژەش وەکو ئاشکرایە دەبێت لە لایەن دە ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش بکرێت یاخود لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش بکرێت بەڵام لەبەرئەوەی پێداویستی دارایی تێدایە دەبێت حکومەت ئەو پێداویستیانە دابین بکات و هەق وایە خوشکان ماوەمان پێ بدەن تاکو بەڕێزان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم کارانە ئاراستەی شوێنی مەبەست بکەن تاکو ئەم دیراسەتە ئەنجام و بەرهەمی هەبێت و پاش تەواوکردنی دیراسەتەکە بگەڕێتەوە پەرلەمان تاکو لێرەوە لەم ئەنجومەنە پیرۆزەوە دەربچێت و خوشکانی ئافرەتان بگەنە هەموو ئامانجی خۆیان کە پێویستیان هەیە بەهەموو خۆشیەک کە ئەرکی سەرشانمانە بۆیان دابین بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی. بەڕێز کاک جەمیل سندی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاسی لیژنەی مافی ئافرەت لە پەرلەماندا دەکەم. باسی دەرماڵەی (زوجیە) کرا کە

دوو دیناره. له تشرینی ساڵی ١٩٩٤دا بڕیار له پەرلەمان دەرچوو که دەرماڵەی (زوجیه) چەنده بیست دیناری لەسەر زیاد دەکرێت بۆ هەریەکێک له ئافرەت و له پیاو، بەڵام ئەم بڕیاره جێبەجێ نەبوو لەبەرئەوەی خەزینه له توانای دا نەبوو، هەروەها بۆ هەر منداڵێک که دەرماڵەی ئەو منداڵه چەنده پێنج دیناری لەسەر زیاد کراوه لەبەرئەوه پێویست بەهیچ بڕیارێکی تر ناکات دەربارەی دەرماڵەی (زوجیه) چونکه له مانگی تشرینی ساڵی ١٩٩٤ له پەرلەماندا دەرچووه هەر بۆ ئاگاداری زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، بەڕێز کاک عەفان نەقشبەندی فەرمو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسێکی بێ پایان له لیژنەی بەرگری له مافی ئافرەت دەکەین، خاڵەکانیان زۆر رێکوپێک و جوان بوو، ئێمه وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا (٧٥٪)ی مونتەسیبی ئێمه ئافرەته و رۆڵێکی باڵایان هەبووەو خزمەتێکی زۆریان کردووه له پەروەردەو خوێندن، بەڵام من ویستم لێرەدا ئاماژەیەک بەو بۆچوونەی کاک جەمیل بدەم که باسی کرد ئێمه له ١٩٩٤/١١/٢٤ دوای ئەوه داوامان کرد دەرماڵەی مامۆستایان زیاد بکرێت و هەروەها فەرمانبەرانیش به گشتی ئەو دەستکارییه کرا دەرماڵه له دوو دینار کرا به بیست دینار ئێستا له یاساکەی خۆماندا تێیدایه دەرماڵەی منداڵ نەک به پێنج دینار کراوه به ده دینار خزمەتیش کراوه به پێنج دینار فەرمانبەر یان مامۆستا هەر چەند ساڵ خزمەتی هەبێت زیاد دەکرێت لەسەر مووچەکەی ئینجا ئەگەر ئەو بڕیاره جێبەجێ بکرابایه له قۆناغی ئەوساته ئێستا دەمانتوانی زیادەیەکی تریش بکەین، بەڵام لەوکاتەوه تا ئێستا هەر دوو دینار ماوه ئەمەش بەراستی شتێکی زۆر زۆر کەمه منداڵیش تا ئێستا دووەو چوارەو شەشه تا دەگاته هەشت به تەصاعودی زیاد دەکات تا دەگاته پێنج منداڵ، ساڵانی خزمەتیش تاکو ئێستا هەتا دەگاته (٣٦)ی ئەسڵی هەر یەک دیناره تەنیا مووچەکەی یەک دینار زیاد دەکات لەبەرئەوه ئەویش هەر دەستکاری کراوه هەر هەمووی دەستکاری کراوه بەڵام جێبەجێ نەکراوه ئومێدەوارین جهودێکی باشتریش بکرێت بۆ ئەوەی ئەو بڕیاره جێبەجێ بکرێت هەروەها ئەو دیراسەیەش که خوشکان پێشکەشیان کردووه بەیارمەتی هەموو ئافرەتانی لایەنەکانی تریش زیاتر دیراسەت بکرێت لەوانەیه هەندێ خاڵی تریشی ببێت پێویست بکات ئیزافه بکرێت ئەو کاته باشتر تێروتەسەل و باشتر بێت ئەو کاته بێته بەردەمی پەرلەمان و بکرێت به پرۆژەیەک و دیراسەت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی ئەو بڕیارانەی که له ساڵی ١٩٩٤ وەرگیرا له راستیدا دەبێت شێوازی

کارکردنمان چاک بکات بەنیسبەت مەسەلەکانی داراییەوە چ کەڵکێکی هەیە کە من ئێستا وەکو پەرلەمانی کوردستان بڕیارێک وەربگرم بیکەم بە ئیلتزامی مالی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە حکومەتی هەرێمیش پێی جێبەجێ نەکرێت بۆیە مەسائیلی مالی وەکو بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی شەرحیان کرد بۆ مەسائیلی دارایی واچاکە ئێمە وەکو پەرلەمان تەوسیە پێشکەش بکەین وا چاکتریشە پێش تەوسیە پێشکەش کردن قسەشیان لەگەڵدا بکەین رایان وەربگرین قسەیان لەگەڵدا بکەین حسابی ئیمکاناتی خۆیان بکەین پاش وەرگرتنی رای ئەوان ئەو کاتە ئێمە بیکەین بە بڕیاری پەرلەمان ئەبێت بە بڕیارێکی دروست و راستیش لە هەمان کاتیشدا دەبێت بە بڕیارێک کە دەکرێت جێبەجێ بکرێت ئەوە مەرجە، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز عەفان نەقشبەندی بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای ئەوەی گوێمان راگرت لەو خاڵانەی کە خوشکان لەو نامەیەدا خوێندیانەوە بەراستی پشتیگری ئەوان دەکەین و هاریکارین و ئامادەین بۆ هەر کارێک کە هاوکاری ئەوان بکەین.

وەکو پێشمەرگە چەندین ساڵە خەباتمان کردووە دژی زوڵم و زۆرداری پێویستە لە ریزی پێشەوە پشتیوانی لە مافی ئافرەتان بکەین، چونکە لەرووی فەسلەفجی یەوە نەبێت هیچ جیاوازیان لەگەڵ پیاو نییە هەروەها داوا دەکەین هەموو مافەکانیان بپارێزرێت وەکو یەکسانی و مرۆڤێکی دروست کە مافی هەیە بەقەناعەتی من لە کوردستاندا دوای ئەوەی ئەو ماددانەی ئەو خوشکانە ئاماژەیان بۆ کرد سوپاسی خوا دەکەین کە هیچ ماددەیەک لەو ماددانە لە پەرلەمانی کوردستاندا تەشریع نەکراوە ئەو ماددانەی کە (اجحاف)ی تێدایە دەرهەق بە ئافرەتان هەمووی لە دەسەڵاتی ناوەندی دەرچووە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە میللەتی کورد و دامودەزگا شەرعییەکانی پەرلەمان و حکومەت هەموو لەگەڵ ئەوەدان کە پاراستنی مافی ئافرەت بکرێت.

من تەنها تێبینییەکم هەیە ئەویش دەربارەی ئەوەی ئەو خوشکە لە بڕگە دوو باسی کرد کە (١٠٠ تا ١٥٠) وەکو جەزا زۆر کەمە لێرە وا باشتر بوو کە خوشکان ژمارەیەکیان دیاری کردبا وەکو (ردع) من لێرەدا پێشنیار دەکەم (١٠٠٠٠ یان ١٥٠٠٠) دینار بێت وەکو (ردع)ێک.

دەربارەی بڕگە (٣٠) خوشکان ئاماژەیان بۆ کرد ئێمە دەزانین لە وڵاتی ئێمەدا سێ سەرچاوەی یاسا هەن (عرف و شەریعە و نص) بە قەناعەتی من ئەوانە تێدا رەچاو کرد وەکو شەریعەی ئیسلامی کە روکنێکی بنەڕەتییە بۆ مەسائیلی دادگا و شەخصی لەبەر ئەوە من لێرەدا خاڵی (٣٠) بە پێویست نابینم.

من پێم باش بوو خوشکان خاڵێکی تریان زیاد بکردبایە، ئێمە وەکو کۆمەڵگایەک بەرەو پێشکەوتن دەچین و کاریگەر دەبین بە خەڵکانی تر ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت نەخۆشی کۆمەڵایەتی بڵاو دەبێتەوە من پێشنیار دەکەم لایەنێک بکرێتەوە لە حکومەتی هەرێم بۆ (تأهیل

و اصلاح) کردنی ئەوانەی لە ڕێ لادەدەن (انحراف) ئەوەش شتێکی زۆر زەروورییە لەوانەیە ژیان ئەمڕۆ پێویستی پێی هەبێت هەروەکو زانست تەئیکدی کردووە کە مرۆڤ توانای چاک بوونەوەی هەیە. لێرە من بەباشی دەبینم کە لایەنێک لە حکومەت بکرێتەوە بۆ چاککردنەوەی ئەو کەسانەی کە هەڵە دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د. رزگار هیچ تێبینی تر هەیە؟. وادیارە نییە.

من ڕوونکردنەوەیەک دەدەم لەسەر ئەم خاڵە بەناوی سەرۆکایەتییەوە ئەگەر کاک فرسەت بوارم پێ بدات، ئێمە لەگفتوگۆکان و خستنەرووی بابەتەکە باسمان کرد کە ئەمە دیراسەتە یەکەم، پرۆژە نییە، پرۆژە پێویستە چاپ بکرێت بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا بڵاو بکرێتەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمانی پەیوەندیدار بکرێت لەوێ دیراسەت بکرێت رای بێتەوە پەرلەمان جارێکی تر پەرلەمان گفتوگۆی بکات و بریاری لەسەر بدات. دەبێ چاک بیزانین ئەم دیراسەتە تازەش نییە ئەم دیراسەتە لەوانەیە لە ساڵێک زیاتر بێت رێکخراوەکانی ئافرەتان خەریکینە، پەرلەمان خەریکێتی، ئەندامانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستاندا خەریکی ئەم بابەتەن بەڵام تەبیعی ئەگەر بێتەوە بیرتان لە ئەنجامی سەفەرێک بۆ دەرەوە تەئیکد لەسەر ئەو بابەتە کرا کە بووە بە بابەتی سات (موضوع الساعە) یەکێکە لە بابەتەکانی گەرم و هەستیار بەنیسبەت مەسەلەی کوردەوەو بەنیسبەت وەزعی ناو کوردستان و رۆڵی ئافرەت لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا بەتایبەتی بەرامبەر بە یاسا بۆیە بە پێویست زانرا هەر لە دانیشتنێکی ئەم پەرلەمانە کە تەفعیلی ئەم بابەتە بکرێت و بە پێویست زانرا کە پەرلەمان خەریکی ئەم مەوزوعە بێت و بەپەلە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی ئافرەتان و لایەنە پسپۆڕەکان و هەموو ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بۆیە چەند دانیشتنێک کرا لە پەرلەماندا چەند سیمنارێک کرا بە زۆر سوپاسیشەوە دەڵێم بەتایبەتی لیژنەی یاسایی و نوێنەری لیژنەی ئەوقاف رۆڵێکی بالآیان هەبوو لە گەلاڵە کردنی ئەم داواکارییانە ئەمە بۆزانین وا چاکە بیزانن، بۆیە ئەگەر کەموکورییەک هەبێت یان چاپ نەکرابێت و بڵاو نەکرابێتەوە ئەمە مەقسود نییە ئەمە تەنیا دیراسەیە ئێستا پێویست ناکات بریاری لەسەر بدرێت بەڵام ئێمە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانییەوە وا بەچاکمان زانی کە ئەم خوێندنەوەیە بکرێت لەلایەن ئەم ئافرەتانەوە تەرح بکرێت کە ئەندامی پەرلەمانن لە هەمان کاتیشدا ئەندامی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتن. بۆیە بەو شێوەیە خرایەڕوو تەبیعی ئەمە چەند شتێکی ئیجابی هەیە:

یەکەم: ئەوەی ئێمە کردوومانە ئێمە ئەم پرۆسسە بەشێوەیەکی رەسمی خستومانەتە ناو پرۆسێسی پەرلەمانییەوەو چووەتە ناو پرۆتۆکۆلەکانی پەرلەمان دەتوانین بریاریشی لەسەر بدەین چۆن کاری لەسەر بکەین، چۆن پێشی بخەین و دەوڵەمەندی بکەین و بیکەین بە پرۆژە بۆیە من تەسەور دەکەم ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، ناشڵێم ئەم لیژنەیە یان ئەو لیژنەیە

هەموو ئەندامانی پەرلەمان تێکرا ئەرکی سەرشانیانە پاش ئەم دانیشتنە ئێمە ئەم خاڵانە چاپ دەکەین دابەشی دەکەین بەسەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامێکی پەرلەمانە بە وردی دیراسەتی بکات رای خۆی لەسەر دەرببڕێت ئەگەر بۆچوونی زیادی هەبێت بیخاتە سەری هەر دە ئەندامی پەرلەمان مافیان هەیە لەم بوارانەوە پرۆژە پێشکەش بکەن ئێمە سوپاس باری ئەو دە ئەندامە دەبین کە پرۆژە پێشکەش دەکەن هیوادارم بەتایبەتی لیژنەی ئافرەتان و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی یاسایی هاوکار بن لەم بابەتە بەشێوەیەکی تایبەتی کە ئەم دیراسەتە ئێستا خراوەتە ناو پرۆسێسی کاری پەرلەمانییەوە بکرێت بە پرۆژەو ئەو پرۆژانە لە دانیشتنێکی پەرلەماندا بەشێوەیەکی رەسمی بریاری لەسەر بدرێت پێش ئەوەی ئەم پرۆژانەش بریاری لەسەر بدرێت ئێمە بە تەئکید وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بانگ دەکەین و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەین و راو بۆچوونی ئەوانیش وەردەگرین بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکانیش هەروەها بۆ لێکدانەوەی ئیمکانیەتی جێبەجێ کردنی هەر پرۆژەیەک یان هەر بریارێک کە پەرلەمانی بەرێز وەریبگرێت ئەم روونکردنەوەیەم بە پێویست زانی زۆر سوپاستان دەکەم لێرەدا کۆتایی هات بە دانیشتنی ئەمرۆمان سبەی سەعات (١٠) دانیشتنمان دەبێت لەسەر داوای کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ باسکردنی بابەتی سات کە ئەویش هەڵبژاردنی شارەوانییەکانە، جارێکی تر زۆر سوپاستان دەکەم.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندورستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٤**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٥/١٧**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١) لەمادده (٥٦)و مادده(٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(٩)ی رۆژی(٢٠٠١/٥/١٦)یدا ئەنجامی داوەو بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی١٩٩٧ پێمانی داوە بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەماندا:

## یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی(٢٠٠١)
## یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندورستی و کاروباری کۆمەڵایەتی

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٣)ی وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم:

١ـ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەو بەرپرسە لە رێنمایی کردنی ئیش و کاری و سەرپەرشت و ریقابەکردنی بزاڤەکانی . لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاساو پێرۆدا هەموو رێنمایی یەک و بریاروفەرمانێ کە پێوەندیی بە ئەرک و فرمانی وەزارەتەکەو پێکهاتەکان و کاروباری دیکەی ئیداری و دارایی و رێکخستن و هونەرکاریی وەزارەتەکەوە هەیە خۆی دەریان دەکات و، بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە چونکە ئەندامێکی هاوکۆمەکە لەو ئەنجومەنداو، بۆبشی هەیە هەندێ

لەدەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەتەکەو بەڕێوە بەرەگشتی یەکانی یان هەر کەسێکی دیکە کە خۆی بیەوێ.

٢- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری تەندروستی: ئەرکی پێوەندیدار بە کاروباری تەندروستی، ئەوانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ ئەنجام دەدات

٣- بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی: ئەرکی پێوەندیدار بە کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ ئەنجام دەدات

**دووەم:** بەڕێوەبەریەکان و پێکهاتەکانی مەرکەزی وەزارەتەکە لەمانە پێک دێن:

١- مەکتەبی وەزیر: فرمانبەرێ بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکاو ژمارەیێ لە فرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٢- مەکتەبی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری تەندروستی: فەرمانبەرێ بەڕێوەی دەباو ژمارەیێ لەفرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٣- مەکتەبی بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی: فرمانبەرێ بەڕێوەی دەبات و ژمارەیێ لە فەرمانبەران یاریدەی دەدەن.

٤- بەڕێوەبەریتیی راگەیاندن و پەیوەندیی یەکان: بەمەکتەبی وەزیرەوە دەبەسترێ.

٥- دایەرەی یاسایی: بەوەزیرەوە دەبەسترێ.

**سێیەم:**

**ئەنجومەن:** لە هەردوو بریکارەکەی وەزارت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت و دایەرەکانی دیکەی سەر بە وەزارەت و ژمارەیێ لە پزیشکە پسپۆرەکان و هەر فرمانبەرێکیش کە وەزیر لەگەڵیاندا دایبنێ، پێک دێت.

**ماددەی دووەم** :هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم** : پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددە ی چوارەم** : ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتەبەر کار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/١٧

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٠)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧/٥/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧/٥/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧/٥/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دانیشتنی ١٠ ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پێک هاتووە لە یەک خاڵ، ئەویش لەسەر داواکردنی فراکسیونی پارتییە کە داوایان کردوە گفتوگۆیەکی گشتی لەسەر بابەتی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بکرێ، وەکو ئاگادارن بڕیارە لە ٢٦ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی کوردستانی عێراق بکرێ و ئەمە بابەتێکی گرنگە کە پەیوەندی بە هەموو هاولاتیەکی کوردستانەوە هەیە، بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی کوردستانی عێراق ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر داوای فراکسیۆنی زەرد و ئەم خاڵە خرایە بەرنامەی کاری ئەمرۆی پەرلەمانەوە، هیوا دارین ئەم بابەتە بە تێر و تەسەلی باس بکرێ و بەوپەڕی ئازادیەوە را و بۆچونتان دەربڕن و هیوا دارین دانیشتنی ئەمرۆمان هاندەرێک بێت بۆ پتەو کردنی پرۆسیسی دیموکراتی و ئازادی لە کوردستانی عێراقدا،بۆ پتەو کردنی ئەو رایەی کە داوا دەکات و هەوڵ دەدات و کار دەکات بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە کوردستانی عێراق.بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. ناصح غــــــەفـــــــور ڕەمــــــەزان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــــومــــــــەن.**

سوپاس بۆ ئەوەی پێشنیارەکەی ئێمەتان پەسەند کرد و ئەمڕۆ ئەو کۆبونەوە تایبەتەتان تەرخان کرد بۆ ئەوەی لەسەر هەڵبژاردنی شارەوانیەکان گفتوگۆ بکەین، ئێمە وەکو فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان، هەڵبژاردن بە پرۆسەیەکی پیرۆز دادەنێین،لە کۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێ لە بڕیارە گرنگەکانی ئەو کۆنگرەیە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بوو ، چونکە وەکو ئاشکرایە لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە تاکو ئەمڕۆ هیچ جۆرە هەڵبژاردنێکی شارەوانی لە شار و شارۆچکەکانی عێراق و کوردستاندا نەکراوە جا بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە پەسەند بکرێ حکومەتی هەرێم دوای ئەوەی یاسای هەڵبژاردن ئامادە کرا و دوای ئەو هەموار کردنەی کە داوایان کرد بوو بڕیار درا کە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بکرێ بۆ ئەوەی هاولاتیانی ئازیز زیاتر ممارسەی دیموکراتیەت بکەن و فراوانتر بەشداری ئەرکی بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان بکەن، ئەم هەڵبژاردنە هەر چەندە تەنها بۆ شارەوانیە بەلام بە تەئکید هەڵبژاردنێکە لە جێگای خۆیەتی،هەڵبژاردنی شارەوانی هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو شارستانیەت، قۆناغێکی تازەی ئەزمونە دە ساڵیەکەمانە کە لە ئەنجامی کۆ ڕەوەکە هاتە دی، کە میللەت دوور لە پاڵەپەستۆی دەسەلات ڕای خۆی بۆ نوێنەری خۆی بۆ سەرۆک و نوێنەرانی شارەوانی دەربڕێ، ئەم پرۆسە دیموکراتیە لەم هەرێمەدا نمونەیەکی نوێیە ،نمونەی سستەمێکی خوازراوی گەلەکەمانە، بێ گومان ئەو نمونەیە دەبێتە نمونەیەکی باش بۆ ئەوەی لە عێراقێکی دیموکراتیدا جارێکی تر ئەمە ڕەچاو بکرێ،بۆیە پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان گشت ئەو هاوولاتیانەی کە مەرجی دەنگدانیان تێدایە بانگێشت دەکات تا لەم پرۆسەیەو لەم هەڵبژاردنە بە باشی و بەرێک و پێکی بەشداری بکەن و هێز و ڕەنگی گەشتر بەم ئەزمونە بدەن تاکو ببێت بە نمونەیەکی باش و ڕێک و پێک نە تەنها لە کوردستان بەڵکو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. داوا لەهاوولاتیان دەکەین هەموو بچنە هەڵبژاردنەکان، لەپێناو سەرکەتنی ئەو تاقیکردنەوەیەدا ،کە کارێکی ڕەواو یاساییە ،داوا لەهەموو لایەنگرانی پارتی و سەرجەم خەڵکە دڵسۆزەکەی ئەم کوردستانە دەکەین کە بەرەو پیری هەڵبژاردنەکە بچن، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەوەیە وەکو گوتم کۆمەڵگایەکی شارستانی بەرجەستە ببێ،بێگومان مافی خۆشمانە وەکو فراکسیونی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگی ئەو خەڵکە بکەین ، داوا لەو خەڵکە بکەین دەنگ بەوانە بدەن کە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕابوردودا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بالای تێدا هەبووە و سەرپەرشتی دەکات، بەرێوەی دەبات،ئەوە خزمەتگوزاریە کەنوێنەرانی پارتی کردوویانە بۆیە داوایان لێ دەکەین کە دەنگ بە نوێنەرانی لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن ، بۆئەوەی باشتر بتوانن خزمەتی شارو شارۆچکەکانیان بکەن ، بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو شارستانیەت ببەن،باشتر بتوانن یاسا سەروەر بێت ، یاسا بچەسپێت، زیاتر

بایەخ بە جوانی شارەکان بدریّ، بایەخ بە پلان و ریّکخستنەوەی شارەکان بدریّ ،زیاتر ریّز لە شویّنە پیرۆز و ئاینیەکان بگیریّ ،بە دواداچوون و بایەخدانی زیاتر بە باری تەندروستی و پاکو خاویّنی شارەکان و ریّکخستنەوەی خزمەتگوزاری بۆ شارەکان و کۆمەڵیّ شتی پیرۆز کە ئەو کارانە بەردەوام بیّت کە لەماوەی تەمەنی کابینەی چوارەم کراون تاکو دریّژە بەو چاکسازیە و ئەو ریّکخستنەوەیە بدریّت، هیوا دارم ئەم پرۆژەیە سەرکەوتوو بیّت، هەر لەم منبەرەوە جاریّکی تر داوا لە سەرجەم هاووڵاتیان دەکەم کە بەرەو پیری ئەو هەڵبژاردنە بچن و کە بیّگومان هەڵبژاردنیّکی ئازادە، لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لیّ دەکەین کە دەنگ بۆ پالیّوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن،ئەو لیستەی کە چوار ساڵە لە خزمەتکردندایە، تاکو ئەو خزمەتکردنە ئەو ئاوەدان کردنەوەیە بەردەوام بیّت، سوپاس.

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناصح . داوا لەو بەریّزانە دەکەم کە دەیانەویّ لەم بارەیەوە قسە بکەن و بەدوا داچونیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕیّز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕیّز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیّمەش لای خۆمانەوە زۆر خۆشحاڵین بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، کە بە یەکیّ لە ئەرکانە هەرە بنچینەییەکانی جیّگیر بوونی دیموکراتیەت دادەندریّ، هەروەها پرۆسەی بەرەو پیّشەوە بردنی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو کۆمەڵگای شارستانیەت، لەسەرەتاوە ئەوە بیر و باوەرمان بوو، ئەو هەڵبژاردنە زۆریش دووا کەوت، دەتوانم بڵیّم لەبەر کیّشەی ناوخۆ بووە، دەبوا لە سەرەتایی ساڵەکانی ٩٣ و ٩٤ ئەو هەڵبژاردنە بکرابا، ئیّستاش درەنگ نییە ئەگەر لەسەر ئەو بنچینانەی کە داندراون بە ریّوە بچیّت، مافی خەڵک دەستەبەر بکات، شارەوانیەکان لەشار و شارۆچکەکان رەنگ دانەوەی ئاوات و خواستی ئەو خەڵکە بیّت و بتوانیّ ویستەکانیان بیّنیّتە دی. ئاشکرایە کە ئیّمە جاریّ لە قۆناغی انتقالین ، چ لە سیستەمی سیاسی یان کۆمەلایەتی و یاسایی و بەریّوەبردن ، لەو سیستەمە حوکمە زاتیەی کە خۆمان دەزانین چۆن بوو چ بڵیّین لە سەربەخۆ بوون یان فیدرالیزم یان سیستەمیّکی نویّ،دەبیّ لەو جۆرە پرۆسانە زۆر وریا بین، کە ئەو خواستە باشە کە دەتوانم بڵیّم لای هەمووماننە، بەباشی بەریّوە بچیّ بۆ زیاتر خزمەتی ئەو نیشتمانە. بیّگومان ئیّمە هەردەم پشتگیری ئەوەمان کردووە کە ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنە دەبیّ سەرکەویّ، دەبیّ بەرەو پیّشەوە بچیّ ، دەتوانم بڵیّم هاوکاربیّت لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی لەو هەریّمەدا، لەکاتیّکدا ئیّستا زۆر بە باشی بەریّوە چووە،ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بە تەئکید دەبیّت هاوکار بیّ لە بەرەو پیّشەوە بردنی پرۆسەی ئاشتی. هەندیّ تیّبینیمان هەبوو کە تاکو ئیّستا بریاری کۆتایی خۆمانمان نەداوە، لەبەر ئەوەی هەندیّ کۆسپ هاتوونەتە پیّش، شارەوانی

تازە ڕاگەیاندراو،کە شارەوانی کۆمەڵگاکانن، کۆمەڵگاکان لە ئەنجامی سیاسەتی ڕژێمەوە هاتە دروست کردن ، ئەوە بوو هیچ گوندێکی بۆ ئێمە نەهێشت و لە بادینان هێندرانە بەحرکەو لە سۆران هێندرانە شوێنی تر، بێگومان ئەو ئەنجومەنی شارەوانیانە لەو کۆمەڵگایانەدا بۆ خزمەتکردنە بە خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانە کە کۆمەڵگای بەزۆرن، ئەوە ئەرکی حکومەتە، بەڵام ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بە هەر شێوەیەک بێت کە ئەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانە بەردەوام نەبن، کە هەر لەو پەرلەمانە پیرۆزە بریارمان لەسەر داوە کە ئەو کۆمەڵگایانە نەمێنن و خەڵکەکەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، لە حکومەتی هەرێمیش لە هەموو کابینەکاندا دووپاتمان کردۆتەوە کە ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی تاکو بەرهەم هێن بیت، لەو کۆمەڵگایانە نەمێنێ وەکو مستهلک، ئەوە وەکو کێشەی کۆمەڵگایە دەبێ چارەسەری بۆ دابنێین، کە بریاری خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵگایانەمان دا ئەبێ بۆ ئەوە بێت کە کاتی بێت تاکو بارودۆخ لەبار دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان هەر بۆ نمونە لە بەرواری بالا کە زیاتر لە ٧٠ گوند دەبێ تاکو ئێستا دوو سێ گوند نییە کە ئاوەدان کرابێتەوە، دەبێ ئەوانە بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان بینە خەڵکانی بەرهەمهێن نەک مستهلک. ئاسەواری ئەو سیاسەتە شۆڤینییەیان لەسەر نەمێنێت، تێبینیمان ئەوەیە ئەو شارەوانیانە کە دامەزراون ، خەڵکی ئەصلی ئەو گوندەنین کە کۆمەڵگاکەی لەسەر بنیاد نراوە، خەڵکە ئەصلیەکەی بوونەتە (١٠٪ و ٥٪). کاتێ ئەنجومەنی شارەوانیەکان پێک دەهێندرێ وبەپێی یاسا دەسەلات دەدرێ بەو ئەنجومەنە ئەوان دەست رۆیشتوو دەبن دەتوانن صنفی ئەو زەویە یان موڵکیەتی ئەو زەویە بەکەیفی خۆیان بریاری لەسەر بدەن کە لەوانەیە مافی خەڵکە ئەصلیەکە زۆر دەستەبەر نەبێت، گوند ماوە و کۆمەڵگاکەش هەر ماوە رەگەکانی خۆی داکوتاوە ئەوها بە سانایی ناگەڕێتەوە شوێنی خۆی،دەبێ زۆر بە وریایی ئاگامان لەوە بێت نەوەک خەڵکی گوندەکانمان بێنە ئەو کۆمەڵگایانەونەگەڕێنەوە سەر موڵک و شوێنی خۆیان، ئەوە تێبینیەک بوو کە لە ناو کۆمەڵگای بادینان بە زەقی هەستمان پێ کردووە، زۆر خراپە و بەردەوام بوونە لەسەر سیاسەتی ڕژێم کە دژی بەرژەوەندیەکانی ئێمە ئەنجامی داوە. ئێمە خۆمان بریار دەدەین کە لە کوێ شارۆچکە دروست بکەین بەپێی بارودۆخی خۆمان وەکو ئەوەی لە دهۆک کراوە(تەناهی) بەبێ هیچ گرفتێکی لاوەکی وەک کێشەی زەوی یان کۆمەلایەتی خۆمان بریار دەدەین لە کوێ باشە ئەو کۆ مەڵگایانە دروست بکەین ئەو خەڵکەی کە بێ شوێنە نیشتەجێی بکەین، ئەوە تێبینیەکە، تێبینی ترمان هەندێ شوێنی تریش کە بوون بە شارۆچکە بۆ نمونە سەرسەنگ خەڵکە ئەصلیەکەی بوون بە ١٠٪ و٥٪وخەڵکی دەورو بەری بوونەتە ٩٠٪، سەبارەت بە ئێمە وەکو ئاشوری هەرچەندە ئێمە یەک کۆمەڵگاین، لەهەمان کاتدا ئێمە کە خاوەن زەویی ئەصلین ئەو تایبەتمەندیە هەیە، ئەمرۆ دەتوانم بڵێم (رایان)مصادرە کراوە ،هیچیان بۆ نامێنێتەوە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی کە ئێستا هەیە ئەگەر لە نیزامی هەڵبژاردن رەچاو نەکرێت. بنەمای دینی لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لەبەر چاو گیرا، ئەمرۆ لە ئەنجومەنی

شارەوانیەکان هیچ مافێکمان بۆ نەما ، و لە دانیشتنمان لەگەڵ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکاندا داوامان کرد کە چارە بکرێ بە ئیجابی بەرەو پێشەوە بڕوات هەر بۆ ئەوەی کە ئێمەش بەشدار بین و هاوکاربین هەروەک هەمیشە کاک مەسعود لەو پەرلەمانە باسی کردوە کە خەڵکی ئەو کوردستانە کوردە ئاشوریە تورکمانە مافەکانیان دەستەبەر بێت و ئێمە براو هاوبەشین بەبێ منەت، هەموو دەم کاک مەسعود جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، تەمەنا دەکەین برایان لە لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردن رەچاوی ئەم خاڵە بکەن کە خەڵکە ئەصلیەکەی ئەو گوندانە مافەکانیان دەستەبەر بێت کە خۆیان خاوەن زەوین، دیسان دەڵێمەوە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە خەڵک بەرەو پێشەوە بڕوات دەنگ بەو کەسانە بدات کە هەر وەکو برای بەڕێز د. ناصح باسی کرد کە ئەو خزمەتگوزاریە پێشکەش دەکات ، ئاواتی هەمووشمانە کە خزمەتی کۆمەڵگای خۆمان بکەین لەهەموو لایەکەوە لە خزمەتگوزاری پێویست بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگا ،تەمەنای سەرکەوتن بۆ هەڵبژاردنەکە دەکەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاسی ئەو داوایەی کوتلەی پارتی دەکەم بۆ باس کردنی ئەو بابەتە گرنگە ،کە راستە وخۆ پەیوەندی هەیە بە جەماوەر و پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان. پێم خۆش بوو ئەو بابەتە زوو تر گفتوگۆی لەسەر بکرابا ،پێش ئەوەی کە سستەمی هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دابندرێ، لەبەر ئەوەی ئەوە شتێکی زۆر گرنگە و کێشەیەکە پەیوەندی هەیە بە دوا رۆژی کێشەکەمان و دادپەروەری کێشەکەمان ،بەداخەوە ئێمە وەکو کورد دوژمنمان هەیەو دۆستمان هەیە، دوژمنان بە هەموو توانایان هەوڵ دەدەن کە ئەو ئەزمونە لەبار ببەن و جارێکی تر هەڵبژاردن لە کوردستان نەبێتەوە، نە بۆ پەرلەمان نە بۆ ئەنجومەنی شارەوانی نەبۆ دادوەران نە بۆ رابەری کوردستان، من وام تەمەنا دەکرد دوای کۆنگرەی ١٢ی پارتی، یەکێ لە بریارە گرنگەکانی ئەوە بوو کە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بکرێ، حەزم دەکرد زوو تر بکرابا بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر لە کوردستان دیموکراتیەت بچەسپێنین بە تایبەتی بۆ گەلێ کە ممارەسە و دابێکی دیموکراتی نییە، ئەوەی دەکرێ دوای دە ساڵە لە راپەرین و نۆ ساڵیشە دوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمان کە لە ١٩٩٢/٥/١٩ کرا، واتا دوو رۆژی تر ئێمە نۆ ساڵ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێپەر دەکەین،کە بە راستی نرخێکی زۆر گەورەی بۆ ئەزمونەکەمان هەبوو،ئەوە بریارێکی سەرکردەی سیاسیمانە کە ئێمە رێگای هەڵبژاردن بگرینە بەر و لە رێگای صندوقی هەڵبژارن دەزگاکانمان دابمەزرێ کە ئەوە مافێکی سروشتی میللەتە لەبەر ئەوە بەگەرمی پشتگیری ئەو هەنگاوە دەکەم و بە هەنگاوێکی

دیموکراتی له قەڵەم دەدەم. داوا له جەماوەری گەلەکەمان دەکەم زۆر بە حەماس و چالاکانه بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بکەن، تاکو میللەتەکەمان مافی خۆی لە دیاری کردنی نوێنەرانی ئازادانە ممارەسە بکات لە ئەنجومەنی شارەوانیەکان کە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە هەموو دنیادا، هەروەها بۆ ئەوەی چاوی دووژمنان و داگیر کەرانیشی پێ کوێر بکەین کە میللەتمان میللەتێکە شایستەی ئازادی و دیموکراتیەتە و ئێمە سوورین لەسەر ئەم رێگایە و داواش لە جەماوەرەکەمان دەکەم کە دەنگ بداتە ئەو هاولاتیانەی کە خۆیان پالاوتووە ئەوانەی کە بە توانان ، پاکن، جا ئەوانە پارتی بن یان غەیری پارتی بن لەسەر بنەمای حزبایەتی تەسک نەبێت لەسەر بنەمای تواناو خزمەتی جەماوەر بێت، ئەوە ئامانجمانە ئەوە غایەتمانە لە ئیش و کارەکانمان، تەمەنا دەکەم هەڵبژاردنەکە زۆر پاک و دیموکراتی بێت و هیچ کەم وکوڕی تێدا نەبێت، ئێمە پێویستمان بە کەم و کوڕی نییە، لەبەر ئەوەی گەلەکەمان رێگای خۆی دیاری کردوە، لە دوای سەرکردایەتی سیاسی خۆیەتی، لەوەدا گرفتمان نییە، ئێمە رێگاش نادەین بە هەندێ توخم لە دوژمنانی گەلەکەمان کە هەندێ بەربەست بدۆزنەوە لەو هەڵبژاردنەدا کە لە بنەڕەتدا هیچ نرخێکی نییە بەرامبەر بەو بریارە مێژووییە. ئێمە ئەگەر بتوانین ئەوە چارەسەر بکەین تاکو ئەو بوارە نەدەین،ماف بدەین بە هەموو کەسێک کە پرو پاگەندەی خۆی بکات، هەموو کەسێ ئەو مافەی هەبێ بە تایبەتی لە تەلەفزیونی هەرێم پرو پاگەندە بکات، دەبێ فعلا تەلەفزیونی هەرێم ،تەلەفزیونی هەموو جەماوەر و سەرجەم پالێوراوان بێت، ئەوە تەلەفزیونی حزبەکان هەیە و مافێکی خۆیانە هەروەها رۆژنامەو رادیۆو هەموو کەرەستەیەکی پڕ و پاگەندەیان هەیە دەتوانن ئەوە بۆ خۆیان بکەن بەس با تەلەفزیونی حکومەت بێ لایەن بێت و بواریش بە گشت لایەک بدات، من گومانم لەوەدا نییە کە ئەوە بۆچونی سەرکردایەتی سیاسیە. دوێنێ من نووسراوێکم لە وەزیری رۆشنبیری پێگەیشتووە کە دووپاتی ئەو لایەنە دەکاتەوە کە بەسەر هەموو حزبەکانی دابەش کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا من دووپاتی دەکەمەوە تاکو ئێمە بیسەلمێنین بە تایبەتی بۆ دۆستانمان لە دەرەوەی ولات بۆ ئەمەریکا بۆ بریطانیا بۆ ئەوروپیەکان بۆ گشت ئەوانەی دۆستمانن کە ئێمە فعلا شایستەی ئەوەین کە فیدرالیەتەکەمان جێبەجێ بکرێ، و هەڵبژاردنی شارەوانیەکان یەکێکە لەو ممارەساتانە، بەتایبەتی هەندێ کەس هەیە کە رۆڵێکی سلبییان هەیە ، خەڵک هان نادات بۆ هەڵبژاردن ، لەوەشدا هەندێ بەربەستی کۆن باس دەکەن لەبەر ئەوە دەبێت ئاگادار بین سەرکردایەتی سیاسیمان حزبەکانمان رۆژنامەکانمان تەلەفزیونەکان گشتی وا بکەن کە جەماوەر هان بدەن بە حەماس و چالاکانە بەرەو صندوقەکانی دەنگدان برۆن. پێم خۆش بوو کاک مەسعود و حزبی دیموکراتی کوردستان کە هاوپەیمانی حزبەکانی ترە لەو ناوچەیەدا زیاتر دراسەتی ئەو بابەتەیان بکردبا و وایان بیرکردبا کە هەندێ لایەنی حزبی و کەسانی بێ لایەن بەشدار بوونایە لەو هەڵبژاردنەدا زۆر تابعێکی حزبیان بە هەڵبژاردنەکە نەدا با ، پێم خۆش بوو هەندێ تایبەتمەندیمان لەبەر چاو بگێرابا وەک تایبەتمەندی سیاسی ، تایبەتمەندی نەتەوەیی تایبەتمەندی

دینی لە کوردستان، لەبەر ئەوەی کاریگەری ئیجابی هەیە لەسەر ئاستی دەرەوە،ئێمە ئەگەر بتوانین برا ئاشوریەکان و برا تورکمانەکان رۆڵێکیان هەبێ لە ئەنجومەنی شارەوانیەکانمان ، هەروەها هەندێ لایەن کە لەناو سەنگەری پارتین لەناو باخیرەی پارتین رۆڵیان هەبێ ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ پارتی،بێگومان پارتی زۆربەی دەنگەکان دێنێ،ئەوەش مافێکی خۆیەتی و مێژوێکی دوور و درێژی هەیە و فیداکاریەکی زۆری داوە، بەس ئەوەش مانای ئەوە نییە کە حزبەکانی تریش بە هەر شێوەیەک بێت رۆڵیان نەبووە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لەم منبەرە پیرۆزەوە کە جەماوەرمان هەر هەمووی بە گەنج و ژن و پیر و نەخۆش وەک هەڵبژاردنی ساڵی١٩٩٢ بەرەو صندوقی هەڵبژاردن برۆن و بەشداریەکی چالاکانە بکەن لەو هەڵبژاردنە بۆ ئەوەی کیانەکەمان جێگیر بکەین و مافێکی خۆمانە و کاتێکی لەباریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەس نە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن نە سستەمی هەڵبژاردن تابعی حزبی پێ نەدراوە، سستەمەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە داندراوە کە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەنجومەنێکی هاوپەیمانەتیە لە نێوان حزبە کوردستانیەکان، راستە پارتی دیموکراتی کوردستان دەست بالایە لەو حکومەتە، بەس ئەندامانی ئەو حکومەتە پێک هاتوون لە هەموو ئەو حزبانەی کە رۆڵیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئەو سستەمە لەلایەن ئەوانەوە دەرچووە، ئەوە جێگیر بکرێ چاکە، ئەو نزامە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان دەر نەچووە، ئەو نزامە پارتی پێوەی پابەندە وەکو حزبەکانی تر و ئەو ئاماژەی کاک عبدالخالق سەبارەت بە تەلەفزیۆن و رادیوی هەرێم راستە لە جێگای خۆیەتی و بریاری حکومەتیشە کە تەلەفزیۆنی هەرێم رادیۆی هەرێم بۆ هەموو لایەنەکان وەکو یەک بێت، پر و پاگەندەی هەموو حزبەکان بگرە هەتا بێلایەنەکان بەرامبەر بە هاولاتی یەکسانی بواری تێدا هەبێت،حەزم کرد وەڵام بدەمەوە، ئەو دانیشتنە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەیە بۆیە ئەو دانیشتنەمان بۆ ئەمرۆ داناوە، ئەو ئاماژەیەی کە گوتی زووتر بوایە، ئەگەر زووتر داوا بکرابا ئەوە زوو تر ئەو دانیشتنەمان دەکرد، ئەمرۆش درەنگ نییە، ئەمرۆ لە گەرمەی بابەتی هەڵبژاردنداین وای بۆ دەچین کە کاتێکی زۆر گونجاوە بە تایبەتی ئەگەر را و بۆ چونی هاولاتیان بە شێوەیەکی راست و دروست دەربرین لە هەمان کاتیشدا هاندەری هاولاتیان بین بۆ بەشداریەکی فراوان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، جارێکی تر سوپاس بۆ کاک عەبدولخالق زەنگەنە. بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە کە هەڵبژاردن لوتکەی دیموکراتیەتە، واتا هەر کۆمەڵگایەک ئەگەر ئەرکەکانی گەراوە بۆ رای جەماوەرەکەی دەلیلی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەیە،دەلیلی ئەوەیە کە ئەو میللەتە

میللەتێکی زیندووە و دەتوانێ حوکمرانی خۆی بکات دەتوانێ بیرو رای خۆی لە هەموو شتێ دەربېرێ ، پارتی دیموکراتی کوردستان کە بڕیاری یەکێ لە دروشمەکانی کە دیموکراتی یە بێتە دی، ئەوە بوو لە کۆنگرەی ١٢ بڕیاری هەڵبژاردنی بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکان دا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی بریتیە لە پەرلەمانێکی بچوک، شتێکی کەم نییە ،تصور نەکرێ بە شتێکی بێ ئەهەمیەت تەمەشا بکرێ، تعبیرە لە پەرلەمانێکی بچوک ،نوێنەرانی میللەت دەچنە شوێنێک کە خزمەتی گەلەکەیان بکەن وئەوەش دەلیلە کە ئەو لایەنەی بڕیاری هەڵبژاردنی دا ئیمانی بە میللەتە، ئیمانی بە رای میللەتە ، ئیمانی بەوەیە کە هەموو شتێ بۆ میللەت بگەڕێتەوە، و میللەت سەروەر بێت لە بڕیار دان لە چارەنووسی خۆی، جا شتەکە بچوک بێت یان گەورە بێت لەوانەیە پەرلەمان شتێکی گەورە ترە لە ئەنجومەنەکانی شارەوانی، لەوانەیە لە سەندیکاکان شتێکی لەوە بچوکترە هەر شەریحەیەک بۆ خۆی هەیە، بەڵام ئەوە بنەمای دیموکراتییە و بنیاتنانی دیموکراتییەتە کە ئەویش ڕۆیشتنە بەرەو هەڵبژاردن. ئێستا زۆر جار لە دەزگاکانی راگەیاندن وەکو تەلەفزیۆن و رادیۆ و ڕۆژنامەکان دەخوێنینەوە کۆمەڵگای مەدەنی و دروست کردنی نیزامی دەزگاکان (مؤسسات) هاووڵاتیانی خۆشەویست دەبێت زۆر باش بزانن کۆمەڵگای مەدەنی بنەمایەکەی بە هەڵبژاردن دروست دەبێت، مەدەنیەت بە هەڵبژاردن دەچەسپێت بەگەڕانەوە بۆ رای میللەت بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکەین هەریەکە بەرەو سندوقی هەڵبژاردن بچێت بەبێ تەرەدود، چونکە چوونی هەریەکێک دانانی خشتێکە لەسەر بینای دیموکراتییەت و ئەو بینایەی پەنا بەخوا وەکو قەڵایەکی زەق دەکەوێتە ناو چاوی دوژمنانی میللەتی کورد ئەوا چاویان بەوە هەڵنایەت کەوا میللەتی کورد ئیدارەی خۆی بکات و بتوانێت خۆی بەڕێوە ببات و ئێمەش وەکو ئەندامانی پەرلەمان خۆمان بەنوێنەری ئەو میللەتە دەزانین کە داوایان لێ دەکەین ئێمە بەدەنگی ئەوان هاتووینە بۆ ئێرە لەهەمان کات داوایان لێ دەکەین بەدەنگە پیرۆزەکانی خۆیان ئەو کەسانە هەڵبژێرن کەوا خزمەتی کردوون و چەند ساڵە ئەو خزمەتانەیان بەرچاوە. لەوانەیە ئێستا خەڵکانێک هەیە باسی یاسای شارەوانییەکان دەکەن کەموکوڕی تێدایە من ناڵێم کەموکوڕی لە هیچ شتێک نییە، بەڵێ کەموکوڕی هەیە بەڵام هەموو شتێک توانای چارەسەرکردنی هەیە. ئەو ئەنجوومەنە شارەوانییەی کە دێت ئەو سەرۆکەی کە دەبێتە سەرۆک شارەوانی لەکاتی ئیش کردن لەوانەیە زۆر شت تێبینی دەکات ئەو کەموکوڕییانە لەوانەیە وەکو پڕۆژەیەک لەلایەن حکومەتەوە بێتە پەرلەمان و چارەسەر بکرێن وەکو لە کوردەواریش دەگوترێت ناکرێت ئێستا لە پڕێک ببین بە کوڕێک وردە وردە هەنگاو بە هەنگاو ئەو کەموکوڕییانە لەکاتی ئیشکردندا دەرکەوت هەمووی ئیمکانە چارەسەر بکرێت هەر بۆیەش داوا لە میللەت و هاووڵاتیانی خۆشەویست دەکەین هەموویان بەرەو هەڵبژاردن بچن چونکە مخابنە دەنگی خۆیان خەسار بکەن، کەسێک لەماڵ دابنیشێت دەنگ نەدات بە کابرایەک کە بزانێت خزمەتی دەکات بۆیە زۆر پێویستە هەمولایەکمان بەشداری بکەین و بڕۆین بەرەو هەڵبژاردن و بەرەو بینای دیموکراتیەت کە ئەو

هەڵبـژاردنە زۆر گرنگە وا سـاکار نییـە کـە خەڵک تەسـەوری دەکەن شتێکی دوارۆژی میـللەتە، میللەت فێری دیموکراتییەت دەکات میللەت فێری تەداولی دەسەڵات دەبێت فێری دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی دەبێت و هەروەها دوورکەوتنەوە لە خۆ فەرزکردن لەسەر شت. ئەوە مەبدەئێکی زۆر ئەساسییە کە زۆر ئەوە داوا دەکەین تەدوالی دەسەڵات لە ڕێگای دیموکراتییەت و لە ڕێگای هەڵبـژاردن بێت بۆیە بەپێویستی دەزانم هاووڵاتیان هەموویان بە رووحێکی زۆر تێکۆشەرانەو وردبینانە بەرەو هەڵبژاردن بچن لە سندووقەکانی هەڵبژاردن دەنگ بدەن بە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی، بەڕێز مامۆستا مەلا موحسین موفتی فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـوحـسین مـوفـتی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

دیارە کارێکی زۆر باشە کە دوو هەینیمان لەبەردەمدا ماوە بۆ ڕۆژی ٢٦ی مانگ سبەی و هەینی ئایندە. من لێرە بەپێویستی دەزانم زیاتر ڕوو لە زانایانی ئایینی بکەم لە کوردستاندا و بەتایبەتی لەناو هەرێمی کوردستاندا و لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا کە زیاتر لە ١٣٠ مزگەوتی تێدایە هەینی تێدا دەکرێت، خەڵکی موسڵمانی گەلەکەمان بە ئیختیاری خۆیان دێنە ناو مزگەوتەکانی کوردستانەوە و عولەمای دین و زانایانیش هەردەم لە پێشی هەموو کەسێکەوە هەوڵیان داوە ئەو خزمەتگوزارییەی کە پێویستە بۆ چەسپاندنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانمان زیاتر گەشەی پێ بدرێت و دوای نۆ ساڵ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان سوپاس بۆ خوا کە ئێستا ئێمە پاشگەز نەبووینەوە بیر لەوە دەکەینەوە کە سەر لە نوێ هەڵبژاردن دەست پێ بکرێتەوە و ئەم هەڵبژاردنەی کە ئێستا دەکرێت بۆ شارەوانی سەرەتایەکی بە کەڵکە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ئایندەش کە هەمووی تەعبیرە لەوەی دەسەڵاتدارو قیادەی سیاسی گەلی کوردمان زۆر بەجدییەوە لێی نواوە و هەوڵ ئەدات بۆئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی تاک ڕەوی نەبێت بەڵکو میللەت و جەماوەر بەتەواوی بەشدار بێت لە هەموو دەنگەکانیاندا و لەهەموو خواستەکانیاندا.

پێش ئەوەی جەماوەری گەلەکەمان ڕووبەڕووی ئەم هەڵبژاردنە ببێتەوە من داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم و هەروەها داوا لە جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەم کە وەکو چۆن لە هەموو کاتێکدا دەستپێشخەر بوون بۆ خزمەتگوزاری و بۆ بانگەشە کردن بۆ هەڵبژاردن ئێستاش بەڵێنەکەیان دووپات بکەنەوەو بۆ ئەو گەلە بۆ گەلی کوردیان کە زیاتر پێویستە ئەوانەی هەڵدەبژێردرێن پابەندی بکەن لەو وەعدو بەڵێنانەی کە دەیدەن .خوا جل جلالە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت: (وأوفوا بالعهد ان العهد كان مسؤولا) ئەو بەڵێنەی کە دەیدەیت بە میللەت دەبێت لە ئاستێکدا بیت بتوانیت بەڵێنەکەت ببەیتە سەر ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدەبژێرێت خۆی

ئەپاڵێویێت بۆ ئەو جێگایە دیارە دەبێت خاوەنی کەسایەتییەک بێت و دیارە دەبێت پشت قایم بێت بەوەی کە قسەکانی هەروا بە خۆڕایی نەڕوات قسە کردن بۆ موزایەدە نییە قسە کردن بۆ بینایە بۆ ئەوەیە کە بتوانرێت خزمەتێک بەم گەلە بکات ئەگەر توانای خزمەتکردنی نەبێت پشت قایم نەبێت بەوەی کە قسەکانی بچێتە سەر لەوانەیە قسەکانی بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دڵخۆشکەر بێت لەناو جەماوەری گەلەکەماندا بەڵام لە دواییدا زیاتر ئەو کاریگەری و کاردانەوە ئیجابییەی نەبێت. دەبێت ئەو گەلەی ئێمە ئەوەندە وشیار بێت هەست بکات بەوەی کە هەموو کەس ئازادە چ جۆرە پرۆپاگەندەیەک بۆ خۆی دەکات بیکات بەڵام پروپاگەندە بە مەبەستی موزایەدە نا و مەبەستی روخاندنیش نا بەڵکو بە مەبەستی ئەوەی کە بتوانرێت خزمەتێکی فیعلی بکرێت و ئیزافەی خزمەتەکانی تری بکرێت کە تا ئێستای بە هەرێمی کوردستان کراوە، ئیزافەی بخرێتە سەرو کەموکورییەکان پڕ بکرێتەوە. خۆشبەختانە ئێستا دەبینین لە پایتەختی هەرێمداو لە پارێزگاکانی کوردستاندا خزمەتێکی بەرچاو هەیە هەموو جادەو شارو باخچەو شوێنە گشتییەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە خەڵکی ئاوات و هیوایەکی بەهێزیان پێ هەبێت کە لە پاڵیدا بە ئاسوودەیی بژین هەوڵ بدرێت زیاتر ئەو خزمەتانە بەرجەستە بکرێت و ئەمەش لەبیر نەکرێت و بخرێتە بەرچاو. هەر کەسێک لە جەماوەری گەلی کورد بیر لەوە نەکاتەوە ئەمە کێ کردوویەتی بیر لەوە بکاتەوە ئەو خزمەتە بە فیرۆ نەڕوات و کێش ئەتوانێ زیاتر ئیزافە بخاتە سەر ئەم خزمەتانە هەوڵ بدرێت چەسپاوتر بێت و کارەکەیان چاکتر بێت. لەلایەکی ترەوە ئەمڕۆ تۆ کۆمەڵێک هەڵدەبژێری ئەبێ سبەی گلەیی لەکەس نەکرێ کە ئەگەر ئەو کۆمەڵە خزمەتی کەسی نەکرد دوایی وەکو کابرای لێ نەیەت کە وتی لەو ئاوە بپەڕێرەوە ئەگەر خنکای من مەسئولم تفێکم لێ بکە، کابرای هەژار خەریک دەبوو ئەخنکا دوایی ئەویش پێی گوت تفی خۆت بکە و بڕۆ ئەو کەسەی دەڕوات ئەگەر دووچاری تەنگانەو نارەحەتییەکی کردی بتوانی گلەیی لێ بکەیت ئەو جەماوەرە بتوانێت ئەو کەسەی کە دەنگی پێداوەو هەڵیدەبژێرێت بشتوانێت پرسینەوەی لێ بکات و بشتوانێت لە مەرکەزی هێزەوە موحاسەبەی بکات نەک هەروا قسەیەکی کردبێت و فریوی دابێت وتبێتی من بەهەشتی کوردستانت بۆ دروست دەکەم و دواییش نە دەسەڵاتی هەبێت بیکات و نەبشتوانێت موحاسەبەی بکات، لەبەرئەوە من بەپێویستی دەزانم داوا لە مزگەوتەکانی کوردستان و شوێنە پیرۆزەکان بکەم بەتایبەتی زانایانی ئایینی لە کوردستاندا کە رۆڵی گرنگی خۆیان ببینن بۆئەوەی کە ئەم پرۆژەیە ئەم هەڵبژاردنە سەرکەوتو بێت خزمەتی گەلی کوردستانی تێدا بکرێت و هەموو کەسێک بەشداری لەم هەڵبژاردنانە بکات و پەنا بەخوا ئەگەر فریاش نەکەوین بۆ ئەم هەینییە بلاو بکرێتەوە و پشتگیری بکرێت بۆ هەموو مزگەوتەکانی کوردستان لە رۆژی هەینی ئایندە پشت بەخوا هەموو مزگەوتێک رۆڵی خۆی دەبینێ بۆ ئەوەی جەماوەر بەشداربوونی تەواوی بکات بەپێویستیشی دەزانم مزگەوتەکانی کوردستان لەرووی پاک و خاوێنی و ئاوەدانییەوە بەشدارییەکی فیعلی بکرێت وەکو چۆن کراوە زیاتر بکرێت بۆ هەموو بابەتێکی تەندروستی

بەتایبەتی حەوزو جێگای دەستنوێژو ئەو شوێنانەی کە ئەو جەماوەرەی کوردەمان لە هەموو جێگایەکدا بەشدارییان تێدا دەکات بخرێتە بەرنامەیەکی کاری عەمەلییەوە بۆ داهاتوو کە خزمەتی تێدا بکرێت. هەڵبژاردن مافێکی ئاساییە و شتێکی باشە بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کاتێک داوا لەو خەڵکە دەکەیت کە هەڵبژاردن بکەن نوێنەر هەڵبژێرن دەبێت ئەو نوێنەرە خزمەتی فیعلی پێ بکرێت دەبێت ئەو کەسەش کە بەرگری لەخۆی دەکات و پروپاگەندە بۆ خۆی دەکات دەبێت بتوانێت خاوەنی بەڵێنەکانی بێت بیباتە سەر و هەم لە خزمەتگوزاری و هەم لە مەوقیعی مەسئولییەتەوە هەم لە توانایەوە هەم لەو رووەشەوە کە خەڵکی لە کرداری رابردوویا توانیبێتی خزمەتەکانی ببینێت و بەچاوی خۆی ببینێ ئومێدی سەرکەوتن بۆ ئەو هەڵبژاردنە دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا موحسین، بەڕێز کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانم درێژە لەبەر ئەوە ناتوانم بە کوردی قسە بکەم داوای لێبووردن دەکەم.

في البداية اود ان اتقدم بالشكر للأخوة في الكتلة الصفراء لدعوتهم لهذه الجلسة، تحدث زملائي من قبلي لن اضيف بجديد لذا اتحدث عن اهمية هذه الخطوة وما تعنيه من ترسيخ لمفاهيم وممارسات الديمقراطية وللجهود الحثيثة والسعي المبارك نحو وضع الاسس الصحيحة لبناء المجتمع المدني في كوردستان العراق وانشاءالله سيتكلل ذلك بالنجاح بالرغم من انه يجرى في قسم من كوردستان. للأسف كنا نتأمل ان يجرى في (كوردستان سەرتاسەر) ولكن هذا يعتبر انجازاً جديداً يضاف الى انجازات شعبنا التي تحققت خلال السنوات العشر الماضية والتي هي ثمرة من ثمرات الانتفاضة المجيدة.

نحن كفصيل سياسي او كشعب يهمه جداً نجاح هذه التجربة نحن كشعب آشوري او ما يسمى بـ «اشوري كلداني» نحن شعب واحد وادرى بوضعنا وحالنا هذا الشعب بلونه الديني والقومي يشكل احد الالوان الجميلة في كوردستان ونحن نسعى دائماً لإدامة هذا الجمال الحقيقي.

مداخلتي حول المفهوم الذي اشار اليه الاستاذ يونادم و اؤكد ما ذهب اليه اقول بالبداية نحن شعب ولنا قضية ولها خصوصياتها الذاتية نحن شركاء في هذه التجربة يعني شعب مشارك ولسنا مواطنين فقط مهما كان حجمنا نحن شركاء في هذه التجربة لا اريد ان اتطرق الى التفاصيل والتاريخ المؤلم النضالي لشعبنا الذي كان سبباً في وصول شعبنا الى ما هو عليه الآن من حجم سكاني وتوزيع سكاني فأذا كان الاقرار والاعتراف بنا كشعب فنحن لنا حقوق سياسية نحن كفصيل سياسي وكطليعة لهذا الشعب مثلنا هذا الشعب والذي يدرك الوضع

الداخلي في البيت الآشوري نحن نشكل النمط الحقيقي للساحة الآشورية ـ الكلدانية سواءً كان في الوطن او في المهجر نحن ادرى بما يتناسب او بالاحرى واثقون بما يتناسب مع طموحنا القومي في هذه المرحلة و اهم ما نسعى اليه بحكم الواقع الذي آل اليه شعبنا هو ضمان خصوصيتنا القومية والسياسية في كل تجربة انتخابية يجب ان نضع سياقاً ثابتاً لان في اية تجربة انتخابية يجب ان يكون هنالك ضمان لهذه الخصوصية لكي نستطيع ان نعبر بإرادتنا الحرة داخل شعبنا كشركاء في هذه التجربة مثلما حصل في البرلمان والحقيقة وان ما حصل في البرلمان كان انجازاً كبيراً ومفيداًكما اشرت في احدى احاديثي لفضائية كوردستان. المنفعة لم تعد للشعب الأشوري فقط بمشاركتنا بهذا البرلمان ولكن المنفعة كانت متبادلة لأن عالم اليوم هو عالم الديمقراطية والشعب الكوردي بماضيه المثخن بالجراح المليء بالآلام بعد كل هذا يأتي يتعامل بروح منفتحة وديمقراطية مع شعب صغير يختلف عنه قومياً ودينياً هذا له مدلول كبير في عالم اليوم ولا ننسى تأثير عالم اليوم على تجربتنا هنا.

بالنسبة لمسألة الخصوصية في هذه الانتخابات قد يطرح بأن هذه مجالس بلدية وهذه مجالس خدمية او قد يطرح من انه ما تطلبون به من عدد هو اكثر مما يمثل ثقلكم السكاني في هذه المرحلة بالنسبة للانتخابات كما هو واضح جداً هناك تنافس شريف وهو تنافس حزبي ولو كان هناك مجال للاحزاب ان تتنافس فكيف بقومية صغيرة لا يضمن حجمها السكاني ان تشارك في الانتخابات العامة.

بالنسبة للتمثيل وعدد التمثيل مثلما اشار كاك يونادم لو نتعامل مع الجغرافية وليس مع السكان، يعني نأخذ دهوك واهل بادينان لان زملاءنا في البادينان ادرى بهذا الواقع من عقرة والى زاخو هناك تعايش كوردي آشوري برغم من انه النسبة السكانية كبيرة ولكن في الارض هناك وجود هذا الشعب كان موجوداً على هذا الارض من العقرة لان مطرانية عقرة لازالت موجودة والى زاخو والى برواري بالا والى سليڤاني هذا واقعٌ معلوم.

**بەڕێز سەروٚكی ئەنجومەن:**

من السليمانية مروراً بكويسنجق.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

عفواً دكتور انا اتحدث عن الارض هذا جانب سياسي.

نحن عندما نطالب بهذا الموضوع نعتبره حقاً سياسياً وقومياً على سبيل المثال (سرسنگ) واعتذر لذكر الامثال لانه مثلما اشر سيادتكم هذه الجلسة مهمة بأمكاننا في الايام المتبقية ان نوصل بعض الاراء الى القيادات واود ان اقول بأننا كنا متفائلين جداً لانه كان لدينا اشارات واضحة من كاك مسعود ومن كاك نيچيرڤان ايضاً وكنا متفائلين بهذا الموضوع ولا ندري ماذا حصل بعد ذلك لحد الآن لم يؤخذ بهذا الموضوع ولكي اكون واضحاً في سرسنگ نحن نشكل

الآن (٥٪ ـ ١٠٪) من مجموع السكان قد يكون هناك احد الآشوريين على قائمة الپارتي ولكن كخصوصية قومية «وارجو ان لا يؤخذ الموضوع بحساسية» هذا يمثل الپارتي، انا لو يتاح لي داخل شعب من خلال هذه (١٠٪) ان انتخب بعد ذلك من حق الپارتي ان يأتي داخل شعبي ينافسني الف حلال عليه كما حصل مع كاك سركيس يمثل الپارتي لكن تنافس مع شعبنا داخل شعبنا فعندما يفوز هذه مسألة طبيعية وهذا التنافس الذي نسعى اليه، فالشيء الذي نحن نسعى اليه ليس مطلب حزبي لحركتنا بل هو مطلب قومي نحن كطليعة ونفهم واقعنا عندما نشير الى خلل من هذا الجانب هذا يمثل الرأي الحقيقي للشعب الآشوري. كثير من الناس يتكلمون في هذا الموضوع لكنهم اما حديثين في هذا العمل واما لا يدركون ما هو العمل السياسي ولا ما هي الحقوق فلذلك من هذا المنطلق ولازال لدينا وقت اطالب واناشد اللجنة العليا واناشد ايضاً الاخوة والاساتذة في قيادة الحزب الديمقراطي الكوردستاني لكي يلبى طلبنا هذا وتمثيله فنياً اذا وجد القرار السياسي واذا وجدت النية سهل جداً تنفيذ هذا الموضوع فنياً املنا ان يتعاون الجميع من اجل نجاح هذه التجربة وشكراً جزيلاً واعتذر لطول حديثي، شكراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شەمائیل نەنۆ بۆ ئەو موداخەلە ڕێكوپێكەی. بەڕێز زەهراخان فەرمو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەڵبژاردنی شارەوانییەكان هەنگاوێكی مەزنە بەرەو كۆمەڵگایەكی مەدەنی دیسان چەسپاندنە بۆ پرۆسەی دیموكراتی لەناو كۆمەڵگادا هەتا پتر جەماوەری ئێمە مافی هەبێت بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا بكات. پارتی كاتێک دروشمی خۆی هەڵگرت بەناوی (شارێكی جوان، پاک و ئاوەدان و كۆمەڵگایەكی ئاسوودە و كامەران) خەڵک بەگەرمی پێشوازیان لەو پرۆسەیە كرد و، حكومەتی هەرێمی كوردستانیش ڕێگای خۆش كرد بۆ هەموو كەسان و لایەنەكان بە بیرورا جیاوازەكانەوە چ نەتەوەیی یاخود ئاینی پرۆپاگەندە بۆ خۆیان بكەن تاكو زیاتر ڕێژەی سەركەوتن بەدەست بهێنن لێرەدا جێگای خۆشحاڵی ئێمەیە كە پارتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێگایان بۆ ئافرەت خۆش كرد، ئافرەتی ئێمە ئەمڕۆ پاڵێوراوە لە ناو ئەنجومەنەكانی شارەوانیدان دیسان ئەوە ئەمە دەسەلمێنێت كە پارتی و حكومەت بوار بە ئافرەت دەدات تاوەكو ڕۆڵی خۆی ببینێت، لێرە من بە هەلی دەزانم كە ئێمە هەموو لایەنەكان بەشدار بین و لە ڕۆژی هەڵبژاردن ئامادەبین بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەركەوتوو بێت تاوەكو ئەمە (بەرسڤەک) بێت بۆ دوژمنان كە میللەتی كورد بە ئازادی تەعبیر لە بیرو هزری خۆی دەكات تاوەكو دەلیڤەی باش وەربگرێت. هیوادارام كە هەموو میللەتی ئێمە نەخاسمە ئافرەت كە ڕێژەیەكی زۆرە لەناو جڤاتا هەر كاتێک

ئافرەتان ئامادەیی خۆیان بەدەرخست و ئامادەبوون لە رۆژی دەنگدان ئەم پرۆسەیە باشترو جوانتر و رێکتر دەبێت داخوازی سەرکەوتن بۆ بازێرڤانییەکی دروست و خزمەتەکی باش پێشکەش بە هاوولاتیان بکرێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەرێز زەهراخان دەکەین. بەرێز شێخ یەحیا بەرزنجی فەرمو.

**بەرێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەمەوێ سەرەتا لەسەر گرینگی ئەم هەنگاوە پیرۆزە شتێکی ساکار بڵێم ئەویش ئەوەیە کە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان دوای دروست کردنی حکومەتی هەرێم دوای ئیقراری فیدرالیەت لە پەرلەمان ئەم هەنگاوە بەیەکێک لە هەنگاوە گرینگەکانی ئەم سەردەمەمان دەژمێردرێت، هیوادارم جەماوەرمان بەو روحیەتە بەو نەفسیەتە بەو هەست و هۆشەی ئەو رۆژەی کە چوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەهەمان هەنگاوو بەهەمان دڵخۆشی بچێت، بێگومان هەموو ناحەزانی میللەتی کورد تەگەرەی لێ ئەدەن تانەو تەشەری لێ دەدەن لەگەڵیدا نین و پێیان ناخۆشە و هەموو دۆستانیشمان چاوی لێیەتی و قەناعەتی تەواوم هەیە کە پەنجەی بۆ درێژ دەکەن. بەرێزان دەبێت بڵێم شوکر بۆ یەزدان دوای دەیان ساڵ میللەتەکەمان بە ئازادی دەچێتە پایەی هەڵبژاردن بۆ سندووقی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی بەراستی ئەم هەنگاوە مەزنە هەقیقەتێک دەگەیەنێ حەزیش دەکەم ئەم هەقیقەتە بڵێم و زۆر پێی سەر بەرزم کە قیادەی سیاسی ئێمە و حکومەتی ئێمەو پەرلەمانی کوردستان قەناعەتی بە کۆمەڵگای شارستانی و بە ئازادی و دیموکراتییەت هەیە بۆیە لەم رۆژەدا ئەم هەنگاوە پیرۆزە دەنرێت. هیچ ئیشێک بێ کەموکوری نابێت مومکین نییە کارێک بەبێ کەموکوڕی لەیەکەم هەنگاوو لەیەکەم جاردا پڕ بە پێستی خۆی بێت، بەڵام با بە هەموومان هەوڵ بدەین بەحکومەت و پەرلەمان و لایەنە سیاسییە بەرێزەکان بەهەموو جەماوەر هەوڵ بدەین بەجوانترین شێوە ئەنجامی بدەین و بیخەینەروو، ئەگەر عەفوشم بکەن بەرێزان شانازی دەکەم بەوە کەلەم رۆژەدا قیادەی سیاسی هەر پارتییە قیادەی حکومەت هەر پارتییە قیادەی پەرلەمان هەر پارتییە ئەم هەنگاوە لەم رۆژەدا دەنرێت ئیفتخار دەکەم بەوەی دەنگی بۆ بدەم و ئەندامێکی ئەو حزبەم و تکام لە جەماوەریش ئەوەیە ئەم حەقیقەتە بزانێت و دەنگ بۆ لیستی پارتی بدات، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەرێز شێخ یەحیا. بەرێز مامۆستا مەلا تەلحە فەرمو.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەڵبژاردنە زۆر پیرۆزە و پیرۆزباییشی لێ دەکەم بەڵام دوو پێشنیارم هەیە چونکە من ئیتلاعم هەیە لەناو هەموو گەڕەکەکان و خەڵکەکە لەبەرئەوەی ئەندامی (اتحادم) و هەروەها ئیمامم لە مزگەوت دوو شتی زۆر پێویست هەیە کە ئێمە بیکەین.

یەکەم: پێویستە ئەو کەسانەی کە پاڵێوراون هەر کاغەزێک پێشکەش دەکەن دەڵێن ئەوە پاڵێوراوی ئێمەیە. راستە ئێمە بروامان بە قیادەی خۆمان هەیە کە هەڵیبژاردوون بەڵام روونکردنەوەیەک پێویستە بۆ ئەو خەڵکە کە بزانێت نەزاهەت و لێهاتوویی ئەم کەسە تاکو چەندە ئایا دەتوانێت خزمەتی میللەتی خۆی بکات یان نا هەتا خەڵکی بە بڕواو سینگ فراوانییەوە دەنگی بۆ بدات؟ من دەزانم قیادەمان بەهەڵە ناچێت کە ئەم کەسانەی پاڵاوتووە، بەڵام روونکردنەوەیەک پێویستە دەربارەی ئەو پاڵێوراوانە بۆ ئەوەی ئەو میللەتە بزانێت کەفائەت و پاکی و کارکردنی ئەو پاڵێوراوە چۆنە و چەندە.

دووەم: پێویستە بۆ هەموو گەڕەکەکان کادیرێک بچێت هانی ئەو خەڵکە بدات نەک هەر تەنیا کاغەزێک دەدرێت بە کەسێک لەناو ماڵی خۆی دەڵێت ئەمە پاڵێوراوی خۆمانە، بەو شێوەیە ناکرێت بەڵکو دەبێت بچێت بەشێوەیەکی مەیدانی ئامۆژگاری خەڵک بکات و هانیان بدات سوودی هەڵبژاردنیان بۆ روون بکاتەوە و بە میللەت رابگەیەنێت پیرەژن و پیرەمێرد هەن تێناگەن پێویستە لەو شەش حەوت رۆژە هەموو گەڕەکەکان ئاگادار بکرێنەوە و هان بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تەڵحە.لە راستیدا ئەم ئاگادارکردنەوەیە ئەرکی هەموو حزبەکانە، ئەرکی ئەوانەیە کە خۆیان پاڵاوتووە، ئیشی حزبەکانەو مەفروزە ئەمان خۆیان بەباشی جێبەجێی بکەن. ئێمە لێرە لە پەرلەمان مەفروزە لە شێوە گشتییەکەی گرفتە گشتییەکەی ئەم هەڵبژاردنە بکۆڵینەوە و هاندەر بین بۆ هاووڵاتیانمان بەگشتی کە تێکڕا بەرەو سندووقی هەڵبژاردن بچن ئینجا هیوادارم تەرکیز بکرێتە سەر ئەو خاڵە سەرەکییانە. تا ئێستا موداخەلەکان زۆر بە چاکی رۆیشتووەو جێگای تەقدیرە. بەڕێز حەمید میران فەرمو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا دەمەوێ هەندێ زانیاری ئاماری بڵێم لەم بارەیەوە یەکەمین پلەی تایبەت (خاص) تەنها شارەوانی پایتەخت هەولێرە بۆ پلەی مومتاز تەنها شاری دهۆکە، سێیەم پلە یەک تەنها «٢» شوێنە زاخۆ و سۆرانە، پلە دوو «١٥» شوێنە، پلە سێ «٢٦»، پلە چوار «٣٥»شوێن، ئەم پلانە هەر یەکە توانای ئەو ئیشوکارانەی ئەداتێ کەوا بتوانن لە ڕێی خۆیانەوە ئەنجامی بدەن، بۆ

نموونه پلەی تایبەت ئەنجومەنی شارەوانی مافی هەیە رەوانەی ئیش بکات و ئەنجامی بدات تاوەکو «١٥٠»هەزاردینار، بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەت، ئەوەی لەوەیش زیاتر بێت ئەتوانێت بیکات، بەڵام لە ڕێگای وەزارەتەوە، هەروەها پلەکانی تر هەریەکە ئەو رادانەی بۆ دانراوە، ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراسییە کە دانیشتوان بەشداری بکەن و لەم رێیەوە کارو پێویستییەکان دەبێت ئەنجام بدرێت و، زۆر لە کارەکان ئەبێت بە ڕێکوپێک ، ئەمە گۆڕێکی تازە ئەدات بە کارەکان و ئەنجامدانی لەو شوێنانەدا وزیاتر خەڵکەکە ئەبەستێتەوە بە کار و ئەنجام دانی لە ڕێگای میللەتەوە کە ئەمە سەرەتایەکی زۆر چاکە بۆ ئەم پرۆسەیە، خەڵکەکە ئەبەستێتەوە بە پرۆسە دیموکراتییەکەی هەرێمی کوردستانەوە، هەموو ڕێگایەک هەرچەندە درێژ بێت بە هەنگاوێک دەست پێ دەکات، هیوادارین کە سەرکەوتووبێت و دوارۆژێکی رووناک تر بۆ ئەم گەلە ستەم دیدەیە بە دەست بهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەلماوە کە دیموکراتییەت باشترین ڕێگایە بۆ حوکمداری لە جیهاندا و بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی هەموو میللەتان، لەسەر ئەم بنەمایە لە کوردستاندا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی دێتە ئەنجامدان لە «٢٦»ی ئەم مانگەدا کە هەنگاوێکی شارستانی و پیرۆزە، ئەم هەنگاوە بۆ زیاتر چەسپاندنی حوکمی دیموکراتییە لە کوردستاندا و، ئەتوانین بڵێین تەواو کەری هەڵبژاردنی پەرلەمانە کە لە ساڵی ١٩٩٢دا ئەنجام درا، هەرچەندە هەندێکیش دواکەوتووە، هەڵبژاردن لەسەر بنەمای یاسای ژمارە «٥٦»دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٣ دەرکراوە، هەڵبژاردن مافی هەموو کەسێکە لە کوردستاندا، هەروەها ئەرکی هەموو کەسێکە، بۆ زیاتر بەشداری لە حوکمداری و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی کوردستان، هیوادارین لەم هۆڵە پیرۆزەوە داوا لە هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بکەین بە هەموو توێژ و چینێکەوە بەشدارییەکی گەرم و راستی لەم هەڵبژاردنە بکەن و، نوێنەری راستەقینەی شایستە هەڵبژێرن بۆ زیاتر خزمەت کردن و بەڕێوەبردن و جوانکردنی شارەکانی خۆیان و کۆمەڵگا. کاک عەبدولخالق و کاک شەمائیل باسی نەتەوەکانی تریان جگە لە کورد کرد من ئاگادارم لە نزیکەوە کەوا لە شارێکی وەکو دهۆک لە ڕێژەی «١٣» ئەندام «٢» ئاشوری و کلدانی تیادایە، لەگەڵ «١» یەزیدی، جا لەو باوەڕەدام کەوا لە هەموو شارەوانییەکان ئەم خاڵە رەچاو کراوە، هەروەها بواریش ئازادە بۆ هەموو حزب و لایەن و نەتەوەکان کەوا بەشداری بکەن، حەزم دەکرد کەوا ئەم خاڵە روون کەمەوە، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بڕیارە کە دراوە هەنگاوێکی زۆر پیرۆز و پڕ بەهایە بۆ شارستانی و مەدەنییەت، ئەمە ئەبێتە دەسکەوتێک کەمتر نییە لەو دەسکەوتانەی تر وەکو هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یاخود بڕیاری فیدراڵیەت، ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو زۆر لە میللەتان ئەوە چەندەها ساڵە دەوڵەتن و حکومەتی خۆیان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هەنگاوەیان نەهاوێشتووە بۆ دامەزراندن و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی، جا ئەم هەڵبژاردنەی ئێمە بەڵگەی ئەوە دەسەلمێنێت کەوا زۆر حەز بە دیموکراتییەتین و زۆر حەز بە ئازادی دەکەین و حەز دەکەین کەوا خۆمان خزمەتی خۆمان بکەین، ئەمڕۆ شتێکی خراپ نییە بەڵکو باشە و مافی هەر حزبێک هەیە کە بۆ خۆیان پروپاگەندە بکەن، بەڵام لەوانەیە حزبێک بە دەسەڵات تر بێت لە حوکم دا لە حزبەکانی تر ، بەڵام ئەگەر ئەو حزبەش چەند دەسکەوتێکی ئەنجام دابێت بۆ گەلەکەی ئەوە مافی خۆیەتی کە پڕوپاگەندە بۆ خۆی بکات کەوا خەڵکی دەنگ بە نوێنەری ئەو حزبە بدەن، بۆ نمونە خاوەن لیستی حزبێک کەوا فرە حزبی لەلا هەبێت، هەر حزبێک بارەگای خۆی هەبێت و ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی خۆی هەبێت، یا هەر نەتەوەیەک کە کەمینە بن مافی سیاسی و ڕۆشنبیری و کەلتووری خۆی پێ بدات، یان مافی مرۆڤی پاراستبێ، یاخود چەندین خزمەتی کردبێت، بۆ پڕوپاگەندە بۆ خۆی نەکات کەوا خەڵکی دەنگی بداتێ؟ ئێمەزۆر پێمان خۆشە کەوا ئەم میللەتە بە ژن و پیاو و هەر کەسێک کەوا تەمەنی لە «١٨» ساڵ زیاتر بێت، بەشدار بێت لەم هەڵبژاردنەدا، چونکە دەنگی ئەو دەنگی ئەم میللەتەیە و، دەنگی خۆشی بداتە ئەو کەسانەی کە خزمەتی ئەم شارانە و کوردستان دەکات، میللەتی کورد زۆر قوربانی داوە جا ئێمە نامانەوێت ئەم دەنگانە بزر بێت با بەشدار بێت لەم هەڵبژاردنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پیرۆزبایی لە میللەتی خۆمان دەکەم کەوا گەیشتووینەتە ئەم ڕۆژە بەرەو شارستانییەتێکی جوان و کۆمەڵگایەکی خۆشبەخت بڕۆین، بۆیە داوا لە هەموو ئافرەتان دەکەم بەتایبەتی و لە هەموو دانیشتوانی کوردستان دەکەم بە گشتی کە بەرەو سنوقی دەنگدان بڕۆن، بۆیە ناوی ئافرەتان ئەهێنم بە تایبەتی، چونکە ئافرەت زۆر ماندوو و سەرقاڵن بە ماڵ و منداڵەوە و پاک و تەمیزی و

زۆر هیـلاکن لە رووی باری کـۆمـەڵایەتی و تەندروسـتـیـیـەوە، کـە ئەم هەڵـبـژاردنە ئەبـێـتـە هۆی حەسانەوەیان لە زۆر لایەن و رووانگەوە، کە ئەمەش شتێکی باشە بۆ ئافرەتان کە هەموویان بەرەو سەنوقەکانی دەنگدان بڕۆن و، ئەو رۆژە دوو تا سێ سەعات لە ماوەکەی خۆیان ببەخشن بۆ ئەو کـارە پیـرۆزە بۆ ئەوەی ئەنجـامـێکی باش بێنێـتـە دی، هەروەها داوا دەکـەم لە دانیـشـتـوان کـەوا چاوپێـخشـانێک بێننەوە بەو «٥» سـاڵ خـزمـەتەی کـە حکومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان کـە ئەو حکومـەتە بە هاوبەشی لە نێـوان پارتی دیموکـراتی کـوردسـتـانەوە بواری داوە بە هەمـوو لایەن و حزبەکـانی تر بەشـداری بکەن لەم حکومـەتەدا و چ خـزمـەتێکی کـردووە بەم کـوردسـتـانە و لە چ حاڵەتێکەوە گەیاندوویەتی بەم حاڵەتەی کە ئێستا تیایداین، هەروەها ئەم هەڵبژاردنەی کە ئێستا هەیە دووەم هەڵبژاردنە پاش ئەو هەڵبژاردنەی کە پەرلەمانی کوردستانی تیادا هاتە دی، بۆیە داوا ئەکەم کە «١٠»ساڵ لەمەو پێش کـوردسـتـانێکی وێرانە، کـوردسـتـانێکی روخاو، کـوردسـتـانێکی کـاول بوو، کـە نەمـاندەتوانی بە تەواوی هەناسـە بدەین، ئێـسـتـا ئەنجـامی هەڵبژاردنمان و چونمان بەرەو سندوقـەکـانی دەنگدان ئەم ئەزمـوونەی ئێـسـتـا دروست بووە کـە پـەرلەمـان و حکومـەتی کوردستانە، کە ئەمەش ئەوەی بەدی هێناوە خەباتێکی زیاتر لە نیو سەدەی هەیە، بۆیە داواکارم لە هەمـوان، زیاتر بایەخ و گـرنگی بـدەین بە دەنگدانی ئەم جـارەمـان، هەروەها داواکـارم لە هەمـوو لایەنەکان کە لیـستـیـان هەیە پاڵـپـشـتی لە هەمـوو لایەن و هەڵـبژێردراوەکـان بکەن و، بە روویەکی گەش باسی هەمـوو پاڵێـوراوان بـکەن و لە ئاستی هیچ یەکیـان کەم نەکەنەوە، چونکە پشـتـگیـری کـردنیـان و باس کـردنیـان بە روویەکی گـەش هاندانێکە بۆ ئەوەی خـەڵکی بەرەو سندوقـەکـانی دەنگدان بڕۆن، دروست بوونی ئەو ئەنجومەنە بۆ خزمەت کردنە، چونکە مرۆڤ تاوەکو پلەو پایەی بەرز بێـتـەوە ئەبێت زیاتر خزمـەتی مـیـللەتەکەی بێت. لێرەشـەوە داواکـارم لە هەمـوو ئەوانەی کـە دەنگدان ئەیانگـرێتـەوە بە روویەکی زۆر گـەش و دڵێکی زۆر گـەورەوە و هەقـەوە بڕواننە ئەو پاڵێوراوانە و بڕۆن بەرەو سندوقـەکان و، بزانن ئەو لایەنانەی کە هەڵـیـان بژاردون کـامەیان خـاوەن هەقی زۆرە وخـەباتی زۆرە، بۆ نمونە پەرلەمـانی کـوردسـتـانمان لەبەر دەسـتـدایە، جەنابی سـەرۆک مەسعود بارزانی کە لەبەر بەرژەوەندی میللەت ئەوە بوو لە مافی خۆی خۆش بوو لە کورسییەکانی پەرلەمان و کورسییەکی بەخشی بە لایەنەکەی بەرامبەرمان تاوەکو بۆ جیهانی بسەلمێنێ کەوا کورد خاوەن ئیرادەیە و دەتوانن لە نێـوان خۆیاندا رێک بکەون و، نەیهـێشت هیـچ تەنگژەیەک دروست بێت، جا ئاکامی ئەو کردارە جوانەی ئەو بوو کە ئێمە گەیشتینە ئەمرۆژە پیرۆزە و، ئێستاش بەرەو شارستانیەتی رێکوپێک تر هەنگاو دەنێین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن :**

سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داواکاری سەرۆک بارزانی بەرامبەر بە پەرلەمان و لەم هۆڵە پیرۆزەدا لە مانگی ئاداری رابردوو لە حکومەتی هەرێم ئەوە بوو رێکخستنی هەڵبژاردنی شارەوانی گەرمی و بزاڤێکی خستە هەموو ئیدارەی هەرێم و پارتە کوردستانییەکان کە ئەمڕۆ هەموو بەگەرمی کەوتوونەتە پروپاگەندە کردن بۆ لیست و هەڵبژێردراوانی خۆیان، بۆ پڕ کردنی پۆستی خۆیان کە «٨٣» سەرۆک و زیاتر لە «١٠٠٠» ئەندامی شارەوانیی لە خۆ گرتووە، هەنگاوەکەی سەرۆک بارزانی و هەروەها حکومەتی کوردستان، هەنگاوێکی بەرەو ئاوەدان کردنەوەی شارستانییە و رەچاوکردنی دیموکراتییە لە کوردستاندا بە رای ئێمە ئەمە زیاتر وەفاداری پارتییە بۆ نەهجی خۆی کە لە رۆژی دامەزراندنیەوە تاوەکو ئەمڕۆ وەفادار بووە بۆ بابەتی دیموکراتی، ئەگەر سەرنجیش بدەن ئەو پروپاگەندانە کە بۆ لیستەکان دەکرێت بابەتی دیموکراتی تیادا بە دی دەکرێت، پروپاگەندە لە تەلەفزیۆن و ئێزگە و رۆژنامە بۆ هەموو وەکو یەک ئازادانە دەکرێت و، بە باوەڕی منیش چەند خاڵێکی تر هەیە کە دەتوانین دیموکراتی پێ بسەلمێنین و بچەسپێنین ئەویش بە گوێرەی رێنمایی و ئادابی گشتی کە یاسای لەسەر هەیە، ئەویش وەکو وتم پروپاگەندە ئازادە و خەڵکی بە ئازادی پروپاگەندە بۆ خۆی دەکات، بەمەش مافی ئەوانی پێ چەسپاوە و بەمەش مافی خۆیان بەکار دێنن و، ئەم لیستی پاڵێوراوانەش کە ئەگەر تەماشای کەین دەبینین لەسەر ئەبجەدیەت رێکخراون، واتا ئێمە وەکو پارتی لەوانەشە زەرەرمەند بین تیایدا، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەسەری رازین و، لەوانەش ئەگەر بە لیست بهاتبایەتە خوارەوە لەوانەیە دەنگێکیش گوم نەدەبوو لە هیچ لیستێک بۆ لیستێکی تر، سەرەڕای ئەمەش پارتی تەنازولی کردووە لەو مافەش، ئەویش لەبەر رەچاو کردنی مەسەلەی دیموکراتییەت، هەروەها لەوانەیە ئەو خەڵکەی کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٩٣و، ئەو مەرجانەی کە لەوێدا دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە پاڵێوراون کە دەبێت رابردوویان پاک بێت بەرامبەر بە بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان، جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەرجانە لەسەر هەندێ لەو پاڵێوراوانە لەوانەیە هەندێ کەس دەرکرێن، چونکە ئەوە برگەیەکی زۆر روون و ئاشکرایە لەو یاسایەدا، زیاتر لیژنەکە ئەو خاڵەی پشت گوێ خستووە لەبەر مەسەلەی دیموکراتی وبواری زیاتر بە خەڵکی بەخشیوە بۆ خۆ هەڵبژاردن، قەناعەتی پارتی لە رۆژی دامەزراندنییەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە چاپەمەنییەکانی و ئەدەبیاتیدا و هەڵویست و دروشمەکانیدا روونی کردۆتەوە کەوا پارتی چەند بایەخ بە دیموکراتییەت دەدات، چونکە پارتی بڕوای بە دیموکراتی وەکو بیروباوەڕ و نەهجێک بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت هەیە، لە پێشان خەڵکێک هەبوو کە ئیهانەی پێ دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ لە جیهاندا هاتووەتە چەسپاندن و بە شێوەیەک کە لە بەڕێوەبردنی حکومەت و ئیدارات کە ئاوەدان دەکرێن لەسەر بنەمای دیموکراتییەت و لەسەر بنەمای بەشداری کردنی جەماوەر لە بەڕێوەبردنی

ئیدارات و حکومەت ئەوانەیە کە ئاکنجی و ئاسایشی دەچەسپێنن، بەڵام ئەوانەی ئیهانەیان بە دیموکراتییەت دەکرد بینیمان گەیشتنە کوێ و چییان بەسەر هات، بیروباوەڕی پارتی جارێکی تر دیار دەبێت لە بواری مونافەسەدا لە لیستە پاڵێوراوەکاندا، ئەمەش هەنگاوێکی ترە، کە حکومەتی هەرێم بواری زیاتر بۆ دەرەخسێ کە بەرەو کۆمەڵگای شارستانی بڕوات و، بەرەو کۆمەڵگایەکی ئاوەدان کە میللەتی کوردیش ببێتە نموونە بۆ بەرپا کردنی دیموکراتییەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتیش بۆ خەڵکانێک دەسەلمێنین کە دەیان گوت کورد میللەتێکن تەنها شەڕ و خوێن رشتن دەزانن و، توانای بەڕێوەبردنی ئیدارەیان نییە، ئەمڕۆ ئێمە بۆ دۆست و ناحەزانمان و بۆ هەموو جیهانی دەسەلمێنین کەوا ئێمە ئەگەر بوارمان بۆ بڕەخسێت نەک لە خەڵکی کەمتر بەڵکو زیاتر لە خەڵکی دەتوانین دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ بەرپا کەین و، پیادەی بکەین، لەوانەیە هەر پرۆسەیەکی سیاسی، یا کۆمەڵایەتی بێت کەموکوڕی تیادا هەبێت، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە پێشتر ئەزموونمان لە پێشدا نەبووە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری کەین دەبینین ٥٠ تا ٦٠٪ سەرکەوتنمان بە دەست هێناوە، ئەمەش بەڵگەی بەتەنگەوەهاتنی سەرکردایەتی پارتی و سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمە و سەرکردایەتی هەموو پارتە کوردستانییەکانە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسە دیموکراتییە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا بەرپا بووە، ئێمە دەڵێین خەڵکی بە بیروبۆچوونی خۆی بە ئازادییانە دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و، ئەو پاڵێوراوانە هەڵدەبژێرن کە دڵسۆز و وەفادار بوونە لە خزمەتکردنی ئەم میللەتە و ساڵەهای ساڵ خەبات و تێکۆشانیان کردووە لە پێناو ئەم میللەتەدا و بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو برادەرانەی کە داوا لە میللەتەکەی خۆیان دەکەن لەم دەرفەتە پیرۆزەدا بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بەڕێ کەون و، وەکو ئەرکێکی نیشتمان پەروەری دەنگی خۆمان بخەینە سندوقی دەنگدانەوە و، ئەو کەسانە هەڵبژێرین کە بە وەفاداری و دڵسۆزییەوە ئەرک و کارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن و رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن و دەسکەوتە پیرۆزەکانی گەلەکەمان دەپارێزن. ئێمەش بە هەموو بیروباوەڕێکمانەوە دەڵێین کەوا پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ناسراوە بە «٥٥» ساڵ خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەرگری و پاراستنی ئەم گەلە لە بەندیخانەکان و چیاو ئاوارەییدا، ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا میللەت باش دەزانن پارتی چییە و چ خەباتێکی لە پێناو ئەمڕۆژە پیرۆزەدا ئەنجام داوە و، لەو باوەڕەشداین کەوا بە ئاسانیش سەرکەوتن بە دەست دەهێنین، لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە میللەتی خۆمان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی ئەم پرۆسسە دەخوازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆشحاڵییە کە پاش «٩» ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەمڕۆ ئێمە گەیشتینە قۆناغێکی تر کە هەڵبژاردن بۆ سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بکەین، بەراستی ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە و گرنگییەکەشی دوو لایەنەیە، یەک لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و، دووش لەسەر ئاستی ناوەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەمە هەنگاوێکی ترە بۆ زیاتر قوڵ کردنەوەی ئەزموونەکەمان و زیاتر چەسپاندنی کە ئێمە دوای ئەوەندە ساڵ توانیومانە هەنگاوێکی تر بنێین بۆ قوڵ کردنەوەی بۆچوونی دیموکراتییەت و بۆچوونی فرە حزبی و بۆچوونی مافی مرۆڤ بەراستی ئەمە گرنگییەکی زۆری هەیە لەسەر ئاستی ناوەوەش بەشداری خەڵکە جارێکی تر لە دەسەڵات لە ڕێگای نوێنەرەکانی خۆیان بۆ ئەوەی بەشدار بن بۆ ئەوەی کەوا خزمەتی خواستەکانی گەلەکەمان بکەن و بەشدار بن لە دروست کردنی بڕیار بۆ چۆنیەتی خزمەت کردنی کۆمەڵگای شارستانیمان، پێموایە بەشداری کردن لەم هەڵبژاردنە بەرپرسێتییەکی هەمە لایەنەیە و بەرپرسێتی هەموو خەڵکی کوردستانە بە هەموو چین و توێژ و حزب و ڕێکخراو و لایەنەکانەوە، ئەمە بەرپرسێتییەکی گرنگە و، لەم بەرپرسێتییەدا پێویستە بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان بە نەزەری ئیعتبار وەرگیرێت و بەرژەوەندییەکمان وەکو میللەتێک لەسەر ئەم خاکەدا و ئەزموونێکمان هەیە و، ئەو ئەزموونە پێویستە بە نەزەری ئیعتبار وەرگیرێت. ڕاستیشە هەموو حزب و هەموو لایەنێک هەوڵ دەدات کەوا نوێنەرەکانی خۆیان سەرخەن لەم هەڵبژاردنەدا، ئەمە شتێکی زۆر سروشتییە، من نازانم بۆ ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ناسک وەردەگیرێت، ئێمە لێرە لەم پەرلەمانە ئیقراری یاسای حزبەکانمان کردووە، مەسەلەیەکی سروشتییە کەوا ئێمە ئێستا لە کوردستاندا حزبمان هەبێت و فرە حزبیش بین و دیاردەیەکی شارستانی و دیموکراتییە و شتێکی زۆر سروشتییە. هەروەها زۆریش سروشتییە کە حزبەکان دێن و ململانێ دەکەن بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و خزمەت کردنی میللەتەکەی خۆیان، ئەمە شتێکە لە هەموو جیهاندا هەیە و، ئێمەش نامۆ نین لەم کۆمەڵگا نێودەوڵەتییە، لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکان حزبەکان دێن و بەشداری دەنگدان دەکەن و ململانێش دەکەن بۆ سەرکەوتنی نوێنەرانی خۆیان بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو هەڵبژاردنانە دەسەڵات بگرنە دەست بۆ خزمەت کردنی میللەتەکەی خۆیان و، بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆجیەتی خۆیان وەرگێڕن بۆ یاسا و بڕیار ئەویش لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەمە شتێکی زۆر سروشتییە، ئێمەش لەم کوردستانە و لەم پەرلەمانەی خۆماندا ئیقراری یاسای حزبەکانمان کردووە، بۆیە بوونی حزبەکان و بەشداری کردنیان لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە ئێمە لێرە دامان ڕشتووە و بڕیارمان لەسەریان داوە پێویستە، ئەو بەشدارییە بەشدارییەکی زۆر سروشتییە، خاڵێکی تر لە مەسەلەکان باسی بێگەردی و دیموکراتییەتی ئەم پرۆسێسە دەکەین، بەراستی بێگەردی و سەرکەوتنی ئەم پرۆسێسە لە ئەستۆی هەموومانە، دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ

سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە بێگەردی ئەویش وەکو وتم لەبەر ئەوەی دوو لایەنی هەیە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ زیاتر قوڵ کردنی ئەزموونەکەمانە و، لەسەر ئاستی ناوخۆیشمان ئێمە زیاتر رێگا فەراهەم دەکەین بۆ ئەوەی خەڵکەکە بەشدار بێت لە دەسەڵات و چۆن بتوانێت خزمەتی شارەکەی خۆی بکات، کە بتوانێ پاک و خاوێنی راگرێ و بەشداری بکات لەم سەردەمەدا، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە، ئێمە هەموو جارێک پێ دادەگرین و دەڵێین پابەند بوون بە یاسا، ئەڵێین مافی مرۆڤ من ئەمە لەلام زۆر بە شتێکی سروشتی دادەنێم کەوا کەسێک دەیەوێت بیروبۆچوونی لایەنێک، یا حزبێک هەڵگرێت، ئێمە هەرگیز ناتوانین بە کەس بڵێین تۆ لەگەڵ ئەو حزبە مەبە و ئەو بیروبۆچوونە هەڵمەگرە لە چوارچێوەی یاسایەک کە ئێمە هەمانە لە وڵاتی خۆماندا و، لە هەمان کاتیشدا مافێکی مەشروعە کە هەر حزبێک خەبات بکات بۆ زیاتر کردنەوەی بنکەی جەماوەری خۆی، ئەمە مافێکی سروشتییە و یاسا ئەم شتەی داوە بە هەموو ئێمە، لەبەر ئەوە لە روانگەی یاسا و مافی مرۆڤەوە زۆر سروشتییە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی کە هەمانە لێرە و لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ و ئەو پرنسیپانەی کەوا هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی باوەڕی پێ هەیە، زۆر شتێکی سروشتییە ئەم ململانێیە هەبێت و ئازادی هەبێت خەڵک سەر بە هەر حزبێک بێت بە بۆچوونی خۆی و، هەر حزبێک بییەوێت بنکەی جەماوەری خۆی فراوان بکات، بەڵام هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی یاسادا بێت، خاڵێکی تریش هەیە کە زیاتر بەرەو کۆمەڵگای شارستانی و دیموکراتییەت دەمان بات، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی دواینیشیدا دروشمی خۆی بەرز کردۆتەوە (ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی) بەراستی ئەمە جێگای شانازییە کەوا لەسەر زاری سەرۆک مەسعود بارزانی ئەم بابەتەی جارێکی تر لێرە باس کراوە، پارتی تەبەنای ئەم بابەتەی کردووە و ئێستا لێرە خۆی لە حکومەتدا باڵا دەستە، ئەم پرۆژەیە کە تەبەنا کراوە لە هەموو بۆچوونەکانی دونیاشدا هەر وایە، بۆچوونی دیموکراتییەت باڵا دەست ئەتوانێت بیچەسپێنێت، باڵا دەست ئەتوانێ زەمینە فەراهەم بکات بۆ ئەوەی بەرەو دیموکراتییەت بڕوات، یا بەرەو دیکتاتۆریەت و سەرکوت کاری بڕوات، ئەمە شانازییەکی زۆر گەورەیە کە ئێستا لەم وەزعەدا و ئەم حکومەتەی ئێمە و ئەم دەسەڵاتە سیاسییەی ئێمە کە هەیە، ئەم وەزعەی رەخساندووە، وەزعی دیموکراتیزم کردنی ژیان ئەرەخسێنێ، واتا لەم کاتەدا کە دەڵێین وەرن با هەڵبژاردن بکرێت، ئەمە شانازییەکی زۆر گەورەیە، واتا هەنگاوی یەکەم لەلایەن حزبی حاکمەوە بەرێوە رۆیشتووە کە ئەم بوارە ئەرەخسێنێ، کە ئەمەش هاوتەرییە لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەو بیروبۆچوونە ئازادییەی ئەو دونیا کراوەیەی کە ئێستا هەیە، واتا لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی نێودەوڵەتی ئێمە زۆر شارستانیانە سەرکردایەتی و حکومەتمان بیر دەکەنەوە و، لە ناوەوەش زەمینەیەکی زۆر خۆش رەخساوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لەم هەڵبژاردنەدا، بۆیە پێموایە هیچ مەترسییەک نییە لەوەی کەوا ئەو خەڵکە ئێمە هانیان بدەین کەوا بە ئازادییەوە بەشداری بکەن و، لە رێگای حزبەکانی خۆیانەوە بەشداری بکەن و، شتێکی زۆر شارستانی و

سروشتییه، خاڵێکی تریش هەیە ئەویش ئەنجومەنی نیشتمانی نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات لێرە و مینبەرێکی هەرە گەورەی دیموکراتییەت بووە هەمیشە و، هەموو کەسێک لێرە بە ئازادی بیروڕای خۆی دەربڕیوە. جارێکی تریش جێگای خۆیەتی وەکو پێشنیارێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بانگەوازێک بکات بۆ جەماوەری کوردستان کەوا هەموویان بەشداری بکەن لەم پرۆسە دیموکراتییەتە و گرنگی سەرخستنی ئەم پرۆسەیە دەرخەن کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ ژیانی ئێمە، بۆ پراکتیزم کردنی بۆچونی ئێمە سەبارەت بە دیموکراتییەت و چەسپاندنی مافی مرۆڤ و بەشداری کردنی خەڵک لە دروست کردنی بڕیار و دەسەڵات، هانی هەموو حزب و لایەن و خەڵکی بدرێت بۆ ئەم مەسەلەیە و، بێگەردییەکەشی بەراستی ئەوە بەرپرسێتی هەموو خەڵکی کوردستانە و هەموو حزبە سیاسییەکانە و بەپلەی یەکەم ئەبێت بەرژەوەندی باڵا بە نەزەری ئیعتبار وەرگیرێت، هەر حزبێک دەیەوێت نوێنەرەکانی خۆی سەربخات، بەڵام دەبێت بەرژەوەندی باڵا لە پێش هەموو شتێکەوە بێت و، ململانێش شتێکی ڕەوایە، بەراستی ناتوانێ حزبێکیش بێت نوێنەرەکانی خۆی کەم بکاتەوە، یا نوێنەری خۆی بدات بە لایەن و حزبێکی تر، چونکە ئەمە لە یاسادا چەسپاوە و لە هەمان کاتیشدا مافی مرۆڤە کە مرۆڤ سەر بە هەر لایەنێک بێت، یا هەر بۆچوونێکی هەبێت، یا چۆن بەشداری دەکات لەم هەڵبژاردنانە، جارێکی تر پشتگیری تەواوم دەردەبڕم بۆ ئەم هەڵبژاردنانە و، بەش بەحاڵی خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم کەوا بەشداری بکەن لەم پرۆسێسە و هەموومان بەشدار بین وبەگەرمی ئەم مەسەلەیە بگرین، چونکە تەنها ئەمە نییە کەوا ئەنجومەنی شارەوانی هەڵدەبژێرین، بەڵکو ئەمە ڕوویەکی تریشی هەیە، ڕوویەکی گەورەی هەیە خەڵک چاوی لە ئێمەیە، کەوا ئێمە ئەم کۆمەڵگایە بەرەو شارستانییەت دەبەین، ئێمە داوا دەکەین کە هەموو کاتێک بێن و هاوکاریمان بکەن و پشتگیریمان بکەن، ئێمە ئەگەر خۆمان هاوکاری خۆمان بکەین، ئەوانیش هاوکاریمان دەکەن، ئەمە یارمەتی دانی خۆمانە ئەگەر بێت و ئەم پرۆسێسە سەرکەوێت و، ئەم خەڵکە بەشداری بکات، بەڵکو قۆناخێکی تر دەبڕین و بەرەو پێشەوە دەچین، بۆیە من پێم باشە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بانگەوازێک بکات بۆ جەماوەری کوردستان کەوا بەشداری ئەم پرۆسێسە بکەن و، هەموو لایەکمان لەسەر ئاستی تاکە کەسیش هانی یەکتر بدەین و، یەکتر دڵ گەرم بکەین و، ئومێدەوارم کەوا بە یاری خوا سەرکەوتوو ئەبێت و ئەم هەڵبژاردنە ئاسۆیەکی تر ئەکاتەوە بۆ گەلەکەمان، بە ئومێدی ئەوەی ئەم قەوارە سیاسییەی کە هەمانە پشتگیری نێودەوڵەتی زیاتر بێت و زیاتر بچەسپێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بە پێی ئەو ناوونوسەی کە لەسەرەتادا کرا بەڕێز کاک سەرتیپ کاکەیی دوایین ناو بوو و لەبەر گرنگی باسەکەو هانە پێشی بابەتی تازە بە باشی دەزانین کەوا بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم بابەتە، بۆیە ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن و شتی تازە بابەتیان هەیە

دەستیان بەرز کەنەوە با ناونوسیان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆشحاڵییە کەوا ئەندامانی پەرلەمان بەم پەرۆشییەوە باسی هەڵبژاردن دەکەن و بایەخێکی زۆر باشیان پێی داوە، من چەند تێبینییەکم هەیە، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان شانازی بە ئەوەوە دەکەین کە لە ناو پارتیماندا رۆڵەی دڵسۆزی هەموو چین و توێژە نیشتمان پەروەرەکان و گەل و نەتەوەکانی کوردستانی تیادایە، واتا بە کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدانی و عەرەب و هەر خەڵکێکی تر کە لەم کوردستانەدا دەژین، جێی خۆشحاڵی ئێمە بوو کە ئەگەر تەماشای پاڵێوراوانی پارتیمان بکەین لەناو پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لە کورد نوێنەری ئەو گەلانەش لە ناو پاڵێوراوانیدا هەیە، نەک هەر ئەوەش سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیمان لەم پەرلەمانە شەهید فەرەنسۆ بوو کە رۆڵەیەکی دڵسۆزی گەلی ئاشووری بوو، ئاشووریەکی موربدی بارزانیی نەمر بوو، بەڵام پارتیبەکی ئاشووریش بوو، کە بەرژەوەندییەکانی گەلی ئاشووری لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکەوە دادەنا، بۆیە من پێموانییە ئەو برایانەی کە لە ناو لیستی پارتیدان، یان لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستانن، یا لە هەر چین و توێژ و گەل و نەتەوەیەکدا بن، داکۆکی لە بیروڕای چین و توێژەکانی خۆیان نەکەن، بەپێچەوانەوە بۆیە بوونەتە پارتی بۆ ئەوەی دڵسۆزی میللەتەکەی خۆیان بن، سەبارەت بە ئۆردوگاکان، ئەو ئۆردوگایانە رژێم دروستیانی کردووە، ئێمە دروستمان نەکردوون، ئەو ئۆردوگایانەش کە نەتوانراوە تاوەکو ئێستا چارەسەرییەکی چونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە دیسانەوە دەستێوەردانی ناحەزان و دوژمنانی ئێمەیە، شەڕی ناوخۆیان بۆ ئێمە دروست کرد و کێشە و گیروگرفتی گەورەیان بۆمان دروست کرد، بەتایبەتی ناوچەکانی بەرواری باڵا کە هەمووومان دەزانین بۆچی تاوەکو ئێستا ئەو خەڵکە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، خۆ ئەگەر بۆیان برەخسێ ئەوە دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، ئەویش بە هۆی شەڕی (پەکەکە)و دەستێوەردانی دوژمنانی ئێمەیە کە رێگایان لەو خەڵکە گرتووە کەوا بە ئازادانە بگەڕێنەوە بۆ سەر شوێن و جێگای خۆیان، کاک عەبدولخالق دەڵێت:( نابێت بە چاوی حزبایەتی تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەن)، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان کە پارتایەتی دەکەین لە بەرژەوەندی هەموو گەلی کوردستانی دەکەین، بە هەموو گەل و نەتەوە و چینەکانیەوە، کە حزبایەتی دەکەین مەبەستمان حزبایەتی تەسک نییە، بەڵکو مافێکی رەوای خۆمانە کە داوا بکەین دەنگ بدرێت بەو پاڵێوراوانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەسنیشانی کردوون، پاڵێوراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئاگاداری هەموو لایەکە هەموویان پارتی نین،

بەڵکو لەناویاندا ئەندامی پارتی هەیە، لایەنگر و دۆستی پارتی هەیە، هەروەها خەڵکانێک هەیە کە لەگەڵ ڕێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمردان، ئەزانن ئەم ڕێبازە لە خزمەتی هەموو گەلی کوردستانە و، سەبارەت بە شارەوانیش، نوێنەرایەتی لەم ئەنجومەنەدا مافێکی ڕەوای ئەو خەڵکەیە کە لەوێدا نیشتەجێن، جا ئەوە چ نەتەوەیەک و چینێک بێت، دەنگدان مافی هەموو کەسێکە کە لەو شوێنە دەژێ و، دەنگیش بە هەر کەسێکیش بدرێ مافی ئەو کەسەشە کە دەنگی پێ بدرێ، ڕاستە هەر حزبێک پاڵێوراوی خۆی دەسنیشان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێک دەنگ بە ناو ئەدات، چونکە بە لیست نەهاتووەتە خوارەوە، بەڵکو بە ناو هاتووەتە خوارەوە، ناوەکانیش هەر کەسە مافی ڕەوای خۆیەتی دەنگی پێ بدات، بۆیە جارێکی تریش لەم مینبەرە پیرۆزەوە و لە پەرلەمانی پیرۆزەوە داوا دەکەم لە هەموو دانیشتوان و چین و توێژەکانی گەلی کوردستان بە ئازادانە دەنگی خۆیان بەو کەسە بدەن کە ئەتوانێ هەستی ئەوان دەربڕێ، برینەکانی ئەوان سارێژ بکات، هەڵگری دەرد و ئێش و ئازاری ئەوان بێت کە بە ڕای ئێمەش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لەو بوارەدا درێغیمان نەکردووە و، «٥٣» ساڵ خەباتی پارتیش وابزانم ئەمەی سەلماندووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی ئەگەر ئێمە تەماشای هەڵبژاردن، یا ئیستیفتاء بکەین ئەمە نیشانەی مرۆڤایەتییە و، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسەی داوای دەکات لە جێگای هێزەوە بێت ئەم داوایە دەکات، هەر مرۆڤێک خاوەن هەق بێت، خۆی بە خاوەن هەق دەبینێت و، دەبینێت کەوا جێگای لە ناو دڵی خەڵکدا هەیە، ئەوەی دەبینێت کەوا ڕاستی لای ئەوە ئەو داوای هەڵبژاردن دەکات، هەتاوەکو ئەگەر تەماشای کەین خوداوەند بە جەلالەتی خۆی ئەمر بە پەیامبەری خۆی محەمەد درودی خوای لێ بێت دەکات کەوا «فأستفتهم، ألربك البنات ولآبائهم البنون» واتا هەڵبژاردن باش و خراپی پێ دەسنیشان دەکرێت، خزمەت کار و خزمەت نەکەر، خاوەن بەرژەوەندی تایبەتی و خاوەن بەرژەوەندی گشتی بە ئەم هەڵبژاردنە دیاری دەکرێت، بۆیە هەڵبژاردن پێویستە، هەروەها وەکو سەرۆک بارزانی لەم مینبەرە پیرۆزەدا داوای هەڵبژاردنی کرد و، هەروەها لە کۆنگرەی پارتیش هەمان داواکاری کرد و، لە هەر جێگایەک دانیشتبێت داوای هەڵبژاردنی کردووە و فەرموویەتی کەوا سندوقی هەڵبژاردن ئەبێت ناوبژیوان و دەسەڵات دار بێت، ئەمە نیشانەی ڕاستی ئەوە و نیشانەی ئەوەیە کەوا هەڵبژاردن شتێکی پیرۆز و ڕەوایە بۆ خزمەت کردنی مرۆڤایەتی (يميز الله الخبيث من الطيب) باش و خراپ لە یەک جیا دەکاتەوە، من بانگەوازێکم هەیە بۆ میللەتی خۆم

ئەویش هەرچەندە دەبوایە لێرەوە نەکرایە، بەڵکو لەناو خۆیاندا بکردایە، بەڵام دیسان بانگەوازی من ئەوەیە کە هەڵبژاردن دوو لایەنی هەیە، یەکەم من وەکو مەلایەک بە میللەتی خۆم رادەگەیەنم کەوا هەڵبژاردن حەرام نییە و، گوناهیش نییە، بەڵکو شتێکی فەرزە، چونکە ئەگەر مرۆڤێک رای خۆی نەدات باشە لەوانەیە مرۆڤێکی خراپ بکەوێتە ئەو شوێنە، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێکی کورد ئافرەت بێت، یا پیاو تەمەنی گەیشتبێتە «١٨» ساڵ خۆی نەخاتە پشتەوە و، لەسەر دەستوری تایفەگەری بڵێت کەوا ئافرەت شەرمە بچێت بۆ دەنگدان، ئەمە نەکەن، چونکە ئەمە گوناهبارییە، یا دەنگی خۆی بە سپێتی بخاتە سنوقی دەنگدانەوە، ئەمەش گوناهێکی گەورەیە، دووەم ئەو کەسەی کە دەنگ دەدات دەبێت بزانێت کەوا ئەم دەنگە ئەمانەتێکە بەرامبەر بە کۆمەڵگای خۆی و، بزانێ ئەو کێ هەڵدەبژێرێت، توانای ئەو کەسە کە دەنگی پێ دەدەیت چییە و، بیروبۆچونی چییە، هزر و گومانی ئەو کەسە بەرامبەر بە میللەتی خۆی چییە؟، چی پێ دەکرێت؟، ئەبێت ئەو کەسەی دەنگ دەدات ئاگای لە خۆی هەبێت کەوا دەنگ بە کێ دەدات و دەنگی خۆشی بدات، من پێشنیارێکم هەیە کەوا لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ئەندامانی پەرلەمان هەر یەک لە جێگای خۆی ببێتە وتاربێژ بۆ روون کردنی هەڵبژاردن و، پروپاگەندە بۆ ئەو لیستەی کە سەر بەوە، چونکە ئەمە ئەرکی سەر شانی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەویش تاوەکو خەڵکی بزانن کەوا ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی حزب و کۆمەڵەیەک و توێژێک نییە بەتەنها، بەڵکو لەسەر ئاستی میللەتی کوردە بە گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری تەواوم لە پێشنیارەکەی کاک سیروان کاکەیی دەکەم کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە بانگەوازێک بکرێت بۆ هاوولاتیان بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بەم پرۆسە دیموکراتییە بدەن، سەبارەت بە حزبایەتی تەسکەوە، لە هەموو دونیادا مافێکی رەوای خەڵکە کەوا سەر بە حزبێک بن و، مافێکی رەواشە کەوا هەر کەسێک پروپاگەندە بۆ حزبی خۆی بکات، چونکە بەو پروپاگەندەیە ئەتوانێت بێتە ناو پەرلەمان و، داواشم لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە کەوا ئەو پاڵێوراوانەی کە هەن وەکو لیستی حزبەکان، یا سەربەخۆ، ئەو پاڵێوراوانەی کەوا خۆیان هەڵبژاردووە جا لەسەر هەر لیستێک بێت من وای بۆ دەچم کەوا باش لێیان کوڵراوەتەوە، حەزیش دەکەم کەوا زوڵمیان لێ نەکرێت و، خەڵک شوێنی پرۆپاگەندە نەکەون، چونکە ئەوانە کەسانێکی باشن و، لە هەموو جۆرێکی تیادایە، مرۆڤیش نییە لە دونیادا هەموو شتێکی باش بێت، دەبێت ئێمە هانی خەڵک بدەین کەوا لایەنە باشەکانی ئەو خەڵکە بخەینە پێش چاوی هاوولاتیانی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین

ئەو پرۆسەیە بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنین و، بتوانین نوێنەرانی شارەوانی بە باشی دەسنیشان بکەین. لێرەشەوە داوا لە راگوێزراوانی کەرکوک و شوێنەکانی تری ژێر دەسەڵاتی رژێم دەکەم کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، خۆیان دورە پەرێز نەگرن لەم پرۆسەیە ودەنگی خۆیان بدەن ، ئەگەر پاڵێوراوانیش ناناسن با پرسیار بکەن و، بەشداری تەواوی ئەم پرۆسەیە بکەن، من باسی پایتەختی کوردستان «هەولێر» دەکەم کەوا هەمیشە باوەشی کردۆتەوە بۆ راگوێزراوانی کەرکوک و شارەکانی تری کوردستان، ئەبێت ئەوانەی دانیشتووی پایتەخت و شارەکانی ترن لە خەڵکی هەولێر زیاتر بچنە پیری ئەم هەڵبژاردنەوە و دەنگی خۆیان بدەنە ئەو خەڵکەی کە شایستەن و، ئەبێ بەشدارییەکی تەواویان هەبێت، چونکە ئەمە هەولێرە و پایتەختی هەموو کوردستانە و موڵکی هەموو کوردێکە و، دیخەمە پێش چاوی ئاوارەکان کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەرچاوی هەمووماانەوە وا خەریکی چاکسازی باری ژیانیانە و خانوویان بۆ دروست دەکەن، دڵنیاشیان دەکەمەوە کەوا ئێمە لە نزیکەوە ئاگادارین کەوا پرۆژەی زۆر چاک بە دەستەوەیە بۆ ئەو راگوێزراو و ئاوارانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی رژێمەوە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، کە باری گوزەرانیان باش کەن و، خانو و پێداویستییەکانیان بۆ دابین کەن، بۆیە ئەوانیش ئەرک کەوتووەتە سەریان کەوا بەشداری ئەم پرۆسە دیموکراتییە بکەن و، داواشم ئەوەیە لە ئافرەتان کەوا بەشدارییەکی کاریگەریان هەبێت، چونکە خۆشبەختانە پاڵێوراوانمان ئافرەتیشی تێدایە کە دەنگی ئێمەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جەمیل عەبدی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عیسا سلاوی خوای لێ بێت خوا ناردی بۆ ئەوەی ئاینی مەسیحیەتی پێ بلاو کاتەوە بۆ هەموو جیهان بوو، قوتابیانی ئەو کە «١٢» کەس بوون ناردیانی بۆ هەموو نەتەوەکان، باشە ئایا مەعقولە قوتابیانی عیسا سلاوی خوای لێ بێت بگەنە روسیا و ئەوروپا، بەڵام کوردستان کە زۆریش لێیانەوە نزیک بووە نەیگەشتبێ و، کوردستانی بەدەر کردبێت لەم ئاینەدا، بەڵکو پێش ئەوەی بگەنە ئەوروپا و روسیا گەیشتبێتنە کوردستان و، گەلێک لە میللەتی کورد بوونەتە مەسیحی، پاشان پەیامبەر محەمەد درودی خوای لێ بێت هاتووە و ئەوەی ماوەتەوە بوونەتە ئیسلام، هەندێکیشی لەسەر ئاینی کۆنی خۆیان ماونەتەوە بە یەزیدی، لەبەر ئەوە میللەتی کورد ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی و کاکەییشی تێدایە، پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتی هەموو کوردستان دەکات، جا چ ئیسلام بێت، یا مەسیحی بێت، یا یەزیدی، چونکە ئامانجی ئەم پارتە خزمەتی میللەتە، جا بۆیە چ لیستێک دەرچێت رەچاوی پێکهاتەی ئەم میللەتەی تێدا

دەکات، ئەگەر سەیری لیستی شاری دهۆک بکەین دەبینین ئاسوری و کلدانیشی تیادایە، واتە لە «١٣» ئەندام «٢» ئەندامی مەسیحین، ئەگەر رێژە وەرگرین لە ئاماردا «١٦ ٪»ی مەسیحین، لە دامەزراندنی پەرلەماندا رێژەی برا مەسیحییەکان لە هۆڵی پەرلەمان «٦ ٪» بوو، لە نوێنەرایەتی شارەوانی دهۆک «١٦ ٪»ە، جگە لەوەش لیستی تریش لەوانەیە برایەکی مەسیحی سەرکەوێت، بەڵام ئەو «١٦ ٪»ە ئەوە مسۆگەرە، ئەبێت برا مەسیحییەکان پێخۆشحاڵ بن کەوا مەسیحییەک بە هەر رێگایەک بێت نوێنەرایەتییان دەکات لە ئەنجومەنی شارەوانیدا و، شانازیشی پێ بکەن، سەبارەت بە بەڕێز کاک سەرکیس ئاغاجان هەوڵ ئەدات کەوا برادەرانی مەسیحی رۆڵی خۆیان ببینن بە هەر رێگایەک بێت، چونکە حزب لە کوردستاندا زۆرن، هیوامان ئەوەیە کە پێکەوە جەماوەری میللەتی کوردستان جا چ ئیسلام بێت، یا مەسیحی، یا هەر ئاینێکی تر بێت هەوڵ بدەن کەوا بەشدارییەکی کاریگەری بکرێت لەم هەڵبژاردنەدا و، نوێنەرایەتی ئەم میللەتە بکرێت و، ئەمە پرۆسەیەکی زۆر سەرکەوتووە و لە هەموو جیهانیشدا بەرپا کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەمدەویست قسە بکەم، بەڵام پاش ئەوەی زانیم زۆربەی زۆری ئەم هەڵبژاردنانە رۆڵی پیرۆزی مامۆستایانی کوردستانی تیادایە، جا هەر لە هەڵبژێرراوەکانەوە تاوەکو دەنگدەر و لەوانەی بەو کارەی هەڵدەستن، ئیستا بۆ نمونە ئەوانەی کە بۆ سەرۆکی شارەوانی خۆیان پاڵاوتووە هەموویان مامۆستان، ئاماریشمان کردووە (٦٥ ٪)ی پاڵێوراوەکانیش مامۆستان، ئەو کارانەی کە پێی هەڵدەستن لە بنکەکان قوتابخانەن، ئەوەی کە هەڵبژاردنەکە ئەبات بە رێوە ئەوانیش هەر مامۆستان، جگە لەوەش من حەز دەکەم کەوا بەڕێزتان ئاگاداری شتێک بکەم کە یەکەم هەڵبژاردن لە کوردستاندا کرا پاش راپەڕین هەڵبژاردنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوو، کە زۆر بە دیموکراتیانە بە رێوە چوو، تاقیکردنەوەیەکیشمان هەیە کە بەرپەرسان و سەرکردایەتی پارتی لەو هەڵبژاردنە زۆر دیموکراتییانە رەفتاریان کرد، من خۆم یەکێک بووم لەوانەی کە لە سلێمانیدا راسپێردرابووم بەوەی کە شەو ئاگاداری بەرپرسی پارتی بکەم کە ئەویش بەڕێز کاک د.رۆژ خۆی بوو بکەم، لە پاش کاتژمێر «٢» چوومە لای پێیم راگەیان کەوا تاوەکو ئێستا ئەوەی کە بەتەما بووم نەمان هێناوە و وتم زۆر پێم ناخۆشە، جەنابی فەرمووی هیچ پێت ناخۆش نەبێت، زۆر پێی ئاسایی بوو، پێی وتم چاوەڕوانی هەڵبژاردنێکی تر بە، لەبەر ئەوە لەوانەیە کە ئەو کاتە ئەم بیروبڕوایە دیموکراتیەم نەبوو، چونکە وامدەزانی کە دەبێت هەر سەکەوین و دەنگێکی زۆر بێنین، بەڵام جەنابی بەو دڵە دیموکراتییەوە بابەتەکەی لە من وەرگرت، لەو کاتەوە دەستمان کردووە بە

هەڵبژاردنی سەندیکاکان بەو پەڕی لێبوردن و دیموکراتییەوە چوینەتە ناو مەسەلەکەوە و هەر کەسێک هاتووە و دەنگی هێناوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بووە، لەبەر ئەوە من دڵنیام لە دیموکراتییەتی هەڵبژاردنەکە و رۆڵێکی باشیشی ئەدرێتێت و، هەر لێرەوە پێم باش بوو کە بە ناوی لیژنەی پەروەردە وخوێندنی باڵاوە داوا لە سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بکەم کە بەشداری هەڵبژاردنن و بەو کارە پیرۆزە هەڵدەستن و راسپێردروان، بە روحێکی لەخۆبوردنەوە بە کارەکانیان هەڵسن، بەبێ ئەوەی کەسێک رخنەمان لێ بگرێت، چونکە وەکو خۆتان دەزانن هەموو لایەنەکان زۆربەی نوێنەرەکانیان مامۆستان، بەرپرسی شارەوانییەکان هەموویان مامۆستان، بەڵام ئێمە پێمان باشە کەوا چەند ١٠٠٪ بەشێوەیەکی دیموکراتییانە بەرێوە ئەڕوات، زیاتر بایەخی پێ بدرێت، ئەویش جێگای سەربەرزییە بۆ هەموو مامۆستایانی کوردستان و بە یاری خوا ئەم هەڵبژاردنەش بە سەرکەوتوویی دەکرێت و ئەنجامێکی باشیشی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شمائیل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائیل نەنو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أرجو ان يتسع صدرك قليلاً بأنه قد أفيض في بعض النقاط، الحقيقة ان النقطة الهامة من طرحنا هو هذا المفهوم الذي سمعناه من ردود بعض الاخوة، هل نحن شعب ام لا، هناك اناس يقولون بان المسيح هم أكراد و لكن على ديانة مسيحية، ولكن حسب الاتفاق العام نحن شعب، نحن ماذا نريد؟ نحن كشعب لنا مطاليب، وهو الحرية الثقافية والادارية، والادارية تعني حقوق قومية سياسية، الاشارة اصبحت في دورنا في الحزب الديمقراطي الكوردستاني، أحب ان اشير الى هذا المجال بشكل مفصل، الشعب الاشوري تاريخه موثق مع الحرب العالمية الاولى أي مع بداية القرن الماضي، في الحرب العالمية الاولى كان الثقل في المنطقة سياسياً، هذه الوثائق تشير كذلك الى كل تاريخ العراق و تاريخ المنطقة وتاريخ العالم يشير الى ان الشعب الاشوري كان طرفاً في الحرب العالمية الاولى الى جانب الحلفاء وخرج من هذا الحرب الطرف الوحيد الذي خسر كل شيء و خسر موقعه الجغرافي ولم يحصل على أي غنيمة من الغنائم الذي حصل عليه الحلفاء، وهذا الشيء كان للاشقاء الكورد أيضاً، وعدنا عندما كان العراق تحت الانتداب البريطاني بوعود كثيرة وآخرها تركت مصيرنا لكلمات سجلت على ان الحكومة العربية في بغداد التي جاءت بفيصل انه هذا يحمي حقوق الكورد و الاشوريين و كافة الاثنيات الاخرى، شعبنا رفض هذه المسألة وحاول ان يحصل على حقوقه وجاءت مذبحة سميل والناس الذين من بهدينان يعرفون ماذا جرى في هذه المذبحة، و هو حالة شبيهة بحالة حلبجة حيث ذبح الاطفال والنساء و الشيوخ، هذا كان له صدمة كبيرة على شعبنا الاشوري مما أدى

الى ان ينزوي من العمل السياسي القومي الاشوري الى فترة، لأنه أي حديث عن الاشورين ضم تحت يافطة أنه عميل أستعمار يريد ان ينفصل و يقسم العراق، ولكن الشعور القومي والسعي نحو المطاليب لم يكف يوماً ما لذا الشعب الاشوري وجد نفسه تحت مظلات أحزاب وطنية و أكثر هذه الاحزاب بحكم تجاورنا و تعايشنا و بحكم قيادة البارزاني الخالد شعبنا رأى نفسه في ثورة و حركة أيلول و الكل يعرفون دورنا في هذه الثورة ونفتخر بان أول شهيد في ثورة أيلول هو آشوري الشهيد «أثنائيل» أستشهد في «بەریكەرِ» وكذلك شعبنا ساهم في كافة الاحزاب الوطنية ومنها الحزب الشيوعي العراقي ومؤسس هذا الحزب هو من شعبنا و، مئات الشهداء هم من أبناء شعبنا فأذن كنا جزء من هذه الشريحة، لما تطورت قضيتنا القومية وكل شعب له حق أبناؤه يناضلون من أجله، تطورت و ولدت الحركة الديمقراطية الآشورية لتبني تيار الفهم القومي الاشوري المستقل ضمن فهم الانتماء الى الوطن والتحالف مع الاشقاء، هذا هو فهمنا وهذا هو التطور الطبيعي لقضيتنا، وهذا نحن أدرى به، وأشقاؤنا وحلفاؤنا في الاحزاب و بالأخص القيادات والكوادر المتقدمة يدركون هذا الشئ وكنا نتمنى ان هذا الشئ ينزل للقاعدة، اليوم نطالب بخصوصيتنا نطالبه من هذا المفهوم، ان دور الشهيد فرنسو لا ينسى أبداً في دفاعه عن الشعب الاشوري و لكن ليس كل آشوري في الپارتي مثل فرنسو، عندنا مثال مدير بلدية سرسنگ الذي أسمه «ماجد»، الحي الذي يسكن به أحد أبناء شعبنا صارت ترقيم وتسمية الاحياء، أصبح هناك مقترح بأن يسمى هذين الحيين الذي يسكنه أبناء شعبنا بان يسمى أحدهم آشور والاخر بابل، وهي تسميات قومية، فان مدير البلدية رفضه و قال بأنه تسميات عنصرية، يعني هل الحزب الپارتي المعروف بتاريخه و بمفهومه انه يحرم شعبنا من تسمية أحيائه من هذه الاسماء فأن هذا إساءة لشعبنا و إساءة للپارتي أيضاً، ليس كل آشوري في داخل حزب آخر يدافع عن القومية الاشورية، فأن هذا أختلاف في الايديولوجية، فأنا اليوم أنافس الپاوتي في انتخابات المجلس البلدي في أربيل، بأننا كلنا نعلم بأن واقع شعبنا ليس بذلك النضج بحيث يكون الخيار النهائي على أنسان معين بأنه هو الافضل، هناك حسابات حزبية و حسابات عشائرية و حسابات دينية، فيعني بأنني لا أحصل على أي حق من الحقوق، فلذلك أننا نطالب بما أننا شعب و لنا خصوصيتنا مطلوبة في هذه المرحلة وهي أحدى الأهداف المركزية وهو لأنه لوكانت التجمعات الاشورية باقية ولم يكن قد تعرض الشعب الاشوري الى ما جرى له، نحن لدينا كثافة سكانية في كثير من المناطق قد يجوز كنا ندخل في الانتخابات العامة، لأنه هذا يضمن حقي ولكن اليوم أنا في منطقة، والمنطقة أصلاً منطقتي جاء البعث ودمرني و جاءت ظروف شاذة جعل من ال«ئاواره» يأتون اليها فأنا سأنحرم من خصوصيتي القومية ومن قراري السياسي ومن الاستقلالية الشخصية المعنوية للقضية الاشورية، في التالي فأنا لدي رجاء فأن الشيء الذي أطرحه ليس في مصلحتنا فقط، الپارتي الحقيقي يجب ان يعرف بأن مصلحة الپارتي هي في التعامل السياسي مع الطليعة لشعب شقيق، الشعب

الكوردي ككل مطلوب منه ان يتعامل مع الطليعة السياسية للشعب الشقيق الشعب الكوردي عنده تجارب مريرة في هذا الشيء دائماً الحكام الديكتاتوريين كانوا يصنعون القرقوزات او يأتوا بأناس ليضربوا الطليعة السياسية الثورية مع احترامي للفارق بالشخصيات والانتماءات فنحن اليوم نطالب بأن تكون حصتنا في منطقة واحدة يخصص كحق لهذا الشعب يخصص مقعد واحد وبعد ذلك داخل هذا المقعد الواحد يكون التنافس بين اي لون كان سواءً الآشوري داخل الپارتي او سواءً داخل الحركة او مستقل او داخل الاحزاب الأخرى في المنطقة فهذا هو الطرح وهذا ليس بخسارة ابداً بالعكس هي ربح انا لا اخسر شيئاً في كل المناطق حتى اذا كان توجه الاغلبية يكون للپارتي في حين انا اضمن واحد يرضي الشعب الآشوري وطموح الشعب الآشوري، ولكن اذا صعد شخصٌ اشوري ولم يرض الشعب الآشوري كسياسي وكطليعة لهذا الشعب، كقضية، كخصوصية، هذا شيءٌ آخر. في الحقيقة اتمنى ان يمثل رأي كاك جيمل رأيه الشخصي انا فقط اسأله سؤال واحد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

في المجلس الوطني يكون توجيه الكلام الى رئيس المجلس الوطني وليس الى اي شخص آخر.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

عفوا، انا اوجه سؤالي عن طريق سيادتكم الى كاك جميل لما لم يغير الدين الآسلامي الحنيف وكتابه القرآن الكريم بالعربية لغة الكورد فالمسيحية في هذا المجال مسألة لغة كتابهم هي اكثر مرونةً فقط عندي هذا وشكرا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز كاك شەمائیل. بۆ وەڵامدانەوە هەندێ ڕوونكردنەوە هەیە دەمەوێت بیكەم بۆئەوەی نەبێت بە گفتوگۆ كە ئایا چ مافێک هەیە و چ مافێک نییە چی ڕاستەو چی ڕاست نییە. جارێ بەنیسبەت گەلی ئاشوورییەوە گەلی ئاشووری بەپێی یاسا گەلێكە هەموو مافەكانی پارێزراوە دانی پێ دادەنێین و بەرگری لێ دەكەین و یەكەم لایەن كە بەرگری لە مافەكانی گەلی ئاشووری دەكات پەرلەمانی كوردستانە چونكە بەپێی یاسا پێنج ئەندامی بەڕێزی ئەم ئەنجومەنە ئاشوورین و نوێنەرانی گەلی ئاشوورین و ئەمە شتێكی دەرئەنجامیشە و یاساییە و ئەركی سەرشانیشمانە ئێمە كە پابەندی یاساكانی خۆمان بین ئەركمانە ئەم هەقیقەتە ئەودیو و ئەودیوی پێ نەكەین ئەمە شتێكی مەبدەئی و زۆر ڕوونە.

دووەم: بەنیسبەت هەموو حزبە كوردستانییەكانەوە من نمونەیەكی بچوكتان بۆ دێنمەوە مەسەلە تەنیا پارتی دیموكراتی كوردستان نییە ئێمە كە لە ساڵی ١٩٩١دا وەكو نوێنەرانی بەرەی كوردستانی لە گفتوگۆدا بووین بۆ چارەسەری كێشەی كورد بەشێوەیەكی ئاشتیانە لە بەغدا هەموو

نوێنەرانی پارتە کوردستانییەکان داکۆکیان لە مافی گەلی ئاشووری دەکرد داوای مافەکانی گەلی ئاشووری و تورکمانیشیان دەکرد ئەوەی کە ئەیوت گەلی ئاشووری ئاشووری نین عەرەبن (طارق عزیز) بوو کە خۆی ئاشوورییە نموونەی ئەمانە لەوانەیە خزمەتی قەزیەی دیموکراتی نەکەن من تەسەور دەکەم ئاشووریەکی باش ئەگەر لەناو پارتیدا بێت دەبێت پێش هەموو شتێک بەرگری لە گەلی ئاشووری بکات، بەرگری لە بنەماکانی دیموکراتیەت بکات، بەرگری لە گەلی ئاشووری خۆی بکات لە زمنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە زمنی حزبی شیوعی عێراقیدا لە زمنی یەکێتی نیشتمانیی یان هەر حزبێکی تر بێت و، ئەو ئاشووریەش کە بیەوێت خزمەتی گەلی خۆی بکات و تەرکیز بکاتە سەر گەلی خۆی و تایبەتمەندییەکانی خۆی و مافێکی زۆر ئاسایی خۆیەتی بەپێی یاسا لەچوارچێوەی پارتە سیاسییەکاندا ئیش بکات ئیمە دەبێت تەفاهومی ئەو واقیعە بکەین و دەبێت زۆر بە نەرمی و سنگ فراوانییەوە ئەو مەوزوعە وەربگرین تەسەوریش دەکەم هەموو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیەن.

دێینە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی هەڵبژاردن یانی دیموکراتییەت ئەوە شتێکە بەشێکە لە دیموکراتیەت بەشێکی بنەڕەتی دیموکراتییەتیش ئازادی ڕادانی خۆتە جاریٚ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردنەکانەوە ئەو پەرلەمانە دروست بووە باوەڕ ناکەم هیچ دەزگایەکی تر هەبێت لەم کوردستانە وا بە ئازادی هەر کەسەو ڕای خۆی بڵێت ئەو ڕایەش ڕێزی لیٚ دەگیریٚ و تەسبیتیش دەبێت و تەوسیقیش دەکرێت لە پرۆتۆکۆلاتی پەرلەماندا و زۆر جاریش هەیە ڕۆڵێکی زۆر روون دەبینێت لەسەر وەرگرتنی بڕیار. ئەمە بەشێکی گەورەی ئەزموونە دیموکراتییەتەکەمانە بەشەکەی تر وەکو ئەوەی باسم کرد مەسەلەی هەڵبژاردنەکانە. من نایشارمەوە زۆر جار هەیە لە هەڵبژاردن زۆرینە زوڵم لە کەمەینە دەکات بەپێی یاساش زوڵمی لیٚ دەکات و هێشتاش بە دیموکراتی دەمێنێتەوە چونکە یاسایەو هەڵبژاردنە، هەفتا کەس دەتوانن ڕای خۆیان لەسەر سی کەس فەرز بکەن زۆر بە هاوکێشەیەکی ساکار ئایا مەرجە ئەوە عەدالەت بێت لە حاڵەتێکی زۆر کەمدا لەوانەیە ئەوە عەدالەت بێت لە حاڵەتێکدا ئەگەر بڵێین ئەو هەفتا ڕایە لەسەر هەقن و لەسەر ڕێگای ڕاستن و هەموو شتێک بەراستی دەزانن سییەکەش هیچ نازانێت ئەو کاتە کە هەفتاکە ڕای خۆی فەرز کرد لەوانەیە عەدالەتێکی تێدا بێت بەڵام دیموکراتییەکی ڕاست دیموکراتییەتێکی چڕوپڕ دیموکراتییەتێکی ئازاد ئەوەیە کە ڕێزی ڕای هەردوولا بگیرێت ڕێزی ڕای زۆرینە بگیرێت ڕێزی ڕای کەمینەش بگیرێت و بەیاساش ئەم ڕێزگرتنە بپارێزرێت. لەوانەیە ئەمە لە وڵاتانێکی زۆر پێشکەوتوودا لە وڵاتانێکی دێرین لە دیموکراتییەتدا لە وڵاتانێکدا کە مومارەسەیەکی دوورودرێژیان هەیە ئەمە جێبەجیٚ بکرێت ئێمە لە سەرەتا داین لەوانەیە ئیمە نیەتێکی زۆر باشمان هەیە بەشێوازێکی دیموکراتی بە ئیتجاهێکی دیموکراتی ئازادنە یاساکانمان دەربکەین، ئەو یاسایەش بە ئازادی و بە دیموکراتییانە جێبەجیٚ بکەین بەڵام لەوانەیە هەر لە یاساکە یان نیزامەکەدا هەندیٚ کەموکوڕی تێدا هەبێت کەپێچەوانەی ئەو ئیتجاهە

بێت بەڵام ئەمە لە مەفهومی هەموو ئیشەکان ناگۆڕێت ئیشەکان هەمووی ئیشێکی دیموکراتییە و من تەسەور دەکەم دەرگا کراوەیە ئەگەر کەموکورییەک هەبێت ئەگەر هەندێ شت ڕەچاو نەکرابێت دەرگا کراوەیە لە ڕێگای گفتوگۆی حزبەکانەوە لە ڕێگای گفتوگۆیەکی ئازاد و نەرمی دیموکراتی و بە مرونەتەوە دەتوانرێت چارەسەری زۆر گرفت بکرێت.تەبیعی ئێمە لەلامان گرینگە ماف و تایبەتمەندییەکانی گەلی ئاشووری بپارێزرێت و لە هیچ ڕێگایەکەوە بەرپێچی لێ نەکرێت من تەسەور دەکەم ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی دیموکراتییە و لێرەوە دیموکراتیەت نییە لەم هۆڵەدا کە ئیستا نوێنەرایەتی دیموکراتییەت دەکات لە کوردستان.

من ویستم تەنیا ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەم، من تەسەور دەکەم گفتوگۆکان لەو بارەیەوە تەواو بووە لەبەرئەوەی خولاسەیەکی دەکەین ئەم ڕوونکردنەوەیەم دا بۆئەوەی دیار بێت تەوجیهی ئێمە چییە و وەکو پەرلەمان بە چ ئیتجاهێک بیر لە مەوزوعەکە دەکەینەوە لەهەمان کاتیشدا وەکو ئەوەی باس کرا هەموو بەڕێزان باسیان کرد تەئکید کرا لەسەر ئەوەی ئەمە پرۆسەسێکی دیموکراتییە ئەمە تەئکیدە لەسەر ئەوەی ئێمە سوودمان لە هەڵبژاردن وەرگرتووە سەرەرای هەموو ئەزموونە سەرکەوتوو و، تا سەرکەوتووەکانمان لەم دە ساڵەی پێشوودا بۆیە ئەزموونی هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان تازە دەکەینەوە ئەم تازە کردنەوەیە خۆی لە خۆیدا پابەندییە بە مەسەلەی هەڵبژاردنەوە هەنگاوێکە بەرەو هەڵبژاردنی داهاتووە. ئەمە خاڵێک بوو کە هەموو ئاماژەیان بۆ کرد پێویستە پارێزگاری لە ڕێساکانی دیموکراتی بکرێت لە هەڵبژاردندا پێویستە سەرپێچی (خروقات) نەبێت لە جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنەکاندا و مەرجێکی زۆر بنەڕەتیشە کە میللەت بزانێت ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنی خۆیەتی و ئەرکێکی دیموکراتی و یاسایی خۆیەتی و وەتەنی خۆیەتی کە بەشداری تێدا بکات، چونکە ئەگەر بەشداری تێدا نەکات تا بەیانی من سەربەستی بدەم تا بەیانی دیموکراتیەت هەبێت کە هاوولاتی بەشداری نەکرد واتا ئەو ئازادییانە بە کەڵک نایەت واتا وازی لە مافێکی خۆی هێناوە ئینجا مرۆڤێک لە شوێنێکی بەسیتدا هەڵبژێرێت یانیش مرۆڤێک لە مەنسبێکی زۆر هەستیار و گەورە هەڵبژێرێت هیچ جیاوازی نییە هەمووی پەیوەندیی بە چارەنووس و ئیشی ڕۆژانەو کاری ڕۆژانەی خۆیەوە هەیە. خاڵێکی تریش زۆر گرینگ بوو کە لێرەدا تەرح کرا مەسەلەی بەشداری ئافرەت دوێنێ دانیشتنێکمان هەبوو پشتگیریمان لەمافی ئافرەتان دەکرد داواکاریی گۆڕانکاریی یاساییمان دەکرد لە ساڵحی ئەوان ئینجا ئافرەتیش ئەگەر بیەوێت ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگا ببینێت دەبێت ئەم مافەی خۆی بەکار بێنێت دەبێت بچێتە سەر سندوقی هەڵبژاردن و دەنگی خۆی بدات من کێم دەوێت وەکو هاوولاتییەکی کوردستانی. ئاماژەیەکی تریش بۆ برا ئاشوورییەکان من باسی پارتی دیموکراتی کوردستان ناکەم بەس باسی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەکەم، باسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم ناومان نەناوە «ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد» ناومان ناوە «ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان» کە گەلی کوردستان نوێنەرایەتی هەموو ئەو گەلانە دەکات کە پێکی

دەهێنن، ئەو پێشنیارەش کە کرا دووپاتیش کرایەوە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەن بانگەوازێک دەربکات بەبۆنەی هەڵبژاردنەوە ئەگەر پەسندی دەکەن ئیمەش بانگەوازێک دەردەکەین و هیوادرام بەمە ئیکتفا بووبێ لە هۆڵی پەرلەماندا، ئەگەر شتێکی تریش هەبێت لەوانەیە لە شوێنی تر باسی بکەین و ئەگەر رێگا چارەمان دۆزییەوە ئەوا زۆر زۆر باشە هیوادارم رێگا چارەیەکیش هەر بدۆزرێتەوە، زۆر سوپاس.
بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەین مەوعدێکیشمان هەیە لەگەڵ هەندێ بەڕێزان دوای نیوەڕۆ. زۆر سوپاستان دەکەین و کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٤

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یانزە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یانزە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٤/٦/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ وتاری ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.
٢ـ بەیاننامەی ڕێزدار سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بسم الله الرحمن الرحیم
بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەکەینەوە.
**جەنابی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی**
**بەڕێزان جێگری سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران**
**بەڕێزان میوانە ئازیزەکان**
**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**
پێشەکی بەبۆنەی ڕۆژی موبارەک و پڕ بەهای لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام درودی خوای لەسەر بێت گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو گشت موسڵمانانی کوردستان دەکەم، ڕێکەوتێکی چاکە کە لە هەمان ڕۆژی پیرۆزدا بیرەوەری یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان و تێپەڕبوونی (٩) ساڵ بەسەر دانیشتنی پەرلەمان و دامەزراندنی دابێت ئینشائەڵلا هەر خێرو بەرەکەتەو ئیشارەتێکە بۆ سەرکەوتنی دۆزی ڕەواو سەرفرازی گەلەکەمان.

**ڕێزدار سەرۆک بارزانی**
**بەڕێزان جێگری سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران**
**بەڕێزان میوانە ئازیزەکان**
**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

خۆشحاڵین بە گەرمترین شێوە بەخێرهاتنتان بکەین و، ئامادەبوونتان بەم بۆنەیەی کە لای هەموومان گەلێک بەهادارەو بە بەرزیی دەنرخێنین. ئەویش بۆنەی تێپەڕبوونی ۹ ساڵە بەسەر بەستنی یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و چوونە دەروازەی تەواوکردنی دە ساڵەی تەمەنیەوە.

ئێمە کە ئەمڕۆ خۆمان لە ناو هۆڵی ئەم ئەنجومەنە بەرێزەدا دەبینین، سوپاسێکی زۆرو بێ پایانی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی دەکەین، چونکە یەکەمین کەس بووە داوای هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کردووە لە کاتی سەردانی بۆ شاری کۆیە لە مانگی تشرینی یەکەمی ۱۹۹۱ دا و لە هەمان ماوەشدا ئەو داوایەی لە کاتی سەردانەکەیشی بۆ شاری زاخۆ دووپات کردەوە.

ڕێزدار بارزانی تەنیا هەر خاوەنی ئەو دەست پێشخەرییەی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا وەک ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان و مێژووی سەردەمی پێشوو جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە بەرێزیان پارێزگاری هەرە گەورەی ئەم ئەزموونەش بووەو لە هەموو کەسێکی تر پتر گرنگی بە بەردەوامبوونی ئەزموونە دیموکراتییەکەی پەرلەمان و پەرە پێدانی و پاراستنی لە هەموو بارودۆخێکدا داوە، چونکە لەو قەناعەتەدا بووە کە ئەمە دەرفەتێکی زێرینە و بۆ یەکەم جار قفڵی دەروازەکان لەبەردەم گەلی کوردستاندا کراوەتەوەو بەم شێوەیە لە دوای دەیەها ساڵی دوورو درێژ لە خەباتی بەردەوام و بەرخۆدان و قوربانیدانێکی زۆر، کە لەوانەیە دەرفەتی وا ڕەخساو بۆ سەرکەوتن سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە هاتوونەتە ڕێگەیان، جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**برایانی بەڕێز...**

هەرچەندی لە بارەی گرنگی بوونی پەرلەمانی کوردستان و بەردوام بوونی مانەوەی و دەسکەوتەکان و دەوری مێژوویی لە خزمەتکردنی گەلەکەمان بگوترێ، ئەوە بێ گومان لە دایکبوونی لە پاش ژان و ژوارێکی درێژ لە ۱۹۹۲/۵/۱۹ داو بەستنی دانیشتنی یەکەمی لە ۱۹۹۲/٦/٤دا، ڕووداوێکی هەرە گەورەیە لە مێژووی گەلەکەماندا، چونکە بەردی بناغەی باڵەخانەی سیستەمێکی دیموکراتی داناوە، کە ماوەیەکی دوورودرێژبوو خەونی پێوە دەبینرا و ئەوەش هەنگاوی یەکەم بوو لە سەر ڕێگەی دیموکراتییەت هاویشترا کە لە مێژبوو لەگەڵ لە دایکبوونی دیموکراتییەت لە جیهاندا. کۆشش بۆ چێژ لێ وەرگرتنی و سوود وەرگرتن لە خێرو بێری و ژیان لە سایەی دا دەکرا.

بەپێی ئەم چەمک و بۆچوونانەش، دروست بوون و دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و بەردوام

بوونی و مانەوەی، خۆی لە خۆیدا بە دەسکەوتێکی وا دادەنرێ کە هیچ دەسکەوتێکی تر هاوتای نەبێت. چونکە هیچ دیموکراتییەتێک نییە بەبێ ئەنجومەنێکی نوێنەران کە گەل لە ڕێگایەوە بە هۆی نوێنەرەکانی بەشداری لە ئامادەکردنی یاساو بڕیارو دەرچواندنیان و بەڕێوەبردنی حوکم دەکات و هیچ شەرعییەتێکیش بەبێ دەستەڵات پێ دان و نوێنەرایەتی کردن نابێ و هیچ نوێنەرایەتی کردنێکیش بەبێ هەڵبژاردن نابێ.

کاتێک کە بنەماکانی دیموکراتییەت و شەرعییەت لە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو کۆدەبنەوەو بەبوون و نەبوون لەگەڵیدا دەسووڕێنەوە، کەواتە دەبێ بپارێزرێ و بەردەوام بوونی بپارێزرێ و ئەمانەش هەموویان روویان دا و هاتنەدی. هەق و ڕاستی دەبێ بەسەر هەموو شتێک دا بسەپێ و نابێ هیچ شتێک بەسەریاندا زاڵ بێت و نابێ ماوە بدەین گەردی کێشەو تەگەرەی وا کەلێرەو لەوێ سەرهەڵدەدەن ئەو ڕاستیە داپۆشێ.

پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵەی شەرعی خەباتی گەلەکەمانە، دەبێ گەشە بکات و گەورەبێت و پەرەبسێنێ.

لەلای ئێوەی بەڕێز شتێکی شاراوە نییە کە پەرلەمانی کوردستان کاروبارەکانی تەنیا لە دەستەڵاتی یاساکارییەوە کۆنەکردۆتەوە بەڵکو بە دڵسۆزی بەشداریی لەو کاروبارانەدا کردووە کە باری کوردستان ئەو ئەرکانەی دەرداوە کە بەمێشکی هیچ یاساکارێکدا نایەن، تاکو رۆژێک لە رۆژان بیخاتە نێو دەسەڵاتەکانی پەرلەمانەکان.

کاتێک کە پەرلەمانی کوردستان کاروباری کوردستانی عێراقی بینی کە بە داخەوە بەرەو شەڕو کوشتاری ناوخۆ دەڕوات، ئەندامانی قۆڵیان لێ هەڵماڵی و بەگورجی بەرەو بەرەکانی کوشتار ڕۆیشتن بۆ بەشداری کردن لە شەڕ نا، بەڵکو بۆ دوورخستنەوەی شەڕکەران لە یەکتری و کوژاندنەوەی ئاگری کوشتار و کۆشش کردن لە پێناوی هێنانەدی ئاشتی و پاراستنی شەرعیەت و دەزگاکانیدا.

هەروەها ئەندامانی پەرلەمان خۆیان کردە بارمتە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پاکەیان، لەو رۆژەیدا (٥٩) ئەندامیان بۆ ماوەی (١٠١) رۆژ پەناگیرییان لە ناو باڵەخانەی پەرلەمان کرد، بەبێ گوێدانە ئەو مەترسییە گەورانە کە دەورەی دابوون و ژیانیانی خستبووە مەترسییەوەو قایل بوون بەوەی جەستەو گیانی خۆیان بۆ پاراستنی دیموکراتیەت و شەرعییەت و دەزگاکانیان بکەنە سوپەر و سەنگەر.

لە مەیدانی یاساکاریشدا کە کاروئەرکێکی سەرەکی هەموو پەرلەمانێکە لە جیهاندا ئەندامانی پەرلەمان هەموو کاتێکی خۆیان بۆ ئەم کارە گرنگە تەرخان کرد و ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە رۆژی دامەزراندنیەوە تاکو ئەمڕۆ (٥٤٣) دانیشتنی ئاسایی بەستووە لەگەڵ (١١) دانیشتنی نا ئاسایی و، ئەگەر بزانین کە شەڕو کوشتاری ناوخۆ بۆ چەند ماوەیەکی درێژ پەرلەمانی لە کارخست، دەبینین ژمارەی دانیشتنەکانی بە تەواوی و ڕاستگۆیی ئەو ئەرکە

گەورەیەی دەردەخات کە لە ماوەی ساڵانی رابوردوودا بەجێی گەیاندووە و گەلێک یاساو بڕیار خرابێتە بەردەمی دەری چوواندوون کە ژمارەیان تاکو ئەمڕۆکە دەگاتە نزیکەی ( ٢٧٠ ) یاساو بڕیار سەرەڕای ئەمەش پەرلەمان بودجەی ساڵانەی حکومەتی هەرێمی تاوتۆکردووەو بە تێروتەسەلی وتوویژو لێکۆڵینەوەی لەسەرکردووە تاکو پەسەندی کردووەو یاسای تایبەتی بۆ دەرچوواندوون.

ئەرکی دیکەیشی کە کاری چاودێری کردن و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنە، ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئەرکێکیان کێشاوە بۆ ئاراستەکردنی پرسیاری پێویست لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی ئەم فرمانە یەکێکە لە رێگەو هۆیەکانی دیموکراتییەت بۆ جێبەجێ کردنی کاری چاودێری.

جا بەمەبەستی گەیشتن بە وەڵامێکی گونجاوی پرسیارەکانی دەنگدەران بێت یاخۆ بۆ بەرچاوخستنی کەموکورییەکان و لاوازی لە یەکێک لە دەزگاکانی بەڕێوەبردندا و هەوڵێک بێت بۆ نەهێشتن و چاککردنیان، یا لە پێناو پێشنیازکردنی بیرۆکەیەکدا بێت بەو هیوایەی حکومەت دوای لێکۆڵینەوە پەسەندی بکات، دەرەنجام ئامانجی سەرەکیی ئەوەیە دەزگای کارگێڕیی سیستمی سیاسیمان کاراترو چالاکتر بکرێت.

هەرچی لیژنەکانی پەرلەمانیشە، ئەوا بە هاوکاری لەگەڵ هاو شێوەکانیان لە وەزارەتەکان و دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتدا لە پێناو دەوڵەمەند کردنی پێشنیازو پرۆژەکانی ئەو یاساو بڕیارانە دا کە پێشکەشی ئەنجومەن دەکرێن کار دەکەن بۆ ئەوەی لێتۆژینەوەیان لەسەر بکرێت و بە چاکترین شێوە کە بتوانرێت پیادەو جێبەجێ بکرێن دەربچوێنرێن. لیژنەکانی پەرلەمان لەم دواییانەدا، وەکو هەمیشە، لە زۆر بابەتی گرنگیان کۆڵیوەتەوە کە لەلایەک مایەی گرنگی پێدانی هاووڵاتیانی کوردستان بوونەو لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەری و دەنگدانەوەی چاکیان هەبووە لە دەرەوەی هەرێمدا وەک بابەتی کۆچبەرانی کورد لە هەندەران و هەروەها ئەو یاساکارییانەی پەیوەندییان بە مافەکانی ئافرەتانی کوردستانەوەو پلەو پایەیان و ئەو دابونەریتانەوە هەیە کە ئەو مافانەیان بۆ رێک دەخەن. سەرباری چەند بابەتی گرنگی تریش وەکو سیاسەتی بە عارەب کردن و راگوێزان کەوا ساڵەهایە دژی گەلەکەمان پیادە دەکرێن. ئەمە بێجگە لە گرنگی دان بەو وەزعە سەخت و نالەبارەی براکوردە فەیلییەکانمان تیایدا دەژین بەهۆی بێ بەش کردنیان لە هەموو ماف و کەمترین پێداویستییەکانی ژیانێکی ئاسایی، لە دەرەنجامی ئەو سیاسەتە شۆڤینی و رەگەز پەرستیانەیەی دەیان ساڵە لە دژیان پەیڕەو دەکرێت، هەروەها بابەتی ئەو شوێنەوارە یاسایی و کۆمەڵایەتییانەی لە پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالەکانەوە بۆ قوربانییەکانی بەجێماون. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان چەند یاساکارییەکی ئەنجام داوەو چەند یاداشتنامەیشی بەرزکردۆتەوەو هەرچی لە توانایشیدا بووە دریغی لێنەکردووە بە مەبەستی دۆزینەوە و جێبەجێ کردنی رێگا چارەی گونجاو بۆ ئەو بابەتانەی سەرەوە.

هەر ئەو لیژنانەش لە ماوەی پێش ئێستادا چەندان سەردانی گرنگیان سازداوە بۆ کارگێری و دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا و، هەردوو لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانیان دەستنیشان کردوون و لەم بارەیەوە پێشنیازو راسپاردەی گونجاویان پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کردووە بە ئومێدی بنبڕکردنی کەموکورییەکان و دوورکەوتنەوە لەرەفتارە نەویستراوەکان و پەرەپێدان و پتەوکردنی لایەنە ئیجابییەکان کە زۆرن لە پێناو پێشکەش کردنی چاکترین خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیان.

**بەڕێزان...**

ئومێد دەکەین لەو ماوەیەی کە لەم خولەی ئێستەیدا ماوەتەوەو لە خولەکانی داهاتوویشدا، ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و لیژنەکانیشی بتوانن رۆڵێکی کاریگەرانەتر ببینن لەتێکەڵ بوون بە جەماوەرو پەیوەندیکردن بە هاوولاتیانەوە بە مەبەستی ئاگادار بوون و تێگەیشتن لە داخوازی و سکالایان لە زانینی هۆیەکانی نارەزایی خەڵک و خوێندنەوەی بیروبۆچوون و رایان... بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر پەرە بە سیستەمە سیاسیەکەمان و دەزگا کارگوزارییەکانی بدەین.

**بەڕێزان...**

هەر لە دەستپێکی رووداوە مێژوییە هەرە گرنگەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە لە ١٩/٥/١٩٩٢ ئەوجا، لە بڕیارە چارەنووس سازەکەی پەرلەمان لە جاڕدانی شێوازی فیدڕالی بەگشتی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان وەک دەروازەو وەک بناخەو کۆڵەکەیەکی واقیعی و لۆژیکی گونجاو وڕێک لەگەڵ بۆچوونەکانی سەردەم بۆ چارەسەرکردنی کێشە رەواکەی گەلەکەمان، بە تێپەڕبوون بە دامەزراندنی دامودەزگە پێویستەکانی حکومەتی هەرێم بۆ تەواوکردنی بونیادنانی قەوارەی ئەو سیستەمە سیاسییەی لە کوردستانی عێراق دامان مەزراندووەو، بە مەبەستی تەواوکردنی پێکهاتە سەرەکییەکانی هەرسێ دەسەڵاتەکان و پێگەکانی کۆمەڵگەیەکی شارستانیی، دەرەنجام بە گەیشتن بە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێم ئەمانە هەموویان بەیەکەوە دەستورێکی نەنووسراوو چوارچێوەی وێنەیەکی گەشی سیستمێکی سیاسیی دیموکراسی پێکدێنن کە مایەی شانازی پێوەکردنی هەموانمانەو، بەرپرسیاریەتی چەسپاندن و پەرەپێدان و پاراستنی ئەرکێکی مێژوییەو لە ئەستۆی هەموو لایەکدایە پێویستە ئەم ئەرکە وەک بەرژەوەندییەکی هەرە باڵای نیشتمانی و نەتەوەیی بژمێردرێت کە لە سەرووی هەر بەرژەوەندییەکی حزبی یان کەسییەتی ترەوەیە.

لە کۆتاییدا، ئا لەم مینبەرە پیرۆزەوە زۆر شایستەیە لە نۆهەمین بیرەوەریی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان یادی ئەو ئەندامە نەمرانە بەرێزەوە بکەینەوە کە لە پێناوی گەل و نیشتمان و شەرعیەتدا شەهید کران و گیانیان بەخت کرد یان ئەو نەمرانەی ئەمری خۆدای مەزنیان بەجێ هێنا، خوالێخۆشبووان (شەهید فرەنسیس یوسف شابۆ ـ شەهید سیروان نەورۆلی ـ شەهید

عوسمان حەسەن دزەیی ناسراو بە (عوسمان سەرسوور) ـ شەهیدی نەمر کاکە فرەنسۆ هەریری ـ خوالێخۆشبوو نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا (جێگری سەرۆکی پەرلەمان) ـ خوالێخۆشبوو کاک ئازاد سەعید قەرەداغی ـ خوالێخۆشبوو عەزیز کانەبی ئاغا دزەیی ـ خوالێخۆشبوو خەیروڵڵا سەعید خەیری بەگ ـ خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەد شەریف ـ خوالێخۆشبوو کاک سەلاحەدین حەفید زادە).

**بەڕێزان**

دووبارە بەخێرهاتنتان دەکەم، گەورەتان کردین هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.
پیرۆزە یادی هەڵبژاردن و دامەزراندن و یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان.

درودو سڵاو بۆ شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردو کوردستان و
سەروەریان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لە یاد.
بژی کورد... بژی کوردستان

**بەڕێزان**

هەموو ساڵێک لەم بیرەوەرییە مەزنانەدا جەنابی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی بەچەند وتەیەکی بەنرخ گەورەمان دەکات تکای لێ دەکەین بفەرمووێت.

**بەڕێز مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

پێشەکی پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو خوشک و برایانی موسڵمان لە کوردستان و لە هەموو جیهان دەکەم، بەبۆنەی رۆژی لەدایک بوونی پێغەمبەری سەروەرو سەردارمان محەمەد (درودی خوای لێ بێت) و، لەم رۆژە پیرۆزەدا کە ئەمڕۆ رۆژی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستانیشە کە ئەمساڵ لە یەک رۆژدا یەک دەگرنەوە بۆ ئێمە نیشانەی خێرو بەرەکەتە ئینشائەڵڵا خێرو بەرەکەت بەسەر کوردو کوردستاندا دەبارێ، هەروەها زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی نۆیەمین ساڵی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ئێوەی بەڕێزو لە هەموو گەلی کوردستان دەکەم، بێگومان پەرلەمانی کوردستان گەورەترین و پیرۆزترین دەستکەوتە، هەموو ئێش و ئازاری گەلی کورد، خوێنی شەهیدان، فرمێسکی دایکانی جگەر سووتاو، ناڵەی برینداران، ئاهی لێقەوماوان، هەموویان خۆیان لەو پەرلەمانەدا دەبیننەوە، لەبەرئەوە قودسیەتی ئەم پەرلەمانە بۆ هەموو کوردێک زۆر زۆر گەورەیە و، جێگەی شانازییە بۆ هەموو ئەوانەی کە دەوریان دیوەو، خەباتیان کردووە لە دروست کردنی ئەم پەرلەمانە.

بێگومان دامەزراندنی ئەم پەرلەمانە کارێکی ئاسان نەبوو، پێش ئەوەی کە دابمەزرێت، رەنگە وەکو خەونێک وا بووبێ، بەڵام حەقیقەتێک هەیە ئێمە دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانین کە هیچ شتێک نییە موستەحیل بێت لە دنیا ئەگەر ئیرادەیەکی بە قوەت هەبێ و، ئەگەر میللەتێک ئامادەبێ سەر شۆڕ نەکات بۆ دوژمنان و ئامادەبێ بۆ هەموو قوربانی دانێک، بێگومان ئەگەر ئەو جیلەش بە

هەدەفی خۆی نەگات، جیلی دوای ئەو پێی دەگات، تەجروبەی ئێمەش وەکو میللەتێک بۆ خۆشمان زۆر تەجروبەیەکی دەوڵەمەندە بۆ گەلانی تریش زۆر زۆر تەجروبەیەکی دەوڵەمەندە. گەلی کوردستان لە خەباتی خۆیدا زۆر مەردانە خەباتی کرد، دوور لە تیرۆر دوور لە کاری ناڕەوا، لەدەست پێکردنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ تا بە ئیمڕۆش، شۆڕشی گەلی کوردستان لە کوردستانی عێراق پەنای نەبردە بەر یەک کاری تیرۆریستی، هەرچەندە دێهاتی ئێمە شەوو ڕۆژ لە ژێر تۆپباران و بۆمباباران دابوو، هەرچەندە بە کۆمەڵ خەڵکی ئێمە بێ سەرو شوێن کران، ئیعدام کران، بەڵام ڕۆژێکیش لە ڕۆژان جەنابی بارزانی ڕێگەی نەدا تۆڵەش بکرێتەوە، مەگەر ئەهدافی دەستنیشانکراو بووبێ، کە ئەهدافی عەسکەری بووە، لەبەرئەوە ئیمڕۆ ئێمە ڕاستی ئەوەی ئەو ڕۆژە چاندمان ئەمڕۆکە بەرەکەی دەخۆین و ئەمڕۆ شۆڕشێکین جێگەی ڕێزو ئیحترامی هەموو جیهانی ئازادیخوازە، ئیحترامی هەموو دیموکراتیخوازان لە دونیاو ئەم پەرلەمانەش سمبولی ئەو خەباتەیە، هێمای ئەو خەبات و ئەو تێکۆشانەیە، تموحی ئێمە وەکو میللەتێک هەر لێرەدا ناوەستێ، ئێمە تموحمان هەیە بگەینە لوتکەی دیموکراتییەت و شارستانییەت، هەر بۆیەش پێشی چەند ڕۆژێک هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەستی پێکرد کە ئەمەش پرۆسەیەکی زۆر زۆر سەرکەوتوو و شارستانی بووە، لێرەدا من بە پێویستی دەزانم سوپاسی گەلی کوردستان بکەم بە تێکڕایی بۆ بەشداربوونیان بەو حەماسەوە لە دەنگدان، سوپاسی هەموو حزبە هاوپەیمانەکان دەکەم بۆ بەشداربوونیان لە هەڵبژاردن، بەراستی ئەمە سەرکەوتن نییە بۆ حزبێک یان بۆ چەند حزبێک، سەرکەوتنە بۆ هەموومان بۆ هەموو حزبەکان، سەرکەوتنە بۆ گەلی کوردستان، بۆ؟، چونکە هەڵبژاردنێکی وا لە وڵاتێکی وادا بەبێ ئەوەی بچووکترین موشکلە ڕوویدات، بەبێ ئەوەی دوو کەسیش بەشەڕ بێن، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشان دەدا کە میللەتی کورد میللەتێکی پێگەیشتووە، میللەتێکی تێگەیشتووە، میللەتێکی شارستانییە، من جارێکی تریش سوپاسی ئەو حزبە هاوپەیمانانە دەکەم بۆ ئەوەی کە زۆر بە گیانێکی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە بەشدارییان کردو نەتائیجیشیان قبوڵ کرد و من جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە کە ئەمە سەرکەوتن نییە بۆ حزبێک، سەرکەوتنە بۆ گەلێک و ئەمە گرنگە کە ئەویش گەلی کوردستانە، من پێم وایە هێشتا زۆریش ڕێگایەکی دوورو درێژمان لە پێشە، هەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست و تەوەکول لەسەر خوای گەورە دەتوانین ئینشائەڵڵا زۆر دەستکەوتی تر بەدەست بێنین و زۆر شتی باشیش پێشکەش بە گەلەکەمان بکەین.

خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم پرۆسەی ئاشتییە کە سوپاس بۆ خوا تا حەدێکی زۆر چوویتە پێشەوەو ڕێگەی دوورمان بڕیوە، کەمی ماوە، زۆر لە خاڵە عوقدەییەکان تەجاوزمان کردوە و چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، ڕەنگە چەند شتێک مابێت نامەوێ ئێستا بچمە ناو تەفصیلاتەوە کە لە کوێ وەستاوین، بەڵام ئەوەی من دەمەوێ تەئکیدی لێ بکەم بەنسبەتی ئێمەوە وەکو پارتی ئێمە زۆر زۆر جددیین کە بە هیچ شێوەیەک نابێ ڕێگە بدرێ پرۆسەی ئاشتی

پاشەکشە بکات، بەڵکو دەبێ هەر بەرەو پێشەوە بچێ بە حەقیقەت ئەوەی من دەبینم یەکێتیش هەمان هەڵوێستی هەیە بەتایبەتی شەخسی بەڕێز مام جەلال زۆر هاوکارە بۆئەوەی ئێمە ڕێگەی چارەسەر بدۆزینەوە بۆ ئەم گرفتانەی کە هێشتا ماون، بەڵام دیسان مەبەست نییە کە ئێمە موزایەدە لەسەر یەکتری بکەین یاخود ئیحراجی یەکتری بکەین یا ئیحراجی کەس بکەین، مەبەست ئەوەیە ئێمە چارەسەریەک بدۆزینەوە (صیغە)یەک بدۆزینەوە، قودسیەتی پەرلەمان پارێزراو بێ، کە ئەمە زۆر زۆر شەرتە، ئەساسە، هەروەها ئیحراجی هیچ کامیشمان نەکرێت بەڵکو خەبات و تێکۆشان و (تضحیاتی) هەموو لایەک لەبەرچاو بگیرێت و ئەوە بکرێت بەراستی پرۆسەی ئاشتی پێ سەرکەوێت و دڵی میللەتی کوردی پێ خۆشبێت لەبەرئەوە من دڵنیام ئینشائەڵڵا ئەوەی کە ماوە دەتوانین تەجاوزی بکەین بە هاوکاری هەموو لایەک، هاوکاری یەکێتی و پارتی و، هاوکاری حزبە هاوپەیمانەکان و هەموو دڵسۆزانی گەلەکەمان، ئەوەشی کە ماوە ئینشائەڵڵا تەواوی دەکەین و بەرەو ئاشتییەکی تەواو و سەرتاسەر دەچین.
لە کۆتاییدا جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەم و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان خاڵی دووەم بەیاننامەی ڕێزدار نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراقە. تکا لە بەڕێز سامی عبدالرحمن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین کە وتارێک پێشکەش بکات.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ جێگری سەرۆک وەزیران:**

**بەناوی خودای گەورەو دلۆڤان**

**بەڕێز سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

**وەزیرە بەڕێزەکان**

**میوانە بەڕێزەکان**

**خوشک و برایانی ئازیز**

بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٩) ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە هاوکاتە لەگەڵ یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری خۆشەویستی ئیسلام حەزرەتی محمد درودی خوای لێ بێ، بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پیرۆزبایی گەرم لە ئێوەو گەلی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین.

لەم بۆنەیەدا جێگای خۆشحاڵیە کە هونەرمەندی گەورەی میللەتەکەمان کاک شڤان پەروەر ئەمڕۆ لە تەلاری پەرلەمان لەگەڵمانە، بەخێر هاتنی گەرمی دەکەین.

بێگومان پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستان دەسکەوتێکی زۆر گرنگ و مەزنی ڕاپەڕینی

شکۆداری خەڵکی کوردستانەو لە ئاکامی خەباتی بێ وچانی گەلی کورد بە رابەرایەتی بارزانیی نەمرو بەخوێنی گەشی هەزاران رۆڵەی قارەمانی ئەم گەلە هاتۆتە دی.
لەم نۆ ساڵەی رابردوودا پەرلەمان رۆڵی سەرەکی بینیوە لە دارشتنی بناغەو چوارچێوەی یاسایی بۆ کارو چالاکی یەکانی حکومەتی هەرێم، هەر بۆیەش گیروگرفتی زۆری هاتۆتە پێش و هەردەم پەرلەمان و ئەندامانی هەدەفی نەخشەو پیلانی دوژمنان بوونە. لەم پێناوەشدا پەرلەمان چەندین کەسایەتی گرنگی خۆی لە دەست داوە وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد شەهید فەرەنسۆ هەریری و عثمان دزەیی و سیروان نەورۆلی و فرەنسیس شابۆ، بەڵام خۆشبەختانە سەرەرای ئەو هەموو پیلان و گرفتانە ئەندامانی پەرلەمان سەرکەوتووانە دریژەیان بەکارو چالاکی خۆیان داوەو توانیویانە بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ بن.
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی پەرلەمان و گشت شەهیدانی کوردو کوردستان و سەرەوری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو.
بێگومان هەمووما‌ن پاڵپشتی پەرلەمانین، جەماوەری کوردستان پاڵپشتی پەرلەمانە، بەڵام لە نزیکەوە دەزانم ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر خەمخۆرو پاڵپشتی پەرلەمان و ئایندەی ئەم ئەزموونەیە سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی یە.
مایەی شانازی یە کە هاوکات لەگەڵ تێپەربوونی ٩ ساڵ بەسەر دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستاندا، پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان لە ٢٦ی گولانی رابردوودا سەرکەوتووانەو لە بارودۆخێکی ئارام و دیموکراتی و بەشێوازێکی زۆر رێکو پێک ئەنجام درا کە مایەی رەزامەندی و پەسند کردنی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان بوو، جەماوەری کوردستان بە ژمارەیەکی زۆرو بە حەماسەتێکی بەرزەوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان روویان لە بنکەکانی هەڵبژاردن کرد کە ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی تێگەیشتن و پێگەیشتنی میللەتی کوردە، جگە لەوەش هەڵبژاردن دەسەڵاتێکی تری دا بە میللەتەکەمان بۆ ئەوەی کاروباری شارەوانی لە رێگای نوێنەرانی خۆیەوە بە شێوازێکی شارستانی بەرێوە بیات.
شان بە شانی هەڵبژاردنی شارەوانی چەندین کۆنفرانس و کۆرو کۆبوونەوەی هەمەجۆر لە چەند مانگی رابردوودا سازکراون، هەروەک کۆنفرانسی خوێندنی باڵا و کۆنفرانسی کاروباری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی تەندروستی و کۆنفرانسی پەروەردە، کە ئەمانە زیندوویەتی کۆمەڵگەی کوردەواری دەسەلمێنن و دەبنە مایەی پەروەردە کردن و بەرەو پێش بردنی کەسایەتی کوردستانی لە هەموو روویەکەوە.
ئەم چالاکی یە کۆمەڵایەتی و زانستیانە هاوشانن لەگەڵ بەرێوە چوونی پرۆسەیەکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی کوردستان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان کە ئەنجامی بەرچاوی لێ بەدی هاتووەو هەموو لایەک هەستی پێ دەکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ ئەوەی باری ئابووری خەڵکی کوردستان بەرەو پێش ببات. هەر لەم روانگەیەوە یارمەتی خانەنشینی بۆ ئەو خانەنشینانەی کە لە دەرەوەی هەرێم مووچە وەردەگرن دابین کراوە و هەنگاوی پێویست بۆ کرینەوەی بەروبوومی جووتیاران دەستی پێ کراوە. هەروەها لەسەر راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بریار دراوە ئەو خانووانەی کە گرفتی تاپۆیان هەیە لە هەندێک لە گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر چارەسەر بکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم پرۆژەیەک ئامادە دەکات و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی دەکا.

هەروەها بابەتی زیاد کردنی مووچەی کارمەندانی کەم دەرامەتی حکومەت لە ژێر دیراسەتدایە.

لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانین جارێکی دیکەش ئاماژە بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بکەین کە زەمینەیەکی لە باری رەخساندووە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زیاتر بە هاووڵاتیان.

دووبارە پیرۆزباییتان لێ دەکەین. هەر شاد و سەرکەوتووبن.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز جەنابی کاک سامی عەبدولڕەحمان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەکەین بۆ وتارە بەنرخەکەی، دووبارە بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بارزانی ئەکەین هەروەها هەموو میوانە بەڕێزەکان بە تایبەتیش هونەرمەندی کوردستان کاک شڤان پەروەر کە ئیمرۆ بۆ یەکەمین جار لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەیە، لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێ، تکا لە بەڕێزان دەکەم بفەرموون بۆ هۆڵی پەناگیری بۆ پشوودان.

| | |
|---|---|
| **فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا** | **د. رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی ـ عێراق** | **کوردستانی ـ عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٥

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/٦/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی(٥/٦/٢٠٠١) ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە دوانزە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارەدوانزەی)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٥/٦/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ لەسەر پرۆژەی سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ناوخۆ.

٢ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ لەسەر پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە موعامەلەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە لە قەزای زاخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاک فاضل میرانی دەکەم. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵە. ١ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ لەسەر پرۆژەی سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ناوخۆ.

٢ـ بەرچاوخستن وگفتوگۆ لەسەر پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە موعامەلەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە لە قەزای زاخۆ.

بڕیار وایە بۆ خاڵی دووەمیش بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزاریش ئامادە بێت، هیوا دارین تا دەگەینە ئەو خاڵە ئەویش بگات.داوا لە ئەندامانی لیژنەی یاسایی دەکەم کە ئەندامێکیان بفەرمووێتە سەر سەکۆ، کاکە ڕەش نەقشبەندیش بابفەرموێ بۆ وەڵامدانەوەی تێبینیەکان. سەبارەت بەو پرۆژەیە لیژنەی دارایی دەتوانن هەر لە شوێنی خۆیان بەدواداچوونی تێبینیەکان بکەن، سەبارەت بە خاڵی دووەم لەوانەیە بە جۆرێکی تر بێت.فەرموون

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة/ ١ من المادة/ ٥٦ من القانون رقم/ ١ لسنة ١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ( / /٢٠٠١) اصدار القانون الآتي:

قانون التعديل الثالث لقانون وزارة الداخلية

رقم(٩)لسنة ١٩٩٣لاقليم كوردستان العراق

**المادة الاولى:**

استحداث مديرية عامة(المديرية العامة لشرطة المرور)يترأسها مدير عام لاتقل رتبته عن رتبة عقيد شرطة ترتبط بوزارة الداخلية.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:

تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر ئەم ماددەیە بەم جۆرەیە: زیادكردنی وشەی (بأسم) بۆ پێش(المديرية العامة لشرطة المرور)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(يراسها)دەبێتە (يترأسها)، لیژنەی ناوخۆ هیچ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز حسین علی كمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی ناوخۆ كۆبونەوەی خۆی كردو تێبینیەكەمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم(ك/٢٣)في ٢٠٠١/٥/١٩

اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية اليوم لدراسة ومناقشة مشروع قانون التعديل الثالث لقانون وزارة الداخلية رقم(٩)لسنة ١٩٩٣ وبعد دراسته تم تأييد مشروع التعديل الثالث لكونه يساهم في تنظيم وتسهيل وتحسين وتطبيق القوانين ذات العلاقة بالمرور وهو في المحصلة يخدم المواطنين في الاقليم ويتماشى مع التطوير الحاصل في عاصمة الاقليم الآن.

*وتقبلوا فائق التقدير والاحترام*

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ هیچ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز فاضل میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لە اسباب موجبە، ئێمە پشتگیری تێبینیەكانی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان دەكەین ،چونكە لە نێوان مرور و وەزارەتی ناوخۆ بازنەیەک هەبوو بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێمی كوردستان، ئەم بازنەیە زیاتر بەربەستی لە ڕێگای كارەكانی هاووڵاتیان دروست دەكرد، و فرمانەكان بە شێوەیەكی راستەو خۆ نەدەگەیشتە مرور، بە تایبەتی ئەمڕۆ مرور فەرمانگەیەكی ئەمنی و خزمەتگوزاریە لە یەک كاتدا لەكوردستاندا هەم لایەنە ئەمنیەكەی و هەم لایەنە خزمەتگوزاریەكەی، بۆیە پێشنیارمان هەر ئەوە بوو كە بەڕێوەبەرایەتیەكی گشتی بۆ مرور لە هەرێمی كوردستان دروست بێت و راستەوخۆ بە وەزارەتی ناوخۆ بەسترابێتەوە، بۆ ئاسان كردنی ئیش و كاری هاووڵاتیان لە رووی ئەمنی و خزمەتگوزاریەوە لە ڕێگای ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە لەسەر زیاد كردنی وشەی (باسم)؟ نییە. ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بكەنەوە تاكو ناونووسیان بكەین. مامۆستا مەلا هادی فەرموو

**بەڕێز مەلا هادی كوێخا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،**

لە ماددەی یەكەم نووسراوە(استحداث مديرية عامة(المديرية العامة لشرطة المرور)) بكرێتە (استحداث مديرية عامة باسم مديرية المرور العامة)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاک رەجەب شعبان فەرموو

**بەڕێز رجب شـــــــعـــــــبـــــــان:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن،**

لە جیاتی (یراسها)بکرێتە (یدیرها) لەبەر ئەوەی بەرێوەبەرایەتیە، لە زمانی عەرەبی جوانتر دێت ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جـــــــەمـــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری دەخوێنمەوە

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/مشروع تعديل قانون وزارة الداخلية

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا في١٦/٥/٢٠٠١ ظهراً لدراسة ومناقشة مشروع تعديل قانون وزارة الداخلية وندرج ادناه ملاحظاتنا وتوصياتنا حسب الاكثرية:

١- إنه ليس التعديل الاول لقانون وزارة الداخلية حيث سبق وأن تم فك مديريات الدفاع المدني من هذه الوزارة ثم ربطها بوزارة البلديات والسياحة.

٢- في ديباجته أخطاء لغوية من الضروري تصحيحها الى(ماعرضه وزير الداخلية ووافق عليه مجلس الوزراء لإقليم كوردستان العراق).

٣- المادة الاولى أن تقرأ المديرية العامة المستحدثة بأسم(المديرية العامة لشرطة المرور) وكذلك في المادة الثانية.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

هەموو راپۆرتەکە بخوێنەوە لەبەر ئەوەی بۆ ئێمە نەهاتووە.

**بەڕێز جـــــــەمـــــــیل عـــــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن،**

٤- المادة الثانية: تقديم الفقرة(٢)الى الفقرة(١).

*هذا ولكم الامرمع التقدير*

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ هەر سێ بۆچوونەکە.

**بەڕێز کــــاکــــەرەش نـەقــــشــــبــــەندی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن،**

سەبارەت بە تێبینیەکەی کاک رەجەب،(یدیرها ) تا رادەیەک لەوانەیە باشتر بێت،(یراسها )ش دەبێت و لەیاسادا هاتووە،ئیمە وەکو لیژنەی یاسا لاریمان نییە ببێتە یدیرها.سەبارەت بەوەی کاک جەمیل فەرمووی ناونیشان هەموو کاتێ پێش دەکەوێت نەک بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە دروست کەیت و ئەوجا صفەتەکەی بدەیێ، وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرە، ئەوەیش وەکو ئەوانی تر بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ دەبێت. خۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە بۆ لایەنێک یان کۆمەڵێک دەکرێت ئەویش ناویان لە پێشەوە هاتووە ، بە رای من وەکو خۆی کە هاتووە زۆر باشە و هیچ عەیبی نییە، خۆی دیباجەکەش لە بنەڕەتدا چاککراوەتەوە، کە خوێندمانەوە چاکمان کردەوە، بە چاککراوەیی خوێندرایەوە، بەو هەڵە چاپیانە نەخوێندراوەتەوە،ئەگەر برادەران تێبینیان کردبێت.سوپاس

**بــەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن:**

تێبینی تر هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جــــەمــــیـل عــــەبدی سندی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن،**

راستە لە وەزارەتی ناوخۆ زۆر شت وا هاتووە وەکو بەڕێز کاکەرەش فەرمووی، لە بنەڕەتدا بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، لەبەر ئەوەی مروری گشتی هەیە یان مروری نەخشەدانان هەیە ، زۆر جۆری مرور هەیە، خۆی ئەو استحداثە بۆ ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتی بۆ مرور دابندرێ بۆ سەر ئەو بەشانە، لەبەر ئەوە چاکتر وایە بکرێتە(المديرية العامة لشرطة المرور) ئەوە زۆر لەو بەشانە دەگرێتەوە ، سوپاس

**بــەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کــــاکــــەرەش نـەقــــشــــبــــەندی:**

**بــەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن،**

باشە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوو چۆ چی لێ بکەین ؟ئەویش بلێین بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس، یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامە ، وەکو هەر دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بە ناونیشانی خۆیان هاتوون، بە مەعقولی نازانین لاری بکەینەوە (مديرية الشرطة العامة)زۆر سروشتی یە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز فاضل میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

کۆمەڵێ مامۆستا لێرەن و عەرەبی زانن، من دەڵێم صیفەتەکە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکە دەگەڕێتەوە و بەس، لەبەر ئەوەی( مدیریة) ئەگەر مضاف بوو (مضاف الیه) کەی مرکب بوو (عامة)دەخرێتە دوای (مدیریة)تەکە مباشرة،ئەگەر مضاف الیه مرکب نەبوو (لا اکثر من اسم واحد )ئەو کاتە عامەکە دەچێتە دواوە (المدیریة العامة لشرطة المرور)من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، وەک (مدیریة الزراعة العامة)یان(المدیریة العامة للالبسة الجاهزة)بە دیدی من بارێکی لوغەوی هەیە، لەوانەیە مامۆستایان لەمن باشتر بزانن، من پشتگیری ئەوە دەکەم (المدیریة العامة لشرطة المرور) لەبەر ئەوەی (شرطة المرور) ناوێکی مرکبە مضافەکەی مدیریە یە لەبەر ئەوە دەبێ صفەتەکە بۆ مدیریەتەکە بێت، لێرەدا دەبێ پێش بکەوێ، بەڵام لە ناوی تاک دەبێ لە دواوە بێت، لەبەر ئەوە دارشتنی لوغەوی وا باشترە. جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوەبەری فەرمانگە هەیە، بە تایبەتی لە بابەتی سەربازیەوە زیاتر یتراسها دەبێ لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکان بە شێوەی تاک دەدرێ، بۆیە یتراسها باشترە لە یدیرها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ، بۆچونەکەی ڕاستە، هەر بۆ دڵنیایی لە مامۆستا مەلا تاهیریش دەپرسین ، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

پشتگیری ڕای جەنابی کاک فاضل دەکەم وەکو دەڵێن(حمامة جرعی حومة الجندل اسجعي)کە دوو اضافە لەنێواندا بێت ئەوە نابەلیغ دەبێت ئەوەی کاک فاضل تەواوە، ڕای کاک جەمیل زۆر ڕێکە، ئەوەی تر وەکو جەنابتان گوتتان یتراسها باشترە لە یراسها ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسایی لاریان نەبێ ئەوانە دەخەینە سەری، هەر بۆ کورت کردنەوە لەپێشدا ئەو هەڵانە چاک دەکەینەوە(بناءاً علی ماعرضه وزیر الداخلیة و وافق علیه مجلس وزراء اقلیم کوردستان العراق)الوزراء نابێت. یاسای یەکەم هەموار کردن نییە سێیەم هەموارکردنە، لە ماددەی یەکەم کە پێویستی بە دەنگ دان هەیە، ماددەی یەکەم بەم شێوەیە دەبێ:

المادة الاولی:

تستحدث مديرية عامة باسم (المديرية العامة لشرطة المرور)يترأسها مدير عام لاتقل رتبته عن رتبة عقيد شرطة ترتبط بوزارة الداخلية.
جارێكی تر بیخوێننەوە تاكو بیخەینە دەنگ دانەوە

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیـدەری:**
المادة الاولى:
تستحدث مديرية عامة باسم (المديرية العامة لشرطة المرور)يترأسها مدير عام لاتقل رتبته عن رتبة عقيد شرطة ترتبط بوزارة الداخلية.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**
كێ ماددەی یەكەم بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ ماددەی یەكەم بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا .

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیـدەری:**
المادة الثانية:
تعدل المادة الرابعة من القانون رقم(٩)لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كالآتي:
١ـ اضافة المديرية العامة لشرطة المرور الى المديريات العامة الواردة ذكرها في المادة الرابعة من قانون وزارة الداخلية رقم(٩)لسنة ١٩٩٣واعتبارها الفقرة(٧)من المادة اعلاه.
٢ـ فك ارتباط مديريات شرطة المرور في المحافظات عن مديرية الشرطة العامة وربطها بالمديرية العامة لشرطة المرور مع كافة تشكيلاتها.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**
رای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە تكایە.

**بەڕێز حـــــســین عـلـی كـــــمـــــال:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن،**
رامان لەسەر ماددەی دووەم بەم شێوەیەیە: ٢ـ ئاڵوگۆڕ كردنی جێگای برگەی (١) و(٢) لە مادەی دووەمی پڕۆژەكە. واتە برگە(١) دەبێتە (٢) و برگە (٢)دەبێتە (١).

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**
لیژنەی ناوخۆ تێبینیتان لەسەر هەیە؟

**بەڕێز حـــــســین عـلـی كـــــمـــــال:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن،**
لەگەڵ ناوەرۆكی ماددەكەین .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

هەر وەک لە بڕگەی چوارەمی ڕاپۆرتەکەماندا هاتووە، بڕگەی (١) و(٢) شوێنەکانیان ئاڵوگۆر بکرێت.خاڵی دووەمیش(المديرية العامة لشرطة المرور) هەروەکو دەنگدانی لەسەر کراوە وا جێگیر بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونوسیان بکەین، دیارە تێبینی نییە، لیژنەی یاسا لەم بارەیەوە چی دەڵێ؟

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن،**

تەنها شوێنی بڕگەکان بگۆڕدرێ ، ئەوەی تر هەر وەک کاک جەمیل ئاماژەی بۆ کرد چۆن دەنگدانی لەسەر کرا ئەوها جێگیر بکرێ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری ناوخۆ رەخنەی لەسەر ئاڵوگۆڕەکە هەیە؟ نییە.

کەواتە بەو شێوەیەی کە ئێستا دەتانەوێ بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

ئێستا بڕگە یەک بە بڕگە دوو دەخوێنمەوە و بڕگە دوو بە بڕگە یەک دەخوێنمەوە

المادة الثانية:

تعدل المادة الرابعة من القانون رقم(٩)لسنة ١٩٩٣ وتقرأ كالآتي:

١- فك ارتباط مديريات شرطة المرور في المحافظات عن مديرية الشرطة العامة وربطها بالمديرية العامة لشرطة المرور مع كافة تشكيلاتها.

٢- اضافة المديرية العامة لشرطة المرور الى المديريات العامة الواردة ذكرها في المادة الرابعة من قانون وزارة الداخلية رقم(٩)لسنة ١٩٩٣واعتبارها الفقرة(٧)من المادة اعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ ئەو ماددەیە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دیارە نییە. ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە؟ دیارە نییە. ئەو ماددەیەش دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ ماددەی چوارەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە؟ حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من (وينشر في جريدة وقائع كوردستان ) زیاد بکرێ باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای دیباجەی ئەو پرۆژەیە بکەین کە لە ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، ئەوان وای دادەنێن کە اقرار کردنی لەناو پەرلەمان مێژووی دەرچوونیەتی، خۆی لە راستیدا مێژووی تشریعە،اصدار پاش تشریع دێت، جا بە پێی کات لەوانەیە بە یەک رۆژ بێت یان بە دە رۆژ بێت، لەبەر ئەوە تاکو توشی ئەو اشکالە نەبین ، وەکو بنەمایەکی گشتی لە هەموو یاسایەکدا بکرێتە (من تاريخ

نشـره) له رۆژنامەی رەسمیدا، بڵاو کردنەوەش دوا ناکەوێت لەوانەیە سێ یان چوار رۆژێک دوا بکەوێ، لەبەر ئەوە من وا پێشنیار دەکەم ماددەی پێنجەم ببێتە(ینفـذ هذا القـانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان)سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ لاریتان هەیە؟ نییە. جەنابی وەزیری ناوخۆ؟ئەویش لاری نییە. کەواتە بەو شێوەیەی کە پێشنیارتان کرد بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شـێروان ناصح حـەیدەری:**

**المادة الخامسة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ ماددەی پێنجەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەکە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

ئێستا هەموو پرۆژەکە دەخەینە دەنگ دانەوە، کێ هەموو پرۆژەکە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات ؟ پرۆژەکە بە تێکڕای دەنگ وەرگیرا. خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارمان تەواو بوو.

بۆ خاڵی دووەم داوا لە کاک جەمیل دەکەین بفەموویتە سەر سەکۆ، لیژنەی یاسایی بریارەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شـێروان ناصح حـەیدەری:**

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة/ ١ من المادة/ ٥٦ من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم/ ١ لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه مجلس وزراء اقليم كوردستان.

قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتأريخ(   /   /٢٠٠١) اصدار القرار الآتي:

**المادة الاولى:**

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لكونها مشمولة باحكام قانون الاصلاح الزراعي رقم/ ١١٧ لسنة/ ١٩٧٠ عدا المعاملات المسجلة باسم الدولة.

**المادة الثانية:**

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لعدم استيفائها الشكل القانوني المنصوص عليه في قانون التسجيل العقاري رقم/ ٤٣ لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة من قبل محكمة تمييز اقليم كوردستان.

**المادة الثالثة:**

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو وتتولى لجان الاراضي والاستيلاء المشكلة بموجب قانون رقم/ ١١٧ لسنة ١٩٧٠ تثبيت الحقوق فيها حسب احكام قرار رقم/ ٧٠٢ لسنة ١٩٧٣.

**المادة الرابعة:**

تشمل تسمية العقار الواردة في متن المواد/ ٤٣ مكرر ق ٣/٥١ مكرر و (٥٦) من قانون التسجيل العقاري رقم/ ٤٣ لسنة ١٩٧١ ـ المعدل ـ الاملاك الصرفة الواقعة داخل حدود البلديات حصراً.

**المادة الخامسة:**

تشكل لجنة من ممثلي وزارات العدل، الزراعة والري، البلديات والسياحة، الاوقاف والشؤون الاسلامية، المالية والاقتصاد برئاسة حاكم لتدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها وتكون قراراتها باتة.

**المادة السادسة:**

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**المادة السابعة:**

على مجلس وزراء اقليم كوردستان تنفيذ هذا القرار.

**المادة الثامنة:**

يعمل بهذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن،**

ئەوەش دەقی رای لیژنەی یاساییە لەسەر پرۆژەكە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر شەرحێكی مەوزوعەكە بكرێت باشترە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشەكی دەیخوێنمەوە دوای ئەوە شەرحی دەكەم

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق/مكتب السيد الرئيس

م/ رأي اللجنة

اشارة الى كتابكم المرقم(ك/١٠)في ١٤/٤/٢٠٠١ عقدت لجنتنا اجتماعها الاعتيادي للنظر في مشروع القرار الخاص بالتسجيل المجدد ضمن قضاء زاخو وبعد الدراسة والمناقشة وتبادل وجهات النظر توصلنا الى ماهو آت من الملاحظات والمقترحات.

١- نقترح اعادة صياغة المادة الاولى من المشروع وتقرأ كالآتي:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بالنسبة للاشخاص الطبيعيين لكونها غير مشمولة باحكام التسجيل المجدد الوارد في قانون التسجيل العقاري رقم(٤٣)لسنة ١٩٧١المعدل لكونها خاضعة لاحكام قانون الاصلاح الزراعي النافذ في الاقليم.

٢- نقترح إعادة صياغة المادة الثانية وتقرأ كالآتي:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على العقارات والاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم(٤٣)لسنة ١٩٧١ويستثنى من ذلك المعاملات المصدقة من قبل محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق.

٣- نقترح إعادة صياغة المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية المملوكة للدولة داخل حدود البلديات الواقعة ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو.

٤- ليست لدينا ملاحظات على المادة الرابعة من المشروع.

٥- نقترح إعادة صياغة المادة الخامسة لتكون بفرعين وتقرأ كالآتي:

أ- تشكل لجنة برئاسة حاكم وعضوية ممثل عن كل من وزارات الزراعة والري والبلديات والسياحة والاوقاف والشؤون الاسلامية والمالية والاقتصاد ووزارة العدل. للنظر في تدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها في دائرة التسجيل العقاري وتكون قراراتها خاضعة للطعن لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق خلال مدة ثلاثين يوماً اعتباراً من تاريخ صدور القرار عن هذه اللجنة ويكون قرارها باتاً.

ب- تختص اللجنة المشكلة في الفقرة(أ)اعلاه بالنظر في المعاملات الواردة في المادتين الثانية والثالثة من هذا القرار.

٦- نقترح اضافة مادة جديدة الى المشروع وتصاغ وتقرأ كالآتي:

تعفى معاملات التسجيل المجدد من رسوم التسجيل العقاري بالنسبة للمعاملات المصدقة والمستوفية للشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القرار. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسا تکایە لیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رای لیژنەی دارایی دەخوێنمەوە.

المجلس الوطني لكوردستان العراق

اللجنة المالية والاقتصادية

رقم: ج/٨

تاريخ: ١٨/٤/٢٠٠١

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قرار التسجيل المجدد في زاخو

تحية واحتراماً:

كتابكم المرقم ك/١٠ في ١٤/٤/٢٠٠١ والمرفق به مشروع قرار الغاء التسجيل المجدد في زاخو..

وبعد عمل ميداني اجتمعت لجنتنا هذا اليوم ١٨/٤/٢٠٠١ ظهراً للمناقشة والنظر في المشروع.. وقد ظهر لنا بأنه قبل سنة تم تشكيل لجنة خاصة في وزارة العدل برئاسة حاكم وعضوية مدير عام التسجيل العقاري لتدقيق معاملات التسجيل المجدد ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو للفترة من آذار/١٩٩١ وبعدها.. وقد قامت هذه اللجنة بفرز المعاملات الغير القانونية والمجحفة وهي بحدود (٤٥) معاملة وتقدر قيمتها بمئات الملايين من الدنانير وتتطلب ضرورة ابطالها وتسجيلها بأسم بلدية زاخو وكذلك فرزت المعاملات الناقصة والتي تتطلب تكملتها من الناحية القانونية والمعاملات الاخرى الصحيحة والمطابقة للقانون والنظام والعدالة والتي لا غبار عليها.

لذا تقترح لجنتنا مفاتحة وزارة العدل من قبل رئاسة البرلمان الموقرة لتزويدنا بمحضر قرار تلك اللجنة الخاصة المذكورة اعلاه والجداول المرفقة بها حتى يتسنى لنا دراستها بشكل افضل وتستعيد البلدية والخزينة حقوقهما بشكل عادل وحتى لا يشمل الالغاء المعاملات القانونية والنظامية ايضاً ولا نجحف بحق احد.

هذا ولكم الامر مع فائق التقدير

جميل عبدي السندي

رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی هیچ تێبینی هەیە؟. وادیارە هیچ تێبینی نییە، ئەمە پارەیە (مئات ملايين دينارە).

**بەڕێز سەرکیس اغاجان مامندو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پرۆژەکەی خۆمان دەکەین وەکو حکومەتی هەرێم وەزیری شارەوانیش لەوانەیە هەندێ تێبینی هەبێت لەسەر ئەم بابەتە بەڵام ئێمە وەکو حکومەت بەرگری لە پرۆژەکەی خۆمان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە مامۆستا مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی بابەتەکە گرنگەو بەرای منیش پەیوەندی بە سێ وەزارەتی گرینگ هەیە: ١ـ وەزارەتی داد ٢ـ وەزارەتی شارەوانی، ٣ـ وەزارەتی دارایی و، بەڕێز وەزیری دارایی ئامادەیە، بەڵام من پێشنیار دەکەم دوا بخرێت تا وەزیری دادو شارەوانی ئامادە دەبن بەرێکوپێکی بابەتەکە زیاتر دیراسەت بکرێت چونکە بڕیارەکە پەیوەندی بە (حقوقی عام و خاص)ەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش دوای ئیزنی برادەران داوای دواخستن دەکەین چونکە پەیوەندیی بە وەزارەتی داد هەیە ئەو فەرمانگایانە کە پێی هەستاون سەر بە وەزارەتی دادن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارە؟ د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر پیشنیارەکە نییە لەسەر مادده هەیە ببورە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ نەهاتووینە سەر مادده لەسەر پێشنیارەکە قسە دەکەین، ئێستا وەزعەکە وایە دیارە بابەتەکە گرینگە و بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆئەوەی بە دیقەت هەموو لایەک ئاگادار بن لە مەوزوعەکە

بەتایبەتی لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی دادو شارەوانییە بە پلەی یەکەم دادیش وەکو ئاگادریشم هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە بە ڕێگاوەن لەبەرئەوە پشوویەک دەدین بۆ ماوەی چارەکێک دوای ئەوە دەست بەدانیشتن دەکەینەوە، سەعات یانزەو چارەک دادەنیشین.

**دوای پشوو**

بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی دووەهەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەی بڕیاری تایبەت بە موعامەلەکانی سەر لەنوێ تۆمار کردنەوە لە قەزای زاخۆ.

بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری دادو وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار دەکەم بۆ بەشداربوون لەم دانیشتنەدا هیوادارم دانیشتنەکەو گفتوگۆکە دەوڵەمەنتر بکەن. دەیخەمە بیرتان کە مەوزوعەکە لەلایەن لیژنەی یاسا خوێنرایەوە، هەروەها رای لیژنەی یاساو دارایی خوێنرایەوە وەزیری دارایش پشتگیریی لە پڕۆژە ئەسڵیەکەی حکومەتی هەرێم کرد.

ئینجا ئەگەر بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی شەرحێکی مەوزوعەکەمان بۆ بکات کە مەوزوع چیبەو، ئەو پێشنیارانەی کە کران چین لەوانەیە سوود بەخش بێت فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادەردەکەوێت کەوا ملاحظیەتی تشجیل عقاری زاخۆ قیودی تاپۆکانی هەمووی سوتاوە کە سووتێنرا دەبێت دووبارە ئەو زەوییانە هەمووی تۆمار بکرێنەوە بە (ڕێگای تسجیل مجدد) بەپێی یاسای (٤٣)ی تسجیلی عەقاری ساڵی ١٩٧١ تسجیل بکرێتەوە دووبارە وادیارە هەندێک گرفت دروست بووە یان هەندێک قەزایای وا کە هەندێک خەڵک ئیدعای هەندێک زەوی کردووە، ئەو زەوییانە خەزینەی حکومەت و خەڵکێکی زۆر تێیدا زەرەرمەند بووە بۆیە حکومەتی هەرێم بیری لەوە کردۆتەوە کە پڕۆژەیەکی ئامادەکردووە ئەو پڕۆژەیەی ناردووەتە ئێرە بۆئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکەین چونکە ئەگەر زەوییەکان بەو شێوەیە بڕوات لەوانەیە بکەوێتە دەست خەڵکانێک کە خاوەنی ئەسڵی زەوییەکان نەبن و، زەوییەکانی زاخۆش هی تسجیل عەقاری بریتین لە سێ شێوە زەوی زەوی؛ کشتوکاڵی هەیە لەدەرەوەی سنووری شارەوانی زەوی، هەیە لە زمنی سنووری شارەوانی ئەویش بە دوو شێوەیە یان موڵک سرفە یان زەوی کشتوکاڵی یە (املاك للدولة مثقلة بحق التصرف) ئەوانەی (مثقل بحق التصرف) بەپێی بڕیاری پەرلەمان بە شێوەی کۆتایی إکتفا دەکرێ کە لە (٨٪)یان دەدرێتێ بەس لەبەرئەوەی ئێستا هیچ قەیدەکانی دیار نییە دەبێت دووبارە تسجیل بکرێنەوە. حکومەت پێشنیاری کردووە بۆئەوەی خەڵک مەغدور نەبن ئەو قەیدانەی کە ئێستا لە ڕێگای تسجیل مجدد کراون زۆر بە هەڵە کراون، ئەو قەیدانە لەغو بکرێن، دووبارە داوای کردووە لیژنەیەک تشکیل بکرێت ئەو لیژنەیە تدقیقی ئەو مامەڵانە دووبارە بکاتەوە ئەوەی بە پەسندی دەزانێ ئەوەی دەزانێ کە ڕاستە و هی خاوەنەکەیەتی بدرێتە تسجیل عەقاری بۆ ئەوەی تۆمار بکرێن و موسادەقەیان لەسەر بکات، لە هەمان کات ئێمە لێرە

له لیژنەی یاسا گوتمان نەوەک خەڵکانێک هەبن هەست بە مەغدوریەت بکەن دەسەڵاتمان دا خەڵکەکە لە خلالی ( ٣٠ ) رۆژ لە مێژووی دەرچوونی بڕیارەکە موراجەعەی دادگای تەمییز بکەن ئەگەر بینییان مەغدوریەتەک هەیە. بەو شێوەیە بەرای ئێمە لە تواناداا هەیە چارەسەری کێشەکە بکرێت ئەگەر نا بەو شێوەیەی کە وەکو خۆی بمێنێتەوە خەڵکەکە کۆنترۆڵی هەندێک زەوی کردووە هەر لە ئەسڵدا زەوی شارەوانی یان زەوی حکومەت بووە لەوانەیە زەوی خەڵکانێکی تر بێت نەتوانن قسە بکەن، بۆیە بەرای ئێمە ئەو پرۆژەیەی لەلایەن حکومەت هاتووە ئێمە هەندێ دەستکاریمان کردووە کە جەوهەری نین بەڵکو مەسائیلی تەوجیهی یە کە رێگا بدۆزینەوە بۆئەوەی چۆن چارەسەر بکرێت، ئەگینا ئێمە لە لیژنەی یاسا دەستکاری ئەسڵی پرۆژەی یاسای حکومەتمان نەکردووە، تەنیا روونمانکردۆتەوە کە چۆن چارەسەر دەکرێت، بەرای ئێمە ئەگەر پرۆژەکە بەو شێوەیە بڕوات پرۆژەکە سەرکەوتوو دەبێت و خەڵکەکەش دەگاتە مافی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئیستا مادده بە مادده بخوێنرێتەوە، بۆئەوەی گفتوگۆی بکەین.

فەرمو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لكونها مشمولة باحكام قانون الاصلاح الزراعي رقم/ ١١٧ لسنة/ ١٩٧٠ عدا المعاملات المسجلة باسم الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا لەسەر مادده یەک.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە بەو شێوەیەیە:

١- نقترح اعادة صياغة المادة الاولى من المشروع وتقرأ كالآتي:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بالنسبة للاشخاص الطبيعيين لكونها غير مشمولة باحكام التسجيل المجدد الوارد في قانون التسجيل العقاري رقم(٤٣)لسنة ١٩٧١المعدل لكونها خاضعة لاحكام قانون الاصلاح الزراعي النافذ في الاقليم.

ئێمە ئەمەمان تحدید نەکرد بە یاسای (١١٧) بەتەنیا، چونکە کۆمەڵێک یاسای اصلاح زراعی

دەرچووە بە یاسای ژمارە (٩٠) ئەو زەوییانەی کە لەدەرەوەی سنووری شارەوانین و قیودیان نییە هەمووی بە میری صرف دادەنرێن لەبەرئەوە پێویست ناکات بگوترێت (معاملات مسجلة بأسم الـدولـة)، چونکە معاملات بأسم الدولە نییە لە دەرەوەی سنووری شارەوانی هەموو زەوییەک موڵکی حکومەتە مادام (مثقل بحق التصرف) نەبێت، ئینجا ئەوانە (مثقل بحق التصرف) نین تەنیا ئەو کەسانە ئیدعای حەقێک دەکەن دەتوانن داوا بکەن لە لیژنەکانی زەوی بڵێن ئەو زەوییانە لەژێر تەسەروفی ئێمەدایە ئەوەندە ساڵە پێش دەرچوونی قانونی اصلاح زراعی لیژنەکانی اراضی و استیلاء تەسبیتی حەقی تەسەروفی بۆ دەکرێت لە زمنی وحداتی توزیعی ئەو ناوچەیە لەوانەیە وحداتی توزیع لە ناوچە دێمییەکان (وافرة الخصوبة) تا (١٢٠) دۆنم بوار هەیە بەنیسبەت هەر کەسێک تەسبیتی حەقی تەسەروفی تێدا بکرێت، لەبەرئەوە حەسرمان نەکرد بە قانونی (١١٧) بەتەنیا هەموو یاساکانی (اصلاح زراعی نافذ) بەکامەی لە توانادا هەیە چارەسەر بکرێت چارەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە (اشخاصی طبیعی) دەوڵەت ناگرێتەوە غەیری حکومەت دەگرێتەوە واتا تەعبیری لەوەش کردووە (مسجله بأسم الدوله).

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا زۆر لە جێگای خۆیەتی، بەڵام لێرەدا بە موتلەقی هاتووە، معاملەی تسجیل مجدد لە زاخۆ بکەن هەیە لە ساڵی ١٩٥٠ یان ١٩٦٠ کراوە لەبەرئەوە ئەو ئیشکالە پەیدا بووە لەو معاملە تسجیل دەکرێت کە لە ١/ی ئاداری ١٩٩١ و بەملاوە ئەگەر ئەوە روون بکرێتەوە چاکترە ئەگینا بە موتلەقی شمولی هەموو معاملاتی تسجیل عەقاری زاخۆ دەکات، یانی ساڵی ١٩٤٠ بێت ١٩٥٠ بێت ١٩٧٠ بێت خۆی ئیشکالەکە لە ١/ئاداری/١٩٩١ بەملاوەیە ئەگەر ئەوەش روون بێت بە قەناعەتی من چاکترە، بۆچوونی لیژنەی یاسا زۆر لە جێگای خۆیدایە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناتوانین ئەمە دیاری بکەین، چونکە هیچ سجلاتێک نەماوە تاوەکو بزانین کەی ئەمە تۆمار کراوە ئەگینا ئەگەر سجلات بمابایە ئێمە بۆ تووشی (تسجل مجدد) دەبووین، هیچ سجلێک نییە تاوەکو بڵێین ئەوە لە ساڵی چلەکان یان پەنجاکان یان شەستەکان کراوە تەنیا زەوییەک هەیە و کابرا ئیدعای حەقێک دەکات و ئیسپاتی حەقەکەی خۆی دەکات لەبەردەم لیژنەکە لەوانەیە

(صـورة قـيـد )يكێ كـۆنى هەيە لە مـاڵـى خـۆى لەوانەيـە سـەنەدێكى تسـويەى هەيە لـەوانەيە خاقانييەكى سوڵتان عبدالحميدى هەيە ئيسپاتى حەقى تەسەروفى حەقەكەى خۆى پێ دەكات لە پێش ليژنەكانى زەوى تەسبيتى حەقەكەى بۆ دەكرێت و ليژنەكە بڕيارى بۆ دەدات، لەبەرئەوە لە تواناداا نييە حەسرى بكەين، چونكە سجلات نييە، قەيد نييە هيچ دۆسييەك نييە تاوەكو بزانين ئەو زەوييە چۆنە، ئەگەر ئەو دۆسييانە هەبووناية ئەو ئيشكالە نەدەبوو تسجيل مجدد بۆ چييە ئەگەر دۆسيە هەبێت و قەيد مەعلوم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

هيچ تێبينى هەيە لەم بارەيەوە؟.

**بەڕێز جەميل عەبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو ڕوونكردنەوەيە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

بەڕێزان وەزيرى دادو شارەوانى هيچ تێبينى هەيە لەم مەوزوعە؟، نيتانە. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە تێبينييان هەيە لەسەر ماددەى يەكەم دەستيان بەرز بكەنەوە.

مامۆستا مەلا تاهير فەرمو.

**بەڕێز مەلا تاهير زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من تەنها تێبينييەكى بچوكم هەيە لەسەر دابەزينى ماددەكان، مادام بڕيارە حەقە بە (اولاً، ثانياً، ثالثاً) بێتە خوارێ نەك بە ماددە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

من كۆمەڵێك تێبينيم نووسيوە كاتێك لەگەڵ برادەران دانيشتين، ئينجا نازانم برگە برگە بيخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

تەنيا لەسەر ماددە (١).

**د. قـــــاسم مـــــحـــــمـــــد قـــــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دوای ئەوەی لەگەڵ برادەران دانیشتین تێبینیمان بەو شێوەیە بوو:

(ان جميع معاملات التسجيل المجدد التي جرت في اعمال هذه الملاحظية (يان ملاحظية زاخو) والخاصة بقطع الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلدية والمشمولة بقانوني الاصلاح الزراعي (١١٧)لسنة ١٩٧٠ و (٩٠) لسنة ١٩٩٥المعدل والتعليمات الصادرة بموجبهما قد جرت عليها معاملات التسجيل المجدد بموجب احكام القانون رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل وتعليمات رقم (٦) لسنة ١٩٩١ الصادرة من مديرية التسجيل العقاري العامة ببغداد وذلك لاحتراق جميع محتويات الملاحظية اثناء الانتفاضة ولكونها سبق وان جرت عليها اعمال التسوية في حينها وصدرت قرارات التسوية بشأنها واكتسبت الدرجة القطعية بموجب القانونين المذكورين اعلاه)، ئەگەر الغای بکەین ئەوانە هەمووی درجە قطعیان وەرگرتووە و هەمووشیان ماون، ئینجا چۆن لێرە ئیلغا دەکرێن؟، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس بەڕێز کاک سعید فەرمو.

**بەڕێز ســـعـــيـــد مـــحـــمـــد هروري:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دەربارەی مادده یەک دەمەوێ روونکردنەوەیەک بدەم.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەبیرتان نەچێت گفتوگۆ لەسەر مادده یەک لەسەر سیغەی لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز ســـعـــيـــد مـــحـــمـــد هروري:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو معاملانەی کە کراون لە مادده یەک موقاتەعەیەک هەیە ناوی (بیرسڤی)یە: توجد بعض المعاملات التي جرى عليها التسجيل المجدد بموجب تعليمات رقم (٦) لسنة ١٩٩١والتي تقع ضمن مقاطعة قرية (بيرسڤي) كانت هذه الاراضي تعود الى وزارة الاوقاف اصلاً حيث كان صنفها وقفاً صحيحاً خيرياً (غيذة؟) والذي يقابل صنفها ملك صرف وهي اراضي زراعية تحت تصرف الفلاحين بموجب عقود (عقر) وبموجب قرار مجلس قيادة الثورة العراقي المرقم (٣٩٤) في ١٩٨٣/٣/٣٠ تم اطفاء حق العقار وبيعها الى الفلاحين المستغلين لتلك الاراضي من قبل لجنة مختصة شكلت لهذا الغرض مقابل بدلات قدمت للجنة المذكورة وسجلت تلك الاراضي وما يشابهها بأسم الفلاحين ملكاً صرفاً وبعد الانتفاضة واتلاف محتويات دائرة التسجيل

العقاري في زاخو راجع اصحاب القطع المذكورة الملاحظية المذكورة لغرض تسجيلها بأسمائهم واتخذت الدائرة الاجراءات اللازمة وقامت بأجراء معاملة التسجيل المجدد إستناداً الى التعليمات رقم (٦) المشار اليها اعلاه. عليه في هذه الحالة وحسب رأيي انها غير مشمولة بأحكام قانون رقم (١١٧) لانها بالاصل كانت مسجلة بالتسوية.

ئەو ناوچەیە هەمووی تسویە کراوە ئەمەش لەبەرئەوەی دائرەکە سووتا و ئەم خەڵکانە هیچ سەنەدێکیان لە دەست نەماوە، بە گوێرەی ئەم ڕێنماییانە ئەوەی سەنەدی نەبێت حەقە موراجەعەی دائرە بکات بۆ (تسجیل مجدد) لەبەردەم ئەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤٣)ی تسجیل عقاری، تەنیا ئەو تێبینییەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تکایە وەڵامتان.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی (تسجیل مجدد) دەکەین، ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی دەڵێت ئەو هاووڵاتیە قەیدی هەیە کە قەیدی هەبێت مانای وایە تسجیل مجدد ناکرێت، مادام سەنەدەکەی هەیە موڵکەکەی لەغو نەبووە، ئێمە دەڵێین معاملاتی تسجیل مجدد لەغو بکرێت، ئێمە نەمانگوتووە هەموو سەنەدێک لەغو بێت، بەڵام ئەگەر هاووڵاتیەک سەنەدی تسویەی هەیە ئیمە لەغومان نەکردووە، تەنیا ئەو کەسەی کە موراجەعەی کردووە لەسەر ئەساسی تسجیل مجدد بەو پێیەی قەیدی نییە سجلی نییە، بەڵام ئەو کەسەی قەیدو سجلی هەبێت هیچ گرفتی نییە، ئەم هاووڵاتیە سەنەدی هەیەو یەکسەر صورە قیدێکی بۆ دەکرێت مەلەفێکی نوێی بۆ دەکرێتەوە شتێکی زۆر ئاساییە، لەبەرئەوە ئەوەی هەیە لەغو نییە ئەوەیە کە کرایەوە ئەسڵی لەغو نەبووە.

بەنیسبەت ئەوەی کە کاک سعید فەرمووی ئەوانە زەوی وقفن و لە ئەنجامی حەقی (عقر) دراونەتە خەڵکێک ئەوە لە تۆمارەکانی ئەوقافن ئەوانە پێویستیان بە تسجیل مجدد نییە، چونکە لە ئەسڵدا زەوییەکە وقف بووە لە سجلاتی ئەوان ئەساسێک هەیە ئەو کەسانە دەتوانن موراجەعەی ئەوقاف بکەن کتابێک لە ئەوقاف وەربگرن کە کاتی خۆی ئەو زەوییانە هی ئەوان بووە بۆ ئەو لیژنەیەی کە لە زاخۆمان تشکیل کردووە معفوشن لە ڕەسم شتێکی زۆر ئاساییە کە لیژنەکە لەسەر کتابی وەزارەتی ئەوقاف بڕیاریان بۆ دەدات کە ئەو زەوییانە هی ئەوانە کاتی خۆی حەقی (عقر) اکتفا کراوە و تەملیکی ئەو جوتیارانە کراوە ئێستاش ئەو قیودانە هەیە چونکە لە سجلەکانی ئەوقاف هەنە، لەو ڕۆژانە بۆ حاڵەتێکی وا چوومە ئاکرێ تەدقیقم کرد لە سجلاتی ئەوقاف هەبوو لە تاپۆش هەبوو ئەوەی وەقفی (قادری) لە سجلەکانی ئەوقاف تۆمار کرابوون کە ئەمانە وەقفی (قادری)ن، لەبەرئەوە جوتیارەکان دەتوانن موراجەعەی ئەوقاف بکەن بە نووسراوی

ئەوقاف تسجيلی بکاتەوە نەک بە ڕێگای (تسجيل مجدد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە فەرموو کاک سەعید هروری.

**بەڕێز سعيد محمد هروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێنماییەکانی ژمارە (٦) دوو بڕگەی تێدایە دائرەی تسجیل عقاری پابەندە بە ڕێنماییەکان کە بۆی دێت، بڕگەی یەک دەڵێت: ئەگەر سەنەدی هەبێت یان صورە سجل هەبێت ئەوە هەمان لیژنە معاملەی تەئییدی بۆ دەکەن، بڕگەی دووەم دەڵێت ئەگەر سەنەدی تاپۆ نەبێت یان هیچی نەبێت ئەوە مافی هەیە معاملەی مجدد بکات بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی دەقەکەی هەیە ئەو ڕێنماییانەش بە گوێرەی یاسای ژمارە (٤٣)ی تسجیل عەقاری هەروەکو هاتووە، لەبەرئەوە بەڕای من ئەو ئیجرایە هیچ ئیشکالی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د. ڕزگار فەرمو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی کاکەڕەش دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە بەڵام لێرە وشەی (تبطل) بەشێوەیەکی ڕەها هاتووە بێ (ضوابط واحكام) لەبەرئەوە دەبێت ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنرێت (اعتباراً من)، ئەگەر نا لەوانەیە خەڵکێکی زۆر زەرەرمەند بێت، بەڵام ئەگەر بگوترێت (اعتباراً من) زیاتر دیاری دەکرێت و کەسیش زەرەرمەند نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاکەڕەش فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ناتوانین ماوەکە دیاری بکەین، چونکە دیار نییە کەی کراوە ئەوەی تۆماری هەیە باشەو زۆر ئاساییە موعامەلاتی خۆی و قەیدی خۆی هەیە، ئەوەی نییەتی دەبێت بچێت موعامەلەی نوێ بکات، بۆئەوەی بەناوی خۆی تۆماری بکات کە موعامەلەیەکی نوێی کرد پێشکەشی لیژنەی دەکات لیژنەیەکمان تەشکیل کرد بۆئەوەی بچێتە ئەوێ بڵێت ئەو زەوییە هی منە موستەمسەکاتی ابراز دەکات بەبینەی شخصی ابراز دەکات و هەروەها ئەو مەسائیلانەی کە دەتوانێت بە ڕێگاکانی (اثبات) بیسەلمێنێ.

ئەوەی کاک سعید فەرمووی ڕێنماییەکانی ژمارە (٦) دوو لایەنی هەیە، ئێمەش ئەوە دەزانین یەکێکیان تەئییدە ئەگەر سەنەدی پێ بێت شتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر سەنەدی پێ بێت واتا (تسجیل مجدد) نییە، ئەگەر تەئییدی پێ نییە مانای وایە لە موستەمسەکێک دەگەڕێت بۆ تسجیل مجدد؛ نووسراوی ئەوقاف موستەمسەکێکی زۆر بەهێزە بۆ تسجیل مجدد کابرا تەزوید دەکرێت بە نووسراوێک لە ئەوقاف دەڵێت ئەو زەوییە هی ئێمە بوو حەقی (عقر)ی کرایەو، ئیکتفا کرایەو، تەملیکی فلان کراوە بدل اطفاشمان وەرگرتووە، ئەو نووسراوە دەبێتە موستەمسەکێک لەو لیژنەیەی کە ئێستا تەشکیلمان کردووە، عەفوش کراوە لە ڕەسم. بیرمان لەوە کردۆتەوە کە خەڵکێک نەوەک ڕوسومی دابێت با هەموو موعامەلەکانی تسجیل عەفو بکەین لە ڕەسم ئەوانەی کە لیژنە تەئییدیان دەکات ئەوەی لیژنە تەئییدی دەکات کەوا موستەحەقە عەفومان کردووە لە ڕەسمی تسجیل بۆئەوەی ئەو جۆرە ئیشکالانە نەبێت و خەڵکەکە مغدور نەبن ئەوەی کە حەقی (عقری) وقف کراوە ئەوەی اطفا کراوە بۆئەوەی مغدور نەبن موراجەعەی لیژنە دەکات و موستەمسەکاتی دەردەهێنێ و بڕیار وەردەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

المادة الاولى:

إبطال معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بالنسبة للاشخاص الطبيعيين لكونها غير مشمولة باحكام التسجيل المجدد الواردة في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل لكونها خاضعة لاحكام قوانين الاصلاح الزراعي النافذة في الاقليم.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینی ماموستا مەلا تاهیر (اولاً) و (المادة الاولى) لە بڕیار جائزە (ماددە) هەبێت هەروەها بشگوترێت (اولاً) لەبەرئەوە ئێمە لاریمان نییە وەک لیژنەی یاسا هەر کامیان بێت گرینگ ئەوەیە مەبەستەکە بگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەکو پرۆژەی حکومەتی بمێنێتەوە.

**بەڕێز احمد محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو بڕگەیەی دەڵێت (تبطل معاملات التسجیل المجدد الجاریة) واتا لەمەودوا شمولی ناکات پێویستە بگوترێت، چونکە کە دەڵێت الجاریە واتا کراوە بەس ئەو بڕیارە شمولی ئەوەش دەکات کە لە دوارۆژیش (تسجیل مجدد) دەکرێت، تەنیا ئەو تێبینییەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر نەڵێین الجاریە، چونکە بەشێکی کراوە ئێمە لیژنەیەکمان داناوە دەڵێین (تختص بالنظر) مانای وایە بۆ هەموو معامەلەکان دەبێت بەس ئەگەر بڵێین الجاریە واتا ئەوەی (منفذە) ئەگەر ئەوە نەڵێین مانای وایە ئەوەی کە قەیدی هەیە لەغو نابێت، لەبەرئەوە پێویستە قەیدەکە لەغو بکرێت ئینجا بدرێتە لیژنەکان، ئینجا لەمەودوا هەموو معاملەکان ئەو لیژنەیەی کە لە زاخۆ بەپێی ئەو بڕیارە تەشکیل کراوە دەیبینێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەو دەقە بێت تەنیا موعامەلەکانی پێشوو دەکات بەڵام جاریێ بەسەددەها قطعە ماوە جاریێ تسجیل مجدد نەکراون و پێشکەش نەکراون پێویستە لیژنە بیبینێت و شمولی بکات دەبێت بگوترێت (والتی ستجری) ئینجا شمولی دەکات بەڵام بەو دەقە بێت بڕیارەکە نایگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی من لێی تێ دەگەم ئێستا هەندێ ئیجرائات کراون یاسایی نین ئێمە دەمانەوێت ئەو اجرائە نایاساییانەی کە تاکو ئێستا کراون، یان تاکو پێکهێنانی لیژنەکە، ئەوانە چاویان پێدا بخشێنرێتەوە، دوای ئەو چاو خشاندنەوەیە دەبێ اصولی ڕێچکەی خۆی بگرێ، واتا کێشەکە هێشتا نەکراوە، واتا تاوانەکە لەوانەیە بکرێ بەس ئێستا نەکراوە، من وای لێ تێدەگەم، لیژنەی یاسایی فەموون.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەیەکمان پێکهێناوە، (اللجنة المشکلة وفق الفقرة تختص بکافة المعاملات الواردة) واتا

هەموو ئەو معامەلاتانەی تایبەتە بە موڵکی صرف ئەوەی تریش، کە دەڵێی مختص واتا تایبەتە بە تەماشا کردنی ئەو زەویانە، جا صرفە بێت یان نا، واتا لەمەو دوا سەیری هەموو معامەلەیەک دەکات، هەتا ئەوانەی کە خوار و خێچ کراوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارەکە خۆی بڕیارێکی استثنائیە، تەنها بۆ زاخۆشە، پێویست وایە کە تەماشای ئەو سەرپێچیانە بکات ، چاو بەو سەرپێچیانە بخشێندرێتەوە،تاکو ڕێچکەی خۆی وەرگرێ ، معامەلاتی تۆمارکردنی نوێ بە پێی یاسای تۆمارکرنی نوێ بڕوات کە لە یاسای تۆماری عقاری هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرج نییە هەموو کەس تقدیمی ئەو معامەلەیان کرد بێ بۆ تۆمارکردنەوەی نوێ ،بە سەدەها حاڵەت هەیە کە پێشکەش نەکراوە، ئێستا من ڕۆژنامەی خەباتم پێ یە،تەنها لەم ژمارەیەدا (٦) معامەلەی(التسجل المجدد)هەیە، باشە ئەوە چی بەسەر دێت؟ بەو حسابەی بێت نابێ خاضعی ئەو لیژنەیە بێت، لەبەر ئەوەی دەقەکە وا دەڵێ(الجاریە)واتا کراوە،ئەوەی لە داهاتوودا دەکرێ، ئەو چی بەسەر دێت ؟سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارە بۆ ئەو معامەلاتە نایاساییانەیە کە پێش ئێستا کراون، نازانم کاک سەعید یعقوبی وای بۆ دەچێ کە ئەوانەی لە داهاتوودا دەکرێ هەموو نایاسایین، ئەو بەهەڵە تێگەیشتنە پێوبستە نە لەسەر تۆماری خانووبەرە لە زاخۆ نە لە هیچ شوێنێکی تر نەکرێ، ئەوە بۆ ئەو معامەلاتانەیە کە پێش ئێستا واتا پێش دەرچوونی ئەو بڕیارە بە نایاسایی کراون ،ئێستا بە خۆی وەزارەتی داد و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاپۆ و ئەنجومەنی وەزیران دەزانن کە ئەو معامەلاتانەی ئێستا لە زاخۆ

دەکرێت بە ڕێک وپێکی دەکرێت، سروشتیە کە کاک سەعید لە یەک ژمارەی خەبات شەش معامەلەی دیوە، لەبەر ئەوەی تۆمارەکانی زاخۆ هەموو سوتاون خەڵکەکە مەجبورە دووبارە تۆماریان بکاتەوە،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تا ئەو کاتەی ئەو بڕیارە دەر دەچێت، هەرچی معامەلەیەکی (تسجیل مجدد ) لە زاخۆ کرابێ کاری پێدەکرێ، یەک عەریزەی دابێ کاری لەسەر دەکرێ، لەبەر ئەوەی دەیگرێتەوە، ئەو معامەلاتانە هەر هەموو لیژنە دەیبینێ ، معامەلات سەبارەت بە (٤٣) ڕادەوەستێ ، تاکو ئەو زەویانە تصفیە دەکرێت، کە تصفیەی ئەو زەویانە کرا، ئەو معامەلاتانەی کە تازە کراون تصفیە کران، دواتر ڕێچکەی یاسایی خۆی وەردەگرێ لەبەر ئەوەی دەڵێ(المرهون الجاریە وفق المادتین ٣.٢ ) واتا ئەوەی پێش ئێستا کراون مانای وایە هەموو (تسجیل مجدد)ەکان هەڵوەشاون، جا ئەگەر عەریزەیەکی دابێ قەیدی هەبێ،یان ماعدا ئەوانەی دادگای تەمیز، بە اعتبار لە ناوەڕۆکی بڕیارەکەدا هاتووە(ویستثنێ من ذلک ماهو مصدق تمییزا)ئەوەی تر هەموو مشمولە، لەمەو دوا یاسا احکامی خۆی وەردەگرێ، لەبەر ئەوەی کاتیە خۆ تا هەتا هەتا نییە، لە ماددەکانی ٣.٢.١ گوتراوە لیژنەکە تختص، مانای وایە کە تەواو بوو کاری لیژنەکە تەواو دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی دۆسیێی تاپۆی زاخۆ هەموو سوتاوە، ئەوەی هەیەتی ئەوەی نیەتی ، ئەوی خریطە ی هەیە ئەوەی هەر معامەلەیەکی هەبێ، هەمووی بە تۆماری مجدد تۆمار دەکرێ من بۆیە دەڵێم و سوریشم لەسەر ئەوەی کە بڕیارەکە دەردێ با هەموو حاڵەتەکان بگرێتەوە ،لەبەر ئەوەی هەموو حالەتەکان دۆسێیان نییە و اولیاتیان نەماوە، ئەگەر بە پێی ئەو دەقە بێت، ڕاستە ئیمڕۆ بڕیارەکە دەردەچێ ئەو کارانەی کە پێش ئەو بڕیارە دەیان گرێتەوە، ئەدی ئەوانەی لە داهاتوودا دەکرێ دەبێ چارەنووسی چی بێت؟ لەبەر ئەوەی ئەویش هەر بە ڕێگای (تسجیل مجدد) تۆمار دەکرێ، هەمان ئەو کردارانەی کە لەمەو بەر کراون ئەوەی لە داهاتوو دەکرێ شمولیان دەکاتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە زاخۆ گرفت لەسەر ئەو کۆمەڵە زەویانەیە کە ناویان هاتووە، گرفت هەبووە، شکات کردن هەبووە، هەندێ پێشێلکاری روون و دیار هەیە، ئێمە بەو بڕیارە ئەو سەرپێچیانە هەڵدەوەشێنینەوە، لیژنەی بۆ دروست دەکەین سەر لە نوێ پێیدا بچنەوە، کەسێ خانووی خۆی بێت و تۆمارەکەی سوتابێ و کەس شکاتی لێ نەکات ئێمە حەقمان چییە بڵێین تۆماری نوێی بۆ بکەن، یان لیژنەی بۆ دروست بکەین، ئێمە حەقمان چییە لەسەر ئەو موڵکانەی کە هیچ گرفتی لەسەر نییە، کە کەس شکاتی لێ ناکات، کەس ناڵێ ئەوە اختلاسی لەسەر کراوە، یان بە پێچەوانەی یاسا کراوە،لێرە حکومەت دیاری کردوە کۆی کردۆتەوە کۆمەڵێ حاڵات هەیە ئەو حاڵەتانە بە پێچەوانەی یاسا کراون، داوا دەکات پەرلەمان بڕیارێکی لەسەر وەرگرێ، بڕیارەکە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو حاڵەتانەیە و لەهەمان کاتدا چاو خشاندنەوە پێیاندا،محدد دیار کراون، لەبەر ئەوە ئێمە تاکو حەسری کەین باشترە. لە زۆر حاڵەتدا ئێمە ئەگەر ورد نەبین گرفتی بێ داعی دروست دەکەین،کاری لیژنە کە تەواو بوو، هەر دوای تەواو بوونی کارەکانی تۆماتیکیەن هەر معامەلەیەکی تازەی تۆمارکردن شتێکی تازەیە بە پێی ڕێنمایی دەبێ بەپێی یاسا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ، خۆ ئێمە بەو بڕیارە ڕێگا لەوە ناگرین، دوای تەواو بوونی لیژنە فەرمانگەی تاپۆ بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان کار دەکات، بۆیە بە رای من بەو شێوەیە کافی بێت تکایە جارێکی تر دوایین دارشتنەوەی بخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگدان .

**بەڕێز کاک شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولى :

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية الواقعة خارج حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بالنسبة للاشخاص الطبيعيين لكونها غير مشمولة باحكام التسجيل المجدد الواردة في قانون التسجيل العقاري رقم/ ٤٣لسنة١٩٧١ المعدل وكونها خاضعة لاحكام قانون الاصلاح الزراعي النافذ في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە،کێ ئەو ماددەیە وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثانية:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لعدم استيفائها الشكل القانوني المنصوص عليه في قانون التسجيل العقاري رقم/ ٤٣ لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة من قبل محكمة

تمييز اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا راتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، زەویەکان تصنیف بکرێ لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی هاتووە، ئێمە زەویەکانمان کردۆتە دوو ماددەی جیا، ئەوەی کە مولک صرفە و ئەوەی کە زەوی کشتوکالی دەوڵەتە.

نقترح إعادة صياغة المادة الثانية وتقرأ كالآتي:

ابطال معاملات التسجيل المجدد الجارية على العقارات والاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم(٤٣)لسنة ١٩٧١ويستثنى من ذلك المعاملات المصدقة من قبل محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە اعادەی دارشتنەکە چیتان کردوە؟هیچ گۆڕانکاریتان کردوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ لە پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی هاتووە ئێمە جیامان کردۆتەوە، عەقارات بەجیا و مولک صرف و موڵکی دەوڵەت بەجیا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی زۆر لە جێگای خۆیدایە، بەڵام ئێمە وای بە چاک دەزانین ئەو استثنایە نەمێنێت، واتا هەموو بە یەک چاو سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی دوور نییە معامەلەیەک دادگای تەمیزیش تصدیقی کردبێ لە بنەڕەتدا هی شارەوانی بێت، لەبەر ئەوەی دادگای تەمیز تەماشای اجرائەکەی دەکات، کابرا دوو کەسی بردوە سوێندیان خواردوە، لەوانەیە بە ناحەق ئەو سوێندەیان خوارد بێ، لەبەر ئەوە ئەو استثنائە نەمێنێت چاکترە، تاکو ئەو لیژنەیەی کە پێک دەهێندرێ بە یەک چاو سەیری هەموویان بکاتەوە، بڕیاریش بڕیاری جەنابتانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان وەزیری داد و وەزیری شارەوانی تێبینیتان هەیە؟ جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز مامون محمد نور بریفکانی/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تاکید ئەو معامەلانەی کە دادگای تەمیز کردویەتی شتی ناحەقیشی تێدایە لەبەر ئەوەی دادگا لەوانەیە پشتی بە اجرائاتی رۆتینی بەستبێ ، ئاماژیەکیش بە شارەوانی دەدات، بەڵام لێرە خاڵێکی مەعنوی هەیە، ئەویش تانەلێدانی بریاری دادگای تەمیزە لەوانەیە کار بکاتە سەر هەیبەتی ئەو دادگایە،سەبارەت بە ئێمە، ئێمە داوای مافی شارەوانی دەکەین،بابەتی هەڵاوێردنی تایبەتە بە پەرلەمان، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیری داد تێبینیتان هەیە؟ واتا لەسەر ئەو دارشتنەی لیژنەی یاسایی تێبینیتان نییە. ئەوەی تێبینی هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناونووسی بکەین، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شکاندنی بریاری دادگای تەمیز واتا تانە لێدانە لە دادگا و دەسەڵاتی دادوەری، ئایا ئەو گرفتانە هەر تەنها لە زاخۆ هەیە؟ یان لە شوێنی تری کوردستانیش هەیە، بۆ تەنها لە زاخۆ ئەو اجرائاتە توندە بکرێ؟ لەگەڵ ئەوەدا ئێمە دەبینین لەگەڵێ شوێندا، ئەو زەویانەی کە حکومەتی بعث لە کاتی خۆی دەستی بە سەر موڵکیاندا گرتووە و قەرەبووشی کردون، کەچی ئێستا ئەوان چوینەوە سەری و هەر وەک زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان هی دهۆک دەزانن، جا بۆ تەنها بۆ زاخۆ بەو شێوەیە بێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز زەهرا خان فەرموو

**بەڕێز زەهرا حاجی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەم ئەوەیە، بە عەرەبی هاتووە (جميع معاملات التسجيل المجدد والخاصة بالاملاك الصرفة والواقعة داخل حدود البلدية تخص الدور والقطع السكنية وتسلسل المحلات القديمة في زاخو والتي جرت عليها معاملات التسجيل المجدد بموجب احكام القانون رقم ٤٣ لسنة١٩٧١و التعليمات رقم ٦ لسنة ١٩٩١و ان جميع المعاملات ارسلت الى هيئة التدقيق المركزية في

دهوك في حينه و ان القسم الاكبر منها تم تصديقها من قبل الهيئة المذكورة والبعض الاخر منها جرت عليها معاملات بيع لاحقة لكونها اكتسبت شكلها النهائي بالتصديق، اما المعاملات غير المستوفية لشكلها القانوني وغير المصدقة من قبل الهيئة المذكورة اعلاه و هي موقوفة وابطالها من صلاحيات السيد وزير العدل بموجب المادة ١٣٩ من القانون رقم ٤٣ لسنة ١٩٧١المعدل) ئەوە تەنها بۆ روون کردنەوە بوو، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعید هروری فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی دووەم دوو سێ تێبینیم هەبوو ، یەکەم وەکو خوشکە زەهرا گوتی من پشتگیری قسەکانی دەکەم (ان جميع المعاملات التي لم تاخذ شكلها النهائي اي لم تكتسب الدرجة القطعية وهي موقوفة لدى هيئة التدقيق المختصة في مديرية التسجيل العقاري في دهوك لاسباب فنية او شكلية او قانونية وان ابطال مثل هذه المعاملات هو من اختصاص وزير العدل استنادا الى المادة ١٣٩من قانون التسجيل العقاري رقم ٤٣ لسنة ١٩٧١ المعدل) به راى من پێویست بە دەرچونی بریارێک ناکات لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو معامەلاتانە.

دووەم ، (توجد المئات من المعاملات جرت عليها معاملة التسجيل المجدد تقع ضمن مقاطعات او المحلات السكنية وجرت بموجب احكام التعليمات رقم (٦)وهي معاملات صحيحة واصولية جرت من قبل لجنة تثبيت الملكية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم٤٣ لسنة ١٩٧١ ، وان كثيرا من هذه القطع او الدور جرت عليها معاملات صرفية متعاقبة) هەڵوەشاندنەوەی ئەو معامەلاتانە گرفت لە نێوان هاوولاتیان و فەرمانگاکان لەلایەک و هاوولاتیان لە نێوان خۆیاندا لە لایەکی تر دروست دەکات ، بۆیە من بە باشی دەزانم کە ئەو معامەلاتانە وەکو خۆی بمینێتەوە وهیچ مەهانەیەکی هەڵوەشاندنەوەی نییە.

سێیەم، (توجد ١٧ معاملة حسب القوائم الموجودة للتسجيل المجدد جرت مخالفة للقانون حيث ان القطع المذكورة مفرزة من القطعتين ١/٥و١/٥مقاطعة ١٤عباسية حيث سبق وان تم اطفاء حق التصرف في القطعتين المذكورتين لقاء بدلات الاطفاء وسجل في حينه باسم مديرية بلدية زاخو ، وهذا ما يؤكد قرارات الاطفاء والتي تم الحصول على نسخ منها من مديرية الزراعة في دهوك وهذه المعاملات محصورة ضمن القائمة المرفقة ويجب ابطالها بقرار تشريعي حيث ان البلدية في وقته لم تتمكن من اثبات ما يؤيد عائدية القطع اليها لعدم وجود سند بيدها وان هذه السندات موجودة في مديرية التسجيل العقاري العامة في بغداد)سەبارەت بەو بابەتەش پشتگیری بریاری بەتاڵ کردنەوەی ئەوانە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر بە درێژی باسیان کرد، وەکو من زانیاریم هەیە و لەگەڵ برادەران دانیشتووین تەنها ٢٢معاملە ماوە کە لەلای لیژنەی وردکاری بنکەیی راگیراون ،وتاکو خەڵکانێکی پێ نەسوتێ، ئەوانەی اجرائاتیان کردوە و پلەی بەتاتی وەرگرتووە، لەبەرچی جارێکی تر بەتاڵی بکەینەوە؟ سەدان معامەلە کراون هەر وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێ دا ئەو خانوانە پشتا و پشت هی خەڵکانێکن پێویست ناکات جارێکی تر تسجیل مجدد بکرێ،ئەوە ئێستا تۆمار ناکرێن، خەڵکانێک هەن دوو سێ ساڵە خانووی کردوە تحویل نابێت ، دەبێ جارێکی تر بچێت دووبارە تۆماری بکاتەوە،لەگەڵ ئەوەی خانووی ئەوە، تاکو تاپۆ وەربگرێ، لەبەر ئەوە تاکو خەڵکێ پێ نەسوتێ معامەلاتیان لەسەری تاکو بنی هەڵوەشێتەوە، ئەو لیژنەی وردکاریە کراوەو پلەی بەتاتی وەرگرتووە من پێشنیار دەکەم ئەو موڵکانە دیاری بکرێ کە ئەو بڕیارە دەیان گرێتەوە بە تایبەتی ژمارەی موڵکەکە، لەبەر ئەوەی هەر موڵکێ ژمارەی خۆی هەیە تاکو ئەو ژمارەیە دیاری بکەین، بڵێین ئەو ژمارەیە ئەو بڕیارە دەی گرێتەوە. ئەوە یەک. دووەم،تێبینی من هەر وەکو لەگەڵ برادەران لەوێ باسمان کرد، باوەڕ ناکەم کە دادگای تەمیز بەو کارە هەڵسێ، بەڵکو دادگای استئناف ئەو کارە دەکات، بەڵام دەڵێین (تمییزاً)دەڵێ (المصدقة تمییزا من قبل محاکم الاستئناف) وەکو برادەرانیش مراجەعەتیان کردوە گوتویانە دادگای استئنافە نەک تەمیز،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیری شارەوانی فەرموو.

**بەڕێز مامون محمد نور بریفکانی/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەماددەی دووەم لە پرۆژەی حکومەت هاتووە دەڵێ(علی الاراضي الواقعة داخل حدود البلدیات) ئەوەی لیژنەی یاسا تصنیفی کردوە دەڵێ (العقارات والاراضي الزراعیة المملوکة ملکاً صرفاً) پێویست بەو درێژ کردنەوەیە دەکات؟ لەبەر ئەوەی ئەوەی تر عمومیاتی زۆر ترە،لەوانەیە حاڵەتێک هەبێ مولک صرف نەبێت یان عقار نەبێت بۆ نمونە باخچەیەکی شارەوانیە هەر لەبەر ئەوە بە گشتیمان نووسیوە لیژنەی یاسا تصنیفی کردووە سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە وشەیەک ببڕێتەوە باشترە لەوەی کە بە سێ ووشە بکرێ، لیژنەی یاسا فەرموون بۆی روون بکەنەوە.

**بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا کە تصنیفمان کردوە، کە دەڵێین عقارات، بابەتەکە لێرە دەوڵەت نییە ،کە دەڵێین مولک صرف هی دەوڵەت نییە واتا ناوی مولک صرف بێت هەرچی هی دەوڵەت بێت ناوی ئەمیریەیە، کە دەڵێین مولک صرف بۆ اشخاصی سروشتییە، بۆ حکومەت نییە، قەت لە باخچەی گشتی نانووسرێ مولک صرفی شارەوانی دەنووسرێ منطقەی کەسکایی ئەمیری صرف. هەتا درابێتە خەڵکیش ئەگەر اسپاتی نەکرد دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت ، ئەوەی کە اسپات ناکات و مافی نییە ،کە اسپاتی تۆمارە نوێکەی پێ ناکرێ، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت،لەبەر ئەوە ئەوەی تۆمار نەکرێ هی حکومەتە.

سەبارەت بە تێبینیەکانی تر ئەوەی خوشکە زەهراو کاک سەعید ئاماژەیان بۆ کرد کە دەڵێین لەدەسەڵاتی وەزیری دادە، ڕاستە کە مخالەفاتی ڕاوەستاو پێچەوانەی یاسا لەدەسەڵاتی وەزیری دادە، ڕاستە لە دەسەڵاتی وەزیری دادە بەڵام خۆ وەزیری داد پێی ناکرێ بچێتە کوێ، بەڵام بە واسطە ئەو بڕیارە دەچێتە لیژنەیەکی دیاری کراو،ڕاستە وەزیری داد پێی ڕادەگیرێ بەڵام ناتوانێ لایەنێک دیاری بکات ئەگەر بڕیارێ نەبێ پێی بکات. ئەوەی کاک سەعید فەرمووی، لەوانەیە زۆر جێ هەبێ ئێمە ئێستا لیستێکمان لایە هەر کاک سەعید خۆی بەئێمەی دا، لە لیستە کە گوایە کۆمەڵێ بێستان هەیە هەموو اصولی کراون،کەچی یەک لە بیستانەکانمان دیت کابرایەک ٢٤ دۆنم زەوی هەبوو لە ضمنی ئەو لیستەیەشە کە گوایە بستانە چاککراوە، بە نووسراوی رەسمی داوای کردوە دەڵێ تملیکی حصەی گەنجینەی بکەن، ئێستا بە تۆماری مجدد کردیتیە ٣٦ دۆنم و مولک صرف، عەباسیەش نییە وباخچەیەکی لاتەریکە، ئێمە وەکو پەرلەمان ناتوانین هەموو تۆمارەکان وردکاری بکەین ،بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنیش ڕاڤەی کرد کە لە تواناادا نییە و لایەنێکی وردکاری نین بچین معامەلات یەک یەک تدقیق بکەین ، بڵێین ئەو پارچەیە دەگرێتەوە ئەوە ناگرێتەوە، ئێستا حکومەت پێشنیار دەکات ئەو پارچانە لەغو بێت و لیژنەیەکیش پێکبهێندرێ و خەڵکەکە سەردانی ئەو لیژنەیە بکات لەوێ اسپاتی مافی خۆی بکات، ئەگەر نا دەبێ لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێندرێ بچێ لە زاخۆ دابنیشێ تدقیقی معامەلات بکات،دەنا لێرە لە تواناادا نییە بڵێین فلان پارچە بگرێتەوە و ئەوەی تر نەگرێتەوە، لەوانەشە هەندێ مراعات هەبێ من کەسێ دەناسم ناوی زەویەکەی ناهێنم ئەوەی تر کەسێ دەناسێ ناوی زەویەکەی ناهێنێ وە هەروەها ،ناکرێ دەبێ ئەوە تدقیق بکرێ، ئەگەر جەنابتان بڕیار دەدەن کە لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێندرێ و بچێ لە زاخۆ تدقیقی معامەلەکان بکات ئەوە شتێکی ترە،دەنا لەتواناادا نییە ئێمە فەردی بڕیار بدەین بڵێین ئەوەندە پارچە زەویە دەگرێتەوە ئەوەندە ناگرێتەوە. لەبەر ئەوەی ناتوانین ئەو ڕاستیە بەیان بکەین ئەگەر خۆمان تدقیق نەکەین،حکومەت پێشنیاری کردوە و لیژنەیەکیش پێکهێندرایە ،خەڵکەکە با سەردانی لیژنەکە بکات و اسپاتی مافی خۆی بکات،

پارەش نادات تەنها عەریزەیەک پێشکەش دەکات، هیچ گرفتی نییە اسپاتی مافی خۆی و دووبارە تۆمار دەکرێتەوە سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاک فرسەت ئەو جیاوازیەی نێوان پرۆژەی حکومەت و رای لیژنەی یاساییمان بۆ راڤە بکات خراپ نییە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ئەوەی کاکەرەش جیاوازیەکەی روون کردەوە،هەر بۆ زیادەی روون کردنەوەکە، پرۆژەی حکومەت بە رەها هاتووە(علی الاراضي الواقعة داخل حدود البلديات) واتا ابطالی هەر معامەلەیەکی تۆماری نوێ دەکات کە لەناو سنوری شارەوانی بێت لە ضمنیان ئەو زەویانەی کە بەناوی شارەوانی تۆمار کراون. سەبارەت بە رای برادەرانی لیژنەی یاسا حەصریان کردوە لەسەر ئەو زەویانەی مولک صرفەن، واتا ئەو زەویانەی کە بە ناوی کەسانی طبیعی تۆمار کراون، بە واتای زەویەکانی شارەوانی و فەرمانگەکانی تری دەوڵەت بەر معامەلەی ابطال ناکەون،لەبەر ئەوەی هیچ معارەزەشی لەسەر نییە، من وای بۆ دەچم لەبەر ئەوەی مستثنانە لەو شتە، لەبەر ئەوەی معارەزەشی لەسەر نییە، بەناوی حکومەت تۆمار کراون ،پێویست ناکات جارێکی تر بێت سەردانی لیژنەی تایبەت بکەن و معامەلەی سەرلەنۆ تۆمارکردن جارێکی تر بە ناوی خۆیان بکەن، ئەو برگەیە کەسانی طبیعی دەگرێتەوە معامەلاتەکانیان هەڵدەوەشێتەوە پێویستە سەر لەنوێ جارێکی تر سەردانی لیژنەی تایبەتمەند بکەن و اجرائاتی تۆمارکردنی نوێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش ویستم هەمان روون کردنەوەی کاک فرسەت بڵێم،بەڵام ئەو زەویانەی کە لێرە لە پرۆژەی حکومەت هاتووە بە شێوەیەکی رەها هاتووە لەسنوری شارەوانی کشتوکاڵی و هی تر دەگرێتەوە، ئەگەر ئەو روون کردنەوەی کاک فرسەتیش لەبەر چاو بگیرێ ئەوە عقارات ناگرێتەوە واتا خانوو بەرە شمول ناکات لەبەر ئەوەی تەنها ناوی زەوی هاتووە تەنها زەوی دەگرێتەوە، بۆیە پێویستە عقارات لێرە بگوترێ تاکو خانوو بەرەش بگرێتەوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ حاکم سەفەر فەرموو

**بەڕێز سەفەر محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە ئاخافتنا برادەران دەبینم أراضی زراعیە جەنابی وەزیر باشتر بزانێت نەهەموو زراعیەک داخیلی سنووری بلدیاتە بۆ نمونە قطع سکنیە هەیە پێی ئەڵێن عقارات أو قطع سكنیە وا بزانم شتێکی عام باشترە ئێمە ربط بکەین بە أراضی زراعیە وا بزانم زۆرتر أراضی سکنیە یان تجاریە ئەمە یەک، دووەم تێبینی جەنابی سەرۆک کە برگە دوو دەخوێنین ابطال معاملات التسجيل الجارية في العقارات مەشروعی خۆمانە هی لیژنەی یاسایی جا ئەو موڵکە موڵکێکی صرفة (الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط القانونية) بەڕاستی لە مناقەشە توزێک انسان دەبێت زیاتر شت روون بکاتەوە ئێمە لێرەدا لەو برگەیە فەرضمان دانا وە بەجەزم ئەو شتی هەموو تسجيل مجدد بوو بەتاڵ دەبێت وابزانم ئەوەش شتێکی باش نییە هەر چۆنێک بێت بڵێ التی لم تستوف لەجیاتی (التي لم تستوف الشروط القانونية المنصوص عليها)، وابزانم ئەوە شتێکی زۆر دەقیقە بەرێز جەنابی سەرۆک ئەوە روون دەبێتەوە کە لە برگەی پێنج کە صلاحیاتمان بە لیژنە داوە ئەو لیژنەیە مشکل دەبێت بەریئاسەتی حاکم ئەوە تدقیق و تصدیقی معاملە دەکات جا ئەو جەزمە هەموو بڵێین هەموو بەتاڵن وابزانم هەرچۆنێ بێت بڵێین التي لم تستوف الشروط القانونية ئەوە شتێکی زۆر باشترە زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

فەرموو کاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەفەر فەرمووی دەڵێ بڵێین عدم المستوفيه للشروط زۆری هەیە خوارەو مستوفیشە بۆ شروطی قانونی چونکە بە بەیینەی شەخصی چوار کەس هاتوون سوێندیان خواردوە ئەوە شروطی موضوعیە، شروطی شکلیش إجرائاتی تسجیل هەموو کرایە معنای وایە هەموو شروطێکی قانونی موضوعی و شکلییەیان متوفرە بەینەما لە ئەساسیشەوە خوارە ئەوە مانای وایە ئەوە لەغو نەکەین ئەمە هدف ئەوەیە زۆریان مستوفینە بۆ شروطی قانونی ئەوانەی کە لغوکراینە برایان یەعنی شروطی قانونی چییە دوو نوع شرط هەیە(شكلياً وموضوعياً)، موضوعیاً بەبەیینەی شخصی کابرا چوار کەسی هێنایە سوێندیان خواردوە گوتویانە بەڵێ ئەو زەویە هی منە شەکلیەنیش تۆمار کرایە لە تاپۆی(٣٠) ڕۆژ اعلان کرایە وە شارەوانیش کەم تەرخەم بووە

بەداخەوە نەچووە بلێ ئەوە هی منە نوێنەری شارەوانی سەردانی نەکردوە بچێ بلێ بابە هی منە هی فلان کەس نییە مانای وایە مستوفیە بۆ شروطی موضوعی و شکلی مادام تۆمار دەکرێت لەبەر ئەوە نابێت بکرێت بەو شێوەیە بلێ ی مستوفیە للشروط القانونیە شروطی قانونی هەردووکی متوفرە موضوعیا وە شکلیا چونکە هەندێ شروط هەیە مخالفی قانونیش بێت هەر شروطەکە قانونیە ئەتۆ نازانی ئەوە مخالفەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک مأمون..

**بەڕێز مأمون بریفکانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەلێرە تبطل معاملات التسجيل المجدد الجاري على العقارات والاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً چۆن دەزانی ئەمە ملکی صرفە یەعنی پاشیش لێرە برگەی سێ دەڵێ تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية المملوكة للدولة ئێستا ئەوە مملوکە للدولەیە یعنی نازانم زۆر واضح نییە یعنی ئێستا ئەوەی تۆ تبطل معاملات التسجيل المجدد الجار ية على العقارات و الاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً مەبەستت چی یە لەوە یعنی اسپاتت کردووە کە ملکی صرفە سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەرە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی راستە فەرمووی جهودەکەی دیار نی یە بەس واقع حال زۆر شت هەیە فەرز دەکات بۆ نمونە قطعەیەک کەوتۆتە ناو مەنطیقەیەکی سکنی لەناو چوار مالان معقول نی یە ئەتۆ ئەوەی تصوریکەی زراعیة و مملوکة للدولة وە عاردێکی واسعیش گەورە و گران ئێستا دەچی تۆکرایەو ئەوەی لێکرایە بەواقع حال هەیە لیژنەکە ئەوەی تقدیر دەکات بەحقیقەت نەخۆ تحقیقاتی دەکات ئەوەی جەنابت دەفەرموی راستە بە اعتباری ئەگەر قەید نەبێت شت نەبێت چۆن دەزانی منصفە بەس خۆی بەگوێرەی واقیعی حالەکە شت فەرض دەکات معقول نییە بە عەرەسەیەک بلێین ئەوە زراعیە مملوکە للدولە بچین قانونێکی لەسەرتطبیق بکەین بلێین تثبیتی حقی تصرفی لەسەر بکرێ بەینەما عەرەسەکە مومکینە مساحەی ( ٢٠٠ ) مەتر بێت واقیعی حالەکە خۆی لیژنەکە ئەوەی تقدیر بکات تحقیقاتی موقعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك شێروان:

**بەڕێز شێروان حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن**

المادة الثانية:

(ابطال معاملات التسجيل المجدد الجارية على العقارات و الاراضي الزراعيةالواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو بالنسبة للأشخاص الطبيعيين لعدم استيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة تمييزاً)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن :**

فەرموو كاك مأمون بریفكانی.

**بەڕێز مأمون بریفكانی :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەتوانین بڵێین ئەوە ابطالی ماددەی سێ دەكاتن یعنی سێ ودوو دەبنە یەک مادده؟ یعنی ماددەی سێ چونكە باسی اراضي زراعية داخل حدودی بلديات دەكرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سێ و چوار ابطالی ناكات چونكە ئەوە شەرحێكە كە لیژنەكانی أراضی وئیستلاء موشكیلەكە حل دەكات ئەوە بابەتێكی ترە، ئێمە لەسەرەوە لەماددەی دوو وەكو مشروعی حكومەت خۆیەتی ابطالی تسجلی مجددە ئەو اراضی زراعیە لابەن لەوێ وتمان زراعیەكە لابەن ئەو اراضیەش لابەن زراعیەكەش تێبینیەكەی كاك مەئمون راستە ئەوە لەمادده دوو بهێڵینەوە أراضی زراعی بخەینە ماددەی سێ واتە بۆ ئەوەی ماددەی سێش بمێنێ و ماددەی دووش چونكە أراضی عامە زراعیشەو هینیشە بۆیە ووتمان ئەو شەرحەمان كرد. تەواوتان كرد؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان حیدەری:**

المادة الثانية: ابطال معاملات التسجيل المجدد الجارية على العقارات والاراضي المعدة للسكن داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو لعدم إستيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣)لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة تمييزاً .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

فەرمو کاک مأمون بریفکانی.

**بەڕێز مأمون بریفکانی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوە ئەو سیاغەتە باشە بەڵام ئەتوانم بەسیاغەت کەمتریش بکەم بڵێین ابطال معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الواقعة داخل حدود البلديات عدا الاراضي الزراعية ئەوەش دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

ناحیەی زراعیش کراوە.

**بەڕێز مأمون بریفکانی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زراعی فەقەرەکی خاصی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

ئاخر عەدای ناوێ مادام فەقەرەی خاصە هەیەعەدای ناوێ ،جارێکی تر بیخوێنەوە بیخەینە دەنگدان .

ثانياً:ابطال معاملات التسجيل المجددالجارية على العقارات والاراضي المعدة للسكن الواقعة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم إستيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ المعدل عدا المعاملات المصدقة تمييزاً .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کەماددەی دوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند ئەکەن دەست بەرزکەنەوە زۆرسوپاس، ئەوبەڕێزانەی پەسەندی ناکەن با دەست بەرزکەنەوە سێ دەنگ پەسەندی ناکا بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا ماددەی دوو وەرگیرا.

**بەڕێز مأمون بریفکانی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: مادده سێ لە مەشروعی حکومەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

مەشروعی حکومەت بخوێنەوە.

بەڕێز مـــــــأمـــــــون بـريـفـكـانـي :

بـەڕێز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.

بەڵێ.

بـەڕێـز شــــــێـــــــروان حــــــەيدەری:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في زاخو و تتولي لجان الاراضي والاستيلاء المشكلة بموجب قانون رقم(١١٧) لسنة ١٩٧٠ تثبيت الحقوق فيها حسب احكام القرار رقم (٧٠٢) لسنة ١٩٧٣.

بـەڕێز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن:

راى ليژنەی ياسايی.

بەڕێز كـــاكــە رەش مـــحـــمــد نقــشــبــەندی:

بـەڕێز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.

ئێـمـە لەگـەڵ پرۆژەكـەين تەنيـا ٧٠٢ لابدرێت چونكە ئيـمكان نيـەبە ٧٠٢ لوجانـی اراضی ئەم موضوعە بكا، قەرارەكە دەڵێ ئەو اراضيانەی كەاستثناء كرانە لە تسويە ئەو لوجنەيە معالجەی دەكا لوجانی اراضی ئەو زەويانە استثناء نەكرانە لەتسويە ئەو عەردانە قەيديان بزربوە سەنەداتيان نەمـايەسجـلاتيـان نەمـاوە لەبەرئەوە هەرپێويسـتـە لوجنـەكەی كەتەشكيلمـان كرديە تشبيـتی ئەو حـەقـەيان بۆ بكات ئەوجـا ئەگـەر عـەردەكـە زراعـی بوو مـانای وايەحـەقی تەسـەروفی دەبێ ئەگەرعەردەكەش مولك صرف بوو ئەوە بەشێوەيەكی تر معامەلە دەكرێت ليژنەكە خۆی برياری لەسەر بدات زۆر زۆر سوپاس .

بـەڕێز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن :

ليژنەی دارايی تكايە.

بـەڕێز جــــــەمــــــيـل عـــــــەبدی سـنـدی:

بـەڕێز ســــــەرۆكـی ئـەنجـــــومــــــەن.

ئەمن لەگـەڵ ئەسـڵی مـاددە سێی مـەشروعی قـەرارەكـەم بەڵێ چونكە لە مـاددە دوو هەندێک دەسكاری هاتە كردن تەنيـا هاتە استثناء كردنیالعقـارات والاراضي المعدة للسكن. منـاطـقی خضراء لەوانەيە ئەو معـاملاتی تەجديدە يەكێ منطقەی خضرای بەناوی خۆی سجل كردبێت يان منطقەی خەدەماتی لەوانەيە ئەو معامەلاتە بمێنێتەوەو دەڵێ ئەوە شمولی ابطال ناكات لەبەر ئەوە پێشنيار ئەكەم لە ماددەی سێيـەمدا تبطل معـاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية المملوكة للدولة والمناطق الخضراء خدماتش اضافە بكريت كەئەوانيش ابطال بكرێت

چونکە دەترسم مناطقي خضراء بێت بەناوی تۆمار کردبێت لێرە ابطال نابێت وەهەروەها مناطقی خدمات کە موشکلەی رەئیسی وەزارەتی شارەوانی و وزارەتی پەروەردەیە لە زاخۆ مناطقی خەدەمات و مدارسە زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

فەرموو کاکە رەش جوابی دەدەیتەوە؟.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مناطقی خضراء لەداخلی حدودی بلدیەیە لەضمنی ئەو اراضیانەیە کەبەزراعی اعتبار دەکرێن ئەمەابطالی قەیدی زراعیەکانیشمان کردووە ئەگەر تسجیل مجددە دەبێ خضراء بە منطقەی زراعی اعتبار دەکرێ چونکە دارستانە هەتا بوستان لۆ ئێستا بوستان مشمول نیە بە اطفا چونکە اعتباریان کردیە ضمنی اراضی خضرایە بۆیە مشمول نیە دەبێ بە اطفا بکرێ لە بەرئەوەی دەبێت دارەکانی ببورە بە استملاک بکرێ بۆ ئەوەی دارەکانی تقدیم بکرێ لە بەرئەوەی خضراء ضمنی مناطقی اراضی زراعیەیە لەبەر ئەوەی پێویست ناکات مادام قیودی اراضی زراعی کرا لەسەرەوە عقاراتە لەوێش دوایی خضراء شمولی ئەکا ئەگەر حدائقی عامە بێت ضمنی اراضی زراعیە زۆرسوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ راتان هەیە لەسەر موضوعەکە تێبینیتان هەیە؟ کاک مأمون هیچ تێبینیت هەیە جەنابت باشە صیاغەی مجلیستان چیە بیخوێنەوە ماددەی سێ موقتەرەحی خۆتان تکایە بیخوێنەوە لیژنەی یاسایی لە وەرەقەی خۆتان بە واضحی نوسراوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

المادة الثالثة:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظيةالتسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣)لسنة ١٩٧١المعدل عدا المعاملات المصدقة من قبل محكمة التمييز .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :تۆ جارێکی تر بیخوێنەوە ئەمەگرینگ نیە بزانین بیخوێنەوە بزانە رئیان چۆنە.

المادة الثالثة:

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية المملوكة للدولة داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظية التسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط

القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣)لسنة ١٩٧١المعدل عدا المعاملات المصدقة من قبل محكمة التمييز .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێز كاك مأمون فەرمو.

**بەڕێز مأمون بریفكانی :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە المملوكە للدولە تۆزێک توضیحی دەوێت ئایا ئەوە اطفاء كراون چونكە شتێک ببێتە عائیدی حكومەت ناهێلێتن موطلقی زراعی بێت یان اطفاء دەكات حصەی مالیک دەدات واتە تۆزێک تەوضیحی دەوێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن :**

هەر لابرێت باشترە مملوكە للدولە نەمێنێ باشترە.

**بەڕێز مأمون بریفكانی:**

بەڵێ با نەمێنێ باشترە جارێكی تریش ئیشارەتم پێكرد سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو بیخوێنەوە جارێكی تر.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

المادة الثالثة :

تبطل معاملات التسجيل المجدد الجارية على الاراضي الزراعية داخل حدود البلديات ضمن اعمال ملاحظيةالتسجيل العقاري في قضاء زاخو لعدم استيفائها الشروط القانونية المنصوص عليها في قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣)لسنة ١٩٧١المعدل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەیخەینە دەنگدانەوە تكا لەو بەڕێزانە ئەكەین كەماددەی سێ بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە زۆرسوپاس، ئەوبەڕێزانەی پەسەندی ناكەن با دەستیان بەرزكەنەوە، دوو بەڕێز پەسەندی ناكەن بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن :**

ماددەی چوار:

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة:**

تشمل تسمية العقار الواردة في متن المواد/ ٤٣ مكرر ق ٣/٥١ مكرر و (٥٦) من قانون

التسجيل العقاري رقم/ ٤٣ لسنة ١٩٧١ المعدل ـ الاملاك الصرفة الواقعة داخل حدود البلديات حصراً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئێوە هیچ راتان لەسەری هەبوو؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان لەسەری نییە، چونكە ئەوە بۆ دوای چارەسەركردنی ئەو كێشانەیە، دوای ئەوەی ئەو لیژنانە چارەسەرەكانیان كرد بۆئەوەی هیچ ئیشكالێک دروست نەبێت لە نێوان اراضی زراعی و اراضی مهندسەكان. قانون تسجیل مجدد تەنیا ئەوەی پێ دەكرێت كە زمنی عەقاراتە املاكی صرفە، ئەوەی مولّكی دەوڵەتن و زەوی كشتوكاڵی ترن بەگوێرەی ئەم یاسایە تسجیل مجددی لەسەر ناكرێت دەبێت لە رێگای (اصلاح زراعی) بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

واتا پرۆژەی حكومەت پەسەند دەكەن؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمون.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە پرۆژەكە پەسەند دەكەین بەڵام ئێمە دەڵێین بەو شێوەیە بێت (تشمل تسمية العقار الواردة في المادة الثانية من هذا القرار الاملاك الصرفة الواقعة داخل حدود البلديات حصراً). چونكە لە بنەڕەتدا یاسای عێراقی بۆ تسجیل عقاری ساڵی (١٩٧٣)یە ئەمە ئێستا بڕیارێكی تایبەتە تسمیە العقار لەو بڕیارەی ئێستا دەردەچێت تشمل (الاملاك الصرفة الواقعة داخل حدود البلديات حصراً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە. وادیارە تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە. لیژنەی یاسا وەڵامی لیژنەی دارایی دەدەنەوە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو مەوزوعە بۆ ئەو بڕیارە نییە کە یاسای (٤٣) شمولی ئەو زەوییە بکات پاشی ئەو تەصفیانە بۆئەوەی دوایی ئیشکال نەبێت خەڵکێک زەوی کشتوکاڵی بە یاسای ژمارە (٤٣) تۆمار نەکاتەوە لەمەودوا تەنیا زەوی عەقارات شمول دەکات لەبەر ئەوە ئیمکان نییە بڵێین بەنیسبەت ئەو بڕیارە، چونکە ئەوە بۆ دوارۆژە بۆ ئێستا نییە بۆ ئەم بڕیارە لیژنەیەک هەیە چارەسەری ئەم مەسەلانە دەکات لیژنەکە تەواو بێت لە ئیشی خۆی بە یاسای (٤٣) چارەسەر دەکرێت یاسای (٤٣)ش بەس شمولی زەوی عەقارات دەکات و شمولی زەوی کشتوکاڵی ناکات، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

واتا بەوشێوەیە بمێنێتەوە کە حکومەت نووسیویەتی. ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٤) بەو شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە..

ماددەی چوار بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا، یەک بەڕێز پەسەندی نەکرد.

ماددەی پێنجەم بخوێننەوە.

**بەڕێـز شـــــێـــــروان نـاسـح حــــیـــــدری:**

**المادة الخامسة:**

تشكل لجنة من ممثلي وزرارات العدل، الزراعة والري، البلديات والسياحة، الاوقاف والشؤون الاسلامية، المالية والاقتصاد برئاسة حاكم لتدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها وتكون قراراتها باتة.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ نوێنەرایەتی هاوولاتیان دەکات لەو لیژنەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

بەڕای ئێمە ئەو ماددەیە بە دوو بڕگە بکرێت:

بڕگەی (أ) بەو شێوەیە بێت: تشكل لجنة برئاسة حاكم وعضوية ممثل عن كل من وزارات الزراعة والري والبلديات والسياحة والاقاوف والشؤون الاسلامية، والمالية والاقتصاد للنظر في تدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها في دائرة التسجيل العقاري وتكون قراراتها خاضعة للطعن تمييزاً خلال مدة ثلاثين يوماً إعتباراً من تاريخ صدور القرار عن هذه اللجنة ويكون قرارها باتاً. ئێستا (وقرارها باتا)نیشی پێ ناوێت.

برگـه (ب): تختص اللجنة المشكلة في فقرة (أ) اعلاه بالنظر في المعاملات الواردة في المادتين الثانية والثالثة من هذا القرار.

ئێمه (٧٢٠)ی كه له پڕۆژەی حكومەت هاتبوو لامانبرد بەوپێیەی كه لیژنەكانی زەوی بەم كاره هەڵسن لەبەرئەوه هی زەوی كشتوكاڵی و زەوییەكانی عەقار درا بەو لیژنەیەی كه تشكیل كرا بە موجبی ئەو بڕیارەی كه پێك دەهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەی ماددەی یەكەم (اراضي اصلاح زراعي)؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

گوتمان ئەوه لەدەرەوەی یاسای (اصلاح زراعی)یه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایه جارێكی تر پێشنیارەكەی خۆتان بخوێننەوه.

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

خامساً:

أـ تشكل لجنة برئاسة حاكم وعضوية ممثل عن كل من وزارات الزراعة والري والبلديات والسياحة والاقاوف والشؤون الاسلامية، والمالية والاقتصاد ووزارة العدل للنظر في تدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها في دائرة التسجيل العقاري وتكون قراراتها خاضعة للطعن تمييزاً خلال مدة ثلاثين يوما إعتباراً من تاريخ صدور القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێره هاتووه (للنظر في تدقيق وتصديق) بەلام بگوترێت (لتدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد) بەسه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسا زۆر چاكه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

حكومەت رای هەیه دەربارەی ئەو مەوزوعه؟. كاك مأمون فەرمو.

**بەڕێز مـــأمـــون بریفکانی/ وەزیری شـــارەوانی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

ئەو لیـژنەیە کـاتیـیـەو، هەمـیـشـەیی نییـە، لەبەرئەوە ئەو (للنظر) پێویست ناکات هەر یەکسەر بنووسرێت (لتدقیق وتصدیق)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

بەو سیـغـەیەی ئەو مـاددەیە کە کـاک شێـروان خوێندیەوە شتـێکی لەبیـرچووە (ان یکون قـرارها باتا)، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

سوپاس. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

من پرسیارەکەم ئاراستەی برادەرانی لیژنەی یاسا دەکەم نوسراوە (لجنة برئاسة حاکم) حاکم خۆی سەربە وەزارەتی دادە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

نەخێر حاکم سەربە هیئەی قەزائییە.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ببورە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامی کاک سعید یعقوبی بدەنەوە.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

بڕیاری دادگای ئیستئناف (تمییزاً) خۆی باتە، چونکە لەژێر (طعن) نییە نە لە دادگای تەمییز نە لە شوێنێکی تر لەبەرئەوە خۆی (باتە)،سوپاس.

**بەڕێز مـــامـــون بریفکانی/ وەزیری شـــارەوانی:**

**بـەڕێز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

هەندێ حـالآت هەنە وەکـو لێـرە ئامـاژەی پێ کـرا (عـدا المعـامـلات المصـدقـه من قبـل مـحکمـه التمییز) لێرە ئەو معـاملاتانە دیسان دەچنە بەردەم دادگای تەمییز لەوانەیە وەکو سابقەیەک وەکو حـالآتی کـۆن بەڕێوەی ببـات واتا ئەوەی لیـژنە هەرگـیـز ڕەچاوی نـەکـات و ئێـمـەش ئەو لیـژنانە تەشکیل دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لەوانەیە ئەوە ئیجتهادە بچێتە لای دادگای تەمییز وەکو مامەڵە کۆنەکان تەصدیقی بکات، واتا ئەوەی لیژنەکانی ئێمە ڕەچاو نەکات، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

خۆی کـە لیـژنەیەکی حکومی هەر بڕیارێکی دا ئەمـە بەپێی یاسا ئـەگـەر هاووڵاتی قـەناعـەتی پێ نەهێنا بۆی هەیە سکاڵا بکات لای دادگـای تـەمـیـیـز لای هیـئـەی قـضـائی لەلایـەنی یاسـاییـەوە بڕیاری لێ بدەن. ئێـسـتـا ئەم بڕیارەی کـە دەرچووە جـارێ ئەو حـاڵـەتانەی دادگـای تـەمـیـیـز کـە تەمییزی کردووەو موصـادەقـەی لەسەر کردووە ئەوە لیـژنە هیچ سـەیری ناکـات لیژنە تـەنیا سـەیری ئەو حـاڵـەتانە دەکـات کـە دادگـای تـەمـیـیـز سـەیری نەکـردووە. کـە لیـژنە سـەیری کـردو بڕیارێکی وەرگـرت دەبێت ئەو بڕیارەی یاسـایی بێت دەبێت اسـتناد بکاتە سەر یاسـا دەبێت اسـتـناد بـکاتە سەر دەقـەکـان دەبێ مەجالی طعنی تێدا نەهێڵێـتەوە کە مـەجالی طعنی نەهێشـتەوە بەتەئکید دادگای تەمـییزیش ئەو کـاتە تەئییدی رای لیژنە دەکات، بەس ئەگەر مـجالی طعنی هێشـتەوە ئەو کاتە دادگای تەمییز مافی ئەو هاووڵاتیە دەداتەوە ئەمە شتێکی قانونییە.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

دادگا وجاهی نیـیە شت ئامادە بێت، بەڵکو تەدقیـقی ئەوراق دەکات ئەگەر ئەوراق وەکو پێویست بێت کابرا موستەمسەکاتی ئسولّی ئیبراز نەکردبێ شتی وەکو پێویست ئیبراز نەکردبێ چۆن دادگا رای دەداتێ باوەڕ ناکەم بیداتێ لەبەرئەوەی ئیمکان نییە چیتر بکرێت هیچی تریش ناکرێت تەنیا ئەوراق نەبێت، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

جا تکایە هەردوو شەقەکەی ماددەی (٥) بخوێننەوە.

**بـەڕێز شـــــێـــــروان نـاسـح حـــــەیدەری:**

المادة الخامسة:

أـ تـشکل لجنة برئاسـة حـاکم وعـضـوية ممثل عن کل من وزارات الـزراعـة والري والبلديات والسـياحة والاوقاف والشؤون الاسلامية، والمالية والاقتصاد ووزارة العدل لتدقيق وتصديق معاملات التسجيل المجدد قبل تسجيلها في دائرة التسجيل العقاري وتکون قراراتها خاضعة

للطعن تمييزاً خلال مدة ثلاثين يوما إعتباراً من تاريخ صدور قرار اللجنة.
ب ـ تختص اللجنة المشكلة في فقرة (أ) اعلاه بالنظر في المعاملات الواردة في المادتين الثانية والثالثة من هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٥) دەخەینە دەنگدانەوە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٥) بەو شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. یەک کەس پەسەندی ناکات واتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.
دێینە سەر ماددە (٦).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی (٦) ماددەیەکی ئیزافیمان هەیە ئەگەر بوارمان پێ بدەیت دەیخوێنینەوە.
المادة السادسة: تعفى معاملات التسجيل المجدد من رسوم التسجيل العقاري بالنسبة للمعاملات المصدقة والمستوفية للشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕناکەم تێبینی لەسەر ئەوە هەبێت، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی هاوولاتییە، وەزارەتی دارایی و حکومەت هیچ تێبینییتان نییە لەسەر ئەم خاڵە؟، ئەوەی پارەی دابێت هەقە جارێکی تر لێی بسەنن؟

**بەڕێز سرکیس ئاغاجان مامندو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام معاملاتی راستە و تصدیق دەکرێت بۆچی جارێکی تر رسوماتی لێ وەربگیرێ؟ چونکە ئەو حاڵەتانە ناگرێتەوە ئەوانەی معامەلاتیان راست نییە، ئەوانەی ساختەیە ئیلغا دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. تکایە جارێکی تر ماددەی (٦)ی تازە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة: تعفى معاملات التسجيل المجدد من رسوم التسجيل العقاري بالنسبة للمعاملات المصدقة والمستوفية للشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوە روون نییە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت بۆ ئەوانەی کە لە پێشتر رسوماتیان لێ وەرگیراوە.

**بەڕێز مأمون بریفکانی/ وەزیری شارەوانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ هاوولاتی خلافی ئەمەیان کردووە باشە ئێمە بێین موکافەئەی ئەوان بدەین، ئەوە هەر نەمێنێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست لێرە ئەوەیە ئەوانەی معاملەکانیان خلاف نییە، ئێستا لیژنە سەیری ئەو قەزییانە ناکاتەوە جارێکی تر بۆ نموونە دەڵێن فلان حەقی هەیە فلان حەقی نییە، بەس ئەوەی هەقی هەبێت هەق نییە جارێکی تر رسومی لێ وەربگیرێ ئەوەی کە داویەتی مەفروزە بەوە ئیکتفا بێت.

کاک ئیبراهیم فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیم دەربارەی (مستوفیة للشروط القانونیة) هەیە، هەر موعامەلەیەک کە ئیستفای شروطی قانونی کرد واتا تسجیل مجددەکە دەکرێت کەشفەکە دەکرێت شایەد وەردەگیرێ روسوم تەواو وەردەگیرێت ئینجا ئیستفای شروطی قانونی دەکات کە ئیستفای شروطی قانونی کرد واتا رەسمەکە وەرگیراوە ئەگەر ئەو لیژنەیە بینی هەموو ئیجرائات لەگەڵیدا کراوە و ئیجرائاتەکەشی تەواوە ئەوە تەصدیقی دەکات و جارێکی تر رەسمی لێ وەرناگرێ، بەڵام ئەگەر بینی ئیستفای شروطی قانۆنی نەکردووە (نقض)ی دەکات (نقض)ەکەی بەرامبەر بە بڕیاری تەمییزە لە دادگای تەمییز ئەگەر تصدیقی کرد بە نقضەکە دەگەڕێتەوە موعامەلەکە ابطال دەبێت واتا بەناوی نامێنێت، ئەگەر نقضیشی کرد ئیجرائاتی تری لەگەڵدا دەکرێت واتا ئەو ماددەیە کە لیژنەی یاسا هێناویتیە خوارێ رێکوپێکە، چونکە ئەوەی ئیستفای شروطی قانونی بکات رەسمی وەرگیراوە کۆتایی پێ هاتووەو پێی ناوێت جارێکی تر رەسمی لێ وەربگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای لیژنەی یاسایە:

تعفى معاملات التسجيل المجدد من رسوم التسجيل العقاري مجدداً بالنسبة للمعاملات المصدقة والمستوفية للشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القرار.

ئەوانەی کە دەچنە بەردەمی لیژنە بۆ جاری دووەم خاضعی رسومات دەبن بەوپێیەی ئیلغا کراوە لەبەرئەوە جاری دووەم دەیدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تریش بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

تعفى معاملات التسجيل المجدد من رسوم التسجيل العقاري مجدداً بالنسبة للمعاملات المصدقة والمستوفية للشروط القانونية المنصوص عليها في هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش بەو شێوەیەی خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. یەک کەس دژە «بنووسە لەسەر داوای کاک سەعید پارەیان لێ بستێنن». ماددەی شەش بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا یەک دەنگ پەسەندی نەکرد.

ماددەی (٧).

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٧) پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددە (٧) وەرگیرا.

ماددەی (٨).

**بەڕێز شێروان ناسح حیدری:**

المادة الثامنة: على مجلس وزراء اقليم كوردستان تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٨) پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بەگشتی دەنگ ماددە (٨) وەرگیرا.

ماددە (٩) بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة التاسعة: يعمل بهذا القرار من تاريخ صدوره في وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان) هەموو جارێک وا نەنووسراوە؟. با ئەو سیغەیە چەسپاو بێت.
تکایە جارێکی تر مادده (٩) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة التاسعة: ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده (٩) پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بەگشتی دەنگ مادده (٩) وەرگیرا.
هەموو بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی گفتوگۆی لەسەر کرا دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا.
دووبارە سوپاسی بەڕێزان وەزیری دادو وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزارو، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئامادەبوونیان. بەمە کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان بۆ دانیشتنی داهاتوو لە کاتی پێویستدا ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرێتری ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٦/٦/٢٠٠١**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری ناوخۆ ورەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٢)ی رۆژی (٥/٦/٢٠٠١)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای**
**ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠١**
**یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٣ی**
**وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**
بەرێوەبەرییەکی گشتی نوێ بەناوی(بەرێوەبەریی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆ)سەر بەوەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێ، بەرێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا روتبەکەی لە روتبەی عەقیدی پۆلیس کەمتر نەبێ.
**ماددەی دووەم:**
ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی(١٩٩٣)هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:
١ـ بەرێوەبەرێتیی گشتی پۆلیسی هاتوچۆ، بۆ ئەو بەرێوەبەرێتییە گشتیانە زیاد دەکرێ کە لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی ناوخۆدا ناویان هاتووەو، دەبێ بە برگەی(٧)ی ماددەکەی سەرەوە.
٢ـ بەرێوەبەرییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکان بەخۆیان و هەموو پێکهاتەکانیانەوە،

له بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیس دەکرێنەوەو بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆوە دەبەسترێن.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە.بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**.ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٧**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠١/٦/٥**

**«بڕیار»**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده(٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەی ژمارە(١٢)ی ڕۆژی(٢٠٠١/٦/٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**ماددەی یەکەم:**

موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە، بەناوی ئەشخاصی طبیعییەوە کە دەربارەی زەوی وزاری کشتوکاڵ لە دەرەوەی سنووری شارەوانییەکاندا لەچوارچێوەی ئەرک وفرمانی ملاحظیەتی تۆماری عیقاری زاخۆ پیادە دەکرێ، پووچ دەکرێنەوە، چونکە حوکمەکانی سەرلەنوێ تۆمارکردنەوە کە لە یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٧١)دا هاتووە نایانگرێتەوەو کەوتوونەتە ژێرکاری حوکمەکانی یاساکانی چاکسازیی کشتوکاڵەوە کە لە هەرێمدا بەرکارن.

**ماددەی دووەم:**

موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە دەربارەی عیقارو زەویی نشینەیی لەناو سنووری شارەوانییەکاندا، لە چوارچێوەی ئەرک وفرمانی(ملاحظیەتی)تۆماری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکرێ پووچ دەکرێنەوە چونکە بەپێی دەقەکانی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی سەلەنوێ تۆمارکردنەوەی ساڵی(١٩٧١)شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوە.

**ماددەی سێیەم:**

موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە دەربارەی زەوی وزاری کشتوکاڵ لەناو سنووری شارەوانیەکاندا لە چوارچێوەی ئەرک وفرمانی(ملاحظیەتی) تۆماری عیقاریی قەزای زاخۆدا پیادە دەکرێ پووچ دەکرێنەوە، چونکە بەپێی دەقەکانی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی تۆماری عیقاریی ساڵی(١٩٧١)شەرت وشرووتیان بەجێ نەهێناوە.

**ماددەی چوارەم:**

ناولێنان لەو عیقارەی کە لە(مەتنی ماددەی/٤٣ موکەڕەر، ق٣/موکەڕەرو ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(٤٣)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٧١)ی تۆماری عیقاریدا هاتووە، تەنها ئەو موڵکە صرفانە دەگرێتەوە کە کەتوونەتە ناو سنووری شارەوانییەکانەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

أـ لیژنەیەک لە نوێنەرایەنی وەزارەتەکانی کشتوکاڵ وئاودێری، شارەوانی وگەشت وگوزار، ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی، دارایی وئابووری وداد، بەسەرۆکایەتی دادوەرێک پێکدەهێنرێ. ئەم لیژنەیە موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە تەدقیق وتەسدیق دەکات بەرلەوەی لە دایەرەی تۆماری عیقاریدا تۆمار بکرێن، بڕیارەکانیش لەماوەی(٣٠)سی رۆژدا کە لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات ئەوەی لە باردا هەیە کە تانەی تەمییزی لێ بدرێ.

ب ـ ئەو لیژنەیە کە بەپێی برگە(أ)ی ئەم ماددەیە پێک دەهێنرێ تەنها سەیری ئەو موعامەلانە دەکات کە لەماددەی دووەم و سێیەمی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

**ماددەی شەشەم:**

موعامەلەکانی سەلەنوێ تۆمارکردنەوە کە بەپێی دەقەکانی ئەم بڕیارە تەسدیق کرابن وشەرت وشرووتی یاساییان بەجێ هێنابێ لە رەسمی تازەی تۆمارکردنەوەی عیقاری عەفو دەکرێن.

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)**

چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٠

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە سیازدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە «١»ی هەموارکراوی ساڵی «١٩٩٢»ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە سیازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٠ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ بەرچاوخستن و گفتوگۆ لەسەر دراسەتەکەی دیاردەی پەنابەری و گوزەرانی پەنابەرانی کورد لە دەوڵەتە ئەوروپییەکان و دەوڵەتە بیبیانییەکانی دیکەدا، کە ئەو لیژنە رفتەنییە ئامادەی کردووە کە بەپێی بڕیاری ژمارە «٢»ی ڕۆژی (٢٠٠١/٤/١٠)ی ئەنجومەن پێک هێنراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی سەرکردە و نوێنەرانی پارتە کوردستانیەکان دەکەین لە هۆڵی پەرلەمان بۆ ئەم دانیشتنە ،هەروەها بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین ،هەروەها بەخێرهاتنی گەرمی میوانە بەڕێزەکان نوێنەرانی ڕێکخراوە جەماوەریەکان و سەندیکاکانی کوردستان دەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەمان بۆ باس کردنی دیاردەی پەنابەرانە بۆ هەندەران ، کە لە ڕاستیدا دەست پێکردنی ئەم خاڵەی بەرنامەی پەرلەمان لە ٢٠٠١/٣/١٥ لە دەست پێکردنی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی پەرلەمانی کوردستان ، لە وتاری بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی ئاماژەیەکی ڕوونی دا بە پەرلەمانی کوردستان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵی ئەو دیاردەیە بکرێ، بەتایبەتی کە دیاردەکە گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا کە بۆتە گرفتێکی میللی لە کوردستانی عێراق وهەروەها لە دەرەوەش و مبالەغە نییە ئەگەر بڵێین هەموو ماڵێکی کوردستانی گرتۆتەوە ، بۆیە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق لە ٢٠٠١/٤/٩ بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی لە ئەندامانی پەرلەمان وەرگرت بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی پەنابەران و پەنابەری لە وڵاتە

ئەورووپییەکان، لە راستیدا ئەو لیژنەیە بە کارێکی زۆر هەستا و ئامادەکاریەکی باشی کرد بۆ بەستنی چەند سمینارێک کە بەشێوەیەکی گشتی و فراوان بۆ چونەکانی سەرجەم توێژەکانی گەلی کوردستانی گرتەوە لە پارت و حکومەت و رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵی جیاوازی میللەتەکەمان کە دەرئەنجامەکەی لە هەر سمینارێک کە ژمارەیان لە حەوت سمینار زیاتر بوو لەهەر سمینارێک وەرەقەیەکی کاری لێ دەرکەوت و ئەم ئەوراقانە بووە ئەوەی کە را و بۆچونی گشت چینەکانی میللەتی تێدا کۆبێتەوە و ببێ بە راپۆرتێک کە ئەمڕۆ لە پەرلەماندا پێشکەشتان دەکرێ، بەرنامەی کارەکەمان وەکو باسمان کرد باس کردنی ئەو راپۆرتەیە ، سەرەتا لیژنەکە راپۆرتەکە دەخوێنێتەوە، دواتر روون کردنەوەیەک لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش دەکرێت،پاشان بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەیە کە پرسیار یان بە دواداچون پێشکەش بکەن وهەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بە پێی یاسا و پێڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەتوانن مداخەلەی خۆیان بکەن. جارێکی تر بەخێرهاتنی میوانە بەرێزەکان دەکەمەوە داوا لە سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری لیژنە کاتیەکەی پەرلەمان دەکەم کە بێنە سەر سەکۆ ، پێش ئەوەی دەست بکرێ بە خوێندنەوەی راپۆرتەکە لەراستیدا روون کردنەوەیەک پێویستە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو راپۆرتە بڕیار نییە، بەڵکو راپۆرتێکە تیایدا هەوڵ دراوە راو بۆچونی سەرجەم چینەکانی تێدا کۆ بکرێتەوە دەربارەی دیاردەکە، ئەمە کاتێ دەبێ بە بڕیار کەگفتوگۆی لەسەر بکرێ بەپێی پێویست ئەگەر پێویستی کرد و راپۆرتەکە بڕیاری لەسەر درا دەخرێتە دەنگدانەوە، یان ئەگەر پێویست بە شتی تر بکات ئەوە لە گفتوگۆی ناو پەرلەمان بە دیار دەکەوێ کە چی لە راپۆرتەکە بکرێ،کاک د. ناسح فەرموو.

**بەرێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

کوردستان ــــ هەولێر

لیژنەی کاتی کۆچ کردن

ژمارە/ف ١

بەروار/١٤/٦/٢٠٠١

بۆ /بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ب /کۆنووسی پوختەی سیمینارەکانی دیاردەی کۆچ کردن

نیشانە بە نووسراوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە(٢) لە ٢٠٠١/٤/١٠ دەربارەی دروست کردنی لیژنەیەکی کاتی تایبەت بە دراسەت کردنی دیاردەی کۆچ کردن.

... هاوپێچ/ دەقی کۆنووسی پوختەی سیمینارەکانی تایبەت بە دراسەت کردنی کۆچ کردن

بۆ بەرێزتان دەنێرین هیوا دارین سوود بەخش بێت داوا کارین بە پێی مادده ٥٤ لە پێڕەوی

ناوخۆی ئەنجومەن بخرێتە بەرنامەی کاری ئەنجومەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری .

*لەگەڵ ڕێزماندا*

د. ناسح غەفور ڕەمەزان
سەرۆکی لیژنە

کۆنووسی پوختەی سیمینارەکانی تایبەت بە دیراسەت کردنی دیاردەی کۆچ کردن :

لیژنەکەمان، لیژنەی کاتی تایبەت بەدیاردەی کۆچ کردن کە لەدانیشتنی ژمارە(٥)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕۆژی ٢٠٠١/٤/٩ بڕیار درا بە پێکهێنانی بۆ دیراسەت کردنی دیاردەی کۆچ کردن و گیروگرفتی پەنابەرانی کورد لەدەرەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و ڕۆشنبیری و ئەمنییەوە، زنجیرەیەک سیمیناری سازدا لەتەلاری پەرلەمان لە ڕۆژانی ٥/٥/ ـ٥/١٣ ی ٢٠٠١ بۆ دیراسەت کردنی ئەم تەوەرانەی لای خوارەوە:

١ـ هۆکاری کۆچ کردن.

٢ـ ئاکامەکانی کۆچ کردن و کاریگەری لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە.

٣ـ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کۆچ کردن.

٤ـ گیروگرفتەکانی سەفەر.

سیمینارەکان لەژێر چاودێری و بەئامادە بوونی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوە چوو، بەم شێوەی لای خوارەوە:

١ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٥ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان.

٢ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٦ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان.

٣ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٧ لەگەڵ سکرتاریەتی مامۆستایان و نوێنەری هەر زانکۆو پەیمانگایەک، هەروەها مامۆستایانی پسپۆڕ لە بوارەکانی ئابووری، دەروونناسی، کۆمەڵایەتی، یاساو سیاسەت.

٤ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٨ لەگەڵ زانایانی ئاینی ئیسلام و پیاوانی ئاینی مەسیحی.

٥ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٩ لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و نوێنەری هەر ڕۆژنامەیەک و کەناڵێکی ڕاگەیاندن.

٦ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/١٠ لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان.

٧ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/١٢ لەگەڵ وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم، هەریەکە لە وەزارەتی (یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری، داد، تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ناوخۆ، ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، پەروەردە.

٨ـ ڕۆژی ٢٠٠١/٥/١٣ لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان.

شایانی باسە ڕۆژی ٢٠٠١/٥/١٠ بەڕێز کاک مەسرور بارزانی بەنوێنەرایەتی جەنابی سەرۆک

مەسعود بارزانی ئامادەی سیمیناری پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بوو.
پاش تەواو بوونی سیمینارەکان هەموو راپورت و راوبووچونەکان دران بە بەرێزان( مـلا محـمد طاهر مـحمد زین العـابدین، عبدالخـالق زەنگەنە، سیـروان کاکەیی) بۆ ئامادەکردنی پووختەی ڕاپۆرت و ڕاو بۆچونەکانی هەر سیمینارێک و لە ئامادە کردنی پوختەی دوا ڕاپۆرتدا بەرێز د. ئازاد نەقشبەندی راگری کۆلیجی ئاداب ئامادە بوو وە لە دانیشتنێکی هەموو ئەندامانی لیژنەکەمان جارێکی تر خوێندرایەوەو تاوتوێ کرایەوە وبەم شێوەیەی لێ هات کە دەیخەینە بەردەستی بەرێزتان، ئومێدەوارین توانیبێتمان بەرێک و پێکی هەموو ئەو راپۆرت و ڕاو بۆچونانە گەلاڵە بکەین کە لەڕۆژانی سیمینارەکاندا پێشکەش کران لەگەڵ ڕاو بۆچوونی ئەو لایەن و کەسانەی کە نەیانتوانیبوو لە سیمینارەکان بەشداربن و بە نووسین راپۆرتی خۆیان بۆ لیژنەکەمان ناردووە

تەوەرەکانی کۆچ کردن

یەکەم ـ هۆکارەکانی کۆچ کردن :

أـ هۆکارە سیاسیەکان

١ـ دیار نەبوونی دوا ڕۆژی ئەزموونی گەلەکەمان و مەترسی دووبارە بوونەوەی کارەساتی دڵتەزین وەکو کیمیاباران وئەنفال و کۆڕەو.

٢ـ بەردەوام بوونی هەڕەشەی حکوومەتی مەرکەزی بەغدا لەسەر کوردستان و درێژە پێدانی سیاسەتی دەرکردنی خەڵک و بەعارەبکردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی و سیاسەتی راستکردنەوەی رەگەزنامە(تصحیح القومیە) بەتایبەتی لەکەرکووک و خانەقین ومخمور ومندلی وشێخان وزمارو شنگارو شوێنەکانی تر.

٣ـ مانەوەی حکومەتی مەرکەزی بەغدا و دیار نەبوونی ئاسۆیەک بۆ گۆڕانکاری دیموکراتیانە لە عێراقدا کە بڕوای هەبێ بە چارەسەر کردنێکی ئاشتیانەو عادیلانەی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان.

٤ـ کارانەبوونی بڕیاری ٦٨٨ بە شێوەیەکی گشتی.

٥ـ هەڕەشەکردنی ناوبەناوی دەوڵەتە دراوسێیەکان و دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆی هەرێم.

٦ـ بوونی نەخشەیەکی نادیاری هەرێمی (ئیقلیمی) بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ کۆچ کردنی هێزی کارو توانا زانستی و پسپۆڕیەکانی هەرێمی کوردستان.

٧ـ شەڕی ناوخۆ و ئەو ئاکامە خراپانەی کە لێی کەوتەوە، هەروەها بەردەوام بوونی حاڵەتی نەشەڕ نە ئاشتی بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن و جێ بەجێ نەکردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن و نەبوونی ئیدارەیەکی یەکگرتوو خاوەن دەسەڵات بەسەر هەموو هەرێمی کوردستاندا.

٨ـ بوونی بارێکی سیاسی ئاڵۆز لە عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی و بەردەوام بوونی بە تایبەتی لە دواچارەکەی سەدەی بیستەمەوە کە زەمینەیەکی فەراهەم کرد بۆ دیاردەی کۆچ کردن و هەڵهاتنی

خەڵک لە دەستی ئەو بارە نالەبارە.

٩- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەرکراوەکانی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەشێوەیەک کە لەتوانای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نییە بۆ دابینکردنی ژیان وگوزەرانیان بەشێوەیەکی باش.

کاروباری هاوڵاتیان لە دام دەزگاکان و پێشخستنی بەرژەوەندی حزبایەتی و لاوەکی.

ب - هۆکارە ئابوورییەکان:

١- باری ئابووری ئاڵۆزی هەرێمی کوردستان و بوونی ئابلوقەی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق وئابلوقەی حکومەتی مەرکەزی بەغداش لەسەر هەرێمی کوردستان.

٢- نەبوونی دەسەڵاتی تەواو بەسەر هەموو سەرچاوە ئابووریەکانی کوردستاندا وسستی و نادروستی کارگێڕی لە کۆکردنەوەی داهات و نەبوونی نەخشەی گونجاو بۆ سود وەرگرتن لەو داهاتانەی بەشێوەیەک کە بەرژەوەندی زۆربەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی تیادا رەچاو بکرێت.

٣- رۆڵی سلبی عێراق لە تە گەرەخستنە بەردەم ڕێگای جێبەجێ کردن وباشتر سوود وەرگرتن لە بریاری(٩٨٦)کە تا ئێستا پرۆژەی بەرهەمهێنەری لێ نەکەوتووەتەوەو رۆڵی قوڵتری نەبینیوە لە چاککردنی ژێرخانی ئابووری داتەپیوی کوردستان.

٤- نزمی ئاستی بژێوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان وکەمی کار ودابەزینی ئاستی دراوی عێراقی بەرامبەر دراوی بێگانە.

٥- جیاوازی بەرچاو لە ئاستی بژێوی نێو دانیشتوانی هەرێم لەلایەک و لەنێوان دانیشتوانی هەرێم و وڵاتانی ئەوروپا لەلایەکی ترەوە.

٦- کەمی مووچەی فەرمانبەران وتازە دامەزراوەکان بەشێوەیەک کە ناگونجێ لەگەڵ باری ژیانیاندا.

٧- نزمی ئاستی داهاتی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەک کە پێداویستە سەرەتاییەکانی ژیان دابین ناکات.

٨ - کەمی بواری کارکردن لەبەردەم دانیشتوانی هەرێمدا بەتایبەتی بۆ دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان.

٩- پاوەنکردنی کاری بازرگانی وبەڵێندەرایەتی بۆ هەندێ خەڵک ورێگا نەدان بەخەڵکی تر.

ج - هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:

١- سەختی باری پێکەوەنانی خێزان.

٢- سستی و لاوازی بەرنامە چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان.

٣- پشتگوێ خستنی خەڵکانی دڵسۆز وخاوەن قوربانی وبایەخدانی زیاد لە پێویست بە خەڵکانێک شایستەی ئەو پلەو پایەیە نین بەتایبەتی ئەوانەی رۆڵی گەورەیان هەبووە لە دژایەتی

کردنی رۆڵەکانی گەلەکەمان.
٤ـ بایەخ نەدانی پێویست بەلاوان ونەرەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ پاراستنی هەست وداخوازیەکانیان.
٥ـ بایەخدانی لە رادەبەدەر بەو خەڵکانەی کە لە دەرەوەی وڵات بەسەردان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان لەلایەن نێوەندەکانی سیاسی وحکومی وڕوشنبیری وکۆمەلایەتی و راگەیاندنەوە.
٦ـ چاولێکەری ولاسایی کردنەوەی خەڵک بەتایبەتی بوونی خێزانی هەندێ لە بەرپرسانی حکومی وحزبی لە دەرەوەی وڵات.
٧ـ هاندانی ئەو خەڵکانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان بۆ خزم وکەس وکاریان و پیشاندانی وێنەیەکی جوان ورازاوەی دونیای دەرەوە.
د ـ هۆکاری ئیداری:
١ـ نەبوونی بەرنامەیەک بۆ کۆنترۆڵ کردنی سەفەری نا یاسایی وکۆنترۆڵ نەکردنی کارە نایاساییەکانی قاچاغ وتەزویر کردنی بەڵگەنامە ڕەسمیەکان.
٢ـ بێ دەنگی دام ودەزگاکانی هەرێم لە ئاستی دیاردەی کۆچکردن ونەبوونی هیچ بەرنامەیەک بۆ چارەسەرکردنی.
٣ـ بوونی دیاردەی گەندەڵی کارگێڕی ونەبوونی پرسینەوە لە زۆر لەو کەسانەی کە بەزوویی دەوڵەمەندبوون وبەکارهێنانی پلەو پایە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان.
٤ـ خۆ دابڕینی بەرپرسانی حزبی وحکومی لە جەماوەر وکەمی بوار بۆ چاوپێکەوتنی خەڵک وچارەسەر کردنی کێشەکانیان.
٥ـ لە هەندێ جێگاو فەرمانگە حکومیەکاندا کۆمەڵە کەسانێکی کۆنە پابەستەی رژێم سودو کەڵکێکی زۆریان وەرگرتووەو کنەیان کردووە بەبێ ئەوەی هیچ پێوەرێک هەبێ بۆ نرخاندنی تواناو بەهرەی خەڵکی تر.
٦ـ نەبوونی کۆنترۆڵ لەسەر ئەو نووسینگانەی کە پارە تەحویل دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات.
٧ـ نەبوونی یەکسانی لە دامەزراندن لە رێکخراوە بیانیەکان وپاوەنکاری لەو بوارەدا.
٨ـ نەبوونی یەکسانی لە بەخشینی دەرماڵە بەهەندێ خاوەن پیشەو نەدانی بەهەندێکی تر.
٩ـ کارنەکردن بە هەندێ یاساو ریساو رێنماییەکان لەکارە کارگێڕیەکانداو کارکردن بەگوێرەی میزاجی بەرپرسی ئیداری لە راپەڕاندنی کارەکاندا بەبێ ئەوەی رووبەڕووی لێپرسینەوەبن.
١٠ـ نەبوونی یەکسانی لە دامەزراندن لە دەزگا حکومیەکان و وەرگرتنی قوتابیان بەتایبەتی لە خوێندنی باڵا و بوونی دیاردەی تزکیەی حزبی وواستەکاری وخزمایەتی.
١١ـ دەستێوەردانی هەندێ لەبەرپرسان بۆ ئاسانکاری ناردنە دەرەوەی خزم وکەس وکاریان.
هـ ـ هۆکارە ئەمنییەکان:
١ـ سەرهەڵدانی ناوبەناوی باری نائەمنی بەهۆی دیاردەی تیرۆرو تەقینەوەو توندڕەوی لەلایەن

هەندێ خەڵکی پابەستە وئاژاوە گێڕەوە.
٢ـ لاوازی دادپەوەری وکارگێڕی وئەمنی بۆ کۆنترۆڵ وسزادانی خەڵکانی تێکدەرو ئاژاوە گێڕو تیرۆرکار وتەزویرکارو قاچاغچیەکان.
و ـ هۆکارە رۆشنبیرییەکان:
١ـ نزمی ئاستی نیشتمانپەروەری ونەتەوایەتی ولاوازبوونی زۆر لە بەها کۆمەڵایەتی وئاکارە رەسەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواری.
٢ـ نزمی ئاستی راگەیاندن ونەبوونی وتارێکی یەکگرتوو کە گشت چین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئاراستە بکات بەرەو ئایندەیەکی گەش.
٣ـ لاوازی بەرنامەی کاری دەزگاکانی راگەیاندن لە هۆشیار کردنەوەی خەڵک وئاراستە کردنیان بۆ زیاتر پابەندبوون بەگەل ونیشتمان وبەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگای کوردستان.
٤ـ رۆڵی سلبی راگەیاندن لەکەناڵی تەلەفزیۆنەکانەوە کە تەنها تیشک دەخاتە سەر لایەنی ئاهەنگ وخۆش گوزەرانیەکانی کۆچبەران وکەمی دەرخستنی وەزعی راستەقینەی نالەباری کۆچبەران.
٥ـ نەبوونی پرۆگرامی پەروەردەیی و زانستی لە ناوەندەکانی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگاکان کە قوتابیان هان بدات بۆ گیانی نیشتمانپەروەری ودڵسۆزی بۆ گەل وخزمەتکردنی وڵات.
دووەم ـ ئاکامەکانی کۆچکردن وکاریگەری لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوە:
أـ لایەنی ئیجابی:
١ـ زیاتر ئاشنا کردنی گەلانی جیهان وڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ڕێگای ئەو خەڵکەوە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین چ بەتاک چ بەکۆمەڵ.
٢ـ بە دەستهێنانی بڕوانامەی پسپۆڕی لەلایەن هەندێ لە کۆچبەرانەوە وفێربوونی زمان وکەلتووری گەلان کە لە گەڕانەوەیاندا دەتوانن سوودبەخش بن بۆ هەرێمی کوردستان.
٣ـ چاککردنی هەندێ باری گوزەرانی خێزان وکەس وکاری کۆچبەران بەهۆی ئەو بڕەپارەیە کە دەینێرنەوە، هەروەها رۆڵ گێڕان لە گەشەکردنی جم وجۆڵی بازرگانی وئابووری لە رێگای بەکارهێنانی سەرمایە لەکوردستاندا.
٤ـ تێکەڵاوی ویەکتر ناسینی خەڵکی کوردستان لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە.
٥ـ بوونی ئەو ژمارە زۆرە لە کۆچبەران لە دەرەوەی وڵات وای کردووە کە وڵاتانی ئەورووپی زیاتر بیری سیاسیانە بکەنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان.
ب ـ لایەنی سلبی
١ ـ کەم بوونەوەی هێزی کارو بەرگری لە هەرێمی کوردستان.
٢ ـ کۆچکردنی ئەقڵی داهێنەر و ئەکادیمی وپسپۆڕ کە کارێکی زۆر دەکاتە سەر باری زانستی

کۆمەڵگای کوردستان.
٣ ـ کەم بوونەوەی ئاستی ڕێژەی سروشتیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.
٤ ـ تێکچوونی هاوسەنگی ڕێژەی کوڕ و کچ و دروستکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی بە هۆی کەم بوونەوەی هەلی شووکردن بۆکچان.
٥ ـ شێواندنی پێکهاتەی تەمەنیی دانیشتوان و زیاد بوونی ڕێژەی پیرو کەم بوونەوەی ڕێژەی لاوان.
٦ ـ ناشیرینکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری لە دەرەوەی وڵات بە هۆی هەندێ پروپاگەندە و هەڵس وکەوتی دزێوی ناشارستانی.
٧ ـ بردنە دەرەوەی سەروەت وسامانێکی زۆر وبێ بەش کردنی کوردستان لە پرۆژەی بەرهەمهێنەر بەتایبەتی لەلایەن هەندێ خەڵکی دەوڵەمەندەوە.
٨ ـ لە دەستدانی هەندێ بە های نەتەوایەتی وکۆمەڵایەتی ڕەسەن و کەسایەتی و توانەوەی بیرو باوەڕ و کەلتووری زمان وداب و نەریتی کوردەواری لەلایەن هەندێ لەوانەی کە دەچنە دەرەوە.
٩ ـ ترازاندنی شیرازەی خێزان و کەوتنی ئەرک و باری قورسی بەڕێوە بردنی خێزان بەسەر ئافرەتدا کە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی جۆراوجۆر.
١٠ ـ دروستبوونی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانی کۆچبەران لە هەندەراندا وەک دیاردەی جیابوونەوە و پەیدا بوونی کێشەی دەروونی وەک نامۆ بوون و خەمۆکی و فێر بوونی ڕەفتاری خراپ وەک (ادمان) لەسەر خواردنەوەی مادە بێهۆشکەرەکان.
١١ ـ بایەخدان بەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەگەڕێنەوە زیاتر زەمینەو بوار خۆش دەکات بۆ ژنهێنانیان بە هۆی ئەو بڕەپارەیەوە کە هەیانەو دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی کەم دەرامەت ولاوی هەرێمی کوردستان.
١٢ـ لە دەستدانی ماڵ وحاڵێکی زۆر لە پێناوی گەیشتن بە دەرەوەی وڵات کە هەندێ جار دەگاتە ڕادەی لە دەستدانی گیانیش.
١٣ ـ سنورداش کردنی هەندێ لەو کۆچبەرانە دەبێتە هۆی بارگرانی بەسەر کەس و کار و خێزان و کۆمەڵگاوە بەهۆی لە دەستدانی ماڵ و حاڵێکی زۆر.
١٤ ـ پەیدا بوونی دیاردەی ناردنە دەرەوەی ئافرەت لەگەڵ قاچاغچی و خەڵکی نامەحرەم کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی بەدڕەوشتی لە زۆر حاڵەتدا.
سێیەم ـ چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کۆچ کردن:
١ ـ هەوڵدان بۆ دابینکردنی پشتگیری وڵاتان و نێوەندە بڕیار بە دەستەکانی جیهانی بۆ پشتگیری سیاسی و ئابووری ئەزموونی گەلەکەمان کە دەبێتە هۆی زیاتر بەرقەراربوونی باری سیاسی کوردستان و متمانەی دانیشتوانی.
٢ـ هەوڵدان بۆ زامنکردنی بەردەوامی پاراستنی هەرێمی کوردستان لەهەر مەترسی و

دەستدرێژیەک کە دەکرێتە سەری.
٣ـ هەوڵدان بۆ کاراکردنی بڕیاری ٦٨٨.
٤ ـ پەلەکردن لە سەقامگیر کردنی ئاشتی سەرتاسەری و جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنامەی واشنتۆن.
٥ـ فشار خستنە سەر حکومەتی عێراق لە ڕێگەی (UN) و دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانەوە بۆ ڕاگرتنی شاڵاوی دەرکردن و بە عارەب کردن و ڕاگواستنی زۆرە ملێی خەڵک وگۆڕینی ناسنامە بەناوی(تصحیح القومیە) و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی دەرکراوەکان بۆ جێگای خۆیان.
٦ـ هەوڵدان بۆ چاک کردنی باری ئابووری هاولاتیان ورەخساندنی هەلی ئیش کردن لە ڕێگای فراوانکردنی پرۆژە بەرهەمهێنەر و خزمەتگوزاریەکان و هاندانی کەرتی تایبەت و یارمەتیدانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی بەسود لە کوردستاندا.
٧ـ هەوڵدان بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە بڕیاری ٩٨٦ بە شێوەیەک کە ڕۆڵ بگێڕێ لە چاک کردنی ژێرخانی ئابووری هەرێم.
٨ـ هەوڵدان بۆ بەردەوام بوون و زەمانەتی بڕی(١٣- ١٥٪) بەشی هەرێمی کوردستان لە بڕیاری ٩٨٦ بە تایبەتی ئەگەر هەر گۆڕانکاریەک هاتە سەر ئەو بڕیارە و بڕیارە پەیوەندارەکان بەسزاکانی سەر عێراق.
٩ـ چاکسازی لە دام و دەزگا حکوومیەکاندا بە شێوەیەک بکرێت کە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێ و دادپەروەری و یەکسانی کۆمەلایەتی زیاتر دابین بکرێ و کەسانی گەندەڵ دوور بخرێنەوە لە پۆستە کارگێڕیە گرنگەکان.
١٠ـ زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران و دامەزراندنی دەرچووانی کۆلیج و پەیمانگاکان بە مووچەیەک لەگەڵ باری ژیاندا بگونجێ.
١١ ـ چارەسەر کردنی گەندەڵی ئیداری ومالی بەشێوەیەکی گشتی و چاوخشاندنەوە بەڕادەی سەرف کردن بەشێوەیەک لەگەڵ یاسا و ڕێنماییەکان بگونجێ.
١٢ ـ چاوخشاندنەوە بەرسومات و باجەکانی حکومەت بە شێوەیەک کە گونجاو بێت.
١٣ ـ ئاسانکاری بۆ لاوان بۆ پێکەوەنانی خێزان.
١٤ ـ ڕەخساندنی بواری خوێندنی باڵا و زەمالەی خوێندن بەپێی مەرجی زانستی و بەهرە و تواناکانی و دوور لە پێوەری لاوەکی.
١٥ ـ یەکسانی لە دامەزراندن لە دام و دەزگا حکومیەکاندا.
١٦ ـ وشیار کردنەوەی خەڵک لە ڕێگەی دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری بە مەبەستی باشتر ئاراستە کردنی خەڵک بۆ کەم کردنەوەی دیاردەی کۆچ کردن.
١٧ ـ بایەخدان و زیاد کردنی مەڵبەندی زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری بۆ هاووڵاتیان بەگشتی و

قـوتابیـان و لاوان بە تایبـەتی و زیاد کـردنی باغـچە و پارک و شـوێنەکـانی کـات بەسـەر بردن لە شاروشاروچکەکان لە سەرتانسەری هەرێمدا.
١٨ـ هاندانی نووسـینگەکـانی هەرێم لە دەرەوەی وڵات بۆ زیاتر بایەخـدان بە کـۆچبـەران و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا بۆ ئەوەی هەمیشە پابەندبوونێکیان بە کوردستانەوە هەبێ بە مەبەستی گەڕانەوەی یەکجاری.
١٩ـ هەنگاونان بەرەو زیاتر بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە و زیاتر بەدام و دەزگا (مؤسسات) کردنی کاری حکومی و رۆڵدانی تەواو بە دەزگا جەماوەریەکـان و فراوانکردنی روبەری ئازادی بۆ تاکە کەسی و کۆمەڵ بە گشتی.
٢٠ـ بەهێز کـردنی هەسـتی نەتەوایەتی و نیشـتـمانپـەروەری لە رێگەی دەزگاکـانی فـێرکـردن و راگەیاندنەوە.
٢١ـ دانانی سنورێک بۆ بەرپرسانی حزبی و حکومی کە تا ئێستاش هەندێکیان هەوڵی ئیقامە وەرگرتن دەدەن لە دەرەوەی وڵات.
٢٢ـ دامەزراندنی دەزگایەکی تایبەت بە ناوی(بانکی زانیاری) بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە بارەی کۆچبەرانەوە لە هەموو روویەکەوە.
٢٣ـ دانانی سنورێک بۆ لێپرسراوان و دەسەڵاتدارانی هەرێم کە بەهیچ شێوەیەک هەوڵ نەدەن بۆ ئاسانکاری بۆ ناردنی کەس و کاریان بۆ هەندەران و هان بدرێن بۆ ئەوەی ماڵ ومنداڵی خۆیشیان بهێننەوە بۆ کوردستان.
٢٤ـ هەوڵدان بۆ دامـەزراندنی ئەنجـومـەنی پلان دانان(مـجلس التـخطیط) و ئەنجـومـەنی راژە(مجلس الخدمة) بۆ دامەزراندن.
٢٥ـ رێگە نەدان بەبەردەوام بوونی ئەو فـەرمـانبـەرانەی کـە خـانەنشـینی دەیانگرێتـەوە لەسـەر کارکردن بۆ رەخساندنی بوار بۆ تازە دامەزراوەکـان هەروەها نەهێشتنی دیاردەی گرێ بەند لەگەڵ خانەنشین کراوەکان.
٢٦ـ رێکخسـتنی کـارکردنی فەرمـانبـەران و خەڵکی تریش لە رێکخراوە بیـانیـەکـان بۆ ئەوەی هەرماوەو کۆمەڵە خەڵکێک سوود وەربگرێ بەمەش هەندێ دادوەری کۆمەڵایەتی دێتە دی.
٢٧ـ دانانـی سنورێک بۆ باندی قاچاغچی و هـەمـوو جـۆرە کـارێکی نایاسایی کە پەیـوەندارە بە دیاردەی کۆچکردنی هاووڵاتیانەوە.
٢٨ـ چاوخشـاندنەوە بە یاسـای بـاری کـەسـیی و هەمـوارکـردنی ئەو بڕگـانەی کـە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا نین لە چوارچێوەی داب و نەریت و بەها ئیسلامیەکاندا.
چوارەم ـ گیروگرفتەکانی سەفەر:
١ـ نەبوونی بەڵگەنامەی رەسمی سەفەر کردن(پاسپۆرت) بە دەستی دانیشتوانی هەرێمەوە.
٢ـ بوونی ڤیزە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم.

٣ـ نەبوونی میکانیزمێکی گونجاوو زۆریی کاری ڕۆتین بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ سەفەر بکەن بە مەبەستی نەخۆشی و خوێندن و بازرگانی... هتد.
٤ـ تێکەڵاوی دەسەڵاتی هەردوو وەزارەتی یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری و وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی لە کاری ناردنە دەرەوەی نەخۆش.
٥ـ دەستێوەردان لە ریزبەندی سەفەر کردن لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانەوە.
لەگەڵ ڕێزماندا

| | | |
|---|---|---|
| سیروان کاکەیی<br>بڕیاردەر | عەبدولخالق زەنگەنە<br>جێگر | د.ناصح غەفور<br>سەرۆکی لیژنە |
| مەلا مەحمود دێرشەوی<br>ئەندام | فوزیە عزەددین رەشید<br>ئەندام | شفیقە فقێ عبدالله<br>ئەندام |
| جەلال سەلیم خۆشناو<br>ئەندام | | مەلا محمد تاهیر محمد زەین العابدین<br>ئەندام |
| شێخ موحسن موفتی<br>ئەندام | | زەهرا حاجی طه<br>ئەندام |

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاسی بەڕێز کاک د. ناصح غەفور دەکەم بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە، بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بکەین بە گفتوگۆی بابەتەکە و پێش ئاراستە کردنی پرسیار بەڕێز کاک فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ ڕوونکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش ئەکا لەم بارەیەوە.

**بەڕێز فازڵ میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**
بسم الله الرحمن الرحیم
وتعاونوا علی البر والتقوی ولاتعاونوا علی الاثم والعدوان «صدق الله العظیم».
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.
بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.
میوانە بەڕێزەکان .
پێشەکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کورستان بەختەوەر و سوپاسگانە لە بەشداری

کردن لە جەلسەی پەرلەمانی کوردستاندا، بە تایبەتی کە لەسەر یەکێک لە مەسەلەکانی گرنگی کوردستانی و خەڵکی دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ئەویش مەسەلەی کۆچبەرییە لە وڵاتەوە بۆ هەندەران.

حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لە کابینەی سێیەم و چ لە کابینەی چوارەم زۆر جار دراسەی ئەم مەسەلەیەی کردووە و دراساتی ئامادە کردووە و زۆربەی هەرە زۆری وەزارات و وەزیرە بەرێزەکان و خبراو، شارەزاکانی حکومەت بەشدار بوونە، وە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش مناقەشە کراوە و رۆژانە مەشغولی بووینە و مشورمان خواردووە، چ لە چوونی خەڵک بۆ دەرەوە چ لە سنورداش کردنیان لە دەرەوە بۆ ناوەوە یا خۆت مەشغول بوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاکامی رووداوەکانی دڵتەزێن کە رۆژانە ئەمانە دەخرێنەوە بەرچاوی حکومەت و حکومەت تەعامولی لەگەڵ دەکات، ئەمە هەمووی لە ژێر رێنمایی و سەرپەرشتی و زۆربەی جاریش بە بەشدار بوونی شەخصی جەنابی سەرۆکی حکومەت بەرێز نێچیرڤان بارزانی ئەنجام دراون چ لە ناوەوە چ لە گەشتەکانی بەرێزیدا لە دەرەوەی وڵات لەسەر ئاستی سیاسی و حکومی و لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ خەڵکی ئێمە لە هەندەراندا. هەر بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی تەوجیهاتی داوە بە نوێنەرانی خۆی لە دەرەوە بۆ هەرچی پێیان بکرێ بە شێوەی دبلۆماسی بە شێوەی مەعقولیەت کە رووی قانونی و رووی ستەمدیدەیی میللەتی کورد نیشانی ئەو وڵاتانە بدرێ کە خەڵکی ئێمەی تێدا کۆچبەرەو نیشتەجێ بووە کە دیفاعیان لێ بکرێت بە تایبەتی پاش ئەوەی باس لەوە کرا کە بە زۆر خەڵکی ئێمە بگەڕێندرێتەوە بۆ کوردستان لە وڵاتە ئەوروپییەکانەوە. لە سەفەری بەرێز سەرۆک کاک مەسعود بارزانی بۆ تورکیا کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا لە ماڵی سەفیری سویدی کە پانزە سەفیر و نوێنەری وڵاتە ئەوروپییەکان تیایدا بەشدار بوون لەوێشدا زۆر بە صەراحەت و بە زەقی پێیان ڕاگەیێندرا کە ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان وەکو حەرەکەی سیاسی وەکو ئەزموونەک ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین بە زۆری خەڵکی ئێمە بگەڕێندرێتەوە بۆ کوردستان. چونکە هەر وەکو لە راپۆرتی لیژنەی بەرێزی پەرلەمانیشدا هاتووە و لە دیراساتی خۆشماندا هۆکاری جودا جودا هەنە بۆ کۆچ کردنی ئەم خەڵکە وە گەڕانەوەی ئەم خەڵکە بە زۆری موضاعەفاتی ترو خراپتری لێ پەیدا دەبێت لە هەموو روویەکەوە، بەڵام پێیانیش گوترا ئەوانەی تەنانەت بە رەزامەندی خۆشیان دەگەڕێنەوە دیسان داوا لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەکەن کە بەلای کەمەوە هەندێ ضماناتی مالییان بۆ جێبەجێ بکەن چونکە ئەوانە دێنەوە وەکو کورد گووتەنی سەر ساجی عەلی ئەوەی هەبووە و نەیان بووە بردوویانە بۆ ئەوێ تا گەیشتوونە ئەوێ بگەڕێنەوە موضاعەفاتیان بۆ پەیدا دەبێ ئەوەی بە ڕەزامەندی خۆشی بێ بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتە عالله لەسەر حکومەتی هەرێم و ئەزموونە تازەکەی میللەتەکەمان لەم وەزعە ئابوورییە ناهەموارەدا. ئەبێ وڵاتە ئەوروپییەکان ئەمە هەم لە رووی انسانیەوە هەم لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بە نەزەری اعتبار وەربگرن.

بەڕێزان لەم سەفەرەی دوایشدا کە ئێستاش بەردەوامە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەفدە یاوەرەکەی دیسان کردوویانە بابەتێکی گرنگ و سەرەکی چونکە عیلاقە مەندە بە سەدان هەزاران خەڵکی کوردستانی خۆمان و دەبێتە بارگرانی لەسەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە دیسان یەکێک لە میحوەرەکانی تایبەتمەند و گرنگ تەرخان کراوە بۆ دیفاع کردن لە خەڵکی ئێمە لە دەرەوە ئەوە بوو سەرئەنجامی ئەوە هەم لە سوید بە تایبەتی لە هۆڵەندا کە خەڵکی ئێمە زیاتر لە بن فشاردا بووە لەهجەکەیان گۆڕا وە بەڵێنی ئەوەیاندا بە وەفدی حکومەت و جەنابی سەرۆکی حکومەت کە ئیعادەی نظر لەم مەسەلەیەدا بکەن وە ئەمەش حەقیقەتەن ئەم ایعادە نظرە ئێمە بە شێوەیەکی ئیجابی دەزانین پاش ئەو توندو تیژی و هەڕەشەیەی کە لە خەڵکی ئێمە دەکرا بەتایبەتی هەموومان دەزانین و بە دەرەوەشمان ڕاگەیاندووە وەکو حکومەتی هەرێم کە ئەم خەڵکە راست نیە وەکو تەقارير دێت هەموویان خەڵکی کوردستانی ئازادبن، بەڵکو خەڵکی بەغدای تیایە خەڵکی موسڵ و خەڵکی خانەقین و سنجار زوممارو شێخان و کەرکوکی تێدایە گەڕانەوەی ئەم خەڵکە مەترسیەکی گیانی و سیاسی لەسەریانە.

بەڕێزان دیراسەی لیژنەی پەرلەمان بە لێکۆڵینەوەیەکی باش دەزانین، بەڕاستی بەشێکی هەرە زۆری تەواوکەرە بۆ ئەو دیراسەتە شاملەی کە خۆشمان ئامادەمان کردووەو وە بەشداریشمان تیایدا کردووە لە میحوەرە جیاجیاکاندا، وەکو سەرچاوەیەک بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی، هەرچەندە لەوانەیە بیرو بۆچونی جیاوازیشمان هەبێ لەسەر هۆیەکانی و ئەنجامەکانی وە هەتا چارەسەر کردنیش. بەڵام بە تەئکید ئەمە کۆی بیرو ڕای ئەحزاب و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و خەڵکی ئێمەیە هەربەکە بە شێوەیەک دەری بڕیوە چ لە بن بیرکردنەوەی میللیدا چ لە بن بیر کردنەوەی ئاینیدا چ لەبن بیر کردنەوەی حزبی یان چینایەتی یان هەندێک جار بە شێوەیەکی عاطفی بۆیە لە میحوەرەکاندا ئەحکامەکان، هۆکارەکان، سەرئەنجامەکان، شێوەی چارەسەر کردنی یان هەندێ جار هەتا حکوم دانەکان جیاوازن لە یەکتر بە هۆی جیاوازی مەنبەعی بیرکردنەوەیان شێوەی بیرکردنەوە وە ئەوەش ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی و بە علمی ناضج دەزانین چونکە لەهەر هەموویانەوە خەڵکی ئێمە ئەزانن بیرکردنەوەیان لە پەرلەمانی خۆیان لە حکومەتی خۆیان انعکاسی کردووە وە ئەمڕۆ وا بیرو باوەڕیان گەڵاڵە دەکرێن و گفتوگۆ دەکرێت لە گەورەترین دەسەڵات کە ئەویش پەرلەمانی کورستانە بۆ ئەوەی بگەنە دیراسەیەکی واقعی و بڕیاری راست و گونجا و وشیاوی جێبەجێکردنی لەسەر وەردەگرێ وە تەوەقوعی خەڵکیش یان میللەتیش لە پەرلەمان و پەرلەمانتارەکانی خۆی و ئەحزابە سیاسیەکان و حکومەتەکەی خۆی هەر ئەمەیە و ئەم ڕەنگدانەوە بە شێوەیەکی علمی و پێش کەوتووەوە ئەمە تێکەڵاویەکی هەمبەستەگییە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت و پەرلەمان و میللەت و احزابەکاندا. مەسەلەیەکی تر؛ ئێمە سوپاسی لیژنەی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو دانیشتنانەی کە کردویانەو ئەو ماندوبونەش سەرەرای ئەو بیر جیاوازیەی کەهەمانە و لەوانەشە ئێستاش هەمانبێ بەڵام ئەو خاڵەی کە یەکتری تێدادەگرینەوە

هەرهەمـوومـان وەكـو مـیـللەت وەكـو احـزاب وەكو پەرلەمـان وەكـو حكومـەت وەكـو بیـروڕای تاكـە كـەسـیش خـاڵەكـانی یەكگرتنەوە یەكـجار زۆرترن لەخاڵە جیـاوازەكـان ئەمـە خـۆی لەخـۆیدا هەم هاندەرە هەم بنەمای ئەوەیە كە مرۆڤ ئەتوانێ ئەم دیراسەیە زیاتر دەوڵەمەند بكات لەسەر بنەمای جیـاكـردنـەوەی خـاڵی یەكگرتنەكـان وە دارشتنیـان وە گفـتـوگۆ كـردن لەسـەر خـاڵە جیـاوازەكـان وە تێكەڵاو كـردنیـان ئـنجا دەرهێنانی خـاڵە یەكگرتنەكان لـە خـاڵە جیـاوازەكـان ئەمـەش شـێـوەیەكی زانسـتـی و گونجـاوو پەسندەو پێویسـتـیشـە. ئێـمە پێـمان باشـە هەمـوومـان بەردەوام بین؛ حكومـەت لەرێگەی نوێنەرانی خـۆی پەرلـەمـان لەرێگـەی مكاتب واتـصـالاتی خـۆی لەگـەڵ پەرلەمـانـاتـی وڵاتەكـانـی دەرەوە، احزابەكـان لەرێگەی مەكـاتبی خۆیـانەوە لەدەرەوە ئێمەبەردەوام بەرگرییـەكی بێ ووچان لەخەڵكی خۆمـان لەهەندەران بكەین، یەكـێك لەوانە مـافی مـانەوەی سیـاسیـان بەكـاملی پێـیـان بدرێ و هەرەشـەی دەركـردنیـان بـەزۆری لەسـەریـان هەڵبگیـرێ چونكە ئەمـانـە قـوربانی بارودۆخـێكی تایبـەتمەندن وە ئـەم بارە هۆكـارەكـانیـان یەكـجـار زۆرن وگـەورەترین و دروسـتـتـرین هۆكاری كۆچبەری كە هەمـوومـان لەسەری كۆكین نەبوونی چارەسەر كردنی سیاسییە بۆ مەسەلەی كوردستـان لەلایەن حكومەتی نـاوەندی وە وەزعی اقلیمی و دەولییە ئەمە خۆی لەخۆیدا خـاڵێكی گـەورەیە یان مەدخـەلێكی گـەورەیە وە خـاڵەكـانی تر هاوبەش لەوێوە دەست پێـدەكـات واتە ئەبێ ئێـمە بەردەوام داكـۆكـیـان لێ بكەین. ئەوانەی بەتەمـان كـۆچ بكەن دووبارە ئەمـەش كـۆمـەڵێك چارەو هەنگاوی دەوێ كـۆمـەڵێ دیراساتی دەوێ لەوانەیە دیسان خاڵە جیاوازەكان لێرەدا بەزەقی دەربكەونەوە چونكە لێرەدا مەسەلەی عاتیفە بەكار هێنراوە، مەسەلەی تەقیمی تەبەقی، تەقیمی لەسـەرەوە بۆ خـوارەوە لەخـوارەوە بۆ سـەرەوە وە لەیەكـتـر تێنەگـەیشتن وە هەندێ جـار كـەمی مەعلومـاتیش یەعنی لەخوارێ هاوڵاتییـەكـە، یان كـادرێكی حزبێكە راپۆرتێک ئەدات ناشزانێ پەرلەمان چیی كردوە نازانێ حكومەتی هەرێم چی كردووە نـازانێ هەنگاوەكانی بۆ كەم كردنەوەی كۆچبەری، یان هۆكـارەكـانی چییـە لەبەر ئەوە ئەو حوكمی خۆی داوەتێ لێرەدا جیـاوازیەك پەیدا دەبێ ئەمـەش بەشێـوەیەكی لەیەك تێگەیشـتن ئێـمـە ئەتوانین چارەی بكەین نەك نەفی قـەطعیی بۆچوونەكانی ئەو بكەین نە بەرگریەكی كوێرانەش لەإجرائاتی خۆمان بكەین، هەندێك لەهی ئەو وەربگرین و هەندێك إجـرائاتی خـۆمـان پیـشـانی بدەین بۆ ئەوەی قـەنـاعـەتی پێبكەین كە واش نییەهیچ نەكرابێ یاخود ئیمە هانی كۆچبەری دەدەین، چونكە لەمحصلەی نیهائی هۆكار هەنە لە خارجی ئیرادەی ئەو هاوڵاتییەی لە خوارێ بیردەكاتەوە لەم پەرلەمـان و حكومەتەو احزابانەی كە لەسەرێ هەوڵ و بریار دەدەن خارجی ئیرادەی هەردوولایە ئەبێ ئێمە ئەو واقعەش بۆ یەكتر رازی بین و رێزی بیروڕای یەكتر بگرین . ووتمان مەسـەلەی كێشەی سیـاسی كوردسـتـان وە مەسـەلەی ئابـوریش كـە ئـەویش بەشـێكی بەدەسـتی ئێـمـەیە بەڵام بەشـێكی بەدەسـتی ئێـمـە نـیـیـە نە چارەسەركردنی كێشەی سیاسی و نەچارەسەركردنی كێشەی ئابوری ئێمە لایەنێكین لە عەقدەكە لەحـاڵەتەكـە بەڵام لایەنی تریش هەنە لەبەر ئەوە یەک لایەن بەتـەنیـا نـاتوانێ حسـمی بابەتەكـە

بکات مەگەر تأثیراتی طرفی تر نەبێت یان بریاری اطرافی تر بەپیرەوە هاتنی اطرافی تر بە نظری اعـتـبـار وەرنەگـرین. بەڕێزان ئەم دیراسـەتـە پتـر دەوڵـەمـەند بکرێت و بە شـێـوەیەکی واقـعی تر هەوڵبدرێ بریاری پێویست لە کات و شوێنی گونجاو وەربگیرێ بە مەرجێک ئێمە پێش وەرگرتنی هەر بریارێک چ لە پەرلەمـان چ لە حکومـەت چ لە ئەحـزابەکـان چ لە خـوارێش ئێـمـە زەمـینەی جێبەجێکردنی ئەم بریارە دیراسەتمان کردبێ یان فەراهەممان کردبێ، واش باشترە ئینسان زەمینەی جـێـبـەجـێـکـردنی بریارەکـەی فـەراهەم نەکـردبێ یـان ئامـادەی نەکـردبێ تەنـهـا بریـار دان نیـوەی مـوشکیلەیە بەڵام نیـوە ئەسـاسـیـیـەکـەی یان نیـوە پڕ مـوشـکیلەکـەیە ئەنجـام دانەکـەیەتی یان جێبەجێکردنی بریارەکەیە وە تەجروبەشمان هەیە لەم پەرلەمانە بەڕێزەش کاتی خۆی بریارمان دا موچە زیاد بکرێ ئەوساش و ئێستاش ئێمە هەر هەمووەمان بەرامبەر بەو بریارە تەکانێکمان نەداوە لە شوێنێک راوەستاوین ئەسڵی بریارەکە هێشتا وەکو خۆی وەکو پێویست وەکو ئەو ئامانجەی لە پێناوی دراوە جێبەجێ نەکراوە ئەمە بەراستی کورتەیەک بوو ئەمە رای هەمووەمانە دیسـان دەڵێم چۆن ئەندامـانی پەرلەمـانی بەڕێز ئازادن زیاتر بۆ گفـتـوگـۆ کـردن ئەندامـانی ئەنجـومـەنی وەزیرانی بەڕێزیش ئازادن چونکە بیروڕای جیاوازمان هەیە لە مەسالکێکی جۆر بەجۆر مەسائلی ئەمنی من راییکم هەیە، لەلایەنی رۆشنبیری کاک فەلک الدین رای خۆی هەیە مەسائلی پیشەسازی فرص العـمل کـاک یونادم یوسف زیاتر دەزانێ لایەنی ئابووری پەروەردە کـاک عـەبدولعـەزیز و کـاک سەرکیس رایان جیاوازە ئەم مەسائلانە دەمینێتەوە بۆ تخصص وە بۆ معلومات، هەروەها موقعی مـەسئـولیـەتیش دڵـنیـاین ئەمـە بادیرەیەکی باشـە بادیرەیەکی ئیـجـابیـە هاوچەرخە هەتا ئەگەر ئەنجامەکان بە دڵی خەڵکی ئێمە نەبێ بەپێی ئیـمکانیـاتی ئێـمە هەتا بریارەکانی ئێمە هەمووی لەسەر ئەم دیراسەتە بەیەکجاری نەدرێنەوە بەڵام وەکو دەستپێکردن ئێمە بە دەسـتپـێـکردنێکی راستی دەزانین ئەمڕۆ حەرەکەی سیاسی لەگەڵ پەرلەمان لەگەڵ حکومەت لـەگەڵ جەماوەر تفاعل بکات لە حەدەسێکی وا کە ئێمە هەمووەمان مەشمولین وە هەمووەمان موعاناتمان تێدا هەیە بشکل او باخر بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین پێکەوە چارەسەری مەرحەلەکانی بکەین و ئەم جهودەش بەردەوام بێ و دووبارە سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سـوپاسی بەڕێز کـاک فـازڵ میـرانی ئەکـەین بۆ پێـشکـەش کـردنی روونکردنەوەی سـەرۆکـایەتی ئەنجومەنی وەزیران. بە پێی پێڕۆی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشـتـمـانیی کوردسـتـان بۆ هەر وەزیرێکی بەڕێز هەیە هەر کـاتێ ویستی ئیشارەتمان بداتێ موداخەلەی خۆی بکات پێشـمان خۆشە بۆ ئەوەی دانیشتنەکەمان دەوڵەمەندتر بێت ئێستاش دەرگای گفتوگۆ کردن دەکەینەوە لەسەر ئەم بابەتە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ئەیانەوێ گفتـوگۆ لەم بابەتە بکەن دەستـیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیـان بکەین، بەڕێزان ئەتـوانن پرسـیـاریش ئاراسـتـەی لیـژنەی پەیوەندار بکەن لەهەمـان کـاتیـشـدا بە چاکیـان زانی مـوداخـەلەی تایبـەتیـان هەبـوو روونکردنەوەیان هەبوو بیـخـەنە روو.

پێشەکی ناوەکان ئەخوێنمەوە ئەوەی ناوی تۆمار نەکرابێ تکایە ئاگادارمان بکا بەڕێزان د. رزگار، شێخ یەحیا، شێخ جەعفەر، ئەحمەد سالار، جەمیل عەبدی، هیچ بەڕێزی تر هەیە ناونوس نەکرابێ ....؟ بەڕێز کاک یونادم یوسف کنا بە سیفەتی ئەوەی کە وەزیری پیشەسازی و وزەیە لە هەمان کاتیشدا ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانە و بەرپرسی بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووریشە فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان پێشەکی بەراستی دیراسەتی پەرلەمان جێگای تەقدیرە دیراسەتێکی یەکجار دەوڵەمەندە هەموو لایەنەکانی هۆکارەکانی کۆچ کردن و چارەسەرکردنیشیان وەرگرتیە وە هەروەها تەئیدی برای بەڕێزکاک فاضل دەکەم کە ئێمەش لە کابینەی سێیەم و چوارەمیش لەوانەیە پێش ئەوەش لە ١٩٩٢ دەستمان پێکردبێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، بە تەئکیدەوە دڵتەزێن ترین بریاری ئینسان ئەوەیە کە بریار وەرئەگرێ ماڵی خۆی بەجێبهێڵێ بریارێکی زۆر تاڵە بەڵام لە دێرینەوە باس کراوە کە ئینسان دوو شتی هەیە زۆرتر بەهای گیان وماڵی ئینسان بە بەهاترین شتە لەلای ئینسان کە گیانی ئینسان لە مەترسی دابێ بە تەئکیدەوە ماڵی خۆی بەجێدەهێڵێ چ کۆمەڵگای خۆی چ وڵاتی خۆی وە ئەمەش رەچاو کراوە لە بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە چۆن ئینسان مافی خۆی هەیە لە کوێ لە کام گۆشەی دونیا بژی مافێکی سروشتییە بریاری خۆی وەربگرێ و بۆ کوێ دەچێ با بچێ ئەمرۆ نزیکەی شەست ملیۆن ئینسان لە جیهاندا موهاجرن نزیکەی(٢٧) ملیۆن لە وانە موسەجلن لە نەتەوە یکگرتووەکان ئەوانەی تر لەگەڵ رێزم بۆ قەرەج و کێوەلی وەکو قەرەج و کێوەلی لە رێگاوبان کەوتوونە لە هەموو دونیا بەبێ تەسجیلیش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قسەی باش بکە.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی باش دەکەم کە ئەڵێم بێ سەرو شوێنە نە تەسجیل کراوە بێ مصیرە واتە نزیکەی(٦٠) ملیۆن ئینسان لە دونیا جگە لەوانەی تر کە نییەتی کۆچکردنیان هەبێ لەوانەیە زیاتر لە(٢٠٠) یاخود(٣٠٠)ملیۆن چ لە وڵاتانی پێشووی سۆڤیەت چ وڵاتانی چین و ئەوانی تر ئێمەش بەشێکین لە واقعی ئەم ناوچەیە بڵێین عیراق یان بڵێین کوردستان یاخود شرق الاوسط هەر کوێ بێ واقعی ئەمرۆ بریاری دوو رۆژ و سێ رۆژ و یەک رۆژ نەبوو، لە رۆژی دامەزراندنی ئەم وڵاتە یاخود ئەم دەوڵەتە سیاسەتێکی مەرکەزی هەمیشە دژی ئەم ناوچەیە بووە دڵنیا نەبوون کە بە دەستیانەوە دەمێنێ یان نامێنێ لە رۆژانی شێخ مەحمودی حەفیدیش شۆڕشی بەرەو سەربەخۆیی و

استقلال و بەرەو دوا شۆڕشی بارزانییەکان و هەروەها ئاشوورییەکان و هەمیشە حکومەتی مەرکەز وا داناوە کە ئەم بەشە لەم ولآتە لە ژێر دەسەلآتی خۆی نامێنێ لەبەر ئەوە سیاسەتێکی تایبەتی دژی ئەم ناوچەیە هەبووە لەبەر ئەوە هەمیشە ویستوویەتی ئێمە نەک کوردستان بێ بەڵکو گۆجانستان بێ هیچ کارگەیەکی تیا نەبێ. هیچ سەرچاوەیەکی وزەی تیا نەبێت مەسەلەن ئێستا باسی هەندێ نوقات دەکرێتەوە لێرە فعلەن وایە بەلآم سیاسەتی دوو ڕۆژو سێ ڕۆژن جگە لەو شەست حەفتا ساڵەی ڕژێمی بەغدا ئەو سیاسەتەی بەکار هێنا دژی ئەو منطقەیە لەم سی ساڵی ئەخیرە دا ویستوویەتی ئەساسی ئەو کۆمەڵگەیە تێک بدات مەسەلەن انسان تکافوئێک و تکامولێک هەیە بەینی بەشەر لەسەر زەوی وەبەینی واریداتی زەوی جا ئاو بێت یاخود بەرهەم بێت هەرچی بێت جگە لە هەڵی ئیش کردن لە کارگەکان و پیشەوە چوون یەعنی(تقدم) هەروەهاش طبیعەتی کوردستان جوتیارانەیە ئەمە خاڵێکە بەس دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم دیارە شەریحەی جووتیاران حازر نەبوون لەبەر ئەوە زۆر باسی نەکراوەکە چۆن انسان دەبێت بگەڕێتەوە سەر واردی خۆی لەسەر زەوی خۆی بەرهەمی خۆی بەرهەم بێنێ لەسەر زەویی خۆی ئێستا ئەو کۆمەڵگایانە بە پێی سیاسەتی ڕژێم بۆ لێدانی ئەم کۆمەڵگایە دروست کراون لەوانەیە تا ئێستا ئێمە زۆر پێخۆشحاڵین بەو موجەمەعاتانە هەندێک لە ئێمە هەر لە شوێنی خۆیان ماون یان هەندێ هۆکاری سیاسیش کە ئیشارەتیان پێ نەدراون لەسەر سنوورەکانی تورکیا(٣٠٠) هەتا(٤٠٠) گوند تا ئێستا نە گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان یان ١٠٪ گوندەکە گەڕاونەتەوە و ٩٠٪ی ئەو گوندەکە ئێستا بارە لەسەر کۆمەڵ لەوانەیە ئەو مەقبول تر بێ لە شار چونکە ئەویش پێشمەرگە بوویێت ئەو دەربەدەر بووبێ ئاوارە بووبێ ئەمەش خاڵێکە دەبێ ئێمە بیری لێبکەینەوە چۆن انسان بگەڕێتەوە سەر واری خۆی یان ئەتوانم بڵێم توازن نێوان طبیعت و نێوان انسان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، سەرچاوەکانی ئاوە زەوییە بەرهەمە جگە لە مصانع ئینجا ئەتوانم بڵێم بەراستی دیراسەتێکی زۆر تێروتەسەلە هەر چۆن برای بەرێز کاک فاضل باسی کرد زیاتر دەوڵەمەند بکرێ وە فعلا ئێمە پابەند بین وەکو پێڕەو وەکو بەرنامەیەک بۆ خۆمان وەکو حکومەت و وەکو پەرلەمان و وەکو ئەحزابەکانی سیاسی بۆ ئەم چارەسەرانە، دیسان ئەڵێم ئێمە بەشێکین لە کێشەیەکی گەورە ئەگەر عقدەی یەکەمی سەرەکی چارەسەر نەکرێ لەوانەیە ئەوەی ئێمە بتوانین بیکەین زۆر کەم بێت بەلآم فعلەن ئەم بۆچوونانەی کە هەیە ئەم دیراسەتە زۆر بە نرخە و زیاتر ٩٠٪ی بۆی چووبێ هەندێ خاڵی تر دەوڵەمەند بکرێتەوە فعلەن پابەند بین بە چارەسەر زۆر زۆر ئەتوانین خزمەتی میللەتی خۆمان بکەین یان ئەو کەسانە کە ئەمڕۆ تووش بوونە لە دەرەوەن ئەوانیش لە وەزعێک بن لە مەترسی نەبن هەمیشە وە ئەوانەش کە ئەیانەوێ بچن بزانن لە وێندەرێ بەهەشت نییە و هەر کە بچێ بۆی نابێتە بەهەشت. دەوری ڕاگەیاندن دەوری ئەحزاب دەوری حکومەت واتە روون بکاتەوە بۆ میللەت لە هەندەران ئەوە نییە کە وەکو باسم کرد بزانن هەمووی سەلبیاتی چیەو ایجابیاتی چیە وە پیرۆزبایی لە برادەران دەکەم دەستیان خۆش بێ زۆر

زۆر سوپاستان دەکەم ئومێدەوارین پێکەوە حکومەت و پەرلەمان هەروەها حزبە سیاسیەکانیش بتوانن خزمەتێکی باش بۆ میللەتی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک یونادم دەکەم، بەراستی وەکو لە سەرەتا باس کرا دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەمە رای پەرلەمان نییە ئەمە خلاصەی چەند سیمینارێکە ژمارەیەک لە سیمینارە کە راو بۆچوونی هەموو رێکخراو و حزب و دەزگاکانی تیادا کۆبۆتەوە لەبەر ئەوە لەوانەیە تێبینی هەتا لە ناو راپۆرتەکە خۆی تێبینی هەندێ تناقضات بکرێ جا واجبی پەرلەمانە کە موناقەشەی بکا پوختەی بکا بەراستی جێگای خۆشیەتی و شایستەی ئەوەیە لێرە سوپاسی هەموو ئەو رێکخراوانە بکەین و سوپاسی هەموو ئەو حزبانە بکەین و سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتیانە بکەین کە بەشداریان لەو سیمینارانەدا کرد کە دەوریان هەبوو لە دەوڵەمەند کردنی ئەو راو بۆچوونە. جارێکی تر سوپاس بۆ بەڕێز کاک یونادم ،فەرموو کاک د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بەری خۆ بدەیێ ظاهرەی مشەختیا کۆچکردنێ مومکینا ظاهیرەکی گرێدایە ژیانی مە یان دەستپێکا ژیانی ژد هەبیا ژبێن دەستپێکا ئەم ژ دبێژین ظاهرەکی مێژوییە دگەل مێژوویە مەشیە نەحصریە بۆ هەرێمێکی یان ولاتێکی بەڵکو دگەلەک جیهەتی دی دەست پێکردیە هەتا ئەڤ جیهەتە هەنوکە خەڵکە قەسەد کە دی ولاتت اوروپی وەختی خۆدا ژمەرحەلەکی بووە ئەویش کۆچ کردن دەست پێکردیە بۆ ولاتی افریقیا بۆ امریکا بۆ استرالیا بۆ ڤان دەوڵەتی دی یانی شوێنیش ژی هەبیە، قەسدە من ڤیێرێ کو ئەم لەسەر کوردستانێ ئاخافین کو مشەختین کوردستانێ نەکو عەیبەکە بۆ سستەمی مە عەیبەکە بۆ ئێداریت مە بەتەنێ نقص هەیە بەینەما خەڵکێک دی هەین ممکنە زۆر برادەر دەست نیشانی ئەم خاڵە کردیە دەشێت دەست خۆشی لێبکەین بەس ئەو خاڵەت وان بەحس کردن ممکنە گەلەکیش وان یەعنی هەتانوکە بەحسا نمونە بیێن ترکی یان مصری نوکە جالیەت مصری لە اروپا تقریبا پێنج ملیۆن انسانە ئەم هەندێ ژمارەی خەڵکی کوردستانە نە شەڕ هەیە نە ئەسبابی دی هەنە وێ لڤیێرێ بەس کۆچ کردنی هەر هەیە مشەختی هەر هەیە وە کذلک تورکیا نوکە موجودە ژی کو مشەختی لای وان بەردەوامە ئەڤ ئەسبابێت برادەران باسی کرن مومکینە لایەکی لەلایەکی دی ڤیێری هەبێت کەم یان زەعیف بەس قەناعەتە من دوو ئەسباب ئەتوانین زیاد بکەینە سەر راپۆرتەکە ئەویش ئەوەیە (البحث عن الهویة الحضاریةأو الثقافیة) بیێ دووێ وەکو تەقلیدەک هەر چەندە مومکنە ئەگەر زەعیفبن بەس ئەبێ نەیەتە تەشبیهکردنێ فعلەن ئەبێژی تەئسیری خۆهەبیە، من دوو پرسیار لەسەر خاڵی ئەم برادەرە دەستنیشان کرین من ملاحظە هەیە یەک خالە نەهێ ئدبێژن ئیحتکارەت بازرگانی هەرێمێ بزانم

قەزداوانیش چییە لە ئیحتکارە هەرێمێ وەکو هاوولاتیەک وەکو نوێنەرێکی خەلک لپەرلەمانێ نابینم کو ئیحتکارا بازرگانیا کوردستانا هەبێتن ئەز حەزکەم ئەڤ برادەر تەوضیحێک بدات لەسەر ئەڤە، ئەوە یەک. یادووێ فەقەرە جیم خالی سێ ئەدبێژن کوئەوخەلکێ مەوقفێ وان سەلیم نەبوە بەرامبەر حەرەکا کوردی تاسەر هەلدانا پیرۆز کەبەرەی کوردستانی ئەڤ خەلکە بێنە ئیستعاب کردنێ بێنە ناو دامو دەزگا نەک ئەمە قەناعتێک و ئەگەرێک بدا بۆ خۆشکردنێ فنزانم ئەڤ برادەرە تەوضیحێک دەرکات زۆر مەمنون ئەبین وە من پێشنیارێکم هەیە ئەو پێشنیارە کە ئەڤرۆکە ئەڤ برادەرانەی دەچنە ولاتی ئەوروپی ئەمەش دبێژین وەکو ببینە دعامەیەک ژبۆ هەرێمێ بینە وەکو عاملێک تحریکی بۆ قەزیا کوردی من پێشنیار دەکەم کەسالانە موئتەمەرێک بێتە بەستن لئەوروپا ئەڤ برادەرە وەکو نوێنەرا حازربن دەتوانن دراسەی مەشاکلا بکەن دراسەی هەندێ مەسائلی تر بکەن کۆچ هەندێ بێنە رێکخستن بۆ هەندێکو خەلکی هەرێمێ ئیستفادەش بێتە کردنێ هەمیش ناحیەی سیاسی هەمیش ناحیەی ئابوری شتێکی پیرۆزی لێ گرتنە بۆ تەجروبەیە ئەگەر هاریکار بێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەرێز کاک د.رزگار دەکەین. ئەندامانی لیژنە تکایە جوابی پرسیارەکان هەمووی بەیەکەوە بدەنەوە با هەموو موداخەلەکان بکەن.

**بەرێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان سەرەتا دەست خۆشی لەو بەرێزانە دەکەین کە هەستان بەئامادە کردنی ئەم راپۆرتە بەراستی دراسەکەیان لەجێی خۆیەتی دراسەیەکی گشتییە بۆ سەرجەم هۆکارەکانی کۆچ کردن، لایەنە باشەکانی لایەنە خراپەکانی چی لێ ئەکەوێتەوەو چی لێ ناکەوێتەوە دەستیان خۆشبێت دراسەیەکی باشیان کردوە زۆر لە جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی لێرە موناقەشە بکرێ بۆ ئەوەی بزانین چی لێ ئیستفادە ئەکەین. سەرەتا من پێشنیارێکم هەیە لەم دراسەیەی ئەوان، ئێمە نامەیەکی تایبەت بەقوەت پێکبێنین دروستی بکەین و تەوجیهی بکەین بۆ ئەو ولاتانەی کە ئەتوانن کار لە مەسەلەی حەقیقی راستەقینەی کوردو کوردستان بکەن، ئێمە ئەگەر وەزعی سیاسیمان بەو نەوعە نەبێت باوەرناکەم منالی کوردو گەنجی کورد بیەوێ روبکاتە ولاتان و ئاوارە بێت لەم ولاتانە ئەگەر چوار مەرو مانگایەکی هەبێت چوار تەنەکە گەنم تۆو بکات پێی ئەژێ و وزۆر بەحورمەتەو لە جێ ورێی خۆیەتی منالی کوردو گەلی کورد پێویستی بەکۆچ کردن نییە تەنها لەلایەنی خوێندن وهەندێ لایەنی تر نەبێت بۆیە نامەیەکی زۆر جوانی لێدروست بکرێت یەکەم پێشنیارم ئەوەیە کە بدرێتە نەتەوە یەکگرتوەکان و بەو ولاتانەی کورد پەنای بۆ بردون، منالی کورد ئێستا پەنابەرن و بێ ئیشن و یان ئیشیان هەیە وەداواش بکەین هەموو منالێکی کورد بەراستی دەبێ پەنابەریەتی

سیاسی پێ بدرێت نەک ئینسانی، نامەیەکی تایبەتی بەوشێوەیە درست بکرێ ئەوە سەرەتای پێشنیارەکانمە. دوو ئەو تێبینیانەی کەهەیە لەسەر ناوەوەی خۆمان بەرێکوپێکی ڕاپۆرتەکە بخرێتە بەردەست حکومەتی هەرێم، ئەوەی کە دەتوانێ لێی دەربهێنێ. بەڕێزان خاڵی سێیەم لە هۆکارەکانی سیاسی کە ئەڵێ باسی دەکات دووسێ تێبینی تیایە بەراستی ئەمەوێ یەک خاڵ زیاد بکەم جا تێکەڵی ئەکەن لەگەڵ سێیەما یان هەر چۆنێ جێی ئەکەنەوە ئارەزوی خۆیانە خاڵەکەی منیش ئەوەیە بەردەوام بوون و مانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری لای سەرجەم گەلانی عیراق بەتایبەت لای کوردستان باوەڕێکی دروستکردووە کە دەوڵەتە زلهێزەکان ئەو ڕژێمە ئەپارێزن بۆیە خەڵکی یا ئەبێ دەهۆڵی بۆ لێدا یا ئەبێ هەڵبێ. ئەمەوێ خاڵێکی تریش زیاد بکەم هەر بۆ ئەم بابەتە هەر بۆ هۆکارە سیاسیەکان ئەبێ بەخاڵی دەیەم بابڵێین خاڵی دەیەم ئەمەیە بەشێکی زۆری کوردستان لە شارو شارۆچکەو گوندو زەویی تایبەت بەکشتوکاڵ لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ناوەندیدایەو ناهێڵێ خەڵکەکەی بگەڕێتەوە شوێنی خۆیان بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت هێڵی(٣٦)کە تایبەتە بە پاراستنی نێودەوڵەتی بگوازرێتەوە بۆ هێڵی(٣٤) تا دانیشتوانی ئەم ناوچانە بتوانن بە ئاسانی بگەڕێنەوە شوێن وڕێی خۆیان و بتوانن کارو کاسبی خۆیان بکەن کە لە هۆکارە ئابوریەکانە، من ئەو قسانە ئەکەم بەڕێز بۆ ئەوەیە کە داخیل بەو ڕاپۆرتە بکرێ کە ئەدرێتە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هۆکارە ئابوریەکانە، بابەتی دراو زۆر بە کزی باسکراوە لە خاڵێکیان هاتووە لە خاڵی چوارەم هاتووە باسی دابەزینی ئاستی دراوی عێراقی ئەکات من ئەمەوێ ئەم خاڵەی بۆ زیاد بکرێ بەڕاستی ئەمە ببێ بەخاڵی چوارەم یان بەخاڵی دەیەم ئارەزوی خۆیانە سەرەڕای کۆنبوون و لەکار کەوتنی بەشێکی زۆری دراوی سویسری گومان و مەترسیەکی زۆر لەو دراوە دەکرێت چونکە هەرکات حکومەتی ناوەندی ئەتوانێ بریاری دژ وەربگرێت و وەک(٢٥)دیناریی‌یەکەی لێبکات بۆیە بەپێویستی ئەزانم هەوڵ بدرێ داوا بکرێ لە(UN)لە بڕی ئەو بڕە دۆلارەی کە بەگوێری بڕیاری(٩٨٦)لە کوردستان سەرف ئەکرێت بڕە پارەی سویسری عێراقی نوێ کە لە بانقە نێودەوڵەتیەکانە دەستی بەسەردا گیراوە بهاتایە کوردستانەوە دەبوو بەهۆی متمانە پەیدا کردنێکی زۆر باش لای جەماوەری خەڵکی کوردستان، گومانم نییە کە بەهای دراوەکەمان زیادی دەکردو کاردانەوەیەکی چاکی دەکردە سەرژیانی هەر خێزانێک. بەڕێزان لەبەشی چارەسەرکردنی کێشەی کۆچ کردنا بەڕاستی من تێبینیەکی گشتیم هەیە چارەسەر کردنی کێشەی کۆچ کردن لای خۆم بەرەئی من پێشنیار ئەکەم بکرێ بە سێ بەشەوە بەشی یەکەمیان بە چاکی ئەزانم خاڵی یەکەم ودووەمی ناو ڕاپۆرتەکە ئەگرێتەوە بابڵێین تایبەتە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد بابڵێین کێشەی کوردستان. بەڕێزان بەم زروفەو وەزعە سیاسیە نالەبارەی تا ئێستا هەیە بەڕاستی گەلەکەمان لە هەموو گەلانی سەر ئەم زەمینە موستەحەقترە بە پەنابردن کە لجوئی سیاسی بدرێتێ چونکە ئەو زەمانەتەی کە ئەیەوێ و پێویستی پێیەتی ئەو سیقەیەی کە بەژیانی خۆی پێویستی پێیەتی ئەو سیقەیەی دەست نەکەوتوەو شکی لێیەتی و گومانی لێیەتی و دڕندە

خوێن ڕێژەکانیش وەکو خۆیان ماون و بگرە ڕقوقینیان زیاتری کردووە و پەنگی خواردۆتەوە بۆیە دەبێت بە بانگێکی ئاشکرا لەم دەرگایەشەوە روو بکەینە نەتەوە یەکگرتووەکان وگشت ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و هەموو دۆستانی گەلەکەمان لە شەخصیات و حکومەت وپەرلەمانەکان وگشت ئەو دەوڵەتانەی پەنابەری کورد روویان تێدەکات داوایان لێ بکرێت بەپەلە بڕیارێکی نێودەوڵەتی وەربگیرێت بۆ یەکلا کردنەوەی کێشەی کوردستان تا ئیتر ڕۆڵی کورد لەسەر خاکی خۆی مەترسی لەسەر ژیانی نەبێت یان بەهێنانی هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی گەلەکەمان لە هەموو ئەو هەڕەشەو مەترسیانەو دوو بارەی دەکەمەوە گواستنەوەی هێلی(٣٦)بۆ(٣٤) هەروەها لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دابین کردنی ١٣٪ تا ١٥٪ بڕیاری (٩٨٦) بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دامەزراندنی بنەمایەکی ئابووری پتەو، بەڕێزان لە هۆکارە ئیداریەکانە، لاپەڕە چوار بەڕاستی خاڵی دەیەمی دوو بابەتە ئەگەر جیا بکرێتەوە بکرێ بە دەو بەیانزە گەلێ باشە سوپاسی زۆر بەڕێز جەنابی نوێنەری حکومەت کاک فازڵ میرانی ئەکەم بەڕاستی ئیشارەتێکی کرد بۆ ئەو مەسەلەی دیفاع کردنە لە کۆچ کەرانمان لە پەنابەرانمان کە لە دەرەوەن بەڕاستی زۆر لە جێی خۆیەتی کاریش ئەکەنە سەر وجودیان کار ئەکەنە سەر ئەو دەوڵەتانەی کە لەوێن بۆ ئەوەی کاردانەوەی هەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مەسەلەی کێشەی کوردو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک شێخ یەحیا ئەکەین بەڕێز کاک شێخ جەعفەر بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن میوانە بەڕێزەکان ڕاپۆرتێکی باش ئامادە کراوە دەستیان خۆشبێ وزۆر خاڵی گرینگی کۆچ کردنیان روون کردۆتەوە راو بۆچوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەندیکاو لایەنە سیاسیەکان و کەسایەتیەکانیشیان باس کردووە، وا لە پەرلەمانیش باسی لێوە دەکرێت هۆکارەکانی دەست نیشان کردووە بەتایبەتی هۆکارەکانی سیاسی و ئابوری کە هۆی سەرەکین بۆ کۆچ کردنی خەڵکی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان بۆیە من وا پێشنیار ئەکەم لیژنەکە بەردەوام بێت لەکارەکانی بەتایبەتی پاش ئەم وتووێژانەی کە کرا بۆ زیاد کردنی ئەم خاڵانەی کە بە پەسەند زانرا لیژنەکە بەردەوام بێت ئەم خاڵانە زیاد بکات وەهەروەها بۆ جیاکردنەوەی هۆکارەکان ئەو هۆکارانەی کە باسکراوە کە هۆکاری ئەساسیان هۆکاری سیاسی و ئابووریە بە گوێرەی تایبەتمەندی خۆیان جیا بکرێنەوە، هۆکارەکان ئەوەی پەیوەنداره بەزروفی خۆمانەوە بەزروفی کوردستانی خۆمان بدرێ بەحکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر بۆ کەڵک لێ وەرگرتن و جێبەجێ کردنیان بەگوێرەی توانا، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە دەرەوە واتە بەزروفی مەوزوعی

خۆمانەوە کەلای من ئەمە خالّی بنەڕەتیە بۆ هۆی کۆچ کردن بدرێت بەنوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا لە رێگەی ئەوانەوە بدرێتە ئەو لایەنانەی یان ئەو ولاّتانەی کەکێشەی کۆچ بەریان هەیە، هەروەها بدرێتە ئەو رێکخراوە مرۆڤ دۆستانەو ئەو رێکخراوانەی کە پەیوەندن بە کۆچ بەرانەوە بدرێت بەوانیش ئەو هۆکارانەیان بۆ رون بکرێتەوە کە هۆی کۆچ کردنێکی زۆری خەلّکی کوردستانی عێراق ئەو خالاّنەیە کە باس کراوە کە ئەویش بەتایبەتی هۆکارە سیاسیەکانیەتی کە وەکو دەستنیشانیان کردووە لە خالّی (٥،٣،٢،١)تا ئەو رێکخراوانەو ئەو ولاّتانە ببنە پالّپشتمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان ئەویش داننانە بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان وە هاوکاری کردنمان لە هەموو روییێکەوە هەروەها ئەم راپۆرتە ببێتە بەلّگەیەک بەدەست ئەو وەفدانەی کوردستان کە ئەچێتە دەرەوە، وەفدی رەسمی و غەیری رەسمی بۆ ئەوەی کە وەختێ بەرەو رووی ئەو خالّە بوونەوە پێشکەشی بکەن بەو دەزگا بەرپرسانە، هەروەها بدرێت بەو وە فدانەی کەدێنە کوردستان بۆئەوی هەموویان حالّەتێکی دیاریان هەبێت بەرامبەر هۆی کۆچ کردن لە کوردستان بۆ دەرەوە، هەروەها لێرەش بدرێتە دەزگا پەیوەندیدارەکانی(UN) تا لە رێی ئەوانیشەوە بدرێ بە دەزگا بالاّکەیان بۆ ئەوەی ئەو خالاّنەی کە تایبەتمەندە بەخالّی ئابووریەوە بەتایبەتی بریاری(٩٨٦)بۆ چاک کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان بدرێت وە ئەوانیش بیدەن بە دەزگا بالاّکەیان بۆ ئەوەی کوردستان باشتر ببوژێتەوە بۆ ئەوەی ئیمکانیەتێکی زیاتری بۆ دانرێ بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەروەها بۆ باشترکردنی گوزەرانی فەرمانبەران و زیاد کردنی موچەکەیان لە بریاری(٩٨٦)هەروەها داوا بکرێ لەو ولاّتانەی کە ئەو کۆچ بەرانەی لێیە فشاریان نەخەنە سەر زۆریان لێ نەکەن بۆ ئەوەی ولاّتەکەیان چۆلکەن تاوەکو ئەم هۆکارە سیاسیانە چارەسەر ئەکرێ خۆیان ئەوکاتە کە وەزعی کوردستان باش بوو بەتەئکید زۆربەیان ئەگەرێنەوە ولاّتی خۆیان هەروەها گرنگی دان بەکۆچ بەران بەشێوەیەکی گشتی لە دەرەوە بۆ ئەوەی زیاتر ئەوان ببنە عاملێکی یاریدەدەر بۆ ناساندنی کێشەی کوردو کێشە رەواکەمان بە ولاّتانی دەرەوەو بە هەندەران. زۆر سوپاس.

**بەرێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەولانافەرمووی گوێ لەنەی بگرە بییستە سەرگوزەشتەی باس ئەکا باسی ئازاری جودایی جەبلە ژانی خۆی ئەکا، بەرێزینە ئەو راپۆرتە خەمخواردن و بەدەنگەوە هاتنە لەهەمان کاتدا بەتەنگەوە هاتنیشی زۆر پێویستەو لە وادایەکی خۆیدا ماندووبونێکی زۆری پێوە دیارەو پوختەو گەلاّلە کردنی راو بیرو بۆچوونی هەموو توێژو بەرەو خەلّکەکەیە بە هەموو بیرو بۆچوونێکەوە هەموویان لە چەند خالێکی سەرەکیا یەکانگیربوون. ئەو راپۆرتە دەست نیشانی کردووە بەرێزتان بفەرموون چەند سەرنجێکم هەیە لەگەلّ رێزو دەستخۆشی لێکردنی ئەو هەولّ و کۆششە جوانە یەکەم لایەنی پێناسەکردنی دیاردەکە، دیاردەکە بە هۆکارەکانیەوە خاسیەتێکی تایبەتی وەرگرتووە شتێکی

تایبەتمەندە جیاوازە لە کۆچ بەری ئەفریقیەکان یان هیندی و مصریەکان و کەسانی ئەمەریکای لاتینی، واتە کۆمەڵێک هۆکار هەیە لای ئێمە گەلێک جیاوازە، ئەمە لەلایەکەوە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی بێزاربوون و سەرهەڵگرتنە بە ئومێدی باشترو بێ خەمی، وەخۆی لە خۆیا نامۆ بوونێکە ئەیەوێ بەنامۆ بوونێکی تر سارێژی بکات گرفتەکە لەوە دایە لەلایەنی دووەمە بوونی ئەم دیاردەیە لەناو گەلی کوردستاناو بەتایبەت بۆ گەلی کورد شتێکی دوور نیەو هەمووومان لەبەر چاومانە. ڕۆژانی خامۆشبوونی چرای بابان سەدو ئەمەنەساڵێک لەو سەردەمە کەسانێکی هۆشمەند بەگرفتی چاوبەرایی نەبوون و کوڵی و کوێرەوەریەوە هەمسوو خەمو حەسرەتەکەیان تویشوی سەرهەڵگرتنەکەیان بوو پاشان لەوێشەوە قوربانی بادی خۆشمروری شارەزای راهی شارەزور ئەبوون بۆ هەواڵ و سۆراغێک ئەمە لەکاتێکا بۆ خامۆش بوون وکپبوون و بوونی مەرگ ئێستا ڕۆژانی ژیانەوەو بوژانەوەو ڕۆشەنبونەوەیە تەراجیدیایەک بەدوو لک روا لە ژیانا بەلام بۆتە دوو شتی بەرامبەر یەک هەردووکیشی ناوەڕۆکەکەی تەراجیدیایە بۆیە پێویست بەوە ئەکات بەستنەوەی ئەو ڕۆژە بۆ ئەم ڕۆژە دیارە هۆکارێک هەیە لە شکستی گەورەتر بێت لە کوژانەوەو خامۆشبونێکی وا کاریگەر ترو زەخمێکی قوڵترو ئازارتر بێت ئەمەیان گرفتەو ئەمانخاتە سەر تێرامانێک و راوەستان و هەڵوەستێک زۆر گرنگ لایەنی تری بابەتەکە پەیڕەوی بەندکردن پەیڕەوی بەندی لە هێنانی باسەکانا لەم لایەنە پاش ئەوەی هۆکارە سەرەکیەکان دەست نیشان ئەکرێ کە ئەوە شتێک بووەو بونەتە بەدیهی و ئاشکران لەبەر چاوی هەمووان بەلام دەست نیشان کردنی کۆمەڵێک خاڵ کە ببێتە پەلپ و بیانو بۆ ڕێگرتن لە کۆچ کردنی خەڵکی رەنگە ئەمەیان کارێکی ڕەوا نەبێت رەنگە ئاسانکردنەکە ڕەوا تربێت لە ڕێگرتنەکە چونکە لایەنی بوونی ئەو خەڵکەش لە دەرەوە لایەنێکی باشەشی چاکی زۆرەو بە چاکەش کەوتۆتەوە لە سەرمان نەک خراپ بەلام حەسرەتی ئەوەیە وەک لە خاڵی یەکەما ئاماژەم بۆ کرد بۆ ئەبێ لەم کاتە برۆن لە کاتێکی ئازادیا لەکاتێکا هیچ فشارێک نییە هیچ پاڵەپەستۆیەک نییە هیچ کارێک نییە کە بتوانێ دەست بنێتە بینی دەربڕین بە هەموو جۆرەکانی دەربڕینەوە بۆیە حەز ئەکەم زیاتر بابەتەکە دواندنی ویژدانێک بێت ئەو ویژدانەی کە بتوانێ درێژفێرەکە سەرەکیەکە لەلای ئەوە سەری گلۆڵەکە لەلای ئەوە ئەویش هەموومان سورین لەسەری ئەو بریارەیە کە خەڵکەکە بێخەم بوون و دڵە راوکێو شپرزەیی نەمێنێ. جارێکی تریش ڕێزم هەیە بۆ ئەو ماندو بوونە گەورەیە کەشتێکی گەورەی هەژاند بەلام دروستکردنێکی گەورەیە لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی کاک ئەحمەد سالار ئەکەین، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابتان ئەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە ، دەڵێین ئایا ئەم لیژنەیە سەرکەوتوبوون لەکاری خۆیان یان نا ئێستا من دێمە سەر بابەتەکە باحثی اجتماعی رۆژێ نەگەڕا بزانێ گیروگفتی فلان سجنی چیبە لەپێش محکەمە پرسیار بکاتن بزانن بەڵکی ئەم جەریما قەتلیا چی بووە ئەڤانیش بەڵکی ئەڤ ژنومێرە مشکیلە لە نێڤانیانە یان ئەڤ دزیە چی بووە ئەوانیش ئەچن بۆ باڵەخانەی سجنێ سەحدەکەن ودێ یاسا مەیدانێ پتر یان باحثا اجتماعی بێ لەگەڵ ئەوان بینەوێ ناڤێ نەخۆشی دات ڕاپۆرتا برادەرا راستە نەهێڵن بچنە دەرەڤە بەلام چۆن ڕاپۆرتێک بدەنە مکاتبێ حکومەتێ هەرێمی کوردستانێ دەرەڤەی ولاتی تابزانن رای ئەوان چیبە ئەو ڕاپۆرتە ئیستفادەش لێکردبان و زانیبان حەقیقەتی ئەوان ئەڤی چوون اسبابی چیبنە چاترە. نقتەیەکی تر هەیە گەلێ ئاسانە ئەگەر سەردانێک بردبان بۆ ئیبراهم خەلیل ڕۆژانە ئەوەی سنورداش دەکرێ ئەوەی لە تورکیا ئەگەڕێنەوە چ گەیشتبنە ئەوروپا وزڤراندبن یان لە تورکیاو ئێران زڤراندبن معدل رۆژێ(١٠٠) هەندێ جار(٢٠٠) هەندێ جار تێدەپەرێ دراسەی ئیحصایی لەگەڵ ئاسایش و لەگەڵ عیلاقات بکەن ٧٥٪ زۆریان ناڤچانن ئەڤەیدی دەرەوەی شەرعیە با پەرلەمانی و دەسەلاتی حوکمەتا هەرێمی کوردستان کابینەی چوار ٧٥٪ دەرەوەی سنووری ئێمەیە ٢٥٪ خەڵکی سنووری هەولێرە ١٠٪ هی سنووری دهۆکییە گەلێ جاراش ئەوانەی خاریجی دەسەلاتی کابینەی چوارە گەشتیتە ٧٥٪ دەبوو مفروض بیت برادەریت لیژنێ زەحمەت کێشابا چوبانە ئەڤێ و سنورداشە زڤڕێنێت دیتبا بۆ ئەوەی حەقیقەتی ئەوانیشتان وەرگرتبا تاپتر دراسەتەکە مەیدانی بێت تا بەڕەئی باشتربێت هەنکە ئەڤ دراسەتە پتر شمولی چەند منطیقە ئەکات ٢٥٪ پارێزگای هەولێرو پارێزگای دهۆکی چونکە ئەڤی سنورداش بێت ئەڤەیە لە لاپەڕە دوو هاتیە هۆکارە سیاسیەکان ئەسبابی خەڵک دەچنە دەرەوە بەردەوام بوونی هەرەشەی مەرکەزی بەغداد لەسەر کوردستانی عێراق لە خاڵی سێیەمدا هاتووە راستکردنەوەی رەگەزنامە (تصحیح القومیە) ئەمە تصحیح قومیە نییە ئەگەر تصحیحە مانای وایە حکومەتی مەرکەزی شتێکی باش دەکات ئەوە تەغییری قەومییەتە نەک راستکردنەوەی رەگەزنامە. هێژا سەرۆکی ئەنجومەن حکومەت چی بڵێتن هەمووی دەخوێنمەوە بەردەوام بوونی هەرەشەکردنی حکومەتی مەرکەزی بەغداد لەسەر کوردستانی درێژە پێدانی سیاسەتی دەرکردنی خەڵک و بەعەرەب کردنی خەڵکانی ژێر دەسەلاتی خۆی و سیاسەتی راست کردنەوەی رەگەزنامە(تصحیح القومیە) بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین ومەخمور و مەندەلی و شێخان و زمار و شەنگار و شوێنەکانی تر یەعنی ئەوەی جەنابت فەرموت گەر وایان نوسیبا زۆر لە جێگای خۆیدابوو مع العلم بەرێز ناصح غەفور خەڵکی کەرکوکە مەفروضە بە عەرەبی ئەم شتەی لێ تێنەپەریبا وە لە کوردیش تەرجومەیان کردووە بە راستکردنەوە، دەیەم لاپەڕەی سێیەم هۆکارە ئابوورییەکان: دووەم هاتووە نەبوونی دەسەلاتی تەواو بەسەر هەموو سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستاندا وە سستی و نادروستی کارگێری لە کۆکردنەوەی داهاتداو نەبوونی نەخشەی گونجاو بۆ سود وەرگرتن لە داهاتدا بەشێوەیەک کە

بەرژەوەندی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە. بەم شێوەیە گەر ئێمە سەیرکەین وەرگرتنی داهات لە هەرێمی کوردستان زۆر لەهی عیراقیش رێکوپێکترە لە هی سوریاش رێکوپێکترە لەهی ئێرانیش ئەوە هەرسێ دەوڵەتی ئەوە دوو دەوڵەتی دراوسێ وعیراقیش حکومەتی مەرکەزی. هەروەها سێ بوجەمان هەیە میزانیەی نەفەقات لوجنەی ئیعتیادی هەیە میزانیەی نەخشەکێشانی هەرێمی کوردستان پەسەند کراوە هەروەها میزانیەی تەمویلی ذاتی هەیە تەصدیق کراوە نەخاسمە ئەو وەختەش ئەم بەرێزانەش هەمووی لە قاعە بوون ئەوانەی ئێستا بۆ نمونە هەرسێ بەرێز کەسێکیش تێبینی نەبوو کە بەرێز ناصح غەفور سەرۆکی لیژنەی تەعلیم عالیش بوو نەما هیچ راپۆرتێک لە بنەما گونجاو نییە ئەمە تەواو نییە دەرگاش کراوەتەوە بۆ هەر ئەندامێکی پەرلەمان وەگەر نواقصی ببێتن چۆن داهاتی کوردستان بەتەواوی وەری ناگرن؟ نەخێر بەتەواوی وەری دەگرێتن ئەتوانم بڵێم ١٠٠٪ لە هەردوو کابینەش کابینەی سێیەم وچوارەمیش زۆر رێکوپێک نییە بەڵام ئەگەر مەبەستیان ئەوەی لە سنووری سلیمانییە کە دەسەڵاتمان ناگاتێ پێویستە رونی کردباوە ئەگەر مەبەستی ئەمەیە لە راپۆرتەکەدا باسی هیچ ئەوانە نەکراوە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و، شەری پەکەکە نەکراوە ئەمەش هۆیەکە زۆر سەرەکییە کاردەکاتە سەر ئاوەدان کردنەوەی کوردستان ئەگەر گوندەکان دوبارە ئاوەدان نەبن چۆن لە کۆمەڵگادا رادەکەی ئەوەی بەرێز یونادم فەرمووی هەندێ گوندەکان نەیەنە ئاوەدان کردن ئەڤ بەتاڵیە دەبێت نە کارگەو شەریکاتی گەورەمان هەیە ئەی چۆن بەتاڵی نەمێنێ ئەگەر باری ئابووری کوردستان چاک بێتن وە خەڵکی بژێوی هەبێتن نەچاوی لە دۆلاری ئەمریکی و مارکی ئەڵمانی ئەبێت ئەوەش هۆکارێکی سەرەکیە پێویست بوو باسیان کردبا. پێنجەم لە زۆر خاڵدا تەقریبەن هەرەشەیەک دەکات لەسەر حوکمەتی هەرێم ئەوە من دەبینم ئەوە راست نییە چونکە ئەساسی ئەوەی سنورداش ئەکرێ ٢٥٪ لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی چوارە ٧٥٪ مانای جۆرە پابەندیەک هەیە لەم ناوچەیە مانای وایە حکومەت بەچاکی بەکارەکانی خۆی هەڵدەستێ مانای ئەوەیە ئەوانەی رادەکەن بۆ دەرەوە ٧٥٪ زۆر جار تێدەپەرێ زیاتریش لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو کابینەی چوارەم پێویستە زیاتر موضوعی بێت هەر وەک وەزیری ناوخۆ ئیشارەی پێدا زۆر شتی بە عاطیفە نووسیوە یانیش لە خۆرا نوسیوە یانیش راو بۆچوونی هەندێ ئەقسام هەندێکی هێناون.زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز جەمیل عەبدی سندی بۆ ئەم رونکردنەوەیە.

**بەرێز عەبدولعەزیز تەیب:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکا هەی و وە تەوزیحەک مەسەلەی دەست نیشانکرنا خالێت لاواز وخالێت سلبی

له کۆمەڵگایەدا هەبیت زۆر زۆر مەسەلەیەکی ئیعتیادیە چ خیلالێ کۆمیتایەکدا بێت ئان بێتە دراسەکرن ل پەرلەمانێ وە بێتە دانان ئان بەرز کرن ئان بێتە تەحویل کرن بۆ جیهەتی بەرپرسیار بەس ڤ دیتنا من خیلالی وی راپۆرتێدا ئەم لایەنی سیاسی کو هەمی موتتەفیقین وەکو لایەنی سیاسی لە هەموویان گرنگترە وەسەرەکیە بۆ مەسەلەی کۆچکردنێ، ئەم لایەنی سیاسی هێندەک تەفاصیلی وردی دا لایەنی تر ئێمە بەرزمان کردۆتەوە لە راپۆرتماندا، رای من ئەوەیە ئەم مەسەلەیە جوداکەین ئەم تەرکیزێ سەر لایەنی سیاسی بکەین وە ڤی لایەنی ئیبراز بکەین. وە خالی تری لاواز دیتنا پەرلەمانی کە هەنە کە گرێدای چ هی حکومەتێ بن ئان هی ئەحزابەکان بن ئەڤە ببتە راپۆرتێکی تر وە بێتە تەقدیم کرن بۆ جیهەتی بەرپرسیار، خالا دیتر داخازی لێ بوورن لە کاک فلک الدین دەکەم کە جانبی رۆشنبیریە بەس گرێدایە قوتابخانەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رۆشنبیری لە قوتابخانەوە دەست پێ دەکات.

**بەڕێز عەبدولعەزیز تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لاپەرەی پێنجەم خالی پێنجەم دڵێت نەبوونی پرۆگرامی پەروەردەیی وزانستی لە ناوەندەکانی خوێندن لە قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگا ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردە هەبێت هەتا ئێرەیە ئەوەی تر پەیوەندی بە زانکۆوە هەیە ئەز تەصور دەکەم لەدوای ئەوەی کۆمەڵێک کتێب کە چاپکراون ئەوەی پەیوەندیی بەلایەنی پەروەردەیی هەبێت هی نیشتمان پەروەری هەبت من بۆ جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی هەناردوومە وە ئەم خالە وادیارە ئەو برادەرانەی کە دروستیان کردووە یان موطەلیع نینە وە یا لە ژێر چاو دەربازبوویە وە جەنابی د.ناصح وەختێ خۆدا وەزیری پەروەردە بوو وە زۆر خالێت جانبی پەروەردەیی ئیزافە بوونە سەر مەناهجا ئەو خۆی پێ ئاگادارە و لەوانەیە لە بیری کردبێ وە جانبی دیتر مەسەلەیەک هەن یەعنی ئەمە کوردی کرنە مدرەسە ئەڤ ساڵە گەهیشتە چارێ ئیعدادیێ کوردی کرنە مەدارسا هەمیا ئەڤە بخو لایەنەکی ئیجابییە وە ئەڤ کوردی کرنە تۆ جانبی خیندنی بخینە چ نصوص بێت وەکو پەخشان وشیعر دێتە وەرگرتن ئەگەر بخینی هەمێ تەرگیزی سەر جانبی وەطنی کریە وەجوغرافیە ئیضافە بوویە وەتاریخی موعاصر یاکو عیلاقەتی ب کوردا هەی ئیضافە بوویە وەپەروەردەی وەتەنییش ئیش دەست پێکریە تەقریبەن لە چاری ئیپتیدائی حەتا شەشی سنەوییێ وە پار ساڵ کوراسەکا تیروتەسەل و رێک سەر دیموکراتیا سیاسی لە چاری عام هاتە ئیضافە کرن وە بەتایبەتی لەسەر تجروبە یا حکومەتا هەرێمی و پەرلەمانێ کوردستانێ. ئەزداخوازێت کەم ئەڤ خالە راست بکرێتەوە شیناوێ قەیدناکا لایەنی بەهێزکرنا دروستە بەس وسا دێتە نیشان دان کأنما ئەڤە دەه سالە لە لایەنی پەروەردەی نیشتمانیی هیچ شتێک نەکراوە. لایەنی تر دوو کتێب داویتینە دروست کرن ئێک چیرۆکا ئێک شیعرە کە گرێدای

ئەدەبی مناڵایە کو ئەم مەکتەبا مناڵا لە هەمی قوتابخانە خورتر لێ بکەین وە ئەڤ هەردوو کتێبە ژ ڤێ گاڤێ لە چاپخانەیە دێتە دروستکرن وەپتر تەرکیز لەسەر لایەنێ ئیجابی کەلتوری کوردی هاتیە کرن وە شتی تری هاوچەرخی تێدا هەیەو ئەوە دێتە بەڵاو کردن لە هەمی قوتابخانە بە موقتەرەحی من ئەڤ خاڵە بێتە تەصحیح کردن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک عەبدولعەزیز تەیب وەزیری پەروەردە دەکەین.

**بەڕێز شەوکەت شێخ یەزدین/ وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان خۆشەویستان جێی خۆیەتی منیش لە کانگای دڵەوە سوپاسی لیژنەی پەرلەمان بکەم بۆ ئەو کارە پیرۆزەی کە پێی هەڵساون هەروەها لێرەشەوە ڕێزوسوپاسی خۆمان ئاراستەی ئەو بەڕێزانە بکەین کە لە ڕۆژانی موناقەشات بەشداریان لەم کارە پیرۆزەدا کردووەو هەستی خۆیان دەربڕیوەو هەستی مەسئوولییەتیان کردووە بەرامبەر ئەم کارە پیرۆزە هەر چەندە برای بەڕێزم کاک فازل میرانی ڕوونکردنەوەیەکی تێرو تەسەلی دا ئێستا ئەو هەنگاوە پیرۆزانەی کە لە ڕێگەی پەرلەمانی خۆشەویستەوە ئەنجام درا من تەنها دوو مولاحەزەی ترم هەیە کە ئیزافەی سەر قسەکانی بەڕێزیان دەکەم یەکیان پێشنیارم ئەوەیە پاش گەڕانەوەی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی لە دەرەوەی وڵات مەجالێکی تر هەبێت لە پەرلەمانی خۆشەویستدا کە بەڕێزیان ئامادە بن لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەی کە لەگەڵیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر تەوزیح بدات لەسەر ئەو هەنگاوە پیرۆزانەی لەو جانبەوە کە هاوێشتوویەتی لە دەرەوەو ئەو دەستکەوتانەی کە بە دەستەوەی هێناوە. ناڵێم ڕەخنە لە دەزگاکانی ئیعلام دەگرم، بەڵام دەتوانم بڵێم جێی خۆیەتی ئەو گلەییانەی لێ بکرێت بەحەقیقەت وەکو پێویست ئەو حقەی پێ نەدرا بەسەرۆکی حکومەت و وەفدە یاوەرەکەی کە ئەو دەستکەوتە پیرۆزەی بە دەستەوە هێنا کە زۆربەی خەڵکانی ئێمە پێوەی دڵ تەنگ بوون ونیگەران بوون، یان زۆر قسەی لابەلا کرا لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یا پارتیمان کە وەکو پێویست دەور نابینێ، بەڵکو ئەوە سەبەبی ئەوەیە کە گوشار بخرێتە سەر ئاوارەکانی ئێمە لە دەرەوەی وڵات بۆ گەڕاندنەوە وە هەروەها پێشنیارێکی تریشم ئەوەیە کە ئێمە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی پەرلەمان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەیەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە بیکەینە خاڵی سەرەکی خۆمان وموناقشەی تێروتەسەلی لەسەر ئەنجام بدەین و پاش ئەوەی ئێمەش ڕاوبۆچوونەکانی خۆمان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرز بکەینەوە بۆ پەرلەمانی خۆشەویست هەروەکو پێشنیار کرا کە ئەو لیژنەیە بمێنێ و ئیدامەی کارەکەی خۆی بدا تا بە ئەنجامی نیهائی دەگاو قراری نیهائی لێوەردەگیرێتەوە، ئێمەش پێمان خۆشە ڕاوبۆچوونەکانمان لە وێندەردا ئاراستەی بەڕێزتان بکەین زۆربەی شتیش کە لیژنەی بەڕێز لیژنەی پەرلەمان کە ئامادەی

کردبوو بەحەقیقەت نازانم جار جار لامان سەیرە چونکە ئێمە هەموو جار وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم هۆڵە پیرۆزەدا تەوزیحاتی پێویستمان داوە بەنیسبەت حکومەت و داهاتی حکومەت و ئیمکانیەتی حکومەت و کاری حکومەت بەحەقیقەت وەبەتایبەتیش لەکابینەی چواردا ئەگەر هەڵە نەبم زیاتر دانیشتنمان ئەنجام داوە زیاتر سەرۆکی حکومەت خۆشی ئامادە بووەو تەوزیحاتی پێویستی داوە؛ مەسەلەن کە باس لە مەعاشاتی کارمەند دەکرێ بەحەقیقەت ئێمەش وەکو بەرپرس وەکو کابینەی چوار ویژدانمان قەبول ناکات ئێمە دەزانین ئەو مەعاشەی کە دەدرێت بە کارمەند مەعاشێکی ئەوتۆ نییە کە بتوانێ وەکو پێویست هەم مەشاکلی ژیانی خۆی چارەسەر بکات هەم وەکو پێویست ئەو شەش سەعاتەی کە دەوام دەکات بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێ ئێمەش نیگەرانین، بەڵام عەجەبا جانبەکەی تر ئێوەی بەڕێز لێکی دەدەنەوە کە وەزعیەتی ئیمکانیەتی ئێمە چۆنە هەر خەلەلێکی هەر وەزعێکی سیاسی بێتە پێش ئۆتۆماکییەن پێش هەموو شتێک لەبواری ئابووریدا ئێمە فشارێکی گەورەمان دێتە سەر، پاش ئەوە ئێمە کەوەکو حکومەت دەمانەوێ کە ئێوەش راو بۆچونتان ئەوەیە کە ئێمە ئەوکارانەی کە پێویستە یان باسی لێوە دەکرێت هەنگاوی مەعاش زیاد بکەین، مەشاکلی خەڵک لەبەر چاو بگرین خزمەتگوزاری پێشکەش بکەین، کوردستان ئاوەدان بکەینەوە، لە هەمان کاتیش گیروگرفتێک کە دێتە پێش فەوری ئیشارەی حکومەت دەکرێتەوە دەبێت چارەسەربکرێت عەجەبا ئەو ئیمکانیەتە لەکوێ بێت؟ وەختێ خەڵکی خۆشمان ئامادە نەبێ ئێمە هەمووشمان پێکەوە ئامادە نەبین بۆ کۆکردنەوەی داهاتێک چۆن بتوانین ئەوگیروگرفتانە چارەسەربکەین؟ نموونەیەکی بچووک دێنمەوە لە ئینتیخاباتی شارەوانییەکان یەکەم خاڵ کە فشاریان لە ئێمە کرد مەسەلەی کۆکردنەوەی ئەو حەقی تەلەفۆنات و ئەوانەی کە بداڵە گۆڕاو ئەوانە راستە لەوانەیە وەکو پێویست باش دیراست نەکرا بێت بەڵام نە بە مانای ئەوەی هەموو شتێک پارە لە خەڵک وەرنەگیرێت ئێمە پارە وەرنەگرین پارەی ئاو وکارەبا وەرنەگرین تەلەفۆنات وەرنەگرین زەریبە وەرنەگرین لە هەموو شتێکیش ئەوەی کە لە رێگای ئێوە لە رێگای ئەحزابەکان و لایەنە بەڕێزەکان داوا لە حکومەت کرا بێ ئێمە روسووماتمان دابەزاندووە جەنابیشتان ئاگادارن یەعنی ئیمکانیەتی ئێمە هاتۆتە ژێر سفر بەحەقیقەت هەر وەختێکی ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە ئیمکانیەتێک زیاد بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ژیانی کارمەندانی خۆمانی پێ چارەسەر بکەین یان گیروگرفتی خەڵکان زووتر لە کات و ساتی خۆی پێ رابگەین بەحەقیقەت جاری وا هەیە ئەو داهاتەی کە کۆدەکرێتەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت ناچارین دووبارە بۆ شتێکی تری سەرف کەینەوە لە بەر ئەوە تکامان ئەوەیە وەختی حالاتێکی وا دێتە پێش ئەو پێشنیارانە دێتە پێش پێمان باشە کە لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکان دابنیشن مووناقشەی تێدا بکەین پێش هەموو شتێک ئەوەی کە عیلاقەی بە مەسائلی داراییەوە هەبێت لەگەڵ وەزیری دارایی و پسپۆڕانی ئەو وەزارەتەدا دانیشتن بکرێ کە چ ئیمکانیەتێک هەیە، عەجەبا ئەو ئیمکانیەتەی ئێمە بتوانین لە پەرلەمان تەرحی بکەین و باسی لێ بکەین

وبرياری لێ بدەین یان ئەو گیروگرفتانەی ئێمە وەکو حکومەت هەمانە کە ئێوەش یارمەتیمان بدەن بە راستی،یان جانبی تر ئەو شتانەی کە دروست دەکرێن. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بۆ نموونە شارەوانییەکان ئێستا کە برياری پێدەرچوو هەڵبژاردنەکە خۆش بەختانە ئەنجام دراو خۆ ئەو هەموو شارەوانییە ئیمکانیەتێکی یەکجار زۆری پێویستە، ئەو هەموو بینایەی پێویستە،سولەفی موستەدیمەی پێویستە،ئیمکانیاتی تری پێویستە لە توانایدا نیە، باشە حکومەت دەبێت بۆ ئەمە کار بکات، یان چەند رۆژ پێش ئێستا مەسەلەی گەنم باس کرا کە جووتیارەکانمان گەنمیان پێ گەیشتووەو چی لێ دێت؟واتا مەسیری بە کوێ گەیشتووە؟کێ دەبێت بە هانای بچێت؟حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە هانای بچێت،عەجەبا دەبێت چەند پارەی پێویست بێت،چەند ئیمکانیەتی پێویست بێت کە بتوانێ گەنمی خەلکەکە بکرێت؟ واتا ئەمانە خۆی لە خۆیدا هەموو گیروگرفتە دێتە پێش،ئەوەی تر بە نیسبەت چوونە دەرەوە بە حەقیقەت ببوورن بە نیسبەت تەعیینات زۆر جار ئاماژە بەوە دەدرێت کە لە زانکۆیەکان تەخروج دەکەن و خەڵک تەعین ناکرێن من تکام ئەوەیە واتا ناو بدەن بە ئێمە کێ هاتووە سەردانی ئێمەی کردووە لە رێگای وەزارەتەکانەوە پێشکەش کرا بێ بۆ سەرۆکایەتی ئێمە تەعینمان نەکردبێ؟ لەبەر هەر سەبەبێک بۆ مان روون بکەنەوە،چونکە پێمان خۆشە چونکە هەر خەڵکێک هاتبێ ئێمە تەعینمان کردووە،ئەوانەی کە لە زانکۆکان طەبیعی،ئەوەی تر بە پێی پێداویستی وەزارەتەکانە،چونکە وەزارەتەکانی ئێمەش لە رادە بەدەر میلاکیان زۆر بووەو، ئیمکانیاتی ئێمەش دەبێت لەبەر چاو بگرین وەختێ ئێمە بە پێی میلاکاتی سالانە کە تەرازوو پێشکەش دەکەین میلاکاتیش لەبەر چاو گیراوە،بەنیسبەت ئەو بەڕێزانەی کە دەچنە دەرەوە من لەگەڵ ئەوە نیم کە ئەو رێگایە خۆش بکرێت هەموو گەنجانی ئێمە بچن بۆ دەرەوەو،وەڵلا بۆ ئەوەی خەڵکێک لەوێ زیاد دەبێت دەتوانێ باری سیاسی ئێمە وەکو کورد وای لێ بکات ! بابی ئەوەندە خەڵکێک لەوێ هەیە ئەرکی سەرەکی بە رای من دەکەوێتە سەر ئەستۆی پەرلەمان وحکومەت وحزبەکان و سەرکردایەتیەکان ئەگەر ئەوان هەموو بۆ چوونیان یەک بێت دەتوانن لە دەرەوە دەوری سەرەکی ببینن و ئەو بارە یەکلا بکەنەوە،وە لەسەر ئەو بەڕێزەی کە لێرە هەموو ماڵ ومنداڵ و ئیمکانیەتی خۆی لە دەست داوە بچێت بۆ دەرەوە وەڵلا ئەو بەڕێزانەی کە چوونەتە دەرەوە وایان لێ قەوماوە بەشێکی زۆر لەو بەڕێزانە ناتوانن،بەڵێ وەکو حکومەت ئێمە لەگەڵ ئەوە داین ئەو قوتابیانەی کە پێویستە بچن بۆ دەرەوە،ئەو بەڕێزانەی کە پێویستێ بچن بۆ دەرەوە،خوێندن بخوێنن شت تەواو بکەن خیبرەیەک بە دەستەوە بێنن بگەڕێنەوە خزمەتی ئەزموونەکەیان بکەن سەد لە سەد حکومەت ئەوەی لەدەستی بێت لە توانایدا بێت درێغی لێ ناکات،لایەنی تر ئێمە مەسئوولەکان خۆمان هەموو مەسئوولەکان،یان بلێین بەشێکی زۆر لە مەسئوولەکان ئێمە خۆمان هاندەری ئەوەین کە خەلک بنێرین،هەم لایەنی ئیمکانیەتی داراییمان لەوانەیە لە خەلکی تر باشتر بێ،ئەوەی کە برای بەڕێزم کاک جەمیل باسی کرد کە سنووورداش دەکرێن ئەو فەقیرانەن بە راستی سنووورداش دەکرین لەبەر

ئەوەی ئیمکانیەتیان نیە ناتوانن دەرباز بن ئەگەرنا خەلکی تر ئێمە دەربازی دەکەین بە هەر ئیمکانیەتێک بێت،با ئێمە لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین کەسوکاری خۆمان و،کورەکانی خۆمان ئەوەی کە پێویستە و خوێندنی خۆی تەواو کردووە لێرە پێویستە،لێرە خزمەت بکات بۆ ئەم ئەزموونە بیهێڵێتەوە بەرنامەیەکی رێکوپێک دابنێ بۆ ئەو خەڵکە چی تر دەر بەدەر نەبێ وا بزانم من نازانم واتا وڵاتانی دراوسێ و،دۆستانی میللەتی کورد هەمووی پشتگیری ئەوە دەکەن بارێکی زۆر رێکوپێک لە وڵاتی ئێمەدا هەیە،ئیمکانیەتێکی زۆر باش هەیە، جووڵانەوەیەکی باش هەیە،ئەوە کۆمپانیاکانی وڵاتانی دراوسێ روویان تەمووحاتیان کەوتۆتە ناو وڵاتی ئێمە کە بێن،شتێک لێرە هەیە ئەگەرنا سەربەخۆ نایەن سەرمایە گوزاری لێرە دابکەن دیارە ئەو ئەزموونەی ئێمە ئەو دە ساڵەی ئازادی بە شوێنێک گەیشتووە کە رۆژ بە رۆژ گەشترو بەرەوپێشتر دەچێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک شوکت شێخ یەزدین وەزیری کاروباری ئەنجومەنی وەزیران.

ئێستا ماوە دەدەین بە لجنەکە بە کورتی بەس بەشێوەی بەرقی وەڵامی هەندێک پرسیار بداتەوە دوای ئەوە ئەگەر موڵاحەزە هەبێت بۆ ماوەی دە دەقیقە مەجالی موڵاحەزاتی تریش دەدەین.فەوموو د. ناسح.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر سوپاسی هەموو ئەو برا بەڕێزانە ئەکەم چ برا وەزیرەکان و،چ ئەندامانی پەرلەمان کە راو بۆچوونی خۆیان دەربارەی ئەم کۆنوسە کە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێزمان خوێندەوە راو بۆچوونی خۆیان دەربڕی،پێش وەخت ئەبێ بڵێین ئەم راو بۆچوونە راو بۆچوونی ئێمە نیە، ئەرکی سەرەکی ئێمە بە ئەمانەتەوە راو بۆچوونی ئەو خەلکانەمان کۆی پوختەی راو بۆچوونی ئەو خەلکانەمان نووسیوەتەوە کە لە ماوەی(٥تا١٣)ی مانگی ئایاری ٢٠٠١لەگەڵیاندا دانیشتووین و سیمینارمان کردووە،ئەگەر هەموو ئەو راو بۆچوونانەمان بخوێندایەتەوە جارێ ئەمە هەر یەکە لەم راپۆرتانەی کە لەلای من هەیە پوختەی یەک رۆژێکە نەک هەموو راپۆرتەکان بەڵکو پوختەی یەک رۆژێکە،دوانزە فایلی ئاوامان هەیە هەمووی راستە زۆر شتی بەردەوامی تێدا هەیە بۆیە ئێمە هاتووینە بەم شێوەیەی کەوا خستوومانەتە بەر چاوتان بە ئەمانەتەوە نەقلمان کردووە،بەڕاستی پێش هەموو کەسێک نابێ سوپاسی ئێمە بکرێت،سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکرێ کە ئەو راو بۆچوونانەیان ئازادانە،سەربەستانە بەبێ ئەوەی هیچ رێگرێک هەبێت بەبێ ئەوەی کەس رێگەیان لێ بگرێت ئازادانە،سەربەستانە رای خۆیان دەربڕیوە ئەو کێشەوگرفتانەیان خستۆتە روو کە ئێمە پوختەکەیمان هێناوەتە بەر دەستی ئێوە لەبەر ئەوە ئەرکی ئێمە یان ئەوەی کە بەئێمە سپێردرا لە

راستیدا جێبەجێ کردنێکی ساکارە (متواضعە) ئێمە لەسەرمان بووە تەنها ئەو راپۆرتەو بۆچوونانە کۆبکەینەوە کە لەم راپۆرتەدا بەکورتی باسم کرد.
زۆر تێبینی باس کران بەراستی هەندێک لەو تێبینییانە جێی خۆیەتی کە ئێمە چاوی پێدابخشێنینەوە لەوانەیە خۆشمان لەناو لیژنەکە رای تایبەتیمان هەبووبێ بەرێزانیش ئاگادارن ئێمە پێش سمینارەکانیش چەندین چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری لەکەنالەکانی تەلەفزیۆندا کردووە راوبۆچوونی تایبەتی خۆمان دەربریوە دەربارەی ئەم دیاردەیەو ئەم کێشەیە لەوانەیە راوبۆچوونی ئێمە لەگەڵ ئەم راوبۆچوونەی ئێستا لێرە هەیە لە خاڵبەندیەکاندا وەکو یەک نەبێت ئەو تێبینییەی بەرێز وەزیری پەروەردە پیشانی دا بۆ نموونە نەبوونی پرۆگرامێکی پەروەردەیی لە قوتابخانەکان لەگەڵ راوبۆچوونی ئێمە نییە، بەڵام کەسانێک هەموویان بەیەکەوە بەستەوە واتا راپۆرتەکان هەموویان پێکەوە بەستراوەنەتەوە زانکۆو پەیمانگەکانیش هاتوونەتە ئاراوە ئەگینا زۆر راستە لەوەزارەتی پەروەردەدا پرۆگرامی پەروەدەیی هەیە لەوانەیە وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە باسی کرد پێویست بە بەهێز کردن بکات بە باشتر کردن بکات، بەڵام لەگەڵ رێزمدا لە زانکۆ و پەیمانگەکانماندا ئێمە بەرنامەی پەروەردەییمان نییە، بۆیە لێرەدا واهاتووە لەسەرەتادا نەبوونی بەرنامەی پرۆگرامی پەروەردەیی لە ناوەندە خوێندنەکاندا بوو، ئینجا قوتابخانەکان ئەگینا خۆی زیاتر مەبەست ئامۆژگا و زانکۆ و پەیمانگەکان دەگرێتەوە، چونکە ئەوانەی دەچنە دەرەوە لە تەمەنێکی دیاری کراودان منالٌ نین منالەکان کەسوکاری خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەیانبەن.
وەکو وتم هەندێک لەو مەسەلانەی کە لێرە باس کران باسی ئیحتکاری بازرگانی کرا ئێمە نالێین ئەو رایەی کە گوتراوە رای ئێمە نیبە، رای ئەو خەڵکەیە کەوا لە سیمنیارەکان داویە، کاک رزگار ئەوەی وروژاند.
نامە ئاراستە بکرێت ئێمە پێمان شتێکی باشە ئەم راپۆرتە بێگومان دەبێت بدرێتە حکومەت و نوێنەرانی حکومەتیش لێرە دیسان تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە باسی ئەوە نەکراوە کە پاراستنی زلهێزەکان بۆ رژێمی بەغدا یان هێلی سیوشەش بگوازرێتەوە وا بزانم ئێمە خاڵبەندیمان کردووە و لایەنە سیاسیەکەمان خستۆتە پێشەوەو مەفهومی ئەوەی تێدایە کەوا بەرێز کاک شێخ یەحیا باسی کرد بەڵام دیسان ئەمە قابیلی گۆرانە قابیلی دەستکاری کردنە دەتوانرێ سەر لە نوێ دابرێژرێتەوە(صیاغە)بکرێتەوە،ئەگەر پێویست بکات ئەوەی کاک شێخ جەعفەر باسی کرد دیسانەوە هەر پەیوەندی بە ریزبەندی هەیە یان بدرێت بە نوێنەرانی حکومەت لە دەرەوە، ئەم راپۆرتە بۆ وەفدەکانی کە لێرە هەن ئەوە شتێکی باشە سوپاسی کاک ئەحمەد سالار دەکەین کە دیسانەوە هەمان راو بۆچوونی دەربری.
بەرێز کاک جەمیل سندی کۆمەڵێک گلەیی خستەروو واتا من لەگەڵ رێزمدا تەقدیری بۆ لیژنەکەمان نەکرد، بەڵام ئەمەی ئێمە باسی دەکەین ئێمە باسی تەنها حەفتاو پێنج لە سەتی کوردستان ناکەین ئێمە خۆمان بە حکومەت و پەرلەمانی شەرعی هەموو کوردستان دەزانین، لەبەر

ئەوە ئێمە باسی هەموو کوردستان دەکەین راستە لەوانەیە زانیاری تەواومان لە هەموو شوێنێکەوە وەکو پێویست پێنەگەیشتبێ،بەڵام ئەم راپۆرتەی ئێمە دەربارەی هەموو کوردستانە نەک سەتا حەفتاوپێنجی وەکو کاک جەمیل سندی باسی کرد خەریکە ئەویش ئیعتیراف بەوە دەکات.

باسی راستکردنەوەی هەندێک هەڵە کرا دەڵێ بەناو رەگەزنامە، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەراستی باسی هەندێک وردەکاریم کرد وتی،وەکو خۆی چۆن نوسراوە ئاوا بخوێندرێتەوە دوایی چاکی دەکەین وەئەگەرنا من زۆر زۆر باش دەیزانم بەتایبەتی ئەم خاڵەم لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باس کرد وتم راستکردنەوەی بەناو رەگەزنامە بکرێت ئەم خاڵە خۆم باسم کردووە سوپاسیش بۆ ئەو تێبینییەی جەنابت کە تێبنییەکی ئیجابی بوو.

ئەوەی ئێمە کردوومانە هەڕەشەکردن لە حکومەت نییە ئەوەی کە بۆ ئێمە گوتراوە هەڕەشەکردنە لەهەموو میللەتی کورد لە پەرلەمان و حکومەتیش ئەمە هەڕەشە کردنی ئێمە نییە لە حکومەت ئەو دیاردەیە هەڕەشەیەکی گەورەیە خەریکە ئەمڕۆ تەڕو وشک ئەسوتێنێ بۆیە ئێستا هەموومان کەوتینەتە ئەوەی کەوا دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە ئەمە مانای ئەوە نییە تاوانبار کردنی حکومەت یا لەلایەنێک بێت بەپێچەوانە دەبێت ئێمە هەموومان هەوڵ بدەین ئەو دیاردەیە چارەسەر بکەین و، رێگای گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

سوپاسی تێبینییەکانی کاک عبدالعزیز تەیب و هەروەها کاک شەوکەوت شێخ یەزدین دەکەم وابزانم وەڵامی تێبینییەکانی ئەوانیشم لەگەڵ ئەوانی تر دایەوە بەتایبەتی باسی کۆکردنەوەی داهات. ئێمە لەچەندین سمیناری تایبەتیدا خۆمان باسی ئەو بابەتەمان کردووە کە دەبێت داهات کۆبکرێتەوە ئەوجا دەتوانرێت مووچە زیاد بکرێت مووچە لەسەر بنەمایەک زیاد دەکرێ. بێگومان ئێمە لەگەڵ ئەو راوبۆچوونانەی بەڕێزتاین لەگەڵ سوپاسم بۆ هەموو ئەو راوبۆچوونانەی کە لێرەدا باس کران داوای لێبووردن دەکەم ئەگەر وەڵامی هەندێک لە راوبۆچوونەکانم نەدابێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرمو بەڵام بەکورتی.

**بەڕێز عەبدولخالق رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی وەک چۆن کاک د. ناسح وتی ئەمە پوختەی قسەکانی ئەو چین و توێژانەیە کە وەرمانگرتبوو من بەش بەحاڵی خۆم لەوانەیە زۆر قسەم هەبێ و زۆر شتیشم هەیە ئێمە وا نییە نەزانین باری داراییمان چۆنە، من وا تەسەور دەکەم هەندێ برادەر بە هەڵە تێگەیشتوون ئەمە راپۆرتی لیژنە نییە ئەمە راپۆرتی پەرلەمانیش نییە منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک شەوکەتم لەم دانیشتنەدا ئەمە حەقی نادرێتێ ئەمە سەرەتایەکە بۆ گفتوگۆیەک بە ئامادەبوونی ئەنجومەنی وەزیران بۆئەوەی دانیشین ئەوەی هۆکاری سیاسییە و لە ئیرادەی ئێمە نییە ئەوە شتێکە هەوڵی بۆ

دەدەین بەشێکیشی باری سیاسی ناوخۆی خۆمان رۆڵی هەیە، مەسەلەی ئاشتییە و ڕێکەوتننامەی واشنتون زۆر شتی تر هەیە تەجاوزات زۆر لەسەر مافەکانی مرۆڤ زۆر ئینتهاکات هەیە لەسەر مافی مرۆڤ زۆر فەرق و جیاوازی هەیە ئەوەیش هۆکاری ناوخۆییە دەبێت چارەسەرییەکی بۆ بدۆزینەوە ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بەخۆمانەوە وەکو حزبەکان و حکومەت و پەرلەمان دەبێ چارەسەری بکەین، ئەوەی لە ئیرادەی ئێمە نییە ئەوە هەوڵی بۆ دەدەین ئەوە ئەرکی ئیمەیە ئەگینا باش دەزانین کاک جەمیل سندی باری داراییمان چۆنەو چۆن نییە، بازرگانیش ئەگەر ئیحتیکار بکرێت لەلایەن جەماعەتێکەوە وابزانم حەقیقەتێکیشی تێدایە، ئینجا گشت حەقیقەتەکە نییە بەس هەیە و، توێژەکانیش پێشنیار دەکەن بۆ هەندێ شت تەمایوز هەیە ئێستا مافپەروەران( ٥٠٠ ) دیناریان هەیە، دەرچووی زانکۆ ئەگەر پسپۆری (ذره)شی هەبێت ( ٥٠٠ ) دینار دەرماڵەی نییە، حەقی خۆیەتی داوا بکات، لەبەرئەوە زۆر شت هەیە بەرای من باشە کۆبوونەوەیەکی تر ببێت بۆ ئەوەی حەقی بدەینێ٠ ئەوەی پەیوەندیی هەیە بەخۆمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان رامان هەیە بەراستی زۆر شت هەیە وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و داد دەتوانن یارمەتیمان بدەن هەروەها وەزارەتی پەروەردەش واتا ئێمە کە دەڵێین مانای ئەوە نییە ئێستاش وێنەی (صدام حسين) لەناو کتێبەکانمان هەیە، لەبەرئەوە زۆر شت هەیە هەتا لەسەر مەسەلەی کۆچرەوەکان مەرج نییە تەنیا لایەنی دیاری کراو بێت، لەبەرئەوە من هەرئەوەندە قسە دەکەم دەڵێم ئەوانەی کە وترا لە تێبنییەکان ئەوانەیە کە ئێمە نەمانگوتووە برادەرانی تر وتوویانە لەوانەیە منیش لە بەشێکی زۆر رازی بم لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک عەبدولخالق. ئەگەر موداخەلاتی تر هەیە تکایە دەست بەرز بکرێەوە بۆ ئەوەی ناو بنووسین. بەڕێز کاک فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری فەرمو.

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی/ وەزیری رۆشنبیری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو برادەرانەی ئەم راپۆرتەیان ئامادە کردووە سوپاس بۆ ئەو خەڵکەی کە ئەو دەنگەیان داوە من گفتوگۆ لەسەرلایەنی تەکنیکی راپۆرتەکە دەکەم من نازانم ئەمە رای خەڵکە ؟ئەگەر ئەمە رای خەلکە لێرە دەبێت ئەو خەڵکە بانگ بکرێت بۆ ئەوەی بەرگری بکەن لە رای خۆیان و،لێرە ئەو لیژنەیە دانیشتووە لەگەڵ ڕێزم بۆیان جارێک بەرگری دەکەن لە هەر خاڵێک بییانەوێ خاڵێکیش نەیانەوێ دەڵێن ئەمە رای خەڵکە،ئەگەر رای خەڵکە رای پەرلەمان نەبێت و رای حکومەت نەبێت رای خەلکە ئەو خەڵکە کێن؟ ئایا پەرلەمان نوێنەری خەڵک نییە؟ دەبوایە لیژنەیەک واتا پەرلەمان رای خۆشی لەسەر دابا بەرای من پەرلەمان یان ئەو لیژنەیە یان لیژنەیەکی تری ئامادە بکردبایە رای خۆیان لەسەر ئەم راپۆرتە پیشان بدابایە بۆئەوەی حکومەت

رای پەرلەمان گفتوگۆ بکات ئەوە لایەنی رۆتینی مەسەلەکە. ئەگەر رای خەڵکە من لەگەڵ رای خەڵکم لیرەدا دەبێت ئێمە لەگەڵ رای خەڵکدا بین لەگەڵ کەسی تردا نەبین، ئەگەر رای خەڵک بێت بەراستی هۆکارەکان زۆر قورس و رەشن ئەگەر وا بێت دەبێت من و ئێوەش هەموومان بریار بدەین کۆچ بکەین، چونکە ئەو هۆکارانە وابێت بەکەس چارەسەر ناکرێن دەبێت لە سبەینێوە دەست بەکار کردن بکەین کە ئێمە کۆچ بکەین، لەبەرئەوەی ئەو هۆکارانە بەو شێوەیەی کە دانراوە بەراستی ئەگەر رای پەرلەمان بێت جێی گفتوگۆیە، رای حکومەت جێی گفتوگۆیە رای خەڵک بێت و خەڵکیش رای وابێت وەزعێ بەو شێوەیە بێت من یەکێک لەوانەم سبەینێ دەست بەکارکردن دەکەم بۆ کۆچ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. تەنیا یەک روونکردنەوەم هەیە وەختێک دەبێت بەرای پەرلەمان ئەگەر پەرلەمان بریاری لەسەر بدات. لە راستیدا ئەم گفتوگۆیانە تەنها بۆئەوەیە ئەوەی پێویستە بکرێت و بەرایەکی روون و رێکوپێک کە نوێنەرایەتی لە رای پەرلەمان بکات بۆئەوەی پەرلەمان بتوانێت بەرگری لێ بکات، ئەمە شتێکە لە ئەنجامی ئەو سمینارانەیە کە لە راستیدا وەزارەتەکانیش بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداریان تێدا کردووە، هەندێ وەزیری بەڕێز خۆی راپۆرتی پێشکەش کردووە لەوانەیە بەشێک لە راپۆرتەکەی خۆی جارێکی تر گوێی لێ بێتەوە، هەندێ بریکار هاتون لە جیاتی وەزیر لەوانەیە رایەکی خراپی لەسەر وەزارەتەکەی خۆی دابێت ئەوەشی تێدا هەیە، هەندێ ئەندامی پەرلەمانیش هاتوون بێ ئەوەی حساب بۆ هیچ شتێک بکەن شتێکیان تێ فرێداوە ئەمانە هەموو شاراوە نییە لە راپۆرتەکە، بەڵام من حەز دەکەم ئەوە دووبارە بکەمەوە وەختێک دەبیت بەرای پەرلەمان، کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بریاری لەسەر بدات و بەتەئکید ئەو بریارە ئەوها بەو ئاسانییە نادرێت. بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکەمان. بەڕێز د. جرجیس سەرۆکی چاودێری دارایی فەرمو.

**بەڕێز د. جرجیس حسەن / سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دنیا ئەم زاهیرەیە باوە هەر لە وڵاتی ئێمە باونییە ،باوە لە هەموو دنیا ،بەڵام لە هەندێ وڵات زیاترە لە وڵاتانی تر لە هەندێ دەوڵەت زۆر زۆر کەمە لە هەندێ دەوڵەت کەم کەم دەچن لە هەندێ دەوڵەت زۆر زۆر دەچن وە لە هەندێ دەوڵەت کەم ،ئەمە هۆکاری ترە ،هۆکارەکان بۆ لە وڵاتی ئێمە زۆرە لە وڵاتانی تر نییە؟ یان بۆ لە وڵاتی ئێمە کەمە لە وڵاتێکی تر زۆرە؟ حەقە لەسەر لیژنە بگاتە قەناعەتێک کە بڵێ لە میسر زۆرە لەبەر ئەم هۆیانە، لە کوردستان زۆرە لەبەر ئەم هۆیانە، یان لە جێگایەکی دیاریکراو زۆرە لەبەر ئەم هۆیانە بۆ نموونە لە وڵاتێکدا سەیر دەکەین کە شەڕی تێدایە لە شیشان یان شوێنی تر دەبینین کۆچ کردنەکە زۆرە کاتی خۆی لە رووی ئابوورییەوە ژێرخان

نەمابوو لە ئەڵمانیاو رۆمانیا دیاردەیەکی یەکجار زۆر بوو کۆچ کردن بەرەو ئەوروپا، ئێستا کۆچ کردن لێرە دیاردەیەکی باوە، ئەگەر کەمە یان زیادە دەبێت لیژنە ئەم راستییە دەربخات دەبوایە بە کردار ئامارێکی بکردبا کە رۆژانە چەند کەس کۆچ دەکەن، ئەم ئامارە پێویستە چونکە لە هەموو دنیادا هەیە، ئەگەر یەکجار زۆرەو ئێمە دەگەینە قەناعەت لە ماوەی چەند ساڵێک کوردستان چۆڵ دەبێ لە هەموو شت، بە راستی خطرێکی گەورەیە ئەگەر شتێکی سروشتیە، ئەوە شتێکی گەورە نییە، هەندێ کاریگەری دیار هەیە پێویستە ئێمە چارەسەری بکەین، ئەو کاریگەریانە لە راپۆرتەکە هاتوون، بەڵام بە شێوەیەکی تفصیل هاتوون کە سەری لەهەموو شت بزر کردووە، کاریگەری دارایی عاملێکە پێویستە سەیری بکرێ، ئەو کاریگەریە لە هەموو دنیا دەزانن چییە، لە لایەنی موچەوە بگرە، لەلانی دامەزراندن بگرە، لەلانی دەست بەتاڵی بگرە، ئەوانە هەمووی پێی دەڵێن لایەنی ئابووری ، لە کوێوە هاتووە؟ حکومەت چۆن دەتوانێ چارەسەری بکات؟ من دەڵێم حکومەت کلیلی سیحری نییە، تاکو بڵێ دەی ... دەی، بەڵام هەوڵ دەدات ئەو کەمو کوریەی کە لێرە هەیە کەمی بکاتەوە، تاکو کۆچ کردن کەم بێتەوە. ئەگەر ئێمە بگەینە قەناعەت کۆچ کردن خراپە، چونکە من لە هەندێ برادەران و هەندێ بە دوا داچوندا، لەوانەیە هەندێ وای بۆ بچن کە کۆچ کردن شتێکی باشە، یان دەڵێن کۆچ کردن با هەبێ با ئاسان کاری بۆ بکرێ، ئەوەش ئەگەر لایەنە ئابووریەکەی لێک بدەیەوە لێکدانەوەیەکی تری دەوێ، لە راپۆرتەکەدا ئەوەشی تێدا نییە کە گوترابێ کۆچ کردن کارێکی باشە یان خراپە، دژی بوەستین یان پشتیوانی بکەین و بواری زیاتری بۆ برەخسێنین، با ئەوانەی بە ناشەرعی دەچن بە شەرعی بچن ئایا ئەوانە کێن و لە چ توێژێکن؟ ئەوانەی کە بە قاچاغی دەچن لە چ توێژێکن ئەوەی بە ئازادی دەچن لە چ توێژێکن؟ ئەوانی کە بە ئازادی دەچن وەکو کاک شەوکەت گوتی ئەوانە باری داراییان باشە، فەقیر و هەژارەکە ئەو کەسەیە کە هیچی نییە ئەوە بە قاچاغی کۆچ دەکات و توشی هەزار گرفت دەبێ، بۆ ؟ ئایا مرۆڤ حەز دەکات توشی ئەو هەموو دەردەسەریە بێت لە دەریای ئیجە و دەریاکانی تر بخنکێت؟ من باوەڕ ناکەم، بەڵام پاڵنەرێک هەیە کە کۆچ بکات، ئەوە پێویستە روون بکرێتەوە، پێویستە لیژنەکە روونی بکاتەوە رەوانەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێ ، بە پلەی یەکەم حکومەت بەرپرسە، حکومەت حکومەتە لە هەموو لایەنێکەوە، جا چ لەلایەنی ئابووری یان لەلایەنی استقرار یان لایەنی ئاشتی، ئەو هەوڵ دەدات، خارجی توانای ئەویش هەیە، ئەو ناتوانێ هەموو شتێ بکات،دەوڵەتی هەرێمی هەن ،خەڵکانێکی تر هەن، بەرهەڵستکاران هەن، ئەوانە هەر هەموویان دەست لە کاری حکومەت وەردەدەن، حکومەت هەوڵ دەدات بەڵام حکومەت ئەوە دەکات کە پێی دەکرێ، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم کە راپۆرتەکە زۆر تێر و تەسەلە بەڵام زۆر فراوانە کە خوێنەر لە ناوی بزر دەبێ، نازانێ چی باشە و چی خراپە. چ پێویستە بکرێ، چ پێویستە نەکرێ. چیان دەوێ؟ ئایا دەتانەوێ کۆچ کردن نەبێ؟ یان دەتانەوێ هەبێ؟ ئەوە کەمە لەناوی، حەز دەکەم ئەوە زیاتر دیار بێت وبریاری کۆتایی کە هی پەرلەمانە زیاتر تەماشای ناوەرۆکەکەی بکات، تاکو

بزانین چی پێویستە بکرێ و چۆن چارەسەری ئەو بارە بکرێ، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، شێخ عەدنان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عـەدنان نەقشبـەندی/وەزیری ئەوقـاف:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

سەرەتا سوپاسێکی بێپایان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن و ئەو لیژنەیە، ئەوە بەراستی کارێکی زۆر گەورەیە، بابەتێکە گرنگی خۆی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، برای بەڕێزم کاک فەلەکەدین پێش من کەوت، برایانی لیژنە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە راپۆرتەکە رای خەڵکە،پێم باش بوو ئەگەر رای خۆشیان هەبوایە، لەبەر ئەوەی ئەوان لێرە بەرپرسیاریەکی سیاسی و ویژدانییان لەسەر شانە، ئەوان نوێنەری خەڵکن، بە تاکید ئەوان بە ئەمانەتەوە رای خەڵکەکەیان گواستۆتەوە و بەرچاوی پەرلەمان وجەنابتانیان خستووە، بەڵام پێم خۆش بوو و پێشم باش بوو گەر ئەوان رای خۆشیان دەربڕیبایە بۆ ئەوەی بۆ چونەکانی خەڵک و بۆ چونەکانی ئەوانیش وەکو کەسانێک کە لەژیانی سیاسی خەڵکەکەو هەرێمەکە بەشدارن، زیاتر روون تر دەبوو، بۆ ئەوەی زیاتر قابیلی گفتوگۆ بێت.

دووەم، تێبینیەکم لەسەر قسەکەی کاک عبدالخالق هەیە کە ئاماژەی بەو ٥٠٠ دینارەی ماف پەروەران کرد، لە بەرامبەر فەرمانبەرانی تر، لە راستیدا ئەوە جێی بەراورد نییە، لەبەر ئەوە هەموو کات کە یاسایەک دەر دەچێت دەبێ خەڵک بگەڕێتەوە بۆ رای یاسا دانەرەکە، کاتی خۆی منیش ئەندامی پەرلەمان بووم لەم هۆڵەدا برایانی بەڕێزم لە یادیانە ئەو ٥٠٠ دینارە کە بۆ مافپەروەران داندرا لەبەر ئەوە بوو تاکو ئەوان بە کارێ هەڵدەستن وەکو جەنابی سەرۆک دەفەرموێ (یاسا سەروەرە)و سەربەخۆیی دادوەری دەبێ پارێزراو بێت، وکو دەڵێن(القضاء لاسلطان علیه)تاکو ئەو فەرمانبەرەی لە دادگەری کار دەکات، خوا نەخواستە بیر لە رێگایەکی چەوت نەکات سودی لێ وەرگرێ، بۆیە ئەو ٥٠٠ دینارە بۆ کەسێ دادەندرێ کە دەرچووی یاسایە لەسەر ئەو بنەمایە داندراوە، نەک لەسەر بنەمای افضلیە یان امتیازێک لە فەرمانبەرێک بۆ فەرمانبەرێکی تر، هەمووشمان دەزانین کە یاسای (الخدمە المدنیە) هەیە و لەسەر ئەوە حوکم دەدرێ کە هەر فەرمانبەرێک حەقی خۆی چەندە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک فەرحان فەموو.

**بـەڕێـز فـەرحـان شـەرفـانـی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

کاک شەوکەت باسی دامەزراندنی کرد، بەڵێ زۆر دەرچوو هەن دانەمەزراون بۆ نمونە برازای من

سالی ١٩٧٩چووە بلگاریا چوار سال بەر لە ئێستا گەڕایەوە و بروانامەی ماستەری هێنایەوە، نزیکەی دوو مانگ من خەریک بووم کە دایبمەزرێنم، دامەزران لەگەل ئەوەی بروانامەی ماستەری هەبوو، یاریدەدەرێکی پزیشکی بوو بە بەرپرسی، راتبەکەی ١٩٠ دینار بوو جارێکی تر گەڕایەوە بلگاریا ئێستا لەوێ بەرپرسی بەشە و دکتۆرێکی زۆر ناسراویشە لە وێ. منطقەی من لە ماوەی نزیکەی دوو سالە ٦٠ کەس چوون بۆ هەندەران لەبەر چی پێشی ئێستا نەدەڕۆیشتن، بەمانای کرفتێکی ئابووری یان گرفتێکی تر هەیە،زۆر کەس هەن دەچنە لای وەزیر یان کەسانی تر و دەلێن هیچ گرفت لە گۆڕێ نییە، زۆر گرفت هەیە، بەلام ئەگەر من بۆ بەرژەوەندی خۆم بلێم گرفت نییە ئەوە شتێکی ترە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام گفتوگۆ لە نێوان سەرۆکایەتی میللەتی کورد ودەولەتە ئەوروپییەکاندا هەیە، بە بڕوای من ئەو پەیوەندیە بقۆزرێتەوە و بیرخەرەوەیەک بۆ پەرلەمانەتی ئەوروپی بەرز بکرێتەوە و دوو خالی سەرەکی تێدا دیاری بکرێ، کە دوو ئەگەری سەرەکی هەن بۆ ئەو کۆچە بەکۆمەلە،یەکەمیان سیاسیە و ئەوەی تر ئابووریە،ئەو پەیوەندیە بقۆزرێتەوە تاکو داوا بکرێ بڕیاری ٦٨٨ ببێتە یاسایەکی نێو دەولەتی و بەرگری لێ بکرێ و خەلکانێک پێ ئاسودە بێت و مەترسی لەسەر نەبێت، دووەم ئەگەر ئابلوقەی ئابووری لەسەر عێراق هەستا ئەوە کورد لە بیر نەکرێ و زەرەرمەند نەبێت، ئەوە بۆ نەتەوەیەکگرتوەکان دیاری بکرێ. ئەگەر لیژنەیەکیش پێکبهێندرێ لە ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و کەسانێک لە حزبە کوردستانیەکان لەسەر هەمان راپۆرت لێکۆلینەوەیەک بکرێ تاکو بزانن چ پێشنیار هەیە، وەکو پرۆژەیەک ئەگەر بکرێ لێرە بڕیارێکی پەرلەمانی لەسەر دەرچێ، ئەوەش کە نەکرا و لەدەسەلاتی ئەواندا نەبوو بەلاوە بندرێ،هەروەها رام وایە کە رێکخراوەکانی جەماوەری هەر هەموویان رۆلی خۆیان ببینن هەر یەکەو لەلای خۆیانەوە قەناعەت بەو خەلکە بهێنن، لەبەر ئەوەی ناتواندرێ سنور بۆ دیاردەی کۆچ کردن دابندرێ یان رێگایان لێ بگیرێ، بۆ نمونە ئافرەتان لەلای خۆیانەوە هەول بدەن بۆ کەم کردنەوەی نەختی ژن هێنان تاکو وای لێبێت گەنجەکانمان بتوانن ژن بهێنن، سنورێک دابندرێ،هەروەها هەرکەسەو لەلایەن خۆیانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مأمون فەرموو.

**بەڕێز مەئمون محەمەد نور بریفکانی/ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی ئەو لیژنەیە دەکەین بۆ ئەو هەوڵەی کە داویانە،تەنها یەک دوو تێبینیم هەیە، هیچ لێکۆڵینەوەیەک نییە بەبێ سەرژمێری، ئەوەی د. جرجیس گوتی بەراستی زۆر پێویستە، تاکو بزانین کێن ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە،لەوانەیە ئێمە بیرۆکەیەکی زۆر روونمان نەبێت لەسەر ئەوان، لە چ ئاستێکن ، لە چ توێژێکن؟ زۆر پێویستە لیژنەکە بە سەرژمێری ئەو شتە دیاری بکات. ئەوەی تر راستە لیژنەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ زۆر رێکخراو و توێژدا کردووە، لەهەمان کاتدا ئەوە کافی نییە، چونکە ئەوە تمثیلی زۆرینەی خەڵک ناکات، استفتائێکی میللی شتێکی زۆر پێویستە کە بکرێت من ناڵێم وەکو هەڵبژاردنێک یان استفتائێک لەسەر ئەو ئاستە، لە زۆر وولاتاندا را وەرگرتنی موقعی هەیە هەزار کەس لەو گەرەکە هەزار کەس لەو توێژە، بۆ نمونە لە ئەمەریکا سەرژمێران دەتوانن لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا دیاری بکەن کە کێ دەبێتە سەرۆکی وولات یان بڵێن فلان ئەوەندە رێژەیە دێنێ تاکو ئەو ماوەیە، بە واسطەی فەرمانگەکانی سەرژمێری و راگەیاندن زۆر پێویستە استفتائێکی جەماوەری بۆ ئەو بابەتە گرنگە بکرێ، ئەوەی تر بابەتی لجوئی ئابووریە ئەوەی کەس باسی نەکرد ئیستا لە ئەڵمانیا جەنابت باش دەزانی ساڵانە ئەڵمانەکان رجا لە تورکەکان دەکات دەڵێت وەرن من لجوئی سیاسی دەدەمە ئێوە نفوسی ئەڵمانیتان دەدەمێ بەڵام ئەوان رەتی دەکەنەوە تاکو بتوانن ساڵانە بە ملیارات پارە تحویلی تورکیا بکەن، ئەوان سود لەو کەسانە وەر دەگرن کە لە ئەڵمانیا کار دەکەن، بۆ ئێمە هانی ئەو شتە نەدەین ئێمە پێویستمان بە داهاتە، مصریەکان لێرە بوون ئێمە ئەو کاتە نەمان دەزانی چی تحویل دەکەن، ئەوان بەسەدان دۆلاریان تحویلی دەرەوە دەکرد، ئەگەر کۆی بکەینەوە لەوانەیە مانگانە ٥ ملیار دۆلار بۆ مصر دەچوو، ئێمە هەوڵ بدەین قەناعەت بەو دەوڵەتانە بهێنین تاکو لجوئی ئابووریی بەو هاووڵاتیە کوردانە بدەن وولاتەکەشمان لەوە سوود وەر دەگرێ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا کۆتایی بە گفتوگۆی بابەتەکە دێنین، کورتەیەک دەکەین لەبارەیەوە. لێرەدا سوپاسی هەموو بەڕێزان دەکەین کە نزیکەی دوو سەعات و نیوە دانیشتوون و خەریکی ئەو گفتوگۆیەن بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو بابەتە. لە راستیدا ئەو قسانەی کە کراون ئیشی تێدا کراوە، ئەو رێکخراوانەی کە هاتوون سەر بە حزبێک نەبوون،سەر بە هەموو ئەو حزبانە بوون کە لێرە ئامادە بووبن ئەنجومەنی وەزیرانیش بەشداریەکی تەواوی لەو بابەتە کرد بە هەموو گرانایییەکی هاتن و بەشدارییان لە سیمینارەکاندا کردو پێشنیاریان پێشکەش کرد، لیژنەکە کاکڵی رایەکانی کۆ کردۆتەوە، لەهەمان کاتیشدا رێگاچارەشی دەست نیشان کردووە، رێگاچارەکە من وای دادەنێم کە

رای لیژنەکە بێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر چەندی موفەق بوونیان ئەوەش لەسەر رای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رادەوەستێ لەو بارەیەوە. یەک شتی زۆر روون هەیە لە گفتوگۆکاندا بۆمان دەرکەوتووە و وای بۆ دەچم کە هەمووومان لەسەری کۆکین، ئەم دیاردەیە دوو هۆکاری هەیە یەکێکیان هۆکاری سەرەکییە ئەوەی تر سەرەکی نییە و لاوەکییە، هۆکاری سەرەکییەکەی سیاسیەکەیەتی، دەتوانین بە یەک ووشە بلێین کورد زولم و زۆری لێ دەکرێ و چارەسەری سیاسی بۆ نەدۆزراوەتەوە لەبەر ئەوە ئەو میللەتە را دەکات، ئەوە هۆکارێکی هەرە گرنگە، هۆکاری لاوەکی هۆکاری ئابووری و کۆمەلایەتی و دامەزراندن و هۆکاری نارەزایی و هۆکاری ناخۆشی و چاولێکەری و جۆرەها هۆکاری تر، کە ئەمە لە راپۆرتێکدا نووسرایەوە سەیر دەکەین لە راپۆرتێکی دوور ودرێژ هۆکارە سەرەکییەکان وون دەبن لە ناو هۆکارە لاوەکییەکاندا، لەبەر ئەوە هۆکاری سەرەکی دەبێ زۆر بە روونی زۆر بە زەقی دەست نیشان بکرێت،بابەتی پەنابەران ئەوانیش دوو بەشن ئەوەش دەبێ زۆر بە روونی بگوترێ، پەنابەرێک هەیە گەیشتۆتە دەرەوە یان لجوئی وەرگرتووە یان ایقامەی وەرگرتووە یان بووە بە هاوولاتی ئەو وولاتە یان گرفتی هەیە دەیەوێ ببێ بەوە،ئەو شەقڤە دەبێ موقفمان بەرامبەریان روون بێت، لە راستیشدا موقفی حکومەت و لایەنەکان و هەتا پەرلەمانیش روونە، پشتگیری لەو ئاوارانە دەکەین کە لە دەرەوەن، ئێمە دەمانەوێ گرفتیان چارەسەر بکەین دەمانەوێ بە پێی یاسا معامەلەیەکی مرۆیی بکرێن و مافەکانیان دەستەبەر بکرێ و دەشمانەوێ لە هەمان کاتدا وولاتی خۆشیان لە یاد نەچێ و پەیوەندیان بە وولاتی خۆیانەوە هەبێت و خزمەتی وولاتی خۆیان بکەن، ئەوەش دەبێ لە راپۆرتەکە رون بێت، دەمێنیێتەوە ئەوانەی کە لێرەوە ئێستا دەیانەوێ بچن، پێویستە لیژنەکە و پەرلەمان بڕیارێک لە بارەیانەوە بدات، ئایا چاکە ئێمە دەرگا بکەینەوە تاکو خەلک بە لێشاو بچێتە دەرەوە؟ یان ئەگەر پێویستە، بە چ شێوەیەک پێویستە بیکەین تاکو خەلک بچێتە دەرەوە؟ یان ئەگەر چوونە دەرەوە باش نییە چی لە دەست ئێمەیە تاکو وا بکەین کەم بێتەوە، من دەزانم کە هەمووشتان لەو باوەڕەدان، ئەو دیاردەیە بە سانایی کەم نابێتەوە، لەبەر ئەوەی هۆکارە سەرەکیەکانی بەدەست ئێمە نییە، ئەوە توانیت کۆمەلێ خەلک دابمەزرێنی، ئایا ئەوانەی دەچنە دەرەوە هەمووی لەبەر دامەزراندنە؟ ئەوانەی دەچنە دەرەوە هەموو لەبەر ژن هێنانە؟ ئەوانەی دەچنە دەرەوە هەموو لەبەر احتکاری بازرگانییە؟ یان لەبەر کەمی مووچەیە؟ بابەتەکە تەنها ئەوە نییە.هەتا ئەگەر ئەوانەش هەبێ و ئەوانەش چارەسەر بکەین دەبینین خەلک هەر دەچێتە دەرەوە،خەلک پێش راپەڕین وپێش هەلبژاردن و پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت دەچووە دەرەوە، بەلام ئێستا شتێکی بەردەوامە، لەوانەیە ئێستا مەوجەی خۆی وەرگرتبێ، مەودای هەرە گەورەی خۆی وەرگرتبێ، لەوانەیە لە سیمینارەکاندا لە هەمان کاتدا باسی ئەوە کرا بێ، ئەوە هەر کۆچ رەوەکەیە بە شێوەیەکی تر، ئەو کۆچ رەوە سنوورێکی سریعیان بۆ دانا و ناوچەی ئارام داندرا، (نۆ فلا یزۆن) داندرا، ئەو خەلکە گەرایەوە، بەس ترسەکەی هەر لە دلدایە بە شێوازێکی

تر رادەکات، دەبێ ئەو شتانە لە راپۆرتەکە بگوترێ و روون بێت، ئەو راپۆرتە بۆ زانینی شتەکەیە بۆ بڕیار دان نییە، هەندێ بابەت هەیە کە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە، واجبی پەرلەمان نییە لە پشتی حکومەت بڕیار وەرگرێ و بڵێ موچە زیاد بکەن یان زەوی دابەش بکەن نازانم چی بکەن ..........هتد، ئەوە دەبێ حکومەت خۆی دراسەی بکات، دەبێ حکومەت دراسەی بکات بزانێ چی بکات یان چی پێ دەکرێ، جا ئەگەر دەسەڵاتی پەرلەمان بوو ئەوە پێشنیار دەکات و ئەوەشی لە دەسەڵاتی خۆی بوو ئەوە دەیکات، ئەوە اسلوبی بۆچونەکەیە و قەد بەو شێوەیە نەشخراوەتە روو بەو شێوەیەش ناکرێ، یەک خاڵ دەمێنێتەوە کە لەسەر پەرلەمان بیکات، ئەوەی لە راکانیش هاتووە ئەوەیە کە بیرخەرەوەیەک بنووسرێ بۆ پشتگیری باری ئاوارەکانمان لەدەرەوە، یان لەو بابەتەوە بیرخەرەوەیەک بنووسرێ داوای چارەسەری سیاسی کێشەی کوردی ئێدا بکرێ و پشتگیری میللەتی کورد بکرێ، ئەوە شتێکی واردە، وای بۆ دەچم چ حکومەت بێت چ حزبە بەرێزەکان بێت کە لێرە ئامادەن هیچ لاریەکیان لەسەر ئەو بابەتە نابێت ، خاڵێکی تریش هەیە کە زۆر زەرووریە حکومەت لە شوێنی خۆی کاری کردوە پەرلەمان کردویەتی و حزبە کوردستانیەکان کردویانە، هەر یەکەو لە شوێنی خۆی کردوویانە بەڵام بڕیارێکی یەکگرتووی دەوێت، بڕیارێکی دەوێ کە پەرلەمان بیدات، لەم بڕیارە دەڵێ باری ئاوارەکانمان ئەوەیە، گرفتە سەرەکیەکە ئەمەیە، چارەسەریشی بەو شێوەیەیە ئەو کاتە هەموو دەزگاکانی هەرێم بەو بڕیارە مولزەم دەبن، ئەو کاتە پێویست دەکات چ حکومەت بێت یان پەرلەمان یان پارتە سیاسیەکان بێت کاری لەسەر بکەن بە پێی ئەوە رەفتار بکەن و چالاکی بنوێنن تاکو چارەسەری کێشەکە بکەن یان بیخەنە مەودایەکی راستەوە، من وای بۆ دەچم کە بەیەک دانیشتن ناکرێ، ئەو پێشنیارەی کاک شەوکەت لە جێگای خۆیەتی واباشە سەرۆکی حکومەت کە هاتەوە لێرە ئامادەبێت، ئەویش شتێکی زیاد بخاتە سەر ئەو راپۆرتە، ئەنجامەکانی ئەو سەفەرەی ئێستای، هەرچەندە دەتوانێ ئەنجامی سەفەرەکەی لە دانیشتنێکی جیاوازدا پێشکەش بە پەرلەمان بکات بیخاتە روو و باسی بکات،لەهەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری کارەکەی لە دەروەوە بابەتی ئاوارەکان بووە دەتوانێ روناکیەکی تازەش بخاتە سەر بابەتەکە، لەهەمان کاتیشدا،لەبەر ئەوەی پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان تەنها رێگا بەوانە دەدات کە ئەندامی پەرلەمانن لە دانیشتنی پەرلەماندا قسە بکەن یان وەزیری بەرێز قسە بکات ئەو بەرێزانە دەرفەتی ئەوەیان نەبوو قسە بکەن پێمان خۆشە ئەگەر ئەوانیش راپۆرت و شتی تریان هەبێ لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەی کە کران ئاماژەیەک یان راو بۆچوونێکیان هەبوو پێشکەشی پەرلەمانی بکەن زۆر مەمنون دەبین و کارەکەشمان دەوڵەمەن تر دەکەن، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین لیژنەکە لەناو خۆیاندا جارێکی تر دایبرێژنەوە وگرنگ و گرنگتر تێکەڵاو نەکەن، بۆچونەکانیان زۆر روون بێت و چارەسەریەکانیشیان روون بێت، ئەو جارە وا دابرێژرێتەوە کە ئەو دوو لایەنەی تێدا دیار بێ، هەر کاتێکیش ئەوە ئامادە بوو، پێشکەشی حکومەتی هەرێمی دەکەین رای ئەوانیشی تێدا وەردەگرین و بەنووسراو دەیدەین بە پارتە

کوردستانیەکانیش. لە کاتێکی دیاری کراویش بڕیاری گونجاو و کۆتایی لەسەر دەدەین، جارێکی تر سوپاستان دەکەم و دانیشتنەکەتان دەوڵەمەند کرد بەتایبەتی نوێنەران و لێپرسراوانی پارتە کوردستانیەکان، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٦

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٦/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٦/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە چواردە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە چواردە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٦/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـخوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیارکراو بۆ سزادانی ئەوکەسەی کە لە دەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای پێشنیارکراوی هەڵاوێرکردنی (استثناء) ژن لە حوکمەکانی برگە «١»ی ماددەی «٤١» لە یاسای ژمارە «١١١»ی سزاکانی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ژنی تەڵاقدراو.

٤ـ خوندنەوەی یەکەمی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ ڕێکخستنی دیدەنی منداڵ لەلایەن دایک یان باوکیەوە و، لەکارخستنی بڕیاری ژمارە(٢١١) ی ساڵی ١٩٨٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

٥ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیەکی پێشنیازکراو بۆ یاسایەک کە حوکمی برگە(١)ی ماددەی(٣٧٧) لە یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی١٩٩٦مێردی داوێن پیس(زانی)ش بگرێتەوە.

٦ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ لەکارخستنی یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی ١٩٨٠ کە تایبەتە بە مارەبڕینی ژنی دووەم بەبێ ئیزنی دادگا.

٧ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ موستەحەقبوونی منداڵان بە نەفەقە لەو ڕۆژەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە، دانیشتنی ژمارە «١٤»ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەم دەست پێ دەکەین، پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری داد و وەزیری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و وەزیری دارایی دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیار کراو بۆ سزادانی ئەوکەسەی کە لە دەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسای پێشنیار کراوی هەڵاوێرکردنی (استثناء) ژن لە حوکمەکانی بڕگە «١»ی ماددەی «٤١» لە یاسای ژمارە «١١١»ی سزاکانی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ژنی تەڵاقدراو.

٤ـ خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ ڕێکخستنی دیدەنی منداڵ لەلایەن دایک یان باوکیەوە و، لەکارخستنی بڕیاری ژمارە(٢١١) ی ساڵی ١٩٨٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.

٥ـ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەیەکی پێشنیازکراو بۆ یاسایەک کە حوکمی بڕگە(١)ی ماددەی(٣٧٧) لە یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی١٩٩٦مێردی داوێن پیس(زانی)ش بگرێتەوە.

٦ـ خوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ لەکار خستنی یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی ١٩٨٠ کە تایبەتە بە مارەبڕینی ژنی دووەم بەبێ ئیزنی دادگا.

٧ـ خێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ موستەهەقبوونی منداڵان بە نەفەقە لەو ڕۆژەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ.

تکا لەئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموێتە سەر سەرکۆ بۆ پشکەشکردنی پڕۆژەکە.

**بەڕێز حسین عەلی کەمال :**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس

الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

قانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

يعاقب بالسجن مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة او بغرامة لاتقل عن ثلاثة آلاف دينار ولاتزيد على خمسة آلاف دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة وتكون عقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجاً آخر مع قيام الزوجية.

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین، فەرموو پرۆژەی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

أستناداً الى الفقرة(١) من الماده(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢ و بناء على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني قرر المجلس بجلسته المتعقده بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

القانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

تستثنى الزوجة من احكام الفقره(١) من المادة(٤١) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩و تعديلاته.

المادة الثانية:

لايعمل باي نص بتعارض واحكام هذا القرار.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و کۆمەڵایەتی و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان دەکەین، هەروەها پرۆژەی یەکەمیش ئاراستەی لیژنەی مافی ئافرەتان دەکەین، هەر لیژنەیەکیش بۆی هەیە رای خۆی دەربڕێت، فەرمو پرۆژەی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استنادا الى الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة١٩٩٢وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القرار الآتي:

١ـ اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من جراء ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب و حالته المالية ودرجة تعسفه يقدر جمع على ان لاتقل نفقتها على سنتين علاوة على حقوقها الثابتة الاضرار.

٢ـ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٣ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٤ـ ينفذ هذا القراراعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژنوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان دەکەین، پرۆژەی چوارەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

أستناداً الى الفقرة(١) من الماده(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١)

لسنة ١٩٩٢ و بناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقده بتاريخ / / اصدار القرار الاتي:

١ـ يوقف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة رقم(٢١١)لسنة ١٩٨٤.

٢ـ تكون مشاهدة احد الوالدين ولده بمقتضى الحكم الصادر من محكمة الاحوال الشخصية في المحل الذي يتفق عليه الطرفان وان تعذر ذلك يعين بقرار من منفذ العدل في البلدة التي يتعلم فيها الولد مع حاضنته.

٣ـ لايعمل باي نص بتعارض واحكام هذا القرار.

٤ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٥ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەروەها ئەم پرۆژەیە ئاراستەی هەرسێ لیژنەکان ئەکەین، لیژنەی یاسایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان،پرۆژەی پێنجەم تکایە بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

القانون رقم(      )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالفقرة(٢)من المادة(٣٧٧) من قانون العقوبات رقم(١١١)لسنة ١٩٦٩المعدل.

المادة الثانية:

يكون الزوج الزاني ومن زنا بها مشمولين بالعقوبة الواردة في الفقرة(١)من المادة(٣٧٧)من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژنوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی وکاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان ئەکەین، تکایە پرۆژەی شەشەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استنادا الى الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني رقم (١)لسنة١٩٩٢وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ

/ /    تشريع القانون الآتي:

القانون رقم(      )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

ايقاف العمل بالقانون رقم (١٨٩)لسنة١٩٨٠الخاص بجوازالزواج من الثانية دون اذن من المحكمةاذا كانت ارملة.

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القراراعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژنوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی شەشەمیش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆلایەتی و تەندروستی و پاراستنی مافی ئافرەتان دەکەین،پرۆژەی ژمارە حەوتەم بخوێنەوە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ    / /    تشريع القانون الآتي:

القانون رقم(      )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

تُعتبر نفقة الاولاد ديناً بذمة ابيهم من وقت امتناع الاب عن الانفاق.

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژنوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان ئەکەین، هەروەها هەر(٧) پڕۆژەکە ئاراستەی لیژنەی ئەوقافیش ئەکەین، زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حسێن عەلی کەمال. بەڕێزان بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین کە پێکهاتبوو لە خوێندنەوەی یەکەمی حەوت پڕۆژەی یاسایی، دانیشتنی ئایندەمان سبەینێ کات(١٠)ی سەرلەبەیانی دەبێت،زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٧

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٧

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە پازدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە پازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٧ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری موڵکدارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە بە نایاسایی بەر لە ساڵی ١٩٧٥خانوویان بۆ خۆیان لەسەر زەویوزاری کشتوکاڵی موڵکی سرفی ئەشخاسی تەبیعی، یا لەسەر زەویی موڵکی دەوڵەت دروست کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە(١٥)ی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێکهاتووە :

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری موڵکدارکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە بە نایاسایی بەر لە ساڵی ١٩٧٥خانوویان بۆ خۆیان لەسەر زەویوزاری کشتوکاڵی موڵکی سرفی ئەشخاسی تەبیعی، یا لەسەر زەویی موڵکی دەوڵەت دروست کردووە.

بۆ ئەوەی دەست بەکار بین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرموێت بۆ خوێندنەوەی یەکەم.

**بەڕێز شـــێـــــروان نـاسح حـــيـــــدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆكى ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە، خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای دووەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی دادە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار: / /

قرار

استناداً الى احكام الفقرة (١)من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠١ اصدار القانون الآتي:

قانون رقم ( )لسنة٢٠٠١

قانون التعديل الثاني لقانون وزارة العدل لإقليم كوردستان العراق

رقم ١٢لسنة ١٩٩٢

المادة الأولى:

تعدل المادة الأولى ويضاف اليها ما يلي و يصبح الفقرة (٤)لها:

٤) وكيل الوزارة: وكيل وزارة العدل.

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة و تضاف اليها فقرة ثانية و تقرأ على الوجه الآتي:

١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه اعمالها و تصدر عنه القرارات و التعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الادارية و الفنية ضمن حدود هذا القانون و القوانين النافذة الاخرى و يكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢- وكيل الوزارة: و يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها القانونية و الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على ان يكون حاكماً و يحتفظ بحقوقه و صفته القضائية.

المادة الثالثة:

تعدل المادة الرابعة و تضاف اليها الفقرة التالية و تصبح الفقرة (٢) لها كما تصبح الفقرة (٢) الحالية الفقرة (٣) لها:

٢- مكتب وكيل الوزارة: يتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية في القانون.
المادة الرابعة:
على الورزاء المختصين تنفيذ هذا القانون.
المادة الخامسة:
ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی دەكەین،دێینە سەر خوێندنەوەی خاڵی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة(٣)من المادة الثانية من قانون رقم (١٠) وبناءً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة / /٢٠٠١ قررنا اصدار القرار الآتي:
١- تملك وتسجل كافة الاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً للأشخاص الطبيعية والاراضي المملوكة للدولة والمثقلة بحقوق تصرفية و التي انشأ المواطنون دور سكن عليها بصورة غير قانونية قبل سنة ١٩٧٥باسم البلدية التي تقع فيها تلك الاراضي والمحددة من قبل وزارة البلديات والسياحة والجهات ذات العلاقة ويعوض مالكو الاراضي الزراعية المملوكة ملكاً صرفاً بمبلغ (٧٥) خمسة وسبعين فلساً للمترالمربع الواحد والمملوكة للدولة و المثقلة بحقوق تصرفية بـ (٥٠)خمسين فلساً للمتر المربع الواحد.
٢- يحق للاشخاص الذين انشأوا دوراً على هذه الاراضي بصورة غير قانونية قبل سنة ١٩٧٥ أو الاشخاص الذين آلت اليهم هذه الدور بصورة مشروعة أن يتملكوا هذه الاراضي ببدل

قدره(١) دينار للمتر المربع الواحد.

٣ـ تقوم البلديات بإفراز الاراضي حسب واقع الحال للدور المشيدة.

٤ـ على طالبي التملك تقديم طلباتهم الى البلدية المعينة خلال مدة(٦)ستة اشهر من تاريخ نفاذ هذا القرار متضمناً الأسم الثلاثي لطالب التملك ومهنته ومحل عمله وموقع العقار ومساحته وتاريخ انشاء الابنية ونوعها معززاً بالوثائق والمستمسكات المطلوبة.

٥ـ تحقق البلدية في طلبات التملك المقدمة ضمن المدة القانونية لتنفيذ هذا القرار بواسطة لجان تشكل لهذا الغرض وتكون قرارات اللجنة قابلة للأعتراض امام اللجنة العليا المشكلة في وزارة البلديات والسياحة لهذا الغرض.

٦ـ ترفع البلدية طلبات التملك الاصولية والمتوفرة فيها الشروط اللازمة بموجب هذا القرار الى الوزارة بعد اكمال التدقيق بغية اصدار قرار التمليك.

٧-على الاشخاص طالبي التمليك مراجعة البلدية خلال فترة (٣)ثلاثة اشهر من تاريخ صدور قرار لجان التمليك لغرض تسديد بدلات التمليك وجميع المصاريف المترتبة على ذلك.

٨ـ في حالة عدم تقديم اصحاب الدور طلبات التملك ضمن الفقرة المحددة لنفاذ هذا القرار او عدم المراجعة لتسديد المبالغ المترتبة بذمتهم عن قيمة الاراضي والمصاريف ضمن المدة المحددة تقوم البلدية المعنية ببيع الدار ارضاً و بناءاً وفقاً لأحكام قانون بيع وإيجار اموال الدولة النافذ وتستوفي البلدية من بدل المبيع قيمة الارض والمصاريف المترتبة مع جميع نفقات البيع ويسدد باقي المبلغ عن قيمة المحدثات لاصحابها.

٩ـ تمتنع المحاكم من سماع الدعاوي الناشئة عن تنفيذ هذا القرار.

١٠ـ لوزير البلديات والسياحة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار.

١١ـ لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

١٢ـ على الوزارات المختصة تنفيذ هذا القرار.

١٣ـ يعمل بهذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

د. روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

الاسباب الموجبة

بالنظرلمرور فترة طويلة على عدم ايجاد الحلول المناسبة للاراضي المشيدة عليها سكن بطرق غير قانونية ولغرض تنظيم التصاميم الاساسية للمدن واظهارها بالمظهر الحضاري ولكون مالكي الاراضي او اصحاب الحقوق التصرفية سبق وان قاموا ببيع هذه الاراضي الى المواطنين بطرق غير قانونية واستلم كل منهم بدل المبيع المتفق عليه فيما بينهم في حينه وللحفاظ على حقوق المواطنين شرع هذا القرار.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

زۆر سوپاس، ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و شارەوانی و کشتوکاڵ و دارایی دەکەین. بەڕێزان بەمە کۆتایی بەدانیشتنی ئەمڕۆمان هات کە لەم خاڵانە پێکهاتبوو، دانیشتنی سبەینێمان گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکانی دوێنێ دەکەین کاتژمێر (١٠)ی بەیانی دەست پێ دەکات.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٢٨

خولی یەکەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٦/٢٠٠١

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٦/٢٠٠١ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە شازدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە شازدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٦/٢٠٠١ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیارکراو بۆ سزادانی ئەو کەسەی کە لەدەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

٢ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسای پێشنیار کراوی هەڵاوێرکردنی(استثناء)ژن لە حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددەی(٤١)لە یاسای ژمارە(١١١)ی سزاکانی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

٣ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ژنی تەڵاقدراو.

٤ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ ڕێکخستنی دیدەنی منداڵ لەلایەن دایک یان باوکیەوە.

٥ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەیەکی پێشنیازکراو بۆ یاسایەک کە حوکمی بڕگە(١)ی ماددەی(٣٧٧)لە یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩مێردیش بگرێتەوە.

٦ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ لەکار خستنی یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی ١٩٨٠ کە تایبەتە بە مارەبڕینی ژنی دووەم بەبێ ئیزنی دادگا.

٧ـ خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ موستەهەقبوونی منداڵان بە نەفەقە لەو ڕۆژەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە(١٦)ی خولی

یەکەمی ساڵی(١٠)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەستپێدەکەین. بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە(٧)خاڵ پێکهاتوە:

١- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیارکراو بۆ سزادانی ئەو کەسەی کە لەدەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

٢- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسای پێشنیار کراوی هەڵاوێرکردنی(استثناء)ژن لە حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددەی(٤١)لە یاسای ژمارە(١١١)ی سزاکانی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩.

٣- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ژنی تەڵاقدراو.

٤- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی بڕیاری پێشنیازکراو بۆ ڕێکخستنی دیدەنی منداڵ لەلایەن دایک یان باوکیەوە.

٥- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەیەکی پێشنیازکراو بۆ یاسایەک کە حوکمی بڕگە(١)ی ماددەی(٣٧٧)لە یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩مێردیش بگرێتەوە.

٦- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ لەکار خستنی یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی ١٩٨٠ کە تایبەتە بە مارەبڕینی ژنی دووەم بەبێ ئیزنی دادگا.

٧- خستنەڕوو وگفتوگۆ کردنی یاسایەکی پێشنیازکراو بۆ موستەهەقبوونی منداڵان بە نەفەقە لەو ڕۆژەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ.

بەڕێزان ئەم خاڵانە هەمووی بریتین لە گۆڕانکاری یاسا بەپێی ئەو ڕاو بۆچونانەی کە لە چەندین دانیشتن وپەرلەمانی بەڕێزو چەندین دانیشتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان و لایەنی بەرپرس هەروەها نوێنەرانی حوکمەتی هەرێم کە بەم شێوەیە ئیمرۆ هاتۆتە بەر دەستان بۆ گفتوگۆکردنی کە یەکەم جارە بەشێوەیەکی قوڵ ئەچنە بابەتێکی کۆمەڵایەتیی هەرە گرینگ بەنسبەت وڵاتەکەمانەوە کە ئەویش ئاسان کردن و بەرەوپێشەوەبردنی باری ئافرەتانی کوردستانە لە ناحیەی یاساییەوە کە ئیمرۆ ڕەچاو دەکرێن و لە هەندێ خاڵیاندا لە چاکەی ئافرەتان نییەو ماوەی ساڵێک زیاترە کە ئەم ڕاستیانە گەڵاڵە کراون و خراونەتە ڕوو و گفتوگۆی لەسەر کراوە تا گەیشتووەتە ئەم ڕۆژەی کە ئاخر قۆناغیەتی کە ببێت بەیاساو گۆڕانکاری لەو یاسایانە بکرێ، بۆیە ئەم دانیشتنەی ئەمڕۆمان گرینگیەکی تایبەتی هەیە هیوادارم بەئەوپەڕی هەست پێکردن و بەرپرسیاریەوە و بە گیانێکی دیکراتی گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتانە بکرێ بە تێروتەسەلی وبڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت جابۆ ئەوەی دەست بەکاربین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی ئەکەم بفەرموێ بێتە ئێرە هەروەها بەڕێزان کاکەڕەش نقشبەندی و مامۆستا مەلامحەمەد تاهیر ئەوانیش با بفەرمون بێنە ئێرە. پێش ئەوەی دەست بەکاریش بین بەخێر هاتنێکی گەرمی بەڕێزان وەزیری دادو وەزیری ئەوقاف و وەزیری تەندروستی و وەزیری دارایی ئەکەم بەخێربێن سەر چاو، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری پرۆژەی یەکەم تکایە فەرموو.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بڕگە یەکی بەرنامەی کاری ئەمڕۆتان بۆ دەخوێنمەوە کە خوێندنەوەی یەکەمی یاسایەکی پێشنیار کراوە بۆ سزادانی ئەو کەسەی کە لەدەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خوێندنەوەی یەکەم نییە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

بەڵێ خوێندنەوەی دووەمە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

قانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

يعاقب بالسجن مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة او بغرامة لاتقل عن ثلاثة آلاف دينار ولاتزيد على خمسة آلاف دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة وتكون عقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجاً آخر مع قيام الزوجية.

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

المادة الرابعة:
ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین.استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) کاک شێروان قانون رقم(١)ه(٢)نییه ،هەندێ شتی تری تیایه دوایی لە گفتوگۆیەکە بەدیار ئەکەوێت،تکایە ئێستا ماددەی یەکەم بخوێنەوە بۆ ئەوەی مادده مادده گفتوگۆی بکەین.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**
المادة الاولى:
يعاقب بالسجن مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة او بغرامة لاتقل عن ثلاثة آلاف دينار ولاتزيد على خمسة آلاف دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة وتكون عقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجاً آخر مع قيام الزوجية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکە ڕەش نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە وەک لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە چونکە تەنیا ماددەکە وەک خۆیەتی لە قانونی کاروباری کەسایەتی تەنها هەندێ عقوبەکە زیادکراوە پارەکە زیادکراوە(١٥٠-٣٠٠)دینار بووەتە (٣٠٠٠)و تەوازنێک لە نێوان پارەکە دانراوە. (٣٠٠)ی پێشان لەوانەیە بەرامبەر(١٠٠٠)دۆلار بوو ئێستا بەرامبەر دوو وەرەقە دۆلار ناکات بۆیە لەسەر ئەم ئەساسەیە پارەکە زیادکراوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە خێزان بکات. چەند شتێک هەیە دەکرێ بەراستی ئینسان ئاگادار نابێت منداڵی بچوک مارە دەکرێ ئەگەر سەردانی مەحکەمە بکرێ شتی وا نابێت قازی ڕێ نادات یان پیاوی پیر کچی منداڵیان لێ مارە دەکەن ئەم شێوانە لەوانەیە ئەگەر ئیزن لە مەحکەمە وەربگیرێت بچنە مەحکەمە ئەم جۆرە حاڵەتانە ڕونەدات لەبەر ئەوە ئێمە وەک لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز شـــــێــــــروان حـــــەیدەری:**

یاسایەکی پێشنیار کراوە بۆ سزادانی ئەو کەسەی کە لەدەرەوەی دادگا مارە دەبڕێ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

خوێندنەوەی یەکەم نییە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین.

**بەڕێز شـــــێــــــروان حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە موضوعی حەپسەکە دەست کاریمان نەکردوە ئەوەی دەست کاریمان کردوە موضوعی غرامەکەیە، حەدی ئەدنای بەگوێرەی قانونی پێشتر(٣٠٠)دینارەو حەدی ئەعلای(١٠٠٠)دینارە ئەوەی ئێستا پێشنیارە حەدی ئەدنای(٣٠٠٠)دینارەو حەدی ئەعلای(٥٠٠٠)دینارە.زۆر سوپاس

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

لیژنەی دارایی هیچ ڕەئی هەیە؟.

**بەڕێز جـــــەمــــیل عـــــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

هەر ئەساسی دائیمەن مفروضە قەوانینی ئێمە تەشدیدتر نەبێت لەهی حوکمەتی مەرکەزی، هی بەغداد خۆی(٦)مانگی تیایە لە سالێکیش زیاتر نییە. ئێمە زۆر جار دەڵێین قەوانینی بەغداد زۆر تەعەسوف بووە زەواج لە دەرەوەی مەحکەمە لەلای مەلا شتێکی شەرعیە، لە میصر بۆ خۆی مەلای شەرعی هەیە، لە ئێران هەیە حەتا لە ئەوروپاش لە کەنیسە مارە دەکات پاش مانگێک یان دوو مانگ ئینجا دەچێتە بەلەدیە یان مەحکەمە،لەبەر ئەوە من دەڵێم حەپس هەر نەمێنێت یەعنی ئێمە دەبێ قانونەکەمان چاکتربێت جا لە جێگای فەقەرەی یەکەم گەنجێ حەپس بکەی ئیتر کارنەکاتن و کچێکی هێناوە هەرلەماڵ بمێنێتن دەبێت ئێمە لەگەڵ ئەوە بین ئیش بکاتن نەک ئێمە خەڵک حەپس بکەین،پارەکەش زۆرە(٣٠٠٠)دینار ئێمە لەگەڵ ئاسانکردنی زەواجین(٣٠٠٠)دینار غەرامەی دەکەی تا(٥٠٠٠)دینار مەبلەغێکی زۆر زۆرە،لەبەر ئەوە فەقەرەی یەکەم ڕەئیمان وایە تەنیا غرامە بێت کەمتر نەبێت لە(٣٠٠)دینارو زیاتر نەبێت لە(١٠٠٠)دینار،فەقەرەی دووەم کابرایەک ژنی هەیە ئەمڕۆ ژنێکی تر دەهێنێ سەرپێچی قانون دەکات ئەوە ئێمە لەگەڵێنە چۆن نوسراوە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام حاڵەتی یەکەم کە گەنجەو هیچ ژنی نییە شتێکی زۆر ئاساییە مارەی دەکات لەلای مەلاو دوای گواستنەوەی بە(١٠)ڕۆژ دەچێتە مەحکەمە،خۆم ڕۆژی٢/٧ژنم هێنا لە وەختی خۆی بۆ ڕۆژی١٢/٧ئینجا چومە مەحکەمەی،چونکە عادات و تەقالیدی کۆمەڵگەی ئێمەی کورد زۆر خێزان ڕێ نادەن کچەکە لەگەڵ دەستگیرانەکەی بڕواتە مەحکەمەو ئەم لاو ئەولا،لە عورفی ئێمە زۆر ئاسایە مەلا مارە بکاتن پاش(١٠ــ١٥)ڕۆژ ئەو کاتە ئەچێتە مەحکەمە مارە دەکات،لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین

فەقەرەی یەکەم سجنی تێدا نەبێتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دوبارەبوونەوە مەکە کاک جەمیل بەواضحی شتەکە بڵێ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، کەمتر نەبێت لە(٣٠٠)دینارو زیاتر نەبێت لە(١٠٠٠)،بەڵام فەقەرەی دووەم وەکو خۆی بێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە ئەمە ڕەئی لیژنەی داراییە یان ڕەئی جەنابتە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای خۆمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی جەنابتە جا بەناوی لیژنە نەبێت تکایە با چەسپاو بێت ڕەئی شخصیە،زۆر سوپاس.لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو لە ماددەی یەکەم هاتووە ئەو یعاقب بالسجن پێشتر دەبێ بکرێتە یعاقب بالحبس،دوو غەرامەکە زۆرە ئێمە پێشنیاری لیژنەکەمان ئەوەیە لە(١٠٠٠)دینار کەمتر نەبێت و لە(٣٠٠٠)دینار زیاتر نەبێت،ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،لیژنەی ئەوقافیش پێشنیارێکی هەیە فەرموو.

**مەلا محەمەد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پێش ئەوەی لێرە دانیشین لەگەڵ جەنابی وەزیری ئەوقاف و وەزیری داد کۆبونەوەێکمان کرد،وەزیری داد پێشنیاری ئەوەی کرد لەلای ئێمە کە پێشنیاری دەکەین لە قاعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێمان چاکە ڕەئی لیژنەکەمان بدەنێ،وەزیری دادو وەزیری ئەوقاف ئەتوانن بۆخۆیان قسە بکەن.

**مـــەلا مـــحـــسن خـــالد مـــفـــتی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

جا مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو پێشنیارەی کرد ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی ئەوانین بۆ(تأجیل)ی ئەومـاددەیە ئەگـەر ئەوە نەبێت دەربارەی ژن مـارە برین لە دەرەوەی دادگـا لە خـاڵی شـەشـەمی ڕاپۆرتەکە هاتووە،لێژنەکەمان ڕای وایە ئەو سزادانەی کە پێشنیارکراوە لەسنوری شەرع دەردەچێت چونکە قازی لەسەریەتی کە تەئدیب وتەمبیەی ئەو کەسە بکات واتە(تعزیر)ی بکات کەسەر پێچی دەکات،بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەحکامی تعزیری نابێت سنوری بۆ دیاری بکرێت دەنا لەگەڵ سنوری شەرعیا تێکەڵاو دەبن لەگەڵ یەکتریدا،لەگەڵ ئەو سزایەی کە حاکم ئەیدات،دەبێ لەسنوری حەدی شەرعی بەرزتر نەبێت بۆیە ئەم جۆرە سزایە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلاما ناگونجێت، بەرای ئێمە بە پێویستی ئەزانین لەسەرەتاوە چارە سەری کێشەی مارە برین لە دادگاکانا بکرێت لەپاشـان تۆڵە بۆ سـەرپێـچکەران دیاری بکرێت،لەگـەڵ ڕێزمـان چونکە بەراسـتی لەناو خـودی دادگاکانا هەندێ قازی هەیە ئیلتزام ئەکەن بە ئادابی شەریعەتی ئیسلامیەوە، مارە برینەکە لەسەر ئەم شێوەیە ئەکەن بەڵام وابزانم زۆربەیان بەم شێوەیە نایکەن کە شەریعتی ئیسلام پێی رازیە لەبەر ئەوە بێ متمانەییەک پەیدا ئەبێت لەناو جەماوەری موسوڵمانی کوردستان،بۆیە خەڵکی لە دەرەوە نیکاح ئەکات زیاتر ئەوە سەبەبێکی فەععالە بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە سەرەتاوە لەناو دادگـاکـانا پێـویسـتـە بکرێت ئینجـا بیر لـەوە بکرێتـەوە کە ئەحکامی تعزیری بۆ دابنرێت،لەگـەڵ ڕێزمان.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ وەڵامی هەیە؟فەرمو.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــەمـــەد نقـــشـــبـــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەبعـەن ئێـمە دەست کاری ماددەکەمان نەکردوە لە ئەساسەوە چونکە ماددەکە لە ئەساسەوە وەکو کاک شێروان عەرزی کردن(٣٠٠)دینار هاتبوو(١٠٠٠)دینار هاتیە تەنیا تەشدیدی عقوبەکەمان کردوە لەبەر چەند حالەتێک یەعنی ئەو حالەتانەی کە باسمان کرد زۆر هەیە مەسائلی سەیر لە خاریجی مەحاکم دەبیت بۆ نمونە لە مەحکەمە تۆماری نەکردوە دێتن داوا دەکات منداڵەکانی تۆمار بکاتن توشی گیروگرفت دەبێت منداڵی تۆمار ناکرێت هیچ منداڵی لە مەکتەبێ وەرناگیرێ لەبەر ئەوەی عەقد زەواجی تۆمار نییە ئەگەر لەسەرەتا تۆمار کرابێت منداڵەکان ئیعتیادی دەچن دەفتەر نفوسەکە دەر دەهێنن،دووەم لێرە هەر کۆمەڵگایەک هەتا ئیسلامیش زۆر لەهەموو کۆمەڵگایەک ڕێک تر بووە، یەعنی ئەگەر نزامێک دابنێ بۆ ڕێکخستنی مەشاکل و شتی وا من باوەڕ ناکەم زۆر دەردەچین لەو مەسائلانەی نابێت بڵێین کە لەشەرع دەردەچین، چونکە مهم ئەوەیە ئێمە

شتێکی وابکەین حقوقی خەڵکەکە پارێزراو بێت، حقوقی ئافرەت و پیاو پارێزراو بێت، ئەگەر ئەوە چەسپاو بێت حقوقی هەموو لایەک پارێزراو دەبێت،زۆر جار حوادس لە مەحکەمەی ئەحوالی شەخصی دەبیٚ بە دەیان شاهید دێن توشی مەشاکل دەبن مارەیی پاشەکی ئەوەندەیەو ئەوەندەنییە دەبێتە موشکلە،بەڵام ئەگەر موستەمسەکێک لە مەحکەمەی ئیبراز بکرێ ئەو موستەمسەکە هی هەردوو لایە کەس ناتوانێ قسان بکات. حالات هەیە برادەران. زۆر جار لە دێهات رویداوە دەبینی ئافرەتێک پەراگەندە بووە کەس نازانێ چییەو رووی داوە زۆر جار لە دەشتێ ئەو ئافرەتە مێردی بە کابرایەک کردوە پاش چەند ساڵێک کابراکە دێت دەڵێ ئەمە ژنی منە نەیتوانیوە ئیسپاتی بکات چونکە ئەگەر وەرەقەیەکی لە گیرفان بوایە ئیمکان هەبوو ئەم حاڵەتەی دووەم رونەدا وە ئەم نیکاحە بەتاڵ نەدەبوو، جا لەبەر ئەوەی مەنع نەکرایە عەقد نەکرێ مەنع نەکرایە کەنابێ مارەیی بکرێ لەبەر ئەوە کرایە رعایە بکرێ،منداڵێک لەسەر لانکی مارە دەکرێ لە دەرەوەی مەحکەمە ارجح الاراء ئەوەیە بەپێی مەزهەبی ئیمامی شافعی ئەگەر ئەوە گەورە بێت پێی ناکرێت خۆی تەلاق بدات بەئیعتباری مزەوجەیە بە رەئی وەلی،تەبعەن دێن دەبێتە گیروگرفت. کابرایەکی گەورەی تەمەن(٧٠)ساڵی کچێکی منداڵی تەمەن(١٦ـ١٧)ساڵی لێ مارە کراوە ئەگەر بچێتە دادگا ئەوا مەحکەمە ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەردەگرێ لەوانەیە ئەم عەقدە نەکات چونکە تەکافوء لە نێوانیاندا نییە لە ئیسلامەتی فەرزە تەکافوء هەبێت لەبەینی ژن و مێرد،لەم حاڵەتە بەرەئی ئێمە بچێتە مەحکەمە زەرەری نییە ئەگەر عەقدەکەی خۆی بکات لەدەرەوە نەیکات،نەمان گوتییە نەیکات و مەمنوعە بابچێ لە دادگا بیکات و مەحکەمە هەیەو مەحاکم هەیە. ئیمکان هەیە وەزارەتی عەدل زیاتر لە مەحکەمەیەک دروست بکات ئەگەر مەسئەلەکە سعوبەتی تێدایە بۆ خەڵکەکە، با دوو مەحکەمەی ئەحوال شخصی سێ هەبێت لەوانەیە دوو هەبێت ئێستا با(٣ـ٤)هەبێت هیچ موشکیلە نییە بەڵام زامنێکە بۆ حقوقی هەموو لایەک ئەگەر ئەو عەقدە لە مەحکەمە تۆمار بکرێت،تەنیا عقوبەکە بۆ ئەوەیە کە خەڵک هان بدەین بچێ، یەعنی بیر لەوە نەکراوەتەوە حاشا ئێمە موخالەفەی شەرع بکەین قەد نایکەین بەس بچێتە مەحکەمەو عەقدەکەی خۆی لەوێ تۆمار بکات تەنیا هەر ئەوەیە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی عەلی عەبدلکریم/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە مەبەست لە پێشنیار کردنی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەیە کە رێگا لە هاولاتیان بگیرێت، لە دەرەوەی دادگا عەقدی نیکاح نەکەن،بەڵام ئەوەی من لەنزیکەوە ئاگادارم لە دادگای باری کەسی زۆر لەم کێشانەی کە دروست دەبێت واناژانم بە تەشدید کردنی عقوبەکە ئەو کێشەیە چارەسەر

بێ،چونکە دیارە کە هەموومان ئەزانین هۆشیاری ئاینی و یاسایی و کۆمەڵایەتی لە هەرێما هێشتا لە ئاستێکی پێویستدا نییە، دوای ئەوەش لە هەموو شارو شارۆچکەکانیش دادگاو قازی لێوە نزیک نییە،لەبەر گەلێ هۆی تریش ڕەنگە لای جەنابتان شاراوە نییە کە هاوڵاتیان فریای ئەوە ناکەون لەکاتی خۆیدا یان فکری ئەوە ناکەنەوە کەلە دەرەوەی دادگا عەقدی نیکاح دەکەن،بەرای من ئەگەر پەلە نەکرێت لە قەراردانی ئەم پرۆژەیە ئەگەر بۆ نمونە دوا بخرێت بۆ ماوەیەکی تر بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تر صیاغە بکرێتەوە سود لەنیزامی مەئزونی شەرعیش وەربگیرێت بۆ تەواو کردنی کاری دادگا ئەو کاتە هەم لەلایەکەوە ئەم موبەڕیرە نامێنێ کە خەڵکی موخالەفەی نزام بکەن لەدەرەوەی دادگا عەقدی نیکاح بکەن لە هەمان کاتیشدا هەڵێکیش ئەرەخسێ بۆ ئەوەی ئەم سەرپێچیە نەکەن. لەبەر ئەوە بەرای من ئەگەر صیاغە بکرێتەوە بەشێوەیەکی تر هەرچەندە لە هەموو حالەتێکدا وابزانم عقوبەکە بەسجن زیاتر قورس بووە، عقوبەکە تەنها بە مالی بێت باشترە تائەوەی کە عقوبەی سجنی لەگەڵ بێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری داد،لە ڕاستیدا ئەمە قانونێکی تازە نییە، قانون هەیە و سجنەکەش هەیەو دەستکاری نەکراوە، ئەوەی پێشنیارە تەنها زیادەی غەرامەکەیە بۆیە غەرامەکەش زیاد دەکرێ چونکە وەختێ ئەم قانونە دەرچووە(٣٠٠)دیناری ئەو وەختە لەوانەیە بەرامبەری(١٠٠٠٠ــ٢٠٠٠٠)دیناری ئێستا بێت،(٣٠٠ــ١٠٠٠)دینارە، وانییە؟ زەحمەت نەبێ هی ساڵی چەندە؟ یاساکە لە ساڵی ١٩٥٩دەرچوە(٣٠٠)دیناری ساڵی ١٩٥٩بەراوردی بکەن لە گەڵ دیناری ئێستا چەند دەکات؟ عەمەلییەن ئیجرایەکی مالییەو بەس بەڵام یاساکە دەستکاری نەکراوە تەنیا موعادەلەی ئەو مەبلەغەی ئەو وەختەو ئەوەی ئێستا ئەویش بەباشی نەکراوە لەوانەیە لە نیوەش کەمتر دانرابێ یەعنی بۆ رونکردنەوەمە وابزانم کاک فورسەت موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فورسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت و برادەرانی لێژنەی قانونی رونیانکردەوە ئەصڵی مەشروعەکە لەسەر زیادکردنی غرامەکەیە،ئەگەر بێت و قیاسی سعرەکە بکەین بەسعری دیناری حەقیقی ئێستا، ئەوا ئەو زیادەیە زۆر کەمترە لەسیعری پێشتر، واچاکە گفتوگۆمان لەناحیەی نیزامی داخیلی پەرلەمان تەنها لەسەر ئەم خاڵە بێت چونکە هیچ رەئیەک نەهاتیەدان بەنیسبەت پرۆژەی تازە بۆ زیادکردنی عقوبەی جەسەدی بێت، عقوبەکە وەک خۆی ئەمێنێت،ناحیەیەکی تر هەیە هەدەفی سەرەکی شەرع وقانون حمایەو تەنزیمی مەصالحی مەشروعە بابزانین دوو حالەتمان هەیە حالەتێکمان هەیە عەقدی زەواج تۆمار ئەکرێتن لەلای مەلا یان لای پیاوێکی ئاینی بێتە مارەکردن لە جێگای خۆی بمێنێتن،

ئەزانین زۆر حالەت هەیە ئەو عەقدانە تۆمار ناکەن لە مەحکەمە،حالەتی دووەم ئەوەیە تەسجیل بکرێت لە مەحکەمە ئەگەر بێین تەمەشای ئامانجەکانی شەرع و قانون بکەین کامە حالەت زیاتر تەحقیقی ئامانجەکان ئەکات تەسجیل بکرێت لە مەحکەمە یان خارجی مەحکەمە بکرێتن، ئەگەر تەسجیل بکرێت لە مەحکەمە سێ مەصلەحەی مەشروعمان دەبێ مەصلەحەی پیاوو ئافرەت و منداڵەکان،ئێ بەرەئی من لەم حالەتە ئەگەر بێت و تەسجیل بکرێت ئەو بەرژەوەندانە زیاتر دێنە تەنزیم کرن زیاتر دێنە پاراستن،مثالیش لەسەر ئەوە یەکەم ئیسپات کردنی عەقدی زەواج دەعوای پێناوێت چونکە موستەنەدێکی رەسمیمان هەیە هی عەقدی زەواجە مجرد ئیبرازی ئەکات ئیسپاتی ئەوە دەکرێتن نابێت تەعنیش لێبدرێتن تەنها لەحالەتی تەزویر.دوو بەنیسبەت مەهر ئەگەر بێت و عەقدەکە تۆمار نەبێت خارجی مەحکەمە ئافرەت لازمە بێت دەعوایەک بکات ئیسپاتی مەهرەکە بکات دوور نییە لەو حالەتە ئەو شاهێدانە ئەوانەی بوبنە شاهێد لەسەر عەقدی زەواج نەمابن ئەصلەن،یان لەجێگایەکی دووربن و عنوانیان دیار نەبێتن لەو کاتە ئەگەر عەقدی زەواج موسەجەل بێت لەمەحکەمە عەقدی زەواج پێویستی بەوە نییە دەعوای بکات ئیسپاتی مەهرەکەی بکات موجەرەد عەقدی زەواج دەبەیتە دائرەی تەنفیز،تەنفیز دەبێت وەک موستەنەدێکی رەسمی.سێ مەسڵەحەتی منداڵان ئەوەش بۆ ئیسپات کردنی(البنوة)ئاسانترە، ئینسان عەقدی زەواجی هەبێت لەحالەتێکی تر کە ئەصلەن عەقدی زەواجەکە موسەجەل نییە،چونکە لە حالەتی دووەم پێویستە پیاوەکە یان ئافرەتەکە بچێت یەکەم جار ئیثپاتی زەواجەکە بکات پاش ئەوە بێتن ئیسپاتی(البنوة)بکات و ئیسپاتی بنووەش ئیجرائاتی موعەقەدن و زۆر درێژن،لەگەڵ ڕێزو سلاوم بۆتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز د.جەمال عەبدولحمید/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من دوو خاڵم هەیە،یەکەم ئەو خاڵەی کە باس کرا بالسجن أو بالحبس هەیە دوو عیبارەت لێرە هەیە جەماعەتی قانونیەکان لەوانەیە باشتر بزانن،وابزانم سجن مانای وایە پێنج ساڵ زیاترە، ئەگەر ئەوە چاک بکرێت،خاڵی دووەمیش من بەراستی پێم سەیرە یەعنی ئەم قانونە زۆر چاکە بۆ تەنزیم کردنە وەکو جەنابی کاک فورسەت باسی کرد،بۆ زامنکردنی حقوقی ئەم کەسەیە کەبیر لە دوارۆژ ناکاتەوە بیرێکی کورت دەکاتەوە بەس دەیەوێ ئیشەکەی بڕوا بۆ ئەوەی بە سەریعی بێت، بەڵام دوارۆژ هەر زەمانەتە بۆ خۆی و مەسڵەحەتی ئەوی تیایەو تەنزیمەو شتێکی زۆر باشە،بەرەئی منیش ئەو شدەتەی لە قانونەکە هاتووە مەبەست ئەوە نییە زەرەر بەو کەسە بگەیەنێ بەڵکو پاڵ پشتێکە بۆ بەجێ هێنانی، مەبەست لێرە تەنها پاڵپشتە بۆ جێ بەجێکردن

چونکە شتەکە زۆر ئاسانە دەتوانێ بچێتە مەحکەمە،ئێمە موشکیلەمان هەیە چونکە ئەگەر بیکەیە(٣٠٠)دینار زۆر کەس هەیە(٣٠٠)دینارەکە دەدات و قانونەکە بەتاڵ دەبیت،لێرە تەشەدودەکە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پاڵ پشتە بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئیلتزام بەو قانونە بکات تەنفیز بێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی ئەکەین،تکا لەو بەڕێزانە دەکەینەوە کە موداخەلەیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسم چونکە فریای هەموویان ناکەوین، لەم بارەیەوە دیارە موداخەلە زۆرە، هەموویانت نوسیوە؟ ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوەی ناوی نەبوو دەست بەرز بکاتەوە.

ئەو ناوانەی کە لێرە نووسراوە ئەمانەن،مامۆستا مەلا تاهر، بەڕێز وەزیری ئەوقاف، رەجەب شەعبان، زەهراخان ،د. لەتیف، مامۆستا مەلا مەحمود، جەلال خۆشناو، فەوزیەخان، د.ناصح، مامۆستا مەلا تەڵحە، مامۆستا مەلا تەها، کاک عبدالخالق، حاکم سەفەر، شێخ رەقیب، د. رزگار.ئەوانەی ناویان نەنووسراوە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناویان بنووسین. بەڕێز د. ناصح غەفور، سەرۆکی کوتلەی زەرد فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو حەوت پرۆژەیەی کە جەنابتان خوێندتانەوە و لیژنەی یاسایش دەستی بە خوێندنەوەی پرۆژەی یەکەم کرد و خرایە باری گفتوگۆوە، لە راستیدا ئێمە وەکو فراکسیونی پارتی لە پەرلەمان کۆبوونەوەیەکمان کرد، بەشێ لە گفتوگۆی کۆبوونەوەکە لەسەر ئەم حەوت پرۆژەیە بوو کەوا ئەمرۆ گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.ئەو پرۆژانەی کە ئەمرۆ ئێمە گفتوگۆی دەکەین و دوا بڕیاری لەسەر دەدەین، یاساکانی باری کەسی هەمووی نییە، چەند برگەو ماددەیەکە کە بە پێویست زاندراوە یان تجمید بکرێن یان رابگیرێن یان هەموار بکرێن، ئەوەش کە خراوەتە روو بۆ بەرگری کردنە لە مافە سروشتیەکانی ئافرەتانی کوردستان، کە دایک و خوشک و خێزان و کچەکانمان دەگرێتەوە، ئەوانیش لە راستیدا نەک نیوەی کۆمەڵی کوردستانن بەڵکو ئەمرۆ زۆرینەی زۆری کۆمەڵگەی کوردستان دەگرێتەوە، ئەوەی باسیش کراوە ئێمە پێمان وایە و لە فراکسیونیش رامان ئەوە بووە، ئەمە نەک دژی شەریعەتی ئیسلام نییە بگرە بۆ بەرگری کردنە لە شەریعەتی ئیسلام و لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواریشدا دەگونجێ نەک پێچەوانەی ئەو داب و نەریتە بێت ،بۆیە ئێمە وەکو فراکسیونی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری پرۆژەکە دەکەین و لەگەڵ ئەو بۆچونانەین کە بەڕێز کاکە کارەش و جەنابی سکرتێری پەرلەمان نیشانیان دا هەروەها لەگەڵ ئەو بۆچونەشین کە جەنابی وەزیری تەندروستی نیشانی دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەدنان نەقشبەندی/ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەیانی من و جەنابی وەزیری داد کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف کرد، ئەو کێشانەی لەو پرۆژانە چارەسەر کراون کێشەکان فرە لایەنن، بۆیە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامیش پەیوەندیدارە بە کێشەکە و ئاگاداری کێشەکەیە، پاش گفتوگۆیەکی زۆر من پشتگیری پێشنیارەکەی جەنابی وەزیری داد دەکەم بۆ دوا خستنی گفتوگۆیەکە، لەبەر ئەوەی کێشەیەکی هەمە لایەنەیە و تاکیدی بۆچونەکەی ئێمەش ئەوەیە کە ئەو سزایەی جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد لە یاساکەدا هەر هەیە ولەگەڵ ئەوەش ئەو سەرپێچیانە هەر بەردەوامە. لە هەموو یاساکاندا لەبارودۆخی حکومەتی عێراقدا یاسای باری کەسی لە هەموو یاساکان زیاتر باری سیاسی کاریگەری لەسەر هەبووە چ لە لایەنی کۆمەڵایەتی و چ لە لایەنی تشریعیەوە، تفصیلاتی زۆرە لەوانەیە کاتی ئەوە نەبێ کە کاتی جەنابتان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەوە بکوژم، ئێمە بە اجماع لیژنەی ئەوقاف و لەگەڵ کاک شێروانیش وجەنابی وەزیری داد و منیش رامان وابوو ئەو کێشەیە دراسەت بکرێ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەموارکردنی تر دروست ببێ تاکو ئێمە هەموو رۆژێ هەموارکردن نەکەین، کێشەکەش پێویست بەوە دەکات زیاتر دراسەت بکرێ بۆ ئەوەی شتێکی تەواو ورێک و پێک دروست بێت تاکو بتوانین یارمەتی خەڵک و دادگاش بدەین، جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسێکی گەرم ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمان بکەم چونکە گرنگیەکی زۆر بە کێشەی ئافرەتان دەدەن کە جێگای خۆیەتی ئەو دایک و خوشکانەی ئێمە کە نیوەی کۆمەڵی ئێمەن ،لە کێشەی کوردیشدا ئافرەتان هەڵوێستی سەربەرزانەی خۆیان هەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە دواخستنی گفتوگۆی ئەو بابەتە، پێویست وابوو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کە لیژنەیەکی پەرلەمانیە، لەلایەنی اصولی و پێڕەوی ناوخۆ بە داوایەک پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی بکردابا، پێش ئەوەی بکرێ بە بڕیار لەگەڵ دوو برای وەزیردا اتفاقیان لەسەر بکردبا، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە لە دەسەڵاتی ئێمەیە بۆیە پێویست بوو وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی ئاراستەی ئێمە بکرابا، ئەوە خاڵێک، خاڵی دووەم، وەکو ئەوەی باسم کرد دیارە شتەکە تێکەڵ کراوە، شتەکە گەورە کراوە بێ ئەوەی هیچ پێویستیەک هەبێ بۆ ئەو گەورە کردنە، یاساکەیە هەیە، سزای بەندکردنە هەیە، هیچی دەستکاری نەکراوە، غرامەیە هەیە، پێشنیار کراوە زیاد بکرێ، زۆر بە سانایی دەبڕێتەوە، گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بابەتە بەتحدید

بکرێ، ئایا پێویست دەکرێ زیاد بکرێ یان نا ئەوە بۆ پەرلەمان دەمێنێتەوە،بابەتەکە لەوە زیاتر نییە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات دوا بخرێ،ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی، ئەوە هەر رای من نییە بە تەنها، ئەوە رای سکرتێری پەرلەمانیشە، قسەمان تێدا کردوە کە ئەو خاڵانە هیچی دوا ناخەین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، لەبەر ئەوەی ماوەی ساڵێک زیاترە کاری تێدا دەکەین و دراسە دەکرێ و گفتوگۆی لەسەر ئەکرێ، چەند دانیشتنێکی پەرلەمانی لەسەر کراوە و چەند بڕیارێکیش لەو بابەتە وەرگیراوە کە پەلەی تێدا بکرێ، کە گەیشتۆتە رادەی ئەوەی کە بکرێ بە بڕیار و زیاتر درێژەی پێ نەدرێ، بوارێکی زۆریش هەبووە کە خاڵ بەخاڵ وەزارەتەکان و هەرکەسێ کە ئەو بابەتەی بە هەند زانیبێ رای خۆی لەسەر بدات، لەراستیدا ئەو دەستکاریانەی کە ئامادە کراون کە تا رادەیەکی زۆر اجماعی لەسەر هەبووە، اجماعی ئەو بەڕێزانەی کە لە کۆڕ و سیمینارەکاندا ئامادە بوون و سەرجەم ئەو ڕێکخراوانەی کە ئامادە بوون و تا رادەیەکیش اجماعی لێژنەکانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشی لەگەڵ بووە، بەکورتی بابەتێکی وا کەم کراوەتەوە، لە جیاتی بچینە بابەتی گران کە پێویستیان بە کاتی تر هەیە، ئێمە ئەو بابەتەمان هەمووی دوا خستووە، ئەو بابەتانە کە دوامان خستون وانیە کە دەستمان لێ شوشتبێ، ئەوانەش کاتی تەواوی دەدەینێ گفتوگۆی زۆریشی دەکەین ودراسەشی دەکەین و، بە ئومێدی خوا جارێکی تردێنە بەر دەمی پەرلەمان ، هەرکاتێکیش لە ناو گفتوگۆدا بۆمان دەرکەوت کە گفتوگۆکە بە بارێکی باشدا ناروات و رێرەوەکە وا نییە کە خزمەتی کێشەکە بکات، ئەو کاتە بیر کردنەوە لە بابەتی دواخستن هەر واردە بۆ ئاگاداریتان،سوپاس. مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە (٤/٧ )وە تاکو ئێستا ئەو دانیشتنانەی لە بارەی ئەو پرۆژانەوە کراون من تێیاندا بەشدار بووم، من هەموو کات گوتوومە ئەو شتانە کە داوایان کردوە هیچی لە چوارچێوەی فقهی ئیسلامی دەرنەچووە، هەمووی لە چوارچێوەی فقهی ئیسلامیدا جێگای دەبێتەوە، هەندێکیان دەکەین بە دوو بەشەوە، بەشێکی لایەنی رێکخستنی گرێبەست و لایەنی خێزان و بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان ژن و پیاو لە خێزاندا ، سەبارەت بەو بڕیارە ئێمە وەکو پەرلەمان دامان نەناوە، پێشتریش هەبووە، بەڵام بۆ دەوڵەمەند کردنی وباش کردنی، ئەوە لە رووی شەرعەوە نەهاتووە، واتا حوکمەکە حوکمێکی شەرعی نییە.تاکو پرسیار لەلایەنی شەرعەوە بکرێ، کاتی خۆی کە دارێژراوە، باسی ئەوە ناکەم کە چۆن دارێژراوە، تەنها ئەوە نەبێ سوک بکرێ یان قورس بکرێ ئەوە شتێکی زۆر سروشتیە، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو شەرع نەمان هێناوە،هیچ لاریش لەوەدا نییە کە هەر شتێ بۆ بەرژەوەندی ئەو میللەتە بکرێ چاکە،هەموومان ئەو بەرژەوەندیە باش دەزانین، من دووبارەشی دەکەمەوە من لێرە نوێنەرایەتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی ناکەم وەکو تاکە کەس قسە دەکەم هەر کەسەو رای خۆی لای خۆیەتی، من تمثیلی خۆم ئەکەم و قسەش بێ بەڵگە

ناکەم و قسەش بە هەوەس ناکەم، ئەوەی کە من دەیڵێم هەرهەموو بەڵگەی شەریعیم هەیە، ئەوەش کە باسی ڕێکخستنی خێزانە ئەوە دەمێنێتەوە بۆ پەرلەمان، وەکو جەنابیشتان باستان کرد ئەوە یاساکە هەیە، جا سوکی دەکەن یان قورس بۆ ئەنجومەنی بەڕێز دەگەڕێتەوە،لەگەڵ ئەوەشدا سەبارەت بەو بابەتە من رای خۆم هەیە ئەگەر مۆڵەتم بدەن بیخەمە روو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مافێکی ڕەوای خۆتانە، ئێوەش ئەندامی پەرلەمانن، فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە گرێبەندی تاکە ژن لە دەرەوەی دادگا زۆر پێ لەسەر سزاکەی دانەگیرێ، بەڵکو ئەگەر سوک نەکرێ ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە چۆنە وەکخۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی هەردوو لایە پیاویش ئافرەتیش، کاروانی خێزانسازی لەکوردستان بەڕێوەیە، بە تایبەتی لە لادێکاندا،ماددە(١١)ی یاسای باری کەسی ئەو مافەی داوە کە بریاردانی ژن هێنان لە ناوەوەی دادگا بێ، ئێمە دەنگ هەڵبرینمان لەسەر ئەوەیە چونکە قەیرە کچمان هەیە یان پیاوی بێ ژنمان هەیە، ئەگەر ئێمە ئەو دەرگایەشمان تەسک کردەوە من پێم وایە لە کۆمەڵگای کوردەواری لە بەرژەوەندی نەژن و نە لەبەرژەوەندی پیاودایە،بەلام گرێبەندی لە یەک ژن زیاتر لە دەرەوەی دادگا ئەگەر سزاکەی وابێ پێی لەبەر هەڵکێشرێتەوە باشترە لەبەر ئەوەی زۆر جار دەبێتە هۆی نا رەوایی، لەبەر ئەوە خوای گەورە دەفەرموێ ( وان خفتم ان لا تعدلوا فواحدةً) ئەوە دەقی قورئانەو ماددە(٣)ی باری کەسیش ئاماژەیەکی بۆ ئەوە کردوە من پێم وایە ئەو ماددەیە بۆ پتر لە ژنێک بێت ، ئەگەر لیژنەی یاسا ڕێگەم بدەن ماددەکە وا دابڕێژرێتەوە، ئاماژە بکرێ بۆ برگەی (٤) و(٥) ی ماددە (٣)بەو شێوەیە(یعاقب بالحبس لایقل عن ستة اشهر ولاتزید عن سنة او بغرامة لاتقل عن (٣٠٠٠) دینار و لا تزید عن(٥٠٠٠) دینار او بهما كل من اجرى عقدا بزواج باكثر من واحدة مع قيام الزوجية خلافاً لاحكام الفقرتين(٤) و (٥) من المادة (٣) من قانون الاحوال الشخصية رقم(١٨٨) المعدل.) چونکە ئەگەر ئاماژە بە برگە (٤) و (٥)نەکەیت لێرە ماددەیەکی سەربەخۆ دادەنێیت حاکم بە برگە (٦)ی ماددە (٣) حوکم دەکات ، جا بۆ توفیقی نێوان ماددەکە حەق وایە ئاماژە بکرێ بە هەردوو برگەکە، ئەگەر، پێچەوانەی ئەو دوو برگەیە بێت ئەوجا ئەو سزایە بیگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجب شـــــــەعـــــــبـــــــان تـەیب:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەو بڕیارە بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و منداڵانە ، بڕیارێکە لە جێگای خۆیەتی، بەڵام حەق وابوو جیاوازیەک هەبێ لە نێوان ئەوەی کە دەخوازرێت کچ بێت یان بێوەژن، چونکە ئەگەر کچ بێت بە بڕوای من ناکۆکیەکی نییە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و بەتایبەتی لەگەڵ مەزهەبی شافعی، لەبەر ئەوەی دەتوانین بڵێین دادوەر ئەو کاتە دەبێتە بەدیلی ولی ئەمری کچەکە، لەلایەکی تر ئەو کەسەی کە مارەکردنەکە دەکات ئەو بۆ سزا نەدرێت؟ پێویست وایە ئەویش سزا بدرێ، سزایەکیش بۆ ئەو دابندرێ جا هەر کەسێ بێت ماموستای ئاینی بێت، کە لەپشت دادگا ئەو مارە کردنە دەکات، سزایەکیش بۆ ئەو دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زەهرا خان فەرموو.تکایە بە کورت و چڕی قسە بکەن .

**بەڕێز زەهـرا حـــــــــاجـی تـەهـا:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

پێویست بوو رای ئێمە پێش کۆبونەوە وەربگیرا با ، لەوانە بوو ئێمە هەر سێ خوشک قسەمان نەکردبا ،ئەو سزایە وەکو جەنابی وەزیر گوتی ئەوە بۆ ئێمە زوو بوو کاتی نەهاتووە، ئێمە لە دینەکەماندا توعیەمان نییە ، بەڵام زوو نییە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١دایین، پێویستە ئێمەش وەک میللەتی کورد هەنگاو باوێین بەرەو بەرژەوەندی ئافرەتان، یەک لەو زەرەرانەی کە لە دەرەوەی دادگا مارە بڕین دەکرێ، دەمەوێ حاڵەتێک زیاد بکەم لەبەر ئەوەی من ئاگادار بووم تێیدا، ئافرەتێک شوی کرد لە لای مەلا مارەکرا هەر لەلای مەلا جودا بۆوە، پاشتر دەیەوێ جارێکی تر شوو بکاتەوە، کاتێ دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێت دەبینێ ئەو مەلایە یان مردوە یان لەوێ نەماوە، لێرەدا چەند گرفتێک دێتەوە رێگای ئەو ئافرەتە،بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە مارەکردن لە دەرەوەی دادگا نەکرێ تاکو لەو گرفتانە رزگار بین، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێز کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د. لـەتیـف مـــــــەحـــــــمـــــــود بەرزنجی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەراستیدا ئافرەتان هەوڵێکی باشیان داوە و زۆریشیان چاوەڕێ کردوە،لەبەر ئەوەی ئەوە ١٠ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر راپەڕیندا،خۆزگە لە هەموو بوارەکانی تردا ئەو هەنگاوە بندرابا بۆ هەموار کردنی یاساکانی تر، من لەگەڵ ئەو یاسایەدام کە داڕێژراوە، روون کردنەوەیەکم هەیە، یاسای باری

کەسی لەساڵی ١٩٥٩ داندراوە بەڵام کۆمەڵێ هەموارکردنی بەسەر دا هاتووە بۆ ئەو بڕانەی کە دیاری کراوە لەبارەی غرامە لەوانەیە لە ساڵی ١٩٥٩ دانەندرابێ لەوانەیە هەندێ دەستکاری کرابێ ، ئەوە هەر بۆ روون کردنەوەیە ،بەدواداچوونێکیشم لەسەر قسەی جەنابی وەزیری داد هەیە کە باسی ئەوەی کرد کە سزای حەپس کردن لابدرێ و تەنها غرامەکە بمێنێتەوە، یاساکە خۆی باسی ئەوەی کردوە (یعاقب بالحبس بمدە لاتقل عن ستە اشهر ولا تزید عن سنە او بغرامە) ئەو تقدیرەی بۆ قازی هێشتۆتەوە، واتا هەردوو سزاکە نییە قازی دەتوانێ غرامەکە دانێ و دەشتوانێ حەبسەکەی بەسەردا بسەپێنێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم

« ربنا لاتزغ قلوبنا بعد ان هدیتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب» ژیانی میللەت ماڵەکەیەتی ، خێزانیش کەرپوچی دەستپێکە کە لەلایەن میللەتەوە ئاوەدان دەکرێتەوە ،ئەگەر ئەو ژێرخانە کۆک و رێک و پێک بێت، بێگومان ئەو میللەتە سەرکەوتوو دەبێت و بۆ پێش دەچێت، بەپێچەوانەش ئەنجامەکەی عەکسی دەبێت، بێگومان لەهەر کۆمەڵگایەکیش کاتێ سزا دادەندرێ بۆ چاکسازیە نەک بۆ تۆڵەساندنەوە، ئەو سزایانەی کە هەنە با ئێمە بە کەمی ببینین ، بەڵام با کاتێ ئەو سزایە دادەندرێ دوای چارەسەر کردنی رێگا هەڵەکان بێت،خوای گەورە کە دزیی حرام کردوە (السارق و السارقة فاقطعوا ایدیهما )بەڵام دوای چی؟ کاتێ دزەکە هیچ مەهانەیەکی بۆ دزیەکەی نەبێت، ئەوجا ئەگەر دزی کرد با دەستی ببڕدرێ، نەوەکو دزیەکەی لە برسان یان لە ترسان بێت. هەر وەکو جەنابی وەزیری داد ئاماژەی بۆ کرد لە دادگادا مارە بڕینەکە هەندێ لایەنی شەرعی تێدا موجود نییە، نیکاح لە دادگادا نیکاحێکی شەرعی نییە، هەرچەندە ئەگەر دادوەرێک لەسەر شەریعەتی ئیسلام مارەکردنی کرد ئەو جودایە، بەڵام سیستەمی تۆ دەتەوێ، تۆش دەتەوێ ، باشە تەواو و برۆن، ئەو سیستەمە لە شەریعەتی ئیسلامدا نییە، ئێمەش لە کۆمەڵگای خۆمان دەترسێین، ئەگەر تەنها رووەو دادگا بێت ، ئەوە ئەو میللەتە دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورە گەلێ گەنج و لاوی ئێمە بە تایبەتی خەڵکی شارەکان اعتماد دەکەنە سەر دادگا بۆ مارەکردنی ژن هێنان، بۆیە من پشتیوانی پێشنارەکەی جەنابی وەزیری داد دەکەم ، لەراستیشدا ئەوە دەرئەنجامی کۆبوونەوەی ئێمە بوو لەگەڵ جەنابی وەزیری داد و وەزیری ئەوقاف، ئەو ماددەیە ئەگەر دوا بخرێ تاکو زیاتر دراسەت بکرێ، بەراستی ئێمە پێرانەگەیشتین، دوایین کۆبوونەوە کاتێ جەماعەت هاتنە ژوورەوە ئێمە هێشتان تەواو نەبوو بووین، بۆیە ئێمە پێشنیار

دەکەین یان دوا بخرێ، ئەگەر دواش نەخرێ سیستەمێکی تر بەکار بهێندرێ، یان سیستەمی (المأذون بالنكاح) لەهەر ناوچەیەک ماموستایەکی باش ودیار دیاری بکرێ تاکو بەو مارەکردنە هەلّسێ ئەو مستمسکاتانەی کە لە دادگا پێویستن لەو داوا بکرێ و بخرێتە پێش جەنابی قازی، یان لە دادگا گرێبەستی شەرعی بکرێ، ئەگەر نا ئەوە میللەتەکەمان تووشی خراپی دەبێت و تووشی هەلّە و دارمان دەبێت، راستە گەلێ جار هەلّە رووی داوە لە کاتی مارەکردن لە دەرەوەی دادگا، ئێمە لەگەلّ ئەوەین کە ئەوە نەکرێ ، ئێمە لەگەلّ ئەوەین کە رێکبخرێ، و ئاسان کاری و تەناهی بۆ میللەتەکەمان پەیدا بێت ،ئایا چ رەوایە بووکی بەستە زمان دوو رۆژە هاتووە و مێردەکەی سێ مانگ حەپس بکرێ؟ ئەوە چ ماف و حقوقی تێدا مایەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماموستا مەلا تەلّحە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەلّحە قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ئەو ماددەیەوە حەق وایە دوا بخرێ، لەبەر ئەوەی گرفتی زۆر تێدایە هەر بە گۆتە نابێت، لەبەر ئەوەی ئەحکامی شەرعی لەلایەن خواوە سنوری بۆ داندراوە نەوەک ئێمە سنوری بۆ دابنێین، ئەحکامی شەرعی وەکو گوتم لەلایەن خواوە داندراوە کەس بۆی نییە دەستکاری بکات، بەلّام ئەحکامی داندراو ئەوە قازی بۆی هەیە دەستکاری بکات. ئێمە بە شەریعەتی ئیسلام دەدوێین ئەو غرامەیەش بە شەریعەتی ئیسلام زۆرە، حەپسەکەش هەر زۆرە ،کابرایەک بیەوێ لە دادگا ژن مارە بکات ئایا لە قەندیل ئەو کچە چۆن دێتە دادگا؟ یان لەسەر سنورەکان چۆن دێتە دادگا؟ پێویستە لیژنەیەکی بروا پێکراو دابندرێ مستمسکاتی هەبێ بیداتە قازی و هەمان معامەلەی بۆ بکرێ. لەبارەی نکاحیش وەکو ماموستا فەرمووی(فأنكحوا ماطاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع وان خفتم ان لا تعدلوا ...) ئەوە بۆ ایباحەیە، دروستە ، ئەگەر ترسی دادوەریتان هەبوو ئەوە تەنها یەک بێنن، یەکێ دێت دەلّێ من ترسی دادوەریم نییە، مالّم هەیە سامانم هەیە توانام هەیە، پێغەمبەرمان(د.خ) فەرمووی (هذا قِسمي)گوتی ئەوە بەختی منە لە ئافرەتەکاندا ئەوەی تر عایدی خوایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ روون کردنەوە، پەرلەمانی کوردستان دەستکاری شەرع ناکات، پەرلەمان دەستکاری یاسا دەکات،یاسای باری کەسی ، با شتەکە هەلّ نەگەرێتەوە،ئێمە گفتوگۆی برگەیەکی یاسا دەکەین کە هەیە و دادگا کاری پێدەکات، ئێمە بریار بدەین یان نەیدەین ئەوە دادگا کاری پێ دەکات، ئەوە مناقشەی شەرع نییە، با بە ئاقارێکی تردا نەروات، ترکیز بخەنە سەر ئەو یاسایە، ئەو یاسایە هەیە یاساکە سزای تێدایە، سزاکە زۆرە یان کەمە، بەو جۆرە گفتوگۆی بکەن گەر زۆرە بلّێن زۆرە،

گەر کەمە بڵێین کەمە. ئەوە بۆچونێکە لەلانی یاساییەوە لەبەر چاو دەگیرێ، بەڕێز مامۆستا مەلا تەها فەرموو

**بەڕێز مـــەلا تەها مـــحـــەمـــەد تەها:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من حرفیا لەگەڵ وتەی مامۆستا مەلا محمودم بێ کەم و زیاد ،سەیدا چی گوت من لەگەڵ ئەوەم ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرمووی.

**بەڕێز مـــــەلا هـادی کـــــویـخـــــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

نەک سەبارەت بەو بڕگەیە بۆ بڕگەکانی تریش من پێشنیار دەکەم کە پەلەی لێ نەکرێ، هەندێ شتی تێکەڵاو هەیە ئەگەر دوا بخرێ و زیاتر دراسەتی ئەوانی تریش بکرێ، سەبارەت بەو بڕگەیە لەوانەیە زۆری تێدا نەبێت تەنها یاسایەو سزاکەی یان زیاد بکرێ یان کەم، بەڵام یاساکانی تر کە حەفت بڕگەیە دوابخرێ تاکو زیاتر دراسەت بکرێ لەبەر ئەوەی زیاتر جێگای گفتوگۆن، ئەوەیان زۆر گرفتی تێدا نییە، راستە یاساکە هەیە تەنها ئێمە زیاد و کەمی سزاکە بڕیاری لەسەر دەدەین ، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەگەر مجال هەبێ دوا بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــوحـــسن مـــوفـــتی :**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دیارە ئەوەی رای لیژنەی ئەوقافە کە پێشچاومان خستن، جەنابی وەزیری داد پێشنیاری کردو ئێمە پشتگیریمان لێ کرد، ئەگەر پێشتر پێشنیاری خۆمان بوایە ئەوە پێشکەشی جەنابتانمان دەکرد،کە جەنابی وەزیر ئەو پێشنیارەی کرد بەلامانەو پەسەند بوو لەبەر ئەوەی هەندێ کێشەی تێدا هەبوو پێمان باش بوو کە دوا بخرێ بە کۆی لیژنەی ئەوقافیش ئێمە ئەو پێشنیارەمان لا پەسەند بوو، دەربارەی ئەو بڕگانەی کە هاتووە، ئێمە دەڵێین شەریعەتی ئیسلام ، رامان وایە ئێمە ناڵێین یاساکە گۆڕانکاری لە شەریعەتی ئیسلامدا دەکات،ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف تایبەتمەندین بەوەی کە پرسیارێکی شەرعمان لێ بکرێ وەڵام بدەینەوە، لایەنەکانی تری کۆمەلایەتی و سیاسی و یاسایی و دارایی ئەوە ئاراستەی لیژنەکانی تری پەرلەمان دەکرێ، لایەنە شەرعیەکە ئەگەر دەتانەوێ ئەوە لایەنە شەرعیەکەیەتی، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو یاسایەی کە دەخرێتە بەر دەستمان

پێچەوانەی شەرع بێت ئەوە ئێمە مەجبورین بڵێین پێچەوانەی شەرعە،یان ئەو گۆڕانکاریەی کە دەکرێ ئێمە پابەندین بڵێین لەگەڵیان یان لەگەڵیا نین، لەشەریعەتی ئیسلامدا قازیی شەرع بۆی داندراوە کە تەمبێکاری بکات، کاتێ کە تەمبێ کردن بە یاسا دیاری کرا واتا دەبێتە سنوری شەرعی ئەوە بەپێی شەریعەتی ئیسلام من بەپێی یاسا ناڵێم، کە بووە سنوری شەرعی مانای ئەوەیە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەو سنورەی کە لە ئیسلامدا دیاری کراوە، بۆیە ئێمە داوامان کرد و گوتمان ئەو ئەحکامە (تعزیر)یيانە دیاری نەکرێ سنور دار نەکرێن، بۆ قازی بەجێبهێڵدرێ، قازی بەپێی ئەو بەڵگەنامەو مستمسکاتانە ودوای روونکردنەوەی ئەو شتە نادیارانە دیارە دەتوانێ چارەسەری بکات ، ئەوە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە داوای ئەوەمان کرد کە چارەسەری بنچینەی کێشەکە لە دادگاکاندا بکرێ، لە چۆنیەتی دیاری کردنی عەقدی شەرعی ئەگەر چارەسەری ئەصلی ئەو کێشەیە بکرێ، هەر کەسێ لەدەرەوەی دادگا لە پابەند بوونە یاساکان پێچەوانەی یاسا بوو و لە شەریعەتی ئیسلامیش پێچەوانەی حوکمە شەرعیەکان بکات، ئێمەش بە تەواوی مانا لەگەڵتانداین کە تۆڵەی لێ بسەندرێتەوە، بابەتی سزا دانیش، لە راستیدا هەندێ سزا هەیە زۆر توندە، کەسێ ژنێ لەدەرەوەی دادگا بێنێ ٥ساڵ حەپسی کەی ، باشە جیاوازی چیە لەگەڵ کوشتن؟ لەبەر ئەوە دووپاتی ئەوە دەکەینەوە کە هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ئەو بابەتە بێت و زیاتر دراسەی بکرێ، ئەوە بۆ هەموو لایەکمان بە سوودە، نەوەک مەبەست ئەوە بێت کە ئێمە خوا نەخواستە ئێمە لەگەڵ مافی ئافرەتدا نەبین، دڵنیاتان دەکەین لەهەموو بابەتێکدا شەریعەتی ئیسلام لە ملیونێکی ئێمە زیاتر بەرگری لە مافی ئافرەت کردووە، ئەو بەرگریەی کە ئەو دەیکات، تەنها ئێمە نەمان توانیوە بیریشی لێ بکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەداین کە رێکبخرێ و، بیریش لەوە بکرێتەوە لەهەندێ لەو حاڵەتانە ئافرەتێک کە مێردی هەیە چۆن بەرگری لە مافی خۆی دەکات، بیر لە ئافرەتێکیش بکاتەوە کە مێردی نەبێت، ئەگەر کەسی نەبێت ،ئەگەر کاری نەبێت، لەبەر ئەوە ئەو لایەنە (تعزیر)يیانە بە پێی شەریعەتیش جێهێڵدراوە بۆ قازی، قازی هەموو لایەنەکانی لێک دەداتەوە ئینجا ترتیبی دەکات، دەبایە جەنابی وەزیری داراییش بۆ هەموار کردن و زیاد کردنی پارەکان رای وەربگیرابا لەو مەمبلەغانەی کە ئێستا پێشنیار کراوە، وەکو حکومەت، دەبوایە پێشنیاری ئەوە بکرا با ئەوانیش رایان لەو بارەیەوە هەبوایە، ئەوە بە بۆ چونی ئێمەیە رای لیژنە نییە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم بابەتی ئەوەی کە دەڵێین دوا بخرێ بابەتێ نییە کە ئێمە دژی ئەم یاسایە بین، ئێمەش هەوڵ دەدەین زیاتر رێکوپێک و گونجاوتری بکەین لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا، وابزانم هەمووشتان کۆکن لەسەر ئەوەی کە یاسای باری کەسی پێویستە لە ولاتێکی ئیسلامیدا لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا گونجاو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شـــەفـــیــــقــــە فـــەقێ عـــەبدوڵلا:**

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

سوپاس بۆ بەڕێزتان و بۆ بایەخ دانتان بەم کێشەیە کە کێشەیەکی گرنگی کۆمەلایەتییە، چونکە کێشەی ئافرەتانە و ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، لەگەڵ ئەو هەموو روونکردنەوەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد و، هەروەها لەگەڵ ڕێکخستنی خێزان لەسەر یاساکە و بەڕێز جەنابی سکرتێر روونی کردەوە، منیش لەگەڵ یاساکەم لە یەکەم وشەیەوە تاوەکو دوایین وشەی، چونکە نەوەکو ئەمە تەنها پارێزگاری لە منداڵ و ئافرەت دەکات، وابزانم پارێزگاریش لە پیاوانیش دەکات ئەویش لە کەم کردنەوەی کێشەکانیان، با ئێمە نموونەیەک بێنینەوە، ئەگەر پیاوێک ژنی هێنا و لە دەرەوەی دادگا گرێبەندی کرد و پاش چوار ساڵ خێزانەکەی ئەمری خوای کرد، ژنی دووەم ئەهێنێ و ژنی دووەمیش رازی نابێت کە منداڵەکان لەسەر ناوی ئەو تۆمار بکرێن و، ژنی یەکەمیش مردووە و هیچ بەڵگەیەکیشی بەدەستەوە نییە، ئەو منالانە تاوانیان چییە؟، یەکەم بێ بەش دەبن لە چوونە قوتابخانە و دووەمیش لە بەشی دایکیان بێ بەش دەبن لەسەر ماڵی خاڵوانیان، چونکە پیاوەکە ناتوانێ بیسەلمێنێ کەوا ئەمانە منداڵی ئەو ئافرەتەن، خێزانی دووەمی کە هاتووەتە جێگای دایکی ئەوان رازی نابێت کە ناوی منداڵەکان لەسەر ئەو تۆمار بکرێن، باشە ئەمە کێشەی دادگا کەم ناکاتەوە بەم یاسایەی کە ئێستا هەمانە، چونکە پیاوانی ئێمە تاوەکو پارەی سزاکە زۆرتر بێت زیاتر چەکەرە ئەکەن و لێی ئەترسن و، ئەچن لە دادگا گرێبەست ئەکەن و ئەو کێشەیە کەم ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە هەتاوەکو پەلەی لێ بکرێت کێشەکە کەمتر دەبێت و، زیاتر پابەندی دەبن، سوپاس.

**بــەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

سوپاس، بەراستی لێرەدا من تێبینیم کردووە کەوا لە گفتوگۆ کردنی ئەم بابەتە زۆر دەرئەچن، ئەم بابەتە تەنها یەک شتە ئەویش سزاکە «غرامە» لە «٣٠٠» دینارەوە بۆ «١٠٠٠» دینارە، ئایا بکرێت بە «٣٠٠٠» تا «٥٠٠٠» دینار، یا نەکرێت؟، تەنانەت ئەمەیە و هیچی تری تیادا نییە، ئەگینا یاساکە هەیە و کاریشی پێ دەکرێت، گفتوگۆی ئەوە ناکەین کەوا یاساکە هەڵوەشێتەوە، یاخود گۆڕانکاری تیادا بکرێت، تەنها «غرامە» کە زیاد کراوە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە بڕیاری لەسەر ئەدەین تەنها دەسکاری کردنی ئەو غرامەیەیە، جا داوا لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەکەین کەوا تەنها تەرکیز بکەنە سەر ئەو شتە نەژادیانەی هەیە و گفتوگۆکە لە قەوارەی خۆی دەرنەچێت، چونکە ئەمڕۆ بڕیاری لەسەر ئەدەین، چونکە ئێمە ئەگەر بڕیاری لەسەر نەدەین، یاساکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و، لە پرۆژەکەشدا باسی گرتن«حەبس» مان نەکردووە، گرتنەکە هەر وەکو خۆیەتی، باشە ئێمە پرسیارێک ئەکەین ئایا ساڵێک گرتن زۆرە ، یاخود «٣٠٠٠»هەزار دینار؟، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو تێی گەیشتووم ئەم زیادەیە وەكو «ردع»ە، «ردع»یش ڕێ گرتنە لە نەخۆشییەكی كۆمەڵایەتی كە تووشی كۆمەڵگای ئێمە بووە، ئەم نەخۆشیەش لەوانەیە هەزاران كەسی تووشی ئازار كردبێت، ئەگەر تەماشای مەحزەری پۆلیس بكەین لەوانەیە دەیان و سەدان ئافرەت خۆیان سووتاندووە و خۆكوشتیان كردووە لەبەر ئەم كێشەیە كەوا ئێمە ئێستا باسی لێوە دەكەین، كەسانێک هەن كەوا كچێكی بچووكی تەمەن «١٧ یا ١٨» ساڵی لە پیرەمێردێكی «٥٠ یا ٦٠» ساڵە مارە دەكەن بێ ئەوەی ڕای كچە وەرگیرێت، یاخود بێ ڕەزامەندی كچە، دووەمیش ژنی یەكەم وای لێ دێت ماڵی بشێوێت و كۆمەڵێک منداڵ دەربەدەر و سەرگەردان بن و لە سۆز و میهری دایک و باوک بێ بەش بن، بەڵام لێرەدا من پرسیارێكم هەیە، ئەویش ئایا بۆ سزاكە تەنها یەک لایەنی گرتووەتەوە و لایەنەكەی تری نەگرتووەتەوە؟، پیاو دێت ژن مارە دەكات، خۆ لایەنەكەی تری ئافرەتە كەوا گرێبەستەكە دیگرێتەوە، ئەو مارە دەكات ئەمەیان ڕاستە، بەڵام بۆ لایەنەكەی تر سزاكە نایگرێتەوە، مەبەستی من ئەوەیە كە كاتێ ئەم یاسایە «ردع»ە دەبێت بۆ هەردوولا بێت، ئەویش هەموو سزاكە هەردوو لایەنەكە بگرێتەوە، من پێشنیاری ئەوە دەكەم كەوا سزاكە هەردوو لایەن بگرێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی ڕێگا بگرێت لەم نەخۆشییە كۆمەڵایەتییە، كەوا تەعدای لە زۆر كەس پێ دەكرێت، لەوانەشە ئێستا سەدان كێشەمان لە ناو كۆمەڵگادا لەم جۆرە هەبێت، جا داوا لە لایەنە یاساییەكان دەكەم كەوا ئەگەر لایەنەكەی تریش بگرێتەوە وابزانم یاساكە زیاتر بەهێز دەبێت و باشتر ڕێگا لەم جۆرە كێشانە دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاك شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پرۆژەكە زۆر ڕێكوپێكە و لە بەرژەوەندی هەموو لایەنەكانی گرێبەستی ژن هێنان «عقد زواج»ەكەدایە و، هەروەها لە بەرژەوەندی منداڵانیشدایە، چونكە هیچ توانایەكیان نییە، هەروەها كاروباری دادگاش كەم دەكاتەوە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاكم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزتان باستان لێوە کرد ئەم یاسایە تەنها دەسکاری سزای «غرامە»ەکەی کراوە، ئەگەر ئەم غەرامەیەی کە ئێستا پێشنیار کراوە بەراورد کەین لەگەڵ یاساکەی کە ساڵی١٩٧٨دەرچووە و لەسەر «٣٠٠ تا ١٠٠٠» دینار غەرامەکەی چەسپاوە، ئەبینین جیاوازییەکەیان زۆر نییە، چونکە «٣٠٠» دیناری ئەو کاتە بەرامبەر بە «١٠٠٠٠» دیناری ئێستا دەبێت، دووەم ئەمە خۆی بابەتێکی ڕێکخستنە، لەبنەڕەتدا گرێبەست لە دەرەوەی دادگا لە ڕووی یاساییەوە کارێکی دروستە سەبارەت بە کاری دادگا و یاساوە، بەڵام سزاکە تەنها بۆ ڕێنمایی کردن و چاکسازی کردنە و «ردع»ە، مەبەستیش لێرە تەنها بۆ چەسپاندنی مافی ژن و مێرد و منداڵەکانیانە، من زۆر حاڵەتی وام بینیوە کەوا ژن، یا مێردەکە مردووە و پاش چەند ساڵێک منداڵەکان هاتوونە و سەردانی دادگایان کردووە، بۆ چەسپاندی ژن هێنان «زواج»یان کردووە، ئەم کارەش ماوەیەکی زۆری پێدەوێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە مافی خۆیان بچەسپێنن، بەتایبەتیش لە مردن و لە جیابوونەوە داوای چەسپاندنی نەفەقە و مارەیی، من لە ژیانی وەزیفیمدا بۆ ماوەی «١٥» ساڵ هیچ دادوەرێکم نەبینی حوکمی حەپس کردن بۆ ئەم جۆرە بابەتانە بدات، هەتاوەکو وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری و دادگای ئیستئناف و دادگای تاوان «جنایات» کە دادوەرێک دادەمەزرێنن بۆ باری کەسایەتی، دادوەرێک هەڵدەبژێرن کەوا زۆر پابەندی مەسەلەی ئەخلاقە ئەو جۆرە کەسانە دادەنێن، وابزانم مەسەلەی ئەو سزادانە تەنها بۆ ڕێنمایی کردن و «ردع» دانراوە و، لە ڕووی جێبەجێ کردنیەوە تاوەکو ئێستا کەس سزا نەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی درێژە بەم بابەتە نەدەم من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەم پرۆژەیە هەموار بکرێت و، ماددەکە خۆی هەیە و هەموارکردنێکی زۆر بچووکە و پەیوەندیشی نییە بە شەرعەوە، چونکە یاساکە خۆی لەبنەڕەتدا هەیە و لەسەر بنەمای شەرعیشەوە دانراوە، ئەمە پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی کۆمەڵگاوە و بە مافی پیاو و ئافرەتیش، بە ڕای من دەبێت ئێمە هەموومان پشتگیری لەم یاسایە بکەین، چونکە دونیا گۆڕاوە و کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆریش پەیدا بووە، دادگاکان و وەزارەتی تەندروستی و ڕاپۆرتی پزیشکی زۆر گرنگن بۆ مەسەلەی ژنهێنان و، لە دادگاش ئەم کارە ئەنجام بدرێ، من بەم ڕایەم مەبەستم کەم کردنەوە نییە لە پلەو پایەی ئەو مەلا و کەسانەی کە بەکاری ژنهێنان هەڵدەستن، ئەوە دەکرێت هەتاوەکو پاش دادگاش بکرێت، ئەگەر هەست دەکەن

کەوا کەموکورتییەک هەیە لەو بوارەدا، دەبێت ئەوە لە دادگا چارەسەر بکرێت، بۆ نموونە هەموو دەزانین کەوا جیاوازی خوێن کێشەیەکی گەورە دروست دەکات کەوا قوربانییەکەی منداڵ دەبێت، هەروەها جۆرەها نەخۆشی چەرخ دەرکەوتووە، جا چ سەبارەت بە ئافرەت بێت و چ پیاو، قوربانییەکەشی منداڵە، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم ئێمە دەبێت لەگەڵ دونیادا بگونجێین و داواشمان نەکردووە یاسای باری کەسایەتی چاوی پیادا بخشێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەش بوارێکی باشە بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە باسی لێوە بکەین، لەبەر ئەوەی نابێت ئێمە کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان هەر بهێڵینەوە، لەبەر ئەوەی یاسای باری کەسایەتی کە لەساڵی ١٩٥٢وە دەرچووە تاوەکو ئەمرۆ کە دەکاتە ساڵی ٢٠٠١ ژیان لە گۆڕاندایە و، بەرای من دەبوایە ئێمە«١٠»ساڵ لەمەو پێش لەم پەرلەمانە کە هەندێ یاسامان دەرکردووە پێویست بوو دەسکارییەکی ئەم یاسایەش بکرایە، جا لەبەر ئەوە من پشتگیری تەواوی خۆم دەکەم بۆ ئەم پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیەی کە ئێستا لە پێش دەستاندایە ئەوە بۆ نزیکەی ساڵێک دەچێت کە رێکخراوی ئافرەتان خەریکین و، لەم هۆڵەشدا وەکو پەڕەی کارێک خوێنرایەوە و، گفتوگۆیەکی زۆریشی لەسەر کرا و، زۆربەی ئەندامانیش کە ئێستا لەم هۆڵەدان رای خۆیان دەربڕی و خۆشبەختانە مامۆستایانی ئاینیش بەشدارییان تیادا کرد و، دڵنیایانیش کردینەوە کە پشتراست بین و دەست بە دانانی پرۆژەکان بکەین، چونکە دژی شەریعەتی ئیسلام نییە و، ئێمەش هەرگیز نەمانویستووە دژی شەریعەتی ئیسلام کار بکەین. لێرەدا ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستا دەیکەین گۆڕانکارییەکی زۆر بچوکی شەرمنانەی رێکخراوی ئافرەتانە بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئافرەتانی پەرلەمان و، بەهاوکاری لیژنەی ئەوقاف و یاسایی، بۆیە وەکو لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت پشتگیری تەواومان لەم پرۆژەیە دەکەین، چونکە ئەم پرۆژەیە باری ژیانی خێزان زیاتر رێک ئەخات، ئێستا باری ژیان بەرەو پێشکەوتن دەڕوات و، ئەگەر لەوە ئەترسن لەوانەی کە دوورن لە گوندەکان و نەتوانن بێن بۆ دادگاکان، ئێستا ئامێری گواستنەوە یەکجار زۆرە و، هەموو گەنجێک یەکجار ژن دێنێت لە ژیانیدا و ئەبێت ئەو زەحمەتە بکێشێت و بڕوات بۆ دادگا و لەوێ مارە بکات، ئەویش بۆ ئەوەی کێشەکان کەم بکاتەوە، بۆیە داواکاری ئافرەتان زۆر لە جێیە، ئەویش بۆ ئەوەیە کەوا کێشەی ئافرەتان کەم بکاتەوە، چونکە ئەم گۆڕانکارییە بچووکەی کە هاتووە لە ئاکامی کۆمەڵێک کێشەی ئافرەتانەوە دروست بووە، کچی «١٤» ساڵ مارە دەکرێت لە پیاوێکی «٨٠» ساڵی،

لەگەڵ ڕێزم بۆ مامۆستایانی ئاینی کە زۆر دوورن لەم کارانە، بەڵام خۆیان زۆر چاک دەزانن کەوا خەڵکێک هەیە شتی وا دەکەن، جا لەبەر مەترسی ئەم هەڵانە ئێمە پێمان باش بوو کەوا ئەو سزایە«غرامە» زیاد بکەین، وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنیش فەرمووی خۆی ماددەکە لەبنەڕەتدا هەیە، بەڵکو تەنها گۆڕنکارییەکی بچوکمان لە غرامەکەدا کردووە، ئێمە وەکو لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت لەگەڵ پرۆژەکەین و، هیواداربن کەوا بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم یاسادانەر کە یاسا دادەنێت بێ بنەما و هۆ نییە، مەبەست لە سزادان بەرگری و پێش لێ گرتن و «ردع» کردنە، «ردع»یش دەبێت کاریگەر بێت، لە یاسای کەسایەتی لە ساڵی ١٩٥٩کە «١٥٠ تا ٣٠٠»دیناری دانابوو، ئەو کاتە رادع و کاریگەر بوو، چونکە «٣٠٠» دیناری ئەو کاتە دەیکردە «١٠٠٠» دۆلار، بەڵام ئێستا ئەگەر وەکو خۆی بمێنێت وگۆڕانکاری تیادا نەکرێت ئەوە دەکاتە «٢٠» دولار، وابزانم کەس لە «٢٠»دۆلار ناگەڕێتەوە، ئەگەر نیازی هەبێت کەوا ژنەکەی بکاتە دوو، هەق وایە سزای «غرامە» زیاد بکرێت، من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم ونموونەیەکم هەیە ئەوەیش لە گۆڕینی سزا لە یاسای هاتوچۆدا، ئێمە سزامان لە «١٠ و ٢٠و ٣٠»دینارەوە کردە «١٠٠و٢٠٠ و٣٠٠» دینار کەس لێرە ڕەخنەی نەگرت و هەموو ڕازی بوون لەسەری، باشە من لێرە پرسیارێکم هەیە لەو کەسانەی کە دەڵێن ئەو پارەیە زۆرە، یاسای هاتوچۆ لەساڵی ١٩٧٢دەرچووە، ئەوە پێیان زۆر باشە و هەندێک داوای ئەوەیان دەکرد کەوا زیاتریش بکرێت، یاسای باری کەسایەتی لە ساڵی ١٩٥٩دانراوە ، باشە ئەگەر «٣٠٠» دینار بکرێت بە «٣٠٠٠» هەزار دینار دەکاتە «١٠» جار زیاتر ئەبینین کەوا هەمووو دژن، کەچی یاسای هاتوچۆ لە «١٠» دینارەوە بوو بە «٥٠٠» دینارکەس قسەی لێ نەکرد، باشە بۆ خوشک و دایک و کچی خۆمان ئەو سزایە بۆزۆر بێت کە ئەم سزایە بۆ پاراستنی مافیانە؟، پرسیارێکی تریشم هەیە لەو ئەندامانەی کەوا دژی ئەم پرۆژەیەن، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەوان هەستیان دەکرد کە ئەو ماددەیە پێویستی بە گۆڕان هەیە بۆ تاوەکو ئافرەتان پرۆژەیان پێشکەش نەکرد بە پەرلەمان و داوای مافی خۆیان نەکرد، کەس نەجووڵا بۆیان، من لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدام بە هەموو جۆرێک ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموارکردنەکە زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە و بۆ پاراستنی مافی ئافرەت و پیاوانە و، لەبەرژەوەندی هەردوولایانە و،چەند زەوابت دابنرێت بۆ ئەوەی گرێبەستی ژنهێنان لە دادگادا ببەسترێت ئەوە باشترە، لە دادگاش قازی دادگای شەرعی مارەی دەکات، بەڵکو دادوەرێکی ئاسایی ناتوانێت بەم کارە هەستێت، خاڵێکی گرنگی تریش هەیە کە بەڕێز کاک عبدالخالق باسی کرد، ئەویش پشکنینی پزیشکی «الفحص الطبی»یە، ئەمڕۆ جیهان بەرەو پێشکەوتن دەڕوات و کارتی پزیشکیش یەکێکە لە بەڵگە هەرە گرنگەکان کەوا دادوەر بڕیاری پێ بدات کە مارە بکات، یاخود نە، چونکە لەوانەیە خوێنیان لەگەڵ یەکدا نەگونجێت، یاخود نەخۆشی تر هەبێت، ئەوکاتە دەبێت ڕێگا لەو جۆرە ژنهێنانە بگیرێت، بە رای من شەریعەتی ئیسلامیش بەرگری لەم جۆرە کارانە ناکات، ئەگەر بە شێوەیەکی شەرعی لە دادگا مارە بکرێت، وەکو وتمان نابێت هەموو دادوەرێک لە دادگادا مارە ببڕێت، هەروەها ناشبێت هەموو مەلایەک لە مزگەوتدا مارە ببڕێ، تەنانەت مەلایەک کە مۆڵەت پێدراو بێت، ئەو کاتە پاش دادگا ئەو کەسەی کە زۆر بەدین بێت و باوەڕی بە گرێبەستەکەی دادگا نەبێت، دەتوانێت بچێت لەلای مەلاش مارە ببڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەند تێبینییەکمان لەسەر قسەی ئەندامان هەیە، کاک د.رزگار فەرمووی کەوا لایەنێک سزا دەیگرێتەوە و لایەنەکەی تری نایگرێتەوە، لایەنی ئافرەت بە لایەنێکی لاواز دادەنرێت، زۆرجار خاوەن را نییە و، ناچار دەکرێت کەوا شوو بە پیاوێک بکات بەبێ رەزامەندی خۆی، لەبەر ئەوە بە رەوای نازانین کەوا یەکێک رای نەبێت و ناچارکرابێت لەسەر کارێک سزا بدەین، مامۆستا مەلا تەڵحە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی هێنایەوە، مەبەستیشی ئەوە بوو کەوا خوای گەورە تاوەکو چوار ژنی حەڵاڵ کردووە و، دەفەرموێ ئەگەر نەتانتوانی یەکسانی بکەن لە نێوانیاندا «ان لا تعدلوا» کەواتە زوڵم مەکەن، پیاوێک ئەگەر نەتوانێت لە نەفەقە و کات دابەشکردندا یەکسانی بێت لە نێوان ژنەکانیدا، واتا مرۆڤێکی زاڵم و زۆردارە، باشە بۆ چی ئەو تەقدیرە پیاو خۆی بیکات کەوا دەتوانێت لە ژنێک زیاتر بێنێت، بۆ ئەو تەقدیرە نەدەین بە دادگا کە تۆ دەتوانیت ژنی دووەم بێنێت، یان نا، ئێمە ناڵێین نەکرێت و، تەنها یەک ژن بێنن، بە رای من پیاوێک ژنی دووەم بێنێ و کۆمەڵێک منداڵ فرێ بداتە ناو کۆمەڵ و ئاگای لێیان نەبێت، ئەوە «مفسدە»یە، بنەمایەکی فقهی هەیە دەڵێت:(درء المفاسد اولی من جلب المنافع) لێنەگەڕێت خەڵکێکی خراپ

بکەوێتە ناو کۆمەڵ و نەتوانێ پەروەردەیەکی ڕاست و دروستیان بکات نەتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەخێویان بکات، هەر لە بنەڕەتەوە بەرگری لێ بکرێت لە ژن هێنانی دووەمی، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک دژی شەریعەتی ئیسلامی نییە، چونکە «مفسد»یەک دروست دەبێت و، بەرگری کردنی خراپەکاری ئەرکی سەر شانی هەموومانە، نەزوەیەکی جنسی وای لێ دەکات کەوا ژنی دووەم و سێیەمیش بێنێ و هەتاوەکو منداڵەکانیش ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان، تەماشا دەکەین دوو بران لە یەک باوک تەنانەت دایکیان جیایە رکیان لەیەک دەبێتەوە، چەند جار روویداوە کەوا برا برای کوشتووە، یا باب منداڵی خۆی کوشتووە و منداڵ بابی خۆیان کوشتووە، دەبێت بابەتەکە لەو لایەنەوە ڕێکخەین، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئیسلام لە هەموو کەسێک ڕێک تر بووە، پێشی ئیمامی عومەر سڵاوی خوای لێ بێت «زواج متعه» هەبوو، بەڵام لە کاتی ئەودا ڕێگای لێ گرت و نەیهێشت، ئایا ئیمامی عومەر سەرپێچی شەرعی کرد؟!، خوای گەورە جەزای خێری بداتەوە ئەگینا نەسەب بزر دەبوو، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە «والمؤلفة قلوبهم» ئیمامی عومەر نەیدانێ، چونکە بە پێویستی نەزانی کەوا خێریان بداتێ. پێویستە کۆمەڵگای ئیسلامەتیمان ڕێکخەین و، هیچ بەرگرییەک نییە کە تۆ کۆمەڵ ڕێکخەیت، چونکە تۆ سنوورت نەبەزاندووە، ئێمە نەمان وتووە نابێت ژنی دووەم نەهێنێ، بەڵکو وتوومانە ئەبێت بە رەزامەندی دادگا بێت، دەڵێین با لە دادگا تۆماری بکەن تاوەکو دوورکەوینەوە لە کێشە و منداڵەکانیشتان مافیان بزر نەبێت، با ژنەکان مافیان بزر نەبێت و، با منداڵ نەکەوێتە کۆڵانان، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی کە باری ئابووریان لە بارێکی ئاڵۆزدایە، پێویستە هەر مرۆڤێک تەقدیری باری ئابووریی لە دادگادا بکرێت کاتێ کە داوا دەکات ژنی دووەم بێنێ، هەروەها سەبارەت بە راپۆرتی پزیشکی کە زۆر پێویستە، ئەویش لەبەر ئەوەی نەخۆشی زۆر بڵاو بووەتەوە، ئێستا لە دادگادا لە کاتی مارەکردندا پێویستی بە راپۆرتی پزیشکی دەکات، بەڵام لەلای مەلا پێویستی بەو راپۆرتە نییە و، لەو رووەوە زۆر کێشەو گرفت درووست بووە، نازانم ئەمە چ زیانێک دەگەیەنێت ئەگەر یەکێک بچێت لە دادگا مارە بکات، با هەر وەکو کاک جەلال باسی کرد ئەگەر هەر بە دڵی نەبوو دەتوانێت بچێت ئەو دوو وشەیە لەلای مەلایەک تەواو بکات، بەڵام ئیباحەکەی ئیباحەیەکی رەها نییە، بەڵکو پەیوەستە بە دادپەروەرییەوە، ئەگەر یەکسانییت پێ نەکرێت نابێت بیکەیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم گفتوگۆی ئەم بابەتە بۆچی بەم شێوەیەی لێ هات، ئێمە لێرەدا نە لە ناوەوەی پەرلەمان و نە

له دەرەوەی پەرلەمان سزای کەس نادەین، ئەمەی کە ئێستا هەیە تەنها رەدعێک و مەترسییەکە ئەخرێتە پێش ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لە دەرەوەی دادگا گرێبەستی ژن هێنان بەستن، ئەبێت ئاستی خەڵکی ئێمە بگاتە ئەو رادەیەی کە ئەو سزایە بەسەر خۆیدا نەسەپێنێ، بۆ نموونە پیاوێک بە کورەکەی خۆی دەڵێت بەخوا ئەتکوژم ئەگەر ئەو هەڵەیە بکەی، ئایا شەرع بەرگری لە ئەو قسەیە دەکات کە پیاوەکە تەنها بۆ ئەوە وتوویەتی کە کورەکەی لەو هەڵەیە بگەرێتەوە، ئەمەش تەنها یاسایەکە بۆ ئەوەی خەڵکی هەڵە نەکەن و، تاوەکو ئێستاش نە سزای کەس دراوە و نە غەرامەی کەس کراوە، تەنها ئەم سزایە بۆ ئەوە دانراوە کەوا خەڵکی پابەند بن بە یاسا و لە بەرژەوەندی میللەتدایە، خوا نەخواستە ئەگەر بەبێ تاوان تۆ ئەو غەرامەیە بخەیت و ئەو سزایە بسەپێنیت ئەوە ناهەقیە، بەڵام تۆ لە پێشانا یاساکە دەردەکەیت و خەڵکی ئاگادار دەکەیتەوە کەوا ئەو کردارە سزای لەسەرە و، خەڵکیش ئێستا هەمووی هوشیار و رۆشەنبیرن و یاساکە ئەبیستن و، بۆ جێبەجێ کردنی و بۆ ئەوەی رەدعەکە بێت، لێی دەگەرێنەوە و، من دەق بە دەق لەگەڵ هەموو پرۆژەکانم و، پرۆژەکان هیچ بەرگرییەکیان تیادا نییە و لە چوارچێوەی شەرعدا دەرنەچوونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی بەشێوەیەکی رەسمی رای خۆمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کردووە و، پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین، ئێمەش کە پشتگیری پرۆژەکە دەکەین هەروەها لە خۆڕایی پێشتگیری لێ ناکەین، بەڵکو لایەنی ئاینیمان لەیەک داوەتەوە و، لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی یاسایی گفتوگۆیەکی دوور و درێژمان کردووە و، لەسەر ئەو رایە رێککەوتووین کەوا ئێمە هیچ کاتێک ئامادە نین هیچ بنەمایەک بێنینە ناو یاسای باری کەسایەتی کە دژی شەریعەتی ئیسلام بێت، بەڵام ئەو بنەمایانەی کە هەن و ئەمەش یەکێکیانە کە کاتی خۆی ئەگەر سەرپێچیش بێت پیادە کراوە و بەسەدان کەسیش سزا دراوە و غەرامە کراوە، تەنها ئێمە دەسکاری غەرامەکەمان کردووە، بۆیە ئێمە پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەین و، داواش لە بەڕێزتان دەکەین کەوا ئەم بڕگەیە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کرا، ئەگەر بدرێت بە دەنگدان باشترە بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێمەش وای بەباش دەزانین کەوا کۆتایی بە گفتوگۆی ئەم بابەتە بێنین، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الاولى:

يعاقب بالسجن مدة لاتقل عن ستة اشهر ولاتزيد على سنة او بغرامة لاتقل عن ثلاثة آلاف دينار ولاتزيد على خمسة آلاف دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة وتكون عقوبة الحبس مدة لاتقل عن ثلاث سنوات ولاتزيد على خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجاً آخر مع قيام الزوجية.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، ماددەی یەکەم دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمە بەو شێوەیە کە خوێندرایەوە؟...سوپاس... تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، «١١» کەسن، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی دووەم، ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا ماددەی دووەم بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاس... کێ پەسەندی ناکات؟، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی دووەم پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی سێیەمدایە بەو شێوەیە کە خوێنرایەوە؟... سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمدایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟... سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند کرا، ئێستا یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە یاساکە هەمووی پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، کەواتە هەموو یاساکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر پرۆژەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

أستناداً الى الفقرة(١) من الماده(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢ و بناء على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني قرر المجلس بجلسته المتعقده بتاريخ / / تشريع القانون الاتي:

القانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

تستثنى الزوجة من احكام الفقره(١) من المادة(٤١) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩و تعديلاته.

المادة الثانية:

لايعمل باي نص بتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ لاریبیەکمان لەسەر پرۆژەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پرۆژەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی تەندروستی وکۆمەلایەتی.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە،راتان هەیە فەرموو.

رای لیژنەی ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالید موستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی ئەوقافیش ئەوەیە، دەربارەی (إستثناء)کردنی ژن لە برگەی یەکەمی ماددەی (٤١) بە لامانەوە وایە کە یاسایەکە، وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە تەفسیرەکەمان بە لاوە نەگونجاوە، ئەوەی (تأديب) بووە لێدان نەهاتووە، کە ویستوویانە لەوێ لایبەن، بەڵکو ئامۆژگاری لە قۆناغی یەکەمدایە کە یەکەم جار لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشدا هاتووە، دوای ئەوە بەپێی (قانون)و یاسای قورئانی(هجر) هاتووە کە دوور کەوتنەوەیە لە جێگادا، دوای ئەوە لێدان هاتووە، وەکو نەصی ئایەتەکە دەفەرموێت(فعظوهن واهجروهن في المضاجع واضربوهن) لێدانەکەش بۆ ئەو کاتەیە کە هەموو وەسیلەکانی تر جێ بەجێ کرابن، بەڵام ئەنجامی نەبووبێت ، لێدانیش پێویستە هەروەکو پێغەمبەر(د.خ) تەفسیری کردووە دەفەرموێت لێدانێک(غير مبرح)لێدانێک کە کار لە گیان و شەخصییەت و رووخساری ئەو ئافرەتە نەکات، تەنها مەبەستەکە ئەوە بێت کە ئەویش جۆرە گرتنێکە(ردع)ێکە بۆ ئەوەی پیاو و ژن بەیەکەوە بتوانن لە ماڵەوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ژیانیان بەسەر ببەن، لێدان ئەرک نییە، بەڵام سرینەوەشی لە یاسادا لەگەڵ دەقی قورئاندا ناگونجێت، لەبەر ئەوە چاکتر وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، (تأديب)ەکەش بیر لەوە کراوەتەوە، کە مامۆستاکان (تأديب)ی قوتابیان دەکەن، باوک (تأديب)ی منداڵی خۆی دەکات، مێردیش (تأديب)ی خێزانی خۆی دەکات، ئەوان لەوەیان بیرکردۆتەوە، کە گوایە ئەم(تأديب)ە لەم حاڵەتە لە پاڵ ئەمانەدابێت نەقسێکە بۆ ئەوان.

ئێستا جەنابی کاکەڕەش فەرمووی کە ئافرەت زەعیفە، بۆیە نابێ بە موقابیلی پیاو ئەویش سجن

بکرێت، کە دەبوایە بیر لەوەش بکرێتەوە کە ئەم (تأدیب)ەیە بۆ ئیقامەی موعاشەرەیە، چونکە قورئان چۆن دەفەرموویت(وعاشروهن بالمعروف) واش ئەو مافەی داناوە کە ئەو(تأدیب)ە هەبێت، تأدیبیش بۆ لێدان نییە، بەڵکو بۆ ئامۆژگاری کردن و وەسائیلەکانی ترە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە پیاو و ئافرەت پێکەوە ژیان گرفتیان دەبێت، ئەو حاڵە گرفتانەی لەنێوان پیاو و ژندا لە خەتی ژیانی هاوسەری دەردەچن شەرع پێی دەڵێ (نشوز)، ئەگەر پیاوەکە ناشز بێت، یا ئافرەتەکە ناشز بێت، ئەوە شەرعی ئیسلامی ڕێگای داناوە بۆ ئەوەی چۆن چارەسەری یەکتری بکەن ئیصلاحی یەکتری دەکەن دەگەنەوە سەر خەتی ژیانی هاوسەریەتی وژیانی خێزانی بە ڕێکوپێکی بڕواتە ڕێوە.بۆ نموونە لە باسی نشوزی پیاو دەڵێت :(وإن امرأة خافت من بعلها نشوزا أو اعراضا فلا جناح عليهما) لە باسی (فلا جناح عليهما أن يفصح بينهما صلحا وصلح الخير)لە باسی نشوزی ئافرەتدا دەڵێت:(واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجع واضربوهن فإن اطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا إن الله كان علياً كبيراً، وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكماً من اهله و حكماً من اهلها إن يريدا اصلاحاً يوفق الله بينهما إن الله كان عليماً خبيراً).

فوقەهای ئیسلامی ڕەحمەتی خوایان لێ بێت لەسەر بابەتی ئەم ئایەتە لەسەر حوکمی ئەم ئایەتە ئەحکامی ئیسلامی تەکلیفی پێنجە(ئیجاب،ندب،تحريم،كراهيە،ئيباحە)يە، ئیباحەش (تخییر)ە لەنێوان فعل و تەرک، مەسەلەی تأدیب مەسەلەی ئیصلاحیی ژن و پیاو بۆ یەکتری دەکەوێتە دەرگای موباحەوە، دەرگای حەلاڵەوە، موباحە شەرع دەفەرمووێ(هو ماخير الشارع المكلف بين فعله و تركه ولا مدح ولا ذم على فعل او تركه ويقال له الحلال). خوای گەورە دەفەرمووێت:(واذا تحللتم فاصطادوا) ئەمری (فاصطادوا) لەبەر خەڵکی دەڵێ (اذا تحللتم من احرام الحج فصيد واحد لكم)، ئەمەش مانای ئەوەیە(اذا علمتم نشوز بعضكم من بعض مباح لكم هذه الامور )پیاو لە ژن، یا ژن لە پیاو، ئەوەی کە هاتووە لە نەفسی ئەو بڕگەیەی ماددەی(٤١) یاسای وەزعیی عێراقی عوقوباتە شەرع داینەناوە لەوێدا،بەڵام ئیمە ڕای لە فوقەها وەردەگرین، فوقەهای ئیسلامی منهاجی نەوەوی دەفەرمووێت:(ولا يضرب في الاظهر)، ئەمەش جمهوری عولەمایە، ڕیوایەتیان کردووە دەفەرمووێت:( وحكاه ماورده عن الجديد) نەصی قەولی ئیمامی شافیعییە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە زۆر جێگا دەفەرمووێت:(والاولى له العفو عن الضرب)، مانای جیاوازی هەیە، واتا مەسەلەی تأدیبی ئافرەت بەمەبەستی لێدان نەهاتووە بۆ

ئافرەت، هەر کەسێک لە کەسێک بدات، واتا پیاو لە پیاو بدات یا پیاو لە منداڵ بدات یا لە باوک یا لە دایک یاخود لە ژن بدات، تاوانبارەو سزای خۆی هەیە، ئەو لێدانەی کە قورئان دەفەرمووێت، عولەماو پێغەمبەری خوای گەورە (د.خ) ڕێزیان لێگرتووە، بە لێدانی فەقیانە یا بە سیواکەکەی یا بە قەلەمەکەی، کاتی خۆی ڕەخنە لە مەلا دەگیرا، مەلا لە فەقێکەی خۆی دەدات لە ژنەکەی، ئەگەر هەر کەسێک نەیەوێت لە ژنەکەی بدات، واتا نەیەوێت دەستی یان قاچی بشکێنێت، ئەگەر پیاو لە ژنەکەی بدات و دەست وقاچی بشکێنێت ئەمە لە یاسادا تاوانە سزای لەسەرە بە تاوانبار حیسابە، واتا هەڵگرتنی ئەو (استثناء)یە لابردنەکەی حەڵاڵە، هەروەکو چۆن دانراوە حەڵاڵە، کەواتا لابردنیشی حەڵاڵە، موباح ئەوەیە کە تۆ هەردوو لایەنەکەی(لایەنی فعل و لایەنی ترک) وەکو یەک وایە، وەختی خۆی یاسای سزا دایناوە، ئێستاش لە ئێمە داوا دەکەن حەقی خۆیانە موباحە ئەو دایئەنێ من هەڵیدەگرم، هەردوو لای موباحە هیچی تیادا نییە، من بە دڵنیاییەوە لایەنگری ئەم پرۆژەیە دەکەم زۆر جێگەی خۆیەتی لابردرێ، چونکە وا باشە، لە دەرگای موباحە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم رای خۆم لەگەڵ برایان روون بکەمەوە کە دەوێنێ دانیشتین زۆر گفتوگۆمان کرد نەگەیشتینە حەل، بەڵام من حەز دەکەم بە ئاشکرایی لە ئیعلام باس بکرێت، من مەسئولم بۆ وەڵامدانەوەی هەر کەسێ لەو باسە پرسیاری هەیە، من لێکۆڵینەوەم لەم مەسەلەیە کردووە، بەڵام من قسە بەکەیفی خۆم ناکەم و پێشم ناخۆشە خەڵک قسە بەکەیفی خۆیان بکەن لە بابەتی ئەحکامی شەعیدا، بابەتەکە لە دەرگای موباحە، موباحیش جائیزی ئەرک و جائیزی فیعلە، ئەمە هەموو مەلایێ دەزانێ، هەموو خوێندەوارێک دەزانێ هەموو کەسێکی یاسایی دەزانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز مەلا تاهیر دەکەین بۆ ئەوتەوزیحە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە موداخەلەیان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، جارێ با ماددەکە بخوێندرێتەوە، ماددەی یەکەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولي:

تستثني الزوجة من احكام الفقرة(١)من المادة(٤١) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩و تعديلاته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینییان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە، دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دیرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی، وشەی ئەدەب وا دیارە خوشک و براو ئەو برایانەی کە باسی ئەدەب دەکەن، کە ژن بێتە جووداکرن بەس لەو برگەیەدا دیارە مانای ئەدەب باش تێنەگەیشتوون، ئەدەب مانای چییە؟ ئەگەر وشەی ئەدەبی وشەیەکی سووک یاخود کەم بووایە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: (ادبني ربي فاحسن تأديبي)، ئەدەب مانای دەست و قاچ شکاندن نییە، وەکو مامۆستا خۆی گوتی ئەمە تاوانە، پاشان ئێمە پرسیار لەو خوشکانە دەکەین کەوا چ ناوێکی لەسەر دادەنێن، بۆ ئەم حاڵەتە چ ناوێک دانرێت، لە نێوان دایک و کچدا و لە نێوان باوک و کوڕدا و لە نێوان خوشک و برادا کێشە دروست دەبێت، هەموو ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن، بەڵام کێشەی نێوان ژن و مێرد کێشەیەکی زۆر گەورەیە و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت، ئەگەر چارەسەر نەبێت وەکو کورد دەڵێت: (ئاو لە گۆلدا بمێنێتەوە بۆگەنی دەبێت)، خوای گەورە چەند قۆناخێکی داناوە بۆ چاکردنی ئەم جۆرە کێشانە، ئەگەر نێوان ژن و میرد تێکچوو بە قسە و ئاشتی و ڕێنمایی چارەسەر بکرێت، ئەگەر نە بە پشت لێ کردن، ئەگەر نە بە وشکی مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەگەر هەر نەگەیشتن بە چارەسەرییەکی گونجاو ئەو کاتە دادوەرێک لە کەسوکاری ژنە و یەکێکیش لە کەسوکاری مێردەکە ئەبنە دادوەر، پاشان تەفویز و هەڵبژاردن، ئایا چ دەڵێن؟ با ئەو کەسانە ناوێکی بۆ دانێن تاوەکو بڵێین بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەڵام بڵێین یەکجاری پیاو هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ژنەکەیدا نەبێت بۆ چاککردنەوە، ئەوکاتە باری ئێمە زۆر قورس دەبێت و، لەسەر کۆمەڵگای ئێمە و، لەسەر میللەتی ئێمە، هەتاوەکو بەسەر موسڵمان و یەزیدی و مەسیحییەوە، هەتاوەکو بەسەر بت پەرستێکیشەوە، بە ڕای من دەبێتە بەرەڵایی و سەرلێشێوان، لەبەر ئەوە دەڵێم باشترین پەیڕە و ڕێگا ئەوەیە کە خوای مەزن دایناوە بۆ ڕێکخستنی ژیان، تەماشا دەکەین زۆر جار کێشە لە نێوان ژن و مێردا ڕوودەدات لەبەر ئەوەی پیاوەکە دەسەڵاتی نییە بەسەر ژنەکەدا، هەندێ جار داواکاری ژنەکەی کە جێبەجێ نەکات بە شەق لێی دەدات، ئەمە داخوازی ئەوە، لەبەر ئەوەش پێغەمبەری خوا فەرموویەتی دەبێت ئاستێک دانرێت: (لا يسأل الرجل فيما ضرب إمرأته)، ئەمە مانایەکی هەیە و ڕاستییەکی هەیە، دەبێت یەکێکیان سەر بۆ ئەوی تریان دانوێنێ، بەڵام بەم شێوەیە ئێمە دەرگایەکی ناشیرین و خراپ لە ناو کۆمەڵگای خۆماندا دەکەینەوە، ئومێدەوارین بە یاوەری

خواوەند هاوكاریمان بكات بۆ خزمەت كردنی ئاین و ریگای ئاینی بۆ خزمەتكردنی گەلەكەمان و هەزاران قوربانی دراوە لە پێناوی ئەم ریبازەدا، تاوەكو میللەتەكەمان بەسەربەستی و ئازادی بژێت و بە برایەتی لەگەڵ یەكتری بژین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا موحسن خالید فەرمووە.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید موستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەراستی، ئەم مەسەلەیەی كە مامۆستا باسی كردو جەنابتان تەرحتان كردووە، بابەتەكە ئەوە نییە كە ئێمە لەگەڵ ئەوە دابین كە زوڵم لەئافرەت بكرێت بەهیچ شێوەیێک، بەڵكو پێغەمبەری خوای گەورە (د.خ) لە هەموو مرۆڤی ئەم سەرزەوییە زیاتر خزمەتی خێزانی خۆی كردووە، شەریعەتی ئیسلامیش بەم شێوەیە دیاری كردووە، بەڵام مەسەلەی قوامە قورئان دیاری كردووە،وە مەسەلەی سالاری بۆ زوڵم كردن و هەڕەشەكردنە سەر خێزان نییە بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری ئەو ماڵەیە بیرتان دەهێنمەوە، لەم پەرلەمانە ئێمە دانیشتبووین ئایەتێک هەڵواسرابوو، دوای ئەوەی كە باسی ئەوە دەكات(فاذا عزمت فتوكل علی الله)، هەبوو رایان وا بوو كە لابردرێت، مەبەستەكەیان ئەوە بوو رابەر نەتوانێ رۆژێ لە رۆژان بریارێكی حازم بدات، هەر تەنها لە گێژەنە بمێنێتەوە، پیاو و ژن لە ماڵەوە تەواوكەری یەكترن، بەڵام پێویستە یەكیان رابەر بێت، ئەگەر ئەم رێگەیە بدەین كە هیچ كەسیان نەتوانن بریار بدەن لەقسە كردن، هەتا لە(ردع)ی ئەوەی كە بەرامبەرەكەی نەتوانێ هەندێ هەڵە بكات، ئەمە قۆناغی یەكەمە بۆ ئەوەی رۆژێكیش دێت كە باوكیش رێی پێنەدرێت وەكو ئەوروپا كە ئێستا وایە منداڵەكەی ئەگەر پێی بڵێ بۆ كوێ رۆیشتووە، بۆی هەیە كە شكایەتی لێ بكات بەپێی یاسا پێی بڵێ وا مەكە بە هەموو توانایەكی خۆیەوە باوكەكەی سجن دەكەن لەبەر ئەوەی كە بە منداڵەكەی خۆی گووتووە بۆ چوویتە دەرەوە،لەبەر ئەوە تكام وایە وا نەزانن كە ئێمە لەگەڵ مافی ئافرەتانین، كە تەرحی مەسەلەیەک دەكەین كە شەریعەتی ئیسلام ئەمە رای بێت، قورئان دەفەرموویت:(فاضربوهن) فاضربوهن دوای سێ قۆناغ دێت، لێدانەكەش تەفسیر كراوە كە نابێ لێدانی ئازار بێت، لێدانەكەش بۆ وجوب نییە، ئەم تەفسیرەش فوقەهاو ئەسەحی (مذاهب) بەم شێوەیە ئیعتیباریان كردووە،ئێمە رای شەریعەت باس دەكەین خۆمان لەئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بە موسڵمانتر نازانین،بەپێچەوانەوە لە زۆر لایەنەوە لەوانەیە ئەوان زیاتر كاریگەریان هەبێت بۆ ناو كۆمەڵگا، كە رایەكی شەریعەتی ئیسلامی پیادە بكەن، ئێمەش لەبواری خۆمانەوە، ئەوانیش لە بواری خۆیان، بەڵام ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی لادان نییە، بۆ قیل وقال لادان نییە لەشەرع، راستی(اصح)ی مەزاهیب پێویستە فتوای پێ بدرێت، مەزهەبی ئیمامی أعظم، مەزهەبی ئیمامی شافیعی بەپێی ئەصەحی

مەزاهیبیان کە دیاریان کردووە تەفسیری ئایەتەکانی قورئانییان بەم شێوەیە کردووە،کە ئەو مافەیان لێ نەسندرێتەوە، ئێستا لێی بەسندرێتەوە ، مانای ئەوە نییە لێی بدرێت، بەڵام لابردنەکەی ئێمە دەڵێین بەپێی رای شەریعەتی ئیسلام شتێکی پەسند نییەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ، نازانم مامۆستایان تەرحیان کرد کە دەڵێین ئەو حەقەی لێ بسەندرێتەوە، نازانم ئەو حەقە هەتا نەچێتە دادگا نابێتە حەق، ئەگەر ئیشێک وای لێهات چووە دادگا لە نێوان ژن و مێرد، مانای وایە خۆشی لە نێوانیان نامینێت، ئەو حەقە لە یاسای سزا وەکو عیلاقەکی جەنابتان فەرمووتان ئەوە عیلاقەی بە قورئانەوە نییە، یاسای سزایە، ئەگەر پیاوەکە ئامۆژگاری خێزانەکەی بکات، ئەگەر خێزانەکەی چوو بۆ دادگا شکایەتی لێ بکات، ئەو کاتی حوکمی مادده دێتە گۆڕێ و ماددەکە باسی دەکرێت، حیسابی لەگەڵ دەکرێت عەجەبا ئەو حوکمە مومارەسە کراوە بە حوکمی یاسا و، جەریمە تەکوین نەبووە، مەسەلەش ئەگەر بگاتە ئەو رادەیە، بە رای من پەیوەندی نێوان ژن و مێرد تام و لەزەتی نامێنێت، ژن و مێرد ئەگەر وایان لێهات، بچنە دادگا یەکێکیان شکایەت لەوی تریان بکات بلێ لێی دامە یان قاچی شکاندوومە،واتا ئامۆژگاری کردن بە یاسا نابێت، گوایە یاسا ئەو حەقەی داوە، ئەو حەقە کەی دەردەکەوێت؟ بێگومان دەبێت لە دادگا، ئەگینا ئەو حەقەی لێرە نووسراوە، چ کەسێک لە گیرفانی خۆی دانانێت بچێتەوە مێردەکە بە ژنەکە بلێت بەپێی یاسا من حەقم هەیە تۆ تەئدیب بکەم، شتی وا نییە، دەبێت کەی کێشە پەیدابوو بچێتە دادگا لە دادگا ئەو بابەتە بە نەص دێتە کایەوە، بزانی مەسائیلی یاسایی هەیە یان نا، ئەگەر مەسائیلی یاسایی پەیدابوو، بە رای من پەیوەندی نێوان ژن و مێرد هەرگیز نامێنێت، کە ژن و مێرد چوونە دادگا شکایەتیان لە یەکتری کرد،خۆشی نامێنێت لە نێوانیان، چ لاری هەیە ژن ئامۆژگاری مێرد بکات و،مێرد ئامۆژگاری ژن بکات و پرسی پێ بکات، هەر شتێکی زۆر پێویستە خەڵک لەماڵەوە یا لە ناو کۆمەڵگا، هەموو پێکەوە راوێژکاری لەگەڵ یەکتریدا بکەن، هەر وەکو خوای گەورە دەفەرمووێت: (وأمرهم شوری بینهم) دانیشین پێکەوە بلێین ئەو مەسەلەیەمان لە گۆڕێیە، واتا یاسا لە ژێر باڵت دانێی بلێی ژنێ هاتیمەوە من حەقم هەیە تۆ تەئدیب بکەم بەپێی یاسا شتی وا نییە لە دنیا، بێگومان دەبێت لە دادگا ئەمە دروست بکات، ئەمەش راست نییە، هیچ لاریەک نییە تۆ ژنی خۆت ئامۆژگاری بکەی، ئەگەر نەصەک لە یاسای سزا نەبێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق محمد رەشید فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی، من وای بۆ دەچم ئێمە بەرەو شتی باشین بۆ کۆمەڵگای گەلی کوردستان، هەروەها مافەکانی ئافرەت و پیاو جیا ناکەینەوە، وابزانم زۆر کەس بە هەڵە لە تەئدیب دەگات، مامۆستا مەلا مەحمود دیرشەوی خۆی ئیشارەی کرد کە مەبەست بەو تەئدیبە ئەوە نییە تۆ ئافرەت ئازار بدەیت، لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم بۆ رێز لە شەریعەتی ئیسلامی و، دینی ئیسلامی نەگرین، پێغەمبەر (د.خ) لە گشت کەسێ زیاتر ئیحتیرام و رێزی لە ئافرەت گرتووە، وابزانم ئەگەر بگەڕێینەوە بێکێکە لەو شتانەی کە زۆر بە پلەیەکی بەرزەوە تەماشای ئافرەتی دەکرد، لەبەر ئەوە با ئیسائە نەبێت بۆ کۆمەڵگای گەلی کوردستانمان لە دەرەوەو ناوەوە،کە هەندێ کەس ئیستغلالی ئەو بەشەیە بکات بە ئیسائە بۆ ئافرەت، وابزانم هەڵگرتنی تەئدیب سەرکەوتنێکە بۆکۆمەڵگای گەلی کوردستان لە ناوەوەو لە دەرەوە، هەندێ کەسیش بە چەوت تەفسیری ناکات، هەندێ کەس گەیشتە رادەیەک کە ئافرەت حەپس بکات لە ماڵی خۆی، واتا حەپس دابنێ لە ماڵی خۆی بۆ ئافرەت، وابزانم ئێستا دنیا گۆڕاوە، ئێستا خەڵک داوا دەکات سزای (ئیعدام) نەمێنێت لە دنیا لە دادگا، خەڵک داوا دەکات لە ولاتی ئەوروپا، ئەگەر باوک زیادەرەوی لە رادەی خۆی کرد مندالەکەی، داوا بکات دادگا هاوکاری بکات،نابێت تەعدای لێ بکرێت،هەروەها دەربارەی مامۆستایان، وابزانم لە قوتابخانەکانیش قەدەغە کرا مامۆستا لە قوتابی بدات، لەبەر ئەوە تەئدیب دەبێت هەڵبگیرێت، ئەمەش بۆ خزمەتی کۆمەڵگامانە پەیوەندیەکی زۆر نەکرێت بە هەندێ مەسەلەوە کە وای بۆدەچن ئێمە سەرپێچی شەریعەتی ئیسلامی دەکەین، وەپشتگیری تەواوی ئەو پرۆژەیە دەکەم، زۆر سوپاس، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک عبدالخالق محمد رەشید ئەکەم، فوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ژیانی هاوسەریەتی دەتوانم ناوی لێ بنێم (تەعایش) رێز گرتن لە نێوان پیاو و ژنە، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت: (جێی برینی گوللە خۆش دەبێتەوە، بەڵام جێی قسە خۆش نابێتەوە)، جاری وا هەیە کێشەیەکی گەورە لە قسەیەکەوە دروست دەبێت لەنێوان ژن وپیاو، پیاوەکە هەڕەشە دەکات دەڵێ وەڵڵاهی چاوت دەردەهێنم، یان دەستت دەشکێنم،من ئێستا وەکو ئافرەتێک قسە دەکەم، چ دەستم بشکێنێ، چ بڵێ وەڵڵا دەستت دەشکێنم یەک شتە، واتا لە رووی دەروونییەوە،

لەبەر ئەوە هیچی تێدا نییە، مادام خیلافی شەریعەتی ئیسلامیش نییە، خۆش بەختانە مامۆستا مەلا تاهیر یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت، زۆریش هاوکاری لەگەڵماندا دەکات، زۆر لە جێی خۆیەتی هاوکارە لەرووی شەرعەوە پرسی پێدەکەین، زۆر جێی خۆیەتی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هێنایتە سەر سەکۆ و بەرگری لە ئافرەت دەکات لە رووی شەرعەوە، ئەوە رای ئێمەش بوو لە ناو لیژنە کە خۆمان تەرحمان کرد، بەلاّم خۆش بەختانە بەڕێز د. رۆژ دەرکی بەوە کردووەو، مامۆستا مەلا تاهیری هێناوە بۆ لیژنەکە، بۆیە لەگەڵ ئەوەم وەکو لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت، وشەی تەئدیب لاببردرێت، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بە تەنیا مامۆستا مەلا تاهیرم نەهێناوە، تەوزیحێکی مامۆستا مەلا موحسن بدەم مەسەلەی(واذا عزمت فتوكل على الله) لەراستیدا ئەو ئایەتە لامان نەبرد، بەڵکو گۆڕیمان بۆ(وأمرهم شورى بينهم) بۆیەش گۆڕیمان، چونکە (واذا عزمت فتوكل على الله) بۆ کەسی سەدام نووسرا بوو، بۆ مرۆڤێکی دیکتاتۆر نووسرا بوو، ئەم ئایەتە مەفهومێکی دیموکراتی راوێژکاری تیایە، کە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستاندا دەگونجێ، تەنیا بۆ تەوزیحی ئەو بابەتە، لەراستیدا ئێمە کە ئەو بابەتە بۆ میوانەکان دەگێرینەوە بە چیرۆکێکی زۆر خۆش و رێکوپێک دایدەنێین، باش دێتەوە بیرم هەر خۆتان ئەو کاتە رازی نەبوون، ئایەتەکەی تر بێتە خوارەوە، ئێمە پرسیمان باشە ئەگەر بیگۆڕین بە ئایەتێکی تر ئەو کاتە رازی بوون، لە یەکەم دانیشتنی پەرلەماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ماددەکەم کە بەم شێوەیە وشەی(زوجه) لاببردرێت، چونکە دایک یەکەم قوتابخانەیە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، من ئەم پرسیارە لەبرایان دەکەم، ئایا براکانم ئێوە هەموو رۆژێ لە ماڵەوە بە خێزانەکانتان دەڵێن وابکە لەگەڵ ئەو منداڵە و وا مەکە؟ یان ئەو دایکە خۆی هەڵدەستێت بە پەروەردە کردن و بەخێو کردنی ئەو منداڵە، کە یەکەم قوتابخانەیە بۆ منداڵ، لەبەر ئەوە ئەم وشەیە لە پارسەنگی ئافرەت زۆر دەهێنێتە خوارەوە وشەی تەئدیب لەگەڵ رێزمدا بەلاچوونی شتێکی زۆر باشە، چونکە ئافرەت یەکەم قوتابخانەیە بۆ پەروەردە کردنی منداڵ و زۆر لەوە گەورەترە کە مێرد تەئدیبی لەگەڵ بەکار بهێنێ، ئەی چۆن رازی دەبێت پەروەردەی منداڵەکانی بدات؟، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەم پێشنیارە بدەم راستە. لە راستیدا، ئەم پێشنیارە بۆ لابردنی وشەی تەئدیب بۆیە کراوە،

تەئدیب لەیاسادا بەمانای لێدان دێت، کێشەیەکی زۆر لە دادگا هەیە، خەڵکێکی زۆر لە ژنیان دەدەن، لەبەردەم دادگا دەڵێن ئەمە لە یاسادا هەیە، من حەقی تەئدیبم هەیە بەپێی یاسا، تەئدیبە من لێی دەدەم، چونکە ئەمە تەئدیبە، ئینجا ئەمە کێشەیە، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەری دەکەین، چونکە ئەگەر تەئدیب نەبووایە پەروەردە بووایە ئەمە شتێکی ترە، بەڵام تەئدیب بەتەواوی بۆ لێدانەکە هاتووە، بەڵام ئەویش بەپێی یاساکەوە هاتووە، ئینجا ئەمە کێشەیە ئێمە دانیشتووین چارەسەری ئەم کێشەیە دەکەین، چونکە لێدانی ئافرەت هەموو کەس وەکو یەکی بەکار ناهێنێت، مادام تۆ بە یاسا مەجالی تەئدیبت داوە هەیە ئافرەتەکە دەکوژێت بەناوی تەئدیبەوە، هەیە دەستی دەشکێنێ بەناوی تەئدیبەوە، هەیە بەناوی تەئدیبەوە دوو قسەی نەرمی لەگەڵدا دەکات، وەکو مامۆستایەکی دینی بەفەقیانەکەی لێیدەدات، ئینجا هەموو کەسێکی تر ئەم مامۆستا دینییە نییە، جا بۆیە ئەم بابەتە لەراستیدا دەخرێتە بەردەم پەرلەمان و دیراسەت کراوە، لە لایەن (١٠) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانەوە کراوە بە پرۆژەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئینجا ئەگەر ئەو لایەنە بەچاکی لێک بدرێتەوە خراپ نییە.

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار ئیستسنای ژنەکە لەو بڕگەیە بۆ ئەوەیە کە لە ریزی قاصرین حیساب کرا بوو، واتا وەکو منداڵ حیساب کرا بوو، حەقی خۆیانە بڵێن ئەگەر ماددەیەکی سەربەخۆ بووایە، رەنگە ئەو قسەیەیان نەکردبایە، بەڵام تەئدیبیش وەکو جەنابت تەوزیحتدا تەئدیب لە هەندێ شوێن خراپ بەکاری دەهێنن، تەئدیب ئەوان بە دەستوقاچ شکان بەکاری بێنن، ئەمە شەرع رازی نابێت و ئەمە پێچەوانەی شەرعە بە تاوان دادەنرێت.

خاڵی دووەم بۆ قسەی جەنابی مامۆستا شێخ موحسن، بەڵام بەداخەوە حەزم نەدەکرد کەوا بکەوینە بەرامبەر یەکتری،لە مەسەلەی منداڵ لەگەڵ منداڵ رێک نەکەوێت،ئەمە زۆر شتێکی نارێکە، مرۆڤ تەفهومی شت وەکو خۆی بکات زۆر باشە،مانای (واضربوهن)وەحوکمی (واضربوهن) ئێمە خۆمان داینانێین مامۆستا، ئێمە لە فوقەهای وەردەگرین، فوقەها رەحمەتی خوایان لێ بێت دەفەرموون:(ومع أن الضرب مباح )،(فقد إتفق العلماء على أن تركه افضل)، قال محمد (ص)(لن يضرب خياركم)بە (لن)دەڵێ نەک بە(لم)، دەفەرمووێت:(فدل الحديث على أن الاولى ترك الضرب)، واتا(ضرب) یان بە قەلەمەکەیەتی یان بە مەندیلەکەیەتی، سەبارەت بە تەئدیبەوە ئەوەی کاک عبدالخالق ئیشارەتی پێدا کەوا لێدانی منداڵ نەهێڵراوە دەڵێ:(هذا بخلاف والاولى له عدم العفو لان ضربه لتأديبه مصلحة له وضرب الزوج زوجته مصلحة لنفسه)، لێدانی منداڵ هێشتا رەواترە، چونکە بۆ تەئدیبە مەسڵەحەتەکە بۆ منداڵەکەیە، بەڵام لێدانی ئافرەت پیاوەکە بۆ خۆی لێی دەدات، واتا قەدەغەیە و نارێکە، رای شەرع بۆ نموونە ئیعانە

ڕەحمەتی خوای لێ بێت خاوەنی دەفەرمووێت: (وعظ زوجته ندباً وهجرها إنشاء مضجعا وضربها جوازاً ضرباً غير مبرح لكن نقل الضوياني تعيينه بيده او بمنديل)،واتا وشەی تەئدیب ئەگەر لابچێت هیچ لاریەکی تیادانییە، چونکە تەئدیب لەنێوان خۆیاندا نشوزی هەر کامێکیان بۆ خۆیان ڕاستکردنەوە بکەن، بەڵام لابردرێت لەو یاسا وەضعیە، وەضعە، واضع داینراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر هەیە لەسەر ئەم بابەتە،مامۆستا مەلا مەحمود فەندی دیرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فەندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران وا تێگەیشتوون کە من گوتوومە هەر دەبێ کوتان هەبێت من دەڵێم مادام زاراوەی (تأديب) ناشیرینە زاراوەیەکی تر دابنێین، ئەگەر زاراوەی (ادبني ربي فأحسن تأديبي) خراپە (والعياذ بالله)، وشەی (تأديب) واتای ئەو هەولانەیە لە نێوان ژن و مێرد دەکرێن بۆئەوەی لەیەکتر دوور نەکەونەوە نزیکی یەکتر بن، ناکۆکی لە نێوان ئەواندا نەبێت، هەر ناوێکی تری بۆ دادەنێین دابنێین، ئێمە نەمانگوتووە کە وشەی (تأديب) تەنیا مانای لێدان دەگەیەنێت، ئێمە نەشمان گوتووە هەر دەبێت لێدان بێت هەر وەکو لە عەرەبی دەڵێت (آخر العلاج الكيل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا تەڵحە.

**بەڕێز مەلا تەڵحە سەعید قەرەنی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دژی ئەوە نینە هەر شتێک موخالفی شەریعەتی ئیسلام بگرین چونکە باسی ئیسلامەتیمان کرد بۆیە وەم گوت،بەڵام لێرە ئایەت هەیە(فعظوهن و اهجروهن واضربوهن) فعظوهن مانای ئەوە نییە لێیان بدەن بەڵکو نەسیحتیان بکەن کەئیطاعەی مێردی خۆیان بکەن، ئەمە بەلێدان حساب بییە لەهەمان کات تەئدیبی تێدایە،ئەما واهجروهن فی المضاجع ئەویش گەفێکی گەورەیە بۆ ئەو ژنانەی کە ناشیرین دەرچن خوا نەخواستە،یان (وأضربوهن) لێیان بدەن مانای وانییە بەلێدانێکی وایان لێبدەن کە ئەزیەتیان پێ بگات،لێدانێکی وا خەفیف پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی(غير مبرح)یەعنی لێیان بدەن بەڵام غير مبرح بێت ئەزیەتیان زۆر نەدەن ئەوە دیارە لێرە نەصی ئایەتە. ئەمن چ حەقم لەوەیە وایان گوتیەو وایان نەگوتووە نەصی ئایەت دەڵێ(فعظوهن و اهجروهن في المضاجع واضربوهن) ئینسان لە نەصی ئایەت لانەدات بۆ

عبارەتێک کە بۆمان هەیە تەفسیری بکەین فعظوهن مانای چییە یان واهجروهن فی المضاجع چۆن ئەبێت یان واضربوهن لێدانەکە چۆن ئەبێت ئەمانە سەریحی ئایەتە ئینسان لە سەریحی ئایەت ناتوانێ عبور بکات،لەگەڵ ڕێزم سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم برادەران و مامۆستایان ئیحتمال هەیە هەندێک بابەتەکەیان لەلا روننەبێ هەندێ سەهوین لە بابەتەکە چونکە ئەوە بابەتێکی عیقابییە ئەو عیقابە لەکوێ پەیدا ئەبێ کاتێ کە مەسئەلە بووە ئەوراق و بووە تەحقیق،وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی بابەتەکە لێدانە بە تەئدیبەکە چونکە جنابت ئەگەر لە ماڵەوە ئامۆژگاری ژنەکەت بکەی کەس نازانێ بەڵام کە مەسائلی قانونی هاتە گۆڕێ ئەو وەختی دەقی بابەتەکە دێتە گۆڕێ دەڵێ بابە ئەمن حەقم هەیە لەتۆ بدەم، دەنا کەس ناڵێ وکەس نییە بێتە ماڵێ بڵێ ئەرێ بابە ئەتۆ بۆ ژنی خۆت نەسیحەت دەکەی یان ژنەکە بچێتە مەحکەمە بڵێ نابێ مێردم نەسیحەتم بکات،مەسئەلەی تەئدیبی لە عورفی قزائی ئێمە تا ئێستا متەداولە لێدان لێدەدرێ،کەلێیدا ژنەکە دەچێتە مەحکەمە مێردەکە تەمەسوک بەو ماددەیە دەکات دەڵێ بەو ماددەیە ئەمن حەقم هەیە تەئدیبی بکەم لێمدایە بۆ ئەوەی تەئدیبی بکەم، ئەو حەقەش کە جەنابتان دەفەرموون قورئان فەرموویەتی (ضرباً) پێغەمبەر(د.خ)تەفسیری کردیە بە غیر مبرح،ئەوەش مانای ئەوەیە ئەگەر موبەرحیش بێت تەمەسوک بەو ماددەیە دەکات چونکە دەڵێ ئەمن رێ پێدراوم تەئدیبی بکەم،لەبەرئەوە ئەو مەسائیلانە لەکاتی تەنفیزی قراری حوکوم پەیا دەبێ نەک لە بیدایەتی لێدان، تا نەچیە مەحاکم ئیشەکە مەعلوم نابێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە گشتمان گەیشتینە قەناعەت کە تەئدیب زۆر کەس تەفسیری دەکات بە لێدان بەمانای تەعزیب،ئەمەش دژی ئیعلانی عالەمی حقوقی ئینسانەو ناگونجێت لەگەڵ لواحق و مواقفی دنیاو قەدەغە کراوە موتەهەم لەتەوقیف تەعزیب بکرێ یەعنی شەخصێک بەئیشتهادێکی شەخصی و ئینفعالێکی شەخصی لە ماڵەوە نەتیجەی قەناعەتی شەخصی خۆی لە ژنەکەی خۆی بدات وسەری بشکێنی حەتا ئەگەر بشی کوژێ ئەڵێ ئەوە تەئدیبە،لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئێمەوە زۆر کەس ئەم فەقەرەیە بەهەڵە تەفسیر ئەکات بەو شێوەیە نییە کە مامۆستا مەلا مەحمودو

برادەرانی تر تەئکیدیان کرد لەسەری بەڕەئی من هەڵگرتنی زۆر لە مەسلەحەتی مافی مرۆڤەو حەقی ئافرەتەو بۆ سومعەتی کۆمەڵگای کوردستان زۆر زەروریە ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز کاک عبدالخالق دەکەین،بەس دیارە جەنابیشت لە مامۆستا مەلا مەحمود باش تێ نەگەیشتوی لەوانەیە هۆیەکەی لەهجەکەی بێت،ئەو دەڵێ قوتان نییە نابێ قوتان هەبێ مانای لێدان نییە ،بەڕێز کاک د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستی پەرلەمانی کوردستان لە دراسەت کردنی یان وەرگرتنی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوە نییە وشەی تەئدیب لەقورئانی پیرۆز دەربکەین،کەواتە مەسەلەی ئێمە نە پەیوەندی بەشەرعەوە هەیە نە بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە لێرە تەئدیبەکە چۆن تەفسیر ئەکرێت،ئەگینا ئەگەر پەیوەندی ژن و مێرد لە ماڵەوە هەرچۆنێک بێت ئەگەر نەگاتە ئەو دەرەجەیەی کەلێی بدات زۆر ئاسایە ،بەڵام کە لێیدا بە پێچەوانەوە ژنەکە ئەو کاتە ئەتوانێ بچێت شکاتی خۆی بکات بەڵام ئەگەر ئێمە ئەوە لانەدەین مانای ئەوەیە ئەو ئەتوانێ وەکو بەڕێزان باسیان کرد لەرێی ئەو تەئدیبەوە بچێت لێی بدات،بۆیە من پێم وایە وەکو باسیشم کرد لە دانیشتنی کۆبوونەوەی فراکسۆنیشدا ئاوامان خستەڕوو ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوە بووین ئەم فەقەرەیە نەمێنێ لەگەڵ رێزمدا ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی کە تەئیدی ئەم پرۆژەیەمان کردوە، ئەو ماددەیە بە تایبەتی، بۆیە تەئیدمان کردوە بەراستی چونکە ئێمە لەگەڵ ئەوە نین عونسرێکی جەزائی مەبدەئێکی جەزائی عقوبەتێک جەریمەتێک بەناوی تەئدیبی زەوجە لەناو قانونی عقوبات بمێنێ، ئەو مەبدەئەی کە ئێمە ئیستنادمان لەسەر کردوە بەرای ئێمە هیچ پەیوەندیەکی بە ئەحکامی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە نییە ،بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو فەقەرەیە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی یەکلا ببێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەو بابەتە؟ ئاخر تەعقیب، فەرمووکاک رەجەب.

**بەڕێز ڕەجـــــەب شـــــەعـــــبـــــان طەیب:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

له قورئانی پیرۆزدا هاتووه(ولقد كرمنا بني آدم) مانای خودا تەعالە تەكریمی بەنیئادەم مانای ڕێزو ئیحترام دەبێ بێتە گرتن،هەر وەكو سەیدا مەلا مەحمود دێرشەوی دیاری كرد(أدبني ربي فأحسن تأديبي)مانایَ(عذبني ربي فأحسن تعذيبي)نییە، مانای دێتن بە ئامۆژگاری ودێتن بە موعظە،مادام كە نەیەتن بەمانای لێدان كەخەلكێك سەرپێچی بكات كە نەزان بیتن و بێژیتن والله مادام بۆ من ئەڤە قانون هەیە كە ئەز تەئدیب بكەم و لێبداتن یان تەعەدای لێبكاتن نەمێنیتن باشترە مانای وایە وشەی تەئدیب لە قانون وياسا نەمێنیَ،لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بەڕێز كاك سەعید یەعقوبی ئاخیر كەسە قسە دەكات فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئەم ماددەیە قانونێكی وەزعییە بە شەرع وموشەرعی حكومەت دایناوە،لە ساڵی ١٩٥٩وە پەیرەوی پێ دەكرێت پەیوەندی بە شەرع نییە، ئێمە دەستكاریمان لە ئەحكامی شەرعی ئیسلامی نەكردوە،داواش ناكەین شەرعی ئیسلامی لێرە بگۆڕێ وەداوا ناكەین ئەحكامی شەرعی ئیسلامی دەستكاری بكرێ. قانونی باری كەسایەتی حكومەت دایناوە ئێستاكە حكومەت دەیەوێ لایبات،وابزانم ئەم ضجەیە پێویست ناكات واشبزانم حكومەت ئەمڕۆ كە وەلی ئەمرە حەقی اجتهادی هەیە چونكە دەرگای اجتهاد لە شەرع دانەخراوە ئێستاكە حكومەت وای بەپێویست دەزانێ كە وەلی ئەمرە ئەمڕۆكە عەسرو زەمان گۆڕایە،چۆن ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە تەعلیمێك دەرچوە دەڵێ نابێت لە قوتابیان بدرێتن ئەوانیش شان بە شان لەگەڵ قەوانینی مافی مرۆڤ كە ئەمرۆكە ژن بێ یان منداڵ بێ یان هەر كەسێك بێت دەبێ حەقی بپارێزرێت،نابێ لە قانونی عقوبات ماددە هەبێ ئیباحەی ئەوە بكاتن كە پیاو بتانیتن بە قانون لە ژنی خۆی بداتن،لەگەڵ ڕێزمدا زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس،جارێك بۆ ڕون كردنەوەی قانونی عقوباتە ژمارە(١١١)ساڵی١٩٦٩لەگەڵ ڕێكخستنی، من فەقەرەكەش دەخوێنمەوە بەس ئەوەندەی پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، ئەوەی تایبەتەبە هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لێی تێبگەن كە ئەم بابەتە بە تایبەتی بەنیسبەت ئافرەتەوە چەند گرینگە،بەشی چوارەم أسباب الإباحة: دووەم ئەڵێ: استعمال الحق.المادة(٤١):لاجريمة إذا وقعت فعلاً إستعمالاً لحق مقرر بمقتضى القانون ويعتبر إستعمالاً للحق:

١ـ تأديب الزوج لزوجته.
يەعنی بەناوی (تأديب زوج لزوجته )ئەگەر زەوج زەوجەکەی خۆی کوشت (لاجريمة لانه إستعمل حقاً مقررا) ،مانای وایە جەریمە حساب ناکرێ ئەگەر بەناوی تەئدیبەوە لێیدا دەستی شکاند قاچی شکاند هەر شتێکی لێکرد ،چونکە ئەوە حەقێکی موقەڕەرە بەپێی قانونی عقوبات، بە شەرع نییە ، ئەمە قانونی عقوباتە ئەو وەختە پیاوەکە بۆی هەیە بڵێ ئەمن حەقێکی موقەرەرم بەکار هێناوەو حەقی خۆمە حاکم هەر دەستی دەبەسترێتەوە بە پێی ئەم قانونە خۆی جا مەبەست لەم گۆڕانکاریە ئەوەیە ئێمە ڕێگا لەمە بگرین،جا نازانم ئەگەر بەڕێز کاکەرەش تەفسیرێکی تری هەیە لەم بابەتە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادەکە بۆخۆی دەڵێ :(لاجريمة إذا وقعت فعلاً إستعمالاً لحق مقرر بمقتضى القانون ويعتبر إستعمالاً للحق) ئەمە کە باسی تەئدیبمان کرد مانای ئەوەیە تەئدیب لێرە کەچوە قانون مانای وایە دەردەچێ لە بابەتی ئامۆژگاری و شتی وا دەڵێی استعمال الحق، یەعنی ئێستا لەمەحاکم ئافرەتێک چوبیت شکاتی لە مێردی کردبێت گوتبێتی نەسیحەتی کردیمە ،ئەمە مەعقول نییە نەبووە ئەوە بۆ بەو شکلەی تەئسیری لێبکات ناشبێت قەت یان نەسیحەتی کردومەوگوتیتی ئەمڕۆ ئەو قاپانە وا مەشۆ یان ئەوها بکە یان کوڕێ بکەو شیوی لێ مەنێ کەس نەچویتە مەحاکم کاتێک ئیشەکە دەبێتە جەریمە کە فعلەک واقع بێت داخلی سنوری قانون بێت کەلە ضمنی جرائیم بێت ئەو کاتە مەحکەمە تەقدیر دەکات ئایا ئەو جەریمەیە( يعاقب عليه القانونه )یان (يستعمل الحق المقرر في القانون؟) ئەگەر تەئدیبەکە تێیهەڵدا ئەوجا مەحکەمە تەقدیری کردو گوتی ئەوە تەئدیبە دوو و سێ شەقیشی لێدایە مانای وایە موساعەدەی قانونی تێدا نییە ، ئەگەر گوتی ئەوە لە چوار چێوەی ئەم قانونە دەردەچێ ئەو کاتە مەحاکم جەزای دەدات حەقی جەزای خۆی وەردەگرێت،بەس ئەوانی تر جەریمە نییە نەسیحەت کەی جریمەیە کەی لێرە باسی ئەوە کرایە نەسیحەت جەریمە بێ (وعظوهن واهجروهن فى المضاجع) ئەوە لێرە نییە ،ئەوە تەئدیبە لێدانەکی کە مێرد لە ژنی خۆی دەدات ئەو وەختیش بەدیار دەکەوێ کەچووە مەحاکم و بووە ئەوراق ئەگەر نەبێتە ئەوراق زانراو نییە ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیسان گوتم داخوازیم دووبارە ئەکەمەوە ئایا بۆ تەئدیب بە دەست شکاندن و سەر شکاندن بێتە

بەرچاو ،ئەوە ئەگەر وامان دانا مێردێک وای کرد حەقی ئەوە نینە ژنەکەی بچێتە مەحکەمەی دەعوای لەسەری بنوسێ لەسەر سەر شکاندن و دەست شکاندن حەق نیینە بچێتە مەحکەمەی دەعوای بنوسێ؟ باشە بۆچی ئەڤەیا دیتنێ جنابێ لیژنەی قانونی بێتە تشخیص و بلێتن وەڵلا بەناوی تەئدیب با سەری بشکێنی وبیکوژێ بلێ من ئەدەبم دا؟ باشە کەی کوشتن ئەدەبە لە ئیسلامدا هەیە کەی سەر شکاندن دەست شکاندن لە ئەدەبی ئیسلامەتیدا هەیە؟ مامۆستا هاتە کرن (العین بالعین والنفس بالنفس والاذن بالاذن) ،ئەڤە قانون وا هەیە بۆ تەنها وەڵلا بەناوی تەئدیب بچێت سەری ٠ بشکێنێت؟ پشتی وی بشکێنێت دەستی وی بشکێنێت ئەوە جەریمەیە دەیکاتن حەقی وەیە بچێتە مەحکەمەو دەعوای لەسەر بنوسێت حەقی خۆشی کامل لێ بستێنێ.

بۆ تەنها ئەدەبدان بەناوی ئەدەب بۆی رێک بکەوێ بچێت بیکوژێ کەینێ حەقی ئەمەی هەیە ؟حەقی ئەو لە ئەدەبدان ئەو ئەدەبدانەیە کەلە شەریعەتی ئیسلامی دیاری کردوە؛ پێغەمبەری خودا(د.خ)بۆ ئەوەیتی دەرباز نەبن ضرب مبرح بەڵام ئەگەر مبرح بێت حەقی وایە بچێتە مەحکەمەی شەریعەت دەعوایەکی بکات و لەسەری قەید بکات حەقی خۆشیەتی و نەصی ئایەت هەیە (العین بالعین والنفس بالنفس) ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ محسن دەتوانی جوابی بدەیتەوە؟ جەنابت نا بەڕێز شێخ محسن فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالد موستەفا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە برادەران کە باسی لێدان وتەئدیب دەکرێت شتەکە تێکەڵ دەکەن و نەش ئێمە نەمانزانیوە،تەئویلی ووشەی (فاضربوهن) ئەکەن بەوەی کە لێدان نییە بەڵام تەئویلی وشەی تەئدیب دەکەن بەوەی کەئەمە مانای لێدان و کوشتن و برینە، ئەمە کەی ڕەوایە و حەقە،لێدانە لە قورئان باسی ئەکات بۆ لێدانێک هاتووە کە پێغەمبەر تەفسیری دەکات لێدانێکە کە ئازاری پێ نەگات بە گیان، ئەوانەی تەئدیبەکە کە قانون هێناویەتی با تەفسیری بکات کە ئەم تەئدیبەیە لێدانێک نییە کە بەو شێوەیە ئازاری بدات بەڵام وشەی تەئدیبەکە لانەدات ئەمە لایەنی یەکەم، لایەنی دووەمیش بابەتی ئەم تەئدیبەی کە دەکرێت هەندێ جار کاک عەبدوالخالق و برایان دەڵێن کە ئەوە ئێمە شەریعەتی ئیسلامان نەگۆڕیوە، قەوانینی ئەحوالی شەخصی لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی هەر گۆڕانکاریەکی تێدا بێت تەئسیر ناکاتە سەر شەریعەتی ئیسلامی،کاک د.ناصح فەرمووی ئێمە ئایەتی قورئانی پیرۆزمان نەگۆڕیوە، ئێمەش ناڵێین ئایەتی قورئانتان گۆڕیوە،بەڵام تەجمیدی وشەی لێدان تەجمیدی جزئێکە لە ئایەتی قورئان کە لەوێ قەوانینی ئەحوالی شەخصی دایناوە،بەڵام کەدایناوە تۆ تەجمیدت کرد مانای وایە ئەو حەقەت سەندەوە لەوەی کەلە مومارەسەی فعلیدا بکرێ،ئێمە داوا دەکەین لیژنەی قانونی کەلیمەیەکی بۆ دابنێ بۆ ئەوەی کە

غەلق نەبێ، تەئدیبەکە وەکو چۆن کە پێغەمبەر تەفسیری ئایەتەکەی کرد کە لێدانەکە وانەبێت ئازاری پێ بگات،تەئدیبەکەش وابێت کە خەڵک واتەفسیری بکات لێدان و کوشتن و برینە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئەحمەدسالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لێرە لە پوختەی ئەو ڕاو بۆچونە دەرکەوت لایەنێکی زمانەوانیە پەیوەندی هەیە بە لایەنی زمانی یاساوە، وشەی تەئدیب وشەیەکی بەربڵاوی بێ سنوری فراوانی ڕەهایە واتای زۆر لەخۆی دەگرێ لە ئامۆژگاری لەسەر ژمێرکردن لەڕێنمایی کردن لەلێدان و لە فەلاقەکردن زۆر شت لەخۆ دەگرێ بەناوی ئەو ووشەیەوە،ئەوە لەجێی خۆیا هاتووە بەڵام بەکارهێنانی لە زمانی یاسا جیاوازە واتا زمانی یاسا ئەبێ بوارو دەرفەت بە بیرو بۆچونی هەمەجۆرو لێکدانەوەی هەمەجۆرو بینینەوەی هەمەجۆر نەدات واتا تەفسیرو ئیستکشاف و تەعلیل و بیرو بۆ چونانە نەگرێتەوەو دەبێ دەستنیشان بێ سنووردار بێ ڕەها نەبێت،تەنها وشەکە مەبەستێکە بۆیە لێرە بۆ لابردنی ئەو گرفتە کە ئەو تێهەڵکێشە دروستی ئەکات پێشنیار ئەکەم ئەگەر بفەرموون لابردنی وشەکە ڕەنگە لە بەرژەوەندی کارەکەو لە بەرژەوەندی زمانی یاسا بێت،لەگەڵ سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،بەڕێز کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە گفتوگۆی بڕگەیەک ئەکەین کەلە یاسای عقوبات هاتووە،ئێمە داوا ناکەین وشەی تەئدیب یان لێدانەکە، داوای ڕەتکردنەوەی ئایەتی پیرۆزی قورئان و فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ناکەین،بەڵکو داوای ئەوە ئەکەین بڕگەیەک لە یاسایەکدا هاتووە ئیستفادەی لێ دەکرێ لە کاتی پەیرۆکردندا نەمانی ئەو بڕگەیە لەو یاسایەدا هیچ مانایەکی تر ناگەیەنێ بەڵکو تەنها لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردستانە، لە بەرژەوەندی ڕێکخستنی کاروباری بنەماڵەی کوردە،بۆیە لادانی پێم وانیە لادان بێت یان گۆڕانکاری بیت لە ئایاتی پیرۆزی قورئان یان لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) کەمکاتەوە بەپێچوانەوە پشتگری کردنە لە شەرع،چونکە ڕێگە نادات بە مێرد ئیستفادە لەو بڕگەیە بکات وەکو جنابتان ئێستا خوێنتانەوە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئێمە وەک لیژنەی قانونی نەمانگوت لێیبداو بیکوژێ و باسی کوشتنمان نەکرد بەلاّم ئێمە یەک شت دەڵێین ئاسانکاری قانونی لەو کاتە دەست پێ دەکات هەتا مەسئەلەکە دەچێتە پێش مەحکەمە ئەوەش لە مەحکەمە تەقدیر دەکرێ مەحکەمە تەقدیری دەکات،عەجەبا ئەو موسائەلەیە کەوتووەتە ژێر باڵی ئەو ماددەیە مێردەکە عەفوو بێت یان عەفوو نەبێت یان لە ژێر ئەو ماددەیە نییە،ئەوەش ئیحتماله زۆر جار حەتا ئیستعانە بە تەقریری پزیشکی بکات،ژنەکەی رەوانەی موستەشفا بکات بزانی زەرەرێکی ئەو تۆی هەبووە یان نا چونکە ئێوە ئەو تەجروبەیەتان نییە لەسەر مەحاکم مامۆستا ببورن مەحاکم حەتا رەوانەی ئەوەی دەکات کابرا لێیدایە چونکە نەسیحەت شکایەتی تێدا نییە،چونکە هەزار ژن بچێتە مەحکەمە بڵێ مێردم نەسیحەتی کردومە هیچ وەرەقەیەی دەعوا بۆ مێردەکە حازر نابێت، لە مەحکەمەی دەبی بڵێ لێیدایمە، ئەو وەختی بانگ دەکرێ ئەو کاتە ئاسانکاری قانونی دەست پێدەکات و تەقدیرەکە مەحکەمە دەیکات کە دەکەوێتە سەری ئەو ماددەیە عەفووی بکات یان دەکەوێتە ماددەیەکی تر ماددەیەکی قانونی عقوبات عەفووی ناکات مەشمول نییە بەو ماددەیە،لەبەر ئەوە ئەو وشەی تەئدیبە لابچێت و لانەچێت نهائیەن هیچ جەوهەری بابەتەکە ناگۆڕێت تەنها قوصرێکە لەگەڵ ئافرەتان و مندالاّن دانەنرێ لابردرێ هیچ ئیشکالیێک دروست نابێتن و هیچ عیلاقەی بەشەرعەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزان تەصەور ئەکەین کفایەت قسەی تیادا کراو ئەیهێڵینەوە بۆ دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز زەحمەت نەبێ جاریکی تر دەقەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولى: تستثنى الزوجة من أحكام الفقرة(١) من المادة(٤١) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة١٩٦٩ المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەین کە ماددەی یەک پەسەند دەکەن بەم شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس.ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، ماددەی یەک بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا،ماددەی دووەم.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الثانية: لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەین کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن بەم شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس.ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا،ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة االثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

ئەو ماددەیەش تەحصیل حاصلە باوەڕ ناکەم ڕەئی لەسەر هەبێت،تکا لەو بەڕێزانە ئەکەین کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن بەم شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس.ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا،ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەین کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن بەم شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس.ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا،پێنج دەنگ معارض بوو هەموو یاساکە ئەخەینە دەنگدانەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس.ئەو بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە،نۆ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن بەزۆرینەی دەنگ قانونەکە وەرگیرا،پرۆژەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حــــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

پرۆژی سێیەم: پرۆژەی یاسای قەرەبوو کردنەوەی ژنی تەلاقدراوە بە تەعەسوف.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

القرار

استنادا الى الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة١٩٩٢المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / اصدار القرار الآتي:

١ـ اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من جراء ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب و حالته المالية ودرجة تعسفه يقدر جمعاً على ان لاتقل نفقتها عن سنتين ولاتزيد على ثلاث سنوات علاوة على حقوقها الثابتة الاخرى.

٢ـ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٣ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٤ـ ينفذ هذا القراراعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژنوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان لەسەر یاساکە نییە بەڵام هەندێ هەڵەی چاپی هەبوو هەندێ وشە دیار نەبوو چاکمان کرد. ئەوەی أن لاتزید عن ثلاث سنوات لە چاپەکەدا نە هاتووە، ئێستا خوێنرایەوەو زیادکرا نەوەک لای برادەران نەبێت تەنها بۆ ڕونکردنەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت تکایە.

**بەڕێز فوزیە عزالدین ڕشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو پاراستنی مافی ئافرەت پشتگری لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بۆ پرۆژەکە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەرێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمەش وەکو لیژنە تەئیدی لیژنەی یاسا ئەکەین،بەڵام هەندێ شت هەبوو ئەوا شتەکانیش چاکراونەتەوە هەڵەی چاپی هەبوو الثابتە کرا بە (أخرى) ،بەڵام ئێمە ئەڵێین کە وشەیەک هاتووە دەڵێ (الحالة المالية) بکرێ بە (وحالته المالية) ،زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە ئەگەر موناقەشەی ماددەکەمان کرد ئەم خاڵەی باس بکە ،لیژنەی ئەوقاف تکایە.

**بەرێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش رامان وایە کە ئەو یاسایە تەقدیر بکرێ بۆ حاکم،حاکم خۆێ تەقدیری ئەوە بکات کە ئەو نەفەقەیە چەنێکە ئەوەیان پەسەند ترە لەوەی کە بۆی تەحدید بکرێت،چونکە هەر نزامێک کە بۆی تەحدید کرا ناتوانێ لەم سنورە دەرباز ببێت بەڵام کە ئێمە ئەمانەتێ تەواو ئەدەینە پاڵ قازیەکان و بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەم ئەمانەتەیان پێ سپێردراوە کاتێ کە دیاری ئەکرێ ئەوان سەرنج ئەدەن لەو کێشەیە بەتەواوی،دوای ئەوەی کە سەرنجیان دا بدایەت و نهایەت بۆ تەقدیری نەفەقەکە نەکرێ باشە بەڵکو سەیری ئەو ئافرەتە بکەن سەیری حاڵەتی زەوجەکە بکەن یان حاڵەتی تەعەسوفەکە بکەن ئەو کاتە بڕیاری لەسەر بدەن،لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر نەفەقەی بۆ دیاری بکەن کە ئێستا لێرە دیاری کراوە لەوانەیە کەمتر بێت لەوەی کە ئەوان دیارییان کردوە کەلە دوو ساڵ کەمتر نەبێت و حەقی وابێت لەدوو ساڵ کەمتر بێت، بۆیە ئێمە پێمان باشە کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە لە قانونی باری کەسایەتی هاتووە،هیچ غەدرێکی تیا نییە بەرامبەر بە ئافرەت،لەگەڵ ڕێزمان.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای جیاوازیتان تەنها لەسەر دوو ساڵەکەیە، لەسەر ماوەکەیە.

**بەرێز مەلامەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جیاوازیمان لەسەر دیاری کردنی ماوەکەیە، نەکرێت بەرای ئێمە باشترە بمێنێتەوە بۆ قازی نە بۆ سەرەوە نە بۆ خوارەوە،چونکە ئەگەر دیاری کرا دەستی قازی دەبەستین بەڵام ئەگەر دیاری نەکرا ئەوا زیاتر ئەتوانێ تەقدیری ئەو ئافرەتە بکات کە چەند زوڵمی لێکراوە لەوانەیە زۆر لەوە زیاتری

بۆ دابنێ کە ئێستا دیاری کراوە چونکە حەقی خۆیەتی لەوانەشە کەمتری بۆ دابنرێ لەوەی ئێستا کە قانونەکە بیبەستێتەوە،لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە ڕاستیدا دەستی نەبەستراوەتەوە بەرەو سەرەوە مانای چەند بەرزی کاتەوە بەدەست حاکمە بەس چەندی کەم کاتەوە حەدێکی بۆ دانراوە بەڵام تەقدیر کردنەکە ئەوانە هەمووی بۆ حاکم دانراوە.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمووی بۆی بەجێ بهێڵدرێ لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە چاکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،فەرموو جەنابت بیخوێنەوە بۆ ئەوەی زیاتر رونی کەیەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ناوەڕۆکی ماددەکە هەیە لە قانونی باری کەسایەتی دەخوێنمەوە،نهائییەن تەنها پارەکەی گۆڕانکاری تێدا کرایە ماوەکەی لەگەڵ ماوە. (اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من جراء ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب وحالته المالية ودرجة تعسفه يقدر جملةً على ان لاتقل نفقتها عن سنتين علاوة على حقوقها الثابتة الاخرى.)لێرە نوسراوە (نفقتها على أن لاتتجاوز عن سنتين) ئێمە کردومانەتە(لاتقل عن سنتين) دوو ساڵ نەفەقەی بداتێ مادام موتەعسفە لە تەلاقدانەکەی تەنیا ئەو جیاوازیە هەیەو هیچی تر حەدی ئەعلایەکەش لەسێ ساڵ زیاتر نەبێ بۆ ئەوەی کراوە نەبێت بۆ حاکمی ئەویش(٩ـ١٠)ساڵ دابنێ قەرار بدات بڵێ ١٠ ساڵ نەفەقەی بداتێ، دوو ساڵ کەمتر نەبێ و لە سێ ساڵیش زیاتر نەبێت،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسین، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابی بەڕێز کاکەڕەش روونی کردەوە تەنها جیاوازییەکە لەناو ماددەکەدا ئەوەیە رادەی «٢» ساڵ دانراوە، لە جیاتی ئەو دوو ساڵە رادەی نزمی دوو ساڵ دانراوە، رادەی بەرزتریش «٣»

ساڵ دانراوە، ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکی تیادا نییە و، لەگەڵ بارودۆخی ئیمڕۆشدا دەگونجێت، چونکە حاڵەتێکی تەعەسوفییە و، ئەمەش بۆ پاراستنی مافی ئافرەتە و ڕێزلێنانیشە لە ئافرەتانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماددەی یەکەم تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

١- اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من جراء ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب وحالته المالية ودرجة تعسفه يقدر جمعاً على ان لاتقل نفقتها لمدة سنتين ولا تزيد على ثلاث سنوات علاوة على حقوقها الثابتة الاخرى.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ڕووی زمانەوانییەوە دەڵێم (تقل او لا تقل) پێویستە لەگەڵیدا وشەی «عن» بەکار بێت، هەروەها وشەی (يزيد او لا يزيد)یش پێویستە وشەی «على»ی لەگەڵدا بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هیچ تێبینییەکم لەسەر ئەم ماددەیە نییە، تەنها لێرەدا هەندێ ڕوونکردنەوەم پێویستە، ئەویش کە دەڵێت: (ضرر من جراء ذلک تحكم المحكمه بطلب منها)، من وا تێدەگەم کەوا دادگاش داوای ژنی دەسلێبەردراو دەکات، لێرەدا ئەگەر بوترێت (تحكم المحكمه بطلب منها لتقديم شكوى بتعويض يتناسب حالتها الماديه)، جا لێرەدا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ئەگەر ئافرەتەکە داوا لە دادگا نەکات، دادگا پەیوەندی بە مەسەلەوە نییە، دەبێت لەسەر داواکاری ئافرەتەکە بێت، ئەوە زۆر ڕوونە، هەروەها لە یاسای باری کەسایەتیدا زۆر بە ڕوونی باس کراوە، کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د.لەتیف مەحمود ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، بەڵام هەندێ تێبینیم لەسەر داڕشتنی پرۆژەکە هەیە، (بتعویض یتناسب والحالة المالية) ئەگەر بکرێتە (وحالته المالية) چاکترە، پاشان دەڵێت:(يقدر جمعاً على ان لاتقل نفقتها لمدة سنتين )بە رای من ئەم داڕشتنە ئامانجەکەی بە باشی ناپێکێ و، ئەگەر بکرێتە (يقدر جمع على ان لاتقل عن نفقتها لسنتين ) باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محەمەد رەشید زنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو « ثلاث سنوات»ە باش نییە، چونکە لێرە لای من لە پرۆژەکەدا ئەو «ثلاث سنوات»ەی تێدا نییە، جا ئەگەر وەکو خۆی لێ بکرێتەوە و «علی ان لاتقل نفقتها لمده سنتين» بمێنیت و ئەوی تر بهێڵرێتەوە بۆ دادوەر، بەڵکو زوڵمەکە زۆر گەورە بوو، ئەو کاتە دادوەر خۆی بڕیاری لەسەر ئەدات کەوا چەند دانێ، بۆ ئێمە بیبەستینەوە بە «٣» ساڵ، لەبەر ئەوە ئێمە نزمترین رادە دادەنێین و ئەوی تر دانرێت بۆ دادگا و، من پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەمە هەڵەی چاپە لە بنەڕەتدا ئەمەی نەخراوەتە سەر، ئەوان لە کاتی گفتوگۆ کردندا تەنها داوایان کردووە رادەی نزمی دیاری بکرێت، چونکە لەبەر هەندێ هۆ رادەی نزمی کەمە و لە بەرژەوەندی ئافرەتەکەدا نییە، جا بۆیە ئەم داوایەیان کردووە، بەڕێز مامۆستا مەلا تاهە فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهە محەمەد تاهە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، بەڵام بە مەرجێک ئەو تەقدیرە نەبێت، بەڵکو هەموو شتێک بخرێتە پێش دەست دادوەر، لە رووی شەرعەوە دادوەر بەرپرسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شێخ موحسن فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالید مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئەوە بوو کە بەڕیز کاک عبدالخالق باسی کرد، چونکە ئەو کەسانەی کە نەفەقەیان دەکەوێت لەوانەیە ئەو «٣» ساڵە کەم بێت بۆیان و زوڵمێک بێت لێیان دەکرێت، جا ئەگەر ئەوە

بهێڵرێتەوە بۆ دادوەر زۆر باشترە، چونکە ئەو کاتە ئەو خۆی تەقدیری دەکات کە چەند بێت بە گوێرەی بارودۆخەکەی، بۆ هەندێکیش لەوانەیە زوڵم بێت بەرامبەر بە پیاوەکە کەوا لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت، بۆیە بە رای شەریعەتی ئیسلامی لە هەموو کاتێکدا هێڵراوەتەوە بۆ رای دادوەر، چونکە حوکمی دادوەر کۆتایی بە ناکۆکییەکە دێنێ، جا لەبەر ئەوە دادوەر وەکیلی جێبەجێ کردنی دادوەرییە، بۆیە ئەبێت ئێمە پشت تەنها بە رای دادوەر ببەستین ئەویش بۆ هەردوو حاڵەتەکە چ رادەی نزمی بێت و، چ رادەی بەرزی، با ئەو خۆی تەماشای لایەنەکانی بابەتەکە بکات و، ئەتوانێت چەند جارێک ببهێنێت و ببیات، تاوەکو بڕیاری لەسەر ئەدات، پاشان بڕیارەکەی بڕیارێکی رێکوپێک دەبێت و شەرعیش پێی رازی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە بەراستی رای لیژنەی ئەوقاف بوو، بە ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری ئەوقاف و دادیش، هەروەها کاک شێروانیشمان لەگەڵ بوو تاوەکو رادەیەکیش ئەویش لەگەڵ رای ئێمە بوو، ئەویش ئەوە بوو کەوا بوار بە دادوەر بدرێت کە ئەو ماوەیە دیاری بکات، دیاری کردنی ساڵ، یاخود دیاری کردنی نەفەقە بە ساڵ نەبێت و نەکرێت بە یاسا و، دادوەر نەتوانێت لێی دەرچێت، بەڵکو بهێڵرێتەوە بۆ رای دادوەر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی رای خۆمان لایە و، من پشتگیریم لە رای ئەوان نەکردووە لەو دانیشتنەدا، چونکە لە یاسا بنەڕەتییەکەدا دانراوە کەوا رادەکە نابێت لە «٢» ساڵ کەمتربێت، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی وامان بە باش زانی کە بەرزترین رادەی بۆ دانەین کە ئەویش «٣» ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــەد تاهیـــر زین العـــابدین:**

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێمە ئێستا رامان زۆر دژ نییە لەگەڵ رای لیژنەی ئەوقاف لەسەر مەسەلەی «تعسف»، بەڵام ئەگەر بوارم پێ بدەن هەندێ روون کردنەوە بکەم لەسەر ئەم بابەتە، «تعسف» لە شەریعەتدا ئەوە دەگرێتەوە (إساءة استعمال الحق بحيث يؤدي الى الحاق الضرر بالغير)واتا ئەگەر پیاوەکە دەستبەرداری ژنەکەی بوو بۆ ئەوەی زیان بە ژنەکەی بگەیەنێت، لەشەرعی ئیسلامدا دوو جۆر «تعسف» هەیە، یەکەمیان لە کاتی نەخۆشی و مردندا و لە حاڵەتی کەوا «هلاک»ی تیادا زاڵ بێت، ئەوکاتە هەرچەندە دەستبەرداری ژنەکەی بوو ژنەکە لە هەموو ماڵی پیاوەکەدا بەشی دەکەوێت، چونکە شەرع ئەم حاڵەتەی بە حاڵەتێکی «تعسف»ی داناوە، پێشنیاریش دەکەم کەوا مەسەلەی «تعسف» لە ماددەی یەکەمدا بۆ ئافرەتان تۆمار بکرێت، ئەمە یەکەم، دووەم ئەگەر پیاوەکە دەسبەرداری ژنەکەی بوو لە خۆڕایی وتەنها بۆ ئەوە بوو کە زیان بە ئافرەتەکە بگەیەنێت، ئەوە مافی خۆیەتی لە رووی شەرعەوە ئەو مافەی پێ بدرێت، چونکە ئافرەتەکە لەو حاڵەتەدا زوڵم لێ کراوە و، دەبێت ئەو زوڵمەی بۆ قەرەبوو بکرێتەوە، هەروەها لە رووی مەزهەبی شافعیدا هەر ئافرەتێک کە دەرستبەردار بوو جا مێردەکەی «متعسف» بێت، یاخود نە بە پێی ئەو ئایەتە پیرۆزە( وللمطلقات متاع بالمعروف حق على المتقين) ، واتا ئەگەر «تعسف»یش نەبێت ئافرەتەکە ئەو مافەی هەر هەیە، من بە تەواوەتی پشتگیری لە پرۆژەکە دەکەم و لە جێگای خۆیەتی، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدام کەوا بەرزترین رادەشی بۆ دابنرێت، لەبەر ئەوەی نزمترین رادەی بۆ دیاری کراوە، هەروەها بەرزترین رادەشی بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غـــــەفـــــور رەمـــــەزان:**

**بەڕێز ســـــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

وابزانم لە یاسا بنەڕەتییەکەدا کە ئێمە دەمانەوێت هەمواری بکەین، هەر لەوێدا غەدرێکی گەورە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت، لەوێ بەرزترین رادە دانراوە کە «٢»ساڵە، بەڵام کەمترین رادەی دانەناوە، بەڵکو پیاوەکە دەتوانێت بۆ ماوەی «١٠» رۆژ نەفەقەی ژنەکە بدات، جا بۆ دیاری کردنی نزمترین رادە شتێکی زۆر پێویستە، جا سەبارەت بە «٣» ساڵەکە ئەگەر بە کەمی دادەنێن، ئەوە دەتوانن زیاتری کەن، بەڵام بە رای من رادەکە زۆر بە دادوەریيانە دانراوە کە لە نێوان «٢» ساڵ تاوەکو «٣» ساڵە، مەبەستەکەش ئەوەیە کە نزمترین رادە دانرێت کە لە «٢» ساڵ کەمتر نەبێت و، ئێمە لەگەڵ پرۆژەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا بوار بەو کەسانە دەدەین کە قسەیان نەکردووە، هەر کێ دەیەوێت قسە بکات با دەستی بەرزکاتەوە تاوەکو ناونووسی بکەین، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسا هەمیشە دیاری دەکات، منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاساییم کەوا نزمترین رادەی «٢» ساڵ بێت و، بەرزترین رادەش «٣» ساڵ دانرێت، چونکە ئەگەر مەسەلەکە بۆ تەقدیری دادوەر دابنرێت ئەوە بە رای من شتێکی باش نییە، بەڵام ئەگەر یاساکەی لەبەر دەستدا بێت و، بەرزترین و نزمترین رادەی بۆ دیاری کرابێت، زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی، وەکو نزمترین رادە دیاری کراوە، بەرزترین رادەش دیاری بکرێت، ئایا هیچ کاریگەرییەکی دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای منیش ئەگەر نزمترین و بەرزترین رادە دیاری نەکرێت، باشتر بێت، چونکە ئێمە دەڵێین ئافرەتەکە دوو سێ ساڵێک چاوەڕوانی نەفەقە بکات، پاشان شوو بکات، لەوانەیە لەو کاتەدا ئەو مافەی نەمێنێت، ئەو کاتە لەبەر ئەوەی مێردەکەی نەفەقەی ئەدات نابێت شوو بکاتەوە، جا ئەو کاتە ئەبێت بە زوڵمێک بەرامبەر بەو ئافرەتە، جا ئەگەر ئەوە بخرێتە دەستی دادوەر کەوا بڕیار بدات تاوەکو چەند نەفەقەی بداتێ ، لەوە باشترە کەوا دیاری بکرێت بە یاسا کە چەند ساڵ بێت، چونکە لەوانەیە بۆ ماوەی «٥»ساڵ مافی نەفەقەی هەبێت، لەوانەشە شایەنی ئەوە بێت کە تاوەکو دەژیت ئەو پیاوە نەفەقەی بدات، ئەگەر بکرێت بابەتەکە بە ئازادی بۆ رای دادوەر دابنرێت و دیاری نەکرێت بە رای من زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام ئەمە ئەو نەفەقەیە نییە کە جەنابت باسی دەکەی، بەڵکو ئەم نەفەقەیە وەکو

قەرەبووی «تعسف» وایە، جگە لە نەفەقەی تر کە بۆ ئافرەت دادەنرێت تاوەکو شوو دەکات، بەڵکو ئەمە دوو شتی جیاوازە، فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی و پاشەکی یاخود مارەیی و قەرەبوودانەوەی ئافرەت هەمووی هەیە، بەڵام وشەی نەفەقە بە نەفەقە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا تەنها بەرزترین ڕادە دیاری دەکرێت، بە ڕای من با تەنها بەرزترین ڕادەی دیاری بکرێت ئەویش لە «٣» ساڵ زیاتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی شەفیقە خان کە دەڵێت بەرزترین ڕادەی نەبێت، بە ڕای ئێمە هەبێت باشترە، چونکە پابەند بین بە دەقێک لە یاسادا، ڕێزم هەیە بۆ دادگا، بەڵام هەموو شتێک نابێت بۆ دادوەر بهێڵرێتەوە، نەوەکو ئارەزووی خۆی بەکار بێنێت، یاخود واستە تیایدا بکار بێت، جا لەبەر ئەوە پێمان باش بوو کەوا ڕادەکان دیاری بکرێن، سەبارەت بە قسەکانی شێخ یەحیا ئەوە زیاتر لە ئەنجامی «تعسف»دا بەکار هاتووە، ئەگەر پیاوێک هەر لە خۆڕایی دەسبەرداری ژنەکەی خۆی بێت، ئەو نەفەقەیە شتێکی ئیزافییە کە لێی وەردەگیرێت، واتا مافەکانی تری هەمووی پارێزراوە لەگەڵ ئەوە ئەو «٢» ساڵەش دەبێت نەفەقەی بدرێتێ، لەبەر ئەوەی دەسبەرداری ئەو ژنە بووە لە خۆڕایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ماددەکە جارێکی تر دەخوێنینەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا ماددەکە بە هەموو هەموارکردنەوەکانیەوە دەخوێنمەوە.

١ـ اذا طلق الزوج زوجته وتبين للمحكمة ان الزوج متعسف في طلاقها وان الزوجة اصابها ضرر من جراء ذلك تحكم المحكمة بطلب منها على مطلقها بتعويض يتناسب وحالته المالية ودرجة تعسفه يقدر جملة على ان لاتقل نفقتها لمدة سنتين ولا تزيد على ثلاث سنوات علاوة على حقوقها الثابتة الاخرى.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی یەكەم بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەكەم پەسەند كرا، دێینە سەر ماددەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

٢ـ لایعملّ باي نص یتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینییەك نییە لەسەر ماددەی دووەم؟، نییە، كەواتە دەیخەنە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ماددەی دووەمە بەو شێوەیەی كە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ تەنها «٣» دەنگ پەسەندی ناكات، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین ،دێینە سەر ماددەی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

٣ـ على مجلس الوزراء تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ ماددەی سێیەم پەسەند دەكات؟..سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ماددەی چوارەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

٤ـ ینفذ هذا القراراعتباراً من تاریخ نشره في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند كرا، ئێستا پرۆژەكە هەمووی ئەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ هەموو پرۆژەكەیە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟، بە زۆرینەی دەنگ پرۆژەكە پەسەند كرا، سوپاستان دەكەین، دێینە سەر پرۆژەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پڕۆژەی چوارەم، پڕۆژەی دیدەنی منداڵ لەلایەن دایک و باوکانەوە و، لەکار خستنی بڕیاری ژمارە «٢١١»ی ساڵی ١٩٨٤.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

قرار

أستناداً الى أحكام الفقرة(١) من الماده(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل و بناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقده بتاريخ / / اصدار القرار الاتي:

١ـ يوقف العمل بقرار مجلس قيادة الثورة رقم(٢١١)لسنة ١٩٨٤.

٢ـ تكون مشاهدة احد الوالدين ولده بمقتضى الحكم الصادر من محكمة الاحوال الشخصية في المحل الذي يتفق عليه الطرفان وان تعذر ذلك يحدد بقرار من منفذ العدل في البلدة التي يقيم فيها الولد مع حاضنته.

٣ـ لايعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

٤ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

٥ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە هیچ لاریمان لەسەر پڕۆژەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان فەرموو.

**بەڕێز فـــــەوزیـە عـــــزالـدین ڕەشـــــــیـــــــد:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ڕای لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت لەگەڵ پرۆژەکەداین،سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بـەڕێـز شــــــــەفـــــــیـق ئـەمـین:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی کۆمەلایەتی هیچ لاریمان نییە لەسەر پرۆژەکە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی ئەوقاف، فەرموو.

**بـەڕێـز مــەلامــوحــسن خــالیــد مــوفــتی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف ئەو پرۆژەیەمانە بەلاوە پەسەندە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سوپاس، ئێستا ماددەی یەکەم بخوێننەوە تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بـەڕێـز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

١- یوقف العمل بقرار مجلس قیادة الثورة رقم(٢١١)لسنة ١٩٨٤.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کەواتە ماددەی یەکەم ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە گشتی دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی دووەم فەرموو.

**بـەڕێـز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

٢- تکون مشاهدة احد الوالدین ولده بمقتضی الحکم الصادر من محکمة الاحوال الشخصیة في المحل الذي یتفق علیه الطرفان وان تعذر ذلك یحدد بقرار من منفذ العدل في البلدة التي یقیم فیها الولد مع حاضنته.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی لە یاسادا وابوو کە دایک و باوک جیا دەبوونەوە منداڵەکانیان لە بارەگای «أتحاد نساء العراق» دەبینی، ئێمەش دەبینین کەوا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان تاکە نوێنەری راستەقینەی ئافرەتی کوردە ئەویش لەبەر ئەوەی خەبات و مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، ئەگەر لەوێدا یەکتر ببینن باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من زەهراخان کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێت: (بقرار من منفذ العدل فی البلده) بە رای من ئەمە جێگایەکی نەگونجاوە بۆ منداڵ، چونکە ئەو جێگایە خەڵکانێکی خاوەن کێشەی تیادایە، منداڵ کە دەیەوێت دایک، یا باوکی ببینێ، پێویستی بە جێگایەکی هێمن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە سۆز و میهریاندا تێر بێت، یاخود بەهەر شێوەیەکی تر بێت ماوەکەی بەسەر بەرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من «منفذ العدل» جێگاکە دیاری بکات باشترە لەوەی کە ئێمە جێگاکە دیاری بکەین، هەر وەکو ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەفیقە خان وابزانم وا تێگەیشتووە کە چاوپێکەوتنەکە لەلای «منفذ العدل» دەبێت، بەڵکو لەلای «منفذ العدل » نابێت بەڵکو بە رای ئەو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی زەهراخان کە دەڵێت با یەکتر لە بارەگای یەکێتی ئافرەتان ببینن، لەگەڵ ڕێزم بۆ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئێمە بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئافرەتانیان دادەنێین، بەڵام لەوانەیە هەندێ کێشە روو بدات، لەوانەیە هەندێ کەس نەیەوێت بچێتە ئەوێ، ئەو کاتە کێشە بۆ دادگاو بڕیارەکانی دادگا دروست دەبێت، جا لەبەر ئەوە ئێمە ئەو دوو حاڵەتەمانە پێشنیار کردووە، کە یان خۆیان جیگاکە دیاری کەن، جا هەر کوێیەک دیاری دەکەن ئەوە بە هەوەسی خۆیانە و، ئەگەریش ڕێک نەکەوتن ئەو کاتە بڕیارەکە ئەدرێت بە «منفذ العدل»و ئەو جێگاکە دیاری بکات و، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیارەکەی دەتوانرێت توانجی لێ بگیرێت، ئەگەر هەر لایەنێک لە لایەنەکان ڕازی نەبوو بەو جێگایەی کە منفزی عدلی دیاری کردووە، جا لەبەر ئەوەی نەڵێین بەزۆر جێگایەکیان بەسەرماندا سەپان، بەڵکو بە خەڵکەکە بە ئارەزووی خۆیان جێگاکە دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر هەیە، کەواتە جارێکی تر ماددەکە بخوێنرێتەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

٢ـ تكون مشاهدة احد الوالدين ولده بمقتضى الحكم الصادر من محكمة الاحوال الشخصية في المحل الذي يتفق عليه الطرفان وان تعذر ذلك يحدد بقرار من منفذ العدل في البلدة التي يقيم فيها الولد مع حاضنته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە؟..سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن؟.. ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز شــــــێـــــــروان نــاصـح حـــــــەیدەری:**

٣ـ لا یعمل بأي نص یتعارض وأحکام هذا القرار.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی سێیەمدایە ؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە تێکڕای دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا، ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز شــــــێـــــــروان نــاصـح حـــــــەیدەری:**

٤ـ علی مجلس الوزراء تنفیذ أحکام هذا القرار.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی چوارەم؟، نییە، کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز شــــــێـــــــروان نــاصـح حـــــــەیدەری:**

٥ـ ینفذ هذا القرار أعتبارا من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

تکایە ئەوەی ئەم ماددەیە پەسەند دەکات دەستی بەرزکاتەوە؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی پێنجەمیش پەسەند کرا، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە هەموو بڕیارەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە؟..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، ئێستا پشوویەک دەدەین بۆ نان خواردن پاشان درێژە بە دانیشتنەکەمان دەدەین.

پشوودان.........

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

دانیشتنی ژمارە «١٦»مان درێژە پێ دەدەین، کاک شێروان فەرموو پرۆژەی ژمارە «٥» بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شــــــێـــــــروان نــاصـح حـــــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

خاڵی پێنجەمی بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان ئەوەیە هەموار کردنی بڕگە «١»ی ماددە «٣٧٧» لە یاسای سزاکانی ژمارە «١١١»ی ساڵی ١٩٦٩یە.

بسم الله الرحمن الرحيم
بأسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستاني العراق
رقم القرار:
تاريخ القرار:

قرار

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

القانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:
يوقف العمل في اقليم كوردستان بالفقرة(٢)من المادة(٣٧٧) من قانون العقوبات رقم(١١١)لسنة ١٩٦٩المعدل.
المادة الثانية:
يكون الزوج الزاني ومن زنا بها مشمولين بالعقوبة الواردة في الفقرة(١)من المادة(٣٧٧)من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل.
المادة الثالثة:
على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الرابعة:
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
ئێمە وەكو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر پرۆژەكە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
سوپاس، ڕای لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لاریمان لە پرۆژەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پرۆژەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئەوقاف فەرموو.

**بەڕێز موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف ئەو پرۆژەیەمان بەلاوە پەسەندە، چونکە خوای گەورە لە زۆربەی ئایەتە پیرۆزەکانیدا دەفەرموویت، چەند پیاو لەسەر تاوانی «زنا» سزا ئەدریت ئەوەندەش ئافرەت ئەبێت سزا بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە ماددەی یەکەم بخوێننەوە، تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولی:

یوقف العمل في اقلیم کوردستان بالفقرة(٢)من المادة(٣٧٧) من قانون العقوبات رقم(١١١)لسنة ١٩٦٩المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناونوسیان بکەین، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نییە، بەڵام ئەگەر هەندێ روونکردنەوەمان بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی «٣٧٧» بڕگە «١» دەڵێت: (یعاقب بالحبس الزوج الزاني ومن زنا بها ویفرض على الزاني بقیام الزوجیة ما لم یثبت من جانبه أنه لم یکن في حالة بمقدوره العلم بها)، بڕگە«٢»ی کە لە پرۆژەکەی ئێمەدا ڕاگیراوە، (ویعاقب بالعقوبة ذاتها الزوج إذا زنا بها في منزل الزوجیة)، بە ڕای ئێمە تەنها «منزل الزوجیە» نەبێت، بەڵکو هەر جێگایەکی تریش بێت هەمان سزا دەیگرێتەوە، چونکە ژن لە هەر جێگایەک بێت کە خیانەی کرد لە مێردەکەی ئەوە سزا دەیگرێتەوە، هەروەها دەبێت پیاوەکەش لە هەر جێگایەک خیانەی کرد بە هەمان شێوە سزا بیگرێتەوە، بۆیە بڕگەی «٢»مان ڕاگرت، چونکە تەنها «منزل الزوجیە» دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلاموحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تۆڵەیە، شتێکی زۆر باشە، بەڵام تۆڵە سەندنەوەکە چۆن دیاری کراوە، ئایا جیاوازی کراوە لە نێوان «زاني محصن» و «زاني غیر محصن»؟، چونکە ئەگەر یەکێک خێزانی هەبێت و زنا بکات ئەوە بە پێی یاسای خوا سزاکەی بەردباران کردنە، بەڵام ئەگەر ژنی نەبێت و زنا بکات ئەوە سزاکەی «حد»ە، ئایا لە یاساشدا ئەوە دیاری کراوە، یاخود نە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرۆژەکە دەسکاری یاسای سزادانی نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەو سزایەی بۆ پیاو هەیە، هەمان سزاشی بۆ ئافرەت داناوە، لێرە دەسکاری سزاکەمان نەکردووە، بەڵکو تەنها سزاکە بە یەکسانی بە سەر هەردوو لادا دەسەپێنرێت، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سزای داوێن پیسی لە ماددە «٣٧٧»دا سزایەکی وەزعییە، نەوەکو سزایەک لە فیقهی ئیسلامەوە وەرگیرابێت، زۆر پەسەندە کە پیاو و ئافرەت هەمان سزا بدرێت، هەروەها لێرەدا باسی «زوجیە» دەکات کەواتە هەردووکیان «محصن»ن، باسی «غیر محصن»ی هەر تیادا نییە، بۆیە باشتر وایە کە «منزل الزوجیە» بەلاوە بنرێت و، بەم شێوەیە دابڕێژنەوە، (یعاقب الزوج الزاني و من زنا بها

بالعقوبة الواردة في الفقرة «١» من المادة «٣٧٧»)، پێموایە ئەم شێوەیە پەسەند ترە، بەلاشمەوە رەوایە کە مادده «٤٠٩» هەمان سزاکەی یەکسان بکرێت بۆ هەردوو لا، ئەمە لە یاسای سزاکانی عێراقیدا هاتووە و، سزایەکی خوایی نییە، هەندێ قسەی ئافرەتان هەیە کەوا زاڵە بەسەر ئەم ماددەیەدا، ئەویش ئەوەی کە یاسا پیاو دایدەنێ، کە پیاویش داینا هەڵبەتە لایەنی خۆی زیاتر ئەگرێت، بەڵام بەلای ئیسلامەوە ژن و پیاو یەکسانن و هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە، تەنها لە هەندێ شتی لەش و توانا و قودرەتا نەبێت، کە ئەو جیاوازییەش لە نێوان نێر و مێی هەموو گیان لەبەرەێکدا هەیە، نەوەکو تەنها مرۆڤ، خوای گەورە دەفەرموێت:( أنـي جاعل في الارض خليفة) جێنشینی خوا ژن و پیاو هەردووکیانن نەوەک پیاو بەتەنها، ژنیش جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، هەروەها دەفەرموێت:(ولقد كرمنا بني آدم) لێرەش بەنی ئادەم ژن و پیاو دەگرێتەوە، جا شعرێکی عەرەبی هەیە دەڵێ:(فلو كانت النساء كما ذكرنا لفضلت النساء على الرجال فلا التأنيث للشمس عارٌ و لا التذكير فضلٌ للهلال)، ئافرەت و پیاو لە رووی مرۆڤایەتی و سزادان و ئاین و ئیسلامەتییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، جا من لەگەڵ ئەوەدام کەوا ئەو برگەیە رابگیرێت و، لە هەر جێگایەکدا کە سزا قورس دەکات، یا سووک دەکات لە هەر جێگایەک بێت لە یاسای سزاکانی عێراقیدا یەکسان کرێت بۆ ژن و پیاو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا چییە لەسەر ئەو داڕشتنەی مامۆستا مەلا تاهیر؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لارێمان نییە لە گۆڕینی ئەم داڕشتنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا جارێکی تر ماددەی یەکەم بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولى:

يوقف العمل في اقليم كوردستان بالفقرة(٢)من المادة(٣٧٧) من قانون العقوبات رقم(١١١)لسنة ١٩٦٩المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکەمە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بەگشتی دەنگ ماددەی یەکەم پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الثانية:

يعاقب الزوج الزاني و من زنا بها بالعقوبة الواردة في الفقرة(١)من المادة(٣٧٧)من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ نییە، کێ ماددەی دووەم پەسەند دەکات؟..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی سێیەم؟، نییە، کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ ماددەی سێیەم پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ ماددەی سێیەم پەسەند کرا، ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی چوارەم؟ نییە، کێ لەگەڵ ماددەی چوارەمە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە گشتی دەنگ ماددەی چوارەم پەسەند کرا، ئێستا یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو یاساکەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەگشتی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، دێینە سەر پرۆژەی شەشەم، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پرۆژەی شەشەم پرۆژەی(ڕاگرتنی) یاسای ژمارە ١٨٩ ساڵ ١٩٨٠ کە تایبەتە بەمۆڵەتدان بە ژن هێنانی دووەم بێ ئاگاداری دادگا گەر ئافرەتەکە بێوە ژن بوو.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:
تأريخ القرار:

قرار

استنادا الى الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني رقم (١)لسنة١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

القانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:
ايقاف العمل بالقرار رقم (١٨٩)لسنة١٩٨٠الخاص بجوازالزواج من الثانية دون اذن من المحكمة اذا كانت ارملة.

المادة الثانية:
على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:
ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، رای لیژنەی یاسا، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە هیچ لاریمان نیبیە لەسەر پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، رای لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لێرە کاک شێروان بە یاسا خوێندیەوە کە خۆی بڕیارە، ئێمەش لەگەڵ پرۆژەکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، رای لیژنەی کۆمەڵایەتی، فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمەش لەگەڵ پرۆژەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئەوقاف، فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسن خالد موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان وایە کە ئەو یاسایە چۆن لە یاسای باری کەسایەتیدا هاتووە، هەر وا بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر بگەڕێتەوە سەر یاسا بنەڕەتییەکە، یاساکە خۆی بەشێوەیەک دارێژراوە کە گونجاو نییە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا، ئەم بڕیارە هەرکەسێک دەری کردبێت وەکو بڕیارێک دەری کردووە کە لە بەرژەوەندی ئافرەتایە، بەتایبەتی ئافرەتی بێوەژن کە مافێکی ئاسایی و مەشروعی خۆیەتی کە ئەوانیش مافێکی تایبەتی خۆیان هەبێت، لە روانگەی مافی ئافرەتەوە ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف ئەو رایەمان داوە، چونکە ئیسلام کە باسی ئەوە ئەکات کە چەند بەرگری لە مافی ئافرەت دەکات، ئەوەندەش بەرگری لە مافی ئافرەتی بێوەژن دەکات، کە کەسێک لێی نەپرسێتەوە، ئەگەر پیاوێک خاوەن دەسەڵات بێت و بەپێی شەرع بتوانێت رەچاوی بکات و بەرێکوپێکی لەگەڵیدا بجووڵێتەوە، لەو میحنەتە رزگاری بکات، کە شەریعەت رێگای پێداوە بیهێنێت، وابزانم ئەوەیان زیاتر گونجاوە لەگەڵ مافی ئەو ئافرەتە، نەک لەگەڵ ئەوەی کە رێگای لێ بگریت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بڕیارە هەر بواری گفتوگۆ کردنی تیادا نییە، چونکە ئێمە یاسایەکمان دەرکردووە کە تیایدا بەرگریمان کردووە لە ژنی دووەم و سزامان لەسەر داناوە، لەبەر ئەوە ئەڵێین هەر دەقێک دژ بێت لەگەڵ ئەم بڕیارەدا، بەڵام بۆ سەلامەتی بابەتەکە ئەوە هەڵدەوەشێنینەوە، ئەگەر سبەی یاسایەک دانرا کە ژنی دووەمی قەدەغە کرد و، سزای بۆ دانرا، ئەوە دەگرێتەوە کە هەر ناتوانێت ژنی دووەم بێنێت، چونکە بە رەهایی هاتووە، جا لەبەر ئەوە دەبێت ئەوە هەڵگیرێت و دەسکاری ماددەکەشمان نەکردووە، تەنها بڕیارێکی ئەنجومەنی شۆڕشی باڵای عێراقییە کە هەندێ بەدەری تیادا بوو و، ئێمەش ئەو بەدەرانەمانە هەڵگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ماددەی یەکەم بخوێننەوە تاوەکو گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصح حــــــەیدەری:**

المادة الاولى:

ایقاف العمل بالقرار رقم (١٨٩)لسنة١٩٨٠الخاص بجوازالزواج من الثانیة دون اذن من المحكمة اذا كانت ارملة.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە تاكو ناونووسیان بكەین. بەڕێز مامۆستا مەلا محمود فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا مـــەحـــمـــود دێرشـــەوی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئەنجـــــومـــــەن.**

لە راستیدا كاتێ ئێوە ئەو پرۆژەیەتان ئاراستەی لیژنەی ئەوقاف كرد، ئێوە پرسیاری رای شەریعەتتان لە ئێمە كردوە،نەک پرسیاری یاسایی، بۆیە لەسەر خۆمان بە فەرز دەبینین كە رای شەرعی نیشان بدەین،نەک رای یاسایی لەبەر ئەوەی ئەگەر رای یاساییتان بویستایە ئەوە بێگومان برادەرانی یاساناس زیاتر ئاگادارن لە ئێمە، بەلام من تێناگەم ئەو بانەک و دوو هەوایە چیە؟ لە لایەک ماددەیەكی سەربەخۆیە تاكو گفتوكۆی لەسەر بكەین، لەلایەكی تر دەڵێ بەسەر چووە و بوورییە و گفتوگۆی پێناوێ، وەكو ئەوەیە دوو برا چووبوونە راوكردن كەروێشكێک و مامزێكیان گرت، برا گەورەكە بە برا بچوكە زەعیفەكەی دەگوت «من زولم ناكەم چ حەز دەكەی مامزەكە بۆ من كەروێشكەكە بۆ تۆ، چ حەز دەكەیت كەروێشكەكە بۆ تۆ مامزەكە بۆ من »، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئەوە حەقی گفتوگۆی نییە ، بەلام ئەگەر رای خۆمان بلێین، رای قازی نە مەرجە و نە روكنە لە نكاحدا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئەنجـــــومـــــەن:**

كاک حاكم سەفەر فەرموو

**بەڕێز ســـەفـــەر مـــحـــەمـــەد حـــســـێن:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە گفتوگۆی یاسای باری كەسی دەكەین كە زۆر احكامی هەیە پەیوەندی هەیە بە زواج، معلومە كە خێزان بنەمای هەر كۆمەڵگایەكە وهەروەها ژن هێنان و شووكردن مافێكی شەرعیە جا چ ئافرەت بێت یان پیاو،من حەز دەكەم ئاماژە بە بابەتێک بدەم كە گرنگە،پەیوەندی هەیە بەو بابەتانە،لەوانەیە دەیان كچ و كوڕ ماون بێ ژن و بێ مێرد ناتوانن ژن بێنن لەبەر كلفەی گران و خەرجی ژن هێنان، زۆر لەوانە تەمەنیان گەیشتۆتە سەرەوەی ٢٥ تاكو ٣٠ساڵی، ئەوەش لەوانەیە كە كێشەیەكی كۆمەلایەتی پەیدا بكات لەوانەشە كێشەی نەتەوەییشی تێدا دروست بێت ،لەراستیدا من بە پێویستی دەزانم كە لە داهاتوودا بیر لە دارشتنی پلانێک بكەینەوە بۆ

بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ توعیە کردنی خەڵک بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە، من لێرە داوا لە یەکێتی زانایانی ئاینی و یەکێتی ئافرەتان و ڕێکخراوەکان وحکومەت دەکەم کە بیرێک لەو کێشەیە بکەنەوە وچارەسەرێکی باش بۆ ئەو بابەتە بدۆزنەوە وەکو دابین کردنی سولفەیەکی زواج بۆ ئەو کەسانەی کە ژن دێنن یان شوو دەکەن یان هەر شتێ کە ئەو کێشەیە کەم دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستیدا ڕێکخستنی ژن هێنان شتێکی زۆر پێویستە، و ئێمە لەگەڵ ئەوەداین لە دادگاکاندا کاروباری ژن هێنان ڕێکبخرێت، بە لامانەوە پەسەندە کە ڕاپۆرتی پزیشکیان لێ وەربگیرێ، لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە ئەگەر گونجاو نەبوون ئەوە ڕێگایان پێ نەدرێت و قازی ئەو مۆڵەتە نەدات، تەنها بەپێی شەرع وەکو مامۆستا فەرمووی، مۆڵەت دانی قازی بۆ ئەو شێوازانەی کە کرداری نکاحی پێ دەکرێ بە پێی شەریعەتی ئیسلام مۆڵەت دانی قازی نە مەرجە و نە روکنە بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی، بەڵام ڕێکخستنی کاروباری ژن هێنان و ژن خواستن پێش ئەوەی کە ئەم کارە ئەنجام بدرێ،ئەگەر لە دەرەوەی دادگاش بڕیاری لەسەر بدرێ وەکو بەیانی باسمان کرد کە لیژنەی تایبەتی بۆ دیاری بکرێ و بەپێی ڕێنمایی پێویست و ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەش اعتباری پێ بکرێ ئینجا مارەکردنەکە بکرێ، لەهەموو حاڵەتەکاندا ئێمە دەڵێین شەریعەتی ئیسلام هەموو کاتێ هەموو بنەمایەکی بردۆتەوە لای قازی تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە مۆڵەت دان و ڕەزامەندی ئەو روکنێک نییە لە شێوازی نکاحەکە و نەمەرجیشە بۆ جێبەجێ کردنی گرێبەندیەکە، بەڵام هەموو ڕێکخستنێکی کاروباری خێزان و مەرجە پێویستیەکانی ئێمەش بەلامانەوە پەسەندە ئەگەر لە ڕاپۆرتەکەش بگوترێ لەگەڵ یەکتر ناگونجێن. لەراستیدا زۆری توخمی ئافرەت لە هەموو جیهاندا شتێکی سروشتی و بەربڵاوە و زاندراویشە، ئەو کارەساتانەی کە لە دنیا ڕوو دەدات زیاتر پیاوان باجەکەی دەدەن، ئیسلام تعددی ژنی نەکردوە بەڵکو تحدیدی تعددی زوجاتی کردوە، بۆیە ئێمە دەڵێین لە ئیسلامدا ئەو حاڵەتە بۆ حاڵەتی زەرورەتە بە ئیباحیەت ماوەتەوە نەک بۆ ئەوەی بڵێین ویستی پێ پەیدا کرابێ یان هانی خەڵک درابێ کە زیاتر لە ژنێکی هەبێ، بۆیە ئەو ایباحیەتە بۆ حاڵەتی تایبەتی و استثنائیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە چاکترە، لەبەر ئەوەی ئافرەتێک مێردێکی هەیەو حەز دەکات ماڵەکەی لێ تێک نەچێ و ژنێکی تری بەسەر نەیەت ئەوە مافێکی شەرعی خۆیەتی، ئیسلام ڕەحم بەوە دەکات هەروەها ڕەحمیش بەو ئافرەتە دەکات کە بێوەژنە و کەس لێی ناپرسێتەوە، بۆ هەندێ حاڵەتی تایبەتی ئیسلام بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەگەر یەکێ

لەرووی ڕێز و تقدیرەوە ویستی بیخاتە ژێر سایەو و عەطفی خۆیەوە نابێ کەسێ وای تێبگات کە ئەمە دەستدرێژیە بۆ سەر ئافرەت یان مافەکانی، بەڵکو ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لەو ئافرەتەی کە بە لێقەوماوی ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ کەسێ ناتوانێ وەکو مێردێک سەرپەرشتیاری ئەو ئافرەتە بکات کە لە ماڵی خۆی دەمێنێتەوە، بۆیە لە حاڵەتی پێویست ئەو فرە ژنیە شتێکی پەسەندە و شتێکی شیاوە، بۆیە ئێمە رامان وایە کە ئەو یاسایە وەکو خۆی بمێنێتەوە چونکە بەرژەوەندی زیاتری توێژی ئافرەتانی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فرسەت بەدواداچوونی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای پرۆژەکە بکەین ، وا دیار نییە کە زیاتر لە ژنێکیان قەدەغە کردبێ یان قەدەغەی شووکردنی بێوەژنێکیان کردبێ، تەنها حاڵەتەکەی ڕێکخستووە، دوو حاڵەتمان لە پێشە، خێزانێک دروست کراوە دوور نییە ماڵ و منداڵی هەبێ و مافێکی مکتسبیشیان هەیە، پرۆژەیەکی ترمان هەیە هی زواجە هێشتا تەواو نەبووە و لەبەر دەست دایە، لێرە ئەگەر ئێمە مافی هەردوو لایان بپارێزین و بەرای من ئێمە ئەگەر مافی ئەو خێزانە بپارێزین کە دروست بووە منداڵیشیان هەیە باشترە لەوەی کە مافی کەسێ باشتر بڵێین ژنی دووەم بپارێزین کە هێشتان هەر پرۆژیە وخێزانی دروست نەکردووە ئەوە لەلایەک، لەلایەکی تر ژن هێنان بە مەرج ڕێک دەخرێ ڕاستە ڕای قازی روکن نییە لە گرێبەندی ژن هێنان منیش لەگەڵ ئەوەم، بەڵام کۆمەڵێ مەرج هەیە بۆ ژن هێنانی دووەم، ١ـ کفایەتی دارایی،٢ـ بەرژەوەندی مشروع ،٣ـ دەستەبەرکردنی دادپەروەری لەنێوان ئەو دوو ژنە یان زیاتریان.کێ لەو مەرجانە دەپێچێتەوە؟ نابێت پیاوەکە بیکات، لەبەر ئەوەی لە یەک کاتدا دەبێتە خسم و ناوبژیوان، ئەوەش وارد نییە لەبەر ئەوەی پیاو نابێ ناوبژیوان بێت و تقیمی خۆی بکات و تاکو بزانێ ئەو مەرجانەی تێدایە و لە هەمان کاتیشدا خسم بێت، لەبەر ئەوە بە رای من باشترین لایەن کە تقیمی ئەو مەرجانە بکات وتحقق لە ڕاستی ئەو مەرجانە بکات، قازییە، ئەگەر هەڵە نەبم (شەرعا و قانونا ) لەیاسای داندراویش وایە و لە شەریعەتی ئاسمانیش وایە، خواش و دانەری یاساکانیش گرنگیەکی زۆریان بە قازی داوە کە توخمێکی بێلایەن و پاکە لەو بابەتانەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجب شـــــەعـــــبـــــان تـەیب:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر بوار هەبێ لەلایەنی کۆمەلایەتیەوە سەرنجی ئەو بابەتە بدەین، میللەتی کورد توشی گەلێ کارەسات هاتووە و زۆر هێرشی کراوەتە سەر، ئەنفالی دیوە و ٨٠٠٠ هەزار بارزانی لێ بزر کرا، سەرجەم میللەتی ئێمە باج دەرەکەیەتی کە زیاتر پیاوان زەرەرمەند ترن تێیدا،لێرە خوانەکات ئەو بڕیارە ببێتە کۆسپێک لە ڕێگای بێوەژنێک کەشوو نەکات، ئەوەش وەکو دەڵێن بەرگریەکە لە مافی ئافرەتان، لەبەر ئەوەی نابێ ئێمە تەنها تەماشای کچان بکەین دەبێ ئێمە تەماشای بێوەژنانیش بکەین، لەوانەیە کەسێ هەبێ بتوانێ ژنێکی بێ مێرد خودان بکات و لەخۆی مارە بکات لەگەڵ ئەویشدا دوو منداڵی ئەویش خودان بکات لە توانایدا هەبێ هەر یەکێکیان لە شوێنێک دانێت، لەوانەیە ئەگەر رای دادگای تێدا بێت و پرسیار لە ژنی یەکەم بکەن و ئەویش بڵێ من رازی نیم ژنی دووەمم بەسەر بێت، بۆیە لێرەدا ئەگەر نەبێتە کۆسپێک ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوە داین، بەڵام ئەگەر ببێتە کۆسپێکیش لەبەر دەم بێوەژنێک تاکو شوو بکات ، وەک ئەوەیە مافێکی ئەومان بزر کرد دبێ،سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عـــــبـــــدالخـــــالـق زەنگـەنـە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر تەماشای ئەو یاسایە بکەین دەبینین لە ساڵی ١٩٨٠دەرچووە، تەنها مێژوەکە بەسە تاکو بزانین بەناو ئەنجومەنی شۆرشی عێراقی بۆ ئەو یاسایەی دەرکردووە، ئەوە لەو رۆژەوە دەرچوو کە شالاوی تهجیر و ترحیلی بە زۆر خەڵک بۆ دەرەوەی شوێنەکانیان کرا، بەتایبەتی کوردە فەیلیەکان و برا شیعەکانمان لە خواروو ناوەراستی عێراق، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارە نەک هەر بڕیارێکی سیاسی بوو بەڵکو بڕیارێکی زۆر تعسوفی و نامرۆڤانە بوو، هەوڵی دەدا تاکو پیاوەکە ترحیل بکات ژنەکەی بێنێتەوە تاکو خەڵکی تر بیخوازێ، لایەنە سیاسیەکەی زۆر گرنگە کە لەبەر چاوی بگرین، دووەمیش وەک چۆن بەڕێز کاکەرەش فەرمووی ئێمە بەیانی لەسەر ئەصلی یاساکە موافقەتمان کرد ئێستا ئەوە دەرئەنجامە، ئێمە نەمان گوتووە کە زیاتر لە ژنێک نییە لە شەریعەت و یاسای عێراق، ئەوە دەڵێ بێوەژن لە دەرەوەی دادگا وئەوە من لایەنی مرۆڤایەتی هیچ تێدا نابینم، لەبەر ئەوەی ئەو پیاوەی ئەو ژنە بخوازێ یان دەبێ زۆر جوان بێت یان سەروەتی هەبێ بۆیە دەیەوێ بیخوازێ، لەبەر ئەوە من زۆر بەپەسەندی دەزانم پەرلەمانی ئێمە ئەو بڕیارەی بەناو ئەنجومەنی شۆرشی عێراقی هەڵبوەشێنێتەوە یان تجمیدی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو بەڕێزان باسیان کرد ئەگەر تەماشای مێژووی ئەو بڕیارە بکەین، لەساڵی ١٩٨٠ دەرچووە نەک تەنها بۆ سەر برا فەیلیەکانمان یان شیعەکانە لە خواروی عێراق بووە، بەڵکو ئەو بڕیارە بۆ شەڕە دۆڕاوەکەی قادسیە بوو، بۆ ئەو کاتە ئامادە کرا لەبەر ئەوەی پێش وەخت دەیزانی کە بێوەژن زۆر دەبێت، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارە دەرچووە، بە رای من ئەوە رێز لینان نییە لە ئافرەتی بێوەژن، بەپێچەوانەوە ئەوە کەم کردنەوەیە لە پلە و پایەی ئافرەتی بێوەژن، چونکە ئافرەتی بێوەژنی بە پلەی دووەم و سێیەم دادەنا، ئەکەر ئەوە رێز لێنان بێت لە ئافرەتی بێوەژن، باشە بۆ رەزامەندی ئافرەتی یەکەم وەرنەگیرێ وەکو جەنابی سکرتێر باسی کرد، بۆچی لە رێگای دادگاوە نەبێت ،بۆ لە رێگەی یاساوە نەبێ؟تاکو ئەو بنەماڵەی یەکەمیش تووشی گرفت نەبن؟ بۆ رەزامەندی ئەو وەرنەگیرێ؟ وەکو باسیش کرا ئێمە سەر لەبەیانی بڕیاری ژمارە یەکمان پەسەند کرد و ئەمەش هەر لەگەڵ ئەو بڕیارەدا یەک دەگرێتەوە، بۆیە بەش بەحاڵی خۆم پەسەندی ئەو پێشنیارە دەکەم و هیوادارم هەموو لایەک ئەو بارە بە ئیجابی وەرگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشی کۆتایی قسەکانی کاک عبدالخالق هەمان بۆچوونی من بوو، کەئێمە بەیانی ئەوەمان تجمید کرد،دەڵێ«تكون عقوبة الحبس مدة لا تقل عن ثلاث سنوات ولا تزيد عن خمس سنوات اذا عقد خارج المحكمة زواجا اخر مع قيام الزوجية» لە برگەی تردا دەڵێ«لا يعمل باي نص يتعارض و احكام هذا القانون» واتا فعلا تجميد بووە و خلاص بووە،تێبینی تر لە هەمان یاسادا، «ايقاف العمل بالقانون رقم ١٨٩لسنة ١٩٨٠» ئەوەی تر شرحە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز زەهراخان فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەگەر بە دواداچوونتان هەبێ.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان لەسەر قسەکەی کاک د. رزگار نییە«ایقاف العمل بالقرار رقم ۱۸۹ » بێ ئەوەی بابەتەکە زکر بکرێ لەبەر ئەوە پێشتر لەسەرەوە قرارێکمان پەسەند کردوە و لە بڕیارەکەشدا هاتووە دەڵێ« لایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون» لەبەر ئەوەی سزا داندراوە بۆ ژن هێنانی دووەم و بەبێ استثناش هاتووە بێوەژن و غیری بێوەیژن، لە ئافرەتی دووەم دەبێ مۆڵەتی دادگای تێدا بێت، ئەگەر مۆڵەتی دادگای تێدا نەبێت ئەوە سزا دەدرێ، لەبەر ئەوە پێویست ناکات، ئەگەر بەشی دووەمی ماددەکە لابدرێ ئەوە لاریمان نییە. سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا با روون تر بێت باشترە بۆیە بمێنێتەوە بە رای من باشترە. تێبینی تر هەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟پێنج دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی یەکەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری :**

المادة الثانية:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە،دەیخەینە دەنگدانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی دووەم بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره من جريدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە،دەیخەینە دەنگدانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟ ماددەی سێیەمیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە ئەو بەڕێزانەی یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە،

کێ پەسەندی ناکات؟پێنج دەنگ پەسەندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. خاڵی حەوتەمی بەرنامەی کارمان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی حەفتەم ، پرۆژی مستحق بوونی مندالانە بە نەفەقە لەو رۆژەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستاني العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

القرار

استنادا الى احكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم (١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / تشريع القانون الآتي:

القانون رقم( )لسنة ٢٠٠١

المادة الاولى:

تعتبر نفقة الاولاد دينا في ذمة ابيهم من وقت امتناع الاب عن الانفاق.

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین و هیچ لاریمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئەوقاف فەرموون.

**بەڕێزمەلا موحسن موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان وایە ماددەکە بەو شێوەیە بێت، «تثبت نفقة الاولاد على الاب من وقت فرض القاضي» لەبەر ئەوەی بەرای ئێمە و بەپێی راسترین مەزهەبی ئیمامی شافعی وئیمامی حەنەفی ، نەفەقە بە قەرز جێگیر نابێ، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێ کە قازی بیسەپێنێ، دیارە دەبێ داوا بکرێ، پاش ئەوەی کە قازی فەرزی کرد، ئەو کاتە بەپێی مەزهەب نەفەقەکە فەرز دەبێ، کەواتە لەوکاتەوە بێت کە قازی دیاری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی مافی ئافرەت فەرموون.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەین، تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی کۆمەلاّیەتی فەرموون.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش پشتگیری پرۆژەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی یەکەم بخوێننەوە تاکو گفتوکۆی بکەین

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

المادة الاولى:

تعتبر نفقة الاولاد دينا في ذمة ابيهم من وقت امتناع الاب عن الانفاق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناونووسیان بکەین،کەس تێبینی نییە؟ دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە،ئەو بەڕێزانەی ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟دوو دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی یەکەم بە

زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الثانية:

لايعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە،دەیخەینە دەنگدانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟چوار دەنگ ماددەی دووەم پەسەند ناکات، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الثالثة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە،دەیخەینە دەنگ دانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟چوار دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی سێیەمیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــێــــــروان نـاصـح حـــــەیدەری:**

المادة الرابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ نییە،دەیخەینە دەنگدانەوە. ئەو بەڕێزانەی ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟چوار دەنگ پەسەندی ناکات. ماددەی چوارەمیش بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە ئەو بەڕێزانەی یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کێ پەسەندی ناکات؟پێنج دەنگ پەسندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ هەموو یاساکە پەسەند کرا. لێرەدا خاڵەکانی بەرنامەی کارمان کۆتایی هات، لە راستیدا ئەرکێکی گران لەسەر شانتان بوو تەواوتان کردو بڕیارتان لەسەر دا، پیرۆز بایی بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کارەتان لێ دەکەم. لەبارەی مافی ئافرەتانەوە هەندێ پرۆژەی تر ماوە، و هەندێ اجرائات ماوە کە زیاتر پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە، ئەویش بە هاوکاری و گفتوگۆ لەگەڵیاندا چارە دەکرێ، هەروەها سەبارەت بە یاساکانیشەوە لەوانەیە ئەوەندە اجماعی لەسەر نەبێ، ئەوەندە پشتگیری نەبێ، وەکو ئەوانەی کە ئەمرۆ هەیان بوو، ئەوەیان زیاتر کاتی دەوێ و دراسەتی زیاتری دەوێ، لەسەر

بنەمایەکی تێر و تەسەل و قوڵ ئەو کاتە ئەویش دەخرێتە بەردەستی ئێوەی بەرێز. دووبارە سوپاستان دەکەم دانیشتنی ئەمڕۆمان کۆتایی هات ، دانیشتنی داهاتومان ڕۆژی شەممەیە و لە کاتەکەی ئاگادارتان دەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# یاسای سزادانی هەر پیاوێک کە لە دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٦**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠٠١)

## سزادانی هەر پیاوێک کە لە دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات

**ماددەی یەکەم:**

هەر پیاوێ لە دەرەوەی دادگا مارەی ژنی خۆی ببرێ سزا دەدرێ بە حەپس کردنی بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێک زیاتر نەبێ، یان بە غەرامەیەک لە(٣)سێ هەزار دینار کەمتر نەبێ و لەپێنج هەزار دینار زیاتر نەبێ. خۆ ئەگەر هات و ژنی هەبوو و لە دەرەوەی دادگا ژنێکی دیکەی بەسەر هێنا، ئەوە لەو بارەدا سزای حەپسییەکەی بۆ ماوەیەک دەدرێ لە(٣)سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## یاسای بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٧**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) وماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

### یاسای ژمارە( ٧)ی ساڵی (٢٠٠١)

### بەدەرکردنی ژن لە حوکمەکانی بڕگە(١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**ماددەی یەکەم:**

ژن(الـزوجـــــــة) لە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٤١)ی یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٦٩)هەڵدەبوێردرێ (تستثنى)٠

**ماددەی دووەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای تەلاقدانی بە زوڵم

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:٨**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٨)ی ساڵی (٢٠٠١)

## تەلاقدانی بە زوڵم

**ماددەی یەکەم:**

ئەگەر مێردێ ژنەکەی تەڵاق داو، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بەزوڵم تەلاقی داوەو بەو تەڵاقدانەش ژنەکەی زەرەرمەند کردووە، ئەوە، لەو بارەدا، دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمێکی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات کە لەگەڵ باری دارایی و گوزەوان وپلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ و زەرەرەکان سەرجەم خەمڵ دەکرێن بەمەرجێ سەرەڕای مافە چەسپاوەکانی دیکەی ژنەکە نەفەقەکەشی لە ماوەی دوو ساڵ کەمتر نەبێ ولە(٣)سێ ساڵیش تێنەپەڕێ.

**ماددەی دووەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# یاسای لەکارخستنی بڕگە(٢)ی ماددەی (٣٧٧) لەیاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٩**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٩)ی ساڵی (٢٠٠١)

## لەکارخستنی بڕگە(٢)ی ماددەی (٣٧٧) لەیاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٦٩

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە(٢)ی ماددەی(٣٧٧)لە یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی هەموارکراوی ساڵی١٩٦٩ ، لە کوردستاندا لەکار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

مێردی داوێن پیس(الزاني) وئەو ئافرەتەش کە داوێن پیسییەکەی لەگەڵدا کردووە، هەر بەو

سزایە حوکم دەدرێن کە لە بڕگە(١)ی ماددەی(٣٧٧)ی یاسای سزاکانی ژمارە(١١١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٦٩)دا هاتووە.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## یاسای لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٠**
**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ڕۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (٢٠٠١)
## لەکارخستنی یاسای ژمارە (١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(١٨٩)ی ساڵی (١٩٨٠)کە تایبەتە بەوەی پیاو بۆی هەبێ بەبێ ئیزنی دادگا ژنی دووەم بهێنێ ئەگەر بێوەژن بێت، لە کار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## یاسای نەفەقەی منداڵان

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١١**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

### یاسای ژمارە( ١١)ی ساڵی (٢٠٠١)
### یاسای نەفەقەی منداڵان

**ماددەی یەکەم:**

نەفەقەی منداڵان، لەو ساتەوەی کە باوکیان مەسرەفیان لێ دەبڕێ دەبێ بە قەرزێک و دەکەوێتە ئەستۆی باوکیان.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٨/٦/٢٠٠١**

## «بڕیار»

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده(٥٦)و ماددەی(٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی ڕۆژی(٢٨/٦/٢٠٠١)یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا:

**ماددەی یەکەم:**

بڕیاری ژمارە(٢١١)ی ساڵی (١٩٨٤)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کار دەخرێ·

**ماددەی دووەم:**

دیدەنی منداڵ لە لایەن باوکی یان دایکییەوە بەپێی ئەو حوکمەی کە لە دادگای ئەحواڵی شەخصیەوە دەردەچێ لەو جێگەیەدا دەکرێ کە هەردوکیان لەسەری پێک دێن، جا ئەگەر هات و ئەو پێکهاتنە نەلواو نەکرا، ئەوە، لەو بارەدا هەڵسووڕێنەری داد(منفذ العدل)لەو شارەدا کە منداڵەکە لە کەنەفی پەروەشتکارەکەیدا دەژی، بە بڕیارێک جێگەی دیدەنییەکە دیار دەکات·

**ماددەی سێیەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار·

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخەنە بەرکار·

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار·

**د·ڕۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)**

شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٦/٣٠

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

## شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/٦/٣٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/٦/٣٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە حەڤدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەموارکراوی ناوخۆی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە حەڤدە)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠١/٦/٣٠ دا بەم شێوەیە بێت:
١- پرۆژەی یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین .
بەرنامەی کارمان یەک خاڵە ئەویش پرۆژەی یەکەم هەموار کردنی یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی دادە، تکا لە بەڕێزێکی لیژنەی یاسا دەکەین بفەرمووێ بۆ یەکەم خوێندنەوەی یاساکە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تاريخ االقرار:

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠١ اصدار القانون الاتي:

قانون رقم(   )لسنة ٢٠٠١

قانون التعديل الثاني لقانون وزارة العدل لاقليم كوردستان العراق

رقم(   )لسنة ١٩٩٢

المادة الأولى:

تعدل المادة الأولى ويضاف اليها ما يلي و يصبح الفقرة (٤)لها:

٤) وكيل الوزارة: وكيل وزارة العدل.

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة و تضاف اليها فقرة ثانية و تقرأ على الوجه الآتي:

١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه اعمالها و تصدر عنه القرارات و التعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الادارية و الفنية ضمن حدود هذا القانون و القوانين النافدة الاخرى و يكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها القانونية و الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على ان يكون حاكماً و يحتفظ بحقوقه و صفته القضائية.

المادة الثالثة:

تعدل المادة الرابعة و تضاف اليها الفقرة التالية و تصبح الفقرة (٢) لها كما تصبح الفقرة (٢) الحالية الفقرة (٣)لها:

٢- مكتب وكيل الوزارة: ويتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية في القانون.

المادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية .

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەندامێکی تری لیژنەی یاسایی بفەرموێتە ئێرە، ئەندامێکی لیژنەی داراییش، لیژنەی یاسا تکایە راتان بخوێننەوە.

**بەڕێز كـــــاكـــــەرەش نـەقـــــشـــــبـــــەندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

ئێستا رای لیژنەی یاساییتان بۆ دەخوێنمەوە

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/ رأي اللجنة

عقدت لجنتنا اجتماعها الاعتيادي للنظر في مشروع التعديل الثاني لقانون وزارة العدل لاقليم كـوردسـتـان العـراق رقم ١٢لسنة١٩٩٢ .وبعـد الدراسـةو تبـادل وجـهـات النظر أيدت اللجنة بالاكثرية مشروع القانون مع مراعاة الملاحظة الواردة ادناه:

١ـ ان يكون وكيل الوزارة حاكماً لا يقل صنفه عن الصنف الثاني.

مع التقدير

سعيد يعقوبي

مقرر اللجنة

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە

**بـەڕێـز جـــــــەمـــــــیـل عـــــــەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قانون التعديل الثاني

لقانون وزارة العدل لاقليم كوردستان العراق

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا يوم ٢٠٠١/٦/٢٧ لدراسة و مناقشة مشروع قانون التعديل الثاني لقانون وزارة العدل لاقليم كوردستان العراق، وندرج ادناه توصياتنا بالاكثرية:

١ـ المادة الاولى: فقرة(٤)تقرأ كالآتي(وكيل الوزارة) بدلاً من وكيل الوزراء.

٢ـ المادة الثانية: فقرة (٢)حذف العبارة(ويكون حاكماً ويحتفظ بحقوقه وصفته القضائية) وتحل محلها ويكون قانونياً وله خبرة قانونية لاتقل عن(٥) خمس سنوات.

٣ـ المادة الثالثة: فقرة(٢)حذف كلمة(مدير) و تحل محلها كلمة(موظف).

٤ـ المادة الرابعة: تقرأ كالآتي(على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون).

٥ـ توصي اللجنة باضافة مادة جديدة قبل المادة الرابعة و تقرأ كالآتي:

(لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون)، هذا ولكم الامر.... مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ماددەی یەكەم بخوێننەوە تاكو گفتوگۆی بكەین.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

المادة الاولى:

تعدل المادة الأولى ويضاف اليها ما يلي و يصبح الفقرة (٤)لها:

٤) وكيل الوزارة: وكيل وزارة العدل.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی راتان لەسەر ماددەی یەكەم.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك حسێن بە تەواوی خوێندیەوە (وكیل الوزاره)لە جیاتی (وكیل الوزراء).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(وكیل وزاره)یە هیچ لاریمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، دیارە لەسەر ئەو ماددەیە تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە كێ ئەو ماددەیە پەسەند دەكات؟ كێ پەسەندی ناكات؟ بە تێكرای دەنگ ماددەی یەكەم پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة و تضاف اليها فقرة ثانية و تقرأ على الوجه الآتي:
١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه اعمالها و تصدر عنه القرارات و التعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الادارية و الفنية ضمن حدود هذا القانون و القوانين النافذة الاخرى و يكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.
٢- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها القانونية و الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على ان يكون حاكماً و يحتفظ بحقوقه و صفته القضائية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی راتان تكایە.

**بەڕێز كاكەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لێرە دوو رایان هەیە، زۆرینە رایان وایە كە صنفی دادوەر دیاری بكرێ بە دادوەری پلە دوو، كەمینەكەش رایان وایە كە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە، تاكو دەستی حكومەت نەگرین، اختیارەكە بدەینە دەست حكومەت، خۆی دیاری بكات، واتا دادوەر بێ بە تەنها بەسە لەبەر ئەوەی بەلانی كەم دە ساڵ زیاتر خزمەتی هەیە بۆیە كەسێكی لەبارە بۆ ئەو بابەتە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە پلە دوو دیاری بكەین لەوانەیە لەسەر چەند كەسێ حەسر دەبێ و لەوانەشە نەكرێ و هەندێ زەحمەت بێت، لەبەر ئەوە حاكم كافیە، كە گۆتت دادوەر ئەوە لە ١٠ ساڵ كەمتر خزمەتی نییە، ئەوەی ئەو رایەی هەیە كەمینەن زۆرینەكەش كە دەڵێن پلەكە دیاری بكرێ لەسەر ئەو بنەمایەی كە بەڕێوەبەری دادی گشتی لەیاسادا هاتووە دەڵێ دەبێ دادوەری پلە دوو بێت، بەلام لە یاسای دەسەلاتی دادوەری بەڕێوەبەری دادی گشتی ئەندامی ئەنجومەنی دادوەریە، بەلام وەكیلی وەزارەت لێرە ئەندام نییە لە ئەنجومەنی دادوەری، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو صفەتەشی تێدا نەبێ گرنگ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

روون كردنەوە هەیە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەوپێیەی كە من لەگەڵ زۆرینەكە بووم حەز دەكەم تبریر بۆ رایەكەم بكەم، شاراوە نییە كە پەیوەندیەكی پتەو لە نێوان وەزارەتی داد و دەسەلاتی داودەری هەیە، هەرچەندە هەر یەكێكیان یاسایەكی تایبەتیان هەیە، دەسەلاتی دادوەری یەكێكە لەو سێ دەسەلاتەی كە حوكمرانی ئەو

وولاّته دەكات، وەزارتی دادیش سەر بە دەسەلاّتی راپەراندنە، زۆر دلّخۆشكەرە كە وەزارەتی داد بەو توخمە شارەزایانە تطعیم بكریّ تاكو هاوئاهەنگی و هاوكاری نیّوان وەزارتی داد و دەسەلاّتی دادوەری پتەوتر بیّت،وەكو ئاشكرایە مەرج نییە كە پایەی وەزیر پایەیەكی پسپۆری بیّت، لەبەر ئەوەی وەزیر پایەیەكی سیاسیە، بەلاّم بریكاری وەزیر و بەڕیوەبەری گشتی دیوان و تاخوار تریش پیّویست وایە لە وەزارەتی وا پسپۆری بیّت، پیّویستیشە كەسانی پسپۆر و شارەزاو بەتوانا ئەو وەزیفانە وەرگرن، ئیّمەش كە دروشمی بە مؤسسات كردنی دەزگاكانمان هەلّگرتووە،پیّویستە لەسەر ئەو بنەمایە برۆین، و ئەو پرۆژەیە كە لەوەزارتی دادەوە بەرزكراوەتەوە بە تەواوی تعبیر لەو رایە دەكات، بۆیە ئیّمە وەكو لیژنەی یاسا و بە تیّكرای دەنگ لەگەلّ پرۆژەكە بووین چ سەبارەت بە دامەزراندنی بریكاری وەزارەتی داد و چ سەبارە ت بە دانانی دادوەریّك بۆ ئەو پلەیە، ئەوەی جیّگای خلافە لە نیّوان ئیّمە وەكو لیژنەی یاسا ، زۆرینەی ئەندامانی لیژنەی یاسا لەگەلّ ئەودا بوون كە پیّویستە ئەو دادوەرەی بۆ ئەو پایەیە دادەندریّ دەبیّ بەلایەنی كەم پلەكەی لە دادوەری پلە دوو كەمتر نە بیّت، واتا زیاتر لە دە سالّ دادوەری كردبیّ، لەبەر ئەوەی مەعقول نییە ومنطقیش نییە و پیّچەوانەی (التدرج الوظیفی)یە لە هەموو وەزارەتیّكدا،بەڕیوەبەری داد لەو وەزارەتە دادوەر بیّت و پلەكەی صنفی دوو بیّت بەلاّم بریكاری وەزیر تەنانەت ئەگەر دادوەری پلە چواریش بیّت ئەوە جائیزە، بۆ روون كردنەوەی ئەو بابەتە دادوەران چوار صنفن، لە صنفی چوارەوە دەست پیّدەكات تاكو صنفی یەكەم، مەرجی دامەزراندنی دادوەر دە سالّە كەدەسالّی تەواو كرد یەكسەر دەچیّتە پلە چوار هەر پیّنج سالّیّكیش صنفیّك وەردەگریّ بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری و رەزامەندی وەزیری داد. ئیّمە لەو پەرلەمانە پیّشهاتەیەكمان هەیە، ئەویش پەیوەندی هەیە بە هەمواركردنی یەكەمی یاسای وەزارەتی داد،لە كاتی خۆی وەزارتی داد پرۆژەیەكی بۆ پەرلەمان بەرز كردوەوە لیّرە ئەو پرۆژەیە گفتوگۆی لەسەر كرا سەبارەت بە پایەی بەڕیوەبەری دادی گشتی كە دادوەری پلە دوو بوو داوایان كردبوو كە ببیّتە دادوەر بەبیّ پلە لەو پەرلەمانە گفتوگۆی كراو پەسەند نەكرا، لەبەر ئەوەی بەڕیوەبەری دادی گشتی ئەندامە لە ئەنجومەنی دادوەری، ئەندامانی ئەنجوەنی دادوەری هەموویان پلەی یەكەمن، بە مەعقولمان نەزانی كە حاكمی بیّ صنف بچیّ لە ئەنجومەنی دادوەری نویّنەرایەتی وەزارەتی داد بكات، گوتمان لەوانەیە حاكمی صنفی یەكەم بەدەست نەكەویّ با بەلایەنی كەم صنفی دووەم بیّ، لەبەر ئەوەی بەڕیوەبەری دادی گشتی ئەو پلەیەی هەیە پیّویستە بریكاری وەزیر پلەی زیاتری هەبیّ، بەلاّم بەلایەنی كەم ئیّمە دامان ناوە كە لە صنفی دوو كەمتر نەبیّ، لەبەر ئەوەی لەوانەیە زۆر پیّویستمان بە دادوەری پلە یەك هەیە، بۆیە ئیّمە لەگەلّ ئەوە داین كە ئەو بەڕیزەی دادەندریّ بۆ بریكاری وەزیر لە صنفی دووەم كەمتر نەبیّ ،سوپاس.

**بەڕیز سەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی تكایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەکەمان ئەوەیە :

٢ـــ (ویکون حاکماً ویحتفظ بحقوقە وصفتە القضائیة) نەمێنێت ولەشوێنی ئەودا ئەو دەستەواژەیە دابندرێ (ویکون قانونیاً ولە خبرة قانونیة لاتقل عن(٥) خمس سنوات). لەوەشدا مبررمان ئەوەیە، دادوەر سەربە دەسەلاتی دادوەریە و بریکاری وەزارەت سەربە دەسەلاتی راپەڕاندنە و تاکو بوار زیاتر بڕەخسێ داواکارێکی گشتی یان پارێزەرێکی لێوەشاوە و بە توانا هەبێ یان دادنووسی باشمان هەیە، تاکو لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوانە بتوانن ئەو پایەیە وەرگرن، بۆیە هەرچەندە بوار فراوانتر بێت باشترە، مەعقولیش نییە یەکێ لە دەسەلاتی دادوەری نەمێنێت و بچێتە دەسەلاتی راپەراندن، هەموو مافەکانیشی پارێزراو بێت، لەبەر ئەو هۆیانە ئێمە وای دەبینین کە ئەو بڕگەیە لابدرێ و لە شوێنی ئەو (ویکون قانونیاً ولە خبرة قانونیة لاتقل عن(٥) خمس سنوات) دابندرێ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای منەوە ئەگەر ئێمە ئەوە بسەپێنین کە دادوەرەکە پلە دوو بێت، با هەر هیچ نەڵێین لەوانەیە گۆمانێکی بچوک پەیدا بکات، بۆ ئەو تقدیرە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەجێ نەهێڵین؟ ئەنجومەنی وەزیران لەوانەیە دادوەرێکی پلە یەک دابنێ لەوانەیە دوو دابنێ، لەوانەیە بەپێی ئەو مواصەفاتانە پلە یەک و دوو دەست نەکەوێ ئەوە لەوانەیە کەسێکی پلە سێ یان چوار دادەنێ،لێرە با ئێمە ئەو تقدیرە فەرز نەکەین، لەوانەیە لە هەموو هەولێر چوار یان پێنج دادوەری پلە دوو نەبێت، مانای وایە ئێمە حەسری دەکەین کە دەبێ هەر ئەو پلەیە بێت، لەوانەیە بە احتمالی ئەنجومەنی وەزیران ئەوانە دانەندرێن، بۆ لێنەگەڕێین ئەوان تقدیر بکەن؟ ئەوان خۆیان پلە یەک یان پلەکانی تر دانەنێن؟، بەس تقدیرەکە بۆ ئەوان بەجێ بهێڵین، لەپرۆژەکەی خۆشیان داوایان کردوە کە دادوەر بێت بەتەنها بۆ ئێمە ئەوە فەرز بکەین کە دەبێ هەر پلە دوو بێت ئەگەر نا ئاستی وەزارەتەکە دێتە خوارەوە.لەبەر ئەوەی کاک شێروان فەرمووی دە ساڵ کەسێ شارەزایی هەیە ئەوجا دەبێتە دادوەر، پاش ئەو دە ساڵە لەوانەیە بایی ئەوەندە شارەزایی پەیدا بکات بتوانێ ئیدارەکەی هەڵسوڕێنێ، خۆشی ئەندامی ئەنجومەنی دادوەری نییە تاکو لە ئەنجومەنی دادوەری دابنیشێ دادوەرەکان تانەی لێ بدەن و بڵێن ئەوە دادوەرێکی صنفی سێ یەمە یان چوارەمە تقریری مصیری فلان دادوەری کرد یان فلان دادوەری عقوبە دا،بەڕێوەبەری دادی

گشتیش ئەو مەرجەی لەسەر سەپێندرا کە ئەندام بوو لەوێ کرا صنفی دوو و لێرە لە پەرلەمان رەفز کرا، هەر لە بنەرەتدا من لەگەڵ رەفزەکە نەبووم،هەر رەفز نەکرابا باشتر بوو، بەڕێوەبەری دادی گشتیش هەر دادوەرێک بوایە،تقدیرەکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران لێگەرابایین،لەبەر ئەوەی بابەتی دامەزراندن بە رای من تقدیرەکە بۆ ئەوان بەجێ بهێشترابا چونکە لەوان زیاتر نزیکە نەک لە ئێمە، با ئەو تقدیرە بۆ ئەوان بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، بەس ئەوە رای لیژنە نییە، رای کەمینەیە، تکایە کێ تێبینی هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناونووسیان بکەین،کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کە گفتوگۆی ئەم بابەتە دوا بخرێ تاکو نوێنەری حکومەتیش ئامادە دەبێت، تاکو بزانین رای ئەوانیش چییە؟ ئنجا ئێمەش بە تێرو تەسەلی گفتوگۆی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام پرۆژەکە هی ئەوانە خۆ تعبیر لە رای ئەوان دەکات، ئەوان دەڵێن پرۆژەکە چۆنە وابێت نەگۆڕدرێت، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێمو ایە ئەو پرۆژەیەی کە حکومەت پێشکەشی کردوە لە جێگای خۆیەتی وئەوان هەڵبەتە بیریان لەوە کردۆتەوە کە بۆچی تەنها دادوەر بێ و صنفەکەیان دیاری نەکردوە تاکو دەستی ئەوان والاتر بێت لەوانەیە دادوەری پلە دوو دابنێن لەوانەشە دادوەرێکی لە پلەی تر دابنێن، بۆچی ئێمە رێگا لە ئەنجومەنی وەزیران بگرین؟ یان بە پێچەوانەی رای ئەوان رامان بدەین؟ بەتایبەتی ئەگەر دادوەرێکی لێوەشاوە هەبێ و شارەزا بێت و لە ئاستی ئەو بەرپرسیاریەتیەدا بێت، ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە ئەو بەرپرسیاریەتیە زیاتر هاوکاری کردنی وەزیرە لە رووی ئیداریەوە،ئەگەر تەماشای دەقەکە بکەین دەڵێ: (وکیل الوزارة: یساعد الوزیر في توجیه الوزارة و الاشراف علی شؤونها القانونیة و الفنیة و الاداریة و المالیة و التنظیمیة ضمن الصلاحیات التي تعهد الیه من قبل الوزیر علی ان یکون حاکماً و یحتفظ بحقوقه و صفته القضائیة)، وەکو جەنابی کاکەرەش باسی کرد بریکاری وەزارەت نابێت بە ئەندامی ئەنجومەنی دادوەری،بۆیە هیچ گرفتێکی تێدا نییە،بۆیە من لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتم و وەکو فراکسیۆنی زەرد ئێمە پشتگیری پرۆژەکەی حکومەت دەکەین و پێمان باشە پرۆژەکەی حکومەت وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس لەو دەنگە دەنگەی هات لە رای کوتلەی زەرد ناچێ، ئێستا خۆت کردوە بە نوێنەر.

**بەڕێز د. ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو نوێنەری کوتلەی زەرد مافی ئەوەم هەیە ئەو قسەیە بکەم، من لەلایەن سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری کراوم، راستە بوارمان نەبووە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو پرۆژەیە هاتووەتە ئاراوە بۆیە من بەناوی کوتلەی زەردەوە قسە دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەراستیدا هەروەکو هەموو لایەکمان دەزانین بە تایبەتی یاسانامەکان لە یاسادا بریکاری وەزارەت لە وەزارەتدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە، تەنها ئەو دەسەڵاتانەی هەیە کە وەزیر دەیداتێ، وەزیریش ئەگەر هاتوو پایەکەی سیاسی بوو، سەبارەت بە وەزارەتی داد برادەرانی یەکگرتوو وەریان گرتووە، وەزیرەکە کابرایەکی فیزیاییە،مەعقول نییە یەکێ بچێتە ئەو پایەیەو صنفەکەی لە پلە دوو کەمتر بێت،لەبەر ئەوەی مامەڵەی وەزارەت لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەریە، دامەزراندنی دادوەران، هێنانەخوارەوەی دادوەران، چاودێری و سەرپەرشتی کردن هەمووی وەزیر دەیکات، لەوانەیە خۆی نەیکات و بیداتە وەکیل وەزیر لەبەر ئەوەی خۆی لێی نازانێ، ئەوەش شتێکی زۆر سروشتیە، باشە مەعقولە یەکێ لە صنفی چوار مافی سەرپەرشتی و چاودێری قازییێکی پلە یەکی هەبێ ، ئەوە هیچ مەنطق نییە و بە راستی نازانین، بۆیە ئێمە سورین لەسەر رایەکەی خۆمان و دەبێت بریکاری وەزارەت صنفی هەبێت، لەبەر ئەوەی دادوەر بە تەنها کافی نییە ،ئەگەر چاو بە یاسای دەسەڵاتی دادوەری بخشێنین، لفظی دادوەر بە تەنها نەهاتووە، بە صنف هاتووە، دادوەری پلە چوار، دادوەری پلە سێ، دادوەری پلە دوو، دادوەری پلە یەک،ئەوە یەک دووەم، ئێمە ئاواتمان ئەوە بوو کە بریکاری وەزارەتی داد دابندرێ لەبەر پرکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە هەیە، لە دانەنانی بریکاری وەزارەت تەنها چاومان لە بەغدا کرد، لەبەر ئەوەی دەیانویست دەسەڵات لە وەزارەتی داد تەنها بەدەست وەزیر بێت و دکتاتۆریەتی خۆی بسەپێنێ لەوەزارەتەکە، لەبەر ئەوە وەکیل دانەندراوە ،ئێمە هەستاین تقلیدی بەغدامان کردوە،ئێستا ئێمە ئاواتمان ئەوە بوو کە بریکارێک دابندرێ بە توانا بێت و دادوەرێکی رێک و پێک بێت تاکو وەزارەتی دادمان بۆ رێکبخات کە بڕبڕەی پشتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رایەکەی د. ناصح دەکەم و هەروەها پشتگیری لە رای مامۆستا کاکەرەش دەکەم، ئەوەی چۆن لە دەقەکە هاتووە گونجاوە و پێویست بە دەست نیشان کردنی جۆر و پلەی دادوەرەکە ناکات، یەکەم لەبەر ئەوەی دادوەر کە بوو بە بریکاری وەزارەت کاری بە دەست تێوەردانی کاری دادوەرەکان نییە، دەسەلاتەکە بەشێوەیەکی وا دەڕوات دوور لە دەست تێوەردانی ئەو کە دەست نیشانی جۆرەکە نەکراوە، ئەوەش گونجاو ترە بۆ حکومەت، چونکە خۆی شارەزایە، هەڵبژاردنی ئەو دادوەرانە بەتایبەتی لایەنی پسپۆری و لایەنی بەڕێوەبردن،و گونجاندنی و لەبار وشایستەیی بوو بۆ ئەو ئەرکە، حکومەت شارەزا ترە، دەست نیشانکردنی بەجۆرێک لەوانەیە دەست گرتنەوە بێت، لەوانەیە ئەو پلە بەندیە لەهەندێ دەزگای سەربازیدا لە جێگای خۆیدا بێت، بەڵام دەزگای دادوەری جیاوازە،بۆیە جارێکی تریش پشتگیری ئەوە دەکەین کە دەست نیشانی جۆر وپلە نەکرێ لەبار تر و گونجاو تر و کارەکە چوانتر رایی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەلال خۆشناوفەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی پایەی بریکاری وەزارەت پایەیەکی پسپۆریە و کارەکەشی اختصاصیە، کارەکەشی نزیکە لە کاری یاسا و بریکاری وەزارەتیش کەسایەتیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ دیاری بکرێ کە دادوەر بێت؟ یا دەرچووی یاسا بێت، بەرای من دیاری نەکرێ کە دادوەر بێت، تەنها دەرچووی یاسا بێت و کاتی دەرچوونەکەی بۆ دیاری بکرێ، لەوانەیە یەکێ بێت دکتۆرای لە یاسای دەولی هەبێ و بیسانەوێ بیکەنە وەکیل وەزیر، کابرایەکی رێک و پێک بێت و زیرەک بێت نەتوانن بیکەنێ لەبەر ئەوەی دادوەر نییە،هەر وەکو گوتم بریکار کەسایەتی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستە تەنها یاسایی بێت و ماوەی دەرچوونەکەی بۆ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک رەجب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجب شـــــەعـــــبـــــان تـەیب:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەم پرۆژەیە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، دەبێت لەلایەن وەزارەتی داد داوا بکرێت، مادام ئەوان داوایان کـردووە کـە پلەی دادوەریش(صنفی حـاکم) دیاری نەکـراوە، وا دیارە ئەوان بە بەرژەوەندی دەزانن، کە بە بەرژەوەندیان زانی لەوانەیە دەگوترا دادوەری پلە یەک یان پلە دوو یان پلە سێ یان پلە چوار، لەبەر ئەوە بۆچی ئێمە دەست و پێی ئەنجومەنی وەزیران ببەستینەوەو نەیەڵین کە ئەو رای خۆی دیاری بکات؟، ئەوان ئەمەیان داوا کردووە بۆچی ئێمە رای خۆمان بسەپێنین بەسەریاندا؟، هەر تەنیا وشەی (حاکم) بمێنێتەوە، دوایی ئەوان خۆیان هەڵیدەبژێرن لە پلە یەک بێت یان پلە دوو یان پلە سێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس کاک رەجەب شەعبان تەیب، بەڕێز کاک شەفیق ئەمین محمد فەرموو.

**بەڕێز شـــــەفـــیق ئەمین مـــحـــمـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە لە لایەنی حوکمەتەوە بەڕاستی پرۆژەیەکی زۆر رێکوپێکە، من پشتگیری وشەکانی کاکەڕەش و د.ناصح دەکەم، ئەگەر حوکمەت بیزانیبایە ئەلێرە بەرژەوەندیەک هەبووایە، بۆ ئەو حاکمە پلەی دادەنا، بەڵام دیارە حوکمەت ئەوەی بە بەرژەوەندی دادەنا کە هەر پلەی حاکم بێت، جا پلە یەک بێت یا دوو یا سێ یا چوار ئەو بۆی تەرخان نەکردووە، لە هەمان کاتدا بۆچی وەکیلی وەزیری وەزارەتێک ئەندام نەبێت لە(مجلس القضاء)؟ بۆچی کارگێڕی گشتی داد لەوێدا هەبێت بۆ ئەم نەبێت؟، واتا منیش لێرە کە جێگایەکی(منصب) حەسساسە، جا من لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو پلەیە هەڵگیرێ هەر بە حاکم لە قەڵەم بدرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز ســـــەرتیب مـــحـــمـــد حـــســـێن:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەرەتا پرسیارێکم هەیە لەگەڵ بۆچوونێک، پرسیارەکەشم ئەوەیە، ئایا بەم شێوەیەی کە هاتووە(یکون حاکماً ویحتفظ بحقوقه وصفته القضائیة)ئەمە تێکەڵاوییەک دروست ناکات لە بنەماکانی جیاکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتی دادوەری و راپەڕاندندا؟ ئەمە پرسیارێکە حەز دەکەم تەوزیح بدرێت لە لایەن برایانی لیژنەی یاساناس، لیژنەی یاسایی بەتایبەتی، بۆچوونێکیشم ئەوەیە تەئیدی بۆچوونەکەی کاک جەلال دەکەم، کە ئەو حاکمە نەمێنێ لێرە، با

کراوە بێت شتەکە، لەوانەیە بیانەوێ حاکمێک دابنێن، یاخود یاساناسێکی زۆر شارەزا لەو بوارەدا دابنرێت، پێم باشە وشەی حاکم هەر هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک سیروان، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم زۆر بە باشی کاک شێروان تەوزیحی ئەم رایەی کرد، زۆربەی زۆری لیژنەی یاسا، بەڵام لێرە من بەپێویست دەزانم کە ئیشارەت بەشتێک بدەم، بەڕاستی ئێمە لە سێ تاقیکردنەوەدا ئالای( کە یاسا حوکم بکات لە کوردستاندا) بەرز کردۆتەوە، هەروەک تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتیە، هەر ئەرکانێکی تەجروبەی دیموکراتیە، هەر ئەرکانێکی سەرەکی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە(فصل السلطات)،دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن و دادوەریی(قضائی)، دووەم سەربەخۆیی دادوەری کە زۆر بە شتێکی پیرۆزی دەزانین لە تاقیکردنەوەی دیموکراتی، هەموو خەڵک هاتنە تاقیکردنەوەی ئێمە، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ تاقیکردنەوەی نیزامی دکتاتۆری عێراق، کە وەزیر هەموو شت بوو لە وەزارەتی داد، لەگەڵ زانینتان وەزیر مومەسیلی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە یان ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە عێراق، هەتا لای ئێمەش وەزیر مومەسیلی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەڵام جیاوازییەک هەیە ئێستا ئێمە ئەنجومەنی دادوەریمان هەیە، زۆر جار لێرە گوتوومانە وەزیر هەر چۆن بێت وەزیفەیەکی سیاسی یان پسپۆری نەبێت بڕوانامەی نەبێت شارەزایی نەبێت باشە کە بیێتە وەزیر شتی وا دەبێت؟، ئێمەش هەتا رادەیەکی وا موقتەنیع بین بەو شتە، بەڵام وابزانم زۆر پێویستە بریکاری وەزیر تایبەتمەندی بێت لە وەزارەت شارەزاییەکی باشی هەبێت، ئاستێکی زانستی باشی هەبێت لەوانەیە دەورێکی سەرەکی ببینێت لە ئیشوکاری ئەو وەزارەتە، زۆر برادەران گوتیان حوکمەت باشتر دەزانێت، ئێمەش بە پێویست دەزانین کە مومەسیلی حکومەت لێرە با ئایا ئێمە قەناعەتمان بەو دەهێنا لەوانەیە ئەوانیش قەناعەتیان پێ هێنابا بەپێی زۆربەی رێژەی یاسایی، بەڵام لەوانەیە ئێمە قەناعەتمان پێ هێنابا، سێیەم هەر زۆر جوان نینە، هەر ناگونجێت کارگێڕی گشتی داد لە یاسا هاتووە دەڵێت حاکم: (أن لا يقل عن الصنف الثـاني) لێرە حاکم بە پلەی چوار بێت، کە بریکاری وەزیر بەرزترە لەوی لە وەزیفە شتێکی زۆر نەگونجاوە، جا وابزانم شتێکی زۆر پێویستە کە شارەزایی و بڕوانامە وپلە لە پێشەوەدا ببینین، لە بەرژەوەندی وەزارەتە و لەبەرژەوەندی دادوەریەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم بابەتە، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خەریکە دڵم بە خۆم خۆش دەبێت، دیارە بەو دواییەی ئەم خولە، لیژنەکە هەموویان لە نێوان خۆیان رازی نین، ئەمە شتێکی سەیرە! شتێکی باشە زیاتر ئازادی بیرو راتان بۆ دەردەخات، بەڵام بۆچوونەکە سەبارەت بە حاکمەوە پێم وایە حاکمەکە کافییە، واتا حاکم بەشێوەیەکی کراوە(مطلق)هاتووە، جا پلە یەک بێت یان پلە دوو بێت یان سێ بێت یان چوار بێت، واتا کەمتر نەبێت لە پلەی حاکم، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز بورهان عەلی جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم هەیە لەسەر هەردوو بڕگەی ماددەکە، لە بڕگەی یەکەمی ئێمە ئەو پێناسەیەی کە وەزیر ئێستا لێرە هاتووە بۆ وەزارەتێکە کە بریکاری نەبێت، پڕۆژەیەکی تریش ئێستا لەبەر دەستدایە بۆ وەزارەتی داد کە بریکاری بۆ دادەنێین، لە پێناسەکەی وەزیر پێشنیار دەکەم ئیزافەیەکی بۆ بکرێت ئەویش(للوزير منح بعض صلاحياته للوكيل)، چونکە لە پێناسەی وەزیر نەهاتووە لە هەموو یاساکانی وەزارەتدا هاتووە وەزیر بۆی هەیە هەندێ(صلاحيات)ی بداتە بریکارەکەی ئەمە بۆ بڕگەی یەکەم، بۆ بڕگەی دووەمیش من رام لەگەڵ رای برادەرانە و، کاک شێروان بەتایبەتی، واتا شەرت نییە ئەگەر حاکمیش نەبێت، واتا یاسایی بێت خزمەتی هەبێت لە(١٠) ساڵ بەرەو ژوور چ تێدایە ئەگەر حاکمیش نەبێت و بریکاری وەزیر بێت؟، ئەگەر لە کاتێدا ئەویش رای بۆ رای پەرلەمان دەگەڕێتەوە، ئەگەر حاکم بوو رائی پلەی لە پلەی ئەندامانی تەمییز کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە خاڵی یەکەمەوە لەخاڵی دووەمدا هاتووە،(صلاحيات) لە خاڵی دووەمدا هاتووە، لە بریکاردا باسی ئەوە دەکات کە وەزیر (صلاحيات)ی دەداتێ، ئەمە چارەسەر کراوە، بەڕێز کاک شێروان ناصح حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو بڕگەیەی کە هاتووە سەبارەت بە بریکاری وەزیر کە دەبێت حاکم بێت دژی ماددە(٣٩)یە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری کە دەڵێت:(تكون أصناف الحكام وحدود الرواتب لكل صنف كما يلي : الصنف الاول ـ الثاني ـ الثالث ـ الرابع) تەنیا باسی حاکم ناکات ئەوەیان یەک، دووەم برادەران دەڵێن:(کاک د. ناصح و کاک ئەحمەد سالار) پڕۆژەکە لە لایەن

حوكمەتەوە هاتووە وحوكمەت خۆی دەزانی راستە، زۆر جار هەبووە پرۆژە هاتووەتە پەرلەمان، زۆر کەموکورتی هەبووە و پێویستی بە چارەسەر هەبووە، پێویستی بە ئیزافات هەبووە، لەو پەرلەمانە گفتوگۆ کراوە، ئیزافاتەکە سەری گرتووە، گۆڕانکاریەکە (تعدیلات)ـەکە سەری گرتووە، حوکمەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پەرلەمانی کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بۆیە مەرج نییە ئەو پرۆژەیەی کە هات کەموکوری نەبێت، پێویستی بە گفتوگۆ دەکات، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام و دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو بابەتە بدرێتە دەنگ بۆ ئەوەی یەکلا بکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین جێگای (منصب)ی بریکاری وەزیری داد هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە لە پلە دوو کەمتر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو جارە کاک شێروان فەرمووی لەسەر چ بنەمایەک (علی أي اساس) دەبێت کابرایەکی حاکمی پلە سێ یان پلە چوار موحاسەبەی کابرایەکی پلە یەک بکات؟، ئەی باشە پلە دوو چۆن موحاسەبە دەکرێت؟، مانای وایە هەر دەبێت بگەڕێینەوە وەکو پلەکەی خۆی بێت، کەواتە پلە بەرامبەر پلە (صنف مقابل صنف) ئەگەر بتوانین موحاسەبەی بکات، ئەو شتە بەکار ناهێندرێت (موتبع نییە) لە هەموو فەرمانگەی دونیادا، لەوانە نییە ئەو هاوسەنگییە پەیدا ببێت، زۆر لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە زۆر فەرمانگەکاندا خزمەتیان لە فەرمانبەر کەمترە، هەموویان پێکەوە دەرچووی کۆلیجەکانن، کە پێویستە بۆ تەقدیری وەزارەتەکەو بۆ تەقدیری ئەنجومەنی وەزیران کە کێ دادەمەزرێنن و کێ لەو جێگایەدا دادەنێن، لەبەر ئەوە ئەمە بابەتی باس نییە کە پلە سێ نابێت لێپرسینەوە لە پلە یەک بکات، واتا مەسەلە مەسەلەی لێپرسینەوە نییە، چونکە لێپرسینەوە لەلایەی وەزیرەوە دێت، بریکاری وەزیر هیچ دەسەڵاتێکی نییە ئەگەر وەزیر نەیداتێ، هەر دەسەڵاتێکی وەزیریش بیداتێ، مانای وایە دەسەڵاتی وەزیرە ئیشی پێ دەکات، واتا دەسەڵاتی خۆی نییە، ئەندامیش نییە لە ئەنجومەنی داد کە دابنیشێ هەڵسەنگاندنی دادوەری و دادوەران بکات، ئەندام نییە بڵێ ئەم حاکمە باشە ئەمەیان خراپە، بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری دێتە بەردەمی و دەچێتە لای وەزیر، وەزیر لەسەری دەنووسێت و بڕیاری لەسەر دەدات، واتا بڕیاری وەزیر جێبەجێی دەکات، هەرگیز خۆی هیچ بڕیارێکی نییە، دەسەڵاتەکانی هەموو دەسەڵاتی وەزیرە، وەزیر چی پێ بڵێ جێبەجێی دەکات، هەر دەسەڵاتێکیش مومارەسە بکات لە جیاتی وەزیرە، لەبەر ئەوەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەو ، بەڵکو بۆ وەزیر دەگەڕێتەوە، بەرای منیش وەزیر شیاوە بای ئەوەی کە بتوانێ حاکمەکە لێپرسینەوەی بکات بۆ نەتوانێ لێپرسینەوەی بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.ناصح فەرمو.

**بەڕێز د.ناصح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک شێروان خۆی باسی ئەوە دەکات، کە حاکم دەبێت(١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت، حاکمێک کە(١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت، هەمیشە دەبێت حاکمێکی شارەزا بێت، کە وەزیرێکیش بێت حاکمێک دەست نیشان بکات، بیکات بە بریکاری خۆی و ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاری لەسەر بدات، بە تەئکید دەبێت ئەو حاکمە بێت کە بتوانێ لە ئاستی ئەو بەرپرسیارەییەدا بێت، ئێمە بۆ لێرە بڵێین تەنها حاکمی پلە دوو بێت؟، بەڵکو لە پلەیەکی تر لەو پلەیە بەرزتر دادەنرێت، واتا بۆ دەبێت تەنها دیاری بکرێت، واتا خۆمان دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی پێم وایە ئەو دەسەڵاتەی کە بریکاری وەزیر هەیەتی دەسەڵاتی خۆی نییە وەکو جەنابی کاکەڕەش باسی کرد، ئەوە دەسەڵاتی وەزیرە کە وەزیر دەیداتێ، مانای وایە ئەو لە جیاتی وەزیر دەسەڵاتی بە دەستەوەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە من پێم وانییە ئەوە کەم کردنەوە بێت لە پلەکانی تری حکام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەزارەتی داد پێوانە(قیاس) لەگەڵ هیچ وەزارەتێک قەبوڵ ناکات ئەوە یەک، دوو ئێمە کە دەڵێین (من الصنف الثاني، لايقل عن الصنف الثاني)، ئەگەر یەکیش دابنێین گونجاوە، بەڵام لە پلە دوو کەمتر نەبێت، مانای دەبێت(١٠) ساڵ بێت حاکم بێت، نەک(١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت، چونکە(١٠) ساڵ خزمەتی هەبێت، دەبێت بە حاکمی پلە چوار، بەڵام ئەوەی ئێمە دەیڵێین(٢٠) ساڵ خزمەتی هەیە ئینجا دەبێت بە حاکمی پلە دوو، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرمو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم کرد کەس نەبوو وەڵامان بداتەوە، ئایا دەسەڵاتەکان تێکەڵاو نابن لێرەدا کە حاکمێک بێت و سیفەتی دادوەری خۆی بپارێزێت؟، مانای وایە لەمیانی دەسەڵاتی دادوەریش دەبێت، لێرەشەوە بریکاری وەزیرە، ئایا ئەمە هاودژ(متعارض) نییە؟ پرسیارەکەم

ئەوەیە ،سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هاودژ نییە، چونکە ئەو لەوێ بەکاری دادوەری هەڵناستێت، تەنیا بۆپاراستنی مافەکانی ئەوە، حاکمێک بەیانی لە بریکاری وەزیر دەرچوو، نەوەک ئەو خزمەتەی کە لە بریکاری وەزارەت هەیبوو پێی بڵێن خزمەتی دادوەری نییە ئەوە لەو بارەوا زەرەر دەکات، تەنیا بۆ حیساب کردنی خزمەتەکەیە، وەئیلاهیچ ئیشێکی دادوەری ناکات، چونکە دەرهێنانی بڕیارەکان ناکات، بڕیارەکانی دادوەر دەرناهێنێت و هیچ بڕیارێک دروست ناکات، تەنها مومارەسەی وەزیفەیەکی بەڕێوەبەریی بەحت دەکات، تەنیا بۆ مافەکانی شەخسی و پاراستنی مافی شەخسییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی لە دوای(فصل السلطات) راستە(فصل السلطات)ە، بەس جیا نەکراوەتەوە لە یەک، زنجیرەی پەیوەندییەکان(حلقات الاتصال) دائیمەن هەیە، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرمو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتا لە ناحیەی مومارەسە کردنەکەوە، ئەگەر مومارەسەی کرد، نابێت مومارەسەی بکات، چونکە دەڵێت سیفەتەکە، من ئەو سیفەتە ئەگەر لێی وردبیتەوە، واتا تێدەگەم مانای حەقی ئەوەشی هەیە کە ئەندام بێت لە دەسەڵاتی دادوەریدا، لەبەر ئەوە من ئەم پرسیارەم کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، دیارە تێبینی تر نییە، بەڕاستی ئەم بابەتە بەپێی ئەو گفتوگۆیانەی کە دیارە نەگەیشتووینە ئەنجامێک، وەکو لیژنەی یاسایی لەناو بەڕێزانیش، ئەندامانی پەرلەمانیش هەر هێشتا دوولایەنین، تەقدیری یەکەم، ئەگەر دەنگیش بدەین، لەوانەیە دەنگەکە زۆر روون(واضح) نەبێت، لەبەر ئەوە چاکتر وایە، بۆ ئەوەی نەکەوینە هەڵەوپەلە لە بابەتەکە، چاکتر وایە نوێنەری حوکمەتیش ئامادە بێت، پێش ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەین، ئەگەر گەیشتووینە ئەنجامێک ئەوە باشتر، ئەگەر نەگەیشتووینە ئەنجامێک ئەو کاتە باشتر گفتوگۆ دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، لەبەر ئەوە پێمان باشە بابەتەکە لەبەر ئەم هۆیە دوا بخەین، بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان هات، سبەینێ پشووی پەرلەمان دەست پێ دەکات، بەڵام دوو سبەی دانیشتنێکی نائاساییمان هەیە بۆ میوانداری بەڕێز سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستان

بۆ باس کردنی سەفەرەکەی بۆ دەرەوە، دوو سبەی کاتژمێر(١٠)ی بەیانی هیوادارم هەموو بەڕێزان ئامادە بن، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نارەسمی ژمارە (١)**

هەینی ڕێکەوتی ٢٠٠١/٣/٣٠

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی نارەسمی ژمارە (١)

## هەینی ڕێكەوتی ٢٠٠١/٣/٣٠

*كات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٢٠٠١/٣/٣٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی نارەسمی (ژمارە یەک)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی هەمواركراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی نارەسمی (ژمارە یەک)ی خۆی لە كات (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی ڕێكەوتی ٢٠٠١/٣/٣٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەخێرهاتنی بەڕێز «نەزیر ئەحمەد» ئەندامی ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانی.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستان دەست پێدەكەین، بەڕێزان ئەم دانیشتنەمان تایبەتە بۆ بەخێر هاتنی بەڕێز ئەندامی مەجلیسی لۆرداتی بەریتانی بەڕێز (نەزیر ئەحمەد) كە زۆر پێی خۆش بوو لە پەرلەمانی كوردستان دا چاوی پێتان بكەوێت و گوێی لە داواكارییەكانی گەلی كوردستان لە زمانی ئێوەوە بێت و ڕاو بۆچوونی خۆێتان پیشان بدات، پێم چاكە ئەگەر بەخێر هاتنی بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆكی حكومەت و برا وەزیرەكانیش بكەم بۆ ئەو دانیشتنە و جێگای ڕێزیش دەبێ ئەگەر ئەو بەخێر هاتنەی ئێمەی بۆ تەرجەمە بكەن لەتەنیشتییەوە، جا ئەگەر بەڕێز لۆرد نەزیر ئەحمەد بفەرموێ ئەو قسەیەی كە هەیەتی لێرە بیكات.

**بەڕێز لورد نەزیر ئەحمەد:**

بسم الله الرحمن الرحيم

سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق.

سوپاسا ئێوە دەكەم بۆ دانانا یان كۆم بونا پەرلەمانێ

Mr. Speaker, Members of the Kurdish Regional Parliament:

... I thank you for receiving me so warmly. I came from the oldest parliament

in the world" The House of Lords" to this beautiful land of Salahaddin Ayoubi. I came to the birthplace of Abdul - Qadir Gaylani and I came to the region that is so similar to Kashmir my birthplace.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سوپاسی بەخێر هاتنی ئێوە دەکەم بۆمە بڤێ رەنگیێ و گەرمیێ، ئەز هاتیمە لە کۆنترین پەرلەمانی دونیایە مەجلیسی لۆردات یا بریتانی بۆ ئەڤێ خاکا جوان ئەویش عەرزی سەلاحەدین ئەیوبی وجێی لەدایک بوونی عبدالقادر گەیلانی و دەڤەرەکا زۆر نزیکە لە وەزعی کەشمیردا جێی لەدایک بوونا من،

.... More importantly that this parliament is in Hawler which is one of the new regional assemblies and parliament of the world. I've come to learn about the Kurdish experience, about democracy and I've come to learn about the sanctions against Iraq and the 986 programme.

لە هەموویان گرنگتر بۆ ئەڤێ پەرلەمانێ لە هەولێرێ کو یەک لە نوێترین یان تازەترین ئەنجومەنی هەرێمی و پەرلەمانی یە لە جیهاندا ئەز هاتیمە لە کوردستانێ تا ئاگادار بم وزانیاری وەربگرم لەسەر تەجروبەی دیموکراسی لە کوردستانێ و هەروەسا ئەز هاتیمە تا بزانم سزا نێودەولەتییەکانی دژی عێراقی چۆنە ودەوری پەرلەمانا پرۆگراما نەفت بەرامبەر خۆراک چۆنە؟.

As new parliamenterians, perhaps we can share our experience in how best to serve the people we represent. I have to tell you that the traditions of the House of Lords are centuries old, for example, we are adressed as (My Lord or Mine Lord). When I was appointed in the House of Lords in 1998 for 2 weeks the door keepers addressed me as : (Good morning my Lord) and on every occasion I turned around to see if there is a real Lord coming behind me, and in House of Lords the afternoon doesn't start till the House sits and that is sometimes until 3 p.m in the afternoon it is till goodmorning.

وەکو پەرلەمانتاری تازە هەڵبژاردیت مومکینە ئەم مفایلی حەڤ دوو وەربگرین لەسەر تەجروبەی کورد بێت کوردا تاکو بەباشترین رێگە خزمەتی میللەتی خۆ بکەین، ئەز دەبێژمە ئێوە کو عادات یا وەکو عرفێ مجلیسی لۆردات زۆر کەڤن دەگەرێنەوە بۆ سەدەها ساڵ پێش ئێستا بۆ نموونە ئەم دێنە نەقل دان وەکو لۆردێ من وەختێ ئەز هاتیمە تەعین کرن ئەز لە سالا ١٩٩٨ بۆ ماوەی دوو هەفتەدا نگەهە بانێ مەجلیسێ گازێ من دەکرن وە دەگۆتن سپێدە باش لۆردێ من ئەز بەخۆدا پشت خۆ زڤری مەڤە و دەمگوت مومکینە لۆردێکی دی لە دوو من بی بۆ هاتنا مەجلیسێ، مانای ئەوەیە کە باوەڕی من بە خۆ نەبێ کە ئێستا هاتیمە تەعین کرن وەکو لۆرد بۆ دوو حەفتەی بدایەتێ هەروەسا پاش نیوەڕۆ دەست پێ ناکا هەتا مەجلیسی لۆردات دانیشتنا خۆ دەست پێدەکات وئەڤە مومکینە هەتا سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بەڵێ دهێتە اعتبار کرن وەکو سپێدە.

Although our role is scrutinizing the legislation and advising the executives, The House of Lords sits in session longer than any other world.

دەوری ئێمە لە مجلیسی لۆردات ئەوە وەکو مراقبە ولێکۆڵینەوە بکەین لەسەر دانان تەشریعی و دەزگاها تەنفیذی و نەصیحەت بکەین و مەجلیسا لۆردات دانیشتنێ خۆ دەکات زیاتر وە بۆ ماوەی دەمێکی درێژ وە زێدەتر لە هەر پەرلەمانێکی دی جیهانی.

Mr speaker, Members of Parlaiment:

The Labour Government has delivered its manifest commitment of devolution in Scotland and Northeren Ireland. We, now ,have a Welsh Assembly, Scotish Parliament and Northern Ireland Assembly. We believed that people are better served if decisions are made in regions and by themeselves, and that is why I'm proud to stand before you rather sit before you in support of your parlaiment and in support of your people in Kurdistan of Iraq.

جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی، ئەندامێت پەرلەمانی کوردستانێ حکومەتا عومالی یا بەریتانی وەعدی خۆ لەسەر بەجێ هێنانا دابەش کرنا دەسەلات داریا لە ئوسکوتلەندا وێلز و ئیرلەندەی باکوری هێنانەدی ئەڤرۆکە مە ئەنجومەنا وێلز هەیە، پەرلەمانێ سکوتەلەندی هەیە، و ئەنجومەنا ئیرلەندا شیمالی هەیە، و ئەم لەئەوێ باوەرینە کو میللەت زێدەتر خزمەتا وێ دەهێتە کرن دەمێک و بریار دهێتە دەربرین لە دەڤەرێت وان، وەکو ئەقالیمێت وان وخەلکێ خۆ بەشدار بێت وخەڵکێ وان بەشدار بێت لەوان بریارا و لەبەر ئەڤێ چەندێ ئەز لێرەمە بەرامبەر هەوە راوەستامە تاکو پشتگیریا پەرلەمانێ هێوە بکەم و هەروەسا پشتگیریا میللەتی کورد برێکا پەرلەمانێ کوردستانێ عێراقێ بکەم.

The United Kingdom remains commited to building peace and stability in Iraq. This is clear from our co-sponsership of the Ankara peace processes, our continuing participation in Operation Northern Watch and our bilateral programmes for the Kurds in Northern Iraq.

حکومەتا بەریتانیا یا موصرە لەسەر دانانا ئەمن وتەناهیێ لە باکورێ عێراقێ ئەوە سیاسەتا وان واضحە لە پشتگیریا مە بۆ پرۆسەیا ئاشتییا ئەوە لە ئەنقەرە هاتیە ئەنجام دان و هەروەسا ئەندامەتیا مەیا بەردەوام یا حکومەتا بەریتانی لە عەملیاتا مراقبا دەڤەرا شمالا عێراقێ و هاریکاریێ مە یەک لایەنە بۆ کوردا لە باکوری عێراق.

We welcomed the agreement reached between the PUK and PDK on 17th of September 1998 in Washington and the following meetings in Northern Iraq in January 1999. The United Kingdom always supported the territorial integrity of Iraq and also the autonomy for the Iraqi Kurds.

ئەم بەناڤێ حکومەتا بەریتانێ بەخێر هاتنا پرۆسەیا ئاشتی دەکەین، دناڤبەرا پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتیا نیشتمانی کوردستانێ ئەوە هاتیە ئەنجام دان لە ۱۹۹۸/۹/۱۷ لە واشنتۆن ودیتنێ وان بەردەوام رۆژا ۹/۸ لە هەیڤا یەکێ لە سالا ۱۹۹۹دا حکومەتا بەریتانێ دایەن پشتگیری یا یەکبوونا عەردێ عێراقێ دەکات و ئۆتۆنۆمی بۆ خەلکێ کوردستانێ عێراق پەسەند دەکات،

Your representatives in London Mr. Deendar Zebary and Mr. Siamand Banna lobby on your behalf in the U.K. The Kurdish Regional Government representatives are received by 27 countries including the Europian Union and are serving your people.

نوێنەرێت حکومەتا هەرێمی کوردستانێ لە بەریتانیا بە جدی کار دەکەن بۆ نوێنەرایەتیا هەوە لەبەریتانیا بەلێ نوێنەرێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتینە پێشوازی کرن ژ لایێ بیست و حەوت دەولەتا وهەتا ئەڤرۆ ژ وانیش هەندێک دەولەتی ئەورووپی ڤە بۆ خزمەتا قەزیيەیا ژ میللەتێ کورد.

As a muslim member of the House of Lords, I'm deeply concerned with the accident of the Kurdish people leaving this regoin for Europe. Although I'm a strong advocate of lifiting sanctions, I believe that there have to be a long term security for the Kurdish people within Fedral Iraq. Providing security is cheaper than looking after thousands of Refugees in Europe. Nothing will show the Kurdish people better than an international agreement which guarantees the safety of the Kurdish people.

وەکو ئەندامێکی موسلمان لە مەجلیسا لۆردات ئەز زۆر بە اهتماما و بە اعتبار وەردەگرم چونا میللەتی کورد ئەڤێ دەڤەرا یان ئەڤێت دەڤەرێ بهێلن بۆ ئەورووپیا هەروەسا ئەز یەک لەوان کەسان بین لەگەل راکرنا ئابلوقەیا ئابوریا یان کو عوقوباتا بێت کامل لەسەر عێراقێ بەلێ لەوێ باوەرێمە کو تڤێت سیاسەتێکا درێژ هەبێت بۆ ئەمن وتەناهیێ بۆ میللەتی کورد لە چوارچێوەی عێراقێکا فیدرالی، چ جۆرە ضماناتێک بۆ میللەتی کورد هەبن بەرەئیا مە چ جۆرە ضماناتێک نینە بۆ میللەتی کورد بەلکو ضماناتێ نێو دەولەتی بەتەنیا نە وئەڤە دە ئەمنییەت و تەناهیێ لە کوردستانا بەرقەرار بکەن.

Mr.Speaker, Members of the Parlaiment:

Since my arrival in your great country I've met with his excellency Mr. Massoud Barzani and many of your government ministers who are all passionate about the development of the Kurdish regoin and also encouragment of democracy, peace and prosperity. I'm pleased that the 986 programme has benefited the Kurdish people, 13% of the revenue from the

oil for food programme should be on a permanent basis for your share of the national budget within a federal Iraq so that the development continues.

جەنابێ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی وئەندامانی پەرلەمان، هەر لە دەمێ ئەز گەیشتیمە وولاتێ هەوە من چاڤپێکەڤتن کرینە لەگەلٚ جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی و چەند وەزیرێت حکومەتا هەوە یا هەرێمێ و زۆر گەشبینم بۆ پێشوەچوونا دەڤەرا کوردی وپێشڤەبردنا دیموکراتیەتێت وئەمن و تەناهیێ و پێشکەڤتنێ، ئەز خۆشحالٚم کو پرۆگراما ٩٨٦ هاریکاریا میللەتی کورد کریە بەلێ ١٣ ٪ لەدەرامەتێ پرۆگراما نەفت بەرامبەر خۆراک دڤێت بمێنێت بە شێوەیەکی دایم وەکو بەشا هەوە یا کوردان لە میزانیا نەتەوەیی یا ناڤ خۆیێ عێراقیدا لەناڤ عێراقێکی فیدرالی تاکو پێشکەڤتنێ بەردەوام بێت،

I congradulate your government for building over 400 schools in the last 4 years and 25000 houses for displaced people. No nation can survive without economic development and utilization of its national resources. Iraq has many resources and you are part of this country and should receive a share of the benefits.

ئەز پیرۆزباییا لە حکومەتا هەرێم دەکەم بۆ دروست کرنا دەوروبەری چوارسەد قوتابخانە لە دەمێ چوار سالێ چوویێ وە بیست وپێنج هەزار خانویا بۆ ئاواران بەلێ چ نەتەوە نەشێن بژین بەبێ پێشکەڤتنەکا ئابوری و بەبێ بەکارهێنانا سروشتێ خۆیێ و مصادرێت خۆییێت تەبیعی وعێراق خۆدانا زۆر سەروەتێت سروشتی یە و کورد بەشێکن ژ عێراقێ وەتڤێ مافا هەبێت لە دابەش کرنا مافێت وان لە وولاتێ.

I understand that there are some problems in relation to United Nations bureaucracy and the way the 13% has to be authorized from Baghdad. I believe that there is a legitimate case for the Kurdish people to receive a large amount of development revenues directly dedicated to the officers on the ground. Easing of sanctions should mean access to many technology and the machinery to the ordinary people directly rather than through the regime in Baghdad.

ئەز دەزانم کو هەندێک ئاریشە هەنە لەسەر سیستەما نەتەوە یەکگرتووەکان یانکو (un) وە چەوا بەچ رەنگ و بەچ رێیەک سێزدە لە سەدێت بێتە بریار دان لە بەغدا ئەز لەوێ باوەرێمە کو کوردا دەعوەتەکا مەشروع هەیە بۆ وەرگرتنا مەبلەغێکی زۆر لە دەرامەتێت پێشکەڤتنا ئەوێت هاتینە دابین کرن بۆ کارمەندێت ناڤ بەرین، ئاسان کرنا عقوباتا دڤێت بەوێ رەنگی بێت کە پارەزی امکان بێت دەڤێت تەکنەلۆجی و ئالیات بهێنە دابین کرن راستەوخۆ بۆ خەلٚکی نەک ژ لای رژێمی عێراقێ وە.

I also believe that the United Nations should purchase all locally producted

grain and food product rather than importing from as far as Australia and the United States and at cost that is 5 time greater than the local prices which will support the local economy and encourage local farmers to continue producing which will have unique effect upon the local economy too.

لەو بڕوایەدام کە(un ) گەنم و رنێوهانی خۆراکی فەلاحەکانی ئێرە بکڕێتەوە باشترەو پێنج جار هەرزانترە لەوەی کە لە جێگای دووری وەک ئوستراليا و ئەمریکاوە بیهێنێ، گەر وا بکات دەبێتە پاڵپشتێک بۆ ئابووریی هەرێم و دنەی فەلاحەکانیش دەدا کە زیاتر رەنێوبهێنن و سوودی چاکیشی بۆ ئابووریی هەرێم دەبێت.

Easing sanctions could also mean vital machinery that is desperatly needed to develop in the infrastructure, transport and communication. There is strong case for earthly moving machinery, new buses for transport and renewal of communication system to provide services for the region .

ئەز لەوێ باوەڕیە کو تەئسیرەکا فەعال هەبێ لەسەر ئابوریا ناڤ خۆیی ئەڤان بڕیارا، بەڵێ ئاسان کرنا عقوباتا هەروەصا رادەگەیەنێت کو دەڤێت ئالیات باش هەبن بۆ پێشڤەبردنا هەیکەلێ ئەساسی وهاتن وچۆیێ و وەخاستەکا زۆر باش هەبێت بۆ ئالیاتێت تازە، تایبەتی بۆ هاتوچۆێ وتازە کرنا سیستەمێکا نوێ بۆ اتصالاتا بۆ خزمەتا دەڤەرێ کوردی،

## Mr. Speaker, Members of the Parliament:

I will ask our Foreign Commonwealth office to put up pressure on Saddam Hussain to allow visas for the 100 or so technicians who need to come to Kurdistan to build electrical generators and teach others to do so. Let me tell you that there is absolutely no justification for the regime in Baghdad to stop the 75 member of the United Nations land- mine - clearance team from comming here. While I see there is support for easing sanctions is increasing in the west, the regime's grip is once again tighten on Kurdish Region.

جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی پەرلەمان، ئەز پرسیارا وەزارەتا دەرەوەی بەریتانی و ئیدارە کۆمێنویلزدا ضغوطاطا بخاتە سەر صەدام حوسێن تا اجازەی بداتێ بۆ سەد ئەوان کەسان یان کو فیزە بۆ کارمەندا ئەوێت دەیانەوێ بێنە کوردستانێ و مولیداتی کارەبایی هاریکاریا کارمەندێت دی بکەین بۆ دانانا موالیداتی کارەبا بڤێ رەنگی ئەز لەوێ باوەڕیە کو رژێما صەدام حوسێنی هیچ جۆرە شرعیەت لەدەست نیە کو ٧٥ کارمەندێت راکرنا ئەلغاما راوەستینیت بۆ هاتنا ئەوان بۆ کوردستان هەروەکو ئەز دەبینم دەمەکا کو لەغەربێ یاکو لە ئەوروپا ئەڤرۆکە غرب یا خەریکە کو عقوباتا لەسەر عێراقا کەم بکات لەلایەکی دیڤە رژێمی عێراقێ زێدەتر تشدید تر دەبێت لەسەر دەڤەرا کوردی،

I'm sure that you will agree that the Iraqi people children also deserve better, I say it is time for sanctions to be lifted, but Saddam Hussian must change his attitude. The United Kingdom government will never agree to lifting

sanctions till he does. We will continue to support peace, prosperity, stability and democracy in Iraq.

ئەز متاكدم و لەویَ باوەڕیە كو جەنابیَ هەوە لەگەلّ من یەک دەنگن كو بەلّیَ مندالّیَ عیّراقیَ ژ مستحقن بۆ ژینەكا باشتر، بەلّیَ ئەز دەبیّژم ئەڤرۆكە وەخت هاتیە كو عقوبات لەسەر عیّراقیَ رابن، بەلّیَ سەدام حوسیّن دەڤیّت سیاسەتا خۆ بگۆڕیّت حكومەتا بەریتانیَ مومكن نییە كە رازی بیّت لەسەر راكرنا عقوباتا دژی عیّراقیَ هەتا صەدام بیّتە گۆڕین ئەم بەردەوام دەبین لەسەر پشتگیریا خۆیا بەردەوام بوو ئەمن و تەناهییَ و ئاشتی و دیموكراتیەتیَ لە عیّراقیَ.

Mr. Speaker, if your parliament forms a committee on International Affairs, I would be delighted to welcome you to the British Parlaiment and also invite parlimentarians from both Houses, The Commons and The Lords to hear your view in relation to sanction, Democracy, Peace and security for the Kurdish people. Of course, this cannot be done before the election, but I will remain in contact with your Regional Government office in London for whenever you be ready to do so.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمانیَ، ئەگەر پەرلەمانیَ هەوە كۆمیتەكی دابمەزرینیَ لەسەر كاروباریّت نیّو دەولّەتی ئەز دخۆشحالبم جەنابی هەوەی بەڕیّز دەعوەت بكەمە پەرلەمانیَ بەریتانیَ و ئەز دپەرلەمانتەریّت بەریتانی ئامادە بكەم لە هەردوو مەجلیسا، مجلیسا عموما‌ی بەریتانی و مەجلیسا لۆردات یا بەریتانی تا بزانن بۆچونیّت هەوە لەسەر عقوباتا وە دیموكراتیەت وئەمن و تەناهییَ بۆ خەلّكی كوردستانیَ، بەلّیَ بەتەئكید ئەمە مومكن نییە بیّتە ئەنجام دان پیّش هەلّبژاردنا لەبەریتانیا بەلّیَ ئەز بەردەوام بم لەسەر پەیوەندییّت مە لەگەلّ نویّنەرایەتیا حكومەتا هەریّما كوردستانیَ لە بەریتانیا وهەردەمیَ جەنابیَ هەوە ئامادە بن بۆ حضورا مە لە بەریتانیا.

Finaliy, I want to thank the Turkish Government for making my visit to Kurdistan possible. I also want to thank the Kurdish Regional Government for all the facilities they have provided and for arranging my tour to your great country. I want to thank you as members of the parliament for coming here on Friday morning when I know that this is a holiday that you should be enjoying rather than coming and listening to my long boring speech.

هەروەسا ئەز پیّدەڤی بینم ئەز سوپاسیا حكومەتا توركی بكەم بۆ اجازە دانامە بۆ مە كە سەفەرا كوردستانیَ بكەین و بەتایبەتی حكومەتا هەریّما كوردستانیّش بۆ ئەو تەسهیلاتیّت وان تەرخان كرد بۆ مە لە دەرەوە بۆ ڤیَ سەفەریَ، هەروەسا سوپاسیَ هەوە دەكەم ئەندامی پەرلەمانی كوردستانیَ كە ئەڤرۆكە حازر بوون لە پەرلەمانیَ و ئەڤ وەختە دامە ئەو ئاخافتنەی خۆ پیّشكەش بە ئیّوە بكەین.

I would be delighted to answer your questions if you have any; I hope you

don,t have too many because Juma, a Prayer will start very soon too.
Thank you very much

ئەز حەز دەکەم ئەگەر ئێوە پرسیارێکتان هەبی بیکەن، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە زۆر سوپاسی بەرێز لۆرد نەزیر ئەحمەد دەکەین بۆ ئەو وتارە بەنرخەی لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستاندا،

We thank Lord Ahmed for his speech delivered to Kurdistan National Assembly.

هەروەها سەرۆکی کوتلەی پارتی دیموکراتی کوردستان وتاری هەبێت وسەرۆکی کوتلەی برا ئاشوریەکان وتارێکی هەبێت وە سەرۆکی لیژنەی حقوقی مرۆڤ و شەکاویش موداخەلەیەکی هەبێت،

Our programme would be such as: We will have a response from Kurdistan Regional Goverment for your invitation.

لەوانەیە موداخەلەکانیان هەندێک پرسیاری تێدا بێت و زۆر پێ خۆشحال دەبین ئەگەر جەنابی وەلامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، بەنیسبەت دەعوەتەکەوە بەراستی لیژنەی علاقاتی خارجی هەیە لە پەرلەماندا لیژنەی پەیوەندییەکانمان هەیە و لیژنەیەکی کۆنە لەدامەزراندنی پەرلەمانی کوردستاندا ئەو لیژنەیە هەیە وەئێمە ئەو دەعوەتە قەبوول دەکەین وپەنا بەخوا بەرێککەوتن لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و نوێنەری پەرلەمان لە بەریتانیا اتفاقی لەسەر دەکەین لەکاتێکی گونجاو.

There are several speeches from the Kurdish side, from National Assembly, from the government and from the Human Rights Committee. It might be, within their speech, they would ask you several questions according to your speech, we already have International Affairs Committee for our National Assembly. We have representative of parliament it could attend in Britain and our Kurdistan Regional Government representative abroad for that matter.

جارێکی تر زۆر سوپاس بەرێز جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم با بفەرموێ.

Thank you again, his excellency vice - president will deliver his speech:

**بەرێز سامی عبدالرحمن/جێگری سەرۆکی حکومەت:**

بسم الله الرحمن الرحيم

Mr. Speaker, your Lordship, Members of Parliament:

I'm pleased indeed, I'm honoured to have the chance to responding to the kind and penetrating words of Lord Ahmad who is a friend of the

Kurdish case and many other good cases. First and foremost, we are delighted to have his lordship among us today, more so that he has been graeious enough to address our parlaiment, the Kurdish, the Kurdistan Nationl Assembly.

سەرۆکی پەرلەمانێ کوردستانێ عێراق، جەنابی لۆرد نەزیر ئەحمەد، ئەندامێت پەرلەمانێ کوردستانێ.

ئەز پێخۆشحالم وکەیف خۆشم بۆ ئەڤێ دەرفەتێ کە لۆرد ئەحمەد زەحمەتی کێشاوە بە حضورا وی لێرە لە پەرلەمانی کوردستانێ کە دۆستێکی کۆنی کوردایە وگەلێک دۆستایەتی هەیە لەگەڵ بارودۆخی جیهانی وئەز زۆر پێخۆشحالم کە لێرەیە و گرنگی حضورا لە پەرلەمانی کوردستان بە وێ چەندێت دەگەڕێتەوە کە لە خیطابی خۆیدا ئیشارەت دا وەکو ئەنجومەنی نیشتمانیا کوردستانی عێراقێ.

In spite of numerous impediments and obstacles, the Kurdistan Regoin represents in relative terms success. Mr. speaker: Our people enjoy ten years of Democratic librerty, a free press, political parties, trade unions, elections, a parliament and acountable government, living conditions have been improved, the infrastructure of the country has been repaired or newly established. All these against the background of extensive destruction of the 80s and 70s of Halabja.

The famous Anfal came and erasing to the ground 4500 villages and townships.

.دەر هەمی وان زەحمەتاو ئاریشێت مە هەی لە دەڤەرا کوردی مە پێنگاڤا زۆر باش هاویشتینە لە ماوەی دە ساڵی چووینێ ئەحزابی سیاسی دەورێکی باشی دیتیە و دەوری تیجارەتێ باشی دیتیە و زۆر لایەنی دی ژیانی دەورێکی باشی هەبووە لە تەجروبەی کوردی لە ماوەی دە ساڵی رابردوو.
تەبیعی ئەڤ بونیە ئەساسی یە کوردستانێ وەکی ئاگادارن هاتیە وێران کرن لە عەملیاتێت ئەنفال وهەلەبجە و خراپ کرنا چوار هەزارو پێنج سەد گوند لە کوردستاندا بەڵێ بونیەی تحتیەی کوردستانێ بەشێوەیەکی خراپ بوو و وەختی کە حکومەتی ئێمە دەست بەکار بوو.

We believe that it's duty of Ĭnternational community and the U.N specifically who have been instrumental rehabilitating our country and our poeple, to sustain our poeple

a chievements.

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەڕانەوەی ئەم ئەنجامانە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق.

Mr. speaker a great deal of discussion is going on about the sanctions

nowaday, of course we are with ending the suffering of Iraqi peoples. We are with ending all the aspects of the sanctions which hurt the Iraqi poeple. We as part of Iraq also suffer from sanctions.

ئێمە دەزانین کەوا گفتوگۆیەکی زۆر هەیە لەسەر هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق و، ئێمە دەشزانین کەوا ئەم ئابلۆقەی ئابوورییە کەم بکرێتەوە، یاخود هەڵگیرێت، چونکە ئێمە ئەبینین تاوەکو چ رادەیەک زەرەر مەندە بۆ میللەتی عێراق.

But we find it imperative to emphasize the following issue:

بەڵێ ئێمە دەبینین کەوا ئەم بابەت و پێشنیارانە بێنینە پێش چاو.

In first and foremost, protection of our people primarily through the NoFly-Zone, have proven essential to the survival of Kurdistan people and prevention of renewed catastrophe.

پاراستنی ناوچە کوردییەکان و بەتایبەتی رۆڵی حەزری ئاسمانی کە رۆڵێکی سەرەکیی هەیە بۆ بووژانەوەی ئەم ناوچەیە و پاراستنی ئەمن و ئاسایش.

In veiw of the current ongoing about Iraq, we urge the maintenance of the security commitment and the NoFly-Zone until a peacefull solution of the Kurdish problem is achieved on the bases of federalism within a Democratic Iraq. In this respect, we can benefit and learn alot from U.K experience in devolution of the power in the last 10 years.

هەروەکو وتمان پاراستنی ناوچە کوردییەکان و مانەوەی حەزری ئاسمانی لەسەر کوردستاندا ئەگەری بنەمایین بۆ ئەمن و ئاسایش بۆ ئەم ناوچەیە، بەلاّم ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا ئەم دوو مەرجە بمێنن تاوەکو چارەسەرییەکی تەواوەتی دادەنرێت بۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە دەبینین کەوا ئەزموونەکانی بەریتانیا رۆڵێکی باش دەبێت بۆ ئێمەش لێرە بۆ دابەش کردنی دەسەلاّت .

Secondly as debate of the future U.N sanction on Iraq rages, it's paramount to insert the imperative of sustaining the 13% for Iraqi Kurdistan from proceeds of Iraqi oil that form the foundation of the economy of our people. I believe your Lordship have noticed some of the achievements of this programme in Kurdistan.

بەرنامەی «٩٨٦» و رێژەی ١٣ ٪ی ئەم بەرنامەیە کە بۆ ئێمە دانراوە رۆڵێکی باش دەبینێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەڤەرە بەشێوەیەکی تەواوەتی و، من دەبینم کەوا جەنابی لۆردی ئێوە بەچاوی خۆتان بینیتان کەوا تاوەکو چ رادەیەک ئەمە رۆڵی خۆی دەبینێت.

Your Lordship have been kind enough with your penetrating view to refer to the impediments and obstacles in the way of implementation of this

Programme, and also the ways of our people and parliamentarians and ministers about it .

من لەو باوەڕەدام کەوا جەنابتان ئاگاداری گرنگی ئەم بڕیارە و گرنگی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارەن و، چ سوودێکی لێ کراوە و، ترسی ئێمە هەموومان لە پاشە ڕۆژی ئەم بڕیارەدایە.

Thirdly Mr.speaker: The ongoing campaign of ethnic cleansing against the Kurd and Turkman and the demographic changing carried out in Kirkuk, Makhmor and other areas under Iraqi government control by evacuating the Kurd from their home and distributing their land and property to Arab tribes are a cause of continutation and sporadic.

This is very harmfull indeed and an insult to Kurd and Arab alike. So this fact also run contrary to U.N SCR 688 and need to be addressed.

بەردەوام بوونی سەرکوت کردنی میللەتی کورد لە ناوچەکانی کەرکووک و مەخمور ناوچە ژێر دەسەڵاتەکانی رژێمی عێراق و، ناچار کردنیان بۆ جێهێڵانی ناوچەکانیان ئەوە ئیهانەیەکە بۆ کورد و دۆستانی کورد و بۆ عەرب وبۆ هەموو کەسێک، راستی ئەمە دژی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشە و بەتایبەتی بڕیاری «٦٨٨».

I believe that some of the victims of this campaign have attempted to appeal your Lordship about their ordeal

من لەو باوەڕەدام کەوا ئەو قوربانیانەی ئەم رووداوانە جەنابتان ئاگادار دەکەنەوە لەسەر ئەم رووداوانە.

Fourthly Mr. speaker: The implementation of The Washington Agreement between KDP and PUK have achieved internal peace and stability during the last 4 years. We will start a new session on the higher coordination committee tomorrow to implement the main terms of Washington original agreement.

پرۆسەی ئاشتی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قۆناخی جێبەجێ کردندایە و ، رۆڵێکی باشی هەبوو لەم چوار ساڵەی رابردوودا و، ئێمە لە کاتێکی زۆر نزیکدا کۆبونەوەیەک دەکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو رێککەوتننامەیەی کە لە واشنطون مۆر کرا.

I would like to express our gratitude finally Mr.speaker: on the behalf of Kurdistan Regional Assembly once again our distingushed guest Lord Nazer Ahmad, Who is Kashmeri background I believe that helps his Lordship to understand the Kurdish problem more deeply.

لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێز لۆرد «نەذیر ئەحمەد» دەکەین بە ناوی جێگرایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی

هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بۆ وتارە بەنرخەکەی لە پەرلەمانی کوردستاندا و، وەکو خەڵکی کەشمیریش هاوکارییەک و بەیەکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوانی ئێمە و خەڵکی ئەواندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەین، کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یۆنادم یوسف کەنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

Excellency speaker and Parliament Members:

I'm pleased to welcome Lord ship Nazer Ahmad on behalf of the Assyrian list in parliament, to welcome you here. We are very pleased that you are among us today. Here, we hope that you go back to London with full hand information about the region, about our suffering here; to support us, to make the good decision about the people in Iraqi Kurdistan, and generally on Iraq. Ministry of Interior asked me to speak in Assyrian. I listened very carefully to your speech. Lordship, really it was full of issues and full of positive views regarding the region and again I Listened to his excellency deputy prime minister, I agree with both, and just we have to add that we expect that Iraqi Kurdistan people also for peace and for democracy as stability in this region. May be central government succeeded to have some. I can say to move the emotions of the Arabs and Muslim Countries, that he is a victim. It is in Contrary we are the victim of his policy. We in this region as Kurds and Assyrians and Turkman are victims of his blind nationalism policy. We, in Iraq, are victims of his dictatorship policy and can say every time fighting a war against the nighbours; against Iraqi people also so we call all the international community, we call the British Government and all the friends to support us to get rid with this regime; to succeed with democracy and peace for all Iraqis. Again we welcome you have and we are very pleased to see you among us here. You see that we are trying to create some modern society here away from blind nationalism and fanatism and others. We are Christains but we are together with our bother Muslims. Here we are Assyrians and Turkmen and Kurds we are all together, so we would like that all friends support us to succeed to create this society in Iraq as all Arabs and Turkmen and Kurds and Assyrians and everybody of Iraqi people.

So we are also looking forward to live in peace together and in united Iraq but at the same time with respect. I say like Kurds like Assyrian respected cultures and respected issues.Thank you very much for your coming. Again we welcome you, we hope all the best for you. Thanks alot. I don't want to speak more to bother yourself. Thank you.

من به ناوی حەرەکەی ئاشوری لە کوردستانی عێراق و بەناوی وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم، هاتنی ئێوە بۆ پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی بەڕێزتان بەتایبەتی بۆ پەرلەمانی کوردستان و، بەتایبەتی وتارە بەنرخەکەی جەنابتان بۆ ئێمە و بۆ دانانی ئەم بۆچوونانە کەوا حکومەتی بەریتانی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەمن و تەناهی لە کوردستانی عێراقدا، وەکو بەڕێزتان دەزانن حکومەتی ناوەندی سەرکەوتوو بووە لە سیاسەتی خۆی دژی گەلی عێراقی و هەموو نەتەوەکانی، بەراستی رژێمی عێراقی سوورە لەسەر زوڵم و زۆرداری بەرامبەر بە میللەتی خۆی و، هەڕەشەکردنیشی لەسەر ئاسایشی دراوسێکانی، ئەمڕۆ و لە پێش ئەو هەموو ئەگەرانە ئێمە دەبینین کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەیەوێت هاوکاری ئێمە بکات بۆ دانانی دیموکراتیەت و ئێمە ئەمڕۆ جەنابتان دەبینین وەکو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووخواز لەگەڵ برا کوردەکانمان بەناوی مەسیحییەکان پێکەوە ئیدارەی کوردستان بەڕێوە دەبەین، جارێکی تر بەخێرهاتنی بەڕێزتان دەکەین و سوپاستان دەکەین بۆ ئامادە بوونتان لە پەرلەمانی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی پەرلەمان و لیژنەی مافی مرۆڤ سوپاسی بەڕێز لۆرد (نەذیر ئەحمەد) دەکەین بۆ هاتن و بەشداری بوونی لە ئەم دانیشتنەدا کە تایبەتە بە میوانداریمان لێرە لە کوردستاندا، بەراستی ئامادە بوونی بەڕێزیان دەرفەتێکە بۆ ئێمە بۆ سوپاس کردنی حکومەتی بەریتانی و، هەروەها گەلی بەریتانی و حزب و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی بەریتانی کە پشتگری تەواو لەگەڵی کوردستان و ئەزموونەکەی و هەڵبژاردنی فیدرالیەت کە لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا، ئەمە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بڵێین بەریتانیا وڵاتێکی ئەوروپییە و رۆڵێکی گرنگی هەیە لەجیهاندا و ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشیشە، بەراستی لە هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر شارەزای میللەتی کورد هەیە و، مەینەتییەکانی دەزانێ، بەتایبەتی لە پاش جەنگی جیهانی دووەمەوە، چونکە لێپرساوێتییەکی مێژوویە لەسەر شانی دەبێت پشتگیرییەکی تەواوی ئەم میللەتە بکات، ئەم

میللەتە پێویستی بە ئاسایش هەیە، پێویستی بە ئیستقرار هەیە، مەینەتییەکی زۆری دی بەدەست حکومەتەکانی یەک لەدوای یەکی بەغدا و زۆربەشیان حکوماتی شوڤینی و دیکتاتۆری بوون، ئێمە زۆر پێویستیمان بە ئیستقرار هەیە تاوەکو بتوانین کوردستان ئاوەدان بکەینەوە، پاش ئەو مەینەتییەی کە دیمان بەدەست ئەو حکومەتانەوە وەکو چۆن لە قسەکانی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران ئاماژەی پێکرد کەوا نزیکەی «٥»هەزار دێمان خاپوور کرا، «١٨٢»هەزارکەس ئەنفال کرا، «٨»هەزار بارزانی فڕێدرایە ناو تێزاب، نزیکەی «٣٠٠»هەزار کوردی فەیلی دەرکرا و، بەداخەوەش حکومەتی بەغدا هەر بەردەوامە لەسەر سیاسەتەکەی، ئێمە گەلی کورد هەمیشە لەگەڵ ئاشتیدا بووینە و، هیچ جارێکیش لەگەڵ ئەوە نەبووین پەنا بۆ چەک بەرین، بەڵام زۆر جاریش ناچار کراوین کەوا چەک بەکار بێنین و بەرگری لە مەسەلەکەمان بکەین و، ئێمە هەمیشە بەرێگای ئاشتی ویستوومانە مەسەلەکەمان چارەسەر بکەین لەگەڵ حکومەتەکانی بەغدا، بەڵام ئەڵێم بەداخەوە ئەو حکومەتانە تاوەکو ئێستا مەسەلەی کوردی بەتەواوی نازانن و، بەپێچەوانەوە هەر بەردەوامن لەسەر سیاسەتی راگوێزان و بەعارەب کردن و دەرکردنی بەزۆر لە شارەکاندا و بەتایبەتیش لە کرکوکی ئازیزدا و، لە خانەقین و، لە مەخمور کە قەزایەکە لە قەزاکانی شاری هەولێر و، هەروەها لە ئاڵتون کۆپری و قادر کەرەم و دووزخورماتوو و لە سنجار و شێخان و زۆر شوێنی تریش و، هەر بەردەوامن لەسەر راگوێزانیان، بەشێکیان بۆ ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستان و بەشێکیشیان بۆ ناوەراست و باکوری عێراق و، بەوەش رانەوەستاوە و دەرفەتێکی باشی لەو بارە نێودەوڵەتییە قۆستوەتەوە کە تەحەشودات و تێپەڕ بوون بکات لەسەر هێڵی «٣٦»دا و بێتە ناو دێیەکانی کوردستان، وەکو دوایین جار کە کردی لە ناوچەی «بەعدرە» و، ئێستاش لە ناوچەکانی قوشتەپە و عەوێنەو ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ، ئێمە داوا لە حکومەتی بەریتانی و رای گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشیش دەکەین کە دەبێت میللەتەکەمان بپارێزن و بەتایبەتی بە جێبەجێ کردنی بڕیاری «٦٨٨» کە ئەوە بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایشە و، لەو بڕیارەش پاراستنی مافی مرۆڤ و مافی گەلی کوردستانی تێدایە، بە کورد و تورکمان و ئاشووریشەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووینە کەوا ئابڵوقەی ئابووری لەسەر گەلانی عێراقدا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ ئەوە نین کەوا بڕیارێکی تازە دەربچێت و بەشی کوردستان کە ١٣ــ١٥٪ لە دەستمان بڕوات، بەڵکو داوا دەکەین کەوا ئەو بەشەمان بەبەردەوامی پێ ببەخشرێت، چونکە کورد هیچ کاتێک سوودی لەبەشی خۆی نەکردووە تەنها لە بڕیاری «٩٨٦»دا نەبێت، هەمیشە حکومەت پارەی ئەو نەوتەی بەکار هێناوە بۆ چەک و ژەهر کڕین دژی گەلەکەمان و جینۆساید کردنیان، کە ئەوە لە پێش چاوی هەموو جیهاندا کرا لە هەڵەبجەدا، هەروەها چیبیان لە شوێنەکانی تریش کرد وەکو لە قەڵادزە و ناوچەی بارزان و ناوچەکانی گەرمیان کرا، راستە ئێمە تاقیکردنەوەکەمان تازەیە لە چاو تاقیکردنەوەکانی بەریتانیا کە کۆنترین پەرلەمانی هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێتان دەڵێین کە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی تازەیە و، ئێمە

دەمانەوێ تەفاعول بکەین لەگەڵ باری نێونەتەوەیی و، بە هەمـوو جیـهان نیـشان بدەین کە کورد شایستەی بەڕێوەبردنی ئیداراتی خۆبەتی و، ئێمە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی تازەمان هەیە، کەموکوڕیمان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە شانازی بەو تاقیکردنەوەیە دەکەین، چونکە ئەم پەرلەمانەی ئێستا فراکسیۆنی پارتی تێدایە و، فراکسیۆنی ئاشووری تێدایە و، چەند کەسێکی لە دەرەوەی ئەو دوو لایە تێدایە و یەکێکیان منم، لەبەر ئەوە ئێمە داوا دەکەین بەردەوام بن ئەی گەلی بەریتانی و حکومەتی بەریتانی کە ئەرکێکە لەسەر شانتان، چونکە لە کۆنەوە پشتیوانی مەسەلەی کوردتان کردووە، جارێکی تر سوپاسی هاتنی ئەو میوانە ئازیزە دەکەین و، هیوادارین ئەو ماوەیەی لە کوردستان دەمێنێت بە خۆشی بەسەری بەرێت و ئاگاداری ئەزموونەکەشمان ببێتەوە کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین، لەگەڵ ئەو هەموو پیلان و دژایەتییانەی کە دژی گەلەکەمان هەیە و، داواش دەکەین هاتنی بوارێک بێت بۆ پتەو کردنی پیوەندی لە نێوان ئێمە و کۆنترین پەرلەمان لە جیهاندا، جارێکی تر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک عەبدولخالق دەکەین بۆ روونکردنەوەی رای لیژنەی مافی مرۆڤی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق کە لە راستی دا نوێنەرایەتی رای هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکات، بەڕێز شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێرهاتنی گەرمی میوانی بەڕێز دەکەم و، داواکارم لە خوای گەورە کە هەنگاوێکی خێرو بەرەکەت بێت بۆ کوردستان و بۆ ژیانەوەی کوردستان، پشتگیری لە هەموو وتە بەنرخەکانی دەکەم کە هەوڵ و کۆششە بۆ باشکردنی ژیانە لە کوردستان و ژیانەوی کوردستانی وێران کراو و، ئێمە زیاتر لە «٤٥٠٠»گوندمان وێران کراوە بە تۆپ و بە کیمیا باران کردن، دوو داواکاریم هەیە لە بەڕێزیان وەکو ئافرەتی کورد، ئەمەویت وەکو زایەڵەی دەنگی ئافرەتان و منالانی بێ باوک و کیمیابارانی هەڵەبجە و پاشماوەی ئەنفالەکان بگەیەنێتە ولاتانی دەرەوە و، بەتایبەتیش حکومەتی بەریتانیا و ئەو ئەنجومەنە بەڕێزانەی کە تیایدایە، کە پشتگیری لە ئێمەی کورد بکەن بۆ ئەوەی لەو زوڵم و زۆرداریییە رزگارمان بکەن، ئەو دوو خاڵەشم، یەکەمیان، داوای قەرەبوو کردنی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە دەکەم، چونکە بەراستی ژمارەیەکی زۆر لەوانە ماونەتەوە کە بێ سەرپەرشتیارن و، هەروەها چەند منالێکی بێ دایک و باوک ماونەتەوە کە ئەمانە کەس نییە سەرپەرشتیان بکات و، لەو باریشەوە وەکو ئافرەتێکی کورد لێرەوە داوای مافێکی تایبەتی دەکەم بۆ ئافرەتانی کوردستان بەگشتی و کیمیا بارانی هەڵەبجە بەتایبەتی، ئەوانەی کە ماونەتەوە و، ئەو خێزانە بێ سەرپەرشتیارانەی کە لە ئەنفالەکاندا

ماونەتەوە، کە ئێمە زیاتر لە «١٨٢»هەزار کەسمان بێ سەرووشوێن و، خێزانەکانیان کە بێ کەس ماونەتەوە وەکو مافێکی هەمیشەیی، نەوەک وەکو ئەوەی حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمی کردبێت، بەڵکو حکومەت و پارتی دیموکراتیش ئەوەی لە دەسەڵاتیدا بێت بەرامبەر بەو خەڵکانە کردوویانە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە ماونەتەوە لە هەڵەبجە زۆربەیان تووشی نەخۆشی بوون، وەکو نەزۆکی و شێرپەنجە، ئەمە بەراستی کێشەیەکی گەورەیە کە تووشی میللەتەکەمان بووە و، داوا لە بەڕێزتان دەکەم کەوا ئەم زایەڵەیە بگەیەننە حکومەتی بەریتانیا و، داواکاری دووەمم چاک کردنی باری ژیانی کۆچبەرانمانە لە دەرەوەی کوردستاندا، چونکە ئێمە بەهیچ شێوەیەک دەستمان پێیان ناگات و ئەوانیش کەوتوونەتە ژێر رەحمەتی ئێوەی بەڕێزەوە، داوا لە هەموو ئەو حکومەتانە دەکەم کە کۆچبەری کوردی تیادایە و ئەوانەی گەیشتوونەتە ئەوێ مافی سیاسی، یاخود هەر مافێکی تر بێت پێیان ببەخشرێت، چونکە بەراستی لە کوردستاندا مەترسییەکی گەورە هەیە، راستە سوپاستان دەکەین کە بڕیاری «٦٨٨» پاراستنی نێودەوڵەتییە بۆ کوردستان و، ئێمە لە سێبەری ئەو بڕیارەدا دەژین، بەڵام هەر نازانین ئایندەی کوردستان بۆ کوێ دەگات، جا بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە ئەم زایەڵەیە بگەیەننە هەموو ئەو حکومەتانەی کە پشتگیری لە میللەتی کورد دەکەن و، ئەوانەن کە پشتگیری لە مافی هەموو میللەتێکی بەش خوراو دەکەن، جارێکی تریش بەخێرهاتنی بەڕێزت دەکەم وداوا کارم کە دەنگمان بگەیێنن بە جێگای خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک د.ناسح سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێگام بدەن پڕ بەدڵ بەخێرهاتنی بەڕێز (لۆرد نەزیر) ئەحمەد بکەم بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانەوە، هیوادارین رۆژانێکی خۆش و بەسوود لە کوردستان بەسەر بەرێت، سوپاس بۆ هەست و هەڵوێستی، سوپاس بۆ ئەو سەردان و بایەخدانەی کە بە کێشەی کوردو کوردستانی ئەدا، سوپاس بۆ ئەو بایەخدانەی کە بە ئەزموونە نوێیە دیموکراتییەکەمان ئەدات کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەزموونێکی بێ وێنەیە، سوپاس بۆ وتارە گرنگ و بەنرخەکەی بەڕێزیان.

بەڕێز لۆرد نەزیر ئەحمەد ئێوە نوێنەری پەرلەمانی وڵاتێکی زل هێزی جیهانن کە نەک تەنها ئەمڕۆ بەڵکو لە سەدەکانی پێشووشدا بەریتانیای مەزن رۆڵێکی تایبەتی و سەرەکی هەبووە لەبواری پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بۆ دیاری کردنی چارەنووسی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمڕۆ بەریتانیا هێشتا ئەو سەنگەی خۆی هەر هەیە. بەنیسبەت ئێمەی کوردەوە کێشەی کوردو کوردستان لەکاتی سەرهەڵدانی ئەم کێشەیە وەکو کێشەیەکی

نێـودەوڵەتی رۆڵێکی تایبـەتی هەبووە یان جێگایەکی تایبـەتی هەبووە لە سـیـاسـەتی دەرەوەی بریتانیای گەورەدا ئەنجامی ئەو سیاسەتە کاریگەری هەبووە لەسەر کوردو کوردستان هەروەها لە مێژووی سەردەمی نوێماندا بریاری ٦٨٨ ئەو بریارەی کە ئەنجومەنی ئاسایش وەریگرت و بوو بە وەرچەرخانێکی نوێ لە مێژووی نوێی گەلەکەماندا بریتانیای گەورە (عظمی) دەورێکی تایبەتی هەبوو لە وەرگرتنی ئەم بریارەو لە پیادەکردنی برگەکان و ناوەرۆکی ئەم بریارە گرنگە مێژووییە ئەو بریارەی کە بوو بە هۆی پاراستن و گەشەپێدانی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە فرە نەتەوەییە فرە حزبییە کە وێنەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراسـتـدا کـەمـە، سوپاسی هەڵـوێـسـتی گـەلی بریتـانـیـا و رێکخـراوە خێرخوازو مـرۆڤ دۆسـتـەکانی بریتـانـیـا و پەرلەمـانی بریتـانی و بەتایبـەتی حکومـەتی بریتـانـیـا دەکەین بۆ جەخت کردن لەسەر ئەم سیاسـەتەی کە ئەمرۆ پیادە کراوە بۆ جێبەجێ کردنی بریاری ٦٨٨ و پاراستنی ئەم ئەزموونە.

بۆ ئەوەی درێژە بە قسەکانم نەدەم، چونکە پێش من جەنابی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وتارێکی پێشکەش کرد و برایانی تریش ئەو وتارانە تەعـبـیـر لە دەنگی ئێـمـەو لە هەڵـوێـسـتی ئێـمـەش دەکـەن بۆیە نامـەوێ ئەم وتانە دووبارە بکەمـەوە جـارێکی تر بەخـێـربێن، سـوپـاسی هەڵوێستتان دەکەین هیوادارم هەر درێژە بەو هەڵوێستەتان بدەن بۆ پاراستنی ئەزموونی کوردستان و گەشەسەندنی کوردستان، جارێکی تر بەخێر بێن و سەرچاوان، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاسی بەڕێز کاک د. ناسح دەکەین.

ئەگەر بەڕێز جەنابی لۆرد نەزیر ئەحمەد وتاری هەیە و قسەی هەیە لەم بابەتانە با بفەرمووێ:-

**بەڕێز لـۆرد نـەزیـر ئـەحـمـەد:**

Mr. speaker, members of parlament: I Just want to say: thank you once again, Im delighted to see minority well represented within your parliament, Asserians, the turkmans and ofcourse the majorty but particulary the women here as well, so I will take your massege back to House of Lords, Although we don't have many debates on kurdistan but we certainly have questions and debates on sanctions and the Legitimatcy of No-fly- Zones. I will certainly take the massage and also experience of how you feel and what you said to me and bring it to the attention of the House of Lords and other political forms. as a member of The Labour party and a Labour parliamenter we also have an important role in the PLP meetings which is parliamentary labour party meetings which is Mr. Blear and Robin Koke and other ministers attend and we also have specific Committees too which are dealing with the foreign affairs, human affairs, department for internatoanal

development, etc.. including meetings with the Night honorable Ean Short who is the secretary of state for deficit, so in brief because it's coming on very near to the juma'a pray and I don't wont to prolong this I just want to say thank you very much for all the views that have been expressed here this morning Inshala'h present report for the Foreign office and also the members of the government to Those who interested in this region. Thank you very much.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان

ئەندامانی پەرلەمان

جارێکی تر سوپاس بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بەراستی من زۆر پێ خۆش حاڵم بەو تەعدوییەی کە ئەمرۆ لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەیە بەتایبەتی لایەنانی تری بەشدار وەکو ئاشوری و لایەنەکانی تر بەتایبەتی بۆ رۆڵی ئافرەتانی کورد لەم پەرلەمانەدا من پەیمان دەدەم کە پەیامی ئێوە وەرگرم بە لایەنە بەرپرسەکانی بریتانی رادەگەیەنم لە راستیدا بابەتی ئابلووقەو حضری ئاسمانی من دەیگەیێنمە لایەنە بەرپرسەکان و حزبە سیاسییەکانی بریتانی وەکو پارتی کرێکارانی بریتانی کە من ئەندامم تیایدا. ئیمە چەندین کۆبوونەوەمان هەیە کە جەنابی سەرەک وەزیرانی بریتانی تۆنی بلێر تیایدا ئامادە دەبێت و لەناو ئەو کۆبوونەوەدا ئێمە دانیشتنی تایبەتیمان هەیە و من رای ئیوە دەگەینمە ئەوان. هەروەها بابەتێکی تریش کە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یان (تنمیەی بریتانی ـ کلێر شۆرت) من بەدرێژی باسی راپۆرتەکەی خۆم بۆیان دەکەم لەسەر ئەو بابەتانەو راو بۆچوونی ئێوە بە دروستی دەگەینمە لایەنە بەرپرسەکانی تری بریتانی، لەبەرئەوەی نوێژی هەینی نزیک بووە من کاتی ئێوە زۆر ناگرم، جارێکی تر سوپاس بۆ ئەو پێشوازییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی لۆرد نەزیر ئەحمەد، رێگام پێ بدەن بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاستان بکەم بۆ سەردانتان بۆ کوردستان بۆ هاتنتان بۆ هۆڵی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بۆ وتارە بەنرخەکەتان، هەروەها بۆ دۆستایەتی و پشتگیرییتان لە دۆزی گەلی کوردستان، قەزیەی کوردی و موعاناتی گەلی کوردستان بەبێ چارەسەرێکی سیاسی عادیلانە کۆتایی نایەت، پەرلەمانی کوردستان لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢بە گشتی دەنگی هەموو ئەندامانی، بە گشتی دەنگی هەموو پارتە کوردستانییەکان بڕیاری چارەسەری قەزیەی کوردی وەرگرت بەشێوەی یەکبوونی ئیختیاری لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالیدا کە کوردستان هەرێمێک بێت لەو عێراقە دیموکراتییە فیدرالییە و ئەو هەرێمە فیدرالییەی کوردستان بۆئەوەی چارەسەرەکە چارەسەرێکی رەواو راستەقینە بێت پێویستە هەموو کوردستانی عێراق بگرێتەوە بەتایبەتی شارەکانی کەرکوک و خانەقین و سنجار. چونکە ئەزموونی گەلی کوردستان لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا زۆر تاڵ و ناخۆشە پێویستە ئەو چارەسەرییە دیموکراتییە

عادیلانە بە لەلایەن لایەنە نێودەوڵەتییەکانەوە گرێنتی و زامن کرابێت ئەگینا هەر چارەسەرییەک زەمانەتێکی نێودەوڵەتی نەبێت زۆر ئاسانە بۆ حکومەتەکانی عێراق لێی پاشگەز ببنەوەو هەڵیوەشێننەوە.

داواتان لێ دەکەین بۆ ئەم مەبەستە پشتگیری گەلی کوردستان بکەن و تا ئەم مەبەستە تا ئەم ئامانجە جێبەجێ دەبێت پێویستە ئەمڕۆ پاراستنی کوردستان بەردەوام بێت هەروەها پێویستە کوردستان لەلایەنی ئابووریشەوە بپارێزرێت بۆئەوەی ژیان لە کوردستاندا بەردەوام بێت کوردستان ئاوەدان بکرێتەوەو ڕێکوپێکی ئیدارە بکرێت و ئەم ئەزموونە دیموکراتییە سەر بکەوێت پێویستە بەشی کورد لە فرۆتەنیی نەوتی عێراق گرێنتی بکرێت هەتا ئەگەر هاتوو ئابلووقە لابرا یان کەم کرایەوە یان هەڵواسرا بۆ ئەم مەبەستە پێویستە باپەند ببینەوە بە بڕیاری ٦٨٨ و ئەم بڕیارە پێویستە بەگەڕ بخرێت. ئەمە بە کورتی پوختەی داواکارییەکانمانە هیوادارین پشتگیریمان بکەن، جارێکی تر زۆر سوپاس بەڕێزو تەقدیرەوە بەخێر بێن سەرچاومان.

بەڕێزان لێرەدا کۆبوونەوەکەمان دوایی هات و زۆر سوپاس.

**فرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) نائاسایی**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢/٧/٢٠٠١

خولی یەکەم

سـاڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١) نائاسایی

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٧/٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٧/٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە یەک)ی نائاسایی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یەک)ی نائاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٧/٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- بەیانی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەربارەی سەفەرەکەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا.

٢- بەردەوامبوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دوهەم هەموارکردنی یاسای ژمارە «١٢»ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «١»ی نائاسایی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکەین، پێشەکی زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی گەرمی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان پێک هاتووە لە دوو خاڵ: ١- بەیانی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق دەربارەی سەفەرەکەی بۆ وڵاتانی ئەوروپا.

٢- بەردەوامبوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای دوهەم هەموارکردنی یاسای ژمارە «١٢»ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی داد.

بۆ ئەوەی دەسبەکار بین لە کارەکەمان بەشی یەکەمی ئەم دانیشتنە تایبەتییە، بۆیە داوا لە بەڕێزان نوێنەرانی ڕاگەیاندن دەکەم کە هۆڵەکە بەجێ بهێڵن، تکا لە بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت دەکەین کەوا بفەرمووێت و بەیانی حکومەت پێشکەش بکات، فەرموو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر خۆشحاڵین کەوا ئەم دەرفەتەمان بۆ هاتە پێش بۆ ئەوەی لە نزیکەوە باسی سەردانەکەی خۆمان بکەین بۆ ئەوروپا، من لەگەڵ ئەو شاندەی کە پێکەوە چووبووین کاک د.شەفیق قەزاز لەوانەیە پێویست بکات لە هەندێ روونکردنەوەی سەفەرەکە هاوکاریم بکات، پاش ئەوەی باسی سەفەرەکەتان بۆ دەکەم هەر کەسێک پرسیارێکی هەبێت لە بەڕێزان ئێمە ئامادەین کەوا وەڵامی بدەینەوە، ئێمە لە وڵاتی بەلجیکاوە سەفەرەکەمان دەست پێکرد، هۆی سەردانی ئێمە بۆ بەلجیکا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بەلجیکا لەم ماوەیەدا سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپای پێ سپێردرا، سەبارەت بە ئێمە ئەمە خۆی لە خۆیدا گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەوان لە بیروبۆچوونەکانی ئێمە تێبگەن و، ئێمەش بزانین لەو شەش مانگەی کە ئەوان سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا دەکەن سەبارەت بە کێشەی کورد چۆن هەڵسووکەوت دەکەن، خۆی لە بەلجیکا دوو را هەبوو، ئەوەی کە ئێمە هەستمان پێی کرد، هۆی بانگێشتی ئێمە بۆ بەلجیکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵێک لەمەو بەر، ئەویش لەبەر ئەوەی لە وەزارەتی دەرەوەی بەلجیکا دوو را هەیە، رایەکیان دەڵێت: پێویستە ئێمە لەگەڵ عێراق بەرەو پێشەوە بچین و هەنگاوەکانی خۆمان رێکوپێک تر کەین لەگەڵ حکومەتی بەغدا، لەهەمان کاتیشدا هەر لە هەمان وەزارەتی دەرەوە و حکومەتیشیاندا دەڵێت، پێویستە ئێمە هەموو لایەنەکان لێک بدەینەوە و تەنها ئەوە نەبێت ئێمە تەرکیز لەسەر ئەوە بکەین کە ئێمە بچین بۆ بەغدا و تەنها لەگەڵ حکومەت گفتوگۆ بکەین وەکو کورد، دیارە ئەم رایە رایەکی زۆر بەهێز بووە لە ناو حکومەتدا بەتایبەتی لە وەزارەتی دەرەوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە بانگێشت کراین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بۆچوونەکانی خۆمان وەکو حکومەتی هەرێم و کێشەی کورد بۆ ئەو وڵاتە باس بکەین، ئێمە کە چوین پێشوازی کراین لەلایەن وەزیری دەرەوەی بەلجیکا کە دەکاتە جێگری سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا و، مرۆڤێکی دەسەڵاتدارە و بوونی ئەو لە بەلجیکادا زۆر کاریگەرە، لەگەڵ ئەو ئێمە زۆر بە دوورودرێژی باسی مەسەلەی خۆمان کرد و ئەم ئەزموونەی کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە و ئەو داواکاریانەی کە کورد داوای دەکات لەم قۆناغەدا چییە و، ئەوان کە سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا وەردەگرن ئێمە حەز دەکەین لەم ماوەیەدا بزانین ئەوان چیمان بۆ بکەن سەبارەت بە کێشەکەمان وەکو کێشەی میللەتێک، روون کردنەوەکانی ئێمە زۆر کاریگەر بوو بەسەریاندا، چونکە زۆر شتیان بۆ روون بووەوە، ئەوان وتیان کەوا بانگێشت کراون کە سەفەر بکەن،بەڵام پاش ئەوەی ئێمەیان بینی رایان گۆڕی و جارێکی تر چاویان بەوەدا خشاندەوە کە بەراستی پێویستە هەموو لایەنەکان وەربگرین و تەنها یەک لایەن نییە، ئێمە بۆیانمان باس کرد کە بارودۆخی ئێستای هەرێم و بەتایبەتی پاشی سەرهەڵدان و تاوەکو ئێستا و پاشان باسی ئاشتیمان کرد و، باسی کاریگەری بڕیاری «٩٨٦» و کەموکوڕییەکانی ئەم بڕیارە و گلەییەکانی ئێمە لە نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بەم بڕیارە چییە، هەر هەموو ئەوانەی کە

باسمان کرد لێرەوە ئامادەمان کردبوو بە فایلێک و بۆ هەر جێگایەک چووین ئێمە ئەو فایلەمان پێشکەش دەکرد کە لەسەر بڕیاری «٩٨٦»و بۆچوونی ئێمە لەسەر فیدرالیەت و ئێمە چۆن چارەسەری کێشەی کورد دەبینین و لەسەر ئەم هەموو مەسەلانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بۆ ئەوەی کە سوود زیاتر لە کاتەکە وەرگرین ئێمە ئەو فایلەمان پێشکەشیان کردووە و، هەموو بیروبۆچوونەکانی خۆمان لەوێدا باس کردووە، من نامەوێت بە دووردرێژی بچمە ناو داواکارییەکانی ئێمە، بەڵام ئەوەی کە زۆر پێویست بووە بەشی ئێمە بووە لە ١٣٪ بڕیاری «٩٨٦» و، گلەییشمان کردووە کە بەشەکە کەمە وخۆی «١٥٪» بووە، بەڵام قەیناکا ئەگەر ١٣٪ بێت، بەڵام پێویستە بچەسپێت و بەردەوام بێت، دووەم پاراستنی ئەم میللەتە تاوەکو دەگاتە بڕیارێکی کۆتایی، چونکە مەسەلەی ئێمە مەسەلەیەکی سیاسییە و کێشەی ئێمە کێشەی برسێتی نییە، کێشەی ئێمە چونکە سیاسییە و چارەسەر نەکراوە پێویستە چارەسەرێکی سیاسی بۆ کێشەکەمان بدۆزرێتەوە، تاوەکو ئەو کاتە دەبێت پاراستن بۆ ئێمە بمێنێ و زۆر پێویستە، دووپاتی ئەوەشمان کردەوە کە پێویستە یارمەتی ئێمە بدرێت لەوەی کە ئێمە بتوانین بڕیاری «٩٨٦» بە شێوەیەکی باش لە کوردستاندا جێبەجێ بکەین، ئەوان باسی ئابلۆقەی ئابوورییان دەکرد لەسەر عێراق، پێمان وتن ئێمە هەرگیز پێمان خۆش نەبووە ئابلۆقە لەسەر عێراق هەبێت و، بە قسەی ئێمەش دانەنراوە هەتاوەکو بڵێین ئەو ئابلۆقەیە هەڵگیرێت، یاخود بمێنێت، بەڵام لەبیرتان نەچێت کەوا ئێمە ئێستا وەکو کورد دوو ئابلۆقەمان لەسەرە، ئابلۆقەیەکی هی نەتەوەیەکگرتووەکانە و، ئەوی تریش هی عێراقە کەبەسەرمانیدا سەپاندووە، ئەگەر لە ئێمە پرسیارکەن ئێمە پێمان خۆش نییە کە ئەو ئابلۆقەیە هەبێت، بەڵام هەر باسێک لەسەر عێراق بکرێت، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی مەسەلەی کورد بکرێت، بێگومان کارەساتێکی تر بۆ میللەتی کورد دروست دەبێت، کارەساتێک کە ئێوە خۆتان لەوانەیە بزانن کە میللەتی کورد زۆری بینیوە و زۆر ئازاری چەشتووە لە ئەنفال و کیمیاباران کردن و، ئەم جۆرە تراجیدیانەی کە لەوانەیە جارێکی تر دووبارە بێتەوە، ئەگەر ئێوە تەنها یەک لایەنی مەسەلەکە وەربگرن، ئێمە زانیمان کەوا تێگەیشتنێکی باش لەلایەن ئەوانەوە دروست بوو لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئێمە ناتوانین ئیرادەی میللەتێک پێشێل بکەین، کە نەوەیەک لە کوردستاندا پەروەردە وگەورە بوون نازانن ئەو بۆچوونانەی کە لە بەغدا هەیە مانای چییە، ئێستا ئێمە ناتوانین بڵێین سبەی هەموو ئەم شتانە پێویستە پەیوەست بێت بە مەرکەز، پێویستە فۆرمۆلێک بدۆزرێتەوە، کە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەبێ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد هەرگیز نە لە عێراق و نەلە ناوچەکەدا ئاسوودەیی و ئاسایش نابێت، هەروەها بە دووردرێژی باسی پرۆسەی ئاشتیمان کرد لە نێوان پارتی و یەکێتی و، پێشمان وتون کەوا ڕۆڵی ئێوە دەتوانێ وەکو ئەورووپا تەواوکەری ڕۆڵی ئەمریکا و بەریتانیا بێت لە پاراستنی کوردستان، چونکە وەکو هەموو شارەزان ئەورووپییەکان ڕۆڵیان زۆر کەمە جا چ لە مەسەلەی ئاشتی فەلەستین بێت و، چ لە مەسەلەی بۆسنە وبەلکان و،

دەكرا بەم قسەی ئێمە ئەوان زیاتر هانبدرێن بۆ ئەوەی رۆڵێک بگێڕن لە مەسەلەی کورددا. لەوێ پاش ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان دانیشتین، سەرۆکی پەرلەمان سۆزێکی یەکجار زۆری هەبوو بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و، بەوردی ئاگاداری مەسەلەی کورد بوو، کە چی کراوە و چی هەیە، ئێمەش زۆر بە دوورودرێژی لەسەر مەسەلەی کورد قسەمان کرد و ئەویش زۆر پرسیاری کرد کەوا ئێمە چی دەکەین و، ئاگادارییەکی باشیان هەیە لەسەر بڕیاری «٩٨٦» و پاش ئەم بڕیارە کە چەند ئاوەدانی لە کوردستان کراوە و، باش دەزانن کە کورد چۆن توانیویەتی خۆی بەڕێوەبەرێت، ئێمەش باش ئاگادار بووین کە ئەوان چەند زانیارییان لەسەر مەسەلەکەمان هەیە و زۆر بە بایەخیشەوە موتابەعەی مەسەلەکە دەکەن، ئێمە پێیانمان راگەیاندوە کە ئەوان یارمەتیمان بدەن و لەگەڵ پەرلەمانیشدا قسەمان کردووە کە ئەوانیش بانگێشتێک بکەن بۆ پەرلەمانی ئێمە، بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمانی ئێمە لە نزیکەوە دەزگا دیموکراتییەکانی ئەوان ببینن و، هاوکارییان بکەن و پشتگیرییان لێ بکەن لەم پرۆسەیەدا، چونکە ئێمە نالێین هەموو ئیشەکانمان تەواوە، چونکە ئێمە لە قۆناخی فێربوون و جێبەجێ کردنین، لەوانەشە لەم قۆناغەدا تووشی زۆر کێشە ببین، بەڵام وەکو میللەتێک ئیرادەی ئەوەمان هەیە کە بەدەستی خۆمان ئایندەی خۆمان دیاری بکەین، بەڵام پێویستیمان بە هاوکاری ئێوە هەیە وەکو میللەتێک کە زۆر زوڵمی لێ کراوە لە مێژوودا و، ئێوە دەبێت پاڵپشتیمان بکەن، ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ئەم بابەتە دیراسەت بکەن جا ئەوەش بە بانگێشت کردنی سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنە جۆراوجۆرەکانی پەرلەمان بۆ سەردانی بەلجیکا و لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی ئیشوکاری پەرلەمان بن.
سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئیدارەی خۆی بەڕێوەدەبات ئەم مەسەلەیە بەلای ئەوانەوە زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەوان پەیوەندییان بە وڵاتی دەوروبەرمانەوە هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ عێراق و، هەموویان وایان پیشان داوە کە کورد ناتوانێ وەکو پێویست ئیدارەی خۆی بەڕێوەبەرێت، بەڵام کە ئێمە چووین و بۆیانمان روون کردەوە و بەتایبەتیش گرنگی بڕیاری «٩٨٦» و چۆنیەتی بەڕێوەبەردنی کارەکان، کاریگەرییەکی یەکجار زۆری کردە سەر شێوەی بیروبۆچوونیان بەرامبەر بە کورد. لەگەڵ یەکێتی ئەوروپی دانیشتنمان کرد و گلەییەکی یەکجار زۆرمان لێکردن، دانیشتنەکە زۆر تەشریفاتی نەبوو، بەڵکو ئەو خاڵانەی کە باسمان کردن زۆری گلەیی بوون و، زۆر باسی ئەوەمان کرد ئەوان بەشیان داناوە بۆ هاوکاری کردنی عێراق بەبێ ئەوەی رەچاوی کوردستان بکەن، پەرەتان داناوە، بەڵام لە کوردستاندا هیچ ئالییەتێکتان نییە، بەڵکو پێشان «أیکۆ»تان هەبوو، بەڵام ئێستا هیچ لەوانەتان لە کوردستاندا نییە، ئەگەر پێتان وابێت کەوا بڕیاری «٩٨٦» هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، وانییە، بەڵکو بڕیاری«٩٨٦» نەیتوانیوە هەموو بوارەکان بگرێتەوە، وڵاتی ئێمە زۆر لەوە وێران ترە ، حەیفە ئێوە ئێستا بڵێن پارەتان تەنها بۆ یەک شت داناوە کە ئەویش بۆ هاوکاری کردنی بەشێک لە عێراقە و بەبێ ئەوەی هاوکاری ئێمە بکەن، ئەم جۆرە گلەییە لەوان دووپاتی کرایەوە کە ئەوان دەبێت رۆڵ بگێڕن ، کارێکی زۆری کردە سەر شێوەی

بیرکردنەوەی ئەوان و، ئەوان بەڵێنی ئەوەیان دا کە مەسەلەی کورد زۆر بە بایەخەوە وەرگرن. لەم شوێنانە ئێمە زیاتر باسی مەسەلەی کورد و بڕیاری «٩٨٦»مان بە وردی کردووە و، وەڵامەکانی ئەوان کە بەلای ئێمەوە گرنگ بوون ئەوە بوو کە دەیانوت ئێمە دەزانین و پشتگیریتان لێ دەکەین و ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کەوا ١٣٪ بڕیاری «٩٨٦»بەشی کوردستانە و، پشتگیری لە بەردەوام بوونی ئەم بەشەش دەکەین، هەروەها پشتگیری لە بەردەوامی پاراستنی کوردستان دەکەین، ئەمانە هەمووی ئەو شتانە بوون کە سەبارەت بە ئێمەوە زۆر گرنگ بوون، یەکێتی ئەوروپا باسی ئەوەیان کرد کە بەتەمان شاندێک رەوانەی عێراق و، هەروەها هەوڵی ئەوەش دەدەن کەوا سەردانی کوردستانیش بکەن، بۆ ئەوەی دیراسەتی مەسەلەکە بکەن و، بزانن کەوا ئێمە چیمان پێویستە و چیش بۆ کوردستان پێویستە بیکەن و، ئەو بوارانەی کە بڕیاری «٩٨٦» پڕی ناکاتەوە ئەوان بێن پڕی کەنەوە لە کوردستاندا، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگە کە لە یەکێتی ئەوروپا بنرێت و، بڕیارە ئەم سەردانەیان لە مانگی «٨» بکەن، لەوانەیە ئێوە ئاگادار بن کە ئەوان «١٣» ملیۆن دۆلار پارەیان تەرخان کردووە بۆ هاوکاری کردنی عێراق لە بواری ئاو و ئاوەڕۆکاندا، ئێمەش پێیانمان راگەیاندووە کە ئەگەر ئێوە وا بۆی دەچن کە ئێمە پێویستیمان بەو پارەیە نییە، ئەوە ئێوە بەهەڵەدا چوون، ئێوە ئەگەر پێتان وایە کە کورد بارودۆخی باشترە، وا نییە، بەڵام وەرن تەماشاکەن بۆ لە کوردستاندا بڕیاری «٩٨٦»لەلای ئێمە بەشێوەیەکی رێکوپێک جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت وەرن دیراسەتی ئەو شتە بکەن، چونکە ئەم بڕیارە سەبارەت بە ئێمە ژیانە، یەکەم جارە لە مێژووی عێراقدا بەشی فرۆتەنی نەوتی کوردستان بۆ میللەتی کورد بەکار بێت نەوەک دژی، خۆی وای کردووە کە ئیدارەی کوردی بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بدات کە ئەم بڕیارە بە شێوەیەکی رێکوپێک جێبەجێ بکات، کە بەشێوەیەکی رێکوپێک جێبەجێ دەکرێت لای ئێمە هەڵبەتە سیاسەتی حکومەتی مەرکەزی ئەوە دەبێت کە نایەوێت ئەم بەرنامەیە بەو شێوە رێکوپێکە جێبەجێ بکرێت، بۆ نمونە مەسەلەی فرۆشتنی نەوت بساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠عێراق هەر ئەوەندە نەوتی دەفرۆشت، ئەوکاتە ئەو هەموو کڕینی چەکەشی لەگەڵدا بووە و، ٢٥٪یش بۆ خزمەتگوزاری تەرخان کرابوو، ئێستا چەک کڕینیشی لەگەڵدا نییە، بە هەمان بڕیش نەوت دەفرۆشرێت، باشە بۆ ئێستا ئەو پارەیە بەش ناکات؟!، کەواتا نایانەوێت بەتەواوەتی ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بێت، بەڵام ئێمە ئیدارەی کوردی دەمانەوێت بەراستی ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی ژیانە و دەمانەوێت کوردستان ئاوەدان بکەینەوە، ئەمە بۆچوونی ئێمەیە، لەبەر ئەوە ئێوە ئەو بەشە بۆ عێراق تەرخان دەکەن ئێمەش بێ بەش دەکەن ئەمە جێگای گلەییە و، ئێمەش زۆر نیگەرانین بەم مەسەلەیە، جا ئەوان بەڵێنیان دا تاوەکو کوردستان بێ بەش نەکەن و، لە سەردانی «فلامی» پەرلەمانیان لەوێ لە هۆڵی پەرلەمانیاندا بەڵێنی هاوکارییان داین، بەڵام ئەم سەردان و چاوپێکەوتنانەی کە ئێمە کردوومانە هەموویان پێویستییان بە بەدواداچوون و بەسەرکردنەوە هەیە، ئەوە نییە کە بڵێین یەکجار کراو

تەواو ئێتر پێویستی بە بەدواداچوون نییە، بەڵکو پێویستە هەمیشە و بەبەردەوامی چاودێری بکرێت، جا چ بەناردنی شاند بێت، یا کەسایەتی بێت، یا بەناردنی وەزیرەکان بێت، بەهەر شێوەیەک بێت ئەبێت ئەم پەیوەندیە بەردەوام بێت، من وای بۆ دەچم کە راستە کێشەی کورد زۆر زیانی پێگەیشتووە بەتایبەتی پاش شەڕی ناوخۆ، بەڵام هێشتا پشتگیری لە مەسەلەی کورد دەکرێت، لەوانەیە هەمووتان ئاگادار بن کەوا پێش چەند مانگێک لەمەو بەر لە فەرەنسا ئامارێک کرا، نزیکەی ٧٣٪ی میللەتی فەرەنسا پشتگیری لە مەسەلەی کورد دەکەن، واتا ئەمە بۆ رای گشتی فەرەنسی مەسەلەیەکی یەکجار گەورەیە، حکومەتەکەیان ناتوانن وا بە ئاسانی بلێن ئێمە گوێ بە مەسەلەی کورد نادەین، ئێستاش ٧٣٪ی میللەتی فەرەنسا پشتگیری لەوە دەکەن کە مەسەلەی کورد پێویستە پشتگیری لێ بکرێت، مەبەستم بوار بۆ کورد هەیە، هەرچەندە بەداخەوە ناوی کورد زۆر زۆر خراپ بووە بەتایبەتی بەهۆی ئەو حزبانەی لە ئەوروپا هەن وەکو P.K.K بەو کارە تێرورستانەیان و بەو کێشانەی کە دروستیان کرد و، ئەو کێشانەش کە کوردەکانی خۆمان لە هۆڵەندا دروستیان کردووە، ئەو کارانە کاریگەرییەکی زۆر خراپیان لەسەر مەسەلەی کورد کردووە، ئەو سۆزە و ئەو شتانەی کە پێویستە بەم کارانەی کە دەکرێت زۆر کەم دەبێتەوە، ئێستا P.K.K ئەو چالاکییانەی نەماوە، بەڵام ئەو کارانەی کە لە هۆڵەندا دەکرێت کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر مەسەلەی کورد هەیە. ئێمە کۆتاییمان بە گەشتەکەمان هێنا لە بەلجیکا و، بەرەو فەرەنسا بەرێ کەوتین، من دەمەوێ لەوێوە دەست پێبکەم کە فەرەنسا وڵاتێکی گرنگە سەبارەت بە ئێمەوە، دوای ئەمریکا و بەریتانیا ئەو وڵاتەی کە بۆ ئێمە گرنگە و پێویستە و ئێمە بەبەردەوامی کاریان لەگەڵدا بکەین فەرەنسایە، کە فەرەنسا لە ئەوروپادا کاریگەریەکی زۆری هەیە بەسەر ئەوروپاوە و، پەیوەندییەکی کۆنی هەیە لەگەڵ عێراق و، عێراق زۆر قەرزاری فەرەنسایە، لەبەر ئەوە زۆر بایەخ دەدەن، جگە لەوە زۆر بایەخ بەوە دەدەن کەوا رێنمایی سیاسییان وەکو ئەوە نەبێت کە بەریتانیا و ئەمریکا دەیڵێت، هەر بە سروشتی سیاسەتی فەرەنسی تەقلیدی هەر واهاتووە، سەبارەت بە ئێمە قسەکردن و کردنەوەی دەرگای دیبلۆماسی لەگەڵ فەرەنسادا لە هەموو وڵاتانی تر لە ئەوروپادا گرنگ ترە، چونکە ئەوان کاریگرییەکی زۆریان هەیە و، ئێستاش لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا کاریگەرییان یەکجار زۆرە بەتایبەتی لەسەر ئەو وڵاتانەی کە بە فەرەنسی قسە دەکەن و، لەسەر ئەنجومەنی ئاسایش کاریگەری زۆریان هەیە، لەبەر ئەوە سەردانی فەرەنسا زۆر گرنگ بوو سەردانەکانی ئێمە بۆ فەرەنسا پاش ساڵانی ١٩٩١ و ١٩٩٢ هەتاوەکو ئێستا فەرەنسییەکان پێشوازییان لە هیچ شاندێکی کوردی نەکردووە بەو ئاستە و بەو شێوەیە، تاوەکو ئێستا نەبوو بڵێین یەکێک بەو شێوەیە پێشوازی کرابێت،ئێمە لە کاتێکی گونجاودا سەردانی فەرەنسامان کرد، کاتە گونجاوەکەش ئەوە بوو کە ئەوان خەریکی گفتوگۆن لەسەر مەسەلەی «سزا زیرەگەکان» ئەوەی کە پێی دەڵێن «سمار سەنکشن» ئەوەی کە لەسەر عێراقە، ئەمە وای کرد کە چوونی ئێمە زۆر گونجاو بێت، دووەمیش سەفەری جۆرج بۆش

بوو کە دەهات بۆ ئەوروپا، ئەمە هەمووی وای کرد کە سەردانەکەی ئێمە زۆر گرنگ بکات، بەوەی کە ئێمە بەشێکین لە عێراق و تازە ئەمانە هاتوون و، وای کردبوو کە گرنگی سەفەرەکە لە قەوارەی خۆی گەورەتر بێ و، لە بۆچوونی ئێمەش گەورەتر بوو، لەگەڵ گەورە بەرپرسانی فەرەنسا جا چ لە سەرۆکایەتی وەزیران و چ لە وەزارەتی دەرەوە و چ لە پەرلەمان لەمانە هەموویان جگە لەمانە هەر هەموویان کە بۆ ئێوەم باس کردووە هەموومان باس کرد لەگەڵ ئەوەش گلەییمان لێیان کرد، وتمان ئێمە رایەکی گشتیمان هەیە لە کوردستان، ئەگەر پرسیار لە رای گشتی کوردی بکەی وا تێگەیشتووین کە ئێوە پشتگیری لە عێراق دەکەن و، لە قسەکانی ئێوە دەردەکەوێت کە تەنها مەبەستان حکومەتی ناوەندییە و، گرنگی نە بە مەسەلەی کورد دەدەن و نە بە بریاری «٩٨٦»، ئێوە دەڵێن با ئابلۆقەی ئابووری هەستێت، باشە ناڵێن ئەگەر ئابلۆقە هەستا «٤» ملیۆن مرۆڤ چی بەسەر دێت؟، ئێوە تەنها یەک شت دەڵێن، فەرەنسییەکان خۆیان زۆر دیبلۆماسین بەڵام بەم قسانە زۆریان پێ ناخۆش بوو و، وتیان ئێوە زۆر هەڵە تێگەیشتوون، ئەی ئێمە بریاری «٦٨٨»مان دروست نەکرد؟، ئەی ئێمە وەکو فەرەنسا پشتگیریمان لە مەسەلەی کوردی نەکرد، وتمان راست دەکەن ئێوە کردووتانە بەڵام لە بیرتان چووینەتەوە، هەرچەندە من پێموایە ئێمەش لەبیرمان چووە نەک تەنها ئەوان، مرۆڤیش کە خۆی داوای شتێک نەکات و بەتەما بێت خەڵکی شتی بۆ بکات ئەوە هەر ناکرێت، ئەگەر تۆ داوای مافی خۆت نەکەیت کەس ئامادە نییە وا بە ئاسانی بێت و بڵێت ئەوە مافەکەتە، دەبێ داوای بکەیت و هەمیشە بە دوایدا بچیت و بە بەردەوامی کاری بۆ بکەیت، ئەگەر سەرنجی دیبلۆماسییەتی کورد بدەین دەبینین هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە لە ئیش کردندا، هێشتا ئێمە وەکو میللەتی کورد فێر نەبووین کە چۆن ئیش بکەین، بەتایبەتی لە ئەوروپا و لە ئەمریکا. تەماشای کێشەی ئەرمینیا بکەن، کە کێشەکەیان شتێکی وا نییە، بەڵام چونکە رێگاکە شارەزان و دەزانن چۆن ئیش بکەن ئێستا کێشەکەیان بووەتە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکان جا چ لە ئەوروپا و چ لە ئەمریکاش، هەتاوەکو گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە لەوانەیە بریارێکیان بۆ دەربچێت و، بریاریش هەر دەردەچێت جا درەنگ بێت، یا زوو، ئەویش لەبەر ئەوەی کە تورکەکان جینۆسایدیانیان کردووە،ئێمە زۆر لەوە خراپترمان بەسەر هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەیە کە شێوەی ئیش کردنمان لاواز بووە و نەشمان زانیوە، بەڵام ئێستا ئیتر ئێمەش دەستمان پێ کردووە و، بەچاوی خۆشمان دەبینین کە ئاکامی باشمان بەدەست هێناوە، واتا هاوسۆزی کێشەی کورد کێشەیەکی هەقە، کێشەیەکی رەوایە،میللەتێکی زوڵم لێ کراوە، لەبەر ئەوە خەڵکانێک هەن کە پشتگیری لێ دەکەن، لەوانەیە هەندێ کردەوەی حزبەکان، یا هەندێ کەس کاری کردبێتە سەر کێشەکە، بەڵام لەکێشە بنەرەتییەکەدا داکۆکی لە کورد هیچ کەمی نەکردووە، هەرچەندە مەسەلەکە کاتییە، بەڵام لە رووی ئیستراتیجییەوە میللەتانی ئەو وڵاتانە هەر بەچاوی سۆزەوە دەروانن مەسەلەی کورد، لەگەڵ فەرەنسییەکان لەسەر سزا زیرەکەکان قسەمان کرد، رای فەرەنسا زۆر نزیک بوو لە بۆچوونی ئیدارەی حکومەتی هەرێم،

ئەوان بە راشکاوی وتیان سیاسەتی ئێمە هەندێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئێمە هەست دەکەین کەوا هەندێ دیاردەی باش لە سیاسەتی ئەمریکا بەتایبەتی لە رای «کولن پاول»هەیە و، ئێمە دەمانەوێت پشتگیری لەو سیاسەتە بکەین و، ئەمەش ئەوە ناگرێتەوە کەوا ئێمە پشتگیری لە رژێمێک دەگرین، بەڵکو دەمانەوێت ئەو مەینەتییەی میللەتی عێراق چارەسەر بێت و، پێمان وایە بەم مەسەلەیە چارەسەر دەبێت و، پێمان وتن ئەگەر بتانەوێت ئەم مەینەتیە چارەسەر بێت، ئەبێت لەبیرتان نەچێت کە ئێمە زەرەرمەند دەبین بەم مەسەلەیە و، پێویستە ئێوە قەرەبووی ئەم زەرەرمەندییەی ئێمەش بدەنەوە و، دەبێت ئەو شتەش باس بکرێت، بەڵێنیان داوە کە دەبێت ئەمە رەچاو بکەن لەهەموو قەسەکانیان، من پێموایە کە ئەم سزا زیرەکانە شتێکی وا ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بێت و جێبەجێ بکرێت داواکاری ئێمە ئەوەیە کە پێویستە زەرەرمەندی ئێمە چ بێت وەکو ئیدارەی کوردی ئەبێت بدەنەوە، چونکە ئەمە مەسەلەی مووچەی خەڵکی کوردستانە و مەسەلەی بەرێوەبردنی میللەتێکە، چونکە ئەم خەرجیاتانەی کە حکومەتی هەرێم دەیکات هیچیان لە بریاری «٩٨٦»دا جێگایان نییە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە لە باس کردنی سزا زیرەکەکان مەسەلەی ئێمە بە نەزەری ئیعتبار وەربگرن، ئەوانیش بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ئەم مەسەلەیە بە نەزەری ئیعتبار وەرگرن ئەوی تر کە سەبارەت بە ئێمەوە گرنگ بوو وتیان کە ئێمە پشتگیری لە پاراستنی کورد دەکەین، وتم دەبێت ئەم دەنگە بەرزتر بێت هەر ئەوەندە نەبێت، ئێوە پێویستە شتێک بکەن میللەتی کورد هەست بکات کەوا سیاسەتی ئێوە ئەوەیە کە دەتانەوێت پشتگیری لە کورد دەکەن، هەر ئەوەندە نەبێت کە بە ئێمەی دەڵێن، ئێمە سوپاستان دەکەین، بەڵام پێویستیمان بەوەیە کە بە دەنگێکی بەرز باسی ئەم مەسەلەیە بکەن، راوێژکاری سەرۆک وەزیران وتی: (من ئێستا لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک وەزیران بووم، ئەو بە منی وتووە ئێستا ئێمە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەین، بچۆ بیان بینە و زۆریش پەلەی بوو وبزانە چیان دەوێت و دیاری بکە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت چییە؟، بۆ ئەوەی ئێمە یەکسەر بیخەینە ئەجیندای کاری خۆمان، بەتایبەتی کە ئێستا جۆرج بۆش دێت، ئێمە باسی ئەو شتانەمانە کرد.

کاکە دکتۆر دەیگوت هەر دووگمەکە لێ بدە نێچیرڤان دەزانێ چی دەڵێت لەسەر حیمایە و (١٣٪) و مەسەلەی بریاری ٩٨٦ و حیمایەی ئێمە کە پێویستە و مەسەلەی سزا زیرەکەکان ئەگەر جێبەجێ بکرێت دەبێ ئەمانەش رەچاو بکرێن. کێشەی ئێمە پێویستە لەرووی سیاسەتەوە چارەسەر بکرێت ئەو حیمایەیەش دەبێت بەردەوام بێت تا ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت ئەوان هەموویان لای خۆیان نووسی وەعدی ئەوەیان دا هەر لە پەرلەمانی فرەنسی لەبەردەم ئێمە بوو بە باس و جەدەل کە چی بکەن، گوتیان هەر بەیانی دەست پێ دەکەین، گروپێکی دۆستایەتی کوردو فرەنسی دەست پێ دەکەین بۆ پشتگیری مەسەلەی کورد. لەوێش هەر لەپەرلەمان داوامان کرد گوتمان ئێمە حەزدەکەین هاوکاری پەرلەمانی ئێمە بکەن، پەرلەمانی ئێمە پەرلەمانێکی نوێیە، لە مەسەلەی دیموکراتیەت ئێمە نوێین ئێوە وڵاتێکن مێژووتان کۆنە یەکێکن لە هەرە دێرینەکان لە

مەسەلەی دیموکراتیەت هاوکاری پەرلەمانی ئێمە بکەن، سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی ئێمە داوەت بکەن بۆئەوەی ئەوانیش بێن دەزگاکانی ئێوە ببینن کە چۆن کار دەکەن، ئەوان بەڵێنیان دا کە لەسەریانە ئیش بکەن و من پێموایە ئەمە جێبەجێ دەبێت یانی ئەمە لە ئایندەدا دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت و ئەم پەیوەندییانەش دەبێت. ئێمە لەگەڵ (کۆشنەر) قسەمان کرد، (برنارد کۆشنەر) کە خۆی بنیادنەری بریاری (٦٨٨)ـە باسی مەسەلەی رێکخراوەکانی بیانیمان کرد لە کوردستان کە هەتا ئێستا ناتوانن بێن ئەو بەراشکاوی گوتی بەپێی بریاری ((٦٨٨) تورکیا بۆی نییە کە رێگا لەمانە بگرێت، گوتمان راستە بەڵام ئێستا عەمەلیەن رێگا دەگرێت و ناهێڵێت لەبەرئەوە زەحتێک پێویستە، کۆشنەر دۆستی کوردە ئەوەی کە ئێمە داوامان لێ کرد دوو خاڵ بوو یەکەمیان: گوتی من بریارە بچم کوفی ئەنان ببینم داواکارییەکانی ئێوە چییە بە نووسین بمدەنێ، ئێمە داواکارییەکانی خۆمان بە نووسین کاک دکتۆر لەگەڵ برادەران ئامادەیان کرد و هەر لەو دوو سێ رۆژەی کە ئێمە لە پاریس بووین بۆمان ناردوون.

دووەم: کۆشنەر کەسایەتییەکی گرنگە نەک لەبەرئەوەی وەزیری تەندروستییە، گرنگییەکەی لەوەدایە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان چارەسەرکردنی مەسەلەی بۆسنیاو کۆسۆڤۆ بەو سپێردرا، ئەو خۆی ئێستا لە کۆمەڵگای فرەنسی و لەنەتەوە یەکگرتووەکان وەکو قارەمانێک ناوی دێت، ئینجا ئەو گوتی یەکێک لەو مەسەلانەی کە توانیم من چارەسەری بکەم ئەوە بوو ئەویش لەبەرئەوەی مەسەلەی ئەوان زۆر نزیکە لە مەسەلەی ئێمە لەبەر ئەو دیراسەتانەی لەسەر مەسەلەی ئێوە هەمان بوو، بوو بە هۆی ئەوەی بتوانم مەسەلەی ئێوە چارەسەر بکەم، سەرکەتووبوو لەو کارەی و ئێستا وەکو قارەمانێک لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەیری دەکرێت، لەبەرئەوە بۆ ئێمە چونکە دۆستی کوردە زۆر گرینگە کە یارمەتی ئێمە بدات لە مەسەلەی بریاری (٩٨٦)و ئەو ئالیەتی جێبەجێ کردنی بریارەکەو گلەییەکانی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لە عێراق ئەو هەموو شتەکانی ئێمەی هەڵگرت لەگەڵ خۆی گوتی دەچم بۆ نیویۆرک لەم دە رۆژەدا گوتی بە درێژی باسی ئەو مەسەلەیەیان بۆ دەکەم بەڵێنیشی داو بریاریشی ئەوەیە لیژنەیەک بنێرێت بۆ کوردستان بۆئەوەی لە نزیکەوە لەگەڵ وەزیرەکانی خۆمان دابنیشێت و لەوانەیە بۆ سلێمانیش بچێت بۆئەوەی بزانێت ئەو مەسەلەیە چۆن دەتوانن رێکوپێکتری بکەن بۆئەوەی سوودی زیاتری بۆ کورد هەبێت. ئێمە داوامان لە بەلجیکییەکان و فەرنسیەکان و هەموو ئەوروپا کرد گوتمان ئێستا حەقە رۆڵ ببینن پارەکە زۆرە ئێستا ئێمە دوو ملیار دۆلارمان خەوتووە، باشە بۆ کۆمپانیاکانی ئێوە نایەن سوود لەم مەسەلەیە وەربگرن بۆ ئەو پارەیە کە لەوێ هەیە؟ بۆ کۆمپانیاکانی ئێوە نایەن؟ ئێمە ئاسانکاریتان بۆ دەکەین ئیوە وەرن رۆڵ ببینن لە وەرگرتنی ئەم تەندەرانەو ئیش بکەن چونکە پارەکە کەم نییە و یەکجار زۆرە، ئەمە زۆر چووە مێشکیان و زۆر بایەخیان پێدا و وەعدی ئەمەیان داوە کە لەسەر ئەم مەسەلەیەش ئیش بکەن و ئەنجامیشمان بدەنەوە. بێگومان هەر بۆ زانیاری خۆتان مادام میتران داوەتێکی کرد هەموو بەرپرسانی فەرەنسی هەموویان هاتبوون

داوەتەکە بەناوی ئەوو من بوو، لەوێ زۆر قسە کرا لەسەر مەسەلەی کورد هەموو سیاسییەکانی کە بڕیاریان بەدەستە هی فەرەنسی و سەرۆکی شارەوانی و ئەوانەی کە گرینگن بەشداریان کرد هەروەها وەزیری دەرەوەی کۆنی فەرەنساش (دۆما) ئەویش بەشداری کرد. کاتی خۆی بڕیاری (٦٨٨) نەکەوتۆتە بەندی ئەو بڕیارانەی کە عێراق پابەندە پێی، چونکە لە نەتەوە یەکگرتووەکان دوو جۆرە بڕیار هەیە ئەوانەی کە پابەندە پێیان لە بەندی (٧)ـە، ئینجا یەکێک قسەی کرد گوتی ئەمە خەتای دوما بوو، کە قسەی کرد ناوی دومای نەهێنا میتران پێی گوت: ئەمە هەمووی خەتای تۆ بوو ئەگەر تۆ نەبای گوتی ئێستا ئێمە تووشی ئەو گرفتە نەدەبووین، ئەو گوتی من تەحەمولی ئەو بەرپرسێتییە دەکەم راستە بەڵام گوتی: بەڵێن بێت ئێستا ئیشتان بۆ بکەم ئێوە پێویستیتان بەچییە من وەکو وەزیری دەرەوەی کۆنی فەرەنسی دەتوانم چیتان بۆ بکەم چ رۆڵێک ببینم من ئێستا ئامادەم. ئەمە خۆی ئالیەتی دەوێت ئێمە چۆن ئیش بکەین لە فەرەنسا لۆبی دەوێت ئیشی دەوێت دەبێت ئێمە هەوڵ بدەین ئەم هێڵانە پەیدا بکەین بۆئەوەی بتوانن زیاتر رۆڵ ببینن لەوێ. بەڵێنی هاوکاری هەموو ئەوانەیان بە ئێمە داوە. لەسەر مەسەلەی پەناهەندە ئێمە قسەمان کرد من دەمەوێت بەس ئەم خاڵە بڵێم: لە هۆڵەندە گرفتێکی گەورە لەسەر پەناهەندە دروست بوو کە دکتۆر ئەوە بەتەفسیل باس دەکات و خاڵی تر کە من نەمگوتبێ ئەو باسی لێوە دەکات، داوامان کردووە کە ئینجۆیەکانی ئەوروپی بگەڕێنەوە ئەوە لەوانەیە مانگی (٨)ی داهاتوو دیراسەتی دەکات ئەو کاتە بڕیار دەدەن کە چۆن و بە چ ئالیەتێک بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، لە هۆڵەندە ئێمە تەرکیزمان لەسەر خاڵێک کردووە، پێش ئەوەی ئێمە بچینە هۆڵەندە زۆر باسی ئەوە دەکرا کە ئەرکی سەفەری ئێمەیە بچینە هۆڵەندە، بە هۆڵەندییەکان دەڵێین کوردستان هیچ گرفتی نییە فەرموون ئەو خەڵکە سواری فڕۆکە دەکەین ئێمە وەریاندەگرین ئەمە پڕۆپاگاندەی ئەو خەڵکە ناحەزانەو حزبە ناحەزانەیە، زۆر پڕۆپاگەندە دژ بە ئێمە کراوە لەناوەو لە هۆڵەندە ئێمە کە چووین لەوێ من خۆم بەشدار نەبووم لە گفتوگۆکەدا کاک دکتۆر بەشداری کرد لەگەڵ کاک هۆشیار و بورهان جاف ئێمە پێمان گوتوون بە هیچ شێوەیەک نامانەوێت کە ئێوە پێتان وایە ئەمە گرفتێکە لە کۆڵ خۆتانی بکەنەوە ئینجا بۆ ئێمەی بنێرن ئێمە ئەمە قەبوڵ ناکەین و ئێمە ناتوانین بڵێین کەس قەبوڵ ناکەین ئەم وڵاتە وڵاتی هەموو کوردێکە، بەڵام بەزۆری خەڵک بگەڕێننەوە ئێمە بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکەین و دژی ئەوە رادەوەستین کە بە زۆر بگەڕێنرێنەوە.

سێیەم: ئێوە لە ریشەی گرفتەکە بگەڕێن مەسەلە ئەوە نییە (٩) هەزار کەس هاتوون پەناهەندەبوون، بەڵام ئەم خەڵکە بۆ هاتووە هۆی چییە، بۆ زانیاری ئێوە ئامار کراوە لە یەک ساڵدا لە سنووری (٥٠) دۆلار لەهەر نەفەرێک خەرج دەکرێت بۆ پەناهەندەیی لە وڵاتێکی وەکو هۆڵەندە خەرجی (٥٠) دۆلارە کاک دکتۆر پێیانی گوت ئەگەر ئێوە بێتو ئەو خەرجییە لە کوردستان بکەن ئیش بدۆزنەوە وەزعی ئابووری خەڵکەکە دروست ببێت و لەرووی سیاسیشەوە

ئەوروپا یارمەتی ئیمە بدات ئێمە ئەگەر باسی لایەنی ئابووریش نەکەین، بەڵام ئەو دوو دڵییەی لە مەسەلەی سیاسیش هەیە وای کردووە خەڵک بیر لەوە بکاتەوە بێتە ئەوروپا دابنیشێت چونکە نازانێت چارەنووسی ئایا بەشێکە لە عێراق یان سەربەخۆیە ئەمە هەمووی وای کردووە خەڵک لەلایەنی سیاسی دڵەراوکێی هەبێ، ئەم دڵەراوکێیەش هەر دەمێنێت هەتا ئێوە پێناسەیەکی سیاسی بۆ مەسەلەی ئێمە نەدۆزنەوە ئینجا چ بەهۆی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت، لۆرد (احمد) نامەیەکی بۆ من نووسیوە (ئێستا وەزیر خارجیە گۆڕا)، هی پێشان دەڵێت ئێمە وەکو دەرەوەی (خارجیە)ی فەرەنسی دیراسەتی ئەوە دەکەین کە ئێمە دایکۆمەنتێک واتا وەرەقەیەک (لیسەپاسەیەک) شتێک بدۆزینەوە چارەسەرییەک بکەین بۆ ئەوانەی دەیانەوێ سەفەر بکەن واتا وەکو پێناسەکراوێکی (تعریفکراوێکی) نەتەوەیەکگرتووەکان لە نامەکەیدا دەڵێت و بەنووسینیش بۆی نووسیون بۆمنیشی ناردووە دەڵێت ئێمە هەوڵ دەدەین ئەمە جێبەجێ ببێت گومان خۆی لە خۆیدا ئێمە پێویستیمان بەمە هەیە شتێک بکەن ئەم دوودڵییەی خەڵکەکە کەم ببێتەوە بۆئەوەی روو لە دەرەوە نەکرێت.

کاک دکتۆر ئەگەر جەنابت باسی ئەوە بکەیت دوایی من دێمەوە سەر باسەکەم.

**بەڕێز شـفـیق قـزاز/ وەزیری مـرۆڤـایەتی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من چەند ئیزافەیەکم هەیە بۆ سەردانەکەی فەرەنسا سەبارەت بەو (Engo)یانە، ئەوان خۆیان پرسیارێکیان لە ئێمە کرد لە میانی دانیشتنەکەماندا لەگەڵیان، ئەوە بوو گوتیان ئینجیئۆ فەرەنسییەکان چۆنن وەزعیان چۆنە لە کوردستاندا؟ هەرچەندە (Engo)یەکی فەرەنسی لێرە هەیە ماوەیەکیشە لێرەیە، بەڵام بەراستی وەڵامی من بۆ ئەوان ئەوەبوو کە ئێوە شتێکی واتان نییە لەوێ و لەمە زۆر سەرسوڕماو بوون، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی کە کاک نێچیرڤان وتی پرسیاری تر بکەن کە بۆچی ئەمانە نین؟ ئێمە گەیشتووینە ئەوەی کە پێشتر داوای ئەوەمان کرد کە لەمەوپێش لە ڕێگای ئیکۆو ڕێکخراوەکانی تر و ئەو پارەو شتەی کە تەرخان کراوە بۆ کوردستان بڕاوەو ئێستا زیاتر خراوەتە سەر بەشی عێراق، دەرئەنجام وابزانم کاریگەرییەکی تایبەتی هەبوو سەرنج ڕاکێش بوو بۆ ئەوان کە بیر لەوە بکەنەوە کە بۆچی (Engo)ی فەرەنسی بەشێوەی پێویست و بە ژمارەی پێویست لە کوردستاندا نییە؟، لەبەرئەوە دەشێت ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە لە ئایندەیەکی نزیک یا دوور پێداچوونەوەیەک لە حکومەتی فەرەنسا بە بوون یان نەبوونی (Engo) فەرەنسییەکان لێرە هەبێت، هەروەها لەو دانیشتنانەدا کە کردمان باس لەوەدا کرا بەڕێز سەرۆکی حکومەت داوەت نامەی پێشکەش بە هەندێکیان کرد هەتا من لەلای (ڕۆناڵد دوما)وە دانیشتبووم داوام لێ کرد وتم کە جەنابت وەکو کەسایەتییەکی نزیک بە کورد پێویستە سەرێکی کوردستان بدەیت، وتی جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەو داوەتەی پێشکەش کردووین و نیازمان هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرێکتان لێ بدەین، هەروەها سەبارەت بە هەندێ کەسی

تر.

ئەوە پێویستە باسی بکرێت لە یەکێک لەو دانیشتنانە کەسانی تری لێبوو وەکو (کریس کۆچێرا) کە رۆژنامەنووسەو ماوەیەک لەمەو پێش لێرە بوو، هەندێ کەسانی تر کە لە بواری مافی مرۆڤ و لە بواری هیجرە و کەسانی تر لە شارەزایانی دەوڵەتی فەرەنسی کە لەوێ بوون هەروەها (راندڵ) ئەوەی کە کتێبێکی زۆر بەناوبانگی نووسیوە وابزانم ئێستا نیاز وایە دەکرێت بە کوردی، حەزدەکەم ئەوەش ئیزافە بکەم کە لە هەموو سەردانەکاندا کە لە بەلجیکا یان هۆڵەندە یاخود جێگەیەکی تر پرسیاری ئەوە کراوە کە ئایا لەسەر پرۆسەی ئاشتی ئێمە چی دەکەین و چی ناکەین وەکو جەنابی کاک نێچیرڤان باسی کرد ئەوە روونکرایەوە بۆیان کەوا هەنگاو نراوە و بە پێخۆشحاڵی ئەوەیان وەرگرت و چاوەڕوانی سەرکەوتنی زیاتریان لەوە دەکرد.

باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە فایلێکمان ئامادە کردووە پێشکەشیان بکەین بەراستی دەتوانم بڵێم ئەو فایلە زۆر تێروتەسەل بوو هەندێ لە بابەتەکانی کە تێیدا بوو باسێکی ئەزموونەکەی ئێمە بوو کە ئێمە مەبەستمان چییە لەم تەجروبە دیموکراسییە کەوا ناومان ناوە، روخساری چییە؟ ئامانجی چییە؟ بۆچوونی چییە؟، دوارۆژی دەبێت چی بێت؟، هەروەها یادداشتنامەیەکی پەرلەمانی بەڕێزی ئێرە کە لەسەر بڕیاری (٦٨٨) و هەروەها باس لەو کۆنفرانسانەی کە لێرە کراون لەچەند مانگی رابردوو وەکو هی زانکۆ و کەرکووک و هی کۆچبەرەکان کە لە پەرلەمانداا بەچەند دانیشتنێک کرا هەروەها ئەو یاسایانەی کە لە بابەت ئافرەت، یانی کورتەیەکی تێروتەسەل لەو فایلەدا دەتوانم بڵێم هەموو رووخسارەکانی ئەمڕۆی هەرێم و چالاکی و هی تری حکومەتی هەرێم دەردەخات لەو بوارەدا لە هەموو جێیەک بەجێهێڵدراوە ئەمەش تەواوکەری ئەو مەعلوماتەیە کە بە قسەو بە بۆچوون ئێمە بە ئەوانمان داوە.

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی هۆڵەندە هەر وەکو سەرنجێک لە کاریگەری سەردانەکەو وەکو کاک نێچیرڤان باسی کرد بەراستی شتێکی هاوکات بوو لەبەر ئەو هۆیانەی کە باس کرا، ئەمە یەک، دووەم، زۆر نزیک بوو لە بڕیاری (١٣٥٢) کە ئێستا زۆر باسی دەکرێت و کە سبەینێ دەبێت شتێکی لەسەر دەربچێت، تەنانەت کە ئێمە لەوێ بووین هەر پێنج ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کۆبوونەوەیەکیان هەبوو لەوێ هەرچەندە ئێمە پەیوەندییمان پێوەی نەبوو، بەڵام ئەوە ئەمە دەردەخات کە چوونەکەمان لەوێ لەگەڵ ئەم رووداوانە هاوکات بوو، شتێکی باش بوو، وابزانم چاوپێکەوتنی ئەو دەوڵەتانە کە پەیوەندییان بە بارودۆخی باس لێکراوی ئێستای پەیوەندیی عێراقەوە هەیە بەتایبەتی کە ئێمە لە بەلجیکا بووین، بەلجیکاش ئێستا سەرۆکایەتی یەکێتی ئەورووبای وەرگرتووە لە مانگی داهاتوو ئەمە لە خۆیدا شتێکی گەورە بوو.

بەنیسبەت فەرەنساوە وەکو کاک نێچیرڤان گوتی دیسانەوە ئەندامێکی ئەنجومەنی ئاسایشەو ئەندامێکی گرینگی یەکێتی ئەورپایە دەتوانم بڵێم لەرووی دبلۆماسیەتەوە هەندێک لەو سەردانانە کە ئێمە کردمان لە رێگای دەعوەتنامەوە بوو کە بۆ ئێمە هاتبوو واتا وەکو وەفدێکی

ڕەسمی پیشوازی کراوە بەتایبەتی لە بەلجیکاو هۆڵەندە ئەمەش وا دەزانم دەبێتە هۆی بەزاندنی هەندێک لەم پرۆتۆکۆلانەی ڕێگرن لە بواری ئێمە خۆتان دەزانن وەکو قەوارەیەک لەرووی یاسای نێودەوڵەتییەوە دانپێدا نەنراوین ، بەلام ئێمە خۆمان بە چالاکی خۆمان وا دەزانم ئەتوانین ئێمە ئەو شتانە ببەزێنین. دووبارە پێویستە لێرە باسی ئەوەش بکەین بایەخدانێکی تازەیە بە چالاکی ئەو نووسینگانەی نوێنەرایەتی حکومەت کە لە دەرەوە هەمانە، چونکە نوێنەرایەتی هەرێم لە بەلجیکا رۆڵێکی دیاری هەبوو لە ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەو دانیشتنانە و مەواعیدانە.

ئەوەوی کە توانیشمان لەو سەردانەدا بیکەین بەستنی هەندێک لە کێشەکانی کە هەمانە بە تێکڕای بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کە باس لە کۆچ کردن کرا ئێمە بەستوومانە بەوەوە کە پێویستە خەڵکی ئێمە پێناسەیەکی باوەڕ پێکراوی نێودەوڵەتی هەبێت کەوا ئێستا باسی لێ دەکرێ لەوانەیە بۆمان شتێکی سەرکەوتوو بێت.

باسمان لەوە کردووە کە دەوڵەتە ئەوروپییەکان دەڵێن ئێمە نیگەرانین و خەمخۆرین بەنیسبەت کێشەی کوردەوەو خۆیان باسیان لەوە کردووە کە پێویست بە گرتنی کۆنگرەیەک هەیە بۆ کورد ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەمە پێویستەو ئێستا لەکاتەو لەبارە کە کۆنگرەیەکی ئاوا بگیرێت، هەروەها رۆڵی ئەوروپا وەکو کتلەیەکی چ ئابووری یان کوتلەیەکی سیاسی وەکو کوتلەیەک لە نەتەوەیەکگرتووەکان پێویستە زیاتر لەرووی مێژووییشەوە ئەوان نزیکن لە بارودۆخی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و لەگەڵ ئێمە کە ئێمە بەشێکین لەو ناوچەیە پێویستە مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەسەلاتی سیاسی و حکومی ئێمە شێوەیەکی بەرزترو ئاستێکی دیارتر ببینێ.

سەردانی ئێمە وەکو کاک نێچیرڤان باسی کرد جەنابی لەوێ نەبوو، بەلام من خۆم لەگەڵ کاک هۆشیار زێباری و کاک بورهان جاف رۆژی (٧)ی مانگ چووین بۆ ئەوێ دیسانەوە ئەمە لەسەر داوای کاربەدەستانی حکومەتی هۆڵەندە بوو پێش ئەوەی بگەینە ئەوێش ئێمە بۆمان دەرکەوت کە مەراق و خولیای ئەوان تەنیا ئەوە بوو باس لە کێشەی پەنابەران و ناردنەوەی پەنابەرانی کورد بکەن کە ئەو کاتە باسی (٩)هەزار کەس دەکرا ئێمە ئەوانەی لەگەڵیاندا دانیشتین بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندە و وەزارەتی دادو دەزگای هیجرە لە ولاتدا وەکو وتم ئەوان بۆچوونی خۆیان باس کرد، بەلام ئێمە چەند شتێکمان پیشان دان لەو بوارە کەوا ئێمە هیچ وەختێک لایەنێک نابین لەوەی کە ئەوان بڕیاریان داوە واتا کەسانێکی پەناهەندەی کورد لە هۆڵەندە یاخود لە جێگایەکی تر ئەگەر بە مەحزی ئارەزوو و ئیرادەی خۆیان نەبێت بیانێرنەوە ئێمە بتوانین قەبووڵیان بکەین ئەمە زۆر چاک بۆیان روونکرایەوە. حەز دەکەم ئەوەش بلێم کە بەڕاستی مەسەلەی کێشەی کۆچکردن و پەنابەری ئێستا لە دەرەوە لە ولاتانی ئەوروپی کەم یان زۆر هەیە بەلام دەتوانم بلێم لە هەموویاندا هەیە کێشەیەکی بەرچاوە دیارە گەورەیە و شتێکی بەردەوامە. دەوڵەتانی ئەوروپی چ بە تاک یاخود پێکەوە ئێستا خەریکی ئەوەن کۆسپی هەمە جۆرو شتی

سەخت بخەنە ڕێگەی قەبووڵ کردنی پەنابەران، تەنانەت من لە ئینگلتەرە بۆم دەرکەوت کە (٩٠٪) داواکردنی پەنابەری لەوێ ڕەت دەکرێتەوە بەهەمان شێوە لە هۆڵەندە ئێستا هەندێ شتمان پیگەیشتووە کە من ئەمڕۆ هەندێکیم داوە بە کاک سامی بۆئەوەی دیراسەیان بکەین و هەندێ وەڵام هەیە بیاندەینەوە، تەقریبەن ئۆتۆماتیکیەن ئەو ڕاپۆرتانەی کە وەزارەتی دەرەوە دەیدات بە وەزارەتی دادو دوای ئەوە دەیدەن بە وەزارەتی هیجرە ئەوان کارێکی وایان کردووە کە ئێستا خەڵکێکی زۆر زۆر کەم و بە دەگمەن قەبووڵ دەکەن لەو داوکارییە پەنابەرییانەی کە هەیانە نەک تەنها ئەوانەی کە تازەن بەڵکو لە کۆنەکانیش کە لە قۆناغی جیاوازدا هەن بەشێکی زۆریان هەیە یاساو شێوەی قەبووڵ کردنی پەنابەری وای لێ کراوە کە هەندێکیان دەتوانن وا لێ بکەن کە ئەو وڵاتە بەجێ بێڵن، ئێمە لەسەر ئەمە داوامان لێ کردن وجارێ گلەییەکی زۆرمان لێ کردن کە ئەوان تا ئیستا هەندێک کاریان کردووە کە ئێمە ئاگادار نەبووین و ئێمە وتمان شتێکی سەیرە کە ئێوە لە پێشەوە ئاگاداری ئێمەتان نەکردووە، بەڵام ئێستا ئێوە داوامان لێ دەکەن هاوکاریتان بکەین بۆ شتێک کە ئێوە خۆتان بڕیارتان لێ داوەو ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین، ئێمە باسی ئەوەمان کرد گوتمان دەزانین ئێوە لەگەڵ تورکیا دانیشتوون باسی ئەوەتان کردووە کە خەڵک بگێڕنەوە، بەڵام کە ئێمە لایەنی زیاتر پەیوەندیدارین بەو بابەتەو بە ئەنجام ئەوانە دەگەڕێنەوە بۆ خاک و وڵاتی ئێمە، ئێوە پرسێکی ئەوتۆتان بە ئێمە نەکردووەو ئێمە هیچ بەشێک نین لەو بڕیارەی کە ئێوە داوتانە. ئێمە بەراشکاوی ئەوەمان پێگوتن ئەو کەسانەی کە هاتوون بۆ لای ئێوە وڵاتانی ئێوەیان هەڵبژاردووە، وڵاتی ئێوەیان کردووە بە وڵاتی دووەمی خۆیان ئێوە بەپێی یاسا بەپێی قەبووڵ کردنی ئەو داوای پەنابەرییەی کە هەتانە و ئیلتزامێکتان هەیە کە بەشێوەیەکی یاسایی بەشێوەیەکی ویژدانی و مرۆڤایەتی مامەڵە لەگەڵ داوای ئەو پەنابەرانە بکەن هەروەها گوتمان ئەو کەسانە هەروەکو چۆن بە ئازادی و بەئارەزووی خۆیان وڵاتی خۆیان بەجێهێشتووە هاتوون بۆ لای ئێوە دەبێ بەهەمان شێوەو بەئازادی بە بڕیاری خۆیان بگەڕێنەوە هەرچەندە ئێرە وڵاتی خۆیان نییە ئێمە ناتوانین ڕێیان لێ بگرین، بەڵام ئەگەر ئێمە هەستی ئەوە بکەین کە زۆریان لێ کراوە یاخود بەشێوەیەک پرسیان پێ نەکراوە دەیانسەپێننەوە بەسەر کوردستاندا ئێمە بەشداری ئەو کارەتان ناکەین، من وابزانم هەر پاش چەند ڕۆژێک لەوێ لە ڕاگەیاندنەکان دەرکەوت کە پێداچوونەوەیەک بەو بڕیارەدا هەیە لە ڕاستیشدا ئەو بڕیارە هەرچەندە هەیە تەنانەت پارەش تەرخان کراوە بۆشێوەی گەڕانەوەیان هەر کەسێک چەند وەردەگرێت و ئەگەر خێزان بێت چییەو ئەگەر منداڵی هەبێت چییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەرکردنیش بەو شێوەیەی کە ئەوان دەیانەوێ زۆر ئاسان نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئێمە پشتی لێ بکەین، چونکە وا دەزانم کێشەیەکی بەردەوامە ئێمە دەبێت دیراسەمان هەبێت کە لێرە پەرلەمان کردی، زۆر شتێکی بەجێ و لەکاتی خۆیدا بوو و ئێستا بڕیاری ئەوە هەیە لەچەند لایەنێکی ترەوە لەدەرەوە کە کۆنفرانسێک بگیرێت بۆ مەسەلەی پەنابەران. ئێمە پێشنیارمان ئەوەیە کە ئێمە بتوانین بە

هاوکاری پەرلەمان حکومەت دەستپێشخەری خۆی بکات لە گرتنی کۆنفراسێکی وا ئەگەر بشتوانین رەنگە باشتر بێت کە لەدەرەوە بکرێت، چونکە بەراستی ئەگەر ئەمە بلاو بۆوەو هەر لایەنێک لەلایەکەوە کۆنفراسێکی خۆی بەست لەوانەیە ببێت بەشێوانی ئەم بۆچوونەی کە ئێمە هەمانە، بریاری ئەمەیان داوە کە لەمەولا زیاتر پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن ئەو بۆچوون و شتانەی کە هەیانە بەشداربین تێیدا و نیمچە بریارێکی ئەوەش هەیە کەوا ئەوان سەردانی کوردستانیش بکەن، بەلام وەکو وتم مەسەلەی پەنابەری کۆسپێکی زۆریان خستۆتە بەر خەلک، ناردنەوە شتێکی راستە تەنها لە هۆلەندەش نییە لە ولاتانی تریش هەیە هەر ولاتە و رەنگە بۆچوونی جیاوازی هەبێت بەلام بە ئەنجام زەختێک و فشارێکی زۆر گەورەیە لەسەر دەولەتانی ئەوروپی و نیازیان هەیە بەرەو ئەمە بچن کە لەمەودوا نەک هەر خەلک قەبوول نەکەن، بەلکو ئەوانەی کە هەیانە بەشێوەک بیانگەرێننەوە بۆ ئێرە، لەبەرئەوە بۆچوون و سیاسەت و هەلوێستی ئێمە پێویستە بۆ ئەم مەسەلەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ رێزدار د. شەفیق قەزاز.

رێزدار جەنابی سەرۆکی حکومەت فەرموو.

**بەرێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک خال ماوە کە باسی بکەین. وەکو ئێوە ئاگادارن لە سوید پێش ماوەیەک بریارێک لە پەرلەمانی سوید دراوە سەبارەت بە پشتگیری لە مەسەلەی کوردو چۆنیەتی چارەسەرکردنی. ئێمە لەگەل یەکێتی ئەوروپیش و لەگەل هەموو ئەو ولاتانە هەمان شتمان باس کرد کە ئەو شتەی لە سوید کراوە هەنگاوێکی زۆر بەجێیەو بە حەقیقەت ئەوەی لەوێ دەرچوو وەکو بریاری پەرلەمان شتێکە ولاتانی تری ئەوروپی و یەکێتی ئەوروپا دەتوانن بیکەن ،بە نموونە لە هەموو ئەو لاتانە لە پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپی مەسەلەی پشتگیری کردنی مەسەلەی کورد باس بکرێت ئەمە یەکێک بووە لە داواکارییەکانی ئێمە، ئەوەی تەنها من دەمەوێ بیلێم ئەمەیە بۆ لەمەودواش ئێمە سەفەرێکی باشمان کرد ئەگەر لێکی بدەینەوە سەفەرەکە سەرکەوتوو بوو، بەلام پێویستی بە بەدواداچوونی بەردەوام و سەردانی بەردەوام و بیرخستنەوەی بەردەوام هەیە، ئێمە دەمانەوێ ئالیەتێکی باش بدۆزینەوەو من پێموایە لە هیچ هەلێک بۆمان بێتە پێش بۆئەوەی ئێمە ولاتانی ئەوروپی ئاگادار بکەین لە کێشەی خۆمان ئێمە پێویستە درێغی نەکەین ئینجا چ لە بواری پەرلەمان بێت چ لە بواری حکومەتەکان بێت و لە هەر بوارێک بێت، من دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە کاریگەری سەفەرەکان چەند گرینگە، بەر لەماوەیەک وەزیری ئاوەدانکردنەوەی ئێمە لەگەل کاک دکتۆر لە فەرەنسا بوون ئێمە سەیرمان کرد ئەو سەفەرانە لەوێ کاریگەری زۆر زۆر بوو

زۆر بە ئیجابی لە قەلەم دەدرا ئەوەی وەزیری تەندروستی، ئێمە کە دەچین بۆ ئەویٚ باس دەکەن مەسەلەی کێشەکان کاریگەری هەیە، لەبەرئەوە ئەوەی گرینگە پێویستە لەمەودوا ئالیەتێک بدۆزینەوە بۆئەوەی لە هەموو بوارێک ئەگەر هاتە پێش ئێمە بتوانین بەراستیش کاریگەری هەیە، ئەگەر ئێمە تەسەور بکەین کە مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی گرینگە لە رۆژهەلاتی ناوەراست مەسەلەیەکی وا کەم نییە بە بێ گرینگی سەیر بکرێت، لەبەرئەوە ئێمە پێویستە بەردەوام لەگەلٚ ئەو ولاتانە خەریک بین کە بە چ شێوەیەک ئەوان دەتوانن پشتگیریمان بکەن مەسەلە تەنها ئەوە نەبێت ئەمریکایە، ئەمەریکاو بەریتانیا بەنیسبەت ئیمە مەسەلەیەکی حەیاتییە خواش هەلٚناگری درێغییشیان نەکردووە ئەوەی کە تاکو ئێستا بووەو بەهەر جۆرێک و لەسەر هەر بنەمایەک ئەوانن، بەلاٚم ئەوەی کە ئەوروپا دەتوانیٚ بیکات لەلایەنی مەسەلەی مافی مرۆڤ و مەسەلەی ئافرەت، مەسەلەی چۆنیەتی جێبەجیٚ کردنی دەزگاکانی دیموکراسی و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان ئەوروپا دەتوانیٚ یەکجار زۆرتر لە ئەمەریکاش و بەریتانیاش زیاتر یارمەتی ئێمە بدات، بەلاٚم پێویستە ئێمە هەمیشە پێیان بلێین و ئیشی لەسەر بکەین، قسەکان هەر ئەمە بوو، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێزتان بواری هەندیٚ پرسیار دەدەن؟. ئەو بەرێزانەی پرسیاریان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆئەوەی ناونووسیان بکەین.

ناوەکان دەخوێنمەوە تکایە ئەوەی ناوی نەخوێنرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە.

د. ناصح، مەلا محمود دێرشەوی، شەفیقەخان، مامەند ئاغا، د. رزگار.

کاک د. ناصح فەرمو.

**بەرێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرێزان، پێشەکی رێگام بدەن بەناوی فراکسیۆنی پارتیمانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بەخێرهاتنەوەیەکی گەرمی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەفدە یاوەرەکەی بکەین بۆ کوردستان و جێی خۆیەتی ئەمرۆ ئیمە بەتایبەتی دانیشتووین دانیشتنێکی تایبەت ئامادە کراوە بۆئەوەی گویٚ لە راوبۆچوونی ئەوان بگرین بەتایبەتی دەربارەی گەشتە سەرکەوتووەکەیان. لەراستیدا ئەوەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران خستیەروو دەربارەی گەشتەکەیان و ئەو روونکردنەوانەی کە جەنابی وەزیری کاروباری هاوکاری و مرۆڤایەتیش خستییە پالٚ ئەو بۆچوونانە بەختەوەرمان دەکات کە ئەمرۆ دەبینین لە جیهانی ئەوروپادا بەو شێوەیە پێشوازی لە وەفدی رەسمی حکومەتی هەریمی کوردستان دەکرێت. ئەو دیۆفاکتەی کەوا دە سالٚە لە کوردستاندا چەسپاوە خەریکە ئەو واقیعە زیاتر لەلایەن ولاٚتانی ئەوروپاوە بەتایبەتی ئەو ولاٚتانەی کە دەوری گرینگیان هەیە لە دیاری کردنی چارەنووسی ئەمرۆی جیهان بەتایبەتی کە ئەبینین لە ئاستی

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاو وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا کە ئیستا بەلجیکا سەرۆکایەتی دەکات هەروەها فەرەنسا وەکو باسیان کرد کە یەکێکە لە وڵاتە زل هێزەکانی جیهان ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی یەکێتی ئەورووپایە من بەش بەحاڵی خۆم پیرۆزبایی لەو سەرکەوتنەیان دەکەم و بەخێر بێنەوەو من هیچ پرسیارێکم نەبوو تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بەخێرهاتنەوەیان بکەم و سوپاس بۆ گەشت و سەرکەوتنەکەیان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا مەحمود فەرمو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لأن شكرتم لأزيدنكم ولأن كفرتم إن عذابي لشديد) ،بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران دەکەم و، سوپاسی یەزدانی مەزن دەکەم کەوا مەسەلەی ئێمەی میللەتی کورد گەیشتووەتە ئەم ئاستەی کە سەرۆک وەزیرانی ئێمە بچێت ولە وڵاتان بگەڕێت بۆ داواکردنی مافی ڕەوای گەلەکەمان، ئەمە جێگای شانازی و سەربڵندیە و، جێگای ئەوەیە کە مرۆڤ کڕنۆشی سوپاسگوزاری بۆ یەزدانی مەزن بکات، من چەند پرسیارێکم لە بەڕێز سەرۆک وەزیران هەیە کە ئەگەر بوارم پێ بدات؟!، پرسیاری یەکەم لەسەر داوەتنامەی جەنابیان وەکو سەرۆک وەزیران بووە، یاخود وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە؟، دووەم، بێگومان وەکو جەنابی روونی کردەوە کە نەوت بەرامبەر بە خۆراک میللەتی ئێمەی لە مردن رزگار کرد، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئێمە لێکی دەینەوە بۆ چەند ساڵێکی تر دەبینین کە لە رووی کشتوکاڵەوە بنیەی ئابووری وێران دەکات، بۆیە هەوڵێکیش درا کەوا لە جێگای ئەوەی کە دانەوێڵە لە دەرەوە بکڕن بۆمان هەر لە جووتیارەکانی خۆمان بیکڕن، بێگومان ئەگەر لە جووتیاری کوردستانی بکڕن ئەوە «اکتفاء الذاتي» دروست دەبێت و پێویستیمان بە گەنم و برنج و ئەو شتانەی بێگانە نابێت کەوا کەس نازانێت چەند ساڵە لە عەمارەکاندا کەوتووە، خۆزگە ئەو خاڵە زیاتر روون بکرایەتەوە و هەوڵیشی بۆ بدرایە. پرسیاری سێیەم، هەرچەندە پێم خۆش نییە بیکەم، بەڵام وەکو کورد دەڵێت: (ماران گەستە لە گوریسیش دەترسێ)، گومان و بیری جەنابی سەرۆک وەزیران سەبارت بە ئاشتی لە کوردستاندا چۆنە؟، چوارەم، بەڕێزیان بەراستی لەم سەفەرەیانەدا جێگای سەربەرزی و خۆشحاڵی هەموو لایەکمانە، بەڵام وتەیەکی خوالێخۆش بوو مەلا مستەفا هەیە کە کاتێ رۆژنامەنووسێکی بیانی پرسیاری لێ کرد کێ هاوکاریتان دەکات بەڕێزیان وڵامیان دایەوە و وتیان: «ئێمە وەکو کەسێکین لە چاڵێکدا هەردوو چاومان بەسراوە و دەنگمان ناگاتە کەس و، هەردوو دەستیشمان کراوەتەوە کێ هەرچی بخاتە دەستمان وەری دەگرین»، ئەم گەشتەی کە لە ئەورووپا کراوە جێگای شانازی و سەربەرزییە، بەڵام ئایالە جیهانی

ئیسلامیشدا ئێمە پێویستیمان پێ نییە کە پەیوەندیمان قوڵ تر و توند تر بکەین؟، جارێکی تر بەخێرهاتنی بەڕێزیان دەکەین و بەیاری خوا هەر سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەم گەلە و ئەم ئاینەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵامی پرسیار بە پرسیار دەدەیتەوە یان هەموو پرسیارەکان بکەن، با هەموو پرسیارەکان بکەن ئینجا وەڵامیان بدەوە، تاوەکو مەجالت هەبێ بیری لێ بکەیتەوە، تکایە پرسیارەکان بە دیار کراوی ئاراستە بکەن، کاتەکەشمان ئەوەندە نییە، پرسیارەکان دیارە، خاڵێک یان دوو خاڵە، بەڕێز شەفیقە خان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەخێر هاتنی گەرمی کاک نێچیرڤان دەکەم، پیرۆزبایی لەو سەفەرەی دەکەم زۆر زۆر بە سەرکەوتوویی بوو دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەوەی کە من پرسیارم هەیە لە بەڕێزی لەوەی کە باسیان کرد لەمەسەلەی کوردیا نزیک بوونەوەمان لەگەڵ حوکمەتی مەرکەزی، یاخود بە چارەسەرێکی تر چارەسەر بکرێت، ئایا بەڕێزیان لەوێ هیچ ئاماژەێکیان دا بەوەی کە بڕیاری فیدرالیزم لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە؟ ئەوە باشترین چارەسەرە کە نزیکمان بکاتەوە لە حوکمەتی مەرکەزی ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر باسی ئەو کۆچ ڕەوانە کە جەنابیان زۆر هەوڵ و کۆششیان داوەو، شوێنی دەستیان دیارە، بەڵام ئایا نەگەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە ئەوان واز لەوە بێنن، کە ئەوانەی لە هەندەرانن کە بڕیار بدەن بڵێین کە نایانتێرنەوە، بەڵام لەمەو دوا بەو شێوەیە خەڵکی وەرناگرن، یاخود ئەگەر دەیانگێڕنەوە، ئایا هەر پارەی سەرفکردنی ڕێگاکەیان بۆ سەرف دەکەن؟ ئەی کە بە رووتوقوتی هاتنەوە کوردستان لێرە چی بکەن و چیان بۆ دەکرێت؟ هەروەها ئایا لەوێ داوای ئەوەیان نەکرد کە فراوانی هێڵی پاراستنی بڕیاری شەش هەشت هەشت زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی کەرکوکیش بگرێتەوە؟ ڕاگوێزان و بە عەرەب کردن بەسەر ئەو کوردانەی کە لەوێن لێیان دوور بخرێتەوە؟ هەروەها کاروباری ئەو (**ENGO**) ئینجۆیانە، ڕێکخراوە بیانیەکان، ئایا هیچ باسێکیان لێ نەکرا بۆ ئەوەی ئەوان بەرێکوپێکی لە نێوان هەردوو لایاندا بەرنامەی کار دابنرێت؟ ئەو پارەیەی کە لەسەر بڕیارەکەیە هەر پارەی خۆمانە؟ چۆن سەرفی دەکەن لە کوردستاندا. لەچ روانگەیەکەوە؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک مەمەند ئاغا فەرمو.

**بەڕێز محمد محمد أمين بابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ روونکردنەوەی ئەو سەفەرە بەکەڵکەی کردوویەتی، پرسیارەکەم ئەوەیە کە بەڕێزیان تا چ رادەیەک هەستیان پێ کردووە بەشێوەی گشتی بەرامبەر لایەنی سیاسی ئێمە ئەو دەوڵەتانە چ رایەکیان هەیە بەرامبەر بەوەی کە شتێکی سیاسیمان بۆ بکەن یان بۆمان نەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا دیارە سەردانی شاندی گەلی کورد بە سەرۆکایەتی سەرۆکی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەوەختێکی گونجاودا کرا، سەرەڕای ئەوەی کە پێویست بووە بۆ دیار کردن و راستکردنەوەی ئەو بیروڕایانەی کە لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا باس کراوە، لێرەدا من دوو پرسیارم هەیە، دەمەوێ بۆ جەنابتی بخەمە روو، ئەگەر ماوەمان پێ بدات، یەک وەکو دیارە دراوسێیەکانمان لەگەڵ ئێمەدا ناکۆکن هەڕەشەمان لێ دەکەن و پیلان دادەنێن و هەوڵی تیرۆر دەدەن، بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسایشی ئێمە تێک بدەن، لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە ئایا جەنابیان ئەو بابەتەی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لەگەڵیان دانیشتوون باس کردووە کە بتوانن هاوکاریمان بکەن؟.

دوو جەنابیان باسی سزا زیرەکەکان بەشێوەیەکی گەرموگور لە ئارا دایە، گومانی تێدا نییە، ئەگەر ئەو جۆرە سزا زیرەکانە جێبەجێ بکرێن یەکێک لەو لایەنانەی کە زەرەرمەند بێت ئێمەین، بەڵام وا دیارە دراوسێیەکانمان ئەوانەی کە زەرەرمەند دەبن بە حوکمی ئەوەی کە کیانن و بە حوکمی ئەوەی نوێنەرایەتی دیبلۆماسیان هەیە، دەتوانن بگەنە ئەو لایەنانەی کە بڕیارەکە دروست دەکەن بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن قەرەبووەک وەربگرن، پرسیاری من بۆ جەنابیان ئەوەیە، ئایا لەگەڵیان باس کراوە؟ ئەگەر هاتوو ئەو جۆرە سزایانە جێبەجێ بکەن بەلای کەمی قەرەبوویەکی کەم ئێمەش وەکو لایەنێکی زەرەرمەند وەریبگرین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرمو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەیە بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆکی حوکمەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەفەر

بەخێرو سەلامەت لە ئاکامی ئەو گەشتە ئەو چنینەوانەی کەبیستمان سەرکەوتنێک بوو، ئەوەی سەلماند کە لەم رووەوە باشترین گۆڕەپانی تێکۆشان و خەبات بۆ سەرخستن و راستکردنەوەو گەیاندن و تێگەیشتن لەبارەی کێشەی رەوای گەلەکەمانەوە گۆڕەپانی دیبلۆماسیەتە و ئەو پەیوەندیە بەهێزانەیە. ئێستا پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ بەڕێزیان ئایا سەبارەت بە هەندێ لا وەهەندێ ولات کە شێوازێکی تەگەرە، یا کورد واتەنی دڕکی مەم وزینیان هەیە لە ئاستی کێشەکەی ئێمە یان ئەو هۆشانەی کە دژن و بەرژەوەندیان لە بنەڕەتەوە دژ بە نەتەوەیەکی وەکو ئێمەیە، یان کۆنەقین و کۆنەشەر لەگەلّ ئێمەدا دەکەن هی خەلّکی ترەو بەئێمەی دەکەن ئەو ولاتانە، ئایا لەو بوارە بەڕێزیان هیچ لێوەی دوواون؟ یان بیری ئەوە کراوەتەوە وەکو پرۆژەیەک کە میکانیزمێ بۆ ئەو لایەنانە دیار بکرێ کە هەمیشە دەبنەوە بە تەگەرەیەک لەبەردەم رەوتی رەوای کێشەکەماندا، لە پرسیاری دووەم دەربارەی میکانیزمی کارکردنی ئەو رێکخراوە نێو دەولەتیانەیە سەبارەت بە کورد کە بتوانێ لە بارتر بێت، گونجاوتر بێت لەگەلّ ئاست و خوازی ئەمڕۆماندا، جارێکی تریش سەفەر خێرو سەلامەت، لەگەلّ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران فەرمو.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، یەکەم ئەوەی کە مامۆستا باسی کرد مەسەلەی دەعوەتی ئێمە بەناوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە، واتا ئەو دەعوەتەی لە هەموو مەراسیمەکانەوە بووە، هەندێ جار کاکە دکتۆریش لەوە بەهەلّە دەبوون پرایمنەستەرەکە دەبووە پرێزنتیش، هەندێ جار لەجیاتی سەرۆکی وەزیران دەیانگوت سەرۆک، واتا سەرۆک بۆ سەرۆکی کۆماری دێت، بەلام ئەوەی ناحیەی پرۆتۆکۆلی و ئەوانەیە بەناوی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حوکمەتی هەرێمی کوردستان، واتا بۆ ئێمە ئەوەیە، مەسەلەی بەروبومی جووتیاران نەک تەنها لە ولاتانی ئەوروپا من حەزم نەکرد بچمە ناو ئەو تەفاسیلە، بەلام کە باسی ئەوەمان کرد کە ئێمە بۆ هەر شوێنێک چووین فایلێکمان پێشکەش کردووە داواکارەکانی خۆمان لەوێدا بە تەفسیل باس کردووە، یەکێک لەو شتانە کە ئێمە نەک تەنها لەگەلّ ولاتە ئەوروپیەکان بەلکو لەگەلّ هەموو هەرچی ئەو رێکخراوانەی کە دێن بۆ لامان، ئەمریکیەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان هەموویان کە باس دەکەین باسی مەسەلەی کڕینەوەی بەروبومی جووتیارانە، واتا ئەمە بەردەوام داواکاری ئێمەیە، پێشبینی دەکرا کە ئەم سالّ ئەمە جێبەجێ بکرێت، نەکرا، بەلام ئێمە وەکو حوکمەتی هەرێم بڕیارمان وەرگرت کە خۆمان بیکەین، ئامانجمان چییە! ئامانجمان ئەوەیە جووتیارانی ئێمە تووشی دوو دلّی نەبن لەوەی سالّێکی تر، واتا ئەمە تەقریبەن بۆ هاندانە، چونکە بەروبومی ئەم سالّ ئەلحمدولله باشیش بوو لە

چاو ساڵانی تر، بۆ ئەوانەمان بووئەمانە هان بدەین بۆ ئەوەی ساڵێکی تریش بەم شێوەیە بێت، بەڵام ئەوەی کە بە ئێمە گوتراوە لەوانەیە لە فیزەکانی ئایندە ئەمە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئێمە بە جدی ئەم بابەتەمان باس کردووە، چونکە بەنیسبەت ئێمە مامۆستا ئامـاژەی پێدا بەڕاستی مەسەلەیەکی حەیاتییە. مەسەلەی ئاشتی لەوانەیە کاک سامی ئەگەر ئاگادار بێت، بەڵام وەکو ئامانجێک، واتا ئەگەر مەبەست ئەوە بێت چی کراوە لە کۆبونەوەکانی دوێنێ و ئەوانە، لەوانەیە ئەوانە ئەگەر پێویست بێت کاک سامی باسی بکات، ئەگەرنا ئەوەی کە وەکو ئاشتی لەکوردستان بێ شکە، واتا من نامەوێ ئەوە بەوە وەربگرن، کەئەمە بۆ قسەیەکی دڵخۆش کردن بێت، بەنیسبەت ئیمە مەسەلەی ئاشتی مەسەلەیەکی بنەڕەتیە لە کوردستان، ئێمە چەندیش بێین و بچین و لە دەرەوە بین زیاتر تێدەگەین مەسەلەی ئاشتی چەند پێویستە و گرینگە سەبارەت بە مەسەلەی کێشەی کورد، بێگومان ئەمە ڕێگەیەکە وەنییە بڵێین گرفتەکانی ئەو هەموو ساڵانە مێژوویکە ئێمە ئەو هەموو گرفتانەمان هەیە، واتا هی ئەمڕۆ و دوێنێ و سبەینێ نییە بە شەو و ڕۆژێک چارەسەر ناکرێت، بەڵام وەکو ئیستیراتیجیەتی ئێمە وەکو حزبیش ئەگەر من بیم باسی بکەم ئەوەیە کە ئێمە بگەینە ئەنجامێک بگەینە ئاشتیەک، ئینجا تێگەیشتنی ئاشتی بە چ شێوەیەک ئێمە بیری لێدەکەینەوە، ئەوە خۆی لە گفتوگۆکاندا بە تێر و تەسەلی باس کراوە هەتا ئێستاش ئەو گفتوگۆیانەی کە ماوە لەسەر مەسەلەی پەرلەمانە، گیروگرفتەکانی تر هەمووی ئەنجام دراوە کێشەی بنەڕەتی ئێمە مەسەلەی پەرلەمانە، مەسەلەی پەرلەمانیش مەسەلەیە کە ئەوە نییە بڵێین ئێمە وەکو حزبێک بتوانین، ئەمە دەستکەوتێکی مێژوویی میللەتی کوردە، واتا گۆڕینی ناوی پەرلەمان بە هەر جۆرێک بێت لەژێر هەر ناوێک بێت، سەبارەت بە ئێمە بە هەر شێوەیەک بێت ئەمە قەبوڵ ناکرێت، ئەمە قابلی قەبوڵ نییە، ئێمە ناتوانین ئەمە بکەین، چونکە ئەم مەسەلەیە مەسەلەی میللەتە، بەڵام دەکرێت بە شێوەیەکی تر بە برادەرانی یەکێتیشمان گوتووە ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی تر ڕێککەوین، بەڵام سەبارەت بە گۆڕینی ناوی پەرلەمانی کوردستان ئەمە شتێکی دەگمەنە، بەڵام لەشێوەی چۆنیەتی ئیش کردنی پەرلەمان ئێمە دەتوانین لەسەری ڕێککەوین، مەسەلەی تر هەمووی ئەنجام دراوە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتننامەی واشنطن بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیەی ئەوراقی حوزەیران کە ئێمە پار ئەم وەختانە بەتەواوی دوێنێ ئێمە خەریکی گفتوگۆ بووین لەگەڵ برادەرانی یەکێتی لە واشنطن، ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە پەرلەمان پێویستە کۆببێتەوە بەکۆبوونەوەی پەرلەمان پابەندەکانی تر کە پارتی هەیەتی جێبەجێ بکرێت، مەسەلەی داراییە مەسەلەی ترە، ئێمە دیسان دووپاتی دەکەینەوە، بەڵام ناکرێت هەموو شتەکانی جێبەجێ ببێت ئینجا پەرلەمان، واتا من گەیشتمە حەقی خۆم ئینجا ئێوەش کەیفی خۆتانە ئەوە تەقریبەن ئەوتێگەیشتنە ناکرێت، سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی هەر هەمووی مەترسێکی گەورەیە، نەک سەبارەت تەنها بە حزبێک، لەبەر ئەوە ئێمە ئێستا خەریکی گفتوگۆین لەگەڵ برادەران، ئەگەر روونکردنەوەیەک لەسەر ئەو بابەتە هەیە، ئەگەر پێویستی بە روونکردنەوەیەکی کورت

هەبوو لەوانەیە پاشان کاک سامی بۆتان روون بکاتەوە، مەسەلەی ئەوەی شەفیقە خان باسی کرد بڕیاری فیدرالی بێ شک ئەوەی من باسم کرد لەفایلی کە ئێمە پێشکەشمان کردووە وەرەقەیەکی تەواو لەسەر مەسەلەی فیدرالیەت هەیە کە پەرلەمانی کوردستان داوای کردووە مەسەلەی فیدرالی ببێتە بنەڕەتێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چونکە بیرو بۆچوونی ئێمە بۆ فیدرالی دەتوانێت ئەم گیروگرفتە ئەنجام بدات، ئێمە ئەوەمان بە تەفسیل باس کردووە بۆیان، داوامان کردووە لەبەر ئەم هۆیانە، بەرەئی ئێمە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە دەڵێت فیدرالی چارەسەری کێشەی ئێمە دەکات بنەڕەتەکەی لەبەر ئەمەیە، واتا ئەوانەمان داوا کردووە، مەسەلەی کۆچ بەرەکان ئەوان لەوێ لەگەڵ د.شەفیق و کاک هوشیار باسیان کردووە، ئێمە وەکو حوکمەتی هەرێم رازی نابین تەنها ئەگەر کەسێک بەمەیلی خۆی بیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان لاریمان نییە، بەڵام ئەگەر ئێوە دەتانەوێت هەر تەنها ئەوەندە بێت ئەم خەڵکە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و ئینجا دوای ئەوە هیچی تریان بۆ نەکرێت ئێمە ئەوە قەبوڵ ناکەین وئێمە لەسەر ئەم سیاسەتە بەردەوام دەبین، ئەوەی بە رەسمی بە ئێمە گووتراوە لەوێ دەڵێن ئێمە بەمانای پاشگەزەمان کردووە لەبڕیاری خۆمان بۆ گەڕانەوەی بە زۆری ئەم خەڵکە، ئەم خەڵکە ئێمە بە زۆری ناگەڕێنینەوە، تەنها یەکێک بە ئارەزووی خۆی بگەڕێتەوە، لەوانەیە لێرە ئەوەیەک دروست بێت، چونکە دوێنی و پێری پەرلەمانی ئەوان بڕیاریان داوە کە خەڵک بگەڕێتەوە، چونکە بڕیاری پەرلەمان بۆ ئەو کەسانەیە کە بەمەیلی خۆیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە، مانای ئەوە نییە کەسێک بە زۆری بێت، ئەگەر بێتە سەر ئەو مەسەلەیە ئێمە ئەو وەختە دانوستانێکی زۆر جددییان لەگەڵدا دەکەین و مەجالی ئەوە نادەین بڵێین هەر وا بیانگەڕێنینەوە بەبێ ئەوەی زەمانەتێک نەبێت بۆ ئیش کردنیان، واتا مەسەلەی ئەم پەنابەرانە لەکاتی خۆی دیسان ئەوان شتێکی وایان لەگەڵ (ئیتیوپیا) کرد، بەڵام خەڵکان چۆن گەڕانەوە؟ هەتا زەمانەتی ئەوەیان نەکرد کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان ئیشیان هەیەو ئەوروپا هاوکاری کردن بۆ ئەم مەسەلەیە ئینجا گەڕانەوە، ئێمەش دیسان ئەو بۆچوونەمان لەگەڵیان باس کردووە کە پێویستە زەمانەتێک هەبێت، ئەگەرنا ناکرێت ئەمانە هەر وا بگەڕێنەوە، مەسەلەی بە عەرەب کردن(تعریب) بەو فورمولەی کە باس کراوە، واتا هێڵەکە زیاد بکرێت نا، بەڵام ئێمە لەسەر مەسەلەی تەعریب ئەمانە هەمووی بە تەفسیل لە هەر شوێنێک چووین ئێمە بە درێژی باسمان کردووە، واتا هەموو جار وەکو نموونە هێنامانەوە چ بۆچوونێک دەکرێت ئێمە چۆن بتوانین بگەینە ئەنجامێک لەکاتێکدا ئەگەر حیساب بکرێت رێژە لەو پەری باری(وەزعی) خراپە، ئێستا ئەم شتانە دەکات باشە چ زەمانەتێک هەیە ئەگەر سبەینێ تۆزێ وەزعی باش بێت لەمە خراپ تریش نەکات؟ مانای ئەوەیە ئێمە هەموو جار بەنموونە تەئکیدمان لەسەر کردووە باسیشمان کردووە، مەسەلەی لایەنی سیاسی، مەسەلەی ئینجویەکان ئەمانەمان بە تەفسیل باس کردووە، وەکو من پێشتریش لەقسەکانی خۆشم باسم کرد، من باوەر ناکەم ئێستا بڕیاری ئەوەیان دابێت ئینجۆیەکان بگەڕێنەوە هەتا یەکێتی ئەوروپا دیراسەتی خۆی نەکات دوای

ئەوەی کـە دێت بۆ ئێـرە، دوای ئەوە بڕیاری پێـویست وەردەگـرن بۆ ئەوەی چ بکەن سـەبارەت بە ئینجۆیەکان، ئەمە ئیشی دەوێت، سەبارەت بە لایەنی سیاسی من ناڵێم ئەوان هاتوون شتێکیان خسـتووەتە دەست ئێـمـە لە لایەنی سـیـاسی، باوەڕیش ناکەم چونکە ئەو پێشـبـینەشـمـان نەبوو لەوان، بەڵام وەکـو داواکـاری ئێـمـە ئەو داواکـاریەمـان لێـیـان کـردووە کـە پێـویسـتـە تێی بگەن پشتگیری کێشەی ئێمە پێویستە بە سیاسی بکرێت، چونکە کێشـەی ئێمە کێشەیەکی سیاسییە دەبێت بەم شـێـوەیە چارەسـەربکرێت، ئەوەی د٠رزگـار باسی کـرد بەئەکـیـد ئـێـمـە باسی ئەوەمـان کردووە دەوری دراوسێـیەکانمان لە مەسەلەکە هەر هەموویان، چونکە خۆی مەسەلەکە ئەوە نییە بلـێین کێشـەی کـورد ئاڵۆزە، ئاڵۆزییـەکەشی بە حوکمی جوغرافیـای خۆی زیاتر ئاڵۆز بووە، واتا هەمـوو جـار کە باسی ئەمـانە دەکرێت، ئێـمە پێـیـان دەڵێین خزمـان، لەبەر ئەوەش دەڵێین خـزمـان چونکە ئەگـەر مـەسـەلە دۆست بێت مرۆڤ خۆی هەڵـبـژێرێت، بەڵام کە خزم بـوو حەز بکەی یان حەز نەکەی پێتەوە دەنوسێت زیاتـر ئەم قسـەیە هەمـوو جار مام جەلال دەیگوت، دەیگوت ئەمانە خزمن و دۆستن، لەبەر ئەوە دۆست مرۆڤ خۆی هەڵـبـژێرێت ئەمانە هەن، ئەو مـەسـەلەیەی کە ئێمە باسمان کردووە، ئێمە زۆر بە دووروودرێژی لەگەڵ ئەوان باسمـان کردووەو پێشمان گوتوون کە ئێوە دەتوانن کـاریان تێ بکەن و ڕۆڵـیشـتـان هەبێت وەکو ئەوروپا لەو مـەسـەلەیە، من دەتوانم هەر ئەوەندە بڵـێم، سزا زیرەکەکان باس کرا، ئێمە باسـمـان کردووە، سەبارەت بە بازرگـانی سنوور ئەو جۆرەیە تەقریبەن من گوتم هەڵوێستی فەرەنسا و ئێمە زۆر وەکو یەکە لەوەدا فـەرەنسیـەکان دەڵێن ئەو بازرگـانی سنووریەی هی ئۆتۆمبیلەکان و ئەوانە نابێت ڕابوەسـتێت، ئەوان دەڵێن بۆ هەر یەک لەم وڵاتانە پێـویسـتـە بەشێک دابنرێت کە حەقی خۆیان بێت، بەڵام چوونەوەی پارەکە مەرج نییە بە کـاش بێت، واتا ئەم بابەتە لـە بنەڕەتی خـۆی ئێـسـتـاش پارەکـە بە کـاش ناچێـتـەوە، لە سـەدا حـەفـتـای ئەوەی کـە ئێـمـەش دەیکەین سـەدا حـەفـتـای جـارێکی تر بە کـەلوپەل دەگـەڕێـتـەوە بۆ عێراق(وانییە سەرکیس) هەر بەم شێوەیە، واتا ئەم بابەتە ئێمـە ناگرێتەوە، سی لە سەد لەوانەیە پارەی کـاش بێت، ئێـمـە داوامـان کـردووە بەنووسـینیش بۆ ئەم وڵاتـانە چووە پێش تر نەک ئێـسـتـا بۆیان چووە بەکاغەز کە زەرەری ئێمە لەو مەسەلەیە ئەوەندە دەبێت پێویستە ڕەچاوی مەسەلەی ئەم زەرەرمـەندیەی ئێـمـە بکرێت، لەگـەڵ کـوفی عـەنانیش کـە برنار کـوشنەر داوای کـرد هەر ئەوەمـان تەئکیـد کـردووە کـە پێـویسـتـە لەو بـابەتە زەرەرمـەندی ئێـمـە بدەنەوە، واتا زەرەرمـەندی بەر بەڕێوەبەرایەتی کوردی دەکەوێت، ئێـمـە هەر لەسـەر ئەو بابەتە بەردەوام دەبین، من نازانم ئەوەی مامـۆستـا باسی کرد ئەگەر هەندێکی لێ تێگەیشتبم نازانم باسی بەکر دەکات لە بابەتەکەی مەم وزین تێنگەیشتم مامـۆستا باسی بەکرە وانییە، نازانم بڵێم چی! بەکر گیروگرفتە هەر ئەوەندە دەڵێم نازانم، باوەڕ ناکـەم ئەوە بتـوانم ڕابگرم، چونکە دەوری خـۆی دیارە لە مـەم وزین هەتا کۆتاییش هەر ڕاناوەسـتێت، ئەو بابەتەی کە مامـۆسـتـا مەلا مـەحمود گوتی ئەوە ڕاستـە، واتا هاتوچۆ هەبووە هاتوچۆمـان لەگـەڵ عـالەمی ئیسـلامیش هەیە ئێـمـە دە جاریش دەسـتـمـان بۆ درێژ

کردووه، بەڵام ئەگەر ئەوان دەستیان بۆمان درێژ نەکەن واتا چ سوودی نییە، بەداخەوە من دەڵێم، عالەمی ئیسلامی بەش بەشە وانییە بڵێی هەمووی ئەگەر من باسی وڵاتی عەرەبی بکەین پەیوەندیەکانی ئێمە لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیە، لەگەڵ وڵاتە گرینگەکانیش پەیوەندیمان هەیە، بەڵام هەتا ئێستا بۆ ئەو وڵاتانە بۆچوونێک هەبێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد، بەڕاستی ئەو بۆچوونە لای ئەوان نییە، واتا ئەوان کە تەرکیز دەکەن زیاتر تەرکیز دەکەنە سەر بەغدا، بەچاوێکی زۆر شۆڤینی سەیری مەسەلەی ئێمە دەکەن ئەمە ڕاستیەکەیە، ئینجا ئێمە حەز بکەین و حەز نەکەین هەموو جاریش هەر وابووە نەک ئەوەی ئێستا لەمێژووش ئەگەر سەیری بکەین هەر وابووە، لەبەر ئەوە هەوڵدانی ئێمە هەر بەردەوامە هەر کەسێک لەگەڵ ئێمە قسە بکات و بیەوێ ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین قسەشمان لەگەڵ نەکەن هەوڵدانی ئێمە هەر بەردەوام دەبێت، ئێستا سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەلێک هاتۆتە پێشمان ئێمە نابێت ئەو هەلە لە دەستی خۆمان بدەین ئینجا چ لە ئەوروپا بێت چ لە هەر شوێنێک بێت بۆ ناساندنی کێشەی خۆمان، ئێمە بەردەوامیش بووین لەسەر ئەوە ئێمە پار سەردانی وڵاتانی عەرەبیشمان کردووە، جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جار سەردانی وڵاتانی تری کردووە کە ئاستێکی زۆر بەرزیان هەیە چ لە سعودیە، چ لە سوریا چ لە شوێنەکانی تری وڵاتانی تری عەرەبی ئەوانەی کە گرینگیشن ئەم وڵاتانەن وەکو سعودیە و میسر واتا ئەمانەی کە کاریگەریان هەیە لە عالەمی عەرەبی و ئیسلامی ئەم وڵاتانەن، ئێمە بەردەوام لەگەڵ ئەمانە لە گفتوگۆ داین، بەڵام ئەم وڵاتانە هیچ زەمینەی ئەوەیان نییە بۆ کێشەی کورد، ئێستاش ئێمە لە وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی حیساب دەکرێین، کێشەی ئێمەش کێشەیەکی نەتەوەییە ئەمە روونە وەنییە بڵێی کێشەیەکی دینی بێت مەسەلە مەسەلەیەکی نەتەوەییە، ڕاستیەکیشە هەتا ئێستا مەسەلەی هاوئاینی ئێمە لەگەڵ ئەم برا مووسڵمانانە ئەوە نەبووە هیچ سۆزێک بۆ کێشەی ئێمە هەبێت لە لای ئەوان، واتا هەتا ئێستا هۆیەک نەبووە، چونکە ئێمە هاوئایینین ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی تەئیدەک بێت بۆ ئەم مەسەلەیە، ئێمە بە پێچەوانەوە، چونکە مەسەلەی کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە هەر دەبێت بەم شێوەیە بێت، بەڵام ئێمە هەر بەردەوام دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ وتە بە نرخەکەی و، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لێرەدا پشوویەک دەدەین بە دانیشتنی ئێستامان بۆ ئەوەی خاڵی دووەمیش کۆتایی پێ بێنین دانیشتنەکەمان کاتژمێر(٥)ی پاش نیوەڕۆ دەست پێ دەکاتەوە، سوپاس.

پاش پشوودان.....

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەردەوام ئەبین لەسەر کاروباری دانیشتنی ژمارە(یەکی) نائاسایی، لەم دانیشتنەمان بەخێر هاتنێکی گەرمی بەڕێزان وەزیری دادو وەزیری ئەوقاف و وەزیری دارایی ئەکەم، کە نوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەن لە بارەی گفتوگۆ کردن لەسەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی ئەکەم کە بفەرمووێت بێتە ئێرە لیژنەی یاسایی ئیتفاقی لەسەر کێ کردووە بفەرمویٰ بێتە ئێرە، فەرموو بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو جەنابت بۆ مەجراو ئەوانە پێویستیمان بەیەکێکی قسەکەر هەیە، لیژنەی دارایی ئەگەر رەئی هەبوو با لە جێگای خۆیانەوە باسی بکات، باسکردنی ئەم خاڵەمان بەڕاستی دوا خستبوو، ئیمڕۆ دەربارەی ماددەی دوو بووین گفتوگۆ دەربارەی ماددەی دوو دەکرا، بەڕیز جەنابی وەزیری داد ئامادە نەبوو لەم دانیشتنەدا لەبەر ئەوەی گفتوگۆی زۆریشی لەسەر کراو لەبەر چەند هۆیەکی تریش دوامان خست بۆ ئەمڕۆ، جا تکایە ماددەی دوو جارێکی تر بخوێندرێتەوە و رەئی لیژنەکان وەرگیراوە، بەڵێ تەنها ماددەی دوو ماددەی یەک خوێنرایەوە، ماددەی یەک یەکسەر گفتوگۆی ئەکەین.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پڕۆژەی ئەنجومەنی وەزیران لە بارەی هەموار کردنی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی١٩٩٢ی وەزارەتی داد،

المادة الاولى: تعدل المادة الاولى ويضاف اليها مايلي ويصبح الفقرة الرابعة لها.

٤ـ وكيل الوزارة:وكيل وزارة العدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر ئەو ماددەیەخراوەتە دەنگدانەوە ماددەی دوو فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: تعدل المادة الثالثة و تضاف اليها فقرتان وتقرأ على الوجه الاتي:

١ـ الوزير هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها وتصدر عنه القرارات والتعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الادارية والفنية ضمن حدود هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء بأعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢ـ وكيل الوزارة ويساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على الشؤون القانونية والفنية والإدارية والمالية والتنظيمية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على أن يكون حاكماً يحتفظ بحقوقه وصفته القضائية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ناوەڕۆکی ماددەی دووەمە گفتوگۆشمان بەتایبەتی لە خاڵی دووەم وەستا، خاڵی یەکەم هیچ ئیشکالمان نەبوو هەر بۆ بەبیر خستنەوە، ئەگەر تێبینیەکی زیادکراو هەیە تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە.

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ وكيل الوزارة على أن يكون حاكماً يحتفظ بحقوقه وصفته القضائية. وكيل الوزاره کارێکی تەنفیزیە لە ئەنجومەنی دادگا (مجلس القضاء) نییە دەبێ حاکم بێت و حقوقی قەضائیش بپارێزیێن، لیژنەی دارایی ڕەئی وایە مەرجیش نییە تەنها حاکم بێت با حقوقی بێن و خزمەتی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت(١٠)ساڵ(١٥)ساڵ هەبێت هەر چەندە زیاتر بێت باشترە، چونکە قانونی هەیە بۆ نمونە لە ئیدعای عام پارێزەر هەیە مامۆستای زانکۆ هەیە ماجیستێر هەیە دەڵێین با فراوان بێت حاکمیش بگرێتەوەو غەیری حاکمیش بگریتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی پەرلەمانی لەڕۆژی پێنج شەموو زۆر بە درێژی گفتوگۆی ئەم برگەیە کراو من نامەوێ دووبارەی قسەکانم بکەمەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە وەکو زۆرینەی لیژنەی یاسا چەند تێبینیەکمان هەیە، یەک ئەوەی مایەی دڵخۆشییە لە هۆڵی ئەم پەرلەمانە مەبدەئی دیمکراتی پیادە کراوەو پارێزراوە هەر لە ڕۆژی دروست بوونیەوە تاکو ئەمڕۆ ڕەئی هەبووە ڕەئی موخالفیش هەبووە هەتا لەناو یەک کوتلەش بێت زۆر چار وابووە یاساو بریارەکان بە ئەکسەریەتێکی سادە پەسەند کراوەو ڕەئی ئەقەلیەش ڕێزی لێ گیراوە، ئێستاش وا خەریکە هەتا لەناو لیژانی پەرلەمانیش ئەم بنەمایە ڕەنگ بداتەوەو هەتا ئەگەر هات و ئەندامانی ئەم لیژنەیە سەر بەیەک لیستیش بێت ئەمەش دیاردەیەکی زیاتر دڵخۆش کەرەیە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ڕەئیمان داوە کە پلەی بریکاری وەزیر لە صنفی دوو کەمتر نەبێ و مەبەستیشمان ئەوەیە کە نامانەوێ هیچ گلەییەک هەبێت لەڕووی خزمەت و قدەم و مەسلەکیەتەوەو لەڕووی تەدەروجی وەزیفیەوە نێوان صنفی ئەو حاکمەی بۆ بەڕێوەبەری دادی گشتی دانراوەو نێوان قۆناغی ئەو حاکمەی کە بۆ بریکاری وەزیر دادەنرێ، بەلای کەمەوە وەکو یەک بن یان بریکاری وەزیر صنفێک بەرزتر بێت ئەوە شتێکی باشەو زیاد کردنەکەشمان لەسەر ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئەم بیانووەیە، دوا ڕەئی ڕای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە

لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێرێ لەسەر ئەم بابەتە زۆر گفتوگۆ کرا ئێمە ئەو دەمە رامان وابوو کە لەگەڵ پڕۆژەی حوکمەتین واتە چۆن هاتووە باوابێ کە جیاوازیەکە لەسەر حاکمە یان حاکمی صنفی دوو بێت، ئیمە لەگەڵ ئەوە بووین کە حاکم بێت بە موطلەقی بۆ ئەوەی دەستی حوکمەت کراوەتر بێت، ژمارەی هەڵبژێردراوەکان واتا ئەو کەسانەی کە بریکاری وەزیریان تێدا هەڵدەبژێرن زیاتر بێت تا بتوانن یەکێکی باش و بەرپرسیارێکی وا هەڵبژێرن کە لە ئاستی بەرپرسیەکە دابێت، من لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمان بەڕاستی ئەوان مافی خۆیانە رەئی خۆیان دەرببڕن و زۆر گونجاویشە کە وەکو باسی کرد کە شتێکی دیمکراتیە بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بۆ ئەم پڕۆژەیە پشتگیری رای حوکمەت ئەکەین، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیری داد هیچ تێبینیتان هەیە؟ بەڕێز وەزیری دارایی کاک سەرکیس ئاغاجان فەرموو.

**بەڕێز سرکیس ئاغاجان مامندو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوامان وایە کە ڕێگامان پێ بدەن هەر وەکو چۆن پڕۆژەکە لە حکومەتەوە رووبەرووی پەرلەمان کراوە بەم شێوەیە پەسەند بکرێ بۆ ئەوەی دەستمان زیاتر کراوە بێت هەر وەکو د.ناصح فەرمووی بتوانین عنصری باش لەنێوان چەند عنصرێک هەڵبژێرین بۆ وەکیل وەزارەت، ئێمە لە پڕۆژەی هەموو وەزارەتەکان کە هەتا ئێستا پەسەند کراوە بۆ بریکاری وەزارەتەکان هیچ مەرجێکی دیاریکراومان دانەناوە، بەلآم ئەگەر سەیر بکەین هەموو بریکاری وەزیرەکان بەکەلۆریۆسیان هەیە هەر چەند لەناو یاسایەکە دیاری نەکراوە کە دەبێت بریکاری وزارەت بەکەلۆریۆسی هەبێت، بەلآم لە یاسا دەست نیشان کراوە کە بەڕێوبەری گشتی پێویستە بەکەلۆریۆسی هەبێت، بەلآم بریکاری وەزارەت بەکەلۆریۆسیشی نەبێت دەتوانێ ببێتە بریکاری وەزارەت، بەلآم ئەگەر بێین باسی تایبەتمەندی بکەین بڵێین وەزارەتی داد تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەیە ئێمە ئەو سیستەمەمان لە وەزارەتی پێشمەرگەش هەبووە، بریکاری وەزارەت ڕەنگە روتبەی عەمید بووبێ بەلآم فەرماندەیەکی سوپا روتبەی لیوا بێتن ئەمری پێ کردووە، یا لە وەزارەتی ناوخۆ هەمان سیفەت بەکار دێت بۆیە داوامان وایە پشتگیری لە پڕۆژەکەی حوکمەت بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا رام لەگەڵ دەقی پرۆژەکەیە لەبەر چەند هۆیەک، بنەمایەکەی ئەوەیە وەک د.ناصح باسی کرد دەستی حوکمەت کراوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئینسانێکی باش دابنێ لەهەمان کاتیش ئێمە خۆمان توشی قۆناغێک نەکەین شت دابنێین بۆ حوکمەت و بڕوامان وابێ حوکمەت ئەو قودرەتەی نییە یەکێکی رێکوپێک لەو جێگایە دابنێ، حوکمەتیش دەتوانێ کارمەندێکی زۆر رێکوپێک دابنێ و هەڵبژاردنەکەی لە جێگای خۆی بێت. لەوانەیە ئەگەر فەرزی بکەین دەست بەستراو بێت و حەسر بێت لەسەر ژمارەیەک لەوانەیە بۆ حوکمەت زۆر زەحمەت بێت بتوانێ بەتایبەتی لەو قۆناغە بتوانێ ئەندامێ هەڵبژێرێ و برگەکەش کە ئێستا بەڕێزان فەرموویان سەبارەت بە بەڕێوەبەری دادی گشتی هاتووە کە پلە دوو بێت، بەڕێوەبەری دادی گشتی بە پێی یاسا ئەندامی لیژنەی قەزایە رای هەیە لەسەر حاکمەکان دەتوانی تەقیمی حاکم بکات و پلەو تەرفیع...هتد..یان بۆ دابنێ ئەوەی پەیوەندی هەیە بە هەموو حاکمەکانەوە. بریکاری وەزیر وەزیفەکی ئیداری(بحت)ەو هیچ دەسەلاتێک مومارەسە ناکات لە یاسا تەنها ئەو دەسەلاتەنەبێ کە وەزیر ئەیداتێ ودەسەلاتێکیش ئەگەر وەزیر بیداتێ مانای وایە لە جیاتی وەزیر مومارەسەی دەکات، مادام وایە لە جیاتی وەزیر مومارەسە دەکات مانای وایە پلە گرفت نییە دەچێتە جێگەی وەزیر بەو دەسەلاتەکە وەزیر ئەیداتێ و پێی دەڵێ ئەو دەسەلاتەم دایێ مومارەسەی بکە مانای وایە لە جیاتی وەزیر مومارەسەی دەکات. دووەم حەز دەکەم برادەران شتەک لایان رون ببێتەوە؛ کەفائەت بە صنف نییە، لەوانەیە حاکمێکی پلە چوار هەبێت زۆر لە حاکمێکی پلە یەک باشتر بێت و لەوانەشە پێچەوانەی ئەمەش راست بێت، بۆ ئەو مەجالە نەدەین؟ لەوانەیە ئێمە ئێستا بڵێین حاکم بێت و موطلق بێت لەوانەیە لە ئەنجومەنی وەزیران یەکێکی پلە یەک دابنێن صنفی یەک عەفووەن، با ئەو مەجالە بۆ خۆیان بێت بتوانن یەکێک دابنێن گرنگ ئەوەیە بەرپرسن لە ئیش وکارەکان بەراستی و ئێمەش دەتوانین وەکو چاودێر و مراقبە وەکو پەرلەمان ئەگەر کەموکوریەک هەبێت دەتوانین بیهێنینە ناو ئەو هۆڵی پەرلەمانەو بڵێین بەو شێوەیە تەعامول کراوە وەکو پێویست رێکوپێک نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی، هیچ تێبینی تر هەیە فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمین برای بەڕێزم کاکەڕەش دەڵێ مەرج نییە حاکم ئەگەر هاتوو صنفەکەشی بەرز بوو بەس بێت، حاکم ئەگەر کەفوء نەبێ لە صنفێکەوە ناچێتە صنفێک بە تەقییمی ئەنجومەنی قەزاو وەزارەتی داد ئەمە یەک، دوو: وەزیری داد مافی هەڵسەنگان و چاودێری حکامی هەیە لەگەڵ ئەوەی ئاگادار کردنەوەی حکام، ئایا راست نییە ئەو رێپێدانە بداتە بریکاری وەزیر ئەگەر پلە چوار بێت چۆن تەنبیهی حاکمێک دەکات پلە یەک بێت؟ لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک أبراهیم فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برای بەڕێزم کاک سەرکیس بۆ خۆی بڕیار ئەدات دەڵێ وەزارەتی داد تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، وەکو وەزارەتەکانیٔ تر نییە ئەگەر وەزارەتی داد تایبەتمەندی خۆی هەبێت دەبێ موراعاتی یاسا بکەین بۆ دەستنیشان کردنی پلەی بریکاری وەزیر ئەمە یەک، دوو: ئەو یاسایەی ئێستا ئێمە ئەگەر هەمواری بکەین کەموکوڕی هەیە لەگەڵ مادده(٣٩)لە یاسای کاربەدەستی (قضاء)ی کە بۆ خۆمان لێرە ڕەوامان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەموکوڕیەکە باس بکەو روونی بکەوە چۆن ئەبێت ئەو کاتە؟

**بەڕێز أبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده(٣٩)حاکم هەروا ئاسایی نییە، حاکم بە پۆلین کردنە واتە تابع و متبوعە دەستنیشانی کردووە صنفی یەک و دوو و سێ و چوار بەرزترین صنف پلە یەکە مانای وایە لە یاساکەدا تەنها حاکم نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من پرسیارێک ئەکەم حاکم هەمووی ناگرێتەوە؟ کە گوتت حاکم بەگشتی هەموو صنفەکە دەگرێتەوە.

**بەڕێز أبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر کە یاسا دادەنێی دەبێ صنفەکەشی بۆ دابنێی لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین تەنها بیکەینە حاکم،

چونکە ئەگەر یاسایەکە دەرچوو ناتوانین بڕیارێک دەرکەین پێشێلکاری ئەم بڕیارە بێت کە ئێستا لێرە بەڕاستی دادەنێین، سێ: لە مادە(٤٠ـ٤١)هەر وەکو نیزامی عەسکەریە یاسای وەزارەتی داد بە تایبەتی هی حکام لە(٤٠ـ٤١)ی دەڵێ حکام کۆبوونەوە دەکات بە سەرۆکایەتی سەرۆکی مەحکەمە کە صنفی یەکەو ئەگەر ئامادە نەبوو بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆک کە ئەویش صنفی یەکە ئەگەر جێگریش ئامادە نەبوو بە سەرۆکایەتی یەک لە حاکمە ئەقدەمەکان مانای ئەگەر چوار حاکمی صنفی یەک هەبێت تەماشا دەکەن کام حاکم یەک ڕۆژ پێشی وان بۆتە صنفی یەک ئەو دادەنرێ بە ئەقدەم، وەکو نیزامی عەسکەری دوو موقەددەم کێ زووتر بۆتە موقەددەم ئەویدی تەحیە بۆ ئەوی تر وەردەگرێ، لەبەر ئەوە ڕاستە دەڵێن با دەستی حوکمەتی والا بێت بۆ دەستنیشان کردن، لەخوا بەزیاد بێت ئێمە نزیکەی(٩٠)حاکممان هەیە لە کوردستان بە دهۆک و هەولێر لەو(٩٠) حاکمە نزیکەی(٣٠)حاکمی صنفی یەک و دوومان هەیە من دەڵێم (٣٠)لەوانەیە زیاتریش بێت، واتا ئەگەر صنفی دوو دابنێین بۆ دەستی حوکمەت ناکرێتەوە بۆ دەستنیشان کردنی، منیش هەمان تێبینی کاک شێروانم هەیە سزادان بۆ حاکم کە سزای ئەداتن مانای وایە بریکاری وەزارەت سزای ئەداتێ ئەو ڕێپێدانەی کە لە جەنابی وەزیری وەردەگرێ بەکاری دەێنێ بۆ خۆی مانای جائیزە حاکمێکی صنفی چوار یان حاکمێکی ئاسایی کە هیچ صنفێکی نییە سزا بداتە حاکمێکی صنفی یەک مانای وایە حەتتا ئەندامی مەحکەمەی ئیستئناف کە دەبێتە ئەندام نابێت صنفی لە صنفی دوو کەمتر بێت ئەوە یاسایە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ تەنها ئەوە یاسای دەستەی قەزائیە ئەوە یاسای وەزارەتی داد نییە، ئەو تەدەڕوجە لە هەیئەی قەزائی هەیەو دەستەی قەزائی شتێکەو وزارەتی داد شتێکی ترە، وەزارەتی داد کەسایەتی ترین وەزارەتە لە ئەنجومەنی وەزیران واتا دەبێ ئەم خاڵە روون بێت، دووەم من پرسیارێکم هەیە کاک فەرسەت نەخۆشە خۆی پرسیارەکە ناکات من لەجیاتی ئەو دەیکەم، کە حاکم بڕیارێکی مەحکەمە دەرئەکات ئەنووسێ حاکم صنف یەک یان ئەنووسێ حاکم فلان هەر حەز ئەکەم کاک ئیبراهیم خۆی وەڵامم بداتەوە فەرمو، حاکم کە بڕیارێک دەرئەکات چۆن ئەینووسێت.

**بەڕێز ئبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئەنووسێ حاکم فلان کوڕی فلان، بەڵام لە یاسا کە تەتبیقی عینوان دەکەی چونکە هەموو فەرمانبەرێک دەستنیشانی هەیە لە یاسا حوکامیش ئەصنافیان دەستنیشان کراوە لە یاسا لە مادە(٣٩)ئەصنافیان دەستنیشان کراوە، مانای وایە من بێم لێرە پەسەندی بڕیارێک بکەم لەگەڵ پەسەندی بڕیارێکی موتەناقزی کە بۆ خۆم لێرە دەرم هێناوە دەبێ موراعاتی ئەوە بکەین،

لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە برای بەڕێزم کاک شیروان هەڵەیەکی کردبێ من نەم گوت ئەوانەی صنفەکانن کەفوء نینە، گوتم لەوانەیە صنفی چوارێک کەفوءترە لەوی تر نەم گوت کەفوء نییە واتا صنفی چوارێک لە صنفی یەکێک کەفوء تر بێت، حاکمە پەیوەندی بە قابلیەت و شتی کەسی هەیە نەم گوت یەکێکە کەفوء نییە گوتم چوارەکە لەوانەیە کەفوء تر بێت، دووەم وەکو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی ئەوە یاسای کار بەدەستی قەزائیە بابەتەکە صنفی یەک و دوو بۆ تەدەروجی قەزائیە بۆ دەرماڵە بۆ تەرقیەیە...هتد، بریکاری وەزیر فەرمانێکی ئیداری بەحتە کە بەڕێزان دەفەرموون دەڵێین وەزیر موحاسەبەی حاکمێک دەکات ئەو دەسەڵاتەی ئەداتە بریکاری وەزیر دەسەڵاتەکەی ئیداریە دەنووسی لەجیاتی وەزیر دەڵێ ئەو سزایە لە جیاتی وەزیر مانای وایە چۆتە جێگای وەزیر لە باتی وەزیر قسە ئەکات، وەزیریش بۆی شیاوە ئەو مافەی بداتێ، بە پێی یاسا مافەکەی دراوەتێ ئیتر باشە ئێمە بۆ لەوەی گومان بکەین کابرایەک لە جیاتی وەزیر شت ئیمزا بکات بڵێین نابێت لەوە گەورەترە، ئەگەر بەو قۆناغانەدا بڕۆین باشە بۆ نەڵێین ئێستا یەکسەر صنفی یەک بێت؟ باشە صنفی دووەکەش نابێ ئەمر لەسەر صنفی یەک بکات ئەگەر بەم حسابە بێت خۆ با ئیبتدائەن بڵێین صنفی یەک بێت و هەر هیچ ئەم گیروگرفتانە دروست نەکات، لەبەر ئەوەی مەسەلەی حاکم ووشەیەکی موطلەقە لیژنە کە دادەنرێ دەڵێ بە سەرۆکایەتی حاکم یان بە ئەندامیەتی حاکم، بە هیچ جۆرێک باسی پلەکان ناکرێ پلەکان بۆ پۆلێن کردنی حکامە پەیوەندی بە کار بەدەستی قەزائی هەیە پەیوەندی بەم شتانەوە نییە، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بابەتەکەی بداتە دەنگدان و بابەتەکە چەسپاو بێتن، چونکە بەڕاستی لەوانەیە تێرو تەسەل باس کرابێت ڕێزیش بۆ جەنابیانە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە پێمان خۆشە زیاترینی ژمارە لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قسەی تیا بکەن، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی زۆر جاران ئێمە لێرە گفتوگۆمان کردووە لەسەر یاساکانی وەزارەت، هەموو جارێک من دەمگوت کە وەزیر فەرمانێکی سیاسیە لەوانەیە هیچ مەرجێکی وەکو بڕوانامە یان پسپۆڕی

دوورو درێژی نەبێت، ئەو کاتە لەوانەیە هەموومان کۆک بین لەسەری، یاساکان هەر ئەوها دەرچوینە هەروەهاشە، بەڵام وابزانم زۆر پێویستە بریکاری وەزیر پسپۆری بێت و شارەزاییەکی زۆر باشی هەبێت بە تایبەتی وزارەتی داد، برای بەڕێزمان کاکەڕەش دەڵێ لەوانەیە حاکمێکی صنفی چوار لە صنفی یەک باشتر بزانێت، کاکەڕەش لێرە هەڵاوێربیەکی لە قاعیدەکە کرد کە پێچەوانەی هەموو قاعیدەی یاساییە لەوانەیە ئەوە هەڵاوێر کردن(استثناء)بێت لە قاعیدە، بەڵام بەقاعیدە صنفی یەک لە دوو باشترەو دوو لە سێ باشترە ئەوە بە مەرجەکانی کەفائەت و مەرجی خزمەت و نەزاهەت و سلوک...هتد، بەڕاستی یەک لە مەشروعیەتی هەموو تەجروبەیەک یان یاسایەک یان دەستورێک تەدەروجێکی یاسایی پێ دەڵێن لە یاسای وەزارەتی داد هاتووە کە بەڕێوبەری دادی گشتی حاکم بێت و لە صنفی دووش کەمتر نەبێ باشە لێرە بریکاری وەزیر بێگومان لە یاسادا دەرەجەی گەورەترە لە دەرەجەی فەرمان، بەیانی یان پاش مانگێکی تر حاکمێکی صنفی چوار کرا بە بریکاری وەزیر ئەو کاتە لایەنی فەرمانی و لایەنی یاسایی وابزانم جوان نییە هاودژو مترکزە لەگەڵ بەڕێوبەری دادی گشتی ئەو کاتە پێویستە بیر بکەینەوەو هەموارکردنێکی تر بکەین صنفی بەڕێوبەری دادی گشتی نزم بکەینەوە پێویستە صنفی نزم تر بێت لە صنفی بریکاری وەزیر، جا من بە پێویستی ئەزانم مەرجەکەی کە زۆربەی لیژنەی یاسایی رەئی لەسەر هەبوو وابزانم لە بەرژەوەندی یاسا دایەو لەگەڵ وەزارەت دایە وابزانم ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حاکم سەفەر، کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی حوکمەتی کاتێ کە حاکم مطلق لەوانەیە هەر حاکمی پلە یەک بۆ خۆی دابنێ کێ دەڵێ پلە سێ دابنێ یان چوار دابنێ، جا حەز ناکەین سنورێکی دانێین بۆ حوکمەت با دەستی ئەو کراوە بێت ئەو هەڵبژێریت بەڵکو یەکێکی کەفوء هەڵبژێری وەکو بەڕێز کاک شێروان حەیدەری گوتی کە وەزیر دەسەڵات بداتە بریکاری وەزیر ئەو موحاسەبەی بکاتن دەسەڵاتی دراوەتێ ئەوە ناگرێتەوە کە پلە یەکە یان دووە یان پلە چوارە، بەڵکو وەزیر بیەوێ ئەیداتە بریکاری خۆی، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەڕێز شێخ رقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمیشە یەکێک مومارەسەی هەبێت زانا ترە لە یەکێک مومارەسەی نەبێت، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک أبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو تێبینیم هەیە لەسەر قسەی برای بەڕێزم کاکەڕەش، دەڵێ جێگری وەزیر فەرمانێکی ئیداریە، ئێمە لێرە سیفەتی قەزائیمان دایتێ فەرمانی ئیداری نەما مانای کەسێکی یاسای نییە بڵێین دەرچووی کۆلێژی یاسایە(١٥یان٢٠)ساڵ بەسەر دەرچوونی تێپەڕیوە کردیتمانە بریکاری وەزیر، نەخێر ئێمە لێرە سیفەتێکی قەزائیمان دایتێ دەڵێ سیفەتی(قضاء)ی خۆی پارێزراوە کە حاکمە واتا صنفی چوار بۆ صنفی یەک و دوو و سێ فەرمان دەردەینێ، دوو: برای بەڕێزم کاکەڕەش دەڵێ جەنابی وەزیر دەسەلات ئەداتە بریکاری وەزیر، دەنووسێ لە جیاتی وەزیر، نەخێر کە دەسەلاتی وەرگرت و نووسراوو فەرمانی دەرکردو ئەوامری دەرهێنا لە ژێری دەنووسێ بریکاری وەزیر نانووسێ لە جیاتی وەزیر، چونکە وەزیر دەسەلاتی دایتێ کاری پێ بکات کە کاری پێکرد مانای دەنووسی بریکاری وەزیر، لەبەر ئەوە پێشنیار ئەکەم هەر ڕەئی لیژنەی یاسایی وەرگرین هەتا یاسایەکە ڕێکوپێک و بە بەرامبەری بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوەکان دەنوسم جەنابت فەرموو جوابی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا ئەبینم هەر ئینسانێکی یاسایی ئەگەر ئەو تەعبیرەی بخوێنیتەوە لە بریکاری وەزارەتدا کە دەڵێ دەسەلاتێکی بداتێ کابرایەکی یاسایی ناڵێ سیفەتی قضائی هەیە، چونکە هیچ مومارەسەیەکی قضائی تێدا نییە قضاء ئەوەیە لە مەحکەمە دابنیشێ حوکم بکات بڕیاری قضائی دەربکات بڕیارەکانی خاضعی تانە بێت. ئەمە بڕیارێکی ئیداریە ئەگەر هەتا ناوی خۆشی بنووسێ دەڵێ لەسەر ئەو دەسەلاتەی کە پێمان دراوە بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ئەوەندە کە وەزیر ئیمزای کردووە مانای وایە لە جیاتی وەزیرە، ئەوەی دەڵێ(حاکماًیحتفظ) ئەوە مەسەلەیەکی کەسییە بۆ ئەوەی ئەو زەرەرمەند نەبێت، حاکمێک گواسترایتەوە لە فەرمانێکی قضائی بۆ فەرمانێکی ئیداری بۆ ئەو ماوە فەرمانە ئیداریەکەی مافی هەیە لە تەدەروجی دەرماڵەی قضائی مافەکەی بەفیڕۆ نەچێت، مەسەلە بوونی مافی شخصیە نەک مەسەلە حوکمێکی قضائی درایتێ یان سیفەتێکی قضائی، هیچ سیفەتێکی قضائی نییە ئیداریی بەحتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محمد کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایانی بەڕێز نازانم زۆر تەئکید دەکەن لەسەر بەڕێوبەری گشتی داد، جیاوازیەکە لە نێوان بریکاری وەزیرو بەڕێوبەری دادی گشتی داناوە کە دەبێ مەرجێک هەبێت ئەو لەبەر ئەوە صنفی پلە دووە ئەویش لە پلە دوو کەمتر نەبێت، مانای بۆچی ئەمە ئەکەنە قەیدێک و مەرجێک بەڵکو وەکو کاک رەجەب باسی کرد لەوانەیە حاکمێکی پلە یەک دابنرێ ئەو کاتە ئەو مەسەلەیە زۆر بە ئاسایی بەڕێوە دەچێت، لەبەر ئەوە من پێشنیارم وایە ئەو مەسەلەیە لە کۆبوونەوەی پێشتریش من پێشنیارم کرد کە لە بنەڕەتی خۆم پشنیارم وایە کە حاکم هەر نەمێنێ لێرە بە کراوەیی بمێنێتەوە بۆ لای حوکومەت بە پێشنیاری خۆی حاکمێکی پلە یەک دانێ دوو دانێ یان یاساییەکی زۆر شارەزا یان مامۆستایەکی زانکۆ یان خەڵکێکی پسپۆڕ لەم جێگایە دابنێت، تێبینیەکی تریشم هەیە لە ڕوانگەی قسەکانەوە ئەبینم ووشەی بریکاری وەزیرو بریکاری وەزارەت دێتە پێشەوە بەراستی ئەوە لێرە بریکاری وەزارەتە مەسەلەیەکی ئیداریە بریکاری وەزیر نییە وەزیرێکە دێتە جێگای وەزیر لەوێ دادەنیشێ و بەگوێرەی یاسا، هەر دەسەڵاتێک کە بریکاری وەزارەت لە وەزیری وەر دەگرێت ئەوە مومارەسە دەکات بێجگە لەمە ناتوانێ هیچ شتێکی تر مومارەسە بکات جا صنفی یەک بێت یان دوو یان سێ بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێک ئاراستەی لیژنەی یاسا ئەکەم ئەوانی لەگەڵ پرۆژەکەن ئایا ڕابەری فرقە مولازم بێت باشە یان عەقید بێت باشترە کامە پسپۆڕی زیاترە بۆ تەوجیهی ئەو ئیشە؟ ئەوە یەک، خاڵی دوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان دەڵێن نە مولازم بێت نە عەقید بێت زابت بێت بەڵێ ئەوان وا ئەڵێن.

**بەڕێز سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولازم بێت کە تازە تەخەروجی کردووە یان عەقید بێت پسپۆڕی(٢٠)ساڵی هەیە ئەوە یەک،

خالّی دوو بریکاری وەزیر یاریدەدەری وەزیرە وەکو بەڕێوبەری دادی گشتی نییە کە بەگوێرەی یاسا دەسەلاتی دیاری کرابێت، بریکاری وەزیر ئەگەر وەزیر دەسەلاتی بداتێ حەز ئەکەی حاکمی پلە(٨٠)بێت بەلام بریکاری وەزیر ئەگەر وەزیر دەسەلاتی نەداتێ دەکا هیچ مانای تەنها دەتوانێ تەجمیدی بکات لە پشت مێزی دایبنێ، ئەوجا بە بۆچوونی ئەو کەسەی ئەگەر بمانەوێ وەزارەتی پێ ناجیح بێت وەزارەتی دادی پێ پێش بکەوێت ئایا حاکمێ بێت(٢٠)ساڵ خزمەتی هەبێ باشە یان تەنها حاکم بێت ئەمڕۆ دامەزرابێت چونکە هەر دامەزرا ناوی حاکمە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاری تازەمان بۆ هات فەرموو بەڕێز کاک شێخ ڕەقیب.

**بەڕێز رقیب حسین مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بریکاری وەزیر نییە وزارەش نییە بریکاری وەزارەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە بریکاری وەزارەتە، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز أبراهیم عبدالقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چەنابی کاکەڕەش دەڵێ سیفەتی قضائی نییە ئەمە ڕاستە من هەڵە بوومە کە ووتومە سیفەتی قەزائی هەیە، بەلام سیفەتی حاکمی هەیە مانای حاکمە یان نا مانای کە سیفەتی حاکمی هەبوو ئەگەر صنفی چوار بێت یان حاکم بێت هەروەها بەبێ صنف بێتن و ئەمری دەرهێنا لە بۆ حاکمی ئەصنافی دی موخالفی یاسایە یان نا؟ مانای هەر لە خۆیەوە موخالفی یاسا نییە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر تەئکید لەسەر صنفەکەی ئەکەن و لەسەر خزمەتی حاکم ئەکەن، حاکم کە خزمەتی هەیە وەکو حاکم خزمەتی هەیە نەک وەکو ئیداریەک لێرە ئەرکی ئەو حاکمە کە ئێمە ئەمانەوێ وەکو بریکاری وەزارەت دەور ببینێ، ئەم حاکمە ئەرکی ئیداری زیاتر ئەبینێ لە ئەرکی یاسایی بۆیە لێرە بەڕاستی کە باس کراوە سیفەتە یاساییەکەی بمێنێ وەکو بەڕێز جەنابی کاکەڕەش باسی کرد زیاتر بۆ مافەکان و حسابێتی بە تایبەتی لەکاتی خانەنشینیدا بۆ ئەوەی ئەو مافەی نەسوتێ، نمونەیەکی تر ئەهێنمەوە هەیە دکتۆرای هەیە پرۆفیسۆرە و زانایەکی بەناوبانگە بەلام دێت وەکو مامۆستایەک

لەوانەیە نەتوانێت ئەو زانیاریەی کە هەیەتی وەکو پێویست دەوری خۆی ببینێ وەکو مامۆستایێ ئەو وانەیە بلێتەوە، حاکم راستە لەوانەیە منیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە چەند شارەزایی زیاتر هەبێت لە ئیش وکاری حاکمیدا بەتەئکید شارەزایی باشی هەیە ئەمە مانای ئەوە نییە ئیداریەکی باش دەردەچێ، لێرە سیفەتەکەی کە زیاتر بۆ بریکاری وەزارەتە سیفەتە ئیداریەکەیە دواییش ئەو دەسەلاتەی کە پێی دەدرێ بەپێی یاسا پێی ئەدرێ چونکە بەپێی یاسای پەرلەمان بۆ هەر وەزارەتێک دەسەلاتەکە دەستنیشان کراوە دراوە بە وەزیر ئەویش دەسەلاتی هەیە بەشێک لە دەسەلاتەکانی خۆی بدات بە بریکاری وەزارەت، مانای وایە ئەگەر بریکاری وەزیر دەسەلاتی پێدرا لەلایەن وەزیرەوە کە لەو یاسایەوە پێی ئەدرێ کە لەو یاسایەوە پێی درا ئێمە خۆمان ئەڵێین یاسا سەروەرە مادام وایە حاکمەکانی تریش هەتا ئەگەر مەسائلی ئیداریش لێرەدا ئەو سیفەتە ناخوێنرێتەوە، بەڵکو سیفەتە تازەکەی ئەخوێنرێتەوە وەکو بریکاری وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کۆتایی بە گفتوگۆ دێنین، دوو را هەیە، رایەکیان ئەوەی سەبارەت بە خاڵی دووەم کە رای پرۆژەی حکومەت و رای حکومەت خۆیەتی و داواش دەکات کە بریکاری وەزارەت دادوەر بێت بە رەهایی، رایەکی تریشیان داوا دەکات کە دادوەری پلە دوو بێت بە رادەی کەمی، ئەوە رای لیژنەی یاساییە، بۆیە تکایە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان ماددەی دووەمی پرۆژەکە بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

المادة الثانية:

تعدل المادة الثالثة و تضاف اليها فقرة ثانية و تقرأ على الوجه الآتي:

١-الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن توجيه اعمالها. و تصدر عنه القرارات و التعليمات والاوامر ضمن مهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الادارية و الفنية ضمن حدود هذا القانون و القوانين النافذة الاخرى و يكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه.

٢- وكيل الوزارة: يساعد الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها القانونية و الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على ان يكون حاكماً و يحتفظ بحقوقه و صفته القضائية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناصح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

پرۆژەکە دەخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام دەبێت رای لیژنەی یاساش بخرێتە دەنگدانەوە، دەبێتە دوو دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

سوپاس، خۆشی هەر وادەکەین، جا بە پێی پێڕەوی ناوخۆ ئەیخەینە دەنگدانەوە پێش ئەوەی خاڵی دووەم بخەینە دەنگدانەوە رای لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە کە ئەویش پێشنیارەکەیە کە رای زۆربەی لیژنەی یاسایی ئەوەیە کە دادوەری پلە دوو بێت، بەڵام رای حکومەت ئەوەی کە دادوەرە بە رەهایی بۆ ئەوەی رێگایان لێ نەبەستێت، ئەوە بۆچوونی حکومەت خۆیەتی، جا تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی یاساییان پەسەندە دەستیان بەرزکەنەوە؟..سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە زۆربنەی دەنگ رای حکومەت پەسەند کرا، «١٣» دەنگ دژ بوو. ئێستا ماددەی دووەم هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، ئێمە بابەتەکەمان بۆیە وا لێکرد چونکە رای لیژنەی یاسایی دژی پرۆژەکەی حکومەت نییە، بەڵکو تەنها ئەو خستنەسەرەیان هەبوو، ئێستا ماددەی دووەم وەکو خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە.. سوپاستان دەکەم.. کێ پەسەندی ناکات؟، «٦» کەس پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکــــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الرابعة و تضاف اليها الفقرة التالية و تصبح الفقرة (٢) لها كما تصبح الفقرة (٢) الحالية الفقرة (٣) لها:

٢- مكتب وكيل الوزارة: ويتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية في القانون.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــومــــەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینی هەیە لەسەر ماددەی سێیەم؟، نییە، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــیل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

٣ـ المادة الثالثة: فقرة(٢)حذف كلمة(مدير) و تحل محلها كلمة(موظف).

وشەی «مدیر» هەڵگیرێت، نووسینگەی وەزیر راستە «مدیر» بەڕێوەی دەبات، بەڵام نووسینگەی بریکاری وەزارەت تەنها «موظف»یک بەڕێوەی دەبات، هەر وەکو وەزارەتەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا ولأمتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی پێویستە ئەو کەسەی لەوێ کار دەکات دەرچووی کولێژی یاسا بێت، چونکە وەزارەتەکە دەسەلاتێکی یاساییە، سەبارەت بە بەڕێوەبەریش، لەوانەیە سەرۆک تێبینەران بێت، یا بەڕێوەبەرێک بێت دایدەنێت لە نووسینگەی خۆیدا، ئەوەش لە دەسەلاتی وەزیرە کە ناونیشانی دەگۆڕێت و دیکات بە بەڕێوەبەر، دەتوانێت پلەیەکی زیاتری پێ ببەخشێت، بەرای من پرۆژەکە چۆن هاتووە هەر وا بمێنێت، ئەگەر بەڕێوەبەر بێت ئەوە هەیبەتێک بە نووسینگەکە دەدات و، هیچ دەسەلاتێکی نییە بەسەر کەسەوە، تەنها کاروباری بریکاری وەزارەت رێک دەخات و، ئەو جۆرە نووسینگانەش دادوەرەکان و یاساناسەکان و پارێزەرەکان هاتووچۆیان دەکەن،پێویستە ئەو کەسەش لە ئاستێکدا بێت بتوانێت لەگەلّ ئەو خەلّکەدا بگونجێت و، بتوانێ هەلّسووکەوتیان لەگەلّدا بکات، جا ئەگەر بەڕێوەبەر بێت لەوانەیە بتوانێت باشتر هەلّسووکەوتیان لەگەلّدا بکات لەوەی کە ئەگەر تەنها فەرمانبەرێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشوکاری هەر وەزیرێک لە چەند کارێک پێک دێت کە ئەویش(پلاندانان و نەخشەکێشان ورێکخستن و رێنمایکردن و چاودێری)یە، بەلأم بریکاری وەزارەت ئیشەکانی بە زۆری هونەرییە، بە رای من بەڕێوەبەری نووسینگەی بریکار پێویست ناکات دەرچووی کولێژی یاسا بێت، بەلّکو دەرچووی کولێژ بێت و ئیتر هەر کولێژێک بێت جیاوازی نییە، چونکە بریکاری وەزارەت هەموو ئەو کارانە بەڕێوەدەبات، جا چ پێویست ناکات تەنها دەرچووی یاسا لەو جێگایە دامەزرێت، بە رای من زۆر پێویست نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر پێویستە کە دەرچووی کولێژی یاسا بێت، چونکە لەوانەیە دادوەرێک کارێکی هەبێت و

بیەوێت بیگەیەنێ بە وەزیر و، وەزیریش لەوێ نییە، جا لە نووسنیگەی بریکاری وەزارەتدا ئەگەر بەڕێوەبەرەکەی دەرچووی یاسا بێت ئەوە شارەزایی لە مەسەلەکە دەبێت و دەتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بیگەیەنێت، ئەگەر دەرچووی کولێژێکی تر بێت لەوانەیە نەتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەو مەسەلەیە بگەیەنێت، جا لەبەر ئەوە ئەگەر دەرچووی یاسا بێت باشترە، چونکە فەرمانگەکەش هەرخۆی فەرمانگەیەکی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماددەی سێیەم دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام جارێکی تر بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الثالثة:

تعدل المادة الرابعة و تضاف اليها الفقرة التالية و تصبح الفقرة (٢) لها كما تصبح الفقرة (٢) الحالية الفقرة (٣) لها:

٢- مكتب وكيل الوزارة: ويتولى ادارته مدير حاصل على شهادة جامعية في القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەی سێیەمدایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی چوارەم فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی پێشنیار دەکات کەوا ماددەیەک پێش ئەم ماددەیە دابنرێت بەم شێوەیە: (توصي اللجنة باضافة مادة جديدة قبل المادة الرابعة و تقرأ كالآتي:

(لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون))، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەمووارکردنی یاساکەیە، چەند ماددەیەکە کە دەچنە جێگای خۆی، لە یاسا بنەڕەتییەکەدا

هەیە، لەبەر ئەوە هیچ کێشەیەکمان لێرەدا نییە، جا بۆ دووجار لە یاسایەکدا ماددەیەک دووبارە بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تر ماددەی چوارەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الرابعة:

على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ ئەم ماددەیە پەسەند دەکات؟.. سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی پێنجەم، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا یاساکە هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ هەموو یاساکەیە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، تەنها یەک دەنگ پەسەندی ناکات، کەواتە بە زۆربەی دەنگ یاساکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، بەمە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دێنین، زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەم بۆ ئامادە بوونتان و بۆ ئەو گفتوگۆیانەتان، هیوادارم لە پشووی پەرلەماندا کاتێکی خۆش بەسەر بەرن، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(۱۲)ی ساڵی ۱۹۹۲ی وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ١٢**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٧/٣**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی

هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری داد ورەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(١)ی رۆژی (٢٠٠١/٧/٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو صەلاحییاتەش کە برگە(٣)ی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

### یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠١
### یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی
### وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی یەکەم هەموار دەکرێ و، ئەمەی خوارەوەی دەخرێتە سەر و دەبێت بە برگە(٤)ی ماددەکە:

(٤)بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی داد.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی سێیەم هەموار دەکرێ، برگەی دووەمی دەخرێتە سەر و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

١ـ وەزیر: سەرۆکی باڵای وەزارەتەکەیەو بەرپرسی ئاراستە کردنی ئیشەکانێتی و، هەموو بریارو رێنمایی و فەرمانەکانی ئیشوکاری وەزارەتەکەو پێکهاتەو صەلاحییات و کاروباری دیکەی ئیداری و هونەری لە چوارچێوەی ئەم یاسایەو یاسا بەرکار خراوەکانی تردا هەمووی هەر لەلایەن خۆیەوە دەردەچێ و، وەزیر بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە چونکە خۆی ئەندامێکی هاوکارە لە ئەنجومەنەکەدا.

٢ـ بریکاری وەزارەت: لە چوارچێوەی ئەو صەلاحیياتەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ یاریدەی وەزیر دەدا لە ئاراستە کردنی وەزارەتەکەو سەرپەرشتیی کاروباری یاسایی و هونەری و ئیداری و دارایی و رێکخستندا، بە مەرجێ دادوەر(حاکم) بووبێ، ماف وسیفەتی دادوەرییەکەشی هەر بۆ ئەمێنێ و پارێزراوە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ و ئەم برگەیەی خوارەوەی دەخرێتە سەرو دەبێ بە برگەی(٢)و، ئەم برگە(٢)وەی ئێستاشی دەبێتە برگە(٣)ی ماددەکە.

٢ـ نووسینگەی بریکاری وەزارەت: بەرێوەبەرێک هەڵی دەسوورێنێ کە بروانامەی زانکۆی لە یاسادا هەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**.ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ١٥/٨/٢٠٠١

خولی یەکەم

ساڵی دەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٨/١٥

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٨/١٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی نائاسایی (ژمارە دوو)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠١)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی نائاسایی (ژمارە دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٨/١٥ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ هەموارکردنی کابینەی چواری هەرێمی کوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە(٢)ی نائاسایی خولی یەکەمی ساڵی دەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێدەکەین.
بەڕێزان پێشەکی بەخێر هاتنی گەرمی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەکەین لەگەڵ بەڕێزان برا وەزیرەکان هەروەها نوێنەرانی پارتە کوردستانیەکان، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی گشت لایەک و بەتایبەتی کوتلەی زەرد دەکەین بەبۆنەی هاتنەوەی ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە گەورەترین پارتە لەم ئەنجومەنەدا، هیواداڕین هەموو ساڵێک ئەم یادە بەخۆشی و سەرکەوتوویی و وەدیهێنانی دەستکەوتی گەورەتر بۆ گەلەکەمان بێتەوە، لەم مینبەرەوە پیرۆزبایی ئاراستەی جەنابی سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی دەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە یەک خاڵ پێک هاتووە ئەویش هەموارکردنی کابینەی چواری هەرێمی کوردستانی عێراقە کە ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیار لەم بارەیەوە پێشکەش دەکات با بفەرموێت.

**بەڕێز نێـــــچـــــیـــــرڤـــــان بارزانی:**
**بەڕێز ســــەرۆكی ئەنجـــومـــــەن.**

بەڕێزان ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لەپۆستەكان دەستیان كێشاوەتەوە لە ئیش و ئەو ئەركەی كە پێیان سپێردراوە ئێمەش لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران قبوڵمان كردووە ناوەكان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١ـ بەڕێز فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ.
٢ـ بەڕێز علی عثمان ناسراو بە(زەعیم علی) وەزیری كاروباری پێشمەرگە.
٣ـ بەڕێز فلک الدین كاكەیی وەزیری رۆشنبیری.
٤ـ بەڕێز یونادم یوسف كنا وەزیری پیشەسازی و وزە.

من بە پێویست دەزانم بەناوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەم حاڵەدا سوپاسی بێ پایانی خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێزانە بكەم كە لەم ماوەیەدا ئیشیا'ن لەگەڵ ئێمە كردووە و ئەركی سەرشانی خۆیان بەجێ گەیاندووە، طبیعی من لە بەڕێز (كاك فاضل)ەوە دەست پێدەكەم حەقیقەت دوای كابینەی سێیەم كە ئەم پۆستەی وەرگرتووە لە بارودۆخێكی زۆر ناخۆش دابوو هەمووتان ئاگادارن لەو كاتەی بارودۆخی كوردستان بەچ شێوەیەک بوو یەكجار زۆر زەحمەتی كێشا لەم پۆستەدا بۆ ئەوەی لە كوردستاندا ئەمن و ئاسایش بەرقەرار ببێت من سوپاسی دەكەم تەقدیرێكی زۆرم هەیە بۆ ئەو جوهدەی كە ئەو صرفی كردووە لەم ماوەیەدا هەمووی بۆ ئیش كردن بووە لەگەڵ ئێمە ئێستاش كە دەگەڕێتەوە بۆ مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان هیوادارم كە لە ئەركەكەی دا سەركەوتوو موەفق بێ، هەروەها كاك زەعیم علی وەزیری كاروباری پێشمەرگە ئەو خەباتەی ئەو كردوویەتی بەتایبەتی بەداخەوە دەیڵێم لەو چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ بۆ دیفاع كردن لە شەرعیەت و پەرلەمانی كوردستان جێی ڕێزو تەقدیری ئێمەیە هەروەها هیوادارم ئەویش موەفق بێت ئینشا ءالله لەو ئەركەی كە پێی سپێردراوە وەكو لێپرسراوی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان. بەڕێز كاك فلک الدین كاكەیی كە ئەویش لە كابینەی سێیەمەوە وەزیری رۆشنبیری بووە دەورێكی یەكجار زۆری هەبووە لە پێشەوە بردنی رۆشنبیری لە كوردستان وخۆشی زۆر ناسراوە پێویست ناكات من ئەوەندەی لەسەر دابچم، بەڵام ئەوەی كە دەتوانم بڵێم جێی دەستی هەمیشە دیار بووە چ لە لاپەرەكانی رۆشنبیری چ وەكو كاروباری تر وەكو ئیستشاری لەگەڵ ئێمە ئەویش جێی ڕێزو تەقدیرە هەرچەندە ئەو لەگەڵ ئێمە دەمێنێتەوە وەكو وەزیری هەرێم لە كابینەكەدا ئەگەر پەسند كرا لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە، بەڵام من دەمەوێ سوپاسی بكەم بۆ ئەو ئەركەی كە لەو ماوەیەدا ئەو كردوویەتی لە پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری.

بەڕێز كاك یونادم سوپاسی بێ پایانی دەكەین هەروەكو ئەو ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئیشوكاری سیاسی من دەتوانم ئەوەتان پێ بڵێم لەو ماوەیەدا كە بەڕێزیان لەگەڵ ئێمە ئیشی كردووە ئێمە حەقیقەت یەک رۆژیش هەستمان نەكردووە كە بەرژەوەندی لایەنێكی سیاسی ڕەچاو بكات هەمیشە بەرژەوەندی میللەتی كوردی ڕەچاو كردووە، بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو كردووە لە ئەركەكانیدا ئێمە زۆر سوپاسی دەكەین هیوادارم ئەویش لەو ئەركەی كە ئێستا پێی سپێردراوە موەفق و سەركەوتوو بێت، ناوەكان كە ئێمە داوا لە ئەنجومەن دەكەین كە پەسندیان بكەن بەم شێوەیەی خوارەوەیە پێشنیار دەكەین كە پەسند بكرێن:

١ـ بەڕێزكریم سلطان عبدالله سنجاری بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ.

٢ـ بەڕێز محمود محمد محمود بۆ پۆستی وەزیری رۆشنبیری.
٣ـ بەڕێز حمید حسین ملا ناسراو بە (حمید فندی) بۆ پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
٤ـ بەڕێز یونان مرقس حنا بۆ پۆستی وەزیری پیشەسازی و وزە.
٥ـ بەڕێز د. محمد احسان رمضان سلیفانی بۆ پۆستی وەزیری مافی مرۆڤ.
٦ـ بەڕێز عبدالمهیمن سلیمان عبدالسلام بارزانی بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.
٧ـ بەڕێز فلک الدین صابر کاکەیی بۆ پۆستی وەزیری هەرێم.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین. بەڕێزان پێشنیارەکەی جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش دەکەینەوە جارێکی تر بۆ متمانە کردن بەو بەڕێزانەی کە ناویان هاتووە تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری پەسەند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندیان ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بە گشتی دەنگ بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز محمود محمد محمود پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری رۆشنبیری دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆرسوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندیان ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بەگشتی دەنگ بەڕێز محمود محمد محمود پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری رۆشنبیری. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز حمید حسین ملا ناسراو بە (حمید فندی) بۆ پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆرسوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندیان ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بەگشتی دەنگ بەڕێز حمید حسین ملا ناسراو بە(حمید فندی) پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری کاروباری پێشمەرگە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز یونان مرقس حنا پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری پیشەسازی و وزە دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. بە گشتی دەنگ بەڕێز یونان مرقس حنا پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری پیشەسازی و وزە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز د. محمد احسان رمضان پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری مافی مرۆڤ دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. یەک دەنگ پەسندی ناکات، بە زۆربەی دەنگ بەڕێز د. محمد احسان رمضان پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری مافی مرۆڤ. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز عبدالمهیمن سلیمان عبدالسلام پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری هەرێم دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە. بە گشتی دەنگ بەڕێز عبدالمهیمن سلیمان عبدالسلام پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەڕێز فلک الدین صابر کاکەیی پەسند دەکەن بۆ پۆستی وەزیری هەرێم دەستیان بەرز بکەنەوە. زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. بە گشتی دەنگ بەڕێز کاک فلک الدین صابر کاکەیی پەسند کرا بۆ پۆستی وەزیری هەرێم. بەگشتی پێشنیارەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم پەسند کران. لەم مینبەرەوە پیرۆزبایی گەرم لەو بەڕێزانە دەکەم کە پۆستی نوێیان وەرگرتووەو هیواو تەمنای سەرکەوتنیان بۆ دەکەم، ئێستا یەکە یەکە بانگیان دەکەین بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخۆن لەبەردەم پەرلەمانی بەڕێزدا تکا لە بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم کە بفەرمووێتە ئێرە.

**بەڕێز فــەرســەت احــمــد عــبــدالله:**

بەڕێزکریم سلطان عبدالله سنجاری وەزیری ناوخۆ بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێزکــریم سلطان عــبــدالله سنجــاری:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ کـریم سلطان عـبدالله سنجـاری ـ وەزیری نـاوخـۆ (سـوێند بە یەزدانی مـەزن دەخـۆم کـە بە دڵسـۆزییـەوە پارێزگـاری لە یەکـێـتی گـەل و خـاکی کـوردسـتـانی عـێـراق بکەم و ڕێز لە یاسـا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فــەرســەت احــمــد عــبــدالله:**

بەڕێز محمود محمد محمود وەزیری ڕۆشنبیری بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز مــحــمــود مــحــمــد مــحــمــود:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ مـحـمـود مـحـمـد مـحـمـود ـ وەزیری ڕۆشنبـیـری(سـوێند بە یەزدانی مـەزن دەخـۆم کـە بە دڵسـۆزییـەوە پارێزگـاری لە یەکـێـتی گـەل و خـاکی کـوردسـتـانی عـێـراق بکەم و ڕێز لە یاسـا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فــەرســەت احــمــد عــبــدالله:**

بەڕێز حمید حسین ملا ناسراو بە (حـمـید فندی) وەزیری کـاروباری پێشـمـەرگە بابفـەرمـوویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز حــمــیــد حــسین مــلا(حــمــیــد فندی):**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ حمید حسین ملا ناسراو بە (حمید فندی) ـ وەزیری کاروباری پێشمەرگە(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فــەرســەت احــمــد عــبــدالله:**

بەڕێز یونان مرقس کنا وەزیری پیشەسازی و وزە بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بــەڕێــز یــونــان مـــــرقس کــنــا:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ یونان مـرقس کنا ـ وەزیری پـیـشـەسـازی و وزە(سـوێند بە یەزدانی مـەزن دەخـۆم کـە بە دڵسـۆزییـەوە پارێزگـاری لە یەکـێـتی گـەل و خـاکی کـوردسـتـانی عـێـراق بکەم و ڕێز لە یاسـا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فــەرســەت احــمــد عــبــدالله:**

بەڕێز د. محمد احسان رمضان وەزیری مافی مرۆڤ بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز د.مــحــمــد أحــســان رمــضــان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ د. مـحمد احسـان رمضـان ـ وەزیری مـافی مـرۆڤ(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسـۆزییـەوە پارێزگـاری لە یەکـێـتی گـەل و خـاکی کـوردسـتـانی عـێـراق بکەم و ڕێز لە یاسـا

ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فـــەرســـەت احـــمـــد عـــبـــداللە:**

بەڕێز عبدالمهیمن سلیمان عبدالسلام بارزانی وەزیری هەرێم بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز عـبـدالمهـیـمن سلیـمـان عـبـدالسـلام بارزانی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ عبدالمهیمن سلیمان عبدالسلام بارزانی ـ وەزیری هەرێم(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز فـــەرســـەت احـــمـــد عـــبـــداللە:**

بەڕێز فلک الدین صابر کاکەیی وەزیری هەرێم بابفەرموویت بۆ سوێند خواردن.

**بەڕێز فلـک الـدین صـــابر کـــاکـــەیی:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

من ـ فلک الدین صابر کاکەیی ـ وەزیری هەرێم(سوێند بە یەزدانی مەزن دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا ڕەچاوکراوەکان بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم) سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێزان بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پیرۆزبایی گەرم لە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وبرا وەزیرەکان دەکەین بەبۆنەی ئەم هەمووارکردنەوە، هەروەها پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی یەکە یەکە لەو بەڕێزانە دەکەین کە پۆستی وەزیریان وەرگرتووە هیوادارین هەموو لایەکیان سەرکەوتوو بن لە کاروباریاندا بۆ خزمەتی کوردو کوردستان زۆر سوپاسیان دەکەین، لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمرۆمان سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**